**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١٠٢

**ساڵی/ ٢٠١٤ — بەرگی سەدو دوو**

---

**چاپی یەکەم/ ساڵی ٢٠١٩**

**له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق**

---

**ناوی كتێب: پرۆتۆكۆڵەكانی ساڵی(٢٠١٤)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق**

**بەرگی: ١٠٢**

**چاپی یەكەم: ٢٠١٩**

**تیراژ: ٢٥٠**

**پێداچوونەوە و نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن**

ئینصات كردن: سروە هادی، شەرمینخضر، نەورۆز شێرزاد، دلێر اكرم، شوان محمد، نەهلە اسعد.

كۆڤان خسرو، مروان ابراهیم، اسكندر غریب، نشوان سلیمان، نداء جبرائیل، تارا رشاد

ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێڕیست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — سێ شەممە ٢٠١٤/١٢/٩ ل ٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — سێ شەممە ٢٠١٤/١٢/١٦ ل ٧١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — پێنج شەممە ٢٠١٤/١٢/١٨ ل ١١٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٨) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — سێ شەممە ٢٠١٤/١٢/٢٣ ل ١٦٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٩) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — چوار شەممە ٢٠١٤/١٢/٢٤ ل ٢٦٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٠) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — دوو شەممە ٢٠١٤/١٢/٢٩ ل ٣٢٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢١) خولی چوارەمی هەڵبژاردن — چوار شەممە ٢٠١٤/١٢/٣١ ل ٤٢٩

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥)ی**

**سێ شەممە ڕێکەوتی ٩\١٢\٢٠١٤**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥)

## سێ شەممە ڕێكەوتی ٢٠١٤/١٢/٩

**كاتژمێر (١٠،٣٠)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ٢٠١٤/١٢/٩ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٥)ی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی كار:**

**بەپێی حوكمەكانی بڕگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (١٥)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەكەم لە خولی چوارەمی هەڵبـژاردن لە كات (١٠،٣٠)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوتی ٢٠١٤/١٢/٩ دا بەم شێوەیە بێت:**

**١. بەردەوام بوون لە سەر گفتوگۆكردنی ڕاپۆرتی لیژنەی داكۆكی كردن لە مافەكانی ئافرەت سەبارەت بە توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان لە هەرێمی كوردستان بەتایبەتی كەیسی ئافرەتانی شنگال لە سەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی ناوبراو.**

**٢. خوێندنەوەی یەكەمی ئەو پڕۆژە بڕیار و یاسایانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەمواركراو.**

**١. پڕۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی بەقاچاغ بردنی نەوت و بەرهەمەكانی.**

**٢. پڕۆژە یاسای بەكاركردن و هەمواركردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی بەقاچاغی نەوت و بەرهەمەكانی ژمارە (٤١)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.**

**٣. پڕۆژە یاسای هەمواری یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١) یاسای ماف و ئیمتیازاتی كەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق.**

**٤. پڕۆژە یاسای سروودی نیشتیمانی هەرێمی كوردستان ـ عێراق.**

**٥. پڕۆژە یاسای سروودی نیشتیمانی ئەی ڕەقیب.**

**٦. پڕۆژە بڕیاری باشكردنی بژێوی ژیانی پێشمەرگە.**

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، دانیشتنەكەمان بە ناوی گەلی كوردستان دەكەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (١٥)، ڕۆژی دانیشتن (٢٠١٤/١٢/٩)، بەرنامەی كار، بەپێی حوكمەكانی بڕگە (١)ی ماددەی (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی**

**ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا کاتی دانیشتنی ژمارە (١٥)ی خولی گرێدانی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان، لە کاتژمێر (١٠/٣٠)ی پێش نیوەڕۆ، رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (٢٠١٤/١٢/٩) بێت و بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە بێت،**

**١ـ بەردەوام بوون لە سەر گفتوگۆکردنی راپۆرتی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت سەبارەت بە توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی کەیسی ئافرەتانی شنگال لە سەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی ناوبراو.**

**٢ـ خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پڕۆژە بڕیار و یاسایانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.**

**١ـ پڕۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی بەقاچاغ بردنی نەوت و بەرهەمەکانی.**

**٢ـ پڕۆژە یاسای بەکارکردن و هەموارکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی بەقاچاغی نەوت و بەرهەمەکانی ژمارە (٤١)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.**

**٣ـ پڕۆە یاسای هەمواری یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١) یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.**

**٤ـ پڕۆە یاسای سروودی نیشتیمانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق.**

**٥ـ پڕۆژە یاسای سروودی نیشتیمانی ئەی رەقیب.**

**٦ـ پڕۆژە بڕیاری باشکردنی بژێوی ژیانی پێشمەرگە.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەمڕۆ (٢٠١٤/١٢/٩) لە جیهاندا رۆژی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییە، لە رەاستیدا بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان بۆتە پێویستییەکی ژیانی بۆ بونیاتنانی داهاتوویەکی باشتر لە رووی سیاسی و ئابووری بۆ هەرێمی کوردستان، قەیرانی دارایی لە ماوەی رابوردوو ئەوەی پێ وتووین لە چەند ساڵی رابوردوو بەشێوەیەکی باش مامەڵەمان لەگەڵ داهاتەکانی هەرێمی کوردستان نەکردووە، مامەڵەمان لەگەڵ سەرچاوەکانی داهات کە لە ناوخۆ و دەرەوە بۆ هەرێمی کوردستان دابین کراوە نەکردووە، تا ئێستاش ئێمە دەست بەکاربووین لە خولی چوارەمی پەرلەمان و، حکومەتێکی یەك ریزی و نیشتیمانیش هەیە ئەو بابەتە بەردەوامە، بۆیە ئەرکی هەموو لایەکمانە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان دام ودەزگا پەیوەندیدارەکانی وەکو دیوانی چاودێری دارایی، دەستەی دەست پاکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادگاکان کە بەشێوەیەکی باشتر مامەڵە لەگەڵ کەیسەکانی گەندەڵی بکەین و، هەرچی زیاتر هەوڵی پاراستنی سامانی نیشتیمانی لە هەرێمی کوردستان بدەین لەگەڵ دەست بەکاربوونی ئێوە لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن ئاڕاستەیەکی زۆر باش لەناو فراکسیۆنەکان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە هەیە بۆ چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بۆ بەدواداچوونی هەر کێشە و کەم و کورتییەك لە هەر شوێنێك هەبێ، بەدواداچوونی کەیسی بەقاچاغ بردنی نەوت، بەدواداچوونی مەلەفی مووچە خۆری بن دیوار و، هەموو ئەو مەلەفانەی تر کە لەلایەن ئێوە ئەندامانی پەرلەمان بەشێوەی پرسیار ئاڕاستەی**

وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کراون، ئێوە لە لیژنەکانی پەرلەمان وەزیرە پەیوەندیدارەکانتان بانگ کردووە بەردەم لیژنەکان بۆ بەدواداچوونی ئەم کەیسە، هەر لە سەرەتای دەست بەکاربوونی ئەم خولەوە ئێمە وامان کرد کە سەرۆکی دەستەی دیوانی چاودێری دارایی لە بەردەم پەرلەمان سوێند بخوات و، ئەم دەستەیە جارێکی تر ئەکتیف ببتەوە وەکو دەزانن ئەم دەستەیەی ئێستا تیمەکانی خۆی بۆ هەموو دام و دەزگاکانی حکومەت دەنێرێ بۆ ئەوەی بە ئەرکی چاودێری کردن هەڵسن، راپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن، لە هەمان کاتدا لە دوو حەفتەی پێش ئێستا پرۆژەیەك لەلایەن ئێوەوە پەسەند کرا بۆ هەموارکردنەوەی یاسای دەستەی  گشتی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر ئەو دەستەیە ئەکتیف بێ لە بەدواداچوونی کەیسی گەندەڵی و بەدەست هێنانی سامان بەشێوەیەکی نا شەرعی، لە پەرلەمانی کوردستان ئێمە لە سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکان، ئەندامانی پەرلەمان، لیژنە پەیوەندیدارەکان لە پەرلەمانی کوردستان بەشێوەی جدی بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو کەیسانە دەکەین و، بەردەوام دەبین لە سەر ئەو رەوتەی کە لە خولی چوارەم دەستی پێ کردووە کە درێژە پێدەری خولەکانی پێشووی پەرلەمانیشە لەم بوارەدا، بەهەمان شێوە ئەمرۆ لە چەندین وڵاتی جیهان چەند رێکخراوێك هەڵساون بە دروستکردنی کەمپین بۆ وەستانی ئیحتیجاجی دژ بەو کارە نا مرۆڤانانەی کە بەرامبەر بە کوردانی ئێزیدی لە شنگال روویداوە و، ئەمرۆش هەندێك لەو بەرێزانە هەندێك لەو چالاکوانانە هاتنە بەردەم پەرلەمانی کوردستان و، یاداشتێکیشیان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کرد، ئێوە بۆ خۆتان دەزانن یەکێك لەو بابەتانەی ئەمرۆ وتو وێژی لە سەر دەکەین بابەتی توندوتیژیە بەرامبەر بە ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان بەتایبەت کەیسی شنگال و، لە هەمان کاتیشدا بە تەنسیق و بەهەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی کاروباری ئافرەتان، ئافرەتانی پەرلەمانتاری تری پەیوەندیدار بەو کەیسە چ لە رووی یاسایی چ ئەوانەی بەدواداچوونی مەیدانیان کردووە لە چیای شنگال هەوڵی رێکخستنی دانیشتنێکی تایبەتیش دەدەین بە ژنانی شنگال و، لە ماوەی کەمی داهاتوو (ان شاءالله) لە پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێکی تایبەتی ترمان دەبێت سەبارەت بەم کەیسە، داوا لە بەرێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین کە ناوی ئامادەنەبووانی دانیشتنی پێشوو بخوێنێتەوە فەرموو.

**بەرێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو بەخشیندەی میهرەبان، سەرەتا ویستم روونکردنەوەیەك ئاماژە پێ بدەم سەبارەت بەوەی کە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا لە هیچ مادده و بڕگەیەکدا نەهاتووە هەر ئەندام بەرێزێکی پەرلەمان کە بایکۆتی کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان دەکات هۆڵی دانیشتن بە جێ دێڵێ بە ئامادەنەبوو بنووسرێ، بۆیە تا ئەو لیژنە کاتیە کە پێك هاتووە بۆ هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان یان سەر لە نوێ نووسینەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئەو بەرێزانەی کە لە رابوردوودا لە دانیشتنی ژمارە (١٤) و، پێشتریش بە هۆکارێك لە هۆکارەکان بایکۆتی دانیشتنی پەرلەمانیان کردووە بە

ئامادەنەبوو نا ژمێردرێن، ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی لە بەرواری (٢٠١٤/١٢/٣)، مۆڵەت پێدراون یان بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون، لە کۆبوونەوەی یەکەمدا بەم شێوەیەی خوارەوەیە، (انور قادر مصطفی ـ مۆڵەت، باپیر کامەلا ـ مۆڵەت، بەیار طاهر ـ مۆڵەت، جمال عثمان ـ مۆڵەت، زانا عبدالرحمن ـ مۆڵەت، زۆزان صادق ـ مۆڵەت، سراج احمد ـ مۆڵەت، ڤەمان فیصل ـ مۆڵەت، عبدالله محمود ـ مۆڵەت، عمر عینایەت ـ مۆڵەت، فائق مصطفی ـ مۆڵەت، نجات محمد ـ مۆڵەت، فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی)ـ مۆڵەت)، لە کۆبوونەوەی دووەم ناوەکانیان بەم شێوەیەی خوارەوەیە: (انور قادر مصطفی ـ مۆڵەت، باپیر کامەلا ـ مۆڵەت، بەیار طاهر ـ مۆڵەت، جمال عثمان ـ مۆڵەت، زانا عبدالرحمن ـ مۆڵەت، زۆزان صادق ـ مۆڵەت، سراج احمد ـ مۆڵەت، ڤەمان فیصل ـ مۆڵەت، عبدالله محمود ـ مۆڵەت، عمر عینایەت ـ مۆڵەت، نجات محمد ـ مۆڵەت، فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی)ـ مۆڵەت، ڕێواز فائق ـ مۆڵەت، شکریە اسماعیل ـ مۆڵەت، شێرکۆ جوجت ـ مۆڵەت، عباس غزالی ـ مۆڵەت، عمر مصطفی ـ مۆڵەت، فرحان جوهر ـ مۆڵەت، مەردان خدر ـ مۆڵەت)

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا داوا لە بەڕێزتان دەکەین ناوی ئامادەنەبووانی لیژنەکانای پەرلەمان بخوێننەوە،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر ڕوونکردنەوەیەك سەبارەت بە دانیشتنی لیژنەکان ئەوەی کە لە دانیشتنی ئاسایی سەرۆکی لیژنەکان لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان ڕێککەوتین لە سەر ئەوەی کە کۆبوونەوەکان بە دوو حەفتە جارێك لیژنەکان کۆبوونەوە بکەن، واتا لە حەفتەی یەکەمدا (١٠) لیژنە کۆبوونەوە دەکەن و، لە حەفتەی دووەمدا (١١) لیژنە کۆبوونەوە دەکەن جگە لەوەی کە لیژنەی یاسایی کۆبوونەوەی بەردەوامیان هەیە، بۆیە داواکارین لە سەرۆکی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان پابەندبن بەو جەدوەلەی کە دانراوە لە پێناوی ئەوەی کە کۆبوونەوەکان زیاتر ڕێك بخرێت ئەندامانی پەرلەمان بتوانن لە لیژنەکاندا ئامادەبن و، هۆڵەکانی کە تەرخان کراوە بۆ دانیشتنەکانی لیژنەکان بتوانن وەکو پێویست سوودیان لێ وەربگیرێ، کۆبوونەوەی لیژنەکان لە (٢٠١٤/١٢/٨) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو، لیژنەی دارایی و کاروباری وەبەرهێنان لە (٢٠١٤/١٢/٨) گشت ئەندامان ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون، لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان لە (٢٠١٤/١٢/٨) حسن صالح ـ مۆڵەت، فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی)ـ مۆڵەت، لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجییەکان کۆبوونەوەکەیان دواخراوە بۆ (٢٠١٤/١٢/١٠)، لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت لە (٢٠١٤/١٢/٨) مریم صمد ـ مۆڵەت، حسن صالح ـ مۆڵەت، لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە (٢٠١٤/١٢/٨) مەردان خدر ـ مۆڵەت، زۆزان صادق ـ مۆڵەت، لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن لە (٢٠١٤/١٢/٨) گشت ئەندامان ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون، لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە لە (٢٠١٤/١٢/٨) شرین حسنی ـ مۆڵەت، لیژنەی

کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان لە (٢٠١٤/١٢/٨) امنە زکری ـ مۆڵەت، لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری ڕەوەندی کوردستانی لە (٢٠١٤/١٢/٨) محمود عمر ـ مۆڵەت، زانا عبدالرحمن ـ مۆڵەت، لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە (٢٠١٤/١٢/٨) سراج شێخ احمد ـ مۆڵەت، ادریس علی ـ مۆڵەت، پەری صالح ـ مۆڵەت، بڕیار وابوو لیژنەکانی تر لە (١٥)ی مانگدا کۆبوونەوە بکەن، بەڵام ئەم سێ لیژنەیە کۆبوونەوەکانیان پێش خستووە لە (٨) مانگدا کۆبوونەوەیان کردووە، لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە (٢٠١٤/١٢/٨) کۆبوونەوەیان کردووە، امنە زکری ـ مۆڵەت، صالح فەقێ ـ مۆڵەت، وەهەروەها لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و گواستنەو و گەیاندن و گەشت و گوزار لە (٢٠١٤/١٢/٨) سراج شێخ احمد ـ مۆڵەت، لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە (٢٠١٤/١٢/٨) یعقوب گورگیس ـ مۆڵەت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە پوختەیەك لە کۆنووسی دانیشتنی پێشووی پەرلەمانی کوردستان بخوێننەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٤) لە بەرواری (٢٠١٤/١٢/٣)، بەم شێوەیەی خوارەوە بوو،

١ ـ دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە.

٢ ـ خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمان ئامادەنەبوو و، ئامادەنەبووی کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان هەروەها خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە.

٣ـ پەسەند کردنی دەنگدان لە سەر پاڵێوراوان بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی کۆمسیاران.

٤ـ ئاڵوگۆڕکردنی خاڵی دووەمی بەرنامەی کار لەگەڵ خاڵی سێیەم و بە پێچەوانەوە.

٥ـ خوێندنەوەی یەکەم بۆ چوار پڕۆژە یاسا و بڕیار لەلایەن لیژنەی یاساییەوە.

٦ـ گفتوگۆکردن لە سەر ڕاپۆرتی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت سەبارەت بە توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی کەیسی ئافرەتانی شنگال و، بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ دواخرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان نوقتەیەکی نیزامیمان هەبوو؟ فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلاهی دوو خاڵ هەیە زەرور بوو روونی بكەینەوە، خاڵی یەكەمیان لە خوێندنەوەی یەكەمیان ئەو پڕۆژە یاسایانەی كە پەیوەستە بە مەسەلەی قاچاغ كردنی نەوت، پێم وایە لە رووی تەئریخ چوار پڕۆژە بەیەكەوە پێشكەش كرایە، لە رووی مەزموونیشەوە هەر چواریان رەبتیان بەیەكەوەیە، بۆیە باشتر بوو با بڵێین هەر چوار بەیەكەوە لە بەرنامەی كار دانرابا، چونكە هەم لە تەئریخ لە رۆژێكدا پێشكەش كراون ، هەم لە رووی مەزموونیشەوە رەبتیان بەیەكەوە هەیە ئەمە یەك، دووەم: ئێمە لە دانیشتنەكانی پێشوو لە سەر هەمواری یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا پەرلەمانی كوردستان بڕیارێكیدا كەوا پێویستە سیفەی ئیستیعجال بەم پڕۆژەیە بدرێ بۆ نووسینی راپۆرت و موناقەشە كردن و، مەسئوولیەتەكە لە ملی ئێمەیە وەكو لیژنەی یاسایی، بۆیە زەرورە ئەو روونكردنەوەیە بدەین، ئێمە لە (١٩)ی مانگ لیژنەی یاسایی كۆبۆوە بڕیاریدا كەوا نووسراو ئاراستەی حكومەت بكات، بۆ ئەوەی رەئی حكومەتیش بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیرێ، لە (١٩)ی مانگ تا ئێستا جەنابیشتان لە دەستەی سەرۆكایەتی ئاگادارن و، هاوكاریش بووین لە چەندین كەناڵ بە چەندین جۆر هەوڵمان دایە كەوا پەیوەندی بكەین بۆ وەرگرتنی راو سەرنج چ بە ئامادەبوونیان لە لیژان، چ بە نووسراوی فەرمی بۆ ئەوەی راپۆرت بنووسین، بەلأم تا ئەم ساتە هیچ وەڵامێكمان دەست نەكەوتووە، بۆیە ئێمەش لە پەرلەمان هەم بڕیار دراوە لە رووی قانونی پێم وایە ئەگەر نەوتوانین ئەمە جێبەجێ بكەین یەعنی شتێك نییە تەنها خوێندنەوەی یەكەمی بۆ بكرێ پەرلەمانی كوردستان ئەگەر هەڵە نەبم بە (٧٣) دەنگ سیفەی ئیستیعجالی بەم پڕۆژەیە داوە، بۆیە هیوادارم كە دوو حەفتە، سێ حەفتە ماوە لەو خولی تەشریعییە بتوانین دەستەی سەرۆكایەتی زیاتر هەوڵ بدات بۆ ئەوەی لە حەفتەی ئایندە ئێمە بتوانین راپۆرتەكە بنووسین و رەئی حكومەتمان بۆ بێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

وەكو جەنابت باست كرد، ئەوەی كە پەیوەندیدارە بە پڕۆژە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا لەبەرئەوەی كە پەیوەندیدارە بە هەمواركردنی وەزارەتێك، بۆیە تا ئێستا لەبەرئەوەی رای حكومەت، وەزارەتی پەیوەندیدار وەرنەگیراوە، راپۆرتەكەی بەڕێزتان لە لیژنەی یاسایی حازر نەبووە، هەركاتێك راپۆرتەكەی بەڕێزتان حازر بێ بە دڵنیاییەوە دەیهێنینە هۆڵی پەرلەمان، بەتایبەتی دوای ئەوەی راپۆرتی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لە سەر ئەو بابەتە ئامادەكراوە، سەبارەت بە ئەو پڕۆژە یاسایانەش كە پەیوەندیدارە بە بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاغ بردنی نەوت و بەرهەمەكانی پێم وابێ بەڕێز سكرتێریش روونكردنەوەیەكی هەیە، بەڵام ئەوەی كە ئێمە سەرەنجماندا هەر ئەو دوو پڕۆژە یاسایەیە ئێستا لای سكرتێری پەرلەمانە، نازانم جەنابت ئەگەر روونكردنەوەیەكت هەیە لە سەری.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پڕۆژە یاسا و بڕیارانەی کە دێتە لای ئێمە دوای ئەوەی لە کاروباری پەرلەمانەوە دێتە لامان، لەلای ئێمە لە هەر کۆبوونەوەیەکی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستاندا سەرجەم پڕۆژە یاساکان دەهێنین دەیانخوێنینەوە، چی پێویست بێ خوێندنەوەیان بۆ بکەین، خوێندنەوەی بۆ دەکرێ و، ئەوەی کە لەلای ئێمەیە تەنها ئەو دوو پڕۆژە یاسایە هەبوو لە سەر بە قاچاغ بردنی نەوت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. سراج.

**بەڕێز سراج شیخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت کۆبوونەوەی لیژنەکان ئەگەر وا بڕیار بێت دوو حەفتە جارێك کۆببینەوە جاری وا هەیە لیژنە هەیە پێویستی بە کۆبوونەوە هەیە، پڕۆژە یاسایە، بابەتە ئایا لەو کاتانە پابەندبین بەو جەدوەلە یاخود دەکرێتن لە حەفتەیەك ئێمە دوو کۆبوونەوە ئەنجام بدەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە لایەنی کەمە، ئێستا لیژنەی یاسایی ئەمڕۆ کۆبوونەوەی هەبووە، دوێنێ کۆبوونەوەی هەبووە و، هەر دوێنێ دوو کۆبوونەوەیان ئەنجامداوە، لایەنی کەم دەبێ دوو حەفتە جارێك ئەنجام بدرێ.

**بەڕێز سراج شیخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باسکرا، وا بڕیارە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو شرین.

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل دانیشتنا پێشوو پشتی هەڵبژاردنا دەستەیا کۆمسیۆنێ کە بڕگە دوویێ ژ بەرنامەی کاری گفتوگۆ ل سەر توندو تیژی دژی ئافرەتی بی یان ل سەر کەیسێ ئافرەتێ بی، بەس پشتی سەعاتێك لە دانیشتنەکەی پەرلەمان، ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان لە ژوورەوە نەماون، هیڤیدارم لە هاوڕییان و لە جەنابتانیش خۆشت لێرە نەمابووی ئەگەر بابەت لە سەر کەیسی ژنان بێت گرنگی پێ بێتە دان وەکو هەر بوارێکی دی لە پەرلەمان، چونکە من لە دانیشتنەکان زۆرم بینی ئەگەر نەوت بێ یان بواری دارایی بێ یان هەر بوارێکی تر بێ هەموویان دانیشتوون و تا نیوەی شەویش ئامادەنە، بەڵام کە بابەتەکە هاتە سەر کەیسی ئافرەت هۆڵەکە چۆڵ بوو دوای سەعاتێك ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان لە ژوورەوە نەمان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە ئێمەوە دوایی هاتینەوە هۆڵی پەرلەمان، لە هۆڵی پەرلەمان بووین تا کۆتایی دانیشتنەکە، بەڵام وەفدێك سەردانی کردبووین بەهۆی ئەوەوە دانیشتنەکەمان بەجێهێشت، بەڵام ئەوەی کە جەنابت باسی دەکەی راستە پێویستە ئەم کەیسە گرنگی پێ بدرێت لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە، لە دانیشتنی پەرلەمان بەردەوام بمێننەوە تا کۆتایی دانیشتنەکە، فەرموو خاتوو ئێڤار.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە کۆبوونەوەی لیژنەکان و ئاڵوگۆڕی هۆڵەکان کراوە، ئەگەر بکرێ لیژنەکان هەریەك لە هۆڵی خۆی کۆبوونەوە بکات، لەبەر ئەوەی تۆ پێویستت بە پرۆژە یاسایەك ئەبێ، یان ئەو فەرمانبەرانەی لەگەڵ ئێمە ئیش ئەکەن ناکرێ بچنە هۆڵێکی تر، بۆیە پێشنیار ئەکەم هەر لیژنەیەك لە هۆڵی خۆی کۆبوونەوە بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا کێشەیەکمان بۆ دروست بووە، هۆڵمان کەمە، و سێ لیژنەی پەرلەمانیش زیاد بووە، بۆیە ناچارین دانیشتنی لیژنەکانی پەرلەمان لە هۆڵە جیا جیاکان ڕێکبخەین، هیچ لیژنەیەك بۆی نییە لەو بڕیارە دەربچێ، بەداخەوە هەندێ لیژنە وتوویانە ئەو بڕیارە جێ بەجێ ناکەین، هیچ لیژنەیەك بۆی نییە جێ بەجێی نەکات، ئەوە بۆ ڕێکخستنی کاروباری لیژنەکانی پەرلەمانە، تەنانەت بەتەمای ئەوەین هۆڵێکی گەورە دروست بکەین بۆ ئەوەی ئەو لیژنانەی وەزیرەکان بانگ ئەکەن، یان کۆبووەنەوەیەکیان هەیە لەگەڵ وەزیرەکان، لە هۆڵێکی ئاوا کۆبوونەوەکان ئەنجام بدەن کە ئەو دانیشتنانەش بە شێوەیەکی راستەوخۆ بگوازرێنەوە، هەندێ گرفت هاتۆتە کایەوە، هەوڵ ئەدەین لە ڕێگەی سەرۆکایەتی و سەرۆکی لیژنەکانەوە چارەسەری بکەین، بەڵام تا ئەوکاتی چارەسەری ئەکەین داوا ئەکەین پابەند بن بەو بڕیارەوە، چونکە بۆ ڕێکخستنی کاروباری لیژنە جیاوازەکانە، ئێستاش ژمارەی لیژنەکان زیاد بووە، هۆڵ کەمە، فەرموو دکتۆرە ڕێواز.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو وەڵامێك نییە بۆ بەڕێز فەخرەدین، بەڵام وەکو پاکێجێك بووە، بەرکار کردنی سێ یاسا و پرۆژە یاسایەکیش بووە، دروست کردنی مەحکەمەیەکی گومرگی ئەزانین هەیە لە کوردستان، بەڵام لە وەزارەتی مالیەیە، وەکو فراکسیۆنی سەوز مەبەستمان بووە مەحکەمەیەکی گومرگی هەبێ لە ناو هەیکەلی دەسەڵاتی قەزائی لە هەرێمی کوردستان کە لە موستەقیل موختەس بێ، نەك سەر بە دەسەڵاتی تەنفیزی بێ، و پرۆژەیەکی تر بۆ بەرکار کردنی یاسایەك بۆ چۆنیەتی دەست بەسەر داگرتنی شتی بە قاچاخ براو کە لە کوردستان هەیە، وەختێك شتێك بە قاچاخ براوە، یان ئاڵوگۆڕ پێکردنی مەمنوعە لە

کوردستان، کاتێ دەستی بەسەر دا دەگیرێ، موئەسەساتی ئێمە لە کوردستان نازانێ چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەوە بکات، و یەکێکی تر تایبەت بووە بە قانونی کڕینی و هاوردە کردنی سووتەمەنی بۆ کوردستان، ئێمە لە دوو دانیشتن لەگەڵ بەرێز وەزیری سامانە سروشتییەکان ئیشکالیەتی گەورەمان هەبوو لەوەی لە هاوردە کردنی سووتەمەنی و دابین کردنی سووتەمەنی بۆ هەرێمی کوردستان، چ بەنزین، چ نەوت کە ئێستا وەرزی زستانە ئیشکالیەتی گەورەمان هەیە، بۆیە ئەو چوار یاسایە پاکێج بوون و تەئکید ئەکەمەوە لەسەر ئەوەی قسەکەی کاك گۆران لەو مونتەڵەقەوەیە، نەك لەبەر ئەوەی بزەبت پەیوەندی بە تەهریبی نەوتەوە هەیە، ئەوە پاکێجی فراکسیۆنی سەوزە بۆ ئەو دۆسیەیە، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا (٤١) پرۆژە یاسا و بڕیار لەلایەن بەرێز سکرتێری پەرلەمانەوە کە تا ئێستا خوێندنەوەیان بۆ نەکراوە، بە تەرتیب خوێندنەوەیان بۆ ئەکرێ، بەڵام ئەو دوو پرۆژە یاسایە پەیوەندیدار بوون بەیەکەوە، و هەردووکی بوونیان هەبووە، بۆیە ئەورۆ خراونەتە بەرنامەی کارەوە، فەرموو کاك ئەبو بەکر هەڵەدنی.

**بەرێز ابو بکر عمر هەڵەدنی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

میکانیزمی ئەو پرۆژە یاسا و بڕیارانەی کە دێتە لای بەرێزتان و ئەخرێتە کارنامەی کۆبوونەوەی پەرلەمانەوە چییە؟ بۆ ئەوەی ئێمە بیزانین، لە فراکسیۆنی یەکگرتوو سێ پرۆژە بڕیار لە یەك بەروار و تاریخ ئاراستەی ئێوەمان کرد، دوو پرۆژەیان تەنیا ئیمزای خۆمانی لەسەرە، تا ئێستا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ نەکراوە، بەڵام لە هەمان ڕۆژ لە پرۆژە بڕیارێکی تر هاوبەش بووین، خۆمان و فراکسیۆنەکانی تر، ئەگەر ئەوە قوەتی زیاترە، بۆ ئەوەی لەخۆمان بگەین و بەو جۆرە مامەڵە بکەین، لەیەك بەروار پرۆژە بڕیاری ناردنی دوو پێشمەرگە لە خێزانێك هەفتەی پێشوو تر خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، بەڵام مەسیری ئەو دوانەی تر دیار نییە، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق - سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە هەندێ جار هەوڵمان داوە هەماهەنگیەك دروست بکەین کە پرۆژە یاسای یان پرۆژە بڕیاری فراکسیۆنە جیاوازەکان خوێندنەوەیان بۆ بکرێ، بەڵام لەم دواییە بەپێی بابەت خوێندنەوەیان بۆ ئەکرێ، دڵنیاش بن، لێرەوەش دڵنیایی بە بەرێزت ئەدەم ئەو بابەتە بەوشێوەیە نییە کە ئێوە خۆتان بە تەنیا پرۆژە یاسایەك پێشکەش ئەکەن ئەوە ڕەچاو نەکرێ، بەڵکو پرۆژەی هاوبەش ڕەچاو بکرێ، ئەگەرنا فراکسیۆنەکانی تریش هەن پرۆژەیان بەتەنیا پێشکەش کردووە، خوێندنەوەی بۆ کراوە، و بەرێزیشت پرۆژە بڕیارتان پێشکەش کردووە، خوێندنەوەشی بۆ کراوە، بۆ نموونە ئەوەی هەڵەبجە پرۆژە بڕیاری ئێمە بوو، نەك هەر خوێندنەوەی بۆ کرا، بەڵکو لە پەرلەمانی کوردستانیش پەسند کرا، پرۆژە بڕیارێکتان دوێنێ هەندێ لە ئەندامانی فراکسیۆنی ئێوە هاتبوون، پرۆژە بڕیارێکتان ڕەنگە پێویستی بە دیراسەی

زیاتر هەبێ پێش ئەوەی بیخەینە بەرنامەی کارەوە، دوای ئەوە ئەویش ئەخرێتە بەرنامەی کار، فەرموو خاتوو حەیات.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکانی دکتۆرە شرین ئەکەم لەسەر ئەوەی لە جەلسەی ڕابردوو بەداخەوە کەمترین وجود هەبوو لە ناو هۆڵی پەرلەمانی کوردستان، جا داوکارم نەك تەنیا لەو ڕاپۆرتە کە تایبەتە بە کەیسی ژنان، هەر ڕاپۆرتێکی تر، یان هەر شتێکی تر تایبەت بوو بە مەلەفی ژنان، بمێننەوە و بڕوایان بە قەزیەکە هەبێ، وەکو بینیمان کەمترین کەس لێرە بوو، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر فرسەت.

**بەڕێزد.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەپێی بڕیارێکی پەرلەمان لیژنەیەکی کاتی بۆ پێداچوونەوە بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دروست بووە، ئەو قسەی لێرە ئەیکەم ڕاسپاردەی کۆبوونەوەی لیژنەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانە، ئێمە هەفتانە کۆئەبینەوە، داوایەکیشمان پێشکەش کردبوو بە بەڕێزتان وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان کە داوا لە ئەندامانی پەرلەمان بکرێ هاوکارمان بن، چونکە زۆرجار قسە ئەکرێ، هەمووی ئەخرێتە ناو ئەوەی ئێمە چاکی بکەین، کەموکوڕیەکان، ئەوەی پەیوەندی بە جەلسەکانەوە هەیە، بۆیە دیارە بە دەستی ئەندامانی پەرلەمان نەگەیشتووە، ئەگەر ڕێگەم پێ بدەی لێرەوە ئەمەوێ داوایان لێ بکەم، ئێمە پێویستمان زۆر بە هاوکاری ئەوان هەیە، و بە تایبەتی ئەوانەی تەجروبەی ڕابردوویان هەیە، یان تەجروبەی وڵاتانی تریان هەیە، تەمەنا ئەکەین هاوکاریمان بکەن، لێرەوە ئەتوانن بەشداری کۆبوونەوەکانیشمان بن، هەرکەسێك بە تایبەتی سێ بواری گرنگمان ماوە، بواری ڕەقابە، یاسا دانان، میزانییە، هەرکەسێك ئەیەوێ لەگەڵمان بەشدار بێ، هەتا نیو سەعات بیرۆکەیەك یان سیمینارێك پێشکەش بکات دەرگا کراوەیە، هیواداریین هاوکاریمان بکەن بۆ ئەوەی بتوانین لە سەرەتای فەسڵی تەشریعی داهاتوو موناقەشە لەسەر پەیرەوی ناوخۆ بکەین وەکو ئەو بەرنامە کارەی دامانناوە، ئینشائەللە لەسەرەتای فەسڵی تەشریعی داهاتوو ئەو پرۆژە نوێ ئەکەینەوە، بەلام دەوڵەمەند کردنی بە بەشداری هەموو ئەندامانی پەرلەمان بە تەئکید شتێکی باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو خاتوو ڤیان، نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نزانم ژمارەکا پرسیارا مە ئاراستەی ژمارەکا وەزارەتا کریە، یەعنی نزیکی دوو هەیڤە، بەرسڤ هاتیە، ئەز نزانم میکانیزم چەوایە؟ حەز دکەم جەنابێ وە ڕوون کرنەکی ل سەر بدات، پتری دوو هەیڤ بووینە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەوە ڕێکخراوە، بەڕێزتان هەر پرسیارێکتان ئاراستەی هەر وەزیرێك کرد ئەتوانن جارێکی تر جەختی لەسەر بکەنەوە، ئەگەر وەلام نەدرایەوە، بەلاَم ئەتوانن جەختیشی لەسەر نەکەنەوە ئەگەر وەلاَم نەدرایەوە، یان بە دڵی بەڕێزت نەبوو، ئەتوانی بیگۆڕی بۆ پرساندن، لەبەر ئەوە، ئەوە بەپێی پەیڕەو ڕێکخراوە، فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەرەتاوە ئێوە بە کارێکی باش دەستتان پێ کرد پرسیارەکان ئەخوێندرایەوە، قەرار بوو دوای ئەوە ولاَمەکانیش بخوێندرێتەوە، بەلاَم ئێستا نەك وەلاَم ناخوێندرێتەوە، وردە وردە پرسیارەکانیش ناخوێندرێتەوە، یان ئەکرێ بیر لە میکانیزمی تر بکەنەوە، لە سایتی پەرلەمان دانێن بەڕەسمی، ئەوە یاساییشە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە، بەداخەوە بەهۆی ئەوەی ژمارەی پرسیارەکان زۆرن، وەلاَمەکانیش زۆرن، نەمانتوانیوە لە ماوەی ڕابردوو بە حوکمی ئەوەی کۆمەڵێك بابەت لە ئەنجدای کاری پەرلەمان بووە بۆیە پێویست ئەکات تەواوی بکەین، ئەوە کەموکورتیەکە نەمانتوانیوە هەم پرسیارەکان بخوێنینەوە، هەم وەلاَمەکان بخوێنینەوە، بەلاَم ئەزانن ئەو پرسیارانەی لە پەرلەمان دەرئەچێ وێنەیەکی بۆ ئێوە دێتەوە کە پرسیارەکان ئاراستە کراوە، کە ولاَمیش دێتەوە لە پەرلەمانی کوردستان وەلاَمەکەشتان پێ ئەگات، بەلاَم ئەوەش دیسان لە بیر کردنەوەی کە میکانیزمی تر هەبێ، ئەوەی باست کرد یەکێ لەو میکانیزمانەی کە پرسیار لەسەر سایتی پەرلەمان دابنێین، هەوڵی ئەوە ئەدەین کە ئەو میکانیزمە سەرکەوتوو بێ، بە تایبەتی لەگەڵ لیژنەی پەیڕەویش لەو بابەتە قسە ئەکەین، فەرموو خاتوو بەهار.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەیەکی کاتی پێکهێنرا بۆ بەجینۆساید ناساندنی تاوانی شنگال، تا ئێستا دەست بەکار نەبووە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك ئیشکال هەبوو، ئێمە لیژنەیەکی هەمیشەییمان هەیە کە قوربانیانی جینۆساید لەگەڵ پێشمەرگەیە، نازانین تا ئێستا، چونکە لە قاعەی پەرلەمان دەنگی لەسەر درا، نە دەست بەکار بووە ئەو لیژنە کاتییە، نە دەست کراوەتەوە بە لیژنە هەمیشەییەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەزانم كاك ئاری بەڕێزیشت هەر باسی ئەو پرسە ئەكەی، چارەسەری ئەو بابەتە ئەكەین لە پەرلەمان، فەرموو كاك ئاری.

**بەڕێز ئاری هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەلا باشە سەرۆكی پەرلەمان بتوانێ مێشكی ئەندام پەرلەمان بخوێنێتەوە بزانێ نیازی چییە، من فیعلەن ئیزافە بۆ ئەو قسەی بەهار خان فەرمووی، ئێمە ماوەیەك لەمەوپێش ڕەشنووسی قانونێكمان پێشكەش بە بەڕێزت كرد بە واژووی ژمارە قانونی ئەندامە بەڕێزەكانی پەرلەمان بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارەی ئەو لیژنەیەی دروست كردووە، بۆ؟ لەبەر ئەوەی تا ئێستا ئەو لیژنەیە ئەكتیف نییە، ئەی تۆ لیژنەیەكی دائیمیشت هەیە، بۆیە بیری بەڕێزت دێنمەوە بۆ بەرنامەی داهاتوو بخرێتە بەرنامەوە باشە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كەواتە پێشبینییەكەمان ڕاست دەرچوو، ها؟ تەبعەن سەرۆكایەتی لیژنەكە هەڵنەبژێردراوە، بۆیە دەست بەكار نەبووە، بەڵام ئەو داوایەی ئێوەشمان لەبەر چاو گرتووە، بۆیە زر فشارمان كردووە سەرۆكایەتییەكە هەڵبژێردێ، بەڵام لیژنەكەی ئێوەش پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە كە كەسی تایبەتمەند لە بواری جینۆساید لە لیژنەكەی ئێوەش هەبێ بۆ ئەوەی ئەو ئەركە لە ئەستۆ بگرێ، بەڕێزان ئەچینە سەر بەرنامەی كار كە بڕگەی یەكەم بریتییە لە بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ كردنی ڕاپۆرتی لیژنەی داكۆكی كردن لە مافەكانی ئافرەت سەبارەت بە توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان لە هەرێمی كوردستان، بە تایبەتی كەیسی ئافرەتانی شنگال، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی ناوبراو، داوا لە سەرۆكایەتی لیژنەی داكۆكی كردن لە مافەكانی ئافرەت ئەكەین بێنە سەر سەكۆ بۆ دەست پێكردنەوە بە گفتوگۆ، خاتوو شیلان فەرموو.

**بەڕێز شیلان جعفر علی عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا سڵاو و ڕێز بۆ ئافرەتان و خوشكانی ئێزیدی، خوشكانی ترمان لە ڕۆژئاوای كوردستان بۆ خۆڕاگریان بەرامبەر بە دڕەندەترین تیرۆریستانی داعش، ئومێد ئەكەین بە زووترین كات نەهامەتییەكانی كۆتایی پێ بێت، داوا لە بەڕێزتان ئەكەین ئەو پرۆژە یاسایانەی كە پەیوەندیدارن بە مافەكانی ئافرەت، یان ڕۆڵی ئەبێت لە كەمكردنەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، با بە زووترین كات بخرێتە بەرنامەی كار بۆ ئەوەی خوێندنەوەی یەكەمی بۆ بكرێ، و ئەوانەی خوێندنەوەی یەكەمیان بۆ كراوە بابێتە ڕاپۆرت و بێتە هۆڵی پەرلەمان، بۆیە داوا لە بەڕێزتان ئەكەم كە داوا بكرێ لەو لیژنانە كە ئەو ڕاپۆرتانەیان ئاراستە كردووە بە زووترین كات بێتەوە ناو هۆڵی پەرلەمان، ئەوەی پەیوەندی بە ڕاپۆرتەكەوە هەیە دەست خۆشییان لێ ئەكەین، بەڵام باشتر بوو كە ڕاپۆرتەكە دابەش بكرایە سەر دوو تەوەرەی سەرەكی، تەوەری یەكەم كە دەستی خستبایە هەموو ئەو توندوتیژی و ئەو هۆكارانەی كە لە پشتی توندوتیژین، و ڕۆڵی

حکومەتی هەرێم و پەرلەمانیش لەو بارەوە دیاری بکردایە، دووەم- جیاوازە لەگەڵ تەوەری یەکەم، چونکە پەیوەندیدارە بە ئەنجامدانی تاوانی نێودەوڵەتی دژی ژنانی ئێزیدی کە لەسەر دەستی گروپی تیرۆریستی داعش ڕووبەڕووی تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی بوونەتەوە، وەکو تاوانی بە کۆیلە کردن و کڕین و فرۆشتن و توندوتیژی جەستەیی، ئەکرا لیژنەی ئافرەتان و ڕێکخراوەکانی ترش، چونکە بە حوکمی زانیاریەکانی ئێمە ڕێکخراوی تر هەیە بە ناوی ڕێکخراوی گروپی (٥+) بۆ فریاکەوتنی ژنان کە لەسەرەتا ئەمانبینی لە ڕاگەیاندەکان زۆر ڕۆڵێکی ئەکتیڤیان هەبوو، زۆر نووسراویان ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمانی ئەوروپا و ئۆباما و بانکی مۆن و سەرۆکی عێراق کرد بۆ ئەو کردەوە وەحشیانەی گروپی تیرۆریستانی داعش دژ بە خوشکانی ئێزیدی کردیان، و داوایەکی تر، پیشنیارێکی تر ئاراستەی لیژنە ئەکەم کە بخرێتە سەر ڕاپۆرتەکە، ئەویش لە ڕاسپاردەکان حکومەتی فیدراڵی عێراق مولزەم بکرێ بۆ ڕزگار کردنی ئەو ژنە ئێزیدیانەی لە دەستی داعشن، و لە ڕووی دابین کردنی تیمی پزیشکی، لە ڕووی دەروونییەوە، قەرەبوو کردنەوەی ئەو کارەساتە گەورەیە، تکا ئەکەم بە پێچەوانە وەرنەگیرێ، چونکە ئەزانین تا ئێستا شنگال و دەرووبەری لە ژێر دەستەڵاتی ئیداری حکومەتی عێراقن، بۆیە پێویستە حکومەتی عێراق مولەزەم بکەین کە هەست بەو مەسئولیەتە بکەن دژی شنگال و ئافرەتانی ئێزیدی کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو منیرە.

**بەڕێز منیرە عثمان علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە لیژنەی کاروباری ئافرەتان ئەکەین، ئەتوانین لە ڕاپۆرتەکەیان ئەوە ببینین کە ماندووبوونێکی زۆریان پێوە دیارە بە شێوەیەکی مەیدانی، ئەوەی ئێمە هەستی پێ ئەکەین ئەوەیە ئەو ماندوبوونە مەیدانییەی ئەوان ڕەنگی داوەتەوە لە ناو ڕاپۆرتەکەیان، چونکە لە ڕابردوو ئیشەکانیانمان بینی، چۆن بە پێی ئەو پەیوەندییەی لەگەڵیان هەمان بووە، بەڵام کۆمەڵێك پێشنیارم بۆ لیژنە بەڕێزەکە هەیە، لە ڕاسپاردەکانی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت بۆ پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێش هەموو شتێك پێشنیار ئەکەم ئەو ڕاسپاردانەی کە بۆ پەرلەمان و بۆ حکومەت جیایان بکەنەوە، دووەم، بە ڕای من کەیسی ئافرەتانی شنگال و توندوتیژیەکان لە هەرێمی کوردستان جیا بکەنەوە، واتە هەموو ئەو ڕاسپاردانەی هەیانە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەر ئەو توندوتیژیانەی لە هەرێمی کوردستان ڕوودەدات جیا بکرێتەوە، و هەموو ئەو توندوتیژیانەی بەرامبەر بە ژنانی شنگال کراوە جیا بکرێتەوە، و پیشنیار ئەکەم لە ڕاسپاردەکان، خاڵی یەکەم: بەراستی لە خاڵی یەکەمدا، لە ڕاسپاردەی یەکەمدا هەست بە جۆرێك لە تێکەڵی دەکەین، پێشنیاریان بۆ دەکەم خاڵی یەکەم کورت بکەنەوە، دووەمیان خاڵی سێیەم: کەباسی خاڵی سێیەم دەکەن تاکو ئێستا مەسەلەی کۆمپانیای مۆبایل و ئەوانە داوا لە دەسەڵاتی دادوەری بکرێت هەموو ئەو یاسایانەی کە پەیوەندیان بە مەسەلەی توندوتیژییەکانی دژ بە

ژنانەوە هەیە بخرێنە بواری عەمەلییەوە بۆ جێبە جێ کردنیان، دابین کردنی بودجەیەك بۆ هاوکاری کردنی ژنانی قوربانی شەڕی (داعش) لە خاڵی شەشەمدا ئەمە ئیشارەتی پێیداوە، من پێشنیاریان بۆ دەکەم، خاڵی (٦)م لە گەڵ خاڵی (٨)م و لەگەڵ خاڵی (٩)م، ئەم سێ خاڵە بکرێن بە یەك خاڵ لەبەر ئەوەی ئەم سێ خاڵە تەواو پەیوەندیەکی راستەو خۆیان بەیەکەوە هەیە دەتوانین خاڵی (٦)م و (٨)م و (٩)م بکەین بەیەك خاڵ، لە خاڵی (٧) دا کاتێك حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری جدی بکات تا وەکو ژنانی (شنگال) رزگار بکات لە دەستی گرۆپی تیرۆریستی (داعش)، بەلام لە خاڵی (١٢) کە دواجار دەبێتە خاڵی (١١) دیسانەوە ئەمە داوا لە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی دەکات، بۆ ئەوە پێشنیار دەکەم ئێمە لەم راپۆرتەدا داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عیراقی فیدراڵ و داواش لە کۆمەڵگای مەدەنی بکەین بە هەماهەنگی هەرسێ لایەنەکە هەوڵبدەین بۆ رزگار کردنی ئەو ژنانەی لە ژێر دەسەلاتی (داعش) دان، خاڵی (١٢) من پێشنیار دەکەم ئەو خاڵە لابدرێت و، خاڵی (١٠) کە باسی پەرلەمانی کوردستان دەکات هەوڵی ئەوە بدات بۆ ناساندنی ئەم کەیسە بە جیهان، من پێشنیاریان بۆ دەکەم ئەم خاڵە ببێتە راسپاردەی یەکەم بۆ پەرلەمانی کوردستان، چونکە کاتێك ئێمە ئەم کەیسەمان بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ناساند دەتوانین زیاتر کاری لەسەر بکەین و هەوڵەکانمان چڕتر بکەینەوە بۆ هەموو ئەو ژنانەی کە ئێستا لەژێر دەسەلاتی رێکخراوی تیرۆریستی (داعش) دان و، هەروەها هەوڵی هاوکاری جدی مادی و مەعنەوی بدەین بۆ ئەو ژنانەی کە لە ژێر دەسەلاتی (داعش) رزگاریان بووە و، سوپاس و دەستیان خۆشبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئێستا ئێمە کە لە کۆبوونەوەین بەخێرهاتنی بەڕێزان مامۆستایان و خوێندکارانی خوێندنگای (هیڤیدار)ی بنەڕەتی کوڕان دەکەین کە لە (کۆیە)وە سەردانی پەرلەمانیان کردووە بەخێر بێن، خاتوو سهام فەرموو.

**بەڕێز سهام عمر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارەکا هەی دووهی دیارە لیژنا ئافرەتان دانیشتینە ژ بۆ هندێ راسپاردە لدیف پێشنیارا چەندین پەرلەمانتاران بهێنە ژێك ڤاڤارتن ژبەر هندێ ئەز داخاز دکەم لیژنا ئافرەتان نووکە یا دانیشتیە کا ئەو گەهشتینە چی ئەنجام بۆمە پێشکەش بکەن، بەلکو ئەم وەختی ژی بڤی ڕەنگی کێم بکەین و بباشترین دەرەنجام ژی دەربکەڤین، ئەگەر روخسەت بیتن ئەو پێشنیارێت خۆ راسپاردێت خۆ نووکە بخوینن ڤە، چونکە وەکو من زانی پێدا چوونەکادی وان یا کری.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، فەرموو خاتوو ئێڤار.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە پێویستمان بە چەند کەسێکی قانونی بوو لە لیژنەی قانونی، بە پێویستمان زانی قسەیان لەگەڵ بکەین لەسەر چەند پرۆژە یاسایەك کە لە ماوەی رابردوو یاسای بۆ دەرچوو بوو و دواتریش بەشێك لە پرۆژە یاساکان پێویستیان بە هەموار کردنەوە هەیە، هەر لەسەر ئەم پرسە بووە، یەعنی شتێکی تر نەبووە ئێمە راسپاردە دەربکەین بە تەئکید ئێمە هەموو پێشنیارەکان و تێبینیەکانی ئێوە دەنووسنەوە، دواتر ئەگەر سەرۆکایەتی پەرلەمان دەرفەتمان پێبداتن رێکی دەخەین و دەیکەین بە چەند راسپاردەیەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، تەواو بۆی خاتوو سهام؟

**بەڕێز سهام عمر قادر:**

ئەگەر بڤی رەنگی بیتن دیسان ئەم دێ پێشنیارێ دووبارە کەین کو ئەو راسپاردێن سەبارەت کەیسا ژنێن ئێزدی یێن (شنگالێ) بهێتە ڤاڤارتن و جودا ئەو راسپاردە بهێنە دارشتن ژلایێ لیژنا ئافرەتان ئەڤە پێشنیارەك، دیسا ل خالا (٦) دا دابین کرنا بودجەیەکا تایبەت بۆ هاوکاری کرنا ژنێن بووینە قوربانی شەرێ (داعش)، من پێم باشە دڤێرێدا ئاماژە ب حکومەتا فیدراڵ ژی بهێتە دان دخالا (٦) دا، کو پێتڤییە بودجە ژلایێ وانڤە بهێتە تەرخان کرن ئەڤە یا گرینگە ئەوژی بەشداربن د چارەسەرکرنا ڤێ کێشێ دا، دیسا دخالا (١٢) دا پەیڤەك هاتییە نڤێسین وەکو (سیمبول) سەیر بکرێتن دڤێرێدا پێشنیار گەلەك یا جوانە، بەڵام ئەگەر هزر ل وشەیەکا دی بهێتە کرن ل جهێ (سیمبول) سەیر بکرێتن دبیتن ئەگەر ئەڤە بۆ دوا رۆژ وەکو (سیمبول) سەیر بکرێن هەتا نەوەێن دیڤدا ژی بهێتن هەر دێ بیتە بەسمەیەك بدیف وانڤە بەلکو ئەم رەد ئیعتیبارەکێ بۆ بدانین و ئەڤە دێ مینتڤە لدیف لیژنێ کو ئەو هندەك وشەێن دی هەڵبژێرن و ل جهێ وێ دانن و، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو نجات فەرموو.

**بەڕێز نجات محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتی سەردانەکا (٦) رۆژی دناڤا ئێش و ئازارێن ئێزدیان، من بپێتڤی زانی راپۆرتەکێ لدور بارو دۆخێ ژیانا لێ قەوماوێن لسەرێ چیایێ شنگالێ ئاراستەی سەرۆکایەتیا پەرلەمانی و هەم پەرلەمانتارێن بەرێز بکەم، کو کەتوارێ رۆژانێن خەلکێ چیایێ شنگالێ برەنگەکێ راستەوخۆ بۆ ناڤا هۆڵا پەرلەمانی ڤە گوهێزم، راپۆرتامن من لسەر چەند سەکتەرەکا دابەش کریە، ئێکەم سەکتەر ئامار ژبەر کو رێژا زۆر ئانکو بشێوەیەکێ زۆر بەر بەلاڤ ئیحتیماله ئەڤ ئامارێت کو ئەز نووکە ئاماژێ پێددەم زۆر دەقیق نەبن بەس دڤێ چوار چوڤەیدانە، ژمارا خێزانا نزیکی (١٢٠٠) هەتا (١٢٥٠) یا یە، ژمارا کەسان (١٠,٠٠٠) تا (١١,٠٠٠)

کەسایە لسەر چیایێ شنگالێ، جهێن لێ ئاکنجیبوون چوار دەڤەرن، دەڤەرا (عمودێ) کو پتر هێزێن پێشمەرگە و تیمێن نۆژداری لێ ئاکنجی نە، دەڤەرا (چل مێرا) واتە نووکە ناڤێ وێ کریە گوندێ (بەرخوەدان) کو رێژەیەکا زۆر ل وێرێ ئاکنجیبوونە و، دەڤەرا (سەردەشت) کو چەند گوندەکا بخوەڤە ڤەدگریتن (کەرسێ و، فولکا و، سمێ هێسترا و، مێدکا و، شێخ بالقاسم)، و دەڤەرا (شەرفەدین)، (ئۆسڤا و، کورمالێ و، تێرفێ و، بەکرا و، زێروە و، پیرێ عەورا)، خەلکێ سەرێ چیایێ شنگالێ لڤان هەمی دەڤەرا ل جهێن جودا جودا بەر بەلاڤن و لێ ئاکنجی نە، دووەم لایەنێ ئاکنجی بوونێ، وەکو مە ئاماژە پێ کری زۆر بەر بەلاڤن هندەك (٣٠) کیلو مەترا ژێك دویرن و چێدبیت هندەك دەڤەر وەکو دەڤەرا (شەرفەدین) (٣) دەمژمێرا تاکو دگەهنە جهێ تیمێن نۆژداری یان جهێ فرۆکێ، ئاکنجیبوونا وان بشێوەیەکێ جودا جودانە هندەك لبن خیڤەتانە و هندەك لبن نایلونانە و هندەك لبن شکەفتاڤەنە هەرئێك بشێوەیەکێ بێ هەبوونا هیچ سحیاتا و تەنانەت خیڤەت و نایلون ژی لسەر ئەردینە و بێ لبەر چاف گرتنا لایەنێ تەندروستی کو لدیف سڕ و سەرمایا سەرێ چیایێ شنگالێ ئەگەر بزووترین وەخت چارەسەرییێن بلەز نەهێنە کرن دێ تووشی نەخۆشییێن مەترسیداربن، چونکە دەمێ دبیتە سپێدە هەمی ئەو خەلکێ لبن خیڤەتا و نایلونا، ئەو نایلونێت چونکە لسەر ئەردی دانانە هەمی ڕتۆبەتە، کێمیا نڤینا، نەبوونا گەرماتیێ، چونکە لبن نایلونا تەنانەت بشێوێ تەنەکە بشێوی سوویا بۆ خوە دورست کرینە هەتا ژ دەرڤە ئاگر هەڵدبیت و دبیتە پەل پشتی هینگێ دبەنە د ژۆرڤە و دمێ دبەنە ژۆرڤە ژی دڤێت هەر یا ڤەکری بیتن، چونکە نەشێن وەکو پێتڤی ئیستیفادێ ژ گەرماتیا وێ وەربگرن، ژلایێ دابین کرنا پێتڤیێت وان ێن رۆژانە پشتی کو بۆ ماوێ (٢) هەیڤا رێکا پیادە یا هاتن و چوونێ یا هاتییە برین تەنیا رێك کو پێتڤیێت وان ژ هەمی لایەکی ڤە تەنانەت خوارن کو ئێك ژ پێتڤیێت سەرەکییە بگەهنە سەرێ چیایێ شنگالێ برێکا (٣) فرۆکانە ددەمەکیدا هاتنا فرۆکا پابەندە بکەش و هەوای ڤە هندەك جاران بۆ ماوێ (١٠) رۆژا ڕەوشا کەش و هەوای بارانینە بتایبەت ئەم ێن بەرەف چلێ زستانێ دچین لگۆڕ ئاخفتنێن شارەزاێن وان کو چیایەکێ بەفرینە پاڕ سالێ سەرەڕای هەبوونا هەمی هۆکارێن ڕامالینێ و پاقژ کرنێ بۆ ماوێ (١٥) رۆژا رێك هاتە گرتن ددەمەکیدا کو لدیف ژمارا خەلکێ لسەرێ چیای بتنێ کەرەستێ ئاری هەیڤانە پێتڤی ب (٩٠) تەنایە، واتە دڤێت هەر رۆژێ (٣) تەن بگەهنە سەرێ چیای ژبلی هەر کەرەستەیەکێ دی یێ ژیانێ هەرچەندە هەمی پێتڤیێت ژیانێ بشێوەیەکێ زۆر بەرفرە ژلایێ نڤێسینگەها رێزدار (نێچرڤان بارزانی) سەرۆکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ و جێگرێ (پارتی دیموکراتی کوردستان) دابین کرینە، لێ تەنیا کێشە د ڤەگوهاستنێ دایە، چونکە دشیاندا نینە (بتنێ) برێکا (٣) فرۆکا پێتڤیێن وێ ژمارا زۆرا سەرێ چیای دابین بکەن، چوارەم لایەنێ تەندروستی، (٣) تیمێن نۆژداری هەنە ئێك یێ سەرەکییە کو لدەڤەرا (عمودێ)یە و یێ دووێ فرعینە ئێك ل گوندێ (کەرسێ) یە و یێ دی ژی لدەڤەرا (چل مێرا) یە، پێتڤیێن ساخلەمیێ بشێوەیەکێ بەرفرە هەبوون سەرەڕای هەبوونا ئیسعافێ، کو تیمێن سەرەکی (٣) کەس برێڤە دبەن کو ئێك ژوان ئافرەتەکا ڕۆژئاڤایە ئەڤە بۆ ماوێ (٧٠) رۆژایە لسەرێ چیایە و خزمەتا وان دکەت و سۆز دایە ئەو خەلکێ

لسەرێ چیای ئەو ژی دێ ل ویرێ خزمەتا وان کەتن و، دوو برین پێچ بشێوەیەکێ دەوری هەر (١٠) رۆژا دهێنە گهۆڕین ژلایێ سەرۆکایەتیا ساخلەمیێ ڤە دهێنە هنارتن و، ێن فرعی هەرئێك هاریکارێ نۆژداری برێڤە دبەتن ئەو حالەتێن چارەسەریا وان نەهێتە کرن ئیحالەی (دهۆکێ) دکەن کەنگی فرۆکە هات ئەو وەختێ دگەهیتە دهۆکێ داکو چارەسەریا خوە بکەتن، چونکە هاتناوان چارەنڤیسێ وان تەنیا یێ گرێداییە بچوون و هاتنا فرۆکێ، پێنجەم رەوشا ئافرەتان و زارۆکا لسەرێ چیایێ شنگالێ، لدیف ئەو دیمەنێن هاتینە دیتن بارێ ڤورسێ سەرێ چیایێ شنگالێ لسەر ملێت ژن و زارۆکایە، گۆمان تێدا نینە هەمی کاودانێت میللەتێ مە تێدا دەربازبووی ئافرەت پاشدەرا سەرەکی بۆیە، جودا ژهەر کاودانەکێ دی ڤێ جارێ سەرەرای رەوشا نالەبار کو ئافرەت تێدا دەرباز دبیت ژبەر کو زەلام بەردەوام د ئامادەباشیێ دانە داکو هەم بەرگریا ئاخا پیرۆزا کوردستانێ هەم ژی پاراستنا خەلکێ سڤیل بکەن بسێ ئەرکان رادبیتن، ئێکەم دابین کرن، واتە ئافرەت تەنانەت زارۆك ژی بملی و پشتێ دچن دارا دئینن داکو هەم گەرماتیێ بۆ خوە دابین بکەن و هەم ژی خوارنێ لسەر دروست بکەن، هەروەسا ژی ئینانا ئاڤێ ژجهەکێ بۆ جهەکێ دی جۆداهی هەیە، ل هندەك جها ئاڤ بتانکەرا بۆ دابین دکەن ئەو ژی حەتمەن دێ یا وەختی بیتن، چونکە ئەگەر گازوایل یان پانزین نەما ئەو ژی نا مینیتن ل هندەك جهان ژی ب ملا و کەرا دئینن، سەرەرای کێمییا جل و بەرگێن زستانێ و کێمییا نڤینا ژی، دوو ئامادەکرن و دابین کرنا خارنێ و رێڤەبرنا زارۆکا هەر ئەرکێ ئافرەتێ یە، سێ بەرگری کرن لگۆر ئاخفتنێت وان زۆر جارا زێرەڤانیێ ژی دگرن تەنانەت لدەڤەرا (چل مێرا) کو ئافرەتەك سەرپەرشتیا نوقتەیەکا سەربازی دکەتن (٢٠) پێشمەرگە دگەلدانە و بئەرکێ ئامادەکرنا وان ژی رادبیتن بۆ دابین کرنا خوارنێ، شەشەم ژلایێ سەربازیڤە...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو نجات ئەمە پەیوەندی بە دانیشتنی ئەمڕۆمانەوە نییە، لایەنی سەربازی.

**بەڕێز نجات محمد عبدالله:**

باشە، دەرەنجام بۆ پاراستنا خەلکێ سڤیل پشتی گفتو گۆیەکا زۆر لسەر بارودۆخێ ژیاناوان ژلایێ سەرپەرشتێ میحوەری و نوێنەرێ (U.N) بۆ رزگار کرن و پاراستن و سلامەتیا وان گەهشتینە وێ چەندێ کو تەنیا رێك ڤە گوهاستنا وانە بۆ ناڤا کەمپا دناڤ باژێراندا، بدیتنا من دڤێ ڤۆناغێدا تەنیا رێك ئەوە کو پێنگاڤێت بلەز ژلایێ هەمی لایەنێن پەیوەندیدار کو بهەماهەنگی دگەل لایەنێن پەیوەندیدار کۆمەلگاێن نێودەلەتی و نەتەوەێن ئێکگرتی دهاوارا ڤی خەلکی بچن کو تەنیا بدوو رێکا دێ چارەنڤیسێ ڤی خەلکی رزگاربیت و سلامەتیا وان دێ ئێتە پاراستن، ئێك: رێك بێتە ڤەکرن ئەگەر بۆ ماوەیەکێ کورت ژی بیتن بۆ ڤەگوهاستنا وان بۆ ناڤ کەمپا، دوو: کار بێتە کرن واتە هەماهەنگی دگەل (U.N) و هەمی لایەنێن پەیوەندیدار بۆ دابین کرنا فرۆکێن مەزن بۆ ڤەگوهاستنا وان ئەگەر نە ژیانا وان دمەترسیێ دایە، سێ: پێشنیار دکەم خەلکێ سڤیلێ سەرێ چیای بهەر ئەگەرەکێ گیانێ خوە ژدەست بدەتن یان پەکەفتی بیتن هەمان ماف و ئیمتیازاتێت شەهید و خودان پێداویستیێت تایبەت ل کوردستانێ بۆ بێنە دابین کرن، بریار

بۆ ئەندامێن پەرلەمانی و سەرۆکایەتیا پەرلەمانییە، پێشنیار دکەم کو بزووترین وەخت پێنگاڤێن گەلەك بلەز بێنە هاڤێتن ئەگەر نە ژیانا وی خەلکی دمەترسییێت زۆر مەزندایە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو ئاواز فەرمووو.

**بەڕێز ئاواز جەنگی بورهان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستیدا ئێمە ئەو بابەتەی ئەمڕۆ قسەی لەسەر دەکەین کە توندوتیژی بەرامبەر ژنان، من پێموایە ئەمە دیاردەیەکی جیهانییە، توندوتیژی بەرامبەر ژنان لە سەرتاسەری جیهان دەکرێت، هەرێمی کوردستانیش بەدەر نییە لە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی، بەڵام من پێم باشبوو لە ناو راپۆرتەکە ئەم بەڕێزانە ئاماژە بە چەند شتێك بکەن یەکێك لەو خاڵانەی کە بەلای منەوە زۆر گرینگ بوو دەبوایە داتا و ئامار و ژمارەی دەقیق باس بکرێت لە ناو ئەو راپۆرتە بۆ ئەوەی ئێمە بزانین ڕێژەی توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر یا خۆد وڵاتانی پێشکەوتوو چەندە، چونکە لە ناو راپۆرتەکە بەڕێزان ئاماژە بەوە دەکەن کە توندوتیژی گەیشتووتە ڕادەیەکی زۆر مەترسیدار و ترسناك، کە من پێموانییە ئەگەر ئێمە ئامارمان لە بەر دەست نەبێت ناتوانین ئێمە ئاوا تەعمیمی بکەین بەسەر کۆمەڵگای ئێمەدا کە ڕێژەی توندوتیژی بەرامبەر ژنان گەیشتووتە ئەو ڕادەیە ترسناکە، لە بەشێکی تری راپۆرتەکەدا باس لەوە دەکات کە توندوتیژی بۆتە سیمای کۆمەڵگای کوردی، کە من پێموانییە ئەوەش راست بێت، یەعنی بەراستی پیشاندانی کۆمەڵگای کوردی بەوەی کە سیمایەکی توندوتیژی هەیە ئەوە دوورە لە راستی، یەعنی دەبوایە زۆر بە وردتر لەسەر ئەم مەسەلەیە کار بکەن، تێکەڵ کردنی دوو بابەتی جیاواز توندوتیژی بەرامبەر ژنان لەگەڵ کەیسی ژنانی کوردی ئێزدی ئەوە دوو بابەتی جیاوازبوون نە دەبوایە تێکەڵ بکرێن من دەمەوێت ئەوە لە یەکتر جیا بکەمەوە، توندوتیژی بەرامبەر ژنان شتێکی جیاوازە ژنانی کوردی ئێزدی توندوتیژیان بەرامبەر کراوە لە بەر (سێ) خاڵ:

١- لەبەر ئەوەی کوردن.

٢- لەبەر ئەوەی ئێزدین.

٣- لەبەر ئەوەی ژنن.

کەواتە تۆ ناتوانی لەو راپۆرتە تێکەڵی بکەی بەراستی ئەوە ناهەقییە بەرامبەر ژنی کوردی ئێزدی، من دەمەوێت یەعنی بەراستی راپۆرتەکە ئاماژە بەیەك شت بدابایە ئێمە ناتوانین توندوتیژی لە خێزان جیا بکەینەوە تاکو کۆمەڵگای کوردی تاکو خێزانی کوردی نەگاتە ئەو قەناعەتەی نەگاتە ئەو ئاستەی کە لە ناو خێزانەکانی خۆمان تاکەکان بەیەك چاو سەیر بکرێن کچ و کوڕ بەیەك چاو سەیر بکرێن، چونکە خێزان بەشێکن لە کۆمەڵگایەکی گەورەتر کە دەوروبەرەکەمانە کە گەڕەکە و قوتابخانەیە دواتر لە هەموو کۆمەڵگاکە، تۆ ئەگەر نەتوانی لە ناو خێزان یەکسانی بەرقەرار بکەی بۆ کچ و کوڕ بەیەك چاو سەیریان

بکەیت، چۆن دەتوانی کۆمەڵگایەکی تەندروستت هەبێت و لەوێ ژن مافی پارێزراوبێت و ڕێزی لێ بگیرێت؟ بۆیە من هیوادار بووم کە لە ناو ئەو راپۆرتە ئێمە ئاماژەیەك بەوە بکەین کە تاکی کورد لە ناو خێزانەکانەوە دەست پێ بکرێت بە چاکسازی بەوەی کە ژن خوشکە، دایکە، خێزانە، پوورە، نەنکە، هەموو ئەوانە یەعنی ڕەنگبداتەوە لە ناو خێزانەکانمان و، لە بوارێکی تر کە ڕەنگبداتەوە پەروەردەیە بەڕێزان لە ناو پەروەردەدا ئێمە دەبێت چاکسازی بکەین دەبێت ئەو سیمایە بگۆڕین کە وێنەی ژن پیشاندەدرێت لە ماڵەوە منداڵ بەخێو دەکات و کاری ماڵ دەکات و پیاو لە دەرەوە کار دەکات و نان پەیدا دەکات بۆ خێزانەکەی، ئێمە دەبێت ئەو وێنانە بگۆڕین وێنەی ژن لە ناو کیتابەکانی پەروەردە ڕەنگبداتەوە کە ژن دکتۆرە، ژن مامۆستایە، ژن موهەندیسە، ژن وەزیرە، ژن پەرلەمانتارە لە هەموو ئەو بوارانەی کە ژن کاری تێدا دەکات، بۆ ئەوەی لە منالییەوە منالەکانمان ئەوەیان لەبەر چاو بێت کە ژن هەر ئەو کەسە نییە کە دەیبینن و  لە ماڵەوە و لە سووچی ماڵەوە دانیشتووە و ماڵ پاك دەکاتەوە و چێشت لێدەنێت و ئەوان بەڕێ دەکات بۆ قوتابخانە و باوکیان بەڕێ دەکات، بۆیە هیوادارم ئێمە لە ناو ئەو راپۆرتە یەکێك لە راسپاردەکان ئەوە بێت بۆ پەروەردە کە ئەمانە ڕەنگ بدەنەوە لە ناو مەنهەجی دیراسی لە هەرێمی کوردستان و دەمەوێت بەرچاو ڕوونییەك بخەمە بەر چاوی پەرلەمانتارانی بەڕێز، ئێمە لە هەرێمی کوردستان توانیومانە ڕێژەی ﴿٣٠٪﴾ جێگیر بکەین لە پرۆژە دەستووری دەسەڵاتی یاسادانان کە لە عێراق ئەم ڕێژەیە لە ﴿٢٥٪﴾ە، کەواتە ئێمە بەرەو پێش چووین لە چاو عێراق، ڕێژەی لە سەدا ﴿٣٠٪﴾مان جێگیر کردووە کە ئەمە جێگەی دڵخۆشییە، من پێشنیار دەکەم بۆ لیژنەی بەڕێز کە ئامار و داتای دەقیق لە بەردەست بوایە، بۆ ئەوەی کە بەراوردی بکەین، چونکە من لە ناوەندێکی لێکۆڵینەوە چەند داتایەکم دەرهێناوە لە ڕێژەی توندوتیژی لە وڵاتانی پێشکەوتوو کە یەکێك لەم وڵاتانە بەریتانیایە کە ئەم داتایە، من هی ساڵی ﴿٢٠١٢﴾یە، ڕێژەی توندوتیژی دژی ژنان لە وڵاتی بەریتانیا ﴿٤٤٪﴾ بووە، ئەم ڕێژەیە بۆ تەمەنی سەرووی ﴿١٥﴾ ساڵە، لە وڵاتێکی وەکو فەرەنسا ﴿٤٤٪﴾ بووە و لە سوید ﴿٤٦٪﴾ بووە، لە دانیمارك کە وڵاتێکە بەوە ناوبانگە کە خۆشگوزەرانی تێدایە، تاکەکانی ژیانێکی زۆر خۆش بەسەر دەبەن ﴿٥٢٪﴾ بووە، کەواتە توندوتیژی تەنیا لە هەرێمی کوردستان نییە، ئێمە لە ساڵانی رابردوو بە داخەوە تووشی نەهامەتی و دەردەسەری  و شەڕ و ناخۆشی بووین و ڕەنگە ئەمەش ڕەنگدانەوە بێت لەسەر کۆمەڵگاکەمان کە بەشێك لەو توندوتیژییە پەیوەندی بەوە هەبێت، بۆیە لە شوێنێك ئاماژەیان بەوە کردووە کە بە راستی باسی شەڕی ناوخۆ و ڕەنگدانەوەی توندوتیژی دەکات، من پێشنیار دەکەم هەڵدانەوەی ئەو برینانە بە راستی ئێمە دەبێت سارێژی بکەین و چۆن سارێژی بکەین؟ کار بکەین بۆ باشتر کردنی بارودۆخی ژنان، کار بکەین بۆ نەهێشتن یان کەم کردنەوەی توندوتیژی و پێم باش نییە ئەو برینانە بە بەردەوامی هەڵبدرێتەوە و برینی میللەتەکەمان بکولێتەوە، بۆیە هیوادارم ئەمانە لەبەرچاو بگیرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو مدینە فەرموو.

**بەڕێز مدینه ایوب احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخفتنێت من هاتنه گۆتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا مەڕوان فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین ﴿مەڕوان گەڵاڵی﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحیم، وێڕای پشتگیریم له زۆربەی خاڵەکانی ﴿ئاواز خان﴾، چەند خاڵێك بە کورتی دەخەمە روو یەکەمیان، بەم فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﴿س.خ﴾ دەست پێدەکەم، کە رێز و تەقدیرێکە بۆ خۆشکانمان چ دایك بن یان خێزان یان کچ بن، چ خۆشك بن، دەفەرموویێت، ﴿خیرکم خیرکم لاهله و انا خیرکم لاهل﴾، چاکی و باشی پیاوانی پێغەمبەری خوا ﴿س.خ﴾ بەوەی لەقەلەم داوە کە لەگەڵ خێزانی خۆیان باش بن، ئەمە خاڵێکە کە پێویستە هەموومان چاو بە دینداری خۆمان بخشێنەوە و تا چەند توانیومانە ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر ﴿س.خ﴾ لە گەڵ ماڵ و منداڵی خۆمان جێ بە جێ بکەین و خاڵێکی دیکە من هیوادارم کە کەیسی ئافرەتان بە تایبەتی توندوتیژی بەرامبەریان پەیوەست نەکەین بەو ﴿١٦﴾ رۆژە و غەیری ئەو ﴿١٦﴾ رۆژە هەرچییەك دەکرێت، داتاکان و ژمارەکان کۆبکەینەوە تاکو ئەو ﴿١٦﴾ رۆژە دێتەوە، بەڵکو دەبێت پلانێکمان هەبێت بۆ رووبەڕووبوونەوە بەرامبەر ئەو توندوتیژییانەی کە دەکرێت، خاڵێکی تر، زۆر جار ئافرەتان بوونەتە قوربانی کەلتوورێك کە دەکرێت بە رۆشنبیرکردنی کۆمەڵگا ئافرەتان رزگاریان بێت لەو توندوتیژییەی کەبەرامبەریان دەکرێت، خاڵێکی تر، دەستخۆشی لەو خۆشکە بەڕێزانە دەکەم کە ماندوو بوون و جوهدێکی زۆریان سەرف کردووە، بەڵام ئەگەر ئامارێکی ساڵانەمان لەبەر دەست بوایە، بۆ نموونە، لە ساڵی ﴿٢٠١٠ یان ٢٠١٢﴾ کە ساڵ بە ساڵ ئایا رێژەی توندوتیژی زیادی کردووە یان کەمی کردووە؟ و ئەو ئافرەتانەی بەیانی ئەو حاڵەتانە کامە حاڵەتن کە زیاتر قوربانی لێکەوتۆتەوە؟ بۆ ئەوەی کە ئێمە بە راستی چاو بە هۆکارەکان و ئالییەتەکاندا بگێڕینەوە بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان، من وەکو خوشکی بەڕێزم ﴿ئاواز خان﴾ باسی کرد ئەم شەو بەراوردم لەگەڵ وڵاتە پێشکەوتووەکان کردووە لە ﴿ئەمریکا و فەرەنسا وبەریتانیا و ئەو وڵاتانە...﴾ باورتان بێت ئەو توندوتیژییەی لەم وڵاتانە دەکرێت لە هەرێمی کوردستان ناڵێم توندوتیژی ناکرێت،بەڵام من چارەسەری لەوە دەبینم کە میللەتی ئێمە، میللەتێکی موسلمانە و چەند رۆشەنبیرتر بێت، چەند پابەندتر بێت بە دەقەکانی قورئانی پیرۆز و سوننەتی پێغەمبەری خوا ﴿س.خ﴾، کەمترین پێشێلی دەکات بەرامبەر بە مافی ئافرەتان، لەبەر ئەوە خۆشەویستانی خۆم، هیوادارم کە ئەو حاڵەتە نەشازە کە لە کوردستاندا هەن نەمێنێ و هەمووومان هەوڵ بدەین ژیانێکی خۆشی و خۆشگوزەرانی بۆ دایك و خوشك و کچەکانمان دەستەبەر بکەین و کۆتایی قسەکانم بەوە دێنمەوە کە پێغەمبەری خوا ﴿س.خ﴾ ئێمە کە موسلمانین و

شوێنکەوتووی پێغەمبەر ﴿س.خ﴾ لە ژیانیدا قسەیەکی نەکردووە کە شعوری ئافرەتێك بروروژێنێت و هیوادارم خوای گەورە عاقیبەتی هەمووومان خێربکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك زانا نوقتەی نیزامیت هەبوو؟

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکی بچووك هەبوو ئەگەر روخسەتم بدەی، دیارە لە دانیشتنی پێشوو لێرە نەبووم، بەڵام دوای دانیشتنەکە هەندێ لە چالاکوانانی ئێزدی و رۆشنبیرەکانیان قسەیان لەسەر راپۆرتەکە و لە کاتی گفتوگۆکردن و لە میدیا، کاتێك ناوی کچانی کوردی ئێزیدی دێت کە دەڵێن کچانی ئێزیدی و کاتێك کە باسی ئێزیدی دەکەن دەڵێن ئێزیدی کوردی رەسەنن، ئەوان داوایان کرد بۆ پاراستنی شعوری کەس و کاریان و پاراستنی کوردانی ئێزیدی بە شێوەی گشتی کاتێك کە باسی کچانی رفێنراوی ئێزیدی دەکرێت باسی ئەمە بکرێت کە ئەمانە کچانی کوردی ئێزیدین، وەکو جۆرێك لە پشتیوانی و جۆرێك لە حەننان، بۆیە ئەم تێبینیەم بۆ پەرلەمانتاران و میدیا و لیژنەکەش کاتێك کە باسی کچە رفێنراوەکان دەکەن ئەوان داوا دەکەن کە وا باس بکرێت کە کچانی کوردی ئێزیدین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. سراج نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز د. سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆرباسی وشەی ئێزیدی دەکرێت، لە رووی زمانەوانییەوە یەزیدی جیاوازە بە خۆی ئێزدییە، تکایە ئەوانەی کە باسی دەکەن بە ئێزدی بێت نەك بە یەزیدی، لەبەر ئەوەی دوو شتی لێك جیاوازن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر.

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمیر ﴿د. شوان قەڵادزەیی﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای بەخشیندە و میهرەبان، سەرەتا بە خێرهاتنی مامۆستایان و خوێندکارانی شارەکەی ﴿حاجی قادری کۆیی﴾ دەکەین و زۆر بەخێر بێن و دەستخۆشی لە لیژنەی مافەکانی ئافرەت دەکەین کە ئەو راپۆرتەیان ئامادەکردووە، بەڵام وا پێویست بوو بە راستی داتایەکان لیژنەکە خۆی ئامادەی کردبایە، نەك لە دەزگای وارڤین وەرگیرابان، و ئەو راپۆرتە ئێمە لە کوردستان نێزیکەی ﴿٧٠٠﴾ شەهیدمان هەیە شەهیدی دەستی داعش، بەڵام لە دوور و نێزیك ئاماژە بەوە نەکراوە سەردانی چەند ماڵە شەهیدکراوە؟ موعاناتی ئافرەتەکانیان چەندە؟ ئەمەش بە راستی خەلەل و بۆشاییەکی گەورەیە لەنێوان ئەو لیژنەیە و

خانەوادەی شەهیدە سەربەرزەکانەوە، هۆیەکانی کوشتن دەبوایە روون بکرابایە و لەسەر چی کوژراون؟ و بکۆژەکان بۆچی سزا نەدراون؟ دادگا کەمتەرخەم بووە و ئەحزاب لە پشتی بووە نەیهێشتووە کەیسەکان بجوولێن، رێژەی ئەو کوشتنە لە کام دەور زۆرە و لە کام دەور کەمە؟ ئایا هۆی ئەوەیە راگەیاندن و وەزارەتی رۆشنبیری و وەزارەتی ئەوقاف و لیژنەکان وەکو پێویست نەیانتوانیوە دەوری هۆشیارکردنەوە ببینن، ئەمە کۆمەڵگای خۆشمان بە شاز نەزانین لە ئەمریکا لە چەند دەقیقەیەك کۆشتن و قەتل عام و دەستدرێژی سێکسی و... روودەدات، کۆمەڵگای ئێمە هەتا ئێستا لە ئەدەبیاتی کوردیدا وشەی زینا تەرجومەکەی نییە، چونکە کۆمەڵەی کوردی، کۆمەڵگایەکی زۆر پاك بووە، کە بەداخەوە چەند ساڵێکە بە هۆی چەند سەقافەتێکی نەخوازراو هێنراوەتە وڵاتی ئێمە هەندێك لەو دیاردانە روویداوە، بە پێی بەدواداچوونی لیژنەی مافەکانی ئافرەت، چەند لەو ئافرەتانەی ئێزدی ﴿ئەمە هەر بۆ ئیعلام نەبێت﴾ و ﴿لا حیاء في الدین﴾چەند لەمانە دەستدرێژی سێکسیان کراوتە سەر؟ و رێژەیان چەندە؟ و ژمارەیان چەندە؟ و تۆبی عەدلی چەندیانی سەلماندووە؟ رۆڵی ئەو لیژنەیە لە دڵدانەوەی ئافرەتانی کوردی ئێزدی و رۆڵی ئەوقاف، رۆڵی ئەوقافی خۆیان چەند بووە؟ خۆ ئەمە کە دەستدرێژی و تەعدایە لە رووی شەرع و ئاینی ئیسلامەوە کەسێك تەعدای لێدەکرێت، هیچ ئەوە نییە بە چاوی سووك و کەم سەیری بکرێت، ئەمانەش هەر لە ئیعلام باس دەکرێت ئەگەر رێژەکە باس کرابایە و کۆمێنتێکی زۆر بەهێز بۆ مەسەلەی جینۆساید و مەزلومییەتی ئەو چین و توێژەی خەڵکی کوردستان کە ئێزیدین، لە ﴿٩﴾ مانگدا باس لەمە دەکرێت کە ﴿٥٤٤٧﴾ حاڵەت توندوتیژی دژی ژنان کراوە، ئەمانە روون کرابایە کە چییە ئەو جۆرە توندوتیژیانە؟ هەر باسی لە ژمارەکەی کراوە، ئەو لیژنەیە چارەسەری چەند کێشەی کۆمەڵایەتی کردووە؟ ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەی کە لە کوردستاندا روویانداوە، ئەو لیژنەیە چەند رۆڵی بینیوە لەو ئافرەتانەی کە ئێستا رێژەی ژن و ژنخوازی کەمە، ئاسانکاری کردووە بۆ پێکهێنانی خێزان، کە یەکێکە لە بە راستی پاك راگرتنی کۆمەڵگای ئێمە، یاساکە خۆیان باس دەکەن کە لە ئەساسدا بەشێکە لە هۆیەکانی توندوتیژی، چونکە باس لە زیاتر لایەنی مەعنەوی دەکات نەك باسی ئەوە بکات کە کێ ئافرەتێك دەکوژێت؟ چۆن سزا دەدرێت؟ لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا ئافرەت رۆڵێکی بەرزی هەیە و پێغەمبەر ﴿د.خ﴾ لەسەر مەرگدا دەفەرموویێت، ﴿وصیکم بالنساء خیرا﴾، زۆر زۆر لەگەڵ ئافرەتان باش بن و ئەگەر کەسێکی ئیسلام یان موسلمان خراپە، ئەمە پێچەوانەی پێڕەوی پێغەمبەر ﴿د.خ﴾ جۆلاوتەوە، یان کە دەڵێت: ﴿النساء الشقائق الرجال﴾ ئافرەتان رێك نیوەی پیاوانن، چۆن سێوێك ئەگەر کەرتی پێوە نەبێت پێی ناوترێت سێو، بە هەردووکیان کۆمەڵگا تەواو دەکەن، هەتا لە شەریعەتدا ئافرەت کە منداڵی دەبێت بۆی نییە ئەو منداڵە بەخێو بکات پێویستە پیاوەکە ئافرەتێکی بۆ بە کرێ بگرێت هەتا ئەو ئافرەتە منداڵەکەی پێدەگەیەنێت، کەواتە هەموو مافەکان دیاری کراون، بەڵام سەقافەتی جاهلیانە هەیە کە ئەمە هەموو رۆژێك لە ئیعلام دووبارە دەبێتەوە و ئیعلام بەشێکە لە توندوتیژی لە هەرێمی کوردستاندا، ئەو خاڵانەش زۆربەیان پشتگیری دەکەم کە لە راپۆرتەکەدا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو زولفا فەرموو.

**بەڕێز زولفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا دەستخۆشی لە لیژنەی مەعنی دەکەم بۆ ئەم چالاکییە و ئامادەکردنی راپۆرتەکەیان، دەستیان خۆش بێت، خاڵی دووەمـم پشتگیری تـەواو لـە ﴿ئاواز خان﴾ دەکـەم لـە تـەواوی پێشنیارەکەی کـە وتـی پێویستە لـە راسپاردەی لیژنەکـە حکومـەتی هـەرێم و وەزارەتـی پـەروەردە لـە پرۆگرامـەکانی خوێندنـدا رەنگدانەوی رۆڵی ژنی تێدا بێت تەواو پشتگیری ئـەم پێشنیازەی ﴿خـاتوو ئـاواز﴾ دەکـەم، لـە راپۆرتەکـەدا هاتووە لە خاڵی چوارەمی راپۆرتەکەدا کەباسیماڵەکانی ژنان دەکات، لێرەوە گلەیی زۆر لـە ماڵـەکانی ژنـان دەکەم کە شوێنێکن تەنها بۆ داڵدەدان و پاراستنیان لە دەستی کـەس و کاریـان، لـەوە زیـاتر هـیچ ئـەرکێکی دیکەیان جێ بە جێ نەکردووە، ئـەو ژنانـەی کـە دەچـن بـۆ ئـەوێ، پـێم وایـە هـەموویان تووشـی نەخۆشـی دەرونی و عوقدەی نەفسی بوون، چونکە وەکو سجنێکە تەنیا ناوەکەی جیاوازە، بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە کارێکیان بۆ بدۆزنەوە، من لێرەدا پێشنیار دەکەم بۆ لیژنەی ژنان کە ئەوان بە یاسا یـان بـە پێشـنیار بێـت کە کارێك بدۆزنەوە لایەنی کەم کە لە شوێنیك دابنرێن، بـۆ ئـەوەی لـە کێشـەی دەروونـی بـەدوور بـن ئـەم ژنانە، خاڵێکی تر، لە راپۆرتەکە هاتووە کە باس لە ژنکوژی بە جۆرێك بـە نـاخی کۆمـەڵگادا بڵاوکراوەتـەوە کە لە ئاستی نێودەوڵەتی دا وەکو دیاردەی ڤیزەوەنـی لێهاتووە، لـە شـوێنێکی تـر دەڵێـت جێگـەی داخـە کـە هەوڵ و رێکارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ نەهێشتنی دیـاردەی ژنکـوژی و توندوتیـژی بەرامبـەر ژنان کاریگەری کەمی هەبووە، من دەڵێم هەتا لاوازی دادگەکان و دەستێوەردانی حزبی بەرپرسان و سوڵحی عەشاییری بمێنێت ئەمە هەر دەمێنێت، تـاکو قسـە گـەورەکانی ئاغـا و کوێخاکـان و مـەلاکان و کەسـایەتی و دەسـەڵاتدار و مـارەکردنی لـە کۆڵـان و نـارەسمی و قسـەی مـەلاکانی تێـدا بێـت هـەر بـەردەوام دەبێـت و بنبڕنابێت، لە هەموو سەردەمێکدا بە تایبەتی لە کوردستاندا ژن زیان لێ کەتووی گەورە بـووە، ئـەوەتا لـەو حاڵەتەی ئێستادا لە رووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ دوژمنـی درنـدەی داعشـدا، کچە کوردەکانمـانن کـە زیـان لـێ کەوتووی گەورەبوونە، کە ئێستا لە بازاڕ سووکایەتیان پێدەکرێت و بازرگانیـان پێـدەکرێت و هـەر ژنـەکانی ئێمەیە بێوە ژن بوونە و جەرگ سووتاو کراون کە منداڵەکانیان بێ باوك بوون، لەگەڵ هەموو ئەمانـەدا لـە پەرلـەمانی کوردسـتان کەبـەرزترین واجیبهـەی وڵاتـە کـە بابـەتێك دێتـە پێشـەوە لەسـەر ژن زۆرینـەی پیاوەکانمان دەست بـە پێکـەنین دەکات و ژنەکانیشمان گلـەیی پێـدێت بەهـەمان شـێوەی پیاوەکـان و تـەنیا پیاوەکان نین بە تەنیا، دەست بە پێکـەنین دەکـەن و لەگـەڵ ئـەوەدا حەفتـەی پێشوو کـە بابەتەکـە لەسـەر ژنان بوو تەواو قاعەی پەرلەمان چۆڵ دیـار بـوو، ئـەم جارەیـان گلـەیی ئاراسـتەی زۆربـەی ژنـان دەکـەم کـە بەدوای پیاوەکاندا چوونە دەرەوە، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا پێویستە بزانن ئێستا کچە کانی ئێمـەن بوونەتـە جێگەی سەرسووڕمانی هـەموو جیهـان لەپاڵـەوانێتی و قارەمانێتیـدا و پێویسـتە پیاوەکـان ئەمـە بـزانن کـە

ئێستا ژن و کچانی کوردن لە سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرگریدان بۆ پاراستنی نامووسی پیاوەکانمان، ئینجا بۆ پاراستنی خاك و نیشتمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئومێد فەرموو،

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن ﴿ئومێد خۆشناو﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرلەوەی بێینە سەر راپۆرتەکەی تایبەت بەم تەوەرە، پشتگیری تەواو لە قسەکانی پێشەکی جەنابت دەکەین کە ئەمڕۆ ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییە و لەو یادەدا وەکو فراکسیۆنی پارتی دیمۆکراتی کوردستان تەئکید لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە بەڵێ کار لەسەر ئەو بەڵێن و کارنامەیە دەکەین کە لە هەڵبژاردنەکانی ﴿٢١﴾ی ئەیلول بە خەڵکی کوردستان و دەنگدەرانی خۆمان دا کە دژی گەندەڵی دەوەستینەوە و لەم قۆناغە و لەم شێوازە نوێیەی تەوافوقی دا تەئکید لەسەر ئەمە دەکەین ئێمە بەهەموو شێوەیەك چاودێری توند دەبین لەسەر دەزگاکانی حکومەت و لە هەردوو رووی دژی گەندەڵی کارگێڕی و دارایی دەوەستینەوە کە بە شێکی گرنگە لە سومعەی وڵاتەکەمان و بە بێ دوودڵی و بە بێ تەرەدود لە پێناو ئەوەدا هەوڵەکانی خۆمان چڕ دەکەینەوە و لە فراکسیۆنی پارتی دیمۆکراتی کوردستان کە دژی گەندەڵی دەوەستینەوە، پیشتیوانی تەواو لە قسەکانی برای بەڕێز (کاك ابو کاروان) دەکەین کە لە کۆبوونەوەی پێشوو کردی، زۆر بە روونی باسی هەندێك لەو کێشانەی کرد، پشتیوانی لە قسەکانی بەڕێزان (د.شرین حسنی، خاتوو فیرۆز) دەکەین، هەروەها دەستخۆشی لە بەڕێز (نجات محمد) کە شەش رۆژ لەو ماوەیە لە چیای شنگال بووە و ئەو راپۆرتەی ئامادە کردبوو، داواکارین ئەو راپۆرتەی بەڕێزیان لەلایەن لیژنەوە بە هەند وەربگیرێت، پشتیوانی لە قسەکانی بەڕێز (ئاواز جەنگی) دەکەم کە زۆر واقیعییانە باسی لەو بابەتە کرد، ئەگەر لەسەر راپۆرتەکە قسە بکەین بە تەئکید راپۆرتەکە زۆر لاوازە، ئێستاش نەمانزانی رەوشی دایك و خوشکەکانمان چ رەوشێکە کە کەوتوونەتە دەست گەورەترین گرووپی تیرۆریستی (داعش)، نەمانزانی مەعاناتی ئەوان و مەعلوماتەکانمان نەزانی کە ئەوان بە چ شێوازێك هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کراوە، زۆر باس لەوەکرا کە راپۆرتی ئەو لیژنە بەڕێزە فیعلەن راپۆرتێك بووە زیاتر تەرکیزی لەسەر چالاکی لیژنەکە بووە، وێڕای دەستخۆشی لە چالاکیەکانیان، بەڵام ئەو پرسە گەورەترە لە چالاکی لیژنەیەکی پەرلەمانی، دەکرا وردتر و بە دیقەتتر و بە ئامار و بە رێکتر قسەی دەربارەوە بکرێ، باسی ئەوە دەکرێتن و لە راپۆرتەکەشدا هاتووە هەمیشە دەگوترێ ژنانی شنگال کە ئەوە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، ئەو پرسە پرسی ژنانی کوردی ئێزیدیە، ژنانی شنگال پێکهاتووە لە هەموو لایەنەکان، ژنانی موسڵمانیشی تێدا هەیە، بەلأم ئەو جینوسایدە، ئەو درندە کاریەی کە کراوە دەرحەق بە ژنانی کوردی ئێزیدی کراوە، بۆیە داواکارین لە تەواوی راپۆرتەکە ئەوە چاك بکرێتەوە کە ژنانی کوردی ئێزیدیە نەك تەنها ژنانی شنگال، باس لەوە دەکەم لە رووی مادی و مەعنەوییەوە هاوکاریمان پێشکەش کردن، ئێستاش نەمزانی ئەو

هاوكارييانه چييه؟ چۆنه؟ چەندە؟ هەروەها بە چی شێوازێك و مەصدەرەكەی چییه؟ كە ئەو لیژنە بەڕێزەی پەرلەمان توانیویەتی هاوكاری بكات، پێشەكی راپۆرتەكە كۆمەڵێك رستەی ریزكراوی ئینشائین و وەكو بابەتێكی ئیعلامی دێتە بەرچاوت، نەك لە راپۆرتی لیژنەیەكی پەرلەمانی، لەو شوێنەی پێشەكی راپۆرتەكە كە رەبت دەكات بە پرسی ژنانی كوردی ئێزیدی وا نادات ئەو توندوتیژیەی كە ئەمڕۆ گرووپی تیرۆریستی (داعش) دەرحەق بە ژنانی كوردی ئێزیدی ئەنجامی دەدات درێژكراوەی ئەو توندوتیژیەیە كە لە كۆمەڵگای كوردستانی هەیە، كە زۆر ناحەقییە ئەوە، كۆمەڵگای كوردستانی ئەگەر توندوتیژیشی تێدا هەبێتن، حاڵەتە، دیاردەییە، ئێمە دژی دەوەستینەوە، بەلاَم ئەوەی گرووپی تیرۆریستی (داعش) دەرحەق بە ژنانی كوردی ئێزیدی دەیكاتن مەبەست و مەخزایەكی دیكەی هەیە، نەك ئەوەی لە كۆمەڵگادا لە نێوان هەردوو رەگەزدا توندوتیژیەك وجودی هەبێت، باسی بەغدا و ولاَتان دەكات كە لیژنەكە سەردانی كردووە، بەلاَم ئێستاش نەمزانی ئامانجەكانیان وازحە، بەلاَم ئەنجامەكانی چۆن بووە؟ لەو سەردانانەی لیژنەی بەڕێز كە ئەنجامی داوە چی كراوە لەوەی ئەمانجەكەی دیسان دەڵێمەوە وازحە، بەلاَم ئەنجامەكانی چی بوون؟ زۆر باسی سیستەمی حوكم رانی و دەزگاكانی ولاَت دەكاتن كە لەوەشدا لە بەشی كۆتاییدا لە هەمان كاتدا لە پێشەكی راپۆرتەكەدا سەركۆنەی دەزگاكانی ولاَت دەكات، لە بەشی كۆتایی راپۆرتەكەشدا ستایشی رۆڵی دەزگاكانی ولاَت دەكات كە هاوكار و هەماهەنگن لەگەڵ ئەو لیژنەیە كە كراوە، پێشنیار دەكەین راپۆرتێكی تێروتەسەلی پڕ زانیاری و دۆكیۆمێنت ئامادە بكرێ، پێشكەشی پەرلەمان بكرێت، چونكە بە راستی ئەو پرسە هەندە گەورەیە، هەندە قێزەوەنە، هەندە وەحشیگەرانەیە، شتێك نییە بە ئاسانی و بە سادەیی بە رێ بكرێتن، بەڵكو ئەوە دەبێ لە زاكیرەو زیهن و بیركردنەوە و تێڕوانینی جیلی ئایندەش، جیل لە دوای جیل دیراسە بكرێ كە لە بەر كوردبوون و ئێزیدی بوونیان چ دەرحەقی ئەو پێكهاتەیە كراوە؟ ئەو خەڵكەیە كراوە؟ لە كۆتاییدا بەدەر لە بابەتەكە داواكارین لە دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان، بە تایبەت سەرۆكی پەرلەمان، ئەمڕۆكە ئێمە باس لە قەزیەی توندوتیژی دەكەین، باس لە مافەكانی مرۆڤ دەكەین، ئەوە دوو كۆبوونەوەیە لە پەرلەمانی كوردستان دوو پێكهاتەی گرنگی ئەو ولاَتە كە سیمای جوانییەكانی ئەو ولاَتە پێكەوە ژیانە، دوو پێكهاتەی گرنگی ئەو ولاَتە كە بریتین لە پێكهاتەكانی مەسیحی و توركمان، جەلسەیان جێهێشتووە، داواكارین لە سەرۆكی پەرلەمان گوێ لە داواكاریەكانیان بگیرێ و ئەو گرفتە چارەسەر بكرێت، چونكە نوقوستانیەكی زۆرە لە پەرلەمانی كوردستان كاتێك دەبینین ئەو دوو پێكهاتەیە لە نێو هۆڵی پەرلەماندا وجودیان نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دانیشتنیان لەگەڵ ساز دەكەین بۆ ئەوەی بتوانین لێك تێگەیشتنیان لەگەڵدا دروست بكەین، ئەوان بگەڕێنەوە بۆ ناو هۆڵەكانی پەرلەمان، بەڕێز كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر مصطفى حسن (دلێر ماوەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتیوانی لە قسەکانی بەڕێزت دەکەین، هەم ئەوەی (کاك ئومێد)، وەك فراکسیۆنی سەوز بۆ ژدایەتی گەندەڵی و هەوڵدان بۆ کەم کردنەوەی لەو خولەی پەرلەماندا کە پێکەوە هەمووومان لە پەرلەمان بەشدارین، حکومەتێکی شەراکەتی نیشتیمانییشمان پێکهێناوە، خەڵکی کوردستان و دەنگدەرانیشمان زیاتر لەوەمان لێ ڕەچاو دەکەن کە پێکەوە پڕۆژە یاسای باش دەربکەین، زۆربەی ئەو دامودەزگایانە بە موئسەسات بکەین، بە موئسەسەکردنی دامودەزگاکان ڕێگریەکی باشە یان هۆکارێکی باشە بۆ ئەوەی گەندەڵی کەم بکرێتەوە، ئێمەش پشتیوانی تەواو دەکەین، دیارە وەزعی ئێستای ژنان و توندوتیژی بەرامبەریان بەراورد بە پێشوو روو لە کەمییە، پێشتیوانی لە قسەکانی خاتوو (ئاواز خان) دەکەم، ئێستا هیچ کێشەیەك لەو بابەتە پەردە پۆش ناکرێت، لەلایەکی تریشەوە پشتیوانی باش دروست بووە بۆ پشتیوانی کەیسی ژنان کە ئەمە مایەی گەشبینییە، نەك ڕەشبینی و مەترسی، دەستخۆشی لەو لیژنەیە دەکەم هەرچەندە ڕاپۆرتەکەیان تا رادەیەکی کەم تێکەڵییەکی پێوە دیارە لە چالاکی و روونکردنەوە و پێشنیار، بۆیە من هەوڵدەدەم باسی ژنانی ئێزیدی شنگال ناکەم، چونکە فەرمووتان لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی تری بۆ دەکەین کە پرسێکی زۆر گەورەیە، بە چەند خاڵێك هەوڵدەدەم ڕاپۆرتەکەی ئەم لیژنە بەڕێزە دەوڵەمەند بکەم، یەکەم: وەزارەتی تەندروستی دەبێ تەنها عیلاجی ژنان نەگرێتە خۆی، بەڵکو دەبێت بەڕێوەبەرایەتییەکانی توندوتیژی ژنان وەك موخبیر ئاگادار دەکاتەوە، کاتێك ژنێك دەسووتێت یان لێی دەدرێت و ڕێژەی زیانەکانیان بۆ دیاری بکات، کە پێموایە ئەم پەیوەندییە کەمە تاوەکو ئێستا، دووەم: وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی لە ڕێگەی مووچەی تۆڕی چاودێری خێزانییەوە دەتوانێ یارمەتی ئەو خێزانانە بدات کە لێیان دەقەومێ، یان ئەو کارەساتەیان بەسەر دێت، یان هەڵدەوەشێن کە ئەو عیلاقەیەش هەتا مەسەلەی ژنان پەیوەستە بە هەموو وەزارەتەکانەوە، هەر پەیوەند نییە بە وەزارەتێکەوە، سێیەم: یاسای توندوتیژی خێزانی ئەگەر تێبینی کرابێت ئەوەندەی پێویستی بە جێبەجێکردنە، ئەوەندە پێویستی بە هەموار نییە، بەشێکی زۆری یاساکە جێبەجێ نەکراوە لە دادگاکان و کاری کەمتری پێ دەکرێت بە بەراورد بە یاسای سزادانی عێراقی، بۆیە دەبێ کار بکرێت بۆ جێبەجێکردن و چاکسازیکردن لەو لایانانەی کە تایبەتمەندن بە جێبەجێکردنی ئەو یاسایەی کە جێبەجێ ناکرێن، خاڵی چوارەم: کاری جدی بکرێ بۆ جێبەجێکردنی یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن، یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی (٢٠٠٨) کە لە کۆتا ماددەدا جەخت دەکاتەوە لەوەی لە ماوەی شەش مانگدا کۆمپانیاکان ئەو سیمکارتە تۆمار نەکراوانە تۆمار بکرێن کە هۆکارێکن بۆ سەر ئێشەو بۆ بێزارکردن، تەنانەت هەندێك جار حاڵەتی کوشتنیشی لێکەوتۆتەوە، هەر لەو سزایەدا هاتووە کە ئەگەر لە ماوەی شەش مانگدا نەناسرێن ئەوە دەبێ کۆمپانیاکان بە بڕی (١٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار غەرامە بکرێن کە تاوەکو ئێستا هەم کۆنەکراونەوە، هەم غەرامەیەکیشمان نەبینیوە، خاڵی کۆتام ئەوەیە کە بەڕێوەبەرایەتییەکانی توندوتیژی ژنان یاسای تایبەتی بە خۆیان نییە، زۆر تێکەڵ کار دەکەن، کەمتر موتابەعە دەکرێن، تێکەڵوپێکەڵییەك لە میلاکی مەدەنی و سەربازی هەیە، واتە لە شوێنێك بنکەکان مەدەنی لێپرسراون، لە شوێنێك سەربازی لێپرسراون،

ئیختیصاصات لەبەرچاو نەگیراوە، جاری وا هەیە لە نەشارەزایی ئەو ژنانە دەدرێنەوە بە خاوەنەکانیان و تووشی زەرەر دەبن، یان کوژراون، نهێنی پارێزی لەم کەیساندا زۆر لاوازە، دەسەڵاتی ئەفسەر و کارمەندەکانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە بە یاسا رێك نەخراوە، کاری لیژنەی ئاشتەوایی کە لە یاسای توندوتیژی خێزانیدا هاتووە نادیارە و دەسەڵاتەکانیان دیاری نەکراوە، بنکەکانی دالدەدانی ژنان ئەگەر تێبینییتان کردبێ شوێنەکانیان باش نییە، یەعنی نزیکن لە زیندانەوە لە رووی بیناو مامەڵەکردنیان، هەموو جۆرەکانی تاوان تێیدا تێکەڵکراوە، یەعنی تەصنیف نەکراوە، هەروەها مەنفەسێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ قوربانیان لێی رەچاو ناکرێت، بۆیە من زیاتر داوا لەو لیژنە بەڕێزە و هەموو یەکێتی و کۆمەڵەکانی ژنان دەکەم کە زیاتر بە دوای هەمواری ئەم یاسایاندا بچن کە رێگرن بۆ توندوتیژی، هەروەها یاسای تازە دەربکەن کە هۆکاری کەمکرنەوەی توندوتیژی ژنانن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك شوان فەرمووو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راپۆرتەکەدا لە لاپەڕەی یەکەمییان تەنها تەرکیز لەسەر حکومەت دەکات دەڵێت ئێمە دەزانین کە چەندین هۆکاری سەرەکی هەن کە ببێتە هۆی چەوساندنەوە و توندوتیژی لە دژی ئافرەتان وەکو کەلتوری کۆمەڵگا بە نموونە، لە لاپەڕە دوو تەقریبەن حوکمێکی موتلەقی داوە، کە حوکمێکی زۆر موتلەقە ئافرەت هەیە کە رووبەرووی توندوتیژی نەبۆتەوە لەلایەن ئەندامانی خێزانەکە ئەوە بە تەسەوری من پێویستی بە چاکردنەوەیەك هەیە، حوکمێکی موتلەقیان داوە لەسەر توندوتیژی بەرامبەر بە هەموو ئافرەتان، هەرچەندە برای بەڕێزم (کاك دلێر) و ئەوان ئیشارەتیان پێدا، هەنگاوی زۆر باش بەرەو پێش چووە، لەوانەیە ئەو زوڵمەی کە هەبووە یاخود ئەو چەوساندنەوەی بەرامبەر بە ئافرەتان هەبووە گۆڕانکاری زۆر لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا دروست بووە و بەرەو باشی دەڕواتن، لە جێگایەکی تر کە باسی چەکدارانی (داعش) و ژن و کچە رفێنراوەکان دەکات کە لە (٤٠٠٠) زیاترن، پێم باش بوو لە راپۆرتەکەدا ئیشارەتێکیان بەوە بدابوایە، دەبوو لێرەدا ئیشارەت بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بکرابوایە بە ژمارە (٢١٧٠)، کە ئەوەی لە دژی ئافرەتانی شنگال کراوە تاوانێکن دژ بە مرۆڤایەتین کە بریتییە لە تاوانەکانی بە کۆیلەکردن و کڕین و فرۆشتن، هەروەها توندوتیژی سیکسی لە دژیان، بۆیە ئەمە ئەگەر بنووسرێت راپۆرتەکە زیاتر دەوڵەمەند دەکات، لە دوا خاڵدا پێمباشە ئەگەر خاڵێکی تر ئیزافەبکرێت، زیاد بکرێت، یەعنی (١٣)ەیە ببێتە (١٤)، داوا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان بکرێت کە کەیسی تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لە دژی ئافرەتانی کوردی ئێزیدی لە شنگال تاوانەکانی بە کۆیلەکردن و تاوانەکانی توندوتیژی سیکسی لە دژی ئەم ئافرەتانە لەبەردەم دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی بجولێندرێت و بە جیهان بناسێنرێت، خاڵێکی تریش ئەوەی کە جێی دڵخۆشییە بەراستی، چونکە زوڵم و

زۆرداریەکی یەکجار زۆر بەرامبەر بە کوردانی ئێزیدی، بەرامبەر بە خوشك و ئافرەتەکانمان لە کوردانی ئێزیدی کراوە بە درندەترین کاری تیرۆریستی کە (داعش)ە کردوویەتی، کە ئەو وەزعانەی بەسەر داهێنا، بەلام ئەوەی کە جێگای دلخۆشیە لەلایەن کوڕانی ئێزیدی کە زۆر بە سینگێکی فراوانەوە تەقەبولی ئەو وەزعەیان کرد، چونکە بەراستی ئافرەتانی ئێزیدی بینیمان چەند کەسانێکیان لە نەتیجەی ئەوەی کە ئەو زوڵمەیان لێ کرا خۆیان لە چیا هەڵدێرا و خۆیان بە شەهیدکردندا، بەلام ئەوان ئەو کوڕانە ئەو عەقلیەتەیان هەیە کە جێگای دلخۆشیە کە ئێستا ژن و ژنخوازیان لەگەڵدا دەکەن، پێشوازیەکی گەرمیان لێ دەکەن، کە ئەوە جێگای ئومێدە، جێگای دلخۆشیە لەلایەن برایەکانمان کە ئێزیدیەکانن دەرحەق بەو کچانەی کە ئەو زوڵمە گەورەیان لێ کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك رابوون فەرمووو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پێشدا دەستخۆشی لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، بۆ پشتگیری کردن و کارکردن بۆ رێکخستنی ئەو دانیشتنە تایبەتە کە زۆر گرنگە، هەروەها دەستخۆشی لە لیژنەی داکۆکی لە مافەکانی ئافرەت دەکەم کە کارێکی زۆر باشیان کردووە، ئامادەکاری زۆر باشیان کرد بۆ ئەوەی ئەو دانیشتنە دووجار بکرێت سەبارەت بە دۆخی توندوتیژی لە دژی ژنان و بە دیاری کراویش ئەو بەربەریەتەی کە لە دژی ژنانی ئێزیدی لە ناوچەکانی شنگال و دەوروبەری لەلایەن رێکخراوی تیرۆریستی (داعش) و چەکدارە بەربەریەکانەوە ئەنجامدران، لە راستیدا من لەگەڵ ئەو بۆچوونەم کە دۆخی ژنان لە کوردستان زۆر خراپە، زۆر لەوەش خراپترە کە هەندێك لە دەزگاکانی راگەیاندن بە جۆرێك لە داتا، یان زۆرێك لە چەمکەکان بتوانن تەعبیری لێ بکەن و گوزارشتی لێ بکەن، لە راستیدا ئەو بابەتە لە شوێنێکەوە سەری کیشا بۆ کێشەیەك کاتێك خۆرهەڵاتناسەکان هاتن ئەوەی پێیان دەڵێن خۆرهەڵاتناسەکان کە رەنگە وشەی خۆرهەڵاتناس وشەیەکی دەقیق نەبێ بۆ ئەو بەڕێزانەی کە پێیان دەڵێن خۆرهەڵاتناسەکان، من خۆم ئەگەر بۆ خۆم قسە بکەم بنووسم پێیان دەڵێم (ورینتالیستەکان)، کە هاتنە ئەم ناوچانەوە لە دوای پرۆسەی داگیرکاری و (کۆلۆنیالیزم)، ئەوان بۆ خۆیان کۆمەڵێك سوورە کە زۆرجار سوورەکان ئایدۆلۆژیش بوون بۆ هەندێك بابەتی لە پەیوەند بە (کۆلۆنیالیزم)ەوە پێویستیان بوو، یەکێك لەو بابەتانەی کە لەسەر کوردستان و خەڵکی کوردستان خستیانە ناو کتێبەکانیانەوە گوایە باردۆخی ژنان لە کوردستان زۆر باشە، لە راستیدا ئەو چەمکە (خۆرهەڵاتناس)یە لەکەوانەدا تەبعەن، ئەو بۆچوونە کە لەلایەن ئەو نووسەرانەوە پێشکەش کراوە زۆر پڕ ئیشکالیەتە، بۆچوونێکی راست نییە، باردۆخی ژنان تەبعەن لە سەردەمی رژێمی بەعس و حکومەتە فاشیستەکانی بەغدا زۆر خراب بوو گەیشتۆتە ئەوەی کە بەشێکی زۆری ژنان لەگەڵ کێشەی کورددا ئەنفالکراون، بۆیە ئەو بەشە هیچ خیلافێك نییە کە باردۆخی ژنان خراپە تا دەگاتە راپەڕینی

ئازاری شکۆداری گەلەکەمان، لە دوای راپەڕین و دوای ئەوەی فرسەتێکی باش و موناسیب بۆ گەلەکەمان دەڕەخسێت، بەلاَم بەداخەوە بە هۆی شەڕی ناوخۆوە رۆڵی دادگاکان لە جێبەجێکردنی یاسا و سەپاندی یاسا بەسەر هەمووان‌دا لاواز دەبێ بە هۆی شەڕی ناوخۆوە، بۆیە فرسەتێك دەڕەخسێ بۆ گرووپە خێڵەکی و گرووپە دواکەوتوو و ئەوانەی کە ملکەچی یاسا نابن و یاخی دەبن لە یاسا، بۆ خۆیان یاسا دەگرنە دەستی خۆیان و هەموو ئەوانەی کە ویژدانییان زیندووە دەزانن کە سالاَنی نەوەتەکان سالاَنی کوشتنی ژنانە لە کوردستان، بە گوێرەی چەند سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو کە لەلایەن ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و ناوخۆییەکانەوە پشت راست کراوەتەوە لە دوای راپەڕینی گەلەکەمان، ئازاری گەلەکەمان بۆ کۆتایی نەوەتەکان رێژەی ئەو ژنانەی کە بە ناوی شەرەفەوە لە کوردستان کوژراون زۆرترن لە رێژەی ئەو پیاوانەی کە بەداخەوە لە شەڕی ناوخۆدا کوژراون، بەراستی ئەمە ئاماژە نەبێ بە باردۆخێکی بەربەری، ئەی ئاماژەیە بۆچی؟ دوای ئەوەی گفتوگۆیەکی گەرم لەسەر بابەتی ژنان و توندوتیژی دەرحەق بە ژنان لە کوردستان هاتە ناوەوە ئەم بابەتە پەلی کێشا بۆ رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، ئەوانەی کە لە ئەوروپا ژیاون دەزانن باردۆخی توندوتیژی لە کوردستان لە دژی ژنان بوو بە بابەتێك لە ئەوروپا و لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان، بوو بە بابەتی لێکۆڵینەوە، تەنها بۆ زانیاریتان لە یەکێك لە زانکۆیە هەرە موعتەبەرەکانی بەریتانیا کە زانکۆی (بریستۆل)ە ناوەند و سەنتەرێکی هەیە، خانمێکی خۆمان لەوێ کار دەکات بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی هەرێم، ئەو بابەتە لەوە گەورەتربوو کە تەنها لە چەند رۆژنامە و ناوەند و سایتێکی ئەنتەرنێت لە کوردستان باس بکرێت، هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین جار لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان هاوکاری کردووە و بەڵێنی ئەوەی داوە کە لەگەڵ رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کار دەکات بۆ هێنانە خوارەوەی رێژەی توندوتیژی لە کوردستان، تەبعەن ئێمە هاوکار و پشتیوان و دەسخۆشی هەر کارێکین، هەر ئاراستەیەکین بە ئاراستەی کەمکردنەوەی توندوتیژی لە دژی ژنان بکرێت، بە دڵنیاییەوە ئێمە پشتیوانی لێ دەکەین. لەناو گفتوگۆکاندا دوو بابەت هاتۆتە ناوەوە ، یەکیان ئاماژەیە بۆ فاکتەری ئایینی، یەکێکیشیان فاکتەری کلتوری ، لە فاکتەری ئایینی قسەیەك دەکرێت (تحرير المرأة من الاسلام) واتە (ڕزگارکردنی ژنان لە ئیسلام) لەبەر ئەوەی ئەو بۆچوونە پێیوایە کە ئایینی گەلەکەمان زۆربەی ئایینی ئیسلامە ، پێیان وایە ئیسلام ڕاستە خۆی فاکتەرێکی سەرکوت کردنی ژنانە، بەلاَم بە پێچەوانەوە بۆ چوونێکی تر هەیە پێیان وایە ئیسلام دەتوانێ ڕۆڵێکی باش بگێڕێ لە ڕزگارکردنی ژنان (تحرير المرأة بالاسلام) واتە لە جیاتی ئەوەی کار بکرێ بۆ ڕزگارکردنی ژنان لە ئیسلام، نەخێر ئیسلام خۆی دەتوانێ ئامرازێك بێ بۆ ڕزگارکردنی ژنان، بە دڵنیاییەوە ئەگەر ئێمە ئایینی ڕەسمی گەلەکەمان ئایینی تراديشناڵی گەلەکەمان ئێمە ئەگەر بتوانین ڕێچکە ئەسڵیەکەی خۆی بگرینەوە دەست لە ئایدۆلۆجیا و بیرو و بۆچوونی نارەسەن ئایینی پیرۆزی ئیسلام پاشەکشە بکا بچێتەوە سەر خەتی تەسەوفی مەولانا خالید، خەتی مەلا عبالکریم مودەڕیس، خەتی مەلای گەورە بەدڵنیاییەوە ئایینی ئیسلام دەتوانێ ڕۆڵێکی باش بگێڕێ لە ڕزگارکردنی ژنان، ئێمە پشتگیری لەو

خەتە دەکەین، بەلاّم ئەگەر بۆچوونێك پێی وابێ بارودۆخی کلتوری دژی ژنان، سەرپۆشێکی ئاینی بەسەری دابدات بەدڵنیاییەوە دەبێ دژایەتی بکرێ، بۆ پاشەکشەکردن بەم ڕەوتە ئایدۆلۆجیەش مەلا بەڕێزەکانی مزگەوتەکان مەلایانی ئاینی، پیاوانی ئاینی ، زانایانی ئاینی دەتوانن ڕۆڵێکی باش بگێڕن، بۆیە بانگەوازیان دەکەین بەردەوام بن لە ڕۆڵی باشی خۆیان کە لە چەندین ساڵ ڕابردووشدا ئەو ڕۆڵە بەرچاو بووە، دەستخۆشیشیان لێدەکەین لەو ئاڕاستەیەی کە بە ئاڕاستەی ئیسلاحی کۆمەلاّیەتی لە کوردستان کاردەکەن، کەواتە کێشەکە لە بنەڕەتدا کێشەیەکی کلتورییە، هیوادارین هەموومان هاوکاربین بۆ ئەوەی کە بارودۆخێکی کلتوری کە تێیدا وەزعی ژنان خراپە لە کوردستان ئیسلاّحیاتێکی باشی تێدا بکەین بۆ ئەوەی بارودۆخی ژنان ببێتە بارودۆخێك کە جێگای شانازیمان بێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان سەبارەت بە بارودۆخی ژنە ئێزیدییەکان سەرنجتان بۆ ئەوە ڕادەکێشم، دەیهێنمەوە بیرتان ئەو کاتەی کە ئێمە دانیشتنێکی تایبەتمان کرد دوای ڕاپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە دوای گرتنی موسڵ لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە سەبارەت بە ناوچەکانی ئەوەی پێیدەوترێت ناوچەکانی (١٤٠) من لەم هۆڵەدا سەرنجتانم بۆ ئەوە ڕاکێشا کە ئێزیدییەکان بە جۆرێك صورەکراون، وێنە کراون بارودۆخێکی ترسناکیان دەبێت ئەگەر داعش دەستی بیان گاتێ، بەدیاری کراوی بە کەلیمە وتم مەترسی جینۆسایدیان لەسەرە ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دیاردە کۆمەلاّیەتییەکان لە بۆشایی ڕوونادەن، دەیهێنمەوە بیرتان ئەوەکاتەی کە (دوعا) کچە ئێزیدی لەلایەن کۆمەڵێك خەڵکی جاهیلەوە کوژرا چ بارودۆخێکی هەیە پڕ لە توندوتیژی لە دژی برا ئێزیدییەکانمان دروست بوو وەکو ئەوەی (دوعا) یادی بەخێر جێگای بەهەشتە انشألله یەکەم کچ و یەکەم ژن بێ لە کوردستان لەسەر ئەو بابەتە کوژرابێ، بەلاّم ئەمە ئاماژە بوو بۆ ئەوەی کە ئێزیدییەکان فیعلەن هەدەفن لەلایەن چەند گرووپێکی ئایدۆلۆجییەوە، لەلایەن چەند گرووپێکی ڕەوتی کۆمەلاّیەتیشەوە، کەواتە ئەو بارودۆخە لە بۆشایی ڕووینەدا، ئەو کاتەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش فرسەتی بۆ هەڵکەوت و ئەو ناوچانەی کە ئێزیدییەکان تێیدا زۆرینەن دەستی بەسەرداگرت فیعلەن ئەو بەربەریەتە ، ئەو بارودۆخە ترسناکە ڕوویدا کە بە گوێرەی سەرچاوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە چوار هەزار ژنە ئێزیدی، کچە ئێزیدی بە کۆیلەکراون، خراونەتە خزمەتی ئەمیرە بەربەری و وەحشییەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە، هەروەها بەگوێرەی ئەو هەوالأنەی کە ئێمە لێی ئاگادارین حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێگەی تایبەت کاردەکات بۆ ڕزگارکردنی ئەو ژنانەی کە لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە ڕفێنراون وەك موسوڵمانێك لەم هۆڵەدا، من وەکو ڕاکێشانی دەستی ئاشتی بۆ برایەتی برا ئێزیدییەکانمان بەڕاستی دەبێ بە هەردوولامان هاوکاری یەکتربین بارودۆخی ئەوها ڕوونەداتەوە، وەك هاوولاّتییەکی ئەم کوردستانەش ئەو ژنە ڕفێنراوانە لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە ڕفێندراون جێگای شانازی ئێمەن، تاجی سەری ئێمەن، ئەوانە نەك خوا نەخواستە شتێك ڕووینەداوە کە خراپ بووبوون لە کەسایەتیان، بە پێچەوانەوە کەسایەتی ئەوانە پیرۆزتر بووە، تا ئەو کاتەی ئەو میللەتە دەمێنێ ئەوانە جێگای شانازی ئێمەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك سەهراب میكائیل فەرموو.

**بەڕێز سەهراب میكائیل محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەستخۆشـیێ ل لیـژنا بـەرەڤانییێ ژ مـافێ ئـافرەتێ دكـەین، لسـەر دوو تـەوەرا خـودێ حەزكـەت ئـەز دێ ئـاخڤم، سـەر توندوتیـژییێ دژی ئافرەتـا و، لسـەر ڕاپۆرتـا لیـژنا مـافێن ئـافرەتێ، ئـافرەتێن شـنگالێ گەلـەك بـەڕێزان بدرێـژی لســەر ئاخافــت، ژ بــەر ڤــێ چــەندێ ئــەز لســەر نائــاخڤم، پشــتەڤانیا ئاخاڤتنێـت بـەڕێز مامۆسـتا مـەروان دكـەم ، پێتڤیـە ئـەم نەبینـە ئێخسـیرێت دەمـەكێ و جهـەكێ تایبـەت د ئاریشـەیەكا هۆسـادا ئـەم تـەعامولێ بحیكمـەت دگـەل ڤـێ ئاریشـێ بكـەین یـا كـو بنـاڤێ توندوتیـژییێ دژی ئافرەتـا هنـدەك ئامـار و ژمـارێن دەقیـق لبـەر دەسـتێ مـەبن دابشـێین چارەسـەریا واقعـەكێ بكـەین و كـار بكـەین بـۆ پاشـەرۆژەكا كـێم توندوتیـژی دژی ئـافرەتێ، مـن پـێ خۆشـە لڤێـرێ بێـژم ئاریشـا توندوتیـژییێ دژی ئـافرەتێ ئاریشـەیەكا جیهانییـە و ژبـەر ڤـێ چـەندێ (بـانكیمۆن) دبێـژیتن (هـەر چـەندە لگەلـەك ولاتـان گەلـەك یاسـایت هـەین بـەس هـەتا نووكـە ئـەم نەشـیاینە توندوتیـژییێ دژی ئـافرەتێ كـێم )، و ئـەف ژمـارێن نووكـە لبـەر دەسـتێ مـە ئـەف ڕێـژێن لبـەر دەسـتێ مـەین جیهـانی وێ چـەندێ بۆمـە تەئكیـد دكـەن، ل ئەمـەریكا (٣٠٪) ئـافرەت تووشـی توندوتیـژییێ دبـن، یـەعنی (٤) ملیـۆن و (٥٠٠) هـەزار سـالانە، ل فەرەنسـا (٥١٪) توندوتیـژی ئـەوا ددەرهـەقێ ئافرەتێـدا دێتـەكرن ئـەوە یـا زەلامـێ وێ ددەرهـەقێ وێـدا دكـەتن، ل میسـرێ هـەر (٣) ژنكـا (١) دێتـە قوتـان ژ لایـێ زەلامـێ وێڤـە، چـی پێنـەڤێت ئـەڤێ چـەندێ ئەگـەرێت خـۆ یێـت هـەین و مـن پـێ خـۆش بـوو ئەگـەر لیـژنا مـافێن مرۆڤـی د ڕاپۆرتـا خـۆدا ئـەف دوو سـێ تـەوەرە دانابـان (ئەگـەر و چارەسـەری و پاراسـتن) ئەگـەر ئێـك ژوان ئەڤەیـە كـو ئـافرەت بخۆیـە دەمـا كـو بـەرەڤانییێ ژ مافێـت خـۆ نەكـەت، دەمـێ ئـەرك و مافێـت خـۆ نـەزانیت، دەمـێ بێـدەنگبیت لسـەر وێ توندوتیـژییێ، هەروەسـا ئەگـەرەكێ هـەی یـێ ڕۆشـنبیری و یـێ زەلامـی دەمـێ نـەزانیت دێ چـەوا تـەعامولێ دگـەل یـێ بەرامبـەری خـۆ كـەتن هەروەسـا ئـەرك و مافێـت خـۆ نـەزانیتن ئەگـەرەكێ تەربەوییـە ئـەم بێـژین یـێ پەروەردەییـە ئـەو كەسـێ ئـەو زەلامـێ ل زارۆكـاتییێ یـان وەختـێ جحێـل توندوتیـژی ددەرهـەقێ ویـدا هاتـە كـرن دەمـێ ئـەوژی دبیتـە زەلام و دبیتـە خـودان دەسـەلات دێ توندوتیـژییێ دەرهـەقێ ئێكـا زەعیـف داكـەت كـو ئافرەتـە ژبـەر هنـدێ لـدیف ئـەف ژمارێـت جیهـانی (٨٣٪) توندوتیـژیا دژی ئـافرەتێ ئـەوا دێتـە كـرن ئـەوە یـا زەلام بەرامبـەری هەڤـژینا خـۆ دكـەتن، عـادات و تەقالیـد ئێـك ژوان ئەگەرانـە، ئەگـەرێت ئیقتیسـادی ئێـك ژوانـە، ئەگـەرێت دی هەروەسـا توندوتیـژیا حكومـەتا دەمـێ حكومـەت هنـدەك یاسـا یـت عادیلانـە نـا دانـن بـەرەڤانییێ ژ ئـافرەتێ بكـەن و مافێـت وێ

بپـاریزن وێ گـاڤێ ڕێـك بـۆ زەلامـی ڤـەدبن كـو توندوتیـژیێ بكـەتن، چارەسـەری چـییە لنـك مـن چارەسەری دچەند خالەكا دانە:

١- بـیرو بۆچـوون و مـەفاهیم بێنـە دوروسـت كـرن تایبـەت یـت زەلامـی بەرامبـەری ئـافرەتێ، هەروەسـا هنـدەك یاسـا بـێن دانـان مـافێ ئـافرەتێ بێتـە پاراسـتن و (صـارم) بـن ئـەف یاسـایە بنـە كـار، چونكە هـەر (بـانكیمۆن) دبێـژیتن یاسـا بتنـێ كـافی نیینـە دڤیـا ئـەڤ یاسـایە بنـە كـار و كریـار، هەروەسـا تەشـجیعا ئـەوا توندوتیـژی ددەرهـەڤێ وێـدا دێتـە كـرن یـان كـو ئافرەتـە بچـیت داخـازا مـافێ خـۆ بكـەت لایـەنێ پەیوەندیـدار ئاگاداربكـەتن نـە كـو بێـدەنگ بـیتن لسـەر ڤـێ توندوتیـژیێ، ئـەم پێتڤییـە پیتـە پێدانـەكا مـەزن بڤـێ زەحیـێ بـدەین یـا كـو ئـافرەت و هەولبـدەین تـەئهیلا وێ بكـەین پشـتی ئـەڤ جەریمـە دەرهـەڤێ وێـدا دێتـە كـرن، هەروەسـا رەقابـە لسـەر ئیعلامـێ، ئـەز دبێـژم هـەر موجتەمعـەكێ هنـدەك سـیاجێت هـەین كـو تـاوان كـێم بـبن بـۆ نموونـە یاسـا، پـەروەردە، ڕۆشـنبیری سـەرەڕای ڤـێ چـەندێ جیهـان نـە شـیایە توندوتیـژیێ بەرامبـەری ئـافرەتێ كـێم بكـەت و ئەڤـە نـە ئاخفتنـا منـە بـەلكو ئەڤـە ژمارێـت جیهـانی وەدبێـژن، باشـە چارەسـەری چـییە؟ ئـەز دبێـژم چارەسـەری ئەڤەیـە ئـەم سـیاجەكێ زێـدەتر لـێ بكـەین دابشـێن ئـافرەتێ بپـارێزین ، ئـەو ژی سـیاجێ رەقابـە ئیلاهییـە ، پـەروەردە ئیسـلامییە ، دیـڤ چـوونە سـونەتە پێغەمبەرییـە (علیـە الصـلاة والسـلام) سـونەتا قـەولی و سـونەتا فیعلیـە، بـۆ نموونـە پێغەمبـەر (علیـە الصـلاة والسـلام) (النسـاء شـقائق الرجـال ، اسطوسـوا بالنسـاء خـیراً ، اكمـل المـؤمنین ایمانـاً ، احسـنهم خلقـاً ، بـدوي خیـاركم خیـاركم لنسـائهم) بـەلكو سـونەوتا فیعلـی هێشـتا سـونەتا قـەولی بـەقوەت تـرە ، پێغەمبـەر (صـلی الله علیـە وسـلم) خزمـەتا هـاڤ ژینـا خۆدابـوو ئـەو بەدەسـتێ خـۆ خزمـەتا وەدكـر ، سـوعبەت دگـەل كـرن ، كـەیف دگـەل كـر ، بـەلكو هەنـدەك جـارا ترانـەو یـاری دگـەل دكـرن ، پێغەمبـەر (صـلی الله علیـە وسـلم) وەرزش یـا دگـەل هەڤـژینێت خـۆ كـری یـا دگـەل غـاردای یـێ دگـەل بـەزی پێغەمبـەری (صـلی الله علیـە وسـلم) تەحـەمولا كـەرب و كـین و كنعـەت و داخـازی و ئاریشـێت وان و گلـە و گازنـدەیت وان كـری، پێغەمبـەری (صـلی الله علیـە وسـلم) پـێش (فاطمـە) یـێ ڤـە ڕادبـوو بئـەنیا وێ ڤـە ماچـی دكـر دانـا جهـێ خـۆ وەك قـەدر گرتنـەك بـۆ كچـێ ژی و بـۆ ژنـێ، پێغەمبـەری (صـلی الله علیـە وسـلم) چـۆكێ خـۆ دانـا دا ئێـك ژ هەڤـژینێت وی پـێ خـۆ دانتـە سـەر چـۆكێ وی شـتی وی كـو ل حێشـترێ سـوار بـیتن و، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل دۆڵەمەڕی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەرەتا دەستخۆشـی لـە لیژنـەی داکـۆکی کـردن لەمافـەکانی ئـافرەت دەکـەم، دەستخۆشـیان لێدەکـەم بـۆ ئـەو ڕاپۆرتـە بـەڕەئی مـن دەبـوو جیابکرێتـەوە ، کێشـەی ئافرەتـانی کـوردی ئێزیـدی لەگـەڵ ئافرەتـانی گشـتی کوردسـتان، بـەڕێزتان ئیشـارەتان پێـدا کـە دانیشـتنێکی تایبـەتی بـۆ دەکـرێ، بۆیـە هـیچ باسـەکی لەسـەر ناکـەم و پێشـنیاریش دەکـەم بـەڕێزانی تـریش هـەڵیبگرن بـۆ ئـەو جەلسـەی کـە تایبـەت دەکرێـت بـە ژنـانی کـوردی ئێزیـدی، بەنیسـبەت توندوتیـژی دژی ئافرەتـان زیـاتر بـاس لـە توندوتیـژی کـراو هۆیـەکانی توندوتیـژی بـە ڕەئـی مـن بـاس نـەکرا، مـن پێموایـە هـۆی دروست بـوونی توندوتیـژی مـن باسـی کۆمەڵگـەی کوردسـتان دەکـەم هـەر لـە دایکبـوونی منداڵـەوە دەسـتپێدەکاتن کـاتێ ئـافرەت منـداڵی دەبـێ ئەگـەر کـوڕبێ لەوانەیـە بـەرخی بـۆ سـەر بـبڕێ، ئەگـەر کـچ بـێ لەوانەیـە ئەهمیەتـەکی وای نـەداتێ لێـرە، خـودی ئـافرەت خۆشـی خـەتای هەیـە هـەر پیـاو نییـە، دوای ئـەوە ئـەو کێشـانەی کـە دروسـت دەبـن لـەو شـوێنەی کـە ئـافرەت لێـی ئـیش دەکـات دورسـت نـابێ، واتـە ئـــافرەت لـــە دەرەوەی مـــاڵی خـــۆی ڕێزێکـــی تایبـــەتی هەیـــە ، ئـــازاریش نـــادرێتن، ئـــەو ئـــازارو ئەشـکەنجەی کـە دەیبینـێ لـە چوارچێوەی خێزاندایـە یـان هاوسـەریەتی یـان بـرا، بـاب، خـزم و کـەس و ئەوانەیـە ئەمەشـیان هۆکـاری خـۆی هەیـە ، ئێمـە ئەگـەر بیروبۆچـوونەکانمان بـەو ئاسـتەبێ کـە ئـافرەت مرۆڤـە لەوانەیـە تووشـی زۆر لـەو گرفتانـە نـەبین، بـەڵام کاتێـك کـچ بـە زۆر بـە شـوودەدرێتن یـان گچـکە بـە گـەورە دەکـرێتن ژن بـە ژن دەکرێـت ئـەم گرفتانـە لـە ئاینـدەدا وا دەکـات کـە کۆمـەڵگا کێشـەی زۆری بـۆ بێتـە پـێش، مـن بـە شـانازییەوە بـاس لـە ناوچـەی بـارزان دەکـەم کـە هـەر لـە سـەردەمی (شـێخ عبدالسـلام)ی گـەورە یاسـا و ڕێسـایەك دانـراوە بـۆ ڕێکخسـتنی ژیـان لـەو دەڤـەرە یـەکێك لـەو یاسـایانە پەیوەسـتە بـە مـافی ئـافرەت کـە لـەم دەڤـەرە کـچ بـە ئـارەزووی خـۆی شـوودەکاتن، یـەعنی بـاوك و خـزم و کـەس بـەئارەزووی خۆیـان یـان بـە زۆر بـە شـووی بـدەن ژن بـە ژن نـەبووە، گچـکە بـە گـەورە نـەبووە ، لـە بێشـکە مـارە کـردن نـەبووە کـە بەداخـەوە مـن لـە زۆر لـە ناوچـەکانی کوردسـتان لـە هەنـدەك جـێ بینیومـە پیاوێـك دەوڵەمەنـدبووە، پـیر بـووە کچـێکی منـداڵیان داوەتـێ لـە ئاینـدە بۆتـە کێشـە، مـن پـێم باشـە ئـەم نموونـەی ئـەم ناوچـەیە سـوودی لـێ وەربگیرێـتن و لـە هـەموو ناوچـەکانی تـر پـەیڕەو بکرێـت ، دیسـان دەڵـێم لـە ناوچـەی بـارزان ئـافرەت بـە تـەنها دەتوانێـت ئیسـتقبالی میـوان بکـات ، لەگـەڵی دابنیشـێ، موناقەشەشـی لەگـەڵ بکـا، بـەڵام ئیستاشـی لەگـەڵ بـێ لـە زۆر ناوچـەی کوردسـتان پەردەیـەك هەیـە نـاکرێتن تـۆ ئـافرەتی ئـەو ماڵـە ببینی کە بۆی دەچی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دوو نوقتەی نیزامی هەبوو مامۆستا مەڕوان فەرمووو.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین (مەڕوان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هــەروەکو مــەعلوماتێك بــۆ گشــت برایــان و خوشــکانی پەرلــەمانتار و بیســەرانیش، لــە شــەریعەتی ئیسـلامدا ئـافرەت منـداڵ کـچ بـێ یـان کـوڕ بـێ هۆزەبانـەی بـۆ دەکرێـت یـان حـەیوانی بـۆ سـەر دەبـڕێتن سـونەتەکی پێغەمبـەرە (صـلی الله علیـە وسـلم) فـەرق و جیـاوازی نـەکراوە بـۆ هـەردووکیان دەکـرێتن کـاوڕێکی بـۆ سـەر بـبڕدرێتن، هیـوادارم ئینسـان کـە قسـەدەکاتن بـە مەعلوماتـەوە قسـە بکـاتن بە هەڵە دانەچێ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو بێگەرد فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیـارە لـە قسـەکانی هاوکـاری بـەڕێزمان کـە ئێسـتا پێشکەشـی کـرد لەسـەر دۆخـی ژنـان، بـاس لـەوە دەکـا دەڵـێ دەبـێ ئـەو قەناعەتـە دروسـت بکـرێ کـە ئـافرەت مرۆڤـە مـن داوای ڕەشـکردنەوەی ئـەم وشەیە دەکەم، لەبەر ئەوەی بەڕاستی ئەمە دەچێتە قالبی سووکایەتی کردن بە ژنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك ئاری هەرسین فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد عبدالکریم (ئاری هەرسین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بــەس وەکــو بەبیرهێنانەوەیــەك مــن خەریکــە لــێم تێکدەچــێ نوقتــەی نیزامــی کامەیــەو، ڕەئــی کامەیـە! هەنـدێ شـت لـە ژێـر نـاوی نوقتـەی نیزامـی ئـەوترێت کـە ئـەوە ڕەئییـە حەقـە بـەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە کاتی خۆیا پێی بڵێ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز خاتوو مریەم سەمەد فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مــن دەمــەوێ ســەرەتا سوپاســی دەســتەی ســەرۆکایەتی بکــەم بــەوەی کــە ئــەو یاداشــتەی خســتە بەرنامــەی کــارەوە، هــەروەها دووبــارە سوپاســی دەســتەی ســەرۆکایەتی دەکــەم بــەوەی کــە هاوکــار و پشتیوانی زۆری......

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا مەڕوان خاتوو مریم قسەی پێناکرێ....

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دووبـارە مـن سوپاسـی دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان دەكـەم بـەوەی كـە هاوكـاری و پشـتیوانیەكی ئێجگـار زۆری لێژنـەی ژنـان بـووە بەتایبـەتی لەسـەر كەیسـی ژنـانی ئێزیـدی، مـن وەكـو خـۆم وەكـو ئەنـدامێكی لیژنـەی داكـۆكی كـردن لـە مافـەكانی ئافرەتـان بۆمـاوەی زیـاتر لـە (٣) مانگـە مـن لـەو لیژنەیـدا كاردەكـەم، لـەو ڕۆژەی كـە مـن دەسـتبەكاربووم دیـارە مـن دەمـەوێ ئامـاژە بـەوە بـدەم هـەموو كـاتی خۆمـان ئیشـەكانی خۆمـان لەسـەر كەیسـی ژنـانی ئێزیـدی كـردووە، كـاری زۆرمـان كـردووە، بەڵگـەو دیكـۆمێنتی ئێجگـار زۆرمـان لایـە ، بۆیـە مـن لێـرەوە دەمـەوێ ئـەوە بڵـێم دیـارە ڕەخنەیـەك و گلەییـەكی زۆر لـە ڕاپۆرتەكـەی ئێمـە كـراوە ئێمـە كـراوە ، ئـەو گلـەیی و ڕەخنانـەی كـە كـراوە مـن داوا لـە دەسـتەی سـەرۆكایەتی لیژنەكـە دەكـەم كـە بەهەنـدی وەربگرێـت، بـە نـەزەری ئیعتیبـار وەربگرێـت لەلایـەن خـۆی، مـن پێموایـە ئـەو پەلـەی لـەو ڕاپۆرتـە كـرا هۆكارەكـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی كـە ئێمـە دەمـان ویسـت لـە هەفتـەی بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیـژی ئـەو ڕاپۆرتـە بخوێندرێتـەوەو گفتوگـۆی لەسـەر بكـرێ، پێموایـە بەشـێكی هۆكارەكـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی كـە هـەر كەمتەرخەمییـەك یـان هـەر كـەم و كوڕییـەكی هـەبووبێ مـن یـەك لەوانـە كـە خـۆم واژوم كـردووە لەسـەر ئـەو ڕاپۆرتـە لەوانەیـە كۆمـەڵێك پێشـنیارم هـەبووبێت، كۆمـەڵێك قسـەم هـەبووبێت لەسـەر ئـەم ڕاپۆرتـە، بـەڵام لەبـەر گرنگـی بابەتەكـە ، لەبـەر زەروورییـەتی بابەتەكـە مـن واژوم كـردووە، بۆیـە مـن لێـرە لـە ڕێـی جەنابتـەوە هەنـدێ قسـەو پێشـنیارم هەیـە دەمـەوێت ڕاپۆرتەكـەی پـێ دەوڵەمەنـد بكرێـت، دیـارە بـەڕێزان پرسـی ژنـان لەكۆمەڵگاكـەمان یەكێكـە لـە پرسـە هـەرە گـرنگ و ئـاڵۆز و چارەنووسسـازەكان، سـاڵانێكە چـەندان ڕێكخـراو لـەبواری داكـۆكی كـردن لەمافـەكانی ژنـان كاردەكـەن، دەیـان چـالاكوانی ئـەو بـوارە تـێ دەكۆشـن بـۆ پاراسـتنی ژنـان وبەرەوپێشـەوە بردنـی ئـەو پرسـە، لـەدوای ئـازاد بـوونی بەشـێك لـە وڵاتەكـەمان و پێكهێنـانی دەسـەڵاتێكی خۆمـاڵی، كۆمـەڵێك كـارو بڕیـارو یاسـای گـرنگ لـەپێناو پاراسـتنی مافـەكانی ژنـانی وڵاتەكـەمان دەرچـووە، بـەڵام بەداخـەوە هێشـتا ئـەو یاسـایانە تـەفعیل نـەكراوە، هەنـدێجار بەشـێوەیەكی دوور لەهـەموو بەهایـەكی مرۆڤایـەتی، بەشـێوەیەكی دڕندانـەو نامرۆڤانـە، لەلایـەن هەنـدێ كـەس و گرووپـەوە هەڵسـوكەوت لەگـەڵ ژنـان دەكرێـت، بـەبڕوای مـن درێـژەدان بـە توندوتیـژی و پێشـێلكردنی مافـەكانی ژنـان، كۆمـەڵێك هۆكـاری كلتـوری و كۆمەڵایـەتی و فەرهـەنگی و ئـایینی و ئـابووری و سیاسـی لەپشـتە، لەهـەر پـرس و ڕووداو دیاردەیەكـدا دەرئەنجامـەكان چـەند گـرنگن، بـەڵام هۆكـارو پاڵنـەرەكانی دەرئەنجامـەكان گـرنگترن، ئەگـەر بمانـەوێت كـاری جـدی و ڕیشـەیی لەسـەر پرسـی ژنـان بكـەین پێویسـتە بەشـێوەیەكی زانسـتی و واقیعـی بـارودۆخی ژنـانی وڵاتەكـەمان هەڵبسـەنگێنین و هۆكارەكـانی نایەكسـانی و توندوتیـژی بەرامبـەر بـە ژنـان دەستنیشـان بكـەین و كاریـان لەسـەر بكرێـت، وەك دادگـایی كردنـی تاوانبـارانی كەیسـی ژنـان،

هەنـــدێکیان پێویســـتی بەبەرنامەیـــەکی درێژخایـــەن هەیـــە، وەك هۆشـــیارکردنەوەی ژنـــان بـــە مافـەکانیان و پـەروەردەکردنی کۆمـەڵ بـۆ بەیـەك چـاو تەماشـاکردنی ژنـان و پیـاوان، بۆیـە پێویسـتە بەرنامەیـەکی هەمەلایـەن هـەبێت بـۆ سـنووردانان لەبـەردەم پێشـێلکارییەکان و بـەرەوپێش بردنـی پرسـی ژنـان، هـەروەها بـەهۆی ئەوکارەسـاتە وەحشـی گەریانـەی کـە بەسـەر شـنگال و دەروبەریـدا هـات لەلایـەن هێـزە تیرۆریسـتیەکەی داعشـەوە، کارەسـات و مەینەتیـەکانی ژنـانی وڵاتەکـەمانی قـوڵتر کـردەوە، چـونکە بەداخـەوە ژنـان و کچـان زۆرتـرین پشـکیان لەکارەسـاتەکە بـەر دەکەوێـت و دەیـان ڕووداوو حیکایـەتی دڵتـەزێن، ژنـان و کچـانی کـوردی ئێزیـدی تێیـدا قوربـانین، بـۆ ئـەوەی بتـوانین کـاری بـاش لەسـەر ئـەو کارەسـاتە بکـەین و قـەبارەی بـزانین، ڕۆڵێکـی بـاش بیـنین لەگـەڵ ئـێش و ئازارەکانیـان و چارەسـەری بەشـێك لـە ڕووداوە دڵتەزێنـەکان بکـەین، بـۆ هـەردوو کەیسـەکە مـن چەند پێشنیارێك ئیزافە دەکەم بۆ سەر ڕاپۆرتەکە:-

یەکەم:- هەڵمەتێکی گەورەی هۆشیارکردنەوەی ژنان ئەنجام بدرێت، ڕاگەیاندنەکان و ڕێکخراوەکان، ڕۆڵی خۆیان بگێڕن، بۆ ئەوەی ژنان بەمافەکانی خۆیان ئاشنا بکرێن و ترسیان لەوە نەبێت ڕێکاری یاسایی بگرنەبەر بۆ سەندنەوەی مافەکانیان.

دووەم:- پشتگیری تەواو لەڕایەکەی خاتوو ئاواز دەکەم، کە لە سیستمی پەروەردەو فێرکردندا، گرنگی زۆر بدرێت بە یەکسانی ژن و پیاو، ڕاهێنانی منداڵانمان لە ئێستاوە بۆ دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی و پێشێلکاری مافەکانی کچان و ژنان، بۆ ئەم مەبەستە دەتواندرێت سوودی زۆر لە پەروەردەی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی خێزانی ببینرێت.

سێیەم:- پێویستە ئەو کۆمپانیایانەی مۆبایل بەهیچ شێوەیەك بەبێ ناسنامەو تۆمارکردن سیم کارت نەفرۆشن، چونکە بەشێکی کێشەکان بەهۆکاری مۆبایل و بکەری نادیارەوەیە.

چوارەم:- چاودێرییەکی تەواو وباشی ئەنجومەنی باڵای خانمان ودەستەی خانمان وسەرجەم ڕێکخراوەکانی ژنان بکەین بۆ بەدواداچوون و کارئاسانی بۆ ئیشوکارەکانیان.

هەروەها پشتگیری لەو ڕایە دەکەم، کە ئاوازخان باسی کرد، کۆکردنەوەی زانیاری و ئامار وداتا بەیسێکی زانستیمان هەبێت لەسەر ئەو کەیسە، هەروەها من داوا دەکەم پەرلەمانی کوردستان هاوکاری تەواوی ئەو لیژنەیە بکات، کە لەئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێك هاتووە، بەناوی لیژنەی باڵای بە جینۆساید ناساندنی ئەو کارەساتەی کە بەسەر ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم هاتووە، بۆ ئەوەی ئەو کارەساتە بەجینۆساید بناسرێت، هەروەها کۆبوونەوەیەك ئەنجام بدەین، لەگەڵ ئاژانسەکان و قونسوڵیەکان و نووسینگەکان و ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی ئەوانەی کە لەکوردستانن، کە چەندین ڕووداوی دڵتەزێنیان پیشان بدەین زیاتر ئەو کارەساتانەیان پێ بناسێنین، بەڕێزان داعش هەوڵیداوە بیانووی ئاینی بۆ تاوانی دژی ژنان و کچان کوردی ئێزیدی بهێنێتەوە، گوایە موسوڵمان یان ئەهلی کیتاب نین، موڵك و ماڵیان حەڵاڵە، ئەگەر چی کۆمەڵی زۆرینەی کۆمەڵگای کوردەواری دژی کارو کردەوەکانی داعشن، بەڵام

هێشتا خەڵکانێك هەییە، پێیان وایە ئیزیدی کافرەو حەقە وایان لێ بکرێت، بۆیە پێویستە وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتی زانایانی ئایینی و ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕاگەیاندنەکان کاری جدی لەسەر ئەو بابەتە بکەن، بۆیە داوا بکرێت یەکێتی زانایان فتواو ڕوونکردنەوەیەکی تایبەت دەرحەق بەو تاوانە کە بەسەریاندا هاتووە دەربکات، هەروەها دروست کردنی سەنتەرێکی تایبەت بۆ ئەو کچ و ژنانەی کە پێویستیان بە گرتنە خۆ هەیە، چونکە لەوەیە چەندین ڕووداوی دڵتەزێن ڕووبدات، وەکو خۆکوشتن لەکاتی زۆر بێ ئومێدیدا، بەڕێزان بەسەدان منداڵ و بێ دایك و باوك هەن، پێویستە بەزووترین کات چەندین سەنتەر بکرێتەوە، بۆگرتنە خۆی ئەو منداڵانە، ڕێگری بکرێت لەوەی کاری ساختە دروست نەکرێت، خەڵکانێك خۆیان نەکەن بە قوربانی کە هیچ بنەمایەکی ڕاستی نەبێت، هەروەها لەکۆتاییدا من پشتگیری لە پێشنیارەکانی خاتوو تەلار دەکەم، لەسەر پەلەکردن بۆ ئامادە کردنی سەرجەم ئەو ڕاپۆرتانەی کە ئاراستەی لیژنەکان کراوە، کە تایبەتە بەژنان هیوادارم لیژنەکان پەلەی لێ بکەن، بۆ ئەوەی ئیشی جدی لەسەر بکەن، هەروەها پشتگیری لە پێنشیارەکەی خاتوو شیلان دەکەم، کەداوای کرد حکومەتی ناوەند مولزەم بکرێت کار بکات لەسەر ئەو ژنانەی کە تاکو ئێستا لەژێر دەسەڵاتی چەتەکانی داعشدان، کە نزیکەی ٤ تا ٥ هەزار ژن و منداڵن، بۆیە من دەمەوێت سڵاو بنێرم بۆ سەرجەم ئەو دایك و خوشك و ژنانەی کە هاوسەرەکانیان یان براو کەسوکاریان بەدەست تیرۆرستان شەهید کراون، هەروەها سڵاو بنێرم بۆ ئەو شەهیدە ژنانەی کە بەبێ تاوان شەهید کران، بۆ هەموو ئەو کەسانەشی کە ژیانی خۆیان تەرخان کردووە بۆ خزمەت کردن بەدۆزی ژنان، هەروەها سڵاو بنێرم بۆ ژنە قارەمان و شۆڕش گێڕەکانی یەپەدە، هێزی ژنان کە ئێستا لەبەرەکانی جەنگن، بوونەتە ڕەمزی بەرخودان بۆ هەموو لایەك، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك جمال مۆرتکە، فەرموو.

**بەڕێز جمال عثمان مۆرتکە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا ڕێزو تەقدیر بۆ لیژنەی داکۆکی کردن لەمافی ئافرەتان بۆ ڕاپۆرتەکەیان، کە تاڕادەیەك کەموکورتی و تێبینی لەسەرە، بەڵام بەتەقدیرەوە ماندووبوونیان دیارە، ئەو بابەتانەی کەباسکران، هەڤاڵانم ئەندامانی پەرلەمان باسیان کرد، من نایەمەوە سەری، بەڵام دیارە مەسائیلی ماڤی ئافرەتان بەپێی مێژووی ڕابردووی دەیان وسەدان ساڵی ڕابردوومان، ئافرەتان بە عەقلێەتێك تاوانیان بەرامبەر دەکرێت بەشێوازێك کە باوك سالاری یان کوڕ سالاری، واتەقدیر دەکات کەوەك وەسیلەیەك بەکاری بهێنێت بۆ توهمەی خۆی، ئەمەش بەڕای من تاوانێکی گەورەیە، بۆیە ئەوەی کەمن باسی دەکەم، زیاتر لەسەر وەزعی ناوخۆیە، ئەگەر موقارەنەشی بکەیت لەگەڵ ئاستی جیهان تاڕادەیەك دەتوانم بڵێم وەزعی کوردستان باشتر بووە، گۆڕانی تێدا کراوە، لەسەر ماڤی ئافرەت و ڕێزو تەقدیر بۆ ئافرەت دانراوە، بەڵام ئەگەر جێگای تموح بێت، تەواوی ماڤی ئافرەت وەکو مرۆڤێك لەتەواوی کوردستان پەیڕەو بکرێت ئیمکان هەیە، بەڕەئی من خەلەلی تێدایە،

بۆیە منیش لەسەرەتای دابەشکردنی لیژنەکانیشدا کۆك نەبووم لەگەڵ ئەوەی کە لیژنەی مافی ئافرەتان دابندرێت، بۆ ئەوەی ئافرەتیش مافی خۆیەتی وەکو پیاو، وەکو کوڕ، وەکو هەر ئەندامێکی کومەڵگا بژی و بگات بەمافە ڕەواکانی خۆی، بەڕای من ئێمە لەکوردستان هەندێك بابەت هەییە، پێویستە داکۆکی لەسەر بکەین بۆ ئەوەی بتوانێن ئەو تاوانانەی کە دەرحەق بە ئافرەتان دەکرێت یان ئەو پێشێلییەی مافیان دەکرێت، ئێمە تەئکید بکەینەوە، یەکەم شت بەڕای من پێویستە ئێمە ئەقڵیەتی سیاسی خۆمان دەربارەی مافی ئافرەت بگۆڕین و گرنگی پێ بدەین، هەتا ئەقڵیەتی سیاسی نەگۆڕدرێت ناتوانین زیاتر یاسا پابەند بکەین، ناتوانین لەپەروەردەدا زیاتر تەرکیز بکەین ناتوانین لەڕوانگەی ئابوورییەوە گرنگی پێ بدەین، ناتوانین لەڕووی ڕێکخستنی خێزانیشەوە زیاتر گرنگی پێ بدەین، بۆیە من پێم باشە ئێمە بتوانین ئەو دەستکەوتەی کەئێستا دەبینین لەپەرلەمان لە ٣٠٪ نسبەی ئافرەت دەستنیشان کراوە، هەوڵی بۆ بدەین بیگۆڕین، ناتوانم بڵێم بیکەین بە لە ٥٠٪ بەڵام زیاتر پەرەی پێ بدەین بۆ ئەوەی بتوانین باشتر گرنگی پێ بدەین، لەهەمان کاتیشدا ئافرەتانیشمان دەبێت و پێویستە خۆیان بناسن، زیاتر بڕوایان بەخۆیان هەبێت، داکۆکی لەخۆیان بکەن، لەمەوقیعی خۆیان بکەن، پارێزگاری لەخۆیان بکەن، بۆیە گۆڕانی عەقڵەیەتی سیاسی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە بتوانین باشتر زامنی مافی ئافرەت بکەین، ئەمڕۆ کەدەبینین دڕندەکانی داعش کە بە دڕندەترین شێوە دەرحەق بە ئافرەتانی کوردی ئیزیدی ڕەفتار دەکەن، ڕێك تاوانەکانی چەندین سەدساڵەی ڕابردووی مەغۆلەکانمان دێتەوە پێش چاو، کەبەهەمان شێوە بەدڕندەترین شێوە ئەو ناوچانەی کە هێرشیان دەکردە سەری، ڕەفتاریان دەکرد بەرامبەر بە ئافرەتەکان، ئەمە مێژوویەك نوێ دەکاتەوە، ئێمەش وەکو کورد دەبێت بزانین ئەو عەقڵیەتە موستەهدەفەی کە میللەتی کوردی تێدایە، کە مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێت (چەپڵە بەدەستێك لێ نادرێت)، پێویستە هەوڵ بدەین موقابیلمان کە لە نێرو مێ پێك دێت، دەبێت لەمافەکانی خۆی لە شێوازەکانی حوکمداری کوردستان بەشداریان بکەین، بۆیە ئەرکێکی نەتەوەیی ونیشتمانییە کە بتوانین ئەو لایەنە پڕ بکەینەوە، ئەوەش بەچی دەکرێت، بەڕای من بە پشتگیری کردنی عەقڵیەتی سیاسی کەباسم کرد، بەپشتگیری کردنی خەڵکانێکی کاملی ڕۆشنبیر و کەسانی دڵسۆز، بۆ ئەوەی هەڵسوکەوتە یاخود پێشێلکارییەکانی عەقڵیەتی خێڵەکی، عەقڵیەتی بەکەم تەماشاکردن وەلا بنێین، وە بتوانین تەواوی مافەکانیان دابین بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین لەڕوانگەی پەروەردەییەوە ئاستیان بەرز بکەینەوە، لەڕوانگەی ئابوورییەوە، ئەگەر سەیرێك بکەین لەسەر ئابووری نێودەوڵەتی لە ئەوروپا لە ئەمریکا، لەهەرلایەك تەماشا بکەین، ئێمە ئەوەی ئێستا دەبینم لەکوردستان لە ٢٠٪ تەواو ناکات، ئێمە سوودمەندین لە تاقەی ئافرەت، بۆ بەهێز بوونی ئابووری خۆمان، ئیمکانە لە قۆناغەکانی پێشووی باو باپیرانماندا تاڕادەیەك باشتر هەندێجار هەبووە ئیستیفادەی لێکراوە، ئەمڕۆ ئەو تاقەیەمان پێشێل کردووە، ئێمە ئەگەر بمانەوێت تەواوی ژێرخانی ئابووری خۆمان بەرز بکەینەوە دەبێت هەوڵ بدەین خێزان هەمووی کار بکات، هەمووی بکەوێتە مەیدان، ئێمە لەو بوارە ئەگەر بەرزمان کردەوە لەمەسائیلی دەسەڵاتی بەهێزی کوڕسالاری کەم تر دەکەینەوە دەگەینە تەوازونێك، کەهاتە ئەو تەوازونە،

ئۆتۆماتیکیەن ئەو تەوازونە نامێنێت، لایەنی تر مەسائیلی ئەو عەقلێتانەی لەسەر مەسەلەی گەنجانە، یان ئەو بابەتانە کە دەبینین بەداخەوە هەندێجار دەبینین ئافرەتەکانمان تووشی کارەساتی کوشتن، یان تەعەداکردن، ئازار چەشتن دەبنەوە، ئێمە تەماشا بکەین پەروەردەی گەنجانە یان سەرەتای منداڵەکانی ئەوروپی، بەشێوازێك دەکرێت کە تومعی جنسی لەقۆناغی مەرحەلەی ١٥ تا ٢٥ کۆتایی پێ دێت، بەرەو ٣٠ ساڵ، ئەو دڕندەییە نامێنێت، یەعنی ئەو عەقڵیەتە هەبێت، بەڵام ئێمە بەداخەوە نەك کچەکان، زۆربەی جاریش هەیە کوڕەکانیشمان تا نەکەونە قەفەزی هاوسەرگیرییەوە، نازانن مەسائیلی تەسەڕوف و هەڵسوکەوتی جنسی چۆنە، کەواتە ئەو غەریزەیە دەمێنێت ئەوکاتەی کە لەبەرنامەی ژیانی هاوسەری جێبەجێ دەبێت، کەواتە زیاتر دەکەوێتە ئەوەی کە تومع زیاتر بگرێت، بۆیە بەڕای من کرانەوەی خێزان و پەروەردەییمان بتوانین خۆمانی لێ دەرباز بکەین لەو کێشانە، بابەتی تر مەسەلەی شنگال کە تەقدیر کرا، لەگەڵ ڕاپۆرتەکەدا، بەڕای من شنگال تاوانێکە مێژوویەکی ڕەشە، پێویستە ئێمە وەکو کورد بزانین کە دوژمنانی ئێمە سەرەڕای مەسائیلی نەتەوەیی تەنانەت ڕەگی ئافرەتیشی بەوەسیلەیەك دەبینن وەکو وەسیلەیەك بۆ ئەوەی کە بتوانن نەمانی کۆمەڵگای پێ دروست بکەن، ئەمە زۆر خەتەرە، پێویستە بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ دابندرێت، لایەنێکی تر، مەسائیلی ئافرەت خودی خۆی بەڕای من ئافرەتی ئێمە وەکو ئەوەی ئێستاش هەڤاڵانم باسیان کرد، لەبەرەکانی شەڕ کە دەبینین هەموو دونیاو لەمێژووشدا دەیان ئافرەتیشمان هەبووە لەو بوارەدا، پێویستە لە ئایندەی وەزارەتی پێشمەرگە بەڕەئی من بیکەینە بڕیارێك بۆ ئەوەی لەشکری یەکگرتووی کوردستان کەدروست دەکرێت، یەك لەمەرجەکانی ئەوە بێت کە ئافرەت هاوبەش بێت، چونکە تەواوکەری یەکترین، تاقەیە، وەرە تەماشای دونیا بکە، ئەمریکا، صین، ئەوروپا، لەتاقەی بەهێزی لەشکرەکەی خۆی عنصری ئافرەت کاریگەری ئەساسی خۆی هەیە، بۆیە من نامەوێت زیاتر باسی بابەتەکان بکەم هەڤاڵانم باسیان کرد، من بەتەقدیرەوە دەڵێم پێویستە ئێمە لە بڕیارە ئەساسییەکانی خۆمان بتوانین تەوەجوه بکەین ژیانی کۆمەڵگا بگۆڕین بۆ ئەوەی بتوانین هەردوولا بەهێزەوە بتوانین بەرامبەر بە تەحەداکانی ناو کۆمەڵگا، ئەو ناوچە جوگرافییە بەرتەسکە کە لیی دەژین ببینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز ابوبکر هەڵەدنی فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی و سوپاسم بۆ لیژنەی بەڕێز، ئەم چوار تێبینی یەم بوو، یەکەم، پێم وایە یاسای توند و تیژی خێزانی نوقسانی و کەم و کوڕی تێدایە، لیژنەی بەڕێز لە گەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و بە ڕاوێژ کردن لە گەڵ دادگاکان و هەروەها ڕێکخراوەکانی ژنان پێویستە هەموار کردنەوەیەك بۆ ئەو یاسایە بکرێت کە پێم وایە بەشێکی زۆری سەرنجی برایان و خوشکانی پەرلەمانتار لە هەموار کردنەوەی یاساکەدا ئەتوانن

ئێمە جێگەی بکەینەوە، دووەم، وەکو دوو پێشنیاری عەمەلی دیاری کردنی خەڵاتێك لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ ئەو کەسانەی کە هاوکاری ئەدەن لە پێدانی زانیاری یا خود رزگار کردنی ژنە ئێزدیەکان ئەمە لەوانەیە پارمەتیدەرێك بێت لە هەموو دونیادا ئەم عورفەیە هەیە کە حکومەتەکان ئەیخەنە بەر، خاڵێکی تر ئەوەیە کە ئێمە ئەبێت رێکخراوەکان هەمووومان، هەموو لایەکمان روو بگەینن لە نزیك بوونەوە و رۆڵی یەکتر تەواو کردن نەك فراوان کردنی ئەو درزو کەلانەی کە لە نێوان ئەو دوو رەگەزەدا هەبێت و یا خود لە نێوان خێزاندا، لە بەر ئەوە دەبێت هەموو لایەکمان ئیش بکەین لە سەر رۆڵە تەواوکەرەکەی خێزان و لە سەر ئەو بنەمایانەی کە هەم شەریعەتە ئاسمانیەکان و هەم گیانی مرۆڤایەتی و تەندروستی دایناوە، هەواڵێکیش لە میدیاکان لەم چەند رۆژەدا بڵاو بووە کە گوایە خێزانی ئەبوبەکر بەغدادی لە لوبنان گیراوە، ئەوا ئەگەر حکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بێنە سەر خەت چەند هاوکارمان دەبن وەکو سەفقەیەکی ئاڵۆگۆڕ لە نێوان هەر دوو لا بۆ رزگار کردنی هەندێك لەو قوربانیانەی ژنە ئێزدیەکان، و من تا وەکو ئێستا چەند جارێکش پرسیارم کردووە ئایا ئەم لیژنە بەرێزە داتا و ژمارەی تەواوی لە بەر دەستە لە سەر ژمارەی ئەم کەسانەی ڕفێنراون یا خود نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز مامۆستا هەورامان گەچێنەی فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستی دا من دەمەوێت تەواو بڵێم هەر بە کورتی ئەوەی کە لە راپۆرتەکەدا هاتووە لە راستی دا زیادە رەوییەکی زۆری تێدایە، بۆ ئەوەی کە لە کوردستاندا دیاردەی توند و تیژی ببێتە دیاردە نەك حاڵەت، کە هەندێك بەرێزیش رایان گەیاند یەك جاری بەو جۆرەش نییە و بەو چەشنەش نییە، خاڵێکی تر کە ئەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە لە راپۆرتەکە باسی بە کویلە کردن و کڕین و فرۆشتن کراوە بە خوشکان و ئافرەتانی کوردی ئێزیدی بەرێزمان، ئەوەی کە لە راستیدا پێویست دەکات کە ئینسان قسەی لە سەر بکات، ئەو هەڵوێستەی قسە لە سەر بکات، ئەوەیە کە ئەو گروپە بە ناوی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە ئەم کارە ئەکەن هەر بە کورتی ئەڵێم ئەم کارە لە (١٠٠٪) پێچەوانەیە لە گەڵ مەفهومەکانی نصوصەکانی کیتاب و سوننەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیە و الە وسلم)، ئەگەر چاوێك بگیەڕێنەوە بە پێش ئیسلامدا، چونکە گوتراوە (تعرف الاشیاء بافضاضها) هەر شتێك ئەگەر دەتەوێ چاکی بناسیێ برۆ پێچەوانەکەی ببینە، ئینجا ئەم باش ئەناسیت، ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ ساتەکانی پێش ئیسلام و پێش هەڵهاتنی خۆری ئیسلام ئافرەت نەك هەر رێزی لێ نەگیراوە ئافرەت هەر لە دایك بوونەکەی شەرمەزاری بووە، لە دایك بوونەکەی مایەی عار بووە بۆ خێزانەکەی، ئەم حەقیقەتەش قورئانی پیرۆز تۆماری کردووە بۆ بەشەرییەت بۆ ئەوەی تا دونیا دونیا بێت بخوێنرێتەوە کە خوای گەورە ئەفەرموی : ((و اذا بشر

احدهم بالانثى))، ئەگەر یەکێك لە جەزیرەی عەرەبیە موژدەی پێ بدرایە کە کچێکی لە دایك بووە، خوای گەورە ئەم حەقیقەتەی ڕاگەیاندووە ئەم پیاوە چوار حاڵەتی بە سەر هاتووە، یەکەم، ((ظل وجهه مسودا))، ناو چاوی ڕەشدا ئەگەڕا، چونکە کچییان بووە، ((و هو کظیم)) زۆر تووڕە دەبوو کە سیغە موبالەغەی کازیمە، (( یتوری من القوم من سوء ما بشر به))، ئەچوو خۆی ئەشاردەوە لە بەر ئەوەی عاری بە سەر هاتووە کچی بووە، چوارەم، (( ای یوسقه علی هون ام یدسه في تراد)) ئەچوو مەشورەتی دەکرد ئایا زیندە بە چاڵی بکات یان هەروا بەو سوکایەتییەوە بمێنێتەوە، بەڵام بە هەڵهاتنی خۆری ئیسلام و هاتنی خۆری پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه و اله وسلم) بە سوننەتی عەمەلی خۆی ئەو پەری ڕێز و تەقدیر و ئیحتیرام بۆ ئافرەت گێڕدرایەوە، کە زۆر بە داخەوە ئەوانەی ئەمڕۆ بە ناوی ئافرتەوە، بە ناوی ئیسلامەوە ئافرەت کۆیلە ئەکەن و کڕین و فرۆشتنی پێ ئەکەن وەکو وتم لە (١٠٠٪) دژی تەعالیمی ئیسلامە، ئیسلام هات سورەتی (النساء) ی هێنا، یەکێك لە سورەتە تەویلە درێژەکانی قورئان بە ناوی سورەتی (النساء) یەوە، ئیسلام هات پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه و اله وسلم) بە عەمەلی خۆی، چ سەرکردەیەك هەبوو پێش پێغەمبەر (صلی الله علیه و اله وسلم) رای بگەینێت و بە هەموو دونیا بڵێت : خێزانەکەم کە عائیشەیە لە هەموو کەسم خۆشتر ئەوێت، و باوکی عائێشەم لە هەموو کەس خۆشتر ئەوێ، ئیسلام هات ئافرەتی رزگار کرد بە تەواوەتی کوت و بەندی دەستی ئافرەت هەموو پچڕاند و پچڕاندی، لە جیهاد و لە سیاسەت و لە هەموو کارە کۆمەڵایەتی و دونیایەکان ئافرەتی بەشداری پێکردووە، ئیسلام هاتو وەکو ئینسان سەیری ئافرەتانی کردووە، نە وەکو خادم و وەکو کۆیلە و شتێکی تر، لە بەر ئەوە لە ڕاستی دا ئەوانەی کە بە ناوی ئیسلامەوە ئافرەت کۆیلە ئەکەن و کڕین و فرۆشتنی پێ ئەکەن لە کاتێکدا کە لە (١٠٠٪) دژی ئیسلامەوە هاتووە، ئیسلام ئافرەت رزگار کردووە لە کۆیلایەتی، ئەگەر ئەهلی عیلمیان تێدایە و زانایان تێدایە با بێت لە سەر مێزی گفتۆگو و گفتۆگوی لە سەر بکەین و موناقەشەی لە سەر بکەین تا بزانین ئەویان لە کوێ هێناوە و لە چ بڕگەیەکی کیتاب و سوننە هێناویانە، بەڵێ بەرێزان، ئیسلام هات ئەوەندە ڕێزی لە ئافرەت نا، پێغەمبەر (صلی الله علیه و اله وسلم) بەر لە دایك بوونەکەی ئەفەرموێت : هەر کەسێك سێ ئافرەت، خوای گەورە سێ کچی پێ بدا، (فأدبهن فاحسن تأدبیهن) ڕێك و پێك بە خێویان بکات خوای پەروەردگار ئەیکات بە حیجابێك لە بەینی ئەو ئاگری دوزەخدا نەك ڕێزی لە دایك بوونی ئافرەت نەگرتبێت، لە کۆتایی دا تەنها ئەوەندە ئەڵێم بە قسەیەکی ئیمامی عومەری کوری خەتاب (رەحمەتی خوای لێ بێت) کە بە ڕاستی هەموو ئەو گرێ و گۆڵانە هەڵئەوەشێنێتەوە کە خەڵکی بە ناوی ئیسلامەوە ئەیکەن کە ئەویش قسە تەئریخیە دێرینە مێژوویەکەیەتی کە ئەفەرموێ : (متی استبعد الناس و قد ولدتهم امهاتهم احرارا)، لە کوێ و بۆچی و کەی خەڵکتان کرد بە کۆیلە لە کاتێکدا کە بە ئازادی لە دایك بوون، ئەوەندەش دەڵێم جیاوازی نێوان ئیسلام و غێر ئیسلام ئەوەیە کە ئیسلام داوای ئەوە ئەکات ئافرەت ئازاد بێت، بەڵام غێری ئیسلام داوای ئەوەی ئەکات کە بە ئازادی ئافرەت بۆی بڕێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك قادر ئۆتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لە لیژنەی داكۆكی كار لە مافەكانی ئافرەت دەكەم بۆ نووسینەی ئەو راپۆرتە، رەوشی ژنان لە كۆمەڵگای ئێمەدا لە ئاستی پێویستدا نییە، بەڵام بەرەو پێش چوونی باشی بە خۆیەوە دیوە، من پێم وایە كە تەنها بوونی یاسا و سزای یاسایی دامەزراوە بەس نین بۆ ئەوەی ئێمە رووبەرووی توند و تیژی دژی ژنان بینەوە، و لە راپۆرتەكەی لیژنەكەدا باس لەوە نەكراوە كە پێویستە رێكاری دیكە بەدەل بگرێتە بەر، یەعنی بێجگە لە سزای یاسایی و بینی یاسا كە ئەمانە گرنگن، دامەزراوە گرنگە، بەڵام رێكاری دیكەی پێویست بیگریتە بەر وەكو لایەنی وشیاری و لایەنی رۆشنبیری، كە من پێم باش بوو كە لە راپۆرتەكەدا هەڵویستەیان لە سەر ئەوە كردبایە و ئەو راپۆرتە لە راستیدا وەكو بەشێك لە بڕادەران ئاماژەیان پێدا ئاماری تەواوی تێدا نییە، كۆمەڵێك كەم و كوڕی تێدایە، ئامارێكی بەراورد كراوی تێدا نییە بۆ ئەوەی ئێمە بڵێین لە ساڵانی رابردوو رێژەی قوربانیانی توند و تیژی چەند بووە لە گەڵ ئێستا بەراوردی كەین، تەنها ئاماری نۆمانگان هێناوە، راستە ئەمە راپۆرتە و توژینەوەی زانستی نییە، بەڵام لە هەمان كاتدا پێویست بوو، بۆیە ئێمە داتایەك لە بەر دەستمان بێت تاكو بزانین چەندە بەرەو پێش چوو بوو؟ چەندە توند و تیژی كەم بووتەوە؟ ئەوان هەڵوێستەیان لە سەر هۆكارەكانی توند و تیژی نەكردووە كە ئەمە گرفتە سەرەكیەكەیە، كە ئەم هوكارانە چین كە لە چوار چێوەی كومەڵگای ئێمەدا بووتە هۆی ئەوەی كە توند و تیژی دژی ژنان بكرێت كە ئەمە پێویستە لە راستیدا روون بكرێتەوە، بۆیە ئەگەر هوكارەكانمان زانی ئەو كاتە دەتوانین ئەو رێ و شوێنە پێویستانەی بگیرینە بەر كە دەبێتە هۆی كەم بوونەوەی توند و تیژی دژی ژنان، و جیا لەوەش لە راستیدا باس لەوە نەكراوە كە شێوازەكانی توند و تیژی جیاوازە هەر تەنها شێوازێك نییە لەو راپورتە دا ئامارێك هەیە كە تەنها توند و تیژی خۆی لە سووتاندن و كوشتن و ئەوانەدا نابینێتەوە، جەنابتان و هەموو پەرلەمانتارە بەرێزەكان دەزانن كە چەندین شێواز هەیە مەسەلەن هاوسەرگیری بە زۆر هەیە یەكێكە لە شێوازەكان، هاوسەرگیری ژن بە ژن یەكێكە لە شێوازەكانی دیكە، و لە هەمان كاتدا بە زۆر تەڵاقدان یەكێكە یان بە زۆر هاوسەرگیری یەكێكە لەم شێوازانە لە گەڵ كۆمەڵێك شێوازی دیكە دەبوایە ئەم راپۆرتە باسی لە زۆربەی ئەم شێوازانە كردبایە كە با بزانین لە كۆمەڵگای ئێمە دا كام لەو شێوازانەی كە بۆ توند و تیژی لە دژی ژنان دەگیرێتە بەر رێژەی لە بەرز بوونەوەدایە یان زیاترە، و جیا لەوەش سەبارەت بە راسپاردەكان لە راستیدا راسپاردە هەمووومان دەزانین ئەوەی كە پەیوەستە بە پڕۆژەی هەموار پێویست ناكات ئێمە بۆ هەموار كردنی یاسایەك بە رای من راسپاردەی ئەوە بكەین كە ئەمەش باس كرا، و لە سەر ئەوە پێم باشە لەوەی دووەمدا هاتووە كە مەسەلەن لە یەكێك لە ماددەكاندا، لە ماددەی سێ بڕگەی یەكەم باس لە دروست كردنی ئەو دادگا تایبەتمەندە دەكات، ئێدی ئێمە ناكرێت دەقی قانونی بینینەوە بە راسپاردە دەری كەن، ئەگەر قانونەكە خۆی جێ بە

جێ نەکرێت چۆن بە راسپاردە دەری کەن، بۆیە ئێمە پێویستە هەڵویستەی جدی لە سەر ئەوە بکەین ناکرێت ئێمە ئەوانە بە راسپاردە دەرکەین، من پرسیارێکم لە لیژنەکە هەیە، ئێمە لە رۆژنامەکان گوێ بیستی ئەمە بووین کە نووسینگەیەکی تایبەت لە دهۆك هەیە کە کۆمەڵێك خەڵکی سەرمایەدار یان خاوەن سەرمایەی دڵسۆز لە سنوورەکەدا هەڵساون مەسەلەن لە رێگای شێوازی جۆارجۆر بە کڕینەوەی ئەو ژنانەی کە لە بەر دەستی گروپی تیرورستی داعش دان، لە راپۆرتەکە باسی لێوە نەکراوە، ئەگەر شتێکی لەو بابەتە هەبێت کە ئەمە جێگەی دەستخۆشیە، لە راستیدا دەبوایە باس بکرێت، جگە لەوە باس لەو رێ و شوێنانە نەکراوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرتوونیە بەر، کە من پێم وایە بەهانەوە چوونەوەی تەواو نەبووە بۆ ئەو تراژدیایەی کە رووی دا و لە هەمان کاتیشدا بۆ چۆنیەتی جێ بە جێ کردنی ئەو یاسانە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ئومێد حەمە علی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا وەك ئەندامێکی لیژنەی دەستپاکی و ئێمە وەك فراکسیۆنی گۆڕان دەمانەوێ جەخت بکەینەوە کە یەکەم، گەندەڵی دیارە بە بوونەوەی رۆژی بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵییەوە، گەندەڵی بۆتە دیاردەی ناو سیستەمی حوکمرانی ئێمە، تەنانەت لە ئاستێکدا بووە کە مەترسی گەورەی لە سەر ئاشتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستاندا دروست کردووە، دووەم، گەندەڵی و دیاردەکانی و چەشنەکانی لە کوردستان هەر لە گەندەڵی سیاسی و ئابووری و ئیداریەوە تا هەر فۆرمێکی دیکەی ئەم دیاردەیە پێویستی بە روبەروو بوونەوەی رێکخراوی ئاسایی هەیە کە ئیرادەیەکی سیاسی راستەقینەی لە پشتەوە بێ، سێیەم، تا ئێستا پرۆسەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی نەکەوتووتە سەر ریێ راستەقینەی خۆی، چونکە بەرەنگاربوونەوەی راستەقینەی گەندەڵی ئەبێ دەزگاکانی ئەو بوارەی بۆ دەست ئاوەڵا بکرێ و ئەو کەیسانەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و جیاوازی چکنایەتیان کردووە پێویستە بە بێ لە  بەرچاو گرتنی رێ و شوێنی سیاسی و حیزبی دەستکاری بکرێ، سەبارەت بە پرسی ژنان و توند و تیژی من سەرەتا دەستخۆشی لە لیژنەکە ئەکەم بۆ ماندوو بوونیان و من لەو قسەیە فەیلەسوف و نووسەری گەورە (سیمون دیبوڤار) ەوە دەست پێ دەکەم کە دەڵێ : ژن بە ژنی لە دایك نابێت ئەوە کۆمەڵگایە دەیکاتە ژن، ئەمە وەك ئاماژەیەك بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگا لە لایەن کۆمەڵێك جیهان بینی سیاسی بن، کلتوری بن، ئاینی بن، نەریتی بن، بە رێوە دەبرێن، بۆیە هەموو ئەم جیهان بینیانە بەرپرسن لەو کردە و لەو دیاردانەی لەو کۆمەڵگانەدا دەخوڵقێنرێن و بۆ دەستکاری کردنی، بۆ لێدان لەو دیاردەیە، بۆ رووبەروو بوونەوەی دیاردەی توند و تیژی، بێ گومان دەبێ هەوڵی لێدان و روبەروو بوونەوەی ئەو جیهان بینیانە بدرێت کە بۆنەتە هۆی سەرهەڵدانی زەمینەی توند و تیژی، بە کورتی بە چەند خاڵێك ئاماژە بە کۆمەڵێك شتك دەکەم، یەکەم، ئەوەی کە پەیوەندی بە ژن و

چەسپاندنی مافەکانیەوە لە پاڵ کاریگەری یاساکاندا گرنگە ئەوەیە کە بریتی یە لە بە هێز کردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە کێشەکانی ژنان، کە ئەمە لە پەیوەند بەم کێشەیەوە گرنگی ژیانی هەیە، بە شێوەیەك کە غەمی راستەقینەیە، غەمی ڕەگەزەکەی خۆیان و غەمێکی پێشیانە بێ و ئەگەر هەر مۆرکێکی دیکە لە خەباتیاندا لەم پێناوەدا دەربکەوێ ئەبێ ژن تێدا سەنتەر بێ، دووەم، بە شێوەیەکی حکومی و ڕێکخراوەیی پێویستە ئیش لە سەر بە هێز کردنی مەعریفەی مرۆڤ پەروەری بکرێ کە ژنیش وەك پێکهاتێکی بنچینەی مرۆڤایەتی بخوێنرێتەوە، پێگەی لە ئاستی یەکساندا باس بکرێ و پەرە بەو شێوە کار کردن و خەباتە بدرێ کە پێکەوە ژیانی هەر دوو ڕەگەز بە هێز دەکات بە بێ ئەوەی دەست بدرێ جوڵاندنی روحیەتی لێك جیابوونەوە و کینە خوازی لە نێوان ژن و پیاودا، سێیەم، لە ماوەی ئەو نۆ (٩) مانگەی راپۆرتی لیژنە ئاماژەی پێکردووە، (٥٤٤٧) پێنج هەزار و چوار صەد و چل و حەوت حاڵەتی توند و تیژی ئەنجامدراوە، ئەمە ترسناکە، ئەوەی پێویستە لێرەدا بکرێ هاندان و راسپاردنی دەزگاکانی حکومەت و هەماهەنگی تەواوە لە گەڵ ڕێکخراوەکاندا، بۆ ئەوەی یاساکان جێ بە جێ بکرێ و لە رووی پاڵپشتی مادیەوە چی پێویستە حکومەت بۆ چارەسەر کردنی ئەم مەسەلەیە تەرخانی بکات، چوارەم، ژنانی کوردی ئیزدی ئەو کردە توند و تیژیەی بەرامبەریان ئەنجامدراوە، بەرجەستە بوونی ئەو توند و تیژیەیە کە لە فۆرمێکی گەورەتر و باڵاتردا کە لە کۆمەڵگەی ئێمە دا ئامادەیی هەیە و لە کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتەکانیشدا ئامادەیی هەیە، توند و تیژی داعش گشتگیر و هەمە لایەنە، لە بنەڕتدا توند و تیژ و تیرۆرە دژ بە ئینسان بە گشتی، پێنجەم، ئەوەی گرنگە بۆ ژنانی قوربانی دەستی داعش جگە لە رزگار کردنی ئەوانەی هێشتا لەو دەستە ڕەشەدان، بەڵام ڕەخساندنی دەرفەتی کۆمەڵایەتی بۆ ئاسایی بوونەوە و تێکەڵاو بوونەوەی ئەو قوربانیانە ئێجگار گرنگە و بە بێ ئیش کردن بۆ کۆمەڵایەتی کردنی خێزانی کردنەوەیان ناتوانرێ بە تەواوەتی رزگار کردنەکەیان مانادار بێ، شەشەم، ئەوەندەی ئاگادارم کێشەك لە کێشە گەورەکان کێشەی لایەنی تەندروستی ئەو ژنانەیە کە گەڕاونەتەوە، ئەوەش پێویستی بە زەمینە سازی یاسایی پەرلەمان هەیە، بۆئەوەی بتوانرێت ئەو ئینسانە سەربەرزانە چارەسەر بکرێن، حەوتەم: کوردی ئێزیدی و ئینسانی شنگالی بەگشتی قوربانی کردەیەکی توندوتیژین، توندووتیژی لە ڕووداوی شنگالدا پەیوەند بە ژنانەوە بە پێچەوانەی ئەو ڕایانەی کە ئەو پرسە تەنها بە ڕووئیایەکی سیاسیی دەبینن، من پێم وایە ژنانی کوردی شنگال، کوردی ئێزیدی بەدەل  لە قوربانی بوونیان وەك کورد و کاراکتەرێکی سیاسی، بەلأم قووڵتر و جیاوازتر ئەوان وەك ژن و، وەك ڕەگەزێکی جیاوازی پیاو بەرکەوتەی ئەو توندوتیژیەی داعشن، بۆیە وەك ژن مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و ڕێ و شوێنی جدی حکومی و ڕێکخراوەیی و یاسایی بۆ ئەم مەسەلەیە بگیرێتەبەر، هەشتەم: سەبارەت بەو خاڵەی ئێمە دەست دەبەین بۆ بەراوردکرنی وڵاتی خۆمان بەرامبەر بە وڵاتانی تر بەتایبەت رۆژئاوا، من وای تێدەگەم یەکەم: ئەوە بە ناڕاستەوخۆ ڕەوایەتی پێدانە بە بوونی توندوتیژی لە کۆمەڵگای خۆماندا، چونکە ئەوەی لەپشتەوەی ئەم دێرەدایە ، ئەم بەراوردکاریە دایە، ئامادەیی هەیە، ئەوەیە کە مادام لەکۆمەڵگای دیموکراتی

ئەوروپیدا ئەوەندە توندوتیژی هەیە، بۆیە ئاساییە ئەوەی لەلای ئێمەش هەیە ئامادەیی هەبێ، ئاماژە بەوەش دەکەم ئەوەی ئێمە باس لە کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی دەکەین، ئێمە کەشفمان نەکردووە، هەر ئەو کۆمەڵگایە زیندوویەتی دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی، دەزگاکانی پەیوەندیدار خۆیان کەشف کەری ئەو دیاردانەن لەناو کۆمەڵگاکەی خۆیاندا هەیە، بۆیە لێرەوە دیسان ڕەخنەیەکە لەو ڕەهەندانەی کە ئیشکالیان لەگەڵ باسکردنی توندوتیژی لە کۆمەڵگای خۆماندا هەیە، دووەم: بەشێکی گرینگی ئەو بەراوردکرنە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی تائێستا ئێمە نەمانتوانیوە پێوەر و ژیان دۆستانەو مرۆڤ دۆستانە، ژن دۆستانەی سەربەخۆی خۆمان هەبێ، بۆئەوەی بەبێ گەڕانەوەمان بۆ لای کۆمەڵگاو کەلتوورەکانی تر بتوانین کۆمەڵگەکەمان هەڵبسەنگێنین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو بەهار فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ویستم نوقتەی نیزامیەك بگرم پێش موداخەلەکەم لەسەر ئەو قسەیەی کە کاك ئومێد وتی ژن بە ژنی لەدایك نابێ، ئەوە پێم وایە کە ئێمە شانازی بە ژن بوونی خۆمانەوە دەکەین، کە بە ژنی لەدایك بووین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابت دەتوانی ڕای خۆت بڵێی، ئەویش ڕای فەیلەسوفێکی هێناوم باسی ئەو مەوزوعەی کرد، کاك ئومێد با نەبێ بە وەڵام، نا، نا پێویست ناکات ڕوونکردنەوە بدەی، بەڵێ.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لە لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان دەکەم، هەوڵەکانیان دەنرخێنین، کە لەم ماوەیە چەند هەوڵی جدییان داوە، سەبارەت بە سیاغەی راپۆرتەکە، کە جۆرێك لە تێکەڵی تێدایە، ئەوە زۆرێك ئاماژەی پێدا، سەرەتای راپۆرتەکە کە باس لە راپەڕینی ساڵێ (٩١) دەکات، دەکرا ئاماژە بەوە بدات کە ئێمە لە هەرێمی کوردستان بۆئەوەی کۆمەڵگای کوردی وەکو کۆمەڵگایەکی توندوتیژ وێنە دەکرێت، ئاماژە بەوە بدەن کە ئێمە هەمیشە خەریکی کێشە نەتەوەکانمان بووین کە ئەمە کاریگەری هەبووە لەسەر پرسەکانی ژنان، چونکە بواری ئەوەمان نەبووە کە کێشە تایبەتمەندەکان زۆر قسەی لەسەر بکرێت، توندوتیژی بەرامبەر بە پیاوانیش هەبووە، کۆمەڵگای ئێمە بە دۆخێکی ناهەمواری سیاسی دا تێپەڕیوە، کە کاریگەری هەبووە سەرجەم بە پیاوان و ژنانەوە بێ ماف کراون، بۆیە تەنانەت ژنانیش خۆشیان هێندەی بە کێشە نەتەوایەتییەکان و سیاسییەکانەوە خەریك بوون، نەپرژاوەنتە سەر کێشە تایبەتمەندەکان، هەروەها ئاماژەمان بەوە بدابووایە کە ئەگەر دیاردەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی، هەروەها دیاردەیەکی جیهانییە، بۆئەوەی جەخت نەکرێتەوە وەکو ئەوەی وتم کۆمەڵگای ئێمە، کۆمەڵگایەکی توندوتیژ بێ،

سەبارەت بە راسپاردەکان لەجیاتی ئاماژە دان بەناوی یاساکان سەرجەمیان ئەم و ئەو جێبەجێ بکرێت، بکرێت بە یەك خاڵ سەرجەم ئەو یاساو بڕیارانەی دەرچوون بۆ باشترکردنی رەوشی ژنان بخرێتە کار، ئیتر پێویست ناکات ئاماژە بە یەك یەکیان بدرێت، خاڵی دووەم: وەکو راسپاردە کە ئیزافە بکرێت پێویست دەکات حکومەت پلانێکی ستراتیجی هەبێ، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان و باشترکردنی رەوشی ژنان، کە پێم وایە مەسەلەی پلانی ستراتیجی لە هەرێمی کوردستان بۆسەرجەم بوارەکان کەموکورتییەکە بۆ پرسەکانی ژنان بە هەمان شێوە، خاڵی سێیەم: تائێستا ئێمە وەزارەتێکی تایبەت بە ژنانمان نییە، هەروەك دامەزراوەیەکیشمان نییە، کە خاوەن سەلاحیەت و توانای زۆربێ، ئێمە ئەنجومەنی خانمانمان هەیە تا ئیستا یاسای بۆ دەرنەچووە، یەعنی دەتوانم بڵێم تەنانەت یەعنی ئەگەر بێیتە سەر واقیع یاسایی نییە، چونکە یاسای بۆ دەرنەچووە، جگە لەوەی کە سەلاحیاتیان دیاریکراوە، پێداویستییەکانیان دیاریکراوە، کە ئەوە نەتوانراوە بەوەی کە موئەسەسەیەکی هەبێت تایبەتمەند بە ژنان لە هەرێمی کوردستان بتوانێت بۆ کێشەکانیان بەجدی کاربکات، بۆیە من داوا دەکەم کە دەبێ کاری یەکەم ئەوەبێ کە یاسای ئەنجومەنی خانمان دەربچێت، ئەو ئەنجومەنە هەروەك وەزارەتمان پێنەدرا، ئەو ئەنجومەنە کارا بکرێت و، خاوەنی پێداویستییەکانی دابین بکرێت، خاوەنی سەلاحیەت بێ، سەبارەت بە خاڵی حەوتەم و دوانزدە لە راسپاردەکانی راپۆرتەکەدا، پێم وایە هەردووك یەك شتە ، کە باس لە ڕزگارکردنی ژنانی ژێردەستی تیرۆریستانی داعش دەکات، ئەوە بەڕاستی پرسێکی هەستیارە و، پرسێکی گرینگە و، پێویستی بە وردەکاری زۆر هەیە، تەنها بە لایەنێك ناکرێت، بۆیە دەبێت هەوڵەکان یەك بخرێت، بۆیە پێشنیاردەکەم ئەو خاڵە بکرێت بە یەك و بەمشێوەیە داوا لە حکومەتی فیدراڵی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و حکومەتی هەرێم بکرێت، بۆ کاری جدی تا چارەنووسی ئەو ژنانە دیاری بکرێت و ڕزگاربکرێن لەدەستی داعش، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرکەوت فەرموو.

**بەڕێز سەرکەوت سەرحەد خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ژن لە کوردەواریدا تووشی مەینەتی زۆر بووە، بەشی زۆری زیان و ئازارەکانی جینۆساید و ئەنفال و کیمیاباران و کۆچ ڕەوی ژن بەری کەوتووە، گەورەترین تاوانیش کە دەرحەق بە شنگال و دەوروبەری کرا، دەرکەوت ژنان و کچان تووشی توندترین و ناشرینترین و بێ سەرو شوێن کەوتن و دەستدرێژی بوونەوە، بۆیە پێویستە لە کوردستان کار بکرێت بۆ کەمکردنەوەی تاوان و توندوتیژی دەرحەق بە نیوەکەی کۆمەڵەی کوردەواری، توندوتیژی دژی ژنان دەبێت بێتە بنەبڕکردن لەڕێگای دەرکردنی چەند یاسایەکی باری کەسی سەردەمی و شارستانی، کە هەموو مافەکانی تاکی مێینە بگێڕێتەوە بۆیان، ئەوەش لە ڕێگای دامەزراندنی هەندێ دامەزراوەی تایبەتمەند و گرتنەبەری هەندێك کاری قانونی، لەوانەدا دامەزراندنی دادگایەکی تایبەت بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەموو توندوتیژیەك دژ بە ژنان بەڕێوە دەچێت، هەر لە

بەشوودانی پێش وەخت بیگرە هەتا گەورە بە بچووك و،بەخوێنبایی کردنی ژن و بەزۆر بە مێردان و بێ بەش کردن لە میراتیان، دەرچوواندنی قانونێك کە سنوور دابنێت بۆ هەموو جۆرەکانی هەراسان کردن و تەنگ پێ هەڵچنین و بێزارکردن، کە لەلایەن پیاوانەوە رووبەڕووی ژنان دەکرێتەوە لە ناوەندەکانی کاری تایبەتی و گشتیدا، دامەزراندنی دەستەیەکی سەربەخۆیی نیشتمانی کە دەستەی پاراستنی مێینە کە پاشکۆی مولحەق ئەنجومەنی وەزیران بێ لەلایەن ژنانی ناحیزبی بێ و ئەکادیمیەوە بەڕێوە بچێت، دادگای تایبەتمەندی ژنان بە هەماهەنگی و دەستەی سەربەخۆی پاراستنی مێینە دەبێ کار لەسەر کەیسی ژنانی کوردی ئێزیدی بکەین، دۆسیەی تایبەتی بۆ بکەینەوە هەتا ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی وەربگرێت، ئەوەش پێویست بەوانە دەبێ، ئاماری ژنانی قوربانی و ئاشکراکردنی جۆری تاوانەکان و بە پەرەرتووك کردن و لێدوانی ڤیدیۆیی و دۆکیومێنتی و سینەمایی و، هەوڵدان بۆدروستکردنی پشتیوانی ژنانی دەرەوە و، بۆئەو پرسە بەدواداچوونی ژنانی ئێزیدی بێ، دروستکردنی مۆنۆمێنتێکی تایبەت بە ژنانی ئێزیدی لەگەڵ پەیکەرێکی گەورە وەك ڕێزلێنانێك بۆ گەورەیی ژنانی کوردی ئێزیدی، ئەگەر بکرێت لە پایتەختی هەرێمی کوردستان بێ باشترە، حەوتەم: ڕاسپاردنی بەڕێوەبەرایەتی و پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردە بە دانانی جینۆسایدی کوردی ئێزیدی، بە کۆیلەکردنی ژنانیان، لە مەنهەجی پەروەردەدا لە وانەکانی ئاینی و جینۆسایددا، راسپاردنی وەزارەتی کاروباری کۆمەلأیەتی و شەهیدان و رۆشنبیری بەسازدانی سمینار و توێژینەوەو ووۆرەك شۆپی بەردەوام لە دەرەوەو لە ناوەوە، سەبارەت بەکۆیلەکردنی ژنانی کوردی ئێزیدی و هەتکردنی کوردی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموٚستا غریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفى حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا ڕیسوایی و شەرمەزاری بۆ ئەو تیرۆریستانەی کە بەناوی ئیسلامەوە سووکایەتی بە مافی مرۆڤ دەکەن، مافەکانی پێشێڵ دەکەن و، ئافرەتان وەکو کالا مامەڵە پێ دەکەن، کڕین و فرۆشتنیان پێ دەکەن، ئەگەر ئەوانە مەرامەکانیان بێتەدی و ئەو دەوڵەتە ئیسلامییەی کە ئەوان لە خەیاڵی خۆیان دایانناوە، رۆژێك لە ڕۆژان سەربگرێ ئەوا جێگای ئەو خەڵکی دەکەنەوە کە لەگەڵ ئەواندا دەژین؟، بۆیە بەو کارەیان زەبرێکی کوشندە لە ئیسلام دەوەشێنن و، ڕووە جوانەکەی تەڵغ و لێڵ دەکات، بابەتی توندوتیژی لە راپۆرتی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتاندا ئامادەکراوە، ئاماژەی پێکراوە، کە دەستخۆشیان لێ دەکەم، بابەتێکە هەم گشتگیرە وەکو ئاواز خان ئاماژەی پێکرد، لەناو هەموو کۆمەڵگاکاندا ، هەمیش بەڕاستی بابەتێکە کە قوربانییەکانی دەستی توندوتیژی مرۆڤە شەرەنگێزەکان تەنها ئافرەت نییە، بەو ئەندازەی کە ئافرەت دەچەوسێنرێتەوە، کە تیشکی سەردەخرێت لەم دانیشتنە سەد ئەوەندە پیاوانیش دەچەوسێنرێنەوە بە دەستی ئەوان، کە دەبینین زۆربەی تەقینەوەکان و شەڕەکان پیاوانیش تیادەچن،

بەلاّم ناكرێت ئەو ڕاستیە نادیدە بگرین، كە بەڕاستی ئافرەتانیش پشكێكی گەورەیان بەركەوتووە لەو توندوتیژییە، ستەمیان لێ دەكرێت و مافەكانیان پێشێلّ دەكرێت، بەشێكی گەورەن كە دەیانەوێ خەبات بكەن، دەستیان خۆش بێ مافەكانیان بسەملێنرێت و و بچەسپێندرێت، سزای دەروونی و جەستەیی نەدرێن، بەلاّم من دەمەوێ زۆر بە كورتی ئاماژە بە دوو خالّ بكەم، وەكو سەرنجێكم بۆ ڕێكخراوەكانی ئافرەتان و بۆ لیژنەی مافی داكۆكیكردن لە مافی ئافرەتان، خالّی یەكەم: لەو هەولاّنەی كە خۆیان دەیدەن، مادام ئەو هەوڵە خەباتێكی درێژخایان و خەباتێكی سەختە بۆ سەلماندنی ماف، پێویستە زۆر كار لەسەر ئەو ناوەندانە بكەن كە هەژموونیان هەیە بەسەر كۆمەلّگاوە، وەكو ناوەندە میدیاییەكان، ناوەندە ئاینیەكان، ناوەندی ڕۆشنبیران، كە هەم كاك ڕابوون، هەم كاك ئاری ئاماژەیان پێكرد، من بەدلّنیاییەوە وتاری مامۆستایانی ئاینی لە مزگەوتەكاندا ئەگەرچی هەندێك تێبینیش لەسەری هەبێ، كە وەكو پێویست نەیتوانێ بێ لە هەندێجار و هەندێ شوێن خزمەت بكات، زۆرترین كاریگەریان لەسەر وتاری نوێژخوێنی مزگەزتەكان بەجێهێلّراوە، بەوەی كە ئارامی ناو خێزانەكان و، ڕێزی دایك، ڕێزی هاوسەر، ڕێزی كچ، ڕێزی خوشك بەرجەستە بكرێت لەلایەن و كە بەڕاستی جێگای ئەوەیە كە فەرامۆش نەكرێت، دەستخۆشیان لێ بكرێت و، زۆر كاریگەر بوون دەكرێت ئەو لیژنەیە سەرنجی ئەوان ڕابكێشێ بۆ ئەو ڕاستییە زیاتر ئەوان هانیان بدات و، ئەو ناوەندانەی تریش، خالّی دووەم: ئەوەی كە خەبات دەكرێت، داكۆكی دەكرێت بۆ مافی ئافرەت، كە مافی پێشێل نەكرێت، بەڕاستی ئەو داكۆكییە لەناو دادگا نییە، كە شەڕبێ و مافێك بسەنرێت، ئەوە لەناو واقیعی خێزاندایە، لەناو واقیعی كۆمەلّگادایە، بۆیە من تكا دەكەم با مامەلّەكردن بۆ سەندنی ئەو مافە مامەلّەیەكی شەڕو دوژمنایەتی و شەڕەنگێزی نەبێت، هەرا دروست نەكرێت، بۆئەوەی لای پیاوانیشەوە پەرچە دروست نەبێ، كە هەندێجار كێشە لەسەر ئەوە دروست دەبێت، لەكۆتاییدا دەلّێت ئافرەت مافی خۆیەتی كە مافی بسەنێت، چونكە ئافرەت خەندەی ئەوێ نەوەك گریان، شادی ئەوێ نەك قوڕپێوان، ڕێزی دەوێ نەوەك جنێوو تێهەلّدان، مافی ئەوێ مافی خوێندن، مافی سامان، مافی میرات، مافی ژیان، مافی نازی شووشەی دلّی، مافی حورمەتی ناوخێزان، مافی بڕیاری بەشوودان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دوا قسە بۆ بەڕێز سۆران، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادام دوا بەشداریمە دوای دوو ڕۆژ، هیوادارم حەوسەلّەی ئەوەتان هەبێ گوێم لێ بگرن، تا ئەوكاتەی پەیڕەوی ناوخۆ هەموار دەكرێ، لە شیعرەوە هەتا وتار هەموو شتێك لە موداخەلەكانماندا هەیە، ڕەنگە زۆرێك لە بەشداربووان كە قسەمان لەسەر ڕاپۆرتەكە كردبێ، ڕاپۆرتی لیژنەی داكۆكی لە مافی ئافرەتان، زیاتر جانیبە ماددیەكەی توندوتیژی كە ئازاردانی جەستەییە تەركیزمان لەسەری بووبێ، بۆیە هەندێكمان دەلّێین نەبوویتە دیاردە، توندوتیژی حالّەتە، بەلاّم ئەگەر تەماشا بكەین بەكۆی گشتی توندوتیژی بووەتە

دیاردەکی زۆر خراپی مەترسیدار لە کۆمەڵگای کوردی، لەبەرئەوە توندوتیژیەکانیش ئەنجامدەرانی لە تاك، لە خێزان، لە کۆمەڵگا، بە دامەزراوەی حکومیشەوە، ئەنجامدەری توندوتیژی، جا توندوتیژیەکان بە جیاوازی جانبی ماددی و مەعنەویەوە، قسەکردن لەسەر راپۆرتی لیژنە بەداخەوە وایکرد هێندە قسە لەسەر کەموکوڕیەکانی راپۆرتەکە بکەین، هێندە لەسەر دیاردەکە قسەی نەکەین، هێندە لەسەر توندوتیژی بەرامبەر بە ژن و ئافرەت قسەی نەکەین، دەبوو بەجۆرێکی تر بکەوتایەتەوە، هێنانی ئەو پرسە نیشانی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنانی کوردی ئێزیدی پێم وایە لەجێی خۆی نەبوو، دەبوو ئەم پرسە زۆر بەتایبەتر بە گرینگی زیاتر، بە باس و بابەتێکی تایبەتترەوە قسەی لەسەر کرابایە، چونکە پرسی توندوتیژی کەمکردنەوەی حەجم و قەبارەی ئەو تاوانە گەورەیەیە کە گرووپی تیرۆریستی (داعش) بەرامبەر بە ژنانی کوردی ئێزیدی و، پیاوان و منالان و، هەموو پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان بە ژن و پیاوو گەورەو بچووکەوە ئەنجامی داوە، من سەرنجتان ڕادەکێشم بۆ ئامارێك کە دەرئەنجامی ڕووماڵێکی مەیدانی ڕێکخراوی(CSI) دەست پێشخەری کۆمەڵەی مەدەنی لەسەر رەوشی کاری ژنانی کرێکار، کە ئەمە تازەترین ئامارە، ئاماژە بەوە ئەکات لەنێوان سەد ناوەندی کار لە کەرتی تایبەت جگە لە کەرتی حکومی ئەوانەی کە لە ئەمرۆ بەشداریان کردووە تەنها ئافرەتانن لە سەد ناوەندی کاری کەرتی تایبەتدا بەشێکی زۆر ئەو کەسانەی کە کاریان پێ ئەکەن لەو ئافرەتانە تەمەنیان لە پانزە ساڵ و خوار پانزە ساڵەوەیە کە نیسبەی (٪١٨ )وە لە (٪٣٦) کە ئەوانەی کە ژنانی کارکەرن کرێکارن لەو سەد ناوەندە لە(٪٣٦) خێزاندارن، ژمارەی خێزانیان لە پێنج بۆ نۆیە، ئەو کارەساتە ئەوەیە کە مووچەی ئەمانە بەم رێژەیە ناگاتە سێ سەد هەزار، ئافرەتێك لە کەرتی تایبەت کار ئەکا خێزانداره لە پێنج بۆ نۆ مووچەکەی ناگاتە سێ سەد هەزار ئەمە دەرئەجامی ئیستغلال کردنی ئەو ئافرەتەو بەرەنگار بوونەوەی روو بەروبوونەوەی چەندین جۆری توندو تیژییە کە بەشێکیان دەچێتە بواری توندوتیژی جنسی وە تەحەروش کە ئامار هەیە وە لێکۆڵینەوە هەیە لەسەر تەحەروش بەرامبەر بە ئافرەتان لە نێو دامەزراوە حکومیەکاندا کە ئەمە زۆرترین ئامار کە تۆمار بووە، توندو تیژی بۆتە کەلتوور لە کۆمەڵگای ئێمە وە ریشەی هەیە تەنها سلوکێکی رووکەشی نییە ئەگەر تەماشا بکەین رێکخراوی منالٚ پارێزی کوردستان لە شەش مانگی رابردوو ئەم ساڵەدا رووماڵێکی مەیدانی کردووە لە سەدو حەفتاو چوار قوتابخانەی هەرسێ پارێزگای (هەولێر و دهۆك و سلێمانی) لە هەر پارێزگایەك (٥٨) خوێندنگای وەرگرتووە لە هەر خوێندنگایەك (١٠) قوتابی (١٠) مامۆستا(١٠) دایك و وباوکی وەرگرتووە، بە نەتیجە ئەم ئامارەی دەست کەوتووە لە سەر توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵ دەکرێ واتە کۆی ئەوانە کە بەشدارن لەو رووماڵە (٥٢٢٠)مامۆستا و دایك باوکی قوتابیە، لە (٪٩٠) دایکان و باوکان باوەڕیان بە ئەنجامدانی توندو تیژی بەرامبەر منداڵەکانیان هەیە بە هەردوو رەگەزەوە، لە (٪٨٨) مامۆستایانی بەشداربووی ئەو رووپێوە ئەو رووماڵە باوەڕیان بە ئەنجام دانی توندو تیژی هەیە بەرامبەر بە قوتابیە کورو کچەکان وە بەفیعلی لە (٪٤٢) ئەم (١٧٤) قوتابیە رووبەرووی توندوتیژی بوونەتەوە، توندوتیژەکان جەستەییە وە دەروونییە واتا لە هەر دوو رووی مادی و مەعنەوییەوەیە. ئەگەر تەماشا

بکەین ئەم حاڵەتە، بەراوردێك بکەین لە نێوان توندوتیژی لە کۆمەڵگای ئێمە یاخود بەراوردی ئەوەی توندوتیژی لە کۆمەڵگەکانی تر چۆنە بۆ ئەوەی لە هۆکارەکانی تێبگەین بۆ ئەوەی تێبگەین ئایا چی هۆکاری ئەم توندوو تیژانەیە؟ نەك لە بەراوردەکە مەبەستمان ئەوە بێت مادام توندوتیژی لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان هەیە زۆر ئاسایە لە کۆمەڵگای ئێمەشە توندو تیژی بوونی هەبێ کە بە قۆناغێکی راگوزەری تێئەپەڕێ وە لە(٥١٪) ئافرەتانی فەرەنسی رووبەرووی توندو تیژی جەستەیی ئەبنەوە کە نەدا پیاوانیان لە(٦٠٪) باوەڕی بە ئەنجامدانی توندوتیژی هەیە وە نیوەی ئافرەتانی کەنەدی لە سەروو(١٦)ساڵەوە رووبەرووی توونو تیژی جنسی و جەستەیی ئەبنەوە هەموو رۆژێك تەنها لە کەنەدا (٣٠٠٠)ئافرەت دەبرێنە شوێنی تایبەت بۆرزگارکردن لە توندو تیژی بە دوو (٢٥٠٠)منداڵەوە، لەبەر ئەوە توندوتیژی بۆتە دیاریدەیەکی جیهانی نەك دیاریدەیەك تەنها لە کۆمەڵگای ئێمە بوونی هەبێ و بوعدێکی گەورەی ئینسانی هەیە، بۆیە هەموو دامەزراوەکانی حکومرانیەتی کۆمەڵگای مەدەنی وە هەموو کۆمەڵگا لە تاك خێزانەوە بەر پرسیارین بەرامبەری تەنها پرسیارێکم ئەوەیە لە راسپاردەی سیانزەی لیژنە بەرێزەکەن داوای کردووە ناو نیشانی ئەم کەیسە بکرێ بە کەیسی ئافرەتانی دەستی تیرۆر نە لێی تێگەیشتم وە نە پێم وایە ناو نیشانێکی باشە بۆ حەجمی ئەو کارەساتە کە کارەساتی جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی و پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکانی ترە بە ژن و پیاو منداڵ ، زۆر سوپاس .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا داوا لە بەرێزان سەرۆکایەتی لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت داوایان لێدەکەین کە ئەگەر رووکردنەوەیان هەیە بیخەینە روو، فەرموون.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەرێز، دیارە بەشی زۆری ئەوانەی رەخنەو و تێبینی و پێشنیاریان هەبووە ئێستا لە هۆڵی پەرلەمان نین ئێمە پێمان باشە دەرفەتێکمان پێبدەن بۆئەوەی ئێمە نیو سەعات راسپاردەکان چاك بکەینەوە دواتریش روونکردنەوە بدەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، کەواتە دانیشتنی پەرلەمان هەڵئەگرین، کاتژمێر سێ دەست پێئەکەین بە دانیشتن. کاك رابوون نوقتەی نیزامیت هەبوو؟

**بەڕێز رابون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ پێشنیار ئەکەم ئەو بەرێزانی سەرۆکایەتی لیژنە قسەی خۆیان بکەن ئینجا فورسەتێکیان پێ بدەین.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆرباشە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە دەرفەتمان پێداون قسە بكەن، موشكیلە نییە راسپاردەكانیشتان حازر بكەن، دوایی قسەكانی خۆشیان دەكەن و راسپاردەكانیان حازر دەكەن، كەواتە كاتژمێر (٣) دەگەڕێینەوە بۆ هۆڵ بۆ تەواو كردنی دانیشتنەكەمان.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان.**

دانیشتنەكەمان بە ناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێ دەكەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووهەم، دانیشتنی ژمارە (١٥)، كۆبوونەوەی ژمارە (٢)، ڕۆژی دانیشتن (٢٠١٤/١٢/٩)، بەردەوام دەبین لەسەر خاڵی یەكەم لە بەرنامەی كار كە بریتی یە لە بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ كردنی ڕاپۆرتی لیژنەی داكۆكی كردن لە مافەكانی ئافرەت، سەبارەت بە توندو تیژی بەرامبەر بە ئافرەتان لە هەرێمی كوردستان، بەتایبەتی كەیسی ئافرەتانی شنگال، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی ناوبراو، ئێستا بەڕێزان لە دەستەی سەرۆكایەتی لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەت، بفەرموون بۆ ڕوونكردنەوەكانتان.

**بەڕێز ئێڤار إبراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا دەمەوێ بە ناوی سەرۆكایەتی لیژنەی ژنان زۆر سوپاسی هەر هەموو خوشك و برایەكانم بكەم لە پەرلەمانی كوردستان، سوپاسیان دەكەین، لەگەڵ ئەو هەموو ڕەخنە و تێبینییانە ئێمە بەرز دەیاننرخێنین، بە تەئكیدیش ئێمە زۆر ئیستیفادەمان كردووە لە ڕەخنەكانیان، لەو پێشنیارانە، لە سەرنجەكانیان، زۆر سوپاسیان دەكەین، دیارە كۆمەڵێك پرسیار لەوە كرا سەبارەت بەوەی لیژنەی ژنان ئامار و داتایەكی دەقیقی نەبووە، دیارە لە هەرێمی كوردستان هەر هەموومان ئەو گرفتەمان هەیە، لەسەرجەم دام و دەزگاكانی حكومەتیش ئەو ئامارە دەقیقە نییە، سەبارەت بەوەی كە باسیان لەوە كرد كە ڕاپۆرتەكەی ئێمە زیاتر باسی چالاكییەكانە، دیارە ئێمە وەكو لیژنەی ژنان كە سەرۆكایەتی پەرلەمان ئێمە ڕادەسپێرێ سەرجەم لیژنە هەمیشەییەكان دەبێ بەدواداچوون بكەن، دوای ئەوەی كە گەڕاوە بەدواداچوونی كرد، دەبێ باسی ئیش و چالاكییەكانیان بكەن بۆ نموونە وەفدێك چوو بۆ كۆبانێ، ئەم وەفدە هاتەوە بە ئامار، بە داتا وێنەكانی خۆیان عەرز كرد، ئێمە ئەو چالاكییانەمان كردووە، ئەوەندە كۆبوونەوەمان كردووە، یەعنی

ئێمەش حەقی خۆمانە ئاماژە بە چالاکییەکانمان بکەین، سەبارەت بەوەی داوایان کرد ئێمە ڕوونکردنەوە بدەین سەبارەت بە سەفەری بەغدا و سەفەری وڵاتی ئەڵمانیا، دیارە وڵاتی ئەڵمانیا من وەکو چالاکوانێکی ژن ساڵێك بەر لە ئێستا دەعوەت کرابووم بەشداری کۆنفرانسێك بکەم، دیارە بارودۆخی هەرێمی کوردستان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئێمە ڕوو بەڕووی شەڕێکی گەورەی تیرۆر بووینەوە، لەوێ من لەگەڵ ئەو حەوت ژنەی کە بەیەکەوە چووبووین بۆ وڵاتی ئەڵمانیا، بە باشمان زانی قسە لەسەر کەیسی ژنەکانی ئەنفال بکەین، بۆیە داوامان کرد پەرلەمانی ئەڵمانیا ببینین، دواتریش نامەیەکمان ئاراستەی سەرۆکی حکومەتی ئەڵمانیا کرد، هەروەها سەردانی وەزارەتی خاریجیمان کرد، بەرپرسی مەلەفی عیراقمان بینی لە وەزارەتی خاریجی و هەروەها بەرپرسی ڕووداوە نەخوازراوەکانمان بینی لەوێ، داوامان لێ کردن ژنانی شنگال لە دۆخێکی تەندروستی زۆر خەراپدان، لە دۆخێکی دەروونی زۆر خەراپدان، لەسەر داوای ئێمە داوایان کرد ئێمە سەردانی کوردستان دەکەین، وەفدێك تەشکیل دەکەین، ئێستا لە ئایندەیەکی زۆر نزیك دێنە کوردستان، دواتر وەڵامیان داینەوە، هەر لەسەر داوای ئێمە هەزار ژن لجوئی بۆ دەرچوو لە وڵاتی ئەڵمانیا، ئەگەر باسی سەفەرەکەی بەغدا بکەین، دیارە ئێمە وەکو لیژنەی ژنان بە هاوکاری لیژنەی پێشمەرگە سەردانی پەرلەمانی عیراقمان کردووە، لەگەڵ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عیراق کۆبووینەوە، دواتر لەگەڵ لیژنەی پەرلەمانی عیراق کۆبووینەوە لیژنەی ژنان داوامان لێ کردوون بە زووترین کات داوا لە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی عیراق بکرێ بۆ ئەوەی بڕە مووچەیەك بۆ ئەو ژنانە دابین بکات، بە تایبەتی ئەم ژنانەی کە ئێستا ئازاد کراون، هەروەها لەگەڵ بەڕێز وەزیری کۆچ و کۆچبەران کۆبووینەوە، دیارە بڕە پارەیەك تەرخان کراوە بۆ شنگال بە گشتی، داوامان لێ کردن لەو بڕە پارەی کە تەرخان کراوە بەشێك بۆ ژنانی شنگال دەستنیشان بکرێت، بە تایبەتی ئەم ژنانەی کە لەلایەن هێزەکانی داعشەوە ئازاد کراون، ئێمە وەکو لیژنەی ژنان زیاتر لە (١٠) جار داوامان کرد لە پارێزگای دهۆك سەردانێکی چیای شنگال بکەین، دیارە وتیان لەبەر بارودۆخی ئەمنی ئێوە ناتوانن سەردانی ئەوێ بکەن، پرسیارێکی تریش کرا سەبارەت بەوەی چەند ژن ئێستا ئازاد کراوە؟ ئایا چەند ژنیش لەلایەن هێزەکانی داعشن؟ بە پێی ئەو زانیارییانەی ئێمە دەستمان کەوتووە لەلایەن ڕێکخراوەکانەوە، ڕێکخراوێك هەیە (١٤٠٠) ژنی بۆ ئێمە هێناوە، یەکیان (١٥٠٠)، یەکیان (١٦٠٠)، ئێمە کۆمان کردوونەتەوە، ئەو ناوانە کە موتابیق نەبێت ڕێژەی (٤٠٠٠) ژن تاکو ئێستا لەلایەن هێزەکانی داعش ماون، لە دوێنێوە (٤٠٢) ژن ئازاد کراوە، ئێستا لە شاری دهۆکن، خۆشمان وەکو لیژنەکە ئەندامانی لیژنەشمان زیاتر لە (٢٠٠) ژن بینراوە، سەردانمان کردوون، بە پێی ئەو توانایەی هەمانە هاوکاریمان کردوون، لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی داوامان کردووە دکتۆری پسپۆڕ ئەوانە ببینێ، دیارە لیژنەیەك هەیە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە دانراوە، ئەم سەنتەرە، ئەم لیژنەیە چەند دکتورێکی پسپۆری بۆ دانراوە، ئەو ژنانەی کە ئێستا ئازاد کراون یەکەم جار بە کۆی گشتی فحوصاتیان بۆ دەکرێ، دوای ئەوەی فحوصاتیان بۆ دەرچوو ئینجا چارەسەری جەستەیی و چارەسەری دەروونیان بۆ دەکرێت، زۆر سوپاس، ئێستاش ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی ئەو پێشنیارانەی بەڕێزتان

کردتان ئێمە ڕاسپاردەکان کردوومانن بە سێ بەش، بەشێکیان کە پەیوەندی بە دەسەڵاتی تەشریعی هەیە، واتا پەرلەمانی کوردستان، بەشێکیشی پەیوەندی بە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن هەیە، بەشێکیشیان پەیوەندی بە دەسەڵاتی قەزائییەوە هەیە، دابەشمان کردووە، چەند ڕاسپاردەیەکمان حازر کردووە و بۆ ئێوەی بەڕێزی دەخوێنینەوە، ئومێد دەکەین ئێوەش ئەگەر پێتان باش بوو ئەوە دەنگی بۆ بدەن، هەروەها بەشێکیش لە ڕاسپاردەکە تایبەت بە ژنانی شنگالە، ئەویش بۆ دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە.

ڕاسپاردەکان بۆ دەسەڵاتی یاسادانان:

١- پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوونی جددی بکات بۆ سەرجەم ئەو یاسا و بڕیارانەی لە پەرلەمان دەرچووە سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسەکانی ئافرەتان بە گشتی.

٢- پەرلەمانی کوردستان گرنگی بەو پرۆژە یاسا و پرۆژە بڕیارانە بدات کە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە بۆ هەموارکردنەوە بێت، یان بۆ دەرکردنی یاسا بێت لەسەر پرسەکانی ژنان.

٣- هەموارکردنەوەی یاسای ئەنجومەنی وەزیران ڕێژەی لە (٣٠٪) لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دا هەبێت وەك لە دەسەڵاتی یاسادانان دا هەیە بۆ ئافرەتان.

ڕاسپاردەکانی دەسەڵاتی دادوەری:

١- جێبەجێ کردنی بڕگەی یەکەم لە ماددەی سێیەم لە یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١١) تایبەت بە دامەزراندنی دادگای تایبەت وەك خۆی.

٢- جێبەجێ کردنی تەواوی بڕگە و ماددەکانی یاسای باری کەسێتی کە ساڵی (٢٠٠٨) دەرچووە.

ئێستاش هاوکارانم ڕاسپاردەکانی تر دەخوێننەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز کەژاڵ هادی فەقێ:**

**بە ناوی خوای بەخشندە.**

ڕاسپاردەکان بۆ حکومەت:

١- بە زووترین کات هەمواری یاسای باری کەسێتی کە لە ساڵی (٢٠٠٨) دەرچووە، لەلایەن وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە جێبەجێ بکرێت، کە لە ئێستادا زۆربەی هەموارەکە وەستێنراوە و کاری پێ ناکرێت.

٢- پەلە بکرێت لە ناردنی پرۆژە یاسای شەڵتەرەکان کە لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت.

٣- حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی ڕابسپێرێت بە دەرکردنی ڕێنمایی بۆ مامۆستایانی ئاینی، بۆ ئەوەی ڕۆڵیان هەبێت بۆ هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگا بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە هەرێمی کوردستان دا.

٤- لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن دا هەر لە باخچەی ساوایانەوە تا قۆناغی زانکۆ بابەتی توندوتیژی دژی ئافرەتان بوترێتەوە.

٥- هانـدان و بەخشـینی خـەڵات هـەبێت لەلایـەن حکومـەت بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە زانیـاری دەدەن بـۆ ڕزگارکردنی ژنانی کوردی ئێزیدی.

٦- داوا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێت کە کەیسی تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لە دژی ئافرەتانی کوردی شنگال، تاوانەکانی بە کۆیلە کردن و تاوانـەکانی توندوتیـژی سێکسی لـە دژی ئەم ئافرەتانە لەبەردەم دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی بجوولێنرێت و بە جیهانی بناسێنێت.

سوپاس.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاسپاردەکانی لیژنەکەمان و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان سەبارەت بە کەیسی ژنانی شنگال:

١- پەرلەمانی کوردستان هەوڵەکانی چڕ بکاتـەوە بـۆ ناسـاندنی کەیسـی ژنـانی شـنگال بـۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

٢- هـەرێمی کوردسـتان بـە هاوکـاری کۆمەڵگـەی نێودەوڵـەتی و حکومـەتی عیراقـی فیـدراڵ هـەموو هەوڵەکانییان چڕ بکرێتـەوە بـۆ ڕزگـارکردنی ئـەو ژنانـەی کـە تـا ئێسـتا لـە ژێـر دەسـەڵاتی هێـزە تیرۆریستییەکانی داعش دان.

٣- حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان مـولزەم بکرێـت بـە هاوکـاری کردنـی ژنـانی ڕزگـاربووی دەسـتی تیرۆریستانی داعش.

٤- پەرلەمانی کوردستان دەستخۆشی لە ئەنجومەنی ڕۆحانی ئێزیدی بکات سـەبارەت بـە بڕیـاری ئـەو ژنانەی کە گەڕاونەتەوە وەکو کەسێکی پیرۆز مامەڵەیان لەگەڵ دا بکرێت.

٥- داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەین کە لە ژێر یەك ناونیشان مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسـە بکرێـت و لەبەر ئەوەی ئەو ژنانە بوونەتە قوربانی جەنگ، بۆیە دەبێ وەکو سیمبول بناسرێن.

٦- دروستکردنی مۆنۆمێنتێکی تایبەت بە ئافرەتانی شنگال.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاسـپاردەکان تـەواو؟ بـەڕێزان کـێ لەگـەڵ ئـەو ڕاسـپاردانەیە کـە لەلایـەن لیژنـەی داکـۆکی کـردن لـە مـافی ئافرەتەوە؟ بەڵێ خاتوو زولفا، نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز زولفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم هەیە لە سەرۆکی لیژنەی ژنان، ئایا ئـەو ژنانـە ئـازاد کـراون لەلایـەن هێزەکانی داعشـەوە؟ یاخود ئەوانە ڕزگاریان بووە لە دەستی ئەوان؟

**بەڕێز ئێڤار إبراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره ئەوانە ڕزگاریان بووە، ببوورە من ناتوانم لەسەر ئەم پرسە هیچ وەڵامێکت بدەمەوە، دواتر دەتوانم خۆم قسەت لەگەڵ بکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، باشە، بەڵێ كاك أبوبكر، فەرموو.

**بەڕێز أبوبكر عمر عبدالله (أبوبكر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە، خاتوو حیات دوو خاڵی خوێندەوە ئەو ژنانە وەکو سیمبول، ئەو ژنانە وەکو موقەدەس یەعنی، سیمبولەکە پێموایە کافی بێت، موقەدەس بۆ یەعنی؟ وشەی موقەدەس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموو خاتوو حیات.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ دوو خاڵی جیاواز بوون، ئەگەر مولاحەزەت کردبێ دوو خاڵی جیاواز بوون.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا هەورامان، فەرموو.

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی منیش مولاحەزەم لەسەر پیرۆزەکە هەبوو، ئەگەر پیرۆزەکە بگۆڕدرێ بۆ بەڕێز، لەوانەیە باشتر بێ، بە بەڕێز سەیر بکرێن، نەك پیرۆز.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو ڤیان، فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جڤاتا بلندا ڕوحانیا وان قەرارا دای کو ئەو ژنانە زڤڕن و کەسی پیرۆز موعامەلە بێنە کرن، ئەمە دخوازین پەرلەمانا کوردستانی دەستخۆشییەکی لێ بکات، یەعنی قەرار نیا مە وا قەرار دەدەی، تەنێ دەستخۆشیێ ئەو قەرارە بکەی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆیە تکایە بیخوێننەوە، جارێکی تر بیخوێننەوە، ئەو ڕاسپاردەیە بخوێننەوە.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

خاڵی چوارەمە لە ڕاسپاردەکان.

پەرلەمانی کوردستان دەستخۆشی لە ئەنجومەنی ڕۆحانی ئێزیدی بکات سەبارەت بە بڕیاری ئەو ژنانەی کە گەڕاونەتەوە وەکو کەسێکی پیرۆز مامەڵەیان لەگەڵ دا بکرێت.

یەعنی (already) ئەوان بڕیاری خۆیان داوە وەکو کەسێکی پیرۆز مامەڵەیان لەگەڵ دا بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جا ئەوە دەبێ وای لێ بکرێ (سەبارەت بەو بڕیاری داویانە لەو بارەیەوە)، کاک ناظم کبیر، فەرموو.

**بەڕێز ناظم کبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من دوو مولاحەزەم هەبوو، ئێڤار خان باسی ئەوەی کرد کە ئەو ژنانەی کە داعش ئازادیانی کردن، خۆی ئەوە وابزانم من وا تێگەیشتم ئەگەر وابێ وا نییە، دەبێ ئەو ژنانەی کە لە دەستی داعش ڕزگار کران، یان ئازاد کران، دەبێ تەئکید لەوە بکرێتەوە، ئەوەی تریش ئەوەی من تێگەیشتم کە قانونی ئەحوالی شەخصی پێموابێ گوتیان کە حکومەت جێبەجێی بکات، پێموابێ ئەوە دادگا جێبەجێی دەکات، نەك حکومەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو ئێڤار، فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار إبراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من باسی ئەوەم نەکردووە کە مەسەلەی داعش ئازیان کردوون، لەوانەیە دواتر من دەتوانم لەگەڵ جەنابت قسە بکەم، بەڵام لێرە ببوورە ناتوانم جەوابت بدەمەوە، ئەوانە ڕزگار کراون، سەبارەت بە پرسیاری دووەمت سەبارەت بە قانونی ئەحوالی شەخصی، دیارە ئێمە ماوەیەك بەر لە ئێستا داوامان کردووە ئەم یاسایە هەموار بکرێتەوە، چەند بڕگەیەکی پێویستی بە تەعدیلە، داوامان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، ئومێد دەکەین سەرۆکایەتی پەرلەمان بیخاتە بەرنامەی کار.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاسپاردەیەکتان هەبوو بۆ حکومەت کە ئەو یاسایە جێبەجێ بکات، مەبەستی کاك ناظم ئەوە بووە، ئایا حکومەت یاساکەی جێبەجێ نەکردووە؟ یان ئەوە دەبێ لەلایەن دادگاکانەوە جێبەجێ بکرێ؟ خاتوو تەلار، فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەو هەموارانەی کە لە (٢٠٠٨) دا کراوە تاوەکو ئێستا وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن جێبەجێی نەکردوون.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی پەیوەندیدارە بەوانیشەوە و جێبەجێیان نەکردووە.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

بەڵێ، بەڵێ، وەزارەتی عەدل سەر بە دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە، یەعنی ئەو بڕگانەی کە پەیوەندیدارە، ئەوان ئیشیان لەسەر نەکردووە و جێبەجێیان نەکردووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باش، خاتوو مریم، فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە پێویستی دەزانم ڕاسپاردەیەك لە ڕاسپاردەکان ئەوەی کە ئاراستەی پەرلەمان کراوە، من پێم باشە پێویستە ناوێکی گشتگیر بۆ ناونان بۆ ئەو پرسە بدۆزینەوە و لەسەری ڕێك بکەوین، ناوێکی گشتگیر.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تیایەتی بەڵێ، ئەو ڕاسپاردەی تیایە.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

زۆر باشە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز کاك شێخ شامۆ، فەرموو.

**بەڕێز شامۆ شێخۆ نعمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نزانم ئەو دەقی بڕیارا جڤاتا ڕوحانی دا لای لیژنەیا ئافرەتا هەی؟ دەقی وی، بەخوا ئەز نە موتەئەکیدم ڤی شێوازی بیتن، پشتی من فەهم کری شێوازەك شارستانی ڕێز و قەدرێت مەزن بۆ ڤان کچ و ئافرەتا بێتە گرتن، نزانم ئەو دەقی بڕیاری هەیە تشتەکی پیرۆز؟ نزانم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لە سەرۆکایەتی لیژنەکە وەڵامتان هەیە؟ خاتوو ڤیان، فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەختی مە سەردانا بنگەها لالش کری، ئەوان ئەڤ چەندە یەعنی جوملەکا وازح گۆتە مە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێز د. إبراهیم، فەرموو.

**بەڕێز د. إبراهیم أحمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو خاڵە دبوایە باشتر ڕوونکرن خالا موقەدەس، چونکی بەڕاستی دوو دینێ ژێك جوودانا ڕاستە، دینی ئێزێدیا وەکی خۆ چاوا سەح دەکا بابەتی دروستە، بەس دینی موسوڵمانا ئەو دینەیە کو موقەدەس تەنێ بۆ خودێ تەعالا بتەنێ بێت، بۆ کەسی دی نەیێتە کرن، ژبەر هەندێ ئەڤ ڕوونکردنا پێدیڤیا باشتر تەفصیل کات، دوو جوملێت خود باشتر ڕوون بکات وەکی جەنابێ تە بەحس کری، پێداچوونەکی دروست بکات، باشترە، دوایی ئەو تەوزیحە، من پشتگیریا بەڕێز أبوبکر هەڵەدنی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، من پێم باشە ئەو بڕگەیە هەڵبگرن، مادام ئێستا دڵنیانین لەوەی کە ئەو بابەتە ڕاست بێ یان نا، بەڵام ئەگەر ئەو بابەتە بەو شێوەیە بوو، ئەوە ئێمە خۆمان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکەین، ئەگەر بڕیارێکی لەو شێوەیە لەلایەن جڤاتی ڕۆحانی ئێزیدییەکانەوە دەرچووبوو ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو ڕاسپاردەیە جێبەجێ دەکەین، بەڵام ئێستا بۆ ئەوەی تووشی هەڵە نەبین، ئەگەر ئەو ڕاسپاردە لەبەر دەست دا نەبێ و شتی وا لە ئارادا نەبێ، بۆ ئەوەی تووشی هەڵە نەبین لە پەرلەمانی کوردستان، پێم باشە ئەو بڕگەی لێ دەربێنن، باشە؟ کاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ڕزگار کرنا ئەڤێ ژنا بڕاستی کە ئێڤار خان گۆتی (٤٠٢) ژن بووینە نەهاتینە ڕزگار کرن، عەفوەن مامۆستا بەس تەوزیحەك ئێمە وەك لیژنەی ئاوەدان کردنەوە چووین بۆ موخەیەماتی ئاوارەکانی خانکێ، لەوێ جحێلەکمان بینی لەو لیژنە بوو، بۆ ڕزگارکردنی ئافرەتان، گوتی (٧٠) کەس خۆیان ڕزگاریان کردوون، مەبەستم زۆر پرسیار لەسەر ئەو مەوزوعە هاتو جواب نەبوو!.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێ باشە باسیان کرد و گوتیان لە ڕوونکردنەوەکەی خاتوو ئیڤار هاتبوو، وتی دوایی ڕوونکردنەوە دەدەین بەهەر کەسێك لە ئەندامانی پەرلەمان کە بیەوێ، خاتوو پەروا فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ڕاسپاردەکان کۆمەڵێك ڕاسپاردەی تیا هەبوو، بەڵام هەندێ لەو ڕاسپاردانەی کە جگە لەمن نازانم چەند بەڕێزێکی تری ئیشارەتیان پێدابوو، بۆ نموونە هەندێ بڕیار و پەیماننامەی نێودەوڵەتی هەیە ئەگەر بێتو ئەوانە جێ بەجێ بکرێ، زۆربەی زۆری ئەم شتە بچووکەکان دەگرێتەخۆی، لەبەرئەوە، ئەوە بۆ خۆی چەترێکە بۆ بڵێین پاراستنی توێژی ژن، هەموو جۆرێك لە توندوتیژیەکان بە تایبەتی(٢٥/١٣) یەکێکە لەو بەیاننامانە، یا هەر هیچ نەبێ واژووکردنی، ئەگەر واژوو کراوە بە دواداچوون بکرێ بۆ جێ بەجێ کردنی، ئەگەر نا واژووکردنی زۆرێك لەو پەیماننامانە کە ئەمە خزمەتێکی زۆر بە قەزیەی ژن دەگەیەنێ، چونکە ئەوە بۆ خۆی قەزیەیەکە نەك هەندێ سەبجێکتی بچووك، بابەتی بچووك بدات، من ئیشارەتم بەوەدا نازانم تا چەند ئەمە بەڕێزیان لە لیژنەکە بە هەند وەریان گرتووە، کۆمەڵێك ئوسوس یان بنەما دەرچووە بۆ ئەو یاسایانەی کە لە کانتۆنی جزیرە دەرکراون، کە کۆمەڵێك یاسای زۆربەیان یاسای مەدەنین، دەکرێ ئێمە لەم خولەی پەرلەمانەدا گرنگی پێ بدەین، بۆ ئەوەی کە بتوانین هەنگاوی جدی بۆ بنێین، هیچ قسەیان لەسەر نەکرد، سوپاس دەستیان خۆش بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو ئێڤار فەرمووو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێز، لە خاڵی (٦) داوا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێ، کە کەیسی تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لە دژی ئافرەتانی کوردی شنگال لە تاوانەکانی بە کۆیلەکردن لە تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی لە دژی ئافرەتان لەبەردەم دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی بجوڵێنرێت و بەجیهانی بناسێنرێ، کەواتە لە خاڵی (٦) تێیدایە خاتوو پەروا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئێستا کێ لەگەڵ ئەو ڕاسپاردانەیە کە لە لایەن لیژنەی پەیوەندارەوە خوێنرایەوە، کێ لەگەڵیەتی؟ (٧٢) کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ کەس نییە دژی بێ، کەواتە پەسەند کرا، کاك د.ابراهیم نوقتەی نیزامی؟ فەرمووو.

**بەڕێز د.ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای لێ بووردن دەکەم، من گۆت مەلا هەدێنی، خۆی مەلا هەورامانە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەیان، بۆ ڕاسپاردەکانیان، فەرموون دەتوانن بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆتان، بەڕێزان دەچینە برگەی دووەم لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان کە بریتییە لە خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پرۆژە بڕیار و یاسایانەی خوارەوە، بە پێی ماددەی ٧١ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە ١ی هەموارکراوی ساڵی(١٩٩٢)، یەك/ پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاغ بردنی نەوت و بەرهەمەکانی، دوو/ پرۆژە یاسای بەکارکردن و هەموار کردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاغی نەوت و بەرهەمەکانی ژمارە (٣١) ی ساڵی( ٢٠٠٨ )ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، سێ/ پرۆژە یاسای هەمواری یاسای ژمارە(٢٢) ی ساڵی(٢٠١١) یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیە تایبەتییەکان لە هەرێمی کوردستان _عیراق، چوار/ پرۆژە یاسای سروودی نیشتمانی هەرێمی کوردستان _عیراق، پێنج/ پرۆژە یاسای سروودی نیشتمانی ئەی ڕەقیب، شەش/ پرۆژە بڕیاری باش کردنی بژێوی ژیانی پێشمەرگە، داوا لە سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی دەکەین کە بێنە سەر سەرکۆ بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پرۆژە یاسا وبڕیارانە، دیارە سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی نەهاتوون دوو ئەندامی لیژنەی یاسایی هاتوون، فەرموون پرۆژە یاسایەکان خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ بکەن، بۆ ئەوەی ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەکانی بکەین، کاك انور فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرۆژە بڕیار و یاسایانەی کە ئەمڕۆ لە بەرنامەی کاردا هاتوون و خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ بکرێت ئەمانەی خوارەوەن:

١/ پرۆژە یاسای بەرکارکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی قاچاغی نەوت و بەرهەمەکانی کە لە لایەن ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران ئیمزا کراوە و لە (٩) ماددە و هۆیەکانی دەرچوواندن پێکهاتووە کە ئەمەش ناوەکانیانە (١/ڕابوون توفیق، ٢/ایوب عبدالله اسماعیل، ٣/علی حەمە صالح، ٤/بەهار محمود فتاح، ٥/حسن صالح، ٦/عبدالرحمن علی، ٧/بێستوون فائق، ٨/محمود حاجی عمر، ٩/د.شێرکۆ حەمە امین، ١٠/ئومێد حەمە علی، ١١/قارەمان قادر فتاح، ١٢/عادل عزیز، ١٣/د.جوان اسماعیل، ١٤/منیرە عثمان، ١٥/برزۆ مجید عبدالله، ١٦/پەروا علی، ١٧/ڕۆزا محمود عثمان، ١٨/د.فرست صۆفی، ١٩/تحسین اسماعیل، ٢٠/شامۆ شێخۆ، ٢١/مدینە ایوب، ٢٢/د.شرین حسنی، ٢٣/ئاواز حمید، ٢٤/فیرۆز طە حسین، ٢٥/بەهار عبدالرحمن، ٢٦/فائق مصطفى) بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان داواکارین لە بەڕێزتان کە ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی پیشەسازی و وزەو سەرچاوە سروشتییەکان دەکەین، کاك انور فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای دووەم، پرۆژە یاسای بەرکارکردن و هەموار کردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی قاچاغی نەوت و بەرهەکانی ژمارە (٤١) ی ساڵی (٢٠٠٨) کە ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان ئیمزا کراوە و لە (٩) مادده وهۆیەکانی دەرچوواندن پێکهاتووە و ئەمەش ناوەکانیانە، (١/د.ڕێواز فائق، ٢/د.عزت صابر، ٣/بێگەرد دلْشاد، ٤/سعید محمد، ٥/گۆران ئازاد، ٦/مریم صمد، ٧/تەلار لطیف، ٨/ئاواز شێخ جەنگی، ٩/زانا عبدالرحمن عبدالله، ١٠/دلێر مصطفی، ١١/قادر ئۆتمان (قادر ڕەزگەیی)، ١٢/سەرکەوت سەرحەد، ١٣/صالح فەقێ، ١٤/خلف احمد، ١٥/عباس فتاح، ١٦/گەشە دارا) بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان داواکارین کە ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنەی تایبەتمەندەکانی پەرلەمان بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی پیشەسازی و وزەو سەرچاوە سروشتییەکانی پەرلەمان دەکرێت، کاك انور فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسایی سێیەم، پرۆژەی هەمواری یاسای ژمارە (٢٢) ی ساڵی (٢٠١١) ی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام وخاوەن پێداویستیەکانی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، کە ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران ئیمزا کراوە و لە (٨) مادده وهۆیەکانی دەرچوواندن پێکهاتووە ئەمەش ناوەکانیانە (١/حسین اسماعیل(مەروان گەڵاڵی)، ٢/عادل عزیز، ٣/سهراب میکائیل، ٤/صالح فەقێ، ٥/دلێر مصطفی، ٦/ئاواز جەنگی، ٧/فەرهاد سەنگاوی، ٨/نجیبە لطیف، ٩/شکریە اسماعیل، ١٠/هەورامان حەمە شریف،١١/ سۆران عمر، ١٢/شێرکۆ جەودەت، ١٣/ئایدن معروف، ١٤/فخرالدین قادر) بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، داواکارین لە بەڕێزتان کە ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان دەکرێت، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای چوارەم، یاسای سروودی نیشتمانی هەرێمی کوردستان - عیراق لەلایەن (١٩) ئەندام پەرلەمانەوە واژوو کراوە، کە لە (٧) مادده و هۆکارەکانی دەرچوون پێك هاتووە، ناوەکانیان (١/گۆران ئازاد، ٢/عباس فتاح، ٣/سالار محمود، ٤/سعید مصیفی، ٥/ئاواز حمید، ٦/حیات مجید، ٧/عبدالرحمن علی، ٨/بێگەرد دلْشاد، ٩/صالح فەقێ، ١٠/گەشە دارا، ١١/قادر ڕەزگەیی، ١٢/مریم صمد، ١٣/ئاواز جەنگی، ١٤/تەلار

لطيف، ١٥/شوان شێخ احمد، ١٦/د.فرست صۆفی) تكایە سەرۆكی پەرلەمان بە ئاراستەكردنی بۆ لیژنەی پەیوەندار.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی كاروباری یاسایی و لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پەرلەمانی كوردستان دەكرێت، بەڵێ مامۆستا مەڕوان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل(مەڕوان گەڵاڵی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هیوادارم ئەو پرۆژەیە ئاراستەی سەرجەم لیژنەكان بكرێ، لەبەرئەوەی ڕەهەندێكی نیشتمانی هەیە و شتێكی سیاسیشە بۆ ئەوەی هەموو لایەكمان قسەی خۆمانی لەسەر بكەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمە تەنها ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەكان دەكرێ، دوایی كە هاتە هۆڵی پەرلەمان، هەموو ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە قسەی لەسەر بكەن، كاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای پێنجەم، پرۆژە یاسای سروودی نیشتمانی ئەی ڕەقیب كە لە لایەن (٢٩) ئەندامەوە واژوو كراوە كە لە پێنج مادده و هۆكارەكانی دەرچوواندن پێك هاتووە(١/فرحان جوهر، ٢/ئومێد عبدالرحمن، ٣/دڵشاد شعبان، ٤/بەیار طاهر، ٥/علی علی هالۆ، ٦/صالح بشار، ٧/شوان شێخ احمد، ٨/د.شرین حسنی، ٩/ فیرۆز طه، ١٠/ڤیان عباس، ١١/مدینە ایوب، ١٢/نجات محمد، ١٣/واحیدە یاقو، ١٤/محمد صادق، ١٥/ڤەمان فیصل، ١٦/بشار مشیر، ١٧/شیلان شێخ جعفر، ١٨/ادریس علی، ١٩/د.عزت صابر، ٢٠/عمر عینایەت، ٢١/ئومێد حەمە علی، ٢٢/ئێڤار ابراهیم، ٢٣/د.پەری صالح، ٢٤/زانا عبدالرحمن، ٢٥/ منیرە عثمان، ٢٦/گەشە دارا، ٢٧/خلف احمد، ٢٨/سالار محمود، ٢٩/سعید محمد(سعید مصیفی)، تكایە سەرۆكی پەرلەمان ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەكان بكرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی كاروباری یاسایی و لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پەرلەمانی كوردستان دەكرێت، كاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژەی شەشەم، پـرۆژە بڕیـاری باشـكردنی بـژێوی ژیـانی پێشـمەرگە، كـە لەلایـەن ١٨ ئەنـدام پەرلەمانـەوە واژووی لەسەر كراوە، لە (٥) مادده وهۆیەكانی دەرچوواندن پێك هاتووە، ناوەكان (١/د،عزت صابر، ٢/صالح فەقێ، ٣/سالار محمود، ٤/عبدالله حاجی محمود، ٥/دلێر مصطفى، ٦/سعيد مصيفى، ٧/ئـاواز شـێخ جـەنگی، ٨/سەركەوت سەرحەد، ٩/فەرهاد سەنگاوی، ١٠/هەورامان گەنچێنەیی، ١١/تەلار لطيف، ١٢/عبدالرحمن فارس (ابـو كـاروان)، ١٣/بـەهار عبـدالرحمن، ١٤/عبـاس فتـاح، ١٥/محمـد صـادق، ١٦/قـادر ئۆتمـان، ١٧/د.ڕێـواز فـائق، ١٨/زانـا عبـدالرحمن، ١٩/خلـف احمـد) بـەڕێز سـەرۆكی پەرلـەمان تكایـە بـە ئاراسـتە كردنـی بـۆ لیژنـەكانی پەیوەندار.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بـەڵێ ئـەم پـرۆژە یاسـایە ئاراسـتەی گشـت ئەنـدامانی پەرلـەمانی كوردسـتان و لیژنـەی یاسـایی و لیژنـەی پێشـمەرگە و شـەهیدان و قوربانیـانی جینۆسـاید و لیژنـەی دارایـی و كاروبـاری ئـابووری و وەبـەرهێنان دەكرێت. مامۆستا هەورامان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە سروودی ئەی ڕەقیب، من پێم باشە بەڕاستی بۆ لیژنەی ئەوقافیشی بنێری، چونكە پێشتر ئەو سرووده وەكو پـرۆژە یاسـاش تەقدیم نـەكرابوو، خۆتـان وەكـو سـەرۆكایەتی پەرلـەمان داواتـان لـە لیژنـەی ئەوقاف كردبوو كە یاداشتێك و تەقریرێك بنووسین و ڕەئی خۆمان بنووسین لەسەری، ئەو كاتە كە هێشتا نەهێنرابوو داواتان كردبوو بەس ئێستا كە بەڕەسمی هێنراوە، یەعنی زیاتر حەوجیە و پێویست دەكات كـە بنێردرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو ڤیان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت وێ خالێ كو د ڕاسپاردێن لیـژنا داكـۆكێ مـافێن ئافرەتـان هـاتین، نووكـە مـن جارەكـا دی تەئكیـد كری، ژ د.خیری بوزانی كو ل وەزارەتا ئەوقافێیە، تەئكید كری و دیسان گوتی فیعلەن ئەڤ قەرارا هاتیە دان، یەعنی پەرلەمان دشێت د ڕۆلا خۆ بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی یەكێتی زانایان بڕیاری خۆیان لەسەر ئەمە داوە لەسەر سروودی ئەی رەقیب و ناردراوەتەوە بۆ لیژنەی ڕۆشنبیری و بۆ ئێمە و لیژنەی فەتواو و لیژنەی یەكێتی زانایان بڕیاری خۆیان بۆ ئێمە ڕاگەیاندووە كە هیچ موخالەفەیەكی ئەوەی نییە، بۆیە تكایە هەر ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەكان بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە پێمان وایە ئەم بابەتە هیچ بابەتێكی دینی نییە، مەسەلەیەكە پەیوەندارە بە سرووودێكی نیشتمانی هەرێمی كوردستان، بەڵام ئەگەر بۆمان دەركەوت كە پەیوەندارە بە لیژنەی ئەوقاف ئەوكات دەینێرین، بەڵام ئێستا پێویست ناكات، سوپاس بۆ ئێوە و سوپاس بۆ لیژنەی یاسایی دەتوانن بڕۆنە شوێنەكانی خۆتان، دانیشتنەكەمان بەم شێوەیە كۆتایی پێ هات.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینكی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦)ی**

**سێ شەممە رێکەوتی ١٦\١٢\٢٠١٤**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١٦)

## سێ شەممە رێكەوتی ٢٠١٤/١٢/١٦

کاتژمێر (١٠،٣٠)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێکەوتی ٢٠١٤/١٢/١٦ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهيم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٦)ی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (١٦)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١٠،٣٠)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێشەممە رێکەوتی ٢٠١٤/١٢/١٦ دا بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: خویندنەوەی یەکەمی سیانزدە (١٣) پرۆژە بڕیار و یاسا بە پێی مادەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارەی یەکی هەموار کراوی ساڵی (١٩٩٢) ی پەرلەمانی کوردستان عێراق کە پرۆژە یاساکانیش ئەمانەن:

١- پرۆژە یاسای ئامادە کردنی پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان، عێراق و راپرسی
٢- پرۆژە بڕیار و ماف و ئیمتیازاتی پێشمەرگە و کەس و کاری شەهیدان.
٣- پرۆژە بڕیاری بەخشینی پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ لە قستی پێشینەکانی خانوو بەرە و هاوسەرگیری.
٤- پرۆژە بڕیاری هەژمار کردنی یەك ساڵ خزمەتی قیدەم بۆ پێشمەرگە و ئەو ئەفسەرانەی لە بەرەکانی شەردان.
٥- پرۆژە یاسای هەموار کردنەوەی خزمەت و خانە نشینیی هێزەکانی ناوخۆ ژمارەی هەژدەی (١٨) ساڵ (٢٠١١).
٦- پرۆژە یاسای هەموار کردنی سێیەمی یاسای ژمارەی نۆی (٩) ساڵی (٢٠٠٧) یاسای ماف و ئیمیتیازاتی کەس و کاری شەهید و ئەنفالکراوەکان لە هەرێمی کوردستان.
٧- پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای چاودێری کەم ئەندام و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان ژمارە بیست و دووی (٢٢) ساڵی (٢٠١١).
٨- پرۆژە یاسای بەڕێوە بردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان عێراق.
٩- پرۆژە یاسای ئەندامی چاودێری پەرلەمانی کوردستان.
١٠- پرۆژە یاسای دێکومێنت پارێزی لە هەرێمی کوردستانی عێراق.
١١- پرۆژە یاسای ناوەندی پاراستنی دەست نووسەکانی کوردستان.
١٢- پرۆژە یاسای بیمەی کشتۆکاڵی،.
١٣- پرۆژە یاسای نەبڕینی مووچەی تاقانە.

دووەم، گفتوگۆ كردن لە سەر پرۆژە یاسای هەمواری دەیەمی یاسی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان ژمارەی سێی (٣) ساڵ (١٩٩٢) ی هەموار كراو بە پێی ماددەكانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارەی یەكی (١) ی ساڵی (١٩٩٢) هەموار كراو.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەكەمان بە ناوی گەلی كوردستانەوە دەست پێ ئەكەین، خولی چوارەمی هەڵبژاردن ساڵی دووەم دانیشتنی ژمارە (١٦) شانزدە رۆژی دانیشتن (٢٠١٤/١٢/١٦)، بەرنامەی كار بە پێی حوكمەكانی بڕگەی یەكی ماددەی بیست (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان عێراق ژمارەی یەكی (١)ی ساڵی (١٩٩٢) هەموار كراو، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا كاتی دانیشتنی ژمارەی شانزدەی (١٦) ی خولی گرێدانی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان لە كاتژمێر دە و نیوی (١٠،٣٠) پێش نیوەڕۆ رۆژی سێ شەممە رێكەوتی (٢٠١٤/١٢/١٦) بێت و بەرنامەی كاری دانیشتنەكە بەم شێوەیە بێت، یەكەم، خویندنەوەی یەكەمی سیانزدە (١٣) پرۆژە بڕیار و یاسا بە پێی مادەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارەی یەكی هەموار كراوی ساڵی (١٩٩٢) ی پەرلەمانی كوردستان عێراق كە پرۆژە یاساكانیش ئەمانەن، یەك، پرۆژە یاسای ئامادە كردنی پرۆژە دەستوری هەرێمی كوردستان، عێراق و راپرسی، دوو، پرۆژە بڕیار و ماف و ئیمتیازاتی پێشمەرگە و كەس و كاری شەهیدان، سێ : پرۆژە بڕیاری بەخشینی پێشمەرگە و هێزەكانی ناوخۆ لە قستی پێشینەكانی خانوو بەرە و هاوسەرگیری، چوار، پرۆژە بڕیاری هەژمار كردنی یەك ساڵ خزمەتی قیدەم بۆ پێشمەرگە و ئەو ئەفسەرانەی لە بەرەكانی شەردان، پێنج، پرۆژە یاسای هەموار كردنەوەی خزمەت و خانە نشینیی هێزەكانی ناوخۆ ژمارەی هەژدەی (١٨) ساڵ (٢٠١١)، شەش، پرۆژە یاسای هەموار كردنی سێیەمی یاسای ژمارەی نۆی (٩) ساڵی (٢٠٠٧) یاسای ماف و ئیمیتیازاتی كەس و كاری شەهید و ئەنفالكراوەكان لە هەرێمی كوردستان، حەوت، پرۆژە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای چاودێری كەم ئەندام و خاوەن پێداویستیە تایبەتەكان ژمارە بیست و دووی (٢٢) ساڵی (٢٠١١)، هەشت، پرۆژە یاسای بەڕێوە بردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی كوردستان عێراق، نۆ، پرۆژە یاسای ئەندامی چاودێری پەرلەمانی كوردستان، دە، پرۆژە یاسای دێكومێنت پارێزی لە هەرێمی كوردستانی عێراق، یانزدە، پرۆژە یاسای ناوەندی پاراستنی دەست نووسەكانی كوردستان، دوانزدە، پرۆژە یاسای بیمەی كشتۆكاڵی، سیانزدە، پرۆژە یاسای نەبڕینی مووچەی تاقانە، دووەم، گفتوگۆ كردن لە سەر پرۆژە یاسای هەمواری دەیەمی یاسی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان ژمارەی سێی (٣) ساڵ (١٩٩٢) ی هەموار كراو بە پێی ماددەكانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارەی یەكی (١) ی ساڵی (١٩٩٢) هەموار كراو، ئێستا داوا لە بەڕێز سكرتێری پەرلەمان ئەكەین كە ناوی ئامادە نەبووانی دانیشتنی پێشووی پەرلەمان بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قادر/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارەی پانزدەی (١٥) ی ئاسایی لە بەرواری (٢٠١٤/١٢/٩) مۆڵەت پێدراو بوون یان بە بێی مۆڵەت ئامادە نەبوون بەم شێویەی خوارەوەیە : یەکەم، حسن صالح/ مۆڵەت، دووەم، زۆزان صادق/ مۆڵەت، سێیەم، سالار محمود/ مۆڵەت، چوارەم قەمان فیصل/ مۆڵەت، پێنجەم عادل عزی/ مۆڵەت، شەشەم عمر صالح/ مۆڵەت، حەوتەم، فرهاد حەمە صالح/ مۆڵەت، هەشتەم، کنعان نجم الدین/ مۆڵەت، نۆیەم، محمد علی یاسین/ مۆڵەت، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا داوا لە بەرێزتان ئەکەین کە ناوی ئامادە نەبوانی لیژنەکانی پەرلەمان، کۆبوونەوەکانی لیژنەکانی پەرلەمان بخوێنتەوە، فەرموو.

**بەرێز فخرالدین قادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان لە بەرواری (٢٠١٤/١٢/١٥) بەم شێوەیەی خوارەوە بووە : یەکەم، لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی، لە (١٢/١٥) کۆبوونەوەیان ئەنجام داوە و ئاری محمد مۆڵەت بووە، دووەم، لیژنەی مافی مرۆڤ لە (١٢/١٥) کۆبوونەوەیان ئەنجام داوە، دکتۆر فرست، زوزان صادق، سعید محمد، مۆڵەت بوون، لیژنەکانی مافەکانی مرۆڤ لە رێکەوتی (١٢/٩) لە دەرەوەی خشتەی دیاری کراو لیژنەی ناوبراو کۆبوونەوەیان ئەنجام داوە بەرێز منیرە عثمان ئامادە نەبووە و بەرێز زوزان صادق مۆڵەت بووە، سێیەم، لیژنەی پێشەسازی وزە و سەرچاوە سروشتییەکان لە (١٢/١٥) کۆبوونەوەی ئەنجام نەداوە بە هۆی سەفەر کردنی بەشێکی زۆری ئەندامان بۆ وڵاتی بریتانیا بە مەبەستی بەشداری کردن لە کۆنفرانسی نەوت و گازی هەرێم، چوارەم، لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافەکانی بە کاربەر (١٢/١٥) کۆبوونەوەی بە ئەنجام گەیاندووە و زولفا محمود ئامادە نەبووە، پێنجەم لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم (١٢/١٥) کۆبوونەوەیان کردووە و زیاد حسین مۆڵەت بووە، شەشەم، لیژنەی روشنبیری و راگەیاندن و هونەر (١٢/١٥) کۆبوونەوەیان کردووە و عادل عزیز مۆڵەت بووە، حەوتەم لیژنەی کاروباری پەرلەمان (١٢/١٥) کۆبوونەوە کراوە بێگەرد دڵشاد مۆڵەت بووە، هەشتەم لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار (١٢/١٥) کۆبوونەوەکەیان کردووە و ئەم بەرێزانە : بێگەرد دڵشاد مۆڵەت، ایوب عبداللە مۆڵەت، علی علی هالۆ مۆڵەت، صالح بشار مۆڵەت، بەیار طاهر مۆڵەت بووە، نۆیەم لیژنەی وەرزش و لاوان (١٢/١٥) کۆبوونەوەیان دوا خستووە بۆ هەفتەی ئایندە بە هۆی ئامادە نەبوونی وەفدی وزارەتی روشنبیری، دەیەم، لیژنەی نەزاهە، دەستپاکی (١٢/١٥) کۆبوونەوەیان ئەنجام داوە فرست صۆفی مۆڵەت بووە، خەڵات احمد مۆڵەت بووە، گۆران ئازاد ئامادە نەبووە، لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی لە (١٢/١٦) کۆبوونەوەیان کردووە محمد علی یاسین مۆڵەت بووە، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەم چوار لیژنەی خوارەوە بە پێی

خشتەی دیاری کراو کۆبوونەوەیان لە هەفتەی داهاتوو هەبووە، بەڵام لەم هەفتەیە کۆبوونەوەیان بە ئەنجام گەیاندووە، یەکەم، لیژنەی ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ کردن گشت ئەندامان ئامادەی کۆبوونەکە بوون، دووەم، لیژنەی ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان سەرکەوت سەرحەد مۆڵەت بووە، سێیەم، لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە دکتۆر شرین حوسنی مۆڵەت بووە، چوارەم، لیژنەی کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان، کەژاڵ هادی مۆڵەت بووە، پێنجەم، لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت ڤیان عباس مۆڵەت بووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، ئێستا داوا لە بەڕێزتان ئەکەین کە پۆختەیەك لە کۆ نووسی دانیشتووی پێشووی پەرلەمنی کوردستان بخوینتەوە، فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پۆختەی دانیشتنی ژمارەی (١٥) لە بەرواری (٢٠١٤/١٢/٩) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو، یەکەم دەست پێکردنی دانیشتن لە لایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە، دووەم خوێدنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمان ئامادە نەبوو و ئامادە نەبووی لیژنەکانی پەرلەمان هەروەها خوێندنەوەی پۆختەی دانیشتنی پێشوو لە لایەن سکرتێری پەرلەمانەوە، سێیەم، پەسەند کردنی گفتوگۆ کردن لە سەر راپۆرتی لیژنەی داکۆکی کردن لە سەر مافەکانی ئافرەت سەبارەت بە توند و تیژی بەرامبەر بە ئافرەتان، بە تایبەتی ئافرەتانی شنگال لە هەرێمی کوردستان و بە تایبەتی کەیسی ئافرەتانی شنگال بە چەند راسپاردەیەك لە لایەن چەند ئەندامێکی پەرلەمانەوە، چوارەم، خویندنەوەی یەکەم بۆ شەش پرۆژە یاسا و بڕیار لە لایەن لیژنەی یاساییەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئێستا ئەچینە سەر بڕگەی یەکەم لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان کە بریتی یە لە خوێنەوەی یەکەمی، نوقتەی نیزامی هەیە؟ خاتوو منیرە فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پرۆژە یاسای دڵنیایی کۆمەڵایەتیمان پێشکەش کردووە و زیاتر لە بیست و پێنج رۆژە، بەڵام نازانین بۆ لە بەرنامەی کاردا نییە؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ویستم ئێستا هەندێك روونکردنەوە بدەین لە سەر ئەم بابەتە، بەڵێ خاتوو زولفا فەرموو.

**بەڕێز زولفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئامادە نەبوونی من لە لیژنەی مافی بە کاربەر لە رۆژی (١٢/١٥) من یەکەم، ئاگادار نەکرابوومەوە بۆ ئەم کۆبوونەوە، دوو، ئێمەش لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە دوێنێ بانگهێشتی وەزیرەکانمان کردبوو سەعات (١٢) کۆبوونەوەکەمان دەستی پێکردووە، یەعنی ئەگەر ئاگاداریش کرابامەوە کۆبوونەوەکەمان تێك ئەگیرا بوو، لە بەر ئەوە نەم توانیوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەرێز مامۆستا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پرۆژە یاساکان کە خوێنەوەی یەکەمی بۆ ئەکرێت، پرۆژە یاسای کشتۆکاڵی پێم وابێ چەند مانگێکیش خوێنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، و ئێمە وەکو لیژنەی کشتۆکاڵ هەر دوێنێ لە گەڵ لیژنەی یاساییدا دواین راپۆرتی خۆشمان لە سەر ئەوە نووسنەوە و بڕیاریشە لیژنەی دارایی و یاسایی چوار شەممە پێم وا بێت ئەخێر راپۆرتی خۆیان بنووسن، بۆیە ئەمە دووبارەیە و هەمان پرۆژە یاسایشە بۆ ئاگاداریتان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوایی چێك ئەکەین پێم وا بێت ئەو پرۆژە یاسایە لە لایەن ژمارەیەکی تری ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کرا بێ ئیحتیمال ئەکات وا بێ و ئەگەر نا ئەو پرۆژە یاسایانەی پێشتر خوێنەوەیان بۆ کرابێت جارێکی تر خوێندیەوەیان بۆ ناکرێت، بەرێز مامۆستا غریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفی حەمە خان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر ئەو مەبەست بوو کە مامۆستا عبدالرحمن باسی کرد، دەقەکە هەمان دەقە تەنها ئەوەندە هەیە ناوی پەرلەمانتارەکان گۆڕاوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ لە حاڵەتێکی وادا ئەوە پێویست ئەکات، مافی ئەندامانی تری پەرلەمانیشە کە ئەو پرۆژە یاسایانەی کە پێشکەشیان کردووە خوێنەوەیان بۆ بکرێت، رای ئەکاتە لیژنە پەیوەندیدارەکان ئەو کاتە یەك راپۆرتی لە سەر حازر ئەکرێت، بەرێز کاك سۆران عمر فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئاماژەی پێکرد لە کۆبوونەوەی نۆی مانگی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ لە دەرەوەی جەدوەلەکە، بەڕێز خاتوو منیرە کە ناوی هات بە ئامادە نەبوون مۆڵەت بووە دیارە ئەوە ئیشکالی ئێمەیە کە ئەو بەم جۆرە هاتیە و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی، زۆر سوپاس، بەڕێز کاك سعید مصیفی فەرموو.

**بەڕێز سعید محمد سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای خانەنشینی پێشمەرگەی کەم ئەندام و زێڕەڤانی هەرێم زیاتر لە سێ مانگ دەبێتن پێشکەش کرایە لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان، کە بۆ ئەو کاتە زۆر زەرورە تا ئێستا خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆ نەکراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، هەندێك لە پرۆژە یاساکان ماون، دامانناوە بۆ دانیشتنێکی تر خوێنەوەی یەکەمی بۆ ئەکەین، بەڵام پێنج پرۆژە یاسا بە زمانی عەرەبی حازر کراون، بۆیە لە بەر ئەوەی یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان بەر کارە ئێستا کاری پێ ئەکرێت ناردمان بۆ وەرگێڕان، وەربگرێتە سەر زمانی کوردی ئەو کات خوێنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت و ئەو پرۆژە یاسانەی تریش کە لە بەر دەستمان ماون ئێستا ئەمە سیانزدە پرۆژە یاسایە ئەمڕۆ خوێنەوەی یەکەمیان بۆ ئەکرێت بۆ دانیشتنەکانی داهاتوو تەواویان ئەکەین هەموو پرۆژە یاساکان، خوێنەوەی یەکەمیان بۆ ئەکەین بۆ ئەوەی لە ماوەی عوتلەی تەشریعی لیژنەکانی پەرلەمان دەست بە کار بن لە ئامادە کردنی راپۆرت لە سەر ئەو پرۆژە یاسانەی کە بۆیان نێردراون، بەڵام ئەو کاتیش پێش کۆتایی هاتنی فەصڵی تەشریعی وەرزی گرێدانی ئەم جارەمان هەندێك روونکردنەوەمان هەبێت سەبارەت بە کاری لیژنەکان بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە بتوانرێت هەموو ئەو پرۆژە یاسانەی کە نێردراون بۆ لیژنەکان راپۆرتیان لە سەر حازر بکرێ و لە خولی گرێدانی داهاتوو بتوانین لە پەرلەمانی کوردستان پەسەندی بکەن، بەڕێز کاك ابوبکر هەڵەدنی فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عبد الله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بیرۆکەیەکم هەیە پێشنیارێك نازانم دەتوانم؟ نوقتەی نیزامی نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەتوانی بۆمان بنێری بە پێی ئەو  رێکارانەی کە پێشتر لە سەری رێکەوتووین، بۆ ئەوەی دوایی بزانین بیخەینە بەرنامەی کارەوە.

**بەڕێز ابوبکر عبد الله (ابوبکر هەڵەدنی):**

پێشنیارێکە لە سەر پشووی پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، تكایە بۆمان بنێری، بۆ ئەوەی لێی بڕوانین، سوپاس، بەڕێزان ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی ئەكەین كە بێنە ئێرە بۆ دەست كردن بە بڕگەی یەكەمی بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان كە بریتی یە لە خوێندنەوەی یەكەمی سیانزدە پرۆژە بڕیار و یاسا بە پێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە یەكی (١) ی هەموار كراوی ساڵی (١٩٩٢) ی پەرلەمانی كوردستان، فەرموو.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژەی یاسایی یەكەم كە خوێنەوەی بۆ دەكرێت بریتی یە لە پرۆژە یاسایی ئامادە كردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی كوردستانی عێراق بۆ راپرسی ئەم پرۆژە یاسایە لە یازدە (١١) ماددە پێك هاتووە لە گەڵ هۆیەكانی دەرچوواندنی، داوا لە بەڕێزتان دەكەین ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیداری بكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان و لیژنەی كاروباری یاسایی پەرلەمان ئەكرێت.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە بڕیاری دووەم : بریتی یە لە پرۆژە بڕیاری ماف و ئیمتیازاتی پێشمەرگە و كەس و كاری شەهیدان لە حەفت خاڵ پێك هاتووە لە گەڵ هۆیەكانی دەرچوواندن، داوا لە بەڕێزتان دەكەین كە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیداری بكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، هەر بۆ راست كردنەوە لە هەشت خاڵ پێك هاتووە، ئەم پرۆژە بڕیارە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمان، لیژنەی كاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆسایدن لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری و وەبەرهێنان و گشت ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی پەرلەمان ئەكرێت.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پرۆژەی یاسای یەكەم لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە كە ئەمە ناوەكانیانە : پرۆژەی یاسای ئامادە كردنی پرۆژە دەستوری هەرێمی كوردستان عێراق بۆ راپرسی یەك، دكتۆر یوسف محمد صادق، دوو، دكتۆر جعفر ابراهیم ئێمینكی، سێ، فخرالدین قادر عارف، چوار، ئومێد عبدالرحمن، پێنج، رابون توفیق معروف، شەش، بێگەرد دڵشاد تالەبانی، حەفت، ابوبكر عمر عبد الله، هەشت، حسین اسماعیل حسین، نۆ، عبد الله حاجی محمود، دە، ئایدن معروف، یازدە، منی نبی قهوەچی، دوازدە، سۆران عمر، سێزدە، سرود سلیم، چواردە، وحیدە یاقوب، پانزدە، گۆران ئازاد،

شانزده، ڤالا فريد، حەڤدە، دكتۆرە بەهار محمود فتـاح، هـەژدە، دكتـۆر شـێركۆ جـودت، نـۆزدە، امنـە زكـرى سعيد، بيست، دكتۆر فرست صۆفى، بيست و يەك، محمـود صـباح عمـر، بيسـت و دوو، نجيبـە لطيـف احمـد، بيست و سێ، سوهام عمر قادر، بيست و چوار، فرحان جوهر قـادر، بيسـت وپێـنج، مـەردان خـدر، بيسـت و شەش، دكتۆر سراج شێخ احمد، بيست و حەوت، شوان شێخ احمد، بيست و هەشـت، دكتـۆرە شـرين حسـنى، بيست و نۆ، بشار بشير ئاغا، سى، زانا عبدالرحمن، سى و يەك، خلف احمد، سى و دوو، سالار محمـود، سـى و سێ، گەشە دارا، سى و چوار، دكتۆر عزت صابر، سى و پێنج، تالار لطيف، سى و شەش، دلێر مصـطفى، سـى و حەوت، رێواز فايق، سى و هەشت، قارەمان قادر، سى و نۆ، ئومێد حەمە على، چل، عبدالرحمن على، چـل و يەك، فايق مصطفى، چل و دوو، دكتـۆر شـێركۆ حەمـە امـين، چـل و سـێ، پـروا علـى، چـل و چـوار، علـى حەمە صالح، چل و پێنج، عادل عزيز، چل و شەش، هێڤا حجى ميرخان، چل و و حەوت، مدينە ايوب، چـل و هەشت، شيلان شێخ جعفر، چل و نۆ، ئـاواز حميـد حسـين، پـەنجا، انـور قـادر، پـەنجا و يـەك، فـيروز طـە، پەنجا و دوو، نەجات محمد، پـەنجا و سـێ، دكتـۆرە جـوان اسماعيـل، پـەنجا و چـوار، مـنيرە عثمـان، پـەنجا و پێنـج، ڤيان عباس، پەنجا و شەش، ڤەمان فيصل، پەنجاو حەوت، محمد صادق، پەنجا و هەشت، ادريـس علـى اسلام، پەنجا و نۆ، انس محمد شريف،.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

نوقتەى نيزامى هەبوو؟ بەرێز مامۆستا مروان فەرموو.

**بەڕێز حسين اسماعيل (مەروان گەڵاڵى):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئەو ئايەتەى كە نووسراوە ئەگەر لابرێتن، لە بەر ئەوە ئەو ئايەتە سەبەب نزولەكە بۆ كافرەكان نووسراوە، يەعنى ناكرێتن ئايەتێك بنووسرێت و ئيهانەى موعتەقەداتى هەموو خەڵكى پەرلـەمان بكرێـت و دەسـتتان خۆش بێت.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

سوپاس، بەرێز مامۆستا انس فەرموو.

**بەڕێز انس محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

هەمان راى مە دگەڵ مامۆستا مەروان، چونكى نابيتن ئايەتێت قورئانێ بێنـە ب كـار ئينـان بـۆ هەڵويستێن سياسى، و ئەو ئايەتانە شايستەى ڤێ چەندێ يە بۆ ڤى كارى بێتە بكار ئينان.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڵێ، بەرێز كاك ئارى فەرموو.

**بەڕێز ئارى محمد هەرسين:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەم رۆژگارە خەڵكی لەم لایە و لەو لایە ئایەتی قورئان و حەدیسی پێغەمبەر (صلى الله عليه و اله وسلم) بە كار دێنن بۆ مەسائیلی سیاسی و حیزبی كەس نوقتەی نیزامی لێ ناگرێت، ئەمە شێوەیەكی مەدەنیە، نە ئیهانە كردنی قورئانە، نە ئاینی پیرۆزی ئیسلام، نە ئەو موسلمانە بەڕێزانەی كە لەم قاعەوە دانیشتوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تەبعەن پێكهاتەكان مافی خۆیانە كە ئیعتیراز دەربڕن، بەتایبەتی لەدوای ئەوەی كە هەستیان كردووە، لە كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن ئەوەی كە ئەوان باسی دەكەن مافی پێكهاتەكان بەوشێوەیەی كە خۆیان دەیانەوێ نەدراوە، ئێمە ئەمرۆ دانیشتنێكمان لەگەڵ كردن، پێم وابێ لەماوەی داهاتوو دەتوانین ئەو گرفتەش چارەسەر بكەین ، لە ئەنجامی دانوستاندن لەگەڵیان دەتوانین ئەو گرفتانە چارەسەر بكەین كە ئێستا هاتووەتە كایەوە، بەڵێ ئێستا درێژە دەدەین بە بەرنامەی كاری دانیشتنی ئەمڕۆمان، فەرموون.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە بڕیاری دووەم، پرۆژە بڕیاری ماف و ئیمتیازاتی پێشمەرگەو كەسوكاری شەهیدانە، كە لە (٨) بڕگەو هۆیەكانی دەرچوواندن پێكهاتووە، پێشكەش كراوە لەلایەن ئەندام پەرلەمانان لەم بەڕێزانەی خوارەوە :

١- محمود حاجی عمر

٢- عبدالرحمن علی

٣- منیره عثمان

٤- برزۆ مجید

٥- عادل عزیز

٦- عمر عینایەت

٧- رابوون توفیق

٨- دلێر ماوەتی

٩- بێگەرد دڵشاد

١٠- سعید مەسیفی

١١- قادر ڕەزگەیی

١٢- مریم صمد

١٣- سالار محمود

١٤- ئومێد عبدالرحمن

١٥- بیار طاهر دۆسكی

١٦- فیرۆز طه عبدالخالق

١٧- شيلان جعفر

١٨- حيات مجيد

١٩- نجات محمد عبدالله

٢٠- عباس غزالى

٢١- تحسين اسماعيل

٢٢- وحيده ياقۆ

٢٣- د. عبدالله جاسم

٢٤- ايوب عبدالله

٢٥- قارەمان قادر

٢٦- ئومێد حەمە على

٢٧- بەهار محمود فتاح

٢٨- بێستوون فائق

٢٩- حسن صالح

٣٠- غريب پێنجوينى

٣١- هەورامان گەچێنەيى

٣٢- ابوبكر عمر عبدالله (هەڵەدنى)

٣٣- زولفا محمد

٣٤- بەهار عبدالرحمن

٣٥- ئارى هەرسين

٣٦- د. شوان قەڵادزەيى

٣٧- عبدالرحمن فارس

٣٨- شێركۆ جودت

٣٩- حاجى كاروان

٤٠- سهام عمر

٤١- سۆران عمر

٤٢- باپير كامەلا سليمان

٤٣- عبدالله حاجى محمود

٤٤- فەرهاد سەنگاوى

**پڕۆژە بڕیاری سێیەم بریتییە لە پڕۆژە بڕیاری بەخشینی پێشمەرگەو هێزەکانی ناوخۆ لەپێشینەکان، ئەو پڕۆژە بڕیارە لە (٤) مادده و لە هۆیەکانی دەرچوواندن پێکهاتووە، لەلایەن ژمارەیی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، کە ئەوە ناوەکانیانە:**

١- **بەهزاد دەروێش**
٢- **کەژاڵ هادی**
٣- **بەهار عبدالرحمن**
٤- **سهام عمر**
٥- **غریب مصطفی**
٦- **ابوبکر عمر**
٧- **حاجی کاروان**
٨- **عمر صالح**
٩- **سهراب میکائیل**
١٠- **شێرکۆ جودت**
١١- **دلێر ماوەتی**
١٢- **سەرکەوت سەرحەد**
١٣- **قادر ئۆتمان رسول**
١٤- **حسین اسماعیل**
١٥- **محمد صادق**
١٦- **شکریە شێخانی**
١٧- **ایوب عبداللە**
١٨- **د. شوان قەلأدزەیی**
١٩- **عبداللە حاجی محمود**
٢٠- **ئاری هەرسین**
٢١- **ئێڤار ابراهیم**
٢٢- **د. شێرکۆ حەمە امین**
٢٣- **فەرهاد سەنگاوی**
٢٤- **یعقوب گورگیس**
٢٥- **وحیدە یاقۆ**
٢٦- **بێستوون فائق**
٢٧- **برزۆ مجید**

٢٨- زولفا محمود

٢٩- منيره عثمان

٣٠- عادل عزيز

داوا له بەڕێزتان دەكەین، كه ئەم پڕۆژه بڕیارەش ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پڕۆژه بڕیاره ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان، لیژنەی كاروباری پێشمەرگەو شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید، لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری و وەبەرهێنان، هەروەها لیژنەی كاروباری یاسایی پەرلەمانی كوردستان دەكرێت، فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پڕۆژه بڕیاری چوارەم بریتییه له پڕۆژه بڕیاری هەژماركردنی یەك ساڵ خزمەت (قیدم)، بۆ ئەو پێشمەرگەو ئەفسەرانەی كه لەبەرەكانی شەڕدان، ئەم پڕۆژه بڕیاره پێكهاتووه له (٥) خاڵ لەگەڵ هۆیەكانی دەرچوواندن، لەلایەن ژمارەی یاسایی له ئەندامانی پەرلەمانەوه پێشكەش كراوه، كه ئەوه ناوەكانیانه:

١- شیلان جعفر

٢- نجات محمد عبدالله

٣- تحسین اسماعیل

٤- مەردان خدر

٥- فرحان جوهر

٦- د. سراج شێخ احمد

٧- فیرۆز طه

٨- ئومێد عبدالرحمن (خۆشناو)

٩- بشار مشیر

١٠- هێڤا حاجی

١١- ابوبكر عبدالله

١٢- بەهزاد دەروێش

١٣- فائق مصطفى

١٤- عباس فتاح

١٥- امنه زكری

١٦- كەژاڵ هادی

١٧- د. پەری صالح

١٨- نجيبه لطيف
١٩- حسين اسماعيل
٢٠- محمد صادق
٢١- ئاری محمد هەرسین
٢٢- مدينه ايوب
٢٣- د. شرين حسنی
٢٤- شامۆ شێخۆ
٢٥- ڤيان عباس
٢٦- وحيده ياقۆ

داواكارين له بەڕێزتان ئەم پرۆژه بڕياره ئاراستەی ليژنه پەيوەنديدارەكان بكەن.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەم پرۆژه بڕيارەش ئاراستەی گشت ئەندامان پەرلەمان، ليژنەی كاروباری پێشمەرگەو شەهيدان و قوربانيانی جينۆسايد، ليژنەی دارايی و كاروباری ئابووری و وەبەرهێنان، هەروەها ليژنەی كاروباری ياسايی پەرلەمانی كوردستان دەكرێت، فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژه ياسای پێنجەم بريتيه له پرۆژه ياسای هەمواركردنەوەی خزمەت و خانەنشينی هێزەكانی ناوخۆ، ئەم پرۆژه ياسايه له (٤) مادده و هۆكارەكانی دەرچوون پێكهاتووه، لەلايەن ژمارەی ياسايی له ئەندامانی پەرلەمانەوه پێشكەش كراوه، كه ئەمه ناوەكانيانه:

١- ئاواز حميد
٢- منى نبی قهوەچی
٣- بشار مشير اسماعيل
٤- زۆزان صادق
٥- وحيده ياقۆ
٦- بەيار طاهر
٧- فرحان جوهر
٨- ئومێد خۆشناو
٩- محمد علی
١٠- حيات مجيد
١١- دڵشاد شعبان

١٢- ناظم كبير
١٣- على حەمە صالح
١٤- برزۆ مجيد
١٥- سالار محمود
١٦- شوان شێخ احمد
١٧- بێستوون فائق
١٨- ايوب عبدالله
١٩- محمد سعدالدين
٢٠- بهار عبدالرحمن
٢١- سهراب ميكائيل
٢٢- ئومێد حەمە على
٢٣- منيرە عثمان

داواكارين لە بەڕێزتان ئەم پرۆژە ياسايە ئاراستەی ليژنە پەيوەنديارەكانی بكەن.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە ياسايە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان، ليژنەی ناوخۆ و ئاسايش و ئەنجومەنە خۆجێييەكان، ليژنەی دارايی و كاروباری ئابووری و وەبەرهێنان، هەروەها ليژنەی كاروباری ياسايی پەرلەمان دەكرێت.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە ياسای شەشەم بريتييە لە پرۆژە ياسای هەمواركردنی سێيەمی ياسای ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠٧)، ياسای ماف و ئيمتيازاتی كەسوكاری شەهيد و ئەنفالكراوەكان لە هەرێمی كوردستان، ئەم پرۆژە ياسايە لە (٦) مادده لەگەڵ هۆكارەكانی دەرچوون پێكهاتووە، لەلايەن ژمارە ياسايی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە، كە ئەوە ناوەكانيانە:

١- شوان شێخ احمد
٢- بشار مشير اسماعيل
٣- ئومێد عبدالرحمن (خۆشناو)
٤- د. سراج شێخ احمد
٥- د. ڤالاً فريد
٦- على على هالۆ
٧- مدينە ايوب

٨- فرحان جوهر
٩- محمد صادق
١٠- بەیار حسین
١١- دڵشاد شعبان
١٢- هێڤا حاجی

داواکارین لە بەڕێزتان ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمان، لیژنەی کاروباری پێشمەرگەو شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید، لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان، لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان دەکرێت.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای حەوتەم بریتییە لە پرۆژە یاسای هەموارکردنی یەکەم یاسای چاودێری کەمئەندام و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١)، ئەم پرۆژە یاسایە لە (٢) مادده پێکهاتووە لەگەڵ هۆکارەکانی دەرچوون، لەلایەن ژمارە یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، کە ئەوە ناوەکانیانە:

١- د. جوان اسماعیل عزیز
٢- پەروا علی
٣- بەهار محمود
٤- برزۆ مجید
٥- حسن صالح
٦- محمود حاجی
٧- منیرە عثمان
٨- عمر عینایەت
٩- علی حەمە صالح
١٠- عادل عزیز
١١- عبدالرحمن علی
١٢- شێرکۆ حەمە امین
١٣- فائق مصطفی
١٤- حاجی کاروان

١٥- كەژاڵ هادی
١٦- سهام عمر
١٧- شێرکۆ جودت
١٨- بەهار عبدالرحمن
١٩- بێستوون فائق
٢٠- ئێڤار ابراهیم
٢١- غریب پێنجوێنی
٢٢- ماجد عثمان
٢٣- محمد سعدالدین
٢٤- منى نبی
٢٥- مریم صمد
٢٦- حسین اسماعیل
٢٧- د. فرست صۆفی
٢٨- د. شوان قەڵادزەیی

داواکارین لە بەڕێزتان ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان، هەروەها لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان دەکرێت.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای هەشتەم بریتییە لە پرۆژە یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان- عێراق، ئەم پرۆژە یاسایە لە (٤١) ماددە پێکهاتووە لەگەڵ هۆکارەکانی دەرچوون، لەلایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، کە ئەوە ناوەکانیانە:

١- یعقوب گورگیس
٢- زیاد حسین
٣- عباس غزالی
٤- حسن صالح
٥- ئاواز شێخ جەنگی
٦- فەرهاد سەنگاوی
٧- عبدالرحمن علی رضا

٨- غريب مصطفى حەمە خان

٩- بشار مشير اسماعيل

١٠- خلف احمد

داواكارين لە بەڕێزتان ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیارەکانی بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، لیژنەی کاروباری یاسایی، لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری دەکرێت.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای نوێەم بریتییە لە پرۆژە یاسای ئەندامی چاودێری پەرلەمانی، ئەم پرۆژە یاسایە لە (٥) ماددە پێکهاتووە لەگەڵ هۆکارەکانی دەرچوون، لەلایەن ژمارە یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، کە ئەوە ناوەکانیانە:

١- محمد علی یاسین

٢- دڵشاد شعبان

٣- هێڤا حاجی میرخان

٤- مەردان خدر

٥- د. عبدالله جاسم

٦- ئاری محمد هەرسین

٧- نجات محمد

٨- شامۆ شێخۆ

٩- یروانیت نیسان

١٠- د. شرین حسنی

١١- علی علی هالۆ

١٢- وحیدە یاقۆ

١٣- ڤەمان فیصل

١٤- شوان شێخ احمد

١٥- فرحان جوهر

١٦- ئاواز حمید

١٧- شیلان جعفر

١٨- فیرۆز طە

١٩- عباس غزالى

٢٠- ئومێد عبدالرحمن (خۆشناو)

٢١- امنە زكرى

٢٢- ادريس على

٢٣- سالار محمود

٢٤- ببوورن پێم وايە سەركەوت سەرحەدە، جوان دەرنەچووە

٢٥- ئاواز شێخ جەنگى

٢٦- صالح فەقێ

٢٧- د. رێواز فائق

٢٨- خلف احمد

٢٩- فەرهاد سەنگاوى

٣٠- تەلار لطيف

٣١- سعيد محمد

٣٢- زانا عبدالرحمن

٣٣- گەشە دارا

٣٤- قادر ئۆتمان

٣٥- مريم صمد

٣٦- د. شێركۆ حەمە امين

٣٧- فائق مصطفى

٣٨- عبدالرحمن على

٣٩- صالح بشار

٤٠- تحسين اسماعيل

٤١- على حەمە صالح

٤٢- حسن صالح

٤٣- عمر عينايەت

٤٤- د. سراج شێخ احمد

٤٥- فخرالدين قادر

داواكارين لە بەڕێزتان ئەم پرۆژە ياسايە ئاراستەى ليژنە پەيوەنديارەكانى بكەن.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، لیژنەی کاروباری پەرلەمان و لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان دەکرێت

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای دیکۆمێنت پارێزی لە هەرێمی کوردستانی عیراق، کە لە (١٨) ماددەو هۆیە پێویستییەکانی دەرچوواندن پێکهاتووەو لەلایەن ئەو بەڕێزانەوە پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرایە:

١- د. بەهار محمود
٢- قارەمان قادر
٣- بێستوون فائق
٤- د. شێرکۆ حەمە امین
٥- عمر عینایەت
٦- پەروا علی
٧- نجیبە لطیف
٨- انور قادر
٩- تەلار لطیف
١٠- عباس فتاح
١١- خلف احمد
١٢- عزت صابر
١٣- سەرکەوت سەرحەد
١٤- گەشە دارا
١٥- سۆران عمر
١٦- برزۆ مجید

داواکارین لە بەڕێزتان ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار و لیژنەی مەعنی بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، لیژنەی رۆشنبیری و ڕاگەیاندن، هەروەها لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان دەکرێت.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پـــرۆژە یاســای ناوەنـــدی پاراســـتنی دەستنووســـەکانی پاراســـتنی کوردســـتان، کـــە لـــە (١٤) مـــاددەو هۆیـــە پێویستییەکانی دەرچوواندن پێکهاتووە، لەلایەن ئەم بەڕێزانەوە پێشکەش کرایە:**

١- ابوبکر عمر (هەڵەدنی)
٢- سهراب میکائیل
٣- حاجی کاروان
٤- سهام عمر
٥- کەژاڵ هادی
٦- شێرکۆ جودت
٧- حسین اسماعیل
٨- بەهار عبدالرحمن
٩- عمر صالح
١٠- بەهزاد دەرویش
١١- غریب مصطفی
١٢- شکریە اسماعیل
١٣- سۆران عمر
١٤- نجیبە لطیف

**داواکارین لە بەڕێزتان ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار و لیژنەی مەعنی بکەن.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، لیژنەی رۆشنبیری و ڕاگەیاندن، لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان دەکرێت.**

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پرۆژە یاسای بیمەی کشتوکاڵی کە لە (١١) ماددەو هۆیە پێویستییەکانی دەرچوواندن پێکهاتووە، لەلایەن ئەم بەڕێزانەوە پێشکەش کرایە:**

١- تەلار لطیف
٢- ڕێواز فائق
٣- خلف احمد
٤- عزت صابر
٥- سالار محمود

٦- ئاواز جەنگی

٧- سعید مسیف

٨- زانا عبدالرحمن

٩- مریم صمد

١٠- صالح فەقێ

١١- بێگەرد دڵشاد

١٢- دەرباز عبدالله

داواکارین لە بەڕێزتان ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار و لیژنەی مەعنی بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری، هەروەها لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان دەکرێت.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای بڕینی مووچەی تاقانە، کە لە (٩) ماددەو هۆیە پێویستییەکانی دەرچوواندن پێکهاتووە، لەلایەن ئەم بەڕێزانەوە پێشکەش کرایە:

١- د. شوان قەڵادزەیی

٢- شکریە اسماعیل

٣- وحیدە یاقۆ

٤- ئێڤار ابراهیم

٥- جمال مۆرتکە

٦- عمر عینایەت

٧- د. ڕێواز فائق

٨- منی قهوەچی

٩- محمد صادق

١٠- عبدالرحمن فارس

١١- باپیر کاملا

١٢- د. پەری صالح

داواکارین لە بەڕێزتان ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار و لیژنەی مەعنی بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان، لیژنەی کاروباری یاسایی، گشت ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت، زۆر سوپاس بۆ لیژنەی یاسایی پەرلەمان، ئێستا دەچینە سەر برگەی دووەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، نوقتەی نیزامی فەرموو د. عزت.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای بیمەی کشتوکاڵی ژمارە (١٢) لە بەرواری (٥/٧) بە هەمان ناونیشان ئاراستەی لیژنەی ئێمە کرابوو، ئەمڕۆ ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی ئێمە نەکرابوو، بۆیە یا ئەویترمان لێ وەگرنەوە یان ئەمەشمان بۆ بنێرن؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئەو پرۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنەی ئێوەش دەکرێت، لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان، کاك ئاری فەرموو نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێویستی دەزانم لە هەموو کۆبوونەوەیەك بیری بەڕێز سەرۆکی بهێنەمەوە، کە ئەو لیژنە کاتییەی کە دروست کرابوو لەسەر کەیسی جینۆسایدی ئێزیدیەکان، ئێمە داوامان کردووە ژمارەیەکی قانونی لەڕێی ئەندامانی پەرلەمان، کە ئەو لیژنەیە هەڵبوەشێندرێتەوە، بۆ بەبیرهێنانەوەی جەنابت جارێکی تر، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەوە چەندجار ئەو باسەورووژێنرایە، لەکاتێکدا ئەو بڕیارە لەدوای ئەوەوە هات، کە دانیشتنێکی نائاساییمان لەسەر کەیسی شنگال کرد، یەکێك لە ڕاسپاردەی لیژنەکانی پەرلەمان ئەوەبوو، کە لیژنەیەکی کاتی بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند بکرێت، خۆتان، هەمووتان دەنگتان پێدا، دروستکردنی ئەو لیژنەیەش لەکاتێکدا بوو، کە خۆتان لە پەرلەمانی کوردستان دەنگتان بۆ ئەوەدا، ئەو لیژنە کاتییە دروست بکرێت، لەم خولەی ئێستای پەرلەمان بۆت هەیە، ناتوانین ئەو بڕیارانەی کە لەم خولەدا ماوە هەر لەم خولەش دەستکاری بکەین، دەبێت چاوەڕێ بکەین خولێکی گرێدان بەسەریدا تێپەڕێت، ئەوکات دەتوانین ئەو بڕیارە هەڵبوەشێنینەوە و، ئەو لیژنە هەڵوەشێنینەوە، بەڵێ کاك ئاری فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەبۆچوونی من بڕیارێك یان قانونێك كە دەردەچێت لە پەرلەمانی دونیایێ، نە ئایەتی قورئانە و دەستكاری نەكرێت و هیچی تر ئەوە یەك، دوو: جەنابتان خۆتان فەرمووتان كە ئەو لیژنەیە لیژنەیەكی كاتییە، ئەگەر هاتو موتابەعە كرابێت ئایا بەرهەمی (ئینتاجی) ئەو لیژنەیە تا ئێستا چی بووە؟ كە هیچ نەبووە، مانای ئەوەیە وابزانم بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان زۆری داوە بە گۆڕان، ئەگەر وایە با گۆڕانكاری تێدا بكەین ، ئێمە لیژنەیەكی دائیمیمان هەیە، بۆ ئەو لیژنەیە هەڵنەستێت بە ئیش و كاری خۆی و ئێوە مەسئولیەتەكە، بارگرانییەكە بخەنە سەر شانی ئەو لیژنەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك ئاری ئەو موداخەلەی جەنابت پەیڕەوی نەبوو، لەبەرئەوەی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەو یاسایانەی یان ئەو بڕیارانەی لەلایەن پەرلەمانی كوردستان لە خولێكی گرێداندا دەردەچێت، پێویستە خولێكی گرێدان بەسەریدا تێپەڕێت، ئەوكات دەستكاری بكرێت هەڵبوەشێندرێتەوە یان گۆڕانكاری تێدا بكرێت، بەڵێ فەرموون ئێستا دەست دەكەین بە بڕگەی دووەم لە بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان بریتییە لە گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژە یاسای هەمواری دەیەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان، ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەمواركراو، بەپێی ماددەكانی (٧٢، ٧٤، ٧٥)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، ژمارە یەكی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموار كرا، داوا لە لیژنەی كاروباری یاسایی دەكەین، كە دەقی پرۆژە یاسای هەموارەكە، راپۆرتی لیژنەی یاسایی لەسەر پرۆژە یاساكە بخوێننەوە، بۆئەوەی بیخەینە گفتوگۆ، فەرموون.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەقی پرۆژە یاسای هەمواری (١٠)یەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان، ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەمواركراو، ماددەی یەكەم/ بڕگەی دووەم لە ماددەی (٩)یەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەمواركراو بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

ماددەی نۆیەم:

دەشێ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان-عیراق سێ وەزیری هەرێمی تیادا بێ.

ماددەی دووەم:

دەبێ ئەنجومەنی وەزیران حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكات.

ماددەی سێیەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەكرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی كوردستان) دا بڵاو دەكرێتەوە و  و هۆكاری دەرچوونی لەگەڵ نییە پرۆژەكە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنە سەبارەت بە پرۆژە یاسای هەمواری یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عیراق، ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو.**

**لیژنەی کاوباری یاسایی ڕۆژی یەکشەممە (٢٣)ی سەرماوەزی کوردی بەرامبەر بە (١٤-١٢-٢٠١٤)ی زاینی کۆبوونەوەی ئەنجام دا بۆ تاوتوێ کردنی پرۆژە یاسای هەمواری (١٠)یەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عیراق ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو، کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە پێشکەش کرابوو، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ژمارە (١٤) لە ڕۆژی چوارشەممە بەرواری (٣-١٢-٢٠١٤) ڕەوانەی لیژنەکەمان کراوە، دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێ کردن لیژنە گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:**

**ماددەی یەکەم:**

**بڕگەی (٢) لە ماددەی (٩)ی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٢) هەموارکراو بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**دەشێ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عیراق سێ وەزیری هەرێمی تێدا بێت.**

**ماددەی دووەم:**

**هیچ تێبینییەکی لەسەر نییە.**

**ماددەی سێیەم:**

**هیچ تێبینییەکی لەسەر نییە.**

**هۆیەکانی دانانی ئەم یاسایە:**

**بە مەبەستی ڕێکخستنی ئەو گۆڕانگارییانەی کە لە کابینەی نوێی حکومەت دا دەکرێت و بۆ زیاتر خزمەت کردنی خەڵکی کوردستان ئەم یاسایە دەرچوێندرا.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڵێ، زۆر سوپاس، ئێستا دەقی ماددەی یەکەم لە ئەصڵی پرۆژە یاساکە و ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری لیژنەی یاسایی بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە گفتوگۆوە.**

**بەڕێزد.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دەقی ماددەی یەکەم لە ئەصڵی پرۆژە یاساکە:**

**بڕگەی دووەم لە ماددەی نۆیەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٢)ی بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**ماددەی نۆیەم:**

**دەشێ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عیراق سێ وەزیری هەرێمی تیادا بێت.**

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم:**

ماددەی یەکەم لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی بڕگەی دووەم لە ماددەی (٩)ی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

دەشێ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق سێ وەزیری هەرێمی تێدا بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ بەڕێزان دەبوو وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان لێرە بێ کە ئەو پەیوەندیدراە بەو بابەتە، بەڵام بەهۆی سەفەری بەڕێزیان نەیتوانی لەم دانیشتنە ئامادە بێت، کاك قادر وەتمان، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرفتی ژمارەی وەزیر و وەزارەت و بریکارەکان و پلەکانی خوار ئەوانی نییە، هەموو لایەك دەزانین کە ئەوەی گرفتە خراپی دۆخی دارایی یە، ئەوە ئاستەنگی سەرەکی یە لەبەردەم پێشکەش کردنی یان جێبەجێ کردنی کارنامەی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی کە ڕایی کردنی خزمەتگوزارییە گشتییەگان لە پێناو تێر کردنی پێداویستی گشتی پێویستی بە دەرامەتە داراییەکانە کە ئەوە نییە، یان کەمە، خەراپە، وەکو ئاماژەم پێدا، بۆیە من پێموایە هەموارکردنی ئەم یاسایە تەنها لە پێناوی زیاد کردنی وەزیرێکی هەرێم، بەڕای من پێویست نییە، چونکە وەزیفەی گشتی ئەمانەتێکی پیرۆزە و خزمەتێکی کۆمەڵایەتیشە، ئەوەی کە ڕادەسپێردرێ جێبەجێی پرۆگرام یان بەرنامە و پلان دەکات، ئێمە بە قانون دێین جێگا بۆ فەرمانبەرێك دەکەینەوە کە لە ڕاستی دا بەرنامەیەك و پلانێکی دیاری کراوی لەبەر دەست دا نییە سبەی بۆ جێبەجێ کردنی لە پێناوی سەرکەوتنی کابینەکەدا، بۆیە بەڕای من ئەوە لە پێناو ڕازی کردن و بەرژەوەندی تایبەتیدایە، کە مەبەستم هیچ لایەنێکی سیاسی نییە، ئەوە لە ڕاستی دا لە دەرەوەی پەرلەمان دەتوانم بڵێم تەوافوقی لەسەر کراوە، جگە لەوە ئەوە بەهەدەر دانی سامانی گشتی یە، بار قورسی دروست دەکات لەسەر بودجە، کە حاڵی بودجە هەمووومان لە هەرێمی کوردستان ئاگادارین، ڕاستە لەوانەیە وەزیر خۆی و پاسەوانەکانی و سایەقێك بێ، بەڵام دیسان ئەوە بار قورسی دروست دەکات، لەگەڵ ئەوەدا لە ڕاستی دا ئەوە داتاشینی پۆستە بەداخەوە، جگە لەوە هەموو ئەو وەزیرانەی کە لەو جۆرەن بەشی زۆریان یەعنی پێویستی ئەرك نەیهێناونەتە وجود، دەتوانم بڵێم بەشێکی کەمیان نەبێ، چەند کەسێکیان نەبێ، ماف و ئیمتیازیان هەیە ئەرکیان نییە، بۆیە من لەگەڵی دا نیم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.فرست صۆفی.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری تەواوی قسەکانی کاك قادر وەتمان دەکەم، پێموایە ئێمە لە هەرێمی کوردستان لە قۆناغێك داین کە خەریکی تەرشیقی ئیدارین و کەم کردنەوەی ئەو پۆستانەین با بڵێین بارگرانابییەکی زۆر لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست دەکات، بۆیە وڵاتێکی وەکو سویسرا کابینەی وەزاری هەمووی پێك دێ لە حەوت کەس، وڵاتەکەش وەکو سەعات بەڕێوە دەڕوات، ئایا ئێمە لەو قۆناغە کە چەندین پرۆژە یاسا خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە، پەیوەستن بە بار و بژێوی خەڵکی کوردستان نایهێنینە بەرنامەی کار و خوێندنەوەی دووەمیان بۆ ناکرێ، دێی یاسایەك دێنێ و تەعدیلی دەکەی کە دیسان ئەویش لەو قەیرانە ئەگەر کەمیش بێ، بەڵام هەر بار گرانی یە لەسەر حکومەت، بۆیە من پێموایە لەو قۆناغە زیاد کردنی وەزیر و زیاد کردنی وەزیری هەرێم ئەگەر چی ئیتیفاقی سیاسیش بووبێ، دەبوایە هەموو کاتێك بیکەین ئێستا نەیکەین، دەبوایە بەڵێن بە خەڵك بدەین، موژدە بە خەڵك بدەین ئەوەندە موئەسەسەمان کەم کردەوە، ئەوەندە مووچە خۆرمان کەم کردەوە، نەك هی تریشی بۆ زیاد بکەین، مەسئولیەتی پەرلەمانە لەم قۆناغە، خەڵك چاوەڕوانی ئەوەمان لێ دەکات حکومەت تەرشیق بکەین، موئەسەساتەکانمان بارگرانییەکان کەم بکەینەوە، نەك وەکو ئەوەی کە ئێستا لێرە هەیە زیادی بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك أبو کاروان، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (أبو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم پرۆژە یاسایەی پێشکەش کراوە بە بڕوای من یەکەمین شت ڕوون نییە، هەر پرۆژە یاسایەك پێشکەش بکرێ دەبێ هۆکارەکە و ئەسبابەکەی دیاری بکرێ، پێویستە لە بەرژەوەندی میللەتەکەمانەوە سەرچاوە بگرێ، دووەمین/ هەدەف چییە و ئەرکی چییە؟ ئایا ئەنجومەنی وەزیران چەند پێویستی بەوە هەیە؟ ئەوە هەمووی دیار نییە، بە تایبەتی وەکو کاك قادر و دکتۆر وتیان، ئێمە خۆمان دەزانین لە ئەزمەیەکی مالی داین، لە شەڕێکی گەورەداین، پێویستیمان بەوە هەیە، بۆیە من جارێ یەکەمین شت تێناگەم، نە پەیوەندی بەلایەنەوە هەیە، نە پەیوەندی بە شەخصەوە هەیە، هیوادارم تێبگەم، بەڵام ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم، یەکەم بەرنامەی ئەوە بوو پێویستە وەزارات تەرشیق بکرێ، دامەزراندن چڕ بکرێتەوە، کەم بکرێتەوە، بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوە لە ژێر هەر ناونیشانێك بێ ئەوانەی کە پێشتر ڕەخنەمان لێ دەگرت، کە وەزارەت زیادە، فەرمانبەر زیادە، مووچەخۆر زیادە، کەچی ئێستا بە پێچەوانەوە کار دەکەین، بۆیە منیش لەگەڵ ئەو برادەرانەم، من لەگەڵ ئەو پرۆژەدا نیم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو شكرية إسماعيل، فەرموو.

**بەڕێز شكریە إسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو خاڵم هەیە، خاڵی یەكەم/ كەلیمەی (دەشێ) ئەگەر بكرێ بە (دەگونجێ) زۆر باشە، خاڵی دووەم/ بەڕاستی من زۆر پێم سەیرە، دیارە ئێمە هەموومان ئەوەمان بە چاوی خۆمان دیت چەند لایەنێك ماوەی حەوت مانگ نەیانهێشت حكومەت پێك بێت، لەبەر ئەوەی بە ئیستیحقاقی ئینتیخابی خۆیان ڕازی نەبوون، زۆر لە حەقی خۆیان زیاتریان داوا دەكرد، دەیانویست هەندێ لایەن بێ بەش بكەن، دیارە سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران كە ئەم داوایەی كردووە ناچار بووە كە سێ وەزیری هەرێم دابنێ، دیارە ناكرێ هەندێ لایەن بێ بەش بكرێن و هەندێ لایەنی تر، ئەوەمان بەچاوی خۆمان دیت بۆ پێكهێنانی بەشداری كردن لە حكومەتی عیراقیش بە هەمان شێواز، بەتایبەتی لەڕاستی ئیسلامییەكان بێ بەش كران، وەكو ئیستیحقاقی ئینتیخابی خۆیان پێ نەدرا، جا من هیوادارم ئەوانەی كە ئەو داواكارییە دەكەن دەبێ بەلایەنە سیاسییەكانی خۆیان بڵێن بە ئیستیحقاقی ئینتیخابی خۆیان ڕازی بن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو شكریە، ئەندامانی تری پەرلەمان ڕای خۆیان دەڵێن، جەنابیشت ڕای خۆتت وت، تكایە تەعقیب لەسەر ڕای یەكتر مەڵێن، بەڕێز د.شوان قەڵادزەیی، فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفی باوەمیر (د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماوەیەكە كوردستان بە قەیرانی دارایی دا دەڕوات، سیاسەتی گرتنەوە و تەقەشوف كردن لەلایەن حكومەتی هەرێمەوە گیراوەتە بەر، تەنانەت چەندین پرۆژە لەلایەن فراكسیۆنەكان پێشكەش كراوە بۆ كەم كردنەوەی نەسریە و مووچەی هەر سێ سەرۆكایەتییەكەی كوردستان و پەرلەمانتار و وەزیر و پلە تایبەتەكان، لەكاتی سەردانەكەی بەڕێز قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆكی حكومەتی كوردستان بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان و كۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك فراكسیۆنەكان، بەڕاشكاوانە باسی لەوە كرد كە ساڵی (٢٠١٥) ساڵی تەقەشوف و كەم كردنەوەی هەندێ بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەكانی حكومەت دەبێ، بەمەبەستی ڕووبەڕوو بوونەوەی قەیرانی دارایی، تا ئێرە هەمووی سیاسەتێكی باش و ئیجابی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەڵام زیاد كردنی وەزیرێك، وەزیرێكی هەرێم لەو قۆناغەدا هیچ بە پێویست نازانین، چونكە دەبێتە مایەی بارگرانی لەسەر سامانی گشتی و بودجەی هەرێمی كوردستان، چونكە بەو هۆیەوە چەندین فەرمانبەر و بەڕێوەبەر و نەسریەی پێویست بۆ ئەو فەرمانگەیە دادەنرێت، خەڵك چاوەڕێی ئەوەیە وەزیر و وەزارەتەكان كەم بكرێنەوە، نەك لەبەر خاتری بەرژەوەندی تەوافوقێكی پێنج حیزبی بۆ ئەوەی نێو ماڵی ئەو حیزبە، چۆن دەڵێی برایەتییەك و تۆكمەییەكی پێوە دیار بێ لەسەر حیسابی بودجەی گشتی، لەسەر حیسابی خەڵك هەموو بڕیارێك ئەنجام بدرێ، لەبەر ئەوە بە هیچ شێوەیەك بە پێویست نازانرێت مادام

سیاسەتی تەقەشوف گیراوەتە بەر، زیاد کردنی وەزیرێك، وەزیری هەرێم بێ یان هەر وەزیرێکی تر، ئەوە جێگری سەرۆکی حکومەت کە دێتە پەرلەمان ئەوە بەیان دەکات، پێویستە پەرلەمانی کوردستانیش بە ئەهمیەتەوە گوێ لەو بابەتانە بگرێ، چونکە ئێمە کە پرس و ڕا دەکەین بە حکومەت ئەوە سیاسەتی حکومەتە، کەم کردنەوە نەك زیاد کردنی وەزیری هەرێم، ئێمە هەمووشمان باسی بەرژەوەندی باڵای هەرێمی کوردستان دەکەین، ئەگەر لەبەر خاتری لایەنێکی سیاسیش دایە، با ئەو لایەنە سیاسییە لەبەر خاتری بەرژەوەندی باڵای خەڵکی کوردستان واز لەو پۆستە بهێنێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز د.شوان قەڵادزەیی، ئەوە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشیان نەکردووە، ئەنجومەنی وەزیران پێشکەشی کردووە ئەم بڕیارە، واتا ئەوە موتەناقیز نییە لەگەڵ بڕیارێك ئەنجومەی وەزیران دابیتی، بەڕێز کاك بەهزاد درویش، فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد درویش درویش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکی تان کە ئاماژە پێکرد خاڵا من ئەولەوی بی، ئەڤە کە ئەڤ پرۆژە یاسا نە لە ڕێگای ئەندام پەرلەمان هاتە پێشکەش کرن بەلکو ڕێگا سەرۆکایەتیا ئەنجومەنا وەزیران هاتیە پێشکەش کرن، بەر هەندێ دیارە دەسەڵاتی جێبەجێکار هەندە جارا زۆر پێویستی بە گۆڕانکاریا دبیتن، ئەمە شتەکی ئاسایی یە، دیارە حاجەتی هەی، ئەڤە خاڵەك، خاڵا دی/ تەئکید یەعنی ئەڤە تەمامکەرە کابینا هەشتە، یەعنی ئەڤ وەزارەتەکا دێتە ئیزافە کرن، تەمام کرن، یەعنی  تێنەگەین کە تشتەکی زێدەیە، یەعنی دیارە وەزیری هەرێم پیچەك وەك وەزیری فیعلی نییە، تەئخیر تر بوو ئەو مەوزوعە، بەر هەندێ سەرۆکایەتیا ئەنجومەنی وەزیرانیش ئەڤ یاسا یەعنی بڕیار سەردان هاتنە ئێرە، قەناعەتا من ئەڤە دیڤ حکومەتا کابینا هەشتیا فراوان تەوافوقیا لەسەر هاتنە کرن، خاڵەکا دی/ کە دبێژیتن ماددەکە دەشێ مروونەتا تێدا هەی، حاجەت هەی، یەعنی ئەنجومەنا وەزیران دەشێ دکاتە سێ، دەشێ دکاتە دوو، لێرە دیارە حاجەت دکاتە سێ، ب تایبەتی هەرێما کوردستانێ گەلەك حالاتی (طارىء) دچڤیتن، لەگەڵ ئاوارە، لەگەڵ ئەم بێژین، هەمیان بێژین ئاوارە لە هەرێما کوردستان دا نزیکی مەلیۆن و پێنج سەد هزار ئاوارە ل هەرێما کوردستانێ هەی، بەلام تەنسیقەکا جدیی نینە بۆ نموونە ڤێ گەل وێ ئەنجومەنی وەزیران لیژنەکا پێك هینایە، لیژنکا بالا، کو بۆ ڤێ پرسا ئاواران، ئێك ژ وان مەسەلەن وەزیری ئاوەدان کرنێ بۆ نموونە یێ کریە سەرۆك لیژنە، لێرە دیارە پێویستییەکا هەی، ئینجا چ بۆ مەسەلەی ئاوارە بیت یان غێر مەسەلا دی، ژ بەر هەندێ قەناعەتا من هەم تەوافوقە هەم حاجەتیشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ئاری هەرسین، فەرموو.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مولاحەزەیەك دەدەین بە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کە قاعەکە تەقریبەن خەریکە چۆڵ دەبێت، هیوادارم بۆ کاتی دەنگدان لەسەر ئەو پرۆژە قانونە ئاوا نەبێ، وەڵلاهی پێش هەر شتێ من زۆرم پێ خۆشە کە ئەم پەخشانە ڕاستەوخۆن، لەبەر ئەوەی دەردەکەوێ جارێکی تر بە تەئکید سیاسەت کردن بریتی یە لە حەزی دەسەڵات و تەمەتوع کردن بە دەسەڵاتەوە، هەر حیزبێك کە ئەندامی خۆی ناردۆتە ئەم مەجلیسە بەڕێزە، بۆیە ناردویەتی بۆ ئەوەی بەشێك بێ لە دەسەڵات، یان تەئسیری هەبێ لەسەر بڕیاری سیاسی لە وڵاتەکەمان، لە وڵاتی ئێمە، من ئەوەم بۆ ئەم مەبەستە وت کە هەندێ کەس لە هەندێ تەصریح دا، هەتا لە دەرەوەی پەرلەمان بە جۆرێك قسە دەکەن کە گوایە ئەوان لە دەرەوەی بازنە و مەنزوومەی دەسەڵاتن، خەڵکی ترە لەو وڵاتەدا حوکم دەکات، کە کاتێك پێویستیان پێ دەبێ ئەو کاتە دێنە دەنگ، بە مەعنای خەڵکی سلێمانی گۆشتەکەی دەخۆم بەڵام گۆشتاوەکەی ناخۆم، دێمەوە سەر ئەصڵی مەوزوع، مەسەلەی یەکەم/ خۆزگە وڵاتی ئێمە وڵاتێك بوایە وەکو فەرەنسا و وەکو سویسرا، ئەوەی بەسەر ئەم وڵاتە هاتووە بەسەر هیچ وڵاتێکی دیموکراسی لە ئەوروپا نەهاتووە، بۆیە موقارەنە کردنی کوردستان بە وڵاتێك کە بەشداری دوو شەڕی جیهانی نەکردبێت ئەوە ئەستەمە، ئەوە یەك، حوکمی سیاسی لە وڵاتی ئێمەدا حوکمێکی ئیئتیلافی یە، یەکڕیزی نیشتیمانی یە، زۆربەی بڕیارەکان ئەگەر نەڵێم هەمووی، هیوادارم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان گوێی لە قسەکانمان بێ، ئەگەر نەڵێم هەموو بڕیارەکان زۆربەی بڕیارەکان کە لە کوردستان دەدرێ لە دەرەوەی ئەم پەرلەمانە موناقەشەی لەسەر کراوە، تەنانەت ئەو حیزبانەی کە دەیانوت خەتای دوو حیزبی سەرەکی یە کە نایەڵن بڵێین پەرلەمانی کوردستان ببێتەوە بە سەرچاوەی بڕیار، ئێستا خۆیان لە دەرەوەی پەرلەمان ئیتیفاق دەکەن، لەسەر هەموو ڕێککەوتنەکان، بۆیە ئەوەی کە کراوە، ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران بەبۆچوونی بەندە ناردویەتی، لەسەر ئەساسی ئەو حکومەتە یەکڕیزی نیشتیمانی یە کە کابینەی هەشتەمی لەسەر دارێژراوە، ئێمە خۆمان دەزانین کە بەڵێ لە کوردستان دا ئێستا قەیرانێکی دارایی هەیە، ئەگەر هەر کەسێ نوقتەی نیزامی هەیە ئەگەر مامۆستا نایبینێ، نوقتەی نیزامی هەیە، ئاخر من ناتوانم تەرکیز بخەمە سەر قسەکانم لەبەر ئەوەی بە بەردەوام ئاوا دەکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ئاری، جەنابت قسەکانت تەواو بکە، دوایی نوقتە نیزامییەکەش وەردەگرین.

**بەڕێز ئاری محمد هەرسین:**

زۆر باشە، زۆر سوپاس، بە تەئکید ئێمە متمانەمان دا بە حکومەت و بە کابینەی هەشتەم، بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ئەو تیمەی کە لەگەڵی دا ئیش دەکات، سیقەشمان بەوەیە کە داوایەکی لەو بابەتەی (دەشێ سێ وەزیر زیاد بکرێت)، بە تەئکید ئەوە لە دوو سەرچاوەوە هاتووە، ناخۆشە ئینسان قسەی خۆی دووبارە بکاتەوە، یەکەمیان/ لەسەر ئەساسی ئەو ئیتیفاقیە هاتووە کە کابینەی هەشتەمی لەسەر بنیات نراوە، ئەویش یەکڕیزی نیشتیمانی یە، لەوانەیە هەندێ کەس پێی بڵێن تەرزیەی هەندێ ئەحزابە، ئەگەر

واش بیّ من به شتێكی باشی دەزانم، ئەگەر ئەم پەرلەمانە بـەڕێزە، ئەگـەر ئێمـە پرسـیارمان هەیـە لەسـەر ئەوەی كە ئایا ئەم (دەشیّ)یە، ئەم یەك وەزیرە، یان ئەم دووە، یان ئەم سیّ یە كە دەتانەویّ زیـاد بكـریّ لـە ناو كابینەكەدا، ئەگەر ئێمە حەزمان لە وردەكارییەكەیەتی، ئەم موناقەشەی كە لێـرەدا دەیكـەین بـە ڕەئـی من ناگاتە نەتیجە، دەبیّ بە یاداشتێك بۆ ئەنجومەنی وەزیران بـۆ ئـەوەی جـەوابی ئـەو پرسـیارە بدەنـەوە، مەسەلەیەكی تر، مەسەلەی تەقەشوف، بـە بۆچـوونی مـن ئەوەنـدە مـەجال هەیـە بـۆ تەقەشـوف كـردن لـە كوردستان، ئەوانەی كە لە ریزیات دا باشن، ئەوان دەتوانن حیساباتێك بكەن، ڕیزبەندیـەك بكـەن، زەرب و تەقسـیمێك بكـەن، ئینجـا تـیّ دەگـەن كـە ئـەم مەصـرەفەی كـە لـەم (دەشـیّ)یە دەكـریّ، لـەم سـیّ وەزیـرەی هەرێمە، ئەوەندەی قازانجی هەیە بە بۆچوونی بەندە بۆ بەهێزكردنی یەكڕیزی نیشتیمانی، ئەوەندە زەرەر نـادا لـە بـاری دارایـی. هـەروەك دەزانـین ئـەو وەزیرانـەی لـە هـەموو حزبـە سیاسـیەكانی كوردسـتان، ئـەو وەزیرانەی دەست بەكاربوون لە پێش هەموو شتێك دا سەیارەیان بۆ خۆیان كڕیوە، ئـەو حزبـە سیاسـیانەی كە ئێستا ڕەخنە دەگرن، لـە مەسـەلەی تەقەشـوف بـا بـیریّ لـەوە بكەنـەوە، ئـەم وەزیـرە تازانـەی..... بـەڵیّ پەیوەنـدارە، لەبەرئـەوەی باسـی ئـەوە كـرا ئەمـە پـارە سـەرف دەكـات لـە كاتێـك دا ئێمـە وەزعـی داراییمـان خراپە، منیش دەڵێم ئەگەر بەڕاستی وایە، حەق بوو لە پێشدا باسی ئـەو وەزیرانـە بكـریّ كـە موستەشـاری تازەیان دامەزراندووە، خەڵكی سكرتێریان دامەزراندووە، سەیارەیان بۆ كڕاوە، حیمایەیان دراوەتیّ، ئەمـەش مەسرەف كردنە لە بودجەی گشتی، ئینجا بۆیە ئەو چیرۆكە درێژە كورتی دەكەمەوە، جارێكی تر پشتیوانی لەم پرۆژەیە دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك ئومێد نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامییە بەو حوكمەی ئێمە لێرە گوێبیستی هەندێك قسە بووین كـە ڕووبـەڕووی ئێمـە بوویـەوە، بۆیە من دەمەویّ جەخت لەسەر دوو خاڵ بكەمەوە، بەڵیّ زۆر باوەڕمان بـە گـۆڕان هەیـە، لـەڕابردوو ئێمـە ڕەخنەمان لەسەر ئەو ڕێكەوتنانە هەبووە كە پێكهێنـەری یـان دامەزرێنـەری یـەكڕیزی نیشـتمانی نـەبوون، بۆیە هەر ڕێكەوتنێكی سیاسی، یەكڕیزی نیشتمانی دروست بكات، ئێمە لەگەڵین...... .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

ئەمە نوقتەی نیزامـی نییـە، تكایـە تـەعقیب مـەدەن لەسـەر ڕای ئەنـدامانی تـری پەرلـەمان، كـاك قارەمـان فەرموو.

**بەڕێز قارەمان قادر فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵبەتە قسەكەم لەسەر قسەی هیچ كام لە بـرادەران نییـە، بـەڵام مەسـەلەی كـە باسـی وەزیـرەكـان دەكـرێ، وەزیرەكان كۆمەڵێك تەقەشوف ئەو وەزعە داراییەی هەیە لە هەرێمی كوردستان چاك بكرێ، بەڵام خـۆ بـە هەزاران تەنكەر نەوت دەڕوات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا كاتێك كە دەرفەت دەدرێتە هەر پەرلـەمانتارێك زەمیلێكـی بـەڕێز كـە قسـە دەكـات دەبـێ پشـت بەسـتێ بـە ماددەیـەك، بڕگەیـەك لـە پـەیڕەوی نـاوخۆ بـەدەر لـەوە، ئـەو قسـەیە قسـەیەكی نیزامـی نییـە، هیوادارم بەڕێزیشتان دەرفەت نەدەن بۆ ئەوەی تەشەنوجێك دروست نـەبێ، ئێمـە وەكـو پەرلـەمانتار دەبـێ ئاگامان لە دەسەڵاتەكان بێ، دەسـەڵاتی پەرلـەمان لـەكوێ دایـە، دەسـەڵاتی دەسـەڵاتی جـێ بـەجێ كـردن لـە كوێدایە؟ بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ مـاددەی (٧١) دەسـەڵاتی داوە بـە ئەنجومـەنی وەزیـران پـرۆژە بڕیـار یـان پرۆژە یاسا پێشكەشی پەرلەمانی كوردستانی بكات، پرۆژەیەكە و پێشكەش كراوە، لیژنـەی مـەعنی ڕاپـۆرتی لەسەر ئامادە كردووە و دوای ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە و یەكلا بكرێتەوە،بەڵام پرسیاری من لێرەدا ئەوەیـە تەبریر بـۆ ئـەم پێشكەش كردنـە و زیادكردنی ئـەو وەزارەتـە لەلایـەن ئەنجومـەنی وەزیرانـەوە چییە، لـە كاتێك دا بە پێی عورف هەر پرۆژە یاسایەك یان هەر پرۆژە بڕیارێك پێویستە هۆكاری دەرچوونی لەگەڵ دابـێ یـان ئەسـبابی مـوجبی لەگـەڵ دابـێ، بـۆ پەرلـەمانی كوردسـتان ئـەوە ڕوون نەكراوەتـەوە، هۆكـاری پەیوەست بوونیان بەو حەقیبە ویزاریە چییە یان وەزارەتی هەرێمـە چییە؟، لەبەرئـەوە ئەگـەر بگونجایـە ئەمە تەئجیل ببێ جارێكی تر ئاراستەی ئەنجومـەنی وەزیـران بكرێتـەوە موبـەریری خۆیانیـان بـدەنێ، بـۆ ئەوەی ئێمە تووشی ئەم سجال و جەدەلە نەبین و تەعەروزی دەسەڵاتیش نەكات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆكی پەرلەمان):**

دوایی لیژنەی یاسایی ڕوونكردنەوە دەدەن، كاك حاجی كاروان فەرموو.

**بەڕێز كنعان نجم الدین(حاجی كاروان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئیشم بەوە نییە كە چ لایەنێك یان چ كەسێك ئەو وەزارەتەی وەرگرتووە، بەقـەد ئەوەنـدەی كـە ناوچـە كوردستانییەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان لە ئایندەدا یان موستەقبەلێكی داهاتوودا ئەوەندە گرنگە كە ئیهتمامی پێ بدرێ، جێی خۆیەتی هەر كەسێك بێت، لەوە دەچێت، یـەعنی مـن تەمـەنا دەكـەم پـڕ بـە دڵ، تەمەنای ئەوە دەكەم كە ئێمە تا خولی ئەم پەرلەمانە تەواو دەكەین ئەو ناوچانە بە تەواوەتی بێتەوە سـەر هەرێمی كوردستان، پێویستمان بەو وەزارەتە نەبێ، بەڵام بۆ ئەم سێ ساڵە بە تایبـەتی زۆر زەرورە، چونكە

ئێمە خەڵکی ئەو ناوچانەیەن بە تایبەتی کەرکووك، ئەو کێشانە ئەگەر بێتو لە ئاستی وەزارەتێك دا نەبێ، لەو ناوچانە هەیە بە تایبەتی ئێستا دەبینن ناحیەی ئەمنی و ئیقتیسادی کەس نازانێ بەرەو کوێ دەچێ؟ لەبەرئەوە بەڕاستی بوونی وەزارەتێك، بەڵام بە پاڵپشتی دارایی و بە پاڵپشتی پەرلەمان ئەو وەزارەتە تەفعیل بکرێن، نەك لەبەر خاتری خاترداران وەزارەتێك دروست کرابێ و لەبەر خاتری ڕەزامەندی لایەنێك وەزیرێك دانرابێ، دەبێ بە جدی ئێمە پاڵپشتی ئەو حاڵەتە بین، ئێمە مادام چاودێرین لەسەر ئەو وەزارەتانە دروست بوونی دڵخۆشکردنە بۆ خەڵکی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بۆیە بەڕاستی جێی خۆیەتی هەمووان پاڵپشتی بکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا لە هۆکاری دەرچوواندنەکەوە دەست پێ دەکەم کە دەڵێ بە مەبەستی ڕێکخستنی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە کابینەی (٩) دا حکومەت دەیکات، بەڵام دەکرا، دیاری بکرایە، ئایا ئەو وەزیرەی کە زیاد دەکرێ بۆ کوێ زیاد دەکرێ؟، یا چ دەستە و وەزارەتێکی پێ دەدرێت؟، ئێمە هەموومان دەزانین لە هەرێمی کوردستان دا هەڵاوسانێکی ئینجگار گەورەی فەرمانبەرانمان هەیە لەڕاستی دا، هەمووشمان دەزانین دەیان هەزار فەرمانبەر کە ئەوەی پێی دەوترێ بن دیوارمان هەیە، بۆیە ئەگەر ئەم وەزیرە دەستەکە یان وەزارەتەکەی بۆ دیاری نەکرێ، لەڕاستی دا چۆن فەرمانبەری بن دیوار هەیە وەزیری بن دیواریش دروست دەبێ لەم حاڵەتە؟، من ئەو قسانەی کە دەیکەم لەڕاستی دا مەبەستم هیچ، دیارە ئەم وەزیرە ئەدرێ بەهەر لایەنێکی بەڕێز ئەگەر بەر لایەنەکەی خۆشم کەوێ کە بزووتنەوەی گۆڕانە هەمان قسە دەکەم لە هەرشوێنێکیش دا بووە، من بۆیە پێشنیارێکم هەیە، لەساڵی ٢٠١٠ ەوە لە کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دا بڕیارێك دەرچووە بە دامەزراندنی دەستەی پاراستنی مافەکانی بەکاربەر لە هەرێمی کوردستان دا، بەڵام ئەم دەستەیە تا ئێستا بوونی نییە، بۆیە پێشنیاری من ئەوەیە ئەگەر ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان پێشنیارەکەی من پشتگیری بکەن، ئەو دەستەیە کە کارا بکرێ و دابمەزرێ و ئەو وەزیرە بەڕێزەی کە زیاد دەکرێ بکرێتە بەرپرسی دەستەی پاراستنی مافەکانی بەکاربەر، چونکە لە ئێستادا ماوەی چوار ساڵە بڕیار دراوە و دروست نەکراوە، هەرێمی کوردستان لە ئێستادا بەڕاستی بێ دامەزراوەییەکی لەو شێوەیەی بە ئاشکرا پێوە دیارە و خەڵکی کوردستان لەڕاستی دا یان بەکاربەر لە هەرێمی کوردستان دا لە ڤەیرانێکی خراپ دایە و ڕۆژانە بە هەزاران تەن خواردن و خواردنەوەی خراپ و ئێکسپایەر دێتە ئەم وڵاتەوە بۆیە بە بڕوای من دامەزراندنی ئەو دەستەیە و ئەو بەڕێزەی کە دەکرێتە وەزیر بۆ ئەم بەشە، ڕەنگە لە هەندێ دەستەی دیکە کە ئێستا لە کاردان باشتر بێ، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا هەر بە پێی ڕۆژەکەش کە مادام لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە بە پێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆ پێویستە یەعنی ئەو لایەنەی کە پرۆژەکەی پێشکەش کردووە خۆی لێرە نوێنەرێکی ئامادەبووایە، یەعنی بۆ ئەوەی لایەنی کەم وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتارانی بدایەتەوە و ڕوونی کردایەتەوە و قەناعەتی بهێنایە بە بەڕێزانی پەرلەمانتاران بۆ ئەوەی کە ئەمە پێویستە و بۆ ئەوەی لەڕاستی دا بتوانرایە ئیشەکە بە ڕێك و پێکی بڕوا بەڕێوە، کێشەی زیاد کردن و زیاد نەکردنی ئەم وەزارەتە لە ئێستادا لەڕاستی دا ئەوە نییە کە بۆچ لایەنێکە یاخود کێ ئەو پۆستە وەردەگرێت؟، بەقەدەر ئەوەی کە هەمیشە دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن لە هەرێمی کوردستاندا خۆی باسی با بڵێین بارگرانییەکی قورس دەکات لەسەر دامەزراوەکانی، باسی بارگرانی قورس دەکات لەسەر بودجەکەی، باسی بارگرانیەکی قورس دەکات لەسەر ڕێژەی فەرمانبەرانی بەجۆرێك وای لێ هاتووە ئێستاکە کەمترین خەڵك لەهەرێمی کوردستان دا لە دەرەوەی دامەزراوەکانە و پەیوەستە بە زەوییەوە، پەیوەستە بە کارەوە، پەیوەستە بە با بڵێین جۆرێك لە وەبەرهێنانەوە لە هەرێمی کوردستاندا، بۆیە لەڕاستی دا دیسان دەیڵێمەوە پێویست بوو لایەنی جێ بەجێ کار کە پرۆژەکەی ناردووە خۆی لێرە بووایە و لەڕاستیش دا هەمووشمان لەگەڵ ئەوەین بە تایبەتی من دەتوانم لە جیاتی هاوڕێکانیشم قسە بکەم کە ئێستاکە لەناو هۆڵەکەدان، لەسەدا سەد لەگەڵ ئەوەداین کە دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن بە شێوەیەك ڕێکبخرێت لە هەرێمی کوردستاندا کە بە کەمترین ژمارەوە بتوانێ زۆرترین خزمەتگوزاری پێشکەش بکات، ئەمە بۆ هەموو شوێنەکانی تریش ڕاستە و هەمووشمان و بە تایبەتی دیسان دەیڵێمەوە لە جیاتی هاوڕێکانم دەتوانم ئەو قسەیە بکەم کە کار لەسەر ئەوە دەکەین کە کەمترین بودجە بەهەدەر بدرێ لە هەرێمی کوردستان دا بەڵکو زۆرترین خزمەت بە خەڵکی هەرێمی کوردستان بکرێ، لەسەر هەموو ئەو پەیامانەش سوورین کە لە ڕابردوو گوتوومانە و هەر کاتێکیش خەڵکی کوردستان زانی کە ئێمە لەو جۆرە پەیامانە پاشگەز بووینەتەوە، ئەوا خەڵکی کوردستان دەکەین بە حەکەم، کە قەزاوەتمان لەسەر بکات، لەو کاتەی دەچینەوە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان و دیسان دەیڵێمەوە، ئومێد دەکەین کوردستانێکمان هەبێ کوردستانی هەمووان بێ، نەك کوردستانی لایەنێکی دیاری کراو بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، لەبەرئەوەی کە زۆربەی قسەکان لەسەر ئەوەیە کە مەبەست لە پشت ئەم پرۆژە یاسایە چییە؟، لیژنەی یاسایی لەگەڵ حکومەت قسەیان کردووە، ڕوونکردنەوەیان هەیە لەسەر ئەوە هەیە کە ناوەکان تەواو بکەین، گفتوگۆکانمان تەواو بکەین، من بە پێویستی دەزانم کە لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوەیەك

بدات لەسەر ئەم پرسە، بەداخەوە لە بەر سەفەری بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان نەتوانرا ئامادە بن لە کۆبوونەوەکە، نوقتەی نیزامیمان هەبوو بەڕێز د.ابراهیم فەرموو.

**بەڕێز د.ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل داخازەکا وەکی ئەندام پەرلەمانەکی ل سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ دکەم، وەختێ ئەندام پەرلەمانەك موداخەلەیەکی دکات ئەز هێڤی دکەم ئەو ئەندام پەرلەمانە ب جۆرێ نەسیحەتا نەیەت حکومەتەکا خەیاڵی بۆ خۆ دانێت و شوینی بۆ من پچڕ پچڕ کات، لبەر هەندێ تە دشێ وان موقاتەعا بکەی، یەعنی وەختێ تو دزانی حدودێ ئەندامیاتیا خۆ دەرکەتن و بوونە حدودێ نەسیحەتێ، یەعنی ڕاستیا ئەڤ حیکمەتە نا هەندیە کو برادەرەك مە نەسیحەتا کەیفا خۆ وەزارەتا کێم کات و درێژ کات و لاپەڕە ل مە زێدە بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق / سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە تۆزێك دان بە خۆتاندا بگرن، هەر یەکە و قسەیەکی خۆی بکات و ڕای تایبەتی خۆی بڵێ، ئێمە ئێستا بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ ناتوانین کات بۆ قسەی ئەندامانی دابنێین، بەڵام ئەندامی پەرلەمان مافی خۆیەتی ڕای خۆی بڵێ، ئێوە دەزانن و ئاگادارن کە هەر کاتێك تەعقیب لەسەر ڕای ئەندامانی تری پەرلەمان بدرێ، موقاتەعە دەکەین، بەڵام من بە دڵم بێت، وەکو سەرۆکی پەرلەمان یان هەر ئەندامێکی تری پەرلەمان بەدڵی بێ یان نا ئەندامی پەرلەمان مافی ئەوەی هەیە قسەکانی خۆی بکات، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە لە لیژنەی یاسایی کاتێك لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە کۆبووینەوە دیارە پشتیوانی قسەی هەموو ئەندامان دەکەین و سەرۆکایەتی پەرلەمان کە قسەیان لەسەر ئەوەکرد کە دەبووایە ئەم پرۆژە نوێنەری حکومەت لێرە بیت، بەڵام هۆکارەکەش ڕوونکرایەوە کە بۆچی لێرە نییە، بۆیە ئێمە لە بەدیلی ئەوەی کە لێرە نین بۆتانی ڕوون دەکەینەوە، یەکەم/ سێ وەزیر زیاد ناکرێ، دوو وەزیری هەرێمی هەیە و تەنها یەك وەزیر زیاد دەکرێ، چونکە بە پێی یاسای هەمواری ئەنجومەنی وەزیران، دوو وەزیری هەرێم لە خولی پێشوو زیاد کراوە، ئێستا وەزیرەکی دیکە ئیزافە دەکرێ، دوو/ عینوانی وەزیری هەرێمی لە هەموو هەموارەکان دا لە دوو وەزیرەکەی هەرێمی تریش عینوانیان دیار نییە، بۆ؟ بۆ ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران دەستی کراوە بێ، کە ئەم وەزیری هەرێمە بۆ کام شوێن و بۆ کام بوار و بۆ کام لایەن دادەنێ؟، بۆ نموونە ئێستا ئێمە وەزیری هەرێممان هەیە بۆ کاروباری پەرلەمان و حکومەت، بەڵام لەناو یاسایەکە دا ناڵێ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و حکومەت، وەزیری هەرێمە، بەڵام ئەم ئەرکەی پێ دەسپێردرێ، هەر لە خولی پێشوو هاوڕێیانم بەشێك لێرە ئاگادارن لە هەموارەکەدا قسە لەسەر ئەوە کرا وەزیرێکی هەرێم بۆ کاروباری ئێزیدی دابندرێ، بەڵام خۆمان لە هەموو

تەسمییەك دوور خستۆتەوە و وەزیری هەرێمی دادەندرێ بۆ چ كارێك؟، بەڵام حەقی خۆیەتی ئەندام بپرسێ بۆچی لە پشت ئەم ستراتیجیە كە ئەم وەزیری هەرێمە دادەندرێ بۆچییە؟ دیارە ئێستا ئاوارەیەكی زۆر لە هەرێمی كوردستان بوونی هەیە كە خۆتان ئاگادارن ئەم وەزیرە هەرێمە بۆ شئونی كاروباری ئاوارەكانە لە ئێستا لە كابینەیەكی دیكە بۆ پرسێكی دیكە بێ، بەڵام بە پێی بەدواداچوونی لیژنەی ئێمە لەگەڵ حكومەت كە قسەمان كرد لە پێش نووسینی ڕاپۆرت ئیتفاق كراوە دەنگی لەسەر دراوە لە ئەنجومەنی وەزیران كە ئەم وەزیری هەرێمە بۆ كاروباری كۆچ و كۆچبەرانە و سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق / سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو امنە فەرموو.

**بەڕێز امنە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ل خولا چویا پەرلەمانێ وەكی هاڤكارێ من كاك گۆران ژی ئاماژە پێدا موناقەشە لسەر هەندێ گەلەكی هاتە كرن كو وەزیر بۆ وەزیرێت هەرێمێ بهێنە زێدە كرن، ئێك ژ وان وەزیرێ كاروبارێ ئێزیدیا و ئی دی ژی بۆ كاروبارێ پەرلەمانێ، لێ ئەم هەمی دزانین بحەجەتا ڕەشیڤكرنا كارێ حكومەتێ و بتایبەتی ژ لایێ ئۆپۆزسیۆنا بەرێ ڤە، ئەڤ بابەتە هاتە ڕەت كرن و ئەم نەشاین كاروبارێ ئێزیدیان زێدە بكەین، بەردەوام ژی گوتارێ سیاسێ خۆ دا هەمی ئەحزابێن سیاسی بەحسێ هندێ دكەن ب تایبەتی پروپاگەندەیت هەڵبژاردناندا، هەمی فراكسیۆنێت پەرلەمانی ژی كۆكن سەر هەندێ كو بابەتێ ڕاكێشانا یا ڕەئیا پێكهاتا نەتەوەپەرەستنێ و مافێت پێكهاتا و نەتەوە و ئاینێت دگەل مەدا دژین بێتە پاراستن، ئەز لگور وێ ڕوانگەهێ بتایبەتی پاراستنا مافێ ئەدیانا، ل هەرێما كوردستانێ دا وەكی حەقەكی ڕەوایێ كوردێن ئێزدی و وەك سەرەتایی ترین مافێن وان كو ئەڤرۆكە وەك بەشدار كرن ل دەوڵەتێ دا، ئەز باش بینم مادام ئەم موناقەشە لسەر ڕاست ڤەكرنا وێ برگا یاسایی دكەن كو خولا پێشوو ئەم نەشاین جێ بەجێ بكەین، وەك داخازیەكا كوردێن ئێزدیی كو داخازیەكا ڕەوای وانە ئەو بارودۆخێ كو هەنووكەیی بتایبەتی سەر كوردێن ئێزیدی دەرباز بوو، ئەز پێشنیار دكەم كو وەزیرێ كاروبارێ ئێزیدی بهێتە زێدە كرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق / سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای پشتیوانی كردن لە پێشنیارەكەی بەڕێز امنە خان، ئێمە دەربارەی بابەتێك قسە دەكەین كە پێشتر لەڕووی شكلیەوە ڕێكەوتنمان لەسەری هەبووە، واتە مەسەلەی هەموار كردنی دەیەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیران پەیوەستە بەو ڕێكەوتنەی كە حكومەتێكی بنكە فراوانی كۆدەنگی نیشتمانی لەسەر پێك هاتووە، بۆیە ئێستاش ئێمە لە فراكسیۆنی پارتی دیموكراتی كوردستان پشتیوانی لەو ڕێككەوتنە دەكەین و

پشتیوانی لەو هەموارە دەکەین هەر قسە بابەتێکیش دەربارەی کە باس لە تەقەسوف دەکرێ وەك بەڕێزانیش پێشتر باسیان لێوەکرد کۆمەڵێك کون و کەلەبەری گەورە هەیە لەو ولاتە ئەگەر بمانەوێ تەقەشوفی تێدا بکەین و لەڕووی واقعیشەوە دەتوانین بیسەلمێنین، بۆیە ئەوە پەیوەستە بە لیژنەی دانوستانکاری لایەنە سیاسیەکان کە لە ڕابردوودا ڕێك کەوتوونە و یەك پاکێجە و ڕەبتی بەوەی ڕابردوو هەیە، ئێمە لە فراکسیۆنی پارتی پشتگیری لێ دەکەین و پشتیوانی دەکەین، مەسەلەی یەکڕیزی نیشتمانی و هەروەها بەشداری پێ کردن و بەشدار بوون لە کایەکانی ولاتیش دا بە مەبدەئی و پرەنسیپ دەکرێ، تەنها بە قسە ناکرێت، بۆیە دەبێ ئێمە لەڕووی مەبدەئی پرەنسیپەوە پشتیوانی لەو بۆچوونە بکەی کە قەناعەتمان بەوە هەیە قۆناغەکە ئەو یەکڕیزی نیشتمانی دەوێت، بۆیە پشتیوانی لێ دەکەین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمود فەرموو.

**بەڕێز محمود حاجی عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆرسوپاس پەیامەکەی من گەیشت و قسەکانی من کران.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق / سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال عثمان مۆرتکە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەورەکو هەڤالان زۆر باسیان کرد، ئەو پرۆژە یاسایە پێش ئەوەی کە ئەنجومەنی وەزیران پێشنیاری بکات، ئیتفاقی سیاسی لەسەر کراوە، بۆ ئەوەی بەعزیك وردەکاری و کێشەی ڕێك نەکەوتن لە بەشداری کردنی حکومەتی عیراقی، پاشان ئەنجومەنی وەزیران پێشنیاری کردووە، بە پێی ئەو ئیتفاقە بەڕای من هەندێك بابەت کە دەورووژێنرێ بەرژەوەند نییە، ئێمە دەبێ سەریح بین لەگەڵ واقعی خۆمان، دوێنێ لەناو کۆمەڵێك ئالۆزی لەناو ژیانی سیاسی و ئیداری لە کوردستان بووین، ئەو پێشنیارەی ئەنجومەنی وەزیران بەڕای من ڕاستە ئەگەر باس لە مەسەلەی ئیزافەی مەساریف یان باس لە مەسائیلی ژمارەی وەزیران لەسەر ئاستی وەزعی کوردستان لەگەڵ پێکهاتەی حکومەتەکانی چ مەنتیقە چ ئەورووپی بکەی، زۆرە فیعلەن، بەلام بۆ یەکڕیزی نێو ماڵی کورد بەڕای من پێویست بەو بابەتەی ناکات بوروژێنرێ و بیکەینە ئاستەنگ و کۆسپی گەورە نەتوانین بەسەریدا زاڵ بین، لەبەرئەوە لە زۆر کۆسپی دیکە زاڵ بووینە و سەرکەوتووینە، ئەوە بەڕای من ئەوەندە ئەهمیەتی ئەوەی نییە کە بتوانین بیکەینە کێشە و یاخود بابەتی شەخسی لێ بورووژێنرێت، بۆیە من پێم باشە لەبەرئەوەی ئەمە ئیتفاقی سیاسی لەسەر کراوە پێویست بە هیچ روژانیەك ناکا وە ووردەکاری هەیە لە هەندێك مەسائیل و ئەم بابەتانە روونکردنەوەکەی دیارە

ئەنجومەنی وەزیران کە پێشنیاری کردیە هەمووومان دەزانین، لە چ رۆژێك ئەو ئیتفاقەی لەسەر کرایە، بۆیە داوا دەکەم کە ئەو وردەکاریانە بە ئەهەمیەت وەرنەگیرێ شتی زۆر گەورەمان لە پێشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا فەرموو.

**بەرێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەالاّ منە ئەمەوێت تۆزێك واقیعی قسە بکەین، دیارە ئەوەی کە لە رابردوو روویدا لە تەشکیلی حکومەت دامەزراندنی حکومەتی یەکرێزی نیشتیمانی قسەو باسی زۆری لەسەر کرا، ئەو کاتەش بۆ رازیکردنی هەموو لایەنەکان بۆ ئەوەی حکومەتێکی تۆکمەمان هەبێ، رێکەوتنەکان گەیشتە ئەوەی ئێستاش کە وەزیرێك زیاد دەکرێ، روونە کە ئەو وەزیرە بۆ یەکێك لە ئەحزابەکانی ناو حکومەتە، ئەوە ئیستحقاقی خۆشیانە، بۆیە پێم وانییە جۆرێك لە تەشەنوج و وە گرفتیش دروست بکا، بۆیە زۆر گرنگە ئەوەی ئیدامە بدەینە حکومەتی یەکریزی نیشتیمانی، یەکگرتووی ئیسلامی پۆستێکی هەیە بیاندرێتێ پێم وایە حەقی خۆشیانە، ئێمە بۆ ئەوەی حکومەتەکە تۆکمەتر کەین، دەبێ بەراستی هەوڵبدەین، ئەو نارەزاییانە ئەو گلەییانەی هەیە لە نێو حکومەت و ئەحزابەکان هەیانە، نیگەرانیەکان کەمتر بێتەوە بە تایبەتی لەم قۆناغە، کە ئێمە پێویستمان بە نزیك بوونەوەیە بە یەکتری بەشێك لەو ئەحزابە سیاسیانەش کە هەڵوێستی نەتەوەیی گرنگ و جوانیان هەبووە گرنگە بە فیعلی داواکاریەکانیان لە نێو ئەو حکومەتە رەنگ بداتەوە، بۆیە من بەوە حکومەتیش خۆی داوا دەکا پێم وایە ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی مەعقولە بۆ ئێستا وە پشتیوانی ئەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. عبدالله فەرموو.

**بەرێزد. عبدالله جاسم رجب:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك ئەندامێکی لیژنە مافی بەکاربەر ئەز پشتیوانیە ئاخافتنێت مامۆستا عبدالرحمن دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان لە لیژنەی یاسایی هیچ قسیەکتان هەبوو ئەگەر روونکردنەوەیەکتان هەیە؟ فەرموون، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی پێویست بوو ئێستا وا بزانم روونە لە لای ئەندام پەرلەمانەکان، کە ئەم کەسە بۆ زیاد دەکرێ،؟ ئێمە ناچینە ناو ئەو وردەکاریە، ئەو تەعلیقاتە سیاسیانەی کەوا بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان باسیان کرد.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئێستا دەقی ماددەکەو بڕگەکە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە،

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

ماددەی یەکەم: برگەی دووەم لە ماددەی نۆیەمی یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی (١٩٩٢) ی هەموارکراو هەموار دەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

دەشێ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان _ عێراق (٣) وەزیری هەرێمی تێدا بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیەتی؟ (٥٨) ئەندام لە هۆڵی پەرلەمانن نیسابی یاسایمان هەیە؟ (٤٤) کەس لەگەڵیەتی ،کێ دژیەتی؟(٨) کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

ماددەی دووەم هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە بەهار فەرموو.

**د.بەهار محمود فتاح:**

ماددەی دووەم دەبێ ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەیەکی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ کەس نییە، کێ لەگەڵیەتی؟ (٤٣) کەس لەگەڵیەتی ، کێ دژیەتی؟(٣) کەس دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا.

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

ماددەی سێیەم هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستاندا بڵاو دەکرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟کەس نییە، کێ لەگەلیەتی؟ (٤٦) کەس لەگەلیەتی، کێ دژیەتی؟ (٤) کەس دژیەتی ، کەواتە پەسەند کرا، هۆیەکانی دەرچواندن؟

**بەڕێز د. ڤالا فرید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە بە مەبەستی ڕێکخستی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە کابینەی نوێی حکومەتدا دەکرێت و زیاتر خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان ئەم یاسایە داندنرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ کاك ابو کاروان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من پێم وایە پێویستە وا بنووسرێ بە مەبەستی سازان و سازانی پێنج لایەنی سیاسی و پێویستیەکانی سازان ئەم یاسایە دەرچوێنرا، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو ئیلتزامێکی ئەخلاقی دەنگماندا بەو پرۆژە یاسایەدا، بەڵام من پێم باشە وەك پێشووتر نەبێ لەمەودوا پرۆژە یاسا کەدێت لە بری ئەوەی بە شوێن پۆستا بگەڕێین بۆ کەسەکان، بە شوێن کەسەکانە بگەرێین بۆ پۆستەکان، ئەمە زۆر گرنگە ئەبوایە لە هۆی دەرچوواندنا دیاری بکرایە هۆکاری چییە؟ ئەم وەزیری دەوڵەتەمان بۆ چییە؟ وەزیر کارەکانی چییە؟ من ئێستا شك ئەبەم لەناو ئەنجومەنی وەزیرانا وەزیرێك لە برادەرانی کۆمەڵی ئیسلامی تەنها ژوورێکی تیا نییە تێدا دابنیشێ جارێ ئەبوایە پێشتر موعالەجەی ئەو وەزیرەی برادەرانی کۆمەڵی ئیسلامیان بکردایە، دوای بهاتنایە بۆ کاروباری هەرێم یان بکردایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جارێ لە پێشا دەقی ئەوەی كە لە ڕاپۆرتەكە هاتووە دەیخەینە دەنگەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنان، كاك ابو كاروان ئەوەی جەنابیشت ئەیخەینە دەنگەوە، كێ لەگەڵ دەقی هۆیەكانی دەرچوواندنە بەو شێوەیەی لە راپۆرتی لیژنەی یاسایدا هاتووە، كێ لەگەڵیەتی؟ (٤٦) كەس لەگەڵیەتی ،كێ دژیەتی؟ (٥) كەس دژیەتی، كەواتە پەسەند كرا، كێ لەگەڵ كۆی یاساكەیە؟ (٤٧) كەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی؟(٤) كەس دژیەتی، كەواتە پەسەند كرا، پیرۆزبایی لە خەڵكی كوردستان دەكەین بە هۆی دەرچوونی ئەم یاسایەوە، بەرێزانە بەم شێوەیە بەرنامەی دانیشتنی ئەمڕۆمان كۆتایی هات .

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینكی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧)ی**

**پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٨\١٢\٢٠١٤**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٧)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/١٢/١٨

کاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/١٢/١٨ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٧)ی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (١٧)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١٠)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/١٢/١٨ دا بەم شێوەیە بێت:

یەکەم ـ خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پڕۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی یاسای مادده (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.

١ـ پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٤) یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی.

٢ـ پڕۆژە یاسای هەمواری یاسای خانەنشینی کەمئەندامانی پێشمەرگەی زێرەڤانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٣٤)ی ساڵی (٢٠٠٧).

٣ـ پڕۆژە یاسای دەستەی کۆچ و کۆچبەران لە هەرێم.

٤ـ هەمواری یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی (٢٠١١).

دووەم ـ گفتوگۆکردن لە سەر دۆخی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بەپێی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستان دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (١٧)، ڕۆژی دانیشتن (٢٠١٤/١٢/١٨)، بەرنامەی کار، بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا کاتی دانیشتنی ژمارە (١٧)ی خولی

گرێدانی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان، لە کاتژمێر (١٠)ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی پێنج شەممە، ڕێکەوتی (٢٠١٤/١٢/١٨) بێت و بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە بێت،

یەکەم ـ خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پڕۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی یاسای مادده (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.

١. پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٤) یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی.

٢. پڕۆژە یاسای هەمواری یاسای خانەنشینی کەمئەندامانی پێشمەرگەی زێرەڤانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٣٤)ی ساڵی (٢٠٠٧).

٣. پڕۆژە یاسای دەستەی کۆچ و کۆچبەران لە هەرێم.

٤. هەمواری یاسای ڕاژە و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی (٢٠١١).

دووەم ـ گفتوگۆکردن لە سەر دۆخی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بەپێی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری و وەفدی هاوڕێی دەکەین بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئێستا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین کە ناوی ئامادەنەبووانی دانیشتنی پێشوو بخوێنێتەوە، فەرموو،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو بەخشیندەی میهرەبان، ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (١٦)ی ئاسایی لە بەرواری (٢٠١٤/١٢/١٦)، مۆڵەت پێدراون یان بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون، بەم شێوەیەی خوارەوەیە، (بەیار طاهر ـ مۆڵەت، دڵشاد شعبان ـ مۆڵەت، ڕێواز فائق ـ مۆڵەت، زۆزان صادق ـ مۆڵەت، زیاد حسین ـ مۆڵەت، شوان شێخ احمد ـ مۆڵەت، شێرکۆ جودت ـ مۆڵەت، شرین حسنی ـ مۆڵەت، گەشە دارا ـ مۆڵەت، ڤیان عباس ـ مۆڵەت، عادل عزیز ـ مۆڵەت، علی حەمە صالح ـ مۆڵەت، علی علی هالۆ ـ مۆڵەت، فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی)ـ مۆڵەت)، محمد علی ـ مۆڵەت، شامۆ شیخۆ نعمۆ ـ مۆڵەت،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە پوختەیەك لە کۆنووسی دانیشتنی پێشووی پەرلەمانی کوردستان بخوێننەوە،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٦) لە بەرواری (٢٠١٤/١٢/١٦)، بەم شێوەیەی خوارەوە بوو،

١ ـ دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە،

٢ـ خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادەنەبوو و، ئامادەنەبووی کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان هەروەها خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە.

٣ـ خوێندنەوەی یەکەم بۆ (١٣) پڕۆژە و بڕیار لەلایەن لیژنەی یاساییەوە

٤ـ پەسەندکردنی گفتوگۆکردن لە سەر یاسای هەمواری (١٠)یەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، ئێستا دەڕۆینە سەر بڕگەی یەکەم لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین کە بێنە سەر منەصە بۆ دەستپێکردنی بە بەرنامەی کار کە خاڵی یەکەمی بریتییە لە خوێندنەوەی یەکەمی چوار پڕۆژە یاسا بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.  فەرموو د. سراج نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز د. سراج احمد حەمەد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بکرێ تەئکید لە ژمارەی ئەندامان بکرێ لە رووی نیصابی یاساییەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دەستپێکردنی دانیشتنی ئەمڕۆدا (٥٨) ئەندام پەرلەمان ئامادەی دانیشتنی پەرلەمانن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو حیات نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوا لە بەڕێزتان دەکەم زۆربەی لیژنەکان بە داخەوە لە چەند جەلسەی رابوردووشدا بینیمان لە کاتی جەلسەی پەرلەماندا کۆبوونەوەی لیژنەکان دەکەن، ئینجا داوا لە بەڕێزتان دەکەم دەسەڵاتی خۆتان بەکار بێنن لە کاتی جەلسەی پەرلەماندا بۆ ئەوەی هۆڵەکە ئەوەندە بەتاڵ نەبێ، ئامادەی جەلسەکە بن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یاسای یەكەم كە ئاڕاستەی لیژنەكەمان كراوە بە ناوی پڕۆژە یاسای هەمواركردنەوەی یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٤)ی كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی كە لە چوار مادده و هۆكاری دەرچوون پێك هاتووە و، لەلایەن ژمارەی یاسایی پەرلەمانتارانەوە پێشكەشكراوە و واژوو كراوە، لەم ناوانە پێكهاتووە، (ماجد عثمان ـ محمد سعدالدین ـ منى نبى ـ كمال یلدا ـ لینا عزریا ـ یعقوب گورگیس ـ ئایدن معروف ـ عمر مصطفى (د. شوان قەڵادزەیی)ـ سرود سلیم ـ زیاد حسین ـ شامۆ شێخۆ ـ وحیدە یاقو ـ مدینە ایوب ـ عباس غزالی ـ شیلان جعفر ـ د. فرست صۆفی ـ تحسین اسماعیل ـ محمد صادق ـ بشار مشیر ـ شوان شێخ احمد ـ مەردان خدر ـ ناظم كبیر ـ فرحان جوهر ـ جودت جرجیس ـ د. ابراهیم سمۆ ـ د. عبدالله جاسم ـ حیات مجید ـ فیرۆز طە ـ یروانت نیسان ـ محمد على) داواكارین لە بەڕێزتان ئاڕاستەی لیژنە پەیوەندیدارەكان بكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پڕۆژە یاسایە ئاڕاستەی گشت ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان و لیژنەی كاروباری یاسایی دەكرێت، فەرموون بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پڕۆژە یاسای دووەم: پڕۆژەی هەمواری یاسای خانەنشینی كەمئەندامانی پێشمەرگەی زێرەڤانی هەرێمی كوردستان ـ عێراق ژمارە (٣٤)ی ساڵی (٢٠٠٧)كە لە چوار مادده لەگەڵ هۆكارەكانی دەرچوواندن پێك هاتووە و، لەلایەن ژمارەی یاسایی پەرلەمانتارانەوە پێشكەشكراوە و واژوو كراوە، لەم ناوانە پێكهاتووە، سعید محمد (سعید مەسیفی) ـ قادر ئۆتمان (قادر رزگەیی) ـ صالح فەقێ ـ فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی)ـ دلێر مصطفى (دلێر ماوەتی) ـ خلف احمد ـ سەركەوت سەرحەد ـ زانا عبدالرحمن ـ مریم صمد ـ گەشە دارا ـ ئاواز جەنگی ـ بێگەرد دڵشاد ـ گۆران ئازاد ـ عزت صابر ـ سالار محمود ـ جمال عثمان ـ ئاری محمد (ئاری هەرسین) ـ عباس غزالی ـ محمود حاجی ـ عبدالرحمن فارس (ابو كاروان) ـ على على هالۆ ـ عبدالله حاجی محمود ـ ابوبكر عمر ـ حسین اسماعیل (مەروان گەڵاڵی) داواكارین لە بەڕێزتان ئاڕاستەی لیژنە پەیوەندیدارەكان بكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پڕۆژە یاسایە ئاڕاستەی گشت ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان و لیژنەی كاروباری یاسایی، لیژنەی كاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی و، لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری دەكرێت.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو پڕۆژەكەی تر لەلایەن برای بەڕێزم كاك ڤەمان دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك ڤەمان.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە سێی: بناڤێ پڕۆژە یاسا دەستەیێ كۆچ و كۆچبەران ل هەرێمێ ژ لایێ ژمارە یاسایی ڤە هاتیە پێشكەشكرن كە پێك دێتن ژ (٩) مادده و، هۆكاری دەركرنا ئەو پڕۆژە یاسایێ كو دەست پی دكەتن (تەلار لطیف ـ د. رێواز فائق ـ مریم صمد ـ قادر ئۆتمان (قادر رەزگەیی)ـ صالح فەقێ ـ سعید محمد (سعید مەسیفی) ـ زانا عبدالرحمن ـ دلێر مصطفی (دلێر ماوەتی) ـ ئاواز جەنگی ـ گۆران ئازاد ـ سالار محمود ـ خلف محمود ـ داخازا جەنابی وە دكەین كو ئەڤێ پڕۆژەی رەوانەی لیژنەی پەیوەندیدار بكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پڕۆژە یاسایە ئاڕاستەی گشت ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان و لیژنەی كاروباری یاسایی دەكرێت، فەرموون بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەخێر پڕۆژە هاتیە پێشكەش كرن ب ناڤێ پڕۆژە هەمواری یاسا و خانەنشینی هێزێن ئاسایش و ناوخۆ ژمارە (١٨) سالا (٢٠١١) كو ژ (٩) مادده و، هۆكاری دەركرنا پێك دێتن هاتیە پێشكەش كرن ژ لایێ ژمارە یاساییە ئەندامێن پەرلەمانێ كو دەست پی دكەتن (ایوب عبدالله ـ ناظم كبیر ـ حسین اسماعیل (مەروان گەلاڵی) ـ سعید محمد (سعید مەسیفی)ـ محمد سعدالدین ـ ئاواز حمید ـ قادر ئۆتمان (قادر رەزگەیی)ـ برزۆ مجید ـ عبدالرحمن علی ـانور قادر ـ سەركەوت سەرحەد ـ مەریەم صمد ـ ابوبكر عمر (ابوبكرهەڵەدنی) داخازا جەنابی وە دكەین كو ئەڤێ پڕۆژەی رەوانەی لیژنەی پەیوەندیدار بكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پڕۆژە یاسایە ئاڕاستەی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجەییەكان و لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری و لیژنەی كاروباری یاسایی پەرلەمان دەكرێت لەگەڵ گشت ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان، زۆر سوپاس بۆ بەڕێزتان فەرموون دەتوانن بگەڕێنەوە شوێنەكانی خۆتان، ئێستا دەڕۆینە سەر بڕگەی دووەم لە بەرنامەی كار فەرموو د. شێركۆ نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز د. شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماوەی رابوردوو لە سەر کێشەی خوێندکارانی پزیشکی هەم پرۆژە یاسا پیشکەش کرا، هەم یاداشتماندا بۆ ئەوەی بەپێی ماددەی (٧٣) سیفەی بەپەلەی پێ بدرێ و لە ئێستاشدا تا ئێستا زۆر لەو ماوەیە تێپەڕی، هیچ نەکراوە و، ئێستا قوتابیانی کۆلێژی پزیشکی ددانیشی هاتۆتە سەر و، زۆر خوێندکارانی تریش لە کۆلێژەکانی زانست و ئەوانە لە راستیدا نازانن لە کوێدا دادەمەزرێن، بە بڕوای من لە دوای قەیرانی داراییەوە لە ئێستادا ئەوە سەرەکی ترین کێشەیە لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە چارەنووسی نەوەیەکی پێوە بەستراوە، بەڵام نە چارەنووسی ئەو ئیشانەی ئێمە دیارە نە هیچ لەو وەزیرە بەڕێزانەش تا ئێستا توانیویانە وەڵامێکی برِوا پێهێنەر بەو خوێندکارانە بدەنەوە، بۆیە لە راستیدا ناکرێ لەمە زیاتر دوا بخرێ، چونکە رۆژانە ئەو خوێندکارانە لە راستیدا رووبەرووی مەعانات دەبنەوە و، خەتەر لە سەر برِوانامەکە و خوێندنەکەشیان دروست دەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

راپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەکان نەگەیشتۆتەوە ئێمە سەبارەت بەو پرۆژە یاسایەی پێشکەش کرا، ئەنجومەنی وەزیران ئەم حەفتەیە داوای کردبوو کە مۆڵەتیان بدرێتێ بۆ ئەوەی وەڵامی پەرلەمان بدەنەوە لە سەر ئەو یاداشتە کە لیژنەی کاروباری یاسایی ئاڕاستەیان کرابوو، بەڵام بە دڵنیاییەوە لەم خولی گرێدانەیە ئەم پرۆژە یاسایە تەواو ببێ و، لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند بکرێ، پێویست بوو ئەنجومەنی وەزیران زووتر وەڵامی یاداشتی لیژنەی کاروباری یاسایی بداتەوە، بەڵام ئەوەی کە ئێمە ئاگادارین لە ماوەی حەفتەی داهاتوو لیژنەکان بە تەواوەتی وەڵامی یاداشتەکەی خۆیان ئەگەر وەریشی نەگرنەوە راپۆرتی خۆیان دەنووسن، فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا جەنابت لە باتی ئێمە قسەکەی لیژنەت کرد، ئێمە لە سەر داوای سەرۆکایەتی پەرلەمان کە حکومەت داوای کردبوو ئەو یەکەشەممە راپۆرت نەنووسین، بەڵام بەتەئکید مەسئوولیەتی ئێمەیە لە پەرلەمانی کوردستان ئەگەر ئەو یەکشەممەیە حکومەت بە رەسمی وەڵامی خۆی نەهێنێ ئێمە مولزەمین بەوەی راپۆرتی خۆمان بنووسین و گفتوگۆی لە سەر بکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەڕۆینە سەر برگەی دووەم لە بەرنامەی کاری کاری ئەمرۆ کە بریتییە لە گفتوگۆکردن لە سەر دۆخی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بەپێی برگە (١)ی ماددەی (٥٣) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەمووارکراو فەرموو کاك عمر نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پڕۆژە یاسای دیاریكردنی پارێزگای هەڵەبجە و ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە وەرزەكە بەرەو كۆتایی دەچێ، ئێمە داوامان لە بەڕێزتان كرد داوا لە حكومەت بكرێ كە بەپەلە پڕۆژە بڕیارێك بنێرنە پەرلەمان، بۆ دیاریكردنی تەبعەن كۆمسیۆن فریانەكەوێ وەكو بەڕێزت ئاگاداری و، خۆشمان ئاگادارن كۆمسیۆن تا ئێستا دەست بەكار نەبووە و، (٣/١٦)یش جارێكی دیكە نزیك دەبێتەوە ئەم كێشەیە جارێكی دیكە روو لە حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكا، من داوا لە بەڕێزت دەكەم ئایا ئەم پڕۆژە بڕیارە گەیشتۆتە ناو پەرلەمان یان نەگەیشتووە، ئەگەر نەگەیشتووە داوا لە حكومەت بكرێ بەپەلە بینێرێ بۆ ئەوەی ئەو كێشەیە جارێكی دیكە دووبارە نەبێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو پڕۆژە بڕیارە تا ئێستا نەگەیشتۆتە پەرلەمانی كوردستان، دانیشتنێك لە نێوان ئەو لیژنەیە كە حكومەت تەشكیلی كردووە بۆ ئامادەكردنی پڕۆژە یاساكە و، لیژنە پەیوەندیدارەكان لە پەرلەمانی كوردستان وەهەروەها نوێنەرانی پارێزگای هەڵەبجە لە پەرلەمانی كوردستان ئەنجامدرا كە پێم وابێ بەڕێزیشت تێدا ئامادەبووی هێشتا پڕۆژەكە نەگەیشتۆتە پەرلەمان، ئێمە لە ماوەی حەفتەی رابوردوو بەردەوام لە تەماسین بۆ ئەوەی لە زووترین كات پڕۆژەكە بگاتە پەرلەمان هەر كە گەیشتە دەست سەرۆكایەتی پەرلەمان ئەو دەیهێنینە ناو بەرنامەی كارەوە بۆ ئەوەی خوێندنەوەی یەكەم و پەسەندكردنی بۆ ئەنجام بدرێ، فەرموو د. جوان.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان بەنیسبەت پزیشكی ددان دەمەوێ روون بكەمەوە ئێمە كە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە سەر خەتین لەگەڵ كۆلیژی ئیشق سەردانمان كردووە هەتا بەڕێزیان هاتنە سەندیكای پزیشكی ددان، هاتنە پەرلەمان دانیشتنمان لەگەڵ نوێنەری قوتابی پزیشكی ددانیشمان كرد ئیقتیراحیان وابوو یەكێك لە پزیشكی ددانیش لەگەڵ خۆمان ببەین ئیتیساڵمان بە وەزارەتی خوێندنی باڵا كرد، پسپۆڕێكی پزیشكی ددانمان برد لەگەڵ خۆمان سەردانی كولیەی ئیشقمان كرد ئەو حەفتەیە (انشاءالله) رۆژی دووشەممە راپۆرتێكی دەنووسین بۆ جەنابت تەسجیل دەكەین بڕیاری لێ وەرگرین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا داوا لە بەڕێز وەزیری كشتوكاڵ و ئاودێری دەكەین كە بفەرموێت بۆ پێشكەش كردنی راپۆرتەكەی.

**بەڕێز عبدالستار مجید/ وەزیری كشتوكاڵ و ئاودێری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(بسم الله الرحمن الرحيم) بەڕێزان دەستەی سەرۆکایەتی و، بەڕێزان پەرلەمانتارانی خۆشەویست، سەرەتا سەلامی خوای گەورە لە هەموو لایەك بێ و خوای گەورە هەموو لایەکمان بۆ هەرچی کاری باش و بەرژەوەندی خەڵك وڵاتەکەمان سەرکەوتوو بکات و تەوفیقمان بدا، خۆشحاڵم کە لێرە بە دیدارتان دەگەم دوای تێپەڕبوونی رێك شەش مانگ بەسەر تەشکیلکردنی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، ویستم بەڕاستی لێرە لە خزمەت بەڕێزتان لە شەش مانگی رابوردوودا تۆزێك باسی رەوشی کشتوکاڵ و ئەو هەنگاوانەی کە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە شەش مانگی رابوردوودا یان هەندێکی دەگرێتەوە بۆ پێشتریش هێناومانە و، لە هەمان کاتدا تۆزێك باسی ئەوەشتان بۆ بکەم کە ئەولەویاتی کاری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە قۆناغی ئایندەدا چییە و، پاشانیش بە کورتی باسی ئەو کۆسپ و لەمپەر و تەگەرانە دەکەم کە لە سەر رێی بەرەو پێش چوون و گەشە کردنی کەرتی کشتوکاڵە لە هەرێمی کوردستان، ئەوەی کە کرابێ لەم چەند مانگەدا دیارە بە هەوڵ و ماندوبوونی هەموو لایەك بووە و، بەهاوکاری بەتایبەتیش ئەنجومەنی راوێژکاری وەزارەت کە پێکهاتووە لە بەڕێوبەرە گشتییەکان و و راوێژکارە بەڕێزەکان و، تێکڕای فەرمانبەر و بەڕێوەبەری بەش و هۆبە و لقەکانی کشتوکاڵ ئەرکی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دوو ئەرکە بە شێوەیەکی گشتی یەکەمیان: بریتییە لە دابینکردنی ئاسایشی خۆراك، دووەمیان: بریتییە لە دابینکردنی ئاسایشی ئاو، ئەوەی کە ئێستا دەیخەمە روو هەندێك لەو ژمارە و داتانەیە کە لە بواری خۆراکەوە کە هەندێکی دەگەڕێتەوە بۆ پێش شەش مانگ بەر لە ئێستا، چونکە هەندێك میوە و بەروبووم تێکەڵ دەبێ پێش شەش مانگ و لەگەڵ شەش مانگەکەی بەشێوەیەکی گشتی بەم شێوەیەیە: یەکەم: گەنم ئەمساڵ بڕی (٨٤٤٠٠٠) هەزار تەن بووە کە بۆ یەکەم جارە لە ساڵی (١٩٥٧)ەوە گەنم دەگات بە (٨٤٤٠٠٠) هەزار تەن، خۆی (٧٤٤٠٠٠) هەزار تەن تەسلیم بە سایلۆکان کراوە، ئەم سەد هەزار تەنەکەی تر چییە؟ ئەوەیە کە جوتیار هێشتۆتیەوە بۆ خۆی و هەندێکیش نزیکەی (١٦٠٠٠) هەزار تەنیش ئێمە کڕیمانەوە بۆ بنە تۆ و پێدانی بە جوتیاران دوایی باسی دەکەم، و پەتاتە دیسان بۆ یەکەم جارە کە دەگا بە (١١٣٠٠٠) هەزار تەن کە ئەمە وەك گەنم گەیشتینە خو دابینکاری و، بۆ یەکەم جاریشە بەڕاستی بەرهەمی پەتاتە لە هەرێمی کوردستان بنێردرێتە دەرەوە، بەرووبوومەکانی دیکە وەك تەماتە کە نەگەیشتن بە (١٠٠٪) خود دابینکاری یان خۆ بژێوی، بەڵام نزیکەی (٥٦٪) بووە، و لە هەمان کاتدا پیاز هەر بە هەمان شێوە (٩٠٪)ی خود دابینکاری دابین بووە، گۆشتی مریشك (٦٧٪)ی دابین بووە و، هێلکە (٥٣٪)ی دابین بووە، سەوزەکانی تر نزیکەی (٦٦٪) و، کەمتر و زیاتر دابین بووە، ئەمانە لە بەرنامەماندا هەیە بۆ چوار ساڵی ئایندەمان، ئەگەر وەزارەتی کشتوکال و سەرچاوەکانی ئاو بە بودجەی پێویست هاوکاری بکرێ بیانگەیەنین بە خۆبژێوی، و دابین کردنی (١٠٠٪) ئەم بەرهەمانە بۆ هەرێمی کوردستان، و لە هەمان کات میوە بە بڕی (٣٤٪) دابین بووە، گۆشتی سوور (٣٨٪)ە نزیکەی، شیر (٤٠٪)، گۆشتی ماسی لە هەموویان کەمترە کە لە (١٠٪) یە، وەکو باسم کرد بەرنامە هەیە بۆ زیاد کردنی ئەو

بەرهەمانە بە مەرجێ بودجەی پێویست هەبێ، دووەم، ئاسایشی ئاو، بڕی ئاوی سەرزەوی لە هەرێم بریتییە لە (٢٩) ملیار مەتر سێجا، (١٨) ملیار ئاوی ناو هەرێمە، ئەوەیتر لە دەرەوە دێت، بەلاَم ئەم ئاوە وەکو پێویست سوودی لێ نابینرێ، بەپێی ڕاپۆرتی شارەوانی ئەڵێ (٦٠٪) ئاوی هەرێم بە فیڕۆ ئەڕوات، ئەوە کارەساتە، خۆتان ئەزانن ئێستا لە قۆناغێکین باسی شەڕی ئاو ئەکرێ، واتە بەکارهێنانی ئاو وەکو فشار بۆ سەر وڵاتان، بۆیە بەڵێ بەرنامە هەیە، بەڵێ دابینکاری هەیە، ئاوی پێویست هەیە، بەلاَم وەکو پێویست سوودی لێ نەبینراوە، دوو وڵات، ئێران و تورکیا کە هەندێ لە ئاوەکانی ئەوان ئەڕژێتە هەرێمی کوردستان، بەنداوی زۆریان دروست کردووە، و ئەو بەنداوانە بەشێکی ئاوی هەرێم پێکدێنن، نەك بەنداو، وڵاتی وا هەیە ڕێڕەوی ئاو ئەگۆڕێ، وەکو کۆماری ئیسلامی ئێران، ئاوی سیروان خەریکن بە درێژایی لایەك نزیکەی (٦٠) کیلۆمەتر، لەلایەکی تر نزیکەی (٤٠) کیلۆمەتر ئەگۆڕن بۆ خوارووی ئێران، ئەوەش پێچەوانەی بەڕێوەبردنی ئاوە لە جیهان کە کاتی خۆی ڕێکەوتنێك کراوە لەنێوان چەند وڵاتێك، یەکێ لەوانە وڵاتی ئێران بووە ئیمزای کردووە، وڵاتی تورکیا ئەڵێ ئێمە ڕۆژێك دێ ئاو وەکو سیلعەیەك ئەفرۆشینەوە، بەکێ؟ زیاتر بە هەرێمی کوردستان، بەهەرحاڵ ئێمە لەو ڕووە هەوڵی باشمان داوە، ئێستا لە هەرێمی کوردستان (١٠) بەنداو تەواو بووە، و (٧٦) پۆینت بەربەستی خاکی تەواو بووە، و (٧) بەنداویش بە شێوەی (ب ئۆ ت) واتە قەرزی درێژ خایەن لە حاڵی جێ بەجێ کردن دایە، و (٢٤) بەنداوی تریش یان (٢٥ ) بەنداوی تری بەهۆی نەبوونی بودجە دەست پێکراوە، بەلاَم ڕاگیراوە، ئەگەر ئەوە ئاسان بێ ئەو بەرنامەیە، ئەتوانین دوو جار ئەوەندەی هەرێمی کوردستان پێویستیەتی لە ئاو بۆ خواردنەوە و پیشەسازی و گەشت و گۆزار و کشتوکاڵ دابینی بکەین، کاروچالاکی وەزارەت لە (١٨٠) ڕۆژی ڕابردوو، یەکەم، چاوپێکەوتن لەگەڵ هاووڵاتیان و جوتیاران بۆ چارەسەر کردنی کێشە و گرفتەکانیان و جێ بەجێ کردنی داواکارییەکان، ئەوە هەنگاوێك بوو، هەموو ڕۆژانی چوارشەممەمان دیاری کردووە، ئەوانەی کاریان بە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو هەیە و کێشەیان هەیە دەرگامان کردۆتەوە، ڕۆژەکانی تریش دەرگا کراوەتەوە کە ئێمە ئەم پەیوەندی و هەماهەنگییەی کە لە کاتی خۆی باسمان کردووە کە لە نێوان خەڵك و دەسەڵات لاوازە، یان نییە، ئەمانەوێ پتەوی بکەینەوە، تا ئیستا زیاتر لە (٢٠٠) داواکاری و کێشە هاتۆتە لامان لەم ڕۆژانی چوارشەممانە چارەسەر کراوە، هەنگاوی دووەم ئەوە بووە سەردانی دەڤەرەکانمان کردووە، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە چاومان بە فەرمانبەرانی خۆمان و خەڵك بکەوێ، و گوێ لە داواکاری و پیشنیار و گرفتەکانی خەڵك بگرین، وەکو سەردانی قەزای پێنجوێن، بەردەڕەش، ئاکرێ، چۆمان، سمێڵ، زاخۆ، گەرمیان، سلێمانی و دهۆکیش، کڕینەوەی (١٦) هەزار تەن گەنمی باوەڕ پێکراو بە گوژمەی (١٥) ملیار و (٩٠٠) ملیۆن دینار، و پێدانی بە جوتیاران بە داشکانی (٣٠٪)، و کڕینەوەی (٢٣) هەزار تەن جۆ بە گوژمەی (١٤) ملیار و نیو، دابەش کردنەوەی و پێدانی بە جوتیاران و خاوەن مەڕوماڵات بە (٥٠٪) داشکان، ئەوە بەراستی حکومەتی عێراقیش نەیکردووە، یەکەمجاریشە لە هەرێمی کوردستان کراوە، حکومەتی عێراقی بۆی نەکراوە، دای بە کۆمپانیایەك، بەلاَم سەری نەگرت، ئێمە لەکاتی خۆی کڕیمانەوە و دابەشمان کرد، و پارەشیان لە کاتی خۆی

وەرگرتووە، کاتی خۆی بۆ هێنانی بنە گەنم لە دەرەوە چەند کۆمپانیایەك هەبوو، ئەم کۆمپانیایانە هەموو ئەو برە گەنمانەیان هێناوە کە پێویست بووە بۆ هەرێم، بۆ ئەوەی قۆرخ کاری نەهێڵین بڕیارماندا هەر کۆمپانیایەك بۆی هەیە تەنیا (١٠٠٠) تەن گەنم بهێنێ، کە نزیکەی (٤٠، ٥٠) کۆمپانیا بەشداریان کردووە، و دابین کردنی دەرمان و ڤایسین و فڕکەری کیمیایی بە بڕی (٤) ملیار دینار لە بودجەی ئیعاناتی زراعی، ڕاهێنانی (٢٢) فەرمانبەر بۆ ڕووپێو لە فەرمانگاکان، و ڕاهێنانی (٥٢) فەرمانبەر لە دەرەوەی هەرێم بە سپۆنسەری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، وەکو (جایکا، ئیکاردا، فاو)، وەرگرتنی ڕەزامەندی لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ سەپاندنی باج لەسەر بەروبوومی هاوردە، ئەوە کێشەیەك بوو ئەمساڵ و ساڵانی ڕابردوو هەبوو، کاتێ بەروبوومی خۆمان پێ ئەگەیشت، بەروبوومی هاوردە هەر هەبوو، وڵاتانی دەروروبەریش و مەنتیقەی هەرێمی کوردستانیش کەوتۆتە نێوان هەندێ وڵات بەزەیی بە دەراوسێی خۆی نایەتەوە، هەموو ساڵ کێشە بووە لەسەر قەزیەی ئەو بەروبوومانەی لە وڵاتی خۆمان بەرهەم دێت کە جوتیار و بەرهەمهێنی خۆمان کێشەیان بووە، چی لێ ئەکرێ؟ و زەرەری لێ کردووە، بۆ ئەم مەبەستە ئەمساڵ پرۆژە بڕیارێکمان ئامادە کرد، و لە ئەنجومەنی وەزیران موافەقەی لەسەر کرا، لەمەودوا ئەکەوێتە بواری جێ بەجێ کرن، لە کاتی پێگەیشتنی بەروبوومی خۆماڵی، بەروبوومی هاوردە لە عەینی بەروبووم باجی ئەخرێتە سەر بۆ ئەوەی بەروبوومی خۆماڵی نەشکێ، و قازانجی خۆی بکات، و هەرکاتێ بەروبوومی خۆماڵی بەسەر چوو، بۆ ئەوەی بازاڕیش گران نەبێ لەسەر هاووڵاتیان ئەو باجە لا ئەبەین، هەنگاوێکی تر ئەوەیە پرۆژەیەکمان ئامادە کردووە بۆ ئەوەی چاو بە هەیکەلی وەزارەت بخشێنینەوە، ئەو هەیکەلەی ئێستا هەیە، باسیشمان کردووە لەگەڵ برادەران، لە ئەنجومەنیش موافەقەمان لەسەری کردووە کە ئەو وەزارەتە زیاتر گرنگی بە لامەرکەزی بدەین، واتە پێویست نەکات جوتیارێك بۆ ئیمزایەك لە پێنجوێن بێتە وەزارەت لە هەولێر، ڕەنگە ئیمزایەکە بایی کرێیەکە نەکات، ئەوە هەندێ گۆڕانکارییە کردوومانە، لەو ماوە ئەینێرین بۆ پەسند کردن، خاڵێکی تر، کۆمەڵێك جوتیاری زۆر لە هەرێمی کوردستان زەویان بە دەستەوە بوو، ئەم زەویانە عەقدی نەبووە، تاپۆی نەبووە، بەس (٤٠، ٥٠) ساڵە بە دەستیانەوەیە، کێشەی نەبووە، نە ئیهمالی بووە، لەبەر هەر بارودۆخێك بووە نەیانتوانیوە بە ناو بکرێ، کاتێ ماستەرپلانی شار و شارەوانیەکان ئەیانگاتێ هیچ قەرەبوویەك نایانگرێتەوە، پێشتریش نە ئیعاناتی زراعی، نە سلفەی زراعی هیچ نایانگرێتەوە، بڕیارماندا مادام وایە ئەو زەویانە بە دەست ئەوانە و سیفەتی فەلاحی هەیە، سیفەتی فەلاحی لە زەویەکە لە دەست نەچووە، بڕیارمان دا عەقدی زراعیان بۆ بکەین، و چوار مانگیش مۆڵەتە بۆ ئەوەی هەرکەس موعامەلاتی خۆی بکات، و بڕیاری پێ دەرچووە، لە وەقائیعی کوردستانیش بڵاو بۆتەوە، ئەوەلیاتی قۆناغی داهاتوو چییە؟ ئەوەی باسم کرد داڕشتنەوەی هەیکەلی وەزارتە کە بە هەنگاوی گرنگی ئەزانین، چونکە سەرپەرشتی کردنی بەراستی (٤١٤) فەرمانگەی هەیە لە شار و شارۆچکەکان کارێکی قورسە، و پێم وایە لە دونیا نموونەی نییە (٤١٤) فەرمانگە وەزارەتی کشتوکاڵ هەیەتی، خاڵی دووەم فراوانکردنی ئیعاناتی زراعییە، لەمەودوا بڕیارمان وایە کە پاڵپشتی کشتوکاڵی بۆ جوتیاری ڕاستەقینە بێ،

واتە ئەوەی بەرهەم دێنێ بۆ بەرهەمەکەی بێ، نەك بە شێوەیەکی گشتی هەرچی هەویەی جوتیاری هەیە بیدرێتێ، نەخێر، بۆ ئەوەی تەشجیعی بەرهەم بکەین، و ئەو جوتیارانەی کە نموونەیین و ئەتوانن بەرهەمی باش بێنن، پیشەکەیان جوتیارییە، نەك لاوەکی، ئێمە هاوکاری باشتریان بکەین بۆ ئەوەی بەرهەم زیاد بکەین، هەنگاوێکی تر بریتییە لە تەمویل کردنی زەوی جوتیاران لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای نوێ کە قسەمان لەگەڵ دوو کۆمپانیا کردووە کە بیانین بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئاسمانی تەسویر تەملیك ڕێکبخەین، پرۆژەیەکمان لە بەردەمە هی شەمامك کە گرنگترین پرۆژەی وەزارەتە جێ بە جێ ئەکرێ لە ساڵی داهاتوو کە نزیکەی پێوانەیی (٨٠) هەزار دۆنم ئاو بەراو ئەکات، و پێویستە لە ماوەی (٥) ساڵ تەواو بێ بە گوژمەی (٣٨٠) ملیۆن دۆلار، پرۆژەی بەنداو و ئاودێریەکان کە جێ بەجێ کردنی (٣٢) بەنداوی بچووك و مامناوەندی بە (٣٢٠) تریش لە بەرنامەیە، و (٦) پرۆژەش لە دهۆك و هەولێر و سلێمانی، بڕگەی ئەخیر، پرۆژەی بە بازاڕ کردنی گۆشتی مریشك، ئەوەش کێشەیەکی خاوەن دەواجینەکانە، پرۆژەیەکمان ئامادە کردووە کە ساڵی ئاینده جێ بە جێی ئەکەین کە بە بازاڕ کردنی گۆشتی مریشکی خۆماڵی بە شێوەیەك ڕێکی ئەخەین کە خاوەن پرۆژەکان زیانیان پێ نەگەیەت کە ئێستا وەکو ئاگادارین تووشی زەرەر و زیانی زۆر بوونە، زیاد کردنی قەرزی کشتوکاڵی یەکێ لە هەنگاوەکانە کە ئەمانەوێ لە (١٥٠) ملیۆنەوە بیکەین بە (٥٠٠) ملیۆن دینار، و ماوەی دانەوەش لە چوار ساڵ بکرێ بە دە ساڵ، هەنگاوێکی تر بە ئەلیکترۆنی کردنی کاروچالاکی وەزارەتە، ئەمانەوێ وەکو پرۆژەیەکی نموونەیی جێ بەجێی بکەین، و حکومەتێکی ئەلیکترۆن لە وەزارەت دابمەزرێنین بۆ ئەوەی کاروباری وەزارەت و هاووڵاتیانیش زیاتر ئاسانکاری بکەین، بڕگەی ئەخیر، بریتییە لە کێشە و گرفتەکانمان، یەکەم، بودجە، ئەو بودجەی لە ساڵانی ڕابردوو دیاری کراوە بە هیچ شێوەیەك ئەم وەزارەتە ناتوانێ هەنگاوی گەورە بنێ بۆ گەشە کردن و بەرەوپێش چوون، و بۆ جێ بەجێ کردن و دابین کردنی ئەو دوو ئەرکە گرنگە کە دابین کردنی ئاسایشی خۆراك و ئاو، ئەو بودجەی لە ڕابردوو دابین کرا تەنیا (١,٨) بووە لە بودجەی گشتی، لە کاتێك دا بە پێی پێوەری جیهانی بۆ وڵاتێکی کشتوکاڵی نابێ بودجەی وەزارەتی کشتوکاڵ لە (١٠٪) کەمتر بێ لە بودجەی گشتی، و هەندێ وڵات گەیاندوویانە بە (٣٠٪ ، ٣٥، ٤٠)یش، لەو ماوەیەی رابردوو یەکێتی ئەوروپا بودجەی گشتی خۆی پەسند کرد کە (٤٠٪)ی بۆ کشتوکاڵ دیاری کردووە، جگە لە هەندێ وڵاتی شەرقی ئەوروپا وڵاتانی غەربی ئەوروپا زۆربەیان کشتوکاڵین نەك کشتوکاڵی، بەڵام بودجەیەکی زەبەلاحیان بۆ ئەو قەزیە دابین کردووە، ئێمە نابێ تەنیا سێکتەر بۆ دابین کردنی ئابووری هەرێمی کوردستان نەوت بێ، نەوت بەڵێ سامانێکی باشە، بەڵام هی پشت پێ بەستان نییە، ئەمڕۆ بڕیارێك بدرێ ئەکرێ نەوت ڕابگیرێ، ئەکرێ کێشەی بۆ دروست بکرێ، بۆیە ئێمە داوامان ئەوەیە ئەمجارە نابێ بیر لەوە بکرێتەوە کە بودجە دائەنرێ بیر لە (٢٪ و ٣٪) بکرێتەوە، کێشەی دووەم، هاوردە کردنی قاچاغ، بەروبوومی کشتوکاڵی بەداخەوە لە قۆناغی ڕابردوو هەندێ گلەیشمان لە یەکە ئیدارییەکان کردووە لە شوێنە جیاجیاکان، بەروبوومی کشتوکاڵی هاوردە کراوە بە قاچاغ، بە چاو پۆشی لێ کردن، بە ڕێگە پێدان،

یان لەوانەیە لە بەرامبەر شت وەرگیرابێ، بۆیە ئەوە زۆر کاریگەری هەیە بەسەر ڕەوشی کشتوکاڵ لە هەرێم، کاتێ بەرهەمهێنی خۆمان خەریك ئەبێ هەموو ئیمکانیات و تاقەی بەشەر و ماددی خۆی بەکاردێنێ بۆ ئەوەی بەرهەمێك بەرهەم بێنێ، لەولاوە ولاٌتێکی تر تەبعەن بۆ ئەوەی بەرهەمیان بشکێنێ، ولاٌت هەیە بە بەڵگەی ڕوون حەقی خۆشیەتی، بەس گلەیی لە خۆمان ئەکەم بۆ لێ بگەڕێین بە قاچاغ بێتە ژوورەوە؟ دێ بەرهەمی خۆی کە فەلاحەکەی زەرەری کردووە بە قازانج لێی ئەکڕێتەوە و کۆی ئەکاتەوە، دێت لێرە بە هەرزان ئەیفرۆشێ، فەلاحی خۆی قازانج ئەکات، فەلاحی ئێمەش دەستی سارد ئەبێ لە بەرهەمهێنان، و تەشجیع نابێ کە بۆ ساڵی ئاینده، بەرهەمی خۆشی بڕێك ساغ ئەکاتەوە، بۆیە ئەوە کێشەیە، ئەم بڕیارەی دەریشمان کردووە بۆ ئەوە بوو کە ڕێ لەوە بگرین ولاٌتانی دەوروبەر تەلاعوب بە بازاڕی هەرێمی کوردستان بکات، بەلاٌم لە هەمان کاتیش ئەبێ ئەو ڕێیانە قایم بکرێن کە خەڵکی نەفس نزم و چاوچنۆك زەرەر لە جوتیار و بەرهەمهێنی کوردستان بدات، کێشەیەکی تر لەبەرچاوتان بووبێ و گلەیی کرابێ، لێدانی بیری نایاسایی، بە تایبەتی پایری سوری، ئەوەش کێشەیە، بڕیارمان داوە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ کە لەمەودوا بە هیچ شێوەیەك ڕێگە نادرێت، و ئیجرائاتی یاسایی ئەکرێ لەگەڵ پێشێلکارانی بیرلێدەرانی نایاسایی، تەجاوزات لەسەر زەوی کشتوکاڵ، ئەوەش بە شێوەیەکی بەرچاو زەق بووە، تەنیا ئەو ڕەقەمە تا ساڵی (٢٠١٢) پاشان زۆر زیادی کردووە، نزیکەی (٢٤٨٧) حاڵەتی تەجاوز هەبووە لەسەر زەوی کشتوکاڵی، زەوی کشتوکاڵیمان هەیە خۆمان لەنێوانی ئەبەین، ڤیلای لەسەر دروست ئەکەین، باخێکی لەسەر دروست ئەکەین بۆ خۆشی خۆمان، لە کاتێکدا لە ولاٌتان زەوی کشتوکاڵی بە دەست و بە ماندووبوون پەیدا ئەکرێ، ولاٌتی بیلا رووسیا چووین (٩) ملیۆن هێکتار زەوی کشتوکاڵیان هەیە، ئەزانن چەندی زەوییەکە کشتوکاڵی بووە؟ تەنیا (٣) ملیۆن هێکتار، (٦) ملیۆن هێکتار بە ماندوو بوونی خۆیان موستەنقەعات بووە، زۆنگاو بووە، کردوویانە بە زەوی کشتوکاڵی، ئەو زەویە باشەی ئێمە هەمانە بەراستی هەندێکیان بە پێوەری جیهانی دەرجە یەکن لە دونیا بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی، بەداخەوە پرۆژەشمان نییە بۆ ئەو مەبەستە، ئومێد ئەکەم لەمەودوا سنوورێك بۆ ئەو قەزەیە دابنرێ، ئەوەی تریش چارەسەر بکرێ، زەوی کشتوکاڵیش بگەڕێتەوە بۆ کشتوکاڵ، شارەوانیەکانیش زەویەکی زۆری کشتوکاڵیان بردووە، ڕەنگە هەمووشی پێویستی نەکردبێ، بۆیە لەگەڵ شارەوانی ڕێکەوتین ئەو زەویانەی کە شارەوانی بڕدوونی بە یاسا، بەلاٌم سیفەتی کشتوکاڵیان لە دەست نەداوە، داوامان کردووە بگێڕدرێنەوە، موافەقەیان کردووە، سوپاسمان کردوون، و تا ئێستا نزیکەی (١٦٥١١٩٩) دۆنم زەوی کشتوکاڵی بۆ شارەوانییەکان بەکارهاتووە، کە ئەکرا بە شێوەیەکی تر گرنگی بە نیشتەجێ بوون و پەیدا کردنی جێگە و ڕێگە بۆ هاوولاٌتیان کرابووایە، ئەوە چەند کێشە و گرفتێك بوو هەمانە، لە کۆتایش زۆر لێرە و لەوێ باس کراوە کە بندیوار هەیە لە وەزارەتی کشتوکاڵ، نەك هەیە، وتوویانە بە هەزارەها هەیە، زۆر سەیر بوو پێم، لە وەزارەت بۆ ئەوەی بیزانن، تێکڕای فەرمانبەرانی وەزارەت تەنیا (١٣٤٨٠) فەرمانبەرە، ئێمە (٦٥٥) یان ئەوانەن کە مۆڵەتن بە مووچە، بۆ خوێندن، یان بێ مووچە، یان دایکانەیە، یان نەخۆشی درێژ خایەنە (٦٥٥) مان هەیە، ئەمە

بندیوار نییە، مولّەتە و بەپێی یاسا ڕێگەی پێدراوە، ئەوەی لە دەوامن کەوا دەکاتە چەند؟، دەکاتە (١٢٨٢٥)، گرێبەستیش کە ئێمە هەمانە (٣١٥) گرێبەستمان هەیە کەوابێت ئەوەی کە یەعنی ئێستا ئەوانەی ئێمە کە لە دەوامن تەنیا (١٣١٤٠) فەرمانبەرن، هەزارەها زۆر دەکات، چونکە بەراستی بڵێم هەیە تاك و تەرا مەسەلەن هەیە بە دەیان یا بە هەزارەها یەعنی ڕەقەمێکی زۆر سەیرە، چونکە هەزارەها دەبێ لە سەدا زیاتر بێت، ئێمە خۆمان (١٣٠٠٠) هەزارمان هەیە ناشڵێم نییە لەوانەیە هەبێت، بەس دەبێت بەڵگە هەبێت لەسەر هەبوونی، بەراستی من بەر لەوەی ئەم قسانە بکەم لە کاتی خۆیدا برادەران دەزانن لیژنەیەکی تایبەتیم دورست کردووە بەبێ ئەوەی بەکەسیش بڵێم بەبێ بە فەرمانبەر و بەڕێوەبەرەکەش بگوترێ لەکاتی ناکاودا چووینە شوێنەکەی و لیستی دارایی مووچەیان بردووە کە تەحقیقیان کردووە کاتێ خەبەر هات و وا نەبووە، ئۆمێد دەکەم کە هیچ نەبێ، بەڵام ئەگەر شتێك هەبێت پێم خۆشە بەراستی هەر بەڕێزێك بە ناوەوە کە بەڵێ شتیان بۆ ناردووم، بە ئیمێڵیان ناردووە، بە نامەی مۆبایلیان ناردووە، بەڵێ تەحقیقم کردووە تا ئێستا ئەوەی کە بۆم روون بووەتەوە وا نەبووە، بەڵام لە هەر شوێنك بەراستی بۆمان روون بێتەوە کە شتێکی لەم شێوە هەبێت ئێمە ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵ دەکەین، ئەویش ئەوەیە هەرکەسێك (٣٠) رۆژ بەسەر غایب بوونی لە دەوامەکەی خۆی تێپەڕێت بە پێی یاسا فەسڵ دەبێت، ئەمەش ویستم هەر عەرزتان بکەم، ئەوە بۆ بەراستی ئەو ڕەوشی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بەشێوەیەکی پوخت بەراستی نەمویست کاتی زیاتر لە بەڕێزتان بگرم لە هەرێمی کوردستان، دووبارە سوپاس بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و سوپاس بۆ گوێگرتنی بەڕێزیان خۆشحاڵ بووین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ئێستا دەرگا دەکەینەوە بۆ گفتو گۆ کردن لەسەر دۆخی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان فەرموون ناوی خۆتان بنووسن، چەند ناوێك نووسراوە پێشتر تەبعەن ناوەکان دەخوێنمەوە بەڕێز (عبدالرحمن علی، مامۆستا غەریب، دکتۆر شێرکۆ حەمە امین، شکریە اسماعیل، حیات مجید، دکتۆر سراج، فیرۆز طە، بشار موشیر، نجات محمد، محمود حاجی عمر، قادر ئۆتمان، باپیر کامەلا)، خاتوو منیرە نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز منیرە عثمان علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نووسینی ئەم ناوانە پێش جەلسەکە بەراستی وای کردووە یەعنی پەرلەمانتار، یەعنی دەبێت ئێمە هەموومان بچینە ژووری سکرتێر و داوای نووسینی ناو بکەین، لە کاتێکدا یەعنی ئەمە پێویستە لە ناو هۆڵی پەرلەماندا ناوی خۆی بنووسێ، لە کوێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە کە پێویستە پەرلەمانتار بچێت لە پێش جەلسە ناوی خۆی بنووسێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

روون کردنەوەمان دا لە دانیشتنی پێشوو تر، کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە من یەکەم کەس نیم قسە لەسەر ئەم خاڵە پەیڕەوییە بکەم، زۆر برادەران پێشتریش کردوومانە بابەتێکی تریشمان هەبوو زۆر جار هەڤالان باسی ئەوەیان کردووە ئەندامانی بەڕێز لەسەر غیاباتی ئەوانەی بایکۆت دەکەن، جێبە جێ نەکرا تا وەکو بەیانی کەمینەمان چوونە دەرێ و کە بۆ زۆرینە و بووە بڕیار کە نەیەنە ژوورەوە ئەمەت کردە بڕیار کە هەمووومان وا پێمان باش بۆ بەداخەوە پێموایە هەر لەبەر وان بوو، بەڵام با ئەمەشیان وای لێ نەیەت ئێمە هەموو جارێك ئێمە هەم لە ناو سندوقەکان نەبووە هیچ جۆرە بەرنامەیەکی وتارەکەی جەنابی وەزیر ناو سایتەکە بۆئەوەی کە ئێمە چۆن بین لێرانە پێشتر ناوی خۆمان بنووسین بۆ ئەوەی قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەین، ئەمە پەیڕەوە من دەقی پەیڕەوەکە بە عەرەبی و بە کوردییەکەی، یەعنی وشەیەکی تێدا نییە کە پێشتر ئەندامان بتوانن ناوی خۆیان بنووسن، دەڵێ لە کاتی دەست کردن بە خستنە ڕووی هەر بەندێك لە بەندەکانی کارنامە بۆ گفتو گۆ ئەوا سەرۆك داوا لە کەسەکان دەکات کە داواکاری قسە کردنن ناوەکانی خۆیان تۆمار بکەن، یەعنی شتێك نییە بڵێ پێشتر یان ئەوانەی ناویان نووسیوە، دەڵێت سەرۆك لە دوای گفتو گۆیەکە داوا دەکات، هەقە بەراستی ئەمەشیان وەکو ئەوانیتر بەڕێ نەکەین...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عباس ماددەی (٥٥) بخوێنەرەوە بڕگەی (٢) ماددەی (٥٥) بخوێنەرەوە.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

خۆ ناسخ و مەنسووخ نییە سەرۆك، ئەمەش هەر پەیوەندی بە قسە کردنەوە هەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ماددەی (٥٥) بخوێنەرەوە.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

باشە دەیخوێنمەوە سەرۆك، بەڵام لە ئێستا وە دەترسم ئەگەر ئێمەش هەمووومان ناوی خۆمان بنووسین هەر سەدمان یان قسە دەکەین یان قسە ناکەین، پێموایە بۆخۆی ئەمە جێبە جێ دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەتوانیت بیخوێنیتەوە؟

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

ئێستا؟

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

مەبەستت ماددەکە خاڵی (١) و (٢)م.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ خاڵی دووەم.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

خاڵی (١) دەڵێ ئەندام بە موڵەت، (٢) داواکردنی موڵەتی قسە کردن لە گەڵ ڕەچاوکردنی ڕیز بەندی پێشکەش کردنی تۆمار دەکرێت و لە پێدانی موڵەتیش ڕەچاوی ئەم ڕێزبەندییە دەکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە بەشێوەیەکی عورفیش هەر وا هاتووە کە پێشتر ئەندامانی پەرلەمان ناوی خۆیان تۆمار کردووە بۆ هەر بابەتێك کە قسە بکەن و بە پێی ئەو ڕیز بەندییەی کە پێشکەش کراوە بۆ قسە کردن لەسەر بەندێك بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ کراوە و ئەندامی پەرلەمان قسەی کرد.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

سەرۆك (٥٨) زۆر بە وازیحی و واقیع ئەم گفتو گۆیەی خستۆتە ڕوو، پێشمان دەڵێت تۆ کەی داوامان لێ دەکەیت ناومان بنووسی ئەمەیان لەراستیدا من پێموایە نە روونە نە وەڵامی ئەو پرسیارەی منە، هەقە ئەم مەوزوعە لە ئێستاوە داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم بۆ خۆم یەکێك لەوانەم لە ئێستاوە داوا لە کاك (فخرالدین) سکرتێری پەرلەمان دەکەم ناوم بنووسێ قسە دەکەم یان قسە ناکەم موشکیلە نییە من دەڵێم قسەکەم کرا، یەعنی با وای لێ نەیەت هەمووومان ناوی خۆمان بنووسین تۆ پێموایە ئەو کاتە ئەمە دەگۆڕێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز دکتۆر فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ویستم ئەگەر دەرفەت بدەی روون کردنەوەیەك لەسەر ئەو گفتو گۆیە بدەم، ئێمە تەقریبەن سێ چوار مانگە سەرقاڵی تەعدیل کردنی پەیڕەوین بۆ ئەم مەبەستەش پەیڕەوی زیاتر لە (١٨) و (١٩) وڵاتمان لەبەر دەستدایە ئەو رەفیقانەش کە لەگەڵ من دەزانن، یەعنی لە زۆربەی ئەو وڵاتانە ئەسڵ لە دەرەوە ناو تەسجیل دەکرێت ئیستیسناء لە ژووری ناو تەسجیل دەکرێت، ئەسڵ لە دەرەوە ناو تەسجیل دەکرێت و پێش ئەوەی بێینە ناو جەلسە، پەرلەمان دەزانێت چەند سەعات دادەنیشێت، دەڵێت جەلسەی ئەمڕۆ (٢) سەعاتە، چونکە ناوەکان دیارە و دەقەکەش دیارە ئەندامی پەرلەمان چەند دەقە قسە دەکات، بۆیە بە تەسەوری من ئەوەی کە ئێستا کاك عباس خوێندییەوە لە ماددەی (٥٥) لەوێش زۆر بە وازیحی دیارە داواکاری پێشکەش کردن، یەعنی کەی پێشکەشی دەکەیت پێش جەلسە لە ناو جەلسە؟، یەعنی ئەندامی

پەرلەمان مادام ڕێگەی لێ نەگیراوە هەرچەندە من یەکێك نیم ئێستا ناوم نووسراوە، بەڵام پێموایە هەقی ئەندامانی پەرلەمانە پێش وەختە ناوی خۆیان تۆمار بکەن، چونکە دەقەکە وازیحە وەکو عورفێکی پەرلەمانیش بڕۆن سەیری بکەن لە هەموو ئەو شوێنانەی ئێمە بینیومانە ئەسڵ ئەندامی پەرلەمان پێش جەلسە دەچێت ناوی خۆی تۆمار دەکات و ناوەکان هەڵدەواسرێن دەڵێن ئەمانەی خوارەوە ئەمڕۆ قسەیان هەیە لەو جەلسەیەدا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

راستە، بەڵێ بەڕێز کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بابەتەم زۆر تەرح کرد، دژی ئەو قسەیەی بەڕێز کاك (عباس) نیم من لەگەڵ قسەکەی کاك (عباس)م لە ناو پەیڕەودا بە هیچ جۆرێك نە هاتووە لە دەرەوە داوا بکەی دوای ئەوەی بەڕێزت جەلسەکە دەکەیتەوە ئەو تەڵەبە مەبەستی ئەوەیە تەڵەب لە بەڕێزت لە ناو قاعەکەدا بە هیچ جۆرێك تەفسیرێکی تری نییە، ئەگەر بەڕێزێك دەیەوێت پەیڕەو جارێکی دیکە هەموار بکاتەوە و بەو شێوەی لێ بکات ئەوە هەقی خۆیەتی و ئەندامان دەنگی لەسەر دەدەن، بەڵام لە ناو پەیڕەودا بەو شێوەیە کە بەڕێز جەنابی کاك (عباس) گوتی چاکترە داوا کردنی قسە کردن بە پێی پەیڕەو بێت لە ناو قاعە ئەگەر بەو شێوەیە نەبێت ئەوە دژی پەیڕەوەی ناوخۆیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەم بابەتە جێگەی خیلافی هەیە و مشتومڕی خۆتانە و، چەند جاریش ئەم بابەتە لە ناو پەرلەماندا باس کراوە و لە دەرەوەی پەرلەمانیش باس کراوە، عورفی پەرلەمانی ناو خۆییمان هەیە و، عورفی دەرەوەی پەرلەمانیشمان هەیە و، عورفی پەرلەمانانی تری دونیامان هەیە و، ئەوەی کە بەڕێز دکتۆر (فرست) باسی کرد تەنانەت لە دانیشتنەکانی پەرلەمان لە وڵاتێك بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەکو (سوید) لە ئەنجامی ئەوەی کە دەزانن چەند کەس ناوی خۆی نووسیوە و چەند دەقە دەیەوێت قسە بکات دەزانن کاتی دانیشتنەکە چەند دەخایەنێت لەبەرئەوە ئەمە پێویست دەکات ڕێك بخرێت و ئەم خولی پەرلەمانە وا تەواو دەبین لە خولی گرێدانی داهاتوو (انشاء الله) لیژنەی پەیڕەو و ئەو هەموارانەی کە ئەنجامیانداوە لە پەیڕەو تەواوی دەکەن و دەیهێنین لە پەرلەماندا پەسەندی دەکەین و ئەوکاتە بە شێوەیەکی تریش ڕێك دەخرێت بەمشێوە غموزە نییە کە ئێستا ببێتە جێگای مشتومڕ، خاتوو ئێڤار فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن پێویسـتم بـە روون کردنەوەیـەك هەیـە، مـەفروز بـوو بـەر لـە (٤٨) سـەعات راپـۆرتی بـەڕێز وەزیـری کشتۆکاڵ لە سندوقی پەرلەمانتاران بێتن، بەڵام هیچم نەبینی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو راپۆرتە راپۆرتێك نەبوو بـۆ گفتـو گـۆ کـردن، ئـەوەی کـە ئێسـتا لـە گفتـو گـۆ دایـە دۆخـی کشتۆکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوە و جەنابیشتان دەتوانن روون کردنەوەی خۆتان لەسەر هەر بابەتێك لەم بوارە پێشکەش بکەن، بەڕێز دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهارمحمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ویستم هەر روون کردنەوەیەك لەسەر فەقەرەی (٢)ی ماددەی (٥٥) بدەم ڕێزبەندی پێشکەش کردنی بـەکار هێناوە ئەگەر مەبەسـت لـە دەرەوەی پەرلـەمان نـە بوایـە ڕێزبەنـدی داواکاری بـەکاردێنا، پێشکەش کـردن بەواتا تۆ تەڵەبێك تەقدیم دەکەی لە دەرەوە خۆ لە ناو پەرلەماندا تەقدیم ناکرێت تەڵەب دەکرێت، بۆیـە زۆر وازیحە ماددەکە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، زۆر سوپاس، بەڕێز کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیـارە ئـەم بابەتـە ڕامـان دەکێشـێت بـۆ قسـەی تـر ماددەکـە لەبەرئـەوەی بەشـێوەیەك نووسـراوە دەتـوانین هەردوو تەحلیلەکەی بۆ بکەین کە بەداخەوە بەشێکی زۆری ماددەکانی ناو ئەم پەیڕەوە وا نووسـراونەتەوە کـە ئەمـە بـۆ خـۆی گرفتـە، بـەڵام لـە ڕووی مـەنتقی قسـە کردنـەوە چـۆن ڕوو دەدات پـێش ئـەوەی وەزیـر راپۆرتەکەی بخوێنێتەوە پەرلەمانتارێك ناو بنووسێت بڵێت من قسەم هەیە لەسەر قسەکانی وەزیر، یەعنی هەر لە ڕووی مەنتقەوە سەیری دەکەی ئەمە شتێکی نە گونجاوە، یەعنی خـۆ تـۆ غـەیبت پـێ نییـە بزانـی وەزیر راپۆرتەکەی چییە پێش ئەوەی بێی بڵێی من قسە دەکەم لەسەر قسەکانی راپۆرتەکەی، کە ئەمە مـن پێموایە ئـەو مەنتقـە مـەنتقێکی خراپـە و لـە عـورفیش نـەبووە بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان لـە خولـەکانی پێشوو عورف نەبووە، یەعنی ئەوە ئەندامانی خولی پێشوو لێرەن پرسیان پێ بکـە و، ئـەو نموونەیـەش کـە دەیهێننەوە لە (١٧) وڵات وایە، بـەڵام (١١٧) وڵاتـیش هەیـە شـتی وا نییـە، پێموایـە ئـەوە خراپـە جۆرێـك لـە پێشبڕکێی ناخۆشی دروست کردووە بە قائیمـە نـاو دەنووسـرێت و پەرلـەمانتارەکان بەشـێکی کـە دەیـەوێت قسە بکات کە زۆر جار قسەی مەنتقی و جدیشی هەیە سەرەی بەر ناکەوێت، یەعنی ئەگەر ئەوە نـەمێنێت لە ناو قاعەدا پێویستی بە بڕیارێك هەیە زۆر قورس نییە کێ قسەی هەیـە لـە نـاو قاعـە نـاو بنووسـرێت؟، یـەعنی چـییە ئەگـەر (٥) دەقـە پـێش برادەرەکـانی دیکـە تەڵـەب بنێـرێ و یـەعنی ئەمـە نـازانم هـیچ

دەستكەوتێك و ئینجازێكی تێدا نییە بۆ ئەم پەرلەمانە، ئەگەر هەموو شتەكان لە ناو قاعەدا بە شەفافییەت حەسم بكرێت زۆر باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز دكتۆر فرست فەرمووو.

**بەڕێز د.فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٥٤) دووەم لە خاڵی (٢) هەر دە ئەندامێك بۆیان هەیە داوا بكەن گفتو گۆی بابەتێكی گشتی بخرێتە بەرنامەی پەرلەمانەوە بە ئامادەبوونی سەرۆك وەزیران یان وەزیری تایبەتمەند، مانای وایە ئەندامانی پەرلەمان ئەسڵ قسە دەكاتن وەزیری تایبەتمەند ئامادە دەبێت و روون كردنەوە پێشكەش دەكات، كەواتە نە پێویستە راپۆرت بخرێتە ناو بۆكس و نە پێویستیشە كە مەنی ئەندام پەرلەمان قسە لەسەر قسەی وەزیر یان راپۆرتی وەزیر بكەم، یەعنی مەن وەكو ئەندامی پەرلەمان یەعنی موقەیەد نیم تەنیا لەسەر راپۆرتی وەزیر قسە بكەم، منی ئەندام پەرلەمان قسەی من ئەسڵەن بە پێی ئەو بەندی كە بۆ جەنابت خوێندمەوە دەتوانن هەر یەكە لەو ئەندامانەی كە لە پەرلەمان دانیشتوون ڕەئی خۆیان بدەن و وەزیریش روون كردنەوە بدات ئەمە یەك، ئەوەی تریان هەر خاڵێكی پەیڕەوییە ئاماژەی پێدەدەم ئەوە (١٩٢) وڵات لە دونیا هەیە ئێمە (١٧) مان دەرهێنا، بەڵام با بەڕێزەكانی تریش (٢) وڵاتمان بۆ بێنن كە ڕێگەی گرتبێت لەوەی كە ئەندامی پەرلەمان لە دەرەوە قسە نەكات و، پێموایە نەسی پەیڕەوی خۆشمان زۆر روونە كە ڕێگەی داوە زۆر بە وازیحی ئەندامی پەرلەمان ناوی خۆی تۆمار بكات پێتان خراپە با لای ببەین لە پەیڕەو، بەڵام ئێستا هەیە و زۆر بە روونیش هاتووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، پێموابێت دكتۆر سراج وەڵامی خۆی وەرگرتووە و قسەكەی كرا، وا نییە؟، باشە ئێستا دەست دەكەین بە گفتو گۆ، بەڕێز سكرتێری پەرلەمان روون كردنەوەیەكی هەیە لەسەر ئەم بابەتە فەرمووو.

**بەڕێز فخرالدین قادر/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تۆمار كردنی ناوی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بۆ گفتو گۆی هەر بڕگەیەك لە بڕگەكانی دانیشتنی یاسای پەرلەمانی كوردستان سەرەتا بە نووسراوی فەرمی ئاراستەیان دەكردین، بەڵام ئێمە لە دانیشتنێكی یاسایی پەرلەماندا پێمان وتن بە تەلەفۆنیش ناوەكانیان وەردەگرین بە نامەی مۆبایلیش هەر ناوەكانیان وەردەگرین، بۆیە هەر بابەتێك كە جێگەی تێبینی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بێت بۆ گفتو گۆ كردن لەسەری بە كام ڕێگای زۆر ئاسانە ئێمە بتوانین ناوەكانیان تۆمار بكەین و، زۆر ئاسانە ئەگەر بابەتێكی دیاری كراو گفتو گۆی لەسەر بكرێت جێگەی گفتو گۆ كردن بێت لە لایەن ئەندامانی پەرلەمانی

بەڕێزەوە دەتوانن ئەو کار ئاسانییەی کە لە لایەن ئێمەوە بۆیان کراوە ناوی خۆیان تۆمار بکەن و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەخێرهاتنی قوتابیانی کۆلێژی ئاداب بەشی فەلسەفە دەکەین کە ئێستا لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەن، فەرموو ناوەکان بخوێنەرەوە بەڕێزت.

**بەڕێز فخرالدین قادر/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جگە لەوەی کە پێشتر ئەو بەڕێزانەی کە ناویان تۆمار کرابوو بۆ گفتو گۆ کردن لەسەر بڕگەی دووەمی دانیشتنی ئەمڕۆ ئەم بەڕێزانەش ئێستاش ناویان تۆمارە (عزت صابر، أنس محمد، زیاد حسین، عباس غزالی، دکتۆر فرست صۆفی، مەروان گەڵاڵی، رابوون توفیق، ابوبکر هەڵەدنی، بەهار عبدالرحمن، ایوب عبدالله، ئومێد حەمە علی، هەورامان حەمە شەریف، بێستوون فائق، أنور قادر، دکتۆرە جوان اسماعیل، پەری صالح، رۆزا محمود، سهراب میکائیل، فائق مصطفی، حاجی کاروان، دکتۆر شوان، کاك عبدالله حاجی محمود، ابو کاروان، مامۆستا حسن، کەژاڵ هادی، شیلان جعفر، کاك عباس)، ڕیز بەندی ناوەکان جگە لەوەی کە پێشتر ناوی تۆمار کراوە ئەوی دیکە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دیاری دەکات بە پێی فراکسیۆنەکان بەو بەرنامەیەی کە لە لایەن بەڕێزیانەوەیە لەبەر ئەوەی پێش و پاشخستنی ناوەکان بە لاتانەوە ئاسایی بێت، (صالح فەقێ، عمر عینایەت، منیرە عثمان، ئاواز جەنگی، تەلار لطیف، فرحان جوهر، تحسین اسماعیل).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان (٤٦) کەس ناوی خۆی نووسیوە بۆ قسە کردن، بۆیە تکایە بە کورتی هەر روون کردنەوەیەکتان هەیە هەر پرسیارێکتان هەیە لە بەڕێز وەزیری کشتۆکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بیخەنە ڕوو بۆ ئەوەی بتوانین گفتو گۆیەکی بەرهەمدار و لە کاتێکی کەمدا ئەنجام بدەین لەسەر ئەم بابەتە، بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش هەموو شتێك بەخێرهاتنی جەنابی دکتۆر و وەفدی یاوەری دەکەم، کشتۆکاڵ دیارە لە دونیادا زۆر گرینگە و ئاسایشی خۆراك و ئاسایشی ئاویش هەر بە کشتۆکاڵەوە بەندە و، هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو ناوچانەی کە لە راستیدا بنەماکانی گەشە کردنی کشتۆکاڵی تێدایە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا بەهۆی نەبوونی پلانێکی ستراتیژی و تۆکمەو هەروەها ئیرادەیەکی بەهێزەوە نەتوانراوە گەشە بەم بوارە بدرێت و، بەپێی هەموو پێوەرێك و بە پێی هەموو پێوانەیەك هەرەس هێنانی کەرتی کشتۆکاڵ بۆ خۆی جۆرێکە لە دارمان و هەرەس هێنانی ژێرخانی ئابووری وڵات، من پێم خۆشە ئەگەر مەجال بدەی بە حوکمی ئەوەی هەم لە لیژنەی کشتۆکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوم مەجالێك زیاتر بدەی قسە بکەین، چونکە زۆرێك لە

برادەرەکان ڕەنگە قسەکانی خۆشیان دابێ بە ئێمە، سەرەتا لە قسەکانی جەنابی وەزیـرەوە دەست پێدەکـەم ئەگەر قسەکانی بەڕێزی بەراورد بکەین بەم نەخشە ڕێگایەی کە وەزارەتی کشتۆکاڵ بەناوی نەخشە ڕێگای کەرتی کشتۆکاڵ و ئاو لە هەرێمی کوردستاندا دیاری کردووە هەندێك لە تـەناقوز یـا خـۆد پێچـەوانە هەیـە لەو داتاو ئامارانەی کە بەڕێزی باسی کرد، ئەم نەخشە ڕێگایە بۆ خۆی ژمارەیەك ئەرقام و داتای تێدایە لە ڕاستیدا سەرچاوەکەی دیاری نەکراوە کە بۆ خۆی ئەمەش گرفتە تەنانەت پێموابێ بەڕێوەبەرایەتی ئامـاری دیوانی وەزارەتیش پشتگیری ئەو داتاو ئامارانە وەکو پێویست نـەکات، تـەنیا دوو سێ نموونـە بـاس بکـەین جەنابی ژمارەی فەرمانبـەرانی وەزارەتەکـەی بـە (١٣) هـەزار و تەقریبـەن نیـو لـە قەڵەمـدا، بـەڵام بـە پێـی ئەمەی کە لەم نەخشە ڕێگایەدا هەیە (١٤١٤١) فەرمانبەر هەیە، کە جیاشی کردووتەوە چەندی ئەندازیارە و چەندیشی بەشەکانی ترە، هەروەها بـەڕێزی ئامـاژەی بـۆ بـڕی ئـاو کـرد لـە هـەرێمی کوردسـتاندا دیـارە لـە هەرێمی کوردستاندا بە پێی وتەی شارەزایانی بواری ئـاو نزیکـەی (٤٧) ملیـار مـەتر سێجا ئـاو لـە هـەرێمی کوردستاندا هەیە، بەڵام بەڕێزی تـەنیا ئامـاژەی بـە (٢٩) ملیـار مـەتر سێجا کـرد لـە کاتێکـدا بـە پێـی ئـەم نەخشە ڕێگایە کە لەبـەر دەسـتی ئێمەدایـە و هـی وەزارەتـی کشـتۆکاڵ و سەرچاوەکانی ئـاوە (٣٠) ملیـاردت هەیە و (٥) ملیاریش ئاوی ژێر زەویمان هەیە کەواتە (٣٥) ملیار بـەرەو ژوور مـەتر سێجا ئاومـان هەیـە لـە هەرێمی کوردستاندا، من پێم خۆشە لەسەر یەك شتی دیکە قسە بکەم لەڕاستیدا کۆمەڵێك داتاو ئامار بـاس کـرا زۆر بـە سـەراحەت مـن دەمـەوێت تیشـك بخەمـە سـەری ئـەویش مەسـەلەی دابـین کردنـی یـا خـۆد بەرهەمهێنانی ئەم ساڵی کۆمەڵێك لەو بـەرو بوومانەیـە کـە دوانیـان بەشـی پێداویسـتی نـاوخۆیی هـەرێمی کوردستانی کـردووە کـە گـەنم و پەتاتـە بـوون، مـن نایشـارمەوە و حـەزیش دەکـەم هـەموو پەرلـەمانتارانی بەڕێز لەوە دڵنیا بکەمەوە و ئەم قسەیەشـم لـە ڕاسـتیدا لـە کۆبوونـەوەی لیژنـەی کشـتۆکاڵدا لـە بەرامبـەر وەزیری پیشەسازی و بازرگانیشدا کردووە، من بۆ خۆم بە گومانم لە بوونی ئەو ڕێژە زۆرەی گـەنم ئەمساڵ لە هەرێمی کوردستاندا درا بە سایلۆکان کە ﴿٧٢٤﴾ هەزار تەنە و بەڕێزیشی ئاماژەی بەوە کرد کـە ﴿١٠٠﴾ هەزاریش لە ماڵەکاندا ماوە نەدراوتە ئەم شوێنانە یان نەیانفرۆشـتووە و لای خۆیانیـان هێشـتووەتەوە، مـن تێناگەم لە ساڵی ڕابردوودا ﴿٥٧٠﴾ هەزار تەن بەرهەمی دانەوێڵە و گەنم بووە لە هەرێمی کوردستاندا، ئایا لە ساڵی ڕابردوو یان لە شـەش بـۆ هەشـت مـانگی ڕابـردوودا تـا ئێسـتا لـە هـەرێمی کوردسـتاندا چ پلانێکـی ئیستراتیژی گرنگمان هەبووە تاکو ڕێژەی بەرهەمهێنانی گەنم لە ﴿٥٧٠﴾هەزارەوە بچێت بۆ ﴿٧٤٤﴾ هـەزار تەن، ئەمە بۆ خۆی گرفتەکە لەوێدایە و من بە دوو نموونە دەیسەلمێنم بـۆ ئـەم حاڵەتـە، یەکـەم: نـەبوونی پلان و تەنگژەی دارایی زۆر گەورە لەم هەرێمە هەبووە، دووەم: ئێمە لە ساڵانی ڕابردوودا گیرمـان بەدەسـت ئەو گەنمەوە خواردبوو کە لە هەرێمی کوردستان هەیە کە ئاردی لێدەکرا، کە بە ڕاستی نەدەکرا بە هەویر، ماددەیەك هەیە پێیدەوترێت گلوتین و ئەم ماددەیـە لـە ﴿١٥٪ و ١٦٪﴾ بـوو، و نـە دەچـووە ﴿٢٠٪﴾ کـە لـە گەنمی خۆمان هەبوو، بەڵام ئەمساڵ ئەو گەنمەی کە هەیـە ڕێژەکـەی چـووەتە ﴿٦٠٪﴾ کـە ئەمـە بـە خـۆی دەرخەری ئەوەیە کە بەشێکی ئەم گەنمە هێی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانە و تەنانەت

له کۆماری ئیسلامی ئێرانیشەوە گەنم هاتووە لەبەر ئەوە لە هەرێمی کوردستان بۆ هەر تەنێك ﴿٧٩٢﴾ هەزار دینار سەرف کراوە تەنی دەرەجە یەکەکەیە، بۆیە رەنگە زۆرێك لە بازرگان هەبووبێت بە نرخێکی هەرزان لە ئێران یان لە شوێنێك لە دەرەوەی هەرێم کریبێت و هێنابێتی و لە هەرێمی کوردستان ساغی کردبێتەوە و حەز دەکەم بە دواداچوون بۆ ئەم بابەبەتە بکرێت، مەسەلەی بن دیوار جەنابت ئاماژەت پێدا کە کەس نییە بە راستی بن دیوار ئەوە نییە کە کەسێك دەوام نەکات و کەسێکیش کە لە هەفتەدا رۆژێك دەوام دەکات هەر بن دیوارە، بۆیە دەکرێت پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و خەڵکی لەو بابەتەمان زۆرە، بۆیە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و بگرە لە هەمووو وەزارەتەکانیشدا هەیە، باسی سایلۆ ناکەین کە گیرمان خواردووە بە دەست نەبوونی سایلۆیەوە، بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان بەشی ﴿٢٦٥﴾ هەزار تەن سایلۆ هەیە کە گەنم بگرێت، لە سنووری پارێزگای سلێمانی و لە هەولێر و شوێنەکانی تردا ئەمساڵ ﴿٧٤٤﴾هەزار مان هەبوو، ﴿٢٦٥﴾هەزار تەن لە سایلۆکان هەبووە، ئەوەی تری لە شەقام و گورەپانەکان هەبووە کە ئێستا داپۆشراون و نزیکەی ﴿٢﴾ ملیار دینار سەرف کراوە بۆ داپۆشینی ئەم گەنمە، رەنگە بەم دوو ملیاردە دوو، سی، سایلۆ کرابانەوە، بە هەر حاڵ خاڵێکی ترن زەوی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان بە داخەوە دەیڵێم تەخشان و پەخشانێکی زۆری پێوە کراوە و لە ساڵی ﴿٢٠٠٨﴾ ەوە کە یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان تەسدیق کراوە و کاری پێدەکرێت تا ئێستا وەکو خۆی ئاماژەی پێداوە یەك ملیاردو شەش سەد هەزارو سەدو نەوەدو دوو﴿١٠٠٠٦٠٠١٩٢﴾ دۆنم زەوی کراوەتە پرۆژەی نیشتەجێ بوون یان خود پرۆژەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان کە لە ﴿٢٤,٨٪﴾زەوی کشت و کاڵی لە هەرێمی کوردستان دەکات، کە لە دونیا نەبووە بۆ نموونە زەوی لە هەرێمی کوردستان ﴿١٠﴾ جۆرمان هەیە و جۆری ﴿١ و ٢ و ٣ و ٤﴾ بە هیچ شێوەیەك نابێت بکرێتە پرۆژەی نیشتەجێ بوون، و حەز دەکەم تەئکید لەوە بکەمەوە وەزارەتی کشتوکاڵ لە ساڵی ﴿٢٠١١﴾ دا ئەمە نووسراوێکە هەم وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی فیدراڵ و هەم وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێم باسی ئەوەیان کردووە کە بە هیچ شێوەیەك نابێت پرۆژەی نیشتەجێ بوون و خزمەتگوزاری لەسەر زەوی کشتوکاڵی بکرێت بەڵکو دەبێت بەسەر بەردەلان بکرێت، ئایا لە ساڵی ﴿٢٠١١﴾ ەوە تا ئێستا چەند تەجاوز و زیادەڕۆیی کراوە لەسەر زەویەکانی هەرێمی کوردستان، من حەز دەکەم جەنابی دکتۆر بە دوای ئەمەدا بچێت و وەڵامێکمان بداتەوە، شتێکی تر کە زۆر گرنگە مەسەلەی ئاو و سەرچاوەکانی ئاوە، دیارە یەکێك لە کارەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ دابین کردنی ئاسایشی ئاوە، جەنابی کومەڵێك داتای ورد کە حەزناکەم دووبارەی بکەمەوە، بەڵام دەمەوێت پرسیارێك بکەم ئایا لە ماوەی دوو ساڵدا حکومەتی تورکیا خەریکی دروستکردنی ﴿٧٠٠﴾ بەنداوە بۆ وشککردنی ئەو ئاوانەی کە دێنە هەرێمی کوردستان، ئێمە وەکو لیژنەی کشتوکاڵ سەردانی وەزیری پێشوومان کرد پێش ئەوەی کابینەی هەشت تەشکیل بێت، ئەو تەئکیدی لەوە کردەوە کە ئێمە ئەو ﴿٧٠٠﴾ بەنداوەی تورکیا کە قەرارە لە ساڵی ﴿٢٠٢٠﴾ دا تەواو بێت، بەڵام ئێمە پلانێکمان داناوە کە کۆمەڵێك بەنداوی گەورە دروست بکەین کە نەهێڵێن ئەو کێشەیە لە کوردستاندا دروست بێت و بەنداوەکانی ئێمە لە ساڵی ﴿٢٠١٨﴾ تەواو دەبێت، ئایا

کار کردن لەو بەنداوانە گەیشتووەتە کوێ کە پێم وابێت ﴿٣١﴾ بەنداوە، شتێکی تر مەسەلەی بەروبوومی خۆماڵی و ساغکردنەوە بازاڕی بەرهەمی کشتوکاڵ، ڕێژەی بەروبوومی هاوردە بۆ هەرێمی کوردستان ئەمە نەخۆشییەکە بە راستی جوتیارانی کوردستان پێوەدەناڵێنن و نەتوانراوە بە پێی پێویست بەر بەم حاڵەتە بگیرێت و بە بڕوای من تاکو نەتوانرێت بەروبۆمی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لە کوردستاندا بازاڕی بۆ ساغ بکرێتەوە بە هیچ شێوەیەك ناشێت باس لە پێشکەوتن یان دووبارە بونیادنانەوەی کەرتی کشتوکاڵ بکەین، چونکە بە بازاڕکردنی بەروبوومی کشتوکاڵی هاندەری یەکەمی بەرزکردنەوەی توانای کێڵگەکانمانە، و ئەمەش بە راستی بە دامەزراندن و هێنانی کۆمپانیای گەورە دەبێت لە وڵاتانی دەرەوە بۆ هەرێمی کوردستان، و هەموومان دەزانین لە ساڵانی هەفتاکاندا ئەو کەسانەی بە کشتوکاڵەوە خەریك بوون ﴿٣٧٪﴾ تێپەڕیبوو، بە داخەوە لە ساڵی ﴿٢٠٠٣ تا ٢٠١٣﴾ ئەگەر داتایەك وەربگرین، لە ساڵی ﴿٢٠٠٣﴾ نزیکەی ﴿٣٥٪﴾ خەڵکی کوردستان بە کشتوکاڵەوە خەریك بوون، داتایەکە ئێستا دابەزیوە بۆ ﴿١٦٪﴾ و ئەمەش ﴿٨٪﴾ جوتیاری راستەقینەیە کە لە دێهاتەکاندا مانەتەوە و ئەوانی تر لە شارەکانەوە سەرپەرشتی کەرتی کشتوکاڵ دەکەن و ئەمە بۆ خۆی گرفتە  و ژمارە جوتیارانی کوردستان بە پێی ئەو داتایەی لە وەزارەت هەیە ﴿١٥٣﴾ هەزار کەسە و بەداخەوە بە پێی ئەو ئامارەی خۆیان لە سنووری پارێزگای هەولێر ژمارەی ئەو جوتیارانەی نووسیویانە دەرکەوتووە ﴿٥٥٪﴾ ی ئەمانە فەرمانبەرن، بۆیە دەکرێت جوتیاری راستەقینە جیابکرێتەوە لە فەرمانبەر و گرنگی بە جوتیاری راستەقینە بدرێت، نەبوونی تەنسیق لە بەینی وەزارەت و دام و دەزگاکانی خۆیدا بە راستی رەنگی داوەتەوە کە تەنیا دوو نموونە باس دەکەم، دروست کردنی پواند لە شوێنەکان، ئێستا شوێن هەیە پواندی لێیە چووم سەیرم کرد رەنگە ئاوی تێدا نەبێت و سەردانی بەرێوەبەرایەتی کشتوکاڵەکەم کردووە کە تەئکیدی کردووە نە ئاگام لێیە و نە پرسم پێ کراوە ئەم حاڵەتانە وەزارەت خۆی ئەمەی کردووە، بۆیە ﴿٥٨٠﴾ ملیۆنیشی بۆ دانراوە، بۆیە دەکرێت پرس و را بەم شوێنانە بکرێت، تەنانەت کاتێك بڕیارێك دەردەکرێت لەسەر قەدەغەکردنی بەروبوومی هاوردە بۆ هەرێمی کوردستان با ئەو رێنماییانەی دەیدەن بە کەرەنتینەکانی دەروازە سنورییەکان وردەکاری تێدا نییە ئەمە عەرقەلەیەکی گەورە بۆ کارمەندان و بازرگانان دروست دەکات و تووشی سەرئێشەی زۆر دەبن، مەسەلەی مانگا و شیر کە زۆرگرنگە، دیارە ساڵانە بە داخەوە دەیڵێم ئێمە لە هەرێمی کوردستان ﴿٧٠٠﴾ ملیۆن دۆلار دەیدەینە شیر و بەرهەمەکانی شیر کە لە دەرەوە هاوردە دەکرێت و بە بڕوای من بە پێی ئەو شوێنانەی کە ئێمە بووی چووین زیاد لەو پارەیە دەدرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشیانەی کە لەم شیروماستەوە تووشمان دەبێت و هەرێمی کوردستان لەبارە بۆ ئەم حاڵەتە، من تەنیا یەك نموونە باس دەکەم لە وڵاتێکی وەکو سعودیە ئێمە زۆرجار کە باسی وڵاتێکی پێشکەوتوو دەکەین ئەگەر سعودیە بێت گاڵتەمان پێدێت، لەم وڵاتەدا کە نەوتی زۆرە، بەڵام نەهاتووە هەموو هێلکەکانی بخاتە ناو سەبەتەی نەوتەوە، هاتووە گرنگی بە کەرتی کشتوکاڵ داوە بە تایبەتی لە بواری شیردا، هەموو رۆژێك ﴿١٠٠٠﴾ تەنکەری ﴿٣٦﴾ هەزار لیتری شیری مەراعی لە سعودیەوە هەناردەی وڵاتانی دەرەوە دەکرێت کە بەشێکی

لای ئێمە ساخ بووتەوە، بۆیە یەکێك لە کێشەکانی ئێمە ئەوەیە پرۆژەی وامان نییە، دەکرێت وەزارەت حەلی ئەو بابەتە بکات، هەیکەلی ئێستای وەزارەتی کشتوکاڵ لە راستیدا دەبێت گۆڕانکاری تێدا بکرێت ژمارەیەکی زۆر فەمانبەرمان هەیە، بەرێوەبەرایەتی و دام و دەزگامان هەیە، بەڵام پرسیاری من لە جەنابی وەزیر ئەوەیە ئایا ئەو ژمارە زۆرەی فەرمانبەر و ئەو دەزگایانەی کە هەیە توانیویەتی بایی ئەوەندە خزمەت بە کەرتی کشتوکاڵ بکات؟ تەبعەن ئێمە چوار پارێزگامان هەیە، ﴿١٤١٤١﴾چواردەهەزار و سەدو چل و یەك فەرمانبەری تێدایە عێراق ﴿١٥﴾ پارێزگایە ﴿١٤﴾ هەزار فەرمانبەری تێدایە، لە کاتێکدا ئەوە خۆمان دەزانین پێشکەوتنی کشتوکاڵ لەوێ لەگەڵ ئێرە چەند جیاوازە، مەسەلەیەکی تری نەگەیاندنی پەینی کیمیایی و ماددەکانی ترە بە جوتیاران لە کاتی خۆیدا، پەینی کیمیایی من یەك نموونە دێنمەوە، ئێمە دەڵێین با حکومەتی عێراقی چاو لە ئێمە بکات بۆ گەشەکردنی بواری کشتوکاڵ و بەشەکانی تر، لە ناو حکومەتی عێراقی بۆ یەك دۆنم ﴿٤٠﴾کیلو سەما دەدرێت بە جۆتیارێك، بەڵام لای خۆمان ﴿٥﴾ کیلو دەدرێت و دابەشکردن و جۆرەکەی خراپە و لە کاتی خۆی نادرێت و نادادپەروەریش هەیە، کابرا ﴿١٠٠﴾ دۆنم زەوی دەکات دوو فەردەی دەدەنێ و دۆنمێکیش بکات هەر دوو فەردەی دەدەنێ، بۆیە دەکرێت چارەسەری ئەمە بکرێت، مەسەلەی دەواجین پێم خۆشە ئاماژەی پێبدەم، جەنابی خۆی ئاماژەی پێکرد لە ﴿٦٧٪﴾ ئێمە پشت بە هاوردە دەبەستین لە دەرەوە بۆ مریشك، بەڵام ئەوەندەی کە من بە دوایداچووم ﴿١٣٠٠﴾ دەواجین لە کوردستاندا هەیە و کە دەتوانن لە ﴿١٠٠٪﴾ بەرهەمی مریشك بۆ کوردستان دابین بکەن بە مەرجێك حکومەت هاوکاریان بێت، بەڵام بە داخەوە وەکو پێویست نەیانوتانیوە هاوکاریان بێت، نەخۆشییەکی ئێجگار زۆر لە دەواجینەکان بڵاو بووەتەوە ئایا وەزارەت چووە بزانێت بڵاوبوونەوەی نەخۆشی هۆکاری چییە؟زیاتر لە ﴿١٠﴾ ساڵە کۆمەڵەی بەخێوکردنی پەلەوەر ﴿١٣﴾ ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە لە وەزارەت بۆ پێشخستنی ئەم بوارە، ئایا ئەم پارەیە لەم کۆمەڵەیە ماوە یان تەسلیمی وەزارەت کراوە و ئاگای لێیەتی؟ دەکرێت بەدوایدا بچن و شتێکی تر ﴿١٧ بۆ ١٨﴾ کارگەی عەلەف لە کوردستاندا بوونی هەیە و رێگەش نادرێن عەلەف بێتە کوردستان، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەوە ﴿١٣٠٠﴾ دەواجین مان هەیە ئێستا مریشك لە دەرەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت، کە ئەمە وای کردووە دەواجینەکانی خۆمان تەدمیر ببن، مەسەلەی کۆنترۆلی جۆری کە خاڵێکی زۆر گرنگە پێم خۆشە جەنابی دکتۆر زۆر بە جدی گوێ لەم بابەتە بگرێت، لە کەرەنتینەکانی نێو دەروازەکاندا هیچ ئامێرێکی پشکنینی تێدا نییە، گۆشت بە هەموو جۆرەکانییەوە دەی هێنرێتە سلێمانی و هەولێر ماوەی سێ رۆژی پێدەچێت هەتاکو نەتیجەی دەردەچێت عەقدێك پردەکەنەوە بۆ کابرای بازرگان سێ رۆژی پێدەچێت و رەنگە ئەم کابرایە لە سنوورەکانەوە تاکو دێتە هەولێر و سلێمانی بەشێکی زۆری ئەم مریشك و گۆشتەی کە هەیە ساغی بکاتەوە، بۆیە دەکرێت حەلی ئەم بابەتە بکرێت و من تەئکید دەکەم کە لە نێو وەزارەتی کشتوکاڵ خۆیدا بەرێوەبەرایەتی کۆنترۆلی جۆری هەیە، بەڵام بە داخەوە ماوەی ساڵ و نیوێکە دەرگاکەی داخراوە و تەنیا یەك کارمەندی هەیە و ئەو کارمەندەش نە نووسراوی بۆ کراوە و نە کارێکی پێسپێردراوە، بۆیە یان

دایبخەن یان لە راستیدا گرنگی بە کوالێتی کۆنترۆل بدرێت لە هەرێمی کوردستاندا، مەسەلەی هەنگ، خۆمان دەزانین سامانێکی گرنگە و کوردستان چەند لەبارە، ساڵانە ﴿٧٥٠﴾ هەزار تەن بەرهەمی هەنگوین هەیە لە ﴿٢١٤﴾ هەزار پوورەی هەنگ، کوردستان بەداخەوە دەیڵێم ئەو کەسانەی خەریکی کاری هەنگەوانین، بەهۆی نەشارەزایی و نەبوونی دەورە لە لایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە بۆیان، لە وڵاتانی پێشکەوتوو یەك پوورەی هەنگ بەرهەمەکەی بیست کیلۆ هەنگوینە، بەڵام لە کوردستان تەنیا ﴿٤ بۆ ٥﴾ کیلۆیە، خاڵێکی تر، رێنمایی پێویست بۆ هەنگەوانان دەربکەن و ئامێر بێنن بۆ پشکنینی هەنگوین و بزانن تاچەند هەنگوینەکەمان نایابە و زۆر جار دەڵێین لە دونیادا نایابە و یەکەمە، دەکرێت ئامێر بێنین بۆ پشکنینی ئەم حاڵەتە، من چەند پێشنیارێکم هەیە ، یەکەم، کردنەوە بەشێکی تایبەت لە وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ رووبەڕووبوونەوە و چارەسەرکردنی زیادەڕویی بۆ سەرجەم زەویە کشتوکاڵییەکان کە ئەمە نەخۆشی دەردی کشتوکاڵە و کشتوکاڵ لەم وڵاتە دواخستووە و دانانی چەند کەسێکی شارەزا بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە لە رووی یاساییەوە، دووەم، پێداچوونەوە بە رێنمایی پرۆژە کشتوکاڵییەکان و رێنمایی پەلەوەری و ئاژەڵی لە ناوچەی شاخاوی و کوێستانییەکان کە زۆر جیاوازە لە ناوچە تەختانییەکان، هەندێ عەرقەلە دروست کراوە خەڵکی ناوچەکانی شاخاوی و کوێستانەکان ناتوانن ئەم رێنماییانە جێ بە جێ بکەن، بە پێی رێنمایی ژمارە ﴿٧﴾ ساڵی ﴿٢٠٠١﴾ دەڵێت: دەبێت ئاو هەبێت پاشان پرۆژە دروست بکرێت لە کاتێکدا یەکێك لە مەرجەکانی دروستکردنی پرۆژەکان کە دەبێت لە زەوی بەردەڵانی بێت، ئایا زەوی بەردەڵانی ئاو کوا؟ ئەمە هۆکارێکە بۆ سەرکێشانی زیادەڕۆیی، دەکرێت دوای پێدانی مۆڵەتی سەرەتایی بۆ پرۆژەکە مۆڵەتی پێدانی بیریشی پێبدرێت، سوود وەرگرتن لە دەرچووەکانی کشتوکاڵ و هاوکاری کردنیان لە لایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە و بانگ بکرێن، داوای تەعین دەکەن، تەعینی مەکە وەرە پرۆژەیەکی بدەرێ لە بواری خۆیدا و هاوکاری بکە و ئەویش دەتوانێ سوودی لێوەربگرێت، هاندان و بانگەوازکردن و پێشوازی کردن لە کەرتی تایبەت و راسپاردنی لە وەزارەتی کشتوکاڵ چۆن لە حکومەتی عێراقییە لە راستیدا کۆمپانیای گشتی بۆ کشتوکاڵ و بۆ سامانی ئاژەڵی کار دەکەن و وەزارەتی کشتوکاڵ بەس سەرپەرشتی ئیشەکان دەکات مەرجی وەرگرتنی پۆلیسی بەشی دارستان، داواکارم هەم لە وەزارەتی ناوخۆ و هەم لە وەزارەتی کشتوکاڵ رەچاوی ئەمە بکەن کە پۆلیسی دارستان دەبێت خەڵکی ئەو گوندانە بێت، بۆ ئەوەی گوندەکانی خۆیان چۆڵ نەکەن، هەڵمەتێکی نیشتمانی بۆ بووژاندنەوە و ئاوەدانکردنەوەی گۆندەکانی کوردستان، ساڵانە لە لایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە مەراسیمێکی تایبەت بکرێت و تێدا جوتیاری نموونەیی خاوەن بەرهەم و خاوەن پرۆژەی نموونەیی خەڵات بکرێت، ئاسانکاری بکرێت بۆ جوتیاران کە لە رێگای خانووی پلاستیکی گەشە بەبواری کشتوکاڵ بدرێتن و لابردنی ئەو کوت و بەندانەی خراوتە بەردەمیان، بە مەرج وەرگرتنی ئەو خاڵانە ئەگەر گرنگیان پێبدەن لای خۆیان جەنابی وەزیر و وەفدەکە تەئکیدی لێبکەن، بە مەرجگرتنی بەرهەمهێنان بۆ ئەو کەسانەی کە تەسەروفی زەویان لە لایە کە هەر کاتێك نەیانتوانی بەرهەمیان بوو و بەرهەمیان نەبوو لە زەویەکەدا غەرامە بکرێت بە برێك پارە

کە ئەمەش وەزارەت بە خۆی دیاری بکات، من شتی تر ماوە، بەڵام بە داخەوە رەنگە ئیتر کاتی برادەرانم خواردبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جا هیچ ماوە برادەرەکان باسی بکەن، بەڵێ کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی مادەی ﴿٥٣﴾ پێم وایە جەنابی وەزیر خۆی تەشریفی هێناوە بۆ ئێرە لەگەڵ ستافی یاوەری، ئەگەر بکرێت و بە گونجاوی دەزانیت بە پێی ماددەی ﴿٦٤﴾ هەموو ئەندامێك بۆی هەیە سێ پرس ئاراستەی بەڕێزی بکات لە رێی جەنابتەوە، یان ﴿١٠﴾ خولەك قسە بکات و ئەگەر بە پێی ئەم ماددەیە برۆین رەنگە کاتەکەمان بۆ بگەرێتەوە، ئەگەر بە باشی نازانی ئەمرەکە لای بەڕێزتە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عمر جارێکی تریش باسی ئەوەمان کرد ماددەی ﴿٦٤﴾ پەیوەندیدارە بە پرس و پرساندن، بەڵام ئەگەر دەتانەوێت تەعمیمی بکەن بەسەر گفتوگۆکردن، چوار جۆر ئامادەبوونی وەزیرمان هەیە کە یەکێکیان بە پێی مادەی ﴿٥٣﴾ برگەی یەك کە بە هۆی داواکەی خۆیەوە بێتە پەرلەمان بۆ روونکردنەوەی هەر بابەتێك و گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە، مادەی ﴿٥٤﴾ برگەی دووەم، کە ﴿١٠﴾ ئەندام پەرلەمان داوای ئامادەبوونی وەزیر بکەن و هەر لە فەقەری دووەم لیژنەش دەتوانێت داوای وەزیر بکات بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر بابەتێکی دیاری کراو، ئەم دوو ماددە ﴿٥٣ و ٥٤﴾ گفتوگۆ کردنە واتە کراوەیە، بەڵام ماددەی ﴿٦٤ بۆ ٦٨﴾ مان هەیە کە بریتییە لە پرساندن، لەو کاتەدا وەزیر ئامادە دەبێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرساندنەی کە لە لایەن ئەندامانەوە کراوە و لە کاتی پرساندندا تەنیا ئەو کەسەی کە پرساندنی ئەنجامداوە دەتوانێت پرسیار ئاراستەی وەزیر بکات لەگەڵ یەك ئەندام پەرلەمانی تر دەتوانێت پرسیار ئاراستەی وەزیر بکات و لە ﴿٣﴾ پرسیار زیاتر ئاراستە نەکات ئەمە وا رێکخراوە، بەڵام ئەگەر دەتانەوێت تەعمیمی بکەین و لە کاتی گفتوگۆکانیش کات دابنێین پێم وابێت بیخەینە هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی، ئەمە باشترە و بە رێك و پێك رێکدەخرێت و لە کاتی گفتوگۆ چەند قسە بکرێت و لەکاتی پرساندن چەند قسە بکرێت، ئەوەی من ئێستا گوێ بیستی بووم ﴿مامۆستا عبدالرحمن﴾ ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیدارە بە کشتوکاڵ و ئاودێری و سەرچاوەکانی ئاو باسی کرد تکایە ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان ئەو بابەتانەی کە ئەندامی پێشخۆتان باسی کرد، یان پرسیاری کرد دووبارەی نەکەنەوە، بۆ ئەوەی کات زۆر بە فێڕو نەچێت لەم بوارەدا، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە هەمان فراکسیۆنن، کە مامۆستا ﴿عبدالرحمن﴾ لە فراکسیۆنی گۆڕانە و لە لیژنەی کشتوکاڵیش موختەسە، دەتوانن قسەکانی خۆتان کورتتر بکەنەوە، کاك غریب فەرموو.

**بەڕێز غریب مصطفى حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـە نـاوی خـوای بەخشـندە و میهرەبـان، سـەرەتا بـەڕێز وەزیـری کشـتوکاڵ و شـاندی یـاوەری بـەخێر بـێن دەستخۆشـی لێدەکـەم بـۆ راپۆرتەکـە، حـەزم دەکـرد ئاماژەیـەك تێـدا بـا بـە هەوڵـەکانی لیژنـەی کشـتوکاڵی پەرلەمانیش، بـەڕێزیان کـە سەرپەرشـتیاری کـەرتێك دەکـەن کـە پەیوەسـتە بـە هـەموو کەرتـەکانی تـر لـە هەرێمی کوردسـتان و هەیمەنـەی هەیـە بەسـەر هـەموویان و ئـەو گرنگییـەی کـە بـەڕێزیان باسـی کـرد کـە ئاسایشی خۆراك و ئاو بەندە بەم کەرتەوە، بەڵام کەرتێکی بێنـاز و دەیـان کێشـەی کەڵەکـە بـووی سـاڵەکانی پێشـتر، جوتیـار و گونـد و بەرهـەمی کشـتوکاڵ و زەوی کشـتوکاڵی و تەنانـەت لـەوەرگا و بەردەڵانـەکانیش هەمووی حاڵی خراپە، جوتیار لە لایەن حکومەتەوە کە چاوەڕێ دەکات خزمەتی کەمە، لە عەلوەکان زۆڵمی زۆریان لێدەکرێت و زۆر جار هاواریان لێهەڵدەستێت، لای بەقاڵەکان مافیان دەخۆرێت، تاجیرەکان زۆڵمیان لێدەکات، تەنانەت سون و کوللەو بەڕاز و بژار و گیاو کەلەش هەر ناحەزی جوتیارە، کە وای لێهاتووە لە کوردستاندا کە ئەم پەیامە زۆر جار لە لیژنەی کشتوکاڵەوە گەیاندوومانە وەزارەت کە پڕ بە قورگی هاوار دەکات و دەڵێت هیچم ناوێت لە حکومەت، نە پەیینی کیمیاوی و نە گاز و نـە دەرمـانی قڕکـەر و نـە هـیچ، تەنیا بازاڕم دەوێت بسازێنرێ بۆم کە بەرهەمەکانم تێدا بفرۆشم، ئەمساڵ جەنابیان دەزانن وەکو ساڵەکانی تر هەموو بەرهەمەکانی جوتیارانی تر لە شوتی و پیاز و پەتاتە و هەنار و تەماتەو هەتا مریشك ئێستا بازار نییە کە جوتیارەکان بەرهەمەکانی تێدا بفرۆشن، گەنم بەو جۆرە بەرهەم هات کە جوتیار بەقەرز و قۆڵـە جـووتی کـرد و دەڕاسـەی گـرت بـۆ دروێنـە کـردن و دواتـریش بەکۆڵەمـەرگی مانگێـك چـاوەڕێی بارهـەڵگرێك کـە هـەموو شـەوێك دەبێـت ﴿٥٠﴾ هـەزار دینـاری دابێتـە بارهەڵگرەکـە بـەو حەڵـە تەسـلیمی کردووە کەچی تا ئێستا ﴿١٢٠﴾ ملیار دینار ماوە کە لە حکومەتی ناوەندی بنێرێت بۆ کوردسـتان و بیـدەن بە جوتیاران و پارەی گەنمەکە وەربگرن، راسـتە جـەنابی وەزیـر لـەم کابینـە نـوێ یـەدا هەنـدێ بەربەسـتی شکاند کە جێگای نرخاندنە کە دەرگای وەزارەتەکـەی کـردەوە بـە رووی هاووڵاتیانـەوە کـە هـەموو رۆژانـی چوارشـەممە بـەڕێزیان لەگـەڵ سـتافی وەزاری پێشـوازی لـە جۆتیـاران دەکـەن و زۆر روح سـوکانە چـەندین ناوچەی کوردستانی بەسەر کردۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەرتی کشتوکاڵ بەو واقیعەی کە ئێستا تێدایە ئەم وەزارەتە ئەگەر بودجەکەی بەم شێوەیە بێت جەنابی وەزیر کە ئەم قسە وەکو رووبـەڕووی جـەنابت و پەرلەمانتارانیش دەکەم کە لە رۆژانی داهاتوودا و مانگەکانی داهاتوو باسی بودجە دێتە پەرلـەمان، ئـەرکی هەموومانە کە هاوکاری جەنابت بین بۆ زیاتر کردنی بودجەی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئەگەر تـەجاوزات ئـاوا زیـاد بکـات و بەنـدی زەوی و زارەکـان بکـات و لـەوەرگا و دارسـتانەکانیش بگرێتـەوە و ئەگـەر گونـدەکانی کوردستان ئاوا رەش بپۆشن، کانی و ئاو و مێرگ و بناری گۆندەکان دوور بێ لە شمشاڵی شوان و باعەی مەڕ و ئەگەر وەبەرهێنان ئاوا زەعیف بکەن بەسەر زەوییە کشـتوکاڵیەکان و ئەگـەرە تـاجر و بازرگانـەکانیش کـە جەنابت لە نیگەرانی خۆتەوە وشەی چاوچنۆکت بـۆ بـەکارهێنا ئـەوها بازارەکـانی کوردسـتان پـڕ بکـەن لـە بەرهەمی بێگانە کـە جوتیـاری کوردسـتان لـە رابـردوودا لـە حـەفتاکان و هەشـتاکاندا ئەوەنـدە نـازی هەیـە

بەسەر ئەم حکومەتەی ئێستا، حکومەتەکەمان و پەرلەمانەکەمان و ئەو کورسییەش کە ئێمە لەسەریان دانیشتووین هەر هەمووی قەرزاری رابردووی ئەوانین، قەرزاری دیوەخان و مزگەوت و دەست و پەنجەی ئەوانین، بەراستی مەچەکی پێشمەرگە لە ئێستا و لە حەفتاکان و هەشتاکان ئەوە نابینم هیچ پیرۆزتربێ لە دیوەخانی جوتیارەکانی کوردستان لە رابردوودا کە حکومەتی بەعس گوندەکانی رووخاندن، دەی عەجەبە خوێنی جوتیار ببێت بە ئاو تا شووتی بەرهەم بهێنێ، تا تەماتە بەرهەم بهێنێ، پەتاتە بەرهەم بهێنێ، مریشك بەرهەم بهێنێ؟ کەچی دوایی کە دێتە بازاڕ بەرهەمەکی بفرۆشرێ سەری بتەقێ بە دیوارێکی داخراو و بەرهەمی جوتیارەکانی فارس و تورك و عەرەب لە بازاڕەکانی کوردستاندا بفرۆشرێ، ئەمە بەراستی وای کردووە کە بەرهەمی جوتیار زۆربەی بە بڕکەوە دەڕژێت لە ناو گۆلە تەماتە و شووتی و خەیار و هەنارەکەی، ئەوەیە حیکایەتەکە کە جەنابتان باش دەزانن، من دەمەوێ بە خێرایی چەند پرسیارێك ئاراستەی جەنابتان بکەم، خاڵی یەکەم: لیژنەی کشتوکاڵ لە (٨/١٥)بوو پێموابێت پێشنیارێکمان خستە بەردەستی بەڕێزتان لەو کۆبوونەوەی کە جەنابت مێواندارى کرای بۆ لیژنەکەمان کە باج بخرێتە سەر هاوردەی دەرەوە لە مانگی (١١)دا پێتان راگەیاندین کەوا چۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، کەچی تازە دەڵێن نەکراوە، ئێستا جەنابت دەفەرموی کراوە، تکایە بۆمان روون بکەنەوە بزانین باج خراوەتە سەر هاوردەی دەرەوە بۆ ئەوانەی کە لە ناوەخۆدا هەیە یان نا؟ دووەم: لە حەفتەی رابردوودا (٤٠٠) تەن مریشکی بەستوو هاوردەی پارێزگای سلێمانی کراوە، لە تەلەفزیۆنەکان نووسیان وەزارەت پرسی پێکراوە لەمەدا؟ ئیجرائاتێکتان کرد لەسەر ئەمە؟ کە بەراستی زیانی زۆر گەورەی گەیاندووە بە جوتیارەکان و ئەوانەی کە بەرهەمهێنی مریشکن کە هەندێکیان دەڵێن (٤٠) ملیۆن دینار زەرەرمان کردووە، جوتیارێك ئەمشەو تەلەفۆنی کردووە دەڵێ (١٧) ملیۆنم زەرەر کردووە، زۆری تریش، کەسیان لەو زیانە بەدوور نەبوونە، ئەم هەموو توێوتا و نیسانەی کە دەهێنرێ و دەدرێ بڵێم بە خەڵك نەك بە جوتیار، کاتی ئەوە نییە ئەوە بگۆڕدرێ بە (تراکتۆر و دەڕاسە و کیا) کە کەڵکی لێ وەربگیرێ جوتیار بە ئامێرە کشتوکاڵییەکان، چوارەم: ئەو گازەی دەدرێ بە جوتیار (١٠٠) لیتر تەنها بەشی رۆژێکی تراکتۆرەکەی دەکات، زۆریان هاواریانە دەڵێن پەمپی تراکتۆرەکانمان خراپ بووە بە هۆی خراپی کوالێتی گازەکەوە، (٢٩) رۆژ جوتیار دەبێ خۆی لە بازاڕی رەشدا گاز بکرێت بەشی یەك رۆژی دەکات، کوالێتییەکەی ئەوەندە خراپە کە جوتیاری وا هەیە دەڵێ دوو بەرمیلم لەو گازە لە ماڵدا داناوە ناوێرین بیکەینە ناو تراکتۆرەکەوە، لێم پرسین چی دەکەن؟ گوتیان واللە گازی ئێرانی دەکڕین و نیواو نیو تێکەڵی دەکەین بۆ ئەوەی پەمپی تراکتۆرەکە خراپ نەکات، تکایە ئەوە موتابەعەیەکی دەوێت، رێژەکەشی زیادکردنی دەوێت، هەروەها بە کورتی دوو، سێ خاڵم ماوە، بە نیازن عەلوەکان لە وەزارەتی شارەوانی وەبگرنەوە و بیکەنەوە سەر وەزارەتی کشتوکاڵ، چونکە عەلوە بازاڕی پێشوازیکرنی بەرهەمی جوتیارە کە وەزارەتی شارەوانی لە کێشەی جوتیار تێ ناگات؟ خاڵی شەشەم: ئەو حەقڵی زەیتوون و هەنگ و میوانەی کە وەزارەتی کشتوکاڵ خۆی خاوەنداریەتی دەکات و مووزەفی بۆ تەرخان کردووە، وەزارەت ئەمانەی بۆ چییە؟ وەزارەت هەنگی بۆ

چییە بە خێوی بکات؟ ئەگەر ئەمە بۆ توێژینەوەی زانستییە؟ ئەمە دەکرێت، بەڵام لەوە بەولاوە بەراستی ناکرێ ژمارەیەکی موەزەف خەریکی بەخێوکردنی هەنگ بێت، دوا خاڵم ئەوەیە داوادەکەم ئەو راپۆرتانەی کە لیژنەی کشتوکاڵ یان ئەندامێکی لیژنەی کشتوکاڵ ئاراستەی وەزارەتی کشتوکاڵی دەکەین وەڵام بدرێتەوە بە هەر بارێکدا کە کاری لەسەر دەکەین، چونکە ئەگەر وەڵام نەدرێتەوە ئێمە مەجبورین خۆمان بچین لە وەزارەت موتابەعەی بکەین، کە ئەوە مافی خۆمانە وەڵامی راپۆرتەکانمان بدەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شێرکۆ لێرە نییە، ئێڤار خان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم هەر (٢٠) پەرلەمانتارێك لە هۆڵی پەرلەمانە، لە دوای ئیمزاکردن هەموویان دەڕۆنە دەرەوە، من باسی ماددەی (٤) دەکەم بەراستی بۆم روون نییە کە لە دانیشتنەکان کە نیساب تەواو دەبێت ئایا ئەم کۆبوونەوەیە بەردەوام دەبێت یان نا؟ هیوادارم جەنابت بۆمان روون بکەیتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست پێکردنی دانیشتنی پەرلەمان پێویستی بە نیساب هەیە، پێویست دەکات نیساب لەناو جەلسەبێت بۆ کاتی دانیشتنی پەرلەمان، بەڵام لە کاتی گفتوگۆشدا کاتێك ئەندام پەرلەمانەکان قسە دەکەن، ئەگەر نیساب نەبێت شتێکی ئاساییە، بەڵام بە شێوەیەکی عورفی وا پەیڕەوکراوە لە کاتی دەنگدانیشدا نیساب پەیڕەوکراوە، پێویستە نیساب لە پەرلەماندا هەبێت، خاتوو شکریە فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، لە سەرەتا بەخێرهاتنێکی گەرمی وەزیری کشتوکاڵ دەکەین، دەستخۆشی زۆری لێ دەکەین، لەراستیدا ئەو کارانەی ئەو ئەنجامی داوە هەنگاوی باشی ناوە، بەڵام لەبەر گرنگی کاری وەزارەتەکە پێویستی بە هەنگاوی گرنگتر و گەورەتر هەیە، من پێنج پرسیارم هەیە ئاراستەی بەڕێزیان دەکەم، لە رێگای بەڕێزتانەوە ئاراستەی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ دەکەم بە هیوای وەڵامم، پرسیاری یەکەم: بەشێوەیەکی گشتیی لە جیهاندا لە (٤٢٪)ی جوتیار و کرێکار لە کەرتی کشتوکاڵ کار دەکەن، پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا ئێوە هەوڵتانداوە لە رێگای وەزارەتەکەتانەوە دەرفەتی کار بڕەخسێنن بۆ هاووڵاتیان لە کاتێکدا کە ئێمە لە قەیرانی بێکاری داین؟ دووەم: لە زۆرێك لە وڵاتانی جیهان کێڵگەی بژێوی ژیان، واتە (مزارع العیش) هەیە، پارچە زەویەکی بچووك بۆ بەرهەمهێنان و دەبینکردنی گوزەرانی ژیانی خۆی و خێزان دەدرێت بە جوتیارێك، یاخود ئارەزووی کاری جوتیاری هەبێت، کە ئەمە پێویستی بە خەرجییەکی کەم هەیە، ئایا وەزارەتی کشتوکاڵ لەم قۆناغەدا پلانیان هەیە لە داهاتوویەکی نزیکدا لە رێگای کێڵگە بچووکەکاندا بتوانێ دەرفەتی کار برەخسێنێ؟ هەروەها لە قەیرانی نیشتەجی بوون کە ئەوە قەیرانێکە لە

هەرێمی کوردستان هەیە، کە بەشێك لە خەڵك لە قەیرانی نیشتەجێ بوون رزگار بکات، هەروەها بژێوی ژیان بۆ بەشێك بۆ خەڵك دابین بکات لە رێگای ئەم کێڵگە بچووکانەوە؟ سێیەم: لە زۆرێك لە وڵاتانی جیهان چەند جۆرە بەرووبوومێکیان هەیە کە لەبەر گرنگی ئەو جۆرە بەرووبوومانە بە بەرووبوومی نەقدی (المحاصیل النقدیة) ناسراوە، ئەم جۆرە بەرووبوومانە راستەوخۆ دەچێتە کەرتی پیشەسازیی، وەکو (پەمو) واتە (القطن، المطاط، الجود)، ئەو دوو جۆرە بەرووبوومەی دووەم کە (المطاط، الجود) کە دوو جۆرە بەرووبوومن وەکو جۆرێك لە لاستیك و سوف وان بۆ دروستکردنی جل و بەرگ و بەتانی و فەرش و کەلوپەلی پێداویستییەکانی ناو ماڵ بەکاردێن، دیارە بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە بەرووبوومانە لە زۆرێك لە وڵاتانی دەوروبەرمان بەرهەمدەهێنرێن وەك لە (تورکیا، فەلستین، ئێران، سوریا، جەزائیر، مەغریب)، پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا وەزارەتی کشتوکاڵ لە داهاتوودا پلانی هەیە هاوکاری و هاندەری کەرتی پیشەسازی بێت، ئەم جۆرە بەرووبوومانە بەرهەم بهێنێت؟ چوارەم: لە وڵاتانی جیهانی ئیسلامی بە گشتیی تا ئێستا نەیانتوانیوە پێداویستی تەواوی خۆیان لە بەرووبوومە کشتوکاڵییەکان دابین بکەن، دیارە شارەزایانی بواری کشتوکاڵ هۆکارەکانی دەگەڕێننەوە بۆ ئەم هۆکارانە، یەکەم: کەمی پانتایی زەوی گونجاو بۆ کشتوکاڵ بە تێکڕایی کە دەگاتە لە (١٥٪)، دووەم: تەنها پشت بەستن بە باران، سێیەم: گرنگی دان بە چەند بەرهەمێکی دیاریکراو، چوارەم: بەکارهێنانی هۆکارە تەقلیدییەکان لە کەرتی کشتوکاڵ، پێنجەم: کەمی شارەزایی بۆ پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ، هەروەها شەشەم هۆکار ئەوەیە، بوونی ساڵی نەهامەتی و نەخۆشی و کەمدەرامەتی و قەرەبوو نەکردنەوەی جوتیاران، پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا وەزارەتی کشتوکاڵ لە پلانیدا هەیە لە داهاتوویەکی نزیکدا بتوانێ ئەم هۆکارانە کەم بکاتەوە بۆ ئەوەی کەرتی کشتوکاڵ پێش بخات؟ ئەم هۆکارانە کە دیارە لە وڵاتی ئێمەش بوونیان هەیە، پرسیاری پێنجەم: لە زۆرێك لە وڵاتانی جیهان توانیویانە بەرووبوومی کشتوکاڵ لە ئاستێکی باش بە شێوەیەك بەشداری بکات لە داهاتی نیشتیمانیی، واتە (الدخل القومي)، بۆ نموونە لە وڵاتی بەنگلادیش توانیویانە بە بەرهەمی کشتوکاڵ لە (٦٥٪) دەخلی قەومی بۆ وەڵاتەکەیان زیاد بکەن، لە وڵاتی ئەندەنوسیا تونیویانە لە (٤٤٪) دەخلی قەومی بۆ وڵاتەکەیان زیاد بکەن، واتە داهاتی نیشتیمانیی، ئایا وەزارەتی کشتوکاڵ پلانی هەیە لە داهاتوویەکی نزیکدا لە کەرتی کشتوکاڵ بتوانێ بەشداری لە دەخلی قەومی واتە بەژێوی هەرێمی کوردستان بکات؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو حیات فەرموو.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری کشتوکاڵ و وەفدە یاوەرەکەی دەکەم، ئەمە پێشینەیەکی باشە لەم کابینە تازەیەدا کە پێشتریش بەڕێز وەزیری پەروەردە خۆی داوای کردبوو، خۆی هاتە ناو پەرلەمان، بەخێرهاتنیان دەکەم و دەستخۆشی لێ دەکەم بۆ راپۆرتەکەی، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، هەڵبەتە

هەمووMان دەزانـین لـە هـەرێمی کوردسـتان و ئەمسـاڵ بەتایبـەت بـە قـەیرانێکی داراییـدا تێپـەڕین، ئـەم وەزعەش جوتیاران لێی بێ بەش نەبوون، پێشنیار دەکەم چاو بخشێنرێتەوە بە مەسەلەی قەرزی جوتیاران بـۆ سـاڵی داهـاتوو، ئەگـەر بکرێـت دوابخرێـت، خـاڵی دووەم: تـا ئێسـتا زۆربـەی جوتیـاران پـارەی گـەنمیان وەرنـەگرتووە کـە داهـاتی بەرهـەمی سـاڵێك کارکردنیانـە و چـیتر دوانەکـەوێت و چـەکەکانیان بـۆ سـەرف بکرێت، خاڵی سێیەم: چۆڵبوونی گوندەکان و گواستنەوەی خێزانەکان بەرەو شارەکان ئەمەش هۆکارێکە بـۆ کەمکردنـەوەی بەرهـەمی نـاوخۆیی و زیـان بـە سـێکتەری کشـتوکاڵی دەگەیـەنێت، ئەمـەش پێویسـتی بـە دیراسەتی ورد و مەیدانی هەیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە ڕێگەی بەڕێزتانـەوە دەپرسـم ئایـا وەزارەتـی کشتوکاڵ هیچ پلانێکی هەیە بۆ دیراسەکردنی ئـەم مەسـەلەیە؟ دیـارە ئـەم مەسـەلەیە تـەنها وەزارەتەکـەی بەڕێزیان لێی بەرپرس نییە، چەند وەزارەتێکی تریش لێی بەرپرسن وەکو وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتـی ئاوەدانکردنەوە، بەڕێزان، خـاڵێکی تـرم وەکو ئاشـکرایە دەشـتی شارەزوور دەشـتێکی بـە پیـت بەرکەتـە لـە کوردستان و لە ناوچەکەدا، بەڵام تا ئێستا وەکوە پێویست ئاوەڕی لێ نەدراوەتەوە و گرنگییەکی تـەواو بـەم دەشتە نەدراوە، بەتایبەتی لە رووی پێداویستی کشـتوکاڵی وەکـو کـوت و تـۆ بـۆ جوتیـارانی ناوچـەکە وەکـو پێویست دابین نەکراوە، پرسیارێکم هەیە لە بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ ئایا هـیچ پلانێکـی وەزارەت هەیـە بـۆ دروستکردنی سایلۆ کە پێویستییەکی ئەمڕۆی کوردستانە؟ کـە بەرامبـەر بەرهـەمی کشـتوکاڵی تـا رادەیـەك نەقصی سایلۆمان هەیە لە کوردستاندا، خاڵێکی ترم بـەڕێز جـەنابی وەزیـر باسـی ئـەوەی کـرد کـە پلانیـان هەیە بۆ دروستکردنی بەنداوی زیاتر لە کوردسـتان؟ ئایـا لـەناو پلانەکـەی ئەوانـدا دروسـتکردنی بەنـداوی خاپوور هەیە؟ لە کاتێکدا زۆر زەرورە بۆ دروستکردنی بەنداو لەو ناوچەیە، ئاوێکی زۆر بەفیڕۆ دەڕوات لەو ناوچەیەدا، جارێکی تر دەپرسم لە بەڕێزیان ئایا وەزارەتەکەیان کـاری کـردووە لەسـەر ئـەو قوتابیانـەی کـە ساڵانە دەچن لە زانکۆ و پـەیمانگاکان و لـە بەشـەکانی کشـتوکاڵ کـار ئاسـانیان بـۆ بکـات لـە ڕێگـەی پێـدانی پارچـەیەك زەوی کشـتوکاڵی یـاخود (Green House) بـۆ ئـەوەی ئـەو زانسـتەی کـە خوێندوویانـە مومارەسەی بکەن، هەم دەستی کـار و نیسـبەی بـێ کـاریش تـا رادەیـەك کـەم بکاتـەوە، هـەم بـۆ زیـادکردنی بەرهەمی خۆماڵی سوودیان لێ وەردەگرین، لە کۆتاییدا هیوادارم ڕێگە خۆش بکرێ بـۆ جوتیـاران و هانیـان بدرێ تا گرنگی زیاتر بە بەرهەمی خۆماڵی بدرێت و لە ڕێگەی راگەیاندنەوە کار بکرێ بۆ وشیارکردنەوەی خەڵك لە گرنگی پێداویستی خۆماڵی و گرنگیدان بە بەکارهێنانی ئاو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج احمد حەمەدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەخێرهاتنی بەڕێز جەنابی وەزیر و شاندی یاوەری دەکەم، هیچ گومان لەوەدا نییە کەوا ئەمڕۆ گۆی زەوی رووبەرووی گۆڕانکاریەکی بەرچاوی کەش و هەوا و ژینگەیی دەبێتەوە لە بەرزی پلەکانی گەرما، کەمبوونەوەی ئاوەکانی سەر زەوی، هەروەها نزمبوونەوەی ئاستی ئاوەکانی ژێر زەوی، توانەوەی بەفری بەستەڵەکەکان بە شێوەیەکی گشتیی، هەروەها بەبیابانبوونی بەشێك لە گۆی زەوی لەوانە عێراق بەرەوە تەسەحور دەچێت، ئینجا ئەمانە زەنگی مەترسیدارن بۆ دانیشتووانی سەر ئەم هەسارەیە بە شێوەیەکی گشتیی، ئینجا بۆیە لە ئازاری (٢٠٠٨) ئومەمی موتەحیدە لە راپۆرتێکدا لە یادی رۆژی جیهانی ئاودا ئاگاداری هەموو خەڵکی جیهانی کردەوە کە لە ساڵی (٢٠٢٥)دا نیوەی خەڵکی ئەم زەویە تووشی کێشەیەکی گەورەی بێ ئاوی دەبێ، ئینجا پرسیار ئەوەیە لێرەدا ئایا بۆ ئەم قەیرانە پڕ مەترسیدار و داهاتووە پلان و ستراتیجییەتی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری چییە؟ تاوەکو بتوانین خاکمان لە وشکبوون بپارێزین، هەروەها نەوەکانی داهاتوو لە تێنی بوون رزگار بکەین، چونکە بەپێی دیراساتی زانستی جیۆلۆجیناسەکان کە هەڵکەوتەی کوردستان لە رووی (topography)یەوە دەتوانێ (١٨٠) بەنداوی مامناوەندی و گەورە و بچووك دروست بکات، هەروەها بەپێی یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی پەرلەمانی کوردستان کە قانونی (حماية و تنمية الانتاج الزراعية)، زۆر بە سەراحەت باسی دروستکردنی بەنداو دەکات لە کاتی مەترسی وشکە ساڵی وەکو ئێمە ئێستا پێیدا تێدەپەڕین، بەڵام ئەوەی جێی تێڕامانە رەغەمی ئەو زەنگە مەترسیدارانەی کەوا لە نێوەندە جیهانییەکان و نێوخۆییەکان باسی لێوە کراوە، بەڵام وەزارەتی کشتوکاڵ بەداخەوە لە ئاستی پێویست لە ئاستی ئەو مەترسیانەی ئەو زەنگانەی لێدراوە، لە ئاستی پێویست هەنگاوی نەناوە، پرسیار دەکەم لە جەنابیان کەوا بۆ تاوەکو ئێستا هەنگاوی پێویست و جدی بەو بابەتە ترسناکە نەدراوە؟ دووەم: باسی پایلی کرد، جەنابی وەزیر بەخۆی باسی کرد، تەبیعی کێشەی پایل ئەمڕۆ گەورەترین کێشەی ئاودێرییە لە کوردستان، لەبەر ئەوەی ئاوی ژێر زەوی نییە، ئاوی سەر زەوییە، ئاوی سەر زەوییش کە دەردێتن دەبێتە هۆی مەترسی و وشکبوونی هەموو دارو درەختەکانی سروشتی، ئایا جەنابی وەزیر تەنها لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ تەنسیق دەکات بۆ ئەوەی بڕیارێك دەربهێنن رێ لەو شتە بگرن؟ من جەنابیان و ئەوانەی مەعنینە ئاگادار دەکەم کە چەندین ساڵ پێش ئێستا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری قەدەغەکردنی بیری پایل دەرچووە، بەڵام میکانیزمێك دەبێ بدۆزرێتەوە رێگری لەو خەڵکە بکرێت، ئینجا بە پۆلیسی ژینگەیە، پۆلیسی دارستانە، من پێشنیارێك دەکەم بۆ پۆلیسێك بۆ پارستنی ئاویش نەبێتن، ئەگەر بێتو لەوانەیە زەحمەتی بێت بۆ حکومەت، بەڵام بەشێك لە پۆلیسی ژینگە و دارستان با بۆ پۆلیسی قەدەغەکردنی تەجاوز لەسەر ئاو بکرێ، من پرسیارێك لە جەنابی وەزیر دەکەم دەپرسم ئایا چەند تەنسیقیان هەیە لەگەڵ کۆلیژە کشتوکاڵییەکان بۆ دانانی پلان و ستراتیجی زانستی بۆ بەستنی کۆنفرانس و موئتەمەرات لەسەر ئاستی بەرز بەشداری پێکردنی پسپۆران و شارەزایان لەسەر ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ بەرنگاربوونەوەی قەیرانی کشتوکاڵ و ئاودێری لە هەرێمی کوردستان، ئێستا لە کۆلێژەکان بە دەیان نامەی ماجستێر، بە دەیان تێزی دکتۆرا لەسەر رەفەی

کتێبخانەکان کەتوون و تۆزیان لەسەر کەوتووە و وشکبوونە، لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆربەیان دەتوانن بەشێك لە قەیرانی کشتوکاڵ و ئاودێری لە کوردستان عیلاج بکەن، چارەسەر بکەن و بیبووژێننەوە، بەلاّم من دەپرسم بۆ تاوەکو ئێستا ئەو ماجستێرنامانە ئەو تێزە دکتۆرایانە نایەنن لە وەزارەتی کشتوکاڵ کاری لەسەر بکەن، کەوا ئەو قوتابییەی شەونخوونی کردووە، چەندین مامۆستای بۆ گیراوە، زانکۆ چەندین پارەی سەرف کردووە، ئەو تێزانە دەبێ ئەمڕۆ کە وەزارەتی کشتوکاڵ بیهێنێ، کاری لەسەر بکات بیکاتە پلان و مەنهەجی داهاتووی لەبەرنامەی خۆیدا، من پێشنیار دەکەم بۆ جەنابی وەزیر هەندێ چارەسەری کاتی و ئانی هەن دەکرێ کاری لەسەر بکرێ کە تێچووی زۆر کەمە، بەلاّم سوودی زۆرە، بەخۆی باسی (Pond)ەکانی کرد، (Pond)ی تورابی، بەلاّم من ئەوە دەپرسم ئایا تاوەکو ئێستا چەند هەنگاو نراوە و چەند بودجە دانراوە بۆ (Pond)ی تورابی؟ کەوا دەرئەنجامی زۆر باشی هەیە، بەلاّم تێچووی زۆر کەمیش هەیە، ئەمڕۆکە لە هەندێك شوێن هەیە دەتوانی بە (Pond) هەم ئاوی ژێر زەوی زیاد بکرێت، هەروەها دەتوانی ئاودێریشی پێ بکرێتن، ئەمەش لە کاتێك لەو رۆژگارەدا دەبێ ئێمە حیساب بکەین وەکو جەنابی وەزیر بەخۆی باسی کرد کەوا رۆژێك دا دێت ئاو لە بەرامبەر نەوتە، بەلاّم من ئەوە دەڵێم شەڕی داهاتوو شەڕ لەسەر ئاوە، خوا هەموو لایەکمان لێی حیفز بکات، بەتایبەتی کوردستان، من پێشنیار دەکەم کە هەوڵی جدیتر بدرێتن لەگەڵ ولاّتانی دراوسێ، موفاوەزات بکرێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من ئەو پرسیارە لە جەنابی وەزیر دەکەم، کەوا من وا پێشنیار دەکەم، وا تەسەور دەکەم بابڵێین وەزارەتەکانی پێشووتریش نەیانتوانیوە موفەق بن لە موفاوەزات لەسەر سیاسەتی ئاو، لەبەر ئەوەی لە وەرزی هاوینی ساڵی (٢٠١١) لە رووباری (ئەڵوەند) سەرتاپای وشکرا، بەراستی جێی تێڕامان بوو، دەبا حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی کشتوکاڵ بیتوانیبا موفاوەزاتێك بکات بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەوە دووبارە نەبێتەوە، ئەگەر ئێمە بەخۆمان خۆمان ئامادە نەکەین با دڵنیابین کەوا خەڵك خۆی تەواو ئامادە کردووە بۆ ئەوەی بەنداوی زۆر گەورە دروست بکرێتن، بۆ ئەوەی تەواو ئەو رووبارانەی کەوا دەڕژێنە کوردستان سەرچاوەیان وشك بکرێتن، من پرسیارێکی تر لە رێی سەرۆکی پەرلەمان لە جەنابی وەزیر دەکەم، ئایا لە پلانتاندا هەیە کارگەیەکی گەورە دابمەزرێنن بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمە شیرییەکان (منتجات الالبان)؟ کە پێشتر لە هەولێر هەبووە، چونکە بەرای من باشترین پڕۆژەی ئیستیسماریە، کەوا کەڵك و سوودی لێ وەربگیرێتن کە تاوەکو ئێستا هەنگاوی چاکی بۆ نەنراوە، کاتێك کە خاك و ژینگەی کوردستان زۆر لەبارە، هەروەها رزگاریشمان دەبێتن لەو کالاّ بیانییە کوالێتی نزامانە، من ئەو پرسیارەش لە جەنابی وەزیر دەکەم هەندی زەوی کشتوکاڵی هەیە کە ئێستا کەوتوونەتە ناو داخیلی ماستەر پلانی شارەکان، هەندێکیان ئیتفا نەکراون، نەکوژاینەوە، بەلاّم شاری لەسەر دروست کراوە، کاری لەسەر کراوە، تەبیعی لێرە جوتیار زەرەرمەندە، نە قەرەبووی وەرگرتووە، نە کاری جوتیاریش لەسەر دەکات، ئایا بۆ تاوەکو ئێستا بەشێك لەو زەویانە کاری لەسەر نەکراوە؟ ئەوە ئیشی وەزارەتی زراعەیە حەزدەکەین زیاتر ئاور لەو پرسەش بدرایەتەوە، ئەو پرسیارەش ئەکەم ساڵانی ڕابردوو سولفەی زراعی زۆر ئەدرا بەخەڵك ، بەلاّم زۆرێك لەو پارانە بەهەدەر

ئـەدران نـەيتوانى شـوێنى خـۆى بگـرى ئـەو سـولفە زراعييانـە، ئايـا پلانتـان چـييە بـۆ ئەوانـەى سـولفەيان وەرگرتييەو كاريان لەسـەر نەكردييـە؟ پارەكانيـان بـە شـينى خواردييـە ، موتابەعـەتان چـييە بـۆ ئەوانـە؟ پاشان سولفەى زراعى ئەگەر لەو كاتەى كەوا بودجەى حكومەت دامەزراوە ميزانييە هاتەوە ئايـا چـۆن؟ بـە چ شێوازێك؟ بە چ ميكانيزمێك سولفەى زراعى ئەدەنەوە بەو خەڵكە؟ باسى سايلۆكرا، تەبيعى من پاڵپشتى ئەوانە دەكەم ئەو ڕەفيقانەى باسى سايلۆيان كرد، لە ڕۆژگـارێكى وەكـى ئـەوڕۆ نـاكرێتن ترێلـەو لـۆرى سـرە بگرێتن لەسەر شەستى، لەسەر جادە بەرێنەكان بۆ ئـەوەى گـەنم تـەوزيع بكـەن، چـەندين ڕۆژ، ئەمـە بـارى جوتيار زۆر قورستر ئەكا شەو و ڕۆژ پارەى لەسەر حيساب دەكـرێتن مـن پـار سـاڵ و پێـرار ئاگـاداربووم لـە دەڤەرى حەرير و باتاس لە مەنتيقەى سەرێ لە مەتارى تـەيارەى گـەنميان دا ئـەنا ، ئـێ باشـە لـە ڕۆژگـارى وەكو ئەوڕۆ چۆن ئەبێتن؟ بەڕاستيش ئەوە كارەساتە ئەبێ جەنابى وەزيـر عيلاجى لێ بكـا، مـن لـە كۆتـايى پرسيارم ئەوەيە، لەماوەى ڕابردوو ئەوەنـدەى مـن موتابەعـەى وەزارەتم كـردبيتن زۆر بايـەخ بـە كشـتوكاڵ ئەدا جێگـاى خۆشـحاڵييە، بـەلاّم ئـەوەى كـە نەپەڕژايەتـە سـەر ئيشـەكانى ئەوەيـە كـە وەكـو پێويسـت كـەم قەزيەى ئاودێرييە ئەگەر بێت و كشتوكاڵيش هەبێ، بـەلاّم ئـاودێرى وجـودى نـەبێتن پێمـوابێتن سـەمەرەو بەرهەمى نابێتن، دووبارە بەخێربێن و سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكى پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز خاتوو فيروز طە فەرموو.

**بەڕێز فيروز طه عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

پێشـەكيا بخێرهاتنـا جـەنابێ وەزيـرى دكـەم دگـەل شـاندى دگـەل بـۆ پەرلـەمانێ كوردسـتانێ بـەخێربێت سەرچاڤا، زۆربەى ئاخافتنا هاتنە كرن، من چەند تێبينى و پێشـنيارێت هـەين بـە كـورتى ئـەز حەزدكـەم، بـەلاّم بـە تايبـەتى لەسـەر دەڤـەرا ئـاكرێ و بـەردەڕەش، ئێـك" زۆر عـەردێ چـاندنێ تێتـە بكارئينـان بـۆ مەرامێن نەيەت چاندنى وەكى جەنابى وەزيريش بەحس كرى، وەكـو جێبـەجێ كرنـا نەخشـێن شـارەوانيێ وە پڕۆژەو وەبەرهێنان نەيێن چاندنێ ، بۆ بەديل كرنا ڤى عەردى ئان ڤێ چەندێ مە نووكـە لـە دەڤـەرێ ئاكرێ نزيكى (٦)هەزار دۆنمێ عەردى لە دەڤەرا ئاكرێ هەنە ، پێتڤى ئەڤ عەردە پێتڤى ب چاكسازى هەنـە ب ڕێگا پاڤژكرنا ئەڤى عەردەك، هەمى ئامارێن پێتڤيەن ڤى عـەردێ لبـەر دەسـتێ ڕێڤەبـەريا كشـتوكاڵ لـە ئاكرێ هەنە پێشنيار دكەم ئەڤ عەردە ب زووترين وەقت بێتە پاڤژكرن، چونكە (٦) هـەزار دۆنم عـەرد نـە كێمە، نەگەلەكى زۆر زەحمەتە پاڤژكرنا وێ، دوو" وەكو ديارە دەڤەرا ئاكرێ، بەردەڕەش زۆريا دەوڵەمەنـدە بە بەرهەمێ گەنمى و جۆيێ، ئەز پێشـنيار دكـەم كـو گۆڕەپانـەكێ بـۆ وەرگرتنـێ گـەنمێن جووتيـاران بێتـە دروستكرن ب ڕێگا وەزارەتا بازرگانى تاكو دەمى پڕۆژا سايلۆ ئاكرێ كە دێتە جێبەجێ كرن ل سـالا (٢٠١٦)ێ ئو عەرديشێن نووكە حازرە، هاتييە تەختيت كرنيش بەسيا ماى ئەو گۆڕەپانە دروست بكەن، سێ" هەردوو قەزاى ئاكرێ و بەردەڕەش سالانا پێويستى ب تۆڤەكێ زۆر هەيە ل گەنمى وە جۆى، پێشنياردەكەم ب دانانـا

کارگەهەکی بۆ پاقژکرنا تۆڤی بۆ هەردوو ڤەزا، بۆ ئەڤێش هەر عەرد بەردەستەو حازرە، چار" ژ بەر کو دەڤەرا ئاکرێ ناڤدارا ببرنجی، برنجی ئاکرێ یان برنجی کوردی دبێژنێ پێشنیار دکەم بشێوەیەکی تایبەت گرنگی ڤی بەرهەمێ بێتەدان ب رێکا وەزارەتێ کشتوکالێ بۆ دابینکرنا پێداویستی چاندنێ وەکو دەرمانێن بژارێ، هەروەها ئامێرا دورینێ و تا ئەخیری، بەرێز سەرۆکی پەرلەمانی دەڤەرا ئاکرێ ناڤدارە ب رەزا سەنتەرێ باژێرێ ئاکرێ ناڤدارە ب رەزا ب تایبەتی هەژیرا و ناروکا (هەنار) ، سالێ هیشکاتیێ کاریگەریەکا لسەر ڤان رەزا کری ، کەڤتینە مەترسییەکی هیشك بوونێدا ب لایەکی، لایەکی دیکەڤە ژ مەترسی لسەر خەلکا باژێرا ئاکرێ چێبووی کو نەخۆشی پەیدا ببن، چونکا ب ئاڤا مەجاریا ئەڤ رەزا دێنە ئاڤدان، پێشنیار دکەم کە لیجنەیەکا پسپۆر د کارێ ئاڤدانێدا پێکبێنێت ژ لایێ وەزارەتێ ڤە بۆ سەنتەرێ باژێرێ ئاکرێ بۆ دیراسەکرنا چارەیەکێ بۆ کومکرنا ئەو ئاڤە مایەڤە ل هەندەك سەنتەرا باژێری کومکرنێ ، پاشان بێتە دابەشکرن بە رێکا سیستەمێن ئاڤدانا ب دلۆپ، بۆ زانین رووبەرێن رەزێن سەنتەرێن ئاکرێ (٢٠٠٠) دۆنمە، پرسیارا من ئەخیری یان پێشنیارا من ئەخیری برپیارێن دەست بەسەرکرنا تایبەت ب یاسا (١١٧) ل سالا (١٩٧٠)ێ ، یاسا (٩٠) ل سالا (١٩٧٥)ێ نەهاتینە جێبەجێ کرن هەتا نووکە، تێبینەریا تۆمارگەها خانووبەرە ل ئاکرێ وە ئەڤ ژی بوویە سەرهەلدانا زۆر ئاریشەین زەڤی و زارا، کێشەین کۆمەلایەتی د ناڤبەرێن مەلاك و جوتیارادا، پێشنیار دکەم کو نڤیسینەك ژ لایێ وەزارەتا جەنابێ وەڤە بهێتە ئاراستە کرن بۆ وەزارەتا چاندنا عێراڤا فیدرالێ ژ بۆ دابین کرنا وان برپیارا داکو بێنە تەنفیز کرن، چونکە رۆژانە کێشەین هەتا کۆمەلایەتی ل مابەینا مەلاك و جوتیار دروست دەبن، سوپاس.

**بەرێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز کاك بەشار مشیر فەرموو.

**بەرێز بشار مشیر اسماعیل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و شاندی یاوەری دەکەین، بەرێزان هەرێمی کوردستان بەوە ناسراوە کە کۆنترین شوێنە چالاکی کشتوکاڵی تێدا ئەنجامدرابێت، تاکو ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان بە ناوچەیەکی کشتوکاڵی دادەنرێت بەهۆی لەباری کەش و هەوا و بوونی رێژەیەکی باش باران بارین لە وەرزەکانی باران، هەروەها بوونی سەرچاوەکانی ئاو وەك رووبار و کانی، بوونی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی، رووبەری گشتی هەرێمی کوردستان دەخەملێنرێت بە (٨٠٠٠٠) هەزار کیلۆمەتر دووجا جگە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، بەلام هەروەکو لای هەموومان روون و ئاشکرایە کە هەرێمی کوردستان زۆربەی بەروبوومەکانی سەوزە و میوە و دانەوێڵە و گۆشت بە هەموو جۆرەکانییەوە هاوردە دەکات، لەسەرەتای دروست بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٢) وەزارەتی کشتوکاڵ نەیتوانیوە پشت بە خۆی ببەستێت بۆ بەدەستهێنانی خۆبژێوی یان کۆ (اکتفاء ذاتی) لەبەر زۆر هۆیەکان کە بە سوپاسییەوە برای بەرێزم کاك عبدالرحمن و مامۆستا غەریب باسیان لێکردووە ئەمن لەبەر کەمی کات نامەوێت دووبارەی

بکەینەوە، باس لەکەمی خۆراك و کەمی بەرهەمهێنانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان کە یەکێکە لە کێشە هەرە سەرەکییەکانی کە ڕووبەڕووی هەر میللەتێك دەبێت، ئەم کێشەیە تەنها کێشەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو ئەم کێشەیە لایەنی سیاسی لە خۆ دەگرێت، چونکە پشت بەستن بە وڵاتانی دەرەوە بۆ دابینکردنی خۆراك مەترسییەکی گەورە لەسەر هەرێمی کوردستان دروست دەکات لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە، لەبەر ئەوەی هەمووکات ئەتوانرێت ئەو بابەتە وەکو چەکێك دژ بە هەرێمی کوردستان بەکار بهێنرێت، هیچ میللەتێك ناتوانێت سەربەخۆ یان سیاسەتی سەربەخۆیی پەیڕەوبکات بێ دابینکردنی ئاسایشی خۆراك بۆ میللەتەکەی، بەهۆی بارودۆخی ناوچەکەو ئەو هەڕەشانەی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە پەیڕەوکردنی سیاسەتی خۆبژێوی تەواو بە خەیارەکی ستراتیژی ئەژمار دەکرێت پێویستە حکومەتی هەرێم دەستبەرداری نەبێت، بۆیە پێویستە گرنگی بدرێت بە بابەتی ئاسایشی خۆراك بۆ دانیشتوانی هەرێمەکەمان، بەڕێزان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان هەندێك پرسیارمان هەیە ئاڕاستەی جەنابی وەزیری دەکەین لەوانە وەرزی چاندن دەستی پێکردەوە، تاکو ئێستاش هەروەکو دەزانن زۆربەی جوتیارانی هەرێمی کوردستان پارەی گەنم نزیکەی (٦٠٪) وەرنەگرتووە ئەم کێشەیە چارەسەری چییە جەنابی وەزیر؟ من پێشنیار دەکەم بۆ ساڵی ئایندە لە پێشوەخت، بەهەمەهانگی لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی عیراقی فیدراڵ ئەو پارەی کە تەرخان دەکرێت بۆ جوتیاران پێش وەخت بنێرێتە کوردستان بۆئەوەی زیاتر جووتیاران (٧،٦) مانگ چاوەڕێ نەکرێت کە پارەی گەنم وەربگرێتن، هەروەها بۆ مەسەلەی دروستکردنی سایلۆ لە بەرنامەی وەزارەتی بازرگانییە ئێستا حالییەن هەندێك سایلۆ لە بواری جێبەجێکردنن، هەندێکیشیان لە پلاندانانن، بەڵام من پێشنیار دەکەم لە جیاتی ئەوەی یەك سایلۆی گەورە دروست بکرێت کە تاقەتی خەزنی (٤٠-٦٠) هەزار تەن بیتن، من پێشنیار دەکەم (٤ ، ٥) سایلۆی کچکە چێبکرێت، دابەش بکرێت لەسەر ناوچەکانی کوردستان بۆ ئەوەی قەڵەباڵغی دروست نەبێت، چونکە هەندێکجار جوتیار زیاتر لە مانگێك لە سەرەی تەسمیلم کردنی گەنمەکە دەوەستن کە ئەمە دەبێتە هۆی مەسرەفی زیادە لە بەروبوومی گەنم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پرسیارێکی دیکەم ئەوەیە لە ساڵی (١٩٩٢) بڕیارێك لەم پەرلەمانە دەرچوو بڕیاری ژمارە (٤)ە بۆ چارەسەرکردنی هەندێ کێشەی زەوی و زار بەتایبەت لە سنووری ناوچەکانی ماددەی (١٤٠) کە حەقیقەت تا ئێستا ئەم بڕیارە نەکەوتۆتە بواری جێبەجێکردن، بەڵکو دەتوانم بڵێم لە هەندێك شوێن، لە هەندێك گوند جێبەجێ کرایە لە هەندێك شوێنیش جێبەجێنەکرایە، بۆیە داوا لە جەنابی وەزیر دەکەم لیژنەیەکی تایبەت پێکبێنێ بۆ ئەم کێشەیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە ساڵی (١٩٧٥) ڕژێمی بەعس زۆربەی گوندەکانی سەر سنووری ڕاگواست بۆ ئۆردوگاکان و گوندەکانی تری هەرێمی کوردستان لەو کاتە عەقدی زراعی لە سەر ئەو هاووڵاتیانەی کە هاتبوونە ئەو گوندانە تۆمارکرا، لەپاش سەرهەڵدانی ساڵی (١٩٩١) ، ئازادکردنی عیراق ساڵی (٢٠٠٣) زۆربەی ئەو جوتیارانە گەڕانەوە سەر شوێنی باب و باپیرانیان کەچی تا ئێستا عەقدی زراعی بەناوی ئەوانە، بەڵام عەردەکە لەدەستی ئەوان نییە غێر کەسانی دیکە بەکاری دێنێ ئەمەش زەرەرێکی زۆر بە وەزارەتی کشتوکاڵ دەگەیەنێت، هەروەها ئەو

جوتیاره ئەو عەرده بەکار دەهێنێت هیچ بەڵگەیەکی یاسایی نییە بۆ ئەوەی هەندێك پرۆژەی لەسەر دروست بکات، چەندجاریش داوامان کردییە لە بەڕێوبەرایەتی گشتی، لە وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ ئەوەی عەقدی ئەوانە ئیلغا بکرێت و لەسەر جوتیارانی نوێ تۆماربکرێتن، باس لە پشتگیری جوتیاران دەکرێت ساڵانە لە هەموو بوارێکەوە، بەڵام من دەڵێم ناعەدالیەتیەکی زۆر لە دابەشکردنی ئەو پشتگیرییە یان خۆ دەعمی جوتیاران، لەکاتی خۆشی دابەش ناکرێت، یەعنی بۆ نموونە بنە تۆی گەنم ئەوکاتە دابەش دەکرێت کە گەنم شین بووە یان پەینی کیمیاوی ئەو کاتە دابەش دەکرێت کە وەختی دوورنەیە، حەقیقەت زۆرجار لە دەزگای ڕاگەیاندن باسدەکرێت کە ئەمە پشتگیری جوتیاران دەکەین ئەو کە مییەی کە پشتگیری جوتیار دەکرێت حەقیقەت هەندێك جوتیار هەیە شەرم لە خۆیان دەکەن کە بچن لە بنکەی کشتوکاڵی وەربگرن یەعنی بۆ نموونە هەندەك جوتیار (٥٠٠) دۆنمی زەوی هەیە دوو فەردە گەنمی پێدەدەی یان دوو فەردە کیمیایی پێدەدرێت، کە ئەمە نرخێکی زۆریشە، ئێمە لە سنووری ماددەی (١٤٠) هەندێك جوتیارمان هەیە کە لە حکومەتی عیراقی فیدراڵ پەینی کیمیایی وەردەگریت بۆ هەر دۆنمەك زیاتر لە (٥٠)کیلۆ وەردەگریتن، بە نرخێکی گونجاو ، بۆیە داوا لە جەنابی وەزیر دەکەین کە ئەم کێشانە چارەسەربکرێت، دووبارە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو نجاة محمد فەرموو.

**بەڕێز نجاة محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستپێکێ بخێرهاتنا جەنابی وەزیر و شاندێ دگەل دا دکەم، ژبەر هەندێ کو پتریا ئاخافتنا من هاتنە گوتن لبەر هەندێ ئاماژە ب چەند پێشنیارەکا تە دکەم ب ڕێگا جەنابێ ئاراستەی حەنابێ وەزیری دکەم، ئێکی" گومان تێدا نینە هەر ژینگەیەکی جۆرەکی کشتوکاڵی بەرهەمدینیتن، پێتڤییا وەزارەتێ پلانێك هەبیتن بۆ ڕۆشەنبیریکرنا جوتیاران ل هەر دەڤەرەکی ل دیف تایبەتمەندیا وێ دەڤەرێ داکو زۆرترین و باشترین جۆرێ بەرهەم بەدەست بینیتن، دوو" گرینگ دبینم هەرێما کوردستانێ کۆمپانیایەکا گشتی بەرهەڤکرنا ئالییەتێن کشتوکاڵی ل کوردستانێ بێتە دانان داکە شیاندابیتن ئالییەت و مەکائینان بێ گومرگ بدەنە جوتیاران وەکو هاریکارییەك بۆ جوتیاران ،سێ" پێتڤی دزانم کار ژ بۆ پرۆژەیەکی ستراتیژی بۆ دابین کرنا ئاڤێ بۆ هەندێ دەمێ نەبوونا ئاڤێ وەکو بەدیل بێتە دابینکرن داکو کارتێکرن سەر کشتوکاڵێ نێتە کرن، چار" شێوەی ئەنجامدانا موناقەسە لبەر وەخت بهێتە ئەنجامدان داکو ل وەختێ خۆدا تۆڤێ چاندنێ و کیمیایی و هەمی پێتڤیێن کشتوکاڵی بگەهینە جووتیاران دا ئیستفادە ژ بێتە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك محمود حاجی عمر فەرموو.

**بەڕێز محمود عمر صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش سەرەتا بەخێهاتنی جەنابی وەزیر و شاندی یاوەری دەکەم، قسەی من زیاتر لەسەر وەزعی گەرمیانە، چونکە هەموومان ئەزانین گەرمیان پانتاییەکی فراوان و بەرینی زەوی کوشتوکاڵییە هیچی کەمتر نییە لە دەشتی بتوێن و شارەزوور ، لە گەرمییاندا دوو سنووری جیا بە نموونە ئەهێنمەوە کە لە دوو سنووری جیان دوو ناحییەی قۆرەتوو و سەر قەڵایە ، لەوێ دوو سنوور هەیە پێی دەوترێ ئەم بەری سیروان و ئەو بەری سیروان کێشەو گیروگرفتی زۆر لەو ناوچەیە هەیە، ئەگەر دیقەت بدەین بۆ ئەو بەری سیروان و ناحیەی قۆرەتوو لێرە کێشەیەك هەیە کێشەی جوتیار و ئاغایە، لەوێ بە پێی بڕیاری (٤٨٩) ساڵی (١٩٨١)ی ئیسلاحی زیراعی هەرچی ئاغا هەیە قەرەبووی وەرگرتووەو بۆ زەوی ئاوی دۆنمی (٣٠٠٠٠) هەزاری ئەو کاتە ئەمە بۆ ئاوی، نیوەی ئەوەش کە (١٥) هەزاردیناره بۆ دێمی، ئەمە لەسەر دەستی حکومەتی ئەوکاتە ئەو زەوییانەی بە گرێبەست داوە بە جوتیاران، ئەمە هەتاوەکو ڕاپەڕین درێژەی هەبووە، دوا بەدوای ئەوە بە پێی ماددەی (١٤١)ی دەستووری عیراق پاش ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس حکومەتی فیدڕاڵی عیراق دانی بەو عەقدانەداناوە، پەرلەمانی عیراق هەیئەیەکی تەشکیل کردووە بەناوی (هيئة دعاوی الملكية) ئەم هەیئەتە نووسینگەیەکی لە خانەقین هەیە، پاش سکاڵای خاوەن موڵکەکان بێگومان گرفت هەبووە لە نێوان پارێزگای دیالە و لەگەڵ لای خۆمان، چونکە ئەو سنوورە سەر بە پارێزگای دیالەیە، ئیسلاحی زیراعی لەوێ ئیشی بۆ کردووە ، لەپارێزگای دیالە دوای ئەوە تەعویزاتیشیان وەرگرتووە خاوەن موڵکەکان واتا ئاغاکان سکاڵایان بردۆتە پارێزگای دیالە لەوێ داوای ئەوەیان کردووە ئەو عەرزانەیان بۆ بگەڕێتەوە، بەداخەوە پارێزگای دیالە ڕازی بووە لەسەر گەڕانەوەی ئەو زەوییانە هەندێ لەوانە کە ڕازینەبوون وەکو وتم چوونەتە دیالە سکاڵایان تۆمارکردووە زیراعەی دیالە بێ گوێدانە دەستووری عیراق بێ هیچ ڕێزلێنانێك بە بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بێ سێ و دوو ڕازیبووە لەوەی ئەو زەوییانە بدرێتەوە بە خاوەن موڵکەکانی ئەو سنوورانە، واتا ئەو قەرارە هەڵبوەشێتەوە بۆئەوەی عەقدەکان بگەڕێتەوە، زەوییەکان بگەڕێتەوە بۆ ئاغاکان، لە کاتێکدا (١١٣) جوتیار لەسەر ئەو زەویانە تاوەکو ئێستا گرێبەستیان هەیە تووشی کێشە ئەبن و ڕۆژانە ئەگیرێن ئەمە جانیبێك، جانیبێکی تر سەبارەت بە ئەو بەر کە تایبەتە بە ناحیەی سەرقەڵا، ناحیەی سەرقەڵا بە نموونە دێیەك دەهێنمەوە بە پێی قانونی ئیسلاحی زیراعی ژمارە (١١٧) ساڵی (١٩٧٠) ئەو زەویانەی ئێستا کە بەشێك لە بەگزادەکانی جاف ئیدیعای دەکەن زۆر دەمێکە لە لایەن حکومەتەوە کراوەتەوە موڵکی میری، نموونە یەکێك لەو گوندانە حەسیرە و میر قاسمە کە ئێستا کانگای نەوتە، لیژنەی دابەشکردنی زەوی لەکاتی خۆیدا بێ هیچ موعارەزەیەك ئەو موقاتەعەیەی تەوزیع کردووە بەسەر نزیکەی (٥٠) فەلاحدا بۆ هەریەکەك (٨٥) دۆنم زەوی، بەدەر لە ساڵانی ئەنفال کە موحەرەمە بووە تا ئێستا ئەو زەویانە بەدەست ئەو جوتیارانەوە وەیە، بەڵام لەساڵانی (١٩٨٩ ، ١٩٩٠) بەگزادەکان بە فەرمانێك لە بەغداوە ئەو دوو، سێ ساڵە لە بەغداوە ئەو زەویانەیان داوەتەوە

کۆمـەڵێك موستەشـار و کردوويانـە بـە گـەنم و جـۆ بۆخۆيـان و سـووديان لێوەرگرتـووە، لـە هـەمان کاتـدا بەفەرمانێك لە بەغدا هێناويانە ئيستيفادەيان لەوە کردووە، پاش ڕاپـەرين جوتيارەکـان گەڕاونەتـەوە سـەر زەوييـەکانيان و بەشـێوەيەکی فـەرمی حکومـەتی هـەرێم و زيراعـە مامەڵـەی کـردووەو جوتيـاران پـارەی عەقـديان داوە تـاوەکو ئێسـتا ئـەوە بەردەوامـە، بـەڵام ئێسـتا کـە تمـوحی نـەوت هەيـە گرووپێـك يـان بڵـێم جەماعەتێك لەو بەگزادانە هاتوونەتە پێشەوە کە لەکاتێکدا کە بە هـيچ جۆرێـك ئـەو زەويانـەيان بـە چـاو نەديوە و نەهاتوونەتە دياريەوە تـا ئـەم ساتە وەختـە، هاتوونەتـە پێشـەوە بـە سـوود وەرگـرتن لـەو کەشـە ئازادە سکاڵايان لەسەر جوتياران و کشتوکاڵی ناحيەی سەرقەڵاش تۆمـار کـردووە بـۆ ئـەوەی کـە جوتيارەکـان ئـەو عەقدانـە هەڵبوەشـێننەوە ئـەو موڵکانـە بگەڕێنـەوە بـۆ مـوڵکی بـەگزادەکان، هـەروەها تـا ئێسـتا ئـەو جووتيارانە ناتوانن، بۆيان نييـە بيرێکـی ئيرتيـوازی لەسـەر زەوييەکانيشـيان لێبـدەن، ئايـا وەزارەتـی زراعـە چيکردووە بۆ ئەو کێشەيە؟ پێموايە ئەو کێشەيە لەبەر دەستی وەزارەتی زراعەشا هەيـە، سکاڵای ئەوانـەش بەنـدە گەياندوومەتـە دەسـت ليژنـەی کشـتوکاڵی لـە پەرلـەمان تـاوەکو ئێسـتا بەدواداچـوونی بـۆ نـەکراوە، خاڵێکی تر کە پێويستە باسی بکەم ئەويش ئەوەيـە هـەمووومان کۆکين لەسـەر پاراسـتنی ئاسايشـی خـۆراك، گەنم بنەمای ئاسايشی خۆراکەو هيچ مەنتقێکی تێدا نييە کە لە وڵاتێکی کوشـتوکاڵيدا کـە خـاوەنی سـەدان هەزار دۆنم زەوييە کەچی لەدەرەوە سەوزەو ميوە دەهێـنين، ئايـا وەزارەتـی کشـتوکاڵ چ پلانێکـی هەيـە بـۆ ئەمە؟، خاڵێکی تر لەڕووی ئاژەڵدارييەوە کە پێويستە باسی بکەين، ئەويش ئەوەيە کە هـەمووومان دەزانـين ئاژەڵ سەروەتێکی حەيوانييە و زۆريش گرنگە، لەناوچـەی ئێمـەش لەهەڵکشـاندايەو زۆرە، ڕۆژانـە هـەزاران ئـاژەڵ سـەر دەبڕدرێـت بـۆ گۆشـت، بـێ ئـەوەی سـوود لـە پێسـتەکەی وەربگيرێـت، بـەنرخێکی هـەرزان ئـەم پێستانە هەناردەی دەرەوە دەکرێت، ئايا وەزارەتی کشتوکاڵ توانيويەتی، لەگەڵ وەزارەتـی پلانـدانان بـير لـە دروست کردنی کارگەيەکی شمەکی چەرمی، وەك قەمسەڵە، پـێڵاو، جانتـا، ئـەو شـتانە بکاتـەوە؟ بـۆ ئـەوەی ئيسـتيفادە لـەو چـەرمە بکرێـت و ئـەم پێسـتەش بـە هـەدەر نـەدرێت، خـاڵێکی تـر مەسـەلەی سـايلۆيە، هەمووومان دەزانين ئەمساڵ لەگەرميان تا ئێستا گەنمێکی زۆر کەوتووە، ئەوەشی کە ڕۆيشتووە ئايا تا ئێسـتا لەلايەن بەغداوە، پارەی گەنميان وەرنەگرتووە جوتياران؟، ئايا نەدەکراو بير لـەوە نەکراوەتـەوە، سـايلۆيەك دروست بکرێت بۆ ئـەوەی هـەموو ئـەو گەنمانـە بەهـەدەر نەچێت؟، ئـەو گەنمانەشـی کـە ئێسـتا ماوەتـەوە نەدرێت بە بەغداد و حکومەتی خۆمان وەری بگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك قادر ئۆتمان، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزيری کشتوکاڵ و ستافی ياوەری دەکەم، ديارە ژمارەيەکی زۆر لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان باسيان لەوە کرد، کە گيروگرفتێکی يەکجار زۆر لەکەرتی کشتوکاڵ هەيە، هەمووشمان دەزانين تا

ئێستا نەك هەر نەبووەتە لایەنێکی سەرەکی لەدابین کردن و تەمویل کردنی بودجە، یان بەشێکی سەرەکی داهات، بەڵکو زۆر پەراوێز خراوە، لەگەڵ ئەوەی کە لەهەرێمی کوردستان، ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان، لەبارن و زەوی بەپیت و بەبەرەکەتی تێدایە، بەڵام ئێمە دەبینین کە هەم بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، هەم سامانی ئاژەڵی، هەم سامانی ڕووەکی، وەك پێویست نییە، هۆکاری سەرەکی ئەمە ئەوەیە مامۆستا غەریبیش ئاماژەی پێکرد، بودجەیەکی کەم بۆ کەرتی کشتوکاڵ تەرخان دەکرێت، بەڵام جگە لەوە پلانی ستراتیژی لەو بوارەدا نییە، ئەمڕۆش جەنابی وەزیر کە هاتووەتە پەرلەمان، لەگەڵ دەستخۆشیم بۆ هەوڵ و کۆششەکانی، بەڵام پلانێکی ستراتیژیی، ئەوتۆمان نەبینی لەڕاستیدا، کە جێگای ئومێدی جوتیاران بێت، جیا لەوەش خۆمان دەزانین کە جوتیاران بەرووبوومەکانیان تێچوونی یەکجار زۆرە، بەڵام لەهەمان کاتدا تێچوونێکی زۆر لەئەنجامی بەرهەمهێنان لەسەر جوتیاران دەکەوێت، چونکە ئامێرەکانی بەرهەمهێنان گرانە، گاز گرانە، لەهەمان کاتیشدا پاڵپشتی دارایی بۆ ئەو مەبەستە، بەتایبەتی لەم کاتەی ئێستادا سولفەکان وەستاون و لەڕابردووش وەك پێویست نەبووە، ئێستاش کە جوتیاری ڕاستەقینە، یان جوتیار و غەیری جوتیاری لەیەکتر جیاکردۆتەوە، تاکو ئێستا لەهەرێمی کوردستاندا تاکە پێوەر، ئەگەر هەڵە نەبم ناسنامەیەك بووە، کە ئەم ناسنامەیە هەموو ئەو ڕاستییە دەزانین کە هەرتاکێك لەکۆمەڵگادا، ڕوو لەو شوێنە بکەن کە ناسنامەی بۆ دروست دەکەن، دەتوانێت بەئاسانی دروستی بکات، بۆیە من پێشنیار دەکەم بەمەبەستی باشتر زانینی گیروگرفتەکانی جوتیاران لەهەرێمی کوردستان، کە بوونەتە کێشە لەبەردەم وەبەرهێنان لەو بوارەدا، لەڕاستیدا ڕاپرسیەك لەناو جوتیاران بکرێت کە تەنها ئەمە بەس نییە، کە وەزیر ڕۆژێك تەرخان بکات بۆ بینینی هەندێك خەڵك، لەوانەیە لەم ڕۆژەدا کۆمەڵێك خەڵك بێتە وەزارەت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە ناتوانێت لەکۆی موعاناتەکانی جوتیاران بەو ڕێگەیە تێ بگات، بۆیە ئەگەر ڕاپرسیەك بکرێت لەناو جوتیاراندا فۆڕمێکی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە دابندرێت، ئەوە ئیشی وەزارەتی کشتوکاڵ بێت، دیاری بکات بزانێت گیروگرفتەکانی جوتیاران لەهەرێمی کوردستاندا چین، لەهەمان کاتیشدا بیر لەوە بکرێتەوە میکانیزمێکی باشتر لەو میکانیزمەی کە وەزیری کشتوکاڵ باسی کرد، بۆ چۆنیەتی بارسەنگ ڕاگرتن لە بەرهەمە خۆماڵیەکان و بەرهەمی دەرەکی، چونکە ئێمە دەبێت بڕوانینە ئەوە کاتانەی کەبەرهەمە خۆماڵیەکانی ئێمە دەچنە بازاڕەوە جیاوازە لەو کاتانەی کە بەرهەمی دەرکیمان پێویستە، باج زیاد دەکەیت لەسەر هاتنی بەرهەمی دەرەکی، کە ئەمەش گران دەکەوێت لەسەر کۆمەڵگا، بەتایبەتی لەوکاتانەی کە بەرهەمی ناوەکی لە بازاڕەکانی کوردستان نامێنێت، ئێستا هەمووومان دەزانین کە نرخی میوەو جۆرەکانی زۆر زۆرە، من دەمەوێت هەندێ شت زۆر بەکورتی باس بکەم، ڕێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ هەندێکیان گونجاو نین، کێشەیان بۆ جوتیاران دروست کردووە، بۆ نموونە، جوتیار ئەگەر بیەوێت پڕۆژەی کشتوکاڵی ئەنجام بدات لەهەندێ لەناوچەکان، چونکە کۆمەڵێك بڕیار و یاسا هەیە کە ئیلغا نەکراونەتەوە، جوتیار ناتوانێت پڕۆژەی کشتوکاڵی تێدا بکات، بە نموونە لە ناحیەی سەنگەسەر، لە ساڵی (١٩٥٨) تەوە بەشێکی زۆر لە جوتیاران لەئەنجامی ڕاگواستن قەرەبوویان وەرگرتووە، بەڵام تا ئێستا

ئەو عەقدە کە زەوی ئەوان مافی تەسەڕووفیان تێیدا هەیە، بەڵام گرێبەستەکانیان بەناوی ئەوانەوە نییە، بۆیە کە دەچێت پرۆژەی کشتوکاڵی لەسەر ئەنجام بدات، داوایان لیٚ دەکەن کە سورەت قەیدی ئەصڵی لەتاپۆ بێنیت، لەکاتێکدا کە بەناوی ئەوەوە نییە، هیچ هەوڵێکیش نەدراوە کە بخرێتە سەر ناوی ئەوان، لەکاتێکدا کە بەقەرەبوو وەرگیراوە، لەسەر ڕێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، مەرجی داناوە کە لێدانی بیر لە(٢٠ )دۆنم زەوی بێت، ئەمە لەکاتێکدا دەکرێت لەسنووری پارێزگای هەولێر، کە زەوییەکی یەکجار زۆر هەیە، زەوی ڕووبەر فراوان لە سنووری شارەزوور هەیە، بەس ئەمە بۆ هەموو ناوچەکان لەڕاستیدا گونجاو نییە، بۆیە دەکرێت ئەمە بەمەرج نەگیرێت، لەسەر خاڵێکی تر کۆنفرانسی ساڵانە، لەڕابردوودا کۆنفرانسی ساڵانە زۆر کراوە بۆ دانانی پلانی یەك ساڵی و پێنج ساڵی، لەدوای ڕاپەڕینیشەوە چەند کۆنفرانسێکی ساڵانە کراوە، لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەم کۆنفرانسانە لە ئاستی وەزیر و کۆمەڵێك خەڵکی شارەزا، مودیر عامەکان، بۆ خوارەوە شۆڕ نەبۆتەوە، بەڵام ئەوان پرۆگرامێکیان داناوە داوایان کردووە کە لەخوارەوە تەنفیز بکرێت، پێم وایە نموزەجی ڕابردوو جوانتر بووە، کە لەناحیەکانەوە دەستی پێکردووە بۆ قەزاکان و لەوێشەوە بۆ پارێزگان، ئینجا هاتۆتە وەزارەت، ئەوەی تا ئێستا کۆنفرانسەکان کرابوون تەنها لەهەولێر کراوە، دواتر داوا کراوە کە تەنفیز بکرێت، من پێشنیار دەکەم کە ئەم تەجروبەیەی ڕابردوو بگیرێتە بەر، لەسەر دەوراتی کشتوکاڵی، ڕاستە کە دەوراتی کشتوکاڵی بۆ وەرگرتنی زانیاری نویٚ لەبواری کشتوکاڵدا هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەوراتەکان لەئاستی پێویست نەبووە، پێویستە ئەم دەوراتانە دەست پیٚ بکاتەوە، هەم لەناوخۆ هەم لە دەرەوە، وەزیری کشتوکاڵ ئاماژەی بە چارەسەرکردنی ئەو تەجاوزاتانە کرد کە دەکرێتە سەر زەوییە کشتوکاڵییەکان، کە تا ئێستا ئەمە کێشەیەکی گەورەیە، بەتایبەتی لە سنووری پشتدەرو بیتوێن، لەگەڵ ئەوەشدا پشتدەرو بتوێن ناوچەیەکی بەپیتە و گونجاوە بۆ کشتوکاڵ، بەڵام لەهەمان کاتدا پەراوێز خراوە، بەشێك لەپەرلەمانتارەکان ئاماژەیان بەوەدا، من ناچمەوە سەری لەمەسەلەی سایلۆو کۆمەڵێك شتی تر، ئێمە دەبینین ڕۆژانە لەو ناوچانە گەنم لەسەر زەوی ڕۆ دەکەن، هەندیٚ شت هەیە جیاوازە دەبێت ئێمە قسەی لەسەر بکەین، بۆ نموونە پرسیارم لەوەزیر کرد، پلانیان چییە؟ بۆ مەسەلەی لادێکان، بەرهەمێکی زۆر لەلادێکان هەیە، ڕێگاوبانی لادێکان خراپن، ئەو جوتیارانە چۆن بتوانن بەرهەمەکانیان بهێننەوە ناو بازاڕ بۆ ساغ کردنەوەیان؟، یان مەسەلەن دەرماڵەی ترسناکی، هیچ کەسێك ئاماژەی پیٚ نەداوە، دەرماڵەی ترسناکی لەبەڕێوەبەرایەتییەکانی کشتوکاڵ بەتایبەتی لەسنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی سلێمانی، فەرمانبەرانی ئیداری لەو بەڕێوەبەرایەتیانە تا ئێستا دەرماڵەی ترسناکیان نییە، تەنها ئەو دەرماڵەیە بۆ فەرمانبەرانی کشتوکاڵ بووە، لەکاتێکدا ئەوانیش وەزیفەیان هەیەو ئەرکیان هەیە، بەپێی مەعلوماتی من ئەم دەرماڵەیە لەوەزارەتی کارەباو وەزارەتەکانی تر بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە، هەروەك لەوەزارەتی کشتوکاڵ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، لەسەر تەسوییە کردنی زەوی، لەڕابردوودا تەسویەی زەوی کراوە، لەسەردەمی مەلەکیەت لە ساڵی (١٩٥٨)، بەهۆی شەڕ و شۆڕ لەم وڵاتە، دەبینین ئەمە وەستاوە، ئەو لیژنانەی کە کاتی خۆی دروست کراون، تەنها ئەو شوێنانەیان بینیوە کە بەئاسانی بۆی چوون، بۆیە من پێشنیار دەکەم

ئەمە لادێکانیش بگرێتەوە، بۆ ئەوەی جوتیاریش لە لادێکان دڵی بەزەوییەکەی خۆی خۆش بێت، خۆی خاوەندارێتی زەوییەکەی خۆی بکات، لەسەر مەسەلەی بەنداو من ئاماژەی پێ نادەم، تەنها ئەوە دەڵێم کەناوچەی بتوێن و پشتدەر گونجاوە بۆ بەنداو، بەڵام تا ئێستا ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، لە بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ دەپرسم ئەوەی کە وەك پلان ئاماژەیان پێدا بۆ دروست کردنی بەنداو، ئایا ئەم ناوچەیە دەگرێتەوە یان نا؟، من پێم باشە ئەو بڕیارو یاسایانە کە پەیوەستن بە بواری کشتوکاڵی و تا ئێستا بەرکارن لەهەرێمی کوردستان، بەڵام بەشێکیان خزمەت بە کەرتی کشتوکاڵ ناکەن، بەشێکیشیان زیان بە جوتیاران دەگەیەنن، هەندێکیان پێویستە ئیلغا بکرێنەوە، بە نموونە یەك بڕیار دەهێنمەوە، ئەویش بڕیاری ژمارە(٢٧٧٢) لە ١٩٧٨/٤/١٦ دەرچووە، دەقەکەی دەڵێت، لەسەر ئاستی یەك ناحیە، بەڵام لەشوێنەکانی تریش هەمان کێشە هەیە، دەڵێت، ئەو زەوییە کشتوکاڵیانەی کە کەوتوونەتە سنووری ناحیەی سەنگەسەر بخرێنە سەر شارەوانی سەنگەسەر، بە ڕووبەری( ١٣٣٢)دۆنم، حکومەت بەکاریان دێنێت بۆ خەدەمات لە بواری گشتیدا، بەڵام هیچ قەرەبووی جوتیاران ناکرێتەوە لەکاتێکدا، کە پێویستە جوتیار تەملیکی هەبێت، پێویست بەوە دەکات کە قەرەبوو بکرێتەوە، جگە لەوە کۆمەڵێك بڕیار هەیە لەناوچەکە، دەرئەنجامی سلبی لێ کەوتووەتەوە، لەسەردەمی ئیدارەی سلیمانی بڕیارێك هەیە لەو ناوچەیە، کە بۆ هەندێ شوێن هەیە، بۆ هەندێ شوێنی تریش نییە، لەخودی چوارقوڕنە، دوو قیتعەیە، لەبەشێك قەرەبوو مەشموولە، بەڵام لە بەشێکی تری مەشمول نییە، من دوا قسەم، ئەوەی کە بینیمان لە بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ، ئەویش وەك جوتیارەکانی کوردستان موعاناتی هەیە، ڕاستە هەندێك لەهەوڵەکانی ئەو ئاماژەی پێکرا، بەڵام ناکرێت وەزیری کشتوکاڵ وەکو جوتیارەکانی کوردستان موعاناتی هەبێت، ئەکرێت جەنابی پلانمان بۆ بخاتە ڕوو، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەو گرفتانەی کە لەهەرێمی کوردستان لەکەرتی کشتوکاڵ هەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز باپیر کامەلا، فەرموو.

**بەڕێز باپیر کامەلا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و وەفدی یاوەری دەکەین، مەسەلەی کشتوکاڵ، کێشەیەکی لە مێژینە لەڕووی یاساییەوە ڕیشەیەکی قوڵی هەیە، لەکوردستان و لەهەرێمی کوردستان، ئەگەر لەڕووی یاساییەوە تەماشای کێشەی زەوی و زار بکەین، کێشەی زەوی وزار، بەهۆیەوە چەند یاسایەك دەرچووە، لەسەردەمی خۆی لەساڵی (١٩٧٠) یاسای ژمارە(١١٧) دەرچووە، کەبەس لەبەری بادینان کاری پێکراوە، لەزێی بادینان بەولاوە، یاسای ژمارە(٩٠) لەساڵی( ١٩٧٥)دەرچووە، کە لەپارێزگای سلێمانی و هەولێر کاری پێکراوە، ئەوە کۆمەڵێك کێشەو گرفتی هەمە لایەنەی لێ کەوتووەتەوەو بوەتە کێشەی ئاغاو جوتیار، جوتیار بەجوتیار، بەهۆی ئەوەی کە ڕووپێوێکی دروست نەکراوە بەهۆی نائارامی لەکوردستان، کە پێشتریش یاسای ژمارە(٣٠) هەبووە، دواتر دواین یاسا ئەوە بوو کە لە ساڵی (٢٠٠٨)وابزانم دەرچوو بۆ تاپۆکردنی زەوی لەسەر جوتیاران،

تا ئەو یاسایەش وەکو نموونە لە هەندێ گوند جێبەجێ کراوە، لەهەندێ گوندی تر جێبەجێ نەکراوە، ئەوەی گرفتە لێرەدا لەدامودەزگاکانی سەر بەوەزارەتی کشتوکاڵ لەهەندێ شوێن، بەبێ ئەوە هەندێ جار بەیاسایەك کار دەکرێت، کە لایەنگری کێ بێت ئەو فەرمانبەرە دەتوانێت ئەو یاسایە یان ئەو بڕگەیە بەکار بهێنێت، ئەوە گرفتێکی زۆرە لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان ئومێد دەکەم، وەزارەتی کشتوکاڵ بتوانێت کۆنترۆڵی ئەو کێشەو گرفتانە بکات، کە تەنها یاسایەك بەرقەرار بێت کە دوا یاسایە، بتواندرێت کاری پێ بکرێت، لەڕووی زەوییەوە، زەوی تایبەتمەندی زۆر لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکەوە هەیە، بەهۆی بەرهەمەکانیانەوە، زەوی پێدەشتمان هەیە، هی بناریشمان هەیە، بنارەکان ئەو کێشانەی کە باسی دەکەن، زیاتر خوردە مالیکە، پێدەشتەکانیش کە جیاوازی هەبووە هەتا لەبەرهەم هێنانیدا، لەڕوویەکی ترەوە، زەوییمان هەیە، بۆ نموونە بنار هەیە کە باغێکی تێدا دروست کردووە، مەبەستم لە جێبەجێ کردنی یاساکەیە، دەبێت ئیستیسنائات و لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندی شوێنەکان لەبەرچاو بگیرێت، لەبەر ئەوە لەبنار خەڵك هاتووە کەلەکێکی دروست کردووەو بۆ خۆی دارێکی تێدا ناشتووە، زۆر جیاوازی هەیە، زیاتر ئەوانە خوردە مالیکە لەڕووی ئەو یاسایەوە، ئەوەی کە جەنابی وەزیر باسی کرد، من مەبەستم لەو باسکردنە ئەوەیە کەباسی کرد، ئێمە گرێبەستیان بۆ دەکەین ئەوە هەیە ( ١٠٠ تا ٢٠٠) ساڵە بەس تەنها لە بابیەوە بۆی بەجێ ماوە، بەمیراتگری بووە، زۆربەی زۆری ناوچەی بنار لە زاخۆوە بگرە تا دەگاتە بناری باڵەکایەتی و دەچێتەوە بناری پشتدەرو ناوچەی قەندیل و دەچێتەوە هەموو شوێنە بنارییەکان، حکومەتە یەك لەدوای یەکەکان دەستی بەسەردا نەڕۆیشتووە، هەم کەمتر ئەو شوێنانە لەگەڵ حکومەت تەعامولیان کردووە، عەقدیان کردووە، کە عەقدیان نییە، هەر پرۆژەیەکی حکومەت لەوێ جێبەجێ دەکرێت ئەوانە بێ بەش دەبن، ئەو بڕیارەی کە جەنابی وەزیر باسی کرد، ئایا تا چ ڕادەیەك ئەوانەی پێشتر دەگرێتەوە، بەتایبەتی تەجاوز کراوەتە سەر زەوی جوتیاران، لەدوکان، لە قەڵادزێ، لە دەوروبەری هەولێر، لە بازیان، لەزۆربەی شوێنەکانی تریش، کە ئێستا پێویست نییە، هەر بەنموونە ئەمانە دێنمەوە، کە ئێستا قەرەبوو نەکراونەتەوە، زەوییەکانیان تەجاوزیان کراوەتە سەر، جا یان بۆ وەبەرهێنان بووە، کە وەبەرهێنان زەرەرێکی زۆری لە زەوی جوتیاری داوە، ئەوەی تر پرسیارێکم لەجەنابی وەزیر هەیە، ئایا زەوی بەراومان چەند هەیە؟، ئەگەر ڕوو پێومان هەیە، زەوی دێمەکارمان چەند هەیە؟، وە لەنێوانیشدا زەوییەکی ترمان هەیە، کە لەفەصڵێکی تایبەت دەردەکەوێت ئەویش زەوی مەغمورەیە، هەم لەسەر زێی بچووك، هەم لەسەر زێی گەورە چۆن تەعامول لەگەڵ ئەو زەوییانە دەکرێت، کە زۆربەی زۆری ئەو زەوییانە ساڵان بۆ بەرهەمی کشتوکاڵی بوون، بەبێ بەرنامە زۆربەی غەسالەی لێ دانراوەو ڕێنمایی زۆربەی ئەوە کراوە کەبووە بە ئەمری واقیع و تەعامولی لەگەڵ دەکەین، کە ئەوە زەرەرێکی زۆر لە بەرهەمی کشتوکاڵی دەدات، ئەوەی کە گرنگە لەڕووپێوەکەدا، ئەوەی کە زۆر تەجاوزی کراوەتە سەر، لەزەوی کشتوکاڵی بەهۆی یاسای وەبەرهێنانەوەیە، یاسای وەبەرهێنان بۆ نموونە پرۆژەیەك هەبووە، پرۆژەکە دوو دۆنم زەوی پێویست بووە، (١٠) دۆنم زەوییان بۆ تەرخان کردووە، من نازانم لێرەدا وەزارەتی کشتوکاڵ چ ڕۆڵێکی هەبووە لەوێدا، لە ڕابردوووداو لەداهاتوودا چ بەرنامەیەکی هەیە بۆ ئەوەی چی

تر زەوی کشتوکاڵی بەهەدەر نەدرێت؟، لەکاتێکیشدا کە تەنها دەچێتە گیرفانی چەند کەسێکی دیاری کراو، پرۆژەکە کە وەردەگیرێت دەفرۆشرێتەوە، بەبێ ئەوەی مەبەست لێی دابین کردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی هەژار بێت، دەچێتە باخەڵی سەرمایەداران، ئەو زەوییە کشتوکاڵیانەی کە ئێستا دەستی بەسەردا گیراوە لەدەروبەری هەولێر، یاخود لەدەروبەری سلێمانی یان شارەکانی تر کە بەنموونە بیهێنینەوە بەناوی ئەوەی کەباغی لێ دروست کراوە، هەر باغێك ڤیلایەکی لێ دروست کراوە، هەر ڤیلایەك چەندین دۆنمە، کارەبای بۆ ڕاکێشراوە، باشە حکومەتی هەرێم ئەگەر موخالیفە بۆ کارەبای بۆ ڕادەکێشێت، بۆ ڕێگای پێ دەدات ئاوی بۆ بچێت، بۆ ڕێگای پێ دەدرێت خزمەتگوزاری بۆ بچێت، تەنها لەمانگێکدا دوو سەعات دەچێتە ئەوێ، کەچی کارەبای دوو سەد ماڵی بۆ دەچێت، باغێك هەزار گڵۆپی بۆ چووە، ماڵێکی فەقیر تەنها پێنج گڵۆپ دادەگرسێنێت، هەزار دابەشی پێنجی بکەیت ٢٠٠ گڵۆپ دەکات، هەتا لەڕووی خزمەتگوزاریشەوە، ئایا بەرنامەیان چیە بۆ ڕێگرتن و لێ سەندنەوەی ئەو زەوییانە، ئەو زەویانە بەهیچ یاسایەك نابێتە موڵکی ئەو کەسانەی کە باغیان لێ کردووە، باغەکەش باغی بەرهەم هێن نین، نەیان توانیوە وەکو هەموو برایان ئاماژەیان پێکرد، تەنها بەرووبوومەکان لەدەرەوەی وڵات دێنین، ئەو بەرهەمانەی کە ئێستا دەیهێنن تەنها بۆ خۆشگوزەرانییە، هەتا لەڕووی ئابووریشەوە جەدوای ئابووری نییە بۆ کەسەکەش، بۆ ئەو کەسەی کە باغەکەی دروست کردووە، جگە لەوەی کە زەرەری هەیە، لەلایەکی تریش هەر لەسەر ئەوەی کە بۆ وەبەرهێنان کراوە، ناکرێت زەوی بەپیتی کشتوکاڵی بدرێت بۆ وەبەرهێنان، دەکرێت لەو گردۆڵکانەو لەو دۆڵانەی کە زەوی سەخەرین لەوێ بدرێت بۆ وەبەرهێنان، لەوێ ئیستیفادە بکرێت، نەك ئەو زەوییە بە پیتانە، مەسەلەی زەوی مەسەلەیەکی ئەخلاقی و مرۆییە، چونکە پەیوەندی هەر بە ئاسایشی خۆراکی هەرێمی کوردستانەوە نییە، هی هەموو عێراق، هی هەموو ناوچەکە، هی هەموو دونیاشەوە هەیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە وەزارەتی کشتوکاڵ یان پرۆژە بڕیارێك، یان پرۆژە یاسایەك، یاخود هەر ڕێگەیەکی تر دەگرێتە بەر کە پێشتر لەبەردەستی دایە و بتوانێت یاسایەك جێ بەجێ بکرێت، کە جێ بەجێ نەکراوە، بە ڕەئی من نەبوونی یاساش نییە، جێ بەجێ کردنی یاسایە، یان یاسا لەسەر هەمووان جێ بەجێ ناکرێت، ئەوە گرفتە. گرفتێکی تر، من نامەوێ زۆر بچمە سەر ئەوە، دەنا سەرنج و تێبینی زۆرم هەیە، بەپێی ئەوەی پێشینەیەکی زۆرمان هەیە لەسەر مەسەلەی کێشەی جوتیار و زەوی، کاتی خۆی شۆڕشێکمان کردووە لەسەر ئەوە لە ساڵی (١٩٩٣) هەمووتان ئاگادارن و هەمووتان پێی شاهێدن، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرە من پێشنیارم بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ چارەسەر کردنی کێشەی زەوی و زار، یان بۆ زیندوو کردنەوەی کەرتی کشتوکاڵ، کە ئێستا کەرتی کشتوکاڵ مردووە لە گیانەئڵڵا دایە، ئەوەیە لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازی هەماهەنگییەك هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت جوتیاران کەرەستەی خاو بۆ کۆمەڵێك پیشەسازی، وەك پیشەسازی ڕستن و چنین، وەکو پیشەسازی ئەوەی کاك مەحمود ئاماژەی پێکرد، وەکو پیشەسازی تر کە بە خستنە قووتوو، یان کردنەوەی چەندین کۆگا، بۆ ئەوەی بتوانێت موبەڕەدو موجەمەدو ئەوانە ڕێگە پێ

بدرێت و بكرێتەوە، بۆ ئەوەی بەرهەمەكانمان لەجیاتی لە وڵاتانی دەوروبەر بێ، خۆمان بەرهەمەكانی خۆمان هانی جوتیار بدەین، ئەگەر جوتیار بەرهەمەكانی بۆ بفرۆشرێت...........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باس كرا كاك باپیر، ئەوانە هەمووی باس كران.

**بەڕێز باپیر كاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوانە هەمووی بۆ بفرۆشرێت، واتا بازاڕی بۆ دروست بكەین، بازاڕ بە چ دروست دەكرێت؟ بەوەی كۆمەڵێك كارگە دروست بكرێت، ئەو كارگانە سەرچاوەكانیان سەرچاوەی كەرەستەی خاویان جوتیاران بۆیان دابین بكات، وەكو پەمو، وەكو تووتن، وەكو گوڵە بەرۆژە، ئەوە هەم دەبێتە هەلی كار، هەم بازرگانی ناوخۆی شارو دێ دروست دەبێتەوە، هەم دەتوانێت كەرتی كشتوكاڵی زیندو بێتەوە، هەم كەمتریش دەتوانین بەرهەمی دەرەكی بەكار بێنین، هەم ئەو پارەی كە سیولەی ئێمەش بەهێزتر دەبێت، من قسەی زۆرترم ماوە، بەڵام جەنابت بە پەلەی، سوپاس بۆ ئێوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بە پەلە نین زیاتر لە دە دەقیقە قسەت كرد، بەڕێز دكتۆر شێركۆ حەمە ئەمین، بەس تكایە بە كورتی، بۆ ئەوەی رێستێكیش وەر بگرین، فەرموو.

**بەڕێز د.شێركۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری كشتوكاڵ و ئەو هاوڕێیانە دەكەم كە لەگەڵیانن، من دەزانم ئەو بەڕێزە كەوتووە بەسەر میراتییەك لە كەموكورتی چەند ساڵی رابردوو، بەڵام لەڕاستیدا ئەو بەڕێزانەی كە بە درێژایی چەند ساڵێك لە وەزارەتەكان و، ستافی راوێژكارییەكەی زۆر گرنگە پلانێكی تۆكمەو ستیراتیجیان هەبێت، بۆ ئەوەی بە لایەنی كەم لەسەر ئەو كەموكورتیانەی رابردوو بتوانرێت ئایندەیەكی باش بۆ كشتوكاڵ لە هەرێمی كوردستان بنیات بنرێت، ئەو دوو ئامانجەی كە بەڕێزیان باسیان كرد ئاسایشی خۆراك و ئاسایشی ئاو بێنێتە دی، من بە خێرایی هەندێك قسە دەكەم، وێڕای پشتگیرییم لە بەشی زۆر قسەكانی ئەو هاوڕێیانە، بەتایبەتی مامۆستا عبدالرحمن و كاك محمود، دوو شت زۆر گرنگە، ئایا موڵكداریەتی زەوی لە هەرێمی كوردستان ساغ كراوەتەوە؟ ئایا زەوی كوردستان لە مین پاك كراوەتەوە؟ یەعنی ئەو دوو شتە زۆر سەرەكییە، موڵكداریێتی زەوی و، پاك كردنەوەی زەوی كوردستان لە مین، باسی گەنم كرا، بەڵام بەڕاستی شێوازی هەڵگرتنەكەی زۆر خراپەو، ئەمەش لەكاتی دروست كردنی ئاردا رەنگ دەداتەوە، من هیچی تر ناڵێم.

سەبارەت بە كارگەكان، بۆ من دوو شت زۆر گرنگە، ئەگەر بكرێت، یەعنی وەكو پێشنیازەك دەكەم، یەكەم/ كارگەی وشك كردنەوەی، دووەم/ بەتایبەتی شەربەتی ترێی سپی و ترێی رەش، كە دوو جۆرە ترێن لە

کوردستاندا بەرهەمێکی زۆر باشیان هەیە، وەکو ناوچەی شار بازێر مەسەلەن بە نموونە وەربگرین، کەمی بودجە کە بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ دادەنرێت، لە ڕاستیدا بە بڕوای من ئەمە ئەو عەقڵیەتە دەخوێنێتەوە کە لە پشتی سیاسەتی کشتوکاڵییەوەیە لە هەرێمی کوردستان، کە نایەوێت یەکەم/ ئاسایشی خۆراك دروست بێت، نایەوێت ئابووری خۆژێن دروست بێت، بۆیە گرنگە ئەم بودجەیە زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی یەکەم/ پارەکە نەڕواتە دەرەوە.

دووەم/ ئابووری خۆژێن دروست بێت.

سێیەم/ هێنان کەم بێتەوە.

چوارەم/ کۆنترۆڵی جۆری لەسەر هاوردە کردن زیاد بکرێت و ئەوانە.

زۆر گرنگە لەڕاستیدا ئەو جوتیارانەی کە دەست رەنگینن بەرهەمی باشیان هەیە، ئەمانە ساڵانە کێبڕکێیان بۆ بکرێت وەك باس کرا، دەکرێت لەڕاستیدا هاندان دروست بکرێت لەنێوانیاندا، بۆ نموونە ئەم جوتیارەی ئەوەندە خانووی هەیە، وەکو هاوکاری پێ بدرێت، ئەوەندە داری زەیتون و ئەوەندە داری چواڵە، ئەوەندە سەر مەڕو ماڵاتی بەخێو بکات، یەعنی هەمان ئەم پارەیە دەدرێت بە خەڵکی هەرێمی کوردستان، بە خەڵکی بەشێك لە دێهاتەکان، رەنگە بەناوی جۆراو جۆرەوە، دەکرێت لەم روانگەیەوە هادەنگدان دروست بکرێت لە نێوانیاندا.

لە ماوەی رابردوو لە شاری سلێمانی، لە زانکۆی سلێمانی خوێندکارانی فاکەڵتی زانستە کشتوکاڵییەکان کۆنفراسێکیان کرد بوو، بەڕاستی کۆمەڵێك راسپاردەی زۆر جوانی تیا بوو، من وەکو نووسینگەی سلێمانی هێنامان بۆ ئێرە، بۆ لیژنەی پەیوەندیدار، ئومێد دەکەم ئەم راسپاردانە بگاتە دەستی وەزارەتی کشتوکاڵ تاکو بدەتوانن زۆر بە جوانی کەڵکی لێ وەربگرن.

چەند پرسیارێکی زۆر بەخێرایی:

یەکێك لەو پرسیارانە مەسەلەی شێوازی دابەش کردنی ئۆتۆمبیل بەناوی ئۆتۆمبیلی جوتیارییەوە، ئومێد دەکەم ئەمە پێداچوونەوەیەکی زۆر جددی بۆ بکرێت لە هەرێمی کوردستان، چونکە لەڕاستیدا یەعنی زۆر بە روونی وەکو لایەنی حزبی ئیستیفادەی لێ کراوە، کەمترین ئیستیفادەی لێ کراوە بۆ بووژاندنەوەی کشتوکاڵ، بۆ گواستنەوەی بەرهەمی جوتیار لە لادێوە بۆ شار و، زۆر گرنگیشە تۆ چۆن لادێیەکان وەکو شارەکان لێ دەکەیت؟ بۆ ئەوەی کۆچی پێچەوانەیی دروست بکەیتەوەو، بتوانی لە رێگەی کۆچی پێچەوانەییەوە ئاسایشی خۆراك دابین بکەیت و بەرهەمی کشتوکاڵی زیاد بکەیت.

پێم خۆشە ئەگەر بەڕێزیان وەڵامان بدەنەوە لەسەر ئەوەی کە ئایا لەو پلانەی کە باسیان کرد بۆ ئاسایشی ئاو، ئایا راگرتنی بەنداوی بێخمە بە چ بیانوویەك بووە؟ دەکرێت ئەمە لەناو ئەم پلانانە دەبێت ئەم بەنداوە جێ بەجێ بکرێت لە ئایندەدا؟ چونکە هەم ئاسایشی ئاو، هەم ئاسایشی نەتەوەیش دەپارێزێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەخێر هاتنی مامۆستایان و قوتابیانی زانستە سیاسییەکان دەکەین لە زانکۆی سلێمانییەوە هاتوون، ئێستا لە هۆڵی پەرلەمانن بەخێر بێن سەرچاو، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، (٣٤) کەس ماوە قسە بکات لە کاتێکدا زۆربەی قسەکان وابزانم کراوە، بەڵام ئێستا ڕێستێك وەردەگرین، پشوویەك وەردەگرین کاتژمێر (٢) دەست دەکەینەوە بە دانیشتن، زۆر سوپاس.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی دوای دوو جار بانگ کردنی ئەندامانی پەرلەمان بەداخەوە نیسابمان نییە، لەبەر ئەوە دانیشتنەکەمان هەڵدەگرین، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم دانیشتنە ئیدامەی دانیشتنی بەیانییە بە ڕەئی من مادام دەنگدانی تێدا نییە دەتوانین بەردەوام بین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە کۆبوونەوەی دووەمە، کۆبوونەوەی دووەمە لێرە لە پەیڕەودا دەڵێت دانیشتن کۆی گشتی ئەو کۆبوونەوانەیە کە لە ڕۆژێکدا دەبەسترێت، کۆی گشتی دانیشتن کۆی گشتی ئەو کۆبوونەوانەیە کە لە ڕۆژێکدا دەبەسترێت.

ماددەی چوار/ دەڵێت کۆبوونەوەی پەرلەمان، کۆبوونەوە نەك دانیشتن، کۆبوونەوەی پەرلەمان یاسایی نابێت تەنها بە ئامادە بوونی زۆرینەی ئەندامەکانی نەبێت، پەرلەمان بڕیارەکانی بە زۆرینەی ئامادە بووان دەردەکات.

واتا کۆبوونەوەش پێویستی بە نیسابە، دانیشتن کۆی ئەو کۆبوونەوانەیە لە ڕۆژێکدا دەبەسترێت، چەند کۆبوونەوە دەکرێت، بەڵام بۆ هەموو کۆبوونەوەیەکیش پێویستمان بە نیساب هەیە، لیژنەی یاسایی ئەگەر قسەیەکتان هەیە؟ موتابیقە، پێتان خۆشە هەڵی بگرین، نیساب نییە چی بکەین؟ لەبەر ئەوە کۆبوونەکەمان هەڵدەگرین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدين قادر** | **جعفر ابراهيم ئێمينكی** | **د. يوسف محمد صادق** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٨)ی**

**سێ شەممە رێکەوتی ٢٣\١٢\٢٠١٤**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٨)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/١٢/٢٣

کاتژمێر (١٠،٣٠)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/١٢/٢٣ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٨)ی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (١٨)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردن لە کات (١٠،٣٠)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێشەممە رێکەوتی ٢٠١٤/١٢/٢٣ دا بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: بەردەوام بوون لە سەر گفتوگۆکردنی دۆخی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بەپێی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.

دووەم: خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پڕۆژە یاساو بڕیارانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.

١ـ پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣) یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.

٢ـ پڕۆژەیەکی هەمواری تر هەر بۆ هەمان پڕۆژە یاسا ئامادەکراوە لەلایەن ژمارەیەکی تری ئەندامانی پەرلەمان.

٣ـ پڕۆژە یاسای دڵنیایی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

٤ـ پڕۆژە یاسای بەخشینی پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایشی لە سولفەی هاوسەرگیری و قەرزی خانوو بەرە.

٥ـ پڕۆژە بڕیاری بەخشینی شەهیدان و پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ لە پێشینەی خانووبەرەو هاوسەرگیری.

٦ـ پڕۆژە بڕیاری هێشتنەوەی تەنیا یەك مووچە بۆ ئەو کەسانەی زیاتر لە یەك مووچەیان هەیە.

٧ـ پڕۆژە بڕیاری پاراستنی سەروەری کوردستان ـ عێراق.

سێیەم ـ گفتوگۆکردن لە سەر رەوشی کارەبا لە هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی وەزیری کارەبا بەپێی خاڵی دوو لە بڕگەی دووەمی ماددەی (٥٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.

چوارەم: گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨) بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستان دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن،ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (١٨)، رۆژی دانیشتن (٢٠١٤/١٢/٢٣)، بەرنامەی کار، بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا کاتی دانیشتنی ژمارە (١٨)ی خولی گرێدانی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان، لە کاتژمێر (١٠)و نیوی پێش نیوەڕۆ، رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (٢٠١٤/١٢/٢٣) بێت و بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە بێت،**

**یەکەم: بەردەوام بوون لە سەر گفتوگۆکردنی دۆخی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بەپێی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.**

**دووەم: خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پڕۆژە یاساو بڕیارانەی خوارەوە بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.**

**١ـ پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣) یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.**

**٢ـ پڕۆژەیەکی هەمواری تر هەر بۆ هەمان پڕۆژە یاسا ئامادەکراوە لەلایەن ژمارەیەکی تری ئەندامانی پەرلەمان.**

**٣ـ پڕۆژە یاسای دڵنیایی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.**

**٤ـ پڕۆژە یاسای بەخشینی پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایشی لە سولفەی هاوسەرگیری و قەرزی خانوو بەرە.**

**٥ـ پڕۆژە بڕیاری بەخشینی شەهیدان و پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ لە پێشینەی خانووبەرەو هاوسەرگیری.**

**٦ـ پڕۆژە بڕیاری هێشتنەوەی تەنیا یەك مووچە بۆ ئەو کەسانەی زیاتر لە یەك مووچەیان هەیە.**

**٧ـ پڕۆژە بڕیاری پاراستنی سەروەری کوردستان ـ عێراق.**

**سێیەم ـ گفتوگۆکردن لە سەر رەوشی کارەبا لە هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی وەزیری کارەبا بەپێی خاڵی دوو لە بڕگەی دووەمی ماددەی (٥٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.**

**چوارەم: گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨) بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو. پێش دەست پێکردن بە بەرنامەی کار داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین کە ناوی ئامادەنەبووانی دانیشتنی پێشوو بخوێنێتەوە، فەرموو،**

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو بەخشیندەی میهرەبان، ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (١٧)ی ئاسایی لە بەرواری (٢٠١٤/١٢/١٨)، مۆڵەت پێدراون یان بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون، بەم شێوەیەی خوارەوەیە، (ابراهیم احمد سمۆ ـ مۆڵەت، ادریس علی اسلام ـ مۆڵەت، ئاری محمد (ئاری هەرسین) ـ مۆڵەت، بەهزاد دەروێش ـ مۆڵەت، بەیار طاهر ـ مۆڵەت، پەروا علی ـ مۆڵەت، جمال عثمان ـ مۆڵەت، دڵشاد شعبان ـ مۆڵەت، دلێر مصطفی ـ مۆڵەت، فائق مصطفی ـ مۆڵەت، زۆزان صادق ـ مۆڵەت، زولفا محمود ـ مۆڵەت، شامۆ شێخۆ نعمۆ ـ مۆڵەت، شێرکۆ جودت ـ مۆڵەت، شرین حسنی ـ مۆڵەت، گەشە دارا ـ مۆڵەت، ڤیان عباس ـ مۆڵەت، عادل عزیز ـ مۆڵەت، عبدالله جاسم ـ مۆڵەت، علی حەمە صالح ـ مۆڵەت، علی علی هالۆ ـ مۆڵەت، عمر صالح ـ مۆڵەت، فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی)ـ مۆڵەت)، محمد علی ـ مۆڵەت، مریم صمد ـ مۆڵەت، ناظم کبیر ـ مۆڵەت، خلف احمد ـ مۆڵەت)

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە  ناوی ئامادەنەبوانی کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان بخوێننەوە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان لە بەرواری (٢٠١٤/١٢/٢٢) ڕۆژی دووشەممە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو: لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان (٢٠١٤/١٢/٢٢) کۆبوونەوەیان کردووە مدینە ایوب و یروانت نیسان مۆڵەت بوون ـ لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و/ بەنداوەکان (٢٠١٤/١٢/٢٢) کۆبوونەوەیان کردووە عباس غزالی و فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی)ـ مۆڵەت بوون ـ لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت (٢٠١٤/١٢/٢٢) کۆبوونەوەیان کردووە حیات مجید و حسن صالح و رابوون توفیق مۆڵەت بوون ـ لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجەییەکان (٢٠١٤/١٢/٢٢) برزۆ مجید مۆڵەت بووە ـ لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی (٢٠١٤/١٢/٢٢) کۆبوونەوەیان کردووە ڕێواز فائق و زۆزان صادق مۆڵەت بوون ـ لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن (٢٠١٤/١٢/٢٢) کۆبوونەوەیان ئەنجام نەداوە بە هۆی ئەوەی لە حەفتەی رابوردوو کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیان کردووە لە بری ئەم حەفتەیە ـ لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە (٢٠١٤/١٢/٢٢) کۆبوونەوەکەیان دواخراوە بە هۆی باری تەندروستی خراپی سەرۆکی لیژنەکەیانەوە ـ لیژنەی کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان (٢٠١٤/١٢/٢٢) کۆبوونەوەیان ئەنجام نەداوە لەبەرئەوەی ئامادە باشیان کردووە و لە وۆرپ شۆپێکدا بوون ـ لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رەوەندی کوردستانی (٢٠١٤/١٢/٢٢) کۆبوونەوەیان کردووە سەرکەوت سەرحەد و محمود عمر  و محمد علی مۆڵەت بوون ـ لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی (٢٠١٤/١٢/٢٢) کۆبوونەوەیان کردووە جوان اسماعیل و لینا عزریا مۆڵەت بوون، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەم دوو لیژنەیەی خوارەوە بەپێی خشتەی دیاریکراو

کۆبوونەوەیان لە حەفتەی داهاتوو هەبووە، بەڵام ئەم حەفتەیە کۆبوونەوەی خۆیان ئەنجام داوە، لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و گواستنەو و گەیاندن و گەشتوگوزار صالح بشار و بەیار طاهر و علی علی هالۆ مۆڵەت بوون ـ لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی کۆبوونەوەی نا ئاساییان کردووە ئاری محمد (ئاری هەرسین) و محمود حاجی عمر و قادر ئۆتمان مۆڵەت بوون،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا داوا لە بەڕێزتان دەکەین پوختەیەك لە کۆنووسی دانیشتنی پێشووی پەرلەمانی کوردستان بخوێننەوە،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٧) لە بەرواری (٢٠١٤/١٢/١٨)، بەم شێوەیەی خوارەوە بوو،

١ ـ دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە،

٢ـ خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادەنەبوو هەروەها خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە.

٣ـ خوێندنەوەی یەکەم بۆ (٤) پرۆژە و بڕیار لەلایەن لیژنەی یاساییەوە.

٤ـ پەسەندکردنی گفتوگۆکردن لە سەر دۆخی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و، بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ دواخرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان بەخێرهاتنی خوێندکارانی کۆلێژی پزیشکی زانکۆی صلاح الدین دەکەین کە ئێستا لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەن، پێش ئەوەی دەست بە دانیشتنەکەمان بکەین پێشنیارێك زۆر لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە ئاراستەمان دەکرێ بۆ رێکخستنی گفتوگۆکان لە ناو هۆڵی پەرلەمان بەتایبەتی کە ئێستا بەرەو کۆتایی وەرزی گرێدان دەڕۆین و، ئەگەر بەم شێوەیە بێت ئێمە چەند بەندێکمان ماوە لە سەر بەرنامەی کار و چەند مەسەلەیکی تریش هەیە پێویست دەکات لە یەك دوو حەفتەی داهاتوو بە تەواوەتی کۆتاییان پێ بێنین، ئەگەر وا بێت ئێمە ناچار دەبین فەصلی تەشریعی بۆ ماوەیەك درێژ بکەینەوە، بۆیە ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی پێشنیارێکمان هەیە دەیخەینە دەنگەوە تەبعەن لە دانیشتنەکانی پێشووش هەر دیسانەوە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشنیاری جیا جیا بۆ ئەم بابەتە کراوە، بۆ چۆنیەتی رێکخستنی گفتوگۆکان، ئێمە پێشنیار دەکەین بۆ هەر بابەتێك کە لە یەك دوو حەفتەی داهاتوو موناقەشەی دەکەین تا پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و هەموارەکەی ئامادە دەبێ، لیژنە پەیوەندیدارەکان بەو بابەتە قسەی خۆیان بکەن و، دوایی ئەندامانی پەرلەمانیش کە دەیانەوێ قسە بکەن، هەر یەکەو سێ دەقە قسە بکەن، بۆ ئەوەی تەنزیمی گفتوگۆکانی ناو پەرلەمان بکەین، ئەم بابەتە دەخەینە دەنگەوە

ئەگەر ئێوە رازی بن ئەوە بەم شێوەیە وتووێژەکانی ئەم دوو حەفتەیەی پەرلەمان رێك دەخەین، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە با دەست بەرزکاتەوە؟ (٥٣) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵی نییە؟ (١٧) کەس لەگەڵدا نییە، کەواتە پەسەند کرا، فەرموو کاك خلف،

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە، ئەم دەنگدانە بوو تاکو خولی گرێدان نەك تا کۆتایی،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك زانا،

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی خستە دەنگدانەوە خیلافی پەیڕەوە، ئێمە زۆر جار لە سەر هەندێك مەسەلە گلەیمان هەیە، جەنابت بە ئێمە دەڵێی ئەمە لە پەیڕەو وایە، تا پەیڕەو هەموار نەکرێ ئێمە ناتوانین دەستکاری ئەمە بکەین، بەڵام بۆچی ئەمە دەست کاری کرا، کە لە کاتێکدا لە پەیڕەودا دیاری نەکراوە پەرلەمانتار چەند کات قسە بکات، بۆیە ئەگەر وا بڕوات هەر شتێك کە سەرۆکایەتی ویستی بۆ خۆی بیخاتە دەنگدان دەنگی بۆ کۆ بکاتەوە هەر شتێکیش نەیویست بە بیانووی ئەوە تا پەیڕەو هەموار دەکرێت من پێم وایە کلتورێکی باش نییە لە ناو پەرلەمانی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیجرائێکی کاتییە، بۆ رێکخستنی گفتوگۆکانی ناو پەرلەمان، ئەگەر نا تا پەیڕەو هەموار نەکرێ و ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان دەنگ لە سەر هەمواری پەیڕەو نەدەن ئەو بابەتانەی لە پەیڕەو هاتووە وەکو خۆی کاری لە سەر دەکەین، فەرموو کاك د. عزت،

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دانیشتنەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەمی پەرلەمان بەڕێزتان زۆر باست لەوە کرد کە ئەم خولە ئازادی زیاتر بۆ پەرلەمان دیاری دەکات، مافی ئەوەی هەیە بە ئازادانە قسە بکات، زۆر بە شتێکی جوان وەسفت کرد، بەڵام کۆتاییەکەی پێچەوانە بۆوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش ئازادی قسەکردن لە ناو هۆڵی پەرلەمان پارێزراوە، بەڵام ئەوە داوایەکی زۆربەی پەرلەمانتاران بووە لە ناو هۆڵی پەرلەمان لە دانیشتنەکانی پێشووش، ئەگەر ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان دەنگیان بەو بابەتە نەدابایە ئەوە بە دڵنیاییەوە ئەم بابەتە لەلایەن ئێمەوە وەکو ئیجرائێکی فەردی وەکو دەستەی

سەرۆكایەتی نەمان دەكرد، بەڵام ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان ئێستا دەنگیان بۆ داوە، فەرموو د. بەهار.

**بەڕێز د. بەهار محود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٩٤) لە پەیڕەوی ناوخۆ دەڵێ دەكرێت حوكمەكانی ئەو پەیڕەوە هەمووی یان هەندێكی لە سەر پێشنیاری سەرۆك یان (١٠) ئەندام و، بەڕەزامەندی زۆرینەی ئامادەبوان هەموار بكرێ، ئەوەی بەڕێزت خستە دەنگدان دەچێتە چوارچێوەی ئەم ماددەیە و لە پەیڕەو لانەدراوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە هێشتان پەیڕەومان هەموار نەكردووە، ئەوە هەموار نییە، ئەمە بڕیارێكی كاتییە بۆ ئەم دانیشتنانەی كە لەم خولەی گرێدانەی ماومانە بۆ ئەوەی بتوانین لە ماوەیەكی كەمدا ئەو بابەتانەی لە بەردەم پەرلەماندا ماون پەسەندیان بكەین، فەرموو كاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر بابەتێك پەیوەست بێ بە پرسی ڕێكخستنی كاروباری پەرلەمان و دانیشتنەكانەوە لە ڕاستیدا لە ئەركی سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە ئێمەش پشتیوان و هاوكار دەبین، بەڵام ئەم بابەتەی كە ئەمڕۆ خرایە دەنگدانەوە بەتەحدیدی قسەكانی ئەندامانی پەرلەمان دەكا مادام لە بەرنامەی كاری پەرلەماندا نییە و دانیشتنەكان نییە كارێكی نا پەیڕەوی بوو، لەبەرئەوە هیوادارم ئەم مەسەلانە دووپات كرایەوە وەكو لەلایەن هاوكارەكەمەوە لە چوار چێوەی پەیڕەو، لە چوارچێوەی بەرنامەی كاردا ڕێك بخرێ لەبەرئەوەی بتوانین گفتوگۆی لە سەر بكەین، من لە سەر ئەم بابەتە قسەی زۆرم هەیە گفتوگۆی لە سەر ناكەم، چونكە لە بەرنامەی كاردا نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە هەمواری پەیڕەوی ناوخۆمان نەكردووە تا بیخەینە بەرنامەی كار، ئیجرائێك بووە كە لە خولەكانی پێشوو سەرۆكایەتی پەرلەمان خۆی كردوویەتی بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە ئێستا بۆ ڕێكخستنی گفتوگۆ پێشنیارەكەمان خستۆتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان تا خۆیان دەنگی لە سەر بدەن و، ئەگەر نا بەڕێزت ئەندامی خولی پێشوو بووی بەشێوەیەكی عورفی لە خولی پێشوو سەرۆكایەتی گفتوگۆكانی ڕێكخستووە و، ئەمەشی نەخستە دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان خۆیان دەنگیان لە سەر داوە، فەرموو كاك ناظم.

**بەڕێز ناظم كبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر گرنگی کات من پێشنیار دەکەم نوقتە نیزامییەکانیش بەم شێوەیە ڕێك بخری، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك علي.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین کە هەدری کات بدرێ، بەڵام بەشێوەیەك لە شێوەکان ئەم تەحدیدکردنی کاتە دیوێکی خراپی هەیە، ئەگەر لە رابوردوودا ئەم ئەزموونە کرابێ ئێمە رەخنەمان لێ گرتووە بە ئەزموونێکی خراپ ناوزەدمان کردووە، دووەم: مادام قسەکردن لە پەیڕەو وەك ماڤ پەرلەمانتار تەحدید کراوە ماڤ پەرلەمانتارە ئێمە پێمان وایە نابێ بخرێتە دەنگدانەوە ئەگەر پێویستیشە ئیشی پەرلەمان گرنگە مانگێکی تر خولی پەرلەمان درێژ دەکەینەوە هیچ موشکیلەیەکمان نییە، بەغداش مانگێك درێژی کردۆتەوەو ئەگەر موهیمە کێشەی خەڵك هەیە، کێشەی خەڵك لە پشووی پەرلەمانتار گرنگترە لە هەمان کاتدا من لەگەڵ ئەوەم پەرلەمانتار خۆی ئیلتیزام بکات هەدری کات نەکات، نەك ئەوەی کە تۆ ناچاری بکەی قسە نەکات، چونکە رەنگە پەرلەمانتارێك دوو دەقە قسە بکات هەیە پێویستی بەوەیە دە دەقە قسە بکات، بەڵام ئەم تەحدید کردنە بە کارێکی باش نازانم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سۆران.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم هەیە لە بەڕێزتان سەبارەت بە مۆڵەتی ئەندامی پەرلەمان لە جەلسەی پێشوو (٢٧) کەس مۆڵەتی وەرگرتووە، ئایا سنوورێك نییە بۆ ئەوەی مۆڵەت رابگیرێ لە حەدێکدا، لە ئاستێکدا، لە داواکردنیدا، رەنگە ئاگات لێ نەبێ یەك لە سەر چواری ئەندامی پەرلەمان لە دانیشتنی پێشوودا مۆڵەتیان وەرگرتووە، ئەگەر مۆڵەت هەر کاغەزێك بێ بینووسی و بیدەیتێ و بڕۆی هیچ ئەرکێکت لە سەر نەمێنێ پێم وایە ئەمە ئالیەتێکی خراپە بۆ ئەوەی کە مۆڵەت زۆر ئاسان بێ، بۆ چوونە دەرەوە و، سەبارەت بە تەحدیدکردنی کاتیش من پێم وایە زۆر زەرووره لە هیچ شوێنێکی دونیادا نییە، لە هیچ پەرلەمانێکی دونیا نییە، پەرلەمانتار بە فری قسە بکات لە مێژوو بۆ جوگرافیا و لە هەموو ئەو پرسانەی کە دەیەوێ بیڵێ لە خوتبەیەکدا بە ناوی موداخەلەیەك بیکا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مەسەلەی مۆڵەت بۆ خۆتان دەگەڕێتەوە بەپێی پەیڕەو ئەندامی پەرلەمان ماڤ ئەوەی هەیە کە مۆڵەت وەربگرێ، ئەو پرسە لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمانەوە ڕێك دەخرێ کە لە چوار چێوەی پەیڕەو بێ لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمانیش کاتی کرانەوەیان دەبێ بۆ قسە کردن، ئەندامانی تری پەرلەمان تا

ئەم فەسڵە تەشریعییە کۆتایی پێ دێ دوای ئەوە پێم وابێت هەمواری پەیڕەو ئامادە دەبێت، پێم وابێت لیژنەی پەیڕەو زۆر بە وردی کاریان لە سەر چۆنیەتی گفتوگۆکردن لە ناو هۆڵی پەرلەمان کردووە، ئەو کات کە پەیڕەو پەسەند کرا بەم شێوەیە بەردەوام دەبین لە سەر پەیڕەو، ئێستا دەست دەکەینەوە بە گفتوگۆکردن لە سەر بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان کە خاڵی یەکەمی بریتییە لە بەردەوام بوون لە سەر گفتوگۆکردنی دۆخی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بەپێی برگە (١)ی ماددەی (٥٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو. فەرموو د. شێرکۆ نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا شتێك لە بابەت نووسراوەکانەوە هەندێك نووسراو یاخود بە گشتی زۆر تەئخیر دەبێ و، من بۆ خۆم هەندێك جار نووسراوەکان راستەوخۆ ئاڕاستەی وەزارەتەکان دەکەین پێم وابێ وتراوە هەندێك لە وەزارەتەکان باش وەڵام نادەنەوە یاخود پێیان گونجاو نییە بەم شێوازە، بەڵام لە راستیدا گرنگە یەعنی پێم خۆشە مادام ئەوەی پێشووتان قسەتان داناوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە لە بەرنامەی کاردا نییە.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمەش بخە ناو دەنگدانەوە، یەك نموونەی زۆر بەسیت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە لە پەیڕەودا رێك دەخرێ.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمەش بخە ناو دەنگدانەوە، یەعنی ناکرێت وەزیرێك بەڕاستی بڵێ بەو شکلە مامەڵە دەکەمەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان ئەوە نییە، جەنابت نووسراوێکت ئاڕاستەی وەزارەتی خوێندنی باڵا کردووە، وەزارەتی خوێندنی باڵا گەڕاندوویەتییەوە، ئێمە بەشێوەیەکی رەسمی وەڵامت دەدەینەوە کە بەپێی پەیڕەو نابێ ئەندامی پەرلەمان راستەوخۆ نووسراو ئاڕاستەی وەزارەتەکان بکات.

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامی پەرلەمان مادام متمانە دەدات بە وەزارەت، پێویستە وەزارەتیش خازیع بێ بۆ قسەی ئەندامی پەرلەمان، یەعنی ناکرێت دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، د. شێرکۆ، ئەمە پەیوەندی بە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان نییە، فەرموو کاك انور.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم گفتوگۆکردن لە سەر دۆخی کشتوکاڵ، دیارە درێژکراوەی جەلسەی پێشووە ناکرێت دوا بخرێ، بەڵام پێشنیار دەکەم دوا بڕگە گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پێش بخرێت و بخرێتە بڕگەی دووەمەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێ ئێستا لە بڕگەی یەکەمین، با بڕگەی یەکەم تەواو بکەین، فەرموو کاك زیاد.

**بەڕێز زیاد حسین عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی وەزیری کشتوکاڵ و شاندی یاوەری دەکەین بۆ ئامادەبوونا وان لە پەرلەمانێ کوردستانێ ئەڤ خالێ گرنگ هەنا پێتڤیە سەر راوەستین، ئێك: پلانە وەزارەتێ چییە بۆ وەرگرتنە گەنمێ جوتیارێ ل کوردستانێ ل وەرزێ (٢٠١٥)، چونکو نەبوونا پلانەکە باش ساڵی رابوردوو زیانێك بە جوتیار کەتییە، ساڵی رابوردوو (١٤٠) هەزار تەن گەنمێ هاتینە وەرگرتن ل جوتیاران، ئەگەر ئەم بێن حیساب کەین هەر سەیارەك بارهەڵگر (٢٠) تەن بارکر بێ (٢٧) هەزار سەیارە، هەر جوتیارەکی (٥٠٠) هەتا ملیۆنەك و دووسەد هەزاردینارە زیدە داینە خودانێت سەیارە هەتا گەنمی وان گەیاندینە سایلۆ د بیتن نزیکەی (٢٢) ملیار دینارا پار جوتیار زیدە داینە کرێ سەیارە هەتا وەکو دیارە هەتا نووکە جوتیارا موستەحەقاتێ گەنمی نە وەرگرتینە ژ حکومەتە مەرکەزی و هەندێکی وان جوتیارا قەرزاری حکومەتێنە داخازێ جەنابی وەزیری د کەین ئەڤ قەرزە دوا بخات بۆ ماوەی ساڵێك، داخازێ جەنابی وەزیریش دکەین بنگەهەکی گەنم وەرگرتنێ بێتە ڤەکرنێ لە دەڤەرا زومار، چونکە ساڵی رابوردوو حکومەتا میسل گەنمی وان وەرگرتن نووکە بن کۆنتڕۆڵە پێشمەرگە داینە پتریا جویتاری وێ دەڤەرێ ژ کوردن و خەڵکی مەنتەڤا مەنا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ناوی ئەندامانی لیژنە دەخوێنینەوە کە ناویان نووسیوە و، لە دانیشتنی پێشوو قسەیان نەکرد، فەرموو مامۆستا حسن.

**بەڕێز حسن صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەتە هەر بەداخەوە لە کۆبوونەوەی رابوردوو کە نیصابی قانونی تەواو نەکرا بۆ قسەکردن لە سەر کەرتێکی زۆر گرنگ وەکو کەرتی کشتوکاڵ، من پێم وایە ئەگەر بۆ هەر بابەتێکی سیاسی بوایە رەنگە زۆرترین موداخەلەو تەزەخوم دروست ببا بۆ ئەوەی موزایەدات شت دروست بکرێ، ئێمە لە وڵاتێك و خاکێکی بە پیت و بەرەکەت و چەندین دەشتایی گرنگمان هەیە، بەداخەوە وەکو چۆن رژێمی بەعسی گۆڕ بە گۆڕ هەموو هەوڵێکی بۆ داروخانی ئابووری کوردستان بوو بەتایبەتی ئابووری کشتوکاڵی، بە مانایەکی تر بۆ لاوازکردنی ئاسایشی خۆراك لە کوردستان، کە هەمیشە ئاسایشی خۆراك لە کوردستان لە خەتەرێکی گەورە دابێ هەموو کارێکی رژێم سیاسەتی لاوازکردنی گەلی کوردی لە پشتەوە بوو لە هەموو رویەکەوە بە دەلیلی ئەوەی یاسای ژمارە (١١٧)ی چاکسازی کشتوکاڵی، واتە ئیصلاحی کشتوکاڵی دەرکرد کە ئەم یاسایە بۆ هەموو عێراق بوو دەکرێ بڵێی یاسایەکی باش بوو، بەڵام دواتر هات بۆ ئەوەی سیاسەتێکی گلاو پەیرەو بکات لە کوردستان هات یاسای ژمارە (٩٠)ی ئیسلاحی زراعی داهێنا کە هەڵێنگێراوی ئەم یاسایە بوو، ئەمە راستە یاسایەکی باش بوو بۆ جوتیاران، بەڵام یەك خاڵی زۆر لاوازی تێدا بوو ئەویش ئەوە بوو هەموو ئەو جوتیارانەی لە کوردستان ئەرزی زراعیان هەیە ئەمە بە عەقد بە ساڵانە پەیوەست لە سەریان نوێ دەکرێتەوە، واتە عەقدی ساڵانەیان هەبوو، بەڵام لە یاسای ژمارە (١١٧) کە تایبەت بوو بە جنوب و باشووری عێراق ئەم یاسایە باس لەوە دەکات کە هەر جوتیارێك (٣ بۆ ٥) ساڵ زەوی لەبەر دەستی دابوو کێشەیەکی لەگەڵ حکومەتدا نەبوو ئەم زەویەی لە سەر تەملیك دەکرێ، کەواتە جوتیار لەوێ ئازاد بوو ئەم زەویەی دەکاتە چی و، چی لێ دەکات و، دەتوانرا زۆر با بڵێین خەڵکەك بە ئارەزووی خۆی زراعەتی لە سەر بکا ئەوەی کە دەیخوازێ، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئەم یاسایە رێگر بوو لەبەردەم ئەوەی کە خەڵکی کوردستان دڵیان بە زەویەکانیان خۆشبێ لەبەر ئەوەی هیچ ساڵێك دڵنیا نەبوو کە ساڵێکی تر دەیدرێتەوە ئەمەش ئەگەر زۆر بە وردی بیری لێ بکەینەوە رەنگە بڵێین سیاسەتێکی گلاو تری لە پشتەوە بوو ئەوەیش ئەوە بوو کە هەر زەویەك لە سەر خەڵکی جوتیار تاپۆ بکرێ لە هەر کات و ساتێك کە ئەو زەویە بەکار بهێنرێ بۆ هەر شوێنێك بۆ هەر شتێك کە حکومەت دەیەوێ دەبێت قەرەبووی بکاتەوە، هەموومان دەزانین حکومەت ئەم نیازی تاجیرکردنی خەڵکی کوردستانی هەبووە لە مێژە بۆ ئەوەی هیچ خەڵکێك شمولی هیچ شتێك لە قەرەبوو نەکاتەوە لە سەر ئەرزەکانی خۆیان لایبردوونە، دەریکردوونە، هێچ شتێك، ئیشی بۆ نەکردوون، بۆیە هەر لەو خاڵە نەچمە دەرێ من لێرەوە پێشنیار دەکەم بۆ حکومەتی هەرێم بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ ئەوەی جوتیارانی وڵاتی ئێمەش جارێکی دیکە دڵیان بە زەویەکانی خۆیان خۆشبێ جارێکی دیکە وەکو هاووڵاتیەکی کوردستان بیر لە زیادکردنی بەرووبوومی کشتوکاڵ بکەنەوە حکومەتی هەرێم ئەو زەویانە لە سەر جوتیار تاپۆ بکات بۆ ئەوەی لە داهاتوودا هەم جوتیار بتوانێ زەویەکانی بەکار بێنێ و، هەم موستەسمیرێکیش ئەگەر بیەوێ ئێستا ئەگەر وەبەرهێنەرێك بیەوێ لە سەر زەویەك پڕۆژەیەکی گەورە، یان لەسەر چوار، پێنج زەوی پڕۆژەیەکی گەورە بکات ڕەنگە نەتوانێ پڕۆژەیەکی گەورەی جا ئاژەڵدارییە، گەوداریيە، هەرچی بێ بیکات، بەڵام بەو بڕیارە تەسەوڕ ئەکەم خەڵکێکی مەستەسمیر لە

داهاتوو ئەتوانێ سوود لە کەرتی کشتوکاڵ وەرگرێ، و ببێتە بنەمایەکی باش بۆ ئەم کەرتە، خاڵێکی تر بە داخەوە وەکو ڕژێمی بەعس ئەوەی کرد، بۆ خۆشمان لە دوای ڕاپەڕینەوە هەرچی خەڵکی کوردستانە کردمان بە بەتاڵەیەکی موقەنەعە، کردمان بە خەڵکێکی بەرخۆر لە جیاتی بەرهەمهێنەر، و دوورمان خستەوە لە زەراعەت و کاری کشتوکاڵ، لە گوندەکان دەرمانهێنان بۆ ناو شار، کردمان بە هەزار و یەك شت، با ناوەکان نەڵێم لەبەر ئەوەی شتی پیرۆزن، ئەوەش سیاسەتێکی خراپی حکومەتی هەرێم بوو، بەرخۆرێکی زۆرمان لە کوردستان دروست کردووە، ئێستاش بە دەردی ئەوە دەناڵێنین، یەکێ لە سیاسەتەکانی ئەو حکومەتەی ئێمە ئەوەیە کە نازانم بڕوای بە کەرتی کشتوکاڵ نییە؟ لەبەر ئەوەی ئەزانین کە خەریکە شتێکمان لێ ڕوون ئەبێ کە سیاسەتی پشت بەستن بە نەوت هەڵەیە، بۆیە ئەم حکومەتەی ئێمە ئەبێ بیر لەوە بکاتەوە ئەبێ لەمەودوا سیاسەتێکی کشتوکاڵ، واتە بودجەی ئەو وەزارەتە بکاتە بودجەیەکی زەبەلاح بۆ ئەوەی چیتر حیزبەکانیش لەمەودوا نەتوانن، یەعنی هەمووی داوای سێ، چوار وەزارەت نەکەن، وەزارەتی سیادی، وەزارەتی کشتوکاڵ بیکەینە وەزارەتێکی سیادی بۆ ئەوەی پێشبڕکێ لەسەر وەرگرتنی وەزارەتی کشتوکاڵ بکەن بۆ ئاوەدان کردنەوەی کوردستان، و بۆ ئەوەی جارێکی تر ئاسایشی خۆراك مسۆگەر بکەین، لەبەر ئەوەی زۆربەی خاڵەکانم وتران لە کۆبوونەوەی ڕابردوو، بۆیە ڕەنگە هەندێ بە پچڕ، پچڕی قسەکانم بکەن، پرسیار و قسەکانم تێکەڵاو ئەکەم، پرسیارێکم لە وەزارەتی کشتوکاڵی بەڕێز هەیە، چەند پرسیارێکە، پرسیاری یەکەم ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی پێنج ساڵەی هەبوو بۆ کەرتی کشتوکاڵ لە ساڵی (٢٠٠٧)، ئەپرسم حکومەت، یان وەزارەتی کشتوکاڵ چی کردووە؟ چەندی جێ بەجێ کردووە؟ ئەو ڕێگریانە چین لەبەردەم ئەو پلانە پێنج ساڵییە کە جێ بەجێ نەکراوە؟ ئایا لەم پلانە حکومەتی هەرێم سەرکەوتوو بووە؟ یان نا؟ ئەگەر شکستی خواردووە پێمان خۆشە هۆکارەکەی بزانین، دوو پرسیارم لەسەر دوو بەنداو هەیە، یەکەمیان لەسەر بەنداوی (جەلی) کە بەنداوێکی تورابییە و تەواو بووە، ئەگەر نەکرێتەوە ڕەنگە لە داهاتوو زیانی پێ بکەوێ و ڕەنگە مقاولەکەش نەکەوێتە ژێر بەرپرساریەتی، و پرسیارێکی تر لەسەر بەنداوێکی تر کە (دێوانە) یە لە دەربەندیخان، کێشەی ئەم بەنداوە بۆ چارەسەر ناکرێ؟ ماوەیەکی زۆرە ئەم بەنداوە کە زۆر گرنگە وەستاوە؟ هۆکارەکەی ئەوەیە کە دروست کردنی بەنداوەکە پێویستی بە تەقینەوە هەبووە، کەشف و هەموو کارە یاساییەکان تەواو بووە، بەڵام حکومەت پارەکەی نەداوە بە کۆمپانیاکە، ئەوەش لە لایەك پرۆژەکەی وەستاندووە، لەلایەکی تریش بەڵێندەر و دەیان کەسی تریش دووچاری گرفتی دارایی بوون، ئێستا پرسیار ئەوەیە گەیشتوونەتە کوێ بۆ چارەسەر کردنی ئەو گرفتە؟ پرسیارێکی تر لەسەر هاتنی گەنم و دانەوێڵەیە، ئەزانین ئەم قسەیە کرا، پشتیوانی لێ ئەکەم، پێم وایە مامۆستا (عبدالرحمن) بوو، لە ساڵی ڕابردوو (٥٧٠) هەزار تەن گەنمان هەبوو، ئەمساڵ بێ ئەوەی پلانێکی وردی حکومەتمان لەبەر چاو بێ، یان بەرچاو ڕوونییەك هەبێ، گەیشتۆتە (٨٤٤) هەزار تەن، ئەوە شتێکی خەیاڵییە، ئەزانین گەنمی کوردستان ئەو گەنمەیە کە بەڕێزان لە وەزارتی کشتوکاڵ باشتر ئەزانن، گەنمی کوردستان بۆ ساوەرە، واتە گلۆتینی زۆر

کەمە، بەڵام ئەو گەنمەی ئەو ساڵ ماددەی گلۆتینی بۆتە لە (٨٠٪) و لەسەرووی (٨٠٪) ەوەیە، ئەوەش دەلیلی ئەوەیە ئەو گەنمە بە قاچاغ دێ، ئیدی لەکوێ دێ؟ چۆن دێ؟ ئەوە لە لایەك زانی لێ داوین، نازانین تا ئێستا بەرهەمی گەنم چەندە؟ لەلایەکی تر زەرەری لە کۆمەڵێك جوتیار داوە کە گەنمەکانیان بە باشی بۆ ساغ نابێتەوە، واتە پارەیەکی باش ناکات لە بازەڕکانی کوردستان، و کۆمەڵێك بازرگانیش مامەڵە بە گەنمی جوتیاران ئەکەن، ئەوەی کە ئەو شەش مانگ پێوەی خەریکە، بازرگانێك بە دوو ڕۆژ بە قەد ئەو قازانج ئەکات، ئەوەی لە ئەنجامی نەبوونی هەم کۆمەڵێك سایلۆی باشە، هەم نەبوونی ئەو پارەیە کە زوو نادرێن جوتیارێك کە پێویستی بە پارەیە لە ماوەیەکی کەم بیدرێتێ، یان شەش مانگ تاخیر ئەبێ، بۆیە ناچارە بیفرۆشێ بە هەرزان تا پارەی دەست بکەوێ، تەجاوز لەسەر ئەرزی کشتوکاڵی زۆر زۆرە، و بە قازانجی هەندێ دەرەبەگ لە ناوچە جیاوازەکان، بە تایبەتی ئەگەر هەرکەس لە مەنتیقەی خۆیەوە نموونەیەك یان بۆ هەموو کوردستان، خەڵێکی زۆر موستەفید بوون لە زەوی، و زەوییەکی زۆریان لەبەر دەستی دایە، هەتا زۆجار تەجاوزیان کردۆتە سەر زەوی زراعی، بەکاری هێناوە بۆ زەوی نیشتەجێ بوون، ئەوانە ڕێگە پێدراوە، تەمانا ئەکەم وەزارەتی کشتوکاڵ ڕێگری بکات لە بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵ بۆ نیشتەجێ بوون لە مەسڵەحەتی خەڵك، خۆ ئەگەر لە مەسلەحەتی کۆمەڵێك خەڵکی دیاری کراو کە هیچ کات بە خەم بەرژەوەندی کوردستان نەبوونە، خۆ ئەگەر لە خزمەتی کوردستان بێ ئامەنتوو، و هەندێ زەوی لە هەندێ گوندی کوردستان تا ئێستاش کێشەی کۆمەلآیەتی گەورەی هەیە، خەڵکێکی زۆر لە کوردستان کێشەی کۆمەلآیەتیان هەیە، بە دەست زەویەکانییانەوە، کاتی خۆی عەقدیان بۆ کراوە، ئێمە لە وەزارەتی کشتوکاڵ ئەم سکالآیانەمان هاتۆتە بەر دەست، هەندێ لەو کێشانە بە هەڵپەساردی ماونەتەوە لە نێوان ئەوەی چەند ساڵە بە دەستیەتی لەگەڵ ئاغاکە یان خاوەن زەوییەکە، هەندێکیان کە هەر جانبی سیاسی لە پشتەن هەندێکیان یاسا تەواوی یەکلایی کردۆتەوە، ڕەنگە ئەوەش ...........

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر باس کرا.....

**بەرێز حسن صالح محمد:**

.....منیش بۆیە نامەوێ زۆر باسی بکەمەوە، وەزارەت پێشنیاری بۆ ئەکەم هەرێمی کوردستان خاکێکی بە پیتی هەیە، بەڵام ئەبێ تەسنیف بکرێ، دەشت بێتوێن، دەشتی شارەزوور، هەموو دەشتەکانی کوردستان، ئەم دەشتانە چیان لێ بەرهەم دێت؟ واتە ناکرێ لە هەموو شوێنێکی کوردستان پرتەقاڵ بچێنین، گەنم بچێنین لە هەموو شوێنێك، دەشتی کوردستان تەسنیف بکرێ بەوە کوێ چ دێنێ؟ کوێ بۆچی باشە؟ بۆ ئەوەی بتوانین بەرهەمێکی باش لە هەموو شوێنێك دەست بکەوێ، خاڵێکی تر مامۆستا باسی کرد، تەنیا پێشنیارێك ئەکەم کە مامۆستا مەلا غەریب باسی کرد، ئەیکەمە پێشنیار، باسی لە سەیارە کرد کە بۆ فەلاح و ئەوانە دانراوە، بەراستی کەمترین فەلاح لە توێتا ئەوە بووە، ئەوەش هۆیە سیاسییەکەیە کە یەکێتی جوتیاران پێم وایە بە ئارەزووی خۆی تەخشان و پەخشانی سەیارەی کردووە، نەك بەوەی پێداویستی

جوتيار چييه، بۆيه من پێشنيار ئەكەم حكومەتی هەرێم و وەزارەتی كشتوكاڵ لە جياتی ئەوەی بير لە هێنانی سەيارە بكاتەوە، بير لە هێنانی تراكتۆر و دەڕاسە و پەين بكاتەوە، ڕەنگە بيان و ئەوەبێ بودجە كەمە، بەڵام ئەكرێ بە عەقد لەگەڵ كۆمپانيا بيانيەكان بكەين كە دەڕاسە بێنين، تراكتۆر بێنين، پەين بێنين، بتوانين وەكو حكومەت ئەو عەقدەيان لەگەڵ بكەين، جا حكومەت پارەكە ڕاستەخۆ ئەدات، يان بە قيست ئەيهێنێ، بەڵام بە قيست بيدەين بە جوتياران بۆ ماوەی چەند ساڵێكی زۆر كە جوتياران هان بدات ئەو شتانە وەرگرن، و پارەش لەسەر تەكليفی حكومەتی هەرێم كەم ئەكاتەوە، پێشنيارێكی تر بۆ وەزارەتی كشتوكاڵ ئەوەيە هەماهەنگی هەبێ لە نێوان وەزارەتی كشتوكاڵ و وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی شارەوانی، هەندێ پرۆژە هەيە........

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق-سەرۆكی پەرلەمان:**

كەمێك بوەستە با گفتوگۆكان و قسەكانی ناو پەرلەمان تەواو بێ، بێدەنگ بن ئەندامانی پەرلەمان، درێژی ئەكەنەوە، تاقەتی گوێ گرتنتان نامێنێ، تكايە گوێ بگرن كە ئەندامێكی پەرلەمان قسە ئەكات، دووبارەی نەكەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز حسن صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

....... چونكە هەندێ پرۆژەی ئاودێری، هەندێ سەوزەوات لەبەر ئاوی زێرابەكان ئەكرێ، ئەوەش مەترسی گەورەی دروست كردووە لەسەر كوردستان، هەندێ پرۆژە مامۆستا (عبدالرحمن) باسی كرد، باس لەو ڕۆژە ئەكرێ حكومەتی هەرێم خەڵك هان بدات بۆ ئەوەی پرۆژە بكەن، بەڵام مەرجيان بۆ دائەنێ، لە مەنتيقەی ئاوی بێ، ئێستا لای ئێمە پرۆژەيەكی حازر هەيە، پرۆژەيەكی هێلكە، بەڵام بەداخەوە حكومەتە، وەزارەتی كشتوكاڵە، زيراعەی سلێمانييە، ئەكرێ وەزارەت بەدواداچوونی بۆ بكات كە ڕێگرە لەبەردەمی ئەو شوێنە كە بكرێتە ئەو پرۆژەيە، پێشنيارێكی تر هەيە بۆ پەرلەمانی بەڕێز، ئەو بيمەی كشتوكاڵە كە خوێندنەوەی يەكەمی بۆ كراوە، خوێندنەوەی دووەمی بە زوويی بۆ بكرێ، بۆئەوەی بتوانين خزمەتێكی باش بە خەڵكی جوتيار و خەڵكی خۆمان بكەين، قسەكانی ترم كراون.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق-سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە مادام دەستت خۆش بێ،....

**بەڕێز حسن صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵام دووبارەی ناكەمەوە، تەنيا يەك نموونە ئەهێنمەوە، من بۆخۆم لە هاوينی ڕابردوو، دەليلی ئەو قسەی پێشوو كە كردم، حكومەتی هەرێم خەڵكی ئێمەی لە بەرهەمهێنەرەوە كردە بەرخۆر، پێشنيار ئەكەم حكومەت بە هەمان ئەو مەعاشەی ئێستای هەر فەرمانبەرێك، پۆليسێك، ئاسايشێك، خەڵك هان بدات بچێتەوە گوندەكان تا كەرتی كشتوكاڵ برەو پێ بدات، هەمان ئەو مەعاشەی بداتێ، بەڵام لەوێ حكومەت لە

ژێر دەستەی چاودێری پەرلەمان بێ، هەرکەسێك بزانێ ئەو جوتیارە لەوێ چی ئەکات، چی ناکات؟ بۆ ئەوەی ئیشی جوتیاری بکات، پار چوومە لای ماڵە مەرِدارێك، خۆی و پیرە ژنێك و کچێکی بچووك بوون، وتم خاڵە گیان چۆن ئەو مەرِانەت پێ بەخێو ئەکرێ، وتی بڵێم چی، کوڕەکانم لەگەڵ نەماون، یەکیان پۆلیسە، یەکیان ئاسایشە، یەکیان فەراشی مەکتەبە، ئێ چۆن کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری پێش ئەکەوێ؟ تۆ یەك دونیا خەڵکی ئیشکەرت لەو ماڵە سەندۆتەوە، هێناوتە لە شوێنێك داتناوە، ڕاستە ئەویش زەرووره، لاریم نییە، بەلاَم بە هەدەفێکی سیاسی کراوە، تەمانا ئەکەم لەمەودوا حکومەتی هەرێم بەو کەموکورتیانەی بچێتەوە، و پلانێکی درێژ و تۆکمەی هەبێ بۆ کەرتی کشتوکاڵ، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەرێزان ئێستا ئەندامانی پەرلەمان لە لیژنەی کشتوکاڵ قسە ئەکەن، وەکو ئەوەی دەنگمان لەسەر دا، لییژنە پەیوەندیدارەکان، ئەندامانی پەرلەمان لە لیژنە پەیوەندیدارەکان قسەی خۆیان ئەکەن، و دوایی ئەندامانی تر ئەوەی ویستی زیاتر قسە بکات (٣) دەقە قسە ئەکات، فەرموو خاتوو ئاواز. بزانین کاك عەباس قسەی هەیە؟ فەرموو.

**بەرێز عباس فتاح صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، دەنگمان لەسەر ئەوەدا (٣) دەقە قسە بکەین، بەس دەنگمان لەسەر ئەوە نەدا ناوەکان جارێکی تر پاش و پێش بخەین، یەعنی لیژنەکە قسە بکات، ئینجا ئەوانی تر، بۆ کاتێکی تر ئەکرێ، دوای ئەوە لە پێشنیارەکەی تر کە دەنگمان لەسەردا ئەوەی تێدا نەبوو، ئێستا ئەوەی ناوی نووسیوە حەق بوو بە ڕیزبەندی ناوەکان بخوێندرێتەوە، تۆ حەقت بەوەدا ئەوانەی کە لیژنەی پەیوەندیدارن قسە زۆر بکەن بەلاَم قسەش نەبووە (٢٥) دەقە بۆ ئەو بێت و (٣) دەقە بۆ ئێمە بێت، لەبەر ئەوەی ئەو بابەتە پەیوەندی بە هەموو ئەندامانی پەرلەمانەوە هەیە، هەموو ئەندمانی پەرلەمانیش لە هەر ناوچەیەك پێم وایە کێشەکانی موشتەرەکەن سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پێم وابێ ڕوون بوو ئەوەی خستمانە دەنگەوە، باشە کاك ئەبو کاروان، ئاگام لێتە، وتمان لیژنەی پەیوەندیدار قسەی خۆی ئەکات، دوایی ئەندامانی پەرلەمان، جگە لە لیژنەی پەیوەندیدار ئەیانەوێ قسەی زیاتر بکەن ئەوان کاتیان بۆ تەحدید ئەکەین، ناوەکانیش نووسراوە، کاك ئەبو کاروان فەرموو.

**بەرێز عبدالرحمن فارس(ابو کاروان):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە شێوەیەکی نایاسایی دەنگتان دا کات کەم بکرێتەوە، بەلاَم بە کردار زیادتان کرد، دووەم، ئەوەی ئێستا هاوردتانە پێشەوە تا ئێستا لە هیچ خاڵێك قسە لەسەرئەوە نەکراوە ئەوەی لیژنەی پەیوەندیدار بێ ئەبێ کراوە بێ بۆی قسە بکات، ئەوش تازە دەرکرا، تکایە پابەند بن بە پەیڕەوی ناوخۆ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەتوانێ بگەڕێیتەوە بۆ پرۆتۆکۆڵ بەڕێز کاك ئەبو کاروان، بەردەوام ئەبین لەسەر گفتوگۆ، خاتوو ئاواز فەرموو.

**بەڕێز ئاواز جەنگی بورهان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و وەفدی هاوڕێی ئەکەم، لە ڕاستی بەشی زۆری قسەکانم کرا، ئەمەوێ لە بەڕێزی وەزیر بپرسم ئایا پلانی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ پارێزگاری کردن لە زەوییە کشتوکاڵییەکان کە ڕۆژانە بە بەرچاوی هەموومان بەشی زۆری وەبەرهێنان و یەکەی نیشتەجێ بوون لەسەر زەوی کشتوکاڵ دروست ئەکرێ، ئەوە بۆخۆی کارەساتە، چونکە لە هەرێم زەوی سەخەریمان زۆرە، ئایا ئەوە کولفەی زیاد ئەکات لەسەر موقاویلەکان، ڕوبحەکەیان کەم ئەبێتەوە، بۆیە ئەو زەویانەیان پێ نادرێ، زەوی کشتوکاڵی، بۆیە هیوادرام کە داکۆکی لە زەوی کشتوکاڵی بکرێ لە هەرێمی کوردستان، چونکە زەوی کشتوکاڵی کە لەدەستمان دا جارێکی تر ناگەڕێتەوە، هیودارم جەنابی وەزیر ئەوە لەبەر چاو بگرێ، پرسیاری دووەم، ئایا جوتیاری نموونەیی هەیە لە هەرێمی کوردستان، وەزارەت چی کردووە بۆ ناساندنی جوتیاری نموونەیی؟ نموونەیەکتان ئەدەمێ لە دەوروبەری پارێزگای هەولێر جوتیارێك توانیویەتی لە ساڵێك دووجار گەنم بەرهەم بێنێ، ئایا وەزارەتی کشتوکاڵ هەماهەنگی هەیە لەگەڵ ئەو جوتیارانە؟ چۆن دەستخۆشیان لێ ئەکات؟ پشتیوانیان لێ ئەکات، چۆن هانیان ئەدات نموونەیان زۆر بێ لە هەرێم، پرسیارێکی تر ئەوەیە، هەماهەنگی وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵی عێراقی چۆنە؟ چونکە زۆر بە گرنگی ئەزانم ئەو دوو وەزارەتە هەماهەنگی هەبێ لە نێوانیان بۆ ڕاگۆڕینەوە، و پرۆژەکانی کشتوکاڵی کە جێ بەجێ ئەکرێ لەسەرتاسەری عێراق کە هەرێمیش بەشێکە لە عێراق، زۆر گرنگە، ئەمەوێ باسی ئەوە بکەم، نەبوونی بانکی کشتوکاڵی لە هەرێم گرفتێکی گەورەیە بۆ جوتیاران، چونکە کە قەیرانی دارایی دروست ئەبێ، جوتیاری داماو نازانی ڕوو لە کوێ بکات؟ پێویستی بە پارەیە لە کوێی پەیدا بکات؟ لە کێی وەرگرێ؟ پێم وایە ئەگەر بانکی کشتوکاڵی هەبێ لە هەرێمی کوردستان زۆر سوود بە جوتیاران ئەگەیەنێ، و نابێتە هۆی زەرەر دان لە جوتیار لە کاتی قەیرانی دارایی یان هەر ئافاتێك کە بەسەر بەرووبوومە کشتوکاڵیەکان دێت، ئەو بانکە ئەتوانێ پشتوانیان بکات، خاڵێکی تر، پێم وایە ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ ڕووپێوێکی زانستی نەکات لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی پلانێکی تۆکمەی نەبێ، بۆ ئەوەی بزانێ ئێمە چ بەرووبوومێکمان پێویستە لە هەرێم، و ئەو بەرووبوومە دابەش بکرێ بەسەر ناوچەکان، لە زۆر وڵاتی دونیا کراوە، وڵاتە نزیکەکانی دەروبەر کە نموونەیان پێ بێنمەوە، ئێران و سوریا بۆ ئەوەی هەر بەروبوومێك لە ناوچەیەك بەرهەم بێ، بەلانسێك ڕائەگرێ لەو وڵاتە بۆ ئەوەی بەروبوومێك، بۆ نموونە تەماتە زیاد بەرهەم نەهێنی، دوایی ساغ نابێتەوە، دوایی نوقستانیت ئەبێ لە بەروبوومێکی تر، دوایی لە دەروەی وڵات ئەهێنی، لەبەر ئەوە بەلامەوە زۆر گرنگە ئەو ڕووپێویە زانستیە، وەزارەت پلانێکی تۆکمەی

هەبێ، ناوچەکان دابەش بکات، ڕێنمایی بدات، هەر ناوچەیەك ئەبێ ئەو بەروبوومە بەرهەم بهێنێ، پرسیارێکی ترم لەسەر بەنداوی (جەلی)یە، کاك حەسەن باسی کرد، منیش بە پێویستی ئەزانم، ئەو بەنداوە کارەکانی تەواو بووە، بۆ ماوەی ساڵێك، بەلاّم ئاوەکەی نەگیراوەتەوە، بەپێی ئەو زانیاریانەی دەستمان کەوتووە لە خیلالی ساڵێك ئەگەر کۆمپانیای جێ بەجێ کار بەنداوەکە نەگرێتەوە، بزانن خەلەل لە کوێ یە؟ لە خیلالی ساڵێك ئەوە نەکرێ، دواتر کۆمپانیای جێ بەجێ کار هیچ بەرپرسیاریەتییەك هەڵناگرێ، کەواتە پارەیەکی زۆرمان سەرف کردووە لە دورست کردنی ئەو بەنداوە، ئەگەر لەسەر ئەو چەند ملیۆنەی ئێستا پێویستە بە قەرەبووی جوتیارەکان بدرێ، و ئەو چەند کیلۆمەترە ڕێگەیە قیر بکرێ بۆ ئەوەی ڕێگەکە بگوازرێتەوە لە بەنداوەکە دوور بخرێتەوە، ڕەنگە ببینە سەبەبی ئەوەی چەندین ملیۆن بەهەدەر بدرێ، بۆیە هیوادارم ئێوە کاری جدی لەسەر بکەن، ئێمەش وەکو لیژنەی کشتوکاڵ بەدواداچوونمان بۆ کردووە، و هەموو هەوڵێکمان خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی بتوانین ئەو بەنداوە بگیرێتەوە و پڕ بکرێ، و سوود لە ئاوەکەی وەرگیرێ، هەر دەربارەی بەنداوەکان ئەمەوێ بەرچاو ڕوونی بخەمە بەردەمی جەنابی وەزیر، ولاّتانی دەوروبەر بە تایبەتی ئێران و تورکیا دەستیان کردووە بە دروست کردنی بەنداو، بەشێکی زۆری بەنداوەکان تەواو بوون، بەشێکی تریش لە ساڵانی داهاتووی نزیك تەواو ئەبن، ئەو دوو ولاّتە بە پێی یاسای نێودەوڵەتی، یاسای ئاو ناتوانن ئاو بگرنەوە و ڕێڕەوی ڕووبارەکان بگۆڕن، بەلاّم ئەو دوو ولاّتە دەستیان کردووە بە ڕێڕەو گۆڕینی ئەو ئاوەی دێتە خاکی کوردستان، بۆیە هیوادارم کاری جدی لەسەر ئەوە بکرێ، هەموو ئەو وەزارەتانەی مەعنین هەماهەنگی بکەن، لەگەڵ بەغدا قسە بکرێ، یەکێ لەو ڕووبارانەی زەرەرمەندی گەورە ئەبێ، ڕووباری (سیروان) ە لە هەرێمی کوردستان، بەپێی زانیاری ئێمە ولاّتی ئێران تونێلی لێداوە بۆ گۆڕینی ڕێڕەوی ئاوەکە، و ولاّتی تورکیا کۆمەڵێك بەنداوی گەورەی دروست کردووە کە لە ساڵانی داهاتوو ڕەنگە ببێتە مەترسی گەورە بۆ سەر هەرێمی ئێمە، بۆیە پێشنیار ئەکەم بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ کار بکەن لەسەر دروست کردنی بەنداوە بچووکەکانی هەرێم بە زوویی، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو بەنداوانەی ئێستا هەمانە، بەنداوی (دوکان، دەربەندیخان) پارێزگارییان لێ بکەین، ئاوی بەنداوی دووکان بە پێی زانیاری ئێمە بە ڕێژەیەکی یەکجار زۆر دابەزیوە، لە حەوت ملیار و شتێك ئێستا ملیار و دوو سەد ملیۆن ئاوی تێدا ماوە، ئەوە مەترسییە، حەز ئەکەم خەڵکی هەرێم ئەو زانیاریەیان هەبێ، هەم بۆ ئەوەی ئەوان دەست بە ئاوەوە بگرن لە کاتی سەرف کردنی، هەم کۆمپانیاکان، و هەم وەزارەت کاری جدی لەسەر ئەوە بکات، چونکە مەترسییەن ئەگەر کاری جدی لەسەر ئەوە نەکەین، چەند بەنداوێکی بچووك دیاری کراوە، نەخراوەتەوە تەندەر، هەوڵ بدەن ئەو بەنداوە بچووکانە دروست بکەین بۆ ئەوەی هیچ نەبێ ئەو ئاوانە بڕژێتەوە ناو بەنداوەکان، سوودیان هەبێ لە پڕ کردنەوەی ئەو بەنداوانە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك خەلەف.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەفدی وەزارەتی كشتوكاڵ ئەكەین، لە راستی لە دەرگای هەر بەرپرسێك و خەڵكێكی شارەزا و كاربەستێك بدەین بە گرنگی باس لە كەرتی كشتوكاڵ ئەكرێ، و هەمیشە بە مەسدەری دووەمی داهات حیساب ئەكرێ، و ئەگەر بمانەوی تەنەوع بە مەسدەری داهات بكەین ئەبێ لە كەرتی كشتوكاڵەوە دەست پێ بكەین، بۆ ئەوەی نەجاتمان بێ لە تاقە مەسدەرێ كە نەوتە، بۆ ئەو مەبەستە لە ڕابردوو خەڵكانێكی زۆر چوونەتە دەرەوە، و لەمەجالە جیاوازەكانی كشتوكاڵ دەوراتیان لە دەرەوە كردووە، و ئەو حكومەتە مەسروفی زۆری كردوون، پێشنیار ئەكەم لە ئێستاوە سوود لە توانای ئەوانە ببینین كە چوونەتە دەرەوە، ئیتر كۆتایی بەوە بێنین خەڵك بنێرینە دەرەوە، چونكە هەموو هۆكارەكانی دواكەوتنی كەرتی كشتوكاڵ لە هەرێمی كوردستان ئەزانین، و شێوزای چارەسەر كردنی و پێشخستنی ئەم كەرتە بە باشی لامان ڕوونە، بۆیە پێویست ناكات مەسروفاتی گەورە بكەین بۆ ناردنە دەرەوەی خەڵك بۆ دەرەوە، و هێنانی وەفد لەدەرەوە، لە بری ئەوە دەعمی جوتیاری پێ بكەین باشترە، لە بەڕێز وەزیری كشتوكاڵ ئەپرسم تا ئێستا هۆكار چییە (٥٠) كیلۆ سەماد بە (٦٠) هەزار دینار دەست جوتیار ئەكەوێ؟ لە كاتێكدا زەوی كشتوكاڵی لە هەرێمی كوردستان بە پیتترین زەوی كشۆكاڵییە لە عێراق و، لە مەنتیقەی دەشتی شارەزۆر و لە دەشتی هەولێردا هەیە، ئەگەر ئەم دەشتە ئەوەندە بەكار هاتووە ئەگەر سەمادی بۆ بەكار نەهێنرێت ئینتاجی نابێت، سەمادەكەش (٥٠) كیلۆ بە (٥٥) هەزار و بە (٦٠) هەزار بەدەست هاولاتی دەكەوێت ئەمە جگە لە گرانی نرخی سووتەمەنی بۆ كێلاَن و بۆ دروێنە و بۆ كۆكردنەوەی بەرهەمەكان و، نرخی دەرمانەكانی دژە نەخۆشی و هەموو ئەو پێداویستییە زیراعیانەی كە بە دەست جوتیار دەكەوێت لە ئاستێك دایە كە لە توانای برینی جوتیاردا نییە، تاكە بەرهەمێك كە جوتیار دەتوانێت بیگەیەنێتە بازاڕ و سوودی لێ ببینێت بەرهەمی دانەوێڵەیە، ئێستا لێرە و لەوێ یەك دوو پەرلەمانتاری بەڕێزیش باسیان لەوە كرد ئەمساڵ بەڕێژەیەكی بەرچاو بەرهەمی دانەوێڵە زیادی كردووە هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئیحتیمالە لە دەرەوە بەرهەم هاتبێت، من ناڵێم لە دەرەوە گەنم نەهاتووە بۆ ناو هەرێمی كوردستان، بەڵام وەرگرتنەوەی گەنم لە لایەن حكومەتەوە بەو نرخەی كە بۆ جوتیار دیاری كراوە جوتیار سوودێكی باشی لێ بینیوە ئەگەر چی پارەكەی زۆر دوا دەكەوێ ئەوە هۆكارێكی سەرەكییە بۆ ئەوەی كە دانەوێڵە نیسبەكەی لە هەرێمی كوردستاندا زیادی كردووە، من هیوادارم ئەگەر ئێمە باشمان پێ ناكرێت و ناتوانین دەعمی زیاتری جوتیار بكەین بۆ زیاد كردنی بەرهەمەكەی لەمپەریشی بۆ دروست نەكەین وا بزانین تەنیا هاوردەكردنی گەنم لەدەرەوە نسبەی گەنمی زیادی كردووە، بەڵكۆ بە پێچەوانەوە ئەوە هۆكاری وەرگرتنی گەنمە كە بە نرخێكی باش ئەوە دەكرێت، گەورەترین كێشەی جوتیار لە ئێستادا ئەوەیە بە بازاڕكردنمان زەعیفە، بە بازاڕكردنی بەرهەمە كشتۆكاڵییەكان لە ئاستی پێویستدا نییە بۆ نموونە لە كاتێكی موحەدەدو دیاری كراودا تەماتەو خیار و سەوزە لە هەرێمە كوردستان پێدەگا ئەمە بۆ جوتیار كیلۆیەكی (١٠٠) دینار ناكات و جوتیار زیان دەكات لەم بابەتە، ئێمە دەبێت كارێك بكەین سیاسەتی بە بازاڕكردنمان هاوسەنگی تێدا

دروست بکەین، ئەو بەرهەمەی کە لە دەروە دێت و ئەو بەرهەمەی کە لە ناوخۆی خومان بەرهەمی دێنین ئەوە بە دەرەجەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی کشتۆکاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان تاکو بتوانین سیاسەتی بە بازاڕکردن بە شێوازێك لە شێوازەکان لەگەڵ کەرتی تایبەت بێت و، بەشێك لە ئەرکەکەش دەکەوێتە ئەستۆی ئێمەی پەرلەمان کە بتوانین یاسایەك دەربکەین جوتیار بتوانێت گرێبەست لەگەڵ کەرتی تایبەتدا بکات، هەتا کو جوتیار نەتوانێت گرێبەست لەگەڵ کەرتی تایبەتدا بکات بۆ دەعمی جوتیار، بۆ بەرهەمهێنانی، بۆ ئەوەی شەریکەیەك هەبێت دەعمی جوتیار بکات لە پێدانی سەماد و تۆ و دەرمان و ئەوە و دواتر هەمان شەریکە بەرهەمەکەی لێ وەربگرێتەوە و بە بەرنامە بیخاتە بازاڕەوە ئەوەی کە زیادە هەڵی بگرێت لە ناو بەڕاد لە کاتی پێویست بۆ نموونە ئێمە ڕاوێژێکمان کردووە شەریکە هەیە دەتوانێت بەرهەمی تەماتە کە لە مانگی (٨) و (٩) و (١٠) پێدەگات و لە مانگی (١٠) کۆتایی پێدێت دەتوانێت بۆ ماوەی (٤) مانگ تەماتە هەڵبگرێت، واتە لە مانگی (١٠) تا مانگی (٢) بەرهەمی جوتیاران لە هەرێمی کوردستان دەمێنێتەوە و بە بەرنامە دەیخاتە بازاڕەوە نەك گرانبێت لەسەر بەکاربەر و نە ئەوەندەش هەرزانبێت کە جوتیار زەرەری لێ بکات، ئەوەی کە پەیوەندی بە مەترسی گەورە لەسەر زەوی کشتۆکاڵی ئێمە هەیە من یەك نموونە بۆ جەنابتان باس دەکەم لە ڕابردوو جادەیەك لە خوار سەرای (سوبحان ئاغاوە) لێدراوە بۆ (سیروان) بەرەو (هەڵەبجەی شەهید) ئەم جادەیە نزیکەی (٥٠٠) دۆنم زەوی کشتۆکاڵی دەکوژێت ئەمە لەکاتێکدا ئێمە بەدیلی ئەمە هەبوو یەعنی دەکرا بە شێوازێکی تر ئەمە بکرێت ئەمە ڕۆیشت و تێپەڕی، بەڵام پێویستە ئێمە یاسایەك دەربکەین ئەگەر چی یاسایەك هیە بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی ئەمە، یاسایەکی توندتر لەو بابەتە دەربکەین لە ئێستادا هەمان مەترسی لەسەر زەوی کشتۆکاڵی هەیە هەر لە سەرای (سوبحان ئاغا) (٤٠٠) بۆ (٥٠٠) دۆنم زەوی ئێستا مەترسی لەسەرە ئەگەر ئەم حکومەتە فریای نەکەوێت وەزارەتی کشتۆکاڵ فریای نەکەوێت،یەعنی من دەپرسم بۆ وەزارەتی کشتۆکاڵ کاك (حسن) ئیشارەتی پێدا بۆ وەزارەتی کشۆکاڵ دەبێت لەو وەزارەتانە نەبێت کە هەمووومان کێبرکێی لەسەر بکەین، شەڕی لەسەر بکەین، هەمیشە وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو ڕێگاو بان بابڵێین و وەزارەتی شارەوانی لەو وەزارەتانە بووە کە ئەفزەلییەتی هەبووە بەسەر وەزارەتی کشۆکاڵ دا ئەمە وای کردووە لە کاتی زیاد کردنی سەکەن بە شێوازێکی ئاسۆیی زەوییە کشتۆکاڵییەکانمان بە فیڕۆ دەڕوات و ئێمە نەمان توانیوە پشت بە شێوازی ئەستوونی ببەستین بۆ مەسەلەی کێشەی سەکەن، بەنداوەکان بە باشی باس کرا ئێمە لە لیژنەی کشتۆکاڵ مەعلوماتی وردترمان لایە کە خەتەری زۆر لەسەر سەرچاوە ئاوییەکانمان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان هەیە بە تایبەت لە (تورکیا) و (ئیران)، ئەم خەتەرە پێویستی بەوەیە هەموومان هەوڵی بۆ بدەین، ئێمە دەزانین ئەوە لە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەم وەزارەتە نییە، بەڵام فشار دروست کردن لە لایەن وەزارەتی کشتۆکاڵ و ئێمەی پەرلەمانتارەوە تاکو بتوانین لەڕێگەی عێراقەوە ئەوەی کە لە ڕێکەوتنامە نێودەوڵەتییەکاندا هەیە بۆ گۆڕینی ڕێڕەوی ئاوەکان دەبێت ئیشی لەسەر بکرێت، مەسەلەیەکی تر، مەسەلەی ئاژەڵدارییە یەعنی ئاژەڵداریش دەچێتە چوارچێوەی ئیش و

کارەکانەوە لە راستیدا ئێستا گرفتی گەورەی مەڕو ماڵات، خاوەن مەڕو ماڵاتەکانن کە زەوییان نەماوە مەڕ و ماڵاتەکانیان تێدا بەخێو بکەن ئەگەر چی ئەمە شێوازێکی تەقلیدییە بۆ بەخێو کردنی مەڕ و ماڵات، بەڵام لە ئێستادا لە لادێیەکاندا ئەوەی کە پێ دەوترا مەرعا نەماوە، زەوی کشتوکاڵی هەر هەمووی دەکێڵدرێت و ئەوان مەجالیان نەماوە و زەوییەکانی تر کە مەنتیقەی (سەخەری)یە زۆربەی هەرە زۆری سیاج کراوە و کراوە بە پاوانی ئەم بەرپرس و ئەو بەرپرس ئەمە یەعنی مەجالێك نەماوە بۆ مەڕدارەکان لە هەرێمی کوردستاندا بتوانن ئەمە بکەن، یەعنی رۆژانە پەیوەندیمان بۆ دێت، یەعنی ئەوەی کە پێ دەوترا شێوازی تەقلیدی بەخێو کردنی مەڕ و ماڵات جا بۆ بەرهەمەمی شیرەمەنییە یان بۆ گۆشتە کە ئێمە تاکو ئێستا پشتمان بەوە بەستووە ئەگەر (٣٠٪) یان (٤٠٪) بەرهەمی گۆشتی ناوخۆ بە پشتیوانی ئەوان کراوە ئەگەر بەرنامەیەکمان بۆ ئەوانیش نەبێت ئەویش بەرەو مەترسییەکی گەورە دەڕوات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەخێرهاتنی مامۆستایان و خوێندکارانی ئامادەیی (سێبیران) دەکەین کە ئێستا سەردانی پەرلەمانی کوردستانیان کردووە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێستا ئەندامانی لیژنەی کشتوکاڵ قسەیان کرد دێینەسەر ئەندامانی تر کە ناوی خۆیان نووسیوە بۆ ئەوەی لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن هەریەکە و (٣) دەقە قسە بکەن، کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری و وەفدی یاوەری دەکەم، بەراستی ئێمە زۆر باسی ئاسایشی خۆراك و گرینگی بایەخی خۆت کەفائی دەدەین جێگای داخە ئێمەی ئەندام پەرلەمان لەگەڵ ئەو قسەی خۆمان دەتوانین بڵێین نەمانتوانیوە راستگۆبین، جەلسەی تر حەدی نیسابمان تێکچوو، کەواتە گرینگی نەدان بە کشتوکاڵ دەگەڕێتەوە بۆ هەر هەموومان و هەر هەمووشمان لێی بەرپرسیارین، ئێمە لە لیژنەی کشتوکاڵدا لە گەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کە کشتوکاڵ و ئاودێری و پیشەسازی و دارایی و تەندروستییە لە پەیوەندی نزیك داین ڕەنگە لە زۆر شت، باسی گەنم دەکرێت، گەنم جوتیار بەرهەمی دێنێ بەڵام وەرگرتنەوەی وەزارەتی بازرگانییە، نامەوێت زۆر بچمە سەرئەوە، ئێمە لە وڵاتێك دا دەژین کە یەکەمین شێوەی چاندن لە کوردستانەوە لە دەوروبەری ئەشکەوتی شانەدەر دەستی پێکردووە و یەکەمین وڵاتیشین لە بەینی ڕووبارەکانداین کە قانون یاسا تەعمیم کراوە، بەڵام نە قانونەکانمان جێی خۆیان دەگرن و نە کشتوکاڵەکەشمان بایەخی خۆی پێدراوە، زۆر باسی کێشەی زەوی و زاری کرد، کێشەی زەوی و زار تەنیا ئەوە نییە هەندێکیان حکومەتی ناوەندی کاتی خۆی بۆ تەعریب بەسەریدا چەسپاندن و یاساکان، ئەو کێشانەی ڕوو بە ڕووی ئێمە دەبنەوە بە چەند یاسایەکدا تێپەڕیون چاکترین یاساکانیش ئەو یاسانەن ئەوانەی کە لە ساڵی (٧٠) بۆ (٧٤) چارەسەر کراون کە لە لیژنەی کشتوکاڵ لەوانەیە ئاگادارین، بەڵام

بەهۆکاری دیکە سەرمان لە زەوی و زاریش شێواندووە و تەنیا بەرهەمهێنانیش کێشەی زەوی و زار نییە هەر پێشکەوتنێك و دواکەوتنێك و بەدبەختییەك بەسەر ئەردی کشتۆکاڵ دەبێت، ئێمە لە کشتۆکاڵدا لە گەڵ چوار عونسری ئەسڵی ژیان ئاوە خاك و هەوا و گەرما سەرو کارمان هەیە کە عونسری ژیانن لە هەموو زیندەوەرێکدا، لەو وەزارەتەدا ئێمە پەیوەندیمان پێوەیە و هەر چواریشی لە خەتەردایە، ئێمە باسی ئەوە دەکەین کە تەنیا کێشەی کشتۆکاڵ و تەعریب و ئەوانە نین کێشەی بەرهەمهێنانە، کێشەی بەرهەمهێنانیش هەر سەکەنی نییە ئەو شتانەی کە بەو هۆیەوە وڵات بەرەو پێشکەوتن دەچن لە مەتارە لە جادەیە لە ڕێگاو بانە لە ستادیۆمی وەرزشییە لە قوتابخانەیە لە زانکۆیە هەمووی لەسەر خاکی جوتیار دێنە بەرهەم کە ئەمانەش پێویستن، جا دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە کە ئەمانە دەبێت هاوکاری وەزارەتی کشتۆکاڵ بن بۆ ئەوەی سوود بگەیەنن، یەکێکی تر کە ڕوو بە ڕووی ئێمە دەبێتەوە لە کشتۆکاڵ موشکیلەی موڵکدارییە، بابی یەکێك دەمرێت موڵکێکی بۆ بە جێ دەمێنێت جا دەبێتە میرات لە ناو بەینی چەند کەسێك دا یەك کوڕیان جوتیارە ئەوانی تر هەموو میراتی دەبەن ئەوەی دەفرۆشێتن دەبێتە موشکیلەیەك بۆ کەرتی کشتۆکاڵ کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی گەورەی موڵکدارییەتی بۆ جوتیار دروست دەکات و سەرمان لە نێوان چەند تاپۆ و چەند یاسا و چەند عورف و عادەتێکدا لە جوتیارانمان شێواوە، ئەوەی تر کە پێویستی بە کشۆکاڵ و ئاودێرییە ئێمە وڵاتێکین بە مەڕ و ماڵات و لە وەرگا، لە وەرگاکانی ئێمە هەر گوندێك بەسنووری خۆی دادەنێت نەك تەنیا بەرهەمهێنان ڕەنگە مەڕ و ماڵاتمان ڕێگای نەبێت بچێت بەرەو کوێستانەکان و، ئەوانەی بنارەکان زیاتر دەزانن، یەکێکی تر کە گرفتی سەرەکی لەسەر کەرتی کشتۆکاڵە مین و تەقەمەنییە کە لە ناو کێڵگەکان و لەوەرگاکانماندا بەشێوەیەکی بەرچاو بوونیان هەیە، گرینگتر لە هەمووی ئەمڕۆ کە ئێمە دەڵێین داهاتمان بە هۆی کەرتی بەرهەمهێنان لە بەرهەمی نەوتدا دەتوانێت بودجە بۆمان دابین بکات، بەڵام گەورەترین کێشە بۆ کەرتی کشتۆکاڵ لەو خاکە بەپیت و بەرەکەتانەیە کە داوا دەکەم لە سندوقی داهاتی نەوت و گاز بەشێك بۆ کەرتی کشۆکاڵ جا چی بیمەیە چی جۆ بڕانە بەشێوەیەکی تر بۆ ئەوە بکەن، ئەوانە کێشەکانی ناوخۆن لەسەر ئەرد، کێشەی تر کێشەی دەرەوەن ئێستا ئەگەر ئێمە بێین باسی ماددەی (١٤٠) (شنگال، خانەقین، کەرکووك) و ئەوانە بکەین هەمیشە لەگەڵ تیرۆریستان یان لە گەڵ حکومەتی فیدرالیدا ئەو کێشەمان هەیە ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە دەبێت حکومەتی هەرێم چارەسەری بکات، ئەمە هەر کێشەی وەزارەتی کشتۆکاڵ نییە، بەڵێ وەزارەتی مەعنییە بەڵام بە هاوکاری هەموو لایەك دەبێت هەوڵبدەین بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لە دەرەوە دێن، لە بنارەکانیشمان هەیە هەر لە سنووری ماددەی (١٤٠) نییە بنارەکانیش کە لە وەرگانە لەوانە هەندێك لایەنی سیاسی تێدا بن حکومەتەکانی دەرەوە بە بەهانەی جیاواز هێرش دێنن و لەسەر کەرتی مەڕداری و ئەو لە وەرگانە ئەمانە کۆسپێکن ڕەنگە خەڵکی بنار زۆر بزانێ و ئێمەش قەرزاری خەڵکی بنارین کەواتە دەبێت بوار بە کەرتی ئاژەڵداریش بدرێت، ئەگەر لە بابەتی خاك تێپەڕین یەکێکی تر کە سەرمان لە خۆ و لە هەموو شت شێواندووە خودی جوتیارە تا ئێستا نازانین کێیە بە عەدەد

جوتیارێکی زۆرمان هەیە کە ئەمە گرفتە دەبێت جوتیار دیاری بکرێت، هەندێك کەس هەیە جوتیاریشە، جوتیار نییە، بەڵام تەسەروف لە خاکێك دا، دەچێ ناهێڵێت بیکات، برای بەڕێزم کاك (عبدالرحمن) باسی ساڵەکانی (٧٠)ی کرد کە (٦٧٪) بووە و ئێستا (٣٠٪) یە لە وڵاتانی پێشکەوتۆدا راستە ئێمە لە حاڵەتێکی ترین، بەڵام لە وڵاتێکی پێشکەوتوودا تا ئەو شوێنەی کە من لە ئیقتیساد و لە بەرهەمهێنان لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا دەبێت کەمترین ڕێژەی هێزی مرۆیی لەم کەرتەدا ئیش بکات، وادەزانم رەفەمێکە ئەگەر دکتۆر (عزت) بزانێت لە حدودی (٥) جەلسەدا (٥٥) خەدەماتە بەو شێوانە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا باس دەکرێت بەرهەمهێنانە، بەرهەمهێنان دەبێت بزانین چۆن بەرهەم بێنین بەرهەمی باش لە ڕووی چەندایەتی و چۆنیەتی تەنیا لە کێڵگەی گەورە کە بە شێوەیەکی زانستی کاری بۆ کرابێت و دێتە بەرهەم ئەویش بە جوتیاری شارەزا و پسپۆری تایبەت، بەڕاهێنانی جوتیار چی لە ئاستی ناوخۆ و چی لە ئاستی دەرەوەدا، باسی بەرنامەی (٥) ساڵی کرد جەنابی وەزیر راپۆرتێکی کرد من ویستم هەندێك نەتیجە وابزانم نەکرا، بەڵام کە لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی بەنداوەکان دەدوێن لەو (٥) ساڵەدا زۆرترین روو پێوی خاکی کوردستان لە ڕووی بەنداوەوە کە ئاوە تەرسیمی بۆ کراوە و چۆتە قۆناغ، لە گەڵ ئەوەدا زۆر ئیشی باش کراوە، بەڵام هەندێك لە ڕووی خۆراکیشەوە چۆتە سەری، گرفتێکی تر لە بەرهەمهێنان ئەوەیە لە جوتیارانی ئێمە لە ڕووی ئیقتیسادییەوە دەبێت شتێك کە بەرهەم دەهێنرێت دەبێت دابەش بکرێتن یان بە بازاڕ بکرێت و بفرۆشرێت ئەمە کێشەیەکی گەورەی جوتیارانی ئێمەیە کە لە دابەش کردن تووشی کێشەی گەورە دەبن و خەتەرێکی گەورەش کە لەسەر جوتیارانی ئێمە گومرك و مەیدانی سەوزەو تەڕەو بارە کە تەنیا سوودێك وەردەگرێت و هیچ خزمەتێکیش بە جوتیار ناکەن، شێوەیەکی تر کەدەبێت وەزارەت هەڵوەستەی لەسەر بکات بەستە بەندی، قوتوو بەندی ئەو بەرهەمانەیە، دێنێت جوتیارێك لە (سیدەکان) تەماتەیەك کە بە باشترین و بە جوانترین شێوە بەرهەمی دێنێ، بەڵام لە سندوقێکی (٣٠) کیلۆیی دەکات و بە شێوەیەکی نا زانستی باری دەکات تادێتە هەولێر هیچی نامێنێت، کە ئەمە پێویستە راهێنان و شتێکی بۆ بکەن، خاڵێکی تر باسی گومرکی کرد لە کاتی گەیشتنی میوە، من لەگەڵ ئەوەدامە گومرك هەمیشەیی بێت با میوەو شت گران بێت، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە خەڵکمان، بەڵام دەبێت هاندەرێك بێت داهاتێك بۆ جوتیاری خۆمان پەیدا ببێت تا بەرهەم بێنێت کە گران بوو بەرهەم دێنێت ئەو دەمیش خاکی ئێمە خاکێکە دەتوانین چوار فەسڵ ئیستیفادەی لێ بکەین لە خانووی پلاستیك نەك ئەو قۆڵتانەی ئێستا هەن و چەند چاڵێکە و نایلۆنێکی بەسەرداده دەن ئەگەر بەشێوەی زانستی خانوو قۆتۆبکرێت دەتوانین هەر چوار فەسڵ میوەی خۆمان دابین بکەین، خاڵێکی تر کە زۆر کێشە هەیە لە گەڵمان ئەگەر قەت ئیشی لەسەر بکەین لە کاتی گەیشتنی میوە ئێمە سەناعەی گۆڕانمان نییە، یەعنی ئاو ترێیە بە دووشاوبێت تەماتە بە ئاوە تەماتە بێت بە ئاوی ترێ بێت بە هەرشتێك بێت شێوەی تەبدیلمان نییە کە بەسەریعی تەبدیلی بکەین یا خود لەسەر خانەکان ڕابگرین، کە باسی سایلۆش دەکەن سایلۆ بەشی بازرگانییە کە ئێستا ئێمە بە هاوکاری ئەوان ڕەنگە تا چەندێکی تر لە گەڵ وەزارەت پلان دابنێین، لە ڕووی

بازرگانییەوە من تەئییدی کاك (بشار ئاغا) دەکەم کە سایلۆی بچووك دروست بکرێت، چونکە حەمل و نەقل و کرێی گواستنەوەش کەمتر دەبێتن، ئاودێری، وڵاتی ئێمە وڵاتێکی خاکە بەڵام ئێمە بەس پشتمان بەستووە بەوەی کەی باران دەبارێت و چۆن دەبارێت ئەوە ڕێژەی بەرهەممان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئاوەوە هەیە لەبەر ئەوەی وەزارەت بەرنامەیەکی چڕ و پڕیان هەیە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە ئاوی ئێمە گل بدرێتەوە و، گلدانەوەی ئاویش هەر وەکو (ئاواز) خانیش باس کرد، سەدی بچووك قۆناغێکی سەرکەوتووە و سەدی گەورەش لەوانەیە هەندێ کات گەورەترین مەترسی بێتن ئێستا سەدی موسڵ کە لە ڕووی سیاسیی و عەسکەرییەوە دروست کراوە ڕاستە ئاوی گلداوەتەوە، بەڵام خەتەرترین سەدی دونیایە کە خەتەر لەسەر موسڵ و ئاو دەکات نە (داعش) و نەشتێکی تر تەنیا دارووخانی سەدی موسڵ دەتوانێت خەتەر لەسەر موسڵ و بەغدا دروست بکاتن، پەیوەندی، داوا لە وەزارەت دەکەم پەیوەندییەکی چڕ و پڕیان لە گەڵ کولێژی کشتۆکاڵ هەبێتن و لە کاتی خوێندندا سەردانی کێڵگە بکەن قوتابیان بزانن کە کێڵگە هەیە چۆن بەرهەم دێنێت و بە چی شێوەیەك، سامانی ماسی لە گەڵ گلدانەوەی ئاو و ئەو شتانەدا دەتوانین ماسیش بەرهەم بێنینن خاڵێکی تر هەیە مومکینە لە کشتۆکاڵ هەندێك شت پێویست بەوە نەکات هەر لە داخلیش سەرفی بکەی، ئێمە لە ڕووی هەنگەوانییەوە کە ڕاستەوخۆ بۆ کشتۆکاڵ و پەیوەندی و گواستنەوەی تۆو و هەموو شتێك پێویستە، بەڵام هەنگوینی کوردستان (٢) ساڵ پێش لە لەندەن لە ناو باشترین هەنگوینی دونیادا بوو، وەزارەتی کشتۆکاڵ دەتوانێت سەرمایە لەسەر ئەمە بکات ئەگەر بۆ ڕێکلام و کشتۆکاڵی کوردستانیش بێت بەشێوەیەکی تر بێنێتە دەر، یەکێکی تر کە برادەرانم زۆر باسی کرد مەکائینە پێویست بە سەیارە ناکات مەکائینە و گرفتێکی سەرەکیش مەکائینی مۆدێل باڵایە کە دەبێت ئەوان بێنن، بەڵام جوتیارانی ئێمە ئەو توانەیان نییە ئەگەر بەدیلێکی تر بگرێنەبەر ئەو مەکائینانە پێویستن چی مۆدێلی خوارەوە بێت چی ئەوە بە پێی ڕینمایی تر بکات بە هیوای ڕۆژێکین کە بتوانین سفرەکانی خۆمان لە ناوخۆی کوردستاندا بەرهەم بهێدرێت و کوردستانێکی ئاوەدان و پاراستنی تەنیا بە ئاسایشی خۆراك و ئاو و هەوا دێتە دی، لە گەڵ ڕێز و سڵاوم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئیتر لەمەو دوا ئەندامی پەرلەمان (٣) دەقە قسە دەکەن، دڵنیاتان دەکەین کە ئەمە هیچ ئیجرائێك نییە بۆ سنووردار کردنی قسە کردنی ئێوە تەنیا بۆ ڕێکخستنی گفتو گۆکانە لە ناو هۆڵی پەرلەمان لە کۆتایی وەرزی گرێدان بە دکتۆر عزت دەست پێدەکەین کە زۆربەی کات کەمتر لە (٣) دەقە قسەی کردووە و قسەی مونتیجیشی کردووە فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی کاتم کەمە فریای بەخێرهاتنی کەس ناکەوم، (الزراعة نفط دائم) مانای کشتۆکاڵ نەوتی هەمیشەییە بەقەدەر ئەم نیوە دێرە گرینگە کشتۆکاڵ، بانکی کشتۆکاڵی (٣) ساڵ پێش ئێستا (١٠٠) ملیۆن

دۆلاری بۆ دانرا (١٠) ملیۆنیان خەرج کرد (٩٠) یان گەڕایەوە بۆ حکومەت لەبەر ئەوەی ڕێنماییەکان خراپ بوون، هیوادارم وەزیری کشتۆکاڵ پێداچوونەوەی بۆ بکات لەگەڵ وەزارەتی دارایی سیستەمی ئابووری لە کوردستاندا سیستەمی بازاڕی ئازادە، بۆیە بە هیچ شێوەیەك قەدەغە کردنی هێنانی بەروبووم لە بەرژەوەندی ئابووری کوردستاندا نییە، بەڵام باجی هەمیشەیی لەسەر سەرجەم بەروبوومەکان هەموو ئامانجە باشەکان دەپێکێت، ساڵێ ملیارێك دۆلار لە بودجەی کوردستان تەرخان دەکرێت بۆ بەشە خۆراکی مانگانە بەرەو ئابوورییەکی سەربەخۆ بچین گرینگە وەزارەتی کشتۆکاڵ خۆی ئامادە بکات حکومەتی عێراق بە رەزامەندی ئەو پارە بدات بە خۆمان، کوردستان خۆی بەرهەمی خۆراکی بۆ خۆی بەرهەم بێنێت و دابەش بکرێت بەسەر هاوولاتیاندا ئەوەی کە پێدەوترێت فورمی بایعی، گەورەترین کێشەی کشتۆکاڵ لە کوردستاندا خاوەنداریەتی زەوییە، چەندێ ڕووبەری ئەو زەوییەی کشتۆکاڵی تێدا دەکەی بچووك بێت ئەوەندە تێچوونی زۆر دەبێت، بۆیە جوتیار قازانج ناکات، لە هەموو شارەکان زۆر گرینگە بەلایەنی کەم (٢) عەلوە هەبێت قازانجی زۆری بەروبوومی کشتۆکاڵ میوەو سەوزە دەست بازرگانەکانی میوەو سەوزە دەکەوێت نەك جوتیار، جوتیارێك لە (بازیان) (٢٠٠) دیناری دەست دەکەوێت لە (١) کیلۆ تەماتە، بەڵام کڕیارێك بە (٢) هەزار دەیکڕێت، دەست گێڕێك دوکاندارێکی میوە فرۆش (٥٠٠) دینار لە (١) کیلۆ تەماتە قازانج دەکات کە هی خۆی نییە، بۆیە هیوادارم لە هەموو شارێك لە کوردستان بیر لەوە بکەنەوە (٢) عەلوە هەبێت کێبرکێ بکەن، ناوچەی (شار باژێڕ) بە میوە زۆر بەناو بانگە لەبەر ئەوەی پشتیوانی کشتۆکاڵیان ناکرێت، وەزارەت پشتیوانیان ناکات میوەکانیان بە دارەکانیانەوە دەمێنێتەوە، بەرهەمی گەنم راستە لە (١٠) ساڵی ڕابردو بۆ بە دوو ئەوەندە، بەڵام هۆکارە دەرەکییەکەی ئەوەیە کە حکومەت بە پارەیەکی باش دەیکڕێت، ئەمە هی ئەوە نییە کە ئەوە لەسەر حیسابی بەرهەمەکانی تر بۆ بە شێوەیەك لە شێوەکان لە راستیدا دەبێت پلانی هەبێت وەزارەتی کشتۆکاڵ، قازانجی دەواجنێك لە فرۆشتنەوەی ئەو گازەی کە حکومەت دەیداتێ زۆر زیاترە لەوەی دەواجنەکەی مریشك و جۆجەڵەی بەرهەم دەهێنێت ئەوە دەبێت وەزارەتی کشتۆکاڵ پلانێك دابنێت بۆ ئەوەی کە دەعمی گاز بایی ئەوەندە بێت کە نەیفرۆشێتەوە، بەکاری بێنێت بۆ دەواجنەکەی، کەرتی کشتۆکاڵ برای بەڕێزم پەرلەمانتاری پێشوو باسی لەوە کرد تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بێت کەمترین کرێکاری دەوێت ئەگەر تەکنەلۆژیاکە دواکەوتوو بێت ئەو شوێنەیە کە زۆرترین هەلی کار لە کوردستاندا دەتوانێت دابین بکات بۆ دەستی کار بە تایبەتی بۆ خاوەن بڕوانامە نزمەکان، بۆیە هیوادارم پلانیان هەبێت، جوتیار لە چەمچەماڵ سەمادی وەرنەگرتووە ناکرێت پارەی گەنمی جوتیار کە نادرێت وەزارەتی کشتۆکاڵ بڵێ ئەوە ئیشی من نییە، بڵێت وەزارەتی بازرگانی عێراق نادرێتێ، جوتیار پەیوەستە بە وەزارەتی کشتۆکاڵەوە، هیوادارم ئەم پێشنیارانە بە هەند وەربگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا أنس فەرموو.

**بەڕێز أنس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوباره بخێرهاتنا وەزیرێ كشۆكاڵێ و شاندێ دگەلدا دكەین، هەقیقەت ژلایێ چاندنێ ڤە هەمی جهەك وەكی ئێك نینن و (رب العالمين) نیعمەت یا دگەلە كری ببەرەكەتێ ئەگەر ئینسان سەحكەتە قورئانا پیرۆز بەحسا دوو جها و بەرەكەتێ یێ هەی ئێك (بيت المقدس)، (الذی باركنا حوله) یێ دی باسێ كوردستانێ یە لسەر زمانێ (نوح) (عليه السلام) كو بابێ بەشەرییەتێ یە دبێژیت ((وقل ربي أنزلني منزلا مباركا وأنت خيرالمنزلين))، لجهەكێ موبارەك من دانە و یا مەعلومە ((واستوت على الجودي))، جودی ژی لەفزەكا موعەرەبە ژ گۆتی هاتییە كو ئەسلێ كوردانە، هەقیقەت بنەسێ قورئانێ كوردستان یا پیرۆزە هەوایێ وێ پیرۆزە، ئاڤا وێ یا پیرۆزە، ئاخا وێ یا پیرۆزە و، جهەكە زیراعەت تێدا دبیتن بەلێ ل شینا پیرۆزاهیا زاگرۆس و جودی و كوڕەكی و ئاراراتی مە بەرەكەتا (شنگەهای) و (پەكینێ) یا بۆ خۆ ئینای مە ئەڤێت هەنێ هەمییێت هێلاین، فێقیێ مە بداریڤە درزت و فێقیێ ولاتێت دەورو بەرێت مە ل كوردستانێ دێتە فرۆتن، كۆمەلگایەكێ ل شینا وەبەر هێن بیتن یێ بۆیە موستەهلیك، ئەرێ ئایا وەزارەتا زیراعێ پلانەك هەیە بۆ وێ چەندێ كو (اكتفاء الذاتي) بێتە كرن ل كوردستانێ و هەتا كەنگی ئەم دێ ئیستیرادا ڤان تشتا ژ دەرڤە كەین؟ هەروەسا وەزارەتێ پلانەك بۆ ڤێ چەندێ هەیە كو شەریكاتێت زیراعی ل دەرڤەی كوردستانێ بینیتن و وەبەرهێن بن ل كوردستانێ؟ شینا وەبەرهێن بن ل ئاڤاهێی زیراعەتێ، ئەم زانین مە گەلەك عەرد یی هەی ناهێتە ئیستیغلال كرن، هەروەسا ئەڤ گۆمركا لسەر تشتێت نەخاسمە یێت خوارنێ و مریشكا و تشتێ دهێتە دان، بۆیە ئەگەرێ ڤێ چەندێ كو ل كوردستانێ دەعما فەلاحێ بهێتە كرن كو ڤەبەرهێنەر بیتن، تشتێ بینیتن، مە ژ جەنابێ وەزیری گوهلێ بوو كو ﴿٣٠٪﴾ كوردستان ئیعتیمادێ ددەتە خۆ ل خواردنا گوشتی دا، ئەرێ ﴿٧٠٪﴾ ئەو گوشتێ هەی كیڤە دێت؟ مەرجێن شەرعی تێدا هەنە بۆ كار ئینانێ كو ئەم بزانین هندەك مەرج بۆ هەبن؟ هەروەسا ئەز پێشنیار دكەم ئەڤ سولفێ زیراعێ كو ددەنە فەلاحا چ فایدە لسەر نەبیت و هەروەسا غەراما تەئخیری ژی سەر نەبیت، هەر تشتەكێ مەعنەوییە و كێمە، دێ بیتە دەعمەك بۆ وی فەلاحی، سالێت هەشتێیادا قانون ﴿استئجار سفوح الجبال﴾.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەستخۆش، سوپاس كاتەكەت تەواو بوو مامۆستا انس، مامۆستا مەروان فەرموو، ببورە مامۆستا مەروان، خاتوو منیرە نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕێگەی جەنابتەوە داوا لە وەزیری كشتوكاڵ و هەموو وەزیرە پەیوەندیدارەكان دەكەین كە دێنە پەرلەمانی كوردستان، ئەو پرسیارانەی لە هۆڵی پەرلەمان ئاراستەیان دەكرێت ئەگەر لە هۆڵی پەرلەمان نەیانتوانی وەڵام بدەنەوە داوا دەكەین لە ماوەی دیاری كراوی خۆیدا كە ﴿١٥﴾ ڕۆژە وەڵاممان بدەنەوە،

چونكە ئـەوەی لـە چـەند مـانگی رابـردوودا چـەند وەزیـرێكـی بـەڕێز هـاتووە، پرسـیارمان ئاراسـتە كـردووە هێشتا وەڵامیان نەدایتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سـوپاس، بـە تەئكیـد هـەروا دەبێـت و دواتـریش روونكردنـەوە دەدرێـت لەسـەر ئـەم بابەتـە، هەنـدێك لـە پرسیارەكان ئێستا وەڵام دەدرێتـەوە لـە لایـەن بـەڕێز وەزیـری كشـتوكاڵ و ئـەوەی كـە ئێسـتا نـاتوانن وەڵام بدەنەوە لە ماوەی یاسایی خۆیدا وەڵام دەدەنەوە، فەرموو مامۆستا مەڕوان.

**بەڕێز حسين اسماعيل حسين {مەڕوان گەڵاڵی}:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحيم، بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیر و وەفدی یـاوەری دەكـەم، زۆر بـە كـورتی سـێ پرسـیار ئاراستەی بەڕێزیان دەكەم لەگەڵ پێشنیارێك، ئایا بۆ دەستكردنەوە و كاركردن لە پرۆژەی بەنـداوی بێخمـە لەگەڵ حكومەتی فیدراڵی چیتان كردووە؟ پرسیاری دووەم، بەڕێزت وتـت وڵاتـانی دراوسـێ رێـڕەوی ئاویـان گۆڕیوە ئێوە چ هەنگاوێكتان ناوە بـۆ ئـەم كـارە نایاسـاییەی ئـەم وڵاتانـە؟ پرسـیاری سـێیەم، بـەڕێزت باسـی بنديوار تان كرد ئایا هـیچ لیژنەیـەكتان پێكهێنـاوە بـۆ بەدواداچـوون لـە راسـتی و ناراسـتی ئـەم بابەتـە؟ و پێشنیارەكەشـم، پێشـنیار دەكـەم پـرۆژەی بەنـداوی بچـووك زیـاتر لەسـەر ئـەو ئاوانـە ئـەنجام بـدرێت كـە سەرچاوەیان لە كوردستانە، دەستتان خۆش.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، شوان قەڵادزەیی فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمیر{د. شوان قەڵادزەیی}:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بـە نـاوی خـوای بەخشـندەی میهرەبـان، چـەند كێشـەیەك هەیـە بـە كـورتی ئاماژەیـان پێدەكـەم، زەوییـە تەلبەندەكان، بۆ نموونە سماقۆلی و مێرگەپان ئەوەی {كاك خلـف}یش باسـی كـرد وای كـردووە بـە راسـتی مـەودای زەوی كشـتوكاڵی زۆر بەرتەسـك بێتـەوە و پێویسـتی بـە بڕیـاری مەسـئولانە هەیـە كـە ئـەم زەوییـە تەلبەندانە بە بڕیارێك هەڵبوەشێنەوە، خاڵێكی تـر سـەنەد تـەملیك هەیـە لـە زۆر شـوێنێك وەك پشدەر و بتوێن، بەڵام ئەو سەنەد تەملیكە شتێكی رەسمییە، بەڵام ئیشی پێناكرێت و زەوییەكە هەر بەدەسـت خـاوەن موڵكەكان كە بە ئاغاكان دەناسرێن، هەتا لەو ماوەیەدا خەریك بوو گـەورەترین كێشـەی چینایەتی دروسـت بێت لە گردەسپیانی قەڵادزێ لە نێوان هەردووكیاندا و ئەم سەنەد تەملیكانە پێویسـتە وەزارەتـی كشـتوكاڵ بیری جیددیان لێبكات و یەكلا بكرێنەوە، هاوكـاری نـەكردنی جوتیـاران بـە تـۆ و پـەینی كیمیـایی بـە پێـی زانیارییەكان ئەو پەینە كیمیاییە تۆزێ خرە، خڕەكە دەڵێن بە شێوازێك لە هەندێك لە مەخزەنەكان فێڵی

لیٚدەکرێت و ئەو بەردەی بە بەردی موکەسەرە مەشهورە تێکەڵاوی دەکرێت، بۆ ئەوەی وەزنـی قـورس بێـت و ئەمە وا دەکات زەویەکە رەق ببێت و وەبەرهەمی کەم بێت و پەینەکەی تر کە وەکو شەکر وایە وردەکە، ئەویش دەڵێن خوێی تێکەڵ دەکرێت و ئەمەش خیانەتێکە و یەکێك لە هۆیەکانی کەم بوونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی ئەوە بێت، پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵ بەدواداچوونی پێویست بۆ ئەمە بکات، ساغ نەکردنـەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی جوتیاران، فرێدانی ئـەو تەماتانـەی لـە پێنجوێن و سـیدەکان باشـترین نموونەیـە کـە وەزارەتی کشتوکاڵ بێتە سەر خەت و بەرهەمی کشتوکاڵی جوتیاران ساغ بکرێتەوە کە بە داخەوە شوێنێکی وەکـو سـیدەکان بـە سـەدان تـەنی لێ بەرهـەم دێـت، بـەڵام نافرۆشـرێت و ئەمـەش گـەورەترین زەرەرە بـە جوتیارانی کوردستان، چۆڵ بوونی گوندەکان هەر بۆ نموونـە، گونـدی ماسـتاوا لـە سـاڵی ﴿١٩٩٤﴾ سـەد مـاڵ بـووە، بـەڵام ئێسـتا ﴿٣٠﴾ مـاڵ مـاوە، گونـدی دۆزتەپـە رێـژەی ماڵـەکانی زۆر کـەم بووەتـەوە، ئەمـەش پێشهاتێکی زۆر خەتەرە کە گونـدەکان چۆڵ بـبن و شـارەکان ئـاوەدان ببنـەوە، لەوانەیـە شـێوازی حـوکم لـە کوردسـتان رۆڵـی هـەبوو بێـت هـەر خـەڵك بکاتـە مووچـە خـۆر، چـاوەڕێی سـەری مـانگ بکـات و پارەکـەی وەربگرێـت، بـەڵام ئـارەقی ناوچـاوانی خـۆی نەڕێـژێت لـە پێنـاوی زەویەکەیـدا، لایـەنی مـەڕداری وەك لـە ناوچەی بەڕانەتی و لە زۆربەی شوێنی کوردسـتان، مـەڕداری هـەر بـەرەو نـەمان دەروات، هـەروەها نـەدانی دەرمان بۆ چارەسەربوون، بۆ نموونە، لە شارزوور بەرهـەمی تەماتـە و هـەموو بەرهەمـەکان وەکـو هـەنار و ئەوانە، هەمووی زۆر زۆر زەرەرمەند بـوون، لەبـەر ئـەوەی ئـەو دەرمانـەی پێیـان دراوە دژی ئـەو میکرۆبـە نییە و پێویستە ئەمانەش قەرەبوو بکرێنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر کاتەکەت تەواو بوو، بەڕێز رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پێشەوە بـەخێرهاتنی قوتابییـە خۆشەویسـتەکانی کۆلێـژی پزیشـکی دەکـەم و چـەند پرسـیارێکم هەیـە، یەکـەم، پلانـی پێـنج سـاڵە کـە دەبوایـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بـۆ رای گشـتی بڵـاوی بکاتـەوە کـە ئەنجامـەکانی چـی بـوون؟ و خاڵـە لاوازەکـان و ئەگـەر شکسـتی خـواردووە خـوا نەخاسـتە، دەبوایـە رایـان گەیاندبا، دووەم، بەڕێز وەزیـری کشـتوکاڵ هاوتـای پلانـی پێـنج سـاڵە، پلانـی ئیسـتراتیجی هەیـە بـۆ دابـین کردنی ئاسایشی خۆراك و ئاسایشی ئاو؟ پرسیاری دووەم، باسی قاچاغچییەکانی سنووری کرد کـە بابـەتێکی گرنگە، ئایـا لەگـەڵ وەزارەتـی نـاوخۆ هاوکـاری هەیـە کـە رێگـە لـە قاچاغچییەکان بگیرێـت، بـۆ ئـەوەی کـە بەرهەمی کشتوکاڵی لە وڵاتانی دراوسێ دزە نەکاتـە هـەرێمی کوردسـتان بـە رێگـەی نایاسـایی، سـەبارەت بـە بندیوارەکان، من دڵنیـام کـە بـەڕێز وەزیـر بـەرپرس نییـە لـە حکومەتـدا، چـونکە ئـەو تـازە هاتووەتـە نـاو دەوڵـەت و حکومــەتی هــەرێمی کوردســتان، بــەڵام ئــەم بابەتــە بوویتــە بابــەتێکی واقیعــی و خــەڵك و

بەرپرسانیش دەزانن کە راستییەك هەیە، بۆیە هیوادارم هەم بەڕێز وەزیر کە لێرەیە و لەگەڵ وەزارەتەکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە جیاتی ئەوەی ئەم دیاردەیە رەت بکەینەوە هاوکاری یەکتری بکەین، بۆئەوەی ئەم دیاردەیە لە سیستەمی حوکمرانی وڵاتەکەمان بنبڕ بکەین ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاسن د. فرست فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند پرسیارێك ئاراستەی جەنابی وەزیر دەکەم، جەنابیان چەند ئامارێکیان سەبارەت بە بەرهەمی خۆماڵی خستە روو، ئایا لەو دۆخەی کە هەرێمی کوردستان هەیە ئێمە بینیمان لە رووی کشتوکاڵییەوە، ئایا چ زەمانێك هەیە کە ئەمە تەبعەن بە پێی پلانی وەزارەت دائیمەن ئەگەر ئەمساڵ ﴿٦٠٪﴾ بەرهەمی خۆماڵییە ساڵێکی تر زیاد بکرێت، بەو دۆخەی کە بینیمان لە وەزعی گەنم و تەماتە و پەتاتە و لە حیمایە نەکردنی جوتیاری ناوخۆیی، چ زەمانێك هەیە لە داهاتوو لە جیاتی ئەوانە بەرەو سەرەوە بڕۆن کێرڤەکە بەرەو خوارێ دێتەوە، مانای وایە نامانەوێت وەزارەتی کشتوکاڵ وەکو ئێمە گلەیی بکات، دەمانەوێت پلانی ئەوان ببینین کە ئەم بەرهەمە زیاد بکات، کەم نەکات، چونکە ئەوەی بینیمان دەبوایە نەیبینین لە حیمایە نەکردن و زەرەرمەند بوونی جوتیاری ناوخۆیی و بە قاچاغ هاتنی بەرهەمی بیانی، وای کرد کە نرخی تەماتە و پەتاتە بەو شێوەیە بێت کە بینیمان و لەوانەیە بەرەو کەمی بڕواتەوە، جەنابی وەزیر باسی تەجاوزاتی کرد لەسەر زەوی کشتوکاڵی ئەوەی کە ئەو مەزرەعانەی دەیان بینین لەوەی بیری تەجاوز، نامانەوێت دیسان گلەیی بێت، پلانی وەزارەت چییە کە ئەم مەسەلەیە رێگەی لێبگیرێت و کەم بکرێتەوە؟ ئێمە کاتی خۆی وتمان ئەو زەویە کشتوکاڵییانەی ئەو وڵاتەی دەست بەسەردا گرتووە، کردوویەتی بە مەزرەعە هەر نەبێت باجی لەسەر دابنرێت، بە دۆنم بێت بە هەر چی بێت، چونکە بە هەزاران دۆنم و زیاتریش دەبێت، لە جیاتی ئەوەی رێگەی لێبگیرێت بە تایبەتی هاوینە هەوارەکان هەمووی کرایە مەزرەعە، بۆیە بە تەسەوری من دەبێت ئەوەی گوێمان لێ بێت لە وەزیری کشتوکاڵ بە تایبەتی ئەم کابینەیەی کە هەموو هاوبەشن و باسی چاکسازی دەکرێت، دەمانەوێت بە داتا بزانین بۆ ساڵی ﴿٢٠١٦﴾ دەتواندرێت چی بکرێت؟ یەعنی بە تایبەتی لە رێگە گرتن لە تەجاوز و ئەمانە، پرسیاری تر، ئایا وەزیری کشتوکاڵ ئێستا بنەتۆیەك هەیە لەسەری ساغ ببنەوە لەکوردستان بڵێن ئەم بنەتۆیە شام شەشە، شام سێ یە، ئەدەنی یە، چییە؟ تا ئێستا توانیتانە ساغ ببنەوە لەسەر یەکێك لە بنەتۆیەکان؟ ئایا تا ئێستا وەزارەتی کشتوکاڵ مەسح و تەحەڕی زەوی کردووە؟ واتەکەشفی کیمیایی و فیزیایی ئەوەی پێی دەڵێن ﴿ئۆڤیانووسی و توربە﴾ کردووە تاکو بزانین چ جۆرە بەرهەمێك بچێنین، بۆیە بە تەسەوری من ئاخیر قسەم ئەوەیە ئێمە چ بۆ بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ چ وەزیرەکانی تر کە دێن دەمانەوێت لە پەرلەمان پلان و چارەسەر پێشکەش بکەن، نابێت ئەوان وەکو ئێمە یان رۆژنامەنووسێك گلەیی بکەن، بڵێن تەجاوزات هەیە،

زەوی کشتوکاڵی بە فێڕۆ دەدرێت و دەکرێت بە وەبەرهێنان، دەبێت بە پلان و پێکەوە رووبەڕووی ئەو کەم و کوڕییانە ببینەوە کە لە رووی کشتوکاڵییەوە رووبەڕوومان دەبێتەوە و بە راستی ئەوەی کێشەیە لە وەزارەتی کشتوکاڵ ئەوەیە خۆی پلان دادەنێت، خۆی تەنفیز دەکات، خۆشی موراقبەی خۆی دەکات، ئەمە یەکێکە لە کێشەکان، چۆن ئەنجومەنی وەبەرهێنان هەیە، ئەنجومەنی کشتوکاڵیش هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، تەلار خان فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن زۆربـەی پرسـیارەکانم لـە لایـەن بـەڕیزان ﴿د. سـراج و کـاك عبـدالرحمن و مـەلا غریـب د.عـزت و ئاوازخان﴾ کرا، لەسەر بازاڕ و کوالێتی و وەبەرهێنان و هەلی کار و بەنداو و چەند پرسیارێکیشم ماوە، بە راستی لەگەڵ ﴿د فرست﴾ هاوڕام لەسەر ئەوەی کە پێویست بوو وەزیری مەعنی پلانی درێژ خایەن و کورتخایەنی خۆی بخاتەڕوو، بۆ ئەوەی کە ئەندام پەرلەمانەکان بەرچاو روون بن لە و پلانانەی کە لە داهاتوودا هەرێمی کوردستان لە وەزارەتی کشتوکاڵ هەیە، بۆیە زۆربەی زۆری ئەو سەرنجانەی کە هەبوو، کاری وەزارەت خۆی بوو کە دەبوایە کاری لەسەر کرابایە، بۆ نموونە، ئەو پرسیارەی ئاراستەی دەکەم لە رووی یاساییەوە چ پرۆژە یاسایەکیان هەبێ بۆ رێکخستنەوەی کاری جوتیاران لەسەر زەویەکانیان بە شێوەی ﴿حق تصرف﴾ یان گرێبەستییان بووە؟ چونکە ئەم هەلە بەکارهێنانی مافەکانیان وای کردووە کە زۆربەی زۆری ئەز زەویانەی هەیانە بیفرۆشن، راستە لە رووی ژینگەوە کارێکی باشە، بەڵام ئەم کارە نەبووتە هۆکار بۆ بەرزکردنەوە بەرهەمی ناوخۆ و هیچ خزمەتی بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵی نەکردووە و هەروەها وای کردووە لە رێگەی ئەو باخە تایبەتانەی کە هەیە بووەتە هۆکارێك بۆ کەمکردنەوەی ئاوی ژێر زەوی لە رێگەی ئەو بیرانەی کە لێدەدرێت، زەرەری ئاو دەگەیەنێت بە هەرێمی کوردستان، چ پلانێکیان هەیە لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییکان بۆ جیاوازی قەرەبوو لەو زەویانەی کە نەوتی تێدایە، بە مەبەستی پاراستنی مافی جوتیاران و جیاوازی ئەم قەرەبووکردنەوەش ببێتە هۆکاری بەرەوپێشبردنی کەرتی کشتوکاڵ و هەروەها بەشێك لەم داهاتی نەوتە بە شێوەی بەرچاو بەکار بێت بۆ بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ لەم ناوچانەدا، پلانیان لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا بە پێی پێویست و پسپۆری ئەو خوێندکارانە بنێردرێنە دەرەوە، بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگیرێت لە داهاتوودا، چوارەم، پلانیان لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری بۆ ئەو شوێنانەی کە ئاسەواری تێدایە بە مەبەستی پاراستنی ئەو ناوچانە و لە هەمان کاتدا قەرەبووکردنەوەی وەزارەتەکانیان بە شێوەی گۆنجاو، پێنجەم، ئایا هیچ توێژینەوەیان کردووە بۆ ئەو بەروبوومانەی زۆرترین خواستیان لەسەرە لە دەرەوە نەهێنرێت و رێی لێ بگیرێت و لە داهاتوودا لەهەرێمی کوردستان بەرهەمبهێنرێت؟ بەرهەمهێنان تەحدید بکرێت بە پێی ناوچەکان، بۆ ئەوەی ئەم بەرهەمهێنانە ببێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی ئاستی وەبەرهێنان لە هەرێمی

کوردستان و ئەو هەرەشانەی کە لە رووی ئابووری لەسەر هەرێم نەکرێت، پرسیاری کۆتایی، ئەو ناوچە شاخاویانەی کە بوونەتە شوێنی گرنگ بۆ گەشت و گوزار و پاراستنی ژینگە لە ئێستادا زۆربەی ئەم ناوچانە لە رێگەی کۆمپانیاکان و لە رێگەی موعاملەکان بووینەتە شوێنی مەبەستی دەرهێنانی بەرد و لادەبریت و ناشرین دەکرێت، چ پلانێك هەیە بۆ ئەوەی وەکو خۆی لێبێتەوە و دیسانەوە ناشتنی دار لەم ناوچانەدا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شیلان خان فەرمووە.

**بەڕێز شیلان جعفر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و شاندی یاوەری دەکەم، پرسیارەکانی من خۆی دەگرێتەوە لە بیرلێدانی تەجاوز و بەکارهێنانی تەجاوز لەسەر زەویە کشتوکاڵییەکان و سەبارەت بە سایلۆکانی گەنم و جۆری خراپی و ئەو ناعەدالەتی و دابەشکردن و درەنگ دابەشکردنی لەسەر جوتیاران بوو، کە پرسیارەکانم کرا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ابوبکر فەرمووە.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله ﴿ابوبکر هەڵەدنی﴾:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێرای بە خێرهاتنی بەڕێز جەنابی وەزیر و وەفدی یاوەری، ئەم پرسیارانەم هەیە، تەئکید لەسەر گرنگی بەنداوەکان دەکەم لەسەر ئاسایشی ئاو و ئاودێری زەوی و زارو کاتی خۆی دوستی گەرەی گەلەکەمان ﴿د. اسماعیل بێشکچی﴾ لە ساڵی ﴿١٩٩٢﴾ پەیامی نارد بۆ بەڕێزان ﴿مام جلال و کاك مسعود﴾، کە خوشحاڵم بەو حاڵەتی خۆبەڕێوەبردنەی کە هەتانە، گرنگترین شت کە دەبێت جەختی لەسەر بکەین دروستکردنی بەنداوی بچووکە، چونکە دەوڵەتانی دەروپشتتان ناهێڵن لە داهاتوودا وا بە ئیستراحەت دانیشن، بەڵام ئەم بابەتە من تێبینیم لەسەر بەنداوەکان هەیە کە لەرووی شوێن و مەوقیعەوە نەگونجاو و بە کەڵك ناهێن وەکو ﴿سۆرقاوشان﴾ کە شوێنێکی بەردەلانە و هیچ زەوی کشتوکاڵی لە دەوروبەری نییە و تائێستا ﴿١٥﴾ ملیار دیناری تێچووە و تەسمیمەکەی گۆڕاوە، تەغیر عەمەلی بۆ کراوە، و ئەمەش جۆرێکە لە بەهەدەردان و بەنداوی ﴿دێوانە﴾ لە دەربەندیخان، لە کاتێکدا لەم دوو شوێنە دوو بەندوامان هەیە کە بەنداوی ﴿دوکان و دەربەندیخان﴾ن و هەروەها بەنداوی ﴿کانی ساردیش﴾ لە ناوچەی پێنجوێن، ئایا ئەم شوێنانە گۆنجاون؟ پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە، بەڕێز وەزیر باسی هەناردەی پەتاتەی کرد، بەڵام باسی بڕ و بەهاکەی نەکرد، ئایا ئەم هەناردەکردنە کاریگەری هەبووە لەسەر گەشەپێدانی کشتوکاڵ؟ هەروەها باسی قەرزی کشتوکاڵی کرد، ئایا ئەو کەسانەی کە سوودمەند بوون چەندن و ئایا جوتیاری حەقیقین یان نا؟ هەروەها

پاداشت دانی جوتیاری نموونەیی و دەست ڕەنگین کارێکی باشە و لە پلانی وەزارەت هەبێت و دەربارەی بڕیاری ژمارە ﴿٩٠﴾ی ساڵی ﴿١٩٧٠﴾ لە کاتی خۆیدا کە دەرچوو، حکومەتی بەعس لە ناوچەکانی جنوب هەموو زەویەکانی لەسەر جوتیاران تاپۆ کرد، بەڵام لە کوردستان بۆ چەسپاندنی تەهجیر و تەعریب ئەم سیاسەتە جێ بە جێ نەکراوە و ئەو بڕەی کە دەدرێت بە جوتیار ﴿٧٥﴾ مەتر لە دۆنمێك، كێشەی دروست كردووە زیادەڕۆیی دەبێت و جوتیار دڵی پێ خۆش نییە، بۆیە لایەنی کەم پارچە زەویەکی ﴿٢٠٠﴾مەتری لە دۆنمێك پێ بدرێت کە جوتیار دڵخۆش دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و هاوکارانی دەکەم، من چەند پرسیارێکم هەیە، ئایا ئەو جوتیارانەی بە هۆی نەخۆشییەوە بەرهەمەکانیان فەوتاوە وەکو گەنم لە ئەمساڵدا دووبارە دەیچێننەوە لە لایەن وەزارەت چ پلانێکی هەیە بۆ پشتیوانی کردنیان؟ پرسیارێکی تر ئەو زەویانەی عەقدی زیراعیان هەیە لە ناوچە شاخاوییەکان کە لە ﴿٢﴾ دۆنم کەمتر یان زیاترن، ئایا چ پلانێك هەیە بۆ ئەوەی عەقدی زیراعییان بۆ بکرێت؟ بۆ تەئکید کردن لەم خاڵە لە کاتی بەروبوومی جوتیاران بڕیارێکی باشتان دابوو بۆ ئەوەی هاوکاری جوتیاران بکەن ، بەڵام وەکو بینیمان لە بازاڕدا بەروبوومی هەم میوە، هەم سەوزە، زیادی کرد و وەکو پێویست ڕێگری لێنەکرا دەگەڕێتەوە بۆ چی؟ لە کاتی کرینی بنەتۆ لە لایەن کۆمپانیاکانەوە باسیان لەوە کرد ئایا پلان هەیە بۆ ئەو زەویانەی لەکاتی کەش و هەوا گۆڕانکاریان بەسەردا دێت، هەندێك کەم بارانی و هەندێك زیاد بارانی، کە دەبێتە هۆی فەوتاندنی دانەوێلەکەیان، بە گشتی پلانتان چییە بۆ پشتیوانی و دابینکردنی پێداویستییەکانی جوتیاران بۆ پەرەپێدانی زیاتر و هاندانی جوتیاران، بۆ ئەوەی پەرە بە کاری کشتوکاڵ بدرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بەهارخان فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیری کشتوکاڵ و شاندی یاوەری و مێوانەکان دەکەم، سەرنج و تێبینی و پرسیارەکانی من لە لایەن ئەندامانی لیژنەی کشتوکاڵەوە کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند خاڵێکم هەیە بە کورتی باسی دەکەم، دەپرسم کێشەی دەواجنەکان چۆن چارەسەر دەکەن؟ لەبەر ئەوەی خەڵکێکی زۆر لەو دەواجنە خۆماڵییانە زەرەرێکی زۆریان کردووە، لە ناوچەی بارزان تاکو ئێستا ﴿١٠٠﴾ هەزار دۆلار خەڵکی خاوەن ئەم دەواجنانە زەرەریان کردووە بە هۆی هاوردەکردنی مریشك بۆ ناو هەرێمی کوردستان و هەروەها کۆمپانیاکانیش ناچار دەکەن کە بچن مریشك بکرن، بەڵام ناکڕن و لەگەڵ خەڵکێکی تر رێك دەکەون و پارە دەدەن و بەرهەمی خۆماڵی ناکڕن و لە دەرەوە دێنن، بۆیە ئەو جوتیارانە زەرەو زیانێکی زۆریان کردووە، خاڵی دووەم، مەکائینی زیراعی زۆر گرانن، راستە ﴿٢٠﴾ هەزار دۆلار دەدرێت بە جوتیار، بۆ ئەوەی مەکائینێکی زیراعی دەست بکەوێت، بەڵام ئەم مەکائینە خۆی لە ﴿٧ تا ٩﴾ دەفتەر دۆلار دەدات، دەڵێن لە شەریکەیەك بینە دەرێ، جوتیار ناتوانێت ئەم پارەیە بدات، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەم مەکائینە زیراعیانە بە شێوەی قستی ماوەدرێژ بدرێت بە جوتیاران، لەبەر ئەوەی ئەگەر جوتیار ﴿٧ تا ٩﴾ دەفتەری هەبوو کەی کێشەی هەیە؟ کردنی زەوی زیراعی، پێویستە وەزارەت هانی جوتیار و خەڵك بدات زەویەك بچێنێت و بیکاتە زەوی زیراعی، لە هەموو دونیا وایە لە تورکیاش وایە، بۆ هەر چەند مەترێك بڕێك پارە دانراوە کە ئەگەر ئەو زەویە بکرێت بە زەوی زیراعی و زەوی خۆشی بێت بە زیراعی بکرێت پێویستە هان بدرێت و پارەی پێ بدرێت، وابزانم تا ئێستا وەزارەتی کشتوکاڵ هیچ بەرنامەیەکی وای نەبووە لە کوردستان بۆ فراوانکردنی زەویە زیراعییەکانمان؟ تەرخانکردنی پارە بۆ هەر جوتیار یان کەسێك نەمام و دار بچێنیت و ئەمانەش پێویستە چەند دارێك بچینێت لە بەرامبەردا پارە بدرێت، بۆ ئەوەی هان بدرێت و زەویەکان دابچێندرێن، چوارەم، دروستکردنی ساردخانە بۆ نەفەوتانی بەروبوومی جوتیاران لەبەر ئەوەی جوتیار لە ماوەیەکی کەم کە وەزرییە، بە هۆی نەبوونی شوێنی پاراستنی ئەم بەروبوومانە وا دەکات بەروبوومەکەی بفەوتێت و سوودی لێ نەبینێت، پێنجەم، دانانی باجی زۆر لەسەر بەروبوومی هاوردە، پێویستە بەروبووم لە دەرەوە هاوردە بکرێت، بەڵام باجی زۆر دابنرێتەسەری، بۆ ئەوەی لە لایەك حکومەت قازانج بکات و لە لایەك بەرهەمی ناوخۆ ساغ بکرێتەوە و جوتیارەکانمان زەرەر نەکەن، ماوەی پێشینەکان لە بەرنامەی وەزیر خۆی بوو کە بە قەرزی زیراعی درێژ بکرێت، خۆی بەرنامەی خۆیەتی دەستخۆشی لێدەکەین و هەروەها خانوو شووشەکان لە زۆر شوێنەکاندا نییە، بۆ نموونە دەشتی هەولێر زۆر لە بارە لە کاتێکدا هیچ خانووی شووشەی زیراعی لێ دانەنراوە، ئەمەش پێویستی بە دانانی خانووی شووشە هەیە لەو شوێنە و زۆر شوێنی تر ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاسن کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و شاندی یاوەری دەكەم، پاش ئەوەی جەنابی وەزیر روونكردنەوەكەی پێشكەش كرد، بەرنامە و پلانەكانی بەرز دەنرخێنم و هیوادارم بەردەوام بێت و ماندوو نەبێت، لەبەر ئەوەی بێ گومان ئاسان نییە جێ بە جێ كردنی ئەم كارانە و هەوڵی چاكسازی لەم هەرێمە، لەبەر ئەوەی رێگری دەبێت و ئاستەنگ دێتە پیشی، ئەم هەرێمە ئەگەر بە بەرنامە وپلانی ئیستراتیژی درێژخایەن و بێ ماندووبوون درێژەی پێ بدەن بۆ چاككردن و گەشەپێدانی كشتوكاڵ و بەرهەمەكانی، ئەوا بێ گومان دەتوانێت پێشكەوتنی بەرچاو بە خۆیەوە ببینێت و نەوت تاكە سەرچاوەی دارایی مان نەبێت و بێكاری لەم هەرێمە كەم بكەین و ئاسایشی خۆراكی خۆمان بپارێزین و خاڵێكی بەهێزیش دەبێت بۆ ئەوەی لە هەر كاتێك بڕیاری سەربەخۆیی خۆمان بدەین، بەرگەی جۆرەها رووبەڕووبوونەوە بگرین، لەو خاڵانەی كە باسی كرد من دەسخۆشی لێدەكەم كە عەقد بۆ ئەو جوتیارانەی كە عەقدیان بۆ نەكراوە كە زەوییەكانیان بەر سنووری شارەوانی دەكەوێت و هاوكاری جوتیارانی بەرهەمهێن، نەك هەر ئەوانەی ناویان جوتیارە، سەبارەت بە لامەركەزی دان بە خوارەوە، كارێكی باشە، ئەمە رۆتین كەمدەكاتەوە، بەلاّم پێویستە چاودێری توند هەبێت بۆ ئەوەی لە خوارەوە ئەم رۆتینە بە جۆرێكی تر دروست نەكرێ، خاڵێكی تر سەبارەت بە لێدانی بیر كە قەدەغەیان كردووە، دەستخۆشیان لێ دەكەم، كارێكی باشە، بەلاّم بەدیلیان چییە؟ لەبەر ئەوەی خەڵكی لادێیەكان بە تایبەتی ئەوانەی مەڕ و ماڵات بە خێو دەكەن لەوانەیە تاكە سەرچاوەی ئاویان لە رێگای ئەو بیرانەوە بێ بۆ مەڕ و ماڵات و هەندێك لە پێداویستییەكانی خۆیان پێ دابین كردبێت، ئایا بەرنامەتان چییە بۆ خەزانی گەنم و جۆ؟ كە لە وڵاتی ئێمە گەنم و جۆیەكی زۆر هەیە تاوەكو ئەم ماوەیە كێشەمان ئەوەبوو لە كوێیان هەڵبگرین ئەو گەنمانە، لە حەوشەكان بە خێمە و بە نایلۆن پارستمان، پێویستە بیر لە سایلۆ بكەینەوە، دروستكردنی ساردكەرەوە بۆ ئەو ناوچانەی كە كشتوكاڵیین بۆ ئەوەی بەرهەماكان ئەگەر لە كاتی خۆی نەفرۆشرا، یان نەڕۆیی بتوانین بیانپارێزین، سەبارەت بە خاوەن زەوی تاپۆ حەق تەسەروف عەقدی زراعی، ئەوانەی تەسەروف بە زەوییەوە دەكەن هەوڵبدرێت كە دەكەوێتە سنووری شارەوانی، چونكە هەموویان خاوەن زەوینە، بەلاّم بەهۆی ئەم رژێمانەی پێشوو هەموو ئەو بڕیارانەی كە پێشتر هەبووە نەتوانراوە بە یەك بڕیار تاپۆ بكرێ زەوییەكان لەسەریان، بە جۆرەها هەیە حەق تەسەروفە، كە ئەمەش مفەوزیە بە تاپۆیە، هەیە تەملیك كراوە لەسەری، هەیە هەر تەسەروفی پێ دەكات لە باب و باپیری بۆ ماوەتەوە، حەقە لە كاتی بەركەوتنی زەوییەكانی بە سنووری شارەوانی یەك حەقیان پێ بدرێت لە (٣٪، ١٢٪، ٢٠٪) ئەمانە، چونكە هەموویان خاوەن حەقن، سەبارەت بەرووبوومی ماسی زۆر كەمە كە لە (١٠٪)ی باس كرد، پێویستە جوتیاران هان بدرێ و ئەو بەنداوانەی كە دروست دەكرێ بەكار بهێنرێ، كەڵكی لێ وەربگیرێ بۆ ئەوەی بتوانین لە رێگەی ئەوەشەوە بەرووبوومی ماسی زیاد بكەین، سەبارەت بە پاراستنی ئاسایشی ئاو كە بابەتێكی گرنگە پێویستە ئەوە زۆر باسكرا بۆ بەنداوەكان، سەبارەت بە یەك بەنداوی زۆرر گرنگ لە كوردستان كە چەندساڵێك بەر لە ئەمڕۆ لە حكومەتی

عێراقەوە لە وەزارەتی ئەوێ بڕیاری لێدرا دروست بکرێ، بەنداوی تەقتەق کە گەورەترین بەنداوە، لە بەنداوی دوکان گەورەترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك تحسين فەرموو.

**بەڕێز تحسين اسماعيل (تحسين دۆڵەمەڕی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و شاندی یاوەری دەکەم، دیارە (مامۆستا عبدالرحمن و کاك حسن) و بەڕێزانی تر بە درێژی باسی ئەو کێشانەیان کرد کە لە بواری کشتوکاڵ هەیە، من چەند پێشنیارێکم هەیە، وەزارەتی کشتوکاڵ کاری جدی لەسەر دوو قۆناغ بکات، قۆناغی یەکەم: بەرووبووم بە جۆرێك زیاد بکرێت و هانی جوتیاران بدرێ کە پێداویستی کوردستان دابین بکات و هیچ جۆرە بەرووبوومێك لە دەرەوە نەهێندرێت، قۆناغی دووەم: کار لەسەر زیادکردنی هەموو جۆرە بەرووبوومێك بکرێ کە بتوانین بیفرۆشنیە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و ببێتە سەرچاوەی داهات بۆ کوردستان، لەو ناوچە شاخاویانەی کە بۆ کشتوکاڵ ناشێن گرنگی بە بواری بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات و هەنگەوانی بدرێت، پشتگیری زیاتری ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان دەکەم بە هاندان و هاوکاریکردنی ئەو هاووڵاتیانەی کاری کشتوکاڵی یان بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات و هەنگەوانی دەکەن، تا لە تواناداییێت ئاسانکارییان بۆ بکرێت، دروستکردنی بەنداوی بچووك بۆ ئەوەی ئاوی باران بە فیڕۆ نەڕوات و سوودی لێ وەربگیرێت، پاراستنی ژینگە بەگشتیی ببێتە ئەرکی سەرەکی وەزارەتی کشتوکاڵ، هانی هاووڵاتیان و کەرتی تایبەت بدرێت بۆ زیادکردن و پەرەپێدانی بەخێوکردنی ماسی، ئاسانکارییان بۆ بکرێت، دروستکردنی سایلۆ لە هەموو ئەو ناوچانەی کوردستان کە بەرووبوومی گەنم و جۆیان زۆرە، دروستکردنی ساردخانە لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بۆ پاراستنی میوە و سەوزە و میوەجاتی تر، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی باشی هەیە، پێشنیار دەکەم گرنگی زیاتری پێبدرێ، هەوڵبدرێ تەنها لە کەناڵێك بلاو نەبێتەوە، لە دوو، سێ کەناڵ بلاو بکرێتەوە، هەروەها سوود لە خەڵکی پسپۆڕ و شارەزا وەربگیرێت بۆ شارەزاکردنی جوتیاران و باشتر و زیاترکردنی بەرووبووم لە کوردستان، زەوی هەیە بەناوی مەزرەعە کە کەسێك خاوەنیەتی کە لە (١٠٠) دۆنم زیاترە، پێشنیار دەکەم مەزرەعە لە دۆنمێك تێ نەپەڕێت، ئەگەر تێپەڕێ لەسەری فەرز بکرێ کە دەبێت بەرهەمی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ايوب فەرموو.

**بەڕێز ايوب عبدالله اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و شاندی یاوەری، گلەییەکی زۆری جوتیاران لەسەر دابەشکردنی پەین و سەماد هەیە، جگەلەوەی بڕەکەی کەمە و لە کاتی خۆیدا نییە، کە زۆرجاران لە شوێنێکی دوور پێیان دەدرێت کە ئەوە جوتیاران ناچار دەکات کرێیەکی زۆری لێبدەن بۆ گەیاندنەوەی بە شوێنەکەی خۆی، دووەمیان: داوایان ئەوەیە کە ئەو قەرزە کشتوکاڵییانەی پێیاندراوە بۆ پرۆژە کشتوکاڵییەکان ماوەکەیان بۆ درێژ بکرێتەوە، خاڵی سێیەم: پرۆژەیەکی ئاودێری هەیە لە سنووری پشدەر لە ناحیەی سەنگەسەر کە حەوت هەزار و پێنج سەد دۆنم بەراو دەکات، ئەو حەوت هەزار و پێنج سەد دۆنم زەویە هیچیان سەنەد تەملیکی بەناوی جوتیارەکانەوە نییە، دوو هەزار دۆنم بە بڕیارێکی رژێمی پێشوو لە ساڵی (١٩٧٨) خراوەتە سەر وەزارەتی شارەوانی، کاتێك جوتیارەکان زەوییەکانیان دەکەوێتە سنووری شارەوانی و داوای قەرەبوو دەکەن پێیان دەڵێن ئێوە سەنەد تەملیکەکانتان بەناوی شارەوانییەوەیە، بەناوی خۆتانەوە نییە، یەکێك لە خاڵەکانی تر کە پێویستە باسی بکەین لەسەر قەرەبووکردنەوەی جوتیارانە لە کاتێك زەوییەکانیان کە داخیلی سنووری شارەوانی دەبێت، کە هەر وەکو جەنابی وەزیر ئیشارەتی پێدا کە حەق نییە زەوی کشتوکاڵی بکرێتە سەکەن، بەلاّم کاتێك کە دەکرێتە سەکەن گرفتێکی جوتیاران ئەوەیە کە جیاوازی هەیە لە نیسبەتی قەرەبووەکانیان لە بەینی پارێزگایەك بۆ پارێزگایەکی تر، یان قەزایەك بۆ قەزایەکی تر، حەقە وەزارەتی کشتوکاڵ هەوڵی ئەوە بدات تەوحیدی ئەو نیسبەتی قەرەبووە بکرێ بە پێی جۆری زەویەکانیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ابو کاروان.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (ابو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیری کشتوکاڵ و شاندی یاوەری دەکەم، تێبینییەکانم یەکەم: ئاسایشی خۆراك بە یەکلایەنە و تەنها لە بەرنامە و راپۆرتێکی بەو شێوەیەی وەزارەتی کشتوکاڵیدا دابین ناکرێت، بەڵکو ئەوە بابەتێکی زۆر گرنگ و هەمەلایەنەیە، بە تایبەتی لایەنی ئابووری و دارایی و بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتی تاك و کۆمەڵگا دەگرێتەوە، پێویستە لەم دوو لایەنەوە ئاسایشی خۆراك دابین بکرێت، بۆ ئەمەش پێویستە حکومەتی هەرێم و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراك، کۆمەڵگایەکی خاوەن تەندروستیی باش و گەشەسەندوو کە بە دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆراك و چاککردنی جۆرەکانی خۆراك دێتە دی، حکومەت بیکاتە ئامانجی و کاری بەردەوامی بۆ بکات، دووەم: چارەسەرکردنی پرسی هەژاری لە کۆمەڵگا و بە تایبەتی لە کۆمەڵگای جوتیارییدا، ئەمەش بە رەخساندنی هەلی بەرهەمهێنان و دروستکردنی کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێن دەبێت، پێویستە لە بواری کشتوکاڵییدا زیادکردن و چاککردنی بەرهەم لە هەردوو کەرتی گشتیی و تایبەتیدا بکرێتە ئامانجی نزیك، بۆ ئەمەش حکومەت پێداویستییەکانی بەرهەمهێنان لە زەوی و ئاو و بنە تۆی چاککراو و قەرزی کشتوکاڵی و تەکنەلۆجیای

هاوچەرخ و رێگای زانستی کشتوکاڵیکردن کە پشت بە توێژینەوەی زانستی و کشتوکاڵی و رێنمایی کشتوکاڵی ببەستێت، رێگا لە کۆچی پێچەوانەی جوتیاران کە لە گوندەکانیانەوە، لە ناوچەی کشتوکاڵی زۆر گرنگەوە بەرەو شارەکان کۆچ دەکەن، بۆ ئەمەش پێویستە لە هۆکارەکانی بکۆڵدرێتەوە، چارەسەری بۆ دابنرێت، بۆ نموونە یەکێك لە ریکارەکانی گواستنەوە (الصناعة التحويلية)، پێشەسازی گۆڕینی کەرەستەی خاوی کشتوکاڵییە بۆ کەلوپەل و پێداویستییەکانی کۆمەڵگا و جۆرەکانی تەکنەلۆجیا و پێداویستییەکانی ژیانی رۆژانەی گوندنشینانە بۆ گوندەکان، واتە بەبێ دروستکردنی هاوسەنگی و دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان لە نێوان کۆمەڵگا و شار و گونددا ئاسایشی خۆراك دەستەبەر ناکرێت، گەیشتن بە ئاسایشی خۆراك بەردەوام بەشێکە لە چەسپاندنی ئامانجی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی جیا ناکرێتەوە، بۆ ئەمەش پێویستە لە رێگای کۆنگرەی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان تایبەت بە داڕشتنی ستراتیجی ئاسایشی خۆراك بەشدار بین و پاراستنی ماڤی هەرێمی کوردستان لە ئاوی هەرێمایەتی و رێکخستنی پەیوەندی بازرگانی و گومرگی نێوان وڵاتانی هەرێمایەتی و جیهانی و چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەو چالاکییانە بۆ بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان، جێگری باردۆخی سیاسی و ئابووری و چارەسەرکردنی کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا لە رێگای دیالۆگ و گەڕان بەدوای چارەسەری سیاسییانە، وەکو لەم ماوەیەدا دەرکەوت بارگرژی سیاسی لە نێوان هەولێر و بەغدا زۆر مەترسی بۆ سەر ئاسایش بەگشتیی و خۆراك بە تایبەتی هەبوو، ئەمە جگەلەوەی ئەگەر بارگرژی لەگەڵ وڵاتانی هەرێمایەتیدا دروست بێت دەرئەنجامێکی مەترسیداری تری دەبێت، پێنجەم: راپۆرتی وەزارەت باسی لە هەندێك رێ و شوێنی گونجاو کرد بۆ چارەسەری هەندێ گرفت، بەڵام ئەوانە تێڕاونینێکی یەکلایەنەیە، بۆ نموونە زیادکردنی سلفەی کشتوکاڵی و ماوەی دانەوەکەی ناتوانێ کێشەی جوتیاران و کشتوکاڵ چارەسەر بکات، ئەگەر ئاسانکاری بۆ وەرگرتنی کۆگا و کارکردنی دانەوێڵەی جوتیاران و بەشداریکردنی حکومەت لە کرێی گواستنەوە و بەبازاڕکردن و دابینکردنی ساردکەرەوە و عەلوە و هەتا دوایی، لەبەر چاو نەگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.جوان فەرموو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دەستخۆشی و بەخێرهاتن لە بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و شاندی یاوەری دەکەم، بەڕێزیان، وەزیری کشتوکاڵ لە جەلسەی (١٢/١٨) باسی حکومەی ئەلیکترۆنی کرد، من پشتگیری لێ دەکەم هەنگاوێکی زۆر باشە، کە هاووڵاتی خزمەت بکات لە رێگای شەبەکەی ئەنتەرنێت، کارەکە بە خێرایی دەڕوات و جوهدی کەمتری دەوێت و کولفەکەشی کەمتر دەبێت، کوالێتیەکەی ئیش و کاری

کشتوکاڵیش باشتر دەبێت، بەڵام جێبەجێکردنی پرۆژەی حکومەی ئەلیکترۆنی پێویستی بە چاکسازی وەزعی کشتوکاڵی ئێستا هەیە، واتە ئیجرائاتی رۆتینی کشتوکاڵ پێویستمان بەتەبسیتی ئیجرائات هەیە، پێویستە موستەلزەماتی تەقەنی و زانیاری پەیوەندی (ICT) هەبێ لە کشتوکاڵ، بەڕێز وەزیر باسی ئینتاجی کرد، بەرهەم (Product)، دەبا باسی لە (Marketing) کردبا، بە بازاڕکردن لە بازاڕ، چونکە زۆر گرنگە پێکهاتەکانی عەناسیری (مزیج)ی تەسویقی کالأیە، نرخە، تەرویجە، شوێنە، وا لێ بکەین بە رێگای تەسویق و تەرویج پەیوەندیمان لەگەڵ (Customer)، لەگەڵ زەبونی زۆر پتەو بێت لە رێگای ئیعلانات، لە رێگای پەیوەندی راستەخۆ، هەتا وای لێ بکەین خەڵك تەشجیع بکەین کالأی ناوخۆ بکڕێ، هەرچەند مونافیس ئەولەویەتیش بداتە کالأی ناوخۆ، هەرچەند مونافەسە زیاتر بێ کالأی ئێرانی بێت، یان تورکی بێت، ئەوە لەسەر تەسویق و تەرویج راوەدەستێ، هۆکارەکانی دواکەوتنی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان زۆرە باسی هەمووی ناکەم، تەنها باس لە گرنگەکانی دەکەم، نەبوونی پلانی ستراتیجیەت، ململانێی سیاسی و حیزبی، شەڕی برا کوژی، حەساری ئیقتیصادی، نەوت بەرامبەر بە خۆراك، نەبوونی ئالییات و ئامێری کشتوکاڵ، نەبوونی کەفائاتی زانستی، لاواز بوونی پشتگیری حکومەت بۆ جوتیاران، لە کاتی خۆی ئەگەر پشتگیریشی بکردبا لە کاتی خۆی نەدەگەیشت، (کاك بشار) لە جەلسەی (١٢/١٨) دوو نموونەی زۆر باشی هێنا، نەبوونی سیاسەتی تەسویق و تەرویج ئەوانەی باس ناکەم، ئەوانە ئەم هۆکارانە هەمووی وای لێ کرد جوتیار لە هەرێمی کوردستان هەندێك جوتیار زەوی خۆی بفرۆشێت، گوندی خۆی بەجێ بێڵێت بێتە ناو شار، بێتە ناو پایتەخت کاری عەقارات و موقاوەلات بکات، دەڵێ ( خطوة ألف میل یبدأ بخطوة واحدة)، راستە، زۆر کێشە و کۆسپە لە سێکتەری کشتوکاڵ هەیە لە هەرێمی کوردستان، زەحمەتە و ئاسان نییە، بەڵام ئەو فرسەتە بۆ بەڕێزتان کە وەزیری کشتوکاڵ بە ئینجاز دادەنرێت ئەگەر هاتو لە ئایندەیەکی نزیك پلانێکی تۆکمە دانێن بۆ کشتوکاڵ، هەروەها ئالیەتی جێبەجێکردن و کۆنترۆڵکردنی تاوەکو بزانێ گرفتەکان بە راستەخۆ چییە؟ پێش وەخت چارەسەر بکرێت، سێ پرسیارم لە بەڕێزتان هەیە، پلانتان چییە بۆ ئایندەی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان؟ راستە، روونتانکردەوە، بەس روونترمان دەوێت؟ پلانتان چییە بۆ زیادبوونی بەرهەمی ناوخۆ؟ کە نموونە گەنم و جۆمان هەیە، هەنارمان لە هەڵەبجە هەیە، گوێزی سەکرانمان هەیە، تەماتەمان هەیە، لە هەرێمی کوردستان هەموو شتێکمان هەیە، بەرهەمی خۆمان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك جمال مۆرتکە فەرموو.

**بەڕێز جمال عثمان (جمال مۆرتکە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز جەنابی وەزیر و شاندی یاوەری دەکەم، بەراستی من دەمەوێ هەندێك شتی بابەتییانە باس بکەم، یەکێکیان ئەوەیە ئێمە باس لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و بەرووبوومی نەوت دەکەین لە

کوردستان، یان له هەر ولاّتێك که روکنی ئەساسی ژێرخانی ئابووری ولاّته، بەس بە رای من لەسەر ئەساسی موقیعی جوگرافی کوردستان و بۆ ئایندەی بەردەوامبوونی ژیان و بەربەستکردنی هەموو ئەو درندایەتییەی بەرامبەر به میللەتی ئێمه دەکرێ لەو مەوقیعەدا، به رای من دوێنێ شۆڕشی کورد بەردەوام بووه به پاڵپشتی جوتیار و بەرووبوومی جوتیاران، ئەوەی ئێستا دەبینم ئێمه بەراستی پێویسته له گرنگترین وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخ به وەزارەتی کشتوکاڵی بدرێت، بۆ ئەوەی بەردەوام بین لەسەربەخۆیی ولاّتەکەمان، ئەگەر ئێمه له کوردستان ئێستا حەسارێکی هەمەلایەنانەمان بێتەسەر له برسان دەمرین، پێویسته ئێمه بەچی بژین؟ به بەرهەمی جوتیاران و ئەو سەرچاوانەی که بۆ ژیان له کوردستان بەرهەم دەهێنرێت، کەواته ئێمه بایەخ و گرنگی بەوە بدرێ له بواری ئابووری هاوکاری له میزانیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان له هەمان کاتدا لەسەر ئەساسێکی زانستی وشیارانه جوتیارەکانی خۆمان رابێنین، تەفەروغ زیراعی بکەین به شێوەیەکی سەردەمییانه که بتوانین گەنجەکانمان بەرهەمی باشتر بەدەست بێنن، یان جوتیارەکانمان وا رابێنین به شێوەیەك بێت وەکو شێوازی ئێستا له ئەوروپا، له ولاّته پێشکەوتووەکان بۆ بەرهەمی جوتیارەکانیان کەوا بەرهەمێکی زۆر باش بەرهەم دەهێنن، لەبەر ئەوەی کاتەکه زۆر کەمه من نامەوێ زۆر به درێژی باسی بکەم، بۆیه پێویستمان بەوە هەیه به رای من کۆنفرانسێك ببەسترێت و بتوانرێت لەو کۆنفرانسەدا به بڕیارێکی گرنگ بۆ ئەوەی ئاوڕێك له بەرهەمی کشتوکاڵی بدرێتەوە، باشتری پێش بێخین، ئەویش بەچی؟ یەکەم: هاوکاری حکومەت بۆ جوتیارەکان، دووەم: شێوازی ئاودێری که بتوانرێ به شێوەیەکی ئاودێری باش، لەسەر ئەساسێکی زانستییانه، چوارەم: زەوی کشتوکاڵی نەکرێته پڕۆژە، گوناحه، تاوانه زەوی کشتوکاڵی دەکرێته پڕۆژە، پڕۆژە هەیه دەتوانی له ناوچه شاخاوییەکان لەو شوێنەی که بەرهەمی نییه و لەوێدا بکرێت، لایەکی تر ئەوەیه دەتوانن بەرهەم بەدەست بێنن جوتیار و کوڕە جوتیارن بگەڕێنەوە بۆ پیشەی جوتیاری خۆیان، گرنگییان پێ بدرێت، به رای من مووچەکەیان بدرێتێ بۆ ئەوەی بتوانن موقابیلی بەرهەمی کشتوکاڵی بەدەست بێنن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك سەرکەوت فەرموو.

**بەڕێز سەرکەوت سەرحەد خلیفه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەخێرهاتنی وەزیری کشتوکاڵ و شاندی یاوەری دەکەم، بەڕێزان، بۆ چاککردنی بواری کشتوکاڵ له کوردستان دەبێت پێشەکی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتیوانی تەواو بکات له گشت رووەکانی سیاسی و دارایی و کۆمەلاّیەتی، هەوڵبدرێت کاری یەکەم له تاپۆکردنی زەویه کشتوکاڵییەکان بێ بۆ ئەوەی جوتیار سەرپشك بێت له مامەڵەکردن به زەوییەوە، چونکه پێشکەوتنی بواری کشتوکاڵ به رووبەری کەم ناکرێت، زیادکردنی بودجەی وەزارەتی کشتوکاڵ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە زۆر پێویسته، کەمکردنەوەی بڕی پارەی تەرخانکراو به چەند بوراێکی کشتوکاڵ که ساڵانه

بودجەی بۆ دادەنرێت هیچ کاریگەری نەبووە لە پێشخستنی بواری کشتوکاڵ، وەك پرۆژەی بە بازاڕکردنی سەوزە و میوە، چونکە پارەیەکی زۆر تەرخان دەکرێت، بەڵام بەهۆی رۆتیناتەوە کەمی دەگاتە دەستی جوتیاران، هەماهەنگی کردنی هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی دارایی، چونکە پلان بەبێ پارە جێبەجێ ناکرێت، ئەگەر کاتەکەش گونجاو نەبێت ئەمە جگەلە بەهەدەردانی سامانی گشتیی هیچی تر نییە، بۆ نموونە دابینکردنی سەمادی نایترۆجینی دەبێت لە مانگی یەك لەبەر دەستی جوتیار بێت، هەروەها سەمادی (DIP) دەبێ لە مانگی (١٠) لەبەر دەستی جوتیاران بێت، ئەگەر وانەبێت ئەوە تەنها بازرگان سوودمەند دەبێت، پێداچوونەوەی بە تەواوی رێنماییەکانی بانکی کشتوکاڵ، چونکە نەك هاوکاری جوتیاران ناکات، بەڵکو بۆتە رێگر لە پێشخستنی کشتوکاڵ بەهۆی زۆری رۆتینات و مەرجە قورسەکانییەوە، هاندانی کەرتی تایبەت لە ئەنجامدانی پرۆژەی گەورە و بچووك لە بواری کشتوکاڵدا، چونکە تێچووی پرۆژەی کشتوکاڵ زۆرە، پێویستی بە ئاسانکاری زۆرە بۆ ئەوەی کەسی وەبەرهێن بتوانێ بەردەوامبێت لەسەر پرۆژەکەی، بۆ نموونە وەك چۆن ئاسانکاری زۆرکراوە بۆ کۆمپانیاکانی نەوت لە کوردستان کە شێوەی نییە لە عێراقدا، زۆربەی کۆمپانیا جیهانییەکان پێش برکێ دەکەن لەسەر دەسکەوتنی کاری وەبەرهێنان لە بواری نەوت لە کوردستاندا، بەخشینیان لە باج و پێدانی زەوی بۆ پرۆژەکانیان، ئەم کارە بە یاسا رێکبخرێ باشە، هەروەها گرنگیدان بە بواری باغداری و هاندانی جوتیاران لەو بوارەدا و داخستنی مەرزەکان لە کاتی پێگەیشتنی بەرهەمەکانی ناوخۆ و سزادانی ئەوانەی سەرپێچی دەکەن، بۆ زیادکردنی داهاتی وەزارەتی کشتوکاڵ سەرجەم ئەو داهاتانەی کە لە رێگای سەرپێچیکردنی کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی خۆراك دەست دەکەوێت بخرێتە خەزێنەی وەزارەتی کشتوکاڵ، بەپێی یاسا رێکبخرێت، بۆ ئەوەی بتوانێ ببێتە هاوکاری پرۆژە کشتوکاڵییەکان، هەروەها گرنگیدان بە گلدانەوەی ئاوی سەر زەوی و پاراستنی ئاوی ژێر زەوی، ئەوەش بە دروستکردنی بەنداوی گەورە و بچووك لە ناوچە جیاوەزەکانی کوردستان بۆ سوود وەرگرتن بۆ ئاودانکردنەوە، بەکارهێنانی پرۆژەی ئاودانی پێشکەوتوو بۆ ئەوەی بتوانرێت زۆرترین رووبەری بە کەمترین ئاو، ئاو بدرێت، هەروەها لابردنی سەرجەم باج و گومرگ لەسەر هەموو جۆرە کەرستەیەکی کشتوکاڵی، کە هاوکاربن بۆ پێشخستنی بواری کشتوکاڵی، ئەگەر بۆ ماوەیەکی دیاریکراویش بێت باشە، دروستکردنی سایلۆ لەسەرجەم قەزا و ناحیەکان بە تایبەتی لە ناوچە کشتوکاڵییەکان بە شێوەیەك قەبارەی سایلۆکە لە (٣٠٠٠٠) تەن کەمتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ناظم فەرمووو.

**بەڕێز ناظم کبیر محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمەوێ لە رێگای بەڕێزتانەوە پەیامەکەم بە چەند پێشنیارێك ئاراستەی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و شاندی یاوەری بگەیەنم، هیوادارم کە لەبەرچاوی بگرن، پێشنیاری یەکەم: ئەوەیە کە وەکو دیارە ئێستا لە

هەرێمی کوردستان زۆر خەڵك لە زۆربەی گوندەکان زەویەکی زۆری کشتوکاڵییان بەدەستەوەیە، بەڵام گرێبەستی کشتوکاڵییان نییە، بەخۆشحاڵییەوە وەزارەتی کشتوکاڵ چەند رێنماییەکیان دەرکردووە بۆ جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٨)، جێبەجێکردنی گرێبەستی کشتوکاڵی لەسەر ئەم خەڵکانە کە زەوی کشتوکاڵییان بەدەستەوەیە، بەڵام ئەوەی گرنگە کە لێرەدا پێشنیار بکەم دەرکردنی مەرج بۆ دروستکردنی ئەم گرێبەستانە، ئەم زەویە کشتوکاڵییانە زۆر بە دەستی پێشمەرگەکانیشەوەیە، من پێشنیار دەکەم کە پێشمەرگە لەو مەرجانە ئیستسنا بکرێت، چونکە دروستکردنی ئەم گرێبەستانە وەکو دیارە کە پێشمەرگە ناگرێتەوە، ئینجا من پێشنیار دەکەم کە پێشمەرگە لەم مەرجانە ئیستسنا بکرێتن بۆ ئەوەی کە گرێبەستیان بۆ دروست بکرێتن، پێشنیارێکی ترم ئەوەیە وەکو دیارە ئێستا لە هەرێمی کوردستان یان بە شێوەیەکی گشتیی لە جیهان لە داهاتوودا خوا نەخواستە تووشی شەڕی ئاویش دەبین، ئینجا لێرە بۆ ئەوەی کە ئێمە گرنگی بە ئاوی ژێر زەوی بدەین، من پێشنیار دەکەم کە گرنگی بە ئاوی ژێر زەوی بدرێت و چیتر ئاوی ژێر زەوی بە فیڕۆ نەدرێت، وەکو دیارە لە هەرێمی کوردستان بە سەدان بیر هەیە کە ئێستا بە بەردەوامی ئاویان لەبەردەڕوات و بێ ئەوەی کە ئەم بیرانە بگیرێتەوە، من پێشنیار دەکەم کە ئەو بیرانە چیتر ئاویان لەبەر نەڕوات و تەنها بەکاربهێنرێت لە کاتی وەرزی بەرووبوومەکەدا، پێشنیارێکی تریشم ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەبینین زۆر لە زەوی کشتوکاڵ بە فیڕۆدەدرێت لە ئەنجامی دروستکردنی پرۆژەی گەورە لەسەر ئەم زەویانەی ، یا دروستکردنی ئەوەندە کەمپی گەورە لەسەر زەوییە کوشتوکاڵییەکان، جا ئێمە پێشنیاردەکەین بۆ ئەوەی کە چیتر زەوی کشتوکاڵی بە فیڕۆنەدرێتن ئەم جۆرە پرۆژە گەورانە یان دروست نەکرێن لەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکان و لەسەر زەوی تر دروستبکرێتن، بۆئەوەی چیتر زەوی کشتوکاڵی بە فیڕۆنەدرێتن، پێشنیارێکی تریشم هەیە لەسەر ئاسایشی خۆراك من پێشنیاردەکەم بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ کە هەماهەنگی و هاوکاری هەبێت لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراك ، پێشنیارێکی تریشم هەیە لە کاتی سەردانی وەزیری کشتوکاڵ بۆ دەڤەری ئاکرێ و بەردەڕەش، وەکو دیارە کشتوکاڵی ئاکرێ و بەردەڕەش کۆمەڵێك پێشنیارێکیان ئاڕاستەی جەنابی وەزیری کشتوکاڵ کردووە نامەوێت درێژە بە قسەکانم بدەم ئەو پێشنیارە هەمووی بخوێنمەوە، بەڵام من پێشنیاردەکەم کە ئەو جۆرە پێشنیارانەی ئاڕاستە کراوە لەبەرچاوبگیرێت لەلایەن وەزیری کشتوکاڵەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ئومێد حەمە علی فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بونیاتنانی وڵاتێکی بەرهەمهێن پێویستە لەسەر چەند ئاستێك بەشێوەیەکی زانستی و سیستەماتیك تەقەلای سیاسی و دارایی و کارگێڕی بۆ بە خەرج بدرێ بەچەند خاڵێك:

يەكەم" ئەوەی کە کەرتی پیشەسازییە لە ئاستێکی زۆر پاشکەوتوودایە ئەویش بە هۆکاری پشتبەستن و بە بنەماگرتنی نەوت و داهاتەکەی و دروستبوونی سیستەمێکی بەرخۆر، دروستبوونی کۆمەڵێك سەرمەیەداری نەوت، کردنی حکومەت لە لایەکەوە بە بانقی پارەو لەلایەکی ترەوە بە حکومەتێکی بەرخۆر و ژمێرەری پارە، بە بڕوای من ئەمە گرفت و ئاستەنگی بەردەم زیندووکردنەوەو گەشەکردنی کشتوکاڵە، بۆیە نازانم جەنابی وەزیر بەرنامەی چییە؟ بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان ئەم دوو کەرتە، دواجار ئەوەی کە کەرتی نەوت بخرێتە خزمەتی گەشە پێدانی کەرتی کشتوکاڵ ، دووەم" ئەوەی کەرتی بازرگانییە، ئەم کەرتە تاڕادەیەك فراوان و بەربلاوە و جێگەیەکی گەورەو کاریگەری لە ژیانی ئابووری هەرێمی کوردستان داگیرکردووە، بەلام ئەم جێکەوتە گەورەیەی بازرگانی واتای گەشەکردنی ژیانی ئابووری هەرێمی کوردستان ناگەیەنێ، چونکە بەشداری ئێمە لەم کەرتەدا لەئاستی نەبوون یان لە ئاستێکی نزمدایە، ڕاستە هاوردەکردن پێویستی ڕۆژانەی خەڵکە، بەلام پێویستبوون و واتا ئەم هاوردەکردنە پێویستبوون و جدییەتی گەشە پێدانی کشتوکاڵ و بەروبوومەکانی پەکخستووە، ئایا لە ئەمڕۆکەوە بەرنامەتان چییە؟ ئەو ئامارانەی جەنابی وەزیریش هێمای پێکرد دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ناهاوسەنگییەکی گەورە لە نێوان ئەو دوو بنچینەیەی کەرتی بازرگانیدا واتا هاوردە و ناردەنی ئامادەیی هەیە، ئەوەی کەرتی کشتوکاڵە کێشەی ئەم کەرتە کاریگەرو هەرەشەیە لە ڕووی ژیانی ئابووری، کۆمەلایەتی، کارکردەکانیشی لەسەر ژیانی سیاسی لە ئێستا و بۆ ئایندەش دەرکەوتووە و دەردەکەوێت، کێشەکانی ئەمانە، ڕێکنەخستن و پۆلین نەکردنی زەوییە کوشتوکاڵییەکان بە شێوەیەکی زانستیانە و ڕێگەدان بە بەکارهێنانی زەوییەکان بە ئارەزووی کەسی خاوەن زەوییەکان و جوتیاران، ئەوە کێشەیەکی گەورەیە، چونکە مەرج نییە هەموو جوتیاران، خاوەن زەوییەکان بتوانن لەسەر ئەساسێکی زانستی تەندروست زەوییەکان بە چاندن و بەرهەمهێنانی ئەو بەروبوومانە بەکاربهێنن کە لەگەڵ جۆریەتی و نەوعییەتی زەوییەکان بگونجێ لە ڕووی جیۆلۆجییەوە، خاڵێکی تر لەناوبردنی زەوی کشتوکاڵی بەڕێز وەزیر باسی لەمە کرد، بەلام ئەم کێشەیە بەردەوامەو یان پەرلەمان یان بۆ ئەوەی خێراتربێ پێویستە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری یەکلاکەرەوە بۆ ڕێگەگرتن لە بەرکاهێنانی زەوی کشتوکاڵی بدا، ئایا ئێوە چیدەکەن بۆ ئەم مەبەستە؟ خاڵێکی تر کێشەی گەورەی ژیانی ئابووری ئێمە ئەوەیە تەنها کەرتێك کە بوونیادێکی بەهێزی ناوخۆی هەبێ کشتوکاڵە بەتایبەت بوونی زۆری زەوی کشتوکاڵی، بۆیە پێویستە هەم لە ڕووی بودجەوە حکومەت و پەرلەمان بەشی گەورەی بۆ ئەم کەرتە تەرخان بکەن، هەم وەزارەت پێویستە بەرنامەی ستراتیژی بۆ ئەم کەرتە هەبێ نازانم ئەو بەرنامە ستراتیژیەی وەزارەت چییە؟ حەزدەکەم ئەو پرسیارە ئاڕاستە بکەم لەسەر ڕاپۆرتی وەزارەتی کشتوکاڵ خۆیان ، یەکەم ئاسایشی خۆراك پلانەکەیانمان بۆ ڕوونکەنەوە چۆن ئەتوانن ئاسایشەکە دابین بکەن؟.....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو کەژاڵ هادی فەرمووو.

**بەڕێز کەژاڵ هادی فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمەوێ لە ڕێگای بەڕێزتانەوە سێ پرسیار ئاڕاستەی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ بکەم ، پرسیاری یەکەم" کۆمەڵێك پاڵاوگەی نایاسایی لە هەرێمی کوردستان لە زۆربەی ناوچەکاندا هەیە، بە تایبەتی تر ئەوەی کە من هەستم پێکردووە لە شاری هەولێر لە گوێر، گوندەکانی دەوروبەری گوێر لەگەڵ ئەوەی کە پاڵاوگەکان نا یاسایین ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر بەروبووم و زەوی و زاری جوتیاران، بەڕێزیان ئاگادارە؟ ئایا هیچ هەماهەنگی و پلانیان هەیە لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتە؟ پرسیاری دووەم" ئایا بەڕێزیان پلانی هەیە بۆ ئایندە، زۆرترین سوود لە زەوییەکانی قەزای مەخموور وەك قەراج و کەندێناوەو سەرجەم گوندەکانی تری ئەم سنوورە کە ساڵانە پانتاییەکی زۆری زەوی بێ زراعەت بە جێدەهێڵدرێت وەربگرێت؟ پرسیاری سێیەمم" زۆرکارگە هەن لە کوردستان زیاتر لە (١٠) ساڵە دروستکراون، بەڵام هیچ سوودێکی لێوەرناگیرێ، تا ئێستاش سەدان فەرمانبەر لەسەر میلاکی ئەم کارگانە مووچە وەردەگرن، نموونە کارگەی زەیتی ئاکرێ کە لە ساڵی (٢٠١٢) دروستکراوە، تێبینیەکم لەسەر ڕاپۆرتەکەی وەزیری کشتوکاڵ هەیە بەڕێزیان بە هیچ شێوەیەك لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژەی بەوە نەکردووە ساڵانە چەند دۆنم زەوی جێدەهێڵدرێت و بە بێ زراعەت و بەبێ ئەوەی هۆکاری هەبێت؟ سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك شێخ شامۆ فەرموو.

**بەڕێز شامۆ شێخۆ نعمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نهۆ ڕاپۆرتا جەنابێ وەزیرێ گەهشتە بەردەستێمە، بخێرهاتنێ جەنابێ وی دکەم ئەو شاندی پێکڕا، هەرچەندە ئەز لەناو دانوستاندنا نەبووم بەڵکی ئەوە دوو، سێ ڕۆژە ئەز لناڤ ئۆپڕاسیۆنە ئازادکرنا دەڤەرا شنگال بووم، ئەز سبەی هاتم، بەس پرسیارا من ئەوەیە ل جەنابێ وەزیری جارێ ل پلاناواندا ئەڤ دەڤەرێن مادده (١٤٠) تایبەت ئەو دەڤەرێن هاتی داگیرکرنیش لای تیرۆریستانەوە ناڤ پلانەواندا هزرەك هاتییە کرن؟ حیسابەك هاتییە کرن بۆ پلانا وان لە داهاتوو؟ چونکە ئەڤ دەڤەرە تەسەوڕا من ئیدی وەخت هاتییە پیڤیا مادده (١٤٠) دابڕاندی نەمینێن، ئەز دکارم نموونەکا ساغ بینم وان چەند ڕۆژێ ئەز ل شنگال جەولەکا مەیدانی لناڤ گوند و کۆمەڵگەهێ شنگال من کر، ئەڤ دەڤەرا هەمی روویێ ژیانێ هاتنە تالان کرن، دکارم ژ رووێ چاندنێ بێژم دەڤەر بارا پتر ژیانێ وێ خەلکێ گرێدایە زراعەت و چاندنێیە، ئالیاتێت وان، مومتەلەکاتێت وان، مەکائینێت وان، تۆڤ و گەنمێت وان چونکە ئەوان وەرزێ چاندنێ داگیر کری بوون دەڤەرێ چۆلکریبوو مەحرومانا ژ چاندنێ ژی هەر تشتێ وان هاتییە تالانکرن، دیتنا من ئەگەر وەزارەت پلانەك هەبن بۆ هاریکاری کرنێ و قەرەبووکرنێ ڤان دەڤەرا ل ئاستێ بەرخودان و قوربانیدانە ئەوان ئەڤ

دەڤەرە بێنە قەرەبوو کرن داکو ئەڤ خەڵکە هەنەکی هاریکاریا وان بێنـە کـرن وەختـی زڤرنـا سـەر دیـواری خۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو بێگەرد تاڵەبانی فەرمووو.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیری بەڕێز و وەفدی یاوەری دەکەم ـ بەخێرهاتنی خوێندکارانی کۆلێـژی پزیشـکی دەکـەم، قسەکانی من زۆربەیان کرا، پشتیوانی قسەکانی ئاوازخان، کاك خەڵەف، دکتـۆر عـزت و کـاك ئومێـد حەمـە علی دەکەم، لە ڕاستیدا من دووو قسەی پوخت و کورتم هەیـە، هـەرێمی کوردسـتان دەبێـت شـانازی بـەوەوە بکات کە ئێمە خاوەنی هەناردەکردنی نەوتین، یەعنی یەکێکین لەو هەرێمانـەی کـە توانیومانـە لـە مـەجالی بەرهەمهێنانی نەوتدا هەنگاوی باش بهاوێـژین، بـەلآم هەمیشـە ئـەوەمان لـە بیرنـەچێ لـە زۆربـەی پێـوەرە زانستییەکانی دونیادا ئەوە هەیە ئەو وڵاتانەی دونیا تەنها سەرچاوەی داهاتی وڵاتەکەیان نەوتە گەلەکـەیان زۆر بە هەژاری دەژین، بەداخەوە ئێمە لە هەرێمی کوردستان لە ڕابردوودا ئەمە بۆتە یـەکێك لـە سـێکتەرە سەرەکییەکان کـە کارمـان لەسـەر کـردووەو، هـەموو لایەنـەکانی دیکـەی مەسـەلەی بووژانـەوەی کشـتوکاڵ و گرنگیـدان بـە سـێکتەری کشـتوکاڵ فەرامۆشـکردووە کـە یەکێکـە لـە کارەسـاتە گـەورەکان، بـازاڕی ئـازاد لـە هەرێمی کوردستان بۆتە هۆی ساغکردنەوەی بەروبوومی زۆربەی وڵاتانی دونیا لە کاتێکدا خۆمـان دەزانـین لـەناو هـەرێمی کوردسـتاندا هـەم زەوی، هـەم توانـای جوتیارانمـان لـە ئاسـتێکدایە کـە دەتـوانین نێـو مـاڵی خۆمانی پێ پڕبکەینەوە، بەلآم ئەوەی کە لەلای مـن پرسـیارەو لـە ڕێگـای جەنابتانـەوە دەمـەوێ ئاڕاسـتەی وەزیـری بـەڕێزی بکـەم ئەوەیـە زۆربـەی ئـەو گوندانـەی کـە کەوتوونەتـە ناوچـە سـنوورییەکان گرفتێکـی گـەورەی گواسـتنەوەی بەروبوومـەکانیان هەیـە لـە ڕاسـتیدا، چـونکە ڕێگاوبانـەکانیان وەکـو پێویسـت نییـە تاوەکو ئێستا جادە بۆ ئەو گوندانە بۆ بەشێکی زۆری گونـدەکان نەچووە، لـە هەمانکاتیشـدا خـاوەنی بـاغ و کێڵگەی کشـتوکاڵین، نـاتوانن بەروبوومـەکانیان سـاغ بکەنـەوە، سـالآنە بەشـێکی زۆری بەروبوومـەکانیان بـە هەدەر دەچێت، ئایا پلانی وەزارەت چییە بۆ ئەوەی بتوانن ئەو بەروبوومانە لەناوچە دوورە دەستەکان کـە گوندەکانــە، بەتایبــەتی دەمــەوێ قســە لەســەر ناوچــەی دەڤــەری پشــدەر بکــەم کــە زۆربــەی گونــدەکانی کەوتوونەتـە ناوچـە سـنوورییەکان و خـاوەنی بـەروبوومێکی زۆری میـوە و بـەروبوومی کشـتوکاڵین، بـەلآم نـاتوانن بەروبوومـەکانیان بێننـە نـاو بازاڕەکـان سـاغی بکەنـەوە لەگـەڵ ئـەوەی لـە سـالآنی ڕابـردوودا مەبلەغێکی کەم پارە دەدرایە شۆفێری ئـەو سـەیارانەی کـە بارەکانیـان دەگواسـتەوە، بـەلآم ئەمـە هۆکارێـك نەبوو بۆ ئەوەی کە دەستگیرۆیی جوتیارەکان بکا، خاڵێکی دیکە بە ڕای من حکومەتی هەرێمی کوردسـتان و وەزارەتـی کشـتوکاڵ بـیر لـەوە دەکاتـەوە کـە لـە ئێسـتاوە بـاج لەسـەر بەروبوومـە هێنراوەکـان لـە دەرەوەی هەرێمی کوردستان زیادبکرێ بۆ ئەوەی بەروبوومە نێوخۆیەکانی خۆمان تووشی لـە ڕاسـتیدا زیـانی گـەورە

نەبن، چونكە لە ماوەكانی ڕابردوودا هەر بەمنزیكانە چەندین كێڵگەی پەلـەوەری لـە هـەرێمی كوردسـتاندا دوچاری زیانی گەورە بوونەوە لەم بوارەدا، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك عمر عینایەت فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بـەخێرهاتنی وەزیـر و میوانـە بـەڕێزەكانیش دەكـەم، كێشـەی داگیركردنـی زەوییـە كشـتوكاڵییەكان باسـكرا دوێنێ ئێمە یاسایەكمان پێشكەش بـە وەزارەتـی شـارەوانی كـرد بـۆ هـەموو كوردسـتان داوادەكـەم وەزارەتـی كشـتوكاڵیش سـەرنجی ئـەو یاسـایە بـدا بـە ئێمـە بـۆ ئـەوەی زیـادەڕۆیی لەسـەر هـەموو ئـەرزی كوردسـتان نەهێڵین، كێشەی گوندەكان باسكرا ، ئێمە پرۆژەیەكمان حـازكردووە بـۆ چـۆڵنەكردنی گونـدەكان كـە ئێسـتا ڕێژەی دانیشتوانی گوند لە (٩٪)یە دانیشتوانی شار لە (٩١٪)ە ئەو پرۆژەیەش داوادەكەم لە لیژنـەی یاسـایی داوایكردووە بێتەوە ناو هۆڵی پەرلەمان و وەزارەتی كشتوكاڵیش سەرنجی خۆی لەسەر بدا، ئەوە زۆر گرنگە بە بەڕێز وەزیری ئەڵێم پلانـی چییە بـۆ بەرهەمـە ناوخۆییـەكان؟ ئـەم سـاڵ تـەنی زەیتـوون هـی جوتیـار فرۆشراوە بە (٥٠٠,٠٠٠) هەزار دینار لەكاتێكدا پارەی ڕنینەكە و كرێی سەیارەكەی نەكردووە ئایا بەرهـەمی زەیتوون هەر بۆ تورشیاتە؟ یان ئەكرێ ڕۆنی زەیتونی لێ بەرهەم بهێنرێت، دوو بەنداو زۆر گرنگە دروست بكرێن لە دەربەندی ڕانیە، لە تۆقووت لەسەر هەردوو سەدی دەربەندیخان و سەدی دوكان، لەبەر ئەوەی تـا ئێسـتا ئـاوی كوردسـتان تـەنها بـۆ جنـوب و وەسـەتی عـیراق بـووە، پێموایـە بەنـداوی تۆقـووت لـە دیراسـە كردندایە داواكارم بەنـداوی ڕانیـەش بخرێتـە دیراسـەوە، لەبـەر ئـەوەی مەنتیقـەی پشـدەر لـە هـاوین و لـە زستاندا هەردوو بەنداوەكە ئێمە ئیستیفادەی لێناكەین و چۆڵە، لەبەر ئەوەی خەڵكی كوردستان ئیسـتیفادە لـەو ئاوانـە بكـات و ئـاوی ژێـر زەویـش ئیسـتیفادەی لێـوە بكـات، ئەنـدازیارە كشـتوكاڵییەكان چـۆن ئـەرزی كوردستان بێ نازە ئەندازیارە كشتوكاڵیەكانیش بـەو شـێوەیە بـێ نـازە، پلانـی چییە بـۆ ئـەوەی گەشـە بـە توانای ئەندازیارە كشتوكاڵییەكان بدات؟ بژێوی ژیانیشیان دابین بكات؟ بەڕێزی باسی ئەوەی كـرد ١/٨ملیـار دینـار لـە سـاڵی (٢٠١٣) تـەرخانكراوە بـۆ وەزارەتـی كشـتوكاڵ بـەپێی زانیارییـەكانی مـن، لـە سـەدا چـەندی خەرجكردووە؟ پرۆژەی ئاوی شەمامك هەبووە لـە پـێش چـوار سـاڵ (٣٥٠) ملیـۆن دینـاری بـۆ تـەرخانكراوە دراوە بە كۆمپانیایەكی توركی بۆ تا ئێستا جێبەجێ نەكراوە؟ ئەگرا لەسەر توانای زاتی خۆیـان جێبـەجێی بكەن لە كاتێكدا ئێمە داوای ئیكتفای زاتی خۆمان ئەكـەین، بـەڵام زۆر بـە داخـەوە دراوە بـە كۆمپانیایـەكی تـوركی ئـەوە زۆر گرنگـە ئیشـی لەسـەر بكـەین، ئـەخیر بابـەتم لەسـەر خـەزانێك هـەبووە ساردكەرەوە لـە ناحیەی سیروان ئایا پلانی چییە بۆ دروستكردنەوەی هەڵگرتنی میوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك بێستون فائق فەرموو.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای بەخێرهاتنی وەفدی میوان، هەموو جار من ئەو سەرەی پێشم قسە ئەکا، لە پشتەوە قسە ئەکا، لە تەنیشتم قسە ئەکا، ئەم دیوم قسە ئەکا دوایی سەرەی من دێ بە هەر حاڵ قسەکانم زۆربەی کرا، بەڵام یەك بابەت مەسەلەی فڕۆکە خانەی کشتوکاڵی کە ئێستا پێموابێ تەنها لە عەربەت فڕۆکەخانەیەکی کشتوکاڵی هەیە، بەڵام وەکو پێویست سوودی لێوەرناگیرێت بەرنامەی وەزارەت چییە بۆ زیادکردنی فڕۆکەخانە یان زیادکرنی ژمارەی فڕۆکە بۆ سوود لێوەرگرتنی زیاتر لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو مریەم سەمەد فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و وەفدی یاوەری دەکەم، من نامەوێ قسەی هەڤاڵانم دووبارە بکەمەوە دیارە من دەمەوێ لە ڕێگای بەڕێزتانەوە چەند پرسیارێك ئاڕاستەی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ بکەم، ئێستا کاك بێستون باسی لە پێشنیاری فڕۆکەخانە کرد، من دەمەوێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم ساڵانە سەدان و هەزاران دۆنم پاوان لە وەرزی هاوین و پاییز لە وڵاتەکەمان بە هۆکاری جیا جیا دەسووتێن، بە تایبەت ناوچە شاخاوییەکان ئەویش لەبەر بوونی مین و بەرزی هەندێك شوێن ئاگرەکە بە ئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێت، ئایا وەزارەتی کشتوکاڵ تا چەند پلانی هەبووە بۆ کڕینی چەند کۆپتەرێکی ئاگر کوژێنەوە، چونکە هەمووومان ئەزانین زەرەری ئەو ئاگر کەوتنانەوە زۆر زۆرە هەم بۆ سروشت و هەم بۆ ژینگە هەم زەرەری ماددی ئێجگار زۆریشی هەیە، پرسیاری دووەم ماوەی چەند ساڵێکە لە زۆربەی ناوچەکان بە سەدان و هەزاران دۆنم زەوی سیاج دەکرێ بە ناوی موڵکەوە کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرێ بە تایبەت ناوچە گەشتیاریەکان گە یشتۆتە ڕادەیەك خەریکە شوێن نامینێت بۆ گەشتیاران ڕووی تێبکەن، پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا وەزارەتی کشتوکاڵ تا چەند لەوە ئاگادارە توانیویەتی ڕێگری بکات لە کڕین و فرۆشتن بە زەویە کشتوکاڵیەکان و ناوچە گەشتیارییەکانەوە؟ پرسیارێکی ترم ئەوەیە لە بەڕێزیان وەك هەموومان ئاگادارین بەرهەمی هەنگوین لە هەرێمی کوردستان ئەو جۆرە هەنگوینەی لەسەر ئاستی هەموو جیهان ناوبانگی هەیە، بەڵام بەهۆی کۆمەڵێك هۆکارەوە ساڵانە بە ملیۆنەها مێش، هەنگ لەناو دەچن ئەویش هۆکارەکەی بە شێکی زۆری دەرمان ڕشاندن و بژارە کە زۆر بابەتی دیکەش هەیە کە کاریگەری کردووە ئەو مێشانە بفەوتێن، ئایا وەزارەتی کشتوکاڵ بیری لەوە نەکردۆتەوە چارەسەری ئەو گرفتە بکات؟ پێشنیارەکم بۆ بەڕێزیان هەیە بۆ ڕێگرتن لە سووتان و پاراستنی ژینگە و کشتوکاڵی وڵاتەکەمان پێشنیار دەکەم ئەو دوو یەکەی ئەو هێزەی کە هەیە بەناوەکانی فەرمانـدەی پێشمەرگە بۆ پاراستنی ژینگە کە سەر بە

وەزارەتـی پێشـمەرگەیە، بەڕێوبەرایـەتی پۆلیسـی دارسـتان و ژینگـە کـە بـە هـەردووکیان نزیکـەی (٦٥٠٠) پێشمەرگەو پۆلیسـیان هەیـە ئـەو دوو هێـزە یـەك ئامانجیـان هەیـە ئـەویش پاراسـتنی سروشـت و ژینگـەو دارستانەکانە، بـەلاّم بـە دوو میکانیزمی جیا ، بۆیـە دەکرێت ئـەو دوو هێـزە یەکبخرێتـەوە بخرێتـە سـەر وەزارەتی کشتوکاڵ، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەو پێشنیارە بـە هەنـد وەربگـرێ بـۆ ئـەوەی ئـەو ئامانجانـەی کـە هەمانە بۆ پێشکەوتنی کشتوکاڵ هەم لە ڕووی پاراستنی ژینگەوە، هەم لـە ڕووی سووتان و ئەوانـە سـوودی لێوەربگیرێت، بەشێکی زۆری تری پرسیارەکانم ئەو بەڕێزانە کردیان هیوادارم بە هەند وەربگیرێت، یەکـەم داهاتی جوتیاران کە بەراورد بە ماندوو بوونیان زۆر بەکەمی قازانجی لێدەبینن، ئەوە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر گوندنشین و جوتیـاران دروسـتکردووە لەسـاردبوونەوەیان لـە پیشـەی جوتیـاری، بۆیـە لـە بـەڕێزیان دەپرسم پلانی تازەیان چییە بۆ چەند ساڵی داهاتوو؟ سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك انور قادر فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم بە کورتی خۆی لە سێ بەشدا دەبینێتـەوە ڕوونکردنـەوە و پرسـیار و پێشـنیار، دیـارە ئـەمڕۆ بـە ئامادەبوونی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو گفتوگۆکردنە لەسەر بابەتێکی زۆر گرنگ ئەویش بواری کشتوکاڵە، لە هـەرێمی کوردسـتان زەوی بـە پیـت زۆرە بـۆ کشـتوکاڵ کـردن لـە شـارەکانەوە بگـرە تـا دەگاتـە شارۆچـکە و شـارەدێ و دێهاتـەکان، بـەلاّم ڕوون و ئاشـکرایە کـە کـەرتی کشـتوکاڵ لـەم هەرێمـە وێـران و داتەپیوە، ئەگەر دەسەلاّت بایەخی بـەم کەرتـە دابوایـە بێگومـان بـارودۆخی کشـتوکاڵ دەبـوو بەسەرچـاوەی داهـاتێکی گـەورە بـۆ خـەڵکی کوردسـتان کـە بـاس لـە خراپـی بـارودۆخێکیش دەکـرێ دەبـێ هۆکارەکەشـی ڕوونبکرێتەوە، گومانیش لەوەدانییە کە هۆکاری خراپی دۆخی کشتوکاڵیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوانەی کـە لـە حکومڕانیدا بێپلان و بێ نیەت و بێ ئیرادەبوون و شکستیان خواردووە لە حکومڕانیدا، من دوو پرسیارم لە وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو هەیە یەکەمیان وەزیـری کشـتوکاڵ و سەرچـاوەکانی ئـاو چ ڕێگایـەکی گرتۆتە بەر بۆ بووژاندنـەوەی ئـەم کەرتـە چـونکە هاتۆتـە سـەر بـوارێکی وێـران؟ دوو" لـەم هەرێمـە زەوی کشتوکاڵ خەریکە بەرەو نەمان دەچێت لە دەست بەسەر داگرتنیان چ لەلایـەن بەرپرسـەکانەوە، چ لەلایـەن کۆنە موستەشارەکانی ڕژێمی دکتاتۆری بەعسی ڕووخاو بە پشتیوانی هەندێك هێـز و لایـەن، دروسـتکردنی کۆشك و ڤێلا بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیـان لەسـەر ئـەو زەویانـە لـە کاتێکدا ئـەو زەویانـە زیـاتر مـوڵکی وەزارەتـی دارایـی و وەزارەتـی کشـتوکاڵن واتـا مـوڵکی گشـتین، پرسـیار ئەوەیـە ئایـا وەزیـری کشـتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لەگەڵ وەزارەتی دارایی هیچ پلانێکیان هەیە بۆ کۆتایی هێنـان بـەم داگیرکارییـەو دەسـت بەسەر داگرتنە؟ بەشی سێیەم ڕەئی من و پێشنیاری من ئەوەیە من پێموایە دەبێت پلانێکی تۆکمەو نیـەت

و ئیرادە هەبێت بۆ بووژاندنەوەی ئەو کەرت ، بەڵام خاوەن پلان دەبێ کێ بن؟ دەبێ ئەوانە بن کە خەڵکی دڵسۆزی ئەم هەرێمەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو مونیرە عوسمان فەرمووو.

**بەڕێز منیرە عثمان علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و وەفدی یاوەری دەکەم، لە ڕێگای جەنابتانەوە ئەمەوێ چەند پرسیارێك ئاڕاستەی بەڕێزیان بکەم، یەکەم" چیتان کردووە و پلانتان چییە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەی کە پار ساڵ تووشی بێستانەکانی دەشتی شارەزوور بۆوە بۆ ئەوەی جارێکی تر تووشی ئەو حاڵەتە نەبنەوە؟ دووەم" بەرنامەتان چییە بۆ ئەوەی جارێکی تر جوتیارەکانمان بەرهەمەکانیان فڕێنەدەن وەك ئەوەی بەرهەمی تەماتە لە پێنجوێن ڕوویدا، بەرهەمی ماسی لە ڕاپۆرتەکەی جەنابتاندا ڕێژەی لە ١٠٪ ئایا هەنگاوەکانتان چییە بۆ بەرزکردنەوەی ئەم ڕێژەیە؟ پلانی بەڕێز وەزارەتی کشتوکاڵ چییە بۆ دۆزینەوەی بازاڕ بۆ هەناردەکردنی ئەو بەرهەمە زیادەی کە بەرهەمدەهێنرێت بە تایبەتی ئەو بەرهەمانەی لە خانووە پلاستیکەکان بەرهەمدەهێنرێن؟ لە کاتێکدا پلانتان هەیە بۆ بەرهەمی مریشك بۆ ئەوەی بینێرنە دەرەوە، دانانی چوار مانگ عەقدی زیراعی کە موڵکەکان تەملیك ئەکرێن بە پێی ئەو بینینی ئەو جوتیارانەی کە خانووی پلاستیکیان هەیە پێیان وایە ئەو چوار مانگە بۆ ئەو جوتیارانە کەمە و پێویستیان بەوەیە ماوەکەیان بۆ درێژبکرێتەوە ، ئایا بەڕێزتان بەرنامەتان چییە بۆ نە هێشتنی تەجاوز لەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکان؟ وەك لە ڕاپۆرتەکەی جەنابیشتان ئاماژەی پێدرابوو، بەڕێز کاك عمر عینایەتیش باسی لەو پرۆژەیە کرد کە تەواو پشتگیری دەکەین لە نەهێشتنی، لە سنووری ئاغجەلەر کە پێویستییەکی زۆریان هەیە بە سایلۆ، بەڵام لە بودجەی ساڵی (٢٠١٣) بودجەی بۆ دیاری کراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو سایلۆیە دروستنەکراوە بەدواداچوونی جەنابتان بۆ ئەو حاڵەتە چی بووە؟ خاڵێکی تر ئەمەوێ باسی بکەم ئایا چیتان کردووە بۆ دروستکردنی کارگەی جۆراو جۆر لە سنووری شارباژێر کە خاوەن میوەو میوەی جۆراوجۆری زۆرە، بەڵام بەهۆی دووریان لە ناوەندی قەزای مەرکەزی سلێمانییەوە نەیانتوانیوە بەرهەمەکانیان وەکو پێویست ساغ بکەنەوەو ساڵانە بە دارەکانەوە ئەرزێت، پرسیارێکی ترم بەڕێز جەنابی وەزیر لە ڕاپۆرتەکەیدا کە خوێندییەوە ئاماژەی بەوەدا کە لەناو وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێریا (١٣٠٠٠)هەزار فەرمانبەر هەیە ، بەڵام لە ڕەشنووسی نەخشە ڕێگای هەمان وەزارەتدا (١٤١١٧)فەرمانبەر هەیە، لە بودجەی ساڵی (٢٠١٣) (١٤٩٠٧) فەرمانبەر هەیە ئێمەی پەرلەمانتار لە نێوان ئەو سێ ژمارەدا نازانین بڕوا بەکام ژمارە بێنین کە ژمارە ڕاستییەکەیە، بەپێی ئەو زانیاریانەشمان کەلە وەزارەتی کشتوکاڵەوە بەشێك لە فەرمانبەران وەرگیراوە لەناو وەزارەتی کشتوکاڵدا کۆمەڵێك لە فەرمانبەر هەیە لە هەفتەیەکدا تەنها یەك ڕۆژ دەوام دەکا کە ئەمەش بە بن دیوار حیساب دەکرێن، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش خاتوو مونیرە کاتت تەواو بوو، بەڕێز کاك دلێر مصطفی، فەرموو.

**بەڕێز دلێر مصطفی حسن( دلێر ماوەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە ئەوەندە گرفتی ئابووریمان نییە، بەقەد ئەوەی گرفتی بەڕێوەبردنی ئابووریمان هەیە، من دوو پرسیارو پێشنیارێکم هەیە، یەکەم: ناکرێت باس لەو خانوو وزەوییانە بکرێت، کە زەوییەکانیان بەکار ناهێنن، ئەو خاوەن زەوییانەی کە دەمێکە دەستیان بەسەردا گرتووە، دووەم: دیارە زەوی کشتوکاڵ لە کوردستان لە ١٠٪ی بەراوە لە ٩٠٪ی دێمە، چۆن کار بۆ بە بەراوی دەکرێت، ئێستا بەشێوەیەکی دیار بیری سورییە، کێشەیەکی زۆر دیارە لە ناوچە سنوورییەکاندا، بە بڕیارێك قەدەغە کراوە، کە دیارە ئەمە پەیوەندی زۆری بە ئاوی ژێر زەوییەوە نییە، بۆ کشتوکاڵ و بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیش زۆر گرنگە، جگە لەو بڕیارەی کەدراوە قەدەغە کراوە، بەڵام لەلایەن کۆڵێ خەڵکی دەسەڵاتدارەوە بەڕاستی هەر لێ دەدرێت، نرخی لەسەر جوتیارو ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت گوندەکانیان ئاوەدان بکەنەوە زۆر دەبێت، واتە بیری سووری یەکەمجار بە( ٦ تا ٧ دۆلار لێ دەدرا، ئێستا بە (١٠٠) دۆلار لێ دەدرێت، بەڕێژەیەکی زۆریش، خەڵك بووە بەشەریکی خەڵکە سوورییەکان، بۆیە دەکرێت پێداچوونەوەیەك بۆ ئەمە بکرێت، بەتایبەتی کۆمەڵێك سنوور کە ئاوی زێ و دەریاکانیان لاوە نزیکە، یەعنی شوێنی وا هەیە وەکو ئالان، وەکو سنووری ماوەت، کە زۆر دوورن و گوندەکانیان بەرزە، چەمەکانیان زۆر لەخوارەوەیە، ئەگەر ٥٠ تا ٦٠ مەتر لێ بدرێت دەچێتە سنووری ئاوەکانی تر کە لەسەر زەوین، بیرێك لەوە بکرێتەوە کێشەیەك حەل دەکات، ئەو کۆمەڵە خەڵکەش کەلەگەڵ برا سوورییەکان شەریکن دەستی ئەوانەش دەبەسترێت، زیاتر حکومەتیش جوانتر دەبێت، کە بەڕێگەی یاسایی کاری باشتر بکات، پێشنیارەکەشم ئەوەیە کە بەنداوێك لە نزیك ماوەت دروست بکرێت، کە لەسەر دووکانە، هیچ زەوییەك زیاتر لە (٢٠) کیلۆ مەتر، ئەگەر بگەڕێتەوە هیچ زەوییەك ناکەوێتە ژێر ئاوەکەوە، ئیحتیاتێکی زۆر گەورەی بەنداوی دووکانیشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆرە پەری صالح، فەرموو.

**بەڕێز پەری صالح حمید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی پشتیوانی لەقسەکانی مامۆستا عبدالرحمن و فەیروز خان دەکەم، سەبارەت بە برنجی کوردی، دوو پێشنیارو پرسیارێکم هەیە، پرسیارەکەم زۆر لەلایەن هاورێکانمەوە کرا، دەستیان خۆش بێت، یەکەم: پێویستە بۆ زیندووکردنەوەی ئەو ژێرخانە ڕووخاوەی کشتوکاڵی وڵاتەکەمان، وەك وڵاتانی ئەرژەنتین، ئێران، ئیسرائیل، لە ئێستاشدا سعودیە، خەمی جدی بۆ دروست کردنی کۆمەڵگای نموونەیی بخورێت، ئەمەش لەڕێگای دابین کردنی پارەیەکی باش لەلایەن حکومەتەوە، بۆ ئەوەی پڕۆژەی زەبەلاح لەو شوێنانە

بکرێت، لەکاتێکدا لەخانەقینەوە تا زاخۆ ئێمە زەوییەکی ئێجگار زۆرمان هەیە، ئەمەش لەژێر چاودێرییەکی زۆری لایەنە پەیوەندیدارەکان بێت، بۆ ئەوەی ئەو پارەی کە لەوێ بەگەڕ دەخرێت، بەرهەم زیاتر بکات، تا قازانجی خۆی هەبێت، ئەمەش دەبێتە بارسووکییەکی گەورە بۆ حکومەت، لەلایەکی تر ڕێژەیەکی باشی بێ کاری چارەسەر دەکات، لەڕێی بەگەڕ خستنی وزەو توانای هاوولاتیانی ئەو شوێنانە، ئەمەش بەدابین کردنی باشترین ئاژەڵ و لەوەڕ و عەلەف و پێشتریش ئیسرائیل ئەو ئەزموونەی لەولاتی ئێران وەرگرت و جێبەجێی کرد، ڕەنگە( ١لە ٥)ی بودجە دابین بکات ئەو پڕۆژانە، چیتر ئەو شتانە لە دەرەوە هاوردە ناکەین، چونکە بەدزی و ئاشکرا، کەوانیان لە ئاسایشی نەتەوەییمان سوار کردووە، خوا دەزانێت ئەو خواردنانە چی تێدەکەن، بۆ ئەمەش دەکرێت سوود لە کوردانی ڕۆژهەلات و ڕۆژ ئاواو باکور وەربگرین، نەك چی دی کەسانی بیانی بێنین، خاڵی دووەم: دیارترین کێشەی کشتوکاڵ ئەوەیە، زەوی کشتوکاڵی تاپۆ بکرێت، بەمە هەیبەتی دەوڵەت نامێنێت، هەر لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پاوان کردن و سیم کردنەی زەویی کە لە کوردستان بووە بە مۆدێل، ئەو پەڕی خۆپەرستی بکەرەکانی نیشان دەدات، بەرامبەر بە هاوولاتی و پەلەوەر و ئاژەڵ و ژینگە، پرسیارێکیشم هەیە، زەوی جوتیاران بەبەر کۆمپانیاکانی نەوت کەوتوون، ئایا هەموویان قەرەبوویان وەرگرتووە؟، یان لەو کێڵگانە بەشیان هەیە، کە لە باپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوە، ئایا ئەمە ڕاستە لە ئێستادا کەسانێك بەکاری دێنن، کە نە لە نزیك نەلەدوور ناوی ئەم شوێنانەیان نەبیستووە، خاوەنە ڕاستەقینەکەشی لێ بێبەش کراوە، لەکۆتاییدا هیوادارم جەنابی وەزیر لەو ماوەی لەکارەکەی دەستبەکارە جێ دەستی دیار بێت، لەهەر شوێنێك ئاستەنگی بۆ دانرا، ڕای گشتی و شەقامی لێ ئاگادار بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك حاجی کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو، سێ خاڵم هەیە، وەکو پێشنیار یەکەم: پرسیارێك بۆ جەنابی وەزیر، دەستخۆشی لێ دەکەم، تەمەنای بۆ دەکەم کە لەماوەی ئاییندە ئەو کارانەی کە لەپێشیەتی، سڕینەوەی ئەو هەموو وێرانییە بێت کە لەڕابردوودا کرا لەم کەرتەدا، بەس پرسیارەکەم بۆ جەنابی ئەوەیە، ئەگەر ئەو پلان و بەرنامەیەی کە دایڕشتووە، یان ئەو پێشنیارانەی کە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشیان کردووە، لەماوەیەکی دیاریکراو بۆی جێبەجێ نەکرا، وەك دەڵێن بەرنامەی چییە؟جوابی چییە؟، چ بەرنامەیەکی بەدەستەوەیە ئەگەر نەکرا؟، ئەو گوناهی چییە ئەوانەی ڕابردووش هەڵبگیرێت، پێشنیارێکی ترم لەوە ئەچێت بۆ جەنابتان وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان و لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ بێت، ئەویش ئەگەر ئەوان بۆیان کرا با بیکەن، ئەگەر نا

ئێمـە وەکـو پەرلـەمان بیکەینـە کۆنفرانسـێکی بـەرفراوان بـەماوەی شـەش مـانگی داهـاتوو لەسـەر کـەرتی کشـتوکاڵی، ئـەو کۆنفرانسـە دەرئـەنجامێکی باشـی دەبێـت، تـا ئێسـتا لەکوردسـتان شـتی وا نـەکراوە، دەیـان کۆنفرانس لەسەر نەوت کراوە، بەڵام کۆنفرانسێکی لەو بابەتە بکـەین لـەوە ئەچێت ئیسـتیفادەی لـێ بکـەین، من لەدوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکەی جەنابی وەزیر، زۆربەی باسی بەنداوی گـەورەو بچووك کـراوە، بـەڵام بەهیچ شێوەیەك باسی بێخمە نـەکراوە، کـە بێخمـە پـرۆژەیـەکی سـتراتیژی قـەومی زۆر گەورەیـە، بـە دوور ونزیك خۆی لێ نـەداوە، نـازانم هۆکارەکـەی چییە؟، ئایا تـەواو دەسـتی لـێ بشـۆین و باسـی نەکـەین؟، یـان لەپلانی داهاتوودایە؟، ئەگەر هەیە بۆچی باس نەکراوە؟، خاڵێکی تر ئەوەیە، چ وەزارەت بێت چ ئێمە وەکو پەرلەمان، سەردانی وڵاتی ئێران و تورکیا بکرێت، چونکە بەراستی زۆر گرنگە، دوو خەتەری زۆر گەورەمان لەسەرە، بۆ وشك کردنەوەی هەردوو ئاوی سیروان و ئەو ئاوەی لە تورکیاوە دێت، بۆیە من داوا دەکـەم هـەم لەسەرۆکایەتی پەرلەمان، چونکە وەفدی پەرلەمان بچێتە ئەو ووڵاتانە باشە، بۆ تورکیاو بـۆ ئێـران، ئەگـەر ئەوان جوابیان دایەوە، قسەکانمان لای ئەوان ڕۆیشت ئەوە کـارێکی باشـە، ئەگـەر نەچـوو ئـەو کاتـە دەعـوای قەزائی خۆمان پێشکەشی (U.N) و وڵاتانی دەرەوە بکەین بۆ ئەوەی زەغتێکی تر دروسـت بکـەین، شـتێکی تر بەوردی ئەو ماستەی کە لەتورکیا، یان ئێران دێت، من زۆرجار وتوومە ئـەو ماسـتە لەوانەیـە مانگایـەك بەرقامچـی بـدەیت ئـیعتراف ناکـات یـەك قـەترە شـیری تێـدا بێـت، نـازانم ئـەو ماسـتە لـەکوێوە دێـت، چ کوالێتیەکی تێدایە، لەکوالێتی کۆنترۆڵ ئەگـەر لێـی بـدەن بـاوەڕ ناکـەم هـی مانگـا بێـت، یـەعنی مانگـای لـێ بێبەرییە، هیـوادارم ئـەو پێشـنیارەش ڕەچـاو بکـەن، لەگـەڵ خـاوەن مەعمـەل عەلـەف قسـەم کـردووە، ئـەو عەلەفانەی کە لە تورکیاوە دێن، ئەو ڕۆنەی کە عەلەفی پێ دروست دەکرێت لە تورکیا، ئـەو ڕۆنـە سـێ جـار سووتاوە، یەعنی بۆ نموونە پەتاتەی پێ سوور بکرێتـەوە، سـێ جـار ئـەو ڕۆنـە سـووتاوە ئینجا عەلـەفی پـێ دروست کراوە، چونکە عادەتەن دەبێتە ماددەیەکی ژەهراوی، ئەو عەلەفە دێت و دەدرێـت بـە مریشـك، تکا دەکەم ئەوەش ڕەچاو بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو ڕۆزا محمود، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆزا محمود عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەقسەکانی کاك عبدالرحمن و ، کاك حسن صالح و بـەڕێزەکانی تـریش دەکـەم، کـە قسـەکانی منیان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك سهراب میکائیل، فەرموو.

**بەڕێز سهراب میکائیل محمد:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنا جەنابی وەزیر و شاندا یاوەری دكەم، ب رێكا جەنابێ هەوە ڤان داخازی و پرسیارا ژ جەنابێ وەزیری دكەم و دەست پێ دكەم ڤەزا ئامێدیێ، ڤەزا ئامێدیێ و سنورێن وێ ئەڤە چەندین ساڵە ئەو ئەرد ێی هەی یێ زیراعی پێدڤی هندێ یە بێتە تەسویە كرن هەتا نووكە نەهاتیە تەسویە كرن ئاریشێت مەزن یێ بۆ خەڵكەكێ چێ دبن ب تایبەت ل شێلادزێ و سیریێ، دێرەلۆكێ، نە حكومەت دشێت مفایێ ژێ ببینیت نە جوتیار و هاوڵاتی دشێن مفایێ ژێ ببینن، داخازێ ژ جەنابێ وەزیری دكەم دەمەكێ نێزیك لیژنەیەكێ پێك بینیت یا تەسویێ دا ڤێ ئاریشێ چارەسەر بكەتن، ئاخفتنا من یا دوویێ یا گرێداییە ئاریشا ئەردێ زیراعی ل شێلادزێ، هەر ل ساڵا (١٩٧٧) ێ خەڵكەكێ ل ڤێرێ ئاكنجی بووی، بەری هنگی ژی هەبوون ئەڤ ئەردە یێ ساخ كری یێ چاندی خۆ پێڤە وەستاندی خوێن یا لسەر رێتی حەتا (٢٠٠٧) ێ، و ل (٢٠٠٧) ێ هندەك كەسێن خودان دەسەڵات، هندەك مەسئولا خودان حكومەتن پشتەڤانن دەستێ خۆ یێ دانایە سەر ئێدی هاوڵاتی نەشێت بۆ خۆ مفایێ ژێ بینیت و جوتیار نەشێت بۆ خۆ مفایێ ژێ بینیت، داخازا مە ژ جەنابێ وەزیری ئەوە دویف ڤی بابەتی بچیت ئەڤێ ئاریشێ چارەسەر كەتن هەروەسا داخازێ ژێ دكەین سەرەدانا ڤێ دەڤەرێ بكەتن، چونكی دوو مەزنترین رویبار یێن ل ڤێ دەڤەرێ هەین، ئەردەكێ زیراعی گەلەك و گەلەك یێ باش بۆ زیراعەت و دەرامەت یێ هەی تایبەت سەر لێڤا هەر دوو رویبارا، ب دەهان كیلومەتران ل دەڤەرا زێبارێ سەر روویێ ئاڤێ یە حەتا نووكە مفا ژێ نەدیتیە، پرسیارێت من ئەڤەنە، بەحسێ تەجاوزاتا كر سەر ئەردێ زیراعی و كۆمپانییێت نەفتی و دائیرێت حكومی و هندەك ئەشخاصا كا چ پلان بۆ هەیە؟ پرسیارا من یا دوویێ ئەڤەیە بۆچی موستەسمیر خۆ نادەنە ئەردێ كشۆكاڵێ ئەگەرێ وێ سیاسەتا وەزارەتێ یە یان هندەك ئەگەرێن دیتر هەنە؟ حیمایەتا ئینتاج گەلەكا لاوازە ل وەزارەتێ، راستە دەعما فەلاحی دهێتە كرن بەس دەعما هندەك كەسان دهێتە كرن ناڤێ فەلاحی، خۆ نە فەلاحی حەقیقیە، مە دڤێت دەعما فەلاحێ حەقیقی بێتە كرن دا بەرهەمەك هەبیت دا بشێن مفایێ ژێ وەرگرن نە وی كەسی ئەوێ ناڤێ وی فەلاح ڤێجا سەمادی و كیمیایێ و دەرمانا بفروشیت، خوتا تەفصیلی یا وەزارەتێ یا تەسویقی ئەگەر بشێت جەنابێ وی بۆ مە روون بكەتن باشە، بوچی حەتا نووكە مە مفا ژ هەر دوو دەوڵەتێن جیران وەرنەگرتیە، توركیا و ئیران، ئەم دزانین سروشتێ مە وەكی سروشتێ وایە تەمامەتی چ ژێ یێ جیاواز نینە، ب مەعنا وان مفا ژ سروشتێ خۆ وەرگرتیە ئەم ژی دشێن ژێ وەرگرین بۆ نموونە ئیران یا سێی یە ل بەرهەمێ سێڤێ، توركیا یا چارێ یە ل بەرهەمێ سێڤێ، بۆچی حەتا نوكە مە مفا ژێ نەوەرگرتیە و هندەك ئەرد هەبون گەڵەك و گەڵەك ڤان سێڤا یێ مەشهور بوو وەكو بەروارِیا، ڤەدشێ، ئاشەوا، باگێرا، خەلكەكێ مفا ژێ دیت.

**بەرێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك سهراب كاتەكەت تەواو بوو، بەرێز كاك فائق مصطفی، فەرموو.

**بەرێز فائق مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و شاندی یاوەری دەکەم، دیارە هەموومان کۆکین لەسەر گرنگی ئاو، وە لەداهاتووشدا وەکو کارتێکی فشاری نێودەوڵەتی بەکار دێت، ئێمەش لەبەردەم مەترسیەکی گەورەداین، کە باشترین نموونە پڕۆژەی گاپی تورکیە، هەندێ پڕۆژەی بەربەست و بەنداوە لە کۆماری ئیسلامی ئێران، چونکە هەڕەشەیەکی گەورە دروست دەکات، من کۆمەڵێك کودەتا دەخەمە ڕوو، کە ئەوە پیشان دەدات لەڕابردوودا هیچ پلان و بەرنامەیەك نەبووە، دواجار پرسیاری ئەوە لەجەنابی وەزیر دەکەم، بزانم ئەو پلان و بەرنامەی چییە، بۆ چارەسەر کردن و پاراستنی ئاو؟، دیارە ئێمە دوو کۆگای گەورەمان هەیە، کە دوکان و دەربەندیخانە، من تەنها دوکان وەك نموونە باس دەکەم، دووکان (٥١١) مەتر لە ئاستی ڕووی دەریایە، لەکاتێکدا کە ( ٦،١٠،٦) ملیار مەتر سێجا ئاو دەگرێت، لە ئەمڕۆدا (٤٨٤)مەترو(٣٤) سانتیمە، کە ١ و لە ٨/١٠ سێجا ئاوی تێدایە، کەواتە نەقسی ٦ پۆینت ٤ ملیار مەتر ئاوە، ئەمە هەمووی بەهۆی ئەوەوەیە کە لەزستاندا لە ٢٤ سەعاتی ڕابردوودا تەسریفی ئاو لەو دەریاچەدا ٧٧ مەتر سێجا بووە لە چرکەیەکدا، کە لە ٢٤ سەعاتەکەدا دەکاتە نزیکەی ٦٦٥٠٢٨مەتر سێجا ئاو ڕۆیشتووە، کە مەفروز بوو وێستگەی هایدرۆ لەزستانەکاندا لەوەرزی بارانەدا ئاو خەزن بکات و لەهاویندا ئیشی پێ بکرێت، کشتوکاڵی پێ بکرێت و کارەباشی پێ بەرهەم بهێندرێت، بەڵام دیارە ئەمە دیسانەوە کێشەی کارەبایە پەریوەتە ئەوێ و نەتوانراوە چارەسەری بکرێت، کە داهاتی ئاوی دەریاچەی دوکان لە ٦٠٪ی لە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دێت و لە ٤٠٪ی لە عێراقدایە، ئایا بەتەواو بوونی بەربەست و بەنداوەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، کە ئێمە هەڕەشەو مەترسیەکی گەورەمان دەکەوێتە سەر پلانی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ چییە؟، بۆ ڕوبەڕووبونەوەی ئەو مەترسیە لە داهاتوودا، لەسەر سامانە ئاوییەکان دیارە، سامانە ئاوییەکان ماسی کە سەرەکی ترینیانە، ماسییەکی زۆر ڕەسەنمان هەیە، کە پێم وایە لەسەر ئاستی دونیا باشترین جۆری ماسی بووە، ئەوەی کەمن زانیاریم هەبێت لەچەند ساڵی ڕابردوودا جۆرێك ماسی بیانی بۆ هێنراوە، بۆ دەریاچەی دوکان، کە خۆی بەکەڵك نایەت، زۆر گەورە نابێت، گۆشتیشی ناخورێت، بەڵام قەڵاچۆی ماسیە ڕەسەنەکەی کردووە، کە زەرەرو زیانێکی زۆری لە ئێمە داوە، بۆیە پێم باش بوو گوێم لەجەنابی وەزیر بێت بزانم پلانیان چییە بۆ ئەو مەسەلەیە؟، لەو بارەیەوە بەدواداچوونێکی ورد بکەن، دیارە لەڕووی ڕاو کردنیشەوە پلان و بەرنامەیەکی بەرچاو نییە، خەریکە لەناو ئەچێت ئەو ماسییە ڕەسەنە بەتەواوەتی، لەبواری کشتوکاڵدا تەنها یەك پرسیارم هەیە، هۆیەی کشتوکاڵی بیتوێن لەکرێدایە، لەکاتێکدا چەند مانگێکە بیناکەی لە ناحیەی چوارقوڕنە تەواو بووە، ئەمە بۆچی؟، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هێشتا (١٨) سانیەت مابوو، بەڕێز علی حمە صالح، فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورە.**

یەکەم: بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەکەم، ئەم وەزارەتە وەکو بەشێکی زۆری وەزارەتەکانی تر، لەڕابردوودا نەبوونی پلان و دیراسەکردنی جەدوا بووە، من کۆمەڵێك زانیاری و بەڵگە ئەهێنمەوە بۆ جەنابتان، بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ ئاماژەی بەوەدا ژمارەی فەرمانبەرەکانی (١٣) هەزار فەرمانبەرە، بەڵام ئەمە بودجەی ساڵی ٢٠١٣ یە لەم ساڵەدا( ١٤٩٠٧) فەرمانبەر بووە، واتە ئەگەر وەزارەتی دارایی و حکومەت ڕەقەمی غەڵەتیان داوەتە پەرلەمان ئەمە بەرپرسن، ئەگەر ڕەقەمەکەی وەزیری کشتوکاڵ دەقیق نییە ئەویش بەرپرسە، گومانیش دەکرێت بەشێك بێت لەوەی کەناومان ناوە( بن دیوار)، دووەم: ئایا ( بن دیوار)لەم وەزارەتەدا هەیە وەکو زۆربەی وەزارەتەکانی تر؟، بەتەئکید هەیە، بەڵام شێوازی ( بن دیوار) لەم وەزارەتەدا چۆنە، بەشێکی وەزارەتەکان قائیمەی تەواویان هەیە کە دەوام ناکەن و ( بن دیوار) ن، بەشێکی قائیمەی تەواو نیە بیدۆزیتەوە، بەڵام داوا لەجەنابیان دەکەم کۆمەڵێك عەینە وەربگرن، بۆ نموونە سەردانی قەزای کۆیەو ناحیەی ئاشتی و چەند ناحیەیەکی دەروبەری بکەن، هی قەزای چۆمان و چەند ناحیەیەکی دوروبەری بکەن، بۆ نموونە ناحیە هەبووە،( ٤٠ )میلاکاتی هەبووە، بڕۆ (١٠)کەس دەوام دەکات، یان هەفتەی یەکێك دەوام دەکات، ئەمەش بەشێوەیەك لە شێوەکان ( بن دیوار) ە، ( بن دیوار) دیوێکی ترە، ئەگەر بەراوردێك بکەین لەنێوان دوو وەزارەتدا کشتوکاڵ و کارەبا ژمارەی فەرمانبەرەکانیان وەك یەکە، لەکاتێکدا کە هەموومان دەزانین ئەرکی وەزارەتی کارەبا قورسترو زۆر ترە، لەکاتێکدا وەزیری کارەبا خۆی ئیعتراف دەکات ئەڵێت ( بن دیوار) م هەیە، بۆیە بەجدی ئەمە ئەبێت بەدوایدا بچین، کێشەی ئەم وەزارەتە لەماوەکانی ڕابردوودا نەبوونی پلان بووە، من یەك نموونە بۆ بەڕێزتان دەهێنمەوە، ئەم وەزارەتە کە پلانێکی (٥)ساڵەی دانا، تێچوونەکەی (١٠)ملیار دۆلار بوو، دیراسەی ئەوەیان نەکردبوو کە دەبێت (١٠)ملیار دۆلار دابین بکەن، ئەمە کارەساتێکی گەورەیە، لە ئەخیردا( ١٠٪)ی ئەم پارەیە دابین کرا، یەعنی وەزارەتێك لە (٩٠٪)ی پلانێکی (٥)ساڵە دابنێت عجز بێت چۆن ئەتوانێت دەوڵەت بنیاد بنێت، بەدیوێکی تردا، هەموومان دەزانین هەموو وەزارەتێك ئەبێت ژمارەی فەرمانبەرانی دیار بێت، لەساڵی (٢٠١٣)ئەم وەزارەتە نەیزانیوە چەندی بۆ مووچەی فەرمانبەرانی خۆی پێویستە؟، داوای (٢٢٣) ملیاری کردووە، وەزارەتی دارایی کردوویەتی بە (١٤٣) ملیار، بەس فەرقەکەی (٨٠)ملیار دینارە لە مووچەی ساڵێکدا، ئەگەر وەزارەتێك پلانی نەبێت نەزانێت میلاکاتی خۆی چەندەو چۆنە؟، لە ڕابردوودا ئەمە وابووە، نەزانێت چەند مووچەی فەرمانبەرانی پێویستە؟ (٨٠)ملیار دینار پێچەوانەیە، دووەم: لەڕووی جەدواوە من پرسیارێك دەکەم، بۆ نموونە ساڵی (٢٠١٣) دیسان وەك پێوەر وەردەگرمەوە، خەرجی بەکاربردنی واتە مەشاریع نەبووە، ئەم وەزارەتە ئەوەی بۆی تەرخان کراوە (٢٢٨)ملیار دینار بووە، ئایا ئێمە بەئەندازەی (٢٢٨)ملیار دینار سوودمان لەتواناکانی ئەم وەزارەتە وەرگرتووە، نەتیجەکەی چییە؟، ئەگەر وەرمان نەگرتووە؟، کەواتە ئەم وەزارەتە نەك وەزارەتێکی بەرهەمهێن نییە، پێویستە یەکێك بێت لەو وەزارەتانەی کە بەرهەمی هەبێت، بەڵکو وەزارەتێکی بەکارهێنەرە، بەکارهێنەرێکی زۆر خراپیش، من کۆمەڵێك پێشنیار

دەکەم ئەوەی کە پەیوەندی بە میلاکاتەوە هەیە، تەبیعی ئەوەی لەبارەی ڕەقەمەکانەوە وتم دواتر بەنووسراوی ڕەسمی ئاراستەی بەڕێز وەزیری دەکەم، ....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش کاک علی کاتەکەت تەواو بوو، دەتوانیت پێشنیارەکاتن بەنووسراو ئاڕاستەی وەزیری پەیوەندیداری بکەیت، زۆر سوپاس بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، ئێستا داوا لە بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەکەین، کە بفەرموێت بۆ ڕوونکردنەوەی پێویست لەسەر پرسیار و پێشنیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید/ وەزیری کشتوکاڵ وسەرچاوە ئاوییەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و جێگرو سکرتێر و گشت ئەندامە بەڕێزەکان، سەلامی خوای گەورە لەهەموو لایەك بێت، دووبارە خۆشحاڵم کە لێرە بەدیدارتان دەگەمەوە، سەبارەت بەو پرسیارانەی کە لە ڕابردوو کران، بەر لەوەی کە وەڵامیان بدەمەوە یەك تێبینی دەخەمە ڕوو، ئەویش ئەوەیە زۆر لەو کێشەو گرفتانەی کەباسکران، ئاماژەیان پێکرا، دەتوانم بڵێم هەندێکیان دەگەڕێتەوە بۆ (٢٢)ساڵ بەر لە ئێستا، من نە لەدوور نە لە نزیك لێیان بەرپرسیار نیم، پێویستیشم نییە کە ڕوونکردنەوە بدەم، بەڵکو من تەنها ویستوومەو عەرزیشم کردن لەسەرەتای وتارەکەم، کە ویستوومە پەرلەمانی بەڕێزو پەرلەمانتارە بەڕێزەکان بەرچاو ڕوونییەکیان هەبێت لەسەر ڕەوشی کشتوکاڵ کە ئێستا لە چ قۆناغێکدایە، باسی ئەوەم کردووە کە ئێمە لەم شەش مانگە چیمان ئەنجام داوە، هەر ئەوەندە نەبووە کە لێرە ئاماژەم پێ کردووە، بەڵکو ئەوە کارە گرنگەکان بووە، باسی ئەوەم کردووە کە ئێمە پلانمان بۆ داهاتوو بۆ بەرەو پێش بردنی ئەم وەزارەتە، بۆ دابین کردنی ئاسایشی ئاو، بۆ دابین کردنی ئاسایشی خۆراك چییە؟، بەڕوونی باسی ئەوەم کردووە کە ئەو کۆسپ و لەمپەرانەی کە لەبەردەم بەرەو پێش چوون و گەشەپێکردنی ئەم کەرتەیە چییە؟، بۆیە من پێم خۆش بوو بەڕێزتان زیاتر لەم چوارچێوە ڕەخنەو پێشنیارەکانتان ئاراستە بکردایە، بەڵام ئاساییە ئەوەی کە پێویستە بێم من لێرەدا وەڵامتان دەدەمەوە، سەبارەت بە مامۆستا عبدالرحمن باسی نەخشە ڕێگای کرد، وتی کەموکورتی تێدایە بە ژمارەو داتا، خۆی ئەمە نەخشە ڕێگایە، جاری ئەمە ڕەشنووسە، ئەم ڕەشنووسە کەموکورتی تێدایە، ئێمە خۆمان بۆ ئێوەمان ناردووە، بۆ خەڵکی پسپۆڕیشمان ناردووە، بۆ کۆلێژو پەیمانگاکانی کشتوکاڵمان ناردووە، کە سەرنج و تێبینیەکانی خۆیان بخەنەڕوو، دەکرێت ئەمانە گۆڕانی بەسەردا بێت، باسی بڕی ئاو کرا، نووسیومانە (٢٩)ملیار مەتر سێجا دیارە ئەمە لە شوێنێکی تر نووسراوە (٣٠)ملیار مەتر سێجا، بەڵێ ئەوە وایە، خۆی بۆچی وایە، یەکەم: خۆتان دەزانن ئاو کەم دەکات و زیاد دەکات، چ بەهۆی باران، چ بەهۆی ئاوی ژێر زەوی و دەرهێنانی کەمن دواتر باسی دەکەم، ئەوەش کێشەیەکە، پاشان لێتان ناشارینەوە ئێمە لەم ڕەشنووسەدا، لەو (٢٩) ملیارە باسی ئاوی دیجلەمان

نـەكردووە، بۆیـە ئـەم ژمارەیـە جیـاوازی هەیـە، سـەبارەت بـە گـەنم و سـایلۆو پـارەی سـایلۆ، مـن زۆرجـار ڕامگەیاندووە، ئێستاش ڕای دەگەیەنمەوە، لەو کاتەوەی کە گەنم بەرهەم دێت و ڕادەستی سایلۆکان دەکرێت تا ڕادەستی سایلۆکان دەکرێت سەر بـە وەزارەتـی کشـتوکاڵ و سەرچـاوەکانی ئـاوە، پاشـان عائیـدی وەزارەتـی بازرگانی و پیشەسازییە، لەگەڵ ئەوەشـدا ئێمـە هەمیشـەو بـەردەوام لەسـەر هێـڵ بـووین، لەگـەڵ وەزارەتـی بازرگـانی و پیشەسـازی هـەرێم، لەگـەڵ وەزارەتـی کشـتوکاڵی حکومـەتی ناوەنـد، بـۆ دابـین کردنـی پـارەی جوتیاران بەزوویی، بەڕاستی گلەیی و ڕەخنەشمان ئاراستە کـردوون، پـێم خۆشـە لـەم ڕووەوە بەحەقیقـەت هەر پەرلەمانتارێکی بەڕێز لەم ڕووەوە بەتایبەتی بۆ زانیارییەك، بۆ ڕەخنەیەك کە دەیگرێت، پـێم خۆشـە بەرچـاو ڕوونـتر بێـت، یـان پرسـیار بکـات یـان شـت زیـاتر بخوێنێتـەوە، یـان بەڕاسـتی خـۆش نییـە، ئەمـە چەندەمین جارە و لـە ئیعلامـیش بیسـتوومە، کـە ئـەم تۆمەتـە دەدرێتـە پـاڵ وەزارەتـی کشـتوکاڵ، خـەڵکی فەلاحی ناردۆتە سەر خەت، لە میدیاکان، پێیـان وتـووە وەرە وەزیـر بـۆ هـەوڵت بـۆ نـادات،؟ یـەعنی ئەگـەر یاسایی دەوێت و دەستۆری دەوێت عایدی من نییـە، بـەڵام لـە گـەڵ ئەوەشـدا بـەڵێ خـۆم بەرپرسـیار دەزانم بەرامبەر یەك دەنگی فەلاحەکانمان، پاشان ئەدی کێ هەوڵی داوە ئێستا، دوێنێ کە بڕیار دەرچووە بەڵێ بـە هەوڵی ئێمە، بە خوا بە پەرۆشی ئێمە وزارەتی کشتوکاڵ لە گەڵ دارایی هەوڵمان داوە کە قەرزی ئـەم سـاڵی جوتیارە بەرێزەکان کە بە راستی بە گرانی لە سەر کەوتووە لە بەر ئەوەی کە پارەی گەنمیان وەرنـەگرتووە هەنـدێکیان زەرەریـان کـردووە، ئێمـە ئـەم سـاڵە بـۆ تـەئجیل کـردن و تـەئخیر کردنیـان، ئینجا بڕیارەکـەش دەرچووە، سوپاس بۆ وەزارەتی دارایش، سەبارەت بە بەنداوەکان کـە باسـی (٧٠٠) بەنـداو کـرا، ئـەویش ئـەو مەعلوماتەش بەڕاستی هەر دروست نییـە، خـۆی (٧٠٠) بەنـداو نییـە، سـەبارەت بـەو ئاوانـەی کـە دەڕژێنـە هەرێمی کوردستان، ئەگەر زانیاری دەقیقتان هەبێ ئێمە هەمیشە لەگەڵ وڵاتی تورکیا لەسەر خەتین، ئێمە دوێنێ نوێنەرمان، بەڕێوەبەری گشتی سەرچاوەکانی ئاو لـە تورکیـا گەڕاوەتـەوە، خـۆی پرۆژەیـەکی دیاریـان هەیە، ئەم پرۆژەیە پێکهاتووە لە (٢٢) بەنداو، ئەو بەنداوانە پێم خۆشـە دەقـیقتر پێتـان بڵـێم چواردەیان (١٤)یانی لەسەر فوراتـە، هەشـتیان (٨)یـان لەسـەر دیجلەیـە، تەبعـەن ئـەو بەنداوانـە زۆربـەیان ئێسـتا ئـیش دەکەن، گەورەترینیان بەنداوی ئەتاتورکە، بۆیە کە بیزانن (٧٠٠) بەنداو نییە کە لەسـەر ئـەو ئاوانەیـە کـە دەڕژێتـە هـەرێمی کوردسـتان، بـەڵکو تورکیـا هـەمووی (٣٩٩) بەنـداوی هەیـە لـە وڵاتـی خۆیـدا، کـە ئەمـە ڕەقەمێکە لە خۆیان وەرگیراوە هـی سـاڵی (٢٠١٤)، ئێمـە تـەنها بەڕاسـتی مەترسـی ئـەوەمان هەیـە ، یـەعنی کەمێك لەو ئاوەی دیجلە کە بەناو کوردستاندا تێ دەپەڕێت ئێمە کـەمێکی لـێ سـوودمەندین بەتایبـەتی بـۆ خواردنەوەی ئاوی شاری دهۆك، کە ئەویش ئێمە ئێستا لە هەوڵداین بـۆ چارەسـەرکردنی، سـەبارەت بـەوەی هەندێك پەرلەمانتاری بەڕێز فەرمویان پێشێلکاری یاسای ئاو کـراوە، پـێم خۆشـە ئەمـەش ڕاسـت بکەمـەوە یاسای ئاو نییە لە دونیادا، بەڕێوەبردنی ئاو هەیە، چەند کـۆنفرانس و چـەند گۆنگرەیـەك کـراوە، هەنـدێ وڵات پێی پابەند بوون و بەشێوازی بەڕێوەبردنی ئـاو، بـۆ نموونـە ئـێران ئیمزاشـی کـردووە، بـەڵام پێشـێلی کردووە، تورکیـا ئیمـزای نـەکردووە، پـێم خۆشـە بیـزانن سـەبارەت بـە بـەڕێوەبردنی ئـاو نـەك یاسـای ئـاو،

چونکە ئەگەر یاسا بێ بەڵێ بەرپرسیار دەبێ و ئیجرائاتی دەولی هەیە لەو بارەوە، سەبارەت بە پرۆژەکانی مانگا و بەرهەمی شیر، ئێمە پەنجا و چوار (٥٤) کێڵگەمان هەیە لەم رووە تەبعەن، هاوکاری کراون لە رووی زەوی پێدان و ئیعاناتی زیراعی و ئالیك و تەلقیحات، ئەوەی کە بۆمان کرا بێت بەم بودجەی کەمە کە خۆش ئاماژەی پێکراوە دوایی تۆزێك دێمە سەری هاوکاریمان کردووین، دوویی گەورەشمان هەیە بە راستی یەکێکیان لە بەری مەرگەیە ئەمن خۆشم سەردانیم کردووە، چوومە لە نێزیکەوە بینیومن، بەڵێ پرۆژەیەکی گرنگە بە راستی کە کێڵگەی گاوداری و شیری قەندیل کە دەستخۆشیشم لێکردوو، لە نێزیکەوە حەقیقەتەن پێش گوتم تەشریف بینەوە ان شا الله هاوکاریشیان دەکەن، ئەوی تریان صەلاحەدینە کە (٧٠٪) بە راستی پرۆژەیە، زۆر گەورەیە، بە پێی پرۆژەکانی کە بۆ ئێمە هاتوون قسەمان لە گەڵ کردوون ئەو گفتوگۆی لە نێوانماندا ئەوەیان وتووە بۆ شەش (٦) ساڵی تر (٧٥٪) تەواو دەبێ، بۆ شەش (٦) ساڵی تر ئێمە دەتوانین هەموو پێداویستیەکی مەنتوجاتی شیر هی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دابین بکەین و دەتوانین بە راستی هەناردەی دەرەوەشی بکەین، باسی هەیکەلی وەزارەت کرا جەماوەری فەرمانبەران ئەوەی جوابم دایە، بەس دیسان بە رەقەمێکی غەڵەت گوترا، وتیان عێراق تەنها چواردە هەزار (١٤,٠٠٠) فەرمانبەری هەیە لە وزارەتی کشتوکاڵ بۆ مەعلوماتتان چواردە نییە چل و هەشت (٤٨:٠٠٠) هەزارە، دەتوانن لیژنەش بنێرن، ئێمە وەکو باسم کرد بە راستی گۆڕانکاریمان بەدەستەوەیە سەبارەت بە هەیکەلی وەزارەت و چۆنیەتی دارشتنی هەیکەلێکی مودێرن و سادە و بە شێوەیەکی کارێگەر کە بتوانین ئەم فەرمانبەرانەی کە هەمانە ئێمە لەمە بە دوا بە کاریان بێنین، دەزانم زیاترە، کێ بەرپرسیارە لەو زیادەیە؟ خۆ من ئەم خەڵکەم تەعین نەکردووە؟ یەعنی ئەو خەڵکە کە تەعین کرا، ئەو خەڵکە بە لێشاو لە سەر حیسابی حیزبایەتی و مەنسوبیەت و مەحسوبیەت کراوە ئەمن هاتم تەعامولیان لە گەڵ دەکەم خۆ من نەهاتووم ئەو خەڵکە دەر کەم، وا دەکەم ئەگەر خوا پشتیوان بێ و هەموو لایەکیش هاوکار بن ئێمە ئەوانە بە کار بێنین بە شێوەیەك کە ان شا الله ببێتە مایەی زیاد کردنی ئینتاج و زیاد کارا کردنی وزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، سەبارەت بە دەواجینەکان ئێمە بڕیارێکمان دایە سەبارەت بە دەواجینەکان، بەرێزان ئەم کێشەیان هەیە، بە راستی من بە پەرۆشیشم و پێشم ناخۆشە ئێستا زۆربەی خاوەن دەواجینەکان، ئێستا لە زەرەردان، ئێمە چیمان کردووە، بڕیارێکمان دەر کردووە کە هاوردە کردن دەبێ بە تایبەتی ئێستا مەبەستم دەواجینەکانی مریشکە، باجی لە سەر دابنرێ، ئەمە بڕیار دراوە، حکومەت موافقەتی کردووە لە گەڵ وەزارەتی دارایی دانیشتووین ماوەتە، بە راستی وەزارەتی دارایی جێ بە جێی بکات، میکانیزمێکی گونجاو بگرێتە بەر بۆ ئەمە، ئەمە هەنگاوێکە بۆ ئەوەی کە زەرەر نەکەن هەنگاوی دووەم، ئێمە بڕیارێکمان داوە ساڵی (٢٠١٥) ئێمە هەوڵ بدەین بۆیان تەسویق بکەین، بە بازاڕ بکەین یان لێیان بکڕینەوە یان خوا نەخواستە ئەگەر زەرەر بوو بە راستی ئێمە بێن هاوکارییان بکەین بۆ ئەوەی کە زەرەر نەکەن، ئەمە پلانی ئێمەیە، سەبارەت بە دەواجینەکانیش، شتێکیان باس کرا وتیان پارەی وەرگیرایە کاتێ خۆ، هەندێك بۆ دەواجینەکان لەوانەیە دە ملیۆن دۆلار، پێشی وەرگیراون، نازانم بە هەر حاڵ ئێمە

ئێستا بڕیارێك دراوە كە پێویستە ئەم پارانە بگێڕنەوە، بەڵام بە ئەقسات، و من لێرەش دا بە راستی یەك شت دەڵێم سەبارەت بە بەروبوومی ناوخۆ چی میوە بێ، سەوزە بێ، سامانی ئاژەڵ بێ، ماسی بێ، مریشك و ئەوانە بێ ئەمن بە راستی بەرپرسیاراتیش دەخەمە سەر راگەیاندنەكان و سەر دەزگاكانی حكومەتیش كە لەم رووەوە پێویستە هاووڵاتیانی خۆمان هۆشیار كەینەوە و وایان لێ بكەین كە گرنگی بە بەرهەمی خۆماڵی بدەن، سەیرە یەعنی لە هەموو روویەكەوە بە راستی بەرهەمێكی خۆماڵی تەماتە دەڵێی، خەیاری دەڵێی، زۆر زۆر خاوێنترە و زۆر زۆر بە سوودتریشە و زۆر زۆر تەندروستریشە لە بەرهەمی دیكە بە مەوادی حافیزە و كیمیایی گەورە كراون دەهێنرێ و لە وڵاتی ئێمە دەفرۆشێ و خەڵكیش دەیخوات، گلەییش كە كرا، سەبارەت بە مامۆستا غریب فەرمووی دەست خۆشی لە لیژنەی كشتوكاڵ نەكراوە، دەستخۆشیان لێ دەكەم و سوپاسی خۆم رادەگەینم، لە بیرم چوو ئەوانە جێگەی تەقدیرن، جیگەی سوپاسن و هەماهەنگیمان هەیە و ان شا الله هەماهەنگیشمان لە گەڵیان زیاتر دەكەین و ئومێدم هەیە كە ئەوانیش هاوكار و پاڵپشتی باش بن، باسی حەفت صەد (٧٠٠) تەن مریشك داینە بۆ سلێمانی، حەفت صەد (٧٠٠) تەن مریشك نییە، چوار صەد (٤٠٠) تەنە و بۆ مانگێكیش نییە و بۆ سێ مانگە، ئەمەش موحافزەی سلێمانی كردوویەتی، قائیمەقامیەتی یەكان راپۆرتیان بەرز كردووتەوە، حەقیان پێ دراوە بۆ پێداویستی خۆیان داوای هاوردە كردن بكەن، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا دەبوو هاوسەنگی راگیرێ و ئێمە گلەییشمان لێیان هەیە كە دەبوو بە راوێژ و پرسی وزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو بێ، باسی ئەوە كرا كە گاز تەنها صەد (١٠٠) لیتری بەشی یەك رۆژ دەكات، تەبعەن ئێمەش بە كەمی دەزانین، بەڵام بودجەكە بەم شێوەیەیە كە خۆتان دەزانن، تەبعەن صەد (١٠٠) نییە و مانگی دوو صەد (٢٠٠) لیترە، ئەمەش رەقەمێكە لە راستی دا كەمە و بۆ مەعلوماتتان ئەم صەدە، بە راستی هەموو كورە فەلاحن، بە راستی پرسیاریشم كردووە، ئەمە بۆ مەعلوماتتان دوو صەد (٢٠٠) لیتر پەنجا (٥٠) دۆنمی پێ دەكێڵردرێ، خۆ هەموو فەڵاحێكی ئێمە لە فەلاحە گەورەكان نییە دوو صەد و سێ صەد دۆنمی هەبێ، هی بیست دۆنمی هەیە، پەنجایی هەیە، حەفتایی هەیە، بە هەر حاڵ ئەمن ناڵێم زۆرە، كەمە، بۆ ئەوەی كە بزانم بەم شێوەیە و ئێمە وەكو مەسئولیەتی خۆمان نامەمان ناردووە نووسراومان كرد، بە رەسمی داوامان لە سامانە سروشتییەكان كردووە كە گاز زیاد بكرێت بۆ جوتیار بۆ بەرهەم هێنەكانمان و داوامان لە پارێزگارەكانیش كردووە كە ئەوانیش بە راستی هاوكارییان بكەن لە بودجەی خۆیان بە تایبەتی لە بودجەی تەنمیەی عەقاری، باسی عەلوەكان كراوە كە بێ سەروبەرن یا پیس و پەلوخن، هەندێكیان وایە، بۆ خۆشم سەردانی عەلویەكانم كردووە بە تایبەتی ئەوەی ئێرانە و من دوو، سێ پێشنیارێكم بە راستی بۆ موحافەزە كردووە كە بەڵێ پێویستە هەر یەكە، هەیئەتیش هەیە بە راستی سەربەخۆ ئیش دەكات، مەفروزە وەكو كۆمەڵگایەك تەعامولی لە گەڵ بكرێت و یەك بەرپرسی هەبێت و خاوێن بكرێتەوە و شوێنەكەیان بە راستی گۆنجاو نین، دیارە بەتەمای عەلوەیەكی مودێرن و باشترن ئەگەر تەواو بێ، بەڵام سەرپەرشتی كردنی عەلوەكان عائێدی وەزارەتی دیسان كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو نییە، تەنها ئێمە لیژنەیەكمان هەیە لەوێ بۆ چاودێری

کردنی نرخ، سەبارەت بە هەنگ، تەبعەن لە هەندێ وڵات بەڵێ وایە پلەی بەرزی هێناوە لە فەرەنسا هەنگی هەرێمی کوردستان یەکەم بووە، بۆ پەرە پێدانی هەنگوێن لە وڵاتی خۆمان و هەنگ بۆ مەعلوماتتان هەنگوێنی دەرەوە قەدەغە کراوە، بە هیچ شێوەیەك لە هیچ وڵاتێك بە هیچ نامەیەك ئیجازە نییە بهێنرێن و من بە راستی لە گەڵیان دا کۆبوومەوە داوام کردووە خۆیان دیارە تۆزێك ئەوانیش پەرش و بڵاون، داوام لێکردوون کە کۆ ببنەوە و لە شێوەی رێکخراوێك، هەیئەتێك کۆ ببنەوە و ئێمە بێین لە گەڵی دا دابنیشن، داخوازیان چییە لە ئێمە؟ ئێمە کار ئاسانییان بۆ بکەین و هاوکارییان بکەین و بەڵێنی هاوکاری و کار ئاسانیمان پێ داون، سەبارەت بە ئامێری پشکنین هەمانە، ئامێری پشکینینی هەنگمان هەیە لە شەقڵاوە، بۆ ئاگاداری بەرێزتان، شوکریە خان باسی کێڵگەی بژێوی ژیانی کرد ئێمە ئێستا خەریکین رێنمایی تازەمان هەیە کە زەوی بە سەر، دیارە زۆر پرسیاریش هەیە سەبارەت بە ئەندازیارانی کشتوکاڵی، ئەمە پرۆژەی ئێمەیە کە ئەندازیارانی کشتوکاڵی هەر یەکەی ئێمە لە ساڵی ئایندە دا دەست پێ دەکەین بە ئەندازەی پێنج دۆنم هاوکارییان بکەین، پێنج دۆنم زەویان پێ بدەین، ئەوانەی کە ئیستیعدادیان هەیە بۆ ئەوەی کە بە راستی لە جیاتی ئەوەی هەر باس لە دامەزراندن بکرێ بەڵکو هەوڵ دەین کە کاریان بۆ ببینەوە و لە گەڵیشیدا قەرزیشیان پێ بدرێ و هەموو دەعمەکانی تری کشتوکاڵیان پێیان بکرێتەوە، و بۆیە ئەوە تەنها رای من نییە بە دامەزراندن بکرێت ئەوانی دیکەش تێبینی یان لە سەری هەیە، و فەرمووی پلانتان بۆ بەشداری دەخلی قەومی بە پێی راپۆرتی وەزارەتی پلان دانان، وەزارەتی کشتوکاڵ ئێستا (١٠٪) دەخلی قەومی پێك دێنێت، کاك بشار باسی دابەش کردنی کەل و پەل و دادگەری لە کاتی خۆیدا نییە، راست دەکەی لە راستیدا ئێمەش تێبینیمان هەیە و ئەمە بڕیاریشمان داوە بە راستی کە من هاتووم کە پێویستە لە کاتی خۆیدا ئەمانە بگات و لە کاتی خۆیدا بە دادگەریش دابەش بکرێت و هەر کەسێکیش تێبینی پێ بگوترێت سەبارەت بەوەی نادادگەریش بو بێت لە دابەش کردنی پەینی کیمیایی بێ، ماددەی قڕکەر بێ، جۆ بێ، بنەتۆ بێ، ئێمە بەڵێنتان پی دەدەین ئیجرائاتی یاسایی بۆ ئەکەین ئەو فەرمانبەرانەی کە شتێکی ئاوایان کردبێ، کاك محمود سەبارەت بە کێشەی (دعاوی الملکیە) هەندێك شتی باس کرد، تەفصیلاتێك هەیە، بەڵام وا دیارە ئەوان لە دوای صەدام ئەوە دروست بووە بە راستی ئەوانەی کە، تەبعەن موڵکیان بە حیساب لێ فەوتاوە، لێ داگیر کراوە، ئەم بابەتە پێویستە لە مەحکەمە یەکلا بکرێتەوە و کاتی خۆی پرس بە ئێمە نەکراوە و جەماعەتی دیالە کاتی خۆ بۆ خۆیان کردوویانە و نوینەری خەڵکی ئێمەشی لێ نەبووە، و ئێمەش وەکو وەزارەت لە کاتی خۆیدا پێی رازی نەبووین، سەبارەت بە ناحیەی سەرقەڵات ئەو کێشە تازە بە ئێمە گەیشتووە، لە گەڵیاندا دانیشتووین و خۆشم سەردانی ئەوێم کردووە خەڵکێکم بینموە لە گەرمیان باس کراوە و داوای زانیاریمان لێ کردوون و ئێمە دوایی بڕیاری خۆمان لە سەر دەدەین، کاك دکتۆر سراج باسی بیری سوری پایلی کرد، ئێمە بڕیارمان داوە، چونکە پرسیارە زۆر کرا و رەخنە گیرا سەبارەت بە بیری سوری تەبعەن، ئێمە لە کۆبوونەوەیەك لە گەڵ وەزارەتی ناوخۆ، لە گەڵ وەزارەتی شارەوانی و بە ئامادە بوونی هەموو موحافیزەکان، بەڕێوە بردنی گشتی ئیدارەی گەرمیان و راپەڕین وهەر دوو جێگری وەزیری

ناخۆش ئێمە ڕێکەوتووین و بڕیارمـان داوە کـە بـە هـەموو شـێوەیەکی بـە ڕاسـتی ئیجرائـاتی تونـد لـە گـەڵ ئەوان دەکرێ، دەزگاکان دەگیرێن و کەسەکە خۆشی ڕادەستی دادگا دەکرێ و غەرامەی ماددیشی تێدایە و دەستیش پێکراوە و هەندێك خەڵکی فیعلەن ڕادەستی دادگا کراون و هەندێ دەزگاش دراوەتە دادگا مەعمەل شیش بۆ تاوانەوەی، باسی پۆلیسی دارستان کرا تەبعەن، دارستان و ژینگە، بۆ زانیاریتان ئێمە لەو کۆبوونەوەی کە باسم کرد ڕێکەوتین لە سەر ئەوەی کە پۆلیسی دارستان تەنها ئەوان لەمەو دوا ڕێنمایی، تەوجیهاتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو وەردەگرن بە تایبەتی بۆ زۆربەی ئەو بابەتانەی، سەبارەت بە کولیژەکان و پەیمانگاکانی کشتوکاڵی فەرمووتان چیتان کردووە؟ ئێمە بینیمان لە نێزیکەوە بڕیارمان داوە لە نیزیکەوە لە شێوەی ورك شۆپێك ڕاگری کولیژ و پەیمانگاکانی کشتوکاڵی و لە گەڵ هەندێك لەوانەی کە دەرچووانی کشتوکاڵین و خەڵکێکی شارەزا بە نیازین بە ڕاستی لە شێوەی ورك شۆپێك کۆبوونەوەیەك بکەین و بە تەفصیل باسی ئەوە بکەین تا بزانین چۆن هەماهەنگی دروست دەکەین لە نێوانمان، ئەمە پرۆژەیەکە و پێشمان گوتوون لە ساڵی ئاینده دا ئێمە ئەو هەماهەنگی و تەنسیقە لە گەڵ ئەوان بۆ بە ڕاستی بەرەو پێش بردنی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دروست دەکەین، باسی ئەوە کراوە کە ئەو زەویانە کەوتوونەتە ناو ماستەر پلان بەرنامەتان چییە؟ ئێمە لیژنەیەکمان لە گەڵ شارەوانی دروست کردووە بۆ ئەوەی کە کێشەی ئەم زەویانە کە کەوتوونە نێو ماستەر پلان ساخی ئەکەینەوە، فیروز خان باسی شەش صەد (٦٠٠) دۆنمی کرد لە ئاکرێ و پاقژ کردنی، ئێمە سەردانی ئاکرێمان کرد و لەوێ و لە نێزیکەوە ئەوەیان باس کرد و پێمان گوتوون کە پرۆژەیەك ئامادە بکەن بۆ ئەوەی کە میزانیەی پێویستی بۆ دیاری بکرێ بۆ چارەسەر کردنی و پاکژ کردنی، باسی کارگەی چەرمی پێستی ئاژەڵ کرا، خۆی بۆ معلوماتتان دانانی کارگە بە دەست ئێمە نییە، بەڵکو کەرتی تایبەت دەیکات، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا دوو کارگە هەیە یەکێکیان لە دهۆکە و یەکێکیان لە هەولێرە، بەڵام ئێمە نەك هەر بۆ ئەمە، بەڵکو بۆ زۆربەی ئەو بەروبوومانەی کە پەیوەندیان بە کشتوکاڵەوە هەیە داوامان لە کەرتی تایبەت و موستەسمرین کردووە کە هەوڵ دەن کارگەی تایبەت بە بوارە جیا جیاکانی بەرەبوومی هەرێمی کوردستان دابمەزرێنێن، کاك قادر فەرمووی بۆچی لێدانی بیر پێویستی بە بیست (٢٠) دۆنم هەیە؟ ئەمە بەم شێوەیە نییە، لێرە لەم دەشتانەی هەولێر و دەوروبەری بیست (٢٠) دۆنمە و لە سلێمانی و ناوچە شاخاوییەکان حەتا پێنج دۆنمە، بەڵام ئەوە بۆچی وایە؟ من عەرزتان دەکەم یەکێك لە هۆکارەکانی کەم کردنی ئاوی ژێر زەوی کە بە ڕاستی ئەوە کێشەیەکی گەورەی دروست کردووە، بیری وامان هەیە بۆ مەعلوماتتان نێزیکەی شەست (٦٠) تا حەفتا (٧٠) مەتر قووڵە، لەم چەند ساڵەی دوایی ئاستی ئاو دابەزیوە، پێم خۆشە بزانین لەم هەولێرە صەد و سی و حەوت (١٣٧) بیر وشکی کردووە، یەکێك لە هۆکارەکانی من ناڵێم هەموویان تەبعەن، یەکێك لە هۆکارەکانی دابەزینی ئاوی ژێر زەوی یە، ئەو هەموو بیرە کە لێدراوە و ئەو هەموو ئاوەیە کە خەسار دەکرێ بۆ مەعلوماتتان، بۆیە بە ڕاستی یەعنی ناکرێ بە ڕەهائیش ڕێگە بدرێ سێ، چوار ڕۆژی تر ئەگەر ئاو خوا نەخواستە هەر نەما ئەو کاتە دەڵێن ئەتۆ موراعاتی خەڵکیت نەکردبایە، بە قسەی ئێمەشت

نەکردبایە، بەرنامەی خۆتە، پلانی خۆتە یا مەنعت کردبایە گویشت نەدابایە، بۆیە بەڵێ ئێمە بەرنامەی خۆمانمان هەیە رێنماییمان هەیە بەو شێوەیە کە داماننا پێمان وایە ئەتوانین ئەو ئاوەی بەو شێوەیە لە ژێر زەوی دەردەهێنرێت و خەسار دەکرێ بیگێرینەوە، فەرمووی جوتیاران ببینن و راو و پرسیان پێ بکەن، قسەیان لە گەڵ بکەن بە چاوان، بینیومانن، هەموو رۆژانی چوارشەممە دەرفەتە هەر کەسێ تەشریفی دێنێت لە خزمەتداین بەخۆشمان سەردانی ناوچەکەمان کردووە لە نێزیکەوە لە گەڵیان کۆبووینەوە، بەڵام تا ئێستا میکانیزمێکی تازەمان نەدۆزیوەتەوە، بێجگە لە هەیکەلی نویی وەزارەت ئەم جارە هەر چەند چوار گوند یا پێنج گوند چەند کەسێکی لە ئەندازیارانی کشتوکاڵی ئێمە سەرپەرشتیان دەکەن بۆ ئەوەی لە نێزیکەوە گوێیان لێ بگرین و تەنسیقێ دروست بکەین، پلان بۆ لادێیەکان، ئەمە تەنها کاری وزارەت نییە بە راستی، بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ناکرێ، ئەمە پێویستی بە هەڵمەتێکی نیشتیمانی گەورە هەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، بۆ تەشجیع کردنیان و بۆ ئەوەی کە بتوانین لەو رێگەیەش کەرتی کشتوکاڵی گەشە پێ بکەین، باسی بەنداو کرا لە پشتدەر، بەڵێ پرۆژەمان هەیە و پەسندیش کراوە بۆ هەر دوو بەنداوی دەڵگە و بەڵگ کە دیارە هەر دووکیان دەکەونە نێزیك شارەوە لە پشتدەر، باسی ئەوەشی کرد کە کاك قادر و هەندێك لە برادەرانی تریش باسیان کرد فەرمووتان نابێت وەزیریش وەك ئێمە گلەیی بکات و رەخنە بگرێ یا باسی موعاناتی خۆی بکات، یەعنی ئەگەر ئەمنیش حەقم نییە گلەییم بکەم، حەقم نییە مەعانات باس بکەم، ئێ باشە نالێین ئێمە دەزگای تەشریعین، باشە من دێم موعاناتی خۆم باس دەکەم کە یاسایەك دانێین کە لە قازانجی بەرەو پێش بردنی کەرتی کشتوکاڵ بێ، ئەرێ نالێین ئێمە رەقابین؟ وەرن فەرموون تەماشا کە، چاودێری بکەن بزانن ئێمە چەند ئیشی خۆمان کردووە؟ چەندمان نەکردووە؟ چەند کەم و کوریمان هەیە؟ پێمان نیشان دەنەوە، ئەێ چۆن باسی موعاناتی خۆم نەکەم؟ ئێ باشە نالێین ئێمە بودجە پەسەند دەکەین، ئەی باشە نەیەم داوا بکەم یان موعاناتم هەیە بودجەم کەمە، ئەگەر ئەم بودجەیەی حکومەت پەسەندی کردبیت و دیسان لە (٢٪) دابنێتەوە ئێوە هیمەتێك بکەن و هاوکار بن، پشتیوان بن بۆ ئەوەی کە ئەم بودجە نەچەسپێ، ئەی لە کوێ باسی گلەیی خۆمان بکەین؟ نازانم لە کوردەواری خۆمان دا دەڵێین ئەگەر خەڵك نەخۆش بوو دەچنە لای ئۆمەرمەندان، کابرایەکیش وتی باشە ئەگەر ئۆمەرمەندان نەخۆش بوو، چی لێبکەین؟ حەقی خۆمە گلەیی بکەم، رەخنە بگرم لێرە با میدیاکان، حکومەت گوێی لێ بێت، ئێوە گوێتان لێ بێت، خەڵك جەماوەر گوێ لێ بێت، سەبارەت بە کاك باپیر کاملا فەرمووی یەك یاسا هەبێ، کۆمەڵێك یاسا هەیە راست ئەکا بە راستی ئێمەش ئەو تێبینییەمان هەیە، بەڵام لە گەڵ ئەوەش دیارە یاسای جۆراجۆر دەبێت لە بەر ئەوەی کە مەشاکیلی جۆراجۆر هەیە، چونکە وەکو عەرەب دەڵێت : (الحاجة امور الاختيار)، جاری وا هەیە بە قەدەر ئەوەی کە خەڵك (ام الاختراع) پێویستی هەیە، مەشاکیلی هەیە، بەڵێ یاسا دادەنرێ و بریار دەدرێ و رێنمایی دەر دەکرێ، فەرمووی چەند زەویمان هەیە بە دۆنم، ئێمە زەوی بەراومان بە (٩٥٠) دۆنمان هەیە بەراو و پێنج ملیۆن و صەد و حەفتا و حەفت دونمی گەنمە کاریشمان هەیە و فەرمووی زەوی کە ئێستا تەجاوزاتی

دەکرێتە سەر حکومەت بۆ خزمەتگوزاری پێ دەدات؟ راست دەکەی حکومەت خزمەتگوزاری پێی دەدات ئەوە وایە، ئەوە کێشەیەکی گەورەیە چارەسەر کردنی ئەو زەویانە، چونکە زۆر لە خوشك و برایان باسیان کرد گرفتێکە ئەمەش بە راستی پێویستی بە هەڵمەتێکی گەورە هەیە و ئەگەر حکومەت بە هەموو لا سەرۆکایەتی هەرێم، حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئێوەش پاڵپشت بن و حزبەکانیش پاڵپشت بن کە بە راستی ئەم ئیرادەیە هەبێ، ئێمە پرۆژەمان هەیە و دەشیخەینە روو پاڵپشتی دەبن ئەیخەینە روو، کە چۆن چارەسەری ئەو زەویانەی کە زێدەرۆیی کراوتەوە سەری کە زەوی کشتوکاڵین هەر بە بێ ئەوەی بە راستی حیساب بۆ حکومەت بۆ یاسا بکرێت، بیست (٢٠) دۆنم و پەنجا (٥٠) دۆنم سیم کراوە بۆ خۆشی و خۆشگوزەرانی خۆی، ئەمن لە گەڵ تێکدانی خۆشگوزەرانی خەڵك نیم، بە خوا موبارەکی بێ بە خۆشی بێ، بەڵام نەك لە سەر حیسابی بەرژەوەندی و سامانی گشتی، کاك شێرکۆ باسی کارگەی وشك کردنەوەی کرد، بەڵێ ئەوە دیسانەوە عائیدی کەرتی تایبەتە و ئێمە پلانیشمان هەبوو و زۆر جار بە راستی هانی ئەو موستەسمیرەش دایە بۆ ئەو مەبەستە، باسی کۆنفرانسی سلێمانی کرد کە بە ناوی خەمی کشتوکاڵ بوو، ئێمە لە نێزیکەوە بانگمان کردوون و دەستخۆشیمان لێکردوون و پرۆژەکان بە دەستمان گەیشتوون و پێشنیارەکانیان و لە لایەن پلان و بە دوا داچوونیشەوە سوودیان لێ بینراوە زۆربەشیان یەعنی ئەوانەن کە عەین لە پلانەکانی ئێمەش دا هەیە دەستیشیان خۆش بێت و سوپاسیشیان دەکەین، باسی شێوازی دابەش کردنی ئوتومبێلی کرد، ئوتومبێلی دەبل کابینە، ئەوە بە راستی دوور و نیزیکە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، نە وەزارەت کڕیویەتی، نە وەزارەت دابەشی کردووە، نە وەزارەتیش ئاگای لێ بوویە، کاك زیادیش هەر باسی پلانی وەرگرتنی گەنمی لە ساڵی (٢٠١٥) کردە ئەوە دیارە عائیدی وەزارەتی بازرگانییە وەرگرتنی، بەڵام بە راستی ئەمن سەرنجێکم هەیە خستوومەتە روو منیش پێم وایە لێرەدا ئەڵقەیەکی ون بوو هەیە لە نێوانی ئەوەی کە جوتیار زەوییەکەی دەکێڵێت و گەنمەکەی پێ دەگات، هەتا ئەوکاتەی کە تەسلیمی سایلۆی دەکات، لەونێوانە بەراستی پچڕاوە، کێ بەرپرسە لێی؟ ئێستا کێ بەرپرسە لەوەی کە پارەی وەرنەگرتووە؟ کێ بەرپرسە لەوەی کە گەنمەکەی بفەوتێت لەبن نایلۆنان و لە ساحەکان، کێ بەرپرسە حەقەتەن؟ وەکو رەسمی وەزارەتی بازرگانی لێی بەرپرسە، بەلام پێم وایە لەگەڵ وەزارەتی بازرگانیشم باس کردووە، کە پێویستی بە چارەسەرێك هەیە، مەگەر ڕووە بازرگانییەکەی دەنا پێم وایە دەبێ عایدی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بێ، مامۆستا حسن باسی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی کرد، لایەنی سەلبی و عەقدی سالآنە لەسەر جوتیاران، ئێمە قانونی یەکی ساڵی (٢٠٠٨) مان هەیە لە هەرێم کە دەرکراوە، ساڵی (٢٠٠٧) قانونی تەسویە هەیە کە ئەمە باسی تەملیك دەکات، عەینەن ئەو تەملیکەیە کە لە عیراق باس دەکرێ، کە بۆ جوتیارانی عیراق کراوە، باسی پلانی (٥) ساڵەتان کرد چیتان کردووە، چەندتان جێبەجێ کردووە؟، برادەرانی وەزارەت ئەوەیان بەمن وتووە، ئەوان لەکاتی خۆیدا پێویستییان بە (٨) ملیار دۆلار بووە، کە لە ماوەی (٥) ساڵدا ئەو پلانە جێبەجێ دەکەن، دیارە هەمووتان ئاگادارن کە باسی دەکەن، بۆ مەعلوماتتان تەنها (١) ملیار دۆلار بودجە بووە، بۆ جێبەجێ کردنی پلانەکە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاستی بەرهەم لە (٣٠٪)

گەیشتووەتە (٤٥٪) واتە (١٥٪) زیادی کردووە، باسی بەنداوی جەلی کرا، فەرموو تەبعەن ئەوە بودجەی قەرەبووکردنی جوتیارەکان ڕاوەستاوە و، (٦٥٪)ی پردەکە تەواو بووە، پردێکی هەیە، ڕێگایەکی (٢)کیلۆمەترە کە ئەویش پێویستی بە بودجە هەیە، نەکراوە، بۆیە کێشەکە بودجەیە و، بڕیارە لەو ماوانە ئەگەر ئەو بڕە پارەیەمان داوا کردووە سەرف بکرێت، ئێمە بەزووترین کات ئەو بەنداوە تەواو دەکەین، بەنداوی دێوانە بۆچی چارەسەر نەکراوە؟، بەنداوی دێوانە بەڵێ کێشەی هەیە کاتی خۆی لە نرخی کە دیاریکراوە بۆ هەڵکەندنەکە، کە دوایی تووشی بەرد بووە لەسەرەتا گڵ بووە، ئەوە گۆڕانکاری بەسەر دادێت ئێمە هەوڵی خۆمانمان داوە، چەندجاریش نامەمان ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، ئێستا پێشنیاری ئێمە بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەزیە لە ئەنجومەنی وەزیرانەو چاوەڕێی وەڵامی ئەوان دەکەین، باسی ئەوەی کرد کە گەنم زیاد بووە و شتێکی خەیاڵییە، وەڵلاهی لەخوای بەزیاد بێ کە زیادی کردووە، بەلأم خەیاڵی نییە، لەبەرئەوەی وەزارەتیش پلانی خۆی هەبووە، یەعنی هەر بڵێی لەخۆیەوە زیادی کردووە بەمشێوەیە نییە، بۆ؟ کاکە بنەتۆی بۆ دابین کراوە، بنەتۆی باوەڕ پێکراو، ئامێری ئاودانی پێدراوە و، بە بازاڕکردنی و نرخی سایلۆ کە ئەمساڵ زۆر بەرز بووە، کە گەنمەکەی لێکڕاوەتەوە، کە لەهیچ وڵاتێك بۆ مەعلوماتتان نرخی گەنم بەمشێوەیە نییە، ئەوانە هەمووی هاوکاری بوون، یارمەتی دەرێ بوو کە بەڕاستی جوتیار گەنم بکە، هەر بۆ نموونە جۆ ئەمساڵەکە، کە فەلاح جۆیەکی زۆری هەبووە کەس لێ نەکڕیوەتەوە، هەندێکیش هاتنە لای ئێمە وتیان ئێمە هیچ ئەو جۆیەمان خەسار دەبێ، بەلأم ساڵێکی تریش یەك تەنەکە گەنمی ناچێنین، ئێ کەوایە تۆ هاوکاریم دەکەی، ئێمە چیمان کرد بەناچار بەڕاستی هاتووین نزیکەی ٢٣ هەزار تەنمان لێ کڕیوەتەوە کە کەمیشە، بەلأم هەر دڵخۆشی بووە بۆیان هەریەکی بڕەکی لێ کڕاوەتەوە، ئێستا ئەمساڵ جۆیەکەی دەکاتەوە، لەخۆوە نییە، هەم حکومەتیش دەوری هەبووە، هەم خۆشی دەوری هەبووە، لەخوای بەزیاد بێ یاخوا هەر زیادبێ، ئاواز خان فەرمووی چیتان بۆ جوتیارانی نموونەیی کردووە؟ ئێمە لە نزیکەوە سەردانمان کردوون و ئەوەی کە پێی ڕاگەیشت بین چەند جوتیارێکی نموونەیی لە کێڵگەکەی خۆی بەسەرم کردووەتەوە دەست خۆشیمان لێکردووە، سوپاسمان کردوون، ئێمە لەپێش میدیاکان جێگامان بەخۆڕایی بۆ دابین کردوون، بەنیازین لە دەرفەتێکیشدا ئەمساڵ کۆیان دەکەینەوە، خەلأتیشیان دەکەین، دەستخۆشیان لێ دەکەین لە نزیکەوە، دیارە وێڕای ئەوەی کە هەموو هاوکاری و دەعمێکی ئیعاناتی زراعیش ئەوانەی گرتووەتەوە، هەماهەنگیتان لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی ناوەند، ئێمە دوای ئەو ڕێکەوتنە لە ئەنجومەنی وەزیرانیش قسەمان لێ کردووە، کە هەماهەنگیمان، پەیوەندیمان لەگەڵ وەزارەتی زراعەی حکومەتی عیراقی دروست دەکەین، چونکە بەڕاستی هەندێك پێداویستی ئێمە هەیە فیعلەن لەوێ جێبەجێ دەبن، لەو ماوەیەی ڕابردووش وەزیری سەرچاوەکانی ئاوی عیراق چونکە لە عیراق هەم وەزارەتی ڕەی هەیە، هەم وەزارەتی زراعە هەیە جیاوازن لە یەك هاتنە هەرێمی کوردستان و ئێمە لەگەڵیشیان کۆبووینەوە و، کۆمەڵێك باس کە پەیوەندی بە هەردوو لامانەوە هەیە باسمان کردووە، بانکی کشتوکاڵی ئەوە هەر وابزانم وتیان نییە، بانکی کشتوکاڵی هەیە بەس عایدی وەزارەتی داراییە، سەر بە وەزارەتی

کشتوکاڵ نییە، کاك خەلەف پرسیاری لەبارەی کارگەی زەیتی ئاکرێ کرد، کە (١٢) ساڵە فیعلەن دامەزاروە، ئەم کارگەیە عایدی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازییە، بە عەقد درا کاتی خۆی بە کۆمپانیایەك، بەڵام کاری تێدا نەکراوە لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی کە زەرەری بووە، یەك لیتر زەیت پێویستی بە (٤) کیلۆغرام گوڵەبەڕۆژە هەیە، کە تێچووەکەی زۆرتر دەبێت لە قازانجەکەی، دوایی بۆیە لێی دەست بەکار نەبووە، کاك دکتۆر عزت باسی بانکی کشتوکاڵی کرد (١٠٠) ملیۆن دۆلار تەرخانکراوە، (١٠٠) ملیۆن نەبووە (٦٠) ملیۆن بووە بۆ مەعلوماتتان، لەو پارەیە (چل و هەشت و نیوی) خەرج کراوە، (١١) و نیوی دانـدراوە بۆ تەسفیەو تەملیك بە ئامێری حەساس کە ئەوە (٢٠١٥) بەنیازن لەگەڵ کۆمپانیایەکی بێگانە، بیانی لێی دەست بەکاربن، ئینشائەڵلا زوو تەواوی دەکەین، کە قەزیەکی گرینگە بۆ ئێمەی کوردستان، مامۆستا مەروان فەرمووی وڵاتانی دراوسێ ڕێرەوی ئاویان گۆڕیوە، چیتان کردووە؟ چەندجار وەفدیان هاتووە، ئێران ڕێڕەوی ئاو دەگۆڕێت، هاتووین لەگەڵیان باسمان کردووە، ئەوان ئێمەیان بانگهێشت کرد، وەزارەتی کشا وەرزی ئێران بانگهێشتیان کردووین، ئێمە بەرنامەی خۆمانمان پێداون، یەکێك لە بەرنامەکانی کە دەمانەوێ گفتوگۆی لەسەر بکەین ئەو ڕێرەو گۆڕینی ئاوی سیروانە، وتمانی ئەگەر ئامادەنەبن بەڕاستی قسە لەسەر ئەوەبکەن، ئێمەش بەڕاستی ناتوانین سەردانتان بکەین، بانگهێشتەکە قبوڵ بکەین، فەرمووی چیتان کردووە بۆ بن دیوار؟، باسم کرد جارێکی دیکە، بەس هەندێکیان لێرەنەبوون دیارە دوایی دیسان ناچار دەبم بە تەفسیل باسی دەکەمەوە ئەوجارەی، کاك دکتۆر شوان قەلادزەیی باسی کرد وتی گوایە سەماد بەردی تێدایەو خوێی تێدەکەن، وەڵلا من یەکەمجارە بیبیستم، زۆر سەیرە کاکە یەکەمیان فەلاح زۆر شارەزایە لەو ڕووەوە، چۆن بەسەریدا تێدەپەڕێت سەماد بەردی تێدا بێ، خوێی تێدا بێ، دووەم ئێمە ئامێری پشتکنینمان هەیە، موختەبەرمان هەیە، ئەو سەمادەی دێت بۆ مەعلوماتتان بەبێ موختەبەر تێناپەڕێت، نایەت، ئەگەر بەڕاستی کەسێکیش هەبێ و مەعلوم بێ، مەمنون دەبم ئەگەر ناوەکەی یان شوێنەکەی بمان دەنێ، زۆر مەمنونم، چونکە ئەوە یەکەمجارە دەبیستین، برادەرانیش وابزانم نەیان بیستووە، شتێکی سەیرە، کاك رابوون دەفەرموێ بۆ قاچاخچییەکان چیتان کردووە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ؟، ئێمە بڕیارمان داوە وابزانم ئاماژەشم پێکرد، لەمەودوا زۆر کێشەمان نییە، هەر کەس کە هەر بەروبوومێکی بیانی دەینێ هاوردە دەکات، ئێمە باجمان داناوە، باجی خۆی دەداو دەیهێنێ، ئەوی تر ئێمە لەو کۆبوونەوەوە کە باسم کر بەڕاستی بەتوندی بڕیاردراوە ئیجرائات لەگەڵ قاچاخچییەکان بکرێ، بەداخەوە من پێم ناخۆشە کە خەڵکێك بەزەیی بە وڵاتی خۆیدا نەیەتەوە، بەزەیی بە خەڵکی خۆی دانەیەتەوە، بۆ کەمە قازانجێك ئامادەیی هەبێ زەرەرێکی زۆر گەورە لە وڵاتی خۆی بدات، بڕوابکەن هیچ کەسێکی دیکە لە دونیای دیکە پێم وایە ئەوە ببینێ، یەعنی کابرا بۆ قازانجی خۆی ئامادەیی هەبێ زەرەر لە کۆمەڵگا بەگشتی بدات، کاك دکتۆر فرست فەرمووی پلانتان بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراك چییە؟ ئێمە پلانی خۆمانمان پێشکەش کردووە بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراك، بۆ دابینکردنی ئاسایشی ئەوە تەفسیلێکی دەوێ، پێم وانییە ئێستا بتوانم لێرەوە بۆتان باس بکەمەوە، لەکاتی خۆیدا ئاماژەیەکم

پێکردووه، فەرمووی بۆچی لەسەر یەك بنـەتۆ رێك ناكـەون؟، ناكرێت لەسـەر یەكە بنـەتۆ رێك بكـەوین، چونكە لەبەر نەخۆشی، لەبەر تێكچوونی ویراسی ئەو بنەتۆیشە بۆ مەعلوماتتان ئەو قەزیەیە قەزیەیـەكی عیلمییـە، بـەڵكو چـەندجۆرمان هەیـە، كۆمـەڵێك جۆرمـان هەیـە، سمیتۆمـان هەیـە، گەنمـە شـاممان هەیـە، ئاراسمـان هەیـە، ئەدەنـەمان هەیـە، ئەوانـە هەنـدێ لـەو بنەتۆیـە بـاوەڕپێكراوەن، كـە ئێمـە سـوودیان لـێ دەبینین، خاتوونێك پرسیاری كرد وەڵلاهی ناوەكەم نەنووسیوە، باسی قـەرەبووی جوتیـارانی كـرد، ئەگـەر سامانە سروشتییەكان زەویەكەیان ئیستیفادە كردبێ، یاسایەك هەیـە تەبعـەن بـەپێی ئـە و یاسایە خـاوەن موڵك ئـەوەی كـە مـوڵكی خـۆی بێـت، لـە (٥٠٪)ی زەوییەكـەی پـێ دەدرێـت، دوای ئـەوەی كـە زەوییەكـە دەخەمڵێنرێت (٥٠٪)ی پێ دەدرێت، ئەوەی كـە عەقـدی زراعیشـی هـەبێت (٢٥٪)ی پـێ دەدرێـت، پـێم وایـە شتێكی باشە بۆ جوتیاران، مامۆستا ابـوبكر هەڵـەدنی فـەرمووی چـەند كـەس سـوودمەند بـوون لـە قـەرزی كشتوكاڵی؟، چ سوودیان بینیوە یان تەبعەن لە (٢٠٠٩ تا ٢٠١٤) (٦٨٢٦) كەس لە قەرزی كشـتوكاڵی سـوودمەند بوون، بەبڕێ چەند؟ بەبڕی (١٧٩) ملیار دینار، ئایا سوودیان لێ وەرگرتووە؟، بەڵێ هەندێكیان سوودیان لـێ وەرگرتووە، بەڵام هەشە فیعلەن وەكو من ئاگادارم زەرەریان كردووە، باسی بەنداوی سوورقاشـان و بەنـداوی دێوانە كرا، بەنداوی دێوانە جوابمان دایـەوە، بۆچـی دروسـتكراوە، قـازانجی چییە؟ خـۆی بەنـداو تـەنها بـۆ كارەبا نییە، ئەو بەنداوانە بۆچییە؟ یەكەم بۆ ئاودێری، بۆ گەشتوگوزار، بۆ بووژاندنـەوەی ئاوی ژێـر زەوی، بۆ بەرهەمهێنانی سامانی ماسـی، تـەنها كارەبـا نییـە، كـاك عبـاس باسـی بەنـداوی تەقتـەقی كـرد، بـەڵێ لـە بەرنامەی وەزارەتە كە بەشێوەی (BOT) واتە قەرزی درێژخایەن دروست بكرێت، بەڵام بەڕاستی ئـەویش لەبەرئەوەی كە بودجە نییـە، دەسـتی پـێ نـەكراوە نزیكـەی (١) ملیـار دۆلاری دەوێ، كـەژاڵ خـان پرسـیاری ئەوەی كرد چەند دۆنم زەوی بە بەتاڵی بەجێ دەمێنێ ساڵانە؟، یەعنی ناكرێت بە كشتوكاڵی، ئێمەش باسی (٦) ملیـۆن و (١٤٧) دۆنمـان هەیـە، (٤) ملیـۆن و (٤٠٠)ی دەچـێندرێت، ملیۆنێـك و (٧٤٧)یـش بـە بـەیار دەمێنێتەوە، دەكرێتە وەردو شۆ دەدرێتەوە، كاك عمری حاجی عینایـەت فـەرمووی ئـەو بـڕە پارەیـەی لـە بودجەی بۆتان دیاریكراوە ئایا چۆنتان خەرج كردووە، چ ئیستیفادەتان لێ كردووە، تەبعەن زراعی لە (٦٥) ملیار دینار بـووە، ڕەزامەنـدی تـەنها (٣٣) ملیـاری پێـدراوە، هـەمووی جێبـەجێ كـراوە، بـەڵام دارایـی تـەنها توانیویەتی تا ئێستا (١٦) ملیار خەرج بكات، (٢٧) ملیارەكەی تر ماوەتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٥، كاك بیستوون بـوو پـێم وایـە باسـی كڕینـی كۆپتـەر و فڕۆكـەی ئاگركوژاندنـەوەی زراعـی كـرد، وەڵلاهـی لـە پلانمـان دا هەیـە باسیشمان كردووە، بەڵام دیارە ئەوەش پێویستی بە بودجە هەیە بۆی دابـین نـەكراوە، كـە بودجـە ئاسایی بێ ئێمە بەتایبەتی پێویستمان بـە (٤) كۆپتـەر هەیـە، فڕۆكـەی زراعـی دەبێـت، كـاك فـائق باسـی بەنـداوی دوكان و ئاوی بەفیڕۆدان و ئەوانەی كرد، تەبعەن بەردانەوەی ئاوی بەنداوی دوكان وەك باسم كرد تەنها بۆ كارەبا نییە، بەڵكو ڕۆژانە (١٠ تا ١٥) مەتر سێجا لە چركەیەك بۆ پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی شاری سلێمانی بەكاردێ، لە هەمان كاتدا بۆ بیرە نەوتەكانی كەركووكیش، بۆ زۆر لـە پرۆژەكـانی ئـاودێری ئـەو ناوچـانەی خوارەوەش بەكاردێت، سـەبارەت بـە (بـن دیـوار) دووبـارەی بكەمـەوە، ئـەمن لێـرە دیسان ڕایدەگەیەنمـەوە،

نـاڵیم نییـە، بـەڵام دەبـێ بـە بەڵگـە دەسـتمان بکـەوێت، لیژنـەشمان بـۆ پێکهێنـاوە، لیژنەیـەك کـە کەسـە نزیکەکانی وەزارەتیش نازانن کێیە، بەس کەسێك ناوەکەمان پێ بڵێ لە شوێنێك (بن دیوار) هـەبێ، بەهـەر شێوەیەك لە شێوەکان بەڕاسـتی ئـەمن تـەحقیق دەکـەم و بۆشمـان ڕوون بێـتەوە، بڕیـاری یاسـایی لەسـەری جێبەجێ دەکەین، کە دیسان باسم کردووەتەوە، کە (٣٠) ڕۆژ لە فەرمانگەکەی خـۆی بـەبێ مۆڵـەت دەوامـی نەکردبێ فەسڵ دەبێ، باسی ئەرقام کرا ، وابـزانم کـاك علـی حەمـە صالح بـوو باسـی ٢٠١٣ی کـرد، (٢٠١٤)یـە ئەوەی ئەمن ئێستا پێت دەڵێم، ئایا ئەو لە (١٤) هەزار و نۆسەد و قسوریەی کە لە دارایی وەرت گرتووە، ئایا لەوساڵییەوە کەس نـەمردووە؟ ئایـا لـەو سـاڵییەوە کـەس بـۆ خوێنـدن نەچووەتە دەرەوە؟ کـە مـن ئاماژەم پێکـرد، تەشـریفت لێـرە نـەبوو جارێکی دیکـە، ئایـا لەوسـاڵییەوە کـەس تـەقاعود نـەبووە؟ ڕۆژانـە خـەڵك تەقاعود دەکەین، ئایا لەوساڵییەوە کەس ئیستیقالەی نەکردووە؟ ڕۆژانە ئیستیقالە دەکـەن، کـابرا مووچـەی کەمە پێی ئیدارە ناکات، کەسابەتێکی تر دەکات، بۆیە دڵنیاتان دەکەمەوە ئەو ژمارەی کە لای ئێمەیـە هـەتا ئەو ڕۆژەی کە من هاتمە خزمەتتان دەنا گۆڕا، دوێنێکە ئیستیقالەی ئیمزا کـردووە، ئـەمڕۆ بـەیانی هـاتووم تـەقاعودم ئیمـزا کـردووە، یـەعنی ئـەو ڕۆژەی کـە هاتمـە خزمـەتتان ئـەلێرە، ئـەوە ڕەقەمـە دروسـتەکەیە، حەزدەکەی بیزانن لە کەسی تر وەریمەگرن، ئەو پارەیەی کە ئێمە وەریـدەگرین بەسـەر ئـەو فەرمانبەرانـە دابـەش دەکرێـت، کاکـە گیـان ئێمـە تێکـڕای ژمـارەی فەرمانبـەرانی وەزارەت (١٣) هـەزار و (٤٨٠)یـە، لـەوەی خانــەی یەکــەم و دووەم و ســێیەم و چــوارەممان هەیــە چــییە؟، فەرمانبــەرانی وچــانی بــێ مووچــە، فەرمانبەرانی وچانی خوێندن، فەرمانبەرانی وچانی دایکانە، فەرمانبەرانی وچانی نەخۆشـی درێژخایـەن، ئەوانـە چـەندن؟ (٦٥٥) ئەوانـە یاسـا دەیانگرێـتەوە، بـەپێی یاسـا ئەوانـە مۆڵـەت دراون، کـەوابێ تێکـڕای فەرمانبـەران کـە لـە دەوامـن چـەندن؟ دەبێتــە (١٢) هـەزار و (٨٢٥)، نـەك (١٤) هـەزار، دوو: ئێمـە (٣١٥) فەرمانبـەری گرێبەسـتمان هەیـە، بـە گرێبەسـت و بـە فەمارمانبـەری دائیمـی ئێمـە (١٣) هـەزار و (١٤٠) فەرمانبەرمان هەیە، بۆیە من کۆتایی بە قسەکانم دێنم لە ئاخیردا ئەو دوو، سێ قسە دەکەم، یەکەم: ئـەمن بەڕاسـتی دونیایـەك سـوپاس و پێـزانینم بـۆ پێشـنیارەکانتان، هەندێکیشـیان پرۆژەشـیان پێـداوین، لێتـان مەمنونین، سوپاسی ڕەخنەکانیشتان دەکەم، ئەویش بەڕاستی بە هەند وەردەگرین ئەوە بۆ دروست کردنە، بۆ چاککردنە، لێرەشەوە بەڕاستی لەگەڵ ستافی وەزارەتیش پشتیوان بەخوای گەورە بەڵێن دەدەیـن ئـەوەی کە پێمان بکرێت چاکسازی لـە گۆڕانکـاری بـەپێی پێشـنیارەکان، بـەپێێ ڕەخنـەکان درێغـی ناکـەین، دووەم: بەڕاستی پێویستمان بە هاوکاری و پشتیوانی ئێوە هەیە، چۆن باسم کرد پێشنیارتان، ڕەخنـەتان، پشـتگیری کردنمان بەتایبەتی وەکو باسم کرد لە مەسەلەی بودجە، لە مەسەلەی دەرکردنی یاسایەك کـە لـە خزمـەتی بەرەو پێش بردنی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بێ، بۆ ئێمە بەڕاستی گرینگە، من خۆشحاڵ بووم دووبـارە دەستخۆشـی بـۆ هـەموو لایـەك و سـوپاس و پێـزانینم بـۆ سـەرۆکایەتی پەرلـەمانیش، کـە داواکاریەکـەیان جێبەجێ کردین و کە بتوانین لێرە لە خزمەتتان دابین، ڕاپۆرتی ، ڕەوشـی کشـتوکاڵی هـەرێمتان لـە شـەش مانگی ڕابردوودا عەرز بکەین، دووبارە سوپاس و پێزانین بۆ هەموو لایەك، والسلام علیکم ورحمة الله.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز عبدالستار مجید وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، بۆ ڕوونکردنـەوە و سـەرنج و تێبینیەکانی بەڕێزیان، ئەگەر هەنـدێك پرسـیار وەڵامتـان وەرنـەگرت بـێ، ئومێـدەوارین لـەکاتی پێویسـتدا وەڵامەکانی وەربگرن.

**بەڕێز عبدالستار مجید / وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەی ئاو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆمــەڵێك پرســیار کــراوە وەڵام نەدراوەتــەوە، پێشــنیارەکانیش ڕەنگــە وەڵام نەدرابێتــەوە، هەنــدێکیان بەسەرچاو لەو ماوەیەی کە دیاریتان کرد بوو لە (١٥) ڕۆژدا ئێمە وەڵامی ئەو پرسـیارانەی کـە نەدراوەتـەوە بەشێوەیەکی فەرمی پێشکەش دەکەین.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە ئەو هەماهەنگییەی نێوان وەزارەت و پەرلەمان پێویستە بۆ گشت بوارەکان نەك تەنها بواری کشتوکاڵ و سەرچـاوەکانی ئـاو، ئەمـەش بنەمایەکـە لـە بنـەماکانی پەرەپێـدانی کـاری پەرلـەمانی، بـەو ئومێـدە کـە بـەردەوام دەبـێتن ، دیـارە لێـرەدا پێویسـتیمان بـە پشـووەك هەیـە، دانیشـتن هەڵـدەگرین، سـەعات سـێ و چارەگێك دەگەڕێینەوە، ئەو ٣ لیژنـەی تـازە پێکهـاتوون، هەڵبـژاردنی ئـەنجام دەدەیـن لـەو بـوارەی هـەر لـە ئێستاوە، ئەگەر حازر ببن ئینتیزارتان دەکەین، فەرموون.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (١٨)، ڕۆژی دانیشتن (٢٠١٤/١٢/٢٣)، تەوەری یەکەمی بەرنامەی کارمان تەواو کرد، دەچینە سەر تەوەری دووەم، بەڵام پێش ئەوە بەڕێز کاك شێخ شامۆ پێشتر پێش (٤٨) سەعات داوای ئەوەی کردبوو بیرۆکەیەك بخاتە ڕوو سەبارەت بە شنگال، لەبەر ئەوەی کە تەوەری یەکەممان تەواو نەکردبوو، تەواوکەری دانیشتنی پێشوو بوو، لە بەرنامەی کاردا بوو، بۆیە بیرۆکەکەی خۆی دەخوێنێتەوە، ئەو کاتە بەرنامەی کار دەست پێ دەکەینەوە، بەڕێز د.عزت، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر إسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر بەرژەوەندی ئەو خوێندکارە خۆشەویستانەی زۆر دەمێکە چاوەڕێن، بڕگەی چوارەم بخرێتە شوێنی بڕگەی دووەم، دوای وتەکەی بەڕێز شێخ شامۆ، بڕگەی دووەم بخرێتە بڕگەی چوارەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باش، با بەڕێز شێخ شامۆ وتەکەی پێشکەش بکات، دوایی ئەو موناقەشەیە دەکەین کە دڵنیام بەشێکی زۆری ئەندام پەرلەمانان داوای دەکەن، یاداشتێکیشمان بۆ هاتووە، پێشتریش بەڕێز کاك أنور داوای کرد، ئەگەر هەر پەیوەندیدارە بەو مەو زوعە با کاك شێخ شامۆ وتەکەی پێشکەش بکات، ئینجا دوایی دەرفەتتان دەدەینێ قسە بکەن، فەرموو.

**بەڕێز شامۆ شێخۆ نیعمۆ:**

**ڕێزدار سەرۆکی پەرلەمانێ کوردستانێ.**

**ڕێزداران جێگر و سکرتێری پەرلەمان.**

**ڕێزداران ئەندامێن بەڕێزی پەرلەمانێ کوردستانێ.**

**سلاڤ ل خێزان و گیان و گۆڕستان و جان گۆری و شەهیدان.**

سلاڤ ل دەردەسەریا وان خەڵك و خێزانێن دەستێ داعش دا گرتی و ئێخسیر مایین.

وەکو ئەم هەمی دناڤ ڕوودانا دا دژین، ئەڤە سەرێ زێدەتر ژ جار هەیڤانە کوردستان کەتیە بەر گەفێن داعشێن تیرۆریست و بەرە بەرە و قۆناخ قۆناخ ئەو دەڤەرێن کەتینە دەستێ داعش پێشمەرگەهێ قەهرەمان ڕزگار دکە، بەختەکی باش بوو سەرکردایەتیا گشتیا یا هێزێن چەکدارێن کوردستانێ، هەڤدەم دگەل سێ هەلکەفتا ئۆپەراسیۆنا ئازاد کرنا دەڤەرا شنگال و دەردورێ وێ دەست پێکر ل (١٦-١٧/ ١٢/ ٢٠١٤)ی ل ڕۆژا ئالایێ کوردستانێ و ڕۆژا دایکێن کوردستانێ، و (٢٠١٤/١٢/١٧) ڕۆژا جەژنا ڕۆژیێن ئێزی بوو یا کوردێن ئێزدی، ڤە هەرسێ هەڵکەفتا ئۆپەراسیۆنا مەزن دەست پێکر، مە بریار دابوو وەك دەزگاییێن تایبەتمەندێن لناڤ ئێزدیا یێن ئۆلی و جڤاکی و ڕەوشەنبیری ئەم رێ و رەسمێن جەژنێ نەگێڕین وەك ڕێزگرتن ل خونا وان فەرماندە و ئەفسەرێن پێشمەرگەهێ قەهرەمان یێن گیانێ خوە گۆری ئاخا وەلاتێ خوە کری، وەك خەمگینی ژی و بەشداری ژی دگەل وی خەڵکێ مەیێ زیان و زەرەرا مەزن خواری ژ ئەگەرێ وان گورزێن دژوارێ داعشێن دورندە ل کۆك و کەونا خەلکێ چیایێ شنگالێ دایی. پێشمەرگەڕۆنایا چاڤێمەیە. پێشمەرگە تاجاسەرێ هەرکوردەك یوەڵات پارێزە. ل ڕۆژا جەژنێ (١٢/١٧) من وەك ئەندامێ پەرلەمانێ کوردستانێ و ئەندامێ لیژنا دەڤەرێن کوردستانیێن دەرەڤەی هەرێمی کوردستانێ، ب ئەرکێ خوە زانی ڕۆژا جەژنێ ل میحوەرێ ڕۆژئاڤایێ دیجلە دگەل پێشمەرگە دەرباز کەم، ئەم گەهشتمە سەنگەرێ پێشی ل باشوورێ زومار دیدار و دیتن لگەل وان مێرخاس و عەگیدا من ئەنجام دان و ژ بۆ من زەلال بوو کو ل (١٢) سەعەتا بەری بگەمە باشوورێ زومار، پێشمەرگەهێ قەهرەمان گەهشتنە باکوورێ شنگال گوند، گوند و کۆمەڵگەهـ، کۆمەڵگەهـ وان دەڤەرا رزگار دکە، و پلان یا بەردەوامە ل عەردێ

پێشمەرگەهـ و ل عاسمان فرۆکەیێن ئەمریکا و وەلاتێن هەڤپەیمان دگەلدا. ل رێیا زومار شنگال ئێکسەر من بریاردا ل وێ رێکێ بەرب شنگال رێکەتم و ب رێڤە گاڤا من ئەو بەریا بێ پیڤان دیتی ب گۆتن و ئەقوالا نە ئاسانە مرۆڤ بینە زمان لێ بکرن، و ئەفعال نە کارەکی ئاسانە ل وی سەقایێ سەرمایێ عەردێ شل و عاسمانێ شل و پێشمەرگەهێ قەهرەمان کۆم بکۆم لوێ بەریا بەرفرەهـ بەلاڤ بوویی، و داعش نەهێلایی و پاقژ کری، رێك ڤەکری و دەهـ هزار خەلك و خێزان و پێشمەرگەهـ و چەکدارێن سەری وی چیای قورتال کرین، ئەڤە سەرێ چار هەیڤان بوو ل سەرێ چیا تێکۆشینا مردنێ دکرن، بەرامبەر گەرمێ و سەرمێ و برسێ و ترسێ، بێ شك جهێ خوەش حالیا هەر کەسانەکی کورد و کوردستانی و دوست و مرۆڤ ناس بوو.
ئەوبوو ئەز گەهشتمە مەزارێ شرف الدین ل باکوورێ شنگال و قیادا عملیاتا رۆژئاڤایێ دیجلە بەری مە گەهشت بوو و عیدا مە هەمیا بوونە دوو عید، گوند و کۆمەلگەهێن (حەردان و زۆراڤا و گوهبەل و بۆرگ و دهولا و دووگور و ناحیا سنونێ و خانەسۆر و گوندێن ب سەرڤە و هەمی باکورێ چیا) ژ داعش پاك بوون، رییا رەبیعە ژی هەمی هاتە ئازادکرن (٢٤) سەعاتا پشتی رێیا زومار ئەوژیگە هشتەچیا. بەرێزان هەر جهـ دا من ب ئەرکێ خوە زانی بەردەوام د پەیوەندیا دەبم دگەل بەرێزان پارێزگای دهۆکێ و دەزگایێ خێرخوازی بارزانی و دەزگایێن دیتر یێن پەیوەندیدار ژبۆ زوو گەهاندنا هەمی پێداویستیێن ژیانێ بۆ وان خێزانێن پەریشان مایی لسەرێ چیا، ب سوپاسیڤە دبێژم رۆژا دیتر ل(١٢/١٨) (٣٠) شاحینە ژ دەزگایێ خێرخوازیێ بارزانی و سووتەمەنی ژ پارێزگاها هەولێر و (١٢) شاحینە ژ کارگێریا پارێزگەها دهۆکێ گەهشتنە ناڤ وی خەلکی تەنگاڤ و رەوشا وان بەرە بەرە ئارام بوو. دیار بوو دل خۆشیەك سەرانسەری کەتە ناڤ خەلکێ مە چ ل کەمپ و چادرا، چ ژی لسەرێ چیا پشتی ئازادکرنا دەڤەرێنوان دەستپێکری. پشتی پاك کرنا باکورێ چیا پلانا شارێ شنگال ل باشورێ چیا دەست پێکر دیارە، داعش هێزا یا جارا نەمایە و شکەست خواریە ل سەر دەستێ پێشمەرگە، هیڤی و ئومید دگەشن شارێ شنگال و گوند و کۆمەلگەهێن باشوورێ شنگال ژی ژ دەستێ داعش دەرکەڤن و خەلکێ مە وێ ب جهـ و وارێ خوە شا ببن. دجڤینەکا رێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکێ هەرێمێ و فەرماندەیێ گشت هێزێن چەکدارێن کوردستانێ دگەل کەسایەتییێن کوردێن ئێزدی ل دەست پێکا کارەساتێ ل دهۆکێ، جەنابێ وی سۆزدابوو ئەگەر قوربانی چ بن بەرامبەر ئازادکرنا شنگال ئەرکێ مەیە یەك بوست ژئاخا کوردستانێ لناڤ دەستێ داگیر کەرا نەمینێ و، دیسا سۆز دابوو دگەل ئازاد کرنێ سەرەدانا شنگال بکە ئەوبوو جوامێر سۆزا خوە ب جی ئانی، بەری دوایی هاتنا پلانا ئازاد کرنا دەڤەرێن شنگال ل رۆژا (٢٠١٤/١٢/٢١) هاتە سەرێ چیایێ شنگالێ و مەزارگەهێ میر شرف الدین ژی زیارەت کر، ئەو میرگەها بەری (٨٠٠) سالا پەیام ب ناڤێ کوردستانێ گەهاندی گۆتی جوابێ بدەنە کوردستانێ بلا قایم کەن ئیمانێ شرف الدین میرە ل دیوانێ.
سەرەدانا رێزدار سەرۆکێ هەرێمێ و پلانا بەردەواما سەربازیا ئازادکرنا شنگال سەرانسەر دلنیا بوونەکێ لجەم مە کوردێن ئێزدی پەیدا دکە ئەم نەدبێ خودانن و ئەم گەهشتنە وێ باوەریێ گاڤا کوردستان بن

دەست دما ئێزدی دوجار بن دەست دبوون، گاڤا کوردستان ئازاد بوو ئێزدی دووجارا ئازاد دەبن، جارەکێ وەك دین و جارەکێ وەك نەتەوە.

بەرخودان و قوربانی دانا ئێزدیا و تایبەت چیایێ شنگالێ بەری شۆڕەشێ نەتەوی نەخاسمە ل (٥٠) سالێن دەرباز بوویی ل خەباتا نەتەوی خوازا کوردی چ ل قۆناخێن شۆڕەشگێڕی و چ ل سەردەمێ ئازادی و ئاڤاکرنێ و (١١) سالێن شۆڕەشا ماددا (١٤٠) دهێلن مرۆڤ بێژە بزاڤا رزگاری خوازا کوردی و هەر سێ سەرۆکاتییێن کوردستانێ:

- سەرۆکاتیا هەرێما کوردستانێ.
- سەرۆکاتیا پەرلەمانێ کوردستانێ.
- سەرۆکاتیا حکومەتا هەرێما کوردستانێ.

قەردارێن خۆراگریا ڤی خەلکێ هەلگرێ دیرۆکەك تراجیدینە و ئەرکەکی نەتەوی هەمی لایەنین سیاسی یە بەر بارێ ڤی پێکهاتێ رەسەنێ کوردی رابن.

بانگەوازیا من ژبۆ هەر سێ سەرۆکاتێین هەرێمێ و ب رێکا وان بۆ هەمی جیهانێ، ب هەمی رێك و هەوڵدانا بزاڤێن خورت بهینە کرن ژ بۆ رزگار کرنا کەچ و ژن و زارۆکێن ئێخسیر ماین ل دەستێ تیرۆرستێن داعش دا، چونکە شەرەف و کەرامەتا کوردستانێ یە، ئەم پتر پێ دئێش و مەرەڤا دلێ خەلکێ مەدا مایێ ڤەگەراندنا وان گرتی و ئێخسیرایە.

و ل ڤێرێ ب ئەرکێ خوە دزانم ڤان پێشنیازا لسەر ڤان قۆناخا پارڤەبکەم و بیخەمە بەر دەستێ سەرۆکاتیا پەرلەمان و گشت ئەندامێن بەرێز.

قوناخا ئێکێ: قۆناخا ئاوارەبوونا خەلکێ مە بوو، خەلکی لێ قەومیایی بو جهێ سەرفرازیێ بۆ هەر سێ سەرۆکاتیا هەرێمێ و هەمی دام و دەزگایێن پەیوەندیدار، ئەوا دشیان دەبە بۆ هەمی خەلکێ ئاوارە هاتیە کرن و تایبەت خەلکێ مە و هەژیە بێژن هەمی جەماوەرێ کوردستانێ مەرەڤدار و هاریکارێ خەلکێ مەبوو.

قۆناخا دووێ: قۆناخا ئازادکرنا دەڤەرێن کەتینە دەستێ داعش، پشت راستن نێزیکە مزگینیا داستانا ئازادکرنا شنگال وێ لسەر دەستێ پێشمەرگەیێ قەهرەمان دهێتە راگەهاندن و هەمی ئاخا کوردستانێ دێتە رزگارکرن.

قۆناخا سیێ: جینوساید ناسکرنا ڤێ کارەساتێ چارەسەریەکە ژ بۆ دەرد و مەغدوریا خەلکێ مە گرنگ و پێتڤی یە لیژنەکا جینوساید یا پەرلەمانی مە دویفچۆنێن بەردەوام بکەت ل سەر وان گاڤێن دهێنە ئاڤێتن ژ ئالیێ لیژنا حکومەتێ یا تایبەتمەند ب جینوساید ناساندنا کارەساتا شنگال، و ئەم دزانن گەلەك گۆرێن ب کۆم ژ خەلك و خێزانێن مە پاشمایێ کارەساتێنە، فەردبینم تنێ لسەر دەستێ تیمێن تایبەتمەند و بسپۆر ب جینوساید بهێنە ڤەکرن و پشکنینن، داکو ببنە بەلگە و دۆکیومێنت لبەر دەستێ لیژنێن تایبەتمەند یا حکومەتا هەرێما کوردستانێ.

قوناخا چارێ: قوناخا ئارام كرنا خەلكێ مەیە، بێ گومان ژ ئەگەرێ وێ زۆرداریا بێ سنورا ل خەلكێ مە هاتی كرن سایكولوجیەتەك ترسیایی د كەسایەتیا خەلكێ مەدا پەیدا بوویە، بۆ ڤەگەراندنا باوەرێی لڤی خەلكی مە پێویستی ب دام و دەزگاییێ ئەكتیف هەیە ژبۆ پاراستنا ئەمنیەت و مافێ خەلكێ مە بگرە ژ پۆلیس و پێشمەرگە و ئاسایش و دادگەها فەرە هەر ژ كوردستانێ بن و كەسێن دهینە دامەزراندن ل ڤان دام و دەزگەها خەلكێ شنگالێ بن، نە دیسا گرێدایی موسل بن و زەرەرا ل ڤی خەلكی كەتی وندا ببە. گرنگ و پێتڤی یە هێزەكا ژینگەهێ بۆ چیایێ خۆراگر بێتە دروست كرن و دامەزراندن، هەر هەژارێت وی خەلكی مە فایێ ژی وەرگرن باشە و رێزگرتنە بۆ وی چیایێ خۆراگرێ، ئەڤێ (١٠) سالە تێكۆشینا مرنێ دكا. و فەرە تیمێ پاقژكرنا وان شار و گوند و كۆمەلگەها ژ (T,N,T)یێن تیرۆریستا چاندی بهێنە زێدەكرن ژبۆ سلامەتیا وی خەلكی دا بپارێزن.

قۆناخا پێنجێ: قۆناخا ئیدارەكرنێ.

ئیدارەكا چالاك و دەستهەلاتدار و خودان بریار بۆ قەزا شنگالێ و دەڤەرێن سەرڤە دڤێت و پێویستە حكومەتا هەرێمێ بودجەكا باش تەرخان بكە ژ بۆ ساخ كرنا وان دام و دەزگاییێن ئیداری و خزمەتگوزاری چونكە گشت ئالیەت هاتنە تالان كرن چ شارەوانی یان تەندروستی یان كەهرەب یان ئاڤ یان پەروەردە یان كشتوكالێ و چاندن.

قۆناخا شەشێ: قۆناخا ئامارەكرنێ

سەنتەرێ تایبەتمەند ب كارەساتێ بهێتە دامەزراندن و ئامارەك سەرانسەری دەست پێ بكە ژ بۆ دەستنیشان كرنا وێ زیان و زەرەرا ب مال و حال و مومتەلەكاتی و مرۆڤێن شنگالێ كەفتی، قۆناخا ئێكێ هاریكاریەكا بلەز هەبت و بۆ هەر خێزانەكێ گاڤا ڤەگەرنە سەر جه و وارێن خوە، دڤیا فشارەك مەزن بكەڤە سەر حكومەتا فیدرال ل بەغدا بۆ دارێتنا پلانا قەرەبوو كرنا ڤی خەلكی چونكە ژ روێ ئیداری و دارایی ڤە دەڤەرێن مە گرێدایی ئیدارا پارێزگەها موسلن.

قوناخا حەفتێ: چارەنڤیسێ وان دەڤەرا خویا بوویە بەری ڤان روودانا ژی كلیلا چارەسەریا دەرد و داخوازیێن خەلكێ مە ئەنجام دانا مادا (١٤٠) بوو، ژ ئەنجامێ ریفراندۆما دەستورێ عیراقێ و هەر سێ هەڵبژارتنێ پەرلەمانێ عیراقێ و جڤاتا پارێزگەها موسل ب بەلگە تێرا هندێ دكەن پەرلەمانێ كوردستانێ زوو بریارێ بدە ل سەر ئەنجامدانا راپرسیەكی ل وان هەمی دەڤەرێن گرێدایی ماددا (١٤٠)، ئەڤ خەلك قورتال ببە ژڤێ ژیانا دالقاندی و دابراندی، چونكە ل بەندا وێ رۆژێنە بێژن بەلێ كوردستان و ڤەگەرنە سەر ب كوردستانا دایك ڤە.خۆزكە وێ رۆژێ ئەز پرۆژە یاسایێ پارێزگەهـ كرنا شنگال ب تێكرایا ئیمزاییێن ئەندامێن پەرلەمانێ كوردستانێ ببینم لبەر دەستێ سەرۆكاتیا پەرلەمانێ كوردستانێ، ژبۆ خوندنا ئێكێ و دەرباز كرنێ، داكو حكومەتا كوردستانێ ب ئەركێ خوە رابە ژبۆ ئاڤاكرنا شنگالا جینوساید كری.

پێشنیار دكەم پەرلەمانێ كوردستانێ چ ل سەر ئاستێ سەرۆكایەتی یان ل سەر ئاستێ هەمی لیژنێت پەیوەندیدار ل پەرلەمان كا چاوا ژ نێزیكڤە بەردەوام رەوشا ئاوارەیێ شنگال شرۆڤە دكرن و دگەهاندن،

دیسا سەرەدانا شنگال بکەن و ژ نێزیك ڤێ ڕەوشا وان بشۆپینن و بەردەوام دویفچۆن و چاڤدێریا چاوانیا خزمەتکرنا وی خەلکێ لێ قەومیایی بکەن. سەرکەفتنا هێزا ڕۆناهیێ و ئاشتی خوازا دژی هێزا تاریێ و شەرخوازا مسۆگەرە، بژی کورد، بژی کوردستان.

سوپاس بۆ گوهداریا وەیێن بەڕێز.

شێخ شامۆ/ ئەندامی پەرلەمانی کوردستانێ

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێزتان، بەڕێز کاك شێخ شامۆ، ئێمەش لێرەوە دەستخۆشی لەسەرجەم ئەو هێزانە دەکەین کە بەشداریان کرد لە ئازادکردنی ئەو ناوچانەی هەرێمی کوردستان، کە بەداخەوە بۆ ماوەی نزیکەی چوار مانگ لە ژێر کۆنترۆلی هێزی تیرۆریستی داعش بوون، لێرەوە بەڕاستی دەبێت سڵاوێکی تایبەت بنێرین بۆ ئەو قارەمانانەی کە بۆ ماوەی چوار مانگ خۆڕاگرانە بەرگریان لە چیای شنگال کرد، نەیانهێشت چیای شنگال و موقەدەساتی کە لەوێ بۆ برا و خوشکە ئێزیدییەکانمان هەن بکەوێتە دەست هێزی تیرۆریستی داعش، دڵنیاین کە ئەو سەرکەوتنانە دەبێتە هۆی سارێژکردنی برینی برا و خوشکە ئێزیدییەکانمان، بەڵام دڵمان ئارام ناگرێ تا ئەو کاتەی کە سەرجەم ئەو برا و خوشکانەمان کە لەلایەن ئەو هێزە تیرۆریستییەوە فڕێنراون، ئازاد دەکرێن، سەرجەم ئەو ناوچانەی کە ئەو گرووپە تیرۆریستییە داگیری کردووە ئازاد دەکرێن، باشە، ئێستا دێینە سەر بڕگەی دووەم لە بەرنامەی کار، دیارە نوقتەی نیزامی زۆر هەیە، بەڕێز کاك أبوبکر هەڵەدنی، فەرموو.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله (أبوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێشنیار دەکەم کە بڕگەی چوارەم بێتە شوێنی بڕگەی دووەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باش، خاتوو شکریە شێخانی، فەرموو.

**بەڕێز شکریە إسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان پێشنیارم هەیە، ئەو قوتابیانە لە بەیانییەوە چاوەڕێ دەکەن، بڕگەی چوارەم با ببێتە بڕگەی دووەم، ئەم پرۆژە یاسایە تاوتوێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان بۆچوونی ئەوانم هەیە، پشتگیری لە بۆچوونەکانیان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز خاتوو بەهار عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان بۆچوونم هەیە، خاڵێکی تریشم هەیە، کۆمەڵێك پەرلەمانتار یاداشتێکمان پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد، سەبارەت بە خستنە گەڕی هەوڵەکانتان بۆ بەحیزبی نەکردنی سەرکەوتنەکان لە هەرێمی کوردستان دا، بەڵام ئەوەی کە بە دی دەکرێ تا ئێستا ئەو حاڵەتە هەر بەردەوامە، نازانین هەوڵەکانی بەڕێزتان بە کوێ گەیشتووە و ئەو هەنگاوانە چی بوون کە نراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، دوێنێش لەو کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانیەی کە سازمان کرد باسی ئەم پرسەمان کرد، بەڕاستی هێزی پێشمەرگە قوربانی دەدات، خوێن دەدات لە پێناو نیشتیمان دا، نەك لە پێناوی ئەوەی کە دەستکەوتەکانی هێزی پێشمەرگە بە حیزبی بکرێ، بۆیە دوێنێش داوامان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کرد کە دەست هەڵگرن لەو کارە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی لەبری ئەوەی برینەکانمان سارێژ ببێ، هێندەی تر برینی قوڵ لە جەستەی هەستی نیشتیمانیمان دروست ببێ، بەڕێز کاك قادر ئۆتمان، فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لەڕای هاوڕێکانم دەکەم لەوەی بڕگەی چوار جێگای بڕگەی دوو بگرێتەوە لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، بەڕێز کاك حاجی کاروان، فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەمیان لەسەر ئەو کاتەی کە جەنابتان لە دوای جەلسەی دووەم مەوعید دانێنەوە کە سەعاتێك دوای ئەوە، یەعنی هیچ کاتێك نەبووە سەعاتێك یان نیو سەعات کەمتر نەچێتە پاش دانیشتنەکان، کە ئەوەش دووبارە بۆتەوە بۆیە ئێستاکە عەرزی جەنابتانی دەکەم، هیوادارم دووبارە نەبێتەوە، خاڵێکی تر ئەوەبوو چواردە واژوو یان پانزە بوو داوامان کرد جەنابتان لیژنەیەك تەشکیل بکەن بۆ بەدواداچوونی ئەو

ڕاپۆرتەی لیژنەی مافی مرۆڤ لەسەر ئەو چوار سەد کەسەی کە بێ سەر و شوێنن، نەتیجەیەکمان نەبیستەوە و دامانە دەستتان بە یاداشت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کام چوار سەد کەسی بێ سەر و شوێن؟

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

کاك سۆران عمر ئاماژەی پێدا لە ڕۆژی یادی مافی مرۆڤ بوو، چوار سەد کەس......

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەدەستی ئێمە نەگەیشتووە ئەم یاداشتە.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

یاداشتەکە لێرە دامە دەستی جەنابت بە تەوقیعی پانزە ئەندامی پەرلەمانی بەڕێز.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەبێ ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان کرابێ، بەڵام هیچ یاداشتێکمان فەرامۆش نەکردووە.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

ببوورە، داواکاری بوو، نەك یاداشت، داواکاری بۆ دروستکردنی لیژنەیەك لە پەرلەمان بۆ بەدواداچوونی ئەو قسەیەی لیژنەی مافی مرۆڤ.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنە کە ئێمە (٢١) لیژنەی هەمیشەیی پەرلەمانمان هەیە، ئیتر پێویست بە دروستکردنی لیژنەی کاتی ناکات، ئەو کاتەی کە بۆ بابەتێکی دیاریکراو، هیچ یەکێك لە لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان تایبەتمەند نین، دەتوانین لیژنەی کاتی دروست بکەین، بەڵام ئەم بابەتەی کە جەنابت باسی دەکەی پەیوەندیدارە بە لیژنەی مافی مرۆڤ، پەیوەندیدارە بە لیژنەی ناوخۆ، ئەگەر هەر داواکارییەکی لەم بابەتەمان هاتبێتە بەردەست، ئاراستەی ئەو دوو لیژنەیەی پەرلەمانمان کردووە، دەشکرێت دوایی داواکارییەکە ئاراستەی حکومەت بکرێ، خاتوو شرین حسنی، فەرموو.

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان پێشنیاری هاوڕێیانم سەبارەت بە پاش و پێش کردنی بڕگەی چوارەم، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، سەبارەت بە درەنگ دەستپێکردنەوەی دانیشتنەکەش لەبەر خاتری ئێوە بوو کە درەنگ هاتینەوە، ئەگەر نا ئێمە حازر بووین، بەڕێزان ئێمە یاداشتێکمان لە سەرۆکایەتی حکومەتەوە پێ گەیشتووە سەبارەت بەم بارودۆخە، سەبارەت بەم بابەتە، ئەوان دوێنێ ئەم یاداشتەیان ئاراستەی ئێمە کردووە، داوای ئەوە دەکەن کە لەبەر ئەوەی ئەو بابەتە پەیوەندیدارە بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و زانكۆی كوردستان، من ئێستا نامەوێ بچێتە ناو پڕۆتۆكۆڵ بەڵام لەوە دڵنیا بن، لەبەر خاتری ئێوە بوو كە درەنگ هاتین ئەگینا ئێمە حازر بووین، بەڕێزان ئێمە یاداشتێكمان لە سەرۆكایەتی حكومەتەوە پێ گەیشتووە سەبارەت بەم بارودۆخە، سەبارەت بەم بابەتە، وە ئەوان دوێنێ ئەم یاداشتەیان ئاراستەی ئێمەیان كردووە داوای ئەوە ئەكەن، كە لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە سەبارەت بە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وە زانكۆی كوردستانە بۆیە داوای ئەوە ئەكەن كە گفتووگۆ كردن لەسەری دوابخرێ، بەڵام بەپێی پەیرەوی ناوخۆ ژمارەی یاسای ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێكی پەرلەمانیش ئەتوانێ داوای پێش و پاش كردنی بەرنامەی كاربكا بۆیە ئەمە ئەخەینە دەنگدانەوە كێ لەگەڵ ئەوەیە كە، بەلێ فەرموو د. ابراهیم.

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەست پێكێ خێرهاتنا ڤوتابیێن خۆ دكەین ئەوێن كو هاتینە ڤێرێ ژ بۆ بابەتەكێ گرنگ گرێدایی ب وانڤە، و ئەو تێبینی یا من و موداخەلا من چ ژ گرنگیا بابەتی و هاتنا وان نائینیتە خارێ، تنێ ئەز دبێژم بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان دگەل رێز گرتنا مە بۆ وان ڤوتابیان ژ بۆ دا هەیبەتا، دیتنە، دا هەیبەتا پەرلەمانی ببینن و نەبیتە سابیقەكا خراب ژ بۆ تێكدانا عیلاقاتێت پەرلەمانی دگەڵ حكومەتێ و مەعقولیش نینە ئەڤرۆ جوابا حكومەتێ بگەهیتە مە كو تێدا داخاز كریە پتر دانوستاندن بهێتە كرن و لایەنێن پەیوەندیدار حازر بن كو وەزارەتا خویندنا بلندە و رایا وان ژی گرنگە و زەرورە و دویماهیك ژی بۆ ڤان دزڤریت، من پێ سەیرە هوین یین رێزدار كو سەرۆكێ پەرلەمانینە و ب شەراكەتێن لایەنین سیاسی بۆ بەشدار بوونا حكومەتەكا هەمەرەنگ هوین یێن بەرێز و ئەم هەمی بەشدارین ئەڤرۆ د حكومەتێ دا، مە نەڤێت ئەم پەرلەمان ببنە دەست پێكەكا خراب بۆ تێكدانا وان عیلاقاتێت پەرلەمانی دگەل حكومەتێ و سوبەهی ژی بەرۆڤاژی ژ حكومەتێ بۆ پەرلەمانی بێنە كرن، وەكو پەرلەمان و رێزێ ل حكومەتەكا تەوافقی بگرن و بەرژەوەند ژی دبینم كو ئەو خاڵە بهێتە پاش ئێخستن ژ بۆ دا پتر لایەنێن هەڤپشك تایبەتی وەزارەتا خویندنا باڵا كو لایەنێ پەیوەندیدار حازر نینە گرنگی بێتە دانان و رایا وان ژی بێتە وەرگرتن ، ئەگەر ئەڤ رایە سەر نەگرت ئەز داخازێ دكەم كو ئەز بایكوتا دانیشتنێ بكەم ئەوا ئەڤرۆكە روینشتنە خارێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرێز كاك گۆران ئازاد تەبعەن پێش ئەوەی جەنابت قسە بكەی ئێمە مولزەمین بە پەیرەوەی ناوخۆ بەرێز د. ابراهیم راپۆرتی لیژنە پەیوەندیدارەكان سەبارەت بەم پرۆژە یاسایە كە گەیشتۆتە دەستی ئێمە خراوەتە بەرنامەی كاری پەرلەمان، بۆ ئەوەی ئێستا لە بەرنامەی كارە وە بە پێی ماددەی (٥٤)یش ئەندامانی پەرلەمان ئەتوانن داوای پێش و پاش كردنی هەر بابەتێك لە بەرنامەی كاربكەن . كاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی جەنابت دەکەم، ئێمەش قسەمان هەیە لەسەر خوودی نوسراوەکەی حکومـەت، بـەڵام ئەبێ سەرەتا ئەمە بخرێتە دەنگدانـەوە کە پاش وپـێش بـە تەوەرەکە بکرێ ئەوسا دێینـە سـەر لـە کاتی گفتوگۆ کە هاتە بڕگەی پێشەوە جا دەرگای گفتووگۆ بکەیەوە هەر کەسێ ئـەتوانێ موبـەریراتی خـۆی بـدا، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك انور فەرموو.

**بەڕێز انور قادرمصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر پشتگیریم ئەوە بوو رای ئەو برادەرانە بوو کە لە جەلسەی پێشووش باسم کرد کە لەگەڵ ئەوەمـە بڕگەی (٤) پێش بخرێ ببێتە بڕگەی (٢)، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتیوانی لەم رایە ئەکەین کە ئەورۆ گفتوگۆ ئەنجام بدرێ، بهێنرێتە خاڵی (٢)وە، پـێم وانییـە ئەمـە هیچ کاریگەرییەکی خەراپی لەسەر پەیوەندی پەرلەمان و حکومەت هـەبێ، چـونکە بـە بـڕوای ئێمـە ئەمـە مەسەلەیەکی زانستییە وە پەیوەندیدارە بە داواکاری خەڵکەوە داواکاری، ئەو خوێندکارە بەڕێزانەی تـر کـە نەهاتوونەتە ئێرە، بۆیە ئەمە تـەنها وەڵامدانەوەیەکـە کـە بـە داواکـاری خـەڵك هـیچ مەسـەلەیەکی سیاسـی نییە، لەلای ئێمە مەسەلەیەکی ئاساییە و پشتیوانی لەو خوێندکارانە دەکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئێستا ئەوانەی داوای ئەوە دەکـەن ئەمـە پـێش و پـاش بکرێـت ئـیتر پێویسـت ناکـات کـە قسـە بکـەن، چونکە رایەکەی روونە وە روونکرایەوە .

کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پـێش هـەموو شـتەك ئێمـە لـە فراکسـیۆنی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان ئـەو کـەس و کـارو خوشـك و بـرا عەزیزانەی خۆمان دڵنیا دەکەینەوە، کە بە تـەواوی پشـتگیری داخوازیـەکانیان دەکـەین، لەگـەڵیان دایـن، وە پێشتریش قسەمان لەگەڵیان کردیە، بەڵام دوو بابەتی گرنگی زۆر جیاواز هەیە بابەتێك هەیـە بریتییـە لـە

خواستی ئەو قوتابیانەی کەلە کۆلیژەکانن، لە کۆلیژە پزیشکیەکان تەلەبی ئەوە ئەکەن کە زانکۆ ئەهلییەکان یان زانکۆکان کۆلێژی پزیشکی تێدا نەکرێتەوە ئەوە (١٠٠٪) لەگەڵێدایینە ئاستە زانستییەکەی خواستی تەلەبەیە، بەڵام خەریکە هەموو ئەو بابەتانەی کە ئەو بابەتەش یەکێك لەو بابەتانەیە کە بە مەجاری سیاسیدا دەبردرێتن، حیساباتی دیکەی تێدا دەکرێتن ئێمە داواکارین لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان داوا لەسەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، یەعنی هەر کۆبوونەوەیەکی مێوان فراکسیۆنەکان، لایەنەکان، فراکسیۆنەکانی پەرلەمان رابگیرێ تەوافق هیچ مەعنایەکی نەماوە، مەعنا لەوە دا نەما کە دەبینین لەلایەکدا حکومەت ئایا قەرارماندایە، ئێمە پەرلەمانی کوردستان و حکومەت و دەسەلاتەکان کە لەیەکتری جیاوازن بکەوینە سەنگەری یەکتر، ئەگەر ئەو قەرارەماندایە دەبێ لە هەموو بابەتەکانماندا بێ. دوو حکومەت وەڵامی وازیح دایتەوە وە لایەنی پەیوەندیدار لێرە نییە قسەی خۆی بکا، ئێمە یاسایەك هەموار دەکەین وە جوزئەك لەو یاسایە تەلەبی قوتابیەکانە کولەك هەموار دەکەینەوە، کە رەبتی بە ژیانی کۆمەڵە خەڵکی دیکە هەیە، ئەوانیش کەس و کارو خوشك و برای ئێمەن (١٨٠٠) تەلەبەی جامیعەی کوردستان ئەوانیش داوا دەکەن بەهەر هەموار کردنەوەیەك بە هەر تێکدانی تایبەتمەندی ئەو جامیعەیە هەیتی ئەوانیش داواتر مەسیریان نادیار دەبێ، کە ئەوانیش کەسی ئەو وڵاتەن، کوری هەژارو لێقەوماوی ئەو وڵاتەن، بۆیە کراوەتە دوو بابەت دیسان تەئکید لەسەر ئەوە دەکەین، لەگەڵ داوای قوتابیەکاندایینە، ئەو قسانەی لە ناو جەلسە نەکردینە هەمان قسەیان بۆ دووپات دەکەینەوە ئەوە مەوزوعەکی سیاسییە لایەنی پەیوەندیدارلێرە نییە وەزارەت ئێستا مەوقفی روون نەبووە تەنها ئەنجومەنی وەزیران ئەمرۆ یاداشتی دایە جێ لە یاداشتەکە ناگیرێ بە تێپەربوونی ئەو بابەتە دیسانەکە داوای ئەوە دەکەین واز لەوە بێنن ئێوەش لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان چی دیکە کۆبوونەوەی فراکسیۆنەکان مەکەن تەوافوق مەعنای نامێنێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سۆران فەرمووو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی ئەو رایە دەکەم کە ئەم پرسە بە وەڵامدانەوەی سەرۆکی حکومەت ئەنجومەنی وەزیران دوا نەخرێ، چونکە دوا جار ووشەی پەیرەو لایەنی پەیوەندیدار رەئی وەردەگیرێ، بەڵام مولزەممان ناکا لە پەیرەو لابدەین، ئەم پرسەش پرسەکی زانستییە با نەکرێ بە سیاسی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابوبکر فەرمووو.

**بەڕێز ابوبکر عبدالله هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەاڵلا من سێ پرسیار دەکەم تایبەت بەم پرسە:

١-ئەم بابەتە ڕێرەوی یاسایی خۆی وەرگرتووە، ئەم پەرلەمانە سیفەتی ئیستیعجالی دایە ئەو پرۆژە یاسایە.

٢-لیژنەی یاسایی (١١/١٩)ەوە نووسراوی ئاراستەی حکومەت کردووە لە ڕێگای بەڕێزتانەوە ئایا لە (١١/١٩)ەوە تاوەکو ئێستا دوای مانگێك بۆ وەڵام نەگەیشتووە؟ بۆ وەڵامەکە دوێنێ گەویشتۆتەوە، ئەم پرسیارە ئەگەر پەیوەندی بە دەستەی سەرۆکایەتییەوە هەبێ ئەبێ وەڵامی پەرلەمان بدرێتەوە، زۆر سوپاس.

وەڵامەکەی حکومەت (٢٠١٤/١٢/٢٢) گەیشتۆتە دەستی ئێمە لەو کاتەشا دەرچووە .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکانی کاك ابوبکر هەڵەدنی دەکەم، وە هەروەها ئێمە لە ڕاپۆرتەکەی خۆشماندا ئەوە لە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا بە تێبینی نووسیومانە لیژنەکەمان پێشنیاز دەکات لەکاتی تاوتوێ کردنی ئەم پرۆژە یاسایە لە هۆڵی پەرلەمان بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی ئامادەبێ، لە ڕاستیدا کەمتەرخەمیەکە لە دەسەڵاتی جێبەجێ کردنە هەم لەوەی درەنگ وەڵامی داوەتەوە هەم لەوەی ئامادەش نین بێن، یەعنی لە کاتی وتوێژەکە، بۆیە بەهانە نەماوە بۆ دواخستنی داواکاری وتوێژی یاسایی لەگەڵ بکرێت و ڕێڕەوی یاسایی خۆی وەرگرێت ئەوەندەی تر دوا نەخرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو زولفا فەرمووو.

**بەڕێز زولفا محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش خستنی ئەم پرۆژە یاسایە لە هۆڵی پەرلەمانی کوردستاندا سیفەتی ئیستعجالی پێدراوە، وە چوونە ژوورەوەی خوێندکارەکان بۆ ناو هۆڵەکانی خوێندن لەسەر قسەی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بووە؟، ئایا بە دواخستنی جارێکی تر بێ متمانەیی لە نێوان خوێندکاران و پەرلەماندا دروست نابێت؟ ئەمە خاڵی یەکەم. وە دووەم خاڵیش، ئەگەر هاتو لە دوای موناقەشە کردنی ئەم پرۆژەیە بڕیاری داخستنی درا لە کاتێکی دواتر لە ئێستا ئەم خوێندکارانەی کە لە زانکۆی کوردستان دەستیان بە خوێندن کردووە ئایا ئەمانە ساڵێکیان لە خوێندن ناروا؟ لەبەر ئەوە تکایە پەلەی تێدا بکەن، ئەمڕۆ موناقەشەی تێدا بکرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەهزاد فەرمووو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب قناعەتا من ئەڤ بابەتە ب شکلەکێ ئاسایی و یاسایی تەعامولێ دگەل بکەین ب راستی، چونکی نێزیکی سێ هەیڤە ئەڤ گرفتە یا هەی حەتا نووکە چارە نەبوویە، ئەو بخۆ دەبێ دەستپێکێ ڕێکا وەزارەتا خویندنا باڵا هاتبا چارە کرن، بەڵام ئەڤرۆ حەتا تاخیر بوویە، دووبارە ژی دێ تەئکید کەمەڤە وەکی بەڕێزان بەحس کری من ژی هەمان خاڵ هەبی کە سیفەتی پێشی جەنابتان، نێزیکی بیست ڕۆژە ئەو مەوزوعە، خاڵێکی دیکە ئەو ڕاپۆرتەش ئامادەن ڤێجا تەبیعی گفتوگۆ بکەین و بگەینە ئەنجامەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ویستم بخرێتە دەنگەوە بۆیە لە سەرەتاوە قسەکانم نەکرد، بەڵام دیارە ڕێگا بە هەمووان درا، منیش دەمەوێ موبەریراتی ئەوە بێنمەوە وە بێتە پێشەوە وە ئەو تەوەرە موناقەشە بکرێ، یەکەم شت پشتگیری قسەکانی کاك ابوبکر هەڵەدنی دەکەم، هەر پێم وایە خودی دەنگدان دەبێ دەنگدان لەسەر ئەوە بکەی کە ئەمە پاش و پێش بکرێ، بەڵام بە هیچ جۆرێك نابێت دەنگدان لەسەر ئەوە بکرێ کە ئەمە دوا بخرێ، لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی دەنگدانەکی دی کراوە لە پەرلەمانی کوردستان بە پێی ماددەی (٧٣) سیفەی ئیستعجالی پێدراوە، وە بە پێی سیفەی ئیستعجالەکەش دەبوایە لیژنە لە ماوەی پێنج ڕۆژدا ڕاپۆرت بنووسێ و گفتوگۆی لەسەر بکرێ، وە قسە لەسەر حکومەت دەکرێ بەڕێزان ئێمە لە (١١/١٩) لە لیژنەی قانونی بە نووسراوی فەرمی داوامان کرد کە حکومەت لە ماوەی یەك حەفتە وەڵاممان بداتەوە، وە لە موحزەری لیژنە جێگیر کرا ئەگەر حکومەت لە ماوەی یەك حەفتە وەڵامی نەداوە لیژنە ڕاپۆرت دەنووسێ، بەڵام ئەو کاتە دیسان بەرەسمی لە ئەنجومەنی وەزیران داوامان لێکرا حەفتەیەکی دیکە بۆیان دواخەین چونکە سەر قاڵی گفتوگۆ بوون لە بەغدا حەفتەیەکیش دوامان خست، هەر حەفتان ئێمە دانیشتووین، دواتر جارێکی تر بە فەرمی من سەردانی وەزیری پەیوەندی کاروباری نێوان پەرلەمان و حکومەتم کردووە، تکامان لێکردووە کە ئەو وەڵامەمان بۆ بێنێتەوە وتی باشە، جارێکی تر داوای تەئجیلیان کرد، سێیەم جار بە فەرمی کۆبوونەوە بۆ یەك شەممە ڕابردوو دانرا لەسەر تەکلیفی بەڕێزتان، دەستەی سەرۆکایەتی داوا کرا کە گوایە حکومەت داوای کردووە هەفتیەیەکی دیکەیان مۆڵەت دەنێ، ڕاپۆرت نەنووسین جارێکی دیکەش دوامان خست، ئێمە لە (٢١)ی مانگ کە لیژنەی قانونی بە نیسابی خۆی ڕاپۆرت دەنووسی حکومەت لە (٢٢)ی مانگ جواب دەدات نووسراو بۆ پەرلەمان دەکات، ئەمە من باش تێدەگەم تەوازنی سوڵتە لە نێوان پەرلەمان و حکومەت هیچیان کوێخای هیچیان نییە وە هیچیشیان ئەفضەلیەتیان لەسەر ئەوەکەی تریان نییە، کەواتە تەوازنی موتەبادیلە ڕەقابەی موتەبادیلەو هەماهەنگ و هاوکارن، بەڵام من باسی ئەو مێژووەی کەمن ئێستا باسی ئەمە بۆ ئێوە ئەکەم ڕەقیب و زاڵبوونی هەیمەنەی حکومەت

نییە لەسەر پەرلەمان من ئەلێم لەیەك ئاستدان من نالێم پەرلەمانیش دەبێ وەزیر بانگهێشتکاو پەلکێشکاو وەك هەندێك جار باس دەکرێ من ئەلێم لەیەك ئاستدان، بەڵام من باسی ئەو مێژووە ئەکەم ئەمە هەیمەنەی حکومەتە لە پەرلەمان وە حیساب نەکردنە بۆ پەرلەمان، حیساب نەکردنە بۆ خودی لیژنەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، بۆیە ئێمە راپۆرتمان ئامادە کردووە وە پێشکەشمان کردوونە، وە قسەش لەسەر لایەنی مەعنی دەکرێ ئەسڵەن ئەم قسەیە دەمەوێ بکەن لە لیژنەی قانونی من وەك خۆم لە ئەساسدا هیچ پێویستی بە رەئی حکومەت نییە ئەم پرسە، چونکە پرسێکە تۆ ئیشکالیەتێکی قانونی تیایە راستی دەکەیتەوە، هیچ پێویستی بە رەئی حکومەت نییە وە ئەسڵەن ئەو قانونە کە لە (٢٠٠٨) کراوە بە موخالەفە کراوە لە(٢٠٠٨) کراوە بە موخالەفە دارێژرا، چ پێویستی بە رەئی حکومەتە، کۆمەڵێك وردەکاری هەیە وە هیچ کەسێکیش ئەم پرۆژەیە لە دژی هیچ کەسێك دانەرێژراوە، وە زۆر جار باسی زانکۆی کوردستان دەکرێ من ئەو پەڕی ئیعتیبارو گەورەییم هەیە بۆ زانکۆی کوردستان، وە زانکۆیەکە شوێنی خوێندن و تەعلیمە خزمەتێکی گەورەی کردووە، وە بەحس و سێرچی باشی پێشکەش کردووە وە قودرەی عیلمی ئەو زانکۆیە هیچ تەعنێك و تێبینیەکی لەسەر نییە وە تەنانەت قسە لەسەر کۆلێژە پزیشکیەکانیش نییە، بەڵام تێبینیەکی قانونی هەیە لەسەر ئەمە، وە بۆ ئیضافةي قسەکانم وە لە خولی پێشووش جارێکی دیکە پرۆژەیەك ئامادەکرا وە ئەو کاتە کۆلێژی پزیشکیش نەکرابۆوە، کە ویسترا ئەم هەڵەی تیادا راست بکرێتەوە، بەڵام ئەو کاتەش بە هەندێك هۆکار دواخرا، بەڵام دوا جار لەم حاڵەتەدا ئەمە جێگیر کرا، وە قسە لەسەر ئامادە بوونی وەزیری مەعنی وەزارەتی مەعنی، دەکرێ وە لەسەر تەکلیفی دەستەی سەرۆکایەتی چەندین جار من چوومە وەزارەتی تەعلیم عالی و پەیوەندیشم کرد، وە لێرەشەوە رایدەگەیەنم کە وەزارەتی مەعنی ئامادەبوو بێتە کۆبوونەوە، بەڵام ئەم پرسە بۆ ئەنجومەنی وەزیران وەڵام ناردرابوو، بەرێزان نەکو بۆ وەزارەت، وە نووسراوی دەستەی سەرۆکایەتی بۆ ئەنجومەنی وەزیران کراوە نەك وەزارەت وە وەزارەتیش گووتی بۆیە من ناتوانم ئامادە بم لەبەر ئەوەی ئێوە بۆسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانتان ناردووە وە زانکۆکە رەبتی بەویەوە هەیە هەر کاتێك سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە ئێمە بڵێ، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان حزورمان دەبێ و گفتوگۆ دەکەین، بۆیە بەپێی ئەوەی کە هەموو هاوڕێیان داوای پاش و پێشی ئەم بڕگەیان کرد ئەمە بخەنە دەنگەوە باقی دی دواخستن خیلافی ئەو دەنگدانەیە کە بە پێی ماددەی (٧٣) پەیرەوی ناوخۆ دەنگی لەسەر دراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوت ئەنووسرێ بەرێز کاك ابراهیم.

کاك هەورامان فەرموو.

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شریف(هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەهەمان شێوە منیش پشتیوانی تەواوی ئەو خوشك و برایانە ئەكەم، كە ئەم باسە باسێكی سیاسی نییە باسێكی بەحت زانستییە وە پێوستیش ناكا كە دواخستنەكەی بخرێتە دەنگدانەوە، بۆیە داوا دەكەم كە رێكاری یاسایی خۆی وەربگیرێ برگەی چوار بخرێتە بڕگەی دوو و گفتوگۆی تەواوی لەسەر بكەین، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ڤەمان فەرمووو.

**بەرێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم هەمی ئەندام پەرلەمان یین داخازێ دكەین كو هەر پرۆژە یاسایەك یان بابەتەك رێكارێن خۆ یین یاسایی وەرگریتن، و وەكی ئەم هەمی دزانین ئەڤی بابەتی بەشەكێ ب حكومەتێ هەبی ژبەر هندێ ژی مە داخازا رەئیا حكومەتێ یا كری، ئەو ئەندامێ كو ئەندام د لیژنا یاسایی دا و تەوقیع ل سەر هندێ كری كو رەئیا حكومەتێ وەربگریتن ئەڤرۆكە ئەو بخۆ یێن تەناقوزێ دگەل ئاخفتنێت خۆ یێن دكەن و دبێژن پێدڤی ب رەئیا حكومەتێ نینە، نەخێر ئەم پێدڤی ب رەئیا حكومەتێنە و ئەم مولزەمین، چونكی ئەڤە ئێك ژ تایبەتمەندییێن حكومەتێنە، ئەگەر ڤی شێوەی پەرلەمان كار بكەتن تەصەورا من تەلاقەكا مەزن دناڤبەینا حكومەتێ و دناڤبەینا پەرلەمانی دا چێ بیتن، ژبەر هندێ ئەز وەسا دبینم و مە پێ باشە هەیبەتا پەرلەمانی نەئێتە شكاندن و تەجاوزێ ل سەر صەلاحیاتێت خۆ نەكەتن ئەڤ كارە نەبیتن رێكەك كو حكومەت ب كەیفت خۆ كار بكەتن و پەرلەمان ب كەیفا خۆ كار بكەتن، ژبەر هندێ باشترە ئەم ئینتیزارێ بكەین حەتا كو حكومەت رەئیا خۆ یا ئێك لایی ددەت و هیچ موخالفێ قانونێ نینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرمووو.

**بەرێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بیست دەقەیە گفتوگۆ ئەكەن لەسەر بابەتێك كە هێشتا پێی نەگەیشتوون ئەوە برگەی (٤) هێشتا گفتوگۆی لەسەر دەكرێ یان بیخەنە دەنگدانەوە پێش بخرێ یان وەكو خۆی بیهێڵەرەوە، ئەو گفتوگۆیە ئەو (٢٥) دەقەیەشمان بە زیادە رۆیی بە پێی پەیڕەو ناكرێ، ئێمە گفتوگۆ لەسەر بابەتێك بكەین كە هێشتا نۆرەی نەهاتبی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

گفتوگۆ لەسەر پاش و پێش كردنی ئەم برگەیە هەیە نوقتەی نیزامییە داوا دەكرێ كە پێش و پاش بكرێ.

**بەرێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گفتوگۆ لەسەر بابەتەکە کرا گفتوگۆ ئەکرێ ئەوە چەنێکە گفتوگۆ ئەکرێ لەسەر بابـەتێك باسـی وەزارەتـی تەعلیم عالی ئەکرێ، یەعنی گفتوگۆیە، داخلی گفتوگۆ بووین .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەندێك داوا ئەکەن دوا بخرێن هەندێك داوا دەکـەن پـێش بخـرێ، بۆیـە هـەر یـەك موبـەریری خـۆی ئـەڵێ بەڕێزان ئەوەی کە لەگەڵێەتی رایەکە وازیحەو گەیشت، ئەگەر رایەکەتان گەیشتیە تکایە موناقەشـە مەکـەن بۆ ئەوەی دەرچین بە نەتیجەیەك. کاك برزۆ فەرموو.

**بەڕێز برزۆ مجید عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەیوەندی نێوان حکومەت و پەرلەمان و هەموو دەسەلأتەکانی کوردستان هەم بـەپێی قـانون هـەم بـە پێـی بەرژەوەندی گشتی دەبێ پەیوەندییەکی تەندروست بـێ، پێمـان وایـە ئێسـتا لـە دۆخێکـی تەندروسـت دایـە ئـەرکی هـەمووشمان بیپـارێزین، و ئـەگـەر تـەوافوقی سیاسـیش هـەبێ، حکومـەتی بنکـە فـراوان لـەم دۆخـە سیاسی و سەربازیە کە هەرێمی کوردسـتان ئێسـتا تێدایـە سـوودی گەیانـدووە، بـەڵام بـۆ مەسـەلەیەکی ئـەم قسەیەم بۆ هەموو پرۆژە یاسایەك و پرۆژە بڕیـارو یاداشتێکیشـە بـۆ مەسـەلەیەکی ئیـداری یـاخود زانسـتی دێتە پێشەوە ناکرێ ئێمە بیبەستین بە تـەوافوقی سیاسـی و، یـاخود حکومـەتی بنکـە فراوانـەوە، بـەڵێ بـۆ مەسەلەی ستراتیجیەکان ئەوانەی پەیوەندی بە ژێرخانی سیاسـی حکومڕانـی هەیـە تـەوافوق گـەلێ گرنگـە کردشمـان، بـەڵام کـە مەسـەلەیەکی دێتـە پـێش سـرف ئیداریـە سـرف بـا بڵـێین زانسـتییە بەسـتنەوەی بـە تەوافوقی سیاسی سەرەتایەکی خراپە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو ئێڤار فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك عمر عینایەت قسەکانی منی گەیاند، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو تەلار فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری تەواوی قسەکانی کاك گۆران ئەکەم، وە ئەمە کۆکردنەوەی بەراسـتی هـەموو ئـەو زانکۆیانەیـە لە ژێر چەتری یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵایەدا، بۆیە ئەمە کار کردنە بۆ پاراستنی مـافی خوێنـدکاران، وە

هەروەها بەرز كردنەوەی ئاستی عیلمی لە هەرێمی كوردستاندا، ئەمە دژی هیچ لایەنێك نییە، بۆیە هیوادارم بە سیاسی نەكرێت كاری لەسەر بكرێت بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بكرێ ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د. فرست فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صوفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پاڵپشتی ئەو رایە دەكەم كە گفتوگۆی لەسەر بكرێ ئەو مەسەلەیە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو قوتابیە خۆشەویستانەی كە لێرە دانیشتوون تێكەڵاوی ئەو ملمڵانێیە و ئەو موناقەشەی نێوانی ئێمە نەبن وە بتوانین بە یەك صیاغە لێی دەربچین، وە لەسەری رێك بكەوین وەكو صیاغەیەكی موەحەد، لەسەر صیاغە كێشەمان نەبێ، بۆیە پێشنیار دەكەم بۆ جەنابت بەپێی ئەو دەسەڵاتەی كە هەتانە بیست دەقە بدە فراكسیۆنەكان، بۆی ئەوە بتوانین نیو سەعات بدە فراكسیۆنەكان تا لەسەر صیاغیەك ڕێك بكەوین، بۆ ئەوەی لەسەر ئەم مەسەلەیە رێك بكەوین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د. ابراهیم فەرموو.

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێ سەیرە راستی هەڤاڵێت مە خرا هوسا دیار كر كو ئەو خودانێن عیلمینە و ئەم خودانێت جەهالەتێنە، ئەم خودانێت عیلمینە بێ شەك، چونكی ئەز یێ تەمسیلا لیژنەیەكێ دكەم، سەرۆكێ لیژنەیەكێ مە و رایا من دلیژنێ دا تەحەفوز بوو، بۆ مەعلوماتێن هەوە و بۆ خەڵكی مە ئەوێن چاڤێن خۆ ددەنێ، چونكی هەر ژ دەستپێكێ حەتا دویماهیێ ئەڤ بابەتە ب سیاسی هاتە كرن ئەگەر نە بەشی هندێ نەدكر كو ب ڤی شكلی بهێتە كرن، سێ حاڵەتاندا، سێ میحوەرادا ئەڤ بابەتە هاتبوو عیلاج كرن كو كولیا پزیشكی زانكۆیا كورستان هاتە پاش ئێخستن و حەتا ب ڤی شكلی هاتە لادان یەعنی كو نەما، بەس دیارە كو سیاسەت پشت را هەبوویە لەورا رۆژ بە رۆژێ توندتر كرن، حەتا هەوەیین بەرێز ژی سیفەتەكا ئیستعجالێ دا ڤی مەوزوعی دا وەكو ابراهیم سمۆ ئەز دگەلدا نەبووم ئەو سیفەتا عەجالە دایێ، چونكی بابەت پێدڤی هندێ خاندن، دیتنا من بۆ ڤان هەڤالان ئەوێن بەشدار تێدا هەبووینە هەمیان ب سیاسەت ئاخفتن، هەمیان بۆ رایا خەڵكی ئاخفتن كەس ژ وان ب رایا زانستی نەئاخفتن و هەمیان ژی جهێ داخێ یە سەر حیسابا ڤان قوتابییێن خوشتڤی ئەڤ موزایەداتێت سیاسی ئینانە پەرلەمانی و ئەز هیڤیدارم تەلەبێن

وەکی دکتۆر فرستی گوتی نەئینە بارێن سیاسەتا مە یا تێکرا، لەوا ئەز دبینم ڤان هەڤاڵان خرا جهێ داخێ بوو .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئی کاك د. ابراهیم ئەمە نوقتەی نیزامی نییە، کاك د. سیراج فەرموو.

**بەڕێز د. سیراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کاك د. فرست کردی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە دووبارە ئەبنەوە، تکایە دووبارەی مەکەنەوە، کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو باسی بابەتێك دەکەین کە ئاستی زانستی هەرێمی کوردستان بەرەو بەرزو بەرزتر بچێت، بەداخەوە کە من ئینسانێکی ئەکادیمیش نیم، بەڵام هەرچی ئەوەی ئەم ماوەیە باسم کردووە (سێرچ)م کردووە ئاستی زانکۆیەکانی ئێمە لە یونسکۆ لە (١٣٠٠٠-١٤٠٠٠)ە بە هۆی ئەو جەوە سیاسەی هاتۆتە پێش و تەحریم کردنی ئەو دوو سێ مانگەی کە معیارێکە لە یونسکۆ ئاستی عیلمیمان لە (١٢و١٣) هەزار برد بۆ(١٤و١٥و١٦)ە، ڕەنگە زانکۆیەکانی ئێمە لە یونسکۆ بێنە دەرێ جا بۆ ئەوە،باشتر وایە ئەم بابەتە ئەگەر عیلمیە بۆ عیلمییەکان بەجێبێڵین و نەیکەینە موزایەدەیەکی سیاسی بە ئەکادیمی بە میعیارەکانی یۆنسکۆ بچنە پێش کە هۆڵ و تحلیلات نابێتن بە عیلم پێش چوون نییە، لەگەڵ ڕێزو سڵاو بۆ داخوازی قوتابیانی خۆشەویستی وئاستی بەرزی زانستیشمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جعفر فەرموو.

**بەڕێزجعفر ابراهیم ئێمینکی /جێگیری سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵلاهی من وا دەبینم ئەم پرسە هەندێك هەستیاری بە خۆیەوە بینیوە کە نەدەبا ئەو هەستیاریە بەخۆیەوە ببینێ، وە من لە شوێنی سەرۆکایەتی قسە دەکەم، بێ لایەنانە قسە دەکەم، وە حەقیقەتیش مەوزوع و ئەم پرسە نابێ بە سیاسی بکرێ، نابێ بە حیزبشی بکەین، ناکرێ بە میزاجەوەش موعامەلەی لەگەڵ بکەین، وە لە هەرسیستەمەك لە دونیا بێت دەبێت خزمەتی قوتابی بکەین، قوتابی سەنتەری ئەوەیە سیستەمی پەروەردە بێ هەر چ سیستەمەکی تر بی وە ئەوەی قوتابی بەدەر لەو مەوزوعە دەربێ، بکەم مەوزوعەکەش لێرە مەوزوعەك لێرە ئیشکالەك پەیدا بوویە حەز دەکەم بە و تێگەیشتنە، ئێمە بەو مەوزوعە بچین، یەعنی حیکمەتەك هەیە لە مەبدەئی فەسڵی سوڵتات، یەعنی دانانی ئەوە بە حیکمەتەوە دانراوە، وە ئەو مەوزوعە بە حەقیقەت، یەعنی باسی ئەوە نەکەین کە دەرس دروست دەبێ تەوافوق تێك

دەچێت من بەو چاوە حەز دەکەم هەموومان بەو چاوە تەماشا نەکەین، بەڵام ئەوەیە ئێمە سەرەتایەکی باشمان هەیە لەم خولەدا ئەوە دەبێ بیپارێزین، چۆن دەیپارێزین؟ تەسەور دەکەم لە سەرۆکایەتی پەرلەمانیش هەوڵەکی زۆر باشمان داوە لە هەردوو لاوە لە حکومەتەوە، لە پەرلەمانەوە بەراستی بە تێگەیشتن مەسەلەکان بێینە پەرلەمان، وە لە پەرلەمان یەکلایی بکەینەوە لێرە نوقتەك هەیە پەیوەستە بە سیستەمی وەزارەتەك، یەعنی مەسەلەیەك مەسەلەیەکی ئاسایی نییە تۆ سیستەمەك یان وەزارەتەك دەگۆڕی یان هەمواری دەکەی خۆی حازر نەبیت خۆی ڕێی نەدابیت لێرە پرسیارەك دروست دەکاتن مەوزوعەکە بەو چاوە تەماشا دکەین خۆی دەبوا پێشتر بێینە پێشەوە وەزارەتە ئەنجومەنی وەزیرانە من پاساو بۆ کەس ناهێنم دەڵێم دەبوا لەم مەوزوعەدا، بەڵام ئەو ئایا کەم تەرخەمی بوویە؟ من باوەر ناکەم ڕەنگە لێرەدا ئەو میکانیزمەی لێرە لەسەر ئیش دەکەین بە شێوازێکی تر، ئەو مەوزوعەی مە پەیوەست نییە بەوەی پێشی بێخم، پاشی بێخم ئەوەی ئێستا موناقەشە دەکەین زووتر، بەڵام مەوزوعەکە، یەعنی ئەو مەوزوعە، مەوزوعێکە بە تەئکید تەخەسوسییە، یەعنی مەوزوعی سیستەمی وەزارەتەك بگۆڕێ هەر کام وەزارەت بیتن مەوزوعەکی تەخەسوسییە دەبوا ئەمە لەبەر چاو بگیرێ  من هەر ئەمەم هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەیخەینە دەنگەوە پەسەند کرا لە دوای ئەوە، ئەگەر ئەتانەوێ ڕێك بکەون لەسەر ناوەڕۆکی پرۆژەیەك ڕێستێك وەرئەگرین تا ڕێك کەون، ئەگەر پێش وپاش کرا کێ لەگەڵ ئەوەیە کە بڕگەی چوارلە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ بکرێتە شوێنی بڕگەی دووەم با دەست بەرز بکاتەوە؟ (٦٢)کەس لەگەڵیەتی، کێ لەگەڵی نییە؟ (١) دژیەتی، کەواتە پەسەند کرا، بۆ ماوەی بیست خولەك ڕێستێك وەرئەگرین تا فراکسیۆنەکان بتوانن بگەنە چارەسەرێك لەسەر ئەو بابەتە .

خاتوو ئێڤار فەرموو.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی من پرسیارێك لە لام دروست بوو، ئەگەر دەزانن گرفت دروست دەبێتن بۆ دەیخەنە بەرنامەی کار.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان جێبەجێی ئەکەین نازانم ئەمە پەیوەندی بەمەوە نییە.

کاك رابوون فەرموو.

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکان لە کوێ کۆ ببینەوە؟ لە سەرۆکایەتی پەرلەمان؟.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەست پێ دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (١٨) ڕۆژی دانیشتن ٢٠١٤/١٢/٢٣ لەبڕگەی دووەمی بەرنامەی کاری کە بریتیە لە گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٨ بە پێی ماددەکانی (٧٢ و ٧٤ و ٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموار کراو، داوا لە هەر دوو لیژنەی پەیوەندادار، لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی پەروەردە دەکەین کە بێنە سەر مەنەسە بۆ دەست پێ کردن بە گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسا، فەرموون.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز بڕیاردەری لیژنە ئەسڵی پرۆژە یاسایەکە دەخاتەڕوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران فەرموون.

**بەڕێز گۆران ئازاد حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، ئەسڵی پرۆژەکە هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ماددەی یەکەم، ماددەی حەوتەم لە یاسایەکە هەموار دەکرێتەوە  بەم شێوەیە:

دەزگاکانی خوێندنی باڵا لە زانکۆ و دەستە و کۆلیژ و پەیمانگا و سەنتەری توێژینەوەی حکومی و ناحکومی پێك دێن و ئەم دەزگایانەی خوێندن بە وەزارەتەوە دەلکێن:

١/ زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر.

٢/زانکۆی سلێمانی.

٣/زانکۆی دهۆك.

٤/زانکۆی کۆیە.

٥/ زانکۆی هەولێری پزیشکی.

٦/زانکۆی کوردستان.

٧/ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆرییە پزیشکییەکان.

**٨/ دەستەی خوێندنی تەکنیکی هەولێر ـ سلێمانی.**

**٩/ دەستەی کوردستان بۆ خوێندنە ستراتیجیەکان و توێژینەوە زانیستیەکان.**

**١٠/ هەر دەزگایەکی دیکەی حکومی کە هەنە یان دوای دەرچوونی ئەم یاسایە لە نوێدا دروست دەبێ.**

**ماددەی دووەم/**

**کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.**

**ماددەی سێیەم/**

**پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.**

**ماددەی چوارەم/**

**ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێ بەجێ دەکرێ.**

**هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە**

**بۆ ڕێکخستنەوەی هەڵەی یاسایی کە پشتی بە ڕێنمایی بەستووە، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سوپاس، ڕاپۆرتی لیژنە پەیوەندارەکان لەسەر پرۆژە یاسا پێشکەش کراوەکە، د.بەهار فەرموون.**

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری یاسایی سەبارەت بە پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، ڕۆژی یەك شەممە ٢٠١٤/١٢/٢١ ی زایینی بەرامبەر بە (٣٠) سەرماوەرزی (٢٧١٤) ی کوردی، لیژنەی کاروباری یاسایی کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا سەبارەت بە پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠) ی ساڵی (٢٠٠٨) کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوەو لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٠) ی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی (٢٠١٤/١١/١٠) لە پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، دوای گفتوگۆ کردن لیژنەکە گەیشتە ئەم ئەنجامەی خوارەوە، سەبارەت بە ناونیشانی پرۆژە یاسایەکە پێشنیاری دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:**

**یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠) ساڵی (٢٠٠٨)**

**ماددەی یەکەم/**

**ماددەی حەوتەم لە یاسایەکە هەموار دەکرێتەوەو بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**یەکەم/ دەزگاکانی خوێندنی باڵا لە زانکۆ و دەستە و کۆلیژ و پەیمانگا و سەنتەری توێژینەوەی حکومی و ناحکومی پێك دێن و ئەم دەزگایانەی خوێندن بە وەزارەتەوە دەلکێن:**

**١/ زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر.**

**٢/زانکۆی سلێمانی.**

**٣/زانکۆی دهۆك.**

**٤/زانکۆی کۆیە.**

**٥/ زانکۆی سۆران.**

**٦/زانکۆی زاخۆ.**

**٧/زانکۆی ڕاپەرین.**

**٨/ زانکۆی هەڵەبجە.**

**٩/ زانکۆی گەرمیان.**

**١٠/ زانکۆی چەرمۆ.**

**١١/ زانکۆی کوردستان ـ هەولێر.**

**١٢/ زانکۆی پۆلی تەکنیکی سلێمانی.**

**١٣/ زانکۆی پۆلی تەکنیکی هەولێر.**

**١٤/زانکۆی پۆلی تەکنیکی دهۆك.**

**١٥/ ئەنجومەنی باڵای کوردستان بۆ پسپۆریە پزیشکییەکان.**

**١٦/ دەستەی کوردستان بۆ خوێندنە ستراتیجیەکان و توێژینەوە زانستییەکان.**

**١٧/ هەر دەزگایەکی دیکەی حکومی کە هەیە یان دوای دەرچوونی ئەم یاسایە دادەمەزرێن.**

**دووەم/ وەزارەتی خوێندنی باڵا دەسەڵاتی پێدانی تایبەتمەندی هەیە بەزانکۆکان لە چوارچێوەی ڕێنمایی تایبەت.**

**ماددەی دووەم/**

**هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.**

**ماددەی سێیەم/**

**هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.**

**ماددەی چوارەم/**

**هیچ تێبینیەکی لەسەر نییە.**

**هۆیەکانی دانانی ئەم یاسایە**

**بۆ برەودان بە ڕەوتی زانست و ڕێکخستنەوەی سەرجەم دەزگا و ناوەندەکان لە چوارچێوەی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەم یاسایە دەرچووێنرا.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، د.جوان فەرمووون.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری پەروەردە وخوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە (ك/ ١١٣٠) لە (٢٠١٤/١١/١٦) سەبارەت بە دەقی پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨) بە پێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)ی پەرلەمانی کوردستان عیراق، لیژنەمان ڕۆژی دوو شەممە بەرواری (٢٠١٤/١١/١٧) بە ئامادەبوونی سەرۆك و بڕیاردەر و ئەندامانی لیژنە، لیژنە کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردنی قسەکردن لەسەر ئەم پرۆژە یاسایە و نووسینی ڕاپۆرت لە بارییەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

ماددەی یەکەم/

بڕگەی ژمار (٦) بەم جۆرە دابڕێژرێتەوە:

٦/ زانکۆی کوردستانی هەولێر.

ماددەی دووەم و سێیەم و چوارەم، وەك خۆی بمێنێتەوە، تێبینیمان لەسەر نیە، هۆکارەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

بۆ ڕێکخستنەوەی ئەم هەڵە یاساییەی کە لەبڕگەی (٢) ماددەی (٧) یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨ )ی هەموارکراو لە داڕشتنەکەدا پشت بە ڕێنمایی بەستووە و هاوکات بۆ ئەوەی هیچ زانکۆیەکی حکومی لەدەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا نەمێنێ، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

تێبینیشمان هەبوو لیژنەمان پێشنیاری کرد کە وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئامادەبێ، تەبعەن بە نیسبەت واژووەکان نازانم ڕوونکردنەوە بدەم یان نا؟ ئەم بەڕێزانە واژوویان کردووە، (د.ڕێواز فائق، د.جوان (مۆڵەت بووە)، د.ابراهیم (تەوقیعی کردووە، بەڵام تەحەفوزی لەسەری هەیە)، د.شێرکۆ، زۆزان صادق (مۆڵەت بووە)، سهام عمر قادر، شکریە اسماعیل، د.شوان قەڵادزەیی، مەردان خدر(واژووی کردووە، بەڵام تەحەفوزی هەیە)، وحیدە یاقو (واژووی کردووە، بەڵام تەحەفوزی هەیە)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ماددەی یەکەم هەر یەکە لە ئەسڵی پرۆژەکە و لە ڕاپۆرتی لیژنە پەیوەندارەکان بخوێننەوە، بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێ، کاك گۆران فەرمووون.

**بەڕێز گۆران ئازاد حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له ناونیشانی پرۆژەکەوە دەست پێ دەکەین، ناونیشانی پرۆژەکە هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨) یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.بەهار فەرموون.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناونیشانی پرۆژەکە لیژنەکەمان پێشنیار دەکات بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨) واتە ژمارە و ساڵەکەمان خستۆتە دواوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەروەردە هیچ قسەیەکتان هەیە لەسەر ناونیشانەکەی؟ فەرموون.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نا، نەخێر بەڕێز.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی پەرلەمان قسەتان هەیە لەسەر ناونیشانی یاسایەکە؟ قسەی لەسەری نییە، کەواتە دەیخەینە دەنگەوە، تکایە بیخوێننەوە لیژنەی یاسایی بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، فەرموون.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناونیشانی یاسایەکە(یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵیەتی؟ (٧٢) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نییە، کەواتە پەسەند کرا. کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم/

ماددەی حەوتەم لە یاسایەکە هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەیە، دەزگاکانی خوێندنی باڵا لەزانکۆ و دەستە و کۆلیژ و پەیمانگا و سەنتەری توێژینەوەی حکومی و ناحکومی پێك دێن و ئەم دەزگایانەی خوێندن بە وەزارەتەوە دەلکێنرێن:

١/ زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر.

٢/زانكۆی سلێمانی.

٣/زانكۆی دهۆك.

٤/زانكۆی كۆیه.

٥/ زانكۆی هەولێری پزیشكی.

٦/ زانكۆی كوردستان.

٧/ ئەنجومەنی باڵای كوردستان بۆ پسپۆرە پزیشكییەكان.

٨/ دەستەی خوێندنی تەكنیكی هەولێر ـ سلێمانی.

٩/ دەستەی كوردستان بۆ خوێندنە ستراتیجیەكان و توێژینەوە زانستییەكان.

١٠/ هەر دەزگایەكی دیكەی حكومی كە هەیانە، یان دوای دەرچوونی ئەم یاسایە لە نوێ دادەمەزرێن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یەكەم/

ماددەی حەوتەم لە یاساكە هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

یەكەم/ دەزگاكانی خوێندنی باڵا لە زانكۆ و دەستە و كۆلیژ و پەیمانگا و سەنتەری توێژینەوەی حكومی و ناحكومی پێك دێن و ئەم دەزگایانەی خوێندن بە وەزارەتەوە دەلكێن:

١/ زانكۆی سەلاحەدین ـ هەولێر.

٢/زانكۆی سلێمانی.

٣/زانكۆی دهۆك.

٤/زانكۆی كۆیە.

٥/ زانكۆی سۆران.

٦/زانكۆی زاخۆ.

٧/زانكۆی ڕاپەرین.

٨/ زانكۆی هەڵەبجە.

٩/ زانكۆی گەرمیان.

١٠/ زانكۆی چەرمۆ.

١١/ زانكۆی كوردستان ـ هەولێر.

١٢/ زانكۆی پۆلی تەكنیكی سلێمانی.

١٣/ زانكۆی پۆلی تەكنیكی هەولێر.

١٤/زانكۆی پۆلی تەكنیكی دهۆك.

١٥/ ئەنجومەنی باڵای كوردستان بۆ پسپۆریە پزیشكییەكان.

١٦/ دەستەی كوردستان بۆ خوێندنە ستراتیجیەكان و توێژینەوە زانستییەكان.

١٧/ هەر دەزگایەكی دیكەی حكومی كە هەیە یان دوای دەرچوونی ئەم یاسایە دادەمەزرێن.

دووەم/ وەزارەتی خوێندنی باڵا دەسەڵاتی پێدانی تایبەتمەندی هەیە بەزانكۆكان لە چوارچێوەی ڕێنمایی تایبەت.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، ئەمەویٚ ئەوە ڕوون بكەمەوە ئەوەی جیاوازی هەیە لە ڕاپۆرتەكەی ئێمە لەگەڵ ئەسڵی پرۆژە یاسایەكە تەنها ئەو چەند زانكۆیەیە كە دوای ساڵی (٢٠٠٨) دروست بوون و لە چوارچێوەی قانونی وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕێك نەخراونەوە، ئێمە خستوومانەتەوە ناو وەزارەتی خوێندنی باڵا و بڕگەی دووەمیان زیاد كردووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ماددەی یەكەم لە ڕاپۆرتی لیژنەی پەروەدە وخوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، د.جوان فەرموو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی یەكەم بڕگەی ژمارە (٦) بەم جۆرە دەبیٚ، (٦/ زانكۆی كوردستان ـ هەولێر).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كیٚ قسەی هەیە لەسەر ئەم مادەیە؟ كاك ابوبكر نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله(ابوبكر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو دەنگدانەی بەیانی كردمان (٣) دەقیقەكە هیواردارم هەمووومان پابەند بین پێوەی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتو امنە فەرموو.

**بەڕێز امنە زكری سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەڤ مەوزوعەیا گرێدایی مەسیریٚ تەلەبە ڤە، گەلەكا بەحسیٚ هەندیٚ كر ئەمە مەوزوعەكا زانستییە و مەسیریٚ ڤوتابیانی تێدا هەی، ئەم تەئیكدی دكەم مەسیریٚ تەلەبا مەوزوعەكا زانستیە، لبەر هەندیٚ وەخت بۆ ناهێتەدانان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەنگدانی بەیانی بەو شێوەیە بوو کە لیژنە پەیوەندارەکان قسە دەکەن، ئەوانەی کە ناو دەنووسن بە کراوەیی، دوایی ئەندامانی تری پەرلەمان دەتوانن هەر یەکە سێ دەقیقە قسە بکەن، کاك فخرالدین فەرمون.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف(سکرتێری پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەڕێزانە پێشتر ناوی خۆیان تۆمار کردووە بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر هەمواری یاسایەکە (شوان شێخ احمد، جوان اسماعیل، شکریە شێخانی، بەهزاد دەروێش) ئێستا ناوی ئەم بەڕێزانەمان تۆمار کردووە، (گەشە دارا، سالار محمود، صالح فەقێ، قادر ئۆتمان، عزت صابر، انس محمد، شرین حسنی، تحسین اسماعیل، فرست صۆفی، د.سراج، عباس غەزالی، ڤیان عباس، مەردان خدر، ڤەمان فیصل، فرحان جوهر، ڕابوون توفیق، هەورامان حەمە شریف، ئومێد حەمە علی، بێستوون فائق، سۆران عمر، انور قادر، حسن صالح، عمر عینایەت، شێرکۆ جەودەت، شێرکۆ حەمە امین، سهام عمر، بێگەر تاڵەبانی، حاجی کاروان، زولفاخان، زانا عبدالرحمن، هیڤا حاجی، فیروز طه).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وام پێ باشە لەبەرئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا خۆی ناتوانێ زانکۆ دروست بکات، بۆیە پێم باشە بە ڕێنمایی بێت لەلایەن ریئاسەتی مەجلسی وزەرا بە ڕێنمایی بێت تایبەتمەندی بداتە هەر یەك لە زانکۆکانی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.جوان فەرموو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من وەك مامۆستایەکی زانکۆ قسە دەکەم لێرە، ڕەئی و بۆچوونی خۆم دەڵێم، یەکەم/ زانکۆی کوردستان کە دامەزراوە بە ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٩١٥) لە (٢٠٠٦/٢/٤) ئەو پرسیارە زۆر لە ئێمە دەکرا، ئایا زانکۆی کوردستان زانکۆیەکی حکومییە یان ئەهلیە، زانکۆی کوردستان زانکۆیەکی حکومیە، بەڵام ئەگەر حکومیە بۆ پارە لە قوتابی وەردەگیردرێت؟ بە گوێرەی

ئـەو ڕێنماییـەی لـە بـن دەسـتمانە ڕێنماییـەك، چونکە تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە زانکـۆی کوردسـتان، ئـەو تایبەتمەندیـەش سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران داویـەتی، بـە ڕێنمـایی بڕیـاری سـەربەخۆیە لـە بڕیـار وەرگرتن، فەقەرەکەشتان بۆ دەخوێنمەوە، (زانکۆی کوردستان ـ هەولێر زانکۆیەکی سەربەخۆیە، بەو مانایە دەستەی بەڕێوبەرایەتی و سیستمی خوێندنی قوتابیان و پەسەند کردنی پرۆتۆکۆڵ، لەگەڵ زانکـۆی دەرەوە سەربەخۆ دەبێ و بڕیار لە دەستی خۆی دەبێـت)، بـە نیسـبەت پـارە وەرگرتنەکـەی، هـەر لـە ڕێنماییـەکانی زانکۆ دا هاتووە، زانکۆی کوردسـتان کـە لـە دەسـتووری زانکـۆی کوردسـتان داهەیـە، دەڵـێ (وەك زانکۆیـەکی حکومی سەربەخۆ بە پێی فەرمان و نووسراوی ژمارە (٣٩١٥) لە (٢٠٠٦/٤/٤) و بە پێی دەسـتووری زانکـۆ لـە (٢٠٠٩) بڕگەی (٣٥) هاوپێچ ژمارە (١) لە دەسەڵاتەکانی زانکـۆ بریتیـە لـە داواکـردن و وەرگرتنـی پـارە بـەو شێوەی زانکۆ بە گونجاوی دەزانێ) ئێستا ئەوانە ڕوون دەکەمەوە، چونکە زۆر پرسیار لەو بارەیـەوە هـاتووە، واتە لەژێر تایبەتمەندی خۆی دەتـوانێ ڕێنمـایی بـۆ ئـەو زانکـۆ دەربکـات و جـێ بـەجێ ی بکـات، حەتمـەن ئینکـار نـاکرێ ئـەوە، یـەعنی مـن گـۆڕانم نـابێ باسـی لایـەنی ئیجـابی بکـەم، چـونکە عایـدی سـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و چـونکە عایـدی پارتییـە، نـا نـەخێر مـن باسـی لایـەنی زانسـتی دەکـەم، دەبـی باسـی حەقیقەتەکەی بکەم، حەتمەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڤێرژنێکی هەبووە، بینینێکی هەبووە ئـەو کـات ویسـتوویەتی خـەریجی پرۆفیشـناڵ لـە کوردسـتان هـەبێ و بـازاڕی کـار هـەبێ و بـە زمـانی ئینگلیـزی پێرفێکت قسەی بکەن، دەتوانێ حکومەت ئەو کات لەسەر کەفائەتی ئەمانەی کە خەریج بوون تـا ئێسـتا لـە (٢٠٠٦ ) ەوە تا ئێسـتا بـا بڵێین هەشـت سـاڵە خـەریجی ئـەو زانکۆیەنـە، دەتـوانێ حکومـەت لـە دەزگایـەکانی ئیعتمـادی لەسـەر بکـات، ئینکـار نـاکرێ ئـەم ڕوئیایـە هاتـە دی، تـا ئێسـتا زانکـۆی کوردسـتان لـە (٢٠٠٦) بەهەزاران خوێندکار و قوتابی ئامادەی کرد لـە هـەموو دەزگایـەکی تـر جـا چ مـیری بـێ چ تایبـەت بـێ، لـە هەموو ئیختساسەکی گرنگ کە ئیختساسی خزمەتی واقعی کوردستان و هەرێمی کوردستانی کرد، پێویسـتی پێ بوو واقعی هەرێمی کوردستان لە بواری نەفت، لە بـواری عیلاقـاتی دوەلی، دووەم/ دەمـەوێ بـەراوردەکی بکەین لە مابەینی زانکۆ حکومیەکان و زانکۆی کوردسـتان، حکومیـەکان کـە مامۆسـتای زانکـۆ دەنـاڵێنن لـە غیاباتی، هەر سەفەرەك دەبوو یان پشوویەك دەبوو قوتابی فێرە غیابـاتی جـەماعی بـوو، پێشـی پشـووەکە و سـەفرەکە و موناسـەبەکەی نەدەهاتـە دەوام و موحـازەرەی لێ دەدا و پاشـی عوتڵەکـەش نەدەهاتـە دەوامـێ، تەرقین قەید دەکرا، پاشی ماوەیەکی حزب، حزبایەتی و علاقات و نوێنەری قوتابیان وای دەکرد تەڵەبەکان بە سەبەبی غیابات ئەوەی تـەرقین قەیـد کـراون دەگەڕانـەوە، بـەڵام ئـەوەی لـە زانکـۆی کوردسـتان نـابینی، خاڵی دووەم/ لە تاقی کردنەوەی کۆتایی بەعزێك لە کۆلیـژە حکومیـەکان، بـەعزێکیان هـەموویان نـا، هـەتا نیسبەی نەجاحیش زیـاد بـی، (١١ـ ١٣) دەرەجـە دەدرا تەڵەبـەی، ئەمـەی لـە زانکـۆی کوردسـتان نـابینی، بـە گۆترە ئەوها دەرەجە بدرێتە تەڵەبەی هەتا ناجح بن، سێیەم/ بازاڕی کار بـۆ زانکـۆی کوردسـتان جـەنابتان دەبینـن ئـەوەی خـەریجی زانکـۆی کوردسـتانە دامـەزراوە، ئێسـتا ئێمـە کـە ئەنـدام پەرلـەمان دەبینـن حەقیقەتەکەی دەبینن ماوە ماوە لە پێش دەرگای پەرلەمان قوتابی هەڵۆێستی هەیە و خـەریج، نـە کـەرتی

میری پێویستیانی پێ هەیە، نە شوێنیان ئەو ئیختساساتانە مەتلۆب نییە لە کەرتی تایبەتیش، بەڵام ئەوە لە زانکۆی کوردستانی نابینی، بە نیسبەت عبور، ببورن تا پەیامەکەی نەگەیەنم حوکم مەکەن، چونکە لایەنی ئەوە دەبینن لێرە حەقەکەی دەڵێم، ........ .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لە شوێنی خۆتانەوە تەعلیق لەسەر قسەی ئەندامانی خۆمان مەدەن، هەر ئەندامێکی پەرلەمان ئازادە لەوەی کە ڕای خۆی دەڵێ، دواتر ئێوەش دەتوانن ڕای خۆتان بڵێن، د.جوان فەرموو.

**بەڕێز د.جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت عبور، پەڕینەوە، لە زانکۆی کوردستان پەڕینەوە نییە، بەڵام لە زانکۆ حکومیەکان، ساڵان ماددەیەك نەبوو دوو ماددە بوو، بەڵکو دەوری سێیەمیشمان هەبوو، ئەوانە هەمووی وای لێ کرد ئاستی زانستی لە زانکۆیەکانی هەرێمی کوردستان بێتە خوارێ، ئاستی زانستی جامیعەی کوردستان بەرز بێتەوە، چونکە ئەو شتانەی ناکات ئەو زانکۆیە، لەڕووی کواڵتی و لەڕووی کەفائەتی ئینگلیزی لەڕووی بازاڕی کار، لەڕووی زانستی و علمیەوە، زانکۆی کوردستان باشە و زۆریش باشە، ئەمە بەگشتی ڕاوبۆچوونی من بوو لەسەر زانکۆی کوردستان، بەڵام دێمە سەر خاڵی گرنگ، ئەو قسانەی کە دەکرێ، جوابی دەدەمەوە ئەوکات لە ئیعلام من زۆر دەرناکەوم ئەگەر بیستبتان، بەڵام ئەوە لێرە باسی دەکەم کە ئەو قسانەی کە دەکرێ کە کوڕی مەسئول یان کچی مەسئول لە جامعەی کوردستان یان لە جامیعەکانی ئەهلیە، باشە من ئەو پرسیارە دەکەم ئەدی لە جامعەکانی حکومی تر کوڕی مەسئولی تێدا نییە، باشە من د.جوانم ئەگەر منداڵی من لە جامعەی کوردستان بێ دەبی بڵێن ئەوە کچی ئەندام پەرلەمانە لە جامیعەی کوردستانە، من دەزانم موەزەفە و سولفەی دەکات هەتا منداڵی لە جامیعەیەکی باش دابنێ کە جامیعەی کوردستانە، قەردیش دەکات هەتا منداڵی لەو جامیعانە بێ، واتە هەموو کوڕە مەسئول نییە، لەگەڵ ئەوە تێبینیشم هەیە خوێندن مافە، فەقیر و زەنگین دەبی خوێندن بکات، کوڕە مەسئول و کچە مەسئول حەقی هەیە خوێندنی بکات، بەڵام پۆینتەکە لێرەدا نییە، کوڕە مەسئول نابی لەو شوێنانە بخوێنێ، پۆینتەکە لێرەیە ئایا ئەو مەرجانە و ئەو شروتانەی ئەوەی لەسەر منداڵی فەقیر جێ بەجێ دەکرێ، لەسەر منداڵی مەسئولیش جێ بەجێ دەکرێ، ئەوەیە تێبینی ئێمە، بە نیسبەت کردنەوەی بەشی پزیشکی لە زانکۆی کوردستان، تەبعەن کەموکورتی زۆر تێدایە، ئێستا حاڵی حازر من لەگەڵ ئەوەی نیمە ئەو کۆلیژە بکرێتەوە، چونکە مارکتنگ و تەرویجی بۆ نەکراوە، چونکە ڕای جیهەتی پەیوەندار وەرنەگیراوە، ڕاستە مونافەسە مەتلوبە برادەران و بەڕێزان، یەعنی دەبی زانکۆیەك لەگەڵ زانکۆیەکی تر فەرقی هەبێ، مونافەسە هەبێت، بەڵام فەرقی تەبەقی دروست نەبێ، وەك چ؟ غوبنە، ئەوە زوڵمە، زانکۆیەك، زانکۆی کوردستان (٨٩) موعەدەلی وەردەگری و (٩٠)ی وەردەگری، بەڵام یەکێك لە زانکۆی حکومی (٩٩) یە و وەرنەگیرایە لە پزیشکی، ئەو ساڵەش ئێوە

دەبیـنن، زانکـۆی پزیشـکی هـەولێر و پزیشـکی ددان سـەد پۆینـت یـەك ئـەوجا وەرگـیراوە، یـەعنی (٩٩)ی وەرنەگرتووە، (١٠٠)ی وەرنەگرتووە، ئـەوە فروقـی تەبەقیـە واتـە حەقیانـە ئـەو تەڵەبانـە کـە خۆپێشـاندان دەکـەن، مـافی خۆیـان دەوێ، ئـەوەی (ذوی) ئیختساسـە دەزانـی ئـەمن چ دەڵـێم، ئـەو ئیمتیـازە کـە دراوەتـە زانکۆی کوردسـتان، تەمـەنام دەکـرد حکومـەت ئـەو ئیمتیـازەش بداتـە زانکۆکـانی دیکـە، چـونکە زانکۆکـانی دیکەش قوتابیەکانی هاووڵاتی هەرێمی کوردستانن، نابێ ئیمتیازەکی بدەیە جامعەیەکی و نەدەی بە ئەوەی دیکە، مونافەسە با هەبێ، بەس ڕێنجەکە ئەوەندە زۆر نەبێ، هەشتا و نۆ لە کوێ و سەد لە کوێ، ڕای من و بۆچوونی من کە مامۆستای زانکۆم، ئەو تایبەتمەندیە کە دەدرێتە زانکۆی کوردستان دەبـێ بدرێتـە هـەموو زانکۆکانی دیکە، هەر زانکۆیەك من نەك ئێستا کە باسی ئەوەی دەکەم کە ئەنـدام پەرلـەمانم، پـێش ئـەوەی ببیمە ئەندام پەرلەمان ئەو قسەیەك کردووە، هەر زانکۆیەك ئەگەر بتەوێ پـێش بکـەوی دەبـی سـەربەخۆ بـێ و ئـازاد بـێ و لەلایـەنی ئـەکادیمی و دارایـی و کـارگێڕی، ئێسـتا وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا بـەڕێزان بـە ئسلوبەکی زۆر تەقلیدی بەڕێوە دەچێ، لە هەیکەلی تەنزیمی و لە دەسەڵاتی و ئێمە ئێسـتا لـە عەهـدێکین و لە زەمانێکین دەبی دەسەڵات لەسەرێ نەبێ، دەبێ دەسەڵات بێتـە خـوارێ، هـەموو دەسـەڵاتەکان لەسـەرێیە، واتە دەسەڵات دەبێ لە وەزارەتی بێتە سەرۆکی زانکۆ و سەرۆکی زانکۆ و لەوێشـەوە بـۆ ڕاگـری و لەوێشـەوە بۆ سەرۆکی بەش، ئـەوها زانکـۆ بـەرەو پـێش دەچـێ، چونکە دەڵـێ (اهـل مکـە ادری بشـعابها)، بـۆ؟ چـونکە خەڵك و مامۆستا و یان سەرۆکی بـەش یـان ڕاگـر یـان سـەرۆکی زانکـۆ ئـەو پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆی لەگـەڵ قوتابی هەیە، دەزانی کێشەکە لە کوێیە و دەزانی کەموکورتیەکە لە کوێیەو لە کەفائـەتی مامۆسـتای هەیـە، لە تورقی تەدریسی هەیە، ئەوانە هەموو دەکرێ و واتە بەس دوو شتی تـرم هەیە، ڕۆڵی وەزارەتی خوێندنی باڵا تەنیا بریتی بێ لە کاری تەمویل و سەرپەرشتیاری و چاودێری و بەدواداچوون، ڕۆڵی ئەوەندە تەقلیدی نـەبێ، لەبەرئـەوە مـن حـایرم لـە دوو خـاڵی، مـن نامـەوێ زانکـۆی کوردسـتان لـەژێر بـاڵی سـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بێ، چونکە دەبێتە بانێك و دوو هەوا، نامەوێ لـە عـەینی کـات لـە بـن بـاڵی وەزارەتـی خوێندنی باڵا بێت، چونکە لەبەر ئەو هۆکارانەی باسم کـرد، سـەبرتان هـەبێ بـزانن لـە ئـەخیری چ دەڵـێم، بەشـەرتێك وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا دەبـێ گۆڕانکاریـەکی جـەزری لێ بکـرێ لـە ئیجرائـات و لـەو ئسـلوبە تەقلیدیانەی بەکاری دێنـێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.ابراهیم نوقتە نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕاستی من تەعلیقەکا بەسیتێ هـەی، کـە ئیجازە بـدە، مـن پـێ خـۆش نـەبوو د.جـوان وەکـی مامۆسـتایەکا زانکۆی خۆ دەنیاسینی ئەنداما پەرلەمانییە، ئەگەر مامۆستایەکا زانکۆی بایە، دەوا موفقتەرەحاتا خـۆ بداتـە چەند پسپۆرا و پسپۆر دەنا بۆ لیژنەیا و لیژنە تەقدیم کات، تە ب دلێ خۆ ئاخافت، ئەڤـە تـو ڤـێ گـاڤێ نـە

نوێنەرا لیژنا پەروەردە وخوێندنی بالآ بەت وێ مەنەسێ نەبووی، وەختێ تو لڤێ مەنەسێ ی تەمسیلا لیژنا پەروەردە و خوێندنی بالآ تنێ بکەی، وەکو ئەندام پەرلەمان ڕەئیا خۆیا هەی بەس ئەڤ ڕەئیا دوورودرێژ من تەمەنا دکر ل لیژنا پەروەردێ ڕۆژەکی بدابا بەرسڤێ مە، مە ڕاپۆرتەکا دیرودرێژ دابا سەرۆکی پەرلەمانێ، بڕاستی ژی ئیجحافەکی حەڤێ حیزبەکا سیاسی هاتە کرن، ژ لایێ د.جوان ڤە، کو دڤیا کلدات کۆرە کر، گوتی من نەڤێت ئەز بەحسێ زانکۆیا کوردستانێ و ئەنجومەنی وەزیران بکەم، چونکی یا پارتییە، نە پارتییە و نە .... ئێ خۆ گۆتی پارتییە........... .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ابراهیم پێویست ناکات تەعلیق بدەی، تەواو نیزامی نییە، ئەو قسە دەکات و ڕای خۆی دەڵێ، تۆ پێویست دەکات نوقتەی نیزامی بڵێی پێویست ناکات تەعقیب بدەی، باشە، سوپاس، خاتوو امنە فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەت نیزام چارچێوێ دایە ئەگەر تشتەکی دەرڤەی نیزامی بێ، ئەگەر هاتو مەعلومەیەکا خەلەت لسەر سیستەمێ گشتی یان هەر بابەتەکی گفتوگۆ تێ کرن، ئەگەر ئەو مەعلومەیا خەلەت بیت حەقی پەرلەمانتارێ هەی ڕاست بکەتەڤە، ئەڤە نە تەعلیق لسەر ئاخافتنێ وی، ...... .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز امنە خان، ئەوە لە کاتی قسە کردنی ئەندامی پەرلەمان دەتوانێ ڕای خۆی بڵێ لەسەر هەموو بابەتێك، نوقتەی نیزامی بۆ دەرچوونە لە پەیڕەوی ناوخۆ، ئێستا ئەو بابەتەی کە پەیوەندار بوو بەوەی کە بەڕێز د.جوان ئەندامی لیژنەی پەروەردەیە و پێویست دەکات ڕای لیژنەی پەروەردە بڵێ، نیزامیە، ئەندامی پەرلەمانە و پێویست دەکات، بەڵام وەکو ئەندامی پەرلەمانیش قسەی کردووە، تکایە با لەمە دەرچین، باشە د.ابراهیم، خاتوو شکریە فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز، من وەکو ئەندامێکی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالآ حەز دەکەم کۆمەڵێك ڕوونکردنەوە بدەم، بەحەقی ئەوەی کە ئەندامێکی ئەو لیژنەیەم ڕێگام پێ بدەن تەواوی ڕوونکردنەوەکان و سەرنج و تێبینیەکانی خۆم بڵێم، بەڕێزان دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیانی زانکۆی کوردستان و قوتابیانی زانکۆی پزیشکی گشتی سکالآیان گەیاندە لیژنەی پەروەردە وخوێندنی بالآ لە پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە کێشەکانیان، بۆیە ئێمەش وەکو سەرۆك و جێگر و ئەندامان، من و ئەندامێکی تری لیژنەکە بەمەبەستی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەسەر کێشەکانی قوتابیانی ناوبراو سەردانی زانکۆی کوردستانمان کرد، لەگەڵ سەرۆکی زانکۆ و ستافی یاوەری کۆبووینەوە بۆ تاوتوێ کردنی کێشەکانیان، دوای گفتوگۆ سێ داواکاریمان خستە بەردەستی سەرۆکی زانکۆ

کە ئەوانیش بریتی بوون لە: یەکەم/ بوونی یەك وانەی پەڕینەوە (عبور) یاخود پێدانی (٥) نمرەی بڕیار واتە (قرار)، دووەم/ بەلەبەرچاو گرتنی بارودۆخی ناهەمواری کوردستانی ئەمساڵ هیچ قوتابییەك تەرقین قەید نەکرێ واتە (عدم رسوب) نەبێ هاوشێوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستانی عێراق کە ئەمساڵ پەیڕەو کرا، سێیەم/ داوامان لەسەرۆکی زانکۆی کوردستان کرد ڕوونکردنەوەی پێویست سەبارەت بە کردنەوەی کۆلیژی پزیشکی لە زانکۆی کوردستان بدات، داوای ناو و نمرەی قوتابیە وەرگیراوەکانی ئەو بەشەمان کرد، لە وەڵامدا سەرۆکی زانکۆ و ستافی یاوەری وتیان بە فەرمی وەڵامتان دەدەینەوە، دوای دوو هەفتە سەرۆکی زانکۆ و سەرۆکی بەشەکان سەردانی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵایان کرد، ئێمە گەشبین بووین کە داواکاریەکانمان قبوڵ بکرێ، بەڵام بەداخەوە ئەوان پێداگیریان کرد لە بەردەوام بوون لەسەر سیستەمی خۆیان بە بێ هیچ گۆڕانکاریەك پاش گفتوگۆ لەگەڵ ستافی ناوبراو نەگەیشتینە هیچ ئەنجامێك، بۆیە جارێکی تر بڕیاریان دا کە داواکەمان بە فەرمی وەڵام بدەنەوە، دووبارە داواکاریەکانمانیان ڕەت کردەوە سەبارەت داخستنی کۆلیژی پزیشکی وەڵامێکی مەتاتیان داینەوە، ئەوە وەڵامە مەتاتیەکەیە، بە هیچ شێوازێك ئاماژەیان بەوە نەکردبوو کە ئەم بەشە دادەخەن، ئەمە لە کاتێك دا کە نوێنەرانی قوتابیانی کۆلیژە پزیشکیەکانیش چەند جارێك لەگەڵ ستافی زانکۆ کۆبوونەوە، بەڵام داواکاریەکانی ئەوانیشیان بەهەند وەرگرت، بۆیە ئەوان زیاتر لە ماوەی (٤٠) ڕۆژ لە ماوەی دەربڕینی ناڕەزایی و مانگرتنی خۆیان بەردەوام بوون، ڕازی نەبوون بگەڕێنەوە هۆڵەکانی خوێندن تا بەڵێنی داخستنی زانکۆی پزیشکی لە زانکۆی کوردستان و ئەمانەش کە سەرجەم قوتابیەکان و کۆمەڵێك لە پزیشکیان لەگەڵ بوو کە ژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی ٢٠٠٠ کەس، ئەمە لە کاتێك دا کردنەوەی ئەم بەشە بەهەموو جۆرێك لەلایەن وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی خوێندنی باڵا و سەندیکای پزیشکانی کوردستان و بۆردی کوردی دژی کردنەوەی ئەم کۆلیژەن، بە فەرمی ناڕەزایی خۆیان دەربڕیوە، سەرجەم بەڵگەکانیشم لەلایە، ئەمە دەرکراوی سەندیکای پزیشکانە، ئەو (CD)یەش سەرجەم ئەم ناڕەزاییانە کە بەفەرمی ڕاگەیەنراوە، من دەپرسم ئایا دەکرێت زانکۆیەك بکرێتەوە (١٢) قوتابی وەربگرێ و ناڕەزایی ئەم هەموو لایەنەی لێ بکەوێتەوە......... .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە بچۆ سەر ئەسڵی مەوزوعەکە، ئەو ماددەیەی کە پەیوەندی بە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاوە هەیە، فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەڕاستی وەکو ئەندامێکی ئەم لیژنەیە و بە پێی بەدواداچوونەکانم کە کۆمەڵێك زانیاری زۆرم هەیە لەسەر زانکۆی کوردستان، دیارە زانکۆی کوردستان بەڕاستی نکۆڵی لەوەناکرێ کە زانکۆیەکە لە ئاستێکی باشە و خوێندن بەزمانی ئینگلیزیە و کۆمەڵێك قوتابی بە توانای پێگەیاندووە، بەڵام ئەم زانکۆیە

کۆمەڵێك کێشەی هەیە، بۆیە حەز دەکەم ئەم کێشانە بخەمەڕوو، یەکێك لەم کێشانەی زانکۆی کوردستان لەسەرەتای دروست بوونیەوە تا ئێستا کێشەی کارگێڕی هەیە، یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی بوونی ئەم کێشانەش ئەوە بوو کە زانکۆی کوردستان تا ئێستا (٥) سەرۆکی هەبووە، هەر سەرۆکێك ..... .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەرە سەر دەقی هەموارکردنەکە، هەموارکردنێکمان لەبەردەممایە، فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمانە ڕوونکردنەوەیە سەبارەت بە زانکۆی کوردستان، زانکۆی کوردستان بۆچی ئێمە دەمانەوێ، من لەگەڵ ئەوەم کە زانکۆی کوردستان بگەڕێتەوە ژێر دەسەڵات و یاساکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا، بەڵام بۆچی ئەو ڕایەمان هەیە؟ ئاخر لەبەر ئەم هۆکارانە، من حەز دەکەم ئەم هۆکارانە بگەیەنم، خاڵی دووەم/ لە خاڵی یەکەمی فەرمانی دامەزراندنی زانکۆیەکە دەڵێ، زانکۆیەکی سەربەخۆیە و بەو مانایەی دەستەی بەڕێوەبەر لەڕووی بەڕێوەبردن و سیستەمی خوێندن و وەرگرتنی قوتابیان و پەسەند کردنی پرۆتۆکۆڵ لەگەڵ زانکۆی دەرەوە سەربەخۆ دەبێ و بڕیاری لەدەستە خۆی دەبێ، لەکاتێك دا ئەم سەربەخۆییە وای کردووە کە گوێ بۆ هیچ لایەنێکی تر ڕانەگیرێ، بەجۆرێك نەوەزارەتی خوێندنی باڵا و نە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتیان بەسەر ئەم زانکۆیەدا نەشکێ، هەروەها ئەم سەربەخۆییە لە بڕیاردانی دا وای کردووە هەر کاتێك سەرۆك زانکۆ یاخود سەرۆك بەشێکی نوێ دێت کۆمەڵێك یاسا و ڕێسای نوێ دەردەکات کە کۆمەڵێك قوتابی تیایدا زەرەرمەند دەبن، بۆ نموونە قوتابیانی ساڵی (٢٠١٢ و ٢٠١٣) لە قۆناغی دووەمی زانکۆ دابوون، دوای تەواوکردنی قۆناغی دووەمیان سیستەمی زانکۆ گۆڕانی بەسەرداهات و بڕیاردرا کە دەبێ تاقی کردنەوەی توانستی ئینگلیزی بکەن، بۆ چوونیان بۆ قۆناغی سێیەم، کە ئەمساڵە هاوکات بوو لەگەڵ گۆڕینی سیستمی زانکۆ بە گشتی، بەجۆرێك هەر قوتابیەك کە لە دوای دوو ساڵی خوێندن، ئەگەر (٥٥٪) بەدەست نەهێنابێ، بە دەرچوون لە تاقیکردنەوەکە هەژمار دەکراو دەگەڕێندرایەوە بۆ سەرەتای ساڵی یەکەمی سیستمی نوێی........... .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە دکتۆرە تەواو تێ گەیشتین لەوەی کە جەنابت دەتەوێ ئەمە بگەڕێتەوە سەر وەزارەتی خوێندنی باڵا، تێ گەیشتین کە جەنابت ئەمەت هەیە، هیچی تر هەیە، لەسەر هەموارکردنەکە؟ فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من حەزم دەکرد ئەمە ڕوون بکەمەوە بۆچی ئێمە دەمانەوێ............. .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر درێــژەی پــێ ئــەدەی، یــەعنی ئەمــە پێویســت ناکــات ئــەم هــەموو درێــژەی پــێ بــدەی، ئێســتا هەموارکردنێکمان لەبەردەستە، دەمانــەوێ ئــەو پــرۆژە یاسایە هەموار بکــرێ لــەڕێی پــرۆژە یاسایەکەوە، فەرموو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە کورتی دوا سەرنجم، من حەزم دەکرد بەڕاستی ئەم ڕوونکردنەوانە بدەم، لەبەرئەوەی بە حوکمی ئەوەی کە لە لیژنەی پەروەردەین، بەڵێ بە پێی بەدواداچوونەکانم ڕەنگە بــە نەگەڕانــەوەی زانکۆی کوردستان بۆ ژێــر یاسا و دەسەڵاتی وەزارەتــی خوێنــدنی بــاڵا تــا ئاســتێك ئــەم زانکۆیــە وەکــو ئێســتا نــەمێنێ، ئەگــەر بگەڕێنرێتەوە، تۆزێك مستەوای دابــەزیت و ستاف و مامۆستا و کــارگێڕانی بگــۆڕدرێ، قوتابیــە زیرەکــەکان تــۆزێ تێــدا زەرەرمەنــدن، بــەڵام بەشــێوەیەکی گشــتی بــە گەڕانــەوەی زانکــۆی کوردســتان بــۆ ژێــر یاسا و دەسەڵاتەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا، زۆرترین قوتابی سوودمەند دەبن و سەرجەم کێشــەکانیان چارەســەر دەبێ و جارێکی تر هاوشێوەی ئەم جۆرە کێشانەی کە لەم ماوەیە ڕوویدا جارێکی تر ڕوونادادتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی هەیە کاك سۆران؟ فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەیانی دەنگمان دا بۆ ئەوەی ئەندامی پەرلەمان لە گفتوگۆکان سێ خولەك قسە بکات، بەڵام هەست دەکــەم بە کراوەیی قسە کردنی لیژنەی تایبەتمەند وا دەکات کە ئێمەش نیگەران بــین، بۆیــە ئومێــد دەکــەم ئــەوان دوو هێنــدەی مــافی ئەنــدامی پەرلــەمانیان هــەبێ، ئــەوان شــەش خولــەکیان هــەبێ، ئەگــەر نــا بــەڕاســتی زۆر ئەڕوات و لیژنەی تایبەتمەند ئیستیغلالی مەفتوحیەتی کاتەکە دەکات.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێکی تر بیخەینە دەنگەوە ئەم بابەتە؟؟ د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د.فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك سۆران دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی مەعنی لەناو کۆبوونەوەی لیژنە و داڕشتنەوەی ڕاپۆرت و بەدواداچوون و تایبەتمەندیەکانی خۆیان حەتمەن گفتوگۆیان کردووە و گەلاڵەیان کردووە و تێڕوانینەکانی خۆیان داخڵی دوا ڕاپۆرت کردووە، بۆیە ئەو دەرفەتەی دەدرێ بە قسە کردن، هیوادارم دەرفەتێکی یەکسان بێ نەك دەرفەتێکی جیاواز، چونکە ئەندامانی لیژنەی مەعنی دەرفەتی خۆیان بە تێروتەسەلی لەناو لیژنەوە بینیوە، هیوادارم ئەمە بە نەزەری ئیعتار وەربگیردرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.عزت فەرموو.

**بەڕێز د.عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە کاتی قسە کردنی خۆمە یان نوقتەی نیزامیم لێ وەردەگری، باشە پشتیوانی کاك سالار دەکەم، لەڕاستی دا لیژنەی پەیوەندار پێویستە لە ڕاپۆرتەکەدا قسەکانی داڕشتبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو تەلار فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە قسەکانی کاك سالار دەکەم، چونکە هەموومان لە لیژنەی یاسایی و لە لیژنەی پەروەدە قسەی خۆمانمان کردووە و موناقەشەشمان کردووە لەسەر ڕاپۆرتەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی بەیانی کە ئەوەمان خستە دەنگدانەوە بۆ بابەتێك بوو کە پێشتر لەلایەن لیژنەکەوە گفتوگۆی لەسەر نەکرابوو، بەڵام کە تەعمیمان کرد، ئێستا جارێکی تر دەبێ دەنگدانی لەسەر بکرێتەوە، مامۆستا مەروان فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین (مەڕوان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی کاك سالار و کاك سۆران دەکەم ودەنگدانی لەسەر بکە و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕێگەی بەڕێزتەوە داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم کە قسە لەسەر ماددەکە بکەن، لەسەر ئەو تەعدیلەی کە خراوەتە بەردەست، پێموایە ئەگەرقسەکان لەسەر ئەوە چڕ بکرێنەوە، کەس سێ دەقیقەی ناوێ، هەموو کەس لە دەقەیەك و دوو دەقیقەدا پەیامەکەی خۆی دەگەیەنێ، نەچنە ناو تەفاسیلی شتەکانەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(٣٧) کەس ماوە قسە بکات، بەم شێوەیە بێ تا درەنگانی شەو دەبێ لێرە بین، بەڵام دانیشتنەکە هەڵدەگرین پاش کەمێکی تر بۆ بەیانی، بۆیە هەموو ئەندامان پابەند بن بەوەی کە سێ دەقیقە قسە بکەن، کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوە نیم جارێکی تر دەنگدان بۆ دیاری کردنی کات بکرێ، بۆ ئەوەی گفتوگۆکەش تەواو بێ ناوەکەی خۆم دەکشێنمەوە، من قسەم نییە هەر پشتیوانی دەقی ڕاپۆرتەکە دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، کاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتگیریا دەقێ ڕاپۆرتا لیژنا یاسایی دکەم، ب نیسبەت بەندێ ئێکێ، یەکەم و دگەل دوو ڕاست کردنەڤا، بەندا یەکەم ل یەکەم دا خالا (١٧) کە دبێژیت هەر دەزگایەکی دیکەی خوێندن ئیزافە بکرێ، حکومی بێ یان ئەهلی بێ، ئەوە یەك، دوو/ لە دووەم کە دەبێت ڕێنماییەکان تایبەت بێت، کە ئەو ڕێنماییانە ببێتە هۆکارێکی پەرەپێدانی زانستی و هاوسەنگی دناڤبەرا زانکۆیێن حکومی و زانکۆیێن ئەهلی، خالا دیماهیێ یاسایێ، ئەم بێژین ڕێنماییە پزیشکی هاوسەنگی تێدا بیت، مابەینا زانکۆیێن ئەهلی و حکومی، بۆ نموونە شەش سالێ پشتی دەرچوونا قوتابیان دوو سالێ قورا یا و ئەریاڤا هەی شەش سالێش بۆردە بۆ دکتۆرایێ، بۆ زانکۆیەت حکومی و ئەهلی وەکی یەك لێ بێ و ببنە (٥) سالێ، وەك تێبینیەك بۆ وەزارەتا خوێندنا بالا و ب تایبەتی پزیشکیێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ مامۆستا هەورامان؟ فەرموو.

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش ناوی خۆم دەکشێنمەوە بۆ ئەوەی ئیستفادە لە وەقت بکرێ، ئیشی دوو کەلیمەیە بەڕاستی، زانکۆی کوردستان بچێتەوە ژێر ڕکێفی وەزارەتی تەعلیمی عالی یان لە ئەنجومەنی وەزیران بێ، ئەم هەمو شێرو ڕێویەی ناوێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دانیشتنەکەمان هەڵدەگرین بۆ سبەینێ کاتژمێر (١٠:٣٠).

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٩)ی**

**چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤\١٢\٢٤**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٩)

**چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/١٢/٢٤**

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/١٢/٢٤ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی یوسف محمد صادق سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (١٩)ی خولی چوارەمی، سالّی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی سالّی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (١٩)ی خولی گرێدانی دووەمی سالّی یەکەم لە خولی چوارەمی هەلّبژاردن لە کات (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٤/١٢/٢٤ دا بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: بەردەوام بوون لە سەر گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی بالاّ و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی سالّی (٢٠٠٨) بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی سالّی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.

دووەم: خوێندنەوەی یەکەمی (٧) پڕۆژە یاساو بڕیار بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی سالّی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.

١ـ پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٢)ی سالّی (٢٠١٣) یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.

٢ـ پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٢)ی سالّی (٢٠١٣) یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

٣ـ پڕۆژە یاسای دلّنیایی کۆمەلاّیەتی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

٤ـ پڕۆژە یاسای بەخشینی پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایشی لە سولفەی هاوسەرگیری و قەرزی خانوو بەرە.

٥ـ پڕۆژە بڕیاری بەخشینی شەهیدان و پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ لە پێشینەی خانووبەرەو هاوسەرگیری.

٦ـ پڕۆژە بڕیاری هێشتنەوەی تەنیا یەك مووچە بۆ ئەو کەسانەی زیاتر لە یەك مووچەیان هەیە.

٧ـ پڕۆژە بڕیاری پاراستنی سەروەری کوردستان ـ عێراق.

سێیەم ـ گفتوگۆکردن لە سەر ڕەوشی کارەبا لە هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی وەزیری کارەبا بەپێی خالّی دوو لە بڕگەی دووەمی ماددەی (٥٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی سالّی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستان دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (١٩)، رۆژی دانیشتن (٢٠١٤/١٢/٢٤)، بەرنامەی کار، بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا کاتی دانیشتنی ژمارە (١٩)ی خولی گرێدانی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان، لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ، رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی (٢٠١٤/١٢/٢٤) بێت و بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە بێت،

یەکەم: بەردەوام بوون لە سەر گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای یەکەمی یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨) بەپێی ماددەکانی (٧٣) و (٧٤) و (٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.

دووەم: خوێندنەوەی یەکەمی (٧) پڕۆژە یاساو بڕیار بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.

١ـ پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣) یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.

٢ـ پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣) یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

٣ـ پڕۆژە یاسای دڵنیایی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

٤ـ پڕۆژە یاسای بەخشینی پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایشی لە سولفەی هاوسەرگیری و قەرزی خانوو بەرە.

٥ـ پڕۆژە بڕیاری بەخشینی شەهیدان و پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ لە پێشینەی خانووبەرەو هاوسەرگیری.

٦ـ پڕۆژە بڕیاری هێشتنەوەی تەنیا یەك مووچە بۆ ئەو کەسانەی زیاتر لە یەك مووچەیان هەیە.

٧ـ پڕۆژە بڕیاری پاراستنی سەروەری کوردستان ـ عێراق.

سێیەم ـ گفتوگۆکردن لە سەر رەوشی کارەبا لە هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی وەزیری کارەبا بەپێی خاڵی دوو لە بڕگەی دووەمی ماددەی (٥٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.

سەرەتا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین کە ناوی ئامادەنەبووانی دانیشتنی پێشوو بخوێنێتەوە، فەرموو،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو بەخشیندەی میهرەبان، ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (١٨)ی ئاسایی لە بەرواری (٢٠١٤/١٢/٢٣)، مۆڵەت پێدراون یان بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون، لە کۆبوونەوەی یەکەمدا بەم شێوەیەی خوارەوەیە، (ئاری محمد (ئاری هەرسین) ـ مۆڵەت، بەیار طاهر ـ مۆڵەت، حیات مجید ـ مۆڵەت، ڕێواز فائق ـ مۆڵەت، زۆزان صادق ـ مۆڵەت، سرود سلیم ـ مۆڵەت، صالح بشار ـ مۆڵەت، ڤالا فرید ـ مۆڵەت، علی علی هالۆ ـ مۆڵەت، فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی)ـ مۆڵەت)، کمال یلدا ـ مۆڵەت، محمد علی ـ ئامادەنەبووە، محمود عمر ـ مۆڵەت، یروانت نیسان ـ ئامادەنەبووە، یعقوب گورگیس ـ ئامادەنەبووە) لە کۆبوونەوەی دووەمدا مۆڵەت پێدراون یان بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون، بەم شێوەیەی خوارەوەیە،(ئاری محمد (ئاری هەرسین) ـ مۆڵەت، بەیار طاهر ـ مۆڵەت، حیات مجید ـ مۆڵەت، ڕێواز فائق ـ مۆڵەت، زۆزان صادق ـ مۆڵەت، سرود سلیم ـ مۆڵەت، صالح بشار ـ مۆڵەت، ڤالا فرید ـ مۆڵەت، علی علی هالۆ ـ مۆڵەت، فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی)ـ مۆڵەت)، کمال یلدا ـ مۆڵەت، لینا عزریا ـ ئامادەنەبووە، محمد علی ـ ئامادەنەبووە، محمود عمر ـ مۆڵەت، یروانت نیسان ـ ئامادەنەبووە، یعقوب گورگیس ـ ئامادەنەبووە، پەری صالح ـ مۆڵەت)

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا داوا لە بەڕێزتان دەکەین پوختەیەك لە کۆنووسی دانیشتنی پێشووی پەرلەمانی کوردستان بخوێننەوە،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٨) لە بەرواری (٢٠١٤/١٢/٢٣)، بەم شێوەیەی خوارەوە بوو،

١ ـ دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە،

٢ـ خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادەنەبوو و، ئامادەنەبووی کۆبوونەوەکانی لیژنەکانی پەرلەمان هەروەها خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە.

٣ـ پەسەندکردنی گفتوگۆکردن لە سەر دۆخی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.

٤ـ خوێندنەوەی بیرۆکەیەك لەلایەن بەڕێز ئەندام پەرلەمان بەڕێز شامۆ شێخۆ نعمۆ سەبارەت بە ڕەوشی شنگال.

٥ـ ئاڵوگۆڕکردنی خاڵی چوارەمی بەرنامەی کار و، خاڵی دووەم و بە پێچەوانەوە.

٦ـ گفتوگۆکردن لە سەر پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨) و، بۆ دانیشتنی ئەمڕۆ دواخرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا دەست دەکەین بە بەرنامەی دانیشتنی ئەمڕۆمان کە بڕگەی یەکەمی بریتییە لە بەردەوام بوون لە سەر گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨) بەپێی ماددەکانی (٧٢) و (٧٤) و (٧٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو. داوا لە هەردوو لیژنەی پەیوەندیدار لیژنەی پەروەردەو لیژنەی یاسایی دەکەین کە بێنە سەر منەصە بۆ دەست پێکردن بە گفتوگۆ لەم بارەیەوە، فەرموو مامۆستا هەورامان نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف (هەورامان گێچینەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو قوتابییانەی دوێنێ لێرە بوون دووبارە هاتوونەتەوە لە بەردەم پەرلەماندان، بەڵام پێیان وتوون سەرۆکی پەرلەمان وتوویەتی با نەیەنە ژوورەوە ئەمە ئەمری جەنابتە، بۆیە داوا دەکەم ئەگەر جەنابت ڕێگە بدەی ئەو تەڵەبانە بێنە ژوورەوە و ئاگاداری گفتوگۆکە بن،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، دوێنێ ئەو خوێندکارانە هاتنە ژوورەوە ئامادەبوون دوێنێ پەیامی خۆیانیان گەیاندووە ئەو خوێندکارانە خوێندکاری کۆلێژی پزیشکین لە زانکۆی سەلاحەدین و، ئەمڕۆ دەوامیان هەیە، ئەوان دەبێ ئێستا لە دەوامی ڕەسمی خۆیان بن، ئەگەر دەوام بە جێ دەهێڵن دەبێ نووسراوێك لە کۆلیژەکەیان بێنن بۆ پەرلەمان، ناکرێت هەموو جارێ خوێندکار دەوامی خۆی بەجێ بێڵێ و، بێتە پەرلەمان لێرە دەوام بکات، بۆیە پێمان وتوون نووسراوێکی کۆلێژەکەی خۆیان بێنن، ئەگەر نا پێویست ناکات لە هۆڵی پەرلەمان بن، بەڕێزان بەردەوام دەبین لە گفتوگۆکردن لە سەر ماددەی یەکەمی پڕۆژە یاسای هەموارکردنەکە، بەڵام وەکو لە دانیشتنی پێشووش لە سەری ڕێکەوتین هەموو ئەندامێکی پەرلەمان بۆی هەیە لە سێ خولەك بیرو بۆچوونەکانی بخاتە ڕوو، بۆیە تکایە پابەند بن بەوەوە، فەرموو د. ابراهیم نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ژ بەر چونکی بۆ ڤێ پڕۆژێ هەر دووهی ژی من ئیشارەت پێدا کو ئەز و چەند هەڤالەك مە چەند تەحەفوز تێدا هەبوو، بەس من ئیحتراما خۆیا گرتی ئەزێ هاتیمە ڤێرێ وەکو سەرۆکێ لیژنێ ل جۆری وی سیستەمێ پەرلەمانی کو مرۆڤ چێنابت دوو تشتا تێکەل بکەت وەکو ئەندام پەرلەمان و، ئەندام لیژنە و سەرۆك لیژنە ژ بەر هندێ دووهی و ئەڤرۆکە مە ڕێ خۆش کر (د. جوان) هەر ماددەیەکێ بخوێنت ژ بەر چونکو مە تەحەفوزا لسەر هەی مەعقول نینە ئەز تەحەفوزا خۆ بەرامبەری وێ تشتەکی دی بخوێنم ژبەر هندێ ئەز وێ ڕێکێ ددەمە خوشکا دکتۆرە (جوان) ماددە ماددە د گەل لیژنا یاسایی بێتە خاندن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. جوان نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێ راپۆرتەکەم کە خوێندەوە هی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ناوی بەڕێز کاك (ایدن)م لە بیر کرد، بەڕێز کاك (ایدن) واژووی کردووە لە سەر راپۆرتی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو گەشە،

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی دووەم دەمەوێ بپرسم خسوسیەت چییە لە کاتێکدا کە دەدرێ بە زانکۆیەك لە بەڕێز لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و لیژنەی یاسایی، یەعنی خسوسیەت ئەوەیە ئاخۆ بودجەیەکی زیاتر دەدرێ بە زانکۆیەك نادرێ بە زانکۆیەکی تر یاخود مامۆستا و پسپۆری تایبەتی بۆ دەهێنرێ یان دابەزاندنی دەرەجەیە؟ ئەمە پێم وایە ناکرێ جیاوازی بکرێ لە نێوان زانکۆیەك بۆ زانکۆیەکی تر، بودجەی زانکۆی سلێمانی زیاتر بێ لە بودجەی زانکۆی دهۆك یەعنی ئەمە نیگەرانی لە نێوان خوێندکار لە نێوان مامۆستای دوو زانکۆ یان زانکۆیەك بۆ زانکۆیەکی تر دروست دەکات، بۆیە ئەگەر ئێمە لەم پەرلەمانە بە یاسا راستەوخۆ ئەو جیاوازییە بکەین و تەشخیسی زانکۆ بکەین هەمان شتە یاخود ئەو دەسەڵاتە بدەین بە ئەنجومەنی وەزیران یان بە وەزارەت بە تەعلیمات دەریبکات، هەمان شتە، چونکە سیفەتی قاعیدەی قانونی لە هەرەمە قانونیەکەدا لە کوێدا بێت، ئەبێ عام و موجەرەد بێ، کە تۆ خسوسیەتتدا بە زانکۆیەك، بە دەسەڵاتێك لێرەدا ئەو جیاوازییە دروست دەبێ ئەو سیفەتە عامە نامێنێ و موجورەد نامێنێ و، جیاوازی دروست دەبێ لە نێوان زانکۆکاندا و پێچەوانەی بڕگەی یەك دەبێ یەعنی تۆ خۆت دەڵێی ئەو زانکۆیانە سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵان، کەواتە دەبێ لە ژێر رێنماییەکان و قانونی وەزارەتی خوێندنی باڵادا بێ، بەس کە خۆی لە خۆیدا خسوسیەتەکەتدا یان ئەنجومەنی وەزیران یان وەزارەتتدا لە رێنماییەکان دەردەچێ ئەو کاتە، بۆیە پێم وایە من لەگەڵ هەڵگرتنی بڕگەی دووەم دام بە هیچ شێوەیەك لەگەڵدا نیم کە ئەسڵەن خسوسییەت بۆ هیچ زانکۆیەك لە زانکۆکان هەبێت، ئیتر لە هەر پارێزگایەك بێ، لە هەر شوێنێك بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا انس،

**بەڕێز انس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەر مادده ئێکێ ناڤێ (١٤) زانکۆ و دەستەیا هاتی کۆ حەسر کری ئەڤێتە ئەون پابەندبن ب رێنمایت وەزارەتا خوێندنێ بالاّ د گەل وێ چەندێش مە گەلەك جامیعاتی دی هەین کوردستانێ ئەهلینە ئو ناڤێت وان تێدا نینە ئو هەمان شەرت و شروت ل سەر وان ژی ئت سەپاندینە وەکی قبول مەرکەزی ناڤێت وان دەرکەڤن و، ب نیسبەت خاندنێ و، مەناهجا دیسان هەر عایدی وەزارەتا خوێندنی بالاّنە، ئەم نزانم یەعنی خسوسیەتا وان ل ڤێرێ بتە چ و ێ دی ناڤێت وان تێدا نینە هنگی ئەو دی تابیعی کیش وەزارەتی بن؟ تەعلیماتە بۆ خۆ ژ کیرێ وەرگرن؟ سوپاس،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك رابوون،

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند تێبینییەکم هەبوو، تێبینی یەکەم لە سەر داڕشتنی زمانی هەبوو، من پێم وایە دەزگا وشەیەکی گونجاو نییە بۆ ناوەندەکانی خوێندن، ئەگەر برادەران پیان باش بێ من پێشنیاری (ناوەند) دەکەم، ناوەندەکانی خوێندنی بالاّ لە ماددەی یەکەم، دەزگاکان بکرێن بە ناوەندەکانی خوێندنی بالاّ لە زانکۆ و دەستە و کۆلیژ و پەیمانگاکان، هەروەها لە خاڵی حەڤدەم دیسان هەر دەزگایەکی حکومی دەبێ بکرێ هەر ناوەندێکی دیکەی حکومی، ئینجا بکرێ بۆ خوێندنی بالاّ لەوێ دیار نییە، دەڵێ هەر دەزگایەکی دیکەی حکومی کە هەیە، ناڵێ چی دەزگایەکی حکومی، بکرێتە هەر ناوەندێکی حکومی بۆ خوێندنی بالاّ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو خاتوو شرین.

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا ئێمە باس لە سیستەم و وەزارەتێك دەکەین کە نوێنەری ئەو وەزارەتە لێرە نییە، پرسیار لێرە ئەوەیە هەموو پەرلەمانتارانی بەڕێز پرسیاری هەبوو و، خۆشم پرسیارم هەیە کێ وەلاّمی ئێمە دەداتەوە ئێستا پێش ئەوەی دەنگ لە سەر ئەم یاسایا بدەین، سەبارەت بە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٧) پشتگیری قسەکانی کاك دکتۆر ئەنەس ئەکەم، و خاڵێکی تر هەیە سەبارەت بە زانکۆی کوردستان، زانکۆی کوردستان سەرکەوتنی هێنایە، و ئاستی زانستی زۆر بەرزە، دەرئەنجامیش دیارە لە دەرچووان، تەبعەن وەکو کەسێك کە پێشتر مامۆستای زانکۆ بووم، لەگەڵ نیمە کۆلیژی پزیشکی نەك لە زانکۆی کوردستان، بەڵکو لە هیچ زانکۆییەکی تری ئەهلی بکرێتەوە، بەلاّم ئەڵێم خۆزگە وەزارەتی خوێندنی بالاّ سەرکەوتوو بوایە لە بەرز کردنەوەی ئاستی زانستی لە ساڵانی ڕابردوو و ئەم کابینەش، چونکە ئاستی زانستی لە هەرێم ساڵ بە ساڵ لاواز تر ئەبێ، خۆزگە بمانتوانیبایە بڵێین هەموو زانکۆکانی تر لە هەرێمی کوردستان وەکو سیستەمی

زانكۆی كوردستان لێ بهاتبایە، نە زانكۆی كوردستان سیستەمی وەكو زانكۆكانی تری كوردستان لێ هاتبایە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حاجی كاروان، لێرە نییە؟ فەرموو كاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار ئەكەم ماددەی یەكەم، یەكەم بكرێت بە دوو بڕگە، چونكە لە ناو بڕگەكە پێكهاتنی دەزگاكانی خوێندنی باڵا بە جیا، و ئەو دەزگایانەی بە وەزارەتەوە ئەلكێندرێن پێكەوە هاتوو، بۆیە پێشنیار ئەكەم ماددەی یەكەم، یەكەم بكرێت بە (دامەزراوەكانی خوێندنی باڵا لە زانكۆ و دەستە و كۆلیژ و پەیمانگا و سەنتەری توێژینەوەی حكومی و ناحكومی پێك دێ)، واتە وەكو پێكهاتنی ئەو ناوەندانە، ئەم بڕگەی دوای ئەوە، (ئەو دەزگایانەی خوێندن بە وەزارەتەوە ئەلكێندرێن) بكرێ بە دووەم، ئینجا ناوی زانكۆكان بەدوای یەك، واتە بڕگەی یەكەم بكرێ بە دوو فەقەرە، چونكە دوو بابەتی جیاوازن، خاڵی دووەم، ئەوەی پەیوەندیدارە بە تایبەتمەندی بۆ هەر زانكۆیەك لە كوردستان لە ڕووی قانونی بەحسەوە پێم وایە كارێكی لۆژیكی نییە، بەڵام بۆ ئەم قۆناغە، و بۆ ئەو گفتوگۆیەی كە دوێنێ لە نێوان فراكسیۆنەكان و ئەندامانی پەرلەمان هاتە كایەوە، بە گونجاوی ئەزانم ئەم بڕگەیە بمێنێتەوە، بە جۆرێك لە جۆرەكان ئەنجومەنی وەزیران ڕابسپێردرێ بە پێدانی تایبەتمەندی بۆ هەر زانكۆیەك كە پێویست بكات بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا لە چوارچێوەی یاسای وەزارەت، بەو جۆرە ئەبێتە مەخرەجێك، و هیوادارین پێكەوە بتوانین لەسەر ئەوە كۆ دەنگی دروست بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز كاك تەحسین، خاتوو شیرین نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز شرین حسنی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوێنێ ماددەی حەوتەم تەنیا بڕگەی یەكەم خوێندرایەوە، گفتوگۆ لەسەر بڕگەی یەكەم ئەكرێ.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو شرین دوێنێ ماددەی یەكەم هەمووی خوێندرایەوە، و ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەروەردەشی لەسەر خوێندرایەوە كە داوای زیاد كردنی ئەو بڕگەیە كرا بوو.

**بەڕێز شیرین حسنی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەمان لەسەر دووەمیش هەیە، ئەگەر......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوت ئەنووسم، فەرموو کاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێ ناوی خۆمم کشاندەوە، بەڵام بۆ بڕگەی یەکەم، چونکە لەگەڵ ئەوە بووم وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام وەکو بەڕێزت ئەفەرموی بڕگەی دووەمیشە، بە بڕوای ئێمە تایبەتمەندی بە هیچ زانکۆیەك نەدرێ، و ئەگەر تایبەتمەندی ئەدرێ با بۆ هەموو زانکۆکان بێ، ئەگەر مامۆستای باش و بودجەی باش و گرنگی زۆر بە زانکۆیەك ئەدرێ، با ئەوە بۆ هەموو زانکۆکان بێ، خەمی ئێمە بەرز کردنەوەی ئاستی زانستی هەموو زانکۆکانی کوردستانە، و بە دڵنیایی جێگەی خۆشحاڵییە ئەگەر زانکۆیەکی دیاری کراویش ئاستی زانستی بەرز بێ، بەڵام ئەبێ هەوڵ بدەین ئەو ئاستە زانستییە تەشەنە پێ بکەین، بەر بڵاوی بکەین بۆ ئەوەی زانکۆکانی تری کوردستان بگرێتەوە، و ئامانج لە دەرکردنی یاسای ئەبێ بەرپا کردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی بێ، ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بێ بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، بۆیە لەو چوارچێوەیە یان تایبەتمەندی نەبێ، یان بۆ هەمووان بێ، بۆیە بە بڕوای من ئەم بڕگەی دووەمە نەمێنێ باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عومەر نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەپێی پەیڕەو پێویستە بڕگە بە بڕگە موناقەشە بکەین، و دوێنێ دەنگمان دا.....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

مادده بە مادده.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

........ئێستا ئێمە (٣) دەقیقە کەمە بۆ ئەوەی لەسەر هەردوو بڕگەکە قسە بکەین، ئەگەر بکرێ بڕگەی یەکەم (٣) دەقە، بڕگەی دووەم (٣) دەقە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عومەر بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ پرۆژە یاساکان و ڕاپۆرتی لیژنەکان مادده بە مادده موناقەشە ئەکرێ، و مادده بە مادده ئەخرێتە دەنگەوە، نەك ئەوەی بەڕێزت باسی ئەکەی بڕگە بە بڕگە.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستم (٣) دەقەکەیە، کەمە بۆ هەردوو بڕگەکە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

تا ئێستا هیچ ئەندامێکی پەرلەمان (٣) دەقەکەشی تەواو نەکردووە، فەرموو کاك بێستوون.

**بەڕێز بێستوون فائق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی کاك (ئومێد و ڕابوون و بەهزاد) ئەکەم کە دوێنێ کردیان، لە ڕاستی دا لەگەڵ ئەوەم بڕگەی دووەم کە ئەڵێ (وەزارەتی خوێندنی باڵا دەسەڵاتی پێدانێ تایبەتمەندی هەیە)، لابرێ، هیژ کەسێك دەسەڵاتی ئەوەی نەبێ، دامەزراوە و دەزگای جۆراو جۆری تایبەت هەیە لە وڵاتی ئێمە، شەریکاتی تایبەت هەیە، نابێ ڕێگە بدەین زانکۆی تایبەتیش هەبێ، نابێ هیچ کەسێك ئەو دەسەڵاتەی هەبێ تایبەتمەندی بە زانکۆکان بدات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر فرسەت.

**بەڕێز د.فرست صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە لەو گفتوگۆیانەی کردمان چ لە ناو هۆڵ، چ لە دەرەوە، هەمووومان ڕێکین کە زانکۆی کوردستان بگەڕێتەوە ناو سیستەمی وەزارەتی خوێندنی باڵا، لێرەوە ئەو ئامانجەی قوتابیان خۆپیشاندنیان کردووە، ئەو ڕاپۆرتەی لیژنەی پەروەردە و لیژنەی یاسایی لەسەری کرد، هاتە دی، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین هەموومان بە یەکەوە دەنگ بۆ ئەو تەعدیلە بدەین و لەسەری ڕێکبکەوین، پێم وایە بوونی ئیستیسنا لەسەر ماددەیەك حاڵەتێکی تەبیعیە، لادان نییە لە قاعیدەی قانونی، مەسەلەن کاتێ بە شێوەیەکی گشتی هەموو زانکۆکان خراونەتە ناو سیستەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئەکرێ لەبەر ئەو زروفەی کوردستان، بۆ نموونە لە شوێنێك، زانکۆیەکی نوێ ئیستیحداش ئەکرێ، لە ڕاپەڕینە، لە هەر شوێنێکە، بە جۆرێك لە جۆرەکان ئیهتیمامی زیاتری پێ بدرێ، تایبەتمەندی پێ بدرێ، بەڵام ئەو تایبەتمەندییە وەزارەتێك و وەزیرێك بیدات باشترە یان (٢٢) وەزیر بیدات لە ئەنجومەنی وەزیران؟ بەجۆرێك لە جۆرەکان لەوانەیە لە ڕووی پەرەپێدان، لە ڕووی ئاوەدان کردنەوەی ئەو زانکۆیە پەیوەندی بە تەختیەوە هەبێ، بە شوێنی ترەوە هەبێ، بۆیە پێم باشە خاڵی دووەم، یان بڕگەی دووەم لە ماددەی یەکەم بەو شێوەیە بێت ( ئەنجومەنی وەزیران بە ڕێنمایی بۆی هەبێ تایبەتمەندی بدات بە هەریەك لە زانکۆکانی کوردستان)، ئەوەش بە شێوەیەك لە شێوەکان هەم هیچ کێشەیەکی قانونی تێدا نییە، هەم ئەو جۆرە سازانەش کە ئێمە لەمێژە گفتوگۆی لەسەر ئەکەین دروست ئەبێ، بەراستی پێشم وایە ئێمە ئەگەر بمانەوێ دڵی قوتابییەکانی

خۆمان خۆش بکەین، بەوە دڵیان خۆش ئەبێ کە لەسەر سیغەیەك ڕێك بکەوین، بۆیە تەمەنا ئەکەم هەم لە ڕووی ئەوەی یاسایی ترە ئەنجومەنی وەزیران بیکات، چونکە کاتێ کە ئەنجومەنی وەزیران سەلاحیەتی ئەوەی هەیە ئیستیحداسی جامیعات بکات، واتە بڕیاری کردنەوەی زانکۆیەکی نوێ بدات، دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیران بێ، ئەی چۆن پێدانی تایبەتمەندی لە دەسەلأتی ئەنجومەنی وەزیران نەبێ؟ بۆیە واباشە تایبەتمەندییەکەش لە دەسەلأتی ئەنجومەنی وەزیران بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك صالح فەقێ.

**بەڕێز صالح فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەبارەت بە ماددەی یەکەم پشتیوانی لە بەڕێز کاك سالار محمود ئەکەم، و سەبارەت بە خاڵی (١٧) پێشنیار ئەکەم خوێندنی باڵای بۆ زیاد بکرێ، لە خاڵی دووەم بۆ ڕێز گرتن لەو خوێندکارانەی کە خۆیان ماندوو ئەکەن پێویستە سەرجەم زانکۆکان یەك جۆر تایبەتمەندییان هەبێ، و یەك جۆر ڕێنماییان هەبێ، تایبەتمەندی بە تەنیا زانکۆیەك دوو لایەنی هەیە، یەك نادادپەروەریە لە نێوان زانکۆکان دروست ئەکات، دوو، ڕێز نەگرتنە لە ماندوو بوونی خوێندکاران و نەڕخساندنی دەرفەتی یەکسان، بۆیە یەك جۆر تایبەتمەندی هەبێ، و لە ژێر چەتری وەزارەتی خوێندنی باڵا بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر سیراج.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری قسەکانی کاك شوان و دکتۆر فرست ئەکەم، لەبەر ئەوەی گومان لەوە نییە ڕەزامەندی دەرچوون بۆ هەر زانکۆیەك ئەبێ ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی پێ دەربچێ، جا ئەوە ئەپرسم ئایا وەزارەتی خوێندنی باڵا دەسەلأتی ئەوەی هەیە زانکۆی ئەهلی لای خۆیەوە ڕەزامەندی بدات؟ کە ناتوانێ ڕەزامەندی بدات بە هیچ زانکۆیەك بۆ پێدانی مۆڵەت، یان بۆ دەرچوواندنی، ئەی چۆن ئەتوانێ تایبەتمەندی، مەبەستم وەزارەتە، چۆن ئەتوانێ تایبەتمەندی بدات؟ وەکو دکتۆر فرست باسی کرد، کەواتە تایبەتمەندی حەسرە لەسەر ئەنجومەنی وەزایران، پێشنیار ئەکەم با وەزارەتی خوێندنی باڵا هەر تایبەتمەندییەکی بوێ با داوا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکات، دووەم، ئسوڵ وایە هەر یاسایەك هەموار بکرێ بۆ هەر دەستە و وەزارەتێك ئەبێ لایەنی پەیوەندیدار کەسانێکی یان کەسێکی پسپۆڕ و شارەزا لێرە حزووری هەبوایە، لەبەر ئەوەی یاسایەك تەعدیل ئەکرێ کەس لێرە نییە بۆ ئەوەی من پرسیاری لێ بکەم، ئەپرسم لە لایەنی پەیوەندیدار ئایا بۆ ئەو یاسایە تەعدیل ئەکات؟ کێشەکانی چییە لەگەڵ ئەو یاسایە؟ ئایا لە ئەرزی واقیع تەریق نابێ کە چەندین ساڵە ئەو یاسایە جێ بەجێ کراوە و ئیشی

لەسەر ئەکرێ؟ ئەبوایە کەسێك هەبوایە وەڵامی بداینایەوە لێرە، دکتۆر شرین و دکتۆر فرست شتەکانیان زۆر بە جوانی باس کرد، درێژی ناکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سۆران.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی، ماددەی یەکەم، بڕگەی دووەم، منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەم کە ئەو تایبەتمەندییە وەزارەت نەیدات، ئەنجومەنی وەزیران بیدات، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئەنوەر.

**بەڕێز انور قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی یەکەم، بڕگەی یەکەم، مادام گشت زانکۆکان لێکدراون بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوە زانستی، وەکو ستانداردێکی جیهانیش زانۆکان شێواز و ئسوڵی خۆیان هەیە بۆ بەڕێوەبردن و کارکردن بە پێی یاسا وەکو قاعیدەیەکی گشتی، بۆیە منیش بڕگەی دووەم بە زیاد ئەزانم، پێشنیار ئەکەم لابرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەباس.

**بەڕێز عباس غەزالی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ڕەئی کاك ڕابوون ئەکەم، دەزگا بکرێ با ناوەند، پشتگیری ڕەئی دکتۆر فرست و دکتۆر سیراج ئەکەم، بەڵام لە کولی بابەتەکە کە قسە بکەین دوو شت بۆ مە هاتینە، ئێمە هەموو پەرۆشین ئاستی زانست بچێتە سەر، لەوەی لیژنەی پەیوەندیدار باسی کرد ئاستی زانستی زانکۆی کوردستان ئاستێکی باشە، و ئاستی خوێندن بە داخەوە جێگەی داخێکی گەورەیە لە زانکۆکانی حکومی ئاستیان نزمە، ئێمە ئەبێ ئەو ڕێگەیە وا لێ بکەین کە بە باشی بیبڕین، بۆ ئەوەی ئاستی زانست بەرەو سەرەوە بچێت، باسی ئەکەین باسی دەسەڵاتێك ئەکەین، ئەمەوێ لەسەر دەسەڵات قسان بکەین کە چۆن بێ؟ باسی کۆمەڵگایەکی دیموکراسی ئەکەین، بەڵام لە ئەرك و ماف باسی تەتبیقی جەوامیعی نیزامێکی سۆسیالیستی ئەکەین، خوێندن لە هەموو وڵاتێکدا تا ئەو کاتەی ئیجبارییە شەشی ئامادەییە بەلاشە بۆ هەموو خوێندکارێك ماف و ئەرکێکە، بەڵام بۆ ئاستێکی تر خوێندنی بەلاش دەبێت بە پارەیەکی ڕەمزی بێتن ئینجا تایبەتمەندی بدرێت بۆ قوتابیانی کوڕی شەهید، پێشمەرگە، بریندار، ئەوانە بەلاش بێتن، ئینجا ماف و ئیمتیازاتیان دەبێت، دەبێت

ئێمە ڕەچاوی تایبەتمەندی ئەو زانکۆیانە بکەین کە ئاستی عیلمیان بەرەو بەرز دەچێتن و، ئێمەش یاسایەك دەرنەکەین کە وەکو یاساکانی پێشووتر کاردانەوەو ڕەنگی سیاسی تێبکەوێت بۆ پێشبردنی ئاستی خوێندن و زانست و مەعریفەت بێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا زەرەر لە عیلم و مەعریفەت و نەوەی دوا رۆژمان نەدەین، لە گەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١) بڕگەی یەکەم هیچ قسەیەکم نییە، سەبارەت بە بڕگەی دووەم لە ڕاستیدا پێدانی تایبەتمەندی بەو شێوەی کە هاتووە بەخشینی ئەو دەسەڵاتە بە وەزیری خوێندنی باڵا بۆ ئەوەی کە تایبەتمەندی ببەخشێت بە زانکۆیەك لە زانکۆکان کە لەوێدا هاتووە زانکۆکان بەڕای من ئەمە خەسڵەتی قانونی لە دەست دەدات، چونکە بە عام و موجەڕەد نییە ڕاستە ناوی هیچ شەخسێکی مەعنەوی یان سرۆشتی بە دیاری کراوی نە هاتووە، بەڵام لە ئەساسدا سیفەی وەزیری خوێندنی باڵا ئیسناد دەکاتە سەر ئەم دەقە قانونییە بۆ دەرکردنی بڕیارێك کە زانکۆیەك یان دوو زانکۆ جیا بکاتەوە و تایبەتمەندیان پێ ببەخشێت بەدەر لە زانکۆکانی دیکە، کەواتە ئێمە لێرەدا ئەو غایەی کە بە حیساب قانونەکەی لە پێناودا هەموار دەکرێتەوە نەهێشتنی تایبەتمەندییە، بۆیە لەو بڕگەیەدا تەنیا قانونەکە وەك خۆی هێڵراوەتەوە تەنیا لە بڕگەی یەکەمی ئەسڵی قانونەکە ئەوە لادراوە کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان زانکۆی کوردستان کە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران دروست دەکرێت تایبەتمەندی خۆی دەپارێزێت هیچی دیکە نەهێڵراوەتەوە، بۆیە من پێموایە کە تایبەتمەندی ئەگەر وەزیری خوێندنی باڵا بیبەخشێت یان سەرۆکی وەزیران بیبەخشێت یان ئەنجومەنی وەزیران بیبەخشێت هەر تایبەتمەندییە هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت، چونکە ئەمە هیچ گۆڕانکارییەك دروست ناکات، بۆیە من لەگەڵ لابردنی ئەو بڕگەیەدام و هەر پەیوەست بەو بابەتە من پێموایە حکومەت و وەزارەتی خوێندنی باڵا سەرکەوتوو نەبووە لە داڕشتنی سیاسەتێکی گشتگیر بۆ خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە ڕابردوودا لەبەر ئەوەی ئێمە دەبینین کە نە لە هۆڵی وانە وتندا وەك پێویست نییە و نە پێداویستی خوێندنە و نە لە بەشە ناوخۆییەکاندا، ئێمە کۆمەڵێك خوێندکار هەیە کە لەدوای دەرچوونی لە دوازدەیەمی ئامادەیی نمرەکەی شمولی هیچ کامێك لە زانکۆ و پەیمانگاکان ناکات ئەمانە کوڕو کچی خەڵکی هەژارن لە هەمان کاتیشدا پارەیان نییە لە زانکۆ نا حکومییە ئەهلییەکاندا بخوێنن، بۆیە ئێمە دەبوایە کەوا بەراستی کارمان بۆ ئەوە بکردبایە کە مەرجێك دانرابا لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ ئەوەی لە زانکۆ و پەیمانگا ئەهلییەکان کوڕو کچی خەڵکی هەژار بە تایبەت ئەوانەی کە مەسدەری دارایی بژێوی ژیانیان نییە، مووچەیان نییە یان سەرچاوەیەکی سەرەکی ژیانیان نییە بێ بەرامبەر وەرگیرابان بۆ ئەم مەبەستەش زۆر ئاسانە کە تۆ ئەوە جیا بکەیتەوە، بۆیە

ئەگەر قانونەکەش بەو شێوەیە هەموار بکرێت لە راستیدا هەموار نەکردن و هەموار کردنی هەر وەکو یەکە، هەر وەکو دەقە ئەسڵییەکەیە، بۆیە ئەم دەقەی کە خوێندکارەکان لە پێناویدا داوای هەموار کردنیان کردووە هیچ لە بابەتەکە نا گۆڕێت لەوانەیە ئەم ساڵ هیچ ئیشکال نەبێت، بەڵام لە ساڵی داهاتوو بە هەمان شێوە ئەم گرفتە ڕوو بە ڕوویان دەبێتەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو ڤیان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عباس:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نیسبەت خالا ئێکێ ئەز دێ دوو پرسیارا ئاراستەی لیژنا یاسایی کەم هیڤیدارم بۆ من روون کردنەوەیەکێ بدەن، نیسبەت سەنتەرێن حکومی و نە حکومی نزانم یەعنی یا وازح نینە ئەگەر سەنتەرێن نەحکومی بن چەوا دکەڤیتە بن دەسەلاتا وەزارەتا خواندنا بالا، رێز کرنا ڤان زانکۆیا یەعنی ژمارەیەکا زانکۆیا هاتینە رێز کرن دگەل ژمارەکا سەنتەرا ئەگەر دەڤەرەك پێتڤی هندێ بۆ زانکۆیەك لێ بێتە دامەزراندن یان کارێ هاتیە کرن زانکۆیەك ل وێ دەڤەرێ بێتە دامەزراندن یەعنی دڤێت بزڤرینە یاسایێ و یاسا بێتە تەعدیل کرن تاکو ئەو زانکۆیە بێتە دامەزراندن، یەعنی ئەز نزانم ئەڤە بڕەئیا من ئەگەر هۆسا بیتن دێ دەم گەلەك چیتن ژبەر کو هەتا خواندنا ئێکێ بۆ پڕۆژەی بێتە کرن و دیڤدا یەعنی بۆ نموونە ئەم دێ بێژین نووکە دبیت کار بێتە کرن کو زانکۆیەك لدەڤەرا ئاکرێ بێتە دامەزراندن ئەگەر ئەڤ قانونە هاتبیتە پەسەندکرن یەعنی دامەزراندنا وێ زانکۆیێ دێ چەند ڤەکێشیتن هەتا بابەت بکەڤیتە قالبەکێ یاسایدا، نیسبەت خالا دووێ ئەز بخوە ژی دگەل هندێ مە یان بێتە لادان یان ژی جڤاتا وەزیران دەسەلاتا پێدانا تایبەتمەندیێ هەبیتن و پشتەڤانیێ ل مامۆستا (أنس) و دکتۆرە (شرین) و دکتۆر (فرست) دکەم و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز مامۆستا حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کاك (بێستون فایەق) کردی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمیر ((د.شوان قەلا دزەیی)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەلاَ پێم باشبوو وەکو ئیعتیبارێك بۆ لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا بەڕێزتان بانگهێشتی وەزیری خوێندنی باڵا تان بکردبایە، چونکە زۆربەی ئەو پرسانەی کە ئێستا نە هاتووە خەڵەلیان هەیە، لە سەرەتاشەوە ئەو دۆخەی کە ئاڵۆز بوو لەسەر کردنەوەی بەشی پزیشکیبوو لە زانکۆی کوردستان، بەلاَم لێرە هیچ ئاماژەیەکی پێنەکراوە کە ئەوە بە هیچ شێوەیەك نابێت دووبارە ببێتەوە، زانکۆکان لە ڕووی یاساییەوە هەموویان یەکسانن کە سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵان، پێدانی تایبەتمەندی بە زانکۆیەك هەمان کێشەی ڕابردوو دووبارە دەکاتەوە و پێشێل کردنیشە بەرامبەر بە زانکۆکانی تر، دەکرێت ئەو تایبەتمەندییە ئەوە بێت کە نەهجی ئەو زانکۆیە بەس بە ئینگلیزی بێت یان بە فەرەنسی بێت یان بە شتێکی تر بێت، بەلاَم ئەفزەڵ کردنی پێدانی تایبەتمەندی تایبەت بەرزکردنەوەی لایەنێکەو نزم کردنەوەی لایەنێکی ترە، زانکۆ ئەهلییەکانیش پێویستبوو بە شێوازێك لە شێوزەکان لە بڕگەی دووەم ماددەی (١) ئەمە...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یاسایەکی تایبەتی هەیە بەڕێز دکتۆر شوان قەلادزەیی جەنابت دەبێت ئاگاداربیت زانکۆیە ئەهلییەکان یاسایەکی تایبەتی هەیە، سوپاس، سەبارەت بە ئامادە بوونی وەزیری خوێندنی باڵاش نووسراومان ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بۆ ئەوەی ئامادەی کۆبوونەوەکە بن، بەلاَم بەداخەوە ئامادە نەبوون، بەڕێز کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکانی دکتۆر (شوان) دەکەم هەرچەندە جەنابت جەواب دایەوە کە دەبوایە وەزیری خوێندنی باڵا لێرە بوایە ئەمڕۆ، هەروەها دەکرا سەرۆکی زانکۆی کوردستان لێرە بوایە ئەویش بۆ ئێمە روون کردنەوەی بدابایەوە بۆ ئەوەی بزانین ئەم زانکۆیە چییە وا ئەم کێشە گەورەیەی بۆ ئێمە دروست کردووە، سەبارەت بە بڕگەی یەکەم وشەی نا حکومی هاتووە و نا حکومی زیادەیە، چونکە بە پێ یاساکە خۆشی یەك دەستەو ناوەندی تیدا نییە کە نا حکومی بێت ئەو ناحکومییە پێویستە لاببرێت لەبەر ئەوەی وەکو جەنابت باست کرد زانکۆ ئەهلییەکان ناحکومی یەعنی ئەهلی لێرە ئەو نا حکومییە هەر لە ئەسڵی یاساکە بە هەڵە هاتووە بەڕای من پێویستە نا حکومی هەڵبگیرێت، سەبارەت بە بڕگەی دووەمیش ئەم کێشەیە لە سەرەتاوە کۆمەڵێك خوێندکار هاتنە لای ئێمە بۆ ئۆفیسی سلێمانی، لە ئۆفیسی سلێمانی نووسینگەی سلێمانی پەرلەمان ئەوان هەدەفیان ئەوەبوو کە نابێت کولیژی پزیشکی بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی کولێژی پزیشکی پەیوەندی راستەوخۆی بە مرۆڤەوە هەیە، من بۆ خۆم لە وەلاَمدا پێموتن کە هەموو کولێژەکان پەیوەندی راستەوخۆیان بە مرۆڤەوە هەیە بۆ نموونە کاتێك تۆ یاساییەکی نا تەندروست تەخەروجی پێدەکەی لە کولییەك ئەوکاتە کۆمەلگا تێك دەدەی، کاتێك حاکمێك خراپ بێت خوا نەخواستە کۆمەلگا تێك دەچێتن مامۆستایەك بە هەمان شێوە کاتێك پزیشکێك هەڵە دەکات لەوانەیە مرۆڤێك

بكوژرێت، بەڵام كاتێك ئەندازیارێك هەڵە دەكات لەوانەیە هەزار كەس بكوژرێت، سەدێك برووخێت كارەساتێك دروست دەكات لەبەرە ئەوە یان نابێت كولیژی ئەهلی هەبێت لەو وڵاتە یان كولیژی ئەهلی هەبوو دەبێت بە پێی ستانداردە عالەمییەكان بەو ستانداردانەی وەزارەتی خوێندنی باڵا دایدەنێت دەتوانێت كولیژی پزیشكی بكرێتەوە، ئەمە زۆر گرینگە ناكرێت كولیژێك بە تەنیا جیا بكرێتەوە لە هەموو كولیژەكانی دیكە، بۆچی كولیژی ئەندازیاری ئەهلی هەبێت بەڵام كولیژی پزیشكی ئەهلی نەبێت، كولیژی ئەندازیاریش پەیوەندی بە خەڵكەوە هەیە كولیژەكانی دیكەش بە هەمان شێوە پەیوەندیان بە ژیانی خەڵكەوە هەیە ئەمە زۆر گرینگە ئێمە لێكدانەوەی بۆ بكەین، سەبارەت بەوەی كولیژی پزیشكی بۆ نموونە لە زانكۆی حكومییەكاندا نمرەی بەرز وەردەگرێت كولیژی پزیشكی پێویستی بە سێ ماددە هەیە پێویستی بە (ئینگلیزی) هەیە پێویستی بە (كیمیاء و فیزیاء و ئەحیاء) هەیە ئەگەر لەمانە نمرەی باشی هێنا و ئەگەر لە كوردی و عەرەبی و لە ئاین و لەمانە نەهێنا كولیژی ئەهلی دەتوانێت وەربگرێت لەبەر ئەوە بەڕای من تایبەتمەندی نەدرێت بە هیچ زانكۆیەك ئەگەر درا بۆ هەموویان بێت، بەڵام دەكرێت كولیژی پزیشكی كەسی بە سەركەوتوو وەربگرێت بەمەرجێك ئەو ماددانەی كە پەیوەندیان هەیە بە كولیژی پزیشكییەوە سەركەوتوو بوو تێدا نمرەی باشی هێنا و وەزارەتی خوێندنی باڵا...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەست خۆش كاك عمر كاتەكەت تەواو بۆ.

**بەڕێز عمر عینایەت:**

كەواتە وتم بەش ناكات تەواوم نەكرد.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەس بۆ تۆ بەشی نەكرد، سەیرە؟

**بەڕێز عمر عینایەت:**

**ئاخر من شتم پێبوو.**

تەبعەن بەشێكی ئەوەی كە جەنابت باست كرد حەزم نەكرد قەتعی بكەم، بەڵام ئەوەی كە باست كرد لەسەر كولیژی پزیشكی ئەهلی یان كولیژی ئەندازیاری ئەهلی ئەوە پەیوەندی بە یاسای زانكۆ ئەهلییەكانەوە هەیە پەیوەندی بەم یاسایەوە نییە، بەڵام سێ دەقەكەی خۆت قسەت كرد و ئەگەر پەیوەندیشی بە بابەتەكەوە نەبێت فەرموو كاك مەردان.

**بەڕێز مەردان خدر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیاره پـرۆژێ هـەموارکرنا ڤـێ یاسـایێ لسـەر داخـوازی و ژ ئـەنجامێ خۆپێشـاندانێت قوتابیێـت کولیـژێت پزیشکی بوون ل هەرێما کوردستانێ، تەبعەن داخـوازی و خۆپێشـاندانێت کولیـژێت پزیشـکی لسـەر ڤـەکرنا کولیژا پزیشکی بۆ ل زانکۆیا کوردستان، ل برِگا ئێکێ وەختێ ئەم دهێن زانکۆیا کوردستان زومنی زانکۆێـت حکومی و ل چوارچـۆڤێ وەزارەتـا خوانـدنا بلنـد دهـەژمێرین یـەعنی ئـەو هـەدەڤا قوتابیـا وەکـو دکتـۆر (فرست) ئیشارەت پێدای تـەحقیق بیـت، واتـە دێ بیتـە زانکۆیـەکا حکومی بـێ تایبەتمەنـدی، یـەك ئەگـەر کولیژا پزیشکی هەبیت وەرگرتنـا قوتابیـان ل کولیـژا پزیشـکی لـدیف سیسـتەمێ وەزارەتـا خوێنـدنا بلنـد و سیستەمێ زانکۆ لاین بیت، واتە قوتابی بچی نمرە ل هەر زانکۆیەکا دی یا پزیشکی دێتە وەرگرتن ل زانکۆیا کوردستانیش بهەمان نمرە دێ هێتە وەرگرتن خۆ ئەگـەر بیتـە زانکۆیـەکا تایبـەت زانکۆیـەکا ئـەهلی لـدیف یاسـایێ وی دەمـی مـافێ ڤـەکرنا کولیـژا پزیشـکی نابیـت، خـالا دووێ کـو پـرۆژە یاسـا پێخەمـەتی هاتییـە پێشکەش کرن ئەوە تێبینی لسەر هندێ هەبوو کو فەرمانـەکا ئەنجومـەنێ وەزیـران یـا ئینایـە دنـاف یاسـایا وەزارەتا خوێندنا بالادا لێرە وەکو من گۆتی وەختێ زانکۆیا کوردستان دێتە ژمـاردن ئـەف فەرمانـە یـان کـو ئـەف تایبەتمەندییـەش نامینیـت، ژبـەر هنـدێ لێـرەدا ئـەز پێشـنیاردەکەم وەکـو رێـز گرتنـەکیش ل رەئیـا حکومەتێ ل داخوازیـا حکومـەتێ پێشـنیارەکا دکتـۆر (فرسـت) وەختـێ دبێـژیت ئەنجومـەنێ وەزیـران ئـەو دەسەلات هەبیت کو تایبـەتمەندیێ بدەتە هەر زانکۆیەکێ وەختێ دبێـژیت هـەر زانکۆیـەکێ هـیچ مەبەسـت زانکۆیا کوردستان نییە...

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، کاتت تەواو بوو.

**بەرێز مەردان خدر:**

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، من ئەندامی لیژنەی پەروەردەم هەندێك لە ئەندامانی لیژنـەی پـەروەردە زیـاتر لە (١٥) دەقە قسەیان کرد، بەس (١٠) سانی بدە بە من با تەواوی بکەم، پێشـنیارا مـن ئـەوە کـو ئەنجومـەنی وەزیران دەسـەلات هـەبیت تایبەتمەنـدیێ بدەتـە هـەر زانکۆیـەکێ و دبیـت ئـەف دەسـەلاتە براوێـژ و هـەما هەنگی دگەل وەزارەتا خوێندنا بالا بیت و، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز دکتۆر عزت فەرموو.

**بەرێز د.عزت صابر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەرنجتان بۆ دوو تێبینی و مولاحەزەی پۆلێك لـە پۆلەکانی زانکۆی کوردستان ڕادەکێشم، خۆیان دەڵێن بەشێکی زۆر لە دەرچووانی زانکۆکە لە پۆستی بـەرزن و خاوەن بڕیارن لەو کۆمپانیا گەورانەی کە لە کوردستان کاردەکەن وەك (ئیکسۆن مۆبێـل) و (شـیفرۆن) و (کۆڕەك تیلیکۆم) و (U.N) و چەند شوێنێکی تر، خاڵێکی تـر دەرچـووانی زانکۆکـە بوونەتـە هۆکارێـك بـۆ

کەم کردنەوەی قورسایی لەسەر شانی حکومەت، چونکە زۆربەیان لە کەرتی تایبەت کاردەکەن، لە هەرێمی کوردستان دوو سیستەمی خوێندن هەیە کە یەکێکیان ئەهلی و ئەوەی تر حکومییە، سیستەمی سێیەم نییە لە نێوانیان کە حکومی و سەربەخۆ بێت، بۆیە لە لایەکی تریشەوە بە راستی ئەمە ئیشی حکومەت نییە خوێندکار تەخەروج پێ بکات بە پارە و بودجەی حکومەت و تەشجیعی بکات بچێتە کەرتی تایبەت، ئەوە ئیشی زانکۆی ئەهلییە ئەمە بکات، هەموو لەگەڵ ئەوەداین ئاستی خوێندن بۆ هەموو زانکۆکانی کوردستان بەرز ببێت، بۆیە پێشنیار دەکەم تایبەتمەندی تەنیا بۆ یەك زانکۆ نەبێت، ئەگەر دەمانەوێت کەسانی زۆر پرۆفیشیۆناڵ بۆ کەرتی تایبەت و حکومەت پێ بگات لە داهاتوودا و حوکمڕانی لەم وڵاتە گەشە پێبدرێت با کەرتی تایبەت بکات با ناوی زانکۆی ئەهلی بێت، ئەگەر نا، با لە ژێر چەتری وەزارەتی خوێندنی باڵا بێت، ئەوەی کە ناوی حکومەت بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ڤەمان فەرموو،

**بەڕێز ڤەمان فیصل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەزیش هەر دێ ژ هنێ دەست پێکەم کو ئەڤرۆکە ئەز دبینم نەقسەك یا هەی ژ ئەگەرێ هندێ کو نوێنەرێ وەزراەتا خوێندنێ باڵا یان کو وەزیرێ خوێندنا باڵا حازر نەبییە، بەلکو ئەڤێ یاسایێ پەیوەندییەکا راستەوخۆ یا ب وانا هەی و ل تایبەتمەندیێت وانە و ئەو دا شێن کەلێن یان کێم و کاسیێن ئەڤێ تەشیئا هە بۆ مە دیار کەن یان ئەم داشێین هندەك پرسیارا ئاراستەی وانا بکەین، هەروەسا پشتەڤانیێ ل ئاخفتنێت «د. فرست» دکەم، چونکی ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتا ئیستیحداسا زانکۆیا ل هەرێما کوردستانێ هەی، هەر دیسان ئەنجومەنێ وەزیرانیش دێشێت ئەوێ تایبەتمەندیێ بدەتە هەر زانکۆیەکا کوردستانێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د. شێرکۆ فەرموو،

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئیشکالییەتی بڕگەی یەکەم لە خاڵی ژمارە «١٧»، سەبارەت بە ئیشکالییەتی دەزگا یان ناوەند بێت، پێشنیار دەکەم بڵێین هەر دەزگا و ناوەندێکی دیکەی حکومی بۆ ئەوەی کە ئەگەر موئەسەسە بوو، بڵێن دەزگا و ئەگەر ناوەندیش بوو بڵێین ناوەند، سەبارەت بە ئیشکالییەتی ئەوەی کە وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەو تایبەتمەندیە بداتە ئەنجومەنی وەزیران یان ئەنجومەنی وەزیران لە سنووری سیستەمی وەزارەتی خوێندنی باڵا بیدات، دیارە هەر زانکۆیەك کە نەوعی بێت، لە موعاناتی کلاسیك و تەقلیدی سیستەمی خوێندنی باڵایە لە هەرێمی کوردستاندا و دەستکەوتی ئەم زانکۆ نەوعییەش دەرکەوتووە، بۆیە بە بڕوای

من تایبەتمەندێتی زەروورە لەم قۆناغەدا بە تایبەتی بۆ ئەو زانکۆیانەی کە نەوعین و تەحەولیان پێ دەکرێت بۆ ناو سیستەمی خوێندنی باڵا، بۆیە پێم وایە ئەوەی لیژنەی یاسایی کردوویەتی شتێکی باشە، تایبەتمەندییەکە هەبێت، بەڵام وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەوەی هەبێت کە بیداتە زانکۆی مەعنی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەپاس، د. شێرکۆ فەرموو،

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا پێویست بوو لایەنی پەیوەندیدار لێرە ئامادە بێت، بە بڕوای من هەردوو لا لێرە بوونایە، نوێنەری ئەنجومەنی وەزیرانیش بە بڕیاری ﴿٣٩١٥﴾ زانکۆی کوردستانی پێوە بەستراوەتەوە و وەزارەتی خوێندنی باڵاش کە بەشێك لە راکان بەرگرییە لەوەی کە ئەو زانکۆیە بچێتە چوارچێوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، پێویست بوو لێرە بوونایە و پێویست بوو بە پێی ماددەی ﴿٥٣﴾ لە پێڕەوی ناوخۆ نوێنەری خوێندکارەکانیش لێرە بوونایە، بەدەر لەمەش هەست بەوە دەکرێت هەژموونی لیژنەی یاسایی زۆر بە رۆنی دیارە، لەبەر ئەوەی لە هیچ شوێنێك ئاماژە بە راپۆرتی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا ناکرێت و هەموو وتوێژەکان لە چوارچێوەی راپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی قەتیس کراوە، پێشنیار دەکەم وشەی دەزگا و ناوەند هەر وەکو کاك ﴿عمر و کاك شێرکۆ جودت﴾ وتیان، پێشنیاری ئەوە دەکەم منیش، لە راستیدا دیسان ئەو دوو وتەیەی کە هاوڕێم ﴿د. عزت﴾ وتی ئەوەی کە خوێندکارانی زانکۆی پزیشکی و زانکۆی کوردستان، هەڵبەت ئەوانەی کە بەرگری لەمە دەکەن کە زانکۆکە بەو تایبەتمەندییەی خۆی بمێنێتەوە ئەو دوو تشتەیان خستووتە روو، کە لە راستیدا من لە کۆبوونەوەی لیژنەی پەروەردە و خوێندنێ باڵا کە بەڕێزان سەرۆکی زانکۆی کوردستان و ستافی تەدریسی هاتبوون، من ئەوەم وت و دووبارەی دەکەمەوە، ئەگەر ئەو شێوازە لە مامەڵە کردن شێوازێکی تەندروست و باشە و لە ئاستی زانستی بەرزدەکاتەوە، کە دەرکەوت وایە، کەواتە رێگر چییە لەوەی کە بۆ هەموو کوردستان نەبێت؟ رێگر چییە بۆ زانکۆی گەرمیان و راپەرین و سلێمانی و زاخۆ و دهۆك و هەموو زانکۆکانی کوردستان نەبێت، من ئەو قسەیەم وت و لێرەشدا دەیلێمەوە، وتم ئەگەر نانێك هەیە با هەمووومان پێکەوە بیخۆین و ئەگەر نییە با هەمووومان پێکەوە برسی بین، لەبەر ئەوە تایبەتمەندی بەهیچ زانکۆیەك نەدرێت و زانکۆ، زانکۆیە و ئەمە جیاوازی دروست دەکات، چ جیاوازی زانستی و چ جیاوازی چینایەتی و چ جیاوازی ئایندەیی، ئایندەیی نەوەکان، لە ئایندەدا رەنگە بە نەتیجە بە قازانجی گرووپێك بکەوێتەوە و بەزیانی کۆی کۆمەڵگا تەواو بێت، لەگەڵ ئەوەدام کە بە راستی زانکۆکانی کوردستان هەموو ئیستانداردێکی جیهانیان تێدا پەیڕەو بکرێت لە مامۆستا، و، و لە هۆڵی خوێندنەوە، و لە بودجەوە، زۆرترین لامەرکەزی ئیداری بدرێت بە زانکۆکان، بۆ ئەوەی بتوانن، من ئێستا دەزانم زانکۆکانی کوردستان موعاناتی ئەوەیان هەیە ناتوانن پاککەرەوە یان ستافێك دابین بکەن، بۆ ئەوەی بەشە ناوخۆییەکانیان بۆ پاك بکاتەوە، لە راستیدا لایەنگری

ئـەوەم کـە زۆرتـرین دەسـەڵات بـدرێت بـە زانکۆکـان و لەگـەڵ ئـەوەدا نـیم تایبەتمەنـدی بـدرێت بـە هـیچ زانکۆیەکی دیاریکراو، هەمووی لە چوارچێوەی یەك جۆرە سیستەمدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك فرحان فەرموو،

**بەڕێز فرحان جوهر قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان سەبارەت بە بڕگەی دووەم، مەسەلەی تایبەتمەنـدی دان بـە تـەنیا یـەك زانکـۆ، مـن لەگـەڵ ئـەوەدا نیمە یەك زانکۆ لە کوردستان تایبەتمەندی پێبدرێت، بەڵام زانکۆیەك ئاستی بەرز بێت، مانـای ئـەوە نییـە کە ئەم زانکۆیە ئاستی بەرزە وای لێ بکەین وەکو زانکۆکانی تر کە ئاستیان نزمە، غـەدر لـەو قوتابییانـەش دەکەین و بە شاهیدی هەموومان ئەو زانکۆیە کوالێتیەکـەی بـەرزە، واتـە لـەم مەبەسـتەدا دەمانـەوێت ئـەو زانکۆیەش بگەیینە ئاستی هەمان زانکۆ نزمەکانی تر، باشە ئێمە هـەوڵ بـدەین زانکۆکـانی تـریش ئاسـتیان بەرز بێتەوە وەکو زانکۆیە و لەگەڵ ئەمەشدا ئەگـەر هـەر تایبەتمەنـدی بمێنێت و تایبەتمەنـدی لـە لایـەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بدرێت، بە تایبەتی ﴿کاك فرست و کاك سالار﴾ هـەردووکیان بۆچـوونەکانیان لێـك نێزیکە و دەنـگ لەسـەر ئەمـە بـدەین، ئەنجومـەنی وەزیـران تایبەتمەنـدی بـدات بـە راوێـژو و هەماهـەنگی لەگەڵ وەزارەت، بەڵام ئەوەی ﴿کاك سالار﴾ لە چوارچێوەی وەزارەتی خوێنـدنی باڵا، مـادام وایـە لـەم کاتـە ئەنجومەنی وەزیران دەستی کراوە نابێت کە تایبەتمەندی بدات، لەگـەڵ ئەوەداینـە کـە فروقـاتی چینایەتی لـە کوردسـتان نـەمێنێت، دادپـەروەری هـەبێت و هـەموو ڕۆڵـەکانی خـەڵکی کوردسـتان حەقیانـە لـە هـەر زانکۆیەك بخوێنن، بۆیە ئەگـەر تایبەتمەنـدی بـدرێت لـە چوارچێوەی ئەنجومـەنی وەزیـران بێـت و ئەگـەر نەمێنێت بـۆ هـەموو لایـەك وەکـو یـەك بێـت، بـەڵام دەبێـت ئـەوە بـزانین کـە ئێمـە هـەوڵ دەدەیـن ئاسـتی زانکۆیەك کە بە شاهیدی هەموو لایەك بەرزە بیهێنینە خوارەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو بێگەر فەرموو،

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە راستیدا دەمەوێت روونکردنەوەیك بدەم پێشتر، من دوێنی پەیوەندیم کرد بە وەزیری خویندنی باڵا کە بۆچی حزوری نییـە لـەم بابەتـەدا کـە پەیوەندیـدار بـە خۆیـەتی؟ ئـەو وتـی مـن لـە لایـەن ئەنجومـەنی وەزیرانەوە ئاگادار نەکراوم کە لەم دانیشتنە ئامـادە بـم و هـەتا سـەرووی خـۆم ئاگـادارم نـەکات مـن نـاتوانم ئامادە بم لە ناو هۆڵی پەرلەمان، من دڵنیام هەمووومان لێرە کـە لـە نـاو پەرلـەمانی کودسـتان دایـن، ئـەرکی سەرەکیمان دانانی یاسایە، بۆ ئەوەی کە جیاوازییـەکان و نایەکسـانییەکان نـەهێڵین یـا خـۆد هـەنگاو بـەرەو کەمبوونەوەی ئەو جیاوازی و نایەکسانییانە بنێین کە لە لایەن خەڵکی کوردستان بە تایبەتی ئەوەی ئێستا

قسە لەسەر دەكەین كە توێژێكی دیاریكراوە كە خوێندكارە كە هەمیشە دەنگێكی زیندووە لە ناو كۆكمەڵگاكەمان كەم بكەینەوە، بۆیە لە روانگەی برەودان بە ئاستی زانستی زانكۆكانیش كە جیلی نوێی بە توانای جۆراوجۆر پێشكەشی كۆمەڵگا دەكەن، دەبێت لەم یاسایەدا داكۆكی لە تایبەتمەندی ئاستێكی یەكسان لە نێوان هەموو زانكۆكان بكەین بە بێ جیاوازی، بۆ هەموو ئەو زانكۆیانەی كە لە ژێر چەتری خوێندنی باڵا دان، بۆیە بە راستی زانكۆ خۆی دەتوانێت خسوسیاتێك لە بەرزی ئاستی زانستی بداتە خۆی و ئەم پێشكەوتنە لە شێوازی پێشكەش كردنی جیلێك بە ئاستی زانستی بەرز بداتە كۆمەڵگاكەشی و حكومەت دەتوانێت بە بێ جیاوازی دەعمێكی گەورە بێت لە سەرخستنی ئەو ئاستەی هەر زانكۆیەكی هەرێمی كوردستاندا، لە راستیدا من لەگەڵ ئەوەدا نیم ئەفزەڵییەتی هیچ زانكۆیەك بدرێت بەسەر زانكۆیەكی تردا لە هەرێمی كوردستان و پێمان وابێت زانكۆیەك هەیە لە هەرێمی كوردستان دەبێت هەموو ئەو تواناییانەی كە پێویستییەتی بۆ پێشكەش كردنی جیلێك، پێی بدرێت، بەڵام لە هەمان كاتدا زانكۆیەكی تر لە هەرێمی كوردستاندا ئەو پێداویستایانەی خواستی مامۆستا و خوێندكار و فەرمانبەری ئەو زانكۆیە وەكو پێویست پێنەدرێت، ئێمە چەندین زانكۆی تازەمان هەیە كە دڵنیام كە ئەم زانكۆیانە پێداویستی زۆریان بەوە هەیە كە ئێستا حكومەتی هەرێمی كوردستان، بۆ ئەوەی بگەنە ئاستی زانكۆكانی تر پێشكەشیان بكات، بەڵام لە هەمان كاتدا ئەو قەیەرانی دارایی و كۆمەڵە گیرۆگرفتی تر هەن كە نەتوانراوە هیچیان بۆ بكرێت، لە راستیدا من لەگەڵ مانەوەی تایبەتمەندیدا نیم لە ناو خودی یاساكەدا بۆ هیچ زانكۆیەك، بەڵام ئەگەر بمانەوێت لێرە بۆ ئەوەی كە هەمووومان بگەینە رایەك كە هەمووومان كۆبكات و عەدالەت لە نێوان زانكۆ و خوێندكاران بپارێزێت و مامۆستایانیش كە جیاوازی نەهێڵێت، من لەگەڵ ئەو رایەدام كە «كاك سالار و برای بەڕێزم د. فرست» تا رادەیك راكانیان لەیەكتر نێزیك بوو پێشكەشیان كرد، بەڵام بە مەرجێك ئێمە بڵێین ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە رێنمایی تایبەتمەند بداتە هەر یەك لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان بە هەماهەنگی لە گەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا لە چوارچێوەی یاسای وەزارەتی خوێندی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس كاتەكەشت تەواو بوو، هیڤاخان فەرمووو،

**بەڕێز هیڤا حاجی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەكانی «دكتۆرە شرین و د. فرست و كاك مەردان» دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، خاتوو زولفا فەرمووو،

**بەڕێز زولفا  محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دژی هیچ زانكۆیەك نین و هیوای زۆرمان بە زانكۆی كوردستان هەیە و ستایشی تواناكانی دەكەین، ئەوەی ئێمە و خوێنكارانی نیگەران كردبوو لە كردنەوەی كۆلێژی پزیشكی، میكانیزمی خوێندنەكەی بوو كە نەدەگۆنجا لەگەڵ ستانداردی جیهانی و هەروەها یاساكانی خوێندنی پزیشكی لە یاساكانی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی كوردستاندا، پێدانی تایبەتمەندنی لەسەر ئەساسێك دەبێت كە ئەو زانكۆیە بەرزترین ریكۆردی هەبێت لە ریزبەندی زانكۆكانی تری ئەو وڵاتەدا، بۆیە هەر كاتێك لە هەرێمی كوردستان زانكۆیەك توانی توێژینەوەیەكی زۆر گرنگ یان داهێنانێكی تازەی كرد جیاواز لە زانكۆكانی تر، ئەوا ناراستەوخۆ دەعمی زیاتر و گرنگی زیاتری پێدەدرێت و دەتوانێت تایبەتمەندییەك بۆ خۆی بە دەست بهێنێت، لەبەر ئەوە تاكو خوێندن لە هەرێمی كوردستاندا شێوازی یان ئیدارەی خوێندنەكە بە شێوەی وەزارەت بوو نەك سیستەم، پێویستە هەموو دەزگایەكی خوێندن، چ ئەهلی بێت، چ میری بێت، لەژێر چەتری وەزارەتی خوێندنی باڵا دابێت و ملكەچی یاساكانی وەزارەتی خوێندنی باڵای هەرێمی كوردستان بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خاتوو سهام فەرموو.

**بەڕێز سهام عمر قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز پشتەڤانیا وێ چەندێ دكەم كو بەرژەوەندیا قوتابی و ئاستێ زانستی بهێتە پاراستن، دیارە زانكۆیا كوردستان ئەو ئەرمانجێن بۆ هاتینە دانان بۆ ساڵێن بووری بەجێ هینانە، ئەو ژی چونكە بودجەیەكا تایبەت بۆ هاتیە دانان، كەواتە لە ڤێرێ ئەنجومەنێ وەزیران پێتڤیە یان بێژین حكومەت پێتڤیە فكر لە چارەیەكا دی بكات بۆ پێشخستنا ئاستێ زانستی، ئەم لە دژوارەكیدا دەژین پێتڤی بە هەندێ دكەتن سەرجەم خوێندنا باڵا و توێژینەوەیا زانستی پێتڤی پێشخستنێیە، كەواتە نە بەتنێ زانكۆیەك یان تایبەتمەندی ڤی رەنگی بهێتەدان، دیسا ئەز دبێژم دگەل هەمواریمە لە دیڤ دەقێ لیژنەیا یاسایی تەنێ دوو گۆڕین تێدا چێ ببن، یەكەم: پشتەڤانیا پێشنیارا بەڕێز (بەهزاد دەروێش) دكەم بۆ زێدەكرنا پێڤا نا حكومی سەر خاڵا (١٧) ماددەی (١) بڕگەی (١)، دیسا پشتەڤانیا كاك (رابوون) دكەم پەیڤا دەزگا ببیتە ناوەند یان هەردوو پێكڤە دەزگا و ناوەندەكانی خوێندنی باڵا، ئەگەر لیژنەیا یاسایی رێكبخەن وەكو سیاغە، دیسان لە دووماهیكێ ئەز سەرەنجا ئەندامێن پەرلەمانێ بەڕێز بۆ خاڵەكێ رابكێشم سەبارەت برگا دووێ وەزارەتی خوێندنی باڵا دەسەڵاتی پێدانی تایبەتمەندی هەی بە زانكۆكان، لە ڤێرێ گەلەكا گرنگە ئەم تەركیزی سەر وەزارەتا خوێندنا باڵا بكەین بۆچی؟ ئەڤ ئیشكالە ئەڤرۆكە ئەم كەتین تێدا كو وەزیری خوێندنا باڵا نەهاتیە، چونكی نڤیسار هاتبوو ئاراستەكرن بۆ ئەنجومەنی وەزیران، كەواتە لە ڤێرێ ئەگەر هەر جارەكی ئەم پێتڤی بین وەزیری خوێندنا باڵا بهێت، پێتڤیە بچیتە ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی

وەزیران فەرمانێ بکاتن وەزیرا خوێندنا بالا بهێتن، ئەڤە (٣٣) رۆژە یان زیاتر ئێمە لە هێڤیا وی چەندی کو جەوابێك بۆ ئێمە بهێتن، ئەگەر وەزێرێ خوێندنا بالا یەکسەر بۆ ڤی بابەتی گرێدابا ئەم دەشیاین بۆ ماوەی حەفتەیەکیدا رێکخستنێك یان تەنسیقەکی دگەل وەزیرێ خوێندنا بالا بکەین، ژبەر هەندێ ژی ئەز داکۆکی لە وێ چەندێ دکەم ئەم دێکەڤینە ئیشکالەکا دیدا کو ئەم پێتڤی دێ هەندێ بیتن دگەل ئەنجومەنی وەزیران ئێمە تەنسیقەك هەبیت، جارەکا دی بێینەڤە دگەل وەزارەتێ هەرچەندە بابەت هەمی کاری گرێدایە بە وەزارەتا خوێندنا بالاڤە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو ڤیروز فەرموو.

**بەڕێز ڤیرۆز طه عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینی لەسەر ماددەیا یەکێ برگا دوویێ هەی، ئەڤ برگە کو نەمینیت، یان بێتە لادان، یان ژی کە ئەنجومەنێ وەزیران هەماهەنگی دگەل وەزارەتا خوێندنا بالا دەسەلاتا پێدانە تایبەتمەندی هەبیتن و تاوەکو کۆتایی، هەروەها پشتگیریا ئاخافتنێت (کاك انس و د.شرین و کاك فرست و ڤیان خان و بێگەرد خان و کاك مەردان)ی دکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو مریم فەرموو.

**بەڕێز مریم صمد عبدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ماددەی یەك قسەم نییە، لەسەر برگەی دووەم پشتگیریەکی تەواو لە قسەکانی (خاتوو گەشە) دەکەم بەوەی ئەو تایبەتمەندییە دەبێتە هۆی ئەوەی بەراستی میزاج دەور ببینێت، لە دانانی تایبەتمەندی بە زانکۆیەکی تر، چونکە یاسا ئەگەر لە پەرلەمان دەردەچێت یان لە ئەنجومەنی وەزیران یان وەزارەت دەبێ بە گشتیی بۆ هەمووی وەك یەك بێت، بەڵام ئەگەر بەڕێزت تایبەتمەندی بە زانکۆیەك بدەی ئەوە سیفەتە گشتییەکە لە دەست دەدەین، دیارە زانکۆکان هەموویان لە یاسادا یەکسانن، نابێ بەڕێزت خصوصیەت بە زانکۆیەك بدەیت کە ئێمە بە یاسا پێشێلی یاسا دەکەین، بۆیە من دووبارە تەئکید لەوە دەکەمەوە کە پشتگیری لە قسەکانی (گەشە خان) دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو د.شرین فەرموو.

**بەڕێز د.شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەربارەت بە بڕگەی دووەم منیش لەگەڵ ئەو هەڤاڵانەم کە ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەبێت دەسەڵاتی پێدانی تایبەتمەندی بەهەر زانکۆیەك بدات بە راوێژ لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا، پرسیارێکی تریش لام دروست بووە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەو پرسیارەی ئێمەی کردوومانە نازانم ئەندامانی لیژنە دەنووسن لای خۆیان یان نا؟ دەنێرن بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا؟....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تێبینییەکانی ئێوە دەنووسن، بەڵام مولزەم نین پرسیاری ئێوە بنێرن بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا، هەر پرسیارێکتان هەیە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا دەبێ بە نووسین ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بکەن بۆ ئەوەی ئێمە ئاراستەیان بکەین.

**بەڕێز د.شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز خاتوو پەروا فەرمووو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە بڕگەی یەکەم هیچ تێبینیم نییە، سەبارەت بە بڕگەی دووەم، بەڕێزان، ئەوەی کە ئێمە مەبەستمانە ئەوەی کە ئایا یەکێك لە زانکۆکان سیفەی تایبەتمەندی پێ بدرێ و وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەو دەسەڵاتەی هەبێت، بە بڕوای ئێمە دەکرێ ئەگەر وەزارەتی خوێندنی باڵامان هەیە کە ئەم وەزارەتە تایبەتە بە زانکۆکان، ئایا لەو ئاستەدا نییە کە بتوانێت تەواوی زانکۆکان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە بۆ هەموو پێدانی رێنماییەك یان شتێك؟ ئەگەر بەو شێوەیە بێت باشترە کە بە بڕوای من پۆلێن کردن بۆ زانکۆکان هەبێت، یان وەزارەتی خوێندنی باڵا نەیتوانیوە وەك ئەو ئاستە چۆن لە زانکۆی کوردستاندا هەیە زانکۆکانی تریش بەهەمان شێوەبێت، کە هەڵبەتە ئاستی بەرزی زانکۆیەك جێگای خۆشحاڵییە لەگەڵ ئەوەی کە لە روویەکیاندا بە روویەکیاندا دیوێکی زۆر باشی هەیە، بەڵام، بە روویەکی تریشدا ئەو جیاوازییە دروست دەکات لە نێوان ئەو زانکۆیە لەگەڵ زانکۆکانی تردا، بەڵام ئایا بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە هەڵسەنگاندنێکی هەبێت، یان پۆلێن کردنێکی بۆ زانکۆکان هەبێت؟ لەسەر ئەو ئاستە بتوانێ جارێکی تر زانکۆکان بەرەو پێشەوە بەرێت، راستە، ئەگەر پۆلێن کردن هەبێت زانکۆیەك باشتر بێت بەپێی نمرەکە لەگەڵ زانکۆیەکی ترەوە، واتە هەڵسەنگاندنێکی تەندروست هەبێت بۆ زانکۆکان کە دیارە وەزارەتی خوێندنی باڵا نەیتوانیوە ئەوە بکات، حاڵەتێکی تر هەیە ئەویش ئەوەیە کە رەنگە کێشەی کردنەوەی، یەعنی ئەو کێشەیەی کە ئێستا رووبەرووی زانکۆکان بۆتەوە بەگشتیی و بە تایبەتی داواکردنی ئەو خوێندکارانەی کە داوای کردنەوەی کۆلیژی پزیشکی دەکەن، ئەگەر لە زانکۆ

ئەهلیەکانیشدا وەکو هەموو ئەو بەشانەی تر یان کۆلیژانـەی تـر دەکرێتـەوە، بـەلاّم خـۆ دەبێـت پێـوەرێکی تەندروستی وا دابنرێت کە هەر هیچ نەبێت نمرە یەکێك بێت لەو پێوەرانەی کە گرنگی پیّ بدرێت، چونکە ناکرێت ئەگـەر خوێنـدکارێك بـە نمرەیـەکی نزمـەوە بـە تایبـەت لـەو کۆلیژانـەی کـە زۆر هەسـتیارن وەکـو کۆلیژی پزیشکی حیسابی بۆ نەکرێت، حاڵەتێکی ترمان هەیە ئەویش ئـەوەبوو کـە زۆرێـك لـەو بەڕێزانـەی تر کە هاوکارەکانم باسـیان کـرد لەوانـە (بـەڕێز د.شـێرکۆ حەمـە امـین) ئـەویش کـە بـەپێی ماددەی (٥٣)ی پەیڕەوی ناوخۆ باشـتر بـوو ئەگـەر نوێنـەری خوێنـدکارەکان لێربوونایـە، بـەڕێزتان وەلاّمتـان نەدایـەوە کـە لایـەنی پەیوەندیـدار، خۆزگـە ئـەوان لێرەبوونایـە، یـەك خـاڵی تـر ئـەویش بـە بـڕوای مـن ئـەو کاتـەی کـە یاسایەك هەموار دەکرێتەوە، یاسا تەنها بـۆ ئـەم چـوار ساڵە و ئـەم خولـە نییـە، بەقـەدەر ئـەوەی کـە ئێمـە مەبەستمانە، ئامانجێکی درێژخایەنانە، هیوادارم هەر ئـەم مەسـەلەی زانکۆکـان و هـەموو بوارەکـانی تـریش سەیر دەکەین زۆر جار دەست تێوەردانێکی سیاسی هەیە لە پشت ئەم کارانـەوە، ئەمـە مـن مەبەسـتم هـیچ کامێـك لـە بوارەکـان نییـە، بـەلاّم ئەگـەر مەسـەلەی زانسـتی بـە سیاسـەت نـەکرێت ئـەوە زۆر باشـترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەنها سەبارەت بەم پرسە چەند جارێك دووبارە بوویەوە، بەڕێزان، من لەم وتوێژەدا لە دوێنێوە دەزانن بیّ لایەنم بەراستی، ئێوە خۆتان ئەندامانی پەرلەمان یەکلا دەکەنەوە، بەلاّم ناکرێت ئێمـە پشـتیوانی بـۆ ئـەوە بکەین خوێندکار بە ئارەزووی خۆی هۆڵەکانی خوێندن جێبهێڵیّ، ئێمە یەکەمجار کە ئەو داخوازیـەیان کـرد لە پەرلەمان کە سیفەی ئیستیعجالی پیّ بدرێت لەبەر خاتری ئـەوەی بچـنەوە بـۆ نـاو هۆڵـەکانی خوێنـدن، سیفەی ئیستیعجالمان پێدا، بەلاّم دوای ئەوە دوو حەفتەی تـر ئەوانـە نەچـوونەوە نـاو هۆڵـەکانی خوێنـدن، بەراسـتی ئێمـە زۆر نیگـەرانین لـەوە، مـن یـەك نموونـەتان بـۆ دەهێنمـەوە بـۆ جیـاوازی راسـتی ئـەوە هـیچ تەحیوزێك نییە، تکاتان لیّ دەکەم بە تەحیوزی وەرنـەگرن، بـەلاّم خوێنـدکارانی زانکـۆی کوردسـتان هاتنـە لای ئێمە من دڵنیام هاتوونـە بـۆ لای لیژنـەکانی پەرلـەمانیش، ئـەوان بـە ئێمـەیان گـوت ئێمـەش دەتـوانین هەموو رۆژێك بێینە بەردەرگای پەرلەمان، نەهێڵین هیچ ئەندامێکی پەرلەمان بڕواتە ژوورەوە، بەلاّم ئێمە ویژدانمان ئـەوە قـەبول ناکـات هۆڵـەکانی خوێنـدن بـەجی بـێڵین و بێینـە سـەر شـەقامەکان، ئـەو بەڕێزانـە دووجـار هاتوونەتـە هـۆڵی پەرلـەمان، لێـرە گـویّ لـە داخوازیـەکانیان گـیراوە، هاتوونەتـە سـەرۆکایەتی پەرلەمان، لە سەرۆکایەتی پەرلەمان پێشوازیمان لێکردوون، ئێمە دووجار لە شوێنەکانی کە مانیـان گرتـووە رۆیشتووینەتە لایان، بەلاّم ناکرێت پشتیوانی ئەوە بکەین کە هـەر رۆژێـك بـە ئـارەزووی خـۆی کۆلیژەکـەی خۆی بەجیّ بێڵێت، من قسەی دەمم روو لە جەنابت نییە (پەروا خان)، بە شـێوەیکی گشـتیی بـاس دەکـەم، بەراستی خەریکە کاری ئێمە دەبێتە هاندانی خوێندکاران بۆ مانگرتن، کۆلیژی پزیشکی مانیان گرت، دوایی کۆلیژەکانی پزیشکی ددان مانیان گرتووە، کۆلیـژەکانی یاسـا مـان دەگـرن، کـە پێویسـت بەمـە ناکـات، ئـەوان خوێندنی خۆیـان بـەردەوامی پێبـدەن، ئـەوە پەرلـەمان کـاری خـۆی دەکـات، یـەعنی پێویسـت نییـە هـەموو

ڕۆژێك بێنە بەردەم پەرلەمان، بێنە ناو هۆڵی پەرلەمانیش، دەبێ پشتیوانیان بکەین، کارە یاساییەکانیان بۆ ئەنجام دەدەین، بەلاًم ناکرێت ئێمەش هانیان بدەین بۆ ئەوەی کاری نا یاسایی بکەن، لەبەر ئەوە ئێمە داوامان کردن بگەڕێنەوە بۆ ناو هۆڵەکانی خوێندن، پەرلەمان کاری خۆی دەکات و وتوێژی لەسەر دەکات، تەنانەت سیفەی ئیستیعجالمان پێداوە، تەنانەت چاوەڕێی وەلاًمی حکومەتمان نەکرد لەوە زیاتر، خستوومانە ناو بەرنامەی کار، بۆیە ئێمە کارەکانی خۆمان دەکەین، بەراستی لێشتان ناشارمەوە هەندێك ڕووداو دوێنێ ڕوویداوە لە ناو هۆڵی پەرلەمان بەهۆی ئامادەبوونی ئەوان، کە دەرچوون بووە لە سنووری ئامادەبوونی ئەوان، ئەوان مێوانی پەرلەمانن، لە شوێنی خۆیاندا لێرە بمێننەوە، یان لە شوێنێك چاوەڕێ بکەن تاوەکو کۆبوونەوەی پەرلەمان دەست پێ دەکاتەوە، پەیوەندی بەوەوە هەبوو، خاتوو پەروا فەموو.

**بەڕێز پەروا حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە، بەس مەبەستم نوێنەرایەتییانە، ئەگەر نا من هاوڕای ڕایەکەی بەڕێزتم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك خلف فەرموو.

**بەڕێز خلف احمد معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم پشتگیری لە ڕایەکەی (کاك سالار) دەکەم کە ماددەی یەکەم بکرێت بە دوو بەش، یەکەم: دەزگاکانی خوێندنی بالاً بە زانکۆ و دەستە و کۆلیژ و پەیمانگا و سەنتەر و توێژینەوەی حکومی و نا حکومی پێکدێن، ئەوە کۆتایی پێ بێت، بڕگەی دووەم: ئەم دەزگایانەی خوارەوە دەلکێندرێن بە وەزارەتی خوێندی بالاًوە، سەبارەت بە بڕگەی دووەم لە ماددەی یەکەم، سەبارەت بە تایبەتمەندی لە ڕاستیدا ئێمە یاسا و بڕیار بۆ کۆمەڵگا دەردەکەین، بۆ ئەوەی ئالۆگۆڕێك لەو واقیعەی کە لە موجتەمەعدا هەیە بکرێ، هەروەها هەموار کردنیش هەر لەو چوارچێوەیەدایە، بۆیە ئەگەر لەگەڵ ئەوە نیم مەبدەئیەن تایبەتمەندی بە هیچ دەستە و دامەزراوەیەك بدرێ، جگەلەوەی کە بە ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدار کە وەزارەتی خوێندنی بالاًیە لەم بابەتە، ئەنجومەنی وەزیرانە، کەواتە لێرە پشتگیری لە ڕایەکەی (کاك سالار) دەکەم کە تایبەتمەندی بدرێ بەهەر زانکۆیەك لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە هەماهەنگی و لە چوارچێوەی یاسای وەزارەتی خوێندنی بالاًیە، بەلاًم ئەگەر ئەو واقیعەی کە ئێستا هەیە و ئیشکالمان بۆ دروست دەکات و کۆتایی بەو جەدەلە ناهێنێت، ئێمە وا بکەین لەبەر ئەوەی ماددەی یەکەم، بڕگەی یەکەم موشکیلەیەکمان لەسەر نییە، کۆتایی پێهاتووە، بڕگەی دووەم بە موتلەقی ئەم بابەتە هەڵبگیرێت، سەبارەت بە هاتنی خوێندکارەکان ئێمە دەزانین ئەو خوێندکارانە زۆر غیاب بوون ئەمە وازیحە ، ئەکرا ئەمڕۆ ئەخێر جەدەل بوو لەسەر ئەم بابەتە ، انشاءالله ئەگەینە نەتیجەیەك کە لە بەرژەوەندی هەموو لایەك بێ ، لەبەر ئەوەی ئەوە پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە ، بریا ئەوان نوێنەریان لێرە ئامادەبوایە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز كاك عمر كۆچەر فەرمووو.

**بەڕێز عمر صالح عمر (عمر كۆچەر):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن ترسـا ڤـێ چـەندا هـەیا ، مـە ئیتیفاقـەك هـەی كـو ئـەڤ زانكۆیـا ئاسـتێ وێ باشـە ، ئـەز ترسـم یـەعنی ئەڤـە ژی ئـەم ببینـە ئەگـەر ئاسـتێ وێ خـراپ كـەین ل واقعـێ نووكـەدا ، ژ قەناعـەتا مـن یـەعنی بلابێتـە دگـەل خوێنـدنێ بالاڤـە موتەفـەقین لسـەر وێ ، بـەس تایبەتمەنـدی چ موشـكیلەیە ، یـەعنی هەنكـە ڤـێ وەختـێ ڤـێ فـەترە زەمـەنی ئەنجومـەن خۆزگـە نوێنـەری ئەنجومـەن لێرەبوایـە كـە ئـەڤ تایبەتمەندییـە بۆچـی مەسـەلەن ئـەڤ تایبەتمەنـدی دایـێ ئـەو كولیـە؟ چ پێویسـتی پـێ هـەی ئەنجومـەنی؟ قەناعـەتا مـن هەنكـە ئـەڤ تایبەتمەندییـە هـەبیتن چ زەرەر نینـەو ، چ موشـكیلەیەك ژ بـۆ مـن دروسـت ناكـات ، بـەس ئەگـەر لایبـدەین ئیحتمالـە ئـەم كولیـەكێ ئاسـتێ وێ بینینـە خـارێ و سەبەب ببیتە بڕیارا پەرلەمانی ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سـوپاس ، گفتوگۆكـان تـەواوبوون بـەڕێزان ، چـوار ڕا هەیـە لەسـەر بڕگـەی دووەم تەبعـەن دوایـی دەرفەت دەدەین بە لیژنەكان كە ڕای خۆیان بدەن ، بەڕێز كاك زانا فەرمووو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن یـەك تێبینـی بچـووك ئـەدەم ئینجـا دێمـە سـەر بابەتەكـە ، لەبـەر ئـەوەی ڕوونكردنەوەیـەك درا لەسـەر ئامادەنـەبوونی ئـەو خوێندكارانـە مـن یـەك پرسـیارم هەیـە ئایـا نـاڕەزایی دەربـڕین و بـایكۆتكردن كـاری نایاسـاییە؟ حەزدەكـەم دوایـی وەڵامـی ئـەوەم بدەیتـەوە ، لـە كـوێی پـەیڕەو هـاتووە كـە خوێنـدكار هاتـە ئێـرە ئـەبێ مۆڵـەتی ئـەو شـوێنەی پێبـێ كـە لێـی هـاتووە ، یـەعنی مـن نـازانم سـەیری پـەیڕەوم كـرد شـتی وانییـە ، كـە ئامـادەبوو ئـەبێ مۆڵـەت بێنـێ ، بەهـەر حـاڵ ئـەمڕۆ دەرفەتێكـە لەبـەردەم ئەنـدامانی پەرلـەمانی كوردسـتان لـەم خولـە قسـە زۆركـرا لەسـەر ئـەوەی كـە زانكـۆی كوردسـتان ، تەحدیـدكرا قسـە لەسـەر ئـەو زانكۆیـە كـرا ، بۆیـە مـن قسـەی لەسـەر ئەكـەم ، ئەگـەر ئەوەنـدە تـرس هەیـە لـە گەڕاندنـەوەی ئـەم زانكۆیـە بـۆ سـەر وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا ، وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا ئـەو وێرانەیـە كـە هەنـدێك لـە پەرلـەمانتاران باسـیان كـرد هـەر ئـەمڕۆ هـەموو زانكۆكـان لەسـەر وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا لابـەری و بـا بیخەینـە سـەر ئەنجومـەنی وەزیـران؟ ئـەو وەزارەتـە كۆتـایی پێبێـنین لـەناو حكومـەت ، ئەگـەر واش نییـە تایبەتمەنـدی ئـەدرێ بـە زانكـۆ بۆمـان ڕوونكەنـەوە هـەم لیژنـەی یاسـایی ، هـەم لیژنـەی خوێنـدنی بـاڵا تایبەتمەنـدی چـییە؟ تایبەتمەنـدی وشـەیەكی زۆر مەتاتییـە ، بۆمـان ڕوونكەنـەوە تایبەتمەنـدی مەبەسـت لـە

تایبەتمەنــدی چــیيه بــۆ ئەنــدامانی پەرلــەمان؟ حاڵــەتێكی تــر هەیــە ئەگــەر هــاتو تایبەتمەنــدی دەرکــرا لــە بــەرژەوەنی ئــەو خوێندکارانــە نــەبوو ، ئــێ ئــەو زانکۆیــە نــەبوو پەرلــەمانی کوردســتان چــۆن وەڵامــی خوێنــدکارانی زانکۆکــان ئەداتــەوە؟ شــتێکی تــر هەیــە کــە زۆر گرنگــە ئێمــە ئەگــەر ئەمانــەوێ لــە کوردســتان زاکۆکــان پێشــبکەوێ بــا ئــەو تایبەتمەندییــە بــدرێ بــە هــەموو زانکۆکــانی تــر لــە هــەرێمی کوردســتان ، بــۆ ئــەوەی خوێنــدکارانی زانکــۆی ســەلاحەدین و ســلێمانی و زاخــۆ و دهــۆك و هــەموو زانکۆکــان مســتەوای زانســتییان بەرزبێتــەوە ، ئــەو تەقیمــە کــێ کردوویــەتی؟ ئــەو تەقیمــە زانســتییە؟ ئــەو تەقیمــە نێودەوڵەتییــە؟ کــە زانکۆیــەك لــە کوردســتان لــە هــەموو زانکۆیــەکانی تــر باشــترە حەزدەکــەم بەڕاســتی ئــەو تەقیمــە بخەنــەڕوو بــۆ ئــەوەی ئێمــە تێبگــەین بــزانین ئــەوەی کــە زۆرجــار بــاس ئــەکرێ لــە کوێــوە سەرچــاوەی گرتــووە ، شــتێکی تــر هەیــە کــە هــەر لای مــن گرنگــە پشــتیوانی لــە ڕای کــاك عمــر دەکــەم مەســەلەی نــاحکومی لابــبرێ ، دەزگــا بکــرێ بــە دامــەزراوە ، بەشــێوەیەکی گشــتی ئــەو بڕگــە هــەر لابــبرێ تایبەتمەنــدی نــەدرێ بــەهیچ دامــەزراوەو زانکۆیــەك لــە هــەرێمی کوردســتان ، هــەمووی بەیــەك چــاو ســەیر بکــرێ ، ئێمــە زۆرجــار باســی ئــەوە ئەکــەین کــە لامەرکەزیــەت ، بــەڵام خەریکــە هــەموو شــتەکان ئــەکرێت بــە مەرکــەزی ، هــەموو دەســەڵاتەکان لــە ئەنجومــەنی وەزیــران کــۆ ئەکرێتــەوە ، ئــەی وەزارەتــی خوێنــدنی بــاڵا ئیشــی چــیيه؟ کــە خــۆی مەعنیــە بــە کاروبــاری خوێنــدکاران و زانکۆکــان ، ئەگــەر قــەرارە ئێمــە بمانــەوێ دەســەڵات دابــەش بکــەین لــەناو حکومــەت و هــەر کــەس ڕۆڵــی خــۆی ببینــێ وەزارەتــی خوێنــدنی بــاڵا مەعنییــە هــەم وەزیــر ، هــەم دنیــایێ مودیرعــام و خــەڵکی شــارەزا لــەو وەزارەتــە تــەعین کــراون ئــەبێ ئــەوان تــەقیمی زانکۆکــان بکــەن بــزانن چــۆن تایبەتمەنــدی دەدرێ ، چــۆن تایبەتمەنــدی نــادرێ؟ ئەگەڕێتــەوە بــۆ ئەنجومــەنی وەزیــران ئــەبێ لــە هــەموو شــتەکان ڕاســتی شــتێك نــامێنێ بــەناوی لامەرکەزیــەت ئەبێتــە مەرکەزی ئەنجومەنی وەزیران خۆی قەرار دەدا لەسەر هەموو شتێك ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر ســوپاس ، ســەبارەت بــە ئامــادەبوونی هــەر هاووڵاتییــەك لــە هــۆڵی پەرلــەمان پێویســتی بــە مۆڵــەتی ســەرۆکی پەرلــەمان هەیــە تــا ئێســتا ســێ جــار مۆڵــەتمان بەوانــەداوە ، بــەو خوێندکارانــەداوە بێنــە هــۆڵی پەرلــەمان ، پێویســت ناکــا لــەوە زیــاتر مۆڵــەتیان پێبــدەین ، چــونکە ئــەزانین زیــاتر لەمــە مۆڵــەتیان پێبــدەین بێنــە هــۆڵی پەرلــەمان کاریگــەری لەســەر خوێنــدنیان دروســت ئــەکا ، ئێمــە لێــرە خــەڵکی مەســئولین بەرامبــەر بــەم هەرێمــە ، خــەڵکی مەســئولین بەرامبــەر بــەو خوێندکارانــە ، بۆیــە نامانــەوێ زیــاتر هانیــان بــدەین بــۆ ئــەوەی هۆڵــەکانی خوێنــدن جێبــێڵن ، بــەڕێز کــاك علــی حەمــە صالح فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەكاتێكـدا ئـەم موشـكيلە بـەهۆی خراپـی ئـەو ياسـايەيە كـە لـە سـاڵانی پێشـووتردا پەسـەندكرا ، كـە هەڵـەی ناقـانونی تێدايـە نـاوی زانكۆيـەك بـە سـەراحەت هێنـراو جياكرايـەوە ، هەڵـەی دووەم ئەوەيـە ئەنجومـــەنی وەزيـــران لـــەكاتی پێويســـت وەڵامـــی نەدايـــەوە ، موشـــاوەرەيەكی وردبكـــەين ، بـــەڵام سـەرباری ئـەوەش ئێمـە لـە موناقەشـەی دوو شـتداين ، ئايـا ئاسـتی سـەرجەم زانكۆكـان بەرزكەينـەوە يـاخود ئاسـتی زانكـۆی كوردسـتانيش نـزم كەينـەوە بـۆ ئاسـتی زانكۆكـانی تـر؟ دوو" ئايـا تـەنيا ئاسـتی زانكۆكـە بـە گشـتييە يـان كێشـەی فوتابيـانی كۆلێـژی پزيشـكييە ، ئـەكرێ بـە پێـی تەعـديلی ياسـای كۆلێـژە ئەهلييـەكان بێـت ئەمــە بچەسـپێنرێت كـە هـيچ زانكۆيـەك بـۆی نـەبێ كۆليـژی پزيشـكی بكاتـەوە يـان ئەگـەر كردييـەوە جگـە لـە زانكـۆ حكومييـەكان بـە هـەمان نمـرەی زانكـۆ حكومييـەكان وەريـان بگرێـت ، سـەبارەت بەمـە مـن پێموايـە ئـەكرێت پلـە بەنـدی هـەبێت ، بـەڵام بـە فلتـەرا تێپـەڕێت ئاسـتی پێـدانی تايبەتمەنـدی بۆهـەر زانكۆيـەك لەسـەر بنـەمای پلـە بەنـدی هەڵسـەنگاندنی زانكۆكـان بێـت بـە پێـی سـتانداردە زانسـتييەكان ، سـتاندارده زانسـتييە جيهانيـەكانم مەبەسـتە كـە كۆمـــەڵێك زانكـــۆ هـــەن شـــايەنی ئـــەوەن پلـــە بەنـــديان پێبـــدرێت ، ســـەرباری ئەمـــەش ئـــەكرێ ئەنجومـــەنی وەزيـــران هـــەموويان پێكـــەوە قەراربـــدەن ، ئـــەمانيش بـــە تـــەنيا نـــەتوانن قەراربـــدەن ڕاوێـــژو هەمەهـــەنگيان هـــەبێت لەگـــەڵ وەزارەتـــی خوێنـــدنی بـــاڵا ، چـــونكە وەزارەتـــی خوێنـــدنی بـــاڵا يەكسـان نييـە بـە وەزيـری خوێنـدنی بـاڵا كـە ئەندامـە لـە ئەنجومـەنی وەزيـران ، بـەڵكو بۆردێكـە لێـرەوە قـەراردەدا ، مـن پێموايـە غـەدر دەكـەين ئێمـە ئاسـتی فوتابيـانی زانكـۆی كوردسـتان نـزم كەينـەوە ، غـەدريش دەكـەين ئەگـەر ڕێگـە بـدەين كۆلێـژی پزيشـكی بـەم نمـرەو بـەم شـێوەی ئێسـتايە وەربگيرێـت ، حـەل ئەوەيـە ئەمـە بهێڵينـەوە لـە لايـەك بـە پێـی پلـە بەنـدە جيهانييـەكان كـە ئاسـتی توانسـتی زيـاد دەكـات ، ئەنجومـەنی وەزيـران كـە ڕەنگـی هـەموو لايـەنی تێدايـە بـۆردی وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا كـە لايـەنی مـەعنين ئەمـە زۆر گرنگـە وە پێـوەرە جيهانيـەكانيش ، بـە ديـدی مـن ئەمە دەرەجەيەكی باشە بۆ ئەوەی ئێمە لەم قۆناغە دەربازمان ببێت لەم گرفتە ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر ســـوپاس ، ڕای ليژنـــە پەيوەنديـــدارەكان لەســـەر ڕای ئەنـــدامان پـــێش ئـــەوەی كـــە هينـــەكان بخوێنينەوە ، بەڵێ ليژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا فەرموون.

**بەڕێز د. ابراهيم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن گـوتی ئـەزێ وەك ڕايـا خـۆ وەك ئەنـدام پەرلـەمان بێـژم ، چـونكە ڕای ليژنـەی دكتـۆرە جـوان بێـژێت ل گـوێرەی خوێنـدنا منـێ بـۆ ئاخافتنـا بـەڕێز كـاك سـالار ، دكتـۆر فرسـەت ، كـاك خەڵـەف ، بێگـەردخان ، مـەلا عمـر ، بـەڕێز علـی حەمـە صالح بـۆ مـن قەناعـەتێك چـێبوو ئەگـەر مەخرەجـەك ڤـی شـكلی بێتـە دەرێ ڕەنگـە شـتەكی گەلـەك بـاش دەركـەڤت ، ئەمـە بـە ڕوويـەكی خـۆش ،

پەرلەمانــەكی یــەكگرتی دەركــەڤن ژ ڤــێ هــۆلێ ئــەو ژی ئەنجومــەنی وەزیــران ب هەماهــەنگی د گــەل ئەنجومــەنێ وەزارەتــا خوێنــدنێ بــالاٚ وەكــو بــەڕێز علــی حەمــە صــالح گــوتی ، چــونكە نــە گرێدایــە وەزیــری چــەوا ئەنجومــەنی وەزیــران بــلا لــە وێــرێ ژ بیتــە ئەنجومــەنی وەزارەت ، چــونكە تــا نەبتــە بڕیارەكــا فــەردی ، بــۆی هــەبێت تایبەتمەنــدی بداتــە هــەر زانكۆیــەك لــە هــەرێمی كوردســتان ئــەوە وەكــو ڕەئیــەكی منــی ئەنــدام پەرلــەمان ، ڕای لیژنــە بــە ڕاوێــژ بــەڕێز دكتــۆرە جــوان لەگــەل لیژنــەی یاسایی بەڕاوێژ ڕای خۆ دەردەبڕن ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڵێ فەرموو دكتۆرە جوان.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منـــیش هـــەمان ڕەئـــیم هەیـــە ، تەقریبـــەن ئێمـــە ئـــەوە (٣)مانگـــە لەگـــەڵ قوتابیـــانی زانكـــۆی كوردســـتانین ، لەســـەر خـــەتین لەگـــەڵ قوتابیـــانی زانكـــۆی پزیشـــكی گشـــتینە لەســـەر ئـــەو كێشـــەیەی ئــەوی هەیــە لەگــەڵ ئــەو ڕەئیــەم كــە لیژنــەی پــەروەردە و حوێنــدنی بــالاٚ لــە ئەنجومــەنی وەزارەتــی خوێنــدنی باڵاٚشــم باســكردیە كــە نــابێ هــیچ قوتابییــەك هــۆڵی خوێنــدنی بــە جێبێڵــێ ، چــونكە ڕێگــا زۆرە هــەتا باســی ئــەوەم كــرد تەسەلسـولی مــەراجیع هەیــە ، ئــەتو گرفتــەكت هەیــە لــەناو جامیعــەی ، لــەناو كۆلێــژت ســەرۆك بــەش هەیــە ، ئەگــەر ســەرۆك بــەش چارەســەری نــەكرد ، ڕاگــر هەیــە ، ئەگــەر ڕاگــر چارەســـەری نـــەكرد ، ســـەرۆكی زانكـــۆ هەیـــە ، ئەگـــەر ســـەرۆكی زانكـــۆ چارەســـەری نـــەكرد ، وەزارەتــی خوێنــدنی بــالاٚ هەیــە ، ئەگــەر هــەموو ئەوانــە موشــكیلەكەتیان حــەل نــەكرد ،ئــەوە لــۆت هەیـــە بێـــی بـــەر دەرگـــای پەرلـــەمان سەرچـــاو ، بـــەس وكـــی هاتییـــە بـــەر دەرگـــای پەرلـــەمانیش خۆپیشــاندانەكی بكــەی یــەك جــار دوایــی بگەڕێیــەوە هــۆڵی خوێنــدن ئێمــە بەدواداچــوون دەكــەین بــۆ كێشـــەكە دانانیشـــین هـــەتا حـــەلی بكـــەین ، نوێنەریشـــتان مـــاوە ، مـــاوە ، نوێنـــەری ئـــەو جامیعـــە ، نوێنــەری ئــەو قوتابیانــە بابێتــە پەرلــەمانی لەگــەڵ لیژنــەی مــەعنی دانیشــی بزانــێ بــە چ گەیشــتن؟ لەگــەڵ هــیچ ئــەوەی نیمــە دكتــۆر یوســف لەگــەڵتم (١٠٠٪) هــۆڵی خوێنــدن بــەجێبێڵن ئــەوەش بوویتــە دیاردەیــەكی زۆر هــەتا لــە ئەنجومــەنی وەزارەت ئەوەشــم باســكرد گــوتم بووتــە چــاولێكەری ئــەوها دەكـــا قوتـــابی دەردێ خۆپیشـــاندانی دەكـــا هـــۆڵی خوێنـــدنی بـــە جێـــدێڵی زۆرجـــار بەڕاســـتی ئامانجــەكانیش مــەوزوعی نییــە ، زانســتی نییــە ، بــەلاٚم ئــەوی زانســتییە ، مەوزوعییــە لــە دووی دەڕۆیــن ئــەوی زانســتی نییــە بەڕاســتی ئەمــەش یــەعنی شــارەزامان هەیــە لــەناو لیژنــەكان كەفائــەتمان هەیــــە دەتــــوانن ئــــەوەی تــــەقیم بكــــەن ، هەڵســــەنگاندنی بكــــەن چــــەند مەوزوعییــــە یــــان چــــەند داخوازییــەكان لــە جێــی خــۆیتی یــان لــە جێــی خــۆی نییــە؟ بــە نیسبەت ڕەئــی گەشــە خــانی میزانییــە ، ڕاســتە بودجــە تەوحیــد بكــرێ بــۆ هــەموو زانكۆیــەكان ئــەوە زۆر زەحمەتــە تەوحیــدی میزانییــە لــە

زانكۆكـان بكـرێ ، چـونكه هـەر زانكۆيـەك دەبينـی زانكۆيـەك بەشـی نـوێ دەكاتـەوە زانكـۆ عەقـدێكی نـوێ لەگـەڵ مەجموعـەك مامۆسـتا كەفائـەتی بـاش دەينـی يـان مەسـەلەن دراسـات عوليـا خوێنـدنی باڵا لەو زانكۆيە دەكرێتەوە......

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز دكتۆرە جوان تكايە لەسەر پڕۆژە ياسايەكە ، ڕاپۆرتەكان قسە بكە....

**بەڕێز د. جوان اسماعيل عزيز:**

يەعنی باسی ئەوەی ڕەئی ئەندام پەرلەمان ، جواب نەدەم.....

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نا ، نا پێويست ناكات ، بەس تەنها ئەو ڕايانەی كە پەيوەنديدار بوو بە پڕۆژەكە.

**بەڕێز د. جوان اسماعيل عزيز:**

دوو ڕەئـــی گەيشـــتە مـــن زۆربـــەی ئەنـــدام پەرلـــەمانان ئـــەوەی لەســـەری ئيتيفـــاق دەكـــەن كـــە تايبەتمەنـــدی نـــەمينێ لـــە ئـــەوەی پـــڕۆژە ياســـايەكەی ، بكرێتـــە ئەســـتۆی نـــەك خوێنـــدنی بـــاڵا ، ئەنجومـەنی وەزيـران بەهەمەهـەنگی لەگـەڵ وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا ئـەوە ڕەئييەكـە واريـدە ، دەبـێ بـێتن هـەتا لـەو كێشـەيەی هـەم ئـەمن كـە بـۆ چـوونی خـۆم ، هـەتا هـەم ڕێزگـرتن بـێ لـە حكومـەتی ئەنجومـەنی وەزيـران ، هـەميش ڕێزگـرتن بـێ لـە وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا ، ئـەوە بـوو ڕەئـی مـن بـە نيسبەت ئەو فەقەڕەی ، سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز دكتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سـەبارەت بـە ڕەئييـەكانی ئەنـدامانی بـەڕێز ، سـەرەتا ئەمـەوێ ڕوونكردنەوەيـەك لەسـەر سـياغەی ئەسـڵی ياســايەكە بــدەم پێموايــە لەگــەڵ ئــەم ڕوونكردنەوەيــەدا ئيقتراحــی بەشــێكی زۆری لــە ئەنــدامانی بــەڕێز حــەل ئــەبێ ، ســەبارەت بــەوەی كــە مــاددە (٧)م كــە ئــەڵێ: يەكــەم" دەزگاكــانی خوێنـدنی بـاڵا لـە زانكـۆ و دەسـتەو كۆلێـژ و پـەيمانگاو سـەنتەری توێژينـەوەی حكـومی و نـا حكـومی پێكـدێن (و)ەكـی هەيـە ئـەم دەزگايانـە بـە وەزارەتـەوە دەلكـێن ، ئەمـە بەشـێكی زۆر لـە ئەنـدامانی بـەڕێز وتيـان يـا ئـەبێ دەزگـا ئەهلييـەكانيش لێـرە ڕيزبكـرێن يـا ئـەبێ ناحكومييەكـە لابـرێ ، ئەمـە دوو شـتی جيـاوازە ئەگـەر بگەڕێينـەوە بـۆ نەسـە عەرەبييەكـە (تتـألف و تـرتبط) يـەعنی يەكـەميان دەزگاكـانی خوێنـدنی بـاڵا لـە حكـومی و نـا حكومييـەكانيش پێـك دێ ، بـەلاَم چـييە بـە وەزارەتـی خوێنـــدنی بـــاڵاوە دەبســـترێت لـــە ڕووی ماليیـــەوە زۆرتـــر ئـــەم دەزگايانـــە پێـــوەی دەبەســـترێن

ئەهلییەکان ، یاسای ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٣ حکومیان دەکا کەوا یاسایەکی تایبەتە ، بۆیە لە عەرەبییەکە زۆر بە وازیحی دیارە ئەو ئیقتراحە لەم تەفسیرەوە هات ، بۆیە ئەو ڕەئییەی کە کاك سالار وتی ئەگەر ئەم دووانە لێك جیا بکەینەوە ڕەئیەکی وەجیهە، بۆ ئەوەی ئەو ئەشکالە حەل ببێت، ئەشکالی دووەم کە هەر پەیوەندی بەم بڕگەیەوە هەیە، بەم تەفسیرەوە هەیە، کە بەشێك لە ئەندامانی بەڕێز وتیان ئەبێت خوێندنی حکومی یان تایبەت بۆ بڕگەی (١٧) زیاد بکرێت، بڕگەی(١٧) بەڕێزان یەکێکە لەو بڕگانەی کە دەچێتە بواری (ترتبط) یەعنی پێوەی دەلکێت، بۆیە مەسەلەی تایبەتی لەگەڵدا نییە، ئەو ئەشکالە یاساییە بەشێکی زۆر بوو، وە پرسیاری بەشێکی زۆری ئەندامانی بەڕێزیش بوو، سەبارەت بەوەی کە خصوصیەت چییە، ئەگەر بدرێت لەڕاستیدا خصوصیەت شتێکە دەچێتە بابی موناقەسەی مەشروعەوە، یەعنی تۆ تایبەتمەندی دەدەیت بە زانکۆیەك کەوا ئەم زانکۆیە، لەئاستی عیلمیدا بەرزترە، یان بۆ نموونە تایبەتمەندییەکی دەدەیتێ ئەڵێیت خوێندن لەم زانکۆیەدا بەزمانی ئینگلیزیە، یەعنی تایبەتمەندی شتێکی ئاساییە، ئەگەر بدرێت، بەڵام ئەوە ئاسایی نییە کە لە ئەصڵی یاساکەدا هاتووە، کە ناوی زانکۆیەکی بەتایبەت هێناوە ئەگەر بێت و بەعام بدرێت، عام و موجەڕەد لەدەست نادات، چونکە تۆ بە عموم دەڵێیت دەتوانێت تایبەتمەندی بدات، بەڵام کاتێك کەناو دەهێنیت بەناو هێنانی کە ئەمە هەڵەیەکی یاساییە لە ئەصڵی یاساکەدا هەیە، بەناو هێنانی زانکۆیەك عام و موجەڕەد لەدەست دەدات، پێم وایە کاك دکتۆر شێرکۆ وتی، هەژمونی ڕاپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی زاڵە، ڕاپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی بە مەبەست زاڵ نەبوو، بەڵام ئەوەیە کە ڕاپۆرتەکە ئیحتیوای ئەوەی کە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا کردوویەتی و ئیزافەشی تێدایە، بۆیە ئەوە لەوەوە هاتووە، سەبارەت بەوەی کە دەزگا بگۆڕدرێت بەناوەند، یان بگۆڕدرێت بە هەر دەزگاو ناوەندێك، بەڕاستی ڕەئی وەجیهـ ئەوەیە کە بکرێت بە دەزگاو هەر ناوەندێك، بەڵام ناوەند بەتەنها نەبێت، چونکە دەزگا گەورەترە، بەڵام ئێمە کێشەیەکمان هەیە لێرەدا، ئێمە ماددەیەك تەعدیل دەکەین لە یاسایەکدا، کە لەنزیکەی (٤٠)ماددە پێك هاتووە، لەهەموو ماددەکەدا ئێستا من سەیرم کرد، بەڕێزتان ئەو ئیقتراحەتان کرد، لەهەموویدا بە دەزگا هاتووە، بۆیە ئێمە لەم ماددەیەشدا بیگۆڕین یەعنی شتێکمان بەیاساکە نەبەخشیوە غەیری ئەوەی کە تەجزیئەمان کردووە، بۆیە ئەگەر بێت و ئەو گۆڕانکارییە بکەین، ئەو تەعدیلە بکەین، یان دەبێت ماددەیەکی تر زیاد بکەین بڵێین لەهەر شوێنێك دەزگا هاتبوو، دەزگاو ناوەند شوێنی دەگرێتەوە، یان دەبێت بەتەعدیلێکی تر بیکەین، ڕەئیەکان سەبارەت بە بڕگەی دووەم پێنج ڕەئی بوو، هەر پێنجیان دەتواندرێت دەنگی ئەندامانی پەرلەمان یەکلایی بکاتەوە، ڕەئیەکان یەکێکیان پێی وایە ئەصڵی زیاد کردنەکە لەڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی بمێنێتەوە، کە دەڵێت وەزارەتی خوێندنی باڵا دەسەڵات پێدانی تایبەتمەندی هەیە، ڕەئیەکی

تــريش ئــەڵێت بكرێتــە ئەنجومـــەنی وەزیـــران، واتـــە ئەنجومـــەنی وەزیـــران دەســـەڵاتی پێـــدانی تایبەتمەنــدێتی هەیــە، ڕەئیــەكی تــریش هەیــە ئــەڵێت ئــەو بڕگەیــە هــەر لابرێــت، تایبەتمەنــدێتی نــەدرێتێ، ڕەئیــەكی تــریش هەیــە ئــەڵێت بكرێــت بــە ئەنجومـــەنی وەزیـــران بەهەماهــەنگی لەگــەڵ وەزارەت، واتــە وەزارەتــی خوێنــدنی بــاڵاو توێژینــەوەی زانســتییە، ڕەئێكــی تــریش هەیــە ئــەڵێت ئەنجومـــەنی وەزیـــران لــە چوارچــێوەی یاســای وەزارەت، واتــە لەچوارچــێوەی ئــەم یاســایە، یاســای وەزارەتــی خوێنــدنی بــاڵاو توێژینــەوەی زانســتی، هــەر ڕەئێكیشــیان یەكلاكردنــەوەی لای ئەنــدامانی پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشـێكی زۆری ڕوونكردنــەوەی هاوڕێیـانم لەهــەردوو لیژنــە باسـیان كـرد، بــەڵام ئــەوەی گرنگـە لـەڕووی یاساییەوە ئێمە شەرحی بكەین، ئەصڵی ئەو پڕۆژە یاسایەیە كـە پێشكەش كـراوە بـۆ لادانـی خصوصیەتە، لەبەر ئەوەی خصوصیەت پێشتر ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی ئەو خصوصیەتەی داوە، بەڵام بـە ڕێنمـایی داویەتی، یەعنی ئێستا كە قسە لەسەر ئەوە بكرێت، ئەنجومەنی وەزیران با بڵێین خصوصیـەت بـدات، ئـەو كاتە ئەنجومەن بە یاسا دەسەڵاتی خصوصیەت پێدان دەدرێـت، وەك وتیـان ئـەوە لـە نەتیجـە بـۆ دەنگـدانی ئەندامان دەگەڕێتەوە، ئەمە تـەنها بـۆ ڕوونكردنـەوە بـوو، دووەم، ئێمـە دوو یاسـامان هەیـە، یاسـای زانكـۆو پەیمانگا ئەهلییەكان، یاسای زانكۆ حكومییەكان، واتە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵامـان هەیـە، كـاتی خـۆی ئەو فیكرەیەش موناقەشە كـرا كـە زۆر كـوالێتی و وردەكـاری زانكـۆی كوردسـتان كـە زۆر بـەڕێز باسـی كـرد مەبەستە، دەتواندرێت بكرێت بە زانكۆیـەكی ئـەهلی هاوشـێوەی زانكـۆی ئـەمریكی كـە لـە سـلیمانی هەیـە، مەكانەی خۆشی دەپارێزێت، بۆردی خۆشی هەیە، یاسایەكی بەسەردا جێبەجێ دەبێـت، كـاتی خـۆی باسـكرا بەس باسی وردەكارییەكەی ناكەین كە بـۆ ئـەو ڕەئیـە جێبـەجێ نـەكرا، كەواتـە لەنەتیجـەدا ئێسـتا دەبێـت ڕەئـی ئەنـدامانی پەرلـەمان بخرێتـە دەنگـەوە، بـەڵام قسـە لەسـەر ئەوەیـە كـە ئەصـڵی پڕۆژەكـە بـۆ لادانـی خصوصـیەت پێشـكەش كـراوە، جـا ئەگـەر خصوصـیەت دەهێڵنـەوەو ڕێكـی دەخـەن لەچوارچـێوەی یاسـای وەزارەت و ئەنجومەنی وەزیران، ئەوە ڕەئیەكان واردەو دەكرێت بەدەنگدان یەكلایی بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا ئەنەس.

**بەڕێز انس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نسبەت بڕگا ئێکێ دیسان دووبارە دکەمەڤە هندەك جهەین نە ئەهلینە و نە ب سەر وەزارەتا خویندنی باڵاڤەنە و نەفسی تەعالیمێت خویندنی باڵا لسەر تەتبیق دبن وەکی قبول مەرکەزی و تەعلیماتێت دی، بۆ نموونە هەشت پەیمانگا مە یت هەین، پەیمانگەی زانستی ئیسلامی تابعی وەزارەتی ئەوقافن، ئەرێ جێگاییێ وێ دڤێ قانونێ دا دێ کیرێ دا بیی؟ ئەگەر بێژن ئەهلی نەئەهلینە نەحکومینە، بەس دگەل ڤێ چەندێ نەفسی تەعالیمی وەزارەت تەعلیم عالی لسەر تەتبیق دبیت ئەگەر جێگای وان لێرە بێتە کرن، چونکی بڕگەی هەڤدە (١٧) یان رەقەم هەڤدە (١٧) لە سەر تەتبیق نابیت گوتیە دەزگا، ئەو بخۆ نە دەزگایە، پەیمانگەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، دوایی لیژنەی یاسایی وەڵامت دەدەنەوە، خاتوو ڤیان عباس، فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن دوو پرسـیار ئاراسـتەی لیژنـە کـر، بەرسـڤا مـن نـەدا، بەنیسـبەت خـاڵا ئیکـی، سـەنتەرێت حکـومی و ناحکومی، مادام یاسایا تایبەت هەیە، بزانکۆیەت ئەهلی، باشە بولڤێرە بسەنتەرا حکومی گرێدایە.....

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وابـزانم دکتـۆرە بـەهار جوابی ئـەوەی دایـەوە، وتیـان هـەموو دەزگـا حکـومی و ناحکومیـەکان ئەلکێنـدرێن بەوەزارەتی خوێندنی باڵاوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا لەم یاسایە پەیوەندیدارە، ئەو زانکۆو دەزگایانەن کەناویان هاتووە، فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی تەزاروب لێرە نابت، بەنیسبەت دامەزراندنا زانکۆیا، یەعنی هەر قانون بت، یان ڕێنمایی تایبەت.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە لە ئەصڵی یاساکەدایە، دامەزراندنی زانکۆ ڕێکخراوە، کاك علی حمە صالح، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ڕەئیێکی ترمان وت لە لیژنەی یاسایی ئاماژەی پێنەکرا، ئەو ڕەئیەی ئێمەی نەوت، ئێمە وتمان لەسـەر هەڵسەنگاندنی زانستی و پلەبەندی زانستی، واتە بەڕیزبەندییەکی ستاندارد ئەم زانکۆیە شایسـتەی ئەوەیـە بخرێتە ئێرە، نەك بەوەی کە ئەنجومەنی وەزیـران، یـان وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا بـەمیزاجی خۆیـان بێـت، واتە ستانداردێکی جیهانی هەیە، هەڵسەنگاندنێکی زانستی هەیە، ئەوە پێت ئەڵێت کێ خصوصیەتی هەیـە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، ئێستا دەیخوێننەوە، بەڕێز دکتۆر ابراهیم احمد سمۆ، فەرموو.

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز لگەل ڕەئیا کاك علی حمە صالحم، کو بی سیغەت بێت، ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆی هەیە، تایبەتمەندی بداتە هەر زانکۆیەکی کوردستان بەپێی هەڵسەنگاندن و پێوەری زانستی، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، بەڕێز دکتۆرە جوان، فەرموو.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی دەرنەچووە..

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، لیژنەی یاسایی هیچ ڕوونکردنەوەیەکتان هەیە لەسەر ئەو بابەتەی کە لەلایەن مامۆستا ئەنەسەوە باسکرا؟، فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەمیان: باسی هەر دەزگایەکی تر کراوە، واتە ناوی پەیمانگایە، ناوی زانکۆیە، ئەو دەزگایەی بەڕێزیان موشکیلە نییە، ئەڵێت هەر دەزگایەك، واتە دیاری نەکراوە ناونیشانی هەر هەموویان، زۆریش قسە لەسەر ئەوە دەکرێت زانکۆ و پەیمانگای تر کە دروست ببێت، هەر لەیاساکە باسکراوە کە دەڵێت هەر زانکۆ و پەیمانگایەکی تر کە لە ئایندەدا دروست دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ئیشکالەکە لەوەدا نییە، بەڕێز کاك گۆران، ئیشکالەکە ئێستا ئەو پەیمانگایانە بەوەزارەتێکی ترەوە بەستراونەتەوە، بەوەزارەتی ئەوقافەوە بەستراونەتەوە، ئایا ئێوە بەپێی ئەم تەعدیلە ئەیانبەستنەوە بەوەزارەتی خوێندنی باڵاوە، واتە ئەگەر بەم شێوە موتڵەقیە بێت کە لەدەقی هەموارکردنەکەدا هاتووە، ئەو دەزگایانەی کە پەیوەندیدارن بە خوێندنی باڵاوە، لەهەر شوێنێك هەبن، لە هەر وەزارەتێك هەبن، ئەبەسترێنەوە بە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە، بەڕێز دکتۆر ابراهیم سمۆ، فەرموو.

**بەڕێز د. ابراهیم احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز وسا تێگەهشتم من پرسیارا ئێکێ ل دەست پێکا دکتۆر مەلا ئەنەس بەحس کری، ل سالا (٢٠١٨) ێ دەمێ ئەو زانکۆیە هاتینە پۆلین کرن گەلەك زانکۆ هێشتا نەهاتبینە دامەزراندن نو,کە ئەو زانکۆیە دامەزراینە، زانکۆیا نەورز، جیهان، بەیان، حەیات ئەوە هاتینە دامەزراندن عەینی قبول مەرکەزی تەلەبە پێ دهێنە وەرگرتن، ئەگەر جهێ وان هەبیت دگەل وان زانکۆیا بێنە دەست نیشانکرن رەنگە باشتر بیت، چونکی ئەو ل چوارچێوێ خویندنا بالا تەلەبا وەردگرن و تەلەبە ژی شاهدا خۆ پێ وەردگرن و حەتا ژ لایێ مادديڤە ژی دەعما وان زانکۆییێت ئەهلی هەمی دهێتە کرن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، لە لیژنەی یاسایی، لیژنەی پەروەردە ئەو تێبنی یە بە نەزەر ئیعتیبار وەربگرن، ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات، بەم موتلەقیە بڕوات لەم پرۆژەیە هەموارەیە هاتووە، ئەوا هەموو کولیات و مەعاهدی تر کە سەر بە وەزارەتەکانی ترن، ئەکەونە سەر وەزارەتی خویندنی بالا، مامۆستا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەمەوێ پشتیوانی بکەم لەو دەربڕینەی مامۆستا ئەنەس، لە راستیدا بە تایبەت ئەو پەیمانگانەی کە سەر بە وەزارەتی ئەوقافن تا کو ئێستاش ئەخوینن و تەخەروج ئەکەن و هیچ حیسابێکیشیان بۆ ناکرێت هۆکارەکەشی هەر ئەوەیە کە سەر بە وەزارەتی ئەوقافن، لە بەر ئەوە ئەگەر هەر ئەوە بکەوێتە زمنی وەزارەتی تەعلیمی عالی لەوانەیە باشتر بێت بۆ خۆیان کە ئەمە بە نەزەر ئیعتیبار وەربگیرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا هەورامان ئێستا کاتی موناقشە نییە و مەزوعێك زۆر گەورەترە و مەوزوعێکی زۆر فراوانترە، ئێستا کاتی ئەوەمان نییە موناقشەی ئەمە بکەین، بۆ ئەمە پێویستە رای وەزارەتی ئەوقافی وەربگیرێ، رای وەزارەتی خویندنی بالای لە سەر وەربگیرێ، هەر وا ئاسان نییە، هەر چی دام و دەزگایەکی تر کە سەر بە وەزارەتەکانی تر بن یەکسەر بیبەستێتەوە سەر بە وەزارەتی ئەوقافەوە، بەڕێز دکتۆر شێرکۆ جەودەت فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان رای بەڕێز مامۆستا ئەنەس مامۆستا و هەورامانم هەبوو، بەڵام جەنابت فەرمووت ئێستا کاتی ئەوەی نییە موناقشەی بکەین، بۆیە باسی ناکام.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڕێز گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان وایە هیچ ئیشکالێك لەو نەصەدا نییە و هیچ مەترسییەك ئەوەی کە کاك ئەنەس دەڵێ نییە، بۆچی؟ چونکە ئێمە لەو نەصەکە دەڵێین هەر دەزگایەکی تر کە دواتر دادەمەزرێت، مەبەست ئەوە نییە یەکەم شت ئەو دەزگایانە بە بڕیاری وەزارەت و ئەنجومەنی وەزیران زانکۆی نوێ، پەیمانگەی نوێ نازانم شتی تازە دروست دەبێ کە دروست بوو ئەوجا دێتە سەر وەزارەتی تەعلیمی عالی، ئەگەر لەو چوار چێوە دروست بوو دێتە سەر وزارەتی تەعلیمی عالی، ئەگەر ئەم پەیمانگەیە سەر بە وەزارەتی ئەوقافە وەزارەتی ئەوقاف و ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی تەعلیمی عالی بڕیار نەدایە بێتە سەر وەزارەت بەم نەصەیە نایەتە سەر وەزارەت، چونکە بەو ئیجرائاتە ئەو زانکۆ و پەیمانگاکان دێنە سەر وەزارەتی تەعلیمی عالی کە دەست نیشانکراوە بۆ دامەزراندن و لکاندن و بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ لە راپورتی لیژنەی یاسایی ئەمە موعالجە کراوە.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە نەصەکەشمان بۆ نموونە زیاد نەکراوە، لە ئەصڵی قانونەکەش بەم شێوەیە، کەواتە کە لە پێشوو موشکیلە نەبووە ئێمە نەهاتووین خۆمان ئەو نەصە زیاد کەین و بۆ ئێوە کێشە دروست کەین، لە نەصی قانەنەکە چۆنە ئێمە بەم شێوەیە زیادمان کردووتەوە، و ئەو زانکۆیانەی کە زیادیشمان کردووە با بڵێین ناوەکان و وردەکاریمان هەمووی لە وەزارەتی خویندنی باڵا وەرگرتووە کە لە دوای دەرچوونی ئەم یاسایە چ زانکۆیەك حەتا پۆلی تەکنیکەکانمان زیاد کردیتەوە لە بەر ئەوەی لە کاتی خۆی یەك شێوە بوون، بەس دوایی بوون بە زانکۆی جیهان و پۆلی تەکنیکی سلێمانی، هەولێر و دهۆك واتە بە تەنسیق لە گەڵ ئەوان ئەم ناوانەمان داریشتووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێز کاك زانا فەرموو نوقتە نیزامی؟

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی رای جەنابت ئەکەم، چونکە ئێمە هەندێك پەیمانگامان هەیە وەکو پەیمانگای هونەرە جوانەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوانە سەر بە وەزارەتی پەروەردەن.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن:**

ئەوانە سەر بە وەزارەتی پەروەردەن، ئێستا لەم نەصە زوو بە رای هاتووە، کە پەیمانگاکان هەموویان بە خویندنی باڵا بلکێندرێن، یەعنی چی لێ دێت لە دواییدا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نەء نەء راست کراوەتەوە ئێستا ئەگەر سەیری کەی لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی دەزگاکانی خونیدنی باڵا لە زانکۆ و دەستە و کولێج و پەیمانگا و سەنتەری توژینەوەی حکومی و ناحکومی پێك دێن و ئەم دەزگایانەی خوێندن بە وەزارەتەوە دەلکێن، یەعنی ئەو دەزگایانەی کە بە وەزارەتی خویندنی باڵاوە دەلکێن حەصرەن دەست نیشان کراون و دوایی ئەتوانرێ هەر کاتێك، هەر شوێنێکی تر مەسەلەن پەیمانگاکانی ئەوقاف بێ، پەیمانگاکانی وەزارەتی پەروەردە بێ ئەتوانرێ ئەوانەش بە یاسای تر بلکێندرێن بە وەزارەتەوە، بەڕێزان، پۆختەی راکان پێنج رایە، یەکێکیان ئەوەیە کە وەکو لە دەقی راپورتی لیژنەی یاسایی هاتووە بڕگەی دووەمیان زیاد کردووە تکایە گوێ بگرن، هەر پێنج راکان ئەخوێنمەوە یەك بە یەکیان ئەخەینە دەنگەوە خۆتان سەرپشك بکەن، خۆتان یەك لا بکەنەوە کە دەنگ بە چ رایەکیان ئەدەن ئێمە یەك بە یەك ئەوانە ئەخەینە دەنگەوە تا ئەو رایە زۆرینە بە دەست دێنێ، رای یەکەم ئەمە بوو، کە وەزارەتی خویندنی باڵا دەسەڵاتی پێدانی تایبەتمەندی هەیە بە زانکۆکان لە چوارچێوەی رێنمایی تایبەت، ئەمە کە لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتووە، رای دووەم ئەڵێ، ئەنجومەنی وەزیران دەسەڵاتی پێدانی تایبەتمەندی هەیە بە زانکۆکان لە چوارچێوەی رێنمایی تایبەت، رای سێیەم ئەوەیە کە، ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لە گەڵ وەزارەتی خویندنی باڵا بە پێی هەڵسەنگاندن و پێوەری زانستی بە رێنمایی تایبەت ئەتوانێ تایبەتمەندی بدات بە زانکۆکان، رای چوارەم، ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لە گەڵ وەزارەتی خویندنی باڵا و لە چوارچێوەی یاسای وەزارەت رێنمایی دەر ئەکات بۆ پێدانی تایبەتمەندی بە هەر زانکۆیەك، رای پێنجەم، ئەوەیە کە هیچ تایبەتمەندییەك نەبێت بڕگەی دووەم لە ماددەکە لاببڕێت، بەڵێ دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رای شەشەمیش هەبوو کە ئەنجومەنی وەزیران بە پێی هەڵسەنگاندنی پێوەرەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نەء نەء ئەوە ئیزافەمان کرد، ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لە گەڵ وەزارەتی خویندنی باڵا یان بە پێی هەڵسەنگاندن و پێوەری زانستی بە رێنمایی تایبەت تایبەتمەندی بدات بە هەر زانکۆیەك، باشە؟ بەڵێ، ئەم پێنج رایە هەیە لە پێشدا ئەوەی لیژنەی یاسایی ئەخەینە دەنگەوە، بەڵێ کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەزم لێیە ئەندامانی پەرلەمان سەرنج بدەن، ئەم پرسە دوێنێ گفتوگۆی زۆری لە سەر کرایە، یاسا پێشکەش کرایە تا رادەیەك کەمێك ئیشکالی لە سەر دروست بووە، تکایە ئەبێ ئێمە تەسبیت بکەین بۆ ئەوەی، یەعنی ئێمە ئەو پێنج رایە ئێستا سەرۆکایەتی ئەمەی وت کە ئەم پێنج رایە دەخرێتە دەنگەوە کامەی زۆرینەی هێناو وابزانم وا قەرار درا کە ئەمە جێگیر دەکرێ بۆیە کەمێك دەقیق و حەزەر بن لە دەنگدانەکان بۆ ئەوەی دوای دەنگدان موناقشە و نوقتەی نیزامی دروست نەبێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بزەبت، من جارێکی تر راکان ئەخوێنمەوە بۆ ئەوەی ئێوە بزانن خۆتان یەك لا بکەنەوە دەنگ بە چی ئەدەن، رای یەکەم، ئەوەیە کە لە راپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتووە بڕگەی دووەم بەم شێوەیە ئەبێ، وەزارەتی خویندنی باڵا دەسەڵاتی پێدانی تایبەتمەندی هەیە بە زانکۆکان لە چوارچێوەی رێنمایی تایبەت، رای دووەم، ئەنجومەنی وەزیران بە تەنیا دەسەڵاتی پێدانی تایبەتمەندی هەیە بە زانکۆکان لە چوارچێوەی رێنمایی تایبەت، رای سێیەم، ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی وەزارەتی خویندنی باڵا و بە پێی هەڵسەنگاندن و پێوەری زانستی دەسەڵاتی پێدانی تایبەتمەندی هەیە بە زانکۆکان لە چوارچێوەی رێنمایی تایبەت، رای چوارەم، ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لە گەڵ وەزارەتی خویندنی باڵا و لە چوارچێوەی یاسای وەزارەت دەسەڵاتی پێدانی تایبەتمەندی هەیە بە زانکۆکان لە چوارچێوەی رێنمایی تایبەت، رای پێنجەم، هیچ تایبەتمەندییەك نەبێت و ئەم بڕگەیە لابڕێت، بەڕێزان، لیژنەی یاسایی پێیان وایە رای شەشەمیش هەیە، رای شەشەم، ئێمە تەبعەن رای سێیەم وتمان ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لە گەڵ وەزارەتی خویندنی باڵا و بە پێی هەڵسەنگاندن و پێوەری زانستی دەسەڵاتی پێدانی تایبەتمەندی هەیە بە زانکۆکان لە چوارچێوەی رێنمایی تایبەت، لیژنەی یاسایی پێیان وایە کە هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان وتوویانە بەم شێوەیە بێ، ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لە گەڵ وەزارەتی خویندنی باڵا دەسەڵاتی پێدانی تایبەتمەندی هەیە بە زانکۆکان لە چوارچێوەی رێنمایی تایبەت، واتە بە پێی پێوەر و هەڵسەنگاندن، ئەم رایەش هەیە، بەڵێ کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رای سێیەم لای من بوو بۆ گەیاندن، من پۆلین و پلەبەندی بە نووسراو ئاراستەی لیژنەی یاساییم کردووە، پۆلین و پلەبەندی تێدایە، پۆلین و پلەبەندی شتێکی عالەمیە بۆ نموونە ئێمە دە (١٠) ساڵی دیکە زانکۆیەکمان هەیە لە سەر ئاستی عالەمدا ئەبێتە بیستەم (٢٠) زانکۆی جیهانی باشە، ئێ ناکرێ ئەمە تایبەتمەندی پێ نەدرێت واتە پۆڵن و پلەبەندی، تکایە وەك خۆی با لیژنەی یاسایی بیخوێنێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەڵسەنگاندن ئەوەیە، پۆلێن و پلەبەندییە.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

ئەوە شتێکی مەتاتییە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەکرێت لیژنەیەك لە وەزارەتی خویندنی باڵا بلێت هەڵسەنگاندن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، دکتۆر فرست، نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن هیچی نوقتەی نیزامی نییە، یەعنی هەمووی رایە ئەوەی کە خویندرایەو ئەوەی کە ئەمن نووسی بووم، بەڵام ئاساییە ئەوەی کە کاك علی دەڵێ پلەبەندی، چونکە هەڵسەنگاندن یەعنی پلەبەندی، کامە دەنووسن زۆر زۆر ئاساییە، بەڵام پێشنیاز دەکەم بۆ ئەوەی زیاتر لێك نێزیك بین و لە گەڵ ئەو هاوڕێیانە کە رای جیاوازمان هەیە، ئێمە، من بووم رەئیم دا کە تەنها ئەنجومەنی وەزیران بە رێنمایی بتوانێت تایبەتمەندی، من بۆ ئەوەی لێك نێزیك بینەوە لە گەڵ هاوڕێکان رەئی خۆم سەحب دەکەمەوە، یەعنی ئەو رایەی کە دەڵێت تەنها ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی هەنگاوێك ئەوانیش لە گەڵمان بێنە پێش لە سەر ئەو سیغەیەی کە ئێستا پلەبەندیشی بۆ زیاد دەکەین، هەموومان دەنگی بۆ بدەین، لە گەڵ هاورێکانمان بۆ ئەوەی بتوانین بە یەك سیغە لەو مەسەلەیە دەربچین و ئەو هەموو رایەی ناوێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە پێی پۆلێن و پلەبەندی زانستی، وانییە؟ با بزانین دەنگدانەکەش چۆن ئەکرێ بەڕێزان، خۆتان ساغ کەنەوە، دەنگی یەکەم، تکایە ئاگادار بن، دەنگی یەکەم زۆرینەی سادەی بە دەست هێنا ناچینە سەر دەنگەکانی تر، ئالیەتی دەنگدان وایە لە ناو پەرلەمان، بەم شێوەیە، هەمیشە ئالەتی دەنگدان بەم شێوەیە بوو، لە ناو پەرلەمان دەنگی یەکەم زۆرینەی سادەی بە دەست هێنا، دەنگەکانی تر ناخرێتە دەنگدانەوە، بە هیچ شێوەیەك لە پەرلەمان وا نەبووە، فەرموو تەلار خان.

**بەڕێز تەلار لطیف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو رای تو ئەگەر واش بێت ئەو پلەبەندییە بۆچی بەو شێوازە هاتۆتە خارەوە؟ لە کاتێکدا ئەوە رای یەکەم بوو، لیژنەی یاسایی کە ئاماژە پێکراوە بەس دووەمیان لە گەڵ ئەو بوون تایبەتمەندی نەمێنێ، ئەوە رای دووەمە دوایی بە سێیەم ئەنجومەنی وەزیران و ئەوانی دیکە، بەو شێوازە بێ بۆ ئەوەی خەتی پێڕێ ناخۆش نەکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشه گەشه خان فەرموو.

**بەڕێز گەشه دارا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەر لەوەی کە پشتگیری قسەکانی تەلار خان ئەکەم، ئەگەر ئێمە بە عورفی پەرلەمانیش بێ ئەگەر رایەك هەبووە چەند پەرلەمانتارێك ئەو رایەی هەبوو پشتگیری کردووە خۆ بێ هیچ نەبێ ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە و ناکرێ دە پەرلەمانتار وتی تایبەتمەندی نەمێنێت و نەخرێتە دەنگدانەوە، لە بەر ئەوەی دەنگی یەکەم زۆرینەی سادە ئەهێنێ و ئەگەر رای تایبەتمەندییەکەش پێش رایەکانی تر بوو، بۆیە ناکرێت نەخرێتە دەنگدانەوە ...

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەموو ئەو شتانەی کە ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، هەموو ئەو ڕایانەی کە دەیخەینە دەنگەوە، ڕای ئەندامانی پەرلەمان بووە، ڕیزبەندییەکەشی ڕاپۆرتی لیژنە پێدانی تایبەتمەندییە، تایبەتمەندی وەزارەت، دوایی تایبەتمەندی ئەنجومەنی وەزیران، دوایی ئەنجومەنی وەزیران سەحب دەکات، دوایی ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لەگەڵ خوێندنی باڵا، کاك سالاریش لە زووەوە دەستی بەرز کردیتەوە، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا پرسیاری من لە جەنابت ئەوەیە، بەپێی چ تەسنیفێك ڕای یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەمت دەرج کردووە؟ چونکە بە دیدی ئێمە ئەگەر بەو ئالیەتە بێ کە جەنابت بیخەیتە دەنگدانەوە، بۆ نموونە تەرحی یەکەم زۆرینەی بەدەست هێنا، بۆچوونەکانی تر بسڕێتەوە پێم وایە ئیجحافە بە حەقی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان، چونکە هەندێك لە بۆچوونەکان زۆرترین ئەندامی پەرلەمان پشتگیری و تەبەنی کردووە، حەقە لای ئێوە ئەو پێوەرانە وەکو خۆی ڕەچاو بکرایە، زۆر سوپاستان دەکەم، ئەگەر بەو میکانیزمە بێ پێم وایە ئیجحافە بەحەقی تێڕوانینی ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار ئەوە ڕەوتی کارکردنە لەناو پەرلەمانی کوردستان نەك ئێستا، بەردەوام پەرلەمانی کوردستان بەمشێوەیە کاری کردووە، هەموو ڕایەکانی نەختستۆتە دەنگەوە ، کام ڕایە زۆرینەی بەدەست دێنێ، ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر خۆیان ساغ بکەنەوە لەسەر ڕایەکی موعەیەن و، کامەی زۆرینەی بەدەست هێنا، ئەوە پەسەند دەکرێت، دکتۆرە بەهار فەرموو.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی ئەوە بەدەقیقی ئەم بابەتە لە پەیڕەوی ناوخۆدا نەهاتووە، لەبەرئەوەی ئێستا ڕەئییەکان زۆرن، (٥) ڕەئییە، وابزانم (٦) ڕەئیشە، بۆیە من پێشنیاردەکەم کە هەموویان بخەنە دەنگدانەوە، دەنگ هێنانی هەریەکەیان تەسجیل بکەین، کامیان زۆرتری هێنا ئەوەیان تەبەنی بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرست فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەو پێوەرەی ئێستا دکتۆرە بەهار باسی کرد تەتبیقی بکەیت، دەبێ لە زۆر لەو دەنگدانانەی کە لە خولێکدا لە یاساکانی تردا کردوومانە گومان بخەینە سەر ئەو دەنگدانە لەبەرچی، لە هەموو یاساکان بڕگە هەبووە، لە ماددەیەك (٥) ڕەئی لەسەر بووە، داتە دەنگدان کامەی زۆرتری هێنا ئەوت تێپەڕاند، مانای وایە ئەی ئەوکاتە ئیجحاف نەبوو بە حەقی ئەو خەڵکە، کە ئەوکات ڕەئییەکی دابوو نەخرایە دەنگدان؟ باشە بۆچی ئینتیقائی بێ لەکاتێکدا مەسەلەیەك بمانەوێت هەمووی بخەینە دەنگدان، مەسەلەیەکیش کە نەمانەوێ لێی بگەڕێین، بۆیە بە تەسەوری من مادام بەوشێوەیە ڕۆیشتووە، دەبێ بەوشێوەیە بڕوات، چونکە دەبێ گومان بخەینە سەر هەموو ئەو حاڵەتانەی کە پێشتریش هەمان بووەو نەمان خستۆتە دەنگدان، بەزۆرینە تێمان پەڕاندووە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو امنە فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگریا رەئیا دکتۆر فرست دکەم، هەمان دەمدا ئەگەر ناڤ دەقێت پەیڕەوی دا روونی و ئاشکرایی نەهاتبیت، مافێ پەرلەمانی یێ هەی، مافی پەرلەمانی کاك سالار و کاك گۆران د خولا رابردوودا باشتر دزانن، ئاگەهدارترن کو ب هەمی دەنگدانا ب ڤی شێوازی یا چووی، ئەول ئەصڵێ ماددێ یە دێ چییە دەنگدانێ دا پشتی هنگی پێشنیارێت هاتینە کرن دا بچینە دەنگدانێ دا کێ پتری ئینا ئوتوماتیکیەن نازڤریە سەر پێشنیارێت چووی، دەنگ ب زۆرینەیا سادە یا ئینای، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو تەلار فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بەوشێوازەش بێ، کە د. فرست ئێستا ئاماژەی پێکرد یان وەکو دکتۆرە بەهار، بەڕێزبەندییەکە بەوشێوازە نەبێ کە وەکو یەکەم کەس کێ ئەوەی لیژنەی یاسا بێ تەئکید دەکەمەوە، دووەم : کێ پێشنیاری کردووە بۆیە بەوشێوەیە بێ بەڕاستی ئیجحافە بە حەقی ئەندام پەرلەمانەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئەگەر ئەندام پەرلەمانێك درەنگ قسەی کردبێ، ئەوەش ئیجحاف نییە؟ من سەیرم لێ دێ بەڕاستی ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان، ئێوە نوخبەی کۆمەڵگان ئەگەر تەنها بەوەی کە یەکێك زووتر بخرێتە دەنگدانەوەو ئەوە دەنگ بێنێت، یەکێکی درەنگتر بخرێتە دەنگدانەوە ئەوە دەنگ نەهێنێت ئەوە چۆن دەبێت؟ کەواتە ئێوە خۆتان ساغ ناکەنەوە، بەپێی ئەوەی کە دەخرێتە دەنگدانەوە ڕەچاوی دەکەن، لەکاتێکدا تۆ دەتوانی ڕای یەکەم دژی دەنگ بدەی، ڕای دووەم دژی دەنگ بدەی، ڕای سێیەم دژی دەنگ بدەی، دەنگ بۆ شەشەم بدەی، مامۆستا مەڕوان فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین (مەڕوان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە قەناعەتی من ئەو ڕەئییانەی کە جەنابت خوێندتەوە، هەر پەرلەمانتارێك و جەنابت ئیشارەتت پێکرد، خۆی ساغ کردۆتەوە دەنگ بۆ کامەیان دەداتن، کامەیان دەنگی زیاتری هێنا کە نیسابەکەی تەواو کرد، ئەوانی تر بە تەسەوری من پێویست ناکات دەنگیان بۆ بدرێن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. عزت فەرموو.

**بەڕێز د. عزت صابر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە ساڵی دووەمە لە پەرلەمان سودفەی ئەوەم نەکرد (٥ یان٦) ڕا هەبێت، هەر سودفەی ئەوەم کردووە (٣) ڕا بووە، نازانم ئەوە بۆ گەیشتۆتە شەش ئەوە یەك، دوو: بەڕاستی ئەوە ئیشی لیژنەی یاسایی و لیژنەی پەیوەندیدار بوو، ئەو تسەلسولە دابنێ بۆ ئێمە، چونکە زۆرینە لەسەر چی کۆك بوو، با ڕای یەکەم بێ یان بڕیاری لیژنەی یاسا یاخود ڕاپۆرتی لیژنەی یاسا یەکەم بێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەبعەن ئەوە هەمووی لە دەرەوەی پەیڕەوە، ئەو موناقەشەیە هەمووی لە دەرەوەی پەیڕەوە، بەپێی پەیڕەو، بەپێی عورفی پەرلەمانی، کە هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان ئێستا لە خولی پێشووش بوون، ئەوانیش دەزانن هەمیشە دەنگدانەکە بەوشێوەیە بووە، ڕاپۆرت خراوەتە دەنگەوە دوای ئەوە ڕای ئەندامانی پەرلەمان خراوەتە دەنگەوە، یەك بە یەك ئەوەی زۆرینەی بەدەستهێنا ئەوەیان پەسەند کراوە،

بزانین چەند ئەندام پەرلەمانێك ناویان نووسیوە، من پێشنیاردەکەم (١٥) خولەك دەرفەت دەدەین بە فراکسیۆنەکان، کاك بەهزاد فەرموو.

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خالە ئێکێ ئەز دگەل هەندێمە ناڤ هۆلێدا (١٠) دەقە بدەینە هەردوو لیژنە بەڕێز، ئەو شەش ڕەئییە نووکە بۆتە پێنج ، ئەوی دووان د. فرست سەحبی کردەوە، شەشەم و سێیەم زۆر زۆر لەیەك نزیکن، دەکرێت ئەو لیژنە بەڕێزە دەمجیان بکات، تەنها چوار پێشنیار دەمێنێتەوە، ئەوکاتە هەر تەبیعییە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ بیدەینە دەنگدان، یەك لایی بکەینەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من حەزەرەکەم بۆیە سەرەتا وت، پێم خۆشە ئەو نیقاشە ئێستا بکرێت، نەك لەکاتی دەنگدان، کە شتێك دەنگی لەسەر درابا تووشی ئیشکال بووباین، ئێمە لێرە ناتوانین یەعنی وەك لیژنە ئەو ئەفزەلییەتە هەڵبژێرین، یەعنی هیچ سەلاحەتییەکمان نییە، ئایا ئەو ڕەئییە ئێمە دەکەینە یەکەم کە زۆرترین ئەندام پشتیوانی کردیە، ئەگەر ئەوە پێوەر بێ ئەوە زۆرترین وتیان هەڵبگیرێت، یان ئەوە دەکەینە تەسەلسولی یەکەم کە زووتر قسەی کردووە، بۆ نموونە دکتۆر فرست پێش هەلگرتنی ئەو ڕەئییە قسە کراوە، ئەوە زووتر قسەی کردووە دەیکەینە پێوەر، بۆئەوەی تەسەلسولی بۆ دابنێین، ئێمەش ناتوانین ڕەئییەکان دەمج بکەین و لێك بدەین، ڕەئی ئەندامانە، ئەگەر ئەندامێکی پەرلەمان تەرحێکی کردووە، سەحبی ڕەئییەکەی دەکات، یان دەمجی ڕەئییەکەی دەکات لەگەڵ ڕەئییەکی تر ئەوە ئەوکاتە ئێمە مەمنونین و بۆی دەمج دەکەین و ڕەئییەکەی ئەو لادەدەین، بەڵام ئێوە خۆتان ئێمە وەك لیژنە هیچ ئاگاداریەك لەبەردەستی ئێمە دانییە، ئێمە ئالییەتی ئەو مەوزوعە یەك لابکەینەوە، ئێمە ڕەئییەکانی هەمووتانمان دەرج کردییە، بە دەنگدان یەکلادەبێتەوە، ئالییەتی دەنگدانەکە نەسێکی وازح نییە، عورفی پەرلەمانی هەیە، ئسلوبی تر هەیە، ئەوە یەکلایی بکەنەوە، بە ئسلوبێك کە لەکاتی دەنگدانەکەدای کامەی دەنگی هێنا ئیشکالی لەسەر دروست نەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. ابراهیم فەرموو.

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ژی پێشنیارەك یا هەی، بەڵکی عیلاجا ڤی بابەتی بکەت، ژ بۆ دا ئەم ژ ڤێ ئیشکالێ دەرکەڤین کێ بەری کێ ئاخفتیە خالا ئێکێ یا لیژنا یاسایی، چونکی بربرا پەرلەمانیە کو ئەو لیژنا یاسایی خالا ئێکێ کا چ خالێ بۆ خۆ ئێك کەفتینە خالا ئێکێ بیت بۆ دەنگدانێ و خالا دوویێ لیژنا پەروەردێ ژی پێشنیارا خۆ دا پشتی ڤان هەر دووکا ئەوێن دی بێخنە دەنگدانێ، لیژنا پەروەردێ ئەگەر بێی سەحکەیێ دگەل خالا بەرێز علی حەمە صالح دگونجت، ئەم دشێن ڤێ گاڤێ خالا بەرێز علی حەمە صالح دەمج کەین دگەلێ خالا پەروەردە و خویندنی بالا ئەڤە خالەکا دی ژێ چوو خالەك ژی کاك فرست بێژن خالەك سەحب کر چار خالێن دی مان، خالا ئێکێ بۆ لیژنا یاسایی بیت، خالا دوویێ بۆ لیژنا پەروەردێ بیت، خالا سێ و چار بۆ بەرێزێن ئەندامێن پەرلەمانی بیت، رەنگە عەدالەتەك تێدا بیت، چونکی لیژنا یاسایی تەمسیلا هەمی فراکسیۆنا دکەت، لیژنا پەروەردێ ژی تەمسیلا هەمی فراکسیۆنا دکەت ب قناعەتا من پیچەکا عەدالەتێ یا تێدا هەی ئەگەر هوین هاو را بن دگەلێ مە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پەرەوەردەو خوێندنی باڵا ئەو ڕایەتان لە ڕاپۆرتەکەدا دەرج نەکردووە.

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نە، ئەوەیە ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆی هەیە تایبەتمەندی بداتە هەر......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان عورفی پەرلەمانی چۆن بووە، وا دەڕۆین، لیژنەی پەیڕەوی ناوخۆ ئەوە یەکێکە لە ئیشکالییەتەکانی تر، لیژنەی پەیڕەوی ناوخۆ داوایان لێ دەکەین ، کە چۆن لە هەمواری پەیڕەوی ناوخۆ چارەسەری بکەن، بەڵام ئێستا عورفی پەرلەمانی چۆن بووە وا دەڕۆین، ئەگەرنا نیشانەی پرسیار لەسەر کۆی ئەو یاسایانەی کە لە رابردوو دەرچوون لە (٣) خولی رابردوو و، لە خولەکەی ئێستاشمان نیشانەی پرسیاری دەکەوێتە سەر، بۆیە ناچارین لەسەر عورفی پەرلەمانی بڕۆین، د. فرست فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵێ پەیڕەوییە بە تەئکید ئەوەی ئێستا دەیڵێم، ئەگەر سەیری ماددەی (١٧) بکەی، لە فەقەرەی (٣) دەڵێت بەڕێوەبردنی گفتوگۆ و پارێزگاری کردن لە ڕێکارییەکانی، ئەوە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی پەرلەمانە، تەنزیمی گفتوگۆو ڕێکارەکانی ناو کۆبوونە بەتایبەتی جەنابت وەکو سەرۆکی پەرلەمان خۆت دەتوانی ئەوەی ڕێك بخەیت ئەوە یەك، سەبارەت بە مەسەلەی دەنگدان ئەگەر سەیری ماددەی (٧٧) بکەین، لە

ماددەی (٧٧) هاتووە دوو بڕگەیە، یاساو بڕیارەکان بەزۆرینەی ژمارەی ئەندامە ئامادەبووەکان دەردەکرێن، جگە لەو حاڵەتانەی زۆرینەی تایبەتیان تێدا مەرج کراوە، بڕگەی دوو تەماشا بکەن، سەرۆك بەپێی ئەنجامی دەنگدان بڕیاری پەرلەمان بە ڕەزامەندی یان ڕەت کردنەوە ڕادەگەیەنێ، مانای وایە لێرە ڕەت کردنەوە مانای چییە، کە درایە تەسویت یەکێك بردیەوە مانای وایە ڕەئییەکەی تر ڕەت کرایەوە، بۆیە ئەوە جگە لەوەی عورفێکی پەرلەمانی بووە ئەگەر تەماشاشی بکەی لە ماددەی (٧٧) بەجۆرێك لە جۆرەکان ڕوونە، ئەگەر نا ڕوونیشە بەسەرچاو لەکاتی پەیڕەو ڕوونتری دەکەین، هەتا مەسەلەی ئەو ڕەئییانەش دەتوانین چارەسەری بکەین، بەلآم بە تەئکید لێرە کێشەیەکی زۆر گەورەمان دەبێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوانزە ناو نووسراوە بۆ نوقتەی نیزامی، بەلآم پێموابێت ئیتر نوقتەی نیزامی نییە، نوقتەی نیزامی ڕوونکرایەوە کە بە پێی پەیڕەو دەنگدان چۆنە، فەرموو کاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بابەتە جەدەل هەڵدەگرێ، لەبەر ئەوە پێموایە قسەیەکی دەقیق نییە کە موسبەقەن پێتان وایە ئەگەر داوای نوقتەی نیزامی بکرێ، کە نوقتەی نیزامی نییە، کە جەنابت دەتەوێ ئیستیناد بکەیتە سەر عورفی پەرلەمانی من ڕوونی دەکەمەوە لە خولی پێشوو چۆن ئەو بابەتە پەیڕەو کراوە، ئەو تێڕوانینەی لە ڕاپۆرتی لیژنەی مەعنی دا هاتووە دەخرێتە دوورترین ڕا، دوورترین هەرە دوورترین، بۆ؟ لەبەر ئەوەی پێویستە ڕای ئەندامانی پەرلەمان بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ، لەڕای ئەندامانی پەرلەمانیش دا لیژنەی مەعنی تەسەلسول، واتا ژمارەی تێڕوانینەکان دەستنیشان دەکات، بۆ نموونە زەعیفترین ڕا، دوورترین ڕا وەردەگیرێ بە نەزەری ئیعتیبار، بۆ ئەوەی مافی کەمینە بپارێزرێ، کەمترین ڕا دەخرێتە دەنگدانەوە، بۆ نموونە ئەم خاڵە سێ پشتیوانی هەیە، حەوت پشتیوانی هەیە، نۆ پشتیوانی هەیە، دوانزە پشتیوانی هەیە، تۆ لە سێ یەکە بۆ حەوت بۆ نۆ بۆ دوانزە دەست پێ دەکەی، نەك زۆرترینیان، ئەوە بۆچی؟ بۆ پاراستنی مافی کەمینە، ڕێزی بۆچوونی کەمینە، ئەگەر عورفی پەرلەمانیتان دەوێ لە خولی پێشوو بەم جۆرە موتەبەع بووە و کار کراوە، ئەگەر تێڕوانینێکی ترتان هەیە، دەقێك پێش دەخەن ئەوە مەسەلەیەکی ترە، سوپاست دەکەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك سالار، داوات لێ دەکەم کە بە حەساسییەتەوە، کەس بە حەساسیەتەوە ئەوە وەرنەگرێ، هیوادارم لە خولی پێشووش ڕاتان وابوایە، کە ڕای کەمینە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرایە، زۆربەی ئەو پرۆژە یاسایانەی، بە یارمەتیتان، من سەیری پرۆتۆکۆلاتی پەرلەمانم کردووە، بەدواداچوونم کردووە، ئەو ڕایەی کە ئێستا لێرە دەیلێم عورفی پەرلەمانی بووە، ئەندامانی تری خولی پێشووش لێرە دانیشتوون، بە بەڕێز کاك گۆرانیشەوە، بە یارمەتیت، من دڵنیام ڕەنگە ڕای جەنابت وابووبێ لە خولی پێشووش، بەلآم

زۆربەی ئەو پرۆژە یاسایانەی لە خولی پێشوو لەلایەن فراکسیۆنەکانی کەمینەوە پێشکەش کراون هەر نەهێنراونەتە ناو هۆڵی پەرلەمان، هەر ڕەت کراونەتەوە، باشە، بەڕێزان لە هەر فراکسیۆن دا ئێستا ژمارەیەکی زۆر ناو نووسراوە، لە هەر فراکسیۆنەوە ڕای یەك کەسی تر وەردەگرین، کاك سالارمان وەرگرت لە فراکسیۆنی سەوز، لە فراکسیۆنی زەرد خاتوو امنە زکری وەردەگرین، فەرموو.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب دیدا من نوکا وەختی دەنگدانیە پێویست ناکات ئەڤ هەمی نوقتە نیزامییە بهێنە وەرگرتن، ئەڤ نوقتە نیزامیە ژێ هەمی دەرڤەی نیزامینە، پاشان عورفێ پەرلەمانی هەی، مادام عورفێ پەرلەمانی هەیە چا هاتیە جێبەجێ کرن، نووکە دڤێتن حالەتی دەنگدانێ دڤێت بچیتە واری دەنگدانی دا، پێویست ناکات، هاڤکاری من کاك سالار بەحسی هەندێ کر کو ڕەئیایە ئەوە کو ناڤ ڕاپۆرتا دێتن بچێتە ئەخیری دەنگدان، ئەوە پرۆتۆکۆلێت پەرلەمانیت ژی هەی، ڕەئیا کو یا تەسبیت بووی، ئەو ئی عەوەلیش دەنگادنیش دا پێشەنگی ڕەئییێ دا دەچنە دەنگدانی دا، ژ بەرهەندێ نووکە ئەز دبینم وەختێ دەنگدانا پێویست ناکا هیچ نوقتە نیزامەییەکا بێتە وەرگرتن.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وایە، ڕای لیژنەکان لە پێش دا چۆتە دەنگدانەوە، سوپاس، فراکسیۆنی گۆڕان، کاك علی حەمە صالح، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە دیدی ئێمە هیچ ئیشکالیەتێك لەوەدا نییە کە یەکەم ڕا دەخرێتە پێشەوە یان نا، چونکە دەبێ پەرلەمانتار بەڕاسی وەعی ئەوەی هەبێ، بزانێ دەنگ بە کام ئیختیار دەدات، ئەوە لەلایەك، دوو/ ئەی چۆن ئێمە باسی دیموکراسییەت و لیستی نیمچە کراوە دەکەین، کە هاووڵاتییەکی ئاسایی دەڕوات دەنگ دەدات بە کاندیدی ڕەقەم (٨٧)، دەنگ بە دوو نادات، یەعنی دەبێ پەرلەمانتار وەعی ئەوەی هەبێ بە قەدەر هاووڵاتییەکی دەنگدەر، بەڕاستی ئەوە لای ئێمە جەدەلێکی ناپێویستە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك أبوبکر لە فراکسیۆنی یەکگرتوو، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله (أبوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەوهەری کێشەکە دوو شتە، تایبەتمەندی هەبێ یان نەبێ؟ بەڕای من ئەوە یەکەم بخەینە دەنگدانەوە، هەبێ یان نەبێ؟ ئەگەر تایبەتمەندی نەما ئەوە کێشەکە چارەسەر دەبێ، دووەم/ ئەگەر تایبەتمەندی

هەبوو چۆن ڕێکی بخەین؟ دوو میکانیزممان هەیە، یان لە چوارچێوەی یاسای وەزارەت، یان بە هەماهەنگی نێوان ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی مەعنی، ئەو دوو حەلە هەیە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، فەرموو کاك سۆران.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ڕەئیمان وایە ئەم پرسە ئەوەندە هەستیار نییە و هەندەش هەستیاری ناوێ، متمانە نەبوون بە یەکتر لەوەی کە کام ڕایان بخرێتە پێش یا پاش، بەڕاستی ئەوە بۆ داهاتوومان، بۆ عورفی پەرلەمانیمان، بۆ متمانەی نێوانمان پێموایە زۆر خراپە، ئێمە لە فراکسیۆنی خۆمان ڕامان یەکلایی یە، هیچیش لە دەنگمان ناگۆڕێ، لە ڕەئیمان ناگۆڕێ، ئەوەی کە ئێمە قەناعەتمان پێیەتی حەز دەکەی ئەخیر بیخەرە دەنگدان، هیوادارم ئەوەندە بە هەستیاری و بە حەساسییەتەوە مامەڵە نەکەین لەگەڵ ئەم پرسە، بۆیە عورفی پەرلەمانی چۆن بووە ئێمە لەگەڵی داین.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك عبداللە، فەرموو.

**بەڕێز عبداللە حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی جەنابت پێشتر تەرحت کرد، بە تەئکید وایە، پەرلەمانتاریش خۆی یەکلایی کردۆتەوە، کامیان زۆرینەی دەنگەکانی هێنا ئەوە دەبێ بە بڕیار و کۆتایی پێ دێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، بەڕێز کاك ماجد عثمان، فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر چەندە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکان چاویان لە پەرلەمانی کوردستانە بۆ ئەوەی بە یاسا کارەکان ڕێك بخەن، بەڵام ئەمڕۆ دیارە بەخۆمان کۆك نین لەسەر ئەوە، حەز دەکەین تۆپەکە باوێینە ساحەی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتەکان خۆیان بۆ خۆیان عیلاجی کێشەکانی خۆیان بکەن، من پێموایە باشترین ڕەئی ڕەئی سێیەمە کە ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندیدار بە هەماهەنگی هەردوو لایەن ئەوە بکات، بەڵام منیش لەگەڵ ڕای کاك سۆرانم، پێشتریش ڕەئیم ئەوەبوو کە ئەگەر زۆر مەترسی هەیە لەوەی کە بڕگەی یەکەم بخرێتە دەنگدان و لەوانەیە حەسمی مەسەلەکە بکات، حەز دەکەن مەسەلەن ڕای شەشەم، یان پێنجەم ئەوەل جاری با تەصویتی لەسەر بکرێ، دوایی ئەوانی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، سوپاس، كەس ماوە؟ كاك أبو كاروان، د.شوان ئێوە قسە دەكەن؟ بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمیر (د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی لەسەرەتای گفتوگۆكانەوە هەر ئەوە بوو ئایا تایبەتمەندی هەبێت یان نەبێت؟ ئەوە پێویستە بخرێتە دەنگدانەوە، بەڕاستی وابزانم زۆر ئاڵۆز دەكرێت و دوور و درێژ دەكرێتەوە، دووەمیان/ هەموو موناقەشەكان تەئكید لەوە بوو كە نابێ نە وەزیری خوێندنی باڵا بە تەنها ئەو مافەی هەبێ، نە ئەنجومەنی وەزیرانیش، دەكرێ بە شێوازێك ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی خوێندنی باڵا مافیان هەبێت یاخود نەیانبێت؟ ئەوە یەكلایی بكاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك عمر ، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕای من ئەگەر بیكەی بە دوو بەشەوە مەسەلەكە، هەبێ یان نەبێ؟ وەكو د. شوان وتی، ئەو كاتە دەتوانین صیغەكانی تر لە یەك نزیك بكەینەوە، بە ڕەئی من هەبێ یان نەبێ؟ یەكەم جار بڵێ هەبێ یان نەبێ؟ یەكیان بخەرە دەنگدانەوە، ئەو كاتە ئەگەر هەبوو ئەوە لەسەر صیغەیەك ڕێك دەكەوین.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی ئێمە لە دەستەی سەرۆكایەتی پێمانوایە پێویست دەكات بە پێی عورفەكانی پێشوو لە ڕابردوو چۆن ڕۆیشتووە ئەم مەسەلەیە، بە پێی ئەوە بڕۆین، ئەوەی لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتووە ئەوە لە پێش دا بخەینە دەنگەوە، یەك بە یەك ڕاكانی تر بخەینە دەنگەوە، بۆیە بڕیاری ئێمە بەم شێوەیەیە كە ئەوەی لە عورفی پێشوو كاری پێ كراوە، بەو شێوەیە دەڕۆین، تا ئەم مەسەلەیە دواتر بە شێوەیەكی ڕێك و پێكتر لە پەیڕەو دا ڕێك دەخرێتەوە، ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگەوە، تەبعەن ئەندامانی پەرلەمان بۆیان هەیە، ڕای یەكەم دەنگی نەهێنا، ئەگەر ڕای دووەمی بە دڵ بوو، ڕای یەكەم بە دڵێ نەبووە ڕای دووەم بە دڵیەتی دەنگی بۆ بدات، یان بە پێچەوانەوە، بۆیە بەم شێوەیە جارێ ڕای لیژنەی یاسایی كە لە ڕاپۆرتەكەیان تەسبیتی كردووە، با بیخەینە دەنگەوە، كێ لەگەڵ ئەوەیە كە وەزارەتی خوێندنی باڵا دەسەڵاتی پێدانی تایبەتمەندی هەبێ بە زانكۆكان لە چوارچێوەی ڕێنمایی تایبەت، كێ لەگەڵیەتی با دەست بەرز بكاتەوە؟ دوو كەس لەگەڵیەتی، كێ دژیەتی؟ (٦٧) كەس دژیەتی، كەواتە ئەو ڕایە پەسند نەكرا، ڕای دووەم/ دكتۆر فرست سەحبی كردووە كە ڕای یەكەم ئەوەیە خوێندنی باڵا، ڕای دووەم ئەنجومەنی وەزیران، ڕای سێیەم كە بەشێكی ئەندامانی پەرلەمان تەرحیان كرد، ئەم دووانە هەردووكیان پێكەوە بێ، بە پێی پێوەر و بە پێی پۆلێن و پلە بەندی زانستی، كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەنجومەنی وەزیران بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی

خوێندنی باڵا بە پێی پۆلێن و پلەبەندی زانستی دەسەڵاتی پێدانی تایبەتمەندی هەبێت بە زانکۆکان لە چوارچێوەی ڕێنمایی تایبەت؟ کێ لەگەڵیەتی؟ (٤٧) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ (٣٠) کەس دژیەتی، کەواتە پەسند کرا، تکایە هێمنی خۆت بپارێزە بەڕێز بێگەرد خان.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاساکە کۆتایی پێ هات، بەڵام یەك داواکاریم هەیە.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یاساکە کۆتایی پێ نەهاتووە.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن خۆشناو:**

ئەو بڕگەیە کۆتایی پێ هات، یەك داواکاریمان هەیە، لەبەر ئەوەی زۆر باس لەسەر داهاتی حکومەت و صەرف کردن و بەهەدەر دانی دەکرا، ئێمە داواکارین لیژنەیەکی تەحقیقی لە پەرلەمانی کوردستان، لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا، لیژنەی نەزاهە، لیژنەی دارایی دروست بکرێت...

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نیزامی نییە ئەوە، تکایە کاك ئومێد نیزامی نییە ئەم بابەتە، تکایە نیزامی نییە، هەر ڕایەکت هەیە دەتوانی ناو بنووسی، تکایە هێوڕ بەرەوە، بەڕێز کاك ئومێد تکایە هێوڕ بەرەوە، لیژنە پەیوەندیدارەکان، تکایە بێگەرد خان، خاتوو د. جوان فەرموو.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بۆ ڕێکخستنەوەی ئەو هەڵە یاساییەی کە لە برگەی (٢)ی ماددەی (٧)ی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی هەموار کراو داهاتووە لە دارشتنەکەدا پشت بە ڕێنمایی بەستووە هاوکات وە ئەوەی هیچ زانکۆیەکی حکومی لە دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا نەمینێت ئەم یاسایە دەرچوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کەواتە سێ ڕا هەیە لێرەیە، کێ گفتوگۆی هەیە لەسەر هۆیەکانی دەرچواندن؟

کاك د.فرست فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە هۆیەکانی دەرچواندن ئەوەی کە لیژنەی یاسایی نووسیویەتی هەم پوختە و هەم دروسترە، بۆیە پاڵپشتی ئەو ڕایە دەکەم، ئەوەی تریان کە ئاماژە بە هەڵە دان و ئەمە دەکات لەوانەیە ئەوە خۆی نیشانەی پرسیار هەموو ئەو ئیجرائاتە عیلمی و قانونیانە دروست بکات لە رابردوو لە زانکۆی کوردستان و ئەوانە کراوە، بۆیە پاڵپشتی ئەو هۆیانەی دەرچواندن دەکەم کەلیژنەی یاسایی لە ڕاپۆرتەکەیاندا ئاماژەی پێداوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو د. جوان فەرموو.

**بەڕێز د. جوان اسماعیل عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەڵام پشتگیری ڕەئی د.فرسەتی دەکەم بە هەمان ڕەئی ڕای لیژنەی یاسایی بی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بیخوێننەوە هۆیەکانی دەرچواندن ئەوەی کە لە ڕاپۆڕتی لیژنەی یاساییدا هاتووە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە؟

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچواندن دانانی ئەم یاسایە، بۆ برەو دان بە ڕەوتی زانست و ڕێکخستنەوەی سەرجەم دەزگاو ناوەندەکان لە چوارچێوەی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەلیەتی؟ کێ لەگەڵ هۆیەکانی دەرچواندنە کە خوێندرایەوە؟ (٣٣) کەس لەگەڵیەتی، کێ دژیەتی؟ کەس نییە دژی بێ ، کەواتە پەسەند کرا، کۆی یاساکە ئەخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ کۆی یاساکەیە؟ (٣٥) کەس لەگەڵیەتی؟، کێ دژیەتی؟ (٢٣) کەس دژیەتی، کەواتە کۆی یاساکە پەسەند کرا، پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان دەکەین بە بۆنەی دەرچوونی ئەم یاسایە، زۆر سوپاس بۆ لیژنەی پەروەردە، ئەتوانن بڕۆنە شوێنەکانی خۆتان ئێستا ئەچینە سەر بڕگەی سێیەم لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان کە بریتییە لە خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە یاساو بریارانەی خوارەوە بە پێی ماددەی (٧١) لە پەیرەوەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموار کراو کە (٧) پرۆژە یاساو بریارن داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین کە یەك بەیەك بیانخوێننەوە بۆ ئەوەی ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی بکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر (هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامی نییە، بەس وەك ئەو هەموو خەڵکەی لە بەیانییەوە قسە ئەکەن بە ناوی نوقتەی نیزامی حەز ئەکەم دوو قسە بڵێم لەسەر ئەم دوو یاسایەی داهاتوو ئەگەر ڕێگەم پێبدەی .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو خرایە دەنگەوە قسەی لەسەر کراو کۆتایی پێهات.

**بەرێز ابوبکر عمر (هەڵەدنی):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر قسەم ئەبری قسە ناکەم، بەس ئەگەر رێگەم ئەدەی وەکو ئەو هەموو خەڵکە هی وا هەیە (٧) جار موداخەلە ئەکات

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ لەبەر ئەوەی جیاوازی هەبوو لە نێوان هەموو فراکسیۆنە حزبیەکان لەسەر ئەو بابەتە بۆیە قسەیان کرد، ئێستا چووینەتە سەر بڕگەیەکی تر ئەو بڕگەیە کۆتایی پێهات.

**بەرێز ابوبکر عمر (هەڵەدنی):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ داهاتوو ئەڵێم من قسە لەسەر داهاتوو ئەکەم .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ داهاتوو جەنابت ئەتوانی دواتر قسە بکەی، لە کاتی خۆیدا قسە بکەی. کاك عمر فەرموو.

**بەرێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرای من پرۆژە بڕیاری هێشتنەوەی تەنیا یەك مووچە بۆ ئەو کەسانەی زیاتر لە یەك مووچەیان هەیە شتێکی یاسایی نییە تەحسیل حاسلە ئەمە پرۆژە نییە ئەمە تەدەخولێکی سرفە لە ئەدائی حکومەت، ناکرێ یاسای ئاوا ئێمە پێشکەش بکەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با بێینە سەر ئەو پرۆژە یاسایە کە خوێندنەوەی یەکەممان بۆی کرد ئەو کاتە ئەتوانی جەنابت قسەی خۆت بکەی.

**د. بەهار محمود فتاح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای یەکەم/ بریتیە لە پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٣)ی (زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق ) ئەم پرۆژە یاسایە لە یەك ماددەو هۆکارەکانی دەرچواندن پێکهاتووە وە لە لایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە کە ئەمە ناوە کانیانە.

١-سهام عمر قادر ٢-کەژاڵ هادی ٣-حاجی کاروان ٤-غریب پێنجوێنی ٥-بەهزاد دەروێ ٦-ابوبکر عبدالله (هەڵەدنی) ٧-د. عبدالله جاسم ٨-تحسین اسماعیل ٩-عباس غزالی ١٠-سعید مصیفی ١١-د.فرست صۆفی ١٢-هەورامان گەچێنەیی ١٣-سۆران عمر ١٤-د.عزت صابر ١٥-صالح فەقێ ١٦-سوهراب رێکانی ١٧-شکریە اسماعیل، داوا لە بەرێزتان ئەکەم ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی پەرلەمان و لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی پەرلەمان دەكرێ.

**د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای دووەم/بەهەمان عینوانە، بەڵام پێشكەشكارەكان جیان و ئەو ماددە قانونیەش كە داوای تەعدیلیان كردووە جیاوازە پرۆژە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای ژمارە دووی ساڵی (٢٠١٣) یاسای زانكۆ تایبەتەكان لە هەرێمی كوردستان، ئەم پرۆژە یاسایە لە پێنج ماددەو هۆكارەكانی دەرچوون پێكهاتووە لەلایەن ژمارە یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە كە ئەمە ناوەكانیانە:

١-سۆران عمر ٢-عبدالرحمن علی ٣-عادل عزیز ٣-بێستون فایەق ٥-فرحان جوهر ٦-د. ڕێواز فائق ٧-خلف احمد ٨-سعید مصیفی ٩-سالار محمود ١٠-صالح فەقێ ١١-مریم صمد ١٢-عباس فتاح ١٣-سەركەوت سەحەد ١٤-زانا عبدالرحمن ١٥-سهام عمر ١٦-سوهراب میكائیل ١٧-وحیدە یاقو ١٨-زولفا محمود داواكارم لە بەڕێزتان ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەكان بكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی كاروباری یاسایی و لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پەرلەمان دەكەین.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای سێیەم/ بریتیە لە پرۆژە یاسای دڵنیایی كۆمەڵایەتی ئەم پرۆژە یاسایە لە (٢٢) ماددەو هۆكارەكانی دەرچوون پێك هاتووە لە لایەن ژمارە یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە كە ئەمە ناوەكانیانە:

١-عبدالرحمن علی رضا

٢-قارەمان قادر

٣-ایوب عبدالله

٤- منیره عثمان

٥-محمود حاجی

٦-فائق مصطفي

٧-عادل عزیز

٨-ڕۆزا محمود

٩-بەهار محمود

**١٠-ئومێد حەمە علی**

**١١-علی حەمە صالح**

**١٢-انور قادر**

**١٣-حسن صالح**

**١٤-پەروا علی**

**داواكارم لە بەرێزتان ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەكان بكەن.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڵێ، ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی و خێزان و لیژنەی دارایی كاروباری ئابووری وەبەرهێنان و لیژنەی كاروباری یاسایی و گشت ئەندامانی پەرلەمان ئەكرێ.**

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پرۆژە یاسای چوارەم/ بریتیە لە پرۆژە یاسای بەخشینی پێشمەرگەو هێزەكانی ناوخۆ و ئاسایش لە سولفەی هاوسەرگیری وقەرزی خانووبەرە، ئەم پرۆژە یاسایە لە حەوت ماددەو هۆكارەكانی دەرچوون پێك هاتووە، لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە ئەمە ناوەكانیانە:**

**١-علی حەمە صالح**

**٢-سۆران عمر**

**٣-عادل عزیز**

**٤-عبدالرحمن علی**

**٥-رۆزا محمود**

**٦-شكریە اسماعیل**

**٧-حسین اسماعیل**

**٨-فخرالدین قادر**

**٩-نجیبە لطیف**

**١٠-هەورامان حەمە شریف**

**١١-د. عزەت صابر**

**١٢-شێركۆ جودت**

**١٣-صالح فەقێ**

**١٤-علی علی هالۆ**

**١٥-دڵشاد شعبان**

**١٦-د. رێواز فائق**

١٧-برزۆ مجيد

١٨-د. شوان قەلادزەیی

داواکارین لە بەڕێزتان ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی پێشمەرگەو شەهیدان قوربانیانی جینۆساید، لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان وە گشت ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئەکرێ.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای بەخشینی شەهیدان و پێشمەرگەو هێزەکانی ناوخۆ لە پێشینەی خانووبەرە و هاوسەرگیری.

١-قادر ئۆتمان

٢-ئاری هەرسین

٣-مریم صمد

٤-د. عزەت

٥-تەلار لطيف

٦-سعید مصیفی

٧-وحیدە یاقو

٨-بێگەر دڵشاد

٩-سالار محمود

١٠-خلف احمد

١١-زانا عبدالرحمن

١٢-سەرکەوت سەرحەت

ئەم پرۆژە یاسایە لە شەش ماددەو هۆیەکانی پێویست پێکهاتووە، داواکارین ئاراستەی لیژنەی مەعنی بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی پێشمەرگەو شەهیدان وقوربانیانی جینۆساید و لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری و وەبەرهێنان و گشت ئەندامانی پەرلەمان ئەکرێ.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیەك هەیە لەسەر ئەو پرۆژەیەی كەوا هێشتنەوەی یەك مووچە منیش وەك یاساییەك تێبینیم هەیە، بەڵام بە پێی بەرنامەی كار لەناو بەرنامەی كار دایە جا خوێندنەوەی یەكەمی بۆ دەكەن دوایی لە لیژنەكان رای لەسەر بدرێ یان لێرە دەنگی لەسەر دەدەن خوێندنەوەی یەكەمی بۆ نەكرێ، چونكە ئەمە ناچێتە چوارچێوەی بەراستی پرۆژە یاساوە، پێم وایە هەر عەیبەیەكە بۆ پەرلەمانە، ئەم پرۆژەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

خوێندنەوەی یەكەمی بۆ ئەكەین لیژنەی یاسایی ئەتوانێ لەسەر هەموو ئەو پرۆژە یاسایانەی، كە پێشكەشی پەرلەمان ئەكرێن، دوای ئەوەی خوێندنەوەی یەكەمیان بۆ ئەكرێ لە راپۆرتی خۆی ئاماژە بەوە بدات، كە ئەم پرۆژە یاسایە ئایا گونجاوە؟ لەگەڵ دەستوور گونجاوە؟ لەگەڵ یاساكانی تر گونجاوە یان نا؟ راپۆرتی لیژنەی یاسایی لەسەر هەموو پرۆژە یاساكانی كە پێشكەش بە پەرلەمان دەكرێ بۆ ئەم مەبەستەیە، بۆ ئەوەی لە یاسایی بوون و لە دەستوری بوونی پرۆژە بڕیارو یاساكان كە ئاراستەی پەرلەمان ئەكرێ دڵنیا ببینەوە

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرۆژە بریارسی هێشتنەوەی تەنیا یەك مووچە بۆ ئەو كەسانەی كە زیاتر لە یەك مووچەیان هەیە، ئەم پرۆژەیە لە سێ بڕگەو هۆیەكانی پێویست پێك هاتووە، وە ئەمەش ناوی پەرلەمانتارەكانە:

١-علی حەمە صالح

٢-شێركۆ جودت

٣-مدینە ایوب

٤-د. شیرین

٥-صالح فەقێ

٦-د. عیزەت

٧-برزۆ مجید

٨-عبدالرحمن علی

٩-بێستوون فائق

١٠-هێڤا حاجی

١١-جعفر ابراهیم

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پـرۆژە یاسـایە ئاراسـتەی لیژنـەی دارایـی و کاروبـاری ئـابووری وەبـەرهێنان و لیژنـەی یاسـایی و گشت ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ئەکرێ.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە بڕیاری پاراستنی سەروەری کوردستان – عێراق کە لە حەوت خـاڵ و هۆیـەکانی پێویسـت پێکهـاتووە لەلایەن ئەم بەڕێزانەوە ئامادەکراوەو پێشکەش کراوە:

١-ئومێد عبدالرحمن ٢-حیات مجید ٣-فیروز طه ٤-مدینه ایوب ٥-ئاواز حمید ٦-فرحان جوهر ٧-مەردان خـدر ٨-تحسین اسماعیل ٩-انس محمد ١٠-بشار مشیر ١١-صالح بشار ١٢-ناظم کبیر ١٣-امنـه زکـری ١٤-سـالار محمـود ١٥-محمد صادق ١٦-سۆران عمر ١٧-ابوبکر هەڵەدنی ١٨-سـوهراب میکائیـل ١٩-کـەژاڵ هـادی ٢٠-عبـاس فتـاح ٢١-قادر ئۆتمان ٢٢- نجیبه لطیف ٢٣-د. ڤالا فرید ٢٤-ڤـەمان فیصـل ٢٥-تـەلار لطیـف ٢٦-مـنیرة عثمـان ٢٧-شـیلان جعفر ٢٨-زیاد حسین

داواکارم ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکرێ.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلـەمان ئـەکرێت، زۆر سـوپاس بـۆ لیژنـەی یاسـایی دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆتان، بەڕێزان پێش کۆتایی هێنان بە دانیشتنی ئـەمڕۆمان تـەنها یـەك تێبینی ئەخەمە ڕوو بۆ ئەوەی بزانن ئەو ڕێکارەی کە گرتمانە بەر ڕێکارێکی تەواو ئوسوڵی و یاسـایی بـوو، لەو کاتەی ئەو برگەیەمان خستە دەنگدانەوە برگەی دوو کـە خسـتمانە دەنگدانـەوە (٨٦) ئەنـدام لـە هـۆڵی پەرلەمان بوون (٤٧) ئەنـدام بـە (بـەڵێ) دەنگیـان داوە بـۆ ئـەو ماددەیـە، واتـە زۆرینـەی ڕەهـای ئەنـدامانی ئامادەبوو لە هۆڵی پەرلەمان دەنگیان بەوم ماددەیـە داوە (٣٠) ئەنـدام بـە (نـەخێر) دەنگیـان پێـدا کـە زۆر کەمترە لە ژمارەی دەنگی ڕەهای ئەندامانی پەرلـەمان، کەواتـە پێویسـتیشی بـەو موناقەشـە زۆرە نـەدەکرد، زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان کە لە هۆڵ بوون، لەگەڵ ڕایەك یەك هاتبوونەوە وە ڕایەکەیان لـەلای خۆیـان یەکلایی کردبوویەوە لەسـەر ئـەم پرۆسـەیە دانیشـتنی ئـەمڕۆمان کۆتـایی پـێ ئـەهێنین دانیشـتنی داهـاتوو دواتر بانگیهێشتان ئەکەین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢٠)ی**

**دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٩\١٢\٢٠١٤**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٢٠)

## دوو شەممە رێكەوتی ٢٠١٤/١٢/٢٩

كاتژمێر (١٢)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی ٢٠١٤/١٢/٢٩ پەرلەمانی كوردستان - عێـراق بـە سـەرۆكایەتی یوسـف محمـد صـادق سـەرۆكی پەرلـەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز جعفـر ابـراهیم ئێمینكـی جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژماره (٢٠)ی خولی چـوارەمی، سـاڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بـەپێی حوكمـەكانی بڕگـە (١)ی مـاددە (٢٠) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (١)ی هـەمواركراوی سـاڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی كوردستان - عێـراق، دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیـاری دا دانیشـتنی ژمـارەی (٢٠)ی خـولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەكـەم لـە خـولی چـوارەمی هەڵبـژاردن لـە كـات (١٠،٣٠)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی دوو شەممە رێكەوتی ٢٠١٤/١٢/٢٩ دا بەم شێوەیە بێت:

یەكەم: گفتوگۆكردن لە سەر رەوشی كارەبا لە هەرێمی كوردستان بە ئامادەبوونی وەزیری كارەبا بەپێی خاڵی دوو لە بڕگەی دووەمی ماددەی (٥٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەمواركراو.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، دانیشتنەكەمان بە ناوی گەلی كوردستان دەكەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (٢٠)، رۆژی دانیشتن (٢٠١٤/١٢/٢٩)، بەرنامەی كار، بەپێی حوكمەكانی بڕگە (١)ی ماددەی (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەمواركراو، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا كاتی دانیشتنی ژمارە (٢٠)ی خولی گرێدانی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان، لە كاتژمێر (١٠/٣٠)ی پێش نیوەڕۆ، رۆژی دووشەممە، رێكەوتی (٢٠١٤/١٢/٢٩) بێت و بەرنامەی كاری دانیشتنەكە بەم شێوەیە بێت،

یەكەم: گفتوگۆكردن لە سەر رەوشی كارەبا لە هەرێمی كوردستان بە ئامادەبوونی وەزیری كارەبا بەپێی خاڵی دوو لە بڕگەی دووەمی ماددەی (٥٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەمواركراو.

پێشەكی بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری كارەبا (د. صلاح الدین بابكر) و بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان و، وەفدی راوێژكارانی وەزارەتی كارەبا دەكەین بۆ پەرلەمانی كوردستان ئێستا داوا لە بەڕێز سكرتێری پەرلەمان دەكەین كە ناوی ئامادەنەبووانی دانیشتنی پێشوو بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو بەخشیندەی میهرەبان، ناوی ئەندامانی پەرلەمان کە لە دانیشتنی ژمارە (١٩)ی ئاسایی لە بەرواری (٢٠١٤/١٢/٢٤)، مۆڵەت پێدراون یان بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون، لە کۆبوونەوەی یەکەمدا بەم شێوەیەی خوارەوەیە، (ئاری محمد (ئاری هەرسین) ـ مۆڵەت، ایوب عبدالله ـ مۆڵەت، ئاواز جەنگی ـ مۆڵەت، جمال عثمان ـ مۆڵەت، حیات مجید ـ مۆڵەت، ڕێواز فائق ـ ئامادەنەبووە، زۆزان صادق ـ مۆڵەت، سرود سلیم ـ مۆڵەت، صالح بشار ـ مۆڵەت، ڤالآ فرید ـ مۆڵەت، فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی)ـ مۆڵەت)، کنعان نجم الدین ـ (حاجی کاروان) مۆڵەت، کمال یلدا ـ مۆڵەت، لینا عزریا ـ ئامادەنەبووە، محمد علی ـ ئامادەنەبووە، محمود عمر ـ مۆڵەت، منیرە عثمان ـ مۆڵەت، وحیدە یاقو ـ مۆڵەت، یروانت نیسان ـ ئامادەنەبووە، یعقوب گورگیس ـ ئامادەنەبووە)

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا داوا لە بەڕێزتان دەکەین پوختەیەك لە کۆنووسی دانیشتنی پێشووی پەرلەمانی کوردستان بخوێننەوە،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٩) لە بەرواری (٢٠١٤/١٢/٢٤)، بەم شێوەیەی خوارەوە بوو،

١ ـ دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە،

٢ـ خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادەنەبوو، هەروەها خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە.

٣ـ پەسەندکردنی گفتوگۆکردن لە سەر پڕۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا دەست دەکەین بە بەرنامەی دانیشتنی ئەمڕۆمان کە بڕگەی یەکەمی بریتییە لە گفتوگۆکردن لە سەر ڕەوشی کارەبا لە هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی وەزیری کارەبا بەپێی خاڵی دوو لە بڕگەی دووەمی ماددەی (٥٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو. ئێستا داوا لە بەڕێز جەنابی وەزیر دەکەین کە بفەرموێت بۆ پێشکەش کردنی وتەیەك ئەگەر هەیەتی، فەرموو هێڤا خان نوقتەی نیزامییە؟

**بەڕێز هێڤا حاجی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت (محمد علی) کە ئامادەنەبووە، من خۆم ئیجازەم بۆی کردووە لێرە نەبووە لە جیاتی ئەو ئیجازەم وەرگرتووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شرین خان،

**بەڕێز شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو ئەندامی لیژنەی دارایی و ئابووری زۆرجار پێشنیارمان داوە بە حکومەت کە باج لە سەر خەڵك زیاد بکرێ بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە، بەڵام ئێوە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان نووسراوێك ئاراستەی وەزارەتتان کردووە کە باج لە سەر سەیارەی پەرلەمانتاران وەرنەگرن، ئەم بڕیارەش کە هیچ پەرلەمانتارێك ئاگای لێ نییە و، ئەم نووسراوەش دژە لەگەڵ بیرو رای لیژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم بابەتە هیچ پەیوەندی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان نییە، تەبعەن ئەو بابەتە دوایی وا موعالەجە کرا کە ئەسڵەن داوامان لە وەزارەتی دارایی کرد هیچ ئیستیسنائەك نەکرێ لەم بوارە، فەرموو مدینە خان،

**بەڕێز مدینە ایوب احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەزی پشتگیریا شرین خانێ دکەم هیچ شێوەکی چێ نابت، کەسب نابی مە ب ئاخڤیت سەبارەت بارودۆخی سەیارە ژی، ئەگەر ڤی بابەتێ زیتری دەم چارەسەر کەن ئەم ژی هیڤا هەندێنا، دبێت ئەم خۆ باوەریا بدە خۆ،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم بابەتە هیچ پەیوەندی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان نییە، فەرموو کاك انور،

**بەڕێز انور قادر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە مەسەلەی کڕینی سەیارە چ بە قیست بێ بە هەر شێوازێك بێ،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم بابەتە هیچ پەیوەندی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان نییە، ئێوە وەکو ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن ژمارەی یاساییتان داوای ئەوە بکەن کە ئەم بابەتە لە دانیشتنێکی پەرلەماندا باس بکرێ، ئەو کاتە دەیخەینە

بەرنامەی کارەوە وەکو بڕگەیەك دایدەنێن، هیچ پەیوەندی بە دانیشتنی ئەمڕۆمان نییە، فەرموو ئێڤار خان.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەیوەندی بە بەرنامەی کاری ئەمڕۆ نییە، بەڵام ماوەی چوار رۆژە پەرلەمانتار تەشهیر دەکرێتن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیوەندی بە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان نییە، دەتوانن داوای ئەوە بکەن بخرێتە بەرنامەی کارەوە، فەرموو ئێڤار خان.

**بەڕێز ئێڤار ابراهیم حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێك بوو،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ پێشنیارێك لەم رووەوە وەرناگیرێ، فەرموو کاك بەهزاد،

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش دوو هەیف و نیڤا بیروکەك مە دا سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ سەبارەت (سۆرس ئۆڤ پاوەر) یەعنی سەرچاوێ وزێ تایبەتی بەرهەم هینانە کەهرەبێ هەتا نووکە ئەڤ بیرۆکە پێشی (١٥) رۆژە تەبعەن ئەڤە دوو هەیف و نیڤە، تازە تەحویلی لیژنا سامانە سروشتییەکان هاتە کرن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانێ پشتی لیژنەش نازانم چ کریا چ نەکریا نەگەیشتە دەستا من، ئەڤە خالەك، خالە دووێ: پێشی نزیکی (٢٠) رۆژا یاداشتەك بە ئیمزایا یاسایی ئەندامێن پەرلەمانێ کۆم کرن کو یاداشتەك ئاڕاستەی سامانە سروشتییەکان بێتە کرن بۆ دابین کرنا سووتەمەنی بۆ وێستگەی بەرهەم هینانە کەهرەبێ، ئەڤ یاداشتەش ئەڤرۆش من موتابەعەم کر پەرلەمانێ هێشتا دەرنەچووە بۆ ئەنجومەنا وەزیران، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك زانا،

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کوردستان هەموو شتێك پەیوەندی بەیەکەوەیە ئەمڕۆ مەوزوعەکەمان کارەبایە و بەشێکی زۆری وەزارەتی کارەباش دەڵێ سووتەمەنی نییە، پەرلەمانی کوردستان (١٥٠) سەیارەی هەیە سووتەمەنی دەسووتێنێ، لەبەر ئەوە مادام..........

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هیچ پەیوەندی بە بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان نییە، فەرموو مامۆستا مەروان،

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین (مەڕوان گەلاڵی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر مەجال نەدەی قسە بکەین دەچینە دەرەوە، لەبەر ئەوەی قەزیەکە قەزیەیەکی هەستیارە، هیوادارم سینگتان فراوان بێ پەرلەمانتاران چوار رۆژە هەرچی قسەی ناشرین و بێڕێزییە پێیان دەکرێتن با پەرلەمانتاران ئازاد بن روونکردنەوەی خۆیان بدەن بۆ رای گشتی ئەگەر نا دەچینە دەرەوە بۆ راگەیاندنەکان قسە دەکەین،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەتوانن بڕۆن لە راگەیاندنەکان قسە بکەن، ئەگەر واژوو کۆ دەکەنەوە بیخەنە بەرنامەی کارەوە، ئەوە دەتوانن بیخەنە بەرنامەی کارەوە، بەڵام لە بەرنامەی کاری ئەمڕۆدا هیچ بابەتێك نییە بەناوی بابەتی سەیارەوە، فەرموو کاك رابوون،

**بەڕێز رابوون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمڕۆ بابەتێکی یەکجار هەستیار سەبارەت بە ژیانی هاووڵاتیان موناقەشە دەکرێ وەزیری وەزارەتێکی یەکجار گرنگ ئەمڕۆ هاتۆتە پەرلەمان، کە وەزیری کارەبایە، بە راستی مەعقول نییە ئەو بابەتە بە لاڕێدا دەبرێ، ئێستا خەڵکی کوردستان هەموو چاویان لە ئێمەیە ئەمڕۆ بابەتی کارەبا موناقەشە بکەین لە پەرلەمان، سەرقاڵی ئەوە بین ئەمڕۆ کێشەی کارەبا ئەگەر بابەتی کارەبا چۆن بۆ هاووڵاتیان چاك بکەینەوە، ئەگەر بابەت و کەسانێکیش حەزیان بە سەیارەیە و دەیانەوێ موناقەشەی سەیارە بکەن دەکرێ بەیاننامەیەك بە رێکاری یاسایی بنووسن و ناوی خۆیانی لێبدەن و ئیمزا بکەن و داوای سەیارە بکەن، بەڵام مەعقول نییە دانیشتنەکە بە لاڕێدا ببرێ بەڕاستی،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، باسکردنی هەر بابەتێك لە بەرنامەی کار بەپێی پەیڕەو رێکخراوە، ئێوە دوێنێ دەتانتوانی (١٠) ئەندامتان داوای ئەوە بکەن کە بڕگەیەك بۆ بەرنامەی کاری ئەمڕۆ زیاد بکرێ، فراکسیۆنێکی پەرلەمانی داوای لە دەستەی سەرۆکایەتی بکات کە بڕگەیەك بۆ بەرنامەی کاری ئەمڕۆ زیاد بکرێ بۆ ئەوەی بابەتی سەیارە ئەگەر دەتانەوێ باسی بکەین لە پەرلەمان و، پەرلەمان چی بڕیار دەدا لەم رووە ئێمە پابەند دەبین پێوە، بەڵام کەس داوای ئەوەی نەکردووە، فەرموو کاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکانی (کاك رابوون) دەکەم، ناکرێ دانیشتنی ئەمڕۆ بە لاڕێدا ببرێ و، ئێوە بڕیارێکی دروستان داوە، زۆر دەستان خۆش بێ سەرۆکایەتی پەرلەمان،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك فائق.

**بەڕێز فائق مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەی ئۆتۆمبێل پەیوەندی بە چەند کەسێکەوە هەیە لەناو ئەم هۆڵەدا، بەڵام کێشەی کارەبا پەیوەندی بە هەموو خەڵکی کوردستانەوە هەیە، بۆیە داواکارم بەرنامەی کار دەست پێ بکرێ، کێشەی ئۆتۆمبێل پەیوەندی بە چەند کەسێکەوە هەیە لەناو هۆڵی پەرلەمان، ئەوەی کە کێشەی کارەبایە پەیوەندی بە هەموو خەڵکی کوردستانەوە هەیە، بۆیە داواکارم بەرنامەی کار دەست پێ بکرێ، کێشەی کارەبا لە بیری خەڵکی نەبەینەوە بە هۆی ئۆتۆمبیلەکانی خۆمانەوە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئەم بابەتە چەند رۆژە لە میداکان باس دەکرێ و، میدیای دەتوانم بڵێم هەموو حیزبەکان رۆڵێکی کاریگەریان هەبووە لەوەی کە ئەم بابەتە بوروژێنن و، باسیان کردووە و، تانەیان لە ئەندامی پەرلەمان و پەرلەمانی کوردستان داوە لەم رووەوە، دوێنێ ئێمە سەرۆکایەتی پەرلەمان بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان بڕیارێکمان لەم بارەیەوە داوە، هیچ یاسایەك نییە لەم رووەوە ئەم بابەتە رێك بخات، بۆیە هەر عورفێکی پەرلەمانیش ئەگەر لە رابوردوو هەبووبێ، نەش بووە بە عورف، بۆیە ئێمە لە دانیشتنێکدا لەگەڵ سەروك فراکسۆنەکان بڕیارمان لێ داوە، ئێوە ئەگەر دەتانەوێ باسی ئەم بابەتە بکەن دەتوانن داوای دانیشتنێك بکەن لە پەرلەمانی کوردستان داوای ئەوە بکەن بڕگەیەك دابنێن لە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان بۆ قسەکردن لە سەر ئەم بابەتە، لە راستیدا کەس وەکو ئێمە لەم چەند رۆژەی رابوردوودا نەکەوتۆتە بەر تانە و تەشەر و، قسەی لە سەر نەکراوە، بۆیە پێویست ناکات ئەندامانی پەرلەمان بۆ رێزگرتن لە ئەندامانی پەرلەمان بۆ کۆتایی هێنان بەو هەڵمەتەی کە لە سەر ئەندامانی پەرلەمان بوو بەداخەوە، بۆ نەقۆزتنەوەی زیاتری ئەم بابەتە بە زیان گەیاندن بە پەرلەمانی کوردستان و هەیبەتی پەرلەمانی کوردستان ئێمە دوێنێ ئەو بڕیارەمان داوە و، پێم وایە ئیتر حەملەکەش کۆتایی پێ هاتووە، فەرموو خاتوو بێگەرد.

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شكرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە راستیدا مەسەلەی كڕینی سەیارە من دەمەوێ لێرە روونكردنەوەیەك بدەم، چونكە خەریكە دەبێتە موزایەدەكردن بە سەر یەك، رێگەم پێ بدە قسەی خۆم بكەم،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

من یەك شت بە تۆ دەڵێم، ئایا ئێوە هەمیشە دەڵێن پابەندبین بە بەرنامەی كارەوە، هەمیشە دەڵێن با پابەندبین بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانەوە، یەك بڕگەم بدێ لە بەرنامەی كاری ئەمڕۆیە كە رێگە بە تۆ بدات ئەمڕۆ قسە لە سەر بابەتێك بكەی كە لە دەرەوەی بەرنامەی كاری ئەمڕۆ، بڕگەیەكی پەیڕەوم بدێ، فەرموو خاتوو بێگەرد،

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شكرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

رێگەم پێ بدە قسەی خۆم بكەم، با بابەت وای لێ نێ خەڵك چەواشە بكرێ بەوەی كە بابەتی كارەبا بابەتێكی هەستیارە لایەنێك پێوەی مەعنیە، لایەنەكانی تر پێوەی مەعنی نین، هەموومان لە خزمەتی خەڵكی كوردستان لێرە دانیشتووین، مەسەلەی كڕینی سەیارە و، مەسەلەی قسەكردن لە سەر ئەوەی بە من دەڵێی زۆر جار بە پەیڕەو ئێوە رێگری دەكەن باس لە خاڵی پەیڕەو دەكەن، جەنابیشت زۆرجار مەسەلە هەیە كە نابی وتاری لەسەر بدەی، وتاری لە سەر دەدەی و، ئەوەش لە ناو پەیڕەوی ناوخۆ، لە ناو بەرنامەی كاردا نەبووە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە ئەسڵەن مەسەلەیەكی پەیڕەوییە، جەنابت دەتوانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، باشە رێگەت دەدەم قسە بكەی، بەڵام بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، دەست پێكی دانیشتنەكانی پەرلەمان، دەستپێكی خولی گرێدانەكان هەمووی لەلایەن سەرۆكی پەرلەمانەوە دەكرێتەوە و، سەرۆكی پەرلەمان دەتوانێ لەم رووەوە قسە بكات، فەرموو خاتوو بێگەرد،

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد شكرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تكا دەكەم، دوو دەقەم بدەێ یەك روونكردنەوەی بچووك دەكەم، بۆ ئەوەی كە خەڵكی كوردستان بە لاڕێدا نەبرێ، بڕیاری كڕینی سەیارە لە سەر مووچەی پەرلەمانتاران بڕیاری سەرۆكایەتی فراكسیۆنەكان و سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان بووە، من داوای روونكردنەوە لە بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان و سكرتێری پەرلەمان دەكەم، ئەمشەو لە كەناڵێكدا ئەم بڕیارە كراوەتە شەخسی، بۆ تەنها سەرۆكی پەرلەمان ئێمە (١١١) ئەندامی پەرلەمانین لە ناو هۆڵی پەرلەمان هەموومان بڕیارمان داوە لە سەر مووچەی خۆمان نەریتێكی تازە دابێنین و، بڕیاریشمان داوە بڕیارەكە هەڵبوەشێنینەوە لەبەر خاتری خواستی خەڵكی

كوردستان، تكايە ئێوە روونكردنەوە بدەن ئەو بڕیارەی دوێنێ داومانە بڕیاری تەنها سەرۆكی پەرلەمان بووە یان بڕیاری هەموو فراكسیۆنەكانی پەرلەمان بووە بێ جیاوازی؟ تكایە روونكردنەوەم دەوێ،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو كاتەی بڕیاری كڕینی سەیارە درا، ئەوەندەی قسە رووبەرووی من كرایەوە، وەكو سەرۆكی پەرلەمان ئەوەندەی وێنەی من و تەشهیر بە من كراوە لە پەیجەكان ئەوەندەی قسە بە من گوتراوە لە كەناڵەكانی راگەیاندن، قسە بەهیچ ئەندامێكی تری پەرلەمان نەوتراوە، بۆیە من بەرپرسیاری یەكەمم لەم پەرلەمانە و، مەسئولیەتیشم هەڵگرتووە و، ئێستاش لەوە دەچێ كە ئەم بابەتە چارەسەر بووە خەڵك وا ئەزانێ سەرۆكی پەرلەمان لەگەڵ دەستەی سەرۆكایەتی تەبعەن ئێوە دەزانن بەیاننامەیەك دەرچووە و، لە بەیاننامەكەدا دوێنێ ئاماژەمان بەوە داوە كە دەستەی سەرۆكایەتی بە هەماهەنگی لەگەڵ فراكسیۆنەكان ئەم بڕیارەیان داوە، هەر كەسێكی تر بە لاڕێدا دەبا قسەیەكی لە سەر دەكا من لێی بەپرسیار نیم، فەرموو كاك عباس،

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پەرلەمانی كوردستان بڕیاری پێكهێنانی لیژنەی كاروباری پەرلەمانیدا بەپێی ئەو بەرنامەی لە پێشتردا بووە ئەمڕۆ مەجموعە لیژنەیەك كۆبوونەوەیان هەبوو، نەیتوانی لەبەر ئەو جەلسە كۆبوونەوەكانیان بكەن و، بۆ چارەسەریشی بوو لە مەسائیلانەدا ئەگەر پێویست بێتن راوێژ بەم لیژنەیە بكرێ، ئەگەر نا پێشنیاری ئەوە دەكەین ئەم لیژنەیە هەڵبوەشێتەوە، لەبەر ئەوەش كارەبا یەكێكە لە هەموو ماڵەكان وەكو سەرۆكی لیژنە پێشنیار دەكەم با بەرژەوەندی ئەوە بكەین، بەڵام خاڵی دووەم كە زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان كە داوایان كرد بخرێتە بەرنامەی كار ئەمڕۆ دوای تەواو بوونی جەنابی وەزیر، یاخود سبەینێ درێژەی پێ بدرێتن بۆ ئەوەی ماف و ئەركی ئەندام پەرلەمان نەفەوتێ، پێشنیار دەكەم بڕگەی دووەم كە ئەندام داوایان كردووە بخرێتە بەرنامەی كار وەكو لیژنەی كاروباری پەرلەمان، ئەگەر نا با ئەو لیژنەیە نەبێتن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك جعفر ،

**بەڕێز د. جعفر ابراهیم ئیمینكی/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەم بابەتە باس كرا، كە بە رای من هی ئەوە نەبوو زیاتر قسە لە سەر بابەتی كڕینی ئۆتۆمبێل بكرێ، بڕیارەكە كە درا لە كاتی خۆی بەڕاستی فراكسیۆنەكان بە راوێژكاری لەگەڵ سەرۆكایەتی پەرلەمان وایان بینی كە قەیرانی دارایی بەرەو چارەسەر بوون دەچێت، وایان تەقدیر كرد كە كاتەكە گونجاو بێ بۆ كڕینی ئۆتۆمبێل بە قیست بۆ پەرلەمانتاران و، ئەمەی لێكەوتەوە، بەڕاستی چاوەڕوان نەدەكرا بەو شێوازە

بێتن ورووژاندنی بابەتەکە لە میدیاکان لە سایتەکان بەو شێوازە بێ، بەداخەوە بەو شێوازە کەس نەڵێ من زەرەرمەندم لەوەی تر زیاتر، سەرۆکایەتی پەرلەمان، فراکسیۆنەکان، پەرلەمانتاران هەموویان لەم وەزعەدا بەڕاستی زەرەرمەندبوونە، مەعنەوییەن زۆر ئیشی خراپ کرا بە پەرلەمانتاران و، بە هیبەتی پەرلەمانینیش کرا، بەڵام مادام رەئی خەڵك وابوو تەسەور دەکەم بڕیارێکی باش بوو، بڕیارەکە ژیرانە بوو و، بەراوێژکاری کرا، سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ فراکسیۆنەکان ماوەیەکی زۆر لە موناقەشەکردن لە راوێژکاری کردن و، گەیشتنە ئەو قەناعەتە کە دەبێت بڕیارێکی هاوشێوە دەربچێت و، ئەو بڕیارە هەڵبوەشێنێتەوە، لەبەرئەوە لێرەدا دەڵێم ئەو بڕیارە بڕیاری هەمووان بووە، راستە هەندێك برادەر هەبوون ئەسڵەن هەر داوایان نەکردووە بۆیان بکرێتن بەو شێوازە، بەڵام مەعنای ئەوە نییە دەبێ بەو چاوە تەماشای بکەین کە بڕیارێك بوو لە بەرژەوەندی گشتیدا بوو هەڵبوەشێنرێتن و، لێرەدا تەسەور دەکەم ئەوەی کرا بۆ ئەوە بوو ئێمە جارێکی تر بەشێوازێکی وا بڵێین پەیامێکی وا پێشانی خەڵکی کوردستان بدەین پەرلەمان گوێ لە خەڵکی کوردستان دەگرێتن،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئومێد،

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن (ئومێد خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند رۆژی رابوردوو، چەند رۆژی ئاسایی نەبوو لە ژیانی ئەندامانی پەرلەمان وەکو نوێنەرانی خەڵکی کوردستان، بۆیە دەبوایە تا بەو ئاڕاستە نەڕواتن هەر کەسەو بەشێوازێك قسە لە سەر ئەو بابەتە بکات، جەنابتان لە دەسپێکی کۆبوونەوەکەدا روونکردنەوەیەکی بابەتیانە و مەوزوعی واقیعیانەی ئەو دۆخەت بکردبایە کە بە چ شێوازێك بووە، ناکرێ رێگە بە ئەندامی پەرلەمان نەدرێتن تەعبیر لە ناخی خۆی بکات کە چەند رۆژە تەشهیر دەکرێتن، ناشیرین دەکرێتن و، ناشکرێ رێگە بە ئەندامی دیکەی پەرلەمان بدرێتن کە ئامۆژگاری دەستەی سەرۆکایەتی و ئامۆژگاری ئەندامانی پەرلەمان بکات، بۆیە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش دەتوانن ئێوە واژوو کۆ بکەنەوە کە ئەم بابەتە بخرێتە بەرنامەی کارەوە، ئێمە وەکو دەستەی سەرۆکایەتی دەیخەینە بەرنامەی کارەوە، بەڵام ئێستا لە بەرنامەی کاردا نییە فەرموو کاك ئومێد،

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن (ئومێد خۆشناو):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بەرنامەی کاردا نییە، بەڵام لە بەرنامەی کاریشدا نییە ئەندامانی پەرلەمان ئامۆژگاری سەرۆکایەتی و ئەندامانی پەرلەمان رێگەی پێ بدرێت، دوو: ئیشکالیەکە لەوە دایە بڕیار خراپە ئەندامی پەرلەمان داوای کردووە، بڕیار خراپە فراکسیۆنەکان داوایان کردووە، بڕیار باشە دەستەی سەرۆکایەتی یان سەرۆکی پەرلەمانە بە تەنیا، ئیعلام بەلاڕێیدا بردییە، پەرلەمانتار بە لاڕێدا بردییە، مەوزوعەکە بە سیاسی کرایە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستاش من سوورم لە سەر ئەو قسەیە، ئەگەر دەتانەوێ قسە لە سەر ئەو بابەتە بكەن، واژوو كۆ بكەنەوە، فراكسیۆنێك داوا بكا، داوای ئەوە بكەن بخرێتە بەرنامەی كارەوە، دەیخەینە بەرنامەی كارەوە، فەرموو كاك بەیار،

**بەڕێز بەریار طاهر سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەڤ بڕیارە هەوا دای، چونكی خەڵكی كوردستانێ داخازا كری جهێ خۆ دایە، بەلێ داخازا من ئەو بوو كو هەوە ڤییا پێنگاڤە خو دەست پێكردبایە، نە دبوو سەرۆكایەتیا پەرلەمانێ و سەرۆكی پەرلەمانی سێ سەیارە هەبانە ئەندام پەرلەمان بێ سەیار بێت و بچیتن، نابێتن هین خانی ریئاسی ڤە بن ئەندام پەرلەمان د خانێت گوندی ئیتالی دابن،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم بابەتەش دیسان دەتوانن قسەی لە سەر بكەن، من وەڵامم بۆ هەموو ئەو قسانە هەیە و، ئەوەش هەموو لە كەناڵەكانی راگەیاندن باس كراوە، ئەمە هیچ لە بەرنامەی كار نییە، بەڕێز كاك (صلاح الدین بابكر) بەڕێزت بفەرموو بۆ پێشكەش كردنی وتەكەت فەرموو كاك فخرالدین،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، بۆیە هاتۆمەتە ئێرە وەكو ئەندامێكی پەرلەمان قسە لەو بابەتە بكەین، لە ئێستادا پەرلەمانی كوردستان لەو دوو خولەی كە كاری كردووە دانیشتنی چڕ پڕ و كۆمەڵێك كار و چالاكی زۆر باشی كردووە و، بەڕاستی هێدی هێدی خەریكین هەیبەت و رۆڵی گەورە بۆ پەرلەمانی كوردستان و مەرجەعییەت بۆ پەرلەمانی كوردستان دەگێڕینەوە لە دەرەوەی پەرلەمانیش ئەوەندەی كە هەست پێ دەكەین ئیرادەیەك هەیە كە بیەوێ كاروباری پەرلەمان بەرەو ئەوە بەرێ كە بریتییە لە هەندێك ئیمتیاز وەرگرتن و، هەندێك كار كردن بۆ ئیمتیاز، بۆیە من ئەگەر ئەمر بفەرموون من ئەم چەند روونكردنەوەیە ئاماژە پێ دەدەم، ئێمە ماوەی ئەو چەند مانگەی كە كارمان كردووە لە پەرلەمانی كوردستان و ئەو دوو خولی گرێدانەدا پەرلەمانی كوردستان بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی كوردستان و سەرجەم میدیاكارانیش بزانن ئێمە ئەم كارانەمان كردووە، یەكەم: ئەو یاسایانەی كە دەرمان كردوون، هەشت یاسامان دەركردووە، كۆی بڕیارەكان (٣١) بڕیار لە پەرلەمانی كوردستان دەركراوە، ئەو پڕۆژانەی كە خوێندنەوەیان بۆ كراوە (٩٢) پڕۆژە یاسا و پڕۆژە بڕیار خوێندنەوەیان بۆ كراوە، دانیشتنە ئاساییەكانی پەرلەمانی كوردستان (٣٨) دانیشتنە و بەمرۆ دەبێتە (٣٩) دانیشتن، دوو دانیشتنی نا ئاساییمان كردووە، پەیوەندییەكی زۆر باش لە بەینی دەسەڵاتی جێبەجێكردن و دەسەڵاتی تەشریعیدا هەیە، بۆیە من ئەو خاڵە دووبارە دەكەمەوە هەردەم لەگەڵ ئەوەدام كە دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بە روحیەتی گرووپ

کار بکەین و، سەرۆکی فراکسیۆنەکان و ئەندامانی پەرلەمان گرووپ بین، هەموومان بەیەك گرووپی پەرلەمانتاری بین کار بکەین، بەڕاستی لە چەند رۆژی رابوردوودا من وەك سکرتێری پەرلەمانی کوردستان، ئێستا لێرە وەکو ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بوومە قەڵغانێك کە زۆرترین تەشهیر لە پێگە کۆمەڵایەتییەکان بەرامبەر بە من کراوە لەکاتێکدا کە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەزانی کە ئێمە بڕیاری دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانمان هەبووە کە وتمان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئێمە سەیارە بۆ خۆمان ناکڕین، دەمێنینەوە، بەڵام ئەم قسەمان نەکرد بۆ ئەوەی بتوانین خزمەت بە ئەندامانی پەرلەمان بکەین لە مووچەی خۆیان بیکڕن، بەڵام دواجار ئێمە

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە کە خرایە بەرنامەی کاری پەرلەمان بەڕێزیشت دەتوانی وەکو ئەندامێکی پەرلەمان، وەکو سکرتێری پەرلەمان قسەی خۆت بکەی، تکایە ئەندامانی تری پەرلەمانیش قسە دەکەن، زۆر زۆر داوای لێبوردنت لێ دەکەم، تکات لێ دەکەم وەرەوە شوێنی خۆت، ئەگەر ئەم بابەتە خرایە بەرنامەی کارەوە جەنابیشت وەکو سکرتێری پەرلەمان، تکات لێ دەکەم وەرەوە شوێنی خۆت، ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ورووژاندنی ئەندامانی تر تکات لێ دەکەم وەرەوە شوێنی خۆت، بەڕێز وەزیری کارەبا تکایە بفەرموو بۆ سەر منەصە بۆ دەست پێکردن بە بابەتەکە، من قسەم هەیە لەمە، ئێمە یەك سەیارەمان بۆ خۆمان نەکڕیوە، ئەم بابەتە بیخەنە بەرنامەی کارەوە، تکات لێ دەکەم وەرەوە شوێنی خۆت فەرموو کاك فخرالدین،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەیارەیەکی پەرلەمانم لایە بۆ ئەوەی حاڵم وەکو حاڵی ئێوە بێ ئەوە سویچی سەیارەکە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەڕێز کاك (صلاح الدین بابکر) بۆ سەر منەصە،

**بەڕێز صلاح الدین بابکر/ وەزیری کارەبا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەو میهربان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێزان ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، خوشکان و برایانی پەرلەمانتاری بەڕێز، سڵاوی خوای گەورەتان لێ بێت، خۆشحاڵین بە ئامادەبوونمان لە هۆڵی پەرلەمان ئێمە وەك وەزیری کارەبا هەر لە هاوینەوە داوامان کردبوو بێنە پەرلەمان، تا لە نزیکەوە گفتوگۆ بکەین لە سەر رەوشی کارەبا و خستنە رووی ئەو گیروگرفتانەی کە لەو بوارەدا هەن، بۆ ئەوەی ئێوەی بەڕێز وەك نوێنەرانی گەل ئاگاداری کێشەو گرفتەکانی وەزارەتی کارەبا بن و هاوکارمان بن لە چارەسەرکردنیان تا بتوانین باشترین خزمەتگوزاری لە بواری کارەبادا پێشکەش بە هاووڵاتیانی خۆشەویست بکەین، ئاشکرایە ئەرکێکی سەرەکی پەرلەمان چاودێری کردنە، چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێ کارە کە خۆی لە حکومەت و وەزارەتەکاندا دەبینێتەوە، ئێمە ئەو ئەرکەی پەرلەمان

بەرز دەنرخێنین و سوپاستان دەکەین لەو بارەوە و، سوپاسی لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سرووشتییەکان دەکەین کە لە پەیوەندی بەردەوام دان لەگەڵمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کارەبا، هەروەها سوپاسی سەرجەم ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە دەکەین کە لە ماوەی رابوردوودا پرسیاریان ئاڕاستە کردووین یان بە سەردانی کردنمان لە وەزارەت یان بە تەلەفۆن بەدواداچوونیان کردووە بۆ کێشەکانی هاووڵاتیان لە بواری کارەبادا، سەرەتا بفەرموون لەگەڵ پلان و بەرنامەی کاری وەزارەتی کارەبا لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کارەبای هەرێم کار دەکات بۆ دابینکردنی وزەی کارەبا بە شێوەیەکی بەردەوام لە هەموو مانگەکانی ساڵدا کە ئەمەش ئەرکێکی گرنگی ئەم قۆناغەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بە ئەنجام گەیاندنی ئەم ئەرکەش پێویستی بە پشتگیری حکومەتی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەکان هەیە لە پێدانی دەسەڵات و ئاسانکاری و هەماهەنگی و دابینکردنی بودجەی پێویست، هەروەها پێویستی بە ئەنجامدانی چاکسازی بنەڕەتی لە سەرجەم سێکتەرەکانی وەزارەت و رێگرتن لە گەندەڵی هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش هێڵە گشتییەکانی پلانی خۆی لە روانگەی ماستەر پلانی وەزارەتدا لەم چەند خاڵە دەخاتە روو، یەکەم: کارکردن بۆ کەمکردنەوەی زیادەڕۆیی خواستی کارەبا بەشێوەیەکی نادروست و بێ پلان بەمەبەستی کورت کردنەوەی رێگای گەیشتن بە دابینکردنی کارەبای بەردەوام لەلایەك و کەمکردنەوەی بودجەی تەرخانکراوی حکومەت بۆ دابینکردنی سووتەمەنی و وێستگەکانی بەرهەم هێنانی کارەبا لەلایەکی تر، هەروەها لە پاڵ زیادکردنی بەردەوامی بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا بۆ گەیشتن بە خواستی کارەبا پێویستە سنورێك دابنرێت بۆ بەفیڕۆچوونی وزەی کارەبا و کەمکردنەوەی لۆت، بۆ گەیشتن بەم ئامانجە چەندین هەنگاوی گرنگ بەهەماهەنگی حکومەتی هەرێم و لەیەنە پەیوەندیدارەکان دەگرینەبەر،

١- جێبەجێکردنی پێوەری زیرەك بەسوودبینین لە ئەزموونی رابوردوو و، بەئالیەتێکی باشتر.

٢- گۆڕینی سووتەمەنی وێستگەکانی بەرهەم هێنانی کارەبا لە گازوایلەوە بۆ غازی سروشتی.

٣- زیادکردنی یەکەی (کۆمباین سایکل) بۆ بەرهەم هێنانی کارەبا لە ویستگەی غازی سلێمانی و دهۆك.

٤- پێداچوونەوە بەنرخی فرۆشتنی وزەی کارەبا بە جۆرێك بگونجێ لەگەڵ تێچووی کارەبای بەرهەم هێنراو و بارودۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان و هاووڵاتیان.

٥- دانانی نەگەیەنەری گەرمی و ساردی بۆ خانوو باڵاخانەکان بەتایبەت پرۆژە نوێیەکانی نیشتەجێبوون.

٦- کارکردن بۆ رێگەگرتن لە هاوردەکردنی ئەو ئامێرە کارەباییانەی چوستیان کەمە لە رێگەی کوالێتی کۆنترۆڵەوە.

٧- ئاسانکاری بۆ بەرهەم هێنانی وزەی ئەڵتەرناتیف بەتایبەتی لە زستاندا وەك دابینکردنی نەوت و غاز بەشێوەیەکی ئاسانتر و هەرزانتر و، بەکارهێنانی بویلەری وزەی خۆر و هەتا دوایی.

٨ـ كاركردن بۆ بلاوكردنەوەی هۆشیاری و رۆشنبیری بەكارهێنانی كارەبا و گرتنەبەری هەڵمەتێكی بەرفراوان بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە بەهەماهەنگی لەگەڵ دەزگاكانی راگەیاندن، پەروەردە، زانایانی ئاینی، دەسەلاتی ئیداری، پارێزگاكان، دەستەی وەبەرهێنان، بازرگانان، پیشەوەران.

دووم: بەهێزكردنی توانای سیستمی گواستنەوەو دابەشكردنی كارەبا و چارەسەركردنی كێشەی بار زۆری لە رێگەی دابینكردنی بودجە و جێبەجێكردنی پرۆژەكانی قۆناغی حەوت كە بە هۆیانەوە دەتوانرێت گەشەكردنەكان بۆ ماوەی دە ساڵی داهاتوو لە خۆی بگرێت.

سێیەم: گرنگی دانی تایبەت بە پرۆژە ستراتیژییەكانی وەزارەت بەتایبەتی پرۆژەی سكادا و گەیاندن و، پرۆژەی تۆڕی گواستنەوەی (٤٠٠ K V )و، بەستنەوی تۆڕی كارەبای هەرێم بە بە تۆڕی كارەبای وڵاتانی دەوروبەر، بە تۆڕی كارەبای وەلاتانی دەوروبەر بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی وەزە لە داهاتوو.

چوارەم:

كاركردن بۆ فراوان كردنی تۆڕی كارەبای ژێر زەوی (ئەندەرگراوند) لە بری تۆڕی هەوایی، بە تایبەتی لە پرۆژە نوێیەكان بە گشتی، و سەنتەری شارەكان و ناوچە بازرگانیەكان و پیشەسازییەكان، و لەبەر چاو گرتنی ئەم ئامانجە لە كاتی دانانی پلانی ساڵانە.

پێنجەم: گرنگیدانی تایبەت بە بواری چاكردنەوە و سیانەی تۆڕەكانی گواستنەوە و دابەش كردنی كارەبا، ئەویش لە رێگەی ئەنجامدانی سیانەی بەرنامە بۆ دارێژراو.

شەشەم: گرنگی دان لە بواری وزە نوێ بووەكان، بە تایبەتی هایدرۆ كارەبا، تیشكی خۆر، بە پشت بەستن بەو لێكۆڵێنەوانەی لەو بوارە لە وەزارەت و كوردستان بە گشتی ئەنجام دراون.

حەوتەم: كاركردن بۆ هەموار كردنەوەی یاسای وەزارەت، بە جۆرێك لەخزمەتی زیاتری سیستەمی كارەبای هەرێم بێ، و بۆ رێگرتن لەو سەرپێچیانەی لەسەر تۆڕی كارەبا ئەكرێ.

هەشتەم: سەرلەنوێ رێكخستنەوەی هەیكەلی ئیداری وەزارەت، و یەكخستنی دامودەزگاكانی لە هەرسێ پارێزگا، و دابەش كردنەوەی ئەرك و دەسەتەلاتەكان بە شێوەیەكی زانستی بە مەبەستی باشتر كردنی خزمەتگوزارییەكان و كەم كردنەوەی رۆتین.

نۆیەم: هەموار كردنەوەی گرێبەستەكان بە جۆرێك بگونجێ لەگەڵ بارودۆخی ئابووری و پێویستی هەرێمی كوردستان؟

دەیەم: گرنگی دان بە كۆكردنەوە و پاراستنی داتا لە دامودەزگاكانی وەزارەت لە رێگەی دامەزراندنی داتا سەنتەرێكی تایبەت بە وەزارەت و بەرێوەبردنی ئەلیكترۆنی وەزارەت.

یانزە: هەماهەنگی كردن لەگەڵ زانكۆكانی كوردستان بە مەبەستی سوود بینین لە توانای خاوەن بروانامە بالاكانی وەزارەت و زانكۆ و ناوەندە ئەكادیمیەكانی كوردستان لە بواری توێژینەوە و دۆزینەوەی رێگاچارەی باشتر بۆ گرفتەكانی بواری وزە بە گشتی، و وزەی كرەبا بە تایبەتی.

**دوانزەهەم: کاراکردنی سەنتەری ڕاهێنانی تایبەت بە وەزارەت بە مەبەستی گەشە پێدانی توانای سەرجەم کارمەندان.**

**سیانزەهەم: کارکردن بۆ بەستنەوەی تۆڕی کارەبای ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە تۆڕی کارەبای هەرێمی کوردستان.**

**چواردە: گرنگی دان بە بواری ڕاگەیاندن بە مەستی گەیاندنی زانیاری دروست لە بارەی کێشەکانی سیستەمی کارەبا و پرۆژە و چالاکیەکانی وەزارەت و هۆشیار کردنەوەی هاوولاتیان دەربارەی پاراستنی وزەی کارەبا.**

**ئەم کارنامەیە پەسند کراوی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری وەزارەتی کارەبایە، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، بە پێویستی ئەزانین پوختەیەك دەربارەی ڕەوشی کارەبا لە هەرێمی کوردستان پێشکەش بکەین، وەزارەتی کارەبا لە چوار سێکتەری سەرەکی پێکهاتووە، بەرهەمهێنان، گواستنەوە، دابەش کردن، کۆنترۆڵ و گەیاندن، ژمارەی فەرمانبەرانی وەزارەتی کارەبا (١٧٢٩٤) فەرمانبەرە، کۆی مووچەی فەرمانبەری وەزارەتی کارەبا نزیکەی (١٩) ملیار دینارە، کۆی داهاتی مانگانەی وەزارەتی کارەبا نزیکەی (٢٣) ملیار دینارە، لە بواری بەرهەمهێنان لە ئێستا (١٠) وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە کاردایە، (٨) وێستگەیان سەر بە کەرتی تایبەتن، (٢) وێستەگەش سەر بە حکومەتە، دوو وێستگەی تر ئامادەن، وێستگەی (خورمەڵە) (٦٤٠) مێگەواتە، لە بەرنەبوونی سووتەمەنی وەستاوە، و (کۆمباین سایکڵ) کە وێستەگەی غازیە (٥٠٠) مێگەواتە وەستاوە بە هۆی ڕێکنەکەوتن لەسەر نرخی کڕینی کارەباکەی، چوارە وێستەگەی تر لە ژێر دامەزراندن دان کە بریتین لە وێستەگەی زاخۆ کە (٨٤٠) مێگاواتە، وێستەگەی (کۆمباین سایکل) ی بازیان (٧٥٠) مێگاوات، وێستگەی (هەڵمی خەبات) (٣٠٠) مێگاوات، وێستەگەی (کارۆئاوی) دێرەلووك (٣٨) مێگاواتە، سەرجەمیان (١٩٢٨) مێگاواتە، کە ئەبێ تا (٢٠١٨) هەموویان تەواو ببن، یەك وێستگەی تر گرێبەستی بۆ کراوە کە (٢٠٠) مێگاواتی (هەریر)ە، بەڵام نەخراوەتە بواری جێ بەجێ کردن، وێستگەکانی کۆمپانیای (ماس) کە (٢٤) یەکەی بەرهەمهێنانە کە نیوەی ئەو وێستگانە بە گازوایل ئیش ئەکەن و نیوەکەی تر بە غازی سروشتی، وێستگەکانی تر (٢٩) مێگاواتی هەولێر و سلێمانی و دهۆك بە گازوایل کار ئەکەن، وێستگەکانی باعەدرێ و (٥٠) مێگاواتی تاسلوجە بە نەوتی ڕەش کار ئەکات، گرێبەستمان هەیە لەگەڵ تورکیا بۆ کڕینی (١٢٠) تا (١٥٠) مێگاوات، و لەگەڵ ئێران بۆ کڕینی (١٥ تا ٢٠) مێگاوات، بڕی (٢٥٠) مێگاوات کارەبا ئەدرێتە کەرکووك، و (١٠) مێگاوات ئەدرێ بە دوزخورماتوو، لە ئێستا دا توانای بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا ئەگاتە نزیکەی (٣١٠٠) مێگاوات، بەڵام خواست لەسەر کارەبا لە ئێستا (٤٥٠٠) مێگاواتە، پێشبینی ئەکرێ لە دوو مانگی داهاتووی زستان ئەم خواستە بگاتە (٥٠٠٠) هەزار مێگاوات، واتە بڕی کورتهێنان لە کارەبا (١٥٠٠) مێگاواتە، و لە زستان پێشبینی ئەکرێ بگاتە (٢٠٠٠) هەزار مێگاوات، ئەوە لە کاتێك بە گوێرەی ماستەرپلانی وەزارەتی کارەبا پێشبینی بەرزترین خواستی کارەبا بۆ ساڵی (٢٠١٤) (٤٠٨٣) مێگاوات بوو، و بۆ ساڵی (٢٠١٥) (٤٧٠٣) مێگاوات بوو، بۆ ساڵی (٢٠١٦) (٥٣٩٤) مێگاواتە بووە، کەواتە ئەمساڵ (٢٠١٤) خواست لەسەر کارەبا**

نزیکەی دوو ساڵ هاتۆتە پێش بە گوێرەی ماستەرپلانی وەزارەت، هۆیەکەشی ئەگەڕێتەوە بۆ هاتنی ملیۆن و نیوێك ئاوارە بۆ هەرێمی کوردستان، کە ئەکاتە یەك لەسەر سێی دانیشتوانی هەرێم، ئەم ئاوارانە چ ئەوانەی لە کەمپن و کارەبایان بۆ دابین کراوە، چ ئەوانەی لە هەیکەلەکان نیشتەجێ بوون، چ ئەوانەی لە مۆتێل و هۆتێلەکان دانیشتوون، یان خانوویان بە کرێ گرتووە لە ناو شارەکان، هەر هەموویان کارەبا بە کاردێنن، لێرەوە ئەبێ ئاماژە بەوە بدەین، ئەگەر وێستگەی خورمەڵە و کۆمباین سایکلی وێستگەی هەولێری غازی بکەوێتە کار کە بە هەردووکیان توانای بەرهەمهێنانی (١١٠٠) مێگاوت زیاترە، ئەتوانین بەشێکی زۆر لەو خواستە لە ئێستا دابین بکەین، و بڕی (٢٢ تا ٢٣) کاتژمێر کارەبا بدەین، دووەم، لە بواری گواستنەوە ژمارەی وێستگەکانی (١١، ٣٣، ١٣٢) کەیڤی ئەوانەی لە ئێستا لە ئیشن (٤٣) وێستگەن، و وێستگەی مۆبایلی (١١، ١٣٢) (٥٠) وێستگەن، (٢٥) وێستگەش لە هەردوو جۆر لە ژێر جێ بەجێ کردنن، و ژمارەی وێستگەکانی (١١، ٣٣) کەیڤی (٩٥) وێستگەیە، لە هەردوو جۆری جێگیری و مۆبایل، کە لە ڕێگەی ئەو وێستگانەوە کارەبا کە بەرهەم دەهێنرێ ئەگۆڕدرێ بۆ ڤۆڵتییەی نزم تا ئەوکاتی ئەتوانین دابەشی بکەین، یەك وێستگەی (٤٠٠) کەیڤی ئەربیل سێنتەر ئامادەیە بۆ کارکردن، و یەك وێستگەی (٤٠٠) کەیڤی بازیان لە ژێر جێ بەجێ کردندایە، لە بواری دابەش کردن کۆی گشتی ژمارەی فلتەرەکانی (١١) کەیڤی (١٣٤٦) فیدەرە، کۆی گشتی ژمارەی فیدەرەکانی (٣٣) کەیڤی (١٤٢) فیدەرە، کۆی گشتی ژمارەی گۆڕەرەکان (محاویلەکان) (٣٧٦٩٧) محاویلەیە، درێژی فیدەرەکانی (١١) کەیڤی (١٩٣٣٨) کیلۆمەترە، درێژی فیدەرکەکانی (٣٣) کەیڤی (٣٢١٤) کیلۆمەترە، درێژی هێڵی پاڵەپەستۆی نزم (٢٣١٨٨) کیلۆمەترە، درێژی تۆڕەکانی ڕووناکی (ئینارە) (١٠٤٨) کیلۆمەترە، هەموو ئەوانە پێویستیان بە سیانەی بەردەوام هەیە، بەلاّم بەهۆی نەبوونی بودجە ئەو سیانەیە وەکو پێویست لەمساڵ ئەنجام نەدراوە، ئەوەش کاریگەری بووە لەسەر پێدانی کارەبا، ژمارەی هاوبەشانی کارەبا لە ئێستا (١٢٤٤٢٨٥) هاوبەش هەیە، ئەوانەی کە سەعاتی کارەبان بەستووە، ژمارە هاوبەشانی کارەبا لە (٢٠١٣) (١١٤٩٧٩٠) هاوبەش بووە، واتە ڕێژەی زیاد بوون (٩٥) هەزار هاوبەش بووە لە ماوەی ئەمساڵ، ڕێژەی گەشەی خواست لەسەر کارەبا لە هەرێمی کوردستان لە (١٥،٢٪) بووە، لە کاتێکدا ستاندەردی نێودەوڵەتی ڕێژەی گەشەی خواست لەسەر کارەبا لە (٤٪ تا ٦٪) ە، داهاتی کارەبا تا کۆتایی مانگی (٢٠١٤/١٠) (٢٣٢١٧٦) دوو سەد سی و دوو ملیار و سەد و هەفتا و شەش ملیۆن دینار بووە، قەرزی کارەبا (٢٤٩٨٩٩) دوو سەد و چل و نۆ ملیار و هەشت سەدوو نۆهەد و نۆ ملیۆن دینارە، لەوە (١٣٦٨٤٩) ملیار دیناری لەسەر هاووڵاّتیانە، (١١٣٥٠) سەد و سێزدە ملیار و پەنجا ملیۆن دیناریش لەسەر حکومەتە، چوارەم لە بواری کۆنترۆڵ و گەیاندن، لە (٢٠١٤/١/١) ەوە تا (٢٠١٤/١٢/١٦) ئاماری وزەی کارەبا لە هەرێمی کوردستان بەم شێوەی خوارەوە بووە، تێکڕای کارەبای هەبوو لە هەرێم (٢٥٦٨) مێگاوت بووە بە معەدەلی، تێکڕای کارەبای بەرهەمی ناوخۆ (٢٤٦٩) مێگاوات بووە، تێکڕای کارەبای هاتوو لە تورکیا (٩٠) مێگاوات بووە، تێکڕای کارەبای هاتوو لە ئێران (٩) مێگاوات بووە، تێکڕای کارەبای بەکار هاتوو لە هەرێمی کوردستان (٢٣٠٠) مێگاوات بووە، ئەم ڕەقەمانە موعەدەلانەمان وەرگرتووە، چونکە کارەبا لە شەش مانگ کە بەهار و

پایزە موشکیلەمان نییە، ئەتوانین بە کەمتر لەو تاقەی تەولیدی خۆمان (٢٤) سەعات کارەبا بدەین، بەڵام لە زستان و هاوین کە خواست لەسەر کارەبا بەرز ئەبێ کیشە دروست ئەبێ، ئەم ژمارانە موعەدەلی ساڵە، تێکڕای کارەبای نێردراو بۆ کەرکووك و ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم (٢٦٨) مێگاوات بووە، لەساڵی (٢٠١٣) بە تێکڕا موعەدەل نەبوونی کارەبا سەعاتێك و سی و پێنج دەقیقە بووە لە (٢٠١٣)، لە ساڵی (٢٠١٤) تا ڕێکەوتی (٢٠١٤/١٢/٢٣) بە تێکڕا نەبوونی کارەبا ڕۆژانە سێ کاتژمێر بووە، موعەدەل مانای چییە؟ مانای ئەوەیە هەندێ شوێنمان هەیە کارەبای بەردەوامیان پێ ئەدرێ، وەکو نەخۆشخانە، بیرەکانی ئاو، (٢٤) سەعات کارەبای پێ ئەدرێ، ئەم موعەدەلە و ئەو (٢٤) سەعاتە لەگەڵ ئەو شوێنانەی تر کە کەمتر کارەبایان پێ ئەدرێ تێکڕا و موعەدەلەکەی وەرگیراوە، واتە ئەمساڵ لەگەڵ بوونی ملیۆن و نیۆێك ئاوارە و گەشەی ساڵانە وەکو خۆی ئەبینێتەوە لە (٩٥) هەزار هاوبەشی تازە، کەچی بە تێکرا سەعاتێك و بیست و پێنج دەقیقە کارەبا کەمتر دراوە بە هاووڵاتی، تا (٢٠١٤/١٢/٢٣)، هەموو لایەك ئاگادارن ساڵی (٢٠١٤) ساڵێکی پڕ کێشە بووە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەویش بەهۆی بڕینی بودجە لە حکومەتی ناوەند، و شەڕی تیرۆری داعش، لەو ڕوانگەی کە زۆرترین بودجە بۆ کارەبا تەرخان کراوە لە ڕابردوو کە نزیکەی (٣،٥ تا ٤) ملیار دۆلار بووە، لەو ڕوانگەوە بڕینی بودجە زۆرترین کاریگەری سلبی بووە لەسەر ڕەوشی کارەبا، ئێستاش فەرموون لەگەڵ گرفتە سەرەکییەکانی وەزارەتی کارەبا لە ئێستا:

١ نەبوونی سووتەمەنی بۆ ئیش پێ کردنی وێستەگەی نوێی بەرهەمهێنان وێستگەی خورمەڵە کە (٦٤٠) مێگاواتە کە (٣) ئامادەیە بۆ ئیش پێ کردن، و بە گوێرەی گرێبەست ئەگەر وەزارەتی کارەبا و حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانی ئەم وێستگەیە بخاتە ئیش ئەبێ لە (٦٠٪) قەرەبوو بدات بە خاوەنی وێستگەکە، و بە گوێرەی گرێبەستی واژوو کراو دابین کردنی سووتەمەنی لە ئەستۆی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانە.

٢_ وەرنەگرتنی کارەبای بەرهەم هاتوو لە کۆمباین سایلکی وێستگەی غازی هەولێر کە (٥٠٠) مێگاواتە بە هۆی ڕێکنەکەوتن لەسەر نرخی کڕینی کارەباکە لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان، ئەوەش ئەکرێ دوایی زیاتر شەرحی بکەین بۆچی ڕێکنەکەوتووین.

٣- وەستانی یەکەکانی (٧ و ٨) لە وێستگەی غازی دهۆك کە (٢٥٠) مێگاوت کارەبا بەرهەم دێنێ، چونکە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان خۆی بە بەرپرس نابینی لە دابین کردنی سووتەمەنی بۆ ئەم وێستگانە.

٤- وەستانی وێستگەی (٢٩) مێگاواتی سلێمانی بەهۆی خەرج نەکردنی پارەی کڕێنی کارەباکەی، و لەکارکەوتنی یەکەیەکی وێستگەی باعەدرێ بە هەمان هۆکار.

هەر بۆ زانیاری بەرێزتان لە ماوەی ساڵی ڕابردوو هیچ پارەیەك سەرف نەکراوە بۆ وێستگە بەرهەم هێنەرەکانی کارەبا.

٥- وەستانی پرۆژەکانی ساڵی (٢٠١٤)، بە تایبەتی ڕاکێشانی هێڵ و وێستگەکانی ناوەندی کە بە هۆی نەبوونی بودجەوە بووە، بودجەی تەرخان کراو بۆ ساڵی (٢٠١٤) بۆ وەزارەتی کارەبا (٤٢٠) ملیۆن دۆلار بووە، ئەم

بودجەیە سەرف نەکراوە، تا ئێمە هێڵی تازەی پێ ڕاکێشین، وێستگەی ناوەندی پێ بکەینەوە، و ژێرخانی کارەبای پێ فراوانتر بکەین، ئەوە کاریگەری بووە لەسەر ڕەوشی کارەبا و پێدانی کارەبا لە (٢٠١٤)، بەڵام بە دڵنیاییەوە کارێگەری ئەوە لە ساڵانی داهاتوو زۆرتر بەدەر ئەکەوێ، بە تایبەتی لە ساڵی (٢٠١٥)، چونکە تۆ بە تەنیا کارەبا وەکو وتمان چوار سێکتەری سەرەکییە، بەرهەم هێنان، ئینجا لە ڕێی تۆڕەکانی گواستنەوە ئەیگوازیەوە بۆ وێستگە ناوەندییەکان، تا لە ڤۆڵتیەی بەرز بچێتە نزم، ئینجا دابەشی بکەی بە ناو شارەکان، بۆیە پرۆسەیەکی تەواوکارییە، تەنیا بە یەك شت دابین ناکرێ، هەر چوار مەرحەلە، (بەرهەم هێنان، گواستنەوە، دابەش کردن، کۆنترۆڵ و گەیاندن)، هەمووی بە یەکەوە پەیوەستە.

٦- نەبوونی بودجە بۆ دەرکردنی فیدەری نوێ و چاکردن و سیانە کردنی وێستگە و هێڵ و محاویلەکانی کارەبا کە پێویستیان بە سیانەی بەردەوام هەیە.

٧- بەردەست نەبوونی داهاتی کارەبا و نەگەڕانەوەی بۆ وەزارەتی دارایی، ئەوە لە کتێکدا لە (٢٠١٣) داهاتی کارەبا لە بەردەستی وەزارەتی کارەبا بووە، و بەکارهاتووە بۆ سیانە و چاکردنەوە، و بۆ پێشخستنی سێکتەرەکانی کارەبا.

٨- بوونی ملیۆن و نیۆێك ئاوارە لە هەرێم کە ئاکاتە یەك لەسەر سێی دانیشتوانی هەرێم، وەکو ئەوەیە پارێزگایەکی تر زیاد بووبێ بۆ هەرێمی کوردستان، هەموو ئەو ئاوارانەش کارەبایان بۆ دابین کراوە.

ئێمە لە هەوڵی بەردەوامین بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشە و گرفتانە، لە دوا کۆبوونەوەمان لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی حکومەت بەڵێنی پێداوین ئەوپەڕی ئاسانکاری بکات بە مەبەستی چارەسەر کردنی کێشە و گرفتەکان، و بڕیارە لە داهاتوویەکی نزیك بە سەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی حکومەت، وەزارەتی کارەبا لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دابنیشن بۆ ئەوەی بتوانین کێشەی سووتەمەنی چارەسەر بکەین، لەمساڵ ئەوەی داهات بوو لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان خەرج ئەکرا بۆ مووچەی فەرمانبەران، بەڵام سوپاس بۆ خوای گەورە ئێستا کە کێشەکە بەرەو چارەسەر چووە و بودجە دێت بۆ هەرێمی کوردستان، پێشبینی ئەکەین بتوانین لە داهاتوو بە دابین کردنی بودجە لە ڕێی سامانە سروشتییەکانەوە بتوانین سووتەمەنی پێویست بکڕین بۆ وێستگەکانی بەرهەم هێنانی کارەبا، پشت بە خوای گەورە و بە هاوکاری ستافی وەزارەتی کارەبا سوور ئەبین لەسەر چارەسەر کردنی کێشەکان و زاڵ بوون بەسەر کۆسپ و بەربەستەکان و جێ بەجێ کردنی پلان و بەرنامەی کاری وەزارەتی کارەبا کە دامانناوە لە کابینەی هەشتەم ، لە ماوەی ئەو چوار ساڵە ئەو پلانە جێ بەجێ ئەکەین، ئەویش بە مەبەستی دابین کردنی کارەبایەکی بەردەوام بۆ هاووڵاتیانی خۆشەویست، هەر گەش و ڕووناکتر بێ کوردستان، سوپاس بۆ گوێ گرتنتان.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق: سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری کارەبا، فەرموو بەڕێزتان ئەتوانن بگەڕێنەوە شوێنی خۆتان، نزیکەی (٢٤) ئەندام پەرلەمان ناوی خۆیان نووسیوە، ئەندامانی تر ئەتوانن ناوی خۆیان بنووسن، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە بۆ ئەوەی ناوی خۆیان نەنووسنەوە دووبارە، (سهراب میکائیل، شوان شیخ احمد، دکتۆرە بەهار،

بەهزاد دەروێش، شێرکۆ حەمە امین، شکریە شێخانی، دکتۆر سیراج، شرین حسنی، پەروا علی، فیرۆز تەها، ڤیان عباس، ابو بکر هەڵەدنی، بەهار عبدالرحمن، سۆران عمر، حیات مجید، بەیار تاهر، علی حمە صالح، ادریس علی، حاجی کاروان، فرست صۆفی، فائق مصطفی، باپیر کاملا)، بەرێز کاك فایەق نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەرێز فائق مصطفی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك داوا کاریم هەیە، بە حوکمی ئەوەی پسپۆڕم لە بواری کارەبا، ئەگەر بکرێ من ڕاپۆرتێکم هەیە پێم وابێ ئەگەر بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان لەسەر ئەوە ڕازی بن بەرچاو ڕوونیەکی زیاتریان پێ ئەدەم بۆ ئەوەی بتوانن سوودی لێ وەرگرن بۆ پرسیارەکانیان، ئەگەر ئیمکان بێ.

**بەرێز د.محمد یوسف: سەرۆکی پەرلەمان:**

پێم وابێ لەسەر بەرنامەی پێشوومان بڕۆین، بەرنامەی کۆبوونەوەی پێشوو کە داماننا، و دەنگمان لەسەری دا، ئەندامانی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان کە ئێستا تەنیا یەك لیژنەیە، لیژنەی وزە و سەرچاوە سروشتییەکان و پیشەسازییە، ئەگەر ویستیان قسە بکەن، ئەوان دەرفەتیان پێ بدرێ، بەلاّم ئەویش لە (١٠) دەقە زیاتر نەبێ، بۆ ئەوەی قسەکانی خۆیان بکەن، یەعنی هەوڵ بدەن لە (١٠) دەقە چڕی بکەنەوە، ئەندامانی تری پەرلەمان هەریەکە لە (٣) دەقە پرسیار و کۆمێنتی خۆی بڵێ، بەرێز دکتۆر ئیبراهیم فەرموو.

**بەرێز د.ابراهیم احمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز تەئیدا ئاخافتنا کاك فائقێ دکەم، پسپۆڕی گەلەکا گرنگە ڤێ بابەتێدا، ڕەنگە مە پسپۆڕی تێدا نەبت هندەك پرسیارێت مە عشوائی بچن، بەس ئەگەر ئەو ڕوون کردنەکی بدات ل سەر ڤێ بابەتی، ڕەنگە بەرسڤا مە غەڵەت نەبێ، لەوڕا پەسندا داخازا کاك فائقێ دکەم.

**بەرێز د.محمد یوسف: سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەرێز کاك مەردان فەرموو.

**بەرێز مەردان خدر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل دانیشتنا چوویی بۆ لیژنا پەروەردە و خوێندنی بالاّ ئەڤ دەرفەتە نەدا، بۆ مەش نەکرنە (٣) دەقیقە، بۆ هندێ ئەز دگەل دا نیمە ڤێ تایبەتمەندیێ بداتە لیژنا، ئەم هەمی وەکی ئێك بین، سوپاس.

**بەرێز د. یوسف محمد صادق: سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەردان هەر لە دانیشتنی پێشووش ئەو ڕوون کردنەوەمان دا، ئێوە خۆتان ڕاپۆرتان حاز کرد، واژووتان لەسەر کردبوو لیژنەی پەروەردە، لە تەوەری دووەمی بەرنامەی کاری دانیشتنی پێشوو کە پەیوەندیدار بوو بە هەموار کردنی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا، بەڵام لەو بابەتە هیچ ڕاپۆرتێك حازر نەکراوە، بۆیە لەسەر ئەو دەنگدانەی دانیشتنی پێشوو بەردەوام ئەبین، و پێم وابێ دەرفەتیشم پێدای، خاتوو شرین فەرموو.

**بەڕێز شرین حسنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیریا ئاخافتنێ کاك مەردان دکەم، (٣) دەقە کێمە، ئەز حەز دکەم ب دلێ خۆ بئاخڤم، ب حوکمێ ئیختیصاص ئەزیش ئیختیصاصێ کەهرەبائم، فە ئەگەر کراوبێ و هەر پەرلەمانتارەکی بە دڵی خۆی قسە بکات باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.محمد یوسف: سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی هیچ کێشەیەك نییە، حەز ئەکات تا سەعات یەکی شەو لە دانیشتنی پەرلەمان ئەبین، بەڵام پێم وایە قسەکانمان کۆ بکەینەوە باشترە، فەرموو کاك بەیار.

**بەڕێز بەیار طاهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ژی پشتەڤانیا ئاخافتنێ کاك فائقێ دکەم کو ئەوێ ڕاپۆرتێ، هەروسا پشتەڤانیا ئاخافتنێ کاك مەردانێ دکەم، چونکی (٣) دەقیقە گەلەکێ کێمە بۆ ڤێ موناقەشێ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق: سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سۆران.

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیختیصاص ڕەچاو مەکەن، چونکە هەموو کورد ئیختیصاصی هەیە لە موەلیدە هەڵدانەوە و کارەبا بڕان و تاریکە، لەبەر ئەوە با هەموو کەس وەکو یەك قسە بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق: سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عەبدرحمان.

**بەڕێز عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕێگەی بەرێزتەوە داوا لە جەنابی وەزیر ئەکەین کە ئەو ڕاپۆرتەی خوێندیەوە دابەش بکرێ بەسەر ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی زانیاری تەواومان هەبێ.

**بەڕێز د.محمد یوسف: سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو پەروا فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لە قسەكەی بەڕێز كاك فایەق ئەكەم، ڕەنگە پسپۆڕی لەم بوارە گرنگ بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق: سەرۆكی پەرلەمان:**

لە دانیشتنی پێشوو ئەم بابەتە خراوەتە دەنگدانەوە، بۆیە دەستەی سەرۆكایەتی پابەند ئەبێ بەو بڕیارەی لە دانیشتنی پێشوو لەم بوارە دراوە، ناوەكان بخوێنەوە تكایە بەڕێز سكرتێری پەرلەمان.

**بەڕێز فخرالدین قادر-سكرتێری پەرلەمان.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ناوانە ئێستا لای ئێمە تۆمار كران بۆ گفتوگۆ كردن لەسەر ئەو بڕگەیە (دكتۆر شوان قەڵادزەیی، عبدالله حاجی محمود، ابو كاروان، ماجد عثمان، غەریب مصطفی، ڕابوون توفیق، مامۆستا مەروان، نەجیبە لطیف، ئێڤار ابراهیم، ایوب عبدالله، پەری صالح، مەلا هەورامان، ڕوزا محمود، حسن صالح، عبدالرحمن علی، شێركۆ جودت، عمر كۆچەر، عمر عینایەت، جمال عثمان، انس محمد، دڵشاد شعبان، هێڤا حاجی، مردان خدر، تحسین اسماعیل، عباس غزالی، شیلان جعفر، شامۆ شێخۆ، ناظم كبیر، فرحان جوهر، بێگەرد تاڵەبانی، تەلار لطیف، مریم صمد، قادر ئوتمان، ڕێواز فائق، كاك عباس، صالح فەقێ، سەركەوت سەرحەد، فەرهاد حەمە صالح، منی نبی، سالار محمود، علی هالۆ).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق: سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیە كاك سالار؟ فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە دڵنیایەوە ئەم بابەتە بابەتێكی ئیختیصاصی وردە، داواكارم لە سەرۆكایەتی ئەو داخوازیەی بەڕێز كاك فایەق بە نەزەڕی ئیعتیبار وەربگرێ، چونكە ئەندامانی لیژنەكەیە، دیارە بیرۆكەیەكی هەیە، هیوادارم پێش هەمووان بیخاتە ڕوو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق: سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز كاك فائق مستەفا فەرموو بۆ ڕاپۆرتەكەت.

**بەڕێز فائق مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری كارەبا و شاندی یاوەری و بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان ئەكەم، دیارە كە باس لە كێشەی كارەبا ئەكرێ بە شێوەیەكی گشتی تەنیا یەك ڕووكاری ئەو كێشەیە هەیە كە بینراوە تا ئێستا، ئەویش ئەوەیە كەمی كارەبایە كە بەرهەم دەهێنرێ، بەشێ بەكارهێنان ناكات لای

هاووڵاتیان، کەمی بەرهەم هێنان لە ئاست بەکارهێنان، بەڵام ئەوە تەنیا  یەك ڕووی کێشەکەیە، ڕووەکەی تری ئەوەیە کە گرێبسەتەکان و هەلومەرجی بەکارهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان بە جۆرێکە کە تێچوویەکی زۆر زۆری هەیە، بڕی چوار تا پێنج ملیار دۆلاری ساڵانە، ئەوە ژمارەیەکی ترسناکە، و بارێکی زۆر قورسە لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان، چوار تا پێنج ملیار دۆلار واتە مووچەی شەش تا حەوت مانگی مووچەی فەرمانبەران، دیارە وەکو بەرێز وەزیریش ئاماژەی پێدا، سیستەمی کارەبا بەو جۆرەیە (بەرهەم هێنان، گواستنەوە، تەحویل، دابەش کردن) ئەوەش کێشە لەسەر کەمی کارەبا هەیە، کێبڕکێی دوو چەمکە، چەمکی بەرهەم هێنان لەگەڵ بەکارهێنان، واتە لێرە لەسەر ئەو دوو سێکتەرە ئەوەستین کە بەهەرم هێنانە لەگەڵ دابەش کردن، یانی بەیەك گەیشتنی ئەو دوو دژ بەیەکە بەرهەم هێنان و بەکارهێنان کێشەکەی چارەسەر کردووە کە ئەبوایە لە وڵاتێکی وەکو ئێمە بە پێی دەوڵەمەندی سەرچاوەی وزەی سروشتی نەك هەر بەیەك بگەشیتبانایە، بەڵکو بەرهەم هێنان پێش بەکارهێنان بکەوتایە، لێرە بۆ بەرچاو ڕوونی بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاماژە بەو سەرچاوانەی بەرهەم هێنانی کارەبا ئەکەم کە لە هەرێمی کوردستان هەن زۆر بە کورتی، سێ وێستگەی غازی هەیە (هەولێر، سلێمانی، دهۆك) ، کە هەریەکە هەشت یەکەی بەرهەم هێنانی کارەبایە بە بڕی (١٢٥) مێگاوات، کەواتە هەر وێستگەیەك هەشت کەڕە بیست و پێنج هەزار مێگاوات بەرهەم دێنێ، بە هەرسێ وێستگە (٢٤) یەکەی بەرهەم هێنانە، وێستگەی بەرهەم هێنانی کارەبای باعەدرێ کە (١٤٠) مێگاواتە، سێ وێستگەی دیزڵمان هەیە کە هەر یەکە (٢٩) مێگاواتە لە سلێمانی و هەولێر و دهۆك دیزڵن کە بە گازوایل ئیش ئەکەن، ئەوەی با عەدرێ بە نەوتی قورس بە نەوتی ڕەش هێڤی ئۆیڵ ئیش دەکات، وێزگەی بەرهەمهێنانی تاسلۆجە کە ئەویش هەر بە نەوتی ڕەش کاردەکات (٥١) مێگاوات توانای بەرهەمهێنانەکەیەتی، هەردوو وێزگەی کارو ئاوی دوکان و دەربەندیخان کە هەردووکیان لە ئاستی ئاوی دیاری کراوی خۆیاندا دوکان (٥) کەڕەت (٨٠) کە دەکاتە (٤٠٠) مێگاوات، دەربەندیخانیش (٣) کەڕەت (٨٣) دەکاتە (٢٤٩) مێگاوات، بەڵام لە ئاستی ئاوی دیاری کراودا، چونکە لە دابەزینی ئاستی ئاودا ناتوانێت ئەو بەرهەمە بێنێت، سەرەڕای ئەو سەرچاوانەی بەرهەمهێنان دیارە بۆ ناوچەی (پێنجوێن) لە ئێرانەوە بڕە کارەبا هاوردە دەکرێت کە نزیکەی (١٧) بۆ (٢٠) مێگاواتە، لە تورکیاوە (١٣٠) بۆ (١٤٠) مێگاوات هاوردە دەکرێت بۆ سنووری (زاخۆ)، هەروەها جگە لەوە (٨٠) یەکەی تری لە جۆری دیزڵ کە بە موەلیدەکانی سەقەت ناسراون و ملیۆنەها دۆلاریان تێدا سەرف کراوە لە ماوەی ڕابردوودا گوایە ئێستا بەهۆی کێشەی تەکنیکییەوە ئیش ناکەن، کەواتە لە هەموو ئەو سەرچاوانەی بەرهەمهێنان کە ئاماژەیان پێدرا جگە لە دوکان و دەربەندیخان بڕی (٤٠٩٢) مێگاوات دەتوانێت بەرهەمبێنێت، بەڵام لەو بڕە کە ئێستا نزیکەی (٣١٠٠) مێگاوات بەرهەمدەهێنێت لە کاتێکدا خواست لەسەر کارەبا واتە پێویستی هاووڵاتیان نزیکەی (٤٥٠٠) مێگاواتە، کەواتە ئێمە نزیکەی (١٥٠٠) مێگاوات کورتهێنانمان هەیە، ئەوەی ئێستا بۆ چارەسەری هەنووکەیی قسە دەکەین چۆن ئەم (١٥٠٠) مێگاواتە پەیدا بکەین؟ ئەمە بۆ چارەسەری هەنووکەیی، دێمە سەر تێچووی کارەبا و شێوازی گرێبەستەکان، لێرەدا بۆ

سوود وەرگرتن لە کات تەنیا ئەو سێ وێزگەیە وەردەگرین لەو سێ وێزگەیەش یەك دانەیان بۆ ڕەقەم وەردەگرین، هەر وێزگەیەك لە وێزگەی غازی هەولێر، سلێمانی، دهۆك، کە لە لایەن کۆمپانیای (ماسەوە) بەڕێوە دەبرێت هەریەکەیان (٨) وەحدەیە، هەر وەحدەی (١٢٥) مێگاواتە پێشتر ئاماژەمان پێداوە بۆ هەر وەحدەیەك لە شەو ڕۆژێکدا ئەگەلر (١٢٥) مێگاوات بەرهەم بێنێ و ئیش بکات (١) ملیۆن لیتر گاز ئۆیلێ پێویستە بەپێی داتاکانی وەزارەتی سامانە سرۆشتییەکان بۆ (١) لیتر گاز ئۆیلێ (١١٠٠) دینار لەسەر حکومەت دەکەوێت، یەعنی (١) ملیۆن زەربی (١١٠٠) دینار بکە ئەوە لە شەو ڕۆژێکدا بۆ (١) وەحدە، کە هەر یەکەیان (٨) وەحدەیە، سەرەرای ئەوە تەبعەن ئەم سۆتەمەنییە وەزارەتی سامانە سرۆشتییەکان واتە حکومەتی هەرێم دەبێت دابینی بکات، لەسەر ئەوە ئەو کارەبایەی کە بەرهەمیش دێت بۆ هەر کیلۆواتێك (٣,٢) سەنت دەبێت حکومەت پارە بدات، واتە لە شەو ڕۆژێکدا بۆ (١) وەحدە حیسابی کە (١٢٥) زەربی (١٠٠٠) بکە و زەربی (٢٤) سەعاتی بکە دوایی زەربی (٣) سەنتی بکە ئەوە لە شەو ڕۆژێکدا دۆلارەکەی بۆت دەردەچێت ئەوەندەی تریش دەبێت بدات، بڕی تێچوونە زۆرەکە لەوەدایە کە ئەو یەکانە بە گاز ئۆیلێ ئیش دەکەن، گاز ئۆیلێیش گرانە، کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا دەبوایە بیر لەوە بکرێتەوە و هەوڵبدرێت ئەوانە تەحویل بکرێن بۆ ئیش پێکردنی ئەو یەکانەی کە بە غازی سرۆشتی کاردەکەن تێچوونەکەی ئەسڵەن بەراورد ناکرێت هێندە کەمترە لەوە، کە خۆشبەختانە ئێستا پێموابێت نیوەی وەحدەکان بەشێکی میکسە تێکەڵە بە گاز ئۆیلێ و بە غازی سرۆشتی و بەشێکی بە غازی سرۆشتی بە تەنیا و بەشێکی تەنیا بە گاز ئۆیلە، ئەگەر (١٢) یەکە بە گاز ئۆیلێ ئیش بکات لە (٢٤) کاتژمێردا (١٢) ملیۆن لیتریان پێویستە کە دەکاتە (١٣) ملیار و (٢٠٠) ملیۆن دینار، واتە لە مانگێك دا دەکاتە (٣٤١) ملیۆن دۆلار و لە ساڵێکیش دا دەکاتە (٤) ملیار و (٩٢) ملیۆن دۆلار، کە ئەمە تەنیا تێچووی سووتەمەنییەکەیە ئەوە بە (١٢) وەحدە لەو (٢٤) وەحدەیەی کە ئێستا بە گازئۆیلێ ئیش دەکەن، یەك خاڵی تری زۆر گرینگ کە لە گرێبەستەکەدا هەیە هەر کاتێك هەر یەکێك لەو وەحدانەی تەولیدی کارەبا، ئیش پێکردنی کارەبا لەو وێزگە ئەوانەی کە لە کەرتی تایبەتن ئەوانەی کە ئاماژەم پێدا لە ئیش دەربچێت کە هۆکارەکەی حکومەتی هەرێم بێت بۆ نموونە دابین نەکردنی سووتەمەنی یان هەر کێشەیەکی تەکنیکی کە لە سیستەمدا هەبێت ئەو وەحدانە بکەون، یەعنی بکوژێنەوە، کەوتن یەعنی کوژانەوەی وەحدەکان پارەی کارەباکە لەسەر حکومەت حیسابە بۆ ئەو (٣,٢) سەنتە کە بۆ هەر کیلۆ واتێك، دیارە ئەوە بە پێی عەقدەکانە ئەو عەقدەی هەرسێ وێزگەی غازی هەولێر و، دهۆك و، سلێمانی (١٠٠٪) کارەباکە حیسابە لەسەر حکومەت، بەڵام دەست خۆش بۆ ئەو کەسەی کە لە عەقدەکەی (خورمەڵە)دا کردوویەتی (٦٠٪) لە عەقدی کارەباکەی (خورمەڵە)دا، یەعنی ئەوەی (خورمەڵە) ئەگەر وەحدەکان ئیش نەکات (٦٠٪) کارەباکەی پێدەدەی یەعنی (٤٠٪) دابەزاندووە هەر باشترە، یەك حاڵەت هەیە کە لە ڕۆژانی ڕابردوودا ڕوویداوە بە نموونە دەیهێنمەوە ڕۆژی (١١/٦) و (١١/١٦) و (١١/٢١) و (١٢/١٧) کە بە هۆکاری کێشەی تەکنیکی لە سیستەمی کارەبادا سەرجەم یەکەکانی وێزگەکان لەکار کەوتن، واتە لە ئیش دەرچوون کە پێی دەوترێت کوژانەوەی گشتی (shotdaown) بۆ ماوەی (٢٧) کاتژمێر کە

نزیکەی (٢) ملیۆن و (٤٣٠) هەزار دۆلار لەسەر حکومەت کەوتووە، یەعنی کارەبا بەرهەم نەهاتووە و حکومەتیش پارە دەدات، یەعنی هاووڵاتی کارەبای وەرنەگرتووە و پارەش لەسەری حیساب بووە، لەبەر ئەوەی لە بودجە کە موڵکی خەڵکە ئەو پارەیە دەدرێت، وێزگەی کارەبای (خورمەڵە) کە (١٤٠) مێگاواتە بەهۆی کێشەی سووتەمەنی و ئیدارییەوە جارێکیش دەڵێن بەهۆی کێشەی گواستنەوەی کارەباکەیەوە، پێم باشبوو روون کردنەوەیەکی زۆر باشیان لەسەر ئەوە بدابایە، چونکە پێموابێ لە گواستنەوەکەیدا ئەگەر مەسەلە گواستنەوەی کارەباکە بێت ئەمە جگە لە بێ پلانی هیچی تر نییە، تۆ وێزگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا دابمەزرێنی حیسابی ئەوەت نەکردبێت کە بەرهەمەکەی بگوازیتەوە، هیوادارم وا نەبێت و ئەگەر کێشەی سووتەمەنیش بێت خراپتر، چونکە ئەوەی لەوێیە (٦٠٪) بۆ دەکەی لەسەرمان حیسابە من پێم خۆشە بە ڕەقەم ئەمە روون بکەمەوە بۆ هەر کیلۆ واتێك حکومەت پێویستە (٣,٢) سەنت بدات بە کۆمپانیا، واتە لە مانگێك دا پێویستە حکومەت بڕی (٩) ملیۆن و(١٤٢) هەزار و (٢٧٢) دۆلار بدات کە لە ساڵێك دا دەکاتە (١٠٩) ملیۆن و (٧٠٧) هەزار و (٢٦٤) دۆلار دەبێ بە کۆمپانیا بدات بەبێ ئەوەی هیچ کارەبایەك بەرهەم بێنێت، پێموابێت ماوەی (٣) مانگە دەکرێت ئەو ماوەی (٣) مانگ تەقسیمی بکەن زۆر باش دەردەچێت بۆ (٤) مانگ حیسابم کردووە کە دەکاتە (٣٦) ملیۆن و (٥٦٩) هەزار و (٨٨) دۆلار لەسەر حکومەت کەوتووە تەنیا لەو (٣) مانگەدا بەبێ ئەوەی یەك کیلۆوات بەرهەم بێنێت،...

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ سکرتێری پەرلەمان:**

کاك فائق بەردەوام بە، بەس ئەگەر بکرێت کورتی کەی.

**بەڕێز فائق مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بە چاوان، کەم کردنەوەی خەرجی و زیاد کردنی بەرهەمهێنان، دیارە گۆڕینی ئیش پێکردنی هەموو ئەو یەکانەی وێزگەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك لە گاز ئۆیڵەوە بۆ غازی سرۆشتی کە تێچوونەکەی ئەوەندە کەمترە بەراورد ناکرێت دەبوایە زۆر لەمەو پێش بکرابایە، ئەمە پەلەی لێ بکرێت تێچوونێکی زۆر لە کارەبا دادەبەزێت و ئەو بارە قورسە لەسەر بودجە زۆر کەم دەبیتەوە، دامەزراندنی یەکەی تری بەرهەمێنان لە جۆری هەڵمی ئەوەی کە پێی دەڵێن (combine sykle) جەنابی وەزیر ئاماژەی بەوە دا کە کێشەی هەیە، (combine sykle) ئەوەیە کە ئەو وەحدانەی ئیش دەکەن گەرمی لێوە دەردەچێت لە کۆتایی دا، هەر بەم گەرمییە دەتوانی وەحدە و نیو ئەوەندەی تری لەسەری دابنێ و بەپێی توانای بەرهەم بێنی بەبێ ئەوەی سووتەمەنی بەکاربێنی، پێموابێ کێشەکەی وەزارەتی کارەبا لەسەر ئەوەی من یەکێك لە پرسیارەکانم ئەوە بوو کە لە کاتی خۆی لە عەقدەکەدا ئەو گەرمییە موڵکی کێیە، موڵکی حکومەتە یان هی کۆمپانیایە؟، چونکە سووتەمەنییەکە حکومەت دابینی دەکات کارەباکە کە بەرهەم دێت ئەو گەرمییە دەردەچێت بەڕەئی من و بە قەناعەتی من پێموایە ئەو گەرمییە، ئەو وزەیەی کە دەردەچێت پێویستە هی حکومەت بێت، چونکە ئەگەر وزەیە هی کۆمپانیا بێت دیسانەوە کارەباکەی زۆر بە گرانتر پێ

دەفرۆشێت، کەواتە تەواوکردنی (combine sykle) بۆ هەر مەحتەیەك کە (۱۰۰۰) مێگاواتە دەیکا بە (۱۵۰۰) هەر موحتەیەك، دیارە لە بواری بەکارهێنانیشدا ئێمە پێویستە بە دوو ئاراستە ئیش بکەین ئاراستەیەکیان زیاد کردنی بەرهەمهێنان ئاراستەیەکیش کۆنترۆڵ کردنی بەکارهێنان، کۆنترۆڵ کردنی بەکارهێنان لە ڕێگەی بەرز کردنەوەی نرخەکەی نابێت لەسەر هاووڵاتی لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو سیستەمەوە دەبێت کە بە کەمترین وزە بتوانی پێداویستییەکانی هاووڵاتیان پڕبکەیتەوە بۆ نموونە بەکارهێنانی سپلیت زۆر موکلیفە کارەبا زۆر دەکەوێت، بەڵام ئەمە ئەگەر لە کاتی خۆیدا پلان هەبووایەو ئێستاش پلان هەبێت کە هانبدرێت تەبرید و تەدفیئەی مەرکەزی بەکار بێنێت ئەو لۆدە زۆر دادەبەزێت ئەمە لە لایەك، لە لایەکی ترەوە بەشێوەیەکی هەنووکەیی هەوڵبدرێت سووتەمەنی بەتایبەتی نەوت بەشێوەیەکی بەردەوام و بەنرخێکی گونجاو دابەش بکرێت هاووڵاتیان ئیعتیماد بکەنە سەر ئەو لۆدە زۆر لەسەر کارەبا دادەبەزێت، یەك حاڵەتی تر هەیە لە بەکارهێناندا بەراستی من (٣٣٪) کە باسی (لۆسس) کرا کە لۆسس بەشێوەیەکی عیلمی بە فیڕۆ چوونە، بەڵام ستانداردی خۆی هەیە لە حدودی (٢٪) تا (٥٪) تێناپەڕێ ئەو (٣٣٪) یە ئەمە سەرپێچی و زیادەڕەوییە و بڕێکی زۆرە کە لە کارەبادا هەیە هیوادارین زوو چارەسەر بکرێت، ئاماژەیەك ماوە بۆ وێزگەی دوکان و دەربەندیخان و بە چەند پرسیارێك کۆتایی پێدێنم، دیارە وێزگەی دوکان و دەربەندیخان لەسەرەتای ڕاپەڕینە مەزنە شکۆدارەکەی گەلی کوردستانەوە لە دوای ساڵی (۱۹۹۱) وە تا دەگاتە ساڵی (۲۰۰۸) هیچ سەرچاوەیەکی تری بەرهەمهێنانی کارەبا نەبووە جگە لەو دوو وێزگەیە کە بە هەوڵ و ماندوبوونی کرێکارانی تەکنیکی و ئەندازیاران لەو دوو وێزگەیەدا توانیویانە کارەبای کوردستان بەهەر کەموکورتییەکەوە بێت دابین بکەن کە زۆر جێی شانازییە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لە ئێستادا کە وێزگەکانی کەرتی تایبەت پەیدابوون ئەو دوو وێزگەیە فەراموش کراون لە ڕووی ئیمتیازی ئیداری و مادییەوە، فەرمانبەران وکارمەندانی ئەو دوو وێزگەیە هەموو بەهاری تەمەنیان لەسەر ئەو دوو وێزگەیە دانا، بەڵام ئێستا کەلاوەیەکیان پێ ڕەوا نابینن (١٤) ساڵە لە هەوڵی تاپۆ کردنی خانووەکانیانن کە تا ئێستا بۆیان تاپۆ نەکراوە، دەرماڵەی شوێنی جوگرافی کە (۳۰) هەزارە مانگانە دوو سێ ساڵە لێیان بڕدراوە و، بەداخەوە زەرەرێکی تر کە بەهۆی پڕۆژەیەك کە لەسەر بانکی نێودەوڵەتی کراوە چەندین ملیۆن دۆلاری تێچووە پێشتر ئەو وێزگانە پێش ئەو پڕۆژەیە، کوژانەوەی گشتی لە هەموو عێراقدا دەبوو لە ڕێگەی ئەو دوو وێزگەیەوە ڤۆڵتی دەگەڕایەوە بۆ سیستەم و گیانیان دەکردەوە بە بەر سیستەمی کارەبادا، بەڵام ئەو پڕۆژەیە ئەنجامدرا سەرەرای ئەوەی ملیۆنان دۆلاری تێدا سەرف کرا ئێستا ئەو حاڵەتە نەماوە، ناتوانی ئیشیان پێ بکەی کە (dwon shut) بوو یەعنی زەرەری لێداوە، ئەوە جگە لەوەی کە شەبەکەی جیایی کە تا ئێستا (۳) ئایزولیتەری تەقیوە کە لە ساڵی (۱۹۸۳) دامەزراوە تا ئەنجامدانی ئەو پڕۆژەیە هیچ کێشەیەکی نەبووە لە دوای ئەنجامدانی ئەو پڕۆژەیەوە (۳) ئایزولیتەری تەقیوە کە زەرەر و زیانێکی زۆرە، دێمە سەر پرسیارەکان، پرسیاری یەکەم: موالیدەکانی سقەت کە ژمارەیان (۸۰) دانەیە و پێشتر ئاماژەیان پێدرا، گوایە ئێستا بەهۆی کێشەی تەکنیکییەوە ئیشیان

پێ ناکرێت، چارەسەر چییە و چی ڕێگا چارەیەك گیراوەتە بەر؟، دووەم: ئەو کوژانەوە گشتیانەی کە لە مانگی (١١) و (١٢) دا روویدا و بە هەموویان (٢٧) سەعاتی بڕانی کارەبای هەرێمی کوردستانی لێکەوتەوەو زەرەرو زیانێکی مادی زۆری بەدواوە بوو ئایا ئەو هۆکارە تەکنیکییە چی بوو و لێکۆڵینەوە لەو بارەیەوە کراوە، ئەنجامەکەی چی بووە؟، وێزگەی کارەبای (خورمەڵە) کەی کێشەکانی چارەسەر دەکرێت و دەکەوێتە بەرهەمهێنان؟، ئایا هیچ کارێك کراوە بۆئەوەی وەزارەتی سامانە سرۆشتییەکان سووتەمەنی بەشێوەیەکی بەردەوام بە نرخی گونجاو دابەش بکات بۆ ئەوەی ئەو بارە زۆرەی کە لەسەر سیستەمی کارەبا هەیە کەم بکرێتەوە؟، ئەم پرسیارە توزێك پێویستی بە روون کردنەوە هەیە، وەزارەتی کارەبا دەزگاکانی کارەبای لەبەر دەستە، بەڵام سووتەمەنییەکە لە لایەن وەزارەتی سامانە سرۆشتییەکانەوە دابین دەکرێت، واتە ئەمە وەزارەتێکە موحەریکەکەی لە شوێنێکی ترە بیر لەوە کراوەتەوە ئەمە چارەسەر بکرێت؟، ئایا لەکاتی جێبەجێ کردنی پڕۆژەی گۆڕینی وێزگە غازییەکان لە (simpel sykle) بۆ (combine sykle)، ماوەی وەستانی یەکەکان بەکراوەییە یان کاتێکی بۆ دیاری کراوە تا ئەو ماوەیە خەرجییەکی زۆر لەسەر حکومەت دەکەوێت؟، ئایا گرێبەست لە گەڵ کۆمپانیای بەڕێوەبەری ئەو وێزگانەی کە کاری گۆڕانکاریان تێدا ئەنجام دەدرێت ئەو وزە گەرمییەی کە یەکە هەڵمیەکەی ئیش پێدەکرێت موڵکی حکومەتە یان کۆمپانیا؟ ئایا ماوەیەکی دیاری کراو هەیە بۆ گۆڕینی ئیش پێکردنی هەموو یەکەکان لە گاز ئۆیڵەوە بۆ غازی سرۆشتی؟ ئایا هیچ ڕێکارێك گیراوەتەبەر بۆ چارەسەر کردنی هەڵەی (ئینێرجی میتەرەکانی)ماڵان ئەوەی کە پێدەڵێن (سەعاتی) ماڵان؟، کە بەهۆیەوە زەرەرو زیانێکی زۆری بە هاوبەشەکانی کارەبا گەیاندووە، هەیە لەمانگێکدا هیچی بۆ نەهاتووە و لە مانگی دوایی (١) ملیۆن دیناری بۆ دێتەوە، پێوەری زیرەك کە چەند ساڵێکە باس دەکرێت بە کوێ گەیشتوە و کەی تەواو دەبێت؟، بەپێی زانیارییەکان لیژنەیەك پێك هاتووە بۆ لێکۆڵینەوە لە کەم کردنەوەی کرێی کارەبا لە چەندین شوێن و پڕۆژەی بازرگانی کە کرێی کارەباکەیان بەڕادەیەکی ئەوەندە زۆر بووە کەم کراوەتەوە کە وەك بەخشین وایە، ئایا ئەنجامی ئیش و کاری ئەو لیژنەیە بە کوێ گەیشتووە؟، وێزگەی دیزڵی (٢٢) مێگاواتی سلێمانی بۆچی ئیش ناکات ئایا سەرەرای ئەوەی ئیش ناکات سووتەمەنی بۆ دابین دەکرێت؟، لێرە هۆکارەکەیم زانی حکومەت کارەباکەی ناکڕێت، بەڵام ئایا سووتەمەنییەکەی بۆ دابین دەکرێت؟، هەرێم کارەبا لە ئێران و تورکیاوە هاوردە دەکات ئەوەی ئێران نزیکەی (٧،) ئەوەندە سەنت ئەوەی تورکیا بە (٩،) ئەوەندە سەنت، بەڵام کارەباکەی خۆمان (٢٣) سەنتی زیاتر تێدەچێت، کارەبای ئەو کۆمەڵگا نیشتەجێبوونانەی کە لە نێوان وەبەرهێن و حکومەتدا گیریان خواردووە و تا ئێستا کارەبای نیشتمانیان پێنادرێت یان لە هەندێك شوێن (٦) ئەمپێریان پێدەدرێت چارەسەرەکەی بەچی گەیشتووە؟، ئایا هیچ بەرنامەیەك هەیە بۆ دەست پێکردنەوەو تەواو کردنی بەنداوی (بێخمە) کە وێزگەیەکی (١٥٠٠) مێگاواتی لەسەری دادەنرێت و ئەگەر نا ڕێگریەکان چین؟، وێزگەیەکی (٥٠٠) مێگاواتی لە جۆری هەڵمی کە بڕیار بوو لە (تەق تەق) دابمەزرێ و بڕی (١٨) ملیۆن دۆلاریشی بۆ تەرخان کرابوو ئایا چارەنووسی وێزگەکە و پارەکە بەچی گەیشتووە؟،

ڕووناکی شەقام و ناو شارو شاروچکەکان کە زۆربەیان (٤٥٠) واتین ناکرێت کەم بکرێتەوە بۆئەوەی ئەو لۆدە بگەڕێتەوە بۆ ماڵان؟ بەشێکیان (١٢٥) واتین و بەشێکیان (٤٥٠) واتین ئەگەر (٤٥٠) واتییەکە کەم بکرێنەوە ئەوە دیارە لۆدێکی باشتر دەگەڕێتەوە، دەرماڵەی مەترسی بۆ کارمەندانی کارەبا خەرج ناکرێت کە چەند ساڵێکە بەڵێنیان پێدەدرێت بۆ هاوتا کردنی لەگەڵ حکومەتی فیدرالی (٣٪) بۆ (٧٥٪) بەرنامەتان چییە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە؟، دەرماڵەی شوێنی جوگرافی بۆ کارمەندانی دەرەوەی پارێزگاکان کە دوو سێ ساڵە بڕدراوە کە مافی خۆیانە ئایا بەرنامەتان هەیە بۆ گێڕانەوەی؟، دەرماڵەی نۆبەکاری کە بە عەرەبی پێی دەڵێن (المناوبة) کە پێشتر ئەمە هەبووە بۆ ئەو کارمەندانەیە کە شەو رۆژ کاردەکەن ئایا بەرنامەیەك نییە بۆ گێڕانەوەی ئەو دەرماڵەیە؟، لە سیستەمی (سکادا) پارێزگاکان بودجەی تایبەتی خۆیان پێدراوە ئایا هیچ حیساباتێك کراوە بۆ پارێزگای (هەڵەبجە)؟، زۆر سوپاس، داوای لێبووردن لە سەرجەم ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانیش دەکەم.

**بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینکی/ سکرتێری پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بۆ بەڕێز فائق مصطفى بۆ پێشکەش کردنی ئەم راپۆرتە، دیارە هەم بابەتەکان و پرسیارەکانی پسپۆڕی پێوە دیار بوو، ئۆمێدەوارین هەم جەنابی وەزیری کارەبا و هەم پەرلەمانتاران سوودیان لێ وەرگرتبێت، گفتو گۆکان درێژەی پێدەدەین ئێستا بەڕێز کاك بەیار فەرموو.

**بەڕێز بەیار طاهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

براستی من مفایەکێ باش ژ ڤێ راپۆرتا کاك (فائق) وەرگرت هەرچەندە وی پتر روون کردن دان دڤێ رۆینشتنێدا، نیسبەت ئەو پرسیارێت پشتی من ئەڤ راپۆرتا کاك (فائق) خواندی و ئەو نوقتێت تێدا هاتین من پرسیارکرن ژ چەندین لایەنا لسەر ڤی بابەتی، براستی بۆ من دیار بوو کو دبیتن وەزارەتا کارەبێ پلانەکا دورست نینە یان ژی بەردەوام پلانێت خۆ دگهۆریتن ژبەر هندێ ژی ڤەیرانا کارەبێ یا بەردەوامە هەتا نووکە چی چارەسەری بۆ نەهاتییە کرن دوەختەکێدا کو بڕیار بوو بەری سێ، چوار ساڵا ئەڤ ڤەیرانە یان ئەڤ کێشا کارەبێ ل هەرێمێ چارە بیتن، دڤی مەوسمیدا بتایبەتی مەدیت چەندین جارا کارەب یا ڤەتع دبیتن لسەرانسەری کوردستانێ، بدیتنا من دڤیابا وەزارەت خۆ بەرپرسیار ببینیتن دڤێتن چارەسەرییەکا دورست ببینیتن، پلانەك هەبیتن، پرسیارا مە یا ئێکێ ژ جەنابێ وەزیری ئەوە ئەرێ وان پلانەك هەیە، یان نا؟ ئەڤێ پلانێ جێبەجێ دکەن یان نا؟ پێگیریێ پێدکەن یان نا؟، چونکە پشتی مە پرسیار لسەر راپۆرتا کاك (فائق) کرین بۆ مە دیار بوو کو چەندین تێبینیێت لسەر ئەدائا وەزارەتێ بخۆ ژی هەین نەك تەنیا ئەو گلەییێت جەنابێ وەزیری بەحس کرین د جهێ خۆدانە، چونکە بدیتنا من دەمێ وەزیرەك دێتە راسپاردن دڤیابا ئەو سەڵاحیات هەبن کو بشێتن چارەسەریا هەمی موشکیلێت خۆ بکەتن نەك هەوڵبدەتن کو بهاڤێژیتە سەر لایەنەکێ دی یان هندەکێن دی، دڤێرێدا بدیتنا من پلانەك وەکی ڤان برادەرێت کو مە پرسیار ژێ کری پلانەك یا هاتیە دانان ژلایێ کۆمپانیایەکا (بریتانی) ڤە، بدیتنا من دیبت وەزارەتا کارەبێ

ئەڤ پلانە هەمی بشێوەیەکێ دورست جێبەجێ نەکریە ژبەر هندێ ژی ئەڤ قەیرانا کارەبێ ل هەرێمێ بتایبەتی دڤی وەرزی دا پتر هاتە پێش چاڤ، پرسیارا من یا ئێکێ پرسیارەکادی ژی من یا هەی نزانم جەنابێ وەزیری ئیختیساسێ وی چییە ئیختیساسێ وێ وزەیە؟ ئیدارە خواندییە یان نا؟، چونکە ئەڤ کێشە بدیتنا من دڤیابا لایەکێ ئیداری یێ بەحت ژی هەبیتن و لایەکێ فەنی ژی هەبیتن داکو بشێتن دقەیرانەکا هۆسادا چارەسەریێ بکەتن، تەنیا فەنی بتنێ نەشێتن چارەسەریا ڤێ قەیرانێ بکەت، تەنیا کەسەکێ ئیداری ژی نەشێتن دڤیابا ستافەکێ کامل هەبیتن بشێتن چارەسەریا ڤێ قەیرانێ بکەت، چونکە خەلکێ مە دڤی وەرزی دا گەلەك دنالیت ژ ڤێ قەیرانا کارەبێ، پرسیارەکا دی مە یا هەی کانێ نرخی کارەبا هاتییە تەحدید کرن یان نا؟، چونکە لدیف وێ یا مە دیتی کو ئەم ل دهۆکێ ئاکنجینە سیعری نرخی کارەبا ل دهۆکێ گەلەك گرانترە ژ پارێزگەها هەولێرێ کو ڤێ فەترێ ئەم د ئاکنجی، ل ڤێرێ داخوازا مە ئەوە وان چی پلان هەیە داکو نرخی کارەبا بشێوەیەکێ یەکسان لگەل دهۆك و هەولێر و سلێمانی یێ پێکڤە رێك بێخیتن؟، د روون کرنێت خۆ دا جەنابێ وەزیری بەحس کر کو وەزارەتا سامانێت سروشتی گازوایل و سووتەمەنیێ بشێوەیەکێ دورست نادەتن، پرسیارا مە ئەوە کا وێزگەهەك ل جهەکی هاتییە راوەستاندن یان نا ژبەر سووتەمەنیێ؟، چونکە وەزارەتا سامانێت سروشتی پشتی مە پەیوەندی دگەل کری دبێژیتن ئەو کەمیێت وان داخواز کری بتایبەتی ل وان وێزگەهێت کو مە بڤەر دیتی بدەین مە یێ دایێ و ل چی وێزگەها ژی نەهاتینە راوەستاندن، دبێژیتن پتر ئەڤ قەیرانا کارەبێ بۆ هندێ دزڤریتەڤە بێ پلانیا وەزارەتا کارەبێ، چونکی دبیت ل گەلەك جها وان ئیمکانیاتێت ڤەگوهاستنا وزەی نینە لڤێرێدا دبەرنامەیەکیدا براستی ئەندازیار (یاسین حسن) کو ژ بەشێ پلاندانانێ دبێژیتن ل وێزگەهەکێ مە (٦٤٠) مێگاوات یێت هەین تەنیا ئەم دشێن (٣٠٠) مێگاواتا تەوزیع بکەین، بدیتنا من ئەڤە ژی دقەیرانەکا هۆسادا کەمتەرخەمییەکە نەدبوو وەزارەت چاڤێ خۆ لێ بنەڤینن یان دڤیابا هەوڵەکا بەردەوام دابا داکو بشێتن شەبەکا خۆ یا تەوزیعێ و یا ڤەگوهاستنێ بشێوەیەکێ باشتر برێڤە ببەتن، هەروەسا لدیف پێزانینێت مە کو سالانە وەزارەت چەندین ملیۆن دۆلارا وەك قەرەبوو ددەتە ڤان کۆمپانیا یێت وەبەرهێنانێ دوەختەکیدا ئەگەر کارەکێ فەنی یێ تەکنیکی کربایە دا شێتن چارەسەریا ڤان موشکیلا کەتن کو ڤێ تەعویزا هندە یا مەزن نەدەتە ڤان کۆمپانیا بدیتنا من ئەڤە ژی دبیتە سورەتەك ژ سورەتێت (هدر المال العام) دڤیابا چارەسەرییەك بێتە کرن و بزویترین وەخت هندەك رێکێن تەکنیکی بێن دانان داکو کارەبا زەعی نەبیتن ل هەرێما کوردستانێ و بۆ هاووڵاتیان بێتە دابین کرن، روون کرنەکا دی مە ژ جەنابێ وەزیری دڤێتن کا بۆچی لدیف ماستر پلانێ کارەبا وەکی وی گۆتی (combine sykle) یا هەولێرێ نەهاتییە دروست کرن و، ژلایەکێ دیڤە ژی براستی پرسیار دێتە کرن کا بۆچی کارەب هەتا نووکە ل هەرێما کوردستانێ هەوڵ هاتییە دان کو بۆ دەرڤەی هەرێما کوردستانێ بتایبەتی پشتی خەتێ (میسل) و (کەرکووك) هاتییە گرێدان د وەختەکیدا کو دڤیابا ئەڤ کارەبایە بۆ هەرێما کوردستانێ هاتبایە دابین کرن، بدیتنا من ئەڤە ژی دبیت د بەرژەوەندیا وەبەرهێنانادا بیت، چونکە دەمێ کارەبا بۆ دەرڤەی هەرێما کوردستانێ بێتە رەوانەکرن دبیت

پارەکێ پتر ژێ بێت ژبەر هندێ داخوازا مە ژ جەنابێ وەزیرێ کارەبێ ئەوە کو رێکێ نـەدەتن ئـەڤ کارەبـە دەربچیتن هەتا هەمی پێتڤییێت هەرێما کوردستانێ نەئێنە دابین کرن، ژلایەکێ دیڤە ژی ئیتیهام دێتە کرن کـو ئـەو گرێبەسـتێن ژ لایـێ وەبەرهێنـەران ڤـە دێنـە دانـان تـەنیا وەزارەت ئیمزایـێ لسـەر دکـەتن بـێ کـو هەوڵـەکی بـدەتن بگهـوریتن یـان تەعدیلـەکێ بێختـێ د سـالحێ هـەرێما کوردسـتانێ و خـەڵکێ هـەرێما کوردسـتانێ دا، هیڤیـا مـە ئـەوە کـو وەزیـر پـتر داکۆکیێ لسـەر مافێـت هـەرێما کوردسـتانێ بکـەت نـەکو پشتەڤانیێ ل وەبەرهێنەران بکەتن، چونکە بـدیتنا مـە هەرچـەندە دڤیابـا مەسلەحەتا وەبەرهێنـەران ژی لبەرچاڤ بێتە وەرگرتن بەلێ داخوازا دۆماهیێ ئەوە کو وەزارەت مەسلەحەتا خەلکێ هەرێما کوردستانێ پتر لبەرچاڤ وەربگریتن، ژلایەکێ دیڤە ژی داخوازا مە ئەوە کو وەزیری ئەڤ سەلاحیاتێت هەین هەرچەندە ئەم یێت دگەل هندێ کو وەزیری پتر سەلاحیات هەبن ئەڤ سەلاحیاتە داینە مودیریاتێت گشتی یان نا؟ بتایبەتی ئەو سەلاحیاتێت داینە رێڤەبەریا گشتی ل دهۆکێ وەکو وانـە یێـت کـو ل سـلێمانی یـێ و هـەولێرێ یـان نـا؟، چـونکە بـدیتنا مـن نـابیتن ئـەو سـەلاحیات بشـێوەیەکێ بدەنـە پارێزگەهـەکێ و بشـێوەیەکێ دی بدەنـە پارێزگەهەکا دی، ئەڤە ژی دێ بیتە جهێ دلگرانیێ و بدیتنا مـن مـەعناوێ لاوازییـەکا ئیـداری ژی یـا هـەی دکارێ وەزارەتێدا، جارەکا دی ژی بەردەوام ئەم دبێژین هەر تێبینیەك بێتە دان بۆ هندێیە کو ئـەم بشـێین بچاکسازیەکا ئیـداری بزاڤـەکێ بکـەین کـو وەزارەت سیسـتەمەکێ دروسـت بکـار بینـیتن بـەردەوام ئـەم ڤـێ دبێـژین ل وەزارەتـا کـارەبێ خەڵکـەکێ پرۆفیشـنالێ یـێ هـەی نـزانم جـەنابێ وەزیـری ئسـتیفادێ ژ وان وەردگریتن یان نا؟، پرسیارەکا دی ژی من یا هەی دەربارەی پیڤـەرێ زیـرەك کـو کـاك (فـائق) ژی ئیشـارەت پێدا و جەنابێ وەزیری ژی ئیشارەت پێدا ئایا کار لسەر هاتییە کرن یان نا؟، ئەو چوونا شاندێ وەزارەتێ بۆ (هۆڵەندا) نزانم خەڵکەکێ خەبیر دڤی مەجالیدا چووبوون یـان نـا؟، هیڤیـا مـن ئـەوە ئـەم شـیابین هنـدەك روون کرنا بدەین و من نەڤێت وەختی زیدەتر بگرم دێ پتر بۆ برادەرێت دی هێلم، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز علی لێرە نییە؟، فەرموو دکتۆر ابراهیم نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز د. ابراهیم احمد سمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز دبینم پشتی خاندنا من بۆ ئەو کەسێت کو ل هـۆلێ دا مـاین گەلـەك كـێمتر ل نیسـابێ ژێ، ئـەز نـزانم ئەوە خەلەلەکێ دئێخیتێ، انشـاءالله یـا موتەعەمـد نـەبیت، بـەس ڤـی سـەروبەری ئـەو دانوسـتاندنە ژ لایـێ یاسایی ڤە دروستە کو کێمتر ژ عەددەدی رۆنیشتینە؟ ڤێجا ئەگەر ماوێ نیو سەعەتەکێ بدەیەمە یان بیست دەقە هەتا کو ئەم هەڤالێت خۆ ئاگادار بکەین کو ڤی شێوازی بەتالێ بکەن دەمێ وەزیرەك دهێتە پەرلەمانی بمینن داکو نیسابا خۆ دروست بکەت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئاساییە، بە پێی عورفی پەرلەمانی کوردستان، لە کاتی گفتوگۆکانـدا لـە دوای ئـەوەی کـە دانیشـتن دەکرێتەوە، لە کاتی بڕیاردان و دەنگدان پێویستە نیسابی یاسایی هەبێت، بەڵام لە کـاتی گفتوگۆکردنـدا نـا، ڕەنگە هەندێك لە ئەندامانی پەرلەمان ڕەنگە موهتەم نەبن بە قەزیەکە و موهتەم بن بە بابەتێکی تـر لـە هەرێمی کوردستان، بۆیە ئاساییە کە گفتوگۆکان بەردەوام بێت و هەنـدێك لـە ئەنـدامانی پەرلـەمان ئامـادە نەبن، کاك د. شێرکۆ جودت فەرموو،

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، من زۆرێك لە قسەکانم ﴿کاك فایق و کاك بەیار﴾ کردنیان سـەبارەت بە تێبینییەکان لەسەر ڕەوتی سێکتەری کارەبا لە هەرێمی کوردستاندا، ئەوەی کە ماوە بیڵێم چەند خاڵێکە کە جەختی لەسەر دەکەم، کە بێگومان کەرتی کارەبا کـەرتێکی هەسـتیارە، و ئـەو چاکسـازییانەی پێویسـتە تێدا بکرێت چاکسازی بنەڕەتین کە دەبێت کەیسی کارەبا ڕزگار کەین لەو کەم و کۆرتیانەی کـە لـە قۆنـاغی ڕابردوودا لە تەئسیسی سیسـتەمی کارەبـا کـە وابەسـتەبوونە بـە سیسـتەمی گازوائیـل دەسـتی پێکـردووە تـا ئـەمڕۆ کـە بێگومـان مەبەسـتی هـەمووومان ئەوەیـە کـە قۆنـاغی داهـاتوو قۆنـاغێکی تەندرۆسـت بێـت لـە بەرهەمهێنانی کارەبا و دابەشکردن و گەیاندنی بە هاونیشتمانیان، پرسیارێکی بنەڕەتی ئاراسـتەی وەزیـری کارەبا دەکەم کە پێویستیم بە وەڵامەکەیە، کە بـە ڕاسـتی ئەمـە پێویسـتی بنەڕەتییـە لـە چاکسـازی کـەرتی کارەبـادا، وابەسـتەبوونی سیسـتەمی کارەبـا بـە گازوائیـل و سـووتەمەنی تاکـەی دەخایـەنێت؟ و کـەی ئـەو پرۆسەیە دەست پێدەکات کە بەرهەمهێنانی کارەبا بچێتە سەر سیستەمی گازی سرۆشتی بۆ بەرهـەمهێنان؟ کە ئەمە تەقدیراتی ئێمە پێمان دەڵێت زیاتر لە ﴿٣﴾ ملیار دۆلار ساڵانە دەگەڕێتەوە بۆ بودجەی هـەرێمی کوردستان، واتە تەنیا لـە ڕووی ژینگـەیی یـەوە نییـە سـوودەکە، تـەنیا لـە ڕووی بەرهـەمهێنان و کەفائـەتی بەرهەمهێنانی کارەباوە نییە سوودەکە، بەڵکو لە ڕووی بودجە و داهاتی بودجەوەیە کە خاڵێکی زۆر گرنگە، سەرچاوە ئەڵتەرناتیڤـەکان بـۆ بەرهـەمهێنانی کارەبـا کـەی سـوودیان لێ وەردەگیرێـت؟ بۆیـە داوادەکـەم کـە جەنابی وەزیر سەقفێکی زەمەنیمان بداتێ بۆ ئەم تەحەولە گەورەیە لە سیستەمی کارەبا و بەرهـەمهێنانی کارەبا، خاڵێکی تر، مەسەلەی ئەوانەی کە پێیان دەوترێت ﴿بندیوار﴾ لە وەزارەتی کارەبا کە دیاردەیەکـە و هەڵمەتێکی گەورەمان دەست پێ کردووە لە لایەن پەرلەمان، بۆ ئەوەی کە حکومـەتی هـەرێم ڕزگـاری بێـت لە چارەسەرکردنی ئەوەی پێ دەوترێت ﴿بندیوار﴾، لە وەزارەتی کارەبا چی کراوە بۆ چارەسـەرکردنی ئـەم دیاردەیە؟ دەتوانین سەقفێکی زەمەنی وەرگرین لە وەزیری کارەباوە بۆ کۆتایی هێنان بەم دیاردەیـە؟ ئێمـە وەکو دەرکەوت کە کڕینی کارەبا لە تورکیا بـە ﴿٩,٢﴾ سـەنت و لـە ئێـران بـە ﴿٧﴾ سـەنت و هێـی خۆمـان ﴿٢٣﴾ سەنتی تێ دەچێت، کەوابێ ئەم هاوکێشەیە ئەوەمان پێدەڵێت، ئەگەر ئێمـە تـەنیا پشـت بـە کڕینـی کارەبا ببەستین و واز لە بەرهەمهێنانی کارەبا بێنین لە ڕووی خۆماڵیەوە، ئەوا نێزیکـەی دوو لەسـەر سـێی ئەو ﴿٤﴾ ملیار دۆلارەی کە ساڵانە دادەنرێـت بـۆ سـێکتەری کارەبـا کـە نێزیکـە بـە ﴿٢,٥﴾ ملیـار دۆلار کـە

باسێکی تـره دەبێـت دیراسـه بکرێـت بـه وردی، ئـەم کولفـه بـەرزەی بەرهـەمهێنانی کارەبـا چ تـەبیعاتێکی گەورەی ماڵی دروست کردوه لەسەر هـەرێمی کوردسـتان؟ مـن مەبەسـتم موقـەدەراتی ئـابووری و سیاسـی و کارگێری خۆمان بدەینه دەست وڵاتانی دراوسێ له رێـی سەرچـاوەی وزەوە کـه ئـەوان بۆمـان دابـین بکـەن و تەنیا لەوان بکڕین، مەبەستم له زۆری کولفەی تێچوونی بەرهەمهێنانی ناوخۆیه کـه ئەگـەر وابەسـته بـین به کڕین له دەرەوەی هەرێمی کوردستان، ئەوا دوو لەسـەر سـێی، ئـەو بـڕە پارانـه دەگەڕێتـەوە بـۆ هـەرێمی کوردستان، ئەوانەی تەجاوزاتی سەرفی کارەبایان کردووە لەو بەدواداچوونانەی کـه ئێمـه کردوومانـه و لـه وەزارەتی کارەباوە راپۆرتمان بۆ هاتووە وەك لیژنەی پشەسازی و سەرچاوە سروشتییەکان، چییان بەرامبـەر کراوە و چی دەکرێت بەرامبەریان؟ چونکه ئەو رەقەمانەی بۆمان هاتووە و ئەو لۆدانـەی دروسـت بـووە بـه هۆی تەجاوزاتی کارەباوە، ئەوانەی که تا ئێستا له قۆناغی رابـردوو وابەسـتەی بڕیـاری حکومـەتی هـەرێمی کوردستان نەبوون بۆ تـەجاوزاتی کارەبـا و ئێسـتاش هـەر وابەسـتەی نـابن، ئەمانـه جـەنابی وەزیـر وەڵامی سەریمان بداتەوە، لەسەر ئەوەی چی دەکرێت و چی کراوە بەرامبەریان؟ چونکه لۆدێکی گـەورەیان دروسـت کردووە لەسەر خەرجکردنی کارەبا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك دڵشاد فەرمووە،

**بەڕێز دڵشاد شعبان عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو خاڵانـەی کـه لـه پلانـی وەزارەتـدان خـاڵی زۆر باشـن، بـەڵام پـلان بـەم شـێوەیه داناڕێـژرێت و بودجـەو عونسوری بەشەری دەوێـت و ئەهداف و سیاسـاتی دەوێـت، عینـوانێکی دەوێـت و لـه هـەمووی گـرنگتر کـاتی دەوێـت، بۆ نموونه باسی پێوەری زیرەك دەکرێت زیاتر له دوو ساڵه گـوێ بیسـتی دەبم و تـا ئێسـتا جـێ بـه جێ نەکراوە و دەبێت کاتێك دابنرێت که ئەو پێوەرە زیرەکه کەی جێ به جێ دەکرێت؟ له وەتەی جەنابی سەرۆك هاتووە که ئێمه پێوەری زیـرەك جـێ بـه جـێ دەکـەین و کاتەکـەی دیـاری نـەکراوە، کـەی گازوائیـل دەگوڕدرێـت بـه گـاز؟ چـونکه کولفەیـەکی گـەورەی دروسـت کـردوە لەسـەر حکومـەت، و غـاز هـەم کولفـەی هەرزانترە و هەم بۆ ژینگەش خاوێنتر و باشترە، جێ به جێ کردنی قۆناغی حەوت بۆ زیاد کردنی ئینتاجی کارەبا ئەم قۆناغه چییه؟ تەنیا ئاماژەی بەوە داوە ئێمه قۆناغی حەوت جێ به جێ دەکەین و دەبێت زیاتر تەوزیح بدرێت، ئالییەتی جێ به جێ کردنی تۆڕی کارەبای ژێرزەوی چۆن دەکرێـت؟ چـونکه ئەمـه خـۆی پلانێکی زۆر گەورەیه و بـه خاڵێـك لـەم پلانـەدا ئامـاژەی پێـدراوە و کـه ئەمـه پلانێکـی ئیسـتراتیژی درێـژ خایـەنی دەوێـت و بـه سـاڵێك و دوو، ناکرێـت، یـەعنی ئالییـەتی ئـەم پلانـەش وازیـح بێـت، سـەبارەت بـه ئینتاجی ئێستا، ئاماژەی پێدا جەنابی وەزیـر کـه ئێمـه «۳۱۰۰» مێگاواتمـان هـەبووە وەکـو موعـەدەل و بـه پێـی داتاکـانی خـودی وەزارەت لـه «٪۳۳» ئینتـاجی کارەبـای هـەرێمی کوردسـتان بـه فیـڕۆ دەچێـت و لـەم رێژەیـەی کـه بـه فیـڕۆ دەچێت، یـانیش بـەدەر لـەوە چـووە، ئەگـەر بـەدەر لـەوەش بێـت، «٪۳۳» دەکاتـه

﴿١٠٢٣﴾ مێگاوت، ئەگەر ئەم ڕێژەیە بە فێڕۆ دەچێت، دەمانەوێت بزانین بۆ و ئەگەر چییە؟ ئەگەر ئینتاجی هەرێم ﴿٣١٠٠﴾مێگاوات بێت بە پێی موعەدەلی ئێستا و خواستی ئێستا ﴿٤٥٠٠﴾ مێگاوات بێت، لەگەڵ ئەوشەدا ﴿٢١﴾ سەعات کارەبامان هەیە ئەمە ڕێژەیەکی زۆر باشە و زیادبوونی ئینتاجی ئێستا کە کاری لەسەر دەکرێت بە پێی داتاکانی وەزیر ﴿١٩٢٨﴾ مێگاواتە، کەواتە ئێمە کێشەی ئینتاجمان نییە و لە موستەقبەل ڕەنگە کێشەی ئینتاجمان نەبێت، ئێمە کێشەی کولفەی ئەم ئینتاجەمان هەیە و وەزارەتی کارەبا وەزارەتێکی چالاکە بە حوکمی ئەوەی ئەهدافی خۆی جێ بە جێ کردووە کە دابین کردنی ئینتاجی کارەبایە، بەڵام کافی نەبوویە، یەعنی نەیتوانیوە ئەم ئینتاجەی کە ئێستا هەیە بە کەمترین کولفە دابین بکات ئەمە دەبێتە هۆی کێشە بۆ بودجەی هەرێمی کوردستان کە بە پێی داتا فەرمییەکان حکومەت و وەزارەتی کارەبا ساڵانە ﴿٤﴾ ملیار دۆلار بۆ ئەم وەزارەتە تەرخان دەکرێت، ئەگەر ئەم کۆلفەیە کەم بکرێت لەسەر سێکتەراتی تر دابەش دەکرێت و هەم ئەو لۆدەی کە لەسەر هاووڵاتیان دروست بووە بۆ پێدانی پارەی کارەبا ئەویش کەم دەکرێت، لە هەندێك شوێن مەحەتاتی کارەبا لە جیاتی گازوائیل بە غاز ئیشیان دەکرد پێش ئێستا ئاماژەم پێدا بۆ نموونە لە ﴿٢٠١٤/٥/٢٢﴾ مەحەتەی کاشێ لە دهۆك کە حەقلێکی ﴿دی، ئێن، ئۆ﴾ بوو بۆ غاز لەوێ ئیش دەکات و بۆڕیشی بۆ ڕاکێشا بوو، بەڵام لە مانگی ﴿٩﴾ی ئەمساڵ وەستاوە بە بیانووی وشك بوونی بیرەکە، ئایا تا چەند ئەمە ڕاستە و وەزارەت چەند بەدواداچوونی بۆ کردووە؟ ڕەنگە لە هەندێ شوێنێش ڕوویدابێت، کارمەندێکی بەشی مەبیعات لە زاخۆ پەیوەندی بە منەوە کرد داوای کرد ئەم پەرسیارە بکەم، بۆچی ختۆرە بە کارمەندانی مەبیعات لە پارێزگای هەولێر و سلێمانی دەدرێت، بەڵام بە فەرمانبەرانی دهۆك نادرێت؟ باسی مولیدە نەکرا، چونکە ئێستا زۆر کارەبا قەتع دەبێت و ئەمەش بارگرانی تر دروست کردووە بۆ هاووڵاتیان، بە پێی پرۆگرامێکی زانستی بۆ حساب کردنی بەهای ئەمپێری مولیدە بۆ هەر مانگێك و سەعاتێك بە گوێرەی کولفەی جێگیر و موتەغەیر، خشتەیەکم لە لایە، ئەمە ئەو خشتەیەیە کە لە لایەن مودیریەی گشتی کارەبای دهۆك دروست کراوە، تێچووی یەك ئەمپێر بۆ سەعاتێکی کارکردن ﴿٧٤٦﴾ دینارە و ڕوبعی یەك ئەمپێر بۆ سەعاتێکی کار کردن ﴿٣٢٩﴾ دینارە، یەعنی تێچووی یەك ئەمپێر بۆ سەعاتێك ﴿١١٢٥﴾ دینارە لەگەڵ ڕوبعەکەی، بەڵام لە زۆر شوێن نێزیکەی ﴿١٨٠٠ تا ٢٥٠٠﴾ بەهای ئەمپێرەك لە هاووڵاتیان وەردەگیرێت، نازانم چەند بە دواداچوونی مولیدە کراوە؟ تاچەند تەعدیلی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانتان کردووە سەبارەت بە سزای زێدەڕۆیی؟ ئەو بڕیارەش بڕیاری ﴿١٣٨١٠﴾ لە ﴿٢٠٠٧/١٢/١٥﴾ دەبێت ئەم بڕیارە تەعدیل بکرێت، بۆ ئەوەی زیادەڕەوی کەم بکرێت ، نووسراوتان ژمارە ﴿٩٦٣٢﴾ لە ﴿٢٠١٤/٩/٨﴾ بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بە میلاکی وەزارەت، نەبوونی هاوسەنگییەکی پێوە دیارە لە نێوان میلاکاتی هەر سی٘ پارێزگای هەرێم، پێوەری ئێوە چییە بۆ میلاکات بە پێی ئینتاجە یان دانیشتوانە؟ ئەگەر بە پێی ئینتاج بێت ئێستا ئینتاجی هەر سی٘ پارێزگا پێکەوە بەستراوە و زیاترین ئینتاجی کارەباش بۆ مەعلومات لە دهۆکەوە بۆ هەردوو پارێزگای تر

دێت، ئەوە هەڵەیەکیش لە داتاکانی جەنابی وەزیردا هەبوو سەبارەت بە ژمارەی فەرمانبەران ئەمە داتای کۆنە ﴿١٧٢٩٤﴾ فەرمانبەر، داتای ئێستا ﴿١٨٣٤٠﴾ فەرمانبەرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ڕێواز خان فەرمووە،

**بەڕێز د. ڕێواز فایق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز ﴿سەلاحالدین بابکر﴾ دەکەم و شاندەکەی هاوڕێی و کاك ﴿مولود باوە مراد﴾، لە ڕاپۆرتەکەی وەزیری کارەبا بۆمان دەرکەوت ئێمە لە رووی بەرهەمهێنان، کێشەی ژێرخانمان نییە، چونکە ئەگەر ئەو وێستگانەی کە بەڕێزیان ئاماژەی پێدا بکەونە کار ئەو کۆرتهێنانەی کە ئێستا لە بڕی بەرهەم هەیە بە بەراورد لەگەڵ بەکارهێنان چارەسەر دەکرێت، چونکە ﴿٦٠٠﴾مێگاواتی خۆرمەلەو و ﴿٥٠٠﴾ مێگاواتی کۆمباین سایکلی هەولێر و وێستگەکانی تر کە بەڕێزیان ئاماژەی پێدا، بەڵام ئیشکالییەتی ئەم وەزارەتە لەگەڵ هەر دوو وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و وەزارەتی داراییە، لەبەر ئەوەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پێداویستی سووتەمەنی بۆ دابین ناکات و وەزارەتی داراییش خەرجی کۆمپانیاکان نادات کە ئێمە کارەبایان لیٚ دەکڕین، پرسیارەکەی من ئەوەیە، ئایا بەرنامەی حکومەت چییە؟ ئایا لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران باسی ئەم خواستانە ناکەن؟ ئایا بێکارەبایی و خواستی خەڵك لەسەر کارەبا و ئەو هەل و مەرجەی خەڵك تێدایە بەڕێزان لە ئەنجومەنی وەزیران کۆبوونەوەی تایبەت لەسەر بکەن، ئایا بەڕێز سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی بۆ ئەم ئیشکالییەتە لە نێوان وەزارەتی کارەبا و ئەم دو وەزارەتە چارەسەر ناکەن؟ چ هەنگاوێك نراوە، چونکی زۆر پەلەو هەنووکەییە، خواستی خەڵك زۆر پەلەو هەنووکەیی ترە چاوەڕێی ئەوە بکەن لە داهاتوودا کەی کۆبوونەوە دەکەن؟ خۆ ئەگەر وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان لە نێوان خۆیان هەماهەنگی بکەن چ دەبێت چ دەبێت چەند بەڕێوەبەرایەتییەك لە خوارەوەو و لە شار و شارۆچکەکان چۆن ئەمە بکەن؟ دووەم، ژێرخانی دابەش کردن و گواستنەوەمان ئەگەر باشیش بوو بێت لەبەر سیانە ئێستا مەترسیان لەسەرە، بۆ نموونە لە بەڕێوەبەرایتی گشتی کارەبای سلێمانی یەکێك لەو کێشانەی لێ دەترسن ئەوەیە کە ئەگەر لەم زستانە ژمارەیکی زۆر لە موحاویلە لە سلێمانی لە کار بکەون ئەوا لە گەنجینەکانیان بڕی پێویست موحاویلە یان گۆڕەویان نییە کە سەرەتایی ترین پێداویستییەکانە لە بواری گواستنە و پێدانی کارەبا بە هاووڵاتیان، ئایا ئەمە هیندەی مووچە گرنگ نییە؟ چ بەرنامەیەکتان هەیە بۆ ڕووبەڕووبۆنەوەی ئەو مەترسیانەی لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی کارەبا هەیە بە تایبەت لە بورای دابین کردنی پێداویستییە سەرەتاییەکان؟ سێیەم، هەمیشە پێوانە و هەڵسەنگاندن بە تێکڕایی دەکرێت و ئەمەش کارێکی زانستیە و حەقی خۆتانە، بەڵام ئەم شێوازە عەرز کردنە لە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان و رای گشتی قەبارەی کارەساتەکە لە وەزری زستان و هاوین بە کەمتر نیشان دەدات لەوەی کە هەیە، چونکە بۆ خۆتان دەزانن لەم دوو وەرزەدا راستە کارەبا زیاتر

بەکاردەهینرێت، بەڵام خواست و پێداویستی هاووڵاتیان لەم دوو وەرزەدا بەرزتر دەبێت، ئەمە کێشەیەکە کە ساڵانە دووبارە دەبێتەوە سەیرە ئەم وەزارەتە مەبەستم وەزیر نییە، مەبەستم خۆدی وەزارەتە وەکو موئەسەسە، بەرنامەی چییە بۆ ئەم زیادبوونە؟ واتە بەرنامەی لە بەرهەمهێنان و دابینکردنی کارەبا لە هەردوو وەرزی بەهار و و پاییز دادەنرێ و هەمیشە ئێمە لە زستان و هاوین دەنگمان لێ بەرز دەبێتەوە یان بەرنامە لەسەر زۆرینە یان تێکرا دادەنرێ، خاڵێی تر، سەبارەت بە تاپۆکردنی خانووی ئەندازیاران و فەرمانبەران لەهەردوو وێستگەی دەربەندیخان و دوکان، هیوادارم وەزارەتی کارەبا بە وردبینی و وریایی مامەلە لەگەڵ ئەم دۆسییەیە بکات، لەبەر ئەوەی بە گوێرەی بەدواداچوونمان بۆ خانووکانی وێستگەی کارەبای دەربەندیخان، چونکە تا ئێستا زانیاریم لەسەر وێستگەی دۆکان کۆنەکردووتەوە، لەناو ئەم خانووانە خەڵکانێك هەیە دوور و نێزیك پەیوەندییان بە وێستگەی دەربەندیخانەوە نییە، لە ناو ئەم خانووانەدا خەڵکانێك هەن کە باوکیان فەرمانبەر بووە، ئێستا باوکی خانەنشین بووە، کچێکی یان کوڕێکی زەواجی کردوە و لەناو ئەم خانووانەیە، لە ناو ئەم خانووانەدا حاڵەت هەیە زەوی زیاتری هەیە و خەڵکانێك بەرپرس و ئەندامی کۆمیتە و مەکۆنە و دوور و نێزیك پەیوەندیی بە وێستگەی کارەباوە نییە، لەبەر ئەوە هیوادارم بە وریایی مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆسییەیە بکەی، لە رابردووشدا وابزانم بە تەلەفۆن ئەگەر زاکیرەم خیانەتم پێی نەکات پەیوەندیم بە جەنابتەوە کردووە لەسەر ئەم دۆسییەیە و ئەم بابەتێکی هەستیارە بۆ دەربەندیخان و من ئەگەر جەنابتان بتانەوێت بەڵگەم لە لایە لەم رووەوە ، پێنجەم، بەرنامەتان چییە بۆ وەرگرتنی قەرزی کارەبای دامەزراوە حکومییەکان؟ بە دەیان ملیار دینار قەرزارن و ساڵانە لە بودجەی خۆیان جێگەی بۆ دەکەنەوە، بەڵام بە پێی بەدواداچوونی ئێمە وەك پێویست پارەی کارەبا نادەن، بەرنامەتان چییە بۆ کەمکردنی کارەبای کارگە و ئۆتێل و مۆتێل و چێشتخانە گەورەکان و دامەزراوەکانی تری کەرتی تایبەت بە شێوەی گشتی؟ ئالییەت و میکانیزم چییە؟ ئەوەی چراکانی ئۆتێل و مۆتێلەکان دەبینێت هەست دەکات بە هیچ شێوەیەك حاڵەتێك لە بێ کارەبایی لەم وڵاتەدا نییە، ئایا ئێمە خەریکی جوانکردنی سیمای شارەکانی خۆمانین لەبەردەم ئەو ئەجنەبییەی دێتە هۆتێلەکانمان دادەنیشێت یان لە خەمی دابین کردنی کارەباین بۆ خەڵکی خۆمان؟ شەشەم، بەرنامە بۆ رووبەڕووبوونەوەی دزینی کارەبا لە لایەن کەرتی تایبەت بۆ بەشداربووانی تر چییە؟ من بە زمانە زانستییەکەی ناڵێم و بەو زمانە دەڵێم کە هەموو خەڵك لێی تێدەگات، چونکە هەموومان دەزانین زۆر لە بەشداربووان لە دەرەوەی پێوەری ژمێرەکە، کارەبا دەکێشێن و لە ماڵان بۆ بۆیلەر و سپلێت و لە کەرتی تایبەتیش بۆ ئەو ئامێر و دەزگایانەی پێویستی بە بڕی زۆری کارەبایە، بەڕێزتان رەنگە زۆر لەمە شارەزاتر بن کە بڕی زۆری کارەبای ئەم هەرێمە دەدزرێت و لۆدێکی زۆریش لەسەر کارەبا دروست دەکات ، حەوتەم، لەکۆبوونەوەکەمان لە گەڵ لێژنەی پیشەسازی و وزە و سامانە سروشتییەکان لەگەڵ ئەنجومەنی هەرێمی باسی زۆرمان لەسەر پێداچوونەوە لە گرێبەستەکانی حکومەت لەگەڵ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بە تایبەتی کۆمپانیای ماس کرد، چونکە لەم گرێبەستانە بە تاڵان بردنی ئاشکرای سامان هەیە، چونکە دەوڵەمەندبوونی خەڵکێکە

لەسەر حسابی بودجەی گشتی و چوونی پارە بۆ سەرمایەدارێك تەنیا، کە رەنگە شەریکی هەبن بێگومان، ئایا چ هەنگاوێکتان ناوە و ئالییەت و میکانیزمتان چی بووە؟ هەروەك هاورێم ﴿کاك فائق﴾ ئاماژەی پێدا ئەوان پارەی ﴿١٠٠٪﴾ کارەبامان لێ وەردەگرن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەگەر ئەو برەش بەرهەم نەهێنن و نەگاتە هاوولاتیان، هیوادارم سەرکەوتووبن و پلانەکانتان لە ئایندەدا ببنە واقیع، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی هالۆ فەرموو،

**بەڕێز علی علی هالۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەڤالێت من بەهرا پتر ئاخفتنێت من گۆتن و وەزیری ژی ئیشارە ب خالێن گرنگ دا، بەس ئەز دێ ئەنجاما ئاخفتنێت کری، دوو، سێ، ئەنجامێت گەلەك گرنگ دبێژم، دیتنا من ئەگەر بێنە جێ بە جێ کرن و وەزارەتا کارەبێ و هەمی دام و دەزگەهێن کوردستانێ دێ شێن کێشێن خۆ و هاوولاتیان چارەسەر بکەن، ئێك ژ ڤان نەبوونا هەماهەنگییە د ناڤبەرا وەزارەت و دام و دەزگایێن حکومەتا هەرێما کوردستانێ دا، واتە نەبوونا سیستەم و ئیدارەیا سەردەمیانە، ئێکە ژ ئاریشێن مەزن کو هەتا نووکە چ وەزارەت و دام و دەزگا نەشیاینە دروستی هەماهەنگی گەل ئێکدی بکەن و وەك ﴿د. رێوازخان﴾ ئاماژە پێدای و نەبینا کارەبای سەیرە ئەنجومەنی وەزیران و وەزیر نەشیاینە ب دروستی تەنسیقێ گەل ئێکدی بکەن و ئەو گازوائیلا پێویس ل وەزارەتا سامانێن سروشتی و پارێن پێویست ل وەزارەتا مالیێ بۆ وان بهێتە دابین کرن، ئەگەر ﴿٢١﴾ وەزیر نەشێن هەماهەنگیێ بکەن، ئەز باوەرم ئاخفتنێت مە چ ئەنجان نابن و ئەگەر پێویست بیت پەرلەمان ب رۆلێ خۆ رابیتن، دووەم، وەزارەت، دەزگایەك یان مرۆڤەك دکاریٚ خۆدا بشێت سەرکەفتی بیت و خزمەتا هاوولاتیا بکەت، دڤێت ل دەستپێکی ل خۆ دەست پێ بکەت، وەزارەتا کارەبێ و وەزیرێ نوی شەش هەیڤە، هەرچەند ژ لایێ تیۆری خالێن گرنگ بەحس کرن، ئەگەر بێنە جێ بە جێ کرن پێنگاڤێن مەزن دێهێنە هاڤێتن و ئەگەر وەزارەتەك تەمەنێ وێ ﴿٤﴾ سالا ل شەش مەهێن خۆدا نەشێت کێشێن خۆ یێن ئیداری و بیرۆکراسی چارەسەر بکەت ئەز ل ڤێ باوەرادا نیمە ل سێ سالێ و نیڤێن دی دا کێشێن کارەبێ چارەسەر بکەت ئەز ل وی باوەریٚدا مە داتایێ بەردەست ل هندەك وەلاتاندا کو ژمارا ئاکنجیێن وێ زێدەتر ﴿٥٠﴾ ملیۆن کەسایە، فەرمانبەرێن وەزارەتا کارەبێ و چەند وەزارەتەکا کێمتر ﴿١٨﴾ هزار کارمەندا یێن هەی، بۆ نموونە کالیفۆرنیا وەزارەتا چاندنێ کێمتر ﴿٨٠٠﴾ کارمەندا یێن هەی و بەرهەمێ چاندنێ ل پرانیا ویلایەتێن ئەمریکا و هەمی وەلاتێن جیهانێ تێنە دیتن، وەزارەتا کارەبا کوردستانێ کو زێدەتر ﴿١٨٣٤٠﴾ فەرمانبەر هەنە ئەوە رەوشا کارەبێ بیت، من نەڤێت درێژ بکەم داخازا من لە جەنابێ وەزیرێ ئەوە بیرۆکراسییا وەزارەتا کارەبێ دا کێم بکەت و چاکسازیێ ل هەیکەلا ئیداریا کارەبێ بکەت داکو بشێت ئەو خالێت بەحس کری جێ بە جێ بکەت، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، كاك على حه فەرموو،

**بەڕێز على حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

به ناوی خوای بەخشنده و میهرەبان، بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر دەكەین و هیواداریین بتوانێت چاكسازی گەوره له بواری كارەبا بكات، خەڵكی كوردستان یەك پرسیاری هەیە كە دەیان ساڵە دەیكات كە ئەویش بۆ كارەبامان نییە؟ رەنگە زۆر موهتەم نەبێت بە هەندێك تەفاسیلی زانستییەوە، متمانەی بە حكومەت و پەرلەمان دایە ودەیەوێت كارەبای هەبێت، ئایا كێشەی نەبوونی كارەبا كێشەی پارەیە؟ بە تەئكید نەخێر، بە پێی ئەم ئەرقامانەی لە خوارەوە، بە پێی ئەو قسانەی ئێمە لەگەڵ وەزارەتی سامانە سەروشتییەكان كردوومانە و بەدواداچونمان كردووە بێجگە لە بودجەی وەزارەتی خۆی تەنیا پارەی تەرخان كراو بۆ گازوائیل و كڕینی تەزووی كارەبا نێزیكەی ﴿٥﴾ ملیار دۆلارە، واتە نێزیكەی ﴿٣٠٪﴾ بودجەی كوردستان ئەگەر ساڵی ﴿٢٠١٣﴾ وەك پێوەر وەربگرین، كەواتە بۆچی كارەبا نییە؟ لەبەر ئەم هۆكارانەی خوارەوە كە خەم ساردی و كەمتەرخەمی و بێ پلانی لەم بوارە دەردەخات، لە ﴿٣٠ بۆ ٣٥٪﴾ كارەبا بە هۆی لێچوونەوە بە فیڕۆ دەچێت، نێزیكەی ﴿١٥ بۆ ٢٠٪﴾ لە لایەن كەرتی تایبەت و خەڵك دەدزرێت، ئەم وەزارەتە ئەوەندە كەمتەرخەمە، بۆ نموونە دوو ماڵ تەنیشت یەكن، وەك یەك سپلێت و بۆیلەریان هەیە، یەكیان دوو هەزاری بۆ دێتەوە، ئەوەی تر چل هەزاری بۆ دیتەوە، ناڕوات بەدواداچوون بكات ئەم سەعاتە فێڵی تێدایە یان نا؟ ئەگەر تەنیا ئەم دوو پێوەرە وەربگرین لێچوونەكە لەگەڵ دزینەكە كە كۆبكەیەوە كە ﴿٥٠٪﴾یە ، نێزیكەی دوو ملیارو نیو دۆلار دەكات، لەم لێچوون و دزینە، بە دیوێكی تر، واتە نێزیكەی چوار مانگی هەموو مووچەخورانی هەرێمی كوردستان، بەم رێگەیەوە دەڕوات كە هیچ گەندەڵییەكی كوردستان ئەوەندە پارەی تێناچێت، بۆ ئەمە چارەسەر ناكەن؟ دڵنیات دەكەمەوە، پێیان حەل ناكرێت كۆمپانیای گەورە هەیە لە جیهان ﴿١﴾ ملیار دۆلار بدە بە كۆمپانیایەكی جیهانی، بزانە بۆت حەل دەكات یان نا؟ كە هەموو ساڵ دوو ملیار و نیو بخەینە قۆرگی كارەبا كە یان بدزرێت یان لێ بچێت یان كەم و كورتی هەبێت، من لەوەتەی سەیری تەلەفزیۆن دەكەم، كەناڵی ئاسمانی دەڵێت پێوەری زیرەك حەلی ئەم كێشەیە دەكات هەر نەگەیشت، ئەمە خەڵكی بێ ئومێد كردووە لە كابینەی پێنج و شەش و حەوت وتیان، كەی ئەم پێوەرە زیرەكە دەگات؟ بۆیە ئەم هەنگاوە لاوازانە خەڵكی كوردستانی تووشی مەلەل كردووە، ئەمە بێجگە لەوەی ﴿٥٠٪﴾ كارەبای كوردستان بە خۆشمانەوە زیادەڕۆیی دەكەین لە بەكارهێنانی كارەبا، كەواتە ئەم سێ شتە حەل بكە ، لێچوونی كارەبا ، دزینی كارەبا، بە پێوەری زیرەك یان هەر پێوەرێك بێت ئەم زیادەڕۆییە حەل بكە ئەم ﴿٧٥٪﴾ بۆت دەگەڕێتەوە و ﴿٢٥٪﴾ پێویستە و بەمەش ﴿٣﴾ ملیار دۆلار، واتە ﴿٣﴾ هەزار ملیۆن دۆلاری دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت، ئەمە ئێمەی خستووەتە گۆمانەوە، دووەم، ئەم گرێبەستەی كە كراوە بۆ كڕینی تەزووی كارەبا رێك وەكو ئەوە وایە وەرەقەیەك بدەی بەدەستی كەسێكەوە بڵێی بڕۆ عەقدێك بنووسە چۆن پێت خۆش بوو ئاوا بنووسە، بەدەر لەمە تەعریفی نییە، چەندجار ئەنجومەنی وەزیران

ئێمە ئەوكات وەك لیژنەی وزە دانیشتین لەگەڵ سەرۆكی حكومەت و جێگرەكەی وتیان پێداچوونەوە بەم گرێبەستە دەكەین، بۆ نایكەن؟ كێشەی ئەمە چییە پێمان بڵێن؟ حەوتەیەك دابنیشن لەگەڵ كۆمپانیایەك، بۆ زانیاریتان هەموو مانگێك كۆمپانیای ماس ﴿٨٢﴾ ملیۆن دۆلار وەردەگرێت كە نێزیكە لە مووچەی وەزارەتی پێشمەرگە، بەس بە پێداچوونەوە بەم گرێبەستە بزانە چەند دەگەڕێتەوە، بە دیوێكی تر با تەرجوومەی بكەم، سەرمایەی كۆمپانیاكان، ئەو وێستاگانەی بەرهەمهێنانی كارەبا دانراوە بە راستی دەبێت مەمنوونیان بێن، چونكە ئەگەر ئەم وێستگانەیان دانە نابا لەوانەیە ئێستا كارەبا نەبوایە، ئەمە دیوێكی ترە، لە شەئنیان كەم ناكەینەوە، سێ مەحەتەی كارەبا سەرمایەی پرۆژەكان یەك ملیارو شەش سەد ملیۆن دۆلار بێت، بەڵام هەموو ساڵێك ملیار دۆلاری دەست كەوێت و بە ساڵێك و چوار مانگ، مایەكەی خۆی دەردەبكات و هەموو ساڵێكیش ملیارێك دۆلار قازانج بكات، لە كوێی دونیا مامەلە و قازانج و عەرزی وا هەیە؟ كەواتە بۆ چارەسەر ناكرێت؟ ئەمە هەموو لەسەر حسابی خەڵكی كوردستانە، بە دیوێكی تردا، وتمان ﴿٣﴾ ملیار دۆلار تەنیا لەم سێ هەنگاوە بەفیڕۆ دەچێت، بەڵام بۆ زانیاریتان لە هەموو ساڵی ﴿٢٠١١﴾ دوو ملیار دۆلار لە هەموو مەشاریعەكان خەرج كراوە، مەعقولە هەموو مەشاریعی كوردستان بە هەر سێ پارێزگا ﴿٢﴾ملیاری تێبچێت، بەڵام بەم دزین و لێچوونی كارەبا، ﴿٣﴾ ملیار دۆلار بۆ بودجەی حكومەتی هەرێم بگەڕێتەوە، دووەم، من دیسان لە هەموو وەزیرەكان دەپرسم بە بەردەوامی، ئەو وەزارەتەش وەكو هەموو وەزارەتەكانی تر كێشەی ﴿بندیواری﴾ هەیە، ئەم وەزارەتە نێزیكی ﴿١٧﴾ هەزار بۆ سەرەوە كارمەندی هەیە ، من لە جەنابی وەزیر دەپرسم دیارە لەسەردەمی ئەواندا نەكراوە، بەلاّم ئێمە بۆیە رەخنەكان بەم شێوەیە دەگرین ئەم ئێستا بەرپرسە، بۆیە هیوادارین چاكی بكەنەوە، فەرمانگەی كارەبای كەركووك لە هەولێر كاری چییە؟ هەروەها لە وەزارەتی كارەباش مووچە وەرناگرێ، لە خەزێنەی كەركووكی وەزارەت مووچە وەردەگرێت، هیچ كارێكیش ناكەن، ئایا ئەمانە و چەندینی تر من بە پرسیار و بە قائیمەی فەرمانبەرانیش بۆ جەنابتانم نارد، هیوادارم دەست ببەن بۆ ئەم كێشەیە كە لە وەزارەتەكەی بەڕێزتان و زۆر وەزارەتی تردا كاری هەیە، بە پێوەرێكی تر دەیسەلمێنین ئەم پرۆسەی كارەبایە لە كوردستاندا بە بەراورد بە هەر شوێنێكی دونیا جگەلە عێراق، هیوادارین عێراقمان وەك نموونە بۆ نەهێننەوە كە نموونەیەكی فاشیلە، خەرجی كارەبا لە كوردستاندا (٢٢) ئەوەندەی داهاتەكەیەتی، یەك وڵاتی نموزەجیمان بۆ بهێننەوە كە بەم شێوەیە بێت؟ پرسیارەكانی من بە كورتی و بە كوردی ئەوەیە، یەكەم: ئایا بە نیازن كەی كاتمان بدەنێ ئەم كێشەی لێ چوونی كارەبا و دزینی كارەبا لەلایەن كەرتی تایبەت و خەڵك و هەر كەسێكەوە بە تەواوەتی چارەسەر بكەن؟ چونكە وەكو گوتمان بڕە پارەیەكی یەكجار زۆرە دەگەڕێتەوە، دووەم: بە تەحدید پێمان بڵێن، چونكە من دەترسم ئێستا (١٧) هەزار فەرمانبەری هەیە ئەو وەزارەتە، بودجە بێت داوای (٤٠٠) میلاكی تر بكات كە لە كاتێكدا پێویستی پێی نییە، چونكە ئەم میلاكانە باش دابەش بكاتەوە دەزانی ئێستا بەرهەمهێنانیش كەوتۆتە دەست كەرتی تایبەت، پلانتان چییە بۆ وەرگرتنەوەی قەرزی كارەبا؟ كە حكومەت (١١٣) ملیار دینار قەرزار بێت و نەیدات، هاووڵاتی ئاسایی

چۆن پارەی کارەبا دەدات، یـان بـەڕێز جـەنابی وەزیـر لـە بەرنامەیەکدا خـۆی رایگەیانـد، یـەعنی سـەرۆکی حکومەت ئەگەر قەرزاری کارەبا بێ خۆی نەیدات، هاوولاٌتییەکی ئاسایی دەڵێ من چۆن پارەی کارەبـا بـدەم، ئیجرئاتی عەمەلی، ئیجرائاتی جدی پێویستە لەم بوارە بگیرێتە بەر، واتە ئەوەی کە هەیە بە تەحدیـدی و بە دیاریکراوی و بە پوختی پێمان بڵێ ئەم بەرهەمەی کارەبا ئێستا دێت کەم نییە، خراپ دابـەش دەکرێـت لێی دەچێ، لێ دەدزرێت، بە فیرۆ دەچێت، پلانەکەی بە تەحدیدی و بـە دیـاریکراوی کـەی ئەمـە چارەسـەر دەکات؟ کەی پێداچوونەوە بۆ کڕینی تەزووی کارەبا دەکەن؟ سێیەم: ئایـا بەراسـتی ئـەمان هـەر لـە خـەیاڵی ئەوەن بەم نەوعە فاشیلە تەزووی کارەبا بەرهەم بێنن کە پشت بەستنە بە سووتەمەنی؟ ئەی پرسیار بکـە هەریەکە لە ئێمە بە ئاندازەی ئێمە چەند وڵاتێکی بینیوە ئەو وڵاتانە پشت بە چی دەبەستن؟ خۆری ئێمە لە هەموویان زیاترە، رەشـەبای ئێمـە لـە هـەموویان زیـاترە، بـۆ بـیر لەمـە ناکەنـەوە، مـن لێتـان ناشـارمەوە ئەوەی من دەیبینم بەرهەمهێنانی کارەباش وەك پاڵاوتنی نەوت، وەك پرسی تر قۆرغکراوە بۆ کۆمەڵێ کار، بەڕێز جەنابی وەزیر من هیوادارم جەنابت بەنگەوازێك بکەی بۆ کۆمپانیـا جیهانییـەکانیش کـە هـەن، مـن دڵنیـات دەکەمـەوە هـەن، کـێ هەیـە کارەبـا لـە کوردسـتان بەرهـەم بێنێـت، بـە میکـانیزمێکی جیـاوازتر بـە رێگایەکی گونجاو تر و بە نرخێکی موناسیب تر، دڵنیابە لەوەی کە دەیان عەرزی شیاوت بۆ دێت، بۆ دەست بۆ ئەمە نابەن؟ لە ئەخیردا لە خوای گەورە داواکارم کوردستان رووناکتر بێتەوە، وەزارەتـی کارەبـا و بـەڕێز وەزیری کارەباش سەرکەوتووبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەنـدامانی لیژنـە تـەواو بـوون، ئێسـتا ئەنـدامانی پەرلـەمان دەتـوانن هـەر یەکـەو سـێ دەقـە قسـە بکـەن، پەیامەکانی خۆیان بگەیەنن، بەڕێز کاك سوهراب فەرموو.

**بەڕێز سوهراب میکائیل محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنا جەنابێ هەردوو بەڕێز وەزیر و شاندێ یاوەری دکەم، پیغەمبەر (د.خ) دبێژیت (انما اهلك مـن کان قبلکم انهم کان اذا سرق فیهم الشریف ترکوه، واذا سرق فیهم الضعیف اقاموا علیـه الحـد)، یـەکێش وان ئاریشە بەڵکو سەرەتانێت ئومەتێت بەری مە ئەڤە بوو کو هەمی گاڤا یاسا سەر فەرقیر تـەتبیق بـوو، بـەس سەر مرۆڤی دەوڵەمەند نەبووە، یەکێش پێنگاڤێن گـرنگ بـۆ چارەسـەرکرنا کێشـەیا کـەهرەبێ ئەڤەیـە کـو تەجاوزات بێنە بن بڕ کرن، تایبەت یین مەسئولا، یـین خـودان مەعەمەلـە، مەشـروعە، مۆڵـە، پارکـە هـەتا دوماهیێ، هەر یەکێش ڤاندا چێ دبیت هەندی ناحیەیـەکی یـان ژی هەنـدی شارەکی بچیك کارەبـا سـەرف کـەتن، بـە رێکێـت نـە شـەرعی و چ دگـەل ناهێتـە کـرن، هەروەسـا پێتڤیـە حیمایـەتا لیژنـەیا تـەجاوزات بێتەکرن، ئەو لیژنە هەندی جارا نەشێت بچیتە بەر دەرگێ هەندەکا و بێژتێ مـە لـە ڤێـرێ تـەجاوزەك یـا

هەی، پێتڤیە ئەڤ لیژنە بێ پۆلیس نە دەرکەڤن، چونکە زیدەگاڤی سەر وان تێنەکرن و ئەو نەشێن بە ئەرکێ خۆ رابن، یێ فەقیر و هەژار و بەلنگاز چێ دبیت غەرامە دێتەکرن، چێدبیت کەهرەبا وان بێتە برین، بەس کەسێ بەرپرس بیت و بە ترس بیت خودان بنەماڵە بیت و یێ بە پشت بیت هەتا دوماهیێ چ ئیجرائات دەرحەقی ویدا ناهینەکرن، پرسیارامن لە جەنابێ وەزیری بە رێکە هەوە دێ جەنابێ وەزیری کەین (shutdown) سێ جاران لە سەر کەهرەبا هەرێمێ داهات ئەگەر چ بوون؟ ئەرێ راستە یا موتەعەمید بوو؟ ئەگەر موتەعەمید بووە ئەنجامێت وێ چ بوون پشتی ڤەکۆلینان، خەتا دهۆکی و زاخۆ گەهەشتیە کیرێ؟ هێڤیتکەین بلەز لێ بێتەکرن، چونکە ئەڤ خەتە یا گرنگە کو ئەڤ کێشە بێتە چارەسەرکرن، یەکێش پێشنیارامن هەی بۆ جەنابێ وەزیری تەوحیدا هەمی میزانیە بێتەکرن سەرانسەرێ کوردستانێ، یەعنی عەداد بێتە دانان هەمی یەکبن، دا هاووڵاتی بەسە هەتا ڤێرێ زەریبێ بدەتن و هەمی گاڤا ئەو قوربانیا بدەت یا بوویە مەسەلەیەکا تیجاری، یا روبحی، نە کەم و نە زێدە، قیمەتا ختورەتێ ئەز دبێژم ئەندامەکی بەڕێز بەحس کر کو بێتە زیدە کرن دا ئەو کەسێن ڤی کاری رابن بشێن کارێ خۆ دروستاهی ئەدا بکەن، هەروەسا یەکێش پێشنیاران پێتڤیە کەلوپەل و جلك و ئەو موعیداتێت پارستنێ یێ فەنیا بۆ دابین کەن، چونکە ژیانا وان رۆژانە لە مەترسیێ داینە، وەزارەت من باوەرا یا پێتڤی تەیرانا دیڤ ئەو کەسێت شارەزا و ئەڤێ دیڤ خەتا دچن کو هەندەك جاران وەرزێ زستانێدا نێزیکا دوو، سێ سەعات هەتا دچن دەگەهنە جێی ئاریشە تێدا هەی، نەخشەیەك هەی کو ڤان تەیارە و هەلیکۆپتەر بۆ دابین بکەن یان نا؟ یەکێش وان داخوازیا کەهرەبا شێلادزێ من گەلەك جارا سەر ئاخافتیە و من پرسیار ئاراستەی جەنابێ وەزیری کرنە، ئەم هێڤیتکەین ئەڤ کێشە بێتە چارەسەرکرن، دوو تشتە یەکێش وان یا گرێدایە بە مەحەتا سەرسنگێ ڤە و یا دی گرێدایە بە مەحەتا، یەعنی ئەو کەهرەبا دچیتن بۆ دەڤەرا باڵندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی مێوانە بەڕێزەکان دەکەم، هەموو لایەکمان ئەوەی دەزانین کە کاتەکانی هەبوونی کارەبا کەم بۆتەوە، نزیکەی (١٦) سەعات کارەبا پچڕ، پچڕە، هەروەها لە زۆر جێگاش ئەوە روو دەدات، ئەویش لەبەر بار قورسییە کە کاتەکان کەم دەبێتەوە، چونکە هەر موحاویلەیەك پەنجا، شەست ماڵی لەسەرە، پێویستی بە عیلاجێك هەیە، لە هەندێ شوێنیش کێشەی کەمی (volt)ی هەیە بە تایبەتی لە قەزاکان وەکو سۆران و مێرگەسۆر و رواندوز و چۆمان، کە ئامێرەکان ئەگەر کار بکەن زۆر بە خراپی ئیش و کارەکان دەکەن، هەروەها بەپێی زانیاریەکانیش کە جەنابی وەزیریش ئیشارەتی پێدا کە مەحتەیەکی تەولیدی کارەبا کە

(٢٠٠) میگاواتی بوو بڕیار بوو دابنرێت لە نزیك هەریر و سۆران بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دابەزینی (volt)یە، کە ئەویش تاوەکو ئێستاکە دانەنراوە، پرسیارێکمان ئەوەیە کە بۆ پێداچوونە بە نرخی کارەبا ناکرێت؟ کە بە قەدەری پێویستی ماڵێکی هەژار تەخمین بکرێ کە چەندی کارەبا پێویستە لە مانگێك، ئەگەر لەوە زیاتر بوو دەکرێ ڕێژەکە نیوەی تێچووەکەی لێ وەربگیرێتەوە، ئەگەر زیاتریش بوو بەقەدەر تێچووی حکومەت، ئەگەر زیاتریش بوو دەکرێ حکومەت قازانج بخاتە سەر کارەبا، هەرچەندە دەشزانم کە سیستەمەکەش کە باس دەکەی سیستەمی تەساعودیە لە (١٥، ٢٠، ٣٥) تا دەگاتە (٢٠٠) دەست پێدەکات، هەروەها پەلەش بکرێت لە دانانی سیستەمێکی تۆکمە بۆ کۆنترۆلکردنی بەکارهێنانی کارەبا کە نەتوانرێت دەستکاری و تەجاوزی لەسەر بکرێ بۆ ئەوەی هەر هاووڵاتییەك بە قەدەر خۆی کارەبا بەکاربهێنێت، پرسیارێکیشمان لەوەیە بەراستی ئەوانەی ئەوەی کە کارەبا لێیان دەدات، کە بەهۆی لێدانی کارەباوە گیانی خۆیان لە دەست دەدەن بە تەسەوری من حەقە بیر لەوانە بکرێتەوە لە ڕووی مووچەوە تەقاعودێکەیان ئەوەندە بکرێ کە ئاخیر مووچەی خۆیان چەندی وەردەگرن ئەوانە ئەو مووچەیان پێ بدرێت، لەبەر ئەوەی هەموو لایەکمان چاك دەزانین کە دائیمەن گیانیان لە مەترسیدایە، بە بەفر و باران، بە هاوین و گەرما لە هەر دەقەیەکدا روحیان لە مەترسیدایە کە پێویستە موراعاتی ئەو وەزعە بکرێت و ئاخیر مووچەشیان بۆ حیساب بکرێت، دەرماڵەیەکی ترسناکی هەیە بەرێزان کە باسیان کرد لە بەغدا (٦٠٪) تا (٧٥٪) سەرف دەکرێت، بەلام لە هەرێم ناکرێت، لە هەرێم (٢٠٪ ، ٣٠٪)ە، کرێکاری فەنی ئەوەی کە دەستی لە ناو شەبەکەی کارەبایە (٣٠٪) وەردەگرێت و ئەوەی تریشیان کاری لەگەڵدا دەکات لە خوارەوەیە (٢٠٪)یە، کار پێ کردنی مەحتاتی تەولیدی هەر سێ شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك)، بۆ هەوڵنادرێت کە غازیان بۆ دابین بکرێ؟ تەسمیمکەشیان کە دروست کراوە کە بە غاز کار دەکرێ و ئەوەش کولفەکەی لەسەر حکومەت کەم دەبێتەوە و بۆ ژینگە پەسەندتر و کولفەشی هەرزانترە تاوەکو هاووڵاتیانیش، چونکە لەوانەیە ئەوەندەی تر کە عەتەلی زیاترە ئەگەر ئەوە بکرێ کەمتریش بڕانی کارەبا دەبن و هاووڵاتیان سوودێکیان لێ دەبینن، هەروەها کۆمەڵێك ئەوەش هەیە کە ئەوانەی بە عەقدن دەکرێ هەمان مووچەیان هەیە لەوانەیە بۆ حکومەت ئەگەر بیانکاتە رەسمی لەوانەیە کولفەکەش کەمتر دەبێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.بەهار فەرموو.

**بەڕێز د.بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من کە قسە لەسەر کێشەی کارەبا دەکەم ئەمڕۆ وەکو موختەصێك لە بواری کارەبادا قسەی لەسەر دەکەم، چونکە ئیختیصاصی دووەمم هەندەسەی کارەبایە، بۆیە بە دڵنیاییەوە ئەو سێ دەقەیە بەشم ناکات، بەلام ئیلتیزامی پێوە دەکەم و باقی پێشنیار و تێبینییەکانم بە نووسین دەدەمە بەڕێز جەنابی وەزیر، کێشەی کارەبا تەنها نەوعێك نییە، سێ جۆر لە کێشەی کارەبا هەیە لە هەرێمی کوردستاندا (فەنی،

ئیداری، سیاسی)، ئەگەر بێینە سەر کێشە فەنییەکان دیارە کارەبا وەك ئیشارەتی پێدرا لە سێ سێکتەری رەئیسی پێکهاتووە، وەبەرهێنان و گواستنەوە و لەگەڵ دابەشکردن و کۆنترۆڵ، هەریەکە لەم سێ سێکتەرە کێشەی خۆی هەیە، بەڵام ئێستا تەرکیز چۆتە سەر ئەوەی کە خواست زۆرترە لە بەرهەمهێنان، بۆیە تەرکیز چۆتە سەر ئەوەی کە ئاستی بەرهەمهێنان بەرز بکەنەوە مەسەلەی گواستنەوە و دابەشکردن کە پڕە لە کێشە تا رادەیەك زۆر تەرکیزی لەسەر نییە، بۆیە من پێشنیار دەکەم بۆ بەڕێز وەزیر کە کێشەکان بۆ ئەو بەجێماوە، لە بەرنامەی خۆیان کە پلانی خۆشی خستەروو لە بەرنامەی خۆیاندا ئەو پارەیەی، ئەو بودجەیەی کە بۆ کارەبا دادەنرێت بە شێوەیەکی موازی دابەشی بکات بەسەر هەرسێ سێکتەرەکەدا، چونکە ئێمە ئەگەر کێشەی بەرهەمهێنانیشمان چارەسەر کرد بە دڵنیاییەوە هێڵەکانمان توانای گواستنەوەی ئەو بڕە کارەبایە نییە کە (٤٥٠٠) مێگاواتە، جگەلەوە ئێمە لە مەسەلەی دابەشکردندا و لە فیدەرات و لە مەحەویلات هەمووی پڕە لە کێشە، بۆیە داوای لێدەکەم کە چاو بە بەشکردنی بودجەدا بخشێنێتەوە کە بۆ کارەبا دابین دەکرێت، هەمیشە کە باس لە کێشەی کارەبا دەکرێ دەڵێن خواست زۆرە، بەراستی ئەمە پاساوێکی زۆر زەعیفە بۆ ئەوەی کە دەڵێن خواست زۆرە، چونکە بەڵێ خەڵکی کوردستان خواستی بۆ بەکارهێنانی کارەبا هەیە، چونکە بەدیلی نییە، هیوادارم کار بۆ ئەوە بکەن کە بەدیل هەبێت، ئەو کارەبایەی کە دابەش دەکرێ لە (٥٤٪)ی بۆ ماڵان و بۆ خەڵکە، لە (٤٦٪)کەی تری دابەشکراوە بۆ سەر سێکتەری تیجاری و صناعی و زراعیدا کە ئەمەش تێکەڵیەك هەیە لە نێوانیاندا، مەسەلەن فیدەرێك هەیە دەڵێ ئەمە فیدەری تیجاریە، بەڵام ماڵیشی خستۆتە سەر، بۆیە لە شەودا ناتوانێ ئەوە ببڕێت و بیداتە ماڵان، ئەمە خۆی لەخۆیدا کێشەیەکە کە ئەمە تێکەڵیەکی دروستکردووە وەکو حەلێکی کاتیش دەتوانرێ مەصنەعەکانی کەرتی تایبەت، پالأوگەکانی کەرتی تایبەت کە لە ئێستادا زیاتر لە (١٤٠) مێگاوات لە کارەبای بەرهەمهێنراو بۆ ئەوان دەڕوات، دەتوانرێت لێیان بسەنرێتەوە دابەش بکرێ، بۆ خەڵك بەکاربهێنرێت، بۆ پێویستی ماڵان بەکاربهێنرێت، چونکە ئەوان کە خاوەنی مەصنەعەیەکن، خاوەنی پالأوگەیەکن، دەتوانێ کارەباش مولزەمیان بکات، حکومەتی هەرێم مولزەمیان بکات کە کارەبای خۆیان بۆ دابین بکەن، هەروەها ئەو مەزرەعانەی کە بە شێوەیەکی نا یاسایی دروست بوون ئەوان کە مەزرعەیەك بۆ خۆشی خۆیان دروست دەکەن حکومەتی هەرێم مولزەم نییە بەوەی کە کارەبایان بۆ دابین بکات، کۆمپانیایەکی ئەڵانی چەند ساڵێك لەمەوبەر هاتە هەرێمی کوردستان و دیراسەی ئەوەی کرد کە کارەبا لە (با) دروست بکات، کە پێموایە هەرێمەکەی ئێمە زۆر گونجاوە بۆ ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك بەهزاد فەرموو،

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنا هەردوو وەزیران و شاندێ یاوەری دكەم، راستی ئەگەر مەجال هەبا حەز كر وەختەكی ئیزافی هەبا، چونكی پسپۆریا مە ژ ئەندازیاری وزەیە بەراستی، بیرۆكەش مەجال نەدا پێشی دوو هەیڤا مە لێرە بخینین هەر سەر ئەو بابەتە بوو، هەندەك خالێ هەڤالآمە بەحس كر، بەس هەندەكی دی گرنگ تەئكیدێ سەركەم، یەك: بە قەناعەتا من چارەسەری بۆ ئاریشەیێن كارەبا هەرێما كوردستانێ دووجارا چارەسەری تایبەتی لە بواری بەرهەمهێنانێدا، یەك: چارەسەریا كاتی، یا وەختی كو ڤێ گاڤێ ئەڤ قەیرانە دروست بیە ئەوی ژی لە دوو خالاً خۆ دەبینیتەوە، دابین كرنا سووتەمەنی پێویست كو، یەعنی تەئكید ئەڤ سووتەمەنییە بە دروستی ناهێتە دابین كرن، یا دووێ بودجەیەكی باشتر بۆ وەزارەتێ بێتە دابین كرنێ تایبەتی وەرزی زستانێدا كو صیانە زۆر یا پێتڤی ڤێ چەندێ هەی، چارەسەریا دووێ پلانا ستراتیجی بەراستی جەنابێ وەزیر دەستخۆشی لێ دكەم، پلانەك بەحس كر، بەلام هەندەك خالێت گرنگ هەبین ئەگەر ئیشارەت پێبدابا، سەرچاوەی وزە لە هەرێمێ كوردستانێ و لە گشت جیهانێ نزیكەی (٩) سەرچاوەی سەرەكی هەی، بتنێ لە كوردستانی دوو سەرچاوە بەكاردهینیت ئەوی ژی سووتەمەنی و water power) (station، كە دبێژن (هایدرۆ پاوەر)، (٩٥٪)ێ سووتەمەنییە، كە ئەڤە خراپترین سەرچاوەی وزەیە لە ناحیەی ژینگەیێ ڤە و ناحیەی ئابووریڤە، (سولەر ئینێرجی) بۆ نموونە ئەز دبێژم (٧٥٪)ێ ناحیەی ئابووریڤە كەمتر لێ دچیتن ئەگەر تۆ بەراورد بكەی دگەل ویستگەی سووتەمەنی كو دبێژن (فێكسد كۆست) (٧٥٪)یە، (رەنین كۆست) (٨٠٪)یە مەسرەڤێ تەشغیلی ئەگەر (سولەر ئینێرجی)، ژبەر هەندێ ئەز دبێژم ئەڤ رۆژ و خۆرە یا هەی لە هەرێما كوردستانێ كو هەر مەتر مورەبەعەكێ (٢٥٠) واط دەتن، لە ئەوروپا هەر مەتر مورەبەعەكێ (١٥٠)یە، موزاعف نییە، بەس نزیك موزاعیفێیە ئەڤ رۆژە كو لە هەرێمێ هەی، بەلآم باش فایدە ڤێ وزە رۆژی وەرنەگرتیە، بۆ نموونە لە ئەلمانیا (١٠٠٠٠) میگاوات بەس لە (سۆلەر ئینێرجی) بەكاردینیت، پلانا وان بۆ سالێ (٢٠٥٠) (١٠٠٪) سەد لە سەدێ دەبیتە (سۆلەر ئینێرجی)، لە یابان بە هەمان شێوە لە سالێ (٢٠٢٠) كو دەگاتە (٢٨٠٠٠) میگاوات، ئیحتیمالە ئەم دبێژین لە ئەوروپا نەفت نییە، بەلام ولآتەكی وەكی عەرەبی سعودی كو (٢٣٪) نەفتا عام لە ڤێ ولاتێ هەی، پلان خۆ دادەنێ بۆ سالێ (٢٠٣٢) كو (٣٠٪) وزەیا كارەبا لەسەر (سۆلەر ئینێرجی) بیتن كو دگەتن تەقریبەن دەگاتە (٤٢٠٠٠) میگاوات، ژبەر هەندێ ئەڤە خالاكا گرنگە بەراستی مەڤیا ئیشارەتێ دەین، خالەكا دی بەرێز سەرۆكی پەرلەمان، كو ئەم بەحسێ وزەیا سەردەم دكەین بەراستی یا ژینگە بپارێز و ناحیەیا ئابووری مە حەز كر پلانا ستراتیجی دا وەزارەتێ، حەتا بەحسێ رەخێ دیش هاتبا كرن، مەسەلەن بەحسی (هایدرۆ پاوەر) هاتە كرن كو یەت هەی لە دوكان و دەربەندیخان، بەس ئەوی ژی هەتا ئیحتیمالە بەرهەمیان زۆر كەمە، ئیحتیمالە نەگاتە (١٥٠) میگاوات ڤێ گاڤێ، بەلام مە پرۆژە بەری نووكە هەبین ئەز تەئكیدێ ڤێ خالێت دكەم كو هەندەك برادەران بەحس كر مەسەلەی چێكرنا سكرێ بێخمە، كو ئەڤ پرۆژە چ لێهات؟ كەنگی دێتە جێبەجێكرن؟ هەندەك جێی دی لە كوردستانێ زەنگینە بە ئاڤێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری کارەبا و ئەو هاوڕێیانە دەکەم کە لەگەڵی هاتوون، لە راستیدا ئەو بەڕێزانەی تر کە پێشتر قسەیان کردووە قسەی زۆر باش و زۆر جدی و زۆر پرۆفیشناڵانەیان لەسەر بابەتەکە کرد، من پشتگیریان لێدەکەم، بە تایبەتی راپۆرتەکەی (بەڕێز کاك فائق)، من چەند خاڵێك زۆر بەکورتی لەسەر مەسەلەی بەهەدەردان لە هەرێمی کوردستاندا باس دەکەم بەشێکیان وەکو پرسیار ئاراستەی بەڕێزیانی دەکەم، ئایا هیچ کراوە بۆ ئەوەی یاخود چی دەگیرێتەبەر وەکو رێکار بۆ ئەو شوێنانەی کە کارەبا بە نا یاسایی رادەکێشن؟ ئینجا لە هەر ئاست و شوێن و بەرپرسیاریەك دابێ، کە لە کوردستاندا بەراستی ئەوە زۆرە، ئەوە دیاردەیەکی زۆر زەقیشە لە هەرێمی کوردستاندا، ویستگەیەك هەیە بە ناوی ویستگەی (٢٩) مێگاواتی لە شاری سلێمانی دراوە بە کەرتی تایبەت ئەوەندەی من بەدواداچوونم بۆ کردووە، ئێستا کاریش ناکات بە نزیکەی (٣٤٠٠٠) لیتر گازیش وەردەگرێ، لە کاتێکدا ویستگەکە کار ناکات، ئایا ئەم گازە چۆن وەردەگرێت؟ گازەکە بۆ کوێ دەچێت؟ هاووڵاتیانێکی زۆر پەیوەندیان پێوە کردووین یاخود قسەیان لەگەڵدا کردووین لەسەر ئەوەی کە ئایا فیعلەن لە هەرێمی کوردستاندا هەموو کەسەکان بە یەکسانی پارەی کارەبا دەدەن؟ ئینجا ئەو کەسانە لە باڵاترین دامەزراوەوە بۆ هەموو ئاستەکانی تر تا دەگاتە خوارەوە، هەموو بە یەکسانی فیعلەن پارەی کارەبا دەدات مانگانە؟ هەروەها ئایا کارەبای ئەو شوێنانە فیعلەن وەکو هاووڵاتییەکی ئاسایی وەرەقەی بۆ دەچێت تا سەری مانگ ئەم بڕوات پارەکە بدات؟ یەعنی ئەمە جۆرێك لە نا دادپەروەریە ئەگەر نەبێت، بەهانەیەك دەدات بە هاووڵاتی کە لە راستیدا ئەویش نەچێت پارەی کارەبایەکەی تەسلیم بکات، چونکە کە ئەو ببینێت لەسەرووی خۆیەوە خەڵکانێك بە حوکمی پلە و پۆستێك کە پارەی کارەبا نادات، ئیتر لە راستیدا بە تەسەوری من هیچ پێویست ناکات هاووڵاتیەکی ئاسایی ئەوە بکات، بۆیە پرسیارەکە ئەوەیە بە دیاریکراوی، ئایا کەسانێك هەیە لە هەرێمی کوردستاندا پارەی کارەبا نەدەن مانگانە؟ گومانێك لەوە هەیە کە ئەو پسوولەی کارەبایە کە بۆیە تاخیر دەبێ بەو مانەیەی کە تۆ زیاتر بەکار بێنی زیاتر پارەت بۆ دێتەوە، یەعنی ئەمە جۆرێك لە گومانی لای خەڵك دروست کردووە، هیوادارم بەرچاو روونیەکمان بدەنێ لەسەر ئەوە، پرسیارێکی تر لەسەر ئەو بەڕێزانەی کە لە ناوچە پیشەسازییەکاندا کار دەکەن، یەعنی هەمیشە کارەبایەکی کەمیان هەیە، بەردەوام وەکو ماڵەکانی هەرێمی کوردستان کارەبای ئەوانیش دەبڕێت، ئەوانیش داواکارن بە تایبەتی ئەو ناوچە پیشەسازییانە بۆیان چارەسەر بکرێت، ئایا هیچ پلانێك هەیە بۆ بەدواداچوون و دیسان پێداچوونەوە بەو گرێبەستانەی کە ئەو بەڕێزانە باسیان کرد؟ یەعنی گرێبەستێك کە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بکەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، كاتت تەواو بوو، خاتوو شكريە فەرموو.

**بەڕێز شكريە اسماعيل مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە سەرەتا بەخێرهاتنێكی گەرمی هەردوو وەزیر و شاندی یاوەریان دەكەین، لە راستیدا زۆرێك لە قسەكانم كرا دووبارەی ناكەمەوە، بەڵام سێ پرسیار و یەك پێشنیارم هەیە، پرسیارەكانم بەپێی زانیاریەكانی ئێمە بەنداوی بێخمە ئەگەر تەواو بكرێ توانای ئەوەی هەیە (١٠٠٠) مێگاوات كارەبا بەرهەم بهێنێت، ئایا بۆچی تاوەكو ئێستا تەواو نەبووە؟ بەربەست و ئاستەنگەكانی چین؟ پرسیاری دووەم: لە هەندێك لە كۆمەڵگەكانی شاری هەولێر زیاتر لە ماوەی ساڵێكە تەواو بووە و هاووڵاتیان ژیانی تێدا دەگوزەرێنن، بەڵام تاوەكو ئێستا بێبەشن لە كارەبای گشتیی، تەنها كارەبای مۆلیدەیان هەیە وەك شاری زەیتون، ئایا ئەمە هۆكاری چییە؟ پلانتان چییە بۆ چارەسەركردنی كێشەی ئەم كۆمەڵگایانە؟ هەروەها دووبارە نەبوونەوەی گرفتی لەم جۆرە كێشانە گەرەنتی هەیە؟ پرسیاری سێیەم: هەندێك لە وڵاتانی جیهان توانیویانە لە بواری بەرهەمهێنانی كارەبا زیاتر لە پێویستی وڵاتەكەیان بەرهەم بهێنن و بیفرۆشن بە وڵاتانی تر، ئەمەش بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەی جیاواز، وەك دانانی وێستگەی بوخار، هەروەها وێستگەی با، هەروەها بەگەڕخستنی مینی هایدرۆ پاوەرەكان، ئایا وەزارەتی كارەبا پلانی هەیە بۆ هەمەچەشن كردنی سەرچاوەكانی كارەبا لە هەرێمی كوردستان؟ پێشنیارەكەشم ئەوەیە كە دیارە لە وڵاتی سوید لە ساڵانی رابردوو هەستیان كرد قوربانییەكی زۆریان هەیە لە بواری هاتوچۆ، بۆیە هەڵمەتێكیان ئەنجامدا، هەڵمەتەكەیان بە بڵاوكردنەوەی پەیامێك بوو، پەیامەكەشیان تاوەكو تەنها یەك قوربانیشمان نەبێ، بۆیە بەو هەڵمەتە توانیان قوربانی بواری هاتوچۆ زۆر كەم بكەنەوە لە (٧٠٪) كەم بكەنەوە، پێشنیارەكەم ئەوەیە ئێمە دیارە لە هەرێمی كوردستان وەكو خۆی بەڕێزیان ئاماژەی پێكرد كە كارەبا بە رێژەی لە (٢٠٪) زیاتر بەفیڕۆ دەچێت، پێشنیارەكەم ئەوەیە ئەگەر بە هاوكاری سەرجەم كەناڵە ئاسمانییەكان پەیامێك بڵاو بكرێتەوە با تەنها یەك ئەمپێریش بەفیڕۆ نەدەین، من پێموایە ئەم هەڵمەتە كاریگەری باشی دەبێت و رەنگە بە رێژەی لە (٣٠٪) زیاتر كارەبا بگەڕێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د.سراج فەرموو.

**بەڕێز د.سراج شێخ احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوای بەخێرهاتنی بەڕێز جەنابی وەزیر و شاندی یاوەری، من چەند خاڵێكم هەیە دەیخەمە روو، یەكەمیان: تایبەت بە فەرمانبەران و مونتەسیبەكانی تایبەت بە وەزارەتی بەڕێزیان، بەشێكیان كار دەكەن لەسەر شەبەكات و زەغتی عالی و ئەوانەی دیكە، ئایا جەنابی وەزیر چی بۆ ئەوانە كردووە كە ئەوانە موعەرەزن دائیمەن بۆ مردن؟ بەشێكیشیان كەمئەندام بوون كە كوڕە هەژار و هاووڵاتی ئەم نیشتیمانەن

ئایا چ حیسابێکیان بۆ کراوە؟ ئایا بـۆ هـەوڵی نـەداوە بـۆ ئـەوەی ئـەو جـۆرە کەسـانەی لـەو شـوێنانە وەفـات دەکەن و گیان لە دەست دەدەن بۆ وەکو شەهیدی هـاووڵاتی حیسـابیان بـۆ نـەکراوە؟ دووەم: پاشـان هەنـدێ شوێن لە دهۆك و سلێمانی لە دەڤەری هەریر و سۆران (کـاك شـوان)یش باسـی کـرد موشـکیلەی (volt)یـان هەیە، ئایا چ کراوە؟ یان پـلان چییە بـۆ ئـەوەی چارەسـەری ئـەم کێشـەیە بکرێـت؟ سـێیەم: کۆمپانیایـەکی ئیتـالی عەقـدی کـردووە لەگـەڵ حکومـەتی هـەرێم بـۆ نۆژەنکردنـەوەی هـەردوو وێسـتگەی دوکـان و دەربەندیخان، ئایا کارەکانی بەچی گەیشت و لـە چ ئاسـتێکدایە؟ چـوارەم: لـە کاتێـك ئێمـە لـە رۆژگارێکـدا دەژین رۆژانە هاووڵاتیان لە زیادبووندایە ژمارەی دانیشتوان و پێداویستی کارەباش رۆژانە لە زیادبووندایە، بـەڵام بەرهـەمهێنانی کارەبـا لـە کورتیدایـە، هـەروەها زۆرجـار باسـی کێشـەی قـەیرانی گازوایـل دەکـرێ بـۆ مەحەتەکان، ئینجا پرسیار ئەوەیە ئایا بۆ هەوڵ نادرێت بەدیلی گازوایـل تاقـەی شەمسـی بـەکار بهێنرێـت؟ زۆر لە برادەرانیش باسیان لێوە کرد، پێنجەم: ئێستا لە کوردستان نزیکە (٢٥٠٠) مێگاوات یـاخود زیـاتریش بەرهەم دەهێنرێت بۆ ئەم بـڕەش ئیکتیفـای زاتـی خۆمـان ناکـات؟ ئێسـتاش وا لـە کوردسـتان بۆتـە جێگـای سەرەنجی کۆمپانیا بەرهەم هێنەرەکانی دونیا، ئایا پلان چییە ئەگەر بێتو هەندێك کۆمپانیای زەبەلاح بێن لە کوردستان کارگە و مەصـنەعی گـەورە دابنـێن؟ چـۆن دەتـوانن وزەی کارەبـا بـۆ ئـەو کۆمپانیایانـە دابـین بکەن بۆ پلانی داهاتووتان؟ باسی پێوەری زیرەك کرا من لەسەری ناڕۆم و قسەی لەسـەر ناکـەم، پاشـان ئایـا چی کراوە بۆ ئەو شـوێنانەی کـە تـاوەکو ئێسـتا وەزارەتـی کارەبـا نـەیتوانیوە کۆنتڕۆڵیـان بکـات کـە بووینـە سەرچاوەی زیاد بۆ بە هەدەردانی وزەی کارەبا؟ بـۆ نموونـە هەنـدێ گونـد کارەبایـان زیـاد بـەفیڕۆ دەچـێ و هەندێکیشیان تەجاوزیان لەسەر کردووە، هەندێکیشـیان پێوەریـان نییـە، تەسـەور ناکـەم وەکـو پێویسـتیش پارەکەیان دابێت، ئایا پلان چییە بـۆ ئـەوەی وەزارەتـی کارەبـا رێگـا و شـوێنی تایبـەتی بگرنەبـەر، دووبـارە بەخێربێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو د.شرین فەرموو.

**بەڕێز د.شرین حسنی رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، بـەخێرهاتنی وەزیـر و شـاندی یـاوەری دەکـەم، هـەرێمی کوردسـتان جگەلـە دەوڵەمەندی بە وزەی ژێر زەوی وەکو نـەوت و غاز، بە سەرچاوەکانی تریش دەوڵەمەندە، بـۆ نموونـە وزەی خـۆر، وزەی هـەوا، وزەی ئـاو، ئەگـەر سـەیری هەنـدێك وڵاتـانی دونیـا بکـەین بـۆ نموونـە لـە یابـان و صـین بەشێك لە کارەبای خۆی لە سووتاندنی پاش ماوەکان دروست دەکـەن، ئێـران و سـوریا و تورکیـا وزەی خـۆر بەکار دەهێنن بۆ گەرمکردنی ئاو، زۆر نموونەی وڵاتانی تری دونیا هەیە، ئێسـتا هەنـدێك وڵات کـار دەکـەن بۆ بەکارهێنانی هایدرۆجین و (سۆلەر سێلف) بۆ کارکردنی ئۆتۆمۆبیل، مەبەست لێرە ئەوەیـە کـە زۆربـەی وڵاتانی پێشکەوتوو کار دەکەن بۆ کەمکردنی بەکارهێنانی نەوت و غاز، لە رێگای بەدیل دەگەڕێن، وەزارەتی

کارەبای ئێمەش دانیشتوون هەر چاوەڕێی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەکەن بۆ دابینکردنی (دیزل) تا کارەبا بۆ خەڵك دابین بکەن، زۆرجار جەنابی وەزیری کارەبا لەسەر کەناڵەکانی راگەیاندنم بینیوە هەموو کێشەکەی و ئەگەری نەبوونی کارەبا دەخرێتە سەر وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، وەزارەتی سامانە سروشتییەکانیش دەڵێ ئێمە ئەو برە (دیزل)ە، ئەو برە نەوتە بۆیان دابین دەکەین و کێشە و ئاریشەکە تەنها بێ پلانی وەزارەتی کارەبایە، من سەیری ویب سایتی وەزارەتی کارەبام کرد و ویستم سەیری پلانی وەزارەت بکەم، بەڵام کە لاپەڕی (C.V.) جەنابی وەزیرم کردەوە تەنها وێنەکەی دانابوو ناوی سیانی و لایەنی حیزبی دانرابوو، پێم سەیر بوو کە بینیم (C.V) جەنابی وەزیر و لەسەر سایتێکی حکومی و سایتێکی رەسمی تەنها ئەو شتانە نووسرابوون، چاوەڕێم دەکرد کە پسپۆری تێدابێت، شارەزایی تێدابێت، ساڵانی خزمەت و شارەزایی تر لە چ بوارێك تێدابێتن، هەروەها گلەیی خۆم ئاراستەی لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان دەکەم لە پەرلەمانی کوردستان کە هیچ تەعامول لەگەڵ کارەبایان نەکردووە وەکو وزە، ئەو هەموو کێشەکانی کارەبا تاوەکو ئێستا تەنها یەك دانیشتنیان ئەنجامداوە لەسەر کێشەی کارەبا، هەر خەریکی نەوت و غاز بوون، پرسیاری یەکەم: ئەگەر هەر کێشەیەکی هەبوو لە وەزارەتی کارەبا و ئەگەرەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بێت، ئەی مانایەك هەیە بۆ هەبوونی وەزارەتی کارەبا؟ با ئەویش بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتیی بوایە سەر بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بوایە، ئایا ئەرکی وەزیری کارەبا و وەزارەتەکەی نییە لێرە لە چارەسەری کێشەکانی وەزارەتی خۆی بگەڕێن؟ دووەم: وەزارەتی کارەبا هیچ پلانێکی هەبووە لە ڕێگای چارەسەری یان هیچ هاندانێکی هەبووە بۆ بەکارهێنانی وزەی نوێکردنەوە (رینیۆبل ئینێرجی) جگەلە بەکارهێنانی نەوت و غاز، چونکە پابەند لەسەر زۆربەی لێکۆڵینەوەی زانستی و یەکێك لەو لێکۆڵینەوانە لە زانکۆی زاخۆ پار کرابوو دەرئەنجامەکەی دیاربوو کە خۆری هەرێمی کوردستان لە وەرزی زستان و هاوینەوە بەشی هەموو خێزانەکانی هەرێمی کوردستان دەکات بۆ گەرمکردنی ئاو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتت تەواو، دەتوانی بە نووسراو ئاراستەی وەزیری کارەبای بکەی، نوقتەی نیزامیت هەیە کاك زانا؟ فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە رابردوو لەسەر سیغەی قسەکردنی ئەندامانی پەرلەمان سیغەیەکمان هەبوو، ئەگەر جەنابت بە شەخسی دەتەوێ ئەو فراکسیۆنە قسە نەکات تا ئێوارە دەمێنینەوە لە خەمی کارەباینە، لەم هۆڵە ناڕۆینە دەرەوە، لەبەر ئەوە شتی شەخسی بەکار مەهێنە، ئەوە هەموو فراکسیۆنەکان قسە دەکات کە دێتە ئەوێ دەگەڕێیتەوە نایێتە لای فراکسیۆنی ئێمە، لەبەر ئەوە تکات لێدەکەم وەکو سەرۆکی پەرلەمان مامەڵەمان لەگەڵدا بکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك زانا وەكو سەرۆكی پەرلەمان مامەڵەمان كردووە، دەتوانی ڕەخنەی خۆشت بگری، ئەوا تورەش نەبیت، بەلأم ئەمە ئەو ناوانەیە كە پێشتر نووسراوە، یەك بە یەك خوێندوومەتەوە، هیچ نەمپەڕاندووە، هیچ ناوێكم لێ نەپەڕاندووە، دوایی ناوەكانی ناو هۆڵ وەكو ئەوەی كە لە رابردوودا ئەنجامانداوە بەو شێوەیە دەكەین، هەموو فراكسیۆنەكانی لێ بەدەر ناكەین، بەڕێز سكرتێری پەرلەمان ئەگەر قسەیەكت هەیە لەسەر ئەوە فەرموو.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان، سەبارەت بەو ناوانەی كە ئێمە لێرە بۆ گفتوگۆ دەینووسین، ئەوەی كە لە پێش دانیشتندا ناوەكان دەنووسین ئەوە بە ریزبەندی دێتە خوارەوە، سەرۆكی پەرلەمان خۆی مولزەم دەكات بەوەی كە دەبێ بەو ناوانە بێتە خوارەوە، چونكە تەسەلسولی زەمەنیەكە من رەچاوم كردووە تێیدا، ئەوەی كە لێرە لە هۆڵ دەینووسین بە ئیختیاری سەرۆكی پەرلەمان ناوەكان دیاری دەكرێت و چۆن چۆنی لە هۆڵەكە دیاری دەكات، بۆیە كە بەڕێزان دەڵێن با لێرە بنووسرێت یان لەولا بنووسرێت، لێرە كە ناوەكان دەنووسین هیچ فەرقێك ناكەین كە لە هەر لایەكەوە بنووسرێت، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان رەچاوی ئەوە دەكات كە چۆن ناوەكان ئیختیار دەكات، بەلأم ئەوەی پێشوو كە نووسراوە لە پێش كۆبوونەوەدا بەو شێوەیە كە تەسەلسولی زەمەنیەكە رەچاو دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز پەروا خان فەرموو.

**بەڕێز پەروا علی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیری كارەبا و شاندی یاوەری دەكەم، سەبارەت بەو پلانەی كە بەڕێزیان و زۆرێك لە بابەتەكانی هاورێكانم پێشتر بە تایبەت (كاك فائق) خستیەروو، تەنها پرسیار كە من هەمبێت ئەویش سەبارەت بەو پلانەیە كە بەڕێزتان داتاناوە، ئەو پلانەی كە بەڕێزت ئیشارەتت پێدا، بۆ چارەسەركردنی ئەو هەموو كەم و كوڕیەی كە دەیان ساڵە و چەندین كابینەیە بەردەوامە، پێتاوایە بەو كابینەیەی ئێستا و بەم سێ ساڵەی كە ماوە ئایا دەتوانرێت بە چەند ئەو پلانەی بەڕێزتان جێبەجێ بكرێت؟ هەروەها رێژەی لەسەدا چەندی جێبەجێ دەكرێت؟ ئەگەر هەمووی جێبەجێ نەكرێت رێژەی لەسەدا چەندی جێبەجێ دەكرێت؟ ئایا ئەم پلانە پلانی ئەم كابینەیە هی بەڕێزتانە یان تەواوكەری كەبینەكەی پێشووە، چونكە زۆرجار لە كابینەی پێشوودا ئەو كەم و كوڕییانەی كە هەبێت بۆ هەر وەزارەتێك كابینەی دواتر بەداخەوە یان دێن پلانێكی نوێ دادەنێن یان بە كەم و كوڕی، ئایا بە

نیسبەت کارەباشەوە ئێوە تەواوکەری پلانە کۆنەکان دەبێ کە جێبەجێ نەکرابوون، یان پلانێکی نوێیە و تەقدیری بەڕێزتان بۆ جێبەجێکردنی چەندە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو ڤیروز فەرموو.

**بەڕێز ڤیروز طه عبدالخالق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنا جەنابێ وەزیری کارەبێ و شاندێ لەگەڵدا دکەم، بەخێربێن بە سەرچاڤا، زۆر پرسیار هاتنە کرن، من دڤێت ب کورتی چەند پرسیاراکا ئاراستە دکەم:

یەك/ بۆچی هەتا نووکە وەزارە تا کارەبا نیزاما مەقایسا زیرەکێ عالەمی نییە دروستی لە کوردستانێ، یان زۆر زۆر یا کێمە؟

پرسیارا منا دوێ/ تەولیدا کارەبا ب عام ل کوردستانێ نییە، کە تێرا هەمی کوردستانێ بکاتن، ئایا پلانا وەزارەتا کارەبا چییە بۆ تەولیدا کارەبایێ کەباشتر ببێت؟ بۆ نموونە تەولیدا کارەبا ئەوەیە رێ بەری شەش، حەفتساڵان.

سێ/ دەڤەرا ئاکرێ ئیدارییەن سەر بپارێزگاها دهۆکێ ڤەیە ب عام، دڤێت کارەبا باژێرێ ئاکرێ وەکی پارێزگاها دهۆکێ بیتن، بەلێ دوو خەت یەت رەبت کرن دگەل حەریرێ و، دوو خەتێت دیکەش رەبت کرینە دگەل خەبات، ئەڤە یا بوویە ئەگەرا هەندێ کارەبا ئاکرێ وەکو پێدڤی نەبیت ژی لایەکی ڤە، ژی لایەکی دیکەڤە وەکی پارێزگاها دهۆکێش نییە، کە ئیدارییەن سەر پارێزگایێ ڤەیە.

پرسیارا منا دیماهی یا چارێ/ بۆچی دانا پارێ کارەبا جیاوازی هەی لەنێوان پارێزگاها؟ بۆ نموونە پارێزگاها دهۆکێ ب هەمی قەزاو ناحیەڤەو گوندڤە، مال نییە کە وەسلا کارەبایێ بۆ نەچیتن و، پارە نەداتن، بەلێ لە پارێزگاها هەولێرو سلێمانی وەتف نییەو ئەو دیڤ مەعلوماتەی من هەی مالی یێت هەی لە پارێزگاها هەولێرێ هەتا نووکە وەسلا کارەبا نەدیتیەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو ڤیان عەباس فەرموو.

**بەڕێز ڤیان عباس عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ئەو ئاخفتنێن هەڤاڵێت مە گوتی ئەز دووبارە ناکەم، ب تەنێ چەند خاڵێ دی ئیشارەتێ پێ دەدەم، ل دەستپێکێ دێ بەحسێ کادیرێ دکەم، ب گشتی (١٨٣٤٠) کەسن، لە دهۆکێ ب تەنێ (٢٠٥٦) کەسن، کو رێژا بیتە (١١) پۆینت ژ سەدێ، ئەرێ جەنابێ وەزیری ئەڤ نیسبەیە مەقبولە لای جەنابێتە؟ دزانین کو ئەڤ چەندە ئێك بڕیار نائێتە راستڤە کرن، بەس ژ دەستپێکا کار بوونا جەنابێ وە هوین دشیان پێنگاڤ پێنگاڤ کار تێدا بکەن، و ل دویف کیتابا جەنابێ هەوە لە ٢٠١٤/١٢/١٠ ئەڤ میلاکە هاتیە هنارتن، هەر چەندە ل

دەستپێكا جەنابێ تە گوتی كو (١٧٢٠٠) كەسن، نزانم كیشك رێژا دروستە؟ جەنابێتە بۆمان دیار بكاتن، و هوین دشیان كار بۆ راستڤەكرنا رێژا دهۆكێ بكەن و جەنابێ وەزیرێ ب تەنێ ئێك پرسیار هەی تە قەناعەتە رێژا دهۆكێ هەی كو (١١) سەدێ یە؟ هاتنە ئاوارە بۆ بارگرانییەكا مەزن سەر كادیری و ئالیاتە و دیسان عامودێ كارەبا و گەلەك كارێن دی، ئەرێ بۆچی چ تەقدیر بۆ چەندێ نەهاتینە كرن؟ ئەگەر هاتینە كرن رێڤەبەریا گشتی ئەڤ كارە ل پارێزگاها دهۆكێ دشیا ڤێ چەندێ بۆ مە دیار بكەتن، بودجە گەشە پێدانێ ئاساییا وەبەرهێنانێ یا تایبەت ژ وان هەر چوار تایبەت بودجە هاتنی ٣٠٪ ما بوو، ل دەمەكی (٢٢٧٠٠) مالە دهۆكێ زێدە بووینە، بۆ ڤێ رێژا زێدە بۆچی هەوە چ نەهنارتیە، دیسان وەزارەتی خزمەتگوزاری كار ئێك ژ وان وەزارەتانە هەندەك ئیستیسنائات پێدڤێن هەوە چ كار كریە بۆ ب دەستڤەئینانا ڤان ئیستیسنائاتان؟ پێشنیار دكەم سیستەمێ تەصاعودی سێ بلوكا بیتن، نەكو پێنج بلوك، چونكی دگەلْ داهاتێ خەلكێ ناگونجیتن، جەنابێ وەزیرێ حەفتاو نۆ و پۆینت پێنجاو دووی سەدی خەلكێ دهۆكێ ل بەر دەرگاها مالێ خۆ پارە خۆ ئەدا دكەن، سەرەڕای تێكچوونا بارێ دارایی و كەم خزمەت بۆ دهۆكێ ژی وێ رێژا كێم ئانكو خەلكی دهۆكێ هەمی كاودان ل بەرچاڤ وەرگرتینە بەلێ وەزارەتا كارەبێ ئەڤ چەندە لبەرچاڤ وەرنەگرتییە و رێژە ژی زێدە نەكریە و خزمەتگوزاری ژی بۆ رێڤەبەریا گشتی پتر لێ نەكریە، د یاسا ژمارە پێنج (٥) یا سالا (٢٠٠٦) ێ دا ماددە سێ (٣) فەقەرە دوو (٢) ب وازحی گوتیە (تشكل فی كل محافظات مدیریة عامة للكهرباء) ئەڤ بڕیارە ئانكو ئەڤ ماددا قانونێ بتنێ ژ سلێمانیێ ڤەگرتیە ژبەر كو ل پارێزگەها دهۆكێ و ل هەولێرێ رێڤەبەریا گشتی یا بەلاڤ كرنێ هەی نەكو رێڤەبەریا گشتی یا كارەبێ یە، جەنابێ وەزیری نزانم ئەڤە چ تەناقوزە؟ جەنابێ تە بلا نەبێژیتن كو ئەڤ چەندە ل خولێت بووری دا نەهاتیە كرن، دەمێ شەش هەیڤانە هوین دشیان ڤێ بڕیارێ راستڤە كەن و هوین شیان قانونێ تەتبیق بكەن، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز كاك ئەبو بەكر هەڵەدنی فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله هەڵەدنی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیرو وەفدی یاوەری دەكەم، من پشتگیری قسەكانی خاتوو رێوازو كاك قائق مصطفی دەكەم، ئەم چەند پرسیارەم لە جەنابی وەزیر هەیە.

یەكەم/ لە سلێمانی، لە گەڕەكەكانی سلێمانی گرفتی كوژاندنەوەی مۆلیدەكان پەیدا بووە، وات شەوانە مۆلیدەكان لە چەند گەڕەكێك دەكوژێننەوە، دەكرێت بە دانانی مەحەتەی مۆبایل ئەو كێشەیە چارەسەر بكرێت، ئایا چ هەنگاوێكتان ناوە بۆ ئەم بارە؟

پرسیاری دووەم/ کارگەیەك هەیە لە هەولێر، کارگەی ئاسن تواندنەوە، نزیکەی پەنجا بۆ شەست مێگاوات کارەبای دەوێت و بەشێکی شۆتداوونەکان و کوژاندنەوەی کارەبا پێموایە ئەوە هۆکار بێت، ئەو کارگەیە تاکو ئێستا کە مۆڵەتیشی نییە، ئایا چ هەنگاوێکتان ناوە وەکو وەزارەتی کارەبا بۆ گێڕانەوەی ئەو کارەبایە؟

سێیەم/ پێویستە وەزارەتی کارەبا پاداشتی هەبێت بۆ ئەو هاووڵاتیانەی کە بەردەوام پارەی کارەبا دەدەن و، ئەوانە جیاوازی بکرێت لەگەڵ ئەوانەی کە نایدەن، من بۆ خۆم شەوێك لە ماڵێك بووم کابرایەك گوتی حەوت ملیۆن کارەبام بۆ هاتۆتەوە، هەر جارێ وەرەقەم بۆ هاتۆتەوە وەرەقەکەم دڕاندووە، دوایی بە پەنجا هەزار دینار چارەسەرم کردووەو بۆیان سفر کردیمەوە، ئایا ئەم خەلەل و دزییە لەناو فەرمانگەکانی کارەبادا هەیە؟

لەسەر چ بنەمایەك وەزارەتی کارەبا، کارەبا دابین دەکات بۆ ئەو شوێنانەی کە تەجاوزن و زەوی کشتوکاڵین؟ وەکو ڤێلاو باخەکان، ئایا کە شوێنەکان تەجاوز بێت ئێوە لەسەر چ بنەمایەك کارەبایان دەدەنێ؟

پێویستە وەزارەت پرۆژەی هەبێت بۆ ئەوانەی پێیان دەوترێت شەهیدی رووناکی، بۆ خزمەت کردنی زیاتری خانەوادە بەڕێزەکانیان، هەروەها هاووڵاتیان داوای ئەوە دەکەن کە بنکەکانی وەرگرتنی پارەی کارەبا زیاتر بکرێن، چونکە قەرەباڵغیەکی زۆری دروست کردووە، ئایا وەزارەتی کارەبا ئەو لێپرسراو و بەڕێوەبەرانە لا دەبات کە ناکارەییان دەرکەوتووەو، گەندەڵیان دەرکەوتووە، ئایا دەتوانن ئەوانە لابەرن؟

دوو پرسیاری ئەخیریشم لە جەنابی وەزیر، ئەگەر تۆ هاوکاری نەکرای لەلایەن وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی سامانە سروشتییەکان و وەزارەتی دارایی، ئایا لە شوێنەکەی خۆت دەمێنیەوە؟ یان هەر پاساو هێنانەوەو دوعای خێر کردنە؟ کە بە مە کارەبا چارەسەر ناکرێت.

دووەم/ وەزیر دەتوانێت هەیکەلی وەزارەتەکەی خۆی بگۆڕێت، یاخود نا؟ کە بەشێکی ئیشکالەکان لەوێدایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو بەهار عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیری کارەباو وەزیری هەرێم و شاندی یاوەری دەکەین، من لە رێی بەڕێزتانەوە چەند سەرنج و پرسیارێك دەخەمە روو.

یەکەم/ سەبارەت بە کوژاندنەوە گشتییەکان، شۆتداوونەکان، دیارە ئەمە کێشەیەکی گەورەیە لە کاتی تێکچوونی ئەم سیستەمە چەندین پارەی زەخم بە هەدەر دەچێت و دەچێتەوە بۆ کۆمپانیاکان، لەو لاوە هاووڵاتی بێ کارەبا دەبێت و لەم لاوە پارەیەکی زۆر بە هەدەر دەچێت، پرسیارەکەم ئەوەیە هۆکار چییە کە

له ئەمساڵدا شۆتداونەکان زیادیان کردووە؟ بۆ لە ساڵانی پێشوودا بە دەرەجەی ئەمساڵ رووی نەدەدا؟ لە کاتێکدا ئێمە ساڵ بە ساڵ دەبێت ئەم کێشەیە کەم بێتەوە.

دووەم/ بەڕێز جەنابی وەزیر لە راگەیاندنەکانەوەو لە چەندین لێدواندا باسی لەوە کردووە کە هەزار مێگاوات ئامادەیە بۆ کار پێ کردن، بەلاّم بەهۆی نەبوونی سووتەمەنی و گرفتی مالییەوە، دەکرێت ئەو وردەکارییانە کە سووتەمەنی بڵێ، ئێمە ولاّتێکین دەوڵەمەندین لە سووتەمەنی، بۆ دابین ناکرێت و وردەکارییەکانمان پێ بڵێ؟ گرفتە مالییەکان بە وردەکاریی پێمان بڵێ، نەك ئەوا بەشێوەیەکی گشتی، ئەو هەنگاوانە چییە نراوە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە؟

سێیەم/ دیاری کردنی کۆمپانیاکان، دیارە ئێمە دەزانین زۆربەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە رێی کەرتی تایبەتەوەیە، ئایا دیاری کردنی کۆمپانیاکان لەسەر چ ئەساسێکە؟ پێوەر هەیە بۆ وەرگرتن و رەفزی کۆمپانیاکان؟ ئایا دەست تێوەردانی حزبی لەم رووەوە رووی نەکردۆتە وەزارەت؟

چوارەم/ چی کراوە بۆ وزەی ئەلتەرناتیف کە وەکو نەوت و غاز لە جیاتی ئەوەی کە خەڵك وەسائیلی کارەبا بەکار بێنێت بۆ گەرم کردنەوەو بۆ ئەو وەسیلانەی تر، ئایا پلان چییەو چی کراوە؟ بۆ ئەوە ئاسانکاری چییە لە پلانی وەزارەت تا لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ئەمە کراوە؟

خاڵێکی ترم/ ئایا دانانی مەحەتەی کارەبا بەپێی پێویستی ناوچەکان بەرنامەی بۆ داڕێژراوە؟ ئەگەر وایە بۆچی هەندێك ناوچە هەیە کە پێویستی بە مەحەتەی کارەبایە بۆ نموونە گەرمیان و رانیە لێی نییە؟ بەلاّم لە زاخۆ کە ئەو پێویستیەی نییە مەحەتەی کارەبا دانراوە.

سەبارەت بە سەر لەنوێ رێکخستنەوەی هەیکەلی ئیدارەی وەزارەت کە بەڕێزیان لە پلانی خاڵی هەشتدا ئاماژەی پێداوە، ئێمە دەزانین لە هەرێمی کوردستاندا دابەش کردنی پلەکان لە وەزارەتەکاندا بەپێی حیصەی حزبییە، ئایا ئەم کێشەیە دەتوانرێت وەزارەت چارەسەری بکات، لە کاتێکدا حزبەکان خەڵك دیاری دەکەن و ئەمەش هۆکارێك دەبێت بۆ ئەوەی خەڵکی موختەس دانەنرێت و کێشەکە بەردەوام بێت، ئایا دەتوانن ئەم هەنگاوە بنێن؟

خاڵی ئەخیرم/ بەپێی ئەو پلانەی بەڕێزیان کە خوێندیانەوە دەتوانرێت لەم خولەی کابینەی حکومەتدا کێشەی کارەبا کۆتایی پێ بێت؟ هەروەها پێوەری زیرەك کە چەندین ساڵە لە خولەکانی پێشووشدا باس کراوە دەتوانرێت جێ بەجێ بکرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دانیشتنەکەمان هەڵدەگرین بۆ کاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆ دەست دەکەینەوە بە دانیشتنەکەمان، زۆر سوپاس.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان.**

دانیشـتنەکەمان بـەناوی گـەلی کوردسـتان دەسـتپێدەکەینەوە ، خـولی چـوارەمی هەڵبـژاردن ، سـاڵی دووەم دانیشتنی ژمارە (٢٠) ، کۆبوونەوەی ژمارە (٢) ، ڕۆژی دانیشتن ٢٠١٤/١٢/٢٩ ، بەردەوام دەبین لەسەر تەوەری دانیشتنەکەمان کە بریتیە لە گفتوگۆکردن لەسەر ڕەوشی کارەبا لـە هـەرێمی کوردسـتان ، بـە ئامـادەبوونی وەزیـری کارەبـا بـە پێـی خـاڵی دوو لـە برگـەی دووەمـی مـاددەی (٥٤) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ، نوقتەی نیزامی بەهارخان فەرموو.

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دانیشتنەکان ئەبێت (٥٧) کەس ئامادەبێت ، ئێستا وابزانم نیسابی قانونی تەواوناکات ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(٥٦) کـەس ئامادەبێـت لـە هـۆڵ نیسـابی یاسـایمان هەیـە ، ئێسـتا (٥٦) کـەس لـە هـۆڵی پەرلـەمانن ، بـەڕێز سکرتێری پەرلەمان وتی (٥٧) کەسمان لە هۆڵ هەیە.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف / سکرتێری پەر لەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(٥٨)کەس ئامادەی کۆبوونەوەکە بووە یەکێکی دیکەش هات بووە (٥٩) کەس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ، سوپاس ، بەڕێز کاك سۆران عمر فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیـری کارەبـا و بـەڕێزان لـە وەزارەتـی کارەبـا و بـەڕێز وەزیـری هـەرێم دەکـەم ، مـن چـەند پرسـیارێکم هەیـە ، کۆمـەڵێکی زۆر هەنـدێك بەڵگەشـم لایـە ئەگـەر بـەڕێز وەزیـر پێویسـتی بـوو دەیـدەمێ دەمـەوێ نەتیجەکـەی بـزانم ، لـەماوەکانی ڕابـردوودا کۆمـەڵێك مۆڵەتـی حکـومی کـە مـۆڵەتی وەزارەت بوون دراوە بە هەندێك بارەگای حیزبی و ئۆرگانی حیزبی و هەنـدێك شـوێنی حیزبـی ، ئایـا ئـەو مۆڵیدانە وەرگیراونەتـەوە؟ ئەگـەر ئاگاشـی لێـی نییـە مـن ئـەوەی لامـە دەیخەمـە بەردەسـتی بـەڕێزیان لـە ماوەی ئایندە ، سەبارەت بە چەند جێگایەك کە لـە دەوروبـەری هـەولێریش بـوونی هەیـە ، لـە ناوچـەکانی تریش بوونی هەیە سەعاتی کارەباییان نییە واتە بەشێوەیەکی فول بە بێ حیسابات کارەبایـان بـۆ دەڕوات ،

ئایا چارەسەری ئەو شوێنانە چییە کە بە بێ سەعات تا ئێستا کارەبا بەکاردێنن؟ حاڵەتێك تا ئێستا هەیە دیارە کارمەندانی کارەبا مەترسی لەسەر ژیانیان هەیە و جێگای ڕێز و تەقدیرن ، بەڵام هێشتا لە هەندێك شوێن مەسەلەی سیانە کە دەچن بە دوای ، تیمەکانی سیانە دەچن پارەوەردەگیرێ ئایا ئەمە شتێکی قانونییە ، ڕێپێدراوە یاخود دەچێتە بوارێکی نایاساییەوە؟ هیوادارم ئەگەر نایاساییە لە هەندێك شوێن ئەگەر ماوە بن بڕ بکرێ ، خەڵکی کوردستان ڕەنگە ئەمڕۆش یەك وەڵامی بوێ ساڵ بۆ ساڵ ، وەرز بۆ وەرز ، کابینە بۆ کابینە بەڵێن دراوە کە ئەگەر ئەمساڵ ئەم کارەبایە چاك نەبۆوە ئەم حکومەتە متمانەی لێیبسەنن‌ەوە ، شایەنی متمانە نییە وە ئیلا ئاخیری ، بەڵێنی زۆر دراوە ، بەڵام خەڵك بێ متمانە بووە بە هەموو ئەو بەڵێنانە ، بەڕێز وەزیری ئێستا لەم کابینە نوێیە چ بەڵێنێکی تری هەیە بە فیعلی خەڵك متمانەی پێبکا کە سەرما زیاد دەکات کارەبا کەم نەکات ، گەرما زیاد دەکات کارەبا کەم نەکات ، ئەگەر گەرماو سەرما نەبێت کارەبا تەبیعی بێ ئەوە بەڕاستی پێی ناوترێ حاڵەتێکی تەبیعی ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، خاتوو حەیات مجید فەرموو.

**بەڕێز حیات مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و وەفدی یاوەری دەکەم ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کۆمەڵێك خاڵم هەیە بە تەسەسول باسی دەکەم زۆر بەکورتی ، چونکە زۆربەی برادەران پێشتر باسی ئەو خاڵانەیان کرد ، ئەوانەی من هەندێ جیاوازە ، بەڵام هەوڵدەدەم لە وەختی خۆیدا تەواوی بکەم ، خاڵی یەکەم بە نیسبەت کۆمەڵگە نوێیەکان کە دروست دەکرێن لەسەرەتاوە سەعاتی کارەبایان بۆ دانانرێت و کارەبایەکی زۆری حکومی بە فیڕۆ دەڕوات ، بۆچی ئەو کۆمەڵگایانە سەعاتی کارەبایان بە پێی پێوەری زیرەك بۆ دانانێن لە سەرەتاوە ، دوایی ناوچەکانیان جارێکی تر هەڵ ئەدەنەوە بۆیان دادەنێن کە ئەمەش کولفەیەکی زیاتر ئەکەوێت لەسەر وەزارەتی کارەبا ، خاڵی دووەم دانیشتوانی ناوچە هەژار نشینەکان گازاندەی ئەوە دەکەن کارەبای حکومیان کەمە و نیگەرانی ئەوەن کە کارەبای تۆڕی کۆمەڵایەتی گشتی ناوچە دەوڵەمەندەکان زیاتر دەدرێتە ئەوان ، ئەگەر بەڕێزیان ڕوونکردنەوەیەکیان هەبێ لەم بارەیەوە ، خاڵی سێیەم ژمارەیەکی زۆر لە دامو دەزگاکانی حکومەت ساڵانێکی زۆر قەرزاری کارەبان ، هەروەها ژمارەیەك شوێنی بازرگانی و هاووڵاتیانیش بە هەمان شێوە کە هیچ پەیوەندی بە قەیرانی دارایی ئێستاوە نییە ، بەڵکو کەڵەکە بووی ساڵانی پێشووە ، تکایە پێمان بڵێن کەی کۆتایی بەم قەرزانە ئەهێنن؟ خاڵی چوارەم بۆ چارەسەرکردنی زیادەڕۆی کارەبا بڕیار بوو پێوەری زیرەك کە پێی ئەڵێن (smart measure) بەکاربێنن ، بەڵام پرۆژەکە زۆر بە خاوی کاری تێدائەکرێت جێبەجێ ناکرێ وەکو پێویست کە لە ئێستادا هەندێك گەرەکی شاری هەولێر ئەو پرۆژەی تێدا تەواو بووە بەڵام لە هەندێك شوێنەکانی تر ماوە کە قەرار بوو لە سەرتاسەری کوردستان لە مودەیەکی کەمدا تەواوبێ ، بەڵام دیارە تا ئێستا هەر لە ژێر کاردایە و تەواو

نەبووە ئەگەر کەمێك دەست و برد لەو ئیشە بکەن خراپ نابێ ، خاڵی پێنجەم نەبوونی موەلیدە لە دەرەوەی هەندێ ناحییە ، واتا گوندەکانی لە چوار دەوری ناحیەکە هەیە ، بەلاّم لە گوندەکانی چوار دەوری ناحیەکە زۆربەیان لە موەلیدە بێبەشن بۆ نموونە ناحیەی زاوێتە سەر بە پارێزگای دهۆك ، کە چەندین لادێ لەو ناوچانە بێبەشن لە کارەبای ئەهلی وەکو (سندوری و بادێ) ، هەروەها ناحیەی مانگێش بەهەمان شێوە لەو ناحیەیەدا هەیە ، بەلاّم لە گوندەکان نییە بۆ نموونە گوندی ( موجلەمەخت و بەندا و ڕۆژکێ و زێوکێ) ، هەروەها ناحیەی سەرسەنگ و ناحیەی چەمانکێ بەهەمان شێوەی ناحیەکانی دی لە ناو سەنتەری ناحیەکە هەیە ، بەلاّم لە دەوروبەرەکەی لەناو لادێکاندا کارەبا نییە ، خاڵی ئەخیرم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان وەکو لە ڕاپۆرتەکەی وەزیری کارەبادا هاتبوو ، لە خاڵی شەشەمی پلانەکەیدا باس لە گرنگیدان بە بواری وزە نوێ بووەکان بەتایبەتی هایدرۆ و باو و تیشکی خۆر ئەکا ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە ڕێگای بەڕێزتانەوە ئەپرسم ئایا هیچ میکانزمێکیان هەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانە کە پلانێکی زۆر گرینگەو ژینگەی کوردستانیش زۆر لە بارە بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانە ، چونکە دەوڵەمەندین بە خۆر و با لەگەڵ ئەوەشدا کولفەیەکی کەمی تێدەچێت و ژینگەی کوردستانیش پیس ناکات ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك ئیدریس علی فەرموو.

**بەڕێز ادریس علی اسلام:**

**ب ناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستپێکی بخێرهاتنا وەزیرێ کارەبایێ و شاندا دگەل دکەم ، چەند خاڵێك منێت هەینی ئێکێ زۆربەی هاووڵاتیا گلە و گازندا دکەن ژ گرانیا بەهایێ کارەبایێ ، هەروەسا ژ گازندەیەکا دی هەی کو فەرقەك یان جیاوازیەك هەی ل ناڤ بەینا فاتورا کو هەیڤانە دێت ل ناڤ بەینا هاووڵاتیدا دەبینی هەندەکا کێمە ، هەندەکا زێدەیە نەخازم ل دەمێ زڤستانێدا یان هەیڤا زڤستانێدا دنیا سار هەر کەسەك زانیت هیتەر و سپلیت دێننە کارئینانەدن دەبینی هەندەك ماڵ بەهای وان یان ئەم بێژم فاتورا وان بەهایەکی گەلەك کێم دێت ئەم حەستکەم وەکو وەزارەتا کارەبا لسەر وێ چەندێ ڕاوەستیت ، دوو" پێشنیار دکەم ، ڕەنگە ئەڤ پێشنیارا دوو وێ خالاّ میا دوو وێ چارەسەریا خالاّ ئەوەلی تێدا هەبیت پێشنیار دکەم کو وەزارەتا کارەبا بخۆ ڕابیت ب دابینکرنا عەداد یان بێژم میزانیا یان پیڤەرا ئەو وەزارەت ڕابیت هەندەکا دابین بکات بۆ هەر ماڵەك یان بۆ هەر جهەکێ کو کارەبا بکارئینت نەهێلیت پیڤیا کۆمپانیا یان ژ جهەتێ تیجاری ڤە دبینی ، جارەکی کۆمپانیا دئینیت ڤان پیڤەرا ، ڤان میزانا عەدادا وەجبا عەولیا باشە ، وەجبا دوو وێ دبینی یا خراپە ، نە باشە ، دبێتە جهێ هەندێ فەرقی جیاوازی بکەڤیتە ناڤ بەینا بەهایێ یان فاتورا پارەیدا ، یا سێیێ کێماسی فەرمانبەرێت کارەبێ ڤەزا زاخۆ بۆ زانین کو (٣٩٠) فەرمانبەرێت هەین (١٤٠) ژ

وان ێت گرێبەستن ، ئەدنا ئەم بێژن بڕیارەکا ژ لای حکومەتێڤە کو پێڤەژاندنا ڤان گرێبەستا (١٤٠) فەرمانبەر کو یت گرێبەست دەچنە مالێ دبێتە جهێ کارەساتەکا مەزن بۆ دائیرا کارەبا ل زاخۆ ، بۆ زانین ژ زاخۆ وەکی دەڤەرا زاخۆ گەلەکیا مەزنا نیزیکی (٢٠٠)کم بخۆڤە گرێدەدات هەر ل پیشخابوور هەتا دگاتە کانی ماسی ئەڤە هەمی پێویستی بکارەبایە چش عامودە بگری ، چش محاویلە بگری ، چش تێلۆکی پلاڤ بگری ، کێماسیەکا مەزنیا هەیت ل کێبلێدا و ل محاویلادا و ل عامودا و وەکی هاتی گۆتن و مە پێزانی ژ چ تشتێ ئیحتیات گۆت مەخزەن و عەمبارێ مەدا ژ نینە جارەکێ ئەگەر خودێ نە کری پێویست بی بۆ محاویلەك یان کێبلێ و عەمودەکی کەماسیەکا مەزن هەی ، نەخازم ڤێ دووماهیا ئاوارە هەندی خەلکی زاخۆ کو نیزیکی (٢٠٠٠٠٠)هەزارا ئاوارە هاتن ژ بێ جهێ چێکرنا ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز دکتۆر فرست صۆفی فەرموو.

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی کێشەکان هاوبەشن ، بەشی زۆری ئەوەی کە پێویست بوو گوتمان بیڵێین باس کرا ، بەڵام ئەوەی وەکو خاڵی یەکەم دەمەوێ باسی بکەم سەبارەت بە ئەو کارمەندانەیە کە مەترسیدارترین کار لە کوردستان دەتوانم بڵێم کاری ئەوانە کە مامەڵە کردنە لەگەڵ کارەبا ، ئەوەی من زانیاریم هەبێ بڕیار وابوو کە ئەوانە وەکو شەهید مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ ، پرسیارم کرد تا ئێستا ئەمە تەواو نەبووە ، بڕیار وابوو هەریەکە (٥٠٠٠) هەزار دۆلاریان پێبدرێت ئەو شەهیدانە ، هەندێکیان وەریان گرتووە ، هەندێکیان وەریانەگرتووە ، هیوادارم بەڕاستی ڕێز لە ئەو پیشە پڕ مەترسیەی کە ئەوان ڕووبەڕووی دەبنەوە بنرێت ، کەس و کارەکەیان بە سەر بەرزی بژین نەك بە مووچەی تەقاعودی کە پێموایە ناتوانن پێی بەڕێوە بچن ، خاڵی دووەمیان ئەوەی من زانیاریم هەبێ بەتایبەتی لە دەڤەری سۆران و چۆمان و مێرگەسۆر و ئەمانە بەشی زۆری ئەو بینایانەی کە دەوائیری کارەبای تێدایە بینای کرێن کە ئەوەش بابڵێین ئیلتزامێکی زۆر لەسەر حکومەت دروست دەکات ، ئەوەی تریان سەبارەت بە کاتژمێرەکانی کارەبایە یەعنی بە پێی ئەوەی ئەو خشتەیەی کە من وەرمگرت دەبوایە تەنها هەشت کاتژمێر کارەبا نەبێت کارەبای نیشتمانی وەکو ئەوەی پێیدەڵێین ، بەڵام ئێستا (١١)سەعات هەندێ جار (١٢)سەعات کارەبا نابێت هۆکارەکەشی وەکو ئەوان باسی دەکەن ئەوەیە کە مەسدەری تەمویل بەتایبەتی لەدەڤەری سۆران دوورە لە هەولێر ، دووەمیان بۆ نموونە لە چۆمان بە یەك لاین دەڕوات کە دەبوایە دوو بێت ، بۆیە ئەگەر بیر لەوە دەکرێتەوە کە مەحەتەی تەولید دابنرێت حەقە لە سۆران دابنرێت نەك لە شوێنێکی تر ، بۆ ئەوەی ئەو کارەبایە ، چونکە باس دەکەن لە جیاتی ئەوەی کە کارەبایەکە (٢٢٠)ڤۆلتیە بی دادەبەزیت بۆ (١٢٠)ڤۆلتیە لە ماڵان ، بۆیە ئێستاش بەڕاستی موەلیدەکان بە کەیفی خۆیان کارەبا دەدەن ، نادەن یەعنی هەر موەلیدەیەك بە شێوەیەك مامەڵە دەکات وای لێهاتووە جیاوازی هەبێت لە دەڤەرێك بۆ دەڤەرێکی تر ، لە شوێنێك بۆ

شوێنێكی تر له كارەبا ، ئەوەی من زانیاریم هەبێت تا ئێستا موشكیلەی كارەبای تەجاوزە ، خەڵكی خاوەن نفوز هێشتان ماوە ، له مێژە وەزارەتی كارەبا خەریكه ئەو كێشەیه بەردەوام یەعنی تا كەی ئەوە بەو شێوەیه دەمێنێتەوە؟ بەهەمان شێوە هاورێكانم باسیان كرد ئەو شارانەی نیشتەجێبوون لە نێوان موستەسمیر و له نێوان حكومەت یەعنی بەراستی سەودا سەر بوونە ، یەعنی حكومەت دەڵێ خەتای موستەسمیرە ، موستەسمیر دەڵێ خەتای حكومەتە ئێستا بەشێكی ئەو شارانەی نیشتەجێبوون تا ئێستا یەعنی كارەبایان نییه ، كێشەی كارەبایان هەیه ، وەكو هاورێشم باسیكرد له سۆران و چۆمانیش بەهەمان شێوە مەخزەنی كێبڵ و ئەوانە هیچی لێ نییه یەعنی ئەگەر پێداویستیەكی كەمیان هەبێت بەتاڵن مەخزەنەكان به تایبەتی له چۆمان ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز كاك باپیر كامەلا فەرموو.

**بەڕێز باپیر كامەلا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیر و وەفدی یاوەری دەكەم ، له رێگەی ئێوەوە چەند سەرنج و تێبینیەكم هەیه لەسەر كارەبا ، دەمەوێ لە رێگەی ئێوە بیخەمە روو ، چەند پرسیارێكه ، یەكەم "كارەبا چ پلان و بەرنامەیەكیان هەیه بۆ ئەوەی چارەسەری كۆتایی بێت ، هەموو ئەو كابینەیه یان ئەو وەزارەتە حەواڵەی نەكا بۆ وەزارەتێكی تر ، دوو" ئایا پێداچوونەوە به گرێبەستەكاندا دەكرێت؟ ئایا بەرنامە نییە كارەبای ئەو باغ و شوێنانەی كە هیچ سوودی لێنابینرێ و رێژەیەكی زۆری كارەبا بۆیان دەچێت بەنا یاسایی ئاو و كارەبایان بۆ راكێشراوە بیبرن بۆ ئەوەی هاووڵاتیان سوودمەندبن لێی ، چونكه لە حەفتەی جارێك یان مانگێ جارەك دەچن بەتایبەتی زستانان كەمتر دەچن ، نرخی كارەبا كاك ئیدریس باسی كرد من نامەوێ بچمەوە سەری له ماڵێك بۆ ماڵێك ، له گەرەكێك بۆ گەرەكێك گلەیی و گازاندەی زۆر هەیە لەسەر ئەوە ، هەتا زۆرجاران دەڵێن ئەو فەرمانبەرەی دەگەرێت بە عەقڵی خۆی بۆخۆی دەینووسێت كە دەبینێت ئەجهیزەی كارەبای زۆرە دەینووسێت شەرت نییە ئیشیشت پێنەكردبێ هەر وایە ، ناكرێت كۆمپانیا لە دەستی ئەهلی دەربهێنرێت و بخرێتە دەستی حكومەت ، كاك فرسەت من نامەوێ دووبارەی بكەمەوە ئەویش باسی مەترسییەكانی سەر كارمەندانی كارەبا و ئەو پێشنیارەی ئەو كە بچمەوە سەری ، ئەوەی كۆمەڵگاكانیش بە هەمان شێوە گلەیی و گازاندەیەكی زۆر هەیە لە نێوانی حكومەت و وەبەرهێنەران كێشەی زۆریان هەیه كارەبای پێویستیان نییه و گرفتی زۆریان هەیه ئەوە تا چەند وەزارەتی كارەبا تا چ رادەیەك به ئاگایەو ، چ بەرنامەیەكی هەیه بۆ چارەسەری ئەو كێشەیه؟ ئایا ئیجباری بە وەبەرهێنەران دەكەن كه بتوانن كارەبا بگەیەنرێ؟ یان خۆیان بەرنامەیەكی تریان هەیه ، ئەو پێداچوونەوە دەكرێت لە نێوانی ئەو ئیجازەی وەبەرهێنانی دەرهێناوە بەدواداچوونی بۆ بكرێت و بۆ ئەوەی كارەبا بگاتە ئەو كۆمەڵگایانەش ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بەڕێز شوان قەڵادزەیی فەرموو.

**بەڕێز عمر مصطفى باوەمیر (د.شوان قەڵادزەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری کارەبا و شاندی یاوەری دەکەین ، دەمەوێ ئەوە بپرسم یەعنی فەلسەفەی هاتنی ئەو وەزیرانە بۆ ناو هۆڵی پەرلەمان دەبێت لە چی دابێت ، کە هیچ لە موعاناتی کۆمەڵگەو هاوڵاتیان ناگۆڕێت ، ئەوە چەندین وەزیر بانگ کران ، بەڵام دۆخەکە هەر وەك خۆی دەمێنێتەوەو هیچی تر ، ئەم پرسیارانەم هەیە لە سەدا چەند لەو شەش پاکێجەی پێشکەشکراوە لە بەرنامەی حکومەتدا جێی کراوەتەوە لە سێکتەری کارەبا چاکسازی تێدا کراوە؟ دووەم" کێشەی کارەبا کەی کۆتایی پێدێت؟ وەزیری دارایی و وەزیری کارەبا و بە شێك لە وەزیرەکانی تریش هەر هاوار هاواریانە لە وەزیری سامانە سروشتییەکان ئەڵێن سووتەمەنیمان ناداتێ ، ئەگەر فیعلەن نەوتی کوردستان دەگاتە ئەمریکا و ئەوروپا و لێرە سووتەمەنی نییە بۆ وێستگەکان ئەوە کارەساتێکی زۆر گەورەیە ، لەبەر ئەوە پێویستە یەکلا بکرێتەوە ئەگەر نییە ئەوە کەس تاوانبار نییە ، ئەگەر هەشە بەڕاستی ئەوە خیانەتێکی نیشتمانییە کە لە کوردستاندا وێستگەی خورمەلەو کوێ ، کوێی تر لە ئەنجامی بێ غازی کارنەکات ، خاڵێکی تر ئێمە هەموو باس لە ژینگە دەکەین دووکەڵی مولیدە ئەهلییەکان بۆتە شەڕێکی ماڵوێرانکەر بەسەر خەڵکدا ، بۆتە مایەی پەیدابوونی نەخۆشی ئەمە کەی کۆتایی پێدێت؟، بۆ نموونە باس لە ژینگە دەکەین وێستگەی دهۆك کە بە غاز ئیشێ دەکات ئێستا دیزڵی پێ لێدەدەن  کە ئەمە هۆیەکە لە هۆیەکانی پیسبوونی ژینگەی شاری دهۆکی دەلال ، بە هەمان شێوە وێستگەی خورمالەی کە بە غاز ئیشدەکات ڕۆژانە (٦٠٠) مێگەوات کارەبا بەرهەمدێنێت ، بەڵام بۆچی غازی بۆ دابین ناکرێت؟ لە دنیا هەیە وڵاتێك نەوتا بنێرێتە وڵاتانی دەرەوە ، بەڵام پێداویستی هاووڵاتیانی خۆی جێبەجێ نەکات ، خاڵێکی تر ئایا وەزارەتی کارەبا ئەو بودجەی کە ئێستا ناوە ناوە دێت لە بەغداوە بەشی وەزارەتی کارەبای تێدا دیاری کراوە بۆ بەگەڕخستنەوەی ئەو وێستگانەی کە ئێستا لە کار کەوتوون و ئیش ناکەن ، بۆچی هەوڵنادەن لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بەنداو دروست بکەن؟  بۆ نموونە لەسەر سەرچاوەی ئاوی زەڵم یان لەسەر رووباری هەڵشۆ یان لەسەر رووباری سەنگەسەر یان لە شوێنەکانی تر بۆ ئەوەی هەم ببێتە مایەی گلدانەوەی ئاو ، هەم بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا وەکو چۆن لە دەربەندیخان بەرهەمهێنراوە ، دانی ئەو قەرزەی کە بە قیست لە قەرزدارەکانی کارەبا وەردەگیرێتەوە زۆر ڕۆتینی تێدایە پێویستە ئەوە ئاسانکاری تێدا بکرێت چونکە هاووڵاتی زۆر ماندوو دەکرێت بە هاتوچۆ و ئەوانەوە ، هاوتاکردنی دەرماڵەی مەترسیداری کارمەندانی کارەبای کوردستان بۆچی هاوتا ناکرێت لەگەڵ ئەوانەی بەغدا ، بۆچی ئێمە دەبێ ئێمە هەر لە خزمەتی هاووڵاتیان و فەرمانبەرانی خۆماندا ئێمە پاشکۆی بەغدا بین؟ چارەسەری ئەو هەموو دزیەی کە لە کارەبا دەکرێت لە لایەن بەپرسانەوە ، لە لایەن خەڵکەوە ، لەلایەن خەڵکێکی زۆر

زۆرەوە ، بەلاّم ئەم دزیە هەر بەردەوامەو ڕۆژانە دەوترێتەوە و هیچ چارەسەریەکی بۆ دیاری ناکرێت ، دووبارە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز مەلا هەورامان فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف (هەورامان گەچێنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس ، من قسەکانم کرا.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، خاتوو بێگەرد تالّەبانی فەرموو.

**بەڕێز بێگەرد دلّشاد تالّەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیرەکان و شاندی یاوەریان دەکەم ، دیارە مەسەلەی دابین کردنی پارە و گاز بۆ دروستکردنی کارەبا لە هەرێمی کوردستاندا ئەو قەیرانە بەردەوامەیە کە چەندین سالّە لە هەرێمی کوردستان ، خەلّکی کوردستان پێوەی دەنالّێنن هەمیشە وەزارەتەکان نەك وەزیر ، هەموو وەزیرەکان یەك لە دوای یەك لە وەزارەتی کارەبادا دووچاری ئەو گرفت و کێشەیە بوونەتەوە سالاّنە ، چ لە هاویندا بەهۆی بەکارهێنانی زۆری تەزووی کارەبا ، چ لە زستاندا دووبارە بەهەمان شێوە ، من پێموایە ئێمە لە هەرێمی کوردستان تاوەکو وەزارەتی کارەباو حکومەتی هەرێمی کوردستان بیر لە چارەسەرێکی بنەڕەتی نەکاتەوە ئێمە سالاّنە دووچاری ئەو کێشەیە دەبینەوە ، چونکە ئەم قەیرانەی ئەم سالّ لە هەرێمی کوردستاندا هاتە پێشەوە چ لە قەیرانی دارایی لە هەرێمی کورستاندا ، لە دوای ئەویشدا کۆمەلّێك قەیرانی گەورەتری بەدوای خۆیدا هێنا لە سێکتەرە جیاوازەکانی سیستەمی حکومڕانی هەرێمی کوردستاندا کە وەزارەتی کارەباش یەکێکە لەوانە تەئسیراتی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی خەلّك کردووە ، بۆیە ئەگەر ئێمە سەیرێکی ولاّتانی دراوسێ بکەین لەدەورو پشتی خۆمان ئەوە ولاّتی ئێران و ولاّتی تورکیا ، دوو ولاّتن کە دەتوانن بە زۆرترین ڕێژە سوود لە وزەی خۆر ببینن بۆ دابینکردنی کارەبا ، من لەسەردانێکمدا بۆ ولاّتی تورکیا بە چاوی خۆم ئەوەم بینی لەسەر هەموو خانووی مالّەکان وزەی خۆر بەکارهاتبوو لە دابینکردنی وزەی کارەبا لە مالّەکاندا ، من پێشموایە هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو شوێنانەی کە زۆرترین وزەی خۆر دەتوانرێ سوودی لێ ببینرێ ، چونکە کەش و هەوای هەرێمی کوردستان لە ئاستێکدایە کە دەتوانم بلّێم بە بەردەوامی تەنانەت لە زستانەکانیشماندا بە بەردەوامی ئەم وزەیە تیشکی خۆر لەدەرەوەیە دەتوانرێ سوودی لێ ببینرێ ، بۆیە پێویستە وەزارەتی کارەبا بیر لە چارەسەری بنەڕەتی بکاتەوە نەك ئەو چارەسەرانەی کە ئێمە هەر وێستگە دروست بکەین و پێویستمان بە داهاتی بە پارە و بە گاز و ئەوانە بێ کە من پێموایە ئەمانە نابن بە هۆکاری بنەبڕکردنی قەیرانی کارەبا لە هەرێمی کوردستاندا ، نامەوێ

قسەی هەڤاڵەکانم دووبارە بکەمەوە پشتیوانی لە قسەکانی دکتۆرە ڕێواز و کاك شوان دەکەم لەسەر کەمکردنەوەی نرخی کارەبا ، لەسەر بابەتی ئەو هاووڵاتیانەی کە بە هۆکاری کارەبا گیان لەدەست دەدەن ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز مامۆستا انس محمد فەرموو.

**بەڕێز انس محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقیقەتیا مـن نـە گلـەیی و گازنـدەی ئـان نەقـدەکا ، بـەس تشـتەك پـتر ل صالحێ کاریدایـە ، کـاری ڤـێ وەزارەتێدا کو سالا (٢٠١١-٢٠١٢) بڕیارەك ژ پەرلەمانی کوردستانێ دەرکەت بوو ، گەلەك سوود و مەفا ژ هاتە دیتن بۆ نموونە لە دهۆکێ ، ل پارێزگەها دهۆکێ ڕێبەڤەریا گشتیا کارەبێ ئەو باجە و ئـەو داهـاتێ داخیلـی یێ کارەبا بکاردهینا بۆ نەفسی مەشاریعێت ئەڤێ دائیرە ل وی جهێ ، گەلەگ گرفت و ئاریشایا مەنتیقە پـێ حەل ببوون ، گەلەك پێش چاڤ و دیاربوون کارێ ئـەڤێ ڕێڤـە بـەریێ ، بـەس ئـەو بڕیـار تـەنها بـۆ مـاوەکی موئەقەت بوو پشتی هنگێ ئەو ماوە نەمایە ئەگەر وەزارەت پێویست بیتن جارەکا دی دووبـارە وێ بڕیـارێ تـەفعیل بکـاتن بنێرتـە پەرلـەمانێ کوردسـتانێ یـان ژی ئەگـەر دەڤ خـۆ بشـێن تـەفعیل بکـەن ئـەز دبیـنم سودەکا باش تێدا ئەو پارەی کارەبا تێتە وەرگرتن هەر ل وی جهێ مەشاریع پێ بێنە کرن دێ پتر ل صالحێ هاووڵاتی دبیت ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، خاتوو نەجیبە لەتیف فەرموو.

**بەڕێز نجیبە لطیف احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـەخێرهاتنی وەزیرەکـان و شـاندی یاوەریـان دەکـەم ، مـن شـەش پرسـیارم هـەبوو ، بـەڵام لەلایـەن هـاوڕێ بەڕێزەکانمەوە کران تـەنها دوو خـاڵ بـاس دەکـەم ، یـەکێك دەربـارەی بـەکارهێنان یـان زیـادەڕۆی کـردن لـە بەکارهێنانی کارەبا کـە وەکـو باسـکرا لەلایـەن ئاسـتە باڵاکانـەوە بەڕاسـتی لەلایـەن کەسـانی بەپرسـەوە کـە ئەکرێ ئەمە وای کردووە هاووڵاتیانیش جۆرێك بێمنەتبن لە حکومەت ، یاخود گرنگی نەدەن بە زیادەڕۆی کردن بۆیە پێویستە ئەمە لە ئاستی باڵا ئیشی لەسـەر بکـرێ ، گرنگـی بـەوە بـدرێ ، خـاڵێکی تـر هۆشـیاری لەناو هاووڵاتیان بڵاوبکرێتەوە بەڕاستی بەتایبەتی لەلایـەن بەشـی ڕاگەیانـدنی وەزارەتـەوە وەکـو چـۆن بـۆ زۆر بابەتی تەندروستی یانی زۆر کار لەسەر ئەوە ئەکرێ بڵاوکراوە ، یاخود لە ڕاگەیاندنەکانەوە ، پێویست

دەكات وەزارەت بەوجۆرە ئیش لەسەر ئەوەش بكات ، بۆیە من پرسیار دەكەم كە ئایا چیان كردووە بۆ ئەوەی كە بتوانن لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە هۆشیاری زیاتر بدەن بە هاووڵاتیان؟ تا لە بەكارهێنانی زیادەی كارەبا دەست بگرنەوە وە هەوڵبدەن ئەو زیادە بەكارهێنانە كەمبكەنەوە ، خاڵێكی تر دەربارەی مۆەلیدەكان ، مۆەلیدە ئەهلییەكان كە وەكو باسكرا بەڕاستی هەم سیمای شارەكانیان ناشیرین كردووە ، هەم لە ڕووی ژینگەییەوە زەرەری زۆریان هەیە ، بۆیە من وەكو پێشنیار ئەگەر بكرێ ژمارەیەك لەو مۆەلیدانە پێكەوە یاخود لەڕێی كەرتی تایبەتەوە ، لە ڕێی سەرمایەدارەكانەوە یاخود لە ڕێگای خاوەن مۆەلیدەكان بتوانرێ بە چەند مۆەلیدەیەك مەحەتەیەك دروست بكرێ ببرێتە دەرەوەی شار هەرخۆیان سەرپەرشتی بكەن ، بەلاّم لەدەرەوەی شار بێ و بتوانرێ ژینگەی شارەكان بپارێزرێ لە ڕووی ژینگەییەوە ، لە ڕووی سیمای شارەكانیشەوە ، تەنها ئەو دوو خاڵەم هەبوو خاڵەكانی ترم باسكران ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز عبداللە حاجی محمود فەرموو.

**بەڕێز  عبداللە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی جەنابی وەزیرە بەڕێزەكان و  و ستافی وەزارەتی كارەبا دەكەین ، دیارە لە كوژانەوەی گشتی (shut  down) سیستەمی كارەبا ، بڕۆژەی ئاو ، نەخۆشخانە زەرەری قورسیان بەردەكەوێت جگە لە كاریگەریەكانی لەسەر تەمەنی ئامێرەكان ، پرسیاری یەكەم" هەتا ساڵی (١٩٩٩) كوژانەوەی گشتی كارەبا زۆر ڕوویدەدا ، بەلاّم لە كابینەی شەشەم و حەوتەم ئەم گرفتە بە تەواوی چارەسەركرا ، لەگەڵ دەست بەكاربوونەوەی كابینەی نوێ دیسان ئەو گرفتە پەیدابۆوە چەند جارێك كوژانەوەی گشتی كارەبا ڕوویدا ئەی دەتوانرێت چارەسەر بكرێ؟ پرسیاری دووەم" حەوت جار كوژانەوەی گشتی ڕوویداوە ، هەرچەندە بە پێی ڕۆژ چوار جار تۆماركراوە زیانەكانی لەسەر حكومەت سێ تا چوار ملیۆن دۆلارە ئایا كێ بەرپرسیارە لەم كارە؟ پرسیاری سێهەم" بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پار چوار بۆ پێنج سەعات كارەبا كەمبۆتەوە هۆكاری چییە؟ پرسیاری چوارەم" لە كابینەی پێشوو وەزارەتی كارەبا پڕۆژەی پێوەری زیرەكی گەیاندە قۆناغی ئیحالەكردن ، بەلاّم جێبەجێ نەكرا ، پڕۆژەی پێوەری زیرەك تاكەی ئەم پڕۆژەیە دادەنرێ بۆ چارەسەركردنی بنەڕەتی كێشەی كارەبا و پڕۆژەكە گەیشتۆتە كوێ؟ خاڵی پێنجەم" پڕۆژەی سكادا كە گرنگە بۆ وەزارەتی كارەبا تایبەت بە كۆنتڕۆڵكردنی سیستەمی كارەبا ، ئایا ئەم قەیرانی داراییە كاریگەری هەبووە لەسەر ئەم پڕۆژەیە یان نا؟ خاڵی شەشەم" ئایا بە پێی پلانی وەزارەت كێشەی كەمی كارەبا كەی كۆتایی دێت؟ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز مەلا مەڕوان فەرموو.

**بەڕێز حسین اسماعیل حسین (مەڕوان گەلاڵی):**

**بسم الله ارحمن الرحيم.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان و شاندی یاوەریان دەکەم ، ئێمە لە فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی زۆر نیگەرانین بەوەی پاش (٢٣) ساڵ حکومڕانی ڕەوشی کارەبا ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپتر دەڕواتن ، خوازیارین بەڕێزان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کاری ئێمە هەر بانگهێشت کردنی وەزیرەکان نەبێتن ، بەڵکو هاوکاری تەواویان بین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان ، ئێمە لە ڕابردوو چەند وەزیرێکمان بانگهێشت کردووە ، بەڵام تا چەند توانیومانە بەشێکی کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکەین؟ بۆیە بەڕێز وەزیری کارەباش کێشەکانی خستەڕوو ، دەبێ ئێمە بڕیاری بۆ بدەین نەك هەر پرسیاری ئاڕاستە بکەین ، چونکە لێرە دەتوانین کار ئاسانی بۆ بکەین ، سێ پرسیار بە کورتی ئاڕاستەی بەڕێزیان دەکەم یەکێکیان پرسیاری هاووڵاتییەکە لە بەڕێزیان دەپرسێتن ، دەپرسێ ئایا ڤێلاکانی دەوروبەری هەولێر فولن و بێ سەعاتن؟ ئایا ڕاستە؟ پرسیارەکانی دیکە بەڕێز وەزیری کارەبا بۆ لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی کار لەسەر ئەوە ناکەن بۆ دووبارە بەکارخستنەوەی پرۆژەی بێخمە کە کارەبای هەرێم دابین دەکاتن ئەگەر وەکو خۆی جێبەجێ بکرێتن لەماستەر پلانەکەدا هاتووە پرسیاری دیکەم" بەڕێزت بەردەوام دەبیت لەسەر کارەکەت کاتێك کە ئەو بەربەستانەی بۆت دروست دەکرێن بەردەوام بن یان دەست لە کار دەکێشیەوە؟ ئاخیر خاڵ وەکو فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی ئەوەیە ئێمە خوازیارین کە ئەوانەی بەهۆی کارکردنیان لە کرێکاری کارەبان وەفات دەکەن حیسابی شەهیدیان بۆ بکرێ ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، خاتوو هیڤا حاجی فەرموو.

**بەڕێز هیڤا حاجی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیری کارەبا و شاندی یاوەرەکەی دەکەم ، تۆڕی کارەبا چەندین ساڵە نەیتوانیوە بە پێی پێویست کارەبای بەرهەمهێنراو بگەیەنیتە هاووڵاتیان ، ئەمەش بە هۆی خراپی تۆڕەکان و بوونی ئۆڤەر لۆتەکی زۆرە ، بە پێی لێدوانەکانی وەزارەت وزەی ونبووی تۆڕەکان لە مەحەتەی کارەبا بۆ ماڵەکان (٣٠٪-٣٣٪)دایە کە سێ یەکی وزەی کارەبا دەکات ، بەڵام ئەم وزەیە لە هەموو جیهاندا بە (٦٪-١٠٪)دا دیاری کراوە ، وەك دەزانین مەسرەفی کارەبا زیاتر لە سێ ملیار دۆلارە واتە نزیکەی یەك ملیار دۆلار بە فیڕۆ دەڕوات ، ئێوە چیتان کردووە بۆ ئەوەی ئەو یەك ملیار دۆلارە بە هەدەر نەڕوات؟ سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، خاتوو تەلار لطیف فەرموو.

**بەڕێز تەلار لطیف محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی زۆر بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان و شاندی یاوەریان ئەکەین ، من هەندێ پرسیارەکانم لەسەر وزەی خۆر و کارگە و پالأوگە و کێشەی سیانە و کەمکردنەوەی پارەی کارەبا و قوربانیانی کارەبایە ، لەگەڵ نەبوونی پلان و هەمەهانگی لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و وەزارەتی دارایی بۆ وەزارەتی کارەبا لەلایەن بەڕێزان دکتۆرە ڕێواز و کاك شوان احمد و کاك ابوبکر هەڵەدنی و بێگەردخانەوە کرا ، دوو پرسیارم ماوە ئەو پرسیارانەشی ئەوەیە پلانتان چییە بۆ گۆڕینی شێوازی وەرگرتنی کارەبا لە هاووڵاتیان؟ شوێنە گشتییەکان بە شێوەیەك کە مانگانە بێت؟ چونکە کۆکردنەوەی ئەو پارەیە لە قەرزەکان بەشێوازێك ئەبێتە بارگرانی لەسەر شانی هاووڵاتیان ، هاووڵاتیان لێی زەرەمەند دەبن نەك بەرپرسان ، چ ئیجرائاتێکی یاسایتان کردووە لە بەرامبەر وەرگرتنەوەی ئەو پارەی قەرزانە؟ کە لەلای خەڵکە یاخود لەلای بەرپرسانە بەتایبەتی کۆمپانیاکانیش ، چونکە ئەتوانن ببێتە هۆی کەمکردنەوە یاخود کارئاسانییەك بۆ ئەو خەرجیانەی کە ئێستا جەنابت لە ڕاپۆرتەکە ئاماژەت پێکرد ، سێیەم پرسیارم پلانتان چییە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو کارەبا زۆرەی لە باخەکان و شوێنە گەشتیارەکانی دەرەوەی شار بەکار ئەهێنرێ؟ کە ئەوانە تەنها سوود لە باخەکانیان وەردەگرن بۆ کاری تەرفیهی خۆیان لە کاتێکدا ئەتوانن موەلیدەی شەخسی خۆیان بەکاربێنن بۆ ئەوە نەك ئەو کارەبایە کە ئەوەش لە کۆتایی بە زەرەر بۆ هاووڵاتیان ئەگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك مەردان خدر فەرموو.

**بەڕێز مەردان خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشیێ خێرهاتنا هەر دوو وەزیران و شاندێ دگەڵ وان دکەم، چەند خاڵەك من هەنە وەکو پرسیار ئاراستەی بەرێز وەزیرێ کارەبێ دکەم، خاڵا ئێکێ ئەوە ساڵانە کو کێشەیا کێمیا کارەبێ ل وەرزێ زڤستانێ دووبارە دبیتەڤە، ئەز دشێم بێژم ماوێ چار (٤)، پێنج (٥) ساڵە ئەڤ کێشەیە دوبارە دبیتەڤە، و رەنگە بۆ وەزارەتا کارەبێ ژی خۆیا ببیت کە ئەگەر یان هۆیێت کێمیا کەهرەبێ ل وەرزێ زڤستانێ چنە؟ بۆچی حەتا نووکە وەزارەتا کەهرەبێ پلانەك نەبوویە بۆ هندێ کو ساڵانە ئەڤ کێشەیە دووبارە نەبیتەوە؟ خاڵا دوویێ ئەوە کو ئەو ناوچێت تازە ل ژێر دەستێ رێکخراوا تیروریستیا داعش هاتینە رزگار کرن هەموو وان ناوچا کێشە، کێشەیا نەبوونا کارەبێ یا هەی، ئایا وەزارەتێ چ پلان هەیە بۆ هندێ کو زویترین دەم کێشەیا

کەهرەبێ ل ڤان ناوچا چارەسەر بکەت؟ خالا سیێ ئەوە کو ئایا پلانا وەزارەتا کارەبێ چییە بۆ هندێ کو پشت ب وەزارەتا سامانێن سروشتی نەبەستیت، ئانکو هەردەم چاڤێ وێ ل وەزارەتا سامانێن سروشتی نەبیت، بەلکو ئیعتیمادێ بکەتە سەرخۆ وەکو وەزارەت بۆ هندێ کو تووشی ڤان ئاریشا نەبیت، ئانکو کێمیا کارەبێ نەبیت کو سالانە رووبەرووی وەزارەتێ دبیتەڤە، خالا ئەخیرێ ئەوە جەنابێ وەزیری بەحسێ ڤەرزێت کرەبێ کری سەر هاووڵاتیان و سەر حکومەتێ، ئەگەر سەر هاووڵاتیان هندەك کەسێن دەست رویشتوو یان هندەك هاووڵاتیێن هەژار هەبن کو نەشێن سەر فەرز کەن کو کرێیا کەهرەبێ بدەن بەس ئایا بۆچی دام و دەزگەهێت حکومەتێ ل سەر فەرز ناکەن کو هەموو خودان نەسریە و خودان داهاتن بۆچی ئەو کرێیا کەهرەبێ نادەن؟ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك حاجی کاروان فەرموو.

**بەڕێز کنعان نجم الدین (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە خێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان ئەکەم، من چەند خاڵێکی کورتم هەیە، یەکەم لە ئەوروپا سیستەمێك هەیە هەر کەسێك ئەگەر پارەی کارەبا نەدات لە کاتی دیاری کراوی خۆی، نیزامێك هەیە پێ دەوترێ نیزامی شوفا، ئەو شوفایە یەعنی ئەو کەسانەن کە ئەچنە لیستی رەشەوە بۆ ماوەیەکی زۆر باش کارەبای پێ نادرێ، جا لە بەر ئەوە ئێستا ئێرە ئەبێ وەزارەتی کارەبا خۆی بە ئەو ئەرکە هەستێ و قائیمەیەك بڵاو بکاتەوە لەوەی کە ئەو کەسانەی بە تەواوەتی یان نایدەن یان مەسەلەن دەست رویشتوون و بە ئەنقەست پارەکە نادەن، چونکە ئەمە بەهەدەر دانی پارەیەکی زۆرە، پرسیارێکی تر ئاراستەی جەنابیان ئەکەم ئەویش ئەوەیە باسی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی کرد ئەگەر لە زەمەنێکدا گاز دراوە بەو وێستگانە بە هەزار و دوصەد (١٢٠٠) کراوە، ئەو کاتەی بە هەزار و دوصەد (١٢٠٠) کراوە ئەو کاتە بەنزین یان نەوت بەرمیلی بە صەد (١٠٠) دۆلار یان مەسەلەن کەمتر بووە، ئێستا نەوت لە عالەم دابەزی و بووە بە شەست (٦٠) دۆلار، باشە ئەو نرخە هەمان نرخە ئەو گازەش لە دەرەوە دێتە دەرەوە زۆربەی، بۆچی یەعنی لە سەر چ ئەساسێك یان بە چ شێوازێك وەزارەتی کارەبا هەمان پارە ئەدات بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، ئەگەر ئێمە گلەییمان لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هەیە هەمان گلەییش لە وەزارەتی کارەبا هەیە کە نابێت رازی بێ، حەقە لێپرسینەوە بکات بۆچی من هەمان پارە بدەم؟ کەوا کاك علی ئاماژەی پێدا لە گەڵ دکتۆر شێرکۆ بە حساباتێکی دەقیق زەرەرێکی زۆر زۆر زۆر ئەکرێ، خاڵێکی تر پێرار بوو من ئاگام لێ بوو دوو شەریکە هەبوو هاتن بۆ کوردستان تەقدیمی کۆمپانیاکیان کرد بۆ سووتاندنی زبڵ کە زبڵ و زارێکی زۆر لەم وڵاتە فڕێ ئەدرێ، حەتا ئەگەر باسی ژینگەش بوو ئەوان فلتەریان هەبوو وتیان بە هیچ شێوەیەك زەرەر لە ژینگە نادرێ و تەولیدی کارەبایەکی زۆری ئەکرێ، من هیوادارم جەنابی وەزیر ئەگەر ئەو شەریکانەی کە هەن خۆی داوایان بکەن بێتە کوردستانەوە ئەو ئیقتیراحە بکرێ، یەك خاڵی تر وەکو

پێشنیارێك من نازانم چەندێ عەمەلیە حەتا ئەم پێوەرە زیرەکەی کە قەرارە بگاتە کوردستان زەحمەتیشە بگات، حەتا ئەو پیوەرە زیرەکە دانرێ بۆ ئەوەی هەموو هاووڵاتیان کارەبایان بکرێ دەبێتە نیزامی ئەمپێر، قەی چی ئەکات با هەر ماڵێك بیست (٢٠) ئەمپێر بوو سی (٣٠) ئەمپێر بدرێتێ، هەر چەند لە رووی تەکنیکییەوە ئەوەیان من نازانم چۆن چارەسەر ئەکرێ، خاڵێکی تر ئەوەیە لەم مەسەلەی شۆت داونە، من لە گەڵ دوو، سێ بەرێزان قسەم کرد لە وەزارەتی کارەبا ئەڵێن بە هەموو وەزارەتی کارەبای یەك نەفەرێکە موختەصە پێیان وەکو ناویشیان هاتووە بزانم مەسیحی یە و خەبیرێکی زۆر گەورەیە و ئێستا لێرە نییە، بۆیە ئەو شۆت داونە دروست بووە، من وەکو پرسیار ئەڵێم ئایا بە مەعنای کەلیمە لە سەر ئاستی وەزارەت یەك خەبیرەك هەیە بتوانێ چارەسەری خەلەلێك بکات کە شۆت داونی پێ دروست ئەبێ؟ یەك پرسیاری تر، وەکو ئیقتیراحێك ئەوەیە، پێشمەرگە کە لە موعاناتێکی زۆردایە، ئەگەر جەنابی بێن ئیقتیراح بکەن وەکو وەزارەتێك ئەگەر پێشمەرگە قەرزارن، قەرزاری وەزارەتی کارەبان کە پێشنیاریشیان کرا لە لایەن ئەندامانی بەرێزەوە کە ئەگەر مەجالی تێدایە لێیان خۆش بن و سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز مامۆستا غریب مصطفی فەرموو.

**بەرێز غریب مصطفی (غریب پێنجوێنی):**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم سەردەمە کە کارەبا ئامرازی ژیانە و وەستانی کارەبا واتە وەستانی ژیان، نۆرە کردنی کارەبا واتە نۆرە کردنی ژیان، ئێستا دۆخی کارەبا وای لێ هاتووە لە کوردستاندا وەکو ساڵەکانی نەوەدەکانی لێ هاتووە، سەلاجەی ماڵان وای لێ هاتووە لە سلێمانی بۆگەند بکات و شتەکان فڕێ بدرێ، ئارام ئارام خەریکە فانوس و دیوارکو و لایتی دەستی بێتەوە بە داخەوە، بە نموونە دوێنێ لەو گەڕەکەی ئێمە تێدا ئەژین لە بیست و چوار (٢٤) کاتژمێر هەڤدە (١٧) کاتژمێر کارەبامان هەیە، جاری وا هەیە حەفتیەك دوو جار ئەمە دوبارە ئەبێتەوە، ئەمشەو پەیوەندیم کرد بە مودیر عامی کارەبای سلێمانییەوە وتی فلیتەرەی ئەو گەرەکەی ئۆڤەر دەکات و وتی هیچ پارەیەکم لە بەر دەستان نییە بۆ تەحسینات و صییانە و وتی مەخزەنەکانمان هیچ مەوادی ئیحیتیادی تێدا نییە، بەرێز وەزیری کارەبا هاووڵاتی کارەبای ئەوێت، جەنابت باسی ئەو گرفت و لەمپەرانەت کرد کە کەوتوونەتە بەردەمی وەزارەتەکەت، هاووڵاتی حەقی ئەوەی نییە داوای کارەبا ئەکات، ئەم شەش (٦) مانگەی وەزارەتەکەی بەرێزت لە گەڵ ئەو هەموو لەمپەر و گرفت و کۆسپانەی کە هاتووتە بەردەمی کاری وەزارەتەکەی جەنابت خراپترین قۆناغی دۆخی کارەبایە لەم دە (١٠)، پانزدە (١٥) ساڵەی رابردوودا، بەرێزتان ئاماژەت بەوە کرد لە راپۆرتەکەدا کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان سووتەمەنیتان ناداتێ، لیژنەی وزەی پەرلەمانیش باسی ئەوەی کرد کە وەزیری سامانە سروشتییەکان بە ئەمانی راگەیاندووە کە وتوویەتی ئێمە سووتەمەنیان بۆ دابین ئەکەین، بەڵام گرفتەکەی لە پلانی وەزارەتی کارەبا خۆیەتی، خۆیان پلانەکانیان خراپ بوویە، ئەم ناروونییە بە راستی پێویستە لیژنەی وزە

و سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان بچێت تەحقیقی تێدا بکات، چونکە ئەمە ناروونیەکە لە بەینی رای هەر دوو وەزارەتەکەیدا، پاشان ئەو دانیشتنەی کە بڕیارە سەرۆکی حکومەت، جەنابت و وەزیری سامانە سروشتییەکان ئەو سێیانە تێدا ئامادە بن، ئەگەر نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك ئەوسا هەڵویستی جەنابت چی ئەبێت؟ دو ا قسەم ئەوەیە ئەگەر وەزارەتی دارایی پارە دابین نەکات بۆ وەزارەتەکەی بەڕێزت داهاتی وەزارەتەکەی بەڕێزت وەکو ئاماژەی پێت کرد بیست و سێ (٢٣) ملیار دینارە، هەژدە (١٨) ملیار ئەدەن بە مووچەی فەرمانبەرانی وەزارەت، پێنج (٥) ملیار ئەمێنێتەوە، دەی ئەم پێنج (٥) ملیارە با نەچێتە وەزارەتی داراییەوە، بۆچی بۆ وەزارەتەکەی خۆت سەرفی ناکەن؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز رابون معروف فەرموو.

**بەڕێز رابون توفیق معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە خێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئێوە هەمووتان لە بیرتانە ساڵانێك پێش ئێستا بەرپرسانی باڵا لە دەسەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان وەعدمان بە خەڵکی کوردستان دا کە لە ماوەیەکی کورتدا چارەسەری کێشەی کارەبا بکرێت لە کوردستان، بەڵام دوای ساڵانێك بە سەر تێپەر بوونی ئەم باردۆخەدا کێشەی کارەبا لە کوردستان ئێستا ماوە و کێشەکان لە جێی خۆیانن، بۆیە بە راستی ئێستا سەردەمی ئەوە هاتووە، کاتی ئەوە هاتووە بە پلانی توکلە راشکاوانە بە خەڵکی کوردستان بڵێین کە پلانەکەمان چین بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کارەبا، بۆیە لەم سیاقەدا زۆر بە کورتی من پرسیارەکانی خۆم کە سێ پرسیارن ئاراستەی بەڕێز وەزیری کارەبا دەکەم، پرسیاری یەکەم ئەوەیە ئایا وەزارەتی کارەبا بە جدی پلانی ستراتیجی دیاری کراو وازیحی هەیە بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کارەبا لە کوردستان؟ ئەگەر پلانەکە هەیە وا باشە پلانەکە بۆ رای گشتی بڵاو بکاتەوە، پرسیاری دووەم ئەوەیە شایەعەیەك هەیە کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هاوکاری وەزارەتی کارەبا ناکات بۆ ئەوەی کە تەگەرە لە بەردەم کارەبادا دروستنە بێ بۆ وەزارەتەکە، من داوا لە بەڕێز وەزیری کارەبا دەکەم زۆر بە راشکاوی لە بەردەم رای گشتی دا قسە لە سەر ئەو شایعە بکات و بۆمان رون بکاتەوە کە ئایا وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە توانای دا نییە سووتەمەنی بۆ وەزارەتەکەی دابین بکات یان مەبەستێکی سیاسی لە پشتەوەیە؟ خاڵی سێیەمیش کاتی خۆی لێرە لە باس کردنی بابەتەکانی پێشمەرگە باسی ئەوەمان کرد کە کرێی کارەبا بە لای کەمەوە بۆ ماوەیەکیش بێت لە بەرا پێشمەرگەکانمان وەرنەگیرێ، ئەو بابەتە چی لێ هات لە وەزارەتی کارەبا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك تحسین فەرموو.

**بەڕێز تحسین اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بە خێرهاتنی بەڕێز وەزیری کارەبا و شاندی یاوەری و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەم، سوپاسی بەڕێز وەزیری کارەبا دەکەم بۆ ئەو راپۆرتەی کە زۆر بە تێر و تەسەلی پێشکەشی کردو، کێشەکانی دەست نیشان کردو، چارەسەریەکانیشی زۆر بە رێك و پێکی دەست نیشان کرد، من لە سەرەتا تەنها ئەو تێبینی یە دەدەم زۆر باس لەوە دەکرێت کە ئەگەر وەزارەتی سامانە سروشتییەکان وای نەکرد یان نەگەیشتنە نەتیجە ئەمە موفاوزات نییە بە رای من هەموویان لە هەوڵدان بۆ چارەسەر کردن، من پێم وایە ئەو کارەبایەی کە لە کوردستان بە کار دەهێنردرێت ناسروشتییە بە کارهێنانی، یەعنی تو چەند کارەبا بەرهەم بێنیت هەر بەش ناکات، چونکە بە نارێکی بە کار دەهێنردرێت، من چەند پێشنیازێکم هەیە پێم باشە بە بەردەوامی لە میدیاکان رێنمایی بدرێتە خەڵك بۆ کەمتر بە کارهێنانی کارەبا یان تەنها ئەوەندە بە کار بهێندرێت کە پێویستە، چونکە زۆر زێدەرۆیی تێدا دەکرێت لە بە کارهێنان، وڵاتی ئێران وڵاتێکی گەورەیە کاتی خۆی گرفتی کارەبای هەبوو، شەریکەیەك پێشنیازێکی بۆ کرد کە لامپا یان گڵۆپێ وای بۆ دروست بکاتن کارەبا کەمتر سەرف بکات، ئێستا نەجاحەتێکی زۆری هێناوە، پێشنیار دەکەم بیرێکی لێ بکەنەوە وەك وەزارەتی کارەبای هەرێم، ئەو کارەبایەی کە بۆ مەزرەعەکان دەچێ برادەران زۆر باسیان کرد منیش پێم باشە ئەگەر هیچ نەبێ لە فەصلی زستان کارەبایان پێ نەدرێت یا خود بیرێکی جدی لێ بکرێتەوە، بە کارهێنانی کارت بۆ کارەبا باشترین هۆیە کە کەمتر کارەبا سەرف کرێتن، چونکە هەر کات کارتی تەواو بوو ناچار دەبێ پڕی بکاتەوە، پارەی تێ بکاتن بۆیە کەمتر بە کاری دێنێ، کەواتە ئیقتصادیەك لە بە کارهێنانی کارەبادا دەکات و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو مریم صمد فەرمووو.

**بەڕێز مریم صمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، بە خێرهاتنی بەڕێز وەزیری کارەبا و وەفدی یاوەری دەکەم و دەستخۆشیەکی گەرم دەکەم لە راپۆرتەکەی و ئەو بەرنامە و پلانەی کە دای هێناوە بۆ کابینەی هەشت و هەروەها لە سەر کەم و کوڕییەکان کە ئاماژەی پێداوە، دیارە وەك هەڤاڵانم ئاماژەیان پێکرد لە هەرێمی کوردستان کێشەی کارەبا زۆرە هەم لە رووی ئیداری و هەم لە رووی هونەرییەوە، لەو کێشە کەم و کوڕییانە کە بەشێکی زۆری لە ناوچەکاندا هەیە، من دەمەوێ لە رێگای بەڕێزتانەوە چەند پرسیارێك ئاراستەی وەزیری کارەبا بکەم، لە دەڤەرەکەی خۆمەوە دەست پێ دەکەم کە دەڤەری راپەڕینە کە سنووری پشتدەر و بتوێن دەگرێتەوە، ئەو سنوورە دانیشتووەکانی زیاتر لە چوارصەد (٤٠٠) هەزار کەسە، سنوورێکی فراوانە زیاتر لە سێ صەد (٣٠٠) گوندی بەسەرەوەیە، بەڵام بەداخەوە لە دەڤەرەکە تا وەکو ئێستا سەرچاوەی بەرهەم هێنانی کارەبای لێ نییە، زیادی دانیشتووەکانی وای کردووە کە لۆدێکی زۆر دروست بێت لە سەر

کارەبا بە شێوەیەکی گشتی کارەبا لەو سنووورە زۆر کزە، صەد و پەنجا (١٥٠) بۆ صەد و شەست (١٦٠) مێگاوات کارەبا سەرف دەکات لە بڕی ئەوە کارەبا لە دوکان و چەمچەماڵ و هەولێرەوە بێت، بەرهەم هێنانی کارەبا ئەگەر لە دەڤەرەکە بێت باشترە، هەم سوودی بۆ حکومەت و هاووڵاتیان زیاترە، هەرچەندە بڕیار بوو وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە سەر ئاوی خاس لە قەڵادزێ دروست بکرێ کە بە بڕی دوو صەد (٢٠٠) مێگاوات بوو، من لێرە پرسیار لە وەزیری کارەبا دەکەم بڕیاری ئەو موحەتەیە چی لێ هات؟ و چی لێ بە سەر هات؟ و گەیشتووتە کوێ؟ بۆ نەخراوەتەوە بواری جێبەجێ کردنەوە؟ دیارە سنووری دەڤەری پشتدەر و بتوێن بە سەرچاوەی ئەوە زۆر دەوڵەتمەندە، وەك ئاگاداری ئەوەین چەندی دیراسە کرایە نموونەی سەدی دەلگە و سەدی پەڵك کە تەنها سەدی دەلگە توانای نەوەدو هەشت (٩٨) میگاواتی هەیە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، ئایا بەرێزییان تا چەند کاریان لە سەر ئەم دیراسە کردووە؟ بۆ نەتوانراوە سوود لەم جۆرە سەرچاوانە ببینن؟ هەر لە دەڤەری بتوێن و پشتدەر باسی کێشەی میلاکات کرا، بە راستی لەو سنووورە کێشەی میلاکات یەکجار زۆرە، بۆیە داوا لە بەرێزیان دەکەم لەو حەفتدە (١٧) هەزار فەرمانبەرەی کە هەیەتی لە وەزارەتەکەی ئەگەر بە شێوەیەکی یەکسانی دابەشیان بکات نەك هەر لە ناوچەیەك پێنج (٥) هەزار فەرمانبەری لێی بێ و لە شوێنێکی تر پێنج صەد (٥٠٠) فەرمانبەر، پرسیارێکی تر ئاراستەی بەرێزیان دەکەم، هەموومان ئەو راستییە دەزانین لۆدێکی زۆر لە سەر کارەبا هەیە بۆ کەم کردنەوەی ئەو فشارە دیارە ماوەی چەند ساڵێکە گرێبەستێك کراوە وێستگەی گۆڕی، کە راسپێردراوە بە کۆمپانیایەك کە ژمارەی وێستگەکان چوار (٤) وێستگەیە دراوە بە کۆمپانیای زاگرۆس لە هەولێر، ئایا ئەو پرۆژەیە تا وەکو ئێستا چەندی لێ جێبە جێ کراوە؟ چی بە سەر هاتووە؟ بۆ ئەو قەرزانەی کە لە سەر هاوبەشانن وەزارەت چۆن بە نیازن داوای ئەو قەرزانە بکاتەوە؟ و ئەگەر نەدراوە چۆن مامەڵەیان لە گەڵ دەکات؟ بە تایبەتی پرۆژەکانی بازرگانی و پیشە سازی گەورەکان، پرسیارێکی تر لە بەرێزیان، پرۆژەی رووناکی رێگەی شەقڵاوە کە لە پێشووتر دانرا بوو بە وزەی خۆر کاری دەکرد، بەڵام لە ئێستادا لادراوە، ئایا پرۆژەکە شکستی هێناوە؟ وەزارەت تا چەند ئاگاداری کاری ئەم پرۆژەیە؟ بۆچی لادراوە؟ ئایا بیرلەوە نەکراوەتەوە بۆ بەرهەم هێنانی کارەبا سوود لە وزەی خۆر ببینرێت؟ کە بە وزەیەکی پاك دەژمێردرێت هەم بۆ ژینگە مەترسی نییە، هەم فشاریش لە سەر حکومەت کەم دەکاتەوە، دوا خاڵم بەوە کۆتایی پێ دێنم زۆر لە هەڤاڵان باسی ئەوەیان کرد کۆمەڵێك بینا و باڵەخانە هەیە بە درێژایی شەو و رۆژ بە سەدان و هەزاران گڵۆپ دەسووتێنێن نموونە باڵەخانەکانی پارك ڤیو لە تەنیشت شوقەکانی ناسك کە هیچ کەسێك تێدا نیشتەجێ نییە ئایا وەزارەتی کارەبا بە دوا داچوونی بۆ ئەوە کردووە کە بە شەو و رۆژ هەزاران گڵۆپ بۆ ئەو بینایە دەسووتێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز كاك عباس غزالی فەرمووو.

**بەڕێز عباس غزالی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە خێرهاتنی وەزیـرە بـەڕێزەکان و وەفـدی یاوەریـان دەکـەین، باسـی بەرهـەم هێنـانی کارەبـای کـرد تـەنها بەداخەوە جۆرێکمان هەیە کە ئەویش ئیشکالیەتێك هەیە دەبێ گازوایل و وەزارەتی سامانە سروشـتییەکان دابین بکات، کوردستان لە ڕووی ئاو و با و خۆرەوە گونجاوە بۆ بەرهەم هێنانی کارەبا کە لە ڕووی سروشتی ژینگەییەوە هاوکارێکی باشە بۆ بەرهەم هێنانی کارەبا وەزارەت هەنگاوی بۆ باوێ، باسی کرد شـێوەی ئێمـە، هـەموو مەسـرەفی ئێمـە گـەرم کردنـەوەی لـە سـەر کارەبایـە کـە ئەمـە ئیشکالەتێکە لـە دونیـا دا بـە هـیچ شێوەیەك بەم جۆرە نییە، باسی لەوە کرد کە دەبێ خانوو بـە شـێوەی مەرکـەزی سـارد و گـەرمی تێـدا بـێ، هەنگاوێکی باشە، بەڵام ئەوا لە حکومەت و پەرلەمانەوە و لە دەزگاکانی خۆمانـەوە لـە ئیـداراتی خۆمانـەوە دەست پێ بکەین ئەو هەموو سپلێتە هەڵگرین و دەست بـە کـار بکـەین لەگـەڵ وەزارەتـی شـارەوانی هـەموو خانوو و بینایەکیش موراعاتی ئەوە بکەن و یەکێکی تریش کە تەنها کارەبـا هۆکـاری شارسـتانییە بـە هـۆی نازانسـتیانەوە هـەموو بینایـەکانمان و خـانوو و بـەرە و مـرۆڤ تووشـی زیـانی مـالی و گیـانی دەبـن، کـە بـە شێوەیەکی زانستیانە تەعامول لە گەڵ کارەبا ناکەن، لە دونیا دا باوە بێجگە لـەوەی کـە خانوویـەك دروسـت دەکرێت کە حەجمێکی ژینگەیی بۆ دادەنێت کە دەبێ سەوزایی بێ و دەبێ بەشێکیش لە کارەبـای خـۆی بـە وزەی خۆر تەئمین بکات، ئەمەش ئەگەر لـە قـانونی خـانوو دروسـت کردنـی ئێمـەدا بێـت بـە تایبـەتی ئـەو کومەڵگانەی کە دێنن بە خۆرەوە ئەوماڵە موکەلەف بێتن ئەو خانوویـە کارەبـای دەرصـەدێکی (١٪) دانـێن، کەرتی تایبەت و بەرهەم هێنان موکەلەف بکرێت بۆ ئەوەی مەسرەف کەم ببێـت، موکەلـەف بکرێـت کارەبـا بەرهەم بێنێت، ئەگـەر زیـاتریش بـوو وەزارەتـی کارەبـا لێ بکرێتـەوە بـۆ دابـەش کردنـی هـەنگاوێکی باشـتر دەبێـت، یـەعنی کـە کـەرتی تایبـەت کارەبـا بەرهـەم بێنێـت ئیشـی خـۆی پـێ بکـات و ئـەو بەرهـەم هێنانـە قیمەتیشیان نـە کـەم بکرێتـەوە و نەبـەرەو سـەرەوەتری ببـەن، بـەڵام هـی هاووڵـاتی کـەم بکرێتـەوە، باسـی ئەوەی کرد گرێبەستەکان، بەڵێ گرێبەستەکان جێی تێبینین، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستیەش ببـەین ئـەو کاتـەی ڕەنگە بوو تەشویق بۆ بێتن کە سـەرمایەدارێك شـوێنێك نەدامـەزرێنێت ئەوەنـدە کارەبـا بێـت سـەرمایەکی زۆری بێت دەبێ تەشویق بکات سوودی زیاتری بدرێتێ، ئیمتیازاتی باشـتری بـدرێتێ، ئـەو قۆناغـەمان بـڕی وێستگەی کارەبامان بەرهەم هێناوە، بەڵام ئێستاش کاتی ئەوەی هەیە ئێمـە بـە گرێبەسـتەکاندا بچینەوە و گرێبەستەکان نرخەکان بگۆڕێن کە بگونجێ لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی و وەزارەتی کارەباش لە هەموو دونیا وەزارەتێکی بەرهەمهێنەرە، دەتوانێ خۆی بژێنێ و هاوکاری وەزارەتـەکانی تـریش بکـرێ ،ئەمـەش ئیشـێکی هاوبەشە تەنها ئێمە نامانەوێ لە وەزارەتێکەوە لە وەزارەتێکی تر یان هاووڵاتی ئێمە هەمووومان پێکەوە لەم ئەرکە نیشتیمانییە کە ئەرکێکی هەمووومانە پێکەوە بە حکومەت و هاووڵاتی و پەرلـەمان هـەموو هاوکـاری یەکتری بین بۆ ئەوەی ئەم کێشەش چارەسەر بێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، سوپاس، خاتوو ئێڤار ابراهیم لێرە نییە؟ بەڕێز ماجد عثمان فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە خێرهاتنی جەنابی وەزیری کارەبا و جەنابی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و شاندی هاوڕێکانی دەکەم، ئێمە هەموومان وەزعی کوردستان دەزانین لە بارەی کارەبا، کە چەندین ساڵە و چەندین کابینە گۆڕدرا، بەڵام بەداخەوە تا کو ئێستا لە بازاڕەکان فانۆس و لوکسی ساڵانی سێیەکان و چلەکان دەفرۆشرێن بە ڕێژەیەکی باشیش دەفرۆشرێن کە دەبووایە ئێستا ئەوانە لە مۆزەخانە دانرابان، من دەزانم ئەو پۆستەی جەنابی وەزیری کارەبا پۆستێکە کە بە داخەوە بە بەردەوام هاووڵاتیان ڕەخنەیان لێ دەگرن، هەمووشمان دەزانین کە سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دیارە ئەو سەکتەرە بە داخەوە بە گرنگی وەرنەگیراوە، بەشێك لەو بەرپرسیارەتیە دەکەوێتە ئەستووی خۆشمان وەکو ئەندامانی پەرلەمان، پێویستە لە موسادەقە کردنی بودجە تایبەتمەندی بکەین لە لایەن وەزارەتی کارەبا و هیوادارم وەزارەتی کارەباش پلانێکی توکمە و باشی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کارەبای هەرێمی کوردستان، هەروەها بەشێك لەو بەرپرسیارەتیە دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و ، من پێم وایە داوا دەکەم کە ئەو گلەییانەش با ئەوانیش ببات، جگە لەوەش پێویستە ئێمە بیر لە جۆرێکی تر لە وزەی کارەبا بکەینەوە کە هاوڕێیانم هەندێکیان ئاماژەیان بۆ کردبێت، لە کوردستان پێم وایە لەوانەیە نەجاحەتێکی باشیش بێنێت یان لە وزەی پاشماوەی زبڵەکان کە لە هەندێك لە وڵاتان بە کاردێت، هەروەها تاقەی شەمسی، لەوانەیە کە زۆر شوێن سوودی لێ وەربگرێت، دەکرێت ئەو بیرۆکەیە لە گەڵ پسپۆڕانی ژینگە و کەشناسی تاوتوێ بکرێت، نازانم ئەو پرسیارە حەز دەکەم جەنابیان دواتر وەڵامیان بدەنەوە، ئەو جۆرە سیستەمانە کاری لە سەر کراوە یان نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك ایوب عبد الله فەرموو.

**بەڕێز ایوب عبد الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە خێرهاتنی هەر دوو وەزیری بەڕێز و شاندی یاوەریان دەکەم، لە سنووری ئیدارەی ڕاپەڕین بەڕێوەبەراتیەکی کارەبا هەیە، کە تەنها بەڕێوەبەرایەتی کارەبا بۆ دابەش کردن، بەشەکانی تری کارەبا لە کۆنترۆل و بەرهەم هێنان و مولیدات و گواستنەوە نییە، بۆیە وا پێویست دەکات کە ئەم بەڕێوەبەراتیەش بکرێتە گشتی بۆ ئەو بەشانەی نەبێت، هاوشێوەی ئەوەی گەرمیان بۆ ئەوەی گرفتییان بۆ چارەسەر بکرێت، و ئەو بەڕێوەبەراتیە گرفتی زۆری لە کەمی میلاکاتدا هەیە هەر لە کەمی شوفێر کە دەڵێت پەنجا (٥٠) سەیارە و ئالیاتمان هەیە و بیست و هەشت (٢٨) شوفێرمان هەیە هاوکات لە گەڵ ئەوەشدا وێستگەکانیان فەرمانبەریان کەمە لە ناحیەکانی سەروچاوە و حاجیاواوە فەرمانبەر دەبەنە مەحەتەی

کارەبا قەڵادزێ دەوامیان پێ دەکەن، کە ئەو گرفتیان بۆ چارەسەر بکرێت، ئەوە جگە لەوەی کە کێشەی ڤۆڵتی، نزمی ڤۆڵتی کارەبا لەو سنوورەدا کێشەیەکی زۆر موزمینە ئەگەر بیر لە چارەسەری بکرێتەوە زۆر باش دەبێت، لە سەر زێی بچووك لە گوندی دەڵگە لە سنووری پشتدەر سێ ساڵە دیراسەی مەوقعێك دەکەن کە بەرهەمهێنانی کارەبا لێیە کە تەقدیر کرا، بۆئەوەی بتوانن نەوەد و حەوت (٩٧) میگاوات کارەبا بەرهەم بێنێت و پارەیەکی زۆریشی لێ سەرف کراوە تا ئێستا ئەوەش ئەنجامێکی نەبووە، لە ساڵی (٢٠١٠) ەوە بڕیار بوو مەحەتەیەکی تەولیدی کارەبای دوو سەد (٢٠٠) مێگاواتی لە قەڵادزێ دابنردرێت ئەویش تا ئێستا نازانم هیچ بڕیارێکی دیکە نەهاتووە، هیچ ئەنجامێکی نەبووە، لە قەڵادزێ دوو موحاویلەی مێگاواتی سی و سێ (٣٣) بۆ یازدە (١١) هەیە کە لۆدێکی زۆری بەسەرە بەردەوام کارەبا دەکوژێتەوە و هەڵ دەبێتەوە، داوایان کردبوو کە بگۆڕدرێت بۆ سی و نیوی تا ئێستا ئەو حاڵەتەش چارەسەر نەکراوە، چەند فیلتەرێکی یازدە (١١) k.v هەیە لە قەڵادزێ کە ئێستا ئۆفن ئەو فیلتەرانە، موحودە دەڵێت ئەگەر ئەو فیلتەرانە داینێن لۆد لە سەر مەحەتەکە کەم دەبێتەوە ئەوەش بە مودیرییەتی گشتی کارەبای سلێمانی چارەسەر دەکرێت ئەگەر بیرێکی لێ بکرێت و بڕیارێکی بەپەلەی لێ بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خاتوو شیلان جعفر فەرموو.

**بەڕێز شیلان جعفر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە خێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم، سەرەتا من لە راپۆرتی بەڕێزیانەوە دەست پێ ئەکەم لە خاڵی یەکەمدا و جێ بە جێ کردنی پرۆژەی پێوەری زیرەك، پرسیارەکەی من ئەوەیە لە بەڕێزیان بۆ ئەم پرۆژەیە لە دهۆك جێ بە جێ کرا، بەڵام لە پارێزگەکانی تردا جێ بە جێ نەکرا بۆمان ڕوون بکەرەوە تکایە؟ لە کاتێکدا ئەو پرۆژەیە دەتوانرێت بە کەمترین کارمەند داهاتی کۆ بکاتەوە، لە خاڵی شەشەمی راپۆرتەکەدا گرنگی دان بە بواری وزەیە، پرسیارەکەی من ئەمەیە ئایا هیچ پرۆژەیەکی ئامادە کردووە لەم بارەیەوە؟ و خاڵی سێیەمم ئەوەیە کە کێشەی کارەبا یەکێکە لە کێشە گەورەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە یەکەم کابینەوە هەتاکو ئێستا سەرەتای هەموو هاوین و زستانێك کێشەکە دەست پێدەکاتەوە سەرەڕای بوونی پرۆژەی بەردەوام لە لایەن وەزارەتی کارەباوە، بۆچی بەرهەم هێنانی کارەبا ناگاتە ئەو ئاستەی کە هاووڵاتیان هەست بە دڵنیایی بکەن،؟ ئایا ئەم کێشە بە پێی پلانی وەزارەت کەی کۆتایی پێ دێت؟ پرسیارێکی تر هیچ هەنگاوێکتان ناوە بۆ نەهێشتنی دیاردەی ڕاکێشانی کارەبای نایاسایی؟ ئەگەر کردوویانە هیچ کەسێك لە سەر ئەم پرسە رووبەڕووی دادگا بۆتەوە، سزای ئەو کەسانە چی دەبێت؟ ئەمەیش بە حوکمی ئەوەیە کە پرسیارم کردووە، کارەبا سامانێکی نەتەوەییە و پاراستنی ئەرکە لە سەر هەموومان، پرسیارێکی تر لە بەڕێزیان کاتێك کە دەست بە کار بوو لە وەزارەتی کارەبا بەڕێزیان کارنامەیەکی هەژدە (١٨) خاڵییان تەقدیم کرد، ئایا تا چەند لەو کارنامەی خۆیان کە وەکو وەزیرێك

پێشکەشیان کردووە لە جێ بەجێ کردندا سەرکەوتوو بوون؟ خاڵێکی تر ئەوەیە کە گۆژمەی گرێبەستی (احمد اسماعیل) کە باس نەکراوە لە راپورتەکەشدا هەر، داوا لە بەڕێزییان ئەکەم کە ئەو گوژمەیەی ئەو گرێبەستەیەی (احمد اسماعیل) لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندە؟ ئەگەر بکرێت کورتە باسێکمان لەسەری بۆ بکات، و خاڵێکی تر ئەوەیە سەبارەت بە فەرمانبەرانی وەزارەتەکەیان، چونکە هەر لە کارنامەی هەژدە (١٨) خاڵەکەی بەڕێزیان هەبوو کە هەرچەندە عێراق و هەرێمیش لە ئەزمە داراییادان، بەڵام چ هەنگاوێکیان هاوێشتووە بۆ هاوتا کردنی دەرماڵەی فەرمانبەرانی وەزارەتی کارەبا لە گەڵ بەغدا دا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك قادر ئۆتمان فەرموو.

**بەڕێز قادر ئۆتمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە خێرهاتنی هەر دوو وەزیر و وەفدی یاوەریان دەکەم، زۆرێك لە برادەران باسیان لە هەموو گرفتەکانی کارەبا کرد بە تەئکید منیش پشتگیریان لێ دەکەم، کە نەك هەر گرفتی کارەبا هەیە لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو ژمارەیەکی زۆر لە دێهەتەکانی کوردستان تاکو ئێستا کارەبای نیشتیمانیان هەر پێ نەگەیشتووە بە نموونە بەشێك لە دێهاتەکانی بناری قەندیل تا ئێستا کارەبای نیشتیمانیان پێ نەگەیشتووە، منیش وەکو برادەرەکانم داوا دەکەم کە ئەم گرفتی کارەبایە چارەسەر بکرێت، خەڵکی کوردستان لەوەدا حەقی ئەوەی نییە کە ئەمە کێیە سووتەمەنی دابین ناکات، کرێی کۆمپانیایەکان نادات لەڕاستیدا پێویستە ئەوە یەکلا بکرێتەوە، من لێرەوە لە وەزیری کارەبا دەپرسم ئەگەر هیچ ڕێگرییەك نییە لە بەردەم بەڕێز وەزیری کارەبا بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، هیچ ڕییێگرییەك هەیە کە هیچ پاساوێك هەڵناگرێت، لەڕاستیدا پێویستە وەزیر لەوبارەیەوە ڕوونکردنەوەی زیاترمان پێ بدات، من پرسیارێکی ترم لە وەزیری کارەبا هەیە ئایا هیچ گرێبەستێك هەیە لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی تورکیا بۆ گەیشتنی وزەی کارەبا بۆ هەرێمی کوردستان؟ لە بەرامبەردا هەرێمی کوردستان نەوت بدات لە موقابیل وزەی کارەبادا، ئەگەر هیچ گرێبەستێکی لەوجۆرە لە ساڵانی رابردوودا بوونی هەبوو بێ، لەو ساڵەشدا هەر بەردەوام بێ ئەوە لەڕاستیدا پێویستە وەزیر لەوبارەیەوە ڕوونکردنەوە بدات، ئەگەر ئێمە لە هەرێمی کوردستان گرفتی نەبوونی سووتەمەنیمان هەبێ بۆ وێستگەکانی کارەبا، لە هەمان کاتدا ناکرێت لە بەرامبەر دەستکەوتنی هاتنی وزەی کارەبا ئێمە بە موقابیل نەوت بدەین، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە چۆن خەملاندنی بۆ کرا؟ پرسیارێکی ترم لە وەزیری کارەبا هەیە، کە ئەوان هیچ گرفتێکی قانونیان هەیە لەو یاسایەی وەزارەتی کارەبا، ئایا بە مەبەستی چارەسەرکردنی گرفتی کارەبا و چاکسازی لە کەرتی کارەبادا هیچ ڕێگرییەك هەیە؟ چونکە لەڕاستیدا ئەرك و فەرمانەکانی وەزیر لە قانونەکەدا دەتوانم بڵێم لە ئاستی وەزارەتەکەو گرفتی کارەبا نییە لە هەرێمی کوردستان، زیاتر قانونی وەزارەتی کارەبا لە هەیکەلێك دەچێت

خودی وەزیر خۆی بەرپرسی فەرمانبەرەکان و هەیکەلی وەزارەتە، بە نموونە لەبابەتی گرێبەستەکە ئایا لە گرێبەستەکاندا ئەوان ڕوون نییە، تەنها دەسەلاتی سەرۆکی حکومەتە یاخود دەسەلات و سەلاحیەتەکانی ئەوان چەندە؟ خاڵێکی تر لەڕاستیدا لە هەرێمی کوردستان وێستگەکانی کارەبا بەشێکیان کەرتی تایبەتەو بەشێکی تریشیان گشتییە، ئەوە تێکەڵەیەکە بە ئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێت، من پێشنیارم ئەوەیە کە ئەو بابەتە یەکلایی بکرێتەوە، بۆ مەوزوعی داخل نەبوونی ئەو ئامێرانەی کە کارەبای زۆریان پێویستە یان وزەی زۆریان پێویستە، ڕاستەو لەوانەیە ئەوە پەیوەست بێ بە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی، بەلام هەوڵەکانی بەڕێزیان بۆ ڕێگەگرتن لەوە لەڕێگای کۆنترۆلەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک شامۆ فەرموو.

**بەڕێز شامۆ شێخۆ نعمۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێربێی جەنابی وەزیر و شاندێت دگەل دا، جەنابێ وەزیری کاروباری پەرلەمان، هەڤالا بارا پتر بەحسێ رەوش و کێشا ناڤخۆیا هەرێما کوردستانێ یا کارەبێ کر من پێ باش بوو رەوشا دەڤەرێن کوردستانێ یێن دەرڤەی هەرێمێ جەنابێ وەزیری ژی د راپۆرتا خۆدا بەحسێ گرێدانا تۆڕا کارەبێ یا ڤان دەڤەرا دگەلێ کوردستانێ کر ئەو بخۆ پرۆژەکێ دلخۆشکەرە ب راستی، جێی دلخۆش بوونێ یە بەرێ روودانا ژی سەر ئاستێ موصلێ قەزا شێخان و قەزا تلکێفێ پرانیا وان دەڤەران هاتنە گرێدان دگەلێ تۆڕا کارەبا کوردستانێ، بەس دەڤەرێن مایی تایبەت شنگال ڤان یازدە (١١) سالێن دەرباز بووی بەلکی قەزا شنگالێ بتنێ چار (٤) ساعەتێن کارەبێ ژ بیست و چار (٢٤) ساعەتان هەبوون، چونکە ژێدەرێ کارەبا وان کەسکە دەڤەرا تەلەعفەرە، دەڤەرەکە بەری کارەساتێ ژی یا پەریشان بوو ژخۆ نەهۆ تشتێ مای ژی هاتە تالان کرن و هاتە وێران کرن، هەمی ژێرخانا یا گرێدایی ژیانا خەلکی نەمایە، لەوما نەبەس پێشنیار دکەم هیڤیدارم سەرۆکاتیا پەرلەمان و سەرۆکاتیا حکومەتا هەرێما کوردستانێ پشتەڤانیەکێ ل  وەزارەتا کارەبێ بکەن ژ بۆ گرێدانا تۆڕەکا کارەبێ بۆ ڤێ قەزایێ چ ب رێکا زومار- شنگال یان رەبیعە- شنگال، چونکە کارەب پێوستیەکا بنگەهی یا ژیانێ یە و خەلکی تەشجیع بکەت خەلك ڤەگەریتە سەر جه و وارێ خۆ ئەگەر ب کێمی ئاڤ هەبا یان کارەب هەبا یان هەر پێویستیەکا ژیانێ بێتە دابین کرن تەشجیعە بۆ ڤی خەلکی ڤەگەرینە سەر جهێ خۆ ئارام بژین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە پەری فەرموو.

**بەڕێز د. پەری صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشـتیوانی لـە قسـەکانی کـاك فـائق و کـاك علـی دەکـەم، دەربـارەی گرێبەسـتە کارەبابیـەکان لەگـەڵ کۆمپانیایەکان، چونکە خاترانەو خزم، خزمێنەی تێدایەو، قازانجێکی زۆر لەسـەر حیسابی خـەڵك دەکـەن، بەردەوام ئەوانن دەبنەهۆی نانەوەی پشێوی و خۆپیشاندانەکان، هەندێك لە قسـەکانم لەلایـەن کـاك دکتـۆر فرست و بێگەرد خانەوە کران دووبارەی ناکەمەوە، پرسیارێکم ئایا دانـانی سیسـتەمی سـەعاتی زیـرەك بـە تەخمین چەندی مـاوەی دەوێ؟ ئەگـەر هاتـە بـواری جێبـەجێ کـردن ئامانجـەکان دەپێکـێ؟ دووەم تێبینـیم لەسەر ئەو قسەیە هەیە بۆچی کارەبـا پشت بـە دراوسـێیەکان ببەسـتێ؟ لەکاتێکدا ئـەوان لـە قۆسـتنەوەی هێڵـەکان، لـە پرسـە نەتەوەییەکانـدا وەك فشـار بەکاریـدەهێنن، بۆیـە پـێم باشـە لـەو سەرچـاوە زۆرانـەی کوردستان (ئاو و رەشەبا و هەتاو) پێویستی ئەو ناوچـانەی لـە دەوروبـەری خۆیـان لـە کارەبـا دابـین بکـەن، ئەمەش دەبێـە بار سووکی بۆ ناوچەکانی دیکە، ئەوکەسانەی دەست ڕۆیشـتوون سەرپێچـی کارەبـا لەوانـەوە دەستی پێکردووە، ئەگەر خۆیان هەستتیان بە بەرپرسیارێـتی کـرد، ئـەگینا بـا حکومـەت دەست نیشـانیان بکـات ئـەو هەواڵانـە بدرێنـە میـدیاکان و خـەڵك بیانناسـێ، هـەوڵ بـدرێ لـەرێگای بەرنامـەی خوێندنـەوەو ڕێنمایی بدرێتە خوێندکاران بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی کارەبا بەشێوەیەکی گونجاو، دوا خـاڵم داواکـاریم لـە جەنابی وەزیر ئەوەیە لە هەر ئیش و کارێکیان ئاستەنگ هاتە ڕێیان، ئـەو لایانانـەی کـە ئاسـتەنگەکەی بـۆ دروست دەکەن بە شەفافانە بیداتە ڕای گشتی و شەقامی لێ ئاگادار بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حسن فەرموو.

**بەڕێز حسن صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو سێ دەقـە وایکـردووە تـەنها بیخوێنینـەوە خاڵـەکانمان بـەبێ ڕوونکردنـەوە، لـە فەرمانگـەکانی کارەبـادا لیژنەیەك هەیە کە پێی دەڵێن لیژنـەی (تلاعـب)، بـۆ بنبنـڕکردنـی زیـادەڕۆیی کارەبـا، بـەلاّم ئـەم لیژنەیـە پێداویستی خۆی هەیە بۆ ئەم کارە، هەر لە سەیارەو کرێکارەوە هەتا دوایی، ئایا وەزارەت چـی کـردووە بـۆ ئەوە؟ یان فەرمانبەرەکان بۆ خۆیان کەمتەرخەمن و بە ئەرکەکانی خۆیان هەڵناستن، کـە دەڵێـت لـە (٣٣٪) تەجاوزات هەیە لەو بوارە، کۆمەڵێك جۆری خوێندنەوە هەر لە سەعاتی میسریدا، سـویدی، تـا ئـەڵمانی، تـا مالیزی هەندێکیان خوێندنەوەی جیا جیا دەکات بۆ یەکـەی کارەبـا، ئایـا وەزارەت کـەی بـەنیازە سـەعاتێکی ستاندارد دابنێ یان ئەوەی کە پێی دەڵێن پێوەری زیرەك؟ لیژنـەی غەرامە بۆ ئامێری پشت سەعاتی کارەبـا لە گیزەرەوە تا دوایی زۆر لە ماڵەکان ئامێری کارەبایی قورس لەپشت سەعاتەکانی کارەبا دادەنێن، واتـە بـە موخالف لەسـەر کارەبـای رەئیسـی، غەرامـە جیـا جیـا و، زۆرجـاریش بـە میزاجـی شەخسـی ئـەم غەرامەیـە دەکرێت کە من نموونەم لایە، ئایا پلەبەندی لە وەزارەت بۆ جۆری ئەو غەرامانە کراوە؟ دەرماڵەی مەترسی لە هەرێم لە (٣٠٪) و لە ناوەند ٧٠٪) یان نییەتی، ئایا کارەبای کوردستان مەترسـی کوشـتنی مرۆڤـی نییـە؟ یـان ئایـا شـەهیدانی دەسـتی کارەبـا هـەمان شـەهیدی بنیادنانـەوەی ئـەو ولاّتـە نـین وەك بـەڕێز دکتـۆر

فرسەتیش ئاماژەی پێکرد، ئێمە هەمووومان کاتێك کارەبای نیشتمانی دەبڕێت بە دوو ئەمپێر تا سێ ئەمپێر تا دە ئەمپێر لە ماڵەکانمان کیفایەتی کارەبامان دێت (کارەبای مۆلیدە)، ئایا بۆ بەکارەبای نیشتمانی بە (٤٠ ئەمپێر) یش ماڵەکانمان تێر نابن؟ من پێشنیار دەکەم بۆ وەزارەتی کارەبا ئەوەیە، کارەبای نیشتمانیش بە (١٠) ئەمپێر یان (٢٠) ئەمپێر بە ماڵەکان بفرۆشێتەوە، بە سیعرێکی دیاریکراو، بۆئەوەی لەوە زیاتر نەبێ لەو کێشەیەش ڕزگارمان بێ، زۆر لە بینا گەورەکان و ڕێزێك دوکانی ئەهلی لەگەڵ کارەبای هاووڵاتیان تێکەڵ کراوە، جێی خۆیەتی وەزارەت داوای دانانی مەحاویلە بکات لەو خەڵکانەی کە ئەو دوکانانەیان هەیە، چونکە بەڕاستی ئەمەش زەغتێك لەسەر کارەبای هاووڵاتیان دروست دەکات، زۆرجار کارەبای باخ و ئاش و مزگەوتەکان وەك ئەوەی لە خاڵی سەرەوەدا باسم کرد تێکەڵ بە کارەبای هاووڵاتیانە، ئەوانەش حەقە مەحاویلەی تایبەتی خۆیان هەبێ، بۆئەوەی زەغت لەسەر ئەوە کەم بێتەوە، ئەگەر لە ئێران کارەبا وا هەرزانە من پێشنیاری کڕین دەکەم، بۆ مەنتیقەی قەلادزێ و پشتدەر و بێتوێن، لەبەرئەوەی ئەوانیش لەو سنوورە زۆر نزیکن، بۆئەوەی ئەو مەنتیقەیەش لە کێشەی کارەبا ڕزگاری بێت و بگەڕێتەوە بۆ ناوچەکانی تری کوردستان و کارەبای پێ بدرێت، وەزیری کشتوکاڵ باسی دوو بەنداوی کرد ئەو بۆ سەرچاوەی ئاوی ئیشی لەسەر دەکات، وەزیری کارەباش دەکرێ بۆ سەرچاوەی کارەبا هەردووکیان بەیەکەوە هاوکاری یەك بن، ئەو دوو پرۆژەیە، ئەو دوو بەنداوە بە ئەنجام بگەیەنن بۆئەوەی کارەبا لەو مەنتیقەیە باش بێ، خەڵکێکی زۆر لەسەردەمی دوو ئیدارەیدا بە فەرمانبەر لەو فەرمانگانەی کارەبا دامەزراون، واتە لە ناوچە جیا جیاکان بە فەرمانبەر دامەزراون، ئەوکات دەوامیان نەدەکرد، بەلاَم دەپرسم کەس ماوە لەوانە؟، بەس با پرسیارەکەم تەواو بکەم، ئایا کەس ماوە لەوانە هەروەك جاران بێ یان بە مانایەکی تر ئایا لە وەزارەتەکەی بەڕێزیان کەسی بن دیوار هەیە؟، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ناظم فەرموو.

**بەڕێز ناظم کبیر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی قسەکانم لەلایەن بەڕێز دکتۆرە شرین و بێگەرد خان و مامۆستا مەلا ماجد کرا، پشتگیری لە قسەکانیان دەکەم، بەلاَم دەمەوێ تەئکید لە چەند تێبینیەك بکەم، ئەوەیە کە بەپێی ئەو زانیاریانەی کە پێمان گەیشتووە دەبینین لە زۆر گوند و شار و شارۆچکەکان بوویتە هۆی ئەوەی بەفیڕۆدانی کارەبا و، کەم بوونەوەی داهاتی کارەبا ئەوەش لە ئەنجامی دروست نەکردنی هاوبەشی کارەبایە، بەڕاستی کە ئەمەش لەلایەك هەم بە هەدەردانی کارەبا، هەم لە کەمکردنەوەی داهاتی کارەبا، لەلایەکی تریشەوە بوویتە هۆی ئەوەی ناعەدالەت لەنێوان هاووڵاتیان دروست ببێت بۆ نموونە دەبینی ماڵێك مانگانە هاوبەشی کارەبای بۆ دێت، گوژمەکی پارە دەدات بە حکومەت لە جیرانەکەی دەبینین ئەو هاوبەشەی بۆ نایەت و ، ئەو بڕە پارەیەی بە حکومەت نادات، جا لێرە پرسیارەکە ئەوەیە بۆ وەزارەتی کارەبا ، ئایا چ پلان هەیە بۆئەوەی

كه هەموو خەڵكێك، هەموو شوێنەكان، هەموو ماڵەكان ببنە خاوەنی هاوبەشی كارەبا، بۆئەوەی چیتر كارەبا بەفیڕۆ نەدرێت و لە داهاتەكەی كەم نەبێتەوە؟، خاڵێكی تریشم ئەوەیە كە ڕاستە گومانی تێدانییە كە كارەبا سەرچاوەیەكی سەرەكی ژیانە، بەڵام لەلایەكی تریشەوە سەرچاوەی مردنە، ئایا بۆ ڕۆژانە گوێمان لێ دەبێ لەولاو لەولا بەهۆی لەدەستدانی گیانی هاووڵاتیان بەهۆی كارەباوە، ئایا وەكو وەزارەت چ پلانێكیان هەیە بۆ وشیاركردنەوەی هاووڵاتیان بەتایبەتی لە خوێندنگا سەرەتاییەكان بۆ خۆپاراستن لە مەترسی كارەبا؟، خاڵێكی تریش ئەوەیە بەپێی ئەوە زانیاریانەی كە هەمانە وەكو دیارە وەزارەتی كارەبا لە هەموو وەزارەتەكانی تر لە ڕێگای ئیفادەوە بۆ دەرەوە دەچێت، ئەمەش بە هەدەردانی سامانی گشتییە، پرسیارەكەی من ئەوەیە بۆ وەزیری كارەبا، ئایا ئەوە تاچەند ڕاستە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس غزالی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری كارەبا و شاندی یاوەری دەكەم، دیارە بەشێك لە قسەكانی من لەلایەن كاك فائق و ڕێواز خان و كاك علی حەمە صالح كرا، من دووبارەی ناكەمەوە، چەند پرسیارێكم هەیە لە جەنابی وەزیر، پرسیاری یەكەم، خاڵی یەكەم ئایا هۆكار چییە وەزیری سامانە سروشتییەكان خۆی بە بەرپرس نازانێ لە دابینكردنی سووتەمەنی؟، ئایا ساڵانی رابردووش هەر وابووە؟، بەرنامەتان چییە؟ پرسیاری دووەم بەڕێزتان فەرمووتان پێداچوونەوە بە نرخی كارەبا دەكەین، بەڵام پێداچوونەوەكە بۆ زیادكردن یان كەمكردن؟ چونكە پێم وایە ئێستا ئەگەر لەناو خەڵك بێ نرخی كارەبا جگە لەوەی زۆرە، دوو پارەی كارەبا دەدات یان پارەی مولیدە یان پارەی نیشتمانییەكە، لەبەرئەوە پێویستە پێداچوونەوەكە لە بەرژەوەندی خەڵكی خواری بێ، بەڕێزت وتت داهات نادرێتە وەزارەت، ئایا هۆكاری چییە؟ بەهۆی باری ئابوورییەوە یان هۆكاری ترە، ئەگەر ئەو پارەیە هەر ئەمساڵ بووایە لەبەر هۆكاری ئابووری هەرێمی كوردستانەوە ئەو بارودۆخە هاتووەتە پێشەوە ئەوە كارێكی ئاساییە، ئەگەر هەر وەزارەتەكە بە ڕەسمی پارەكەی گەڕاوەتەوە لەژێر دەستی جەنابتان، بۆئەوەی پرۆژەكان لەلایەن جەنابتان جێبەجێ نەكرێت، حەقە ئەوەشیان هەموو لایەك بزانێت، ئایا بەرنامەتان چییە بۆ وەرگرتنەوەی ئەو قەرزانەی لای حكومەت؟ پێویستە ئێمە ئەگەر بە هاووڵاتیانیش لەو بارودۆخە تایبەتیانە نەتوانین لەبەرئەوەی حكومەت، هەمووی پێم وایە پارەكەش هەر پارەی حكومەت دەمانداتەوە، پێویستە ئەو پارانە كۆبكرێتەوە، پێوەری كارەبا سەعاتەكەی یەعنی بە هەڵكشانە، یەعنی چەندی زۆرتر سەرف بكەی لێمان، كە ئەوەندە زیاتر زیاد دەكات یەعنی كیلۆیەكەی، بەڵام بە دوو مانگ جارێك كارتی كارەبا دەدرێت بە ماڵان، ئایا ئەوەشیان بارگران بوون نییە لەسەر هاووڵاتیان، ئەگەر بكرێت بە مانگانە پێتان وانییە هاووڵاتیان زیاتر سوودمەند بن، ئایا بەرنامەتان چییە بۆ چارەسەری وێستگەی خورمەڵە؟، ناكرێت ئێمە ئەو وێستگەیە بەهۆی نەبوونی سووتەمەنییەوە، كە

ولأتەکەمان پڕ سووتەمەنییە، سووتەمەنی بەنزین نەبێ؟، نەوت نەبێ؟، غاز نەبێ؟، کارەبا نەبێ؟، ولأتەکەشمان پڕ نەوت بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرحان فەرموو.

**بەڕێز فرحان جوهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند خاڵێکم هەبوو دەمەوێ ئاراستەی بەڕێز وەزیری کارەبای بکەم، پرسیارەکەمان لەبارەی شوێنە دوورە دەستەکانە، کە جیاوازییەکی زۆر دەکرێت لەو شوێنانەی کە دیارنینە یان لەو شوێنانەی کە دوورە دەستن وەکو گوندەکان بەتایبەتی قەزای سۆرانی دەڤەری بارزان، کە کارەبایان هەندێکجار لە هەفتەیەکدا بۆماوەی سێ سەعات، چوار سەعات کارەبای نیشتمانیان پێدراوە، گوندەکانی مەنتیقەی بارزان لەبەرئەوەی ڤۆڵتییەی کارەبای کەمە، هەر بە هیچ شێوەیەك یەعنی هیچ ئامێرێکی کارەباییان بۆ هەڵناکرێت، ڤۆڵتییەکە کەمە، مولیداتی ئەهلی لەو ناوچانە نییە، لەبەرئەوەی هیچ کەسێك مولیدەی ئەهلی لەو مەنتیقانە دانانێت، لەبەرئەوەی قازانجی لێناکاتن، ئەو بڕە کارەبایەشیان دەدرێتێ هیچ ڤۆڵتییەکی نییە، مەحەتەیەکی کارەبا لە ڕێزییان داندراوە (١٣٣) کەیفیە، کە تاکو ئێستا ئیشی پێ ناکرێت و تەواویش بووە، ئەگەر ئەو مەحەتەیە بکەوێتە کار بارگرانییەکی زۆر لەسەر قەزای سۆران هەڵدەستێ و ڤۆڵتییەکەش چاکتر دەبێتن، کە هیچ هەنگاوێك بۆ ئەو مەسەلە نەنراوە، لەلایەکی تر وەزارەتی کارەبا دەبێت پێمان بڵێت پلانی چاککردنی هەیە لە وەزارەتێکی وەکو دیارە وەزیری کارەبا هەر گلەیی لەوە دەکاتن، کە دەبێ پارەی بۆ دابین بکرێتن و، سووتەمەنی بۆ دابین بکرێتن، بەوشێوەیەش هەر بە وەزارە تێکی مشەخۆر دەمێنێتەوە، پێویستە وەزارەتێکی بەرهەمهێن بێتن، لەوەی بەرهەمی زیاد بکات و بتوانێتن میزانییەی حکومەتیش گەورەتر بکات، نەك لەوەی هەر ساڵێك بێتو میزانییەی حکومەتی زیاد بکرێت و لەوەی کە ساڵێ سێ، چوار ملیار دۆلاری بۆ سەرف دەکرێت و زیاتر بکرێت و لەخودی هاووڵاتیان بیڕێتەوە، بۆئەوەی (٣)، (٤) سەعات زیاد بکات، ئەگەر حەلەکەی ئەوەیە بەڕاستی ئەوە حەل نییە، پێویستە وەزارەتی کارەبا بەرنامەی هەبێتن، سوود لە سەرچاوە جۆراو جۆرەکانی پەیدا کردنی کارەبا ببینێتن، پێوەری زیرەك دابندرێتن، ڕێکبخرێتەوە، لەبەرئەوەی ئێستا بەشێوەیەکی ناڕێك کارەبا سەرف دەکرێت لەهەموو شوێنێك، دڵنیام ئەگەر ڕێکخستنی کارەبا بکرێتەوە پارەی ڕێك و پێك وەربگیرێتن، پێوەری زیرەك دابندرێتن، سەرچاوەکانی تری کارەبا پەیدا بکرێتن ئەو وەزارەتە وەکو ئەوەی کە ئێستا وەزارەتی مشەخۆر دیارە، بەڕاستی لەسەر بودجەی حکومەت، بودجەی خەڵکی کوردستانە دەیەوێ سەعاتی تر کارەبامان بۆ زیاد بکاتن، بەمشێوەیە بێتن هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە هیچ ئیزافەیەکی تر ناکرێت، ئێمە پێویستیمان بەوەیە وەزیری کارەبا، وەزارەتی کارەبا ئەم وەزارەتە چاکسازی گەورەی تێدا بکات، ببێتە وەزارەتێکی بەرهەمهێن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ماموٚستا عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەداخەوە كێشەی كارەبا بۆتە كێشەیەكی هەمیشەیی و درێژخایەن، كە وای لێهاتووە بەداخەوە دەیڵێم لە ساڵانی ڕابردوودا كە منداڵێك لە دایك دەبوو، بە دایە و بابە لەڕاستیدا زمانی دەپژا، ئێستا منداڵێك كە زمانی دەپژێ یەكسەر یەكەم قسەی ئەوەیە كە دەڵێت كارەباكە مولیدەیە یان رەئیسییە، هاوڕێكانم زۆربەیان پرسیارەكانیان كرد نامەوێ دووبارەی بكەمەوە، ناوچەیەكی پیشەسازی لە سلێمانی دروستكراوە لە (هوانەز) نزیكەی (٤٠٠) دوكانە، ئەمانە پێیان وتم كە كارەباتان بۆ دەهێنینە ئێرەوە، بەڵام تا ئێستا بەداخەوە نە كارەبایان بۆ براوە و، ئەوانیش تا ئێستا هەر لە چاوەڕوانین، بۆیە دەكرێت بەدواداچوون بۆ ئەوە بكرێت لەلایەن وەزارەتی كارەباوە، باسی كڕینی كارەبا لە ئێران و توركیاوە كرا، لە دواین سەردانی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراقەوە كە وەفدی وەزیری كارەباش لەگەڵی دابوو، باس لەوە كرا كە حكومەتی عیراقی (٦) هەزار مێگاوات كارەبا لە توركیاوە دەكڕێت، ئایا جەنابی وەزیری كارەبای كوردستان ئاگادارە لەوە؟ یاخود لە (١٧٪)مان بەردەكەوێ لەو (٦٠٠٠) مێگاواتەی كارەبا لە توركیاوە دەكڕێت یان نا؟ پرسیارێكم بۆ هاتووە وەكو خۆی دەیخوێنمەوە (١٥) كارمەندی سەر بە وەزارەتی كارەبا لە مەحەتەی (٢٩) مێگاواتی سلێمانی دەڵێن (٨) مانگە مووچەمان وەرنەگرتووە و، مەحەتەكەشیان كارناكات لەڕاستیدا، لەكاتێكدا (٤) ملیۆن و نیو لیتر گازی خەزنكراویان هەیە كە حكومەت زیاتر لە (٣) مانگە بۆیان دابین كردوون، بۆیە داوا دەكەم وەزارەت بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە بكات، زۆر باسی پێوەری زیرەك كرا من یەك نموونە دێنمەوە قەزایەك هەیە پێی دەوترێت (پێنجوێن) بۆ خۆم لەوێ دادەنیشم، ئێمە لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە كارەبا لە ئێرانەوە هاتووەتە ئەو شارە، بە ناوەندی قەزاكە لەگەڵ دوو ناحیە لەگەڵ (٩٠) گوندا بە (١٥) مێگاوات حەلی كارەبا لەو شارە، لەو قەزایە كراوە، ئەمیش هۆكارەكەی ئەوەیە كە پێوەری زیرەك داندراوە، بۆیە دەكرێت ئەم (٣١٠٠) مێگاواتەی كە لە هەرێمی كوردستاندا كارەبا بەرهەم دێت، لەڕاستیدا ئەگەر پێوەری زیرەك دابندرایە بۆ ماڵەكان و، هەر ماڵێكیش (٢٥ بۆ ٣٠) ئەمپێریشی بدرێتێ، بە تەئكید ئەو كارەبای ئێستا هەیە لێشمان زیادە و، شتێكی تر كە ماوە ئاخیر شت باسی بكەم، مەسەلەی ئەو كارگانەی لای بازیانە، كە ئەوانە هی كەرتی تایبەتن و كارگەكان كاتی خۆی كە داندراون پێویستە خۆیان كارەبا بۆ خۆیان دابین بكەن، كارگە هەیە ئەگەر هەموو چاوەكانی بۆ نموونە كارگەی چیمەنتۆ ئیش بكات (١٠٠) مێگاوات كارەبای دەوێت، لەكاتێكدا بازیان لەوێ (٥٠) هەزار دانیشتوانەكەیەتی (١٥) مێگاوات كارەبای سەرف دەكات، بۆیە دەكرێت پێداچوونەوەیەك بەو كارگانەشدا بكرێت، بۆئەوەی كارەبا خۆیان دابینی بكەن و ، كارەبا زیاتر بە هەدەر نەڕوات ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر کوچەر فەرموو.

**بەڕێز عمر صالح کۆچەر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تشتێ نەخۆش ئەڤ نەریتەیە چی دبێتن، ئەم وەزیرێکی مێوان بکەین یان بانگهێشت بکەین بێتە ڤێرێ و ، کۆمەڵە سوحبەتاو قسەو ئاخافتنا دەکەین، ئەو ژی دێ هەندێك وەلامی کورتمان دەداتێ، هەندەکا دی دبێژێت (١٥) رۆژە و کێشە وەکی بەری نووکە من گوتی وەکو خۆ دمینیت، کێشا ڤی وەڵاتی ئیرادەکا حەقیقی یە بن برکرنا گەندەڵیێ، ئەگەر گەندەڵی نەمینیت باور بکە بەس ئیحتیمالە چار، پێنج کەس ژ هەر فراکسیۆنەکێ ئێك بئاخڤیتن بێژن بۆچی گاز ناچیتە ڤان مەحەتا؟ بۆچی هەر دەه مەحەتە هەشت ژێ ئەهلینە، کۆمپانیا ئەهلینە ئەڤ پارە چ لێ دهێتن؟ و ئەڤ کێشە بتنێ خیلالێ روینشتنا پەرلەمانیدا بێتە چارەسەر کرن، نیڤەك ئاریشێت کارەبێ و ئەڤ تەفاصیلێن دی خڕ دێ هێنە چارەسەر کرن، بەس وەختێ جارێ ئەڤ تشتێ دی خو بینە رێزا وەڵاتێن دیتر دا تاڤا رۆژێ و تاڤا ئەڤ نەوعێت دی یێن غازێ و زبلی و ئەڤە خەونەکا گەلەك، گەلەك یا شمە دویرە ڤێ گاڤێ، بەس جارێ ئەم ئەڤێ چارەسەر بکەین، ئەڤە چار هەیڤە ئەز یێ ل هیڤیا راپۆرتا سەرۆکێ دیوانا چاڤدێری یا هاتی گوتی لیژنەکێ چێکەت، وەزارەتا پێشمەرگە لیژنەکێ چێکەت دا دویڤچوونا ئەو مووچە خورێت نە یاسایی بکەت، ئەڤە ئاریشا ئەساسیە؟ پرسیارا من ئەڤەیە دوو صەد (٢٠٠) ملیار پتر دەین یێت ڤێ وەزارەتێ سەر حکومەتێ و ل سەر هاووڵاتیان هەی، ڤێجا ئەگەر هاووڵاتیان ژی واز لێ بینین وەلەو ئەڤێ ژی دڤێتن ئیجرائاتێت کا وەزارەتێ چنە وەختێ ئێك پارا نەدەتن،؟ بەس یێت حکومەتێ ئیجرائات دڤێت بێنە کرن و ئەگەر ئێکێ عەفو بکەن حەق ئەوە پێشمەرگە و هندەك ماڵێت فەقیر و هەژار عەفو بکەن بتنێ، ئەڤێت دیتر لازمە هەمی ئیجرائات دگەڵ بێنە کرن، بەحسێ موەلیدا گەلەك هاتە کرن ژبلی کو چەند مەنزەرەکێ کرێتە، چەند خەڵك پێ هاتیە کوشتن، چەند بوویە قوربانی ڤان موەلیدا ئەڤان تێلێن تەڤنپیرکێ ڤان هەمی ماڵاڤە و نەوعیەت گەلەك جارا، یەعنی ڤۆلتیەت و نەوعیەت چەند تشتێ خەڵکی دهێتە سووتن، چەند خەسارەت ددات، ئەڤ ملەتە دەتن سەرا ڤان موەلیدا، عەلەقەل تەنزیم بکەن، رێك بێخن، تەرتیب بکەن، کێمتر لێ بکەن، هندەك موەلیدێن نەوعی دانن، سیعرا کارەبێ، ڤی شکلی گەلەك ئەڤ تەساعودیە زەرەر فەقیری دبیتن، ژ بیست هزاری حەتا هندەك جارا دگەهیتە سێ صەد و چارصەد، عەلەقەل ژ دوو صەدێ نەبوریت ژ دوو صەد و پێنجی هزارێ نەبوریت، وەزارەتێ چ نەخشە هەیە بۆ مەوزوعێ کێم کرنا صەرفێ؟ گەڵەکا موهیمە ئەز دبینم ئەڤ هەرسێ جیهەتە دێ شێن کێم کەن، ئێك مەزوعێ ئاسایشێ عالەم حسێبێ گەلەك بۆ ئاسایشێ و قانونێ و حکومەتێ دکەت و مەوزوعێ زانا و عولەما و دگەڵ راگەهاندنێ تەقلیلا کێم کرنا صەرفێ گەلەك، گەلەك هاریکرنەکا مەزن، خزمەتەکا مەزنێ بۆ حکومەتێ کەت، ئەڤ تشتێ دی من نەڤێت دووبارە کەم بەس هاریکرنا دهۆکێ ژبەر عەدەدێ زۆرێ لاجئا یا پێدڤی یا بۆ میلاکی و بودجێ و صەلاحیاتا هاریکرنا موحافزا دهۆکێ بێتە کرن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صالح فەرموو.

**بەڕێز صالح فەقێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری کارەباو شاندی یاوەری دەکەم، زۆر بە کورتی لەسەر ئەوەی کە سەرچاوەی تری وزەی بە باو بە وزەی خۆر، سێ، چوار پێشنیارم هەیە سەبارەت بە با، دیارە سێ ساڵ لەمەوبەر دیراسەیەکی لەلایەن وەزارەتی کارەباوە کرا، سەبارەت بە ڕێژەی با لەگەڵ ئاراستەو برِەکەی، بۆ ئەو مەبەستەش چەند شوێنێکیان دیاریکرد کە گونجاوە بۆئەوەی سەرچاوەی وزەی کارەبای لە ڕێگای باوە بەرهەم بهێندرێت، بۆیە لە پلانی وەزارەت ئەوێ باشترە، سەبارەت بە وزەی خۆر من سێ پێشنیارم هەیە یەکەم پێشنیار بۆ ئەو گوندانەی کە دوورە دەستن، جاری وا هەیە چەندین کیلۆمەتر وایەر و عامود و کێبڵ و کولفەیەکی زۆر سەرف دەکرێت بۆ دێیەك ڕەنگە دوو، سێ ماڵ بێت، ڕەنگە وزەی خۆر بکرێتەوە بۆ ئەو دێیە دوورە دەستانەی کە ماڵی کەمیان لێیە، پێشنیاری دووەمم هەر بۆ وزەی کارەبا بۆ شەقامی ناوشارەکان و بازاڕ و ناوکۆڵانەکان و، بەلاّم بە گڵۆپی (lid) ڕەنگە ئەو گڵۆپانەی کە هەندێك لە سلێمانی و هەولێر و شوێنەکان بەتاقەی شەمسی داندراوە ڕووناکی کەمە، بەلاّم ئەگەر بە گڵۆپی (lid) بێ کە لە زۆربەی ولاّتان بەکاردێت و ئەوکاتە هەم دیمەنی ناوشارەکان جوان دەکات و، هەم ڕووناکییەکەشی گونجاو دەبێ، خاڵێ سێیەمم هەر بۆ وزەی خۆر لە هەندێك ولاّتی دونیا بۆیلەری ئاو گەرم کردن بۆ وزەی خۆر بەکاردەهێنن، بۆ ئەم مەبەستە پێشنیار دەکەم ئەگەر وەزارەت وەکو تاقیکردنەوەش بێ بۆ فەرمانبەرکانی خۆشی بێ، ژمارەیەك لەو بۆیلەرانە بەکاربێنێ، دیارە هەموو ماڵەکان لە هەرێمی کوردستاندا ئەگەر لایەنی کەم بۆیلەرێك بەکاردەهێنن ئەگەر وزەی کارەبا بەفیڕۆ دەچێت، بۆیە ئەگەر بتواندرێت ژمارەیەك لە ولاّتان بێنن وەکو سەرەتا بۆ تاقیکردنەوەو بۆ فەرمانبەرەکانی خۆیان بەکاری بهێنن، سەبارەت بەو کارگە گەورانەی کە هەر هەیە من پێشنیار دەکەم وەزارەتی کارەبا بە مەرج داینبێ لەکاتێکدا کە مۆڵەتەکانیان پێدەدا، مەرجی ئەوەبێ کە خۆیان یەکەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا بۆ خۆیان دابین بکەن، کە ئەگەر لە سلێمانی و بازیان بە نموونە بێنینەوە نزیکەی (٥) کارگەی چیمەنتۆ مۆڵەتی پێدراوە، کارگەیەکی ئاسن کە ڕەنگە ساڵی داهاتوو تەواو بێ (١٦٠) مێگاوات کارەبای پێویستە، ئەگەر بۆ لەمەودوا بیر لەوە بکرێتەوە لەگەڵ ئەوەی کە مۆڵەتەکەیان پێ دەبێ و لە یەکەیەکی خۆیان بکرێتەوە، سەبارەت بە بازاڕی کوردستان، بە ناوی بازاڕی ئازادەوە کۆمەڵێك ئامێری کارەبایی وەکو ساجی نان و فرِنی سەموون و وەسائیلی گەرم کردنەوە و کۆمەڵێك لەو ئامێرانە دێنە ناوەوە، کە کارەبایەکی زۆر صەرف دەکەن، حەقە وەزارەتی کارەبا لەگەڵ وەزارەتی بازرگانی لە ڕێگەی سنوورەکانەوە ئەو ئامێرانە قەدەغە بکات، سەبارەت بە شەریکەی کۆرومۆر، ئەم خاڵە ئەوەکانی بە نووسراو دەگەیەنم، شەریکەی کۆرومۆر لە سنووری ناحیەی قادر کەرەمە،

ناحیـەی جـەباریش، ناحیـەی قـادر کـەرەم و ناحیـەی جـەباری کـە دوو ناحیـەن هـەموو پاشمـاوە زیـان بەخشەکانی ئەو شەریکەیە بە سەریان دەچێ، بەڵام تا ئێستا کارەبای نیشتیمانیان نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش، بەڕێز کاك عمر عینایەت، فەرموو.

**بەڕێز عمر عینایەت حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا لە بەڕێز جەنابی وەزیر دەپرسم، ئایا پێش ئەوەی بچێتە ئـەم وەزارەتـە زانیبـووی کـە تەولیـد لای ئەو نییە؟ کە جومگەی سەرەکی یە، دەکرێ بڵێین لە (٥٠٪)ی وەزارەتەکەیەتی، تەبعەن وەزارەتی کارەبا بریتی یە لە تەولید زائیدەن گواسـتنەوە زائیـدەن دابـەش کـردن و کۆنـترۆڵ کـردن، بـەڕای مـن خـۆی بـاش دەزانێ کە ئێستا کارەبا لە وڵاتی ئێمە دراوە بە کەرتی تایبەت، ئەو تەنها وەزیری دابـەش کردنـی کارەبایـە، نەك وەزیری کارەبـا، دەبوایـە پـێش ئـەوەی بچێتە وەزارەتەکـە ئـەوەی بـاش بزانیبـا، تـەنها دوو وێزدگـەی دەربەنـدیخان و دوکـانی بـە دەسـتەوە مـاوە، کـە ئـەوەی دیکـە هـەمووی بۆتـە کـەرتی تایبـەت، ئایـا بـەڕای بەڕێزیان باشتر نەبوو دابەش کردنی کارەبا بدرایە بە کەرتی تایبەت؟ وەك ئەوەی موەلیدە ئەهلییەکان کە یەك سەنتییان نارِوا، یەك دیناریان نارِوا، لە بری ئەوەی تەولید بدرێ بە کارەبا، ئەوەیان نـاکرێ لەمـەودوا ئەو محەتانەی کە دروست دەکـرێن هـەرێمی کوردسـتان و وەزارەتـی کارەبـا خـۆی دروسـتی بکـات، ئـەوە زۆر گرنگە کە جەنابی وەزیر بیری لێ بکاتەوە و جـەوابمان بداتـەوە، ئایـا لەمـەودوا دەکرێـت؟ بـە تایبـەتی دوو وێستگەی (SIK) ئێستا لە مەنتیقەی زاخۆ و مەنتیقەی حەریر دروست دەکرێ، ناکرێ ئێمە بەشـدار بـین تیای دا، ناکرێ بە ڕێژەیەك حکومەتی هەرێمی کوردستان لـە وێستگەکانی چەمچەماڵ و لـە هـەولێر و لـە دهۆك بەشدار بوایە، لەو وێستگانەی کە هی بەڕێز (أحمد إسماعیـل)ە، کـە زۆر گـرنـگ بـوو ئـەوە، مـن یـەك ڕێژە دەخەمە بەردەم بەڕێز جەنابی وەزیر لـە (loss)، لـە وڵاتـی عـیراق لـە (٣٦٪)ە، لـە یەمـەن (٣٣٪)، لـە کوەیـت (٢٠٪)، لـە ئـوردون (١٤٪)، لـە لوبنـان (١٢٪)، لـە سـعودیە (٩٪)، لـە ئیمـارات (٧٪)، ئـەوە هـەر (percent)ە هەمووی، یەعنی لە سەدا، لە قەتەر (٨٪)، کوردستان لـە (٣٣٪)یـە، ئەگـەر لـە (٣٣٪) کـە ئێمـە کۆنترۆڵی ئەم (loss)ە بکـەین، لەگـەڵ (٣١٠٠) مێگاواتەکە، دەکاتـە تەقریبـەن (٤١٠٠) مێگـاوات، کـە زۆر بـە ئاسانی بەشـی هـەموو کوردسـتان دەکـات، کەواتـە ئێمـە کۆنـترۆڵ کردنمـان نییـە، دەکـرێ بـدرێ بـە کـەرتی تایبەت، یان ئەو کارمەندانەی خۆی هەیەتی (sub office)یان بۆ بکاتەوە، کۆنترۆڵی محەویلەکان بکەن و بتوانن زۆر بە زیرەکانە بە بەکارهێنانی ئەو (smart meter)ی کـە بـاس دەکـرێ، زۆر گـرنـگ بـوو ئـەوە، مـن لـە بـەڕێزیان دەپرسـم، لـە سـەردەمی کابینـەی پێـنج دا، لـە سـەردەمی بـەڕێز (هۆشـیار سـیوەیلی) گرێبەستێك کراوە لەگەڵ (تاش)ی تورکی بۆ دروست کردنی وێستگەیەکی پێنج سەد مێگاواتی، چـی لێهـات ئـەو گرێبەسـتە؟ لـە شارۆچکەی تەوێڵە کێشـەیەك هەیـە ئێستا بەڕێوەبـەری ناحیەکـە گازوایـل نـادا بـە موەلیدە ئەهلییەکان، کە ئەوان لە (٢٥٪)ی کارەبا هی ناو شارۆچکەکە چاوەڕێی ئەوەیە کە چارەسـەری ئـەو

کێشەیە بکات، لە بەڕێز جەنابی وەزیری کارەبا دەپرسم، ئایا هەست ناکا ئەو وێستگانەی کە دروست دەکرێ ڕێژەی دانیشتووانی سلێمانی، گەرمیان، ڕاپەرین، هەڵەبجە لە (٤٧٪)ی دانیشتوانی کوردستانە، کەمترین وێستگەی کارەبای تیایە، کە تەقریبەن (١٠٧٠) مێگاوات کارەبا لەوێ بەرهەم دێ، جگە لە وێستگەی کارەبای دوکان و دەربەندیخان کە ماوەیەکی دوور و درێژ سەرچاوەی کارەبای هەموو کوردستان بوو، ئەوە زۆر گرنگە جەوابمان بداتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دەتوانی بە نووسراو ئاراستەی وەزیری بکەی جەنابت، بەڕێز کاک سەرکەوت سەرحەد، فەرمووو.

**بەڕێز سەرکەوت سەرحەد خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان و شاندی یاوەریان دەکەم.

بەڕێزان، بە چەند خاڵێك دەمەوێ چەند هێنێك بخەمە ڕوو دەربارەی ئەم قەیرانەی کارەبا، پێویستە هەوڵ بدرێ بەرهەمهێنانی کارەبا لە فرۆشتنی کارەبا زیاتر بێت، ئەوەش بە دانانی وێستگەی بەرهەمهێنانی نوێ، چونکە لە ئێستادا بەرهەمهێنان (٢٥٠٠) مێگاواتە، خواست لەسەر کارەبا زیاترە، زیاد لە (٤٠٠٠) مێگاواتە، ئەوەش بەوە دەبێت حکومەت ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنان بکات، بێ جیاوازی، تەنها لە چەند وەبەرهێنێك قۆرخی ئەو بوارە نەکەن، هەوڵی دروستکردنی کێبڕکێ بدرێ، تا نرخی کارەبا هەرزان بکرێ، گرێبەستی کڕینی کارەبا شەفاف نییە، ئەوە بەشێوەیەکە کە حکومەت تیایدا زیانی پێ دەگات بە نرخێکی گران دەیکڕێت، لە کاتێکدا دابین کردنی سووتەمەنی بۆ وێستگەکان هەر لەلایەن حکومەت خۆیەتی، ئایا وەزارەتی کارەبا تا چەند ئاگاداری ئەم گرێبەستانەیە؟ ئەگەریش ئاگادار نییە، بۆ؟ گرێبەستی دابین کردنی سووتەمەنی بۆ وێستگەکان تا چەند وەزارەتی کارەبا لێی بێ ئاگایە؟ پێویستە ئەم گرێبەستانە وەزارەتی کارەبا لێی ئاگادار بێ، بەڕێزان دیارە پێویستە تەنسیق و هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتەکان و وەزارەتی کارەبا هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانرێ لە کاتی خۆیدا خزمەتگوزاری کارەبا بگەیەنرێتە شوێنەکان، بۆ نموونە پرۆژەیەکی گەورە لە سنووری عەربەت دەکرێ کە لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە لەسەر بڕی (٢٠٠٠) دۆنم زەوی دروست دەکرێ، کە لەلایەن کۆمەڵێ کۆمپانیای دەرەکی و ناوخۆیی کارگەی تیادا دروست دەکرێ، کۆمەڵێك لە پرۆژەکان لە تەواوبووندان، بەڵام تا ئێستا دەست نەکراوە بە دروست کردنی وێستگەی کارەباکە کە پێویستی بە (٤٠٠) مێگاوات هەیە لەو سنوورەدا، سەبارەت بە کرێی کارەبا، کارەبا ئێستا بەم شێوە لە ماوەی دوو مانگ دا کە سەردانی ماڵان دەکەن، واتا فەرمانبەران بڕی (٩٠٠) کیلۆیە لە ماوەی دوو مانگ دا (١٥) دینار دیاری کراوە، ئەگەر لە ماوەی ئەو دوو مانگە زیاتر بوو لە (٩٠٠) کیلۆ، بڕەکەی زیاد دەکات، واتا ئەگەر لە ماوەی دوو مانگەکەدا دوو نۆ سەد کیلۆیی سەرف بکات، تەنها نۆ سەدی تر، یەعنی واتا دەکرێ بە (٢٠) دینار، پێویست دەکات حکومەت وەزارەتی کارەبا تەنها

حەدێکی ئەعلا دابنێ بۆ ئەوەی کەوا بیست دینار بێت، ئەوە بەو ڕێژە نەبێ کەوا ڕێژەی کارەبا زیاد دەکرێ لەسەر ماڵان، ئەوە ئەوە ناگرێتەوە، سەبارەت بە کۆمپانیا و کارگەکان و دائیرەکان و لایەنە حیزبییەکان ئەوە ناگرێتەوە، دیارە بۆ هاووڵاتیان پێویستە بکرێت بەو شێوەیە، پرسیارێکم ماوە، ئایا هێڵی گواستنەوەی نێوان شارەکان کە (١٣٢) کەی، ڤییە حکومەت پلانی هەیە بۆی ئەوەی ئەو هێڵە بکات بە هێڵێکی چوار سەد کەی، ڤی لۆدی کارەباکان لاوازی هەیە، زەعیفن، بۆیە پێویست دەکات چارەسەر بکرێن، داوایەکی تری فەرمانبەران هی وەزارەتی کارەبا، بەتایبەتی مەحەتەکان کە پێنج وەجبەیە کاتی دەوام کردنیان، تەوزیع چوار وەجبەیە، ئەوە ناعەدالەتییەکە لە دابەشکردنیان، خواستێکی زۆری فەرمانبەرانی دابەشکردن داوا دەکەن بگوازرێنەوە بۆ مەحەتەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك سەرکەوت، دەستخۆش، بەڕێز کاك بێستون فائق، فەرموو.

**بەڕێز بێستوون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من زۆربەی کرا، بەڵام چەند خاڵێك ماوە، یەکێك لەسەر نرخ و کێشەی ناردنی گازوایل لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ وەزارەتی کارەبا ئەوەی هاوڕێیان باسیان کرد، داوای ڕوونکردنەوەی زیاتر لە بەڕێز وەزیر دەکەین، خاڵێکی تر بەشێك لە هاوڕێکان باسیان کرد کە تا ئێستا نەتواندراوە زۆربەی گوندەکانی هەرێمی کوردستان کارەبای نیشتیمانیان پێ بگات، دەمانەوێ بزانین پلانی وەزارەتی کارەبا چییە بۆ ئەوەی بە زووترین کات هەموو گوندەکانی کوردستان ڕووناك بکرێنەوە، کێشەیەکی تر مەسەلەی بوونی مەحەویلەکان و کێبڵ لە ناو کۆڵانەکان و بەسەر ماڵەکان دا کە هەموو وەکو ناڕەزایی گەیشتۆتە دەستی ئێمە، هەندێك جار بوونی ئەو مەحەویلانە کێشە بۆ هاووڵاتیان و دانیشتووانی ئەو سنوورانە دروست دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك زانا عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز زانا عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان و وەفدی یاوەریان دەکەم.

دیارە کێشەی کارەبا کێشەیەکی قووڵە، وەعد و پەیمان و بەڵێنی زۆری لەسەر دراوە، وەکو هەموو وەعد و بەڵێنەکانی تر، دەبینین لەم کابینەیە کێشەکان قووڵترن، هیچی نەگەیشتە دەرەنجام، بەڵام ئەوەی گرنگە بانگ کردنی وەزیرەکانە بۆ پەرلەمانی کوردستان کە بەداخەوە بەشێکی زۆری ئەم بانگهێشتانە بەزیانی خودی پەرلەمان شکاوەتەوە، چونکە ئەوەی کە لێرە باس دەکرێ پلان و ستراتیژ و بەرنامەی دوور

مەودایـە، لـە کاتێـك دا هاووڵاتیـانی کوردسـتان چارەسـەری بـە پەلـەیان دەوێ بـۆ کێشـەکانیان، بەتایبـەتی کێشەی کارەبا، بۆیە لە دوای چوونە دەرەوەی وەزیـر و حەفتەیـەکی تـر کێشـەی کارەبـا چارەسـەر نـەکرێ، خەڵك داواکاری زۆری هەیە لەم پەرلەمانە، قسەی زۆریشمان لەسەر دەکات، بۆیە ئەوەی کە گرنگـە، ئـەوەی من تێی گەیشتم لە بەڕێز وەزیر، پلان و سـتراتیژ و ئەوانـە بودجـەی تایبـەتی دەوێ، ئێسـتاش پـارە نییـە، ئەوەی کە لە دەست وەزیر بێ هـەر دوعـای خێـرە، دڵنیـام لـە دوعـای خێـریش کەمتەرخـەمی ناکـات، شـتە گرنگەکە ئەوەیە لە بارودۆخێکی وەکو ئێستا ئێمە وەزیرمان بـانگ کـردووە کـە ملیـۆن و نیوێـك ئـاوارە لـە هەرێمی کوردستانە، لە بارودۆخێکی ئاوا ناتوانی هەڵسەنگاندن بۆ وەزارەتێك بکـەی، کـە ئـەویش وەزارەتـی کارەبایە، لۆدێکی زۆری لەسەرە، بەڵێ کێشەی کارەبا هەیە لە هەرێمی کوردستان، هاووڵاتیان پێویستیان بـە کارەبا هەیە، بەڵام دوو شت گرنگە کە وەزیر باسی کرد، یەکەمیان ئەوەیە وەزارەتی سامانە سروشـتییەکان سووتەمەنی نادات بەم وەزارەتە، کە ئەوە ئیشی پەرلەمانە بە خێرایی کاری لەسەر بکەین، وەزارەتی دارایی پارە نادا، کە ئەو دوو وەزارەتە وا لێ بکەین کـە هاوکـاری ئـەو وەزارەتـە بکـەن، لـە ئێسـتادا، وەکـو ڕابـردوو لایەنی کەم کارەبا بکەوێتەوە سەر سکە، کارەبا هەبێ، ئەو پلانانەی کە باس کرا لە ئایندە جێبەجێ بکـرێ، شتێکی تر کە زۆر سـەرنجی ڕاکێشـام، زۆر لـەوە بـاس کـرا کـە هاووڵاتیـان دزی کارەبـا دەکـەن، مـن بـۆ خـۆم بەڕاستی وەکـو ئەنـدامی پەرلـەمان ئـەوەم پـێ سـەیرە هاووڵاتیـانی کوردسـتان تۆمـەتبار بکـرێن بـە دزیـنی کارەبا، لە کاتێك دا پارەی کارەبا ئەوەندە زۆر نییە لە کوردستان، تا هاووڵاتی بچێ دزی بکات، دەکرێ تاك و تەرا هاووڵاتییەك کارەبا بەرێ، بەڵام ڕوونە کەمتەرخەمی و بردنی کارەبا لە کوردستان کێیـە، پرسـیارێکی تر سەبارەت بە پارەی قەرز، ئایا چەند پارە لای حکومەتە؟ چەند لای پەرلەمانە؟ چونکە من بۆ خۆم ئـەم خـانووەم وەرگـرت کـە ئێسـتا تیایـدام، هەشـت ملیـۆن دینـار قـەرزارە هـی کارەبـا، بۆیـە ئومێـد دەکـەم ڕوونکردنەوە بدات لەسەر ئەوەی کە قەرزەکان لای کێیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز کاك أبو کاروان، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن فارس (أبو کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی هەردوو وەزیر و شاندی یاوەریان دەکەم.

هـەمووومان دەزانـین بـواری کارەبـا پەیوەنـدی بـە چـەند پرسـێکەوە هەیـە، ئیـداری، یاسـایی، ڕۆشـنبیری، کۆمەڵایەتی، ئابووری، پیشەسازی و ژێرخانی کەرتی کارەبا، پلانکاری بە پێی دابەش کردنی وزەی کارەبـا و ئەحصا و ژمارەی ماڵان، کە تەکنەلۆژیای هاوچەرخی دەوێ، ئەم خاڵانە زەحمەتە بە سێ خولەك گفتوگۆی لەسەر بکرێ، بە هەر حاڵ پێویستە ئیعـتیراف بـە بـوونی گرفـت یـان قـەیران لـە بـواری کارەبـا بکـەین، بـۆ ئـەوەش پێویسـتە هۆکارەکـان دەستنیشـان بکـەین، ڕێگـا چـارە دابنـێین، هـەوڵ دەدەم بـەکورتی یەکـەم/ هۆکارەکانی دارایی یان بودجەی پێویست، دوو/ ڕۆشـنبیری، سـێ/ ئیـدارەی ئـەم گرفتـە یـان ئـەم قەیرانـە،

چارەسەرەکان چەندین خاڵ لەخۆ دەگرێ، لەڕووی پیشەسازی و داراییەوە برادەران قسەیان لەسەر کرد، کە پێویستە وەزارەتی پلاندانان و کارەبا پێکەوە پلان بۆ بنیاتنانی ژێرخانی کەرتی پیشەسازی لە بواری کارەبا دابین بکەن، وەزارەتی دارایی هاوکاریان بکات، نەك وەکو ئەم شێوەیەی ئێستا، پێویستە کێبڕکێ لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتی بۆ ژێرخانی کەرتی کارەبا دروست ببێ، بۆ ئەوەش دەکرێ چەند کۆمپانیایەکی ناوخۆیی و دەرەکی بچنە کێبڕکێوە، بەڵان تا ناوخۆیی بێت باشترە، لەڕووی هۆشیاری و کۆمەڵایەتی بە بەرپرسیارێتییەوە برادەران قسەیان کرد، ناچمە سەری، هەروەها پەیوەندی بە چاکسازیش هەیە، دیسان ئەوە بۆ ئەوەی کاتەکەم تەواو نەبێ قسە لەسەر ئەوە ناکەم، تەنها پشتگیری لە قسەکانی ڕێواز خان دەکەم، هەروەها کاك أبوبکر بۆ پرسیارەکانیان، بەتایبەتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان وا دیارە لەگەڵ وەزارەتی دارایی دا هاوکاری ناکەن، پلانی حکومەت چییە لەم ڕووەوە، هەروەها دوا پرسیاریشم ئەوەیە پێش ئەم کابینەیە کۆمەڵێ پرۆژە پێشکەش کرا بۆ چاکسازی، لە ڕاگەیاندنەکان بڵاوکرایەوە، ئایا تا چەند وەزیر ئاگاداری هەیە و بەرنامەی داناوە سوود لەو پرۆژانە وەرگرن؟ کاریان لەسەری کردووە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو منی نبی، فەرموو.

**بەڕێز منی نبی نادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا لەلایەن بەڕێزان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، زۆر سوپاس بۆ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، تەنها ئەوە ڕوون دەکەمەوە کە بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمان باسی گرنگی یان گرنگ نەبوونی هاتنی وەزیرەکانیان کرد بۆ ناو پەرلەمان، بەڕاستی ئەم بابەتە هەندێ جار پەیوەندیدارە بە وەزیری پەیوەندیدار، کە دەیەوێت ڕوونکردنەوە بدات لەسەر سیاسەتی وەزارەتەکەی خۆی بۆ هاووڵاتیانی کوردستان لە ڕێگەی پەرلەمانەوە، بۆیە خۆی بە پێی ماددەی (٥٣) داوای ئەوە دەکات بێتە پەرلەمان، وەکو چەند وەزیرێك تا ئێستا بەو شێوەیەیان کردووە، بەتایبەتی وەزیری پەروەردە، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان، یان هەندێك جار ئەندامانی پەرلەمان بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێك لە سیاسەتی وەزارەتەکان و هەندێك لەو گرفتانەی کە هاووڵاتیان ڕووبەڕووی دەبنەوە، داوای هاتنی وەزیرە پەیوەندیدارەکان دەکەن بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ئەو کێشە و گرفتانە، کە ئەو پرسانە لە ڕاستی دا لە ناو پەرلەمان نابێتە پرساندن، کە بە پێی ماددەی (٦٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان نییە، لە ڕێگای پرسیارەکانی ئێوە و لە ڕێگای وەڵامی وەزیرە پەیوەندیدارەکان، هاووڵاتیانی کوردستان دەتوانن سەرەدەری ئەوە بکەن کە کێشە و گرفتەکان لە کوێن؟ چۆن دەتوانرێ چارەسەر بکرێ؟ پلانی وەزارەتەکان چییە؟ بانگهێشتی بەڕێز یان ئەمڕۆ ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری کارەبا

له دانیشتنی ئەمڕۆ، لەسەر داوای یاسایی ئەندامانی پەرلەمان بووە، کە داوایان کردووە گفتوگۆ لەسەر قەیرانی یان کێشەکانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان بکرێ، بە ئامادەبوونی وەزیری پەیوەندیدار بە پێی ماددەی (٥٤) بڕگەی دووەم، خاتوو مەدینە نازانم لای من هیچ ناوت نەبوو، بەڵام ئەگەر قسەیەکت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز مدینه أيوب أحمد:**

**سوپاس سەرۆکی پەرلەمانێ.**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی، پرسیارێ من بۆ وەزیری کەهرەبێیە، حەتا چ ڕادە ئاگا ژ هەمی ڕێڤەبەرێن کارەبایێ هەی؟ بۆ نموونە ئەڤە چەندین ڕۆژە لە سەنتەری قەزا زاخۆ پتر ژ پێنجی ماڵ بێ بەهرن ژ کارەبا گشتی، چەندین فوتابی ل ڤی تاخیدا هەنە تا نووکە ئەڤ کێشە نەهاتە چارەسەر کرن، داخوازێ ژ وەزیرێ کارەبا دکەم ئاگاهی ژی هەمی ڕێڤەبەرییێن کارەبا هەبیت و هاریکار بێ دگەل هەمی هاووڵاتیان، هەر ڕێڤەبەرییەك کەیفا خۆ کار دەکات، دیسان گەلەك پرۆژەیێت هەین کارەبا گشتی رەبت کری دگەل کارەبا موەلیدە، بۆنموونە ئەگەر تو بەشدار نەبیت لەگەڵ کارەبا موەلیدێ، تە حەقی کارەبا گشتی ژی نینە، ئەڤە لە دیڤ کیش یاسایێ هاتیە کو تا کارەبا موەلیدە نەبیتن تو بەشدار نەبیت لەگەڵ کارەبا عام ژی، بۆ نموونە گوندی ئیتاڵی لە هەولێرێ، هەروەسا شقەیێ (MFR) لە دهۆکی ژی، دیسان لڤێرێ جێی پرسیارییە بۆ من، وەزارەتا کارەبا دگەل وەزارەتا شارەوانیێ دیسان چ ئاگاه ژ هەنە؟ چونکو گەلەکا کێشە بۆ هاووڵاتییێن پەیدا بی، سەبارەت ملك و ملکێت ڤان هاووڵاتیان، ڤان هاووڵاتیان سەنەدێت رەسمی ڤان ملکاییێت هەین، دبینی وەزارەتا کارەبا بە کەیفا خۆ بورجێت خۆ ل ناو ڤان زەوییێت دانێ، بێ کو بزانیت ئەڤە مولکی کێیە، وەزارەتا کارەبا دڤێت بەری هەنگێ ڤان کێشە دگەل وەزارەتی دی چارەسەر بکات، کو وەزارەت بگاتە هەندێك هاووڵاتی دی، دەما ئەڤ هاووڵاتیا داخوازا مافی خۆ دکرد، وەزارەتا کارەبا دەبێ ڤ تێ ئەڤ هەوا قەرەبوو بکەن، مادام هی نەشن قەرەبوو بکەن، بۆچی تەصەروفی دێ سەر ملکێ خەلکێ دکەن؟ بۆ نموونە ئەڤە ژمارە وان زەوییانە دائیرە کارەبا سەرا چووین و حەقی وی نەگەیشتییە، سوپاس سەۆرکی پەرلەمان.

**بەڕێز د.يوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا داوا لە بەڕێز وەزیری کارەبا دەکەین کە بفەرمێت بۆ سەر مینەصە، بۆ ڕوونکردنەوەکان و وەڵامی ئەم پرسیارانەی ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز صلاح الدين أبابكر (وەزیری کارەبا):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

سەرەتا زۆر زۆر سوپاسی هەموو برایان و خوشکانی پەرلەمانتارانی بەڕێز دەکەین، کە ئەو پرسیارە زۆر و ڕەخنە و سەرنجەیان ئاراستە کردین، بە تایبەتی سوپاسی کاك فایەق ئەندامی لیژنەی پیشەسازی و وزە و

سەرچاوە سروشتییەکان دەکەین، کە ڕاپۆرتێکی دەربارەی وەزارەتی کارەبا خوێندەوە، پێش ئەوەی کە دیارە پرسیارەکان زۆرە، یەعنی سەدان پرسیارە، ئێمە دەکرێ هەندێك لەو پرسیارانەی کە عینوانەکانیانمان نووسیوە جواب بدەینەوە، ئەوەی تریشی دەکرێ دوایی لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا بە نووسراو بینێرینەوە خزمەتی جەنابتان، ئێمە ئەو پرسیارانەی ئاراستەمان کرابوون هەموویمان وەڵام داوەتەوە، جا ئیتر نازانین گەیشتۆتەوە دەستی پەرلەمانتارەکان یان نەگەیشتووە، پێویستە سەرەتا ئەوە بڵێین کە گرفتی سەرەکی لە وەزارەتی کارەبا ئەو شەش مانگەی کە ئێمە کارمان تێیدا کردووە، دەتوانم بڵێم (٤٠٪)ی لە ئێستادا بەرهەمهێنانە، (٦٠٪)ی دابەش کردنە، گواستنەوە و دابەشکردن، ڕاستە لە ساڵانی پێشوو زۆر بەڵێن دراوە کە کێشەی کارەبا چارەسەر بکرێت، بەندە ئێستا دەزانێ وەختێ کە حیساب کراوە، ئەوەندە وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە ژێر جێبەجێ کردنن، دوای ئەوەندە ساڵ تەواو دەبێت، ئەوەندە مێگاوات بەرهەم دەهێندرێت، کێشەکە چارەسەر دەبێت، بەڵام لە ڕاستی دا لەبەر ئەوەی کە هاوتەریب لەگەڵ بەرهەمهێنانی کارەبا کار نەکراوە لەسەر گواستنەوە، بەتایبەتی لەسەر دابەش کردنی کارەبا، چونکە دڵنیابن ئەگەر هەزارەها مێگاواتی تر بەرهەم بهێنین کارەبا بەو شێوەیەی ئێستا بەرهەم دێت، کێشەکە هەر وەکو خۆی وایە، وەکو ئەوە وایە تۆ ئاو بکەیتە بەرمیلێکی کون، هەر چەند تۆ ئاوی تێ بکەی پڕ نابێت، لەبەر ئەوە ئێمە لە وەختێك کە پلانەکەمان خوێندەوە، باسمان کرد کە هاوتەریب بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا ئیش دەکەین، لەو سەریشەوە دابەش کردنی کارەبا ڕێك دەخەینەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە پرسیارەکان ئەوەی کە تیکرارە، بە بێ ئەوەی کە ناوی بەڕێزان پەرلەمانتارەکان بڵێین، یەکەم شت باس لە پێوەری زیرەك کرا، تەبعەن چارەسەری بنەڕەتی کێشەی دابەش کردنی کارەبا بە دانانی پێوەری زیرەکە ( smart meter)، بەندە لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا یەك سەفەری دەرەوەمان کرد، چووینە هۆڵەندا لەگەڵ ئەوەی کە بە دەیان داوەتنامەمان بۆ هات، بەڵام لەبەر سەرقاڵیمان بە کاروباری ڕۆژانەی وەزارەتی کارەبا نەچووین، بەڵام بە پێویستمان زانی بچین، چونکە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی بوو دەربارەی پێوەری زیرەك، لەوێ ئەوەمان بۆ ڕوون بۆوە کە قانونێك لە یەکێتی ئەوروپا هەیە، کە دەبێتە (٢٠٢٠) پێوەری زیرەك لە هەموو وڵاتانی ئەوروپی ببەسترێت، خۆ ئەوان کێشەی کارەباشیان نییە بەو شێوەی کە ئێمە هەمانە، کارەبای (٢٤) سەعاتیان هەیە، بەهۆی دانانی پێوەری زیرەك هەتا (٢٠٣٠) (٧٠) ملیار دۆلار تەوفیر دەبێ بۆ وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، چونکە ئێستا لە هەموو دونیا بەرهەمهێنانی کارەبا کە پشت دەبەستێ بە سووتەمەنی دەگەڕێن کە واز لە سووتەمەنی بهێنن، تاقەی بەدیل کە وزە نوێ بووەکانە بەگەڕ بخەن، وەکو وڵاتی ئەڵمانیا کە دایناوە تا (٢٠٥٠) (٨٠٪) لە بەرهەمهێنانی کارەبا بگوازێتەوە بۆ وزە نوێبووەکان، کە ئەوە لە پلانی ئێمەش دا هەیە، بە فیڕۆ چوونی کارەبا و (loses) و تەجاوزات و دابەش کردنی ئەو مێگاواتەی کە هەتە، هەمووی لە دەستی تۆ دەبێ بە هۆی (smart meter)، وەختێ کە تۆ (smart meter) دادەنێی، دەتوانی ئەو (٣٠٠٠) مێگاواتەی کە هەتە بەشێوەیەکی یەکسان لە کاتێك کە (public)ت هەیە دابەشی بکەی بەسەر هاووڵاتیان، لەڕێگای شاشەیەکەوە لە ژووری سەیتەرەوە تۆ دەتوانی هەر ماڵێك (٣٠)

مێگاواتی ئەمپێر کارەبای بدەیتێ، وەختێ یەکێ پارەی کارەبا نادا، ڕاستەوخۆ تۆ دەتوانی کارەباکەی بۆ بکەیە پێنج ئەمپێر، ئەگەر نەیدا لێی ببڕی، دوایی بۆی بکەیە کارت، بە کارت ئەو جارە کارەباکەی لێ وەربگرییەوە، لەبەر ئەوە زۆربەی هەرە زۆری کێشەکانی بواری دابەش کردن بە (smart meter) چارەسەر دەکرێ، لە کابینەی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم (smart meter) بووە، بەڵام وەختێ کە لە شوێنێك پایلۆتێك چارەسەر کراوە، سەرکەوتنی بە دەست نەهێندرا، ئەوە لابراوە، لە کابینەی پێشوو دوو ساڵ زیاتر ئیشیان کردووە لەسەر (smart meter)، گەیشتۆتە قۆناغی کۆتایی، (short list) کراوە بۆ پێنج کۆمپانیا، ماوەتەوە سەر ئەوەی کە بچن سەردانی ئەو شوێنانە بکەن کە ئەو کارگانەی کە ئەو شتانە (smart meter) و پێویستییەکانی تر دابین دەکرێ، لە (٢٠١٣/٩/٣٠) بە بڕیارێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پرۆژەی (smart meter) ڕاگیراوە،، ئێمە لەو کاتەوەی کە دەست بەکاربووین لە هەوڵی سەر لەنوێ بەگەڕخستنەوەی سمارت میتەرین، ئێمە لە کۆبوونەوەی (٩/٩) لە ئەنجومەنی هەرێمی بۆ کاروباری گازو نەوت لە کۆبوونەوەی دووەممان لە (١١/١٨) تەئکیدمان لەسەر ئەوە کردەوە کە دەبێ ئەم سمارت میتەرە بخرێتەوەگەڕ، خۆشبەختانە لەو بارەوە بڕیارێکی پێویست وەرگیراوە کە بووەتە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ئێمە (انشاءالله) دەست دەکەینەوە بە سمارت میتەر، چونکە بەهۆی جێ بەجێ کردنی ئەو سمارت میتەرە ئێمە دەتوانین زۆربەی هەرە زۆری، ئەگەر نەڵێم هەموو کێشەکانی دابەشکردن لە بواری کارەبا چارەسەر بکەین، بە تەسەلسول باسی موەلیداتی سەقەر کرا، کە (١١٦) مێگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنن، ئێمە زوو ویستمان ئەم موەلیداتانە بەگەڕ بخەینەوە، نووسراوێکی فەرمیمان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرد، بەڵام ڕازی نەبوون لەسەر بەگەڕخستنەوەی ئەو موەلیداتانەی کە هەیە، دامان نابوو بیانێرینە ئەو شوێنانەی کە وێستگەی بەرهەمهێنانی تێدانییە، وەکو قەڵادزێ و ناوچەی ڕاپەڕین، وەکو گەرمیان و هەندێ شوێنی تر، مەوزوعی شەت داون کە ڕوویداوە چوار جار بووە نەك حەوت جار، ئێمە هەر لە ساتەوەختی ڕوودانی ئەم شەتداونانە  لیژنەیەکمان لە ئاستێکی باڵا پێکهێناوە بۆ لێکۆڵینەوە لەڕوودانی شەت داون و دانانی چارەسەر بۆ دووبارە نەبوونەوەی، هۆکارەکانیشی چییە؟، چەند کۆبوونەوەی یەك لە دوای یەك کراوە، هەموو ئەو شتە فەنییانەی کە پێویستن بۆ ڕێگرتن لە دووبارە بوونەوەی، وەرگیراون و ئێستا لیژنەیەك دەبێ موتابەعەی بەردەوامی ئەوە دەکات، بەڵام تا ئێستا نەگەیشتووینەتە ئەو نەتیجەیەی کە ئایا هۆکارەکە چییە؟، چونکە هۆکارەکە ئەگەر لەوێستگەی بەرهەمهێنانەوە بووبێ، ئەوا ئێمە قەرەبوو نادەین، ئەگەر هۆکارەکە حکومەت بووبێت و لە تەرەفی وەزارەتی کارەباوە بێ ئەبێ ئەوکاتە ئێمە قەرەبوو بدەین، بۆیە هەموو پسپۆڕەکانی ناو وەزارەتی کارەبا بەجدی لەسەر ئەوە ئیش دەکەین، هەوڵمان داوە سوود وەربگرین لە هەندێ شارەزا و پسپۆڕ لەو بوارەشدا، (انشاءالله) گەیشتینە ئەنجام ئەو کاتە بەرەنجامەکان دەدەینە جەنابیشتان، مەوزوعی خورمەڵە و وێستگەی خورمەڵە هەزار مێگاواتە، بەڵام چوار وەحدەی تەواو بووە، هەر وەحدەی (١٠٦) مێگاوات بەرهەم ئەهێنێت، کە هەر چواریان دەکاتە (٦٤٠) مێگاوات، لە (٢٠١٤/٩/١٨) ئەو وێستگەیە ئامادەیە بۆ ئیش پێکردن،

لەبەرئەوەی سووتەمەنی نییە نەخراوەتە گەڕ، بەندە چەند جار لەهەموو کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران باسی ئەو کێشەیەم کردووە، لە هاوینەوە من لە گفتوگۆ دام لەگەڵ سەرۆکی حکومەت، جێگری سەرۆکی حکومەت، وەزیری سامانە سروشتییەکان، وەختێ من کە دەست بەکاربووم هاوین گرفتەکان زۆر بوون، کۆبوونەوەیەکمان کرد گوتمان با لە ئێستەوە گرفتەکانی زستان دیاری بکەین و هەوڵی چارەسەرکردنیان بدەین، یەکێك لەوانە بەگەڕخستنی وێستگەی خورمەڵە بوو، بەڵام لەو کاتەوە ئێمە نەمانتوانیوە سووتەمەنی دابین بکەین، تەنانەت چەندین جار ئێمە پەیوەندی شەخسیمان کرد لەگەڵ پارێزگاری کەرکوك بۆ دابین کردنی سووتەمەنی و نەوتی خاو، ئامادەبوون نەوتی خاومان بدەنێ، خۆمان تەسفیەی بکەین، لە مەسفای کەڵەك، گازوایلەکە بەکاربێنین بۆ بەگەڕخستنی موشتەقاتەکانی تریش یان بیکڕینەوە یان لە موقابلی کارەبا حسابی بکەین، بەڵام ئەوەشمان نەتوانی، ئێمە دوو کۆبوونەوەمان کردووە لەگەڵ ئەنجومەنی هەرێمی بۆ گازو نەوت، لە هەر دوو کۆبوونەوەکە تەوەری سەرەکی بەگەڕخستنی خورمەڵە بووە، کە بەڕێزان جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری سامانە سروشتییەکان و وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان ئەندامی ئەو ئەنجومەنەن، لەوێ باسمان کردووە کە پێویستە ئەم وێستگەیە بەگەڕ بخرێ، چونکە ئێمە لە زستاندا خواست لەسەر کارەبا زۆر دەبێت، بەڵام هەموو هەوڵەکانمان تا ئێستا سەرکەوتنی بە دەست نەهێناوە لە دابین کردنی سووتەمەنی، ئێمە لێرە ئەرك لەسەر خۆمان لانابەین، تەحەمولی مەسئولیەتی خۆمان بە زیادەوە دەکەین، زانیومانە وەزارەتی کارەبا ئەو گرفتانەی هەیە، زانیومانە وەزارەتێکی گرنگە و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە هەموو خەڵکی کوردستانەوە هەیە، بەڵکو کارەبا ئەو پێوەرەیە کە پێشکەوتنی وڵاتەکانی پێ دەپێورێ، نەك هەر هاووڵاتیەکی کوردستان، بەڵکو ئەوانەی بیانین لێرەش دەژین، لەڕێگەی بوونی کارەباوە و نەبوونی کارەباوە دەتوانن لە ئاستی گەشەکردن و ئاسوودەیی لە هەرێمی کوردستان دا بپێون، ئێمە گرنگی ئەوە باش دەزانین، لەبەرئەوە باس لەوە کرا هێڵەکانی گواستنەوە ناتوانن بیگوازنەوە، ئێمە هەشت خەتمان هەیە بۆ گواستنەوەی کارەبا، هەر خەتی (١٢٥) مێگاوات دەگوازێتەوە، چوار خەتیان ئێستا مەجالی هەیە ئێمە کارەبای پێدا بگوازینەوە، (٤) × (١٢٥)دەکاتە (٥٠٠) مێگاوات ئێمە دەتوانین لە خورمەڵە بگوازینەوە، ئەوە (٥٠٠)، (٢٥٠) لەگەڵ (١٠)ی دوزخورماتوو (٢٦٠) مێگاوات ئێمە دەنێرینە کەرکوك، دەتوانین ئەم (٢٦٠) مێگاواتە ببڕین، لەوانە لە هێڵی (٤٠٠) کەی ڤی بیدەینە کەرکوك، ئەویش بێنینەوە لەگەڵ (٥٠٠)ەکە دەکاتە (٧٦٠) مێگاوات داخلی تۆڕی کارەبای نیشتمانی لە هەرێمی بکەین، لە مانگی (٣) دا باقی ئەوەکانی تر کە تەواو دەبێ هەندێك هێڵە، هەموو تاقەکە وەربگرین، بەنداوی بێخمە هەموومان دەزانین کە بڕیار بوو لە (٩٢) تەواو ببێ، بەڵام دوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی هەرێمی کوردستان، خەڵك بەنداوی بێخمە ئەوەی چووبێ هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە، لەبەرئەوە ڕاگرتنیشی بڕیارێکی سیاسی بووە، دەست پێکردنەوەکەشی بڕیارێکی سیاسییە، ئەگینا ئێمە هەر لەسەرەتاوە دەست بەکاربووین، لە بیری ئەوە دابووین کە ئەم بەنداوە بەگەڕ بخەین، (١٥٠٠) مێگاوات کارەبا بەرهەم دێنێ، سوود لە ئاوەکەی وەردەگیرێ بۆ سامانی ماسی و بۆ گەشتوگوزاری و بۆ

هەموو شتێك ئیستفادەی لێ دەكرێ، وەنەبێ ئەوە لە پلانمان دا نەبووبێ، یان لەخەیاڵمان نەبووبێ، دەرماڵەی (٣٠ـ ٧٥) كە لە بەغدا (٧٥٪) ئەدرێ كە دەرماڵەی مەترسییە، لە هەرێمی كوردستان (٣٠٪)یە، بەڵێ ئەوە لە بەرنامەی ئێمە هەیە و وەختێ پەیوەندییەكانی نێوان هەرێم و بەغدا ئاسایی بووەوە دەكرێ ئێمە ل پەیوەندی دابین لەگەڵ وەزارەتی كارەبا و ئیش لەسەر ئەوە بكەین، چونكە كارەبا هەر كارەبا، مەترسی هەر مەترسییە، بۆیە پشت بەخوای گەورە لەماوەی ئەم چوار ساڵە و لە نزیكترین فرسەت دا كار لەسەر ئەوە دەكەین كە ئەو (٧٥٪) دابین بكرێ بۆ فەرمانبەرانی وەزارەتی كارەبا، مەشروعی سكادە و گەیاندن كە پرۆژەیەكی ستراتیژی وەزارەتی كارەبایە، واتە ئیش پێكردنی سیستمی كارەبا بە مۆدێرنترین سیستەم، هەر كاتێ سێ هەزار مێگاوات تەولیدت هەبوو (لابدمنە) دەبێ سیستمی سكاداتت هەبێ، ئەوەی ئێمە ئێستا ئیشی پێ دەكەین بەڕێزان كۆنترین و تەقلیدیترین سیستمی ئیشپێكردنی كارەبایە، كە بە تەلەفۆن و ڤی، ئێچ، ئێف، ئیش دەكات، بەڵام ئەم پرۆژەیە لە نزیكەی (٧٠) ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان كراوە، شەریكەی (سمنسی) ئەڵمانی جێ بەجێ ی دەكات، لە مانگی (٨)ەوە تەعلیقی ئیش كردنیان كردووە بە بیانووی ئەوەی كە ئێمە بودجەمان بۆ دابین ناكرێ، گرفتەكە هەتا ئێستا نەتوانراوە ئەو (ئێل سییە)ی ئەوان داوای دەكەن بۆیان دابین بكرێ، ئێمە هەر لە مانگی (٧)ەوە، داوامان كرد (٧) ملیۆن دۆلار دابین بكرێ تا ئێلێ، سی بكەینەوە بۆیان، لەگەڵ (٥) ملیۆنی تر ئەوە (١٢) ملیۆن، بەڵام تا ئێستاش ئێمە نەتوانیوە حەوت ملیۆن دینارەكە دابین بكەین و ئێلێ سی بكەینەوە بۆ ئەو كۆمپانیایە، دوای ئەوەی كە مەترسی دروست بوو لەسەر هەرێمی كوردستان داوا دەكەن كە (٤٥) ملیۆن ئێلێ، سیان بۆ بكەینەوە لەگەڵ ئەوەش ئێمە داوامان كردووەو من شەخسی كتابەكەم بردووەتە لای بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و موافەقەی شەفەهیم لێ وەرگرتووە ئەم ئیلێ، سییە بكەینەوە، چونكە ئێمە لە گفتوگۆین لە مانگی (١١) ەوە كە مانگی (١) مەوعیدمانە كە بێنەوە مەرجیان ئەوەیە ئێلێ، سییەكەیان بۆ بكەینەوە كە زامن بوون پارەكەیان پێ دەدرێ، ئینجا بێنەوە ئیش بكەن، چونكە پرۆژەیەكی ستراتیجیە، ئێمە لە خەمی داین، لە پلانمان هەیە دەبێ جێ بەجێ ی بكەین، وەختێ سكادات بوو نە شەتداون ڕوودەدات، هەموو خەلەلەكان بە زوویی چارەسەر دەبێ، تۆ لەڕێگەی شاشەیەكەوە كۆنترۆڵی هەموو سیستمی كارەبات دەكەی، لە هەر شوێنێك خەلەل بوو تۆ ڕاستەوخۆ دەیبینی، بەڵام ئێمە نەوەستاوین بەدیار پرۆژەی (سكادات)، بەڵكو هاتین بەچكە سكادایەكمان دروست كرد بۆ ئەوەی بزانین لەڕێگەی كۆمپانیایەكەوە كە ئێستا تەواو بووە لەسەر وێستگەكانی بەرهەمهێنانی شەریكەی كۆمپانیای ماس كە (٨٥٪)ی تەولیدی ئەوانە شاشەمان داناوە لە كۆنترۆڵەوە ڕاستەوخۆ دەزانین كە چەند مەحەتەكان چەندیان ئیش دەكەن و تەولیدیان چەندە، ئەوانە لەسەر مۆبایلەكانی ئێمە و برێك لە وەزارەت و بەڕێوبەرایەتییە گشتییەكانیش هەیە، ئێمە ڕاستەوخۆ بەدواداچوون بۆ بەرهەمهێنان دەكەین، لەڕێگەی ئەو پرۆژەیەی كە دامانناوە وەكو گوتم بەچكە (سكادا)یەكە وەستاوین بەدیار ئەوەی بزانین هەتا ئەم تەواو دەبێت، ئێمە هەر دوو سەعات جارێك ڕاپۆرتمان بە مەسەج بۆ دێت، پێمان دەڵێن تەولید چەندە، مەحەتەی چەند ئیش دەكات؟، چەند دابەش

کردن هەیە، چەنێك لۆتشێدینگ هەیە هەموو ئەو تەفسیلاّنە دوو سەعات، دوو سەعات ئێمە موتابەعەی دەکەین، بەیانیان وەختێ هەڵدەستین بۆ نوێژی بەیانی، دوای نوێژ ڕاستەوخۆ سەیری مۆبایلەکەم دەکەم ئەم شەو چی ڕوویداوە، چەند تەولید بووە، چۆن بووە؟، ئێمە هەموو کاتەکانمان خستۆتە بواری خزمەت کردنی کارەبا، بەڵام لەڕاستی دا ئەرکێکە ئاسان نییە، بەڵام زەحمەتیش نییە، بەڵام (انشاءالله) ئەهلین بۆ ئەوە و چارەسەریشی دەکەین بەهاوکاری هەموو لایەك، نرخی کارەبا یەکسانە لە هەموو کوردستان، چونکە نرخەکە دیاری کراوە، (١٥ دینار) بۆ (٤٥٠) وەحدەی یەکەم، هەتا (٩٠٠)، کە بوو بە (٩٠٠) دەبێتە (٢٠) ئینجا بۆ (٣٥) زیاد دەبێ تا دەگاتە (٢٠٠ دینار) بۆ (٥) هەزار وەحدە، لە هەموو کوردستان نرخەکان وەکو یەکە، بەڵام جیاوازیەکە چییە؟ لە پارێزگای دهۆك مانگانە پارە کۆدەکرێتەوە، لە پارێزگای هەولێر و سلێمانی دوو مانگ جارێك، بۆچی لێرە وایە، ئێمە ویستمان بیکەینە مانگانە جارێك، بەڵام لەبەرئەوەی ژمارەی عەداد کەمە، نەمانتوانی وبڕیاردان دوو مانگ جارێك بێت، ئەوە هۆکارێك بوو، هۆکاری دووەم ئەوەیە کە هاندانێك هەبووە لە ساڵانی پێشوو (٢٠١٣) ئەو کەسەی کە دەچێت پسولەکە تەوزیع دەکات، ئەگەر توانی (٩٠٪) بە سەرەوە کۆبکاتەوە، (٥٠٠) دینار بۆ خۆی بێت، بەڵام ئێستا کراوەتەوە (١٥٠) دینار، لەبەرئەوە ئەو کەسە هاندانێك نییە بچێ ئەو پارەیە کۆبکاتەوە، بۆیە ئێمە ئێستا لە بیری ئەوەین جارێکی دیکە نە (٥٠٠) دینار (٧٥٠) بدەین بەو کەسەی کە دەچێ، پێشنیار بکەین تەبعەن دەبێ وەزارەتی دارایی و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕازی بن لەسەر ئەمە، بۆ ئەوەی هاندان بکرێت، دوای ئەوەی کە تۆ بەهۆی ئەوە پارە زۆر کۆدەکەیتەوە، دەتوانی عەداد بە گرێبەستیش دابمەزرێنی وەکو لە ساڵانی پێشوو هەبووە بەداخەوە جارێکی تر ئەوە لە وەزارەتی داراییەوە لە کابینەی پێشوو ڕاگیراوە، موراجەعەی عەقدەکات، ئەوە یەکێکە لە بەرنامەی ئێمە، بەڵێ عەقدەکان کەکراوە قەرەبوو (١٠٠٪)ە لە کۆمپانیای ماس ئەوە لە (٢٠٠٧ ) و ئەوانە کراوە، ئەو کاتە چۆن کراوە بۆ تەشجیع بووە، بۆ تەشویق بووە، بەڵام ئێستا پێویستی بە موراجەعە هەیە، هەر بۆ زانیاری جەنابتان لە کۆتایی (٢٠١٢) بڕیارێك دەرکراوە بە پێداچوونەوەی عەقدەکانی کۆمپانیای ماس واتە (احمد اسماعیل)، یانزە مانگ لیژنەیەکی زۆر گەورەو بەهێز موراجەعەی کردووە، تا لە کۆتایی (٢٠١٣) هەموارکردنەکە تەواو بووە، بەڵام دوای یەك هەفتە بە نووسراوێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کارکردن بە هەموار کردنەوەی بەم عەقدە هەموار کراوە ڕاگیراوە، پێویستی بەوە هەیە پێداچوونەوە بکرێت، بۆ زانیاری جەنابتان لەڕاگرتنی ئەو عەقدە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی کارەبا نزیکەی (٣٥) ملیۆن دۆلار زەرەری کردووە، چونکە بە گوێرەی عەقدە هەموار کراوەکە دەبێ غەرامە و قەرەبوو (١٠٠٪) بۆتە (٨٠٪)، ئەو (٢٠٪) ئەوەندە فەرقی هەبووە، ئێمە ئێستا لیژنەیەکمان هەیە بۆ پێداچوونەوەی هەموو گرێبەستەکە لە پێش هەمووشیانەوە گرێبەستەکانی کۆمپانیای ماس، کە دەبێ بەو شێوەیە بێ لە مەسڵەحەتی وەزارەتی کارەبا و حکومەتی هەرێمی کوردستان بێ، کارەبا بۆ دەرەوەی هەرێم سێ ساڵ و چوار مانگە بە بڕیارێکی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان کارەبا دەدرێت بە کەرکوك، کەرکووك شارێکی کوردستانییە، ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە کارەبایان پێ بدرێ،

هەموو لەبیرمانە ئەوان لە ئەزمەیەکی قوڵی کارەبا بوون، برایان و خوشکانی ئێمە لەوێن، ئێستاش هەر بەردەوامین و ئەوە دەدەین، پێموایە ئەوە کارێکی باشە و جێگای دەستخۆشیشە، کاشێ غازەکەی ڕاوەستاوە، منیش دەڵێم بەداخەوە نەدەبوو ڕاوەستێ، ئەوە وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە بۆچی مەحەتەی غازی لە کاشێ ڕاوەستاوە، ئەو بیرە غازەی کە غازەکەی لێ بەرهەم دەهێنرا کە هەر وەحدەیەك (٢٦-٢٧) پێ سێ جێگا، (مق مق) غازی سروشتی دەوێ بۆ ئیش پێکردنی هەر وەحدەیەك، کە نرخی ئیش پێکردنی وێستگەیەکی بەرهەمهێنان بە غاز زۆر زۆر کەمترە لە گازوائیل کە پێویست بوو زۆر لە ئێستا زووتر هەموو وێستگەکانی گازوائیل بگۆڕدرابانە بۆ وێستگەی غازی، ئەوە نەکراوە؟، وەڵامەکەی لای وەزارەتی سامانە سروشتییەکانە، ئەو گرێبەستەیە کە لەگەڵ داناغاز کراوە، ئێستا موشکیلە دروست بووە لەسەری، ئێستا لە مەحکەمەن لە لەندەن، بە گوێرەی زانیاریەکانی ئێمە مەحکەمەکە لە صالحی داناغاز کۆتایی پێ هاتووە، ئەمەش وای کردووە بە دەیان هەزار دۆلار غرامە بچێتە سەر سامانە سروشتییەکان، بەس لەگەڵ ئەوەشدا هەر سوورین لەسەر ئەوەی کە پێویستە گازوایل کە گرانترین جۆری سووتەمەنییە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، بگۆڕین بۆ غاز، لە هەر دوو کۆبوونەوەی (٩/٩ و ٩/١٨) ئێمە لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە ئەنجومەنی ئابووری گاز و نەوت باسی ئەو مەوزوعەمان کردووە، ئێمە داوامان کرد لە ماوەی یەك ساڵی داهاتوو دا هەموو وێستگەکان بگۆڕێ بە غاز، بۆ ئەوەی ئەو کولفەیە کەم بێتەوە، ئێمە بەڵێنمان داوە لە دیباجەی پلانەکەمان نووسیومانە، بەڵام وەزارەتی سامانە سروشتییەکان داوای دوو ساڵی کرد، دەرەئەنجام ڕێك کەوتین لەسەر ئەوەی کە نەسێك بنووسرێ بۆتە فەرمانێکی ئەنجومەنی وەزیران کە لە ماوەی ساڵێك و لە دوو ساڵ تێ نەپەڕێ و هەموو وێستەگانی گازوایل بگۆڕێ بۆ غازی سروشتی، مولیدە ئەهلیەکان هیچ پەیوەندیان بە وەزارەتی کارەباوە نییە، ڕاستەوخۆ لە هەموو پارێزگاکان لیژنەی مولیدە ئەهلیەکان هەیە، تەنها ئەوەندە هەیە هەموو سەری مانگێك تەنسیق دەکرێ لە نێوان بەشی کۆنترۆڵ و گەیاندن لەگەڵ مولیدە ئەهلیەکان چەند سەعات کارەبای نیشتمانی ئەدرێت، بۆ نموونە دەڵێین (٢٠) سەعات کەمتر، زیاتر، مولیدە ئەهلیەکانیش با ئەوەندە کارەبا دابین بکەن، بەڵام جاری واهەیە لە زستان و هاوین پێشبینیەکان وەکو خۆی دەرناچێ، ئێمە تەوەقوع دەکەین مەسەلەن لەماوەی ئەو مانگە ئەوە نەبێ، بەڵام جاری واهەیە لە هەفتەی یەکەم دا پێشبینیەکە سەرمایەکی لە پڕ دێت و یان گەرمایەکی لەپڕ دێت، بۆیە ڕێژەی پێدانی کارەبای نیشتمانی کەم دەبێتەوەو مولیدە ئەهلیەکان ئەبێ زیاتر بدەن، ئینجا داوای پارەی زیاتر دەکەن، ئەوە باسی مولیدە ئەهلیەکانە کە ئێمە لە تەنسیق داین لەگەڵیان، میلاکاتی دهۆك کەمە، بەڵێ (١١٪) کەمە، ئێمەش دەڵێین کەمە، ئەوە لە ئەنجومەنی وەزیرانیش باسکرا، ئەو وەفدانەی کە چوونەتە دهۆك دوای ئەوەی کە نزیکەی بەقەدەر دانیشتوانی پارێزگای دهۆك خەڵك ڕووی کردووەتە دهۆك، دەرکەوت کە بەڵێ میلاکات لە دهۆك کەمە و ئێستا نزیکەی (١٥٠٠) میلاکی تازە بڕیارە بۆ دهۆك دابندرێ، بۆ ئەوەی هەم ئەم بارە نائاساییەی ڕووی تێکردووە و بتوانن بەڕێوەی بەرن، لەوانەشە بەشێکی بەر وەزارەتی کارەبا دەکەوێ، هەندێك باسی ئیستسنایان کرد، کە بۆ دهۆك ئێمە لە پێدانی کارەبا

چاوپۆشیمان کردووە، بەڵکو هاوکاری دهۆکمان کردووە کە بە تێکڕا بوونی کارەبا زیاتر بووە، لە دهۆك زیاتر بووە، لە هەولێر و سلێمانی، لەبەرئەوە ئەو بارە نائاساییەی کە لەوێ هەیە، بەهۆی ئەو سەدان هەزار ئاوارانەی کە لەوێ هەن، سزای تەجاوزات بەداخەوە تەجاوز لەسەر کارەبا تەنها غەرامە دەکرێ، (٣٠) هەزار دینار لەگەڵ (٢) ساڵ تەقدیری سەرفیات، ئێمە هاتووین، ئەم سێ هەزارەمان کردووەتەوە، (٣٠٠) هەزار دینار بۆ ماڵان، ئەوەشی کە لە کەرتی کشتوکاڵ وبازرگانی و سیاحی و میریە (٥٠) دینار بووە کردوومانەتە (٥٠٠) هەزار دینار، بەڵام ئەوە ناردوومانە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، تا وەزارەتی دارایی موافەقەمان پێ دەدات، چونکە ئەوە لە دەسەڵاتی ئێمە نییە، ڕاستەوخۆ غەرامەکە زیاد بکەین، ئەوەشمان کردووە، لەبیری ئەوەش داین کە بەڕاستی تەجاوز لەسەر کارەبا وەکو تاوان بیناسێنین، ئەوە داوا دەکەین لە پەرلەمانی بەڕێز کە لەوە هاوکارمان بن، چونکە تەجاوز لەسەر کارەبا تەجاوزە لەسەر سامانێکی نیشتمانی گەورە، بۆیە پێویستە وەکو تاوان سەیری بکرێ، بۆ ئەوەی کە ڕادعێکی گەورە بێ و خەڵك نەتوانێ بە ئاسانی تەجاوز لەسەر کارەبا بکات، بەڵێ ئێمە کۆبوونەوەمان کردووە لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان وەکو گوتم، دوو کۆبوونەوەی فەرمیمان کردووە هەر بۆ کێشەی کارەبا لە (٩/٩ و ٩/١٨)، بۆیە ئێمە لە پەیوەندی بەردەوام داین، بەڵام نایشارمەوە ئێمە ناکۆکین لەسەر ئەوەی کە لە هەندێك شت، ئێمە پێمانوایە دەبێ دابین کردنی سووتەمەنی وەکو مووچە سەیری بکرێ، چونکە کارەبا پەیوەندی بە هەموو خەڵکی کوردستانەوە هەیە، بەڵام ئەوان پێیانوایە کە مووچە لە پێشی هەموو شتێکە وەختێ کە مووچە دابین کرا، ئینجا سووتەمەنی کە پێویستی بە پارەیە بۆ کڕینی دابین بکرێ، لەسەر ئەوەیە ئێمە ناکۆکین و ئێستاش ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە دەبێ دابین کردنی سووتەمەنی بۆ کارەبا واتە پێدانی کارەبا بە هاووڵاتیان لە ئەولەویاتی یەکەم بێ و وەکو مووچە سەیری بکرێت، بۆ پێداویستییەکانی زستان ئێمە لە (٩/٢) بە نووسراوی ڕەسمی و دوای ئەوەی کە هەر چوار بەڕێوبەرایەتییە گشتییەکانی ئیدارەی گەرمیان و دهۆك و هەولێر و سلێمانی داوامان کرد چی پێویستیتان هەیە لە محاویلات و تێل و فنجان و هەموو پێویستیەکانی تر نووسیان، نزیکەی (١٥) ملیار دینار بوو کە مەبلەغێکی زۆر کەمە، لە (٩/٢) ەوە داوامان کردووە سەرف بکرێ، تاوەکو ئێمە پێش هاتنی زستان ئەم پێویستیانە بکڕین لە مەخزەنەکان دایبنێین کە وەختێ محاویلەیەك سووتا ئێمە بتوانین تەعویزی بکەین، بەڵام لە (١١/١٩) وەڵامی ئێمە هاتووەتەوە بەڕازی بوون لەسەر داواکەتان، ئینجا دەبێ کتاب بکەین بۆ وەزارەتی دارایی تا سیولە دێ و تا پارە دابین دەکرێ، من وتم لەوانەیە زستان تەواو ببێ ئینجا (١٥) ملیۆنەکە هەر نەگاتە لای ئێمە، پێداچوونەوە دەکەین بە هەیکەلی وەزارەت لە بەرنامەمان هەیە، بەڵێ ئێمە لێ ناگەڕێین هیچ جۆرە تەدەخولێکی حزبی هەبێ و دەبێ پەیکەری وەزارەت لە دهۆکەوە تاوەکو گەرمیان وەکو یەك بێ، ئێستا لەسەر کاغەز و وەرەقە پەیکەرەکە وەکو یەکە، بەڵام جیاوازیەك هەیە لە چۆنیەتی ئیش کردن لە پارێزگای سلێمانی لەگەڵ هەولێر و لەگەڵ دهۆك کە ئێمە بڕیارمان داوە ئەوە نەهێڵین، پێداچوونەوە دەکەین بە هەموو دەسەڵاتەکان کە دراوە بە بەڕێوبەرە گشتییەکان لە پارێزگاکان و هەموو هەیکەلی وەزارەتیش تەوحید دەکەین دەبێ لە هەموویان

وەکو یەك بێ، ئەوە لە بەرنامەمان هەیە پشت بەخوای گەورە ئـەنجامی دەدەیـن، وزە نـوێ بووەکـان کـە لـە پلاندا هەمانە، وزە نوێکان ئێستا لە هەموو جیهان بەرەو ئەوە دەچن کە سوود لە وزە نوێ بووەکان ببینن، لە تیشکی خۆر و لە با و لە هایدرۆ، خۆشبەختانە لە وەزارەتی کارەبا لە کابینەی پێشوو ئیش کراوە، ئێستا لـە چـەند شـوێنی هـەرێمی کوردسـتان، دیراسـە هەیـە کـە بـا لـەوێ چـەنێکە و بـە کـەڵکی ئـەوە دێ کـە تـۆ تۆربایینی پانکە دابنێی تاوەکو لەوێ کارەبای پێ تەولید بکەی، بۆیە ئێمە ئێستا بە جدی لەسەر ئەوە ئـیش دەکەین و لە ئێستادا لە قۆناغی کۆتایین کە کۆمپانیایەك عەرزێکی تەقدیم کردووە بـۆ بەرهـەمێنانی (٢٠) مێگاوات لە تاقەی شەمسی لە وزەی خۆر، ئێسـتا لـە قۆنـاغی کۆتـایی ئـەوەین، (انشاءالله) و پشـت بـە خـوای گەورە ئێمە سوورین لەسەر ئەوە لەم کابینەیە و لەم چوار ساڵەدا هەم سوود وەربگرین لە تیشکی (خۆر) و هەم سوود وەربگرین لە (با) کە ئەوانە جێ بەجێ بکەین، ئەگەر بە مێگاواتی کەمیش بێ، هەروەها لە زبڵ و خاشـاکیش ئێمـە لیژنـەیـەك هەیـە لەگـەڵ وەزارەتـی شـارەوانی کـە داوایـان لـە ئێمـە کـردووە کـە ئێمـە نوێنەرێك دابنێین لە لیژنەیەکی ئەوان، چونکە ئەوە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بەوانەوە هەیە هەتاوەکو دیراسەی ئەوە بکەین کە چۆن کارەبا لـە خاشـاك و زبـڵ بەرهـەم ئـەهێنرێت، لـەو بوارەشـدا ئێمـە لیژنـەی هاوبەشمان هەیە، بەفیڕۆچوونی کارەبا لەگەڵ تەجاوزات و لۆسس زۆر قسەی لەسەر کـرا، لۆسسـی سروشـتی و ئاسایی و تەبیعیە و ستانداردی نێودەوڵـەتی (هەشـت پۆینـت هەشـتە) لـە کوردسـتاندا لـە بـەینی (١٢ بـۆ ١٤)یـە ئـەوە لۆسـس، باقیەکـەی تـر کـە ئێمـە دەڵـێین (٣٠ بـۆ ٣٣) بـۆ ئـەوەی ڕوونکردنەوەیـەك بـدەین بـە بـەڕێزتان وەختـێ ئـەم کارەبایـە بەرهـەم ئـەهێنرێ (٣) هـەزار مێگایـە کـەمترە یـان زیـاترە، (٢٠)ەکـەی تـر ئەوەیە ڕاستە کارەباکە هەیە و دەچێ بۆ هەندێ شوێن، بەڵام پارە نادات، وەکو بەفیڕۆچوون وایە، هەنـدێك شوێن سەعاتی نییە، ڕاستەوخۆ کارەباکە وەردەگرێ حسابیش ناکرێ، ئەوەیە نەك بڵێی ناتەواوە دەبێ چی لێ بێ، باسەکە لەوەیە کە دەڵێین بەفیڕۆ دەچێ، بۆ؟ چونکە ئێمـە ئەمانـەوێ کولفـەی بەرهـەمێنانی کارەبـا کەم بێتەوە، وەختێ کە تۆ بتوانی هەموو ئەو کارەبایەی کە دابەشـی دەکـەی و هـەمووی ببێتـەوە پسولەی پارە و پارەکە وەربگریتەوە، تۆ ئەتوانی ئەو کارەبایە دەتوانی بڵێی لۆسسم کەم بووەتـەوە یـان نـەیهێشـتووە بەفیڕۆ بچێ، جگە لە لۆسسی سروشتی کە بەهۆی گواستنەوەی هێڵەکان کارەبـا لـە وێسـتگەی بەرهـەمهێنان بـۆ وێسـتگەی گـۆڕەر بـۆ دابـەش کردنـی لـەناو شـارەکان لۆسسـێکی سروشـتی هەیـە کـە ئاماژەمـان پێیـدا، فەرمانگەی کارەبـای کـەرکووك کـە (٢٨٠) فەرمانبـەری هەیـە، ئـەو فەرمانگەیـە وەختـێ ئێمـە بیسـتمان لـە مـانگی هەشـت یەکسـەر لیژنەیـەکمان بـۆ پێکهێنـا و لێکۆڵینـەوەمان کـرد لـەوە دەرچـوو کـە لـە پەیکـەری وەزارەت هیچ شتێك نییە بەناوی فەرمانگەی کارەبای کـەرکووك ئـەو کاتـە بـە حـوکمی ئـەوەی کـە ئەمانـە خـەڵکی کـەرکووکن، لەبـەر ریعایـەتی کـەرکووك و خـەڵکی نـاو کـەرکووك ئەمـە کـراوە، ئێمـە دوای ئـەوەی لیژنەکـە گەیشـت بـەوەی کـە سـێ بڕیـاری وەرگرتـووە، ئێمـە پەسـەندی بڕیارەکانمـان کـردووە، یەکـەم/ هەڵوەشاندنەوەی ئەو فەرمانگەیە و بڕیارمان لەسەری داوە هەڵی بوەشـێنینەوە، دووەم/ هـەموو دۆسـییەی ئەو فەرمانبەرانەی کـە دێـن بیهێنینـەوە لای خۆمـان، چـونکە هەیانـە ئەمانـە بـە فیعلـی دەوام دەکـەن، بـۆ

نموونــە (٢٨ ) کــەس لەوانــە تەئیــدی دەوام کردنیــان لــە فەرمانگــەی کارەبــای دوبــز هێنــاوە، ئــەوان جیــا دەکەینەوە، هەموو ئەوانەی وەکو ئەوەن کە دەوام دەکەن لە شوێنێك جیایان دەکەینەوە، ئەوانەشـی کـە لـە بارەگای حزبی دەوام دەکەن تەنیا لە فلاَن شوێن و فیسار شوێن دەوام دەکەن، یـان هـەر دەوام ناکـەن، ئێمـە کە هـەڵمان وەشـاندەوە دەبـێ بچـن حسابی خۆیـان لـەو شـوێنە بکـەن کـە دەوامـی لێ دەکـەن یـان پـارەی لێ وەردەگـرن، هـەر بـەو مناسـەبەوە ئێمـە داوامـان کـردووە لـە هـەموو بەڕێوبەرایەتییـە گشـتییەکان، لەهـەر شوێنێك ئەوەی کە پێی دەڵێن (بـن دیـوار ) تـەحقیق بکـەن، دوای تەحقیقەکـە لەهـەر شـوێنێك ئێمـە بـن دیوارێك بدۆزینەوە ڕاستەوخۆ بەڕێوبەرایەتی گشتی ئـەو شـوێنە بەرپرسـیار دەکـەین لـە بـوونی ئـەو (بـن دیوار)ەکە لەوێ هەیە، ئێمە بەجدی لەسەر ئـەو بـوارەش کـار دەکـەین، مـەوزوعی (CV)وەزیـر هـەر یـەك کلیکی تر کردبایە، سێ لاپەڕە (CV) لە سایتی وەزارەت هەیە، ئەوەندە تەفسیڵە کە بەڕاستی ئـەڵێن زۆرە، بڕێکی لابە، بەڵام دیارە کلیکێکی تـری دەوێ تـا ئەچـیتە تەفسـیڵەکە، شـاری زەیتـوون و شـارەکان گرفتێکـی گەورەی ئێمەیە کە بەڕاستی ئێمە بە تەماین لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان بچین لە نزیکەوە گفتوگۆ بکەین، بەداخـەوە وەخـتێ ئیجازەی دروسـت کردنـی شـارێك، قەریەیـەك، سـتییەك تـازە ئـەدرێت وەزارەتـی کارەبـا هەموو موستەلزەماتی خۆی ئەڵێت لەناو عەقدەکە ئەنووسرێت بۆ نموونە شاری زەیتوون کە لە دوو شـوێن هەیە لە شوێنێك (٦٠٠٠) هـەزار وەحـدەی سـەکەنی لـە شـوێنێك ( ٤٠٠٠) هـەزار وەحـدەی سـەکەنییە ئـەبێ لەهەردوو شوێن وەبەرهێنـەر تـۆڕی کارەبـای نـاو شـارەکە هـەمووی دابنێـت وێسـتگەیەکی گۆڕینیش لـەوێ دابنێت تەنها ئەرکی وەزارەتی کارەبا گەیاندنی وزەی کارەبایە بە سیاجی شـارەکە فەقـەت، بـەڵام بەداخـەوە زۆربەی هەرە زۆری وەبەرهێنەرەکان دوای ئەوەی کە هەیکەلی خانووەکانی تەواو ئەکەن بەپەلەپەل خەڵك ئەخەنــە نــاوی یــان خــەڵکێك کرێچــیە زوو ئەچــێتە  نــاوی بــەبێ ئــەوەی خزمــەتگوزاری ئــاو کارەبــاو ڕێگاوبانەکانی تەواو کردبێت و دوایی کێشەکە فڕێ ئەدەنە سەر وەزارەتی کارەبـاو وەزارەتـەکانی تـر، بۆیـە شاری زەیتوون  یەکێکە لە نموونەکان، ئێمـە چـەندین کۆبوونـەوەمان کـردووە لەسـەر ئـەو مەوزوعـە خـۆم ڕاستەوخۆ سەردانی ئەم شارانەم کردووە لەوە ئەچـێ لـە ڕاگەیاندنـەکان بتانبیسـتبێ چووین پێویسـتی بـە مەحاویلەیـەك هەیـە، پێویسـتی بـە شـتێك ئـەبوو یـان شـەبەکەی داخیلـی نـاو شـارەکە بـەپێی مواسـەفات نەکراوە، ئێمە وەرمان نەگرتووە گوتوومانە جارێکی تـر دروسـتی  بکـەوە، داوامـان کـردووە وەزیـری کارەبـا ببێتە ئەندام لە دەستەی باڵای وەبەرهێنان بۆ ئەوەی لەوێ ڕاستەوخۆ ئێمە قسەی خۆمان بکەین نـەهێڵین ئەو پرۆژانە، بەبێ ئەوەی کە ڕۆژانە ئیلتیزاماتی وەزارەتی کارەبا جێبەجێ نەکرێت نەهێڵین خەڵك بچێتە ئەو ستیانە تاوەکو ئەو کێشانە دروست نەبێ کە ئێستا هەیە کە بەداخەوە ئەمە زۆرە، ئینجا ئاخر شـت بـۆ شــاری زەیتــوون بــە تایبــەت باســکرا، ئێمــە بەرهەمهێنــەر بریارمــان پێــداوە خۆشــی بەڵێنیــداوە لــە کۆبوونەوەیەکە کە ئەبێ وێستگەیەکی مۆبایل بکرێت وە دایبنێت وە کارەبا دابین بکات بۆ شاری زەیتـوون، بەڵام بەداخەوە ئەو جۆرە وێستگانە کـە مێگـاواتێکی زۆر بەرهـەم ئـەهێنن لەسـەر تەڵـەب دروسـت ئـەکرێ ئەمرۆ کە بڵێی بە کۆمپانیایەك بۆم دروست بکە بە لایەنی کەمەوە شەش مانگ تـا نـۆ مـانگی پێئەچـێ تـا

دروستی ئەکا تا ئەگاتە دەست و دایئەنێیت و ئەیخەتە ئیش، ئەوە گرفتەکەیە، ئەگینا ئەو چارەسەرەشمان بۆ زەیتوون داناوە هەڵمەتی راگەیاندن بەڵێ ئێمە خەریك بووین وە چەند رێکلام و سکۆتێکمان دروست کردووە لە کەناڵەکانی راگەیاندن پیشاندراوە من خۆم چەند جار بینیومە نازانم بەرێزتان بینیبتان باس لە هۆشیارکردنەوەی بەکارهێنانی کارەبا ئەکا بەداخەوە ئەم هۆشیاری بەکارهێنانی وزەی کارەبا لە هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی زۆر نزمدایە وەختێ ئەچیت گڵۆپەکانی بەردەرگا هەمووی داگیرساوە ئەو ژوورانەی کە ئیشت پێ نییە هەمووی داگیرساوە سپلیتەکان دەڵێ با ئیش بکا نەوەکو میوانێ بێ ژوورەکە گەرم بێ، بەراستی ئەوە پێچەوانەی هۆشیاری بەکارهێنانی کارەبایە لە وڵاتان هەمووتان چوون تەنها ئەو شوێنەی کە دائەنیشن کارەبا دائەگیرسێ، ئەوە ئیشی لەسەر ئەکەین وەکو لە پلانەکەمان هەیە پێویستمان بەوە هەیە شەهیدانی کارەباو برینداراني کارەبا ئێمە راستە ئیشمان لەسەری کردووە وە هەندێك رێنمایی تازەمان دەرکردووە کە برینداراني کارەبا زیاتر لە رووی ماددی مەعنەویەوە خزمەتی بکرێن، وە هەروەها شەهیدانی کارەباش، بەڵام ئەوە دەسەڵاتی لای ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی کە بری مەعاشەکەیان بڕی پارمەتیەکەیان زیاد بکات کارگەکانی ئاسن چیمەنتۆ کە پێنج کارگەی گەورەن وە ئەوانە بە سەدان مێگا کارەبا سەرف ئەکەن، ئێمە ئێستا کردومانەتە نیوە (٥٠٪)ی کارەبایان ئەدەینێ، وە لە هاوینا ماوەی یەك هەفتە هەمووومان لێبڕی بۆ ئەوەی لە جەژنی رەمەزانا کارەبا بدەینە خەڵك کێشە سەرەکیەکە ئەوەیە بەهۆی هاندانی وەبەرهێنەران لە کوردستانا بەڵێنی ئەوە ئەدرێ بەهەر وەبەرهێنەرێك کە دێ کارگەیەکی گەورەی ئاسن یان چیمەنتۆ دائەنێ کارەبای بدرێتی بە نرخێك کە بیست دینارە بیست دینار بە موعەدەلی ئەمە نرخێکی زۆر زۆر کەمە، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە ئەم وێستگانە لەمەودوا خۆیان مەحەتەی وەبەرهێنانی کارەبایان هەبێ بەداخەوە لە بازگەکانی ئێستا مەحەتەیەکی تەولید هەیە (٨٠) مێگاواتە خۆی لە ئیشی خستووەکارەبایەکی هەرزان وەئەگرێ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کارگەکەی خۆی بە ئیش ئەخات، بە پارەیەکی زۆر قازانج ئەکات عەرزێکی تەقدیمی وەزارەت کردووە وەڵڵا ئێمە ئەمانەوێ ئەم وێستگەیە بە ئیش خەین پێتان بفرۆشینەوە لە کوێی دونیا شتی وا هەیە؟ ئێمە راستەوخۆ رەفزمان کرد ئەسڵ ئەوەیە خۆی ئەم وێستگەیە بە ئیش خاو کارگەکەی خۆی بە ئیش خات، بۆیە ئەبێ سەردەمی تەشجیع کردنی وەبەرهێنەر کۆتایی پێ بێت، کوردستان ئێستا لە ئاستێکی باشە هەموو شەریکاتی گەورە حەز دەکەن وەبەرهێنان بکەن، تۆ راستە ئەتەوێ تەشجیعی بکەی و هاندانی بکەی بێت بەس نەك بەو شێوەیە نەك بەو شێوەیەی کە هەیە بۆ نرخی کارەبای ئەوانە هەر یەك نموونە ئەهێنمەوە یەکێك لەو کارگانە سێ ملیارو نەوەت و هەشت ملیۆن دینار قەرزی لەسەرە وەختێ ئێمە پێمان زانی وتیان ئەبێ پارەکەی بدەی، وتی بەڵێ بەس بۆمان بیکەن بە قیست بۆمان کردە بیست و چوار قیست ئەبێ بیدەیت وە موتابەعەی هەموو کارگەو مۆڵ و شوێنەکانی تریش ئەکەین کە کارەبای زۆر سەرف ئەکەین وە ئەبێ لە وانیش پارەکانیان لێ بسەنین، ئێمە ئێستا وتوومانە بەس بیدەن بە قیستیش بێ بۆتان ئەکەین وتوومانە بە بەرێوەبەرایەتییە گشتییەکان ئەوەی لە صەلاحیەتی ئەوانە بیکەن مەسەلەن شەش

قیست یان دە قیست سەرووی ئـەوە لـە صـەلاحیەتی وەزیـرە وتوومانـە بنێـرە ئیمـە بۆتـان ئەکـەین گـرنگ ئەوەیە پارەکە بدەن، لەوە باشترە کە هـەر نەیـدەن و ببێتـە قـەرز دوایـش نـەدرێت بیسـت و نـۆ مێگـەواتی کارەبا لە سلێمانی گازوایلی ئێستا پێنادرێت، ئێمـە لـە وەخـتی ئیسـراحەت تەئکیـدمان کـردەوە تەلـەفۆنمان کرد بەڵێ گازوایلیان پێنادرێت، چونکە بە گوێرەی بەرهـەمهێنان بـە کیلـۆ وات سـەعات کارەبـا ئـەدرێت بـە وێستگەکان، ئەوەش لە مانگی پێنجەوە وەسـتاوە ئـەو پـانزە فەرمانبـەرەش شـکایەتیان کـردووە مووچـەیان نییە، راستی کەیسەکە لای ئێمەیە، شکایەتیان کردووە وەختێ با خاوەنی کۆمپانیای وێستگەکە ئەڵێین ئەڵێ ئەوەی من هەمبووە پێنـج مانـگ توانیومە ئیشی پێ بکەم (٤٠٪) کارەبا پارەکەم بدەنـێ مـن مـەمنونم (٣٠٪) مەمنونم (٢٠٪) مەمنونم (١٠٪) مەمنونم هەر بۆ خۆشی من ئەم هەموو رێژانـە لـە کۆبوونەوەیـەك لەگـەڵ سەرۆکی ئەنجومەن، وەزیری دارایی، وەزیری سامانە سروشـتییەکان وتم کاکـە گیـان هـەتا (١٠٪) لەگـەڵیان هاتم وتم تا سەعات چەنەکە لەگەڵتان دێم، کابرا وتی پارەم بدێ، ئەوەنەم بدێ، ئەوەنەم بـدێ، وتـی نەیـدا وتی سەعات چەنە؟ تەماشای سـەعاتەکەی کـرد وتـی سەعاتەکەشـم ئـیش ناکـات، ئێمـە تـا سـەعات چـەنە؟ چووین لەگەڵی بۆ وەزارەتی دارایـی پـارە وەربگـرین بـۆ ئەوانـە سـەعات بابـە (١٠٪) بـدێ تـاوەکو مووچـەی وەڵلاهی پێش رەمەزان داوای ئەوەم کردووە مووچەی ئەو فەرمانبەرو موهەندیسانە بدات تا بەردەوام بن، بەڵام ئەوان ناتوانن، نەیاندا، نەبوو تەفاهوم ئەکەین ئێمە راستە لە ئەزمەیەکی دارایی قورسین، چونکە کە ئەولەویات بۆ مووچە دانراوە، بەڵام ئێمە هەموو جار ئەبێ کارەباش وەکو ئەوە حیسابی بـۆ بکرێـت ئێسـتا ئەو کێشەیەش هەیە کە شکایەت کراوە لەم مەوزوعە فەرمانبەرەکان مەعاشیان پێنەدراوە، نزمی ڤۆلتیە لە سۆران و ئەوانە ئێمە مەحەتەی (١٣٢) ڕێزانمان کردەوە کێشەی نزمی ڤۆلتییە لەوێ چارەسەر ئەکات، بەڵام بەداخەوە ناتوانرا بخرێتە ئیش لەبەر ئەوەی هێڵێك نییە لـە بـەینی سـۆران یـەك و سـۆران دوو کـە چـەند تاوەرێکە تەواو نەبووە لە بودجەی ئەو ساڵە هەبوو کە ئەم هێڵە تەواو بکرێ، تاوەکو بخرێتـە ئـیش وە مـن بە جەنابتانم ووت (٤٢٠) ملیۆن دۆلار بودجەی ئەم ساڵ بووە، کە هیچی سەرف نـەکراوە ئـەوە زیانـەکانێتی کە ئێمە نەمانتوانیوە ئەو پرۆژانەی لە راکێشانی هێڵ وە لێکردنەوەی وێستگە تەواو بکەین تاوەکو وەخـتێ وێستگەیەك تەواو دەبێ هێڵەکەشی تەواو بێت، بۆ ئەوەی بتوانی بیخەینە ئیش، بەڵام ئینشائەڵلا لە (٢٠١٥) ئەم سۆران یەك و سۆران دووە تەواو بکەین، وێستگەکە ئەخەینە ئـیش وە ڤۆڵتییـە لـە و شـوێنە چارەسـەر دەکرێ چارەسەری دووەم بریتییە لە دروستکردنی وێسـتگەی (٢٠٠) مێگـاواتی حـەریر ئـەویش عەقـدی بـۆ کـراوە ، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی تـا ئێسـتا زەویەکـە وەرنـەگیراوە موشـکیلەی کێشـەی زەوی هەیـە لـە لایـەن جوتیارەکان، کە ئەمەش لەوێ دروست بکرێ موشکیلەی نزمـی ڤۆلتییـە بەیـەك جـاری لـەوێ کۆتـایی دێـت ئێمە تاوان و خەتا ناخەینە سەر شانی هیچ وەزارەتێك ئەوە سیاسەتمان نییە سیاسەتیشمان نەبووە، بـەڵکو ئێمـە واقیعەکـە روون ئەکەینـەوە گرفتـەکان روون ئەکەینـەوە بـۆ ئـەوەی جـەنابتان و هاووڵاتیـان بـزانن وەخـتێ ئـەڵێین بـە گـوێرەی گرێبەسـت دابـین کردنـی سـووتەمەنی لـە ئەسـتۆی وەزارەتـی سـامانە سروشتییەکانە واقعێکمان وتووە، لە هەموو گرێبەستەکان بەڵێنامەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هەیە

ئێمـه بەرپرسـین لـه دابـین کردنـی سـووتەمەنی ئـەو واقیعـەمان وتـووه ئـەگینا ئێمـه ئـەم حکومەتـه حکومـەتێکی مەسـئولیەتی تەزامونییـه هـەمووومان بەشـدارین تێیـدا ئـەبێ بـه هـەمووومان تەحـەمولی مەسئولیەتەکه بکەین وه کێشه و گرفتەکانیش چارەسەر بکەین بەهەمان شێوه بۆ وەزارەتی دارایش ماوەی پلانەکه (٤) ساڵە ئێمه وتمان تا (٢٠١٨)ەیە هەندێك له بەرێزان دەیانگوت پلانەکـه ماوەکـەی دیـار نییـه (٤) ساڵە سڕینەوەی پارەی کارەبا ئەوه به داخەوه یەکێکە لەو خراپیانەو گەندەڵیانەی که ئـەکرێت بەداخـەوه، کـه برێکیـان لـه کارمەنـدانی بەشـی فرۆشـتنی وزه ئەیکـەن ئـەو نموونانـەی هێنـردرایـەوه (١٠) ملیـۆنی بـۆ هـاتووه نایـداو ئەچـێ رێـك ئەکـەوێ بەوەنـده ملیـۆن و بەوەنـه ئـەوه بـۆی لائـەبات بـه نـاوی سـەعاتەکه ئەسووتێنن به ناوی خوێندنەوەی هەڵه، ئەوانه ئێمـه لـه بەدواداچـووندایین وتوومانـه بـه بەرێوەبەرایـەتی گشتییەکان به بەلگەوه چەند نەفەرێك دەست نیشان بکەن تا ئێمه ئیجرائاتی توند یاساییان لەگەڵ بکـەین ببێته رادع بۆ ئەوانی تریش لەگەڵ ئەوەشدا پێوەری زیرەك هەموو ئەوانه موعالەجه ئـەکات، ئێستا ئێمـه له به دواداچووین بۆ ئەوانه، هەندێك کەیسی گەورەشمان لەو بواره لەبەر دەسـته کـه بەداخـەوه مـەبالیغی زۆر سـراوەتەوه یـان کـەم کراوەتـەوه ئەوانـه هـەمووی لێکۆڵینـەوەیان لەسـەر ئەکـەین کاەربـای مەزرەعـەو ڤێلاکانن تەبعەن ئەوانه له هەولێر و دهۆك جیایه له سلێمانی لـه سـلێمانی گـرفتی گـەورەتره، ئێمـه رازی نەبووین له فەترەی خۆمـان کارەبـا هـیچ بدەینـه ئـەو شـوێنانه ئەوانـەی پێشـوو کـراوه ئێمـه بەرپرسـێکی قانونی و ئیداریمان نییه، چونکه ئێمه شەش مانگه دەست بەکار بووین، بەڵام له رووی ئەخلاقیەوه بەنـده خۆی بـەر پـرس ئـەزانێ لـه هـەموو ئـەو گرفتانـەی لـه مـاوەی ئـەو دوو سـێ سـاڵە بـووه ، هـەوڵ ئـەدەین چارەسەریشیان بکەین، بەڵام مەسئولیەتی قانونی ئیداری ئێمه ئەو شەش مانگەیه که دەست بـەکار بـووین تێیدا، ئەمە کێشەیەکی ئاڵۆزە پێویستی به هەندێك یاسا هەیه که کارەبا ئەدرێت له هـەولێر هەنـدێك لـەو مەزرەعانه به رەسمی کارەبایان راکێشاوه سەعاتیان هەیه پارەی خۆیان ئەدەن، لەوانەشه له هەندێك شوێن هـەروا رایانکێشـابێت بـەبێ بەسـیتنی سـعات ئەمانـەش مەلەفێکـه ئـەبێ ئیشـی جـدی لەسـەر بکرێـت لـەو بوارەشه ئینشائەڵلا ئەوەی که پێویست بێ ئەنجامی ئەدەین، ئینارەی (٤٠٠) واتی (٢٥٠) ئەوەش راسته ئێمه ئێستا پرۆژەیەك هەیه که ئەوانه بگۆرین به گلۆپی لیت که (٢٥٪)ی ئەو گلۆپـه ئاسایانەی ئێسـتای ئـەوێت (٢٥٪)، کـه یـەعنی تاقـەی کارەبـا زۆر کـەمتر بـەکار دەهێنێـت راسـته نرخەکـەی هەنـدێك گـرانتره، بـەڵام ماوەیشی درێژ خایەنه تۆ پارەکەت هەموو بۆت ئەگەرێتەوه، چونکه تاقەی کارەبا کەم سەرف دەکات ئێسـتا لەسەر (٦٠)ی له هەولێر جێبـەجێ کـراوه بەشـێکی دهـۆك جێبـەجێ کـراوه وه هەوڵئـەدەین نـەك هـەر لـه ئیناره، بەڵکو له شوێنەکانی تریش ئێمـه هەوڵبـدەین گلۆپی لیـت بهێـنین لەگـەڵ چـەند کۆمپانیایـەك کـه سەردانیان کـردووین قسـەمان کـردووه، تەشـجیعمان کـردون کـه ئێـوه گلۆپی لیـت بهێـنن، چـونکه گلۆپێـك وەختێك به (١٠٠) وات ئیش بکات ئەگەر لیـت بێـت بـه (٢٥٪) ئـەم سـەعاتەی ئـەوێت، یـەعنی بـه (٢٥) وات ئیش ئەکات فەرقەکەی یەکجار زۆره بۆیه لەو بوارەشه ئێمه خەریکین وه تەشجیعی هەنـدێك کۆمپانیامـان کردووه که گلۆپی لیت بهێنن بۆ کوردستان، کارەبای تورکیا و ئێران راسته هەرزانتره، بەڵام بۆ مەعلوماتی

جەنابتان سیستەمی کارەبای ئێران جیاوازە لە سیستەمی کارەبای عێراق و هەرێمی کوردستان ئی تورکیاش ئەوانە ئەبێ هەمووی وێستگەی ناوەنـدی دابنێـی هێڵـی گواسـتنەوەی بـەرز دابنێـی (٤٠٠) کـەی ڤـی، ئینجا ئەمە پێویستی بـە شـکۆو سـەروەری هـەرێمی کوردسـتانەوە هەیـە ئـەتو نـاکرێ ئـەوە بکـەی ، ئینجا ئەمـە ئیستسنایەکە وێستگەی بەرهەمهێنان بە غاز ئیش ئەکا بە گازوایل ئیش ئەکات، ئەسڵ ئەوەیە ئەبوو ئێستا تەواو بووبایە هەمووی بووبا غاز کە زۆر زۆر هەرزانترە بە لایەنی کەمەوە سیعری یەك لەسەر سێی دێتـە خوار وە بۆ سیعرەکانیش ئـەوە بڵێین ئێمـە (کۆمبـاین سـایکل) کـە وەکـو کـاك فـایق ئامـاژەی پێـدا ئەگـەر هەرسێ مەحەتـەی هـەولێر ودهـۆك و سـلێمانی تـەواو بووبێـت (١٥٠٠) مێگـاوات ئێمـە کارەبامـان هـەبێ لـە ڕێگای (کۆمباین سایکل) واتە گۆڕینی ئەو گەرمیەی لـە مەحەتەکانـەوە دەرئەچێت بـۆ کارەبـا جـارێکی تـر ئەمـە تەکنەلۆژیایـەکی پێشـکەوتووی ئـەوێت وە کولفەیـەکی زۆریشـی ئـەوێت، ئـەوە زۆر هەرزانـە ئەگـەر حیساباتێکمان کردووە، ئەگەر (١٥٠٠) مێگاواتە بە (کۆمباین سایکل) وەربیگـرین لەگـەڵ ئـەوەی کـە بـە غـاز وەربیگرین ساڵانە (ملیارێك و حەوسەت ملیۆن) دۆلار فەرقی هەیە، بۆیە ئێمە سوور ئەبین لەسـەر ئـەوەی کـە وێسـتگەکانی (کۆمبـاین سـایکل) لـە هـەولێرو سـلێمانی و دهـۆك بخەینـە ئـیش لـەم (٤) سـاڵەدا وە ئـەو (ملیارێك و حەوسەت ملیۆن دۆلار)ە تەوفیر بکـەین بـۆ بودجـەی هـەرێمی کوردسـتان بـۆ ئـەوەی لـە بـواری پێشکەوتن و گەشە کردنی هەرێمی کوردستان زیاتر بەکار بهێندرێت ئینشائەڵلا لە مـاوەی ئـەم چـوار سـاڵە ئەمەش یەکێکە لە پلانەکانمان بۆ کەم کردنەوەی تێچووی کارەبا قۆناغی حەوتەم ستێجی حەوت هەنـدێك بەرێز باسیان کرد ستێجی حەوت ستێجی شەش هەیە پێشتر هەیە بە گوێرەی ماسـتەر پلانـی وەزارەت کـە کۆمپانیای (بی پی ) بەریتانی دایناوە تا (٢٠١٨)یە ستێج سـتێج واتـە قۆنـاغ قۆنـاغ داینـاوە سـتێجی حـەوت ئێمە هەستاوین ئەم شەش مانگە بۆمان دەرکەوت کە ژێرخانی کارەبا بە تایبەتی لە گواستنەوەو هێڵەکانی ڤۆڵتیەی بەرز نییە لە کوردستان وێستگەی ناوەندی نییە هەستاوین ستێجی حەوت کـە بریتیـە لـە دانـانی هێڵی گواستنەوەی (٤٠٠) کەی ڤی کە لە هەرێمی کوردستانا نییە بە داخەوە زەمانی سەدامی گۆڕ بەگۆڕ لـە هەموو پارێزگاکانی عێراق دانراوە (٤٠٠) کەی ڤـی بـەس لـەو سـێ پارێزگـای هـەرێمی کوردسـتان دانـەنراوە ئێمـە بەتـەماین هێڵـی (٤٠٠) کـەی ڤـی هـەولێرو سـلێمانی هـەولێرو دهـۆك دابنـێین هێڵـی (١٣٢) دابنـێین وێستگەکانی تر دابنێن تاوەکو ژێر خانەکە لەو بوارەشە بەهێز بکەین ئەوە ستێجی حەوتە وە ئێمە ئێستا لەو بارەشەوە بڕیارێکمان وەرگرتووە لە کۆبووەنـەوەی (١١/١٨) ئەنجومـەنی هـەرێمی بـۆ گـازو نـەوت لـەوێ بڕیـار دراوە پـڕۆژە بەپەلـەکان لـە سـتراتیجیەکانی سـتێجی حـەوت جێبـەجێ بکرێـت، ئێمـە ئێسـتا لـە ئامادەکـاری دایـن کۆبوونەوەیـەکی هاوبـەش دەکـەین لـە بـەینی وەزارەتـی پلانـدانان و وەزارەتـی دارایـی و وەزارەتی کارەبا تاوەکو چۆن ئەم ستەیجی حەوتە بخەینە قۆناغی جێ بەجێ کردنەوە، کە پـێ ناچـێ ئێمـە بتوانین لە ڕێگەی دابین کردنی بودجە وەکو حکومـەتی هـەرێم بیکات، ئـەویش ئەوەیـە لـە ڕێگـای کـەرتی وەبەرهێنان یان موستەسمیرەوە ئەم ئیشە ئەنجام بدرێت، ئێمە پارەی گازوایـل نـادەین، پرسـیار کـرا بۆچـی وەزارەتی کارەبا نـرخی یەك لتر گازوایل بەوەندە دەکرێت، ئێمە هـیچ ئاگامـان نییـە وەکـو وەزارەتـی کارەبـا

لەو گرێبەستانەی کە دەکرێت بۆ کڕینی گازوایل و نەوتی ڕەش و غازی سروشتی، هەموو ئەوانە تەفاسیڵەکەی لای وەزارەتی سامانە سروشتییەکانە، چەندی کڕیوە و بەچەند دەیکڕێ و لە کێی دەکڕێ، ئێمە هیچی ئاگامان لێی نییە، ئەوە هەمووی لە ئەستۆی ئەوانە، بەداخەوە یەعنی کارەبا نەگەڕاوەتەوە سەردەمی نەوەدەکان، ئێمە ئاماژەمان پێیدا ئێمە تا (١٢/٢١) سێ سەعات کارەبامان نەبووە بە تێکڕا، ڕاستە لە گەڕەکێك کارەبا دەکوژێتەوە شەش، حەوت سەعات کارەبا نیە، لە (١٩٩٠) دوو وێستگەی بەرهەمهێنان هەبووە کە دووکان و دەربەندیخان بووە، ئێستا تۆ سێ هەزار و سەد میگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنی، بۆیە هەڵسەنگاندن کە بە ئینسافەوە بێ خۆشە، وەختێ کە تۆ (١٧) سەعات کارەبات هەبێ لە ماوەی شەو و ڕۆژێك دا لە حاڵەتێکی تەبیعی دا من ماڵی خۆم (شەش) ئەمپێرم هەیە ئێستا، چوار ئەمپێرم هەبوو کەم بوو کردمە (شەش) ئەمپێر موەلیدەی گەڕەك، تەبیعی هەندێ جار هەیە دە سەعات کارەبام نابێ فیدەری گەڕەکەکەم خراپ دەبێ، مەحاویلەکەم دەسووتێ، موشکیلەیەکی کارەبا دروست دەبێ، چۆن تەحەمول دەکەی سێ مانگ مەعاش نەبێ لەبەر ئەم ئەزمەی کە هەیە، ئێ دەبێ تەحەمولیش بکەین لە هەفتەی جارێك دا شەش، حەوت سەعات جارێك کارەبا نەبێ و (دە) سەعات نەبێ، ئێمە لە ئەزمەیەکی قورس دا دەژین و لە حاڵەتێکی نائاسایی دەژین، دەبێ هەموومان تەفەهومی وەزعەکە بکەین، ئەوە مانای ئەوە نیە ئێمە مەسئولیەتی خۆمان ڕاکەین و یان بڵێین موشکیلەکان بخەینە سەر وەزعەکە، بەڵام تەفەهومی بارودۆخەکە گرنگە بۆ ئێمە بە تایبەتی هەر یەك لە ئێمە لە ئاستێکی مەسئولیەت دابین بکەین، بۆیە پێشم وانیە ئەم شەش مانگە خراپترین وەزعی کارەبا بووبێ، نەخێر ئێمە دوو، سێ مانگ (٢٤) سەعات کارەبامان داوە کاکە، بەڕێزەکەم، ئێمە بە (٢٥٠٠) مێگاوات لە مانگی( ٩ )و (١٠ ) بەشێك لە مانگی (٨ )یش کارەبامان داوە، وێستگەمان ئیش پێ نەکردووە، ئەو کاتە کارەبا پێویست نەبووە بۆ گەرمکردنەوە یان بۆ ساردکردنەوە، لەبەرئەوە ئێستا یەعنی وانییە بەم شێوەیەی کە هەندێك بە ڕەشبینیەوە وێنەکە دەگرن، مەحەتەی تەولید نییە لە ڕاپەڕین و قەڵادزێ، بیست مێگاوات هەیە لە چوار قوڕنە، ئێمە بڕیارمان دابوو وێستگەکانی سەقەر بەشێکی زۆری لەوێ دابنێین، چونکە کێشەی نزمی ڤۆڵتیەش لەوێ چارەسەر دەکەین، ئێمە لە بەرنامەمان هەیە لەو شوێنانەی کە مەحەتەی تەولیدی لێ نییە پشت بە خوای گەورە بودجە هاتەوە و دەستمان کرد بە گرێبەست بۆ دانانی وێستگەی بەرهەمهێنان ئەو شوێنانەی کە مەحەتەی تەولیدی لێ نییە، لەوێ مەحەتەی تەولید دابنێین، چونکە ئەو کاتە کێشەی نزمی ڤۆڵتییە نامێنێ و گواستنەوەش ئاسانتر دەبێ، باڵەخانەکان کارەبایان هەیە ڕاستە، من بە دەیان تەلەفۆنم بۆ دێت دەبیستم فلان باڵەخانە تەواو نەبووە و گڵۆپەکانی ئیش دەکات، ڕاستە تەلەفۆن دەکەین بۆ مدیری عامی سلێمانی و هەولێر و دهۆك و گەرمیان کاکە بڕۆن بیکوژێننەوە لە ڕێی خوا، دەچن دەیکوژێننەوە دوای دوو، سێ ڕۆژ دای دەگیرسێننەوە، ئێمە دەڵێین بڕۆن بیکوژێننەوە جارێ تر دای ئەگیرسێننەوە، یەعنی موشکیلەکە ئەوەیە کە چەند جار ئەوەمان کردووە، ئەوە پێویستی بە هۆشیاری و سەقافەی بەکارهێنانی کارەباوە هەیە، دەبێ تۆ بزانی بەخۆڕایی تۆ بۆ دایدەگیرسێنی، زۆریشن شوێنەکان ئەو قسانە ڕاستن، بەڵام لە

بەدواداچوونیش داین، ئەوە دەبێ سوور بین لەسەری، ئیسرار بکەین تاوەکو بتوانین ئەمانە بنبڕ بکەین، ڕاپەڕین بکرێتە بەڕێوبەرایەتی گشتی، بەڵێ ئێمە لە بەرنامەمان هەیە لە دوای ئەوەی کە موراجەعەی پەیکەری ئیداریمان کرد، ڕانیە و ڕاپەڕین بکەینە بەڕێوبەرایەتی گشتی کارەبا هەروەکو چۆن بەڕێوبەرایەتی گشتی لە گەرمیان هەیە، ئەوێ ناوی ئیدارەی گەرمیانە و ڕاپەڕینیش ناوی ئیدارەی ڕاپەڕینە، ئێمە انشائەڵلا ئەو بڕیارەمان هەیەو لە نزیکترین وەختیش دا جێ بەجێ ی دەکەین، میلاك کەمە ئەوە دەکرێ انشائەڵلا کەی تەعینات گەڕایەوە ئەو شوێنانە میلاکیان بۆ دابین دەکەین، ئەوەی عەقدی هی تورکیا کارەبا موقابیل نەوت نا ئەوە کارەبایە ئەکرێت ساڵانە هەبووە لە(٦/١٢)کۆتایی پێهات ئێمە ئیسرارمان کرد لە هاوینان ئەم عەقدە نوێ بکرێتەوە، ئێمە کرێی کرینی کارەبایەکە ئەدەین بەلآم نەوتی ڕەشیش ئەنێرین چونکە نەوتی ڕەشمان هەیە بۆ ئیش پێکردنی ئەو وێستگەیە ئەوەیە نەوتی ڕەش ئەنێرین بۆ نوێزگەگە. ئەجهیزەی کارەبا ئەوە پلانێکە لەگەڵ بەڕێز وەزیری پیشەسازی بازرگانی و پیشەسازی قسەمان کردووە وە بەتەمای ئینشائەڵلا لەو بوارە دا پرۆتۆکۆلێك ئیمزا بکەین لە ڕێگای دەزگای پەیوەندی دارەکان ڕێ بگرین لە هەموو ئەو ئەجهیزانە کە زۆرترین کارەبا بەکاردەهێنن بۆئەوەی کە ئێمە بتوانین بەکارهێنانی کارەبا لەو بوارەدا کەم کەینەوە. لەگەڵ بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ قسەمان کردووە دەربارەی سەدەکان و دروستکردنی سەد وە سوودبینین لەو سەدانە بۆ کارەبا، سەد دەبێ هەمووی تەواو بێ ئەخیر قۆناغی دانانی تۆرباین و بەرهەم هێنانی کارەبایە کە لەم بوارەشە ئینشائەڵلا ئەوەی کە کرا هەوڵ دەدەین لەم چوار ساڵە ئەنجام بدەین، بەڵێ بەشێکی زۆر خەڵك کارەبای ڕاکێشاوە هاوبەشی نییە، ئەوەی یەکێکە لە گرفتەکانمان هەندێك لە گوندەکان هاوبەشی کارەبایان نییە ئەمە ئێمە موتابەعەی ئەکەین بەلآم بەرێزان ئەمە زۆرە، یەك، دوو شوێن و شوێن نییە تا بتوانی بە ئاسانی سەیتەرە بکەیە سەری، بەلآم گرنگ ئەوەیە ئێمە بەردەوام بین لەسەر موعالەجەکەی. بەڵێ هەڵەبجە پارێزگایە بەرێوە بەرایەتی گشتی نییە ئینشائەڵلا ئەوەش لە بەرنامەمان ئەبێ ئێمە خۆش حاڵین کە هەڵەبجە پارێزگایە وە هەموو ئەو شتانەی کە پێویستە بۆ هەڵەبجەی خۆشەویست ئینشائەڵلا ئەنجامی دەدەین، سەلامەی سناعی ئێمە ڕێنمایمان کردووە کە کارمەندانی کارەبا، فەنییەکان کارەبا ئیلتیزامی پێوە بکەین، بۆ ئەوەی دوور بن لە کارەساتی کارەبا ئیفاد لە وەزارەتی کارەبا وەستاوە، ئیفاد بە شێوەیەکی گشتی لە (٢/١١) بە شێوازێکی ڕەسمی هەموو جۆرە ئیفادێك، وەزارەتی کارەبا مولزەمە پێوەی تەنها ئەو ئیفادانە هەیە ئەویش مەحدودە بۆ وێستگەی (٣٠٠)مێگا واتی هەڵمی خەبات ئێمە وەختێکە کە مەوادێك ئەکڕدرێ لەشەریکەیەك ئەبێ لیژنەی موهەندسینی موشریف لە پرۆژەکان بچن لەو شوێنە لەم گارگەیە سەیری بکەن بزانن ئەم مەوادە بەو مواسەفاتە هەیە کەلە عەقدەکە هەیە لەوێ تێستی بکەین و وببینن ئینجا ڕێی پێ بدەین بێتە هەرێم فەقەت لەو ئیتارە ئیفاد بووە نەك بەو شێوە کە باس ئەکرێت، داهاتی کارەبا نادرێتە وەزارەتی کارەبا، بۆ؟ ئەوە وەلآمەکەی بریتیە لەوە( ٢/١١) بڕیارەکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەرچووە داهاتی هەموو وەزارەتەکان کە داهاتیان هەیە بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی تا لەوێ بکرێتە مووچە بۆ

فەرمانبەران ئەوە هۆکاریەکەیەتی. تەبعەن باسکرا کە لەرێگای ئەوقاف و بەرێزان وتاربێژان باس لە بەکارهێنانی کارەبا بکرێت ئێمە چەند جار لەگەڵ بەرێز وەزیری ئەوقاف باسمان کردووە وە نووسراوی رەسمیمان ناردووە داواکراوە لە هەموو وتار بێژان کە لەسەر مینبەر باس بکەن کەدەست بگرن بە کارەباوە کراوە بەلام ئەویش هەر تا ئاستێك سوودی بووە. بەڵێ ئێمە زانیمانە کە وەزارەتی کارەبا چۆنە تەولید لە دەستی کەرتی تایبەتە ئەوە بەلامانەوە شتێکی زۆر سەیر نەبێ لە زۆربی دونیا بەرهەم هێنانی کارەبا لەدەستی کەرتی تایبەتە بەڵکو بۆرسەی تایبەت هەیە لەسەر نرخی کارەبا بۆ نموونە لە تورکیا بۆرسەیەك هەیە بە نرخی کارەبا خاوەنی کارگە سەیری بۆرسەکە ئەکا بزانێ کام ویستگەی بەرهەم هێنان نرخی کەمترینە ئەچێ لەوێ عەقد ئەکا وە کارەبا لەوێ ئەکڕێت گرفتەکە لەوە نییە کە وێستگەی بەرهەم هێنانی کارەبا لە دەستی کەرتی تایبەتە، گرفتەکە لەوەیە ئێمە سووتەمەنی بە نرخێکی زۆر ئەکڕین وە بەشێکی زۆری گازوایل وە گازوایل گرانە، بەلام وەختێ ئەو وێستگانەی با کەرتی تایبەت بێ و بە غاز ئیش بکات یان کۆمباین سایکل بێ سعری کارەبایەکە دێتە خوارەوە ئەو کاتە ئاسایی ئەبینرێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەوانەیە دابەش کردن لەرێگای سمارت میتەرەوە ئەگەر بدەینە کەرتی تایبەت ئێمە دەتوانین سەیتەرە بکەین لە سەر هەموو کێشەکانی کەرتی تایبەت بۆ خاوەن مولیدەیەك لەدینارێکی خۆی خۆش نابێت دەجار دەچێت لە دەرگای ماڵێ دەدا تا پارەی چوار ئەمپێرە و سێ ئەمپێری لێی دەستێنێ، چونکە کەرتی تایبەتە، بەلام ئەوەی تر هی حکومەتە کە نایدات بۆیە وەختێك کە ئەڵێن سمارت میتەر ئەویش ئەچێتە بواری کەرتی تایبەت دابەش کردن و کۆکردنەوەی داهات، باس لەوە کرا (٤٧٪)ی دانیشتوانی سلێمانی و (١١٠٠) مێگا کارەبا بەرهەم دەهێنێت، بەڕێزان تۆڕێ کارەبای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان یەك شەبەکەیە، وەختێك کارەبا لە دهۆك زیادە بەرهەم دێت دەتوانین بیگوازینەوە بۆ هەولێر، بیگوازرینەوە بۆ سلێمانی، لە سلێمانیەوە بۆ هەولێر، لەبەرئەوە ئاساییە لە شوێنێك زۆرتر و لە شوێنێك کەمتر بەرهەم بهێندرێت، بەلام باشتر وایە وێستگەکانی بەرهەمهێنان دابەش بکرێن بەشێوەیەکی هاوسەنگ لەڕووی جوگرافیاوە، بۆئەوەی گواستنەوەی کارەبا ئاسانتر بێ، هێڵەکان لۆدیان لەسەر نەبێت، هێڵەکان نەکەون ئەوە باشترە، کە ئێمە ئینشائەڵلا لە دانانی وێستگە تازەکان موراعاتی ئەو خاڵە دەکەین، مەحەتاتی (٤) وەجبە بۆ (٥) وەجبە بەڵێ ئەوەمان پێگەیشتووە بەداوایەکی ڕەوای دەزانین، ئینشائەڵلا جێبەجێی دەکەین، بە هەزارەها گوند کارەبایان بۆ چووە، ژمارەیەکی متن لامە گوندەکانی بەڕێوەبەرایەتی سلێمانی (١٧٦) گوندە، گەرماین (٤٣) گوندە، دهۆك (٥٠) گوندە، هەولێر (١١)ە گوندە کە بە هەموویان (٥٦) ماڵن، لەگەڵ (١٧) گوند لە قەزای سۆران، هەموویان (٢٤٧) گوندن کارەبایان بۆ نەچووە، کە ئەوانەش لەڕووی ماڵەوە کەمن، بەلام هەزارەها گوندی تر کارەبایان بۆ چووە، ئەوانەش هەوڵدەدەین ئینشائەڵلا دوای ئەوەی کە بودجە کرایەوە توانیمان، بردنی کارەبا بۆیان پێویستی بە عەمود هەیە، بە مەحاویلە هەیە، هەموو پێویستیەکان هەیە، ئەوانەش ئینشائەڵلا هەوڵ دەدەین ئەنجامیان بدەین، رەبتی کارەبای رەئیسی لەگەڵ مولیدەی گوندی ئەوەی گوندی ئیتالی ئێمە ئەو کەیسەکەمان لایە، تەحقیقی لێ دەکەین بە

شتێكی ناباش و نارەوای دەزانین، بە تەماین لەو بوارە بڵێین بە وەبەرهێنەر لە گوندی ئیتاڵی ناكرێت رەبتی كارەبای رەئیسی بە كارەبای موەلیدەوە بكرێت، ئەوەش لامانە ئەو كەیسە لێكۆڵینەوەی لێ دەكەین، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان بەندە تەنها ئەو چەند خاڵانە وەكو عینوان نووسیومە، داوای لێبووردنم هەیە كە بەشێك لە پرسیارەكان نەمتوانی بێ تەسجیلی بكەم، وەڵامم نەدابێتەوە، بەڵام هەمووی نووسراوە بەڕێزان وەفدی هاوڕێمان نووسیویانە ئەوەی كە مابوو پشت بەخوای گەورە لە ماوەی یاساییدا وەڵامی دەنێرینەوە خزمەتی جەنابتان، زۆر سوپاس بۆ گوێگرتنتان.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری كارەبا، بەڕێزان دەتوانن دانیشن لە شوێنی تایبەتی خۆتان، بەڕێزان بەڕێز د. شێركۆ جودت سەرۆكی لیژنەی پیشەسازی و وزەو سەرچاوە سروشتییەكان، پێم وابێت تێبینییەكی هەیە، رەخنەیەكە كە ئاراستەیان كرابوو دەتوانێت بفەرموێت.

**بەڕێز د. شێركۆ جودت امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیەك هەبوو لەسەر لیژنەی پیشەسازی و وزە، كە ئەمڕۆ باسكرا، كە گوایە زیاتر بایەخی داوە بە وەزارەتی سامانە سروشتییەكان نەك لە وەزارەتی كارەبا، یان وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی كە سەر بە لیژنەكەمانە، ئێمە لێرەوە ڕایدەگەیەنین، هەموو لایەك ئاگادار دەكەینەوە كە ئێمە بە یەكسانی مامەڵەمان لەگەڵ ئەو وەزارەتانە كردووە، كە سەر بە لیژنەكەمانن، ئەگەر سەیری چالاكی لیژنەكان بكەین لەلایەن ئەندامانی لیژنەوە دەیان و سەدان چالاكی بۆ هەر سێ وەزارەتەكە ئەنجامدراوە، بەڵام دیارە ناچارین كە لەگەڵ قەیرانەكاندا ئەولەویات بدەین بە بەدواداچوونی بەشەكان، ئەوە لەوەوە دروست بووە، بۆیە هەموو لایەك دڵنیا دەكەینەوە كە زانیاریەكان بەوشێوەیە نییە، بەڵكو بە یەكسانی مامەڵە لەگەڵ وەزارەتەكان كراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك علی نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارەكەی من ئاراستەی جەنابتە ، ئایا ئەم خولەی پەرلەمان لێرە كۆتایی پێدێنیت؟ چونكە ئێستا دوو بابەتی گرینگ لە ساحەی لیژنەكانی پەرلەماندایە، كە دەستوور لەگەڵ سندووقی داهاتی نەوت و غازە، كە ئەوە بۆ خەڵكی كوردستان دوو شتی ستراتیجی زۆر زۆر گرینگن، ئایا ئەوە دەخەنەوە یەك كەیس؟، یاخود چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەكەن؟ هیوادارم وەڵامێكی پێویست بدەنەوە، چونكە خەڵكی كوردستان بەم دوو شتە زۆر موهتەمن، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ كاك سۆران پێش ئەوەی وەڵامی كاك علی بدەمەوە، فەرموو:

**بەڕێز سۆران عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە ئیجازەی سەرۆکی لیژنەی دارایی، ئەگەر لێرەبێ یان لێرە نەبێ، لە ئێستادا پڕۆژە بودجەی عیراق داخلی پەرلـەمان بـووە، زۆر زەرور بـوو کـە پەرلـەمان جـەخت بکاتـەوە، ماوەیـەکی زۆرە لیژنەکـەمان داوای لـە حکومەت کردووە پڕۆژە بودجە بێ، چونکە ئێمـە دەکەوینـە کۆتـایی فەسـڵی تەشـریعی و ، بودجـەی سـاڵی (٢٠١٥) دەبوایە حکومەت دەست و بردی زیاتر ی لێ کردبایە، هیودارم بەڕێزتان لە ڕێگای سـەرۆکایەتییەوە جەخت بکەنەوە، کە بەزووترین کات پڕۆژە بودجەی ساڵی (٢٠١٥) بێتە پەرلەمان.**

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان رۆژی چوارشەممە دانیشتنێکی تر ساز دەدەین، هەندێك پڕۆژە یاسا ماوە خوێندنەوەی بـۆ دەکـەین، هەنـدێك بابـەت ماوە باسی لەسەر بکەین، هیوادراین لایەنی کەم یەکێك لەو راپۆرتانەی لەسەر ئەو دوو پڕۆژە یاسا گرینگـەی کـە بـەڕێز کـاك علی حەمە صالح باسیکرد تا ئەوکات ئامادەبێ، بۆئەوەی گفتوگۆی لەسـەر بکـەین، ئەگـەرنا هـەر ئـەو رۆژەش دەتـوانین بـاس لەوە بکەین کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو پڕۆژە یاسایانەبکەین، کە تەواو نـەبوون، پرسـی بودجـەش ڕاسـتە پرسـێکی گرینگـە، لیژنـەی دارایـی و ئـابووری و وەبـەرهێنان داواکـاری لـە حکومـەت کـردووە، بۆئـەوەی کـە بـەزووترین کـات بودجـە بنێرێتـە پەرلـەمان، بودجـەی هـەرێمی کوردسـتان، هـەرکاتێك بودجـەی هـەرێمی کوردسـتان بێتـە پەرلـەمان، تەنانـەت ئەگـەر وەرزی تەشـریعیش کۆتـایی پـێ هـات بـوو، دەتـوانین کۆبوونەوەیـەکی نائاسـایی بـۆ ئـەنجام بـدەین، تـا (چوارشـەممە) دەتـوانین بیربکەینەوە بۆئەوەی کە بەرنامەمان چی دەبێت، زۆر سوپاس لێرە دانیشتەکەمان کۆتایی پێ دێت.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢١)ی**

**چوارشەممە رێکەوتی ٣١\١٢\٢٠١٤**

**خولی چوارەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (٢١)

## چوار شەممە رێكەوتی ٢٠١٤/١٢/٣١

كاتژمێر (١٠،٣٠)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی ٢٠١٤/١٢/٣١ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی یوسف محمد صادق سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز جعفر ابراهیم ئێمینكی

جێگری سەرۆك و، بەڕێز فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٢١)ی خولی چوارەمی، ساڵی (٢٠١٤) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی برگە (١)ی مادده (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا دانیشتنی ژمارەی (٢١)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی یەکەم لە خولی چوارەمی هەڵبـژاردن لە کات (١٠،٣٠)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی ٢٠١٤/١٢/٣١ دا بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پڕۆژە بڕیار و یاسایانەی خوارەوە، بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەموارکراو.

١. پڕۆژە بڕیاری چوڵ کردن و تەسلیم کردنەوەی ئەو بینایانەی موڵکی گشتین بە حکومەت.

٢. پڕۆژە یاسای هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠١) یاسای صندوقی خانەنشینی رۆژنامەوانانی کوردستان ـ عێراق.

٣. پڕۆژە یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٠٧).

٤. پڕۆژە یاسای هەموارکردنەوەی یاسای هۆشبەرەکان ژمارە (٦٨)ی ساڵی (١٩٦٥)ی هەموارکراو.

٥. پڕۆژە بڕیار دەربارەی پلەبەندی وەزیفی و شوێنی دامەزراندنی دەرچووانی زانستە سیاسییەکان.

٦. پڕۆژە یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٠٧).

٧. پڕۆژە یاسای دەستەی گشتی سەلامەتی باشی بەرهەمە خۆماڵی و هاوردەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

٨. پڕۆژە بڕیاری پلەی وەزیفی بۆ دەرچوانی زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان.

٩. پڕۆژە یاسای پاراستنی یەکێتی گەل و خاکی کوردستان ـ عێراق.

١٠. پڕۆژە یاسای دانانی نۆرینگەی پزیشکی ددان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان.

١١. پڕۆژە یاسای هێڵە گشتییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان.

١٢. پڕۆژە یاسای هەموارکردنی سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی ژمارە (١٧) ساڵی (١٩٩٩).

١٣. پڕۆژە بڕیاری تایبەت بە هەموارکردنی مووچەی پلە تایبەتەکانی هەر سێ سەرۆکایەتیەکە، سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و فەرمانگەکانیان،

دووەم: دەنگدان لە سەر دانانی هەندێك لە ئەندامان بۆ سەر لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان بەپێی ماددەکانی (٣٩) و (٣٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە (١) ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو.

سێیەم: ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی خولی گرێدانی ساڵی دووەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە بەپێی بڕگەی دوو لە مادده (١٧)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەمووارکراو.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، دانیشتنەکەمان بە ناوی گەلی کوردستان دەکەینەوە، خولی چوارەمی هەڵبژاردن، ساڵی دووەم، دانیشتنی ژمارە (٢١)، ڕۆژی دانیشتن (٢٠١٤/١٢/٣١)، بەرنامەی کار، بەپێی حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٢٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەمووارکراو، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا کاتی دانیشتنی ژمارە (٢١)ی خولی گرێدانی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان، لە کاتژمێر (١٠/٣٠)ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی (٢٠١٤/١٢/٣١) بێت و بەرنامەی کاری دانیشتنەکە بەم شێوەیە بێت،

یەکەم: خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پڕۆژە بڕیار و یاسایانەی خوارەوە، بەپێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەمووارکراو.

١ـ پڕۆژە بڕیاری چوڵ کردن و تەسلیم کردنەوەی ئەو بینایانەی موڵکی گشتین بە حکومەت.

٢ـ پڕۆژە یاسای هەمووارکردنی یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠١) یاسای صندوقی خانەنشینی ڕۆژنامەوانانی کوردستان ـ عێراق.

٣ـ پڕۆژە یاسای هەمووارکردنی یەکەمی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٠٧).

٤ـ پڕۆژە یاسای هەمووارکردنەوەی یاسای هۆشبەرەکان ژمارە (٦٨)ی ساڵی (١٩٦٥)ی هەمووارکراو.

٥ـ پڕۆژە بڕیار دەربارەی پلەبەندی وەزیفی و شوێنی دامەزراندنی دەرچووانی زانستە سیاسییەکان.

٦ـ پڕۆژە یاسای هەمووارکردنی یەکەمی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٠٧).

٧ـ پڕۆژە یاسای دەستەی گشتی سەلامەتی باشی بەرهەمە خۆماڵی و هاوردەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

٨ـ پڕۆژە بڕیاری پلەی وەزیفی بۆ دەرچوانی زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان.

٩ـ پڕۆژە یاسای پاراستنی یەکێتی گەل و خاکی کوردستان ـ عێراق.

١٠ـ پڕۆژە یاسای دانانی نۆرینگەی پزیشکی ددان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان.

١١ـ پڕۆژە یاسای هێڵە گشتییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان.

١٢ـ پڕۆژە یاسای هەمووارکردنی سێیەمی یاسای پارێزەرایەتی ژمارە (١٧) ساڵی (١٩٩٩).

١٣ـ پڕۆژە بڕیاری تایبەت بە هەمووارکردنی مووچەی پلە تایبەتەکانی هەر سێ سەرۆکایەتیەکە، سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و فەرمانگەکانیان،

دووەم: دەنگدان لە سەر دانانی هەندێك لە ئەندامان بۆ سەر لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمانی كوردستان بەپێی ماددەكانی (٣٩) و (٣٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، ژمارە (١) ساڵی (١٩٩٢)ی هەمواركراو.

سێیەم: ڕاگەیاندنی كۆتایی هاتنی خولی گرێدانی ساڵی دووەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لەلایەن سەرۆكی پەرلەمانەوە بەپێی بڕگەی دوو لە ماددە (١٧)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (١)ی ساڵی(١٩٩٢)ی هەمواركراو.

پێش دەست پێكردن بە بەرنامەی كار، داوا لە بەڕێز سكرتێری پەرلەمان دەكەین كە ناوی ئامادەنەبووانی دانیشتنی پێشوو بخوێنێتەوە، فەرموو،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو بەخشیندەی میهرەبان، ناوی ئەندامانی پەرلەمان كە لە دانیشتنی ژمارە (٢٠)ی ئاسایی لە بەرواری (٢٠١٤/١٢/٢٩)، مۆڵەت پێدراون یان بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون، لە كۆبوونەوەی یەكەمدا بەم شێوەیەی خوارەوەیە، (ئاری محمد (ئاری هەرسین) ـ مۆڵەت، ئاواز جەنگی ـ مۆڵەت، ئایدن معروف ـ مۆڵەت، بشار مشیر ـ مۆڵەت، خلف احمد ـ مۆڵەت، دلێر مصطفی ـ مۆڵەت، زۆزان صادق ـ مۆڵەت، زیاد حسین ـ ئامادەنەبووە، سرود سلیم ـ ئامادەنەبووە، صالح بشار ـ مۆڵەت، گەشە دارا ـ مۆڵەت، گۆران ئازاد ـ مۆڵەت، ڤالا فرید ـ مۆڵەت، ڤەمان فیصل ـ مۆڵەت، عبدالله جاسم ـ مۆڵەت، عزت صابر ـ مۆڵەت، كەژاڵ هادی ـ مۆڵەت، كمال یلدا ـ مۆڵەت، لینا عزریا ـ ئامادەنەبووە، محمد علی یاسین ـ ئامادەنەبووە، منیرە عثمان ـ مۆڵەت، نجات محمد ـ مۆڵەت، وحیدە یاقو ـ مۆڵەت، یروانت نیسان ـ ئامادەنەبووە، یعقوب گورگیس ـ ئامادەنەبووە) لە كۆبوونەوەی دووەمی هەمان ڕۆژدا ئامادەنەبووان بەم شێوەیەی خوارەوەیە: (ئاری محمد (ئاری هەرسین) ـ مۆڵەت، ئاواز جەنگی ـ مۆڵەت، ئایدن معروف ـ مۆڵەت، بشار مشیر ـ مۆڵەت، خلف احمد ـ مۆڵەت، دلێر مصطفی ـ مۆڵەت، زۆزان صادق ـ مۆڵەت، زیاد حسین ـ ئامادەنەبووە، سرود سلیم ـ ئامادەنەبووە، صالح بشار ـ مۆڵەت، گەشە دارا ـ مۆڵەت، گۆران ئازاد ـ مۆڵەت، ڤالا فرید ـ مۆڵەت، ڤەمان فیصل ـ مۆڵەت، عبدالله جاسم ـ مۆڵەت، عزت صابر ـ مۆڵەت، كەژاڵ هادی ـ مۆڵەت، كمال یلدا ـ مۆڵەت، لینا عزریا ـ ئامادەنەبووە، محمد علی یاسین ـ ئامادەنەبووە، منیرە عثمان ـ مۆڵەت، نجات محمد ـ مۆڵەت، وحیدە یاقو ـ مۆڵەت، یروانت نیسان ـ ئامادەنەبووە، یعقوب گورگیس ـ ئامادەنەبووە، جمال عثمان ـ ئامادەنەبووە، ڕۆژا محمود ـ ئامادەنەبووە، فەرهاد حەمە صالح (فەرهاد سەنگاوی) مۆڵەت).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە پوختەیەك لە کۆنووسی دانیشتنی پێشووی پەرلەمانی کوردستان بخوێننەوە،

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پوختەی دانیشتنی ژمارە (١٩) لە بەرواری (٢٠١٤/١٢/٢٤)، بەم شێوەیەی خوارەوە بوو،

١ ـ دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانەوە،

٢ـ خوێندنەوەی ناوی ئەندامانی پەرلەمانی ئامادەنەبوو هەروەها خوێندنەوەی پوختەی دانیشتنی پێشوو لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە.

٣ـ پەسەندکردنی گفتوگۆکردن لە سەر رەوشی کارەبا لە هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی وەزیری کارەبا.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا دەست دەکەین بە بڕگەی یەکەم لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆ، فەرموو حاجی کاروان نوقتەی نیزامیت هەیە؟

**بەڕێز کنعان نجم الدین احمد (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پڕۆژە یاسایەك پێشکەش کرا، تەقریبەن مانگێك دەبێ لە سەر دانانی رۆژی شەهید لە کوردستاندا تا ئێستا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ نەکراوە، کەچی پڕۆژە یاسا پێشکەش کراوە لە (٢٩)ی مانگ ئەمڕۆ (٣١)ی مانگە هاتۆتە ناو خوێندنەوەی یەکەمەوە، داوا دەکەین جارێکی تر یەعنی لەوە زیاتر تەئخیر نەبێ، چونکە هیچ موبەریرێك نییە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێ دەستمان نەکرد بە بەرنامەی کار و بڕگەی یەکەم، تا جەنابت سەرنج بدەی لە سەر ئەوە، بەڵێ راستە هەندێك پڕۆژە یاسا ماون، چەند پڕۆژە یاسایەکی کەم ماون کە خوێندنەوەیان بۆ نەکراوە، ئەوەی کە جەنابت باسی دەکەی سێ پڕۆژە یاسامان هەیە کە پێویست دەکات پێکەوە خوێندنەوەیان بۆ بکەین بۆ ئەوەی پێکەوە بڕواتە لای لیژنە هەمیشەییەکان، یەکێکیان پڕۆژە یاسای بۆنە فەرمییەکانە لە هەرێمی کوردستان ئەوەی جەنابت باسی دەکەی دیاریکردنی رۆژی شەهید لە هەرێمی کوردستان و، پڕۆژە یاسایەکیش پێشکەش کراوە بۆ دیاریکردنی رۆژە فەرمییەکانی پێکهاتەی تورکمان لە هەرێمی کوردستان هەر سێکی پێکەوە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکەین.

**بەڕێز کنعان نجم الدین احمد (حاجی کاروان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس یەك شتی تر جارێکی تر تەئکید دەکەمەوە لای بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان بوو واژووی ئەو (١٥) پەرلەمانتارەی لە سەر پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ دیار نەمانی (٤٠٠) کەس واژووەکەیان لەلایە تەئکید دەکەمە جارێکی دیکە لیژنەی مافی مرۆڤ کە باسیان کردبوو رجائەن مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، با دوا نەکەوێ،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابت دەتوانی لە دەرەوەی کۆبوونەوەش بێی هەواڵی ئەوە بپرسی بۆ ئەوەی وەڵامت بدەینەوە کە ئەو یاداشتە ئاڕستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان کراوە، فەرموو کاك عباس،

**بەڕێز عباس غزالی میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رەنگە زۆر نیزامی نەبێ، بەڵام زۆر گرنگە، ئێمە بەرەو خولی کۆتایی یاسا دانانەکەمان دەڕۆین ئەمڕۆکە، بەڵام جێگای داخە لە هەندێك شوێن لە دەزگای نا فەرمی گوایە لە موسڵ نەخۆشی ئێبوڵا بینراوە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، داوا لە لیژنەی کاروباری تەندروستی،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە نیزامی نییە؟ جەنابت دەتوانی یادشتێکمان ئاڕاستە بکەی بۆ ئەوەی ئاڕاستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی بکەین بۆ بەدواداچوون فەرموو د. شێرکۆ،

**بەڕێز د. شێرکۆ حەمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا ئێمە ئەو رۆژە یاداشتێکمان واژوو کرد،بۆ پێداچوونەوە بە کارەکانی پەرلەمان لە هەموو خولەکاندا و، بۆ ئەوەی دیوانی چاودێری دارایی، دەستەی نەزاهە، لیژنەی کاروباری پەرلەمان و، هەتا کۆبوونەوەی پەرلەمانیشی بۆ تەرخان بکرێ، بەڵام بەداخەوە ناوەڕۆکی یاداشتەکە گۆڕا، بۆیە هەم پەکی خست و، منیش واژووەکەی خۆم دەکێشمەوە، چونکە بەڕاستی ئەوە متمانە لە دەستدانی لێ دەکەوێتەوە و، هیوادارم ئەو دوو پڕۆژە یاسایە کە زۆر گرنگ بوو ئەوانە موناقەشەی لە سەر بکرابایە کە چارەنووسی خەڵکی کوردستانە، مەسەلەی دەستور و مەسەلەی سندوقی داهاتە نەوتییەکان کە بەم جۆرە گەیەنرا بەڕاستی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەش باس دەکەین، فەرموو کاك فائق.

**بەڕێز فائق مصطفی رسول:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پەیامەكەی من لەلایەن (د. شێركۆ) گەیشت، پێویستە ئەو بابەتە لێكۆڵینەوەی لەگەڵدا بكرێ، بۆ ئەوەی غەدر لە كەس نەكرێ و، ناوی كەس نەهێنرێ لەو بابەتەدا

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك بەهزاد،

**بەڕێز بەهزاد دەروێش دەروێش:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە بەرواری (٢٠١٤/١١/١٩) مە لە هۆڵا پەرلەمانی بەحسێ بودجەیێ كر، جەنابێتە گوتی دی بهەند وەرگرین كە هەتا نووكە چ بەحسێ بودجە نینە، كو بێتە پەرلەمانێ، چونكو بودجە مەسەلەكە تەخمینیە، مەسەلە داهات، ئەڤە ئێك، دوو: بەڕێز (د. شێركۆ) بەحس كر ئەو نوقتە نیزامییە كە بەحسێ یاسای داهاتی نەوت و غازێ كر، سیفەتی ئیستیعجال پێدا بوو نزیكە هەیڤەكە هێشتا نەهاتیا هۆڵا پەرلەمانێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لەبەرئەوەی راپۆرت حازر نەبووە، بۆیە نەهاتۆتە هۆڵی پەرلەمان، هەر بابەتێك راپۆرتی حازر بێ دێتە هۆڵی پەرلەمان، فەرموو كاك سالار،

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرۆسەی پێشكەش كردنی پرۆژە یاسا و پرۆژە بڕیار من داواكارم پەرلەمنتارانی بەڕێز دیقەتی ئەوە بكەن، ناكرێ ئەگەر ئێمە یاسایەكمان هەبێت یان بڕیارێكمان دەركردبێ لە ئێستادا پرۆژە بڕیاری هاوشێوە یان پرۆژە یاسای هاوشێوە دەربكرێ، بۆ نموونە پرۆژە یاسای رۆژی شەهید، ئێمە رۆژی شەهیدمان لە خولی دووەمی پەرلەمان تەسبیت كردووە، كە رۆژی (٣/١٦)ی هەموو ساڵێك رۆژی شەهیدە، هیوادارم سەرۆكایەتی پەرلەمان دیقەت بكەن بۆ ئەوەی ئێمە خەلەل نەكەوێتە پرۆسەی تەشریعیەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك علی،

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەیەكی پەیڕەوی ناوخۆ هەیە كە باس لە ئامادەكردنی راپۆرت دەكات (٥) رۆژ بۆ سیفەتی ئیستیعجال و، (١٠) رۆژی دیكە بۆ حاڵەتی ئاسایی، من پرسیار لە جەنابتان دەكەم، ئەم دیاری كردنی كاتە چ ئەهمیەتێكی هەیە كە بەهیچ شێوەیەك ئیلتیزامی پێوە نەكرێت، ئەوە زیاتر لە مانگێكە سندوقی داهاتی نەوت، راپۆرتەكە نیردراوە، باشە ئەگەر ئیلتیزام نەكرا، ئیجرائات چییە لەگەڵ لیژنەكاندا؟ یان ئەگەر وابێ

ئەم (٥) ڕۆژ و (١٠) ڕۆژە هەر هەڵگیرێت، چونکە بەڕاستی بۆ ئێمە سندوقی داهاتی نەوت و دەستور بابەتێکی ئیجگار گرنگە، زیاتر لەوە تەئخیرکردنی کارێکی نەشیاوە، قسەی جدیشمان دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاستە، ئەو بابەتەی ئەمڕۆش باسی ئەکەین لە بەرنامەی کاری دانیشتنەکەمانە، دوای کۆتایی هاتنی وەرزی گرێدان ئەگەر هیچ بابەتێك نەبوو بۆ درێژ کردنەوەی وەرزی گرێدان، وەرزی گرێدان کۆتایی پێ دێنین، باسی ئەو بابەتانەش ئەکەین، و باسی ئەوەش ئەکەین کە کەموکورتی هەیە لە ئامادە کردنی ئەو پرۆژە یاسایانە، بەڵام ئێستا دەست ئەکەین بە، فەرموو دکتۆر فرست.

**بەڕێز د.فرست صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جگە لە یاسا دانان و ڕەقابە، یەکێ لە کارە گرنگەکان مەسەلەی بودجەیە، ساڵێك و شتێك تێپەڕی بە قەد یەك تۆز مومارەسەی ئەو دەسەلاتەی خۆمان نەکردووە، ئەگەر سەیری ماددەی (٧٩) فەقەرەی دووەم بکەین، پرۆژە یاساکانی بودجەی گشتی و ژمێرەی کۆتایی ساڵی (٢٠١٣) تا ئێستا نەهاتووە، بابێمە سەر پەرلەمان، لەبەر ئەوە ئەو قسە ئەکەم چونکە ئاخیر جەلسەیە لەو فەصلە تەشریعیە، دەزگای ژمێرکاری پەرلەمان لە کۆتایی هەر ساڵێکی دارایی هەڵئەستێ بە دانانی ژمێرەی کۆتایی و دەخرێتە بەردەم سەرۆك بۆ ڕازی بوون لەسەری، و ڕەوانە کردنی بۆ لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری بۆ پێداچوونەوە، و بەرز کردنەوەی ڕاپۆرتێك لەو بارەوە بۆ پەرلەمان......

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (٨٩)؟

**بەڕێز فرست صوفی:**

بەڵێ ماددەی (٨٩)، نە لە حکومەت و نە لە پەرلەمان نە ژمێرەی کۆتاییمان بینیوە، نە حیسابی خیتامی، و نە ئێستاش سەبارەت بە مەسەلەی بودجە و ئەوانە زۆر گرنگە، تەسەوڕ ئەکەم ئەگەر حکومەت کەمتەرخەمە ئێمە (١٠) دەجار وەکو پەرلەمان کەمتەرخەمین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز دکتۆر فرست صوفی ئێمە لە مانگی ئایاری ئەمساڵەوە ژمێرەی کۆتایی (٢٠١٣) مان هاتۆتە بەردەست، بۆ ئەوەی بە پێی ماددەی (٨٩) پەسندی بکەین، لە مانگی ئایارەوە ئاراستەی لیژنەی دارایی پەرلەمانمان کردووە بۆ ئەوەی ڕاپۆرتی لەسەر حازر بکات، وەکو ئەوەی بەڕێزت باست کرد، لە ڕاپۆرتەکە خوێندتەوە، بەداخەوە لیژنەی دارایی تا ئێستا ڕاپۆرتی حاز نەکردووە، ئێمە نووسراوی جەخت کردنەوەشمان کرد، پێم وابێ بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان لە چەند ڕۆژی ڕابردوو نووسراوی جەخت کردنەوەی کردووە بۆ لیژنەی دارایی بۆ ئەوەی بە زووترین کات ڕاپۆرتی ژمێرەی کۆتایی (٢٠١٣) ئامادە بکەن، و من داوام لە بەڕێوەبەرایەتی دارایی پەرلەمان کردووە بە زووترین کات ژمێرەی کۆتایی (٢٠١٤) ش ئامادە بکەن، بۆ

ئەوەی بیخەینە بەردەست لیژنـەی دارایـی بـۆ ئـەوەی ڕاپـۆرتی لەسـەر حـاز بکـرێ و بـدرێ بـە ئەنـدامانی پەرلەمان، فەرموو کاك قارەمان.

**بەڕێز قارەمان قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماوەی چەند مانگێکە سێ لیژنەی هەمیشەیی پێکهێنـراوە، بـەڵام تـا ئێسـتا دەسـتەی سـەرۆکایەتی ئـەو سـێ لیژنەیەی یەکلایی نەکردۆتەوە، سێ لیژنەی گرنگن، و تا ئێستاش ئەو بەرنامەی دامانناوە بۆ ئەوەی کـاری لەسـەر بکـەین نـاتوانین کـاری لەسـەر بکـەین، لەبـەر ئـەوە هیـوادارم ئـەو سـێ لیژنەیـە لـە ماوەیـەکی زوو یەکلایی بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

بـەڕێز کـاك قارەمـان ئێمـە بـە شـێوەیەکی کـاتی سـەرۆکی تەمـەنی ئـەو لیژنانـەمان دەسـت نیشـان کـرد، و ڕێکەوتنێکیش لە نێـوان فراکسـیۆنەکان هاتـە کایـەوە بـۆ سـەرۆکایەتی ئـەو سـێ فراکسـیۆنە، بـەڵام دواجـار پابەنـد نەبوون بەو ڕێکەوتنەی ئەنجامیان دابوو، بۆیە ناچارین بەردەوام بین بەو شێوەیەی لە ڕابـردوو دا پەسندمان کرد، سەرۆکی تەمەن بەردەوام بێ تا ڕێکەوتنی کۆتایی فراکسیۆنەکان لەسەر سەرۆکایەتی لیژنە هەمیشەییەکان، فەرموو کاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو نوقتە نیزامیەی بەڕێز دکتۆر فرست....

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

بەیارمـەتیت کـاك علـی، ئەگـەر فراکسـیۆنەکان پابەنـدن هـەر ئـەمڕۆ ئـەتوانین کۆبوونـەوەی سـێ لیژنەکـە بکـەین، چـونکە پێشـتریش وادەیـەکمان دانـا بـۆ کۆبوونـەوەی ئـەو سـێ لیژنەیـە، و هەڵبـژاردنی دەسـتەی سەۆکایەتیەکانیان، بەڵام ئەنجام نەدرا، ئەگەر پابەنـدن بـە ڕێکـەوتنی نێوانتـان فـەرموو ئـەمڕۆ ئـەتوانین کۆبوونەوەی ئەو سێ لیژنەیە ئەنجام بدەین بۆ هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو پێیەی جێگری سەرۆکی لیژنەی داراییم و سەرۆك لێرە نییە، سەبارەت بـەو نوقتـە نیزامییـەی بـەڕێز دکتۆر فرست صۆفی گرتی، ئێمە لە لیژنەی دارایی هاوڕێیـان شـاهیدن کۆبوونـەوەمان کـرد و ڕاپۆرتـەکانمان دابەش کرد، ئەرکی ئامادە کردنی حیساباتی خیتامی بـەمن سـپێدرا، لـەکاتی خـۆی ڕاپۆرتەکـەم حـازر کـرد لەباتی ئەوەی لیژنـەی دارایـی موناقەشـەی بکـات، ڕاپۆرتەکـەم هێنـاوە، تـەوزیعم کـرد بەسـەر ئەندامـەکان، بەڵام بەهیچ شێوەیەك گفتوگۆی لەسەر نەکرا، و نووسراوێکیش بۆ بەڕێزتان کرا گوایـە ئەوانـەی پێویسـتە ساڵانی ئایندەش بێتەوە، هەرسێ پرسەکە پێکەوە بخرێتە بەرنامەی کار، من دوو، سێ جاری تـر هـەوڵم دا

بۆ ئـەوەی ئـەو ڕاپۆرتـە ئاراسـتەی بـەرێزتان بکـەم نـەمتوانی، و لـە ئـەخیر جـار وتم ئەگـەر نەشـبێت، لـە لیژنەکەش وتم و لێرەش ئەلێیمەوە، من ئەو دۆسیەیە ئەدەمـە داواکـاری گشـتی بـۆ ئـەوەی سکاڵای لەسـەر تۆمار بکرێ.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز کاك سۆران فەرموو.

**بەرێز سۆران عمر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جێگری سەرۆکی لیژنە قسەکانی کرد، سوپاس.

**بەرێز د.یوسف محمد-سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو مامۆستا عمر.

**بەرێز عمر صالح کۆچەر:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مە پرۆژە یاسایەك پێشکەش کـر بـۆ سـندوق ئیحتیـاتی مووچـە بـۆ زەرەرمەنـدانی فەرمانبـەران و خـودان مووچەنە، سندوق ئیحتیاتەك مە پرۆژە یاسایەك پێشکەش کر لیژنەی دەستپاکی...

**بەرێز د.یوسف محمد-سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەبێ بە عەرەبی پیشکەشتان کردبێ، ئەو پرۆژە یاسایانەی عەرەبین ئێستا پێویست ئەکات وەرگێڕدرێـن بـۆ سەر زمانی کوردی، و ئەوکات بهێندرێنە بەرنامەی کارەوە، فەرموو کاك گۆران.

**بەرێز گۆران ئازاد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەداخـەوە هەنـدێ مـەوزوع لێـرە ئەکەینـەوە کـە ئـەتوانین پـێش جەلسـە، هـەمووومان ئەنـدامی لیژنـەین، سەرۆکی لیژنەین، بڕیاردەری لیژنەین، بە تەنسیق بـێین لەگـەڵ دەسـتەی سـەرۆکایەتی، لەگـەڵ سکرتێری پەرلەمان هەماهەنگی بکەین بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو پرسە، چونکە ئەو پەخشانە ڕاستەوخۆن، هەنـدێ مەوزع باس ئەکرێن لەوانەیە ئێرە شوێنی نەبێ، دوو، لەسـەر ئامـادە کردنـی ڕاپـۆرت کـە باسـی دوو پرسـی گرنگ کرا، بۆ ئەوەی دواتر تەفسیری هەڵەی بۆ نـەکرێ، یـەك، لەسـەر سـندوقی داهاتـە نەوتییـەکان، ئێمـە چـەندین کۆبوونـەوەی هاوبـەشمان لەگـەڵ لیژنـەی سـامانە سروشـتییەکان کـردووە، و ئـەخیر کۆبوونـەوە مەحزەر هەیە، قەرار درا لیژنە بە دوو ڕەئی، سێ ڕەئی، چوار ڕەئی نایەتـە کۆبوونـەوە، ڕای لیژنـە ئەوەیـە بە زۆرینە ڕاپۆرت ئەنووسن، و ئەوەی تێبینی هەیە لەسەر ڕاپۆرتەکەی، سـەرناکەوێ لـە زۆرینـە تەحـەفوز ئەنووسرێ، ڕاپۆرتی ئەو بەرێزانـە بـۆ ئێمـە هـاتووە بـە دوو، سـێ ڕەئـی، لـە کاتێکـدا ئەبوایـە ئـەو ڕەئیانـە یـەکبخرێ، لەسـەر دەسـتووریش بـەرێزتان ئـەزانن ئـەو پرسـە تەوافوقیـە، و زۆرتـرین هـەنگاو نرایـە، بـە تایبەتی لـە لیژنـەی یاسایی، بـەڵام وا موتەبـەع بـووە لەبـەر تـەوافوقی لایەنـە سیاسـییەکان قسـەی لەسـەر

نەكرێ، و هەركاتێ زەمینەی سیاسی لەبار بوو پێم وایە لە لیژنەی یاسایی هەم لە ئامادە كردنی پرۆژەكە، هەم لە نووسینی ڕاپۆرت كارەكانمان تەواو كردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد-سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان دەست ئەكەین بە بەرنامەی كاری ئەمڕۆمان كە بڕگەی یەكەمی بریتییە لە خوێندنەوەی یەكەمی سیانزە پرۆژە یاسا و بڕیار، بە پێی ماددەی (٧١) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (١) ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموار كراو، داوا لە بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی یاسایی ئەكەین بێنە سەر مەنەسە بۆ دەست پێكردن بە بەرنامەی كار، فەرموو دكتۆر شێركۆ.

**بەڕێز د.شێركۆ جودت:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی باس لە لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەكان كرا، ئێمە لە كێشەی غیاب و تەواو نەكردنی نیسابی یاسایی كۆبوونەوەی لیژنەكانین، بۆیە دووجار بۆ یەكلایی كردنەوەی دەنگەكان لەسەر ڕاپۆرتی پرۆژە یاسای سندوقی نەوت و گاز كۆبووینەوە، بەلاَم لەبەر ئەوەی نیساب تەحقیق نەبوو، بۆیە نەتوانرا سەوتەكان یەكلایی بكرێتەوە، هیوادارین بەڕێزتان چارەسەری كێشەی ئامادە نەبوون لە جەلساتی لیژنەكانی پەرلەمان بكەن، و لە كۆبوونەوەی پەرلەمانیش بەهەمان شێوە، بۆ ئەوەی نەتوانرێ بەو شێوەیە ڕاپۆرتی ئاوا گرنگ تەعتیل بكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد-سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆرە بەهار.

**بەڕێز د.بەهار عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی دەست بكەم بە خوێندنەوەی پرۆژە یاساكان، لە شوێنی خۆمەوە دەستم بەرز كردەوە، پێم خۆشە لێرە ڕوون كردنەوەكەم بدەم، سەبارەت بەوەی كە ڕاپۆرت بە دوو ڕەئی بهێنردرێتە ناو هۆڵی پەرلەمان، نە لە پەیڕەوی ناوخۆ، نە لە هیچ یاسایەك، هیچ ماددەیەكی قانونی نییە لەوەی ڕاپۆرتێك بە دوو ڕەئی نەیەت، بەپێچەوانەوە ئەگەر بە دوو ڕەئی بێ ئیحتیرام گرتنی ڕەئیەكانی كەسەكانی ناو لیژنەكەیە، و ئێمە لەو خولە ئەوەمان كردووە پێشتر، لە خولەكانی پێشووش كراوە، بەلاَم نیسابی ئیمزاكان تەواو نەبووە، بۆیە نەهێندراوەتە ناو هۆڵی پەرلەمان.

**بەڕێز د.یوسف محمد-سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز دكتۆر شوان.

**بەڕێز عمر مصطفى (شوان قەلاَدزەیی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هەر لە سەرەتای خولی یەکەمەوە پرۆژە یاسایەکمان بە ناوی هەموار کردنەوەی مووچە پێشکەش کردبوو، خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆ کرا، بەس لەوکاتەوە تا ئێستا هیچ سۆراغی نییە، ئیستاش پرۆژە یاسایەکی بەهەمان شێوە پێشکەش کراوە، ئەوەی ئێمە باسی ئەوەی کردووە هەموار کردنەوەی مووچە لە هاوولاتیەکی نەخوێندەوار تا ئەگاتە بەرزترین بروا نامە لە هەرێمی کوردستان...

**بەرێز د.یوسف محمد-سەرۆکی پەرلەمان:**

خوێندنەوەی بۆ کرا یان نا؟

**بەرێز د. عمر مصطفى (شوان قەلادزەیی):**

بەڵێ کراوە....

**بەرێز د.یوسف محمد صادق-سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێ رۆیشتۆتە لای لیژنە پەیوەندیدارەکان، راپۆرتی لەسەر ئامادە نەکراوە جارێ، کە راپۆرتی لەسەر ئامادە کرا دێتەوە هۆڵی پەرلەمان بۆ گفتوگۆ کردن، فەرموو بەرێزان لیژنەی یاسایی.

**بەرێز د.بەهار محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم پرۆژە بریار پرۆژە بریاری چۆڵ کردن و تەسلیم کردنەوە ئەو بینایانەی موڵکی گشتیین بە حکومەت، ئەم پرۆژە بریارە لە (٥) برگە پێکدێ بێ هۆکاری دەرچوون، لەلایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە ئەوە ناوەکانیانە:

١ ئاواز جنگی.

٢- سعید مصیفی.

٣- تەلار لطیف.

٤-صالح فەقێ.

٥- مریم صمد.

٦- قادر ئوتمان.

٧- گۆران ئازاد.

٨- سالار محمود.

٩- رێواز فائق.

١٠- زانا عبدالرحمن.

١١- بێگەرد دڵشاد.

١٢- دەرباز عبدالله.

١٣-گەشە دارا.

١٤-خلف احمد.

داواکارین له بەرێزتان ئەم پرۆژە بڕیارە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدارەکان بکەن.

**بەرێز د.یوسف محمد-سەرۆکی پەلەمان:**

ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکانی پەرلەمان ئەکرێ.

**بەرێز د.بەهار محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای دووەم بریتییە لە پرۆژە یاسای سندوقی خانەنیشنی رۆژنامەوانانی کوردستان، لە ڕاستی دا ئەو پرۆژە یاسایە تێکەڵیەکی پێوە دیارە، ناوەکان بە دوو شێوەیە، بە دووجار داواکراوە و هەمان پرۆژە یاسایە، ناوی هەردوو داواکاریەکە دەخوێنینەوە، ئەم پرۆژە یاسایە لە (٧) مادده پێك دێت لەگەڵ هۆکارەکانی دەرچوون لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، کە ئەمە ناوەکانیانە ((شێرکۆ جەودەت مصطفی، بەهار عبدالرحمن، غەریب مصطفی، حاجی کاروان، ابو بکر هەڵەدنی، کەژاڵ هادی، مەولۆد موراد، سهام عمر، سهراب میکائیل، عمر کۆچەر))، داواکاریەکی تر بۆ هەمان پرۆژە لە لایەن ئەم بەڕێزانەوە پێشکەش کراوە ((هەورامان حەمە شەریف، شکریە اسماعیل، فخرالدین قادر، سۆران عمر، حسین اسماعیل، نجیبە لطیف، عمر مصطفی، علی حەمە صالح، جوان اسماعیل، قارەمان قادر، رۆزا محمود، ئۆمێد حەمە علی، حسن صالح، محمود عمر صالح))، داواکارین لە بەڕێزتان ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەکانی کارو باری یاسایی، لیژنەی کارو باری ئابووری و وەبەرهێنانی پەرلەمان و گشت ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، پڕۆژە یاسای (٣)م بریتییە لە پڕۆژە یاسای هەموار کردنی یەکەمی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)یساڵی (٢٠٠٧) ئەم پڕۆژە یاسایە لە (١١) مادده پێك دێت لە گەڵ هۆکارەکانی دەرچوون لە لایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەمە ناوەکانیانە ((بەهار محمود، بێستون، فائق، علی حەمە صالح، محمود حاجی عمر، شێرکۆ حەمە امین، ایوب عبداللە، برزۆ مجید، ئۆمێد حەمە علی، عادل عزیز، رۆزا محمود، ابو بکر عمر، تەلار لطیف، خلف احمد، گەشە دارا، ئاواز شێخ جەنگی، عبدالرحمن علی رضا))، داواکارین لە بەڕێزتان ئەم پڕۆژە یاسایەش ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پڕۆژە یاسایە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمان و لیژنەی کارو باری یاسایی پەرلەمان دەکرێت.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پڕۆژە یاسای (٤)م بریتییە لە پڕۆژە یاسای مادده هۆشبەرەكانی ژمارە (٦٨)ی ساڵی (١٩٦٥)ی هەموار كراو، واتە هەموار كردنی ئەو یاسایە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش، كراوە كە ئەمە ناوەكانیانە ((سهراب میكائیل، نجیبە لطیف، حسین اسماعیل، عادل عزیز، شكریە اسماعیل مصطفى، هەورامان حەمە شەریف، سۆران عمر، شێركۆ جودت، ئایدن معروف، عمر صالح، حسن صالح، فخرالدین قادر))، ئەم پڕۆژە یاسایە لە (٥) مادده پێكدێت لەگەڵ هۆكارەكانی دەرچوون، داواكارین لە بەڕێزتان ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەكانی بكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پڕۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەكان و، لیژنەی كارو باری یاسایی و گشت ئەندامانی پەرلەمان دەكرێت.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پڕۆژە یاسای (٥)م بریتییە لە پڕۆژە یاسای پلە بەندی وەزیفی و شوێنی دامەزراندنی دەرچووانی زانستە سیاسییەكان، ئەم پڕۆژەیە لە (٣) بڕگە و هۆكارەكانی دەرچوون پێكدێت، لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە، كە ئەمە ناوەكانیانە ((د. شێركۆ حەمە امین، وحیدە یاقو، سهام عمر، شكریە اسماعیل، د.جوان اسماعیل، د.ابراهیم احمد، د.شوان قەڵا دزەیی، د.ڕێواز فائق، ئایدن معروف، مەردان خدر، خلف احمد))، داواكارین لە بەڕێزتان ئەم پڕۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەكانی بكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پڕۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی كارو باری یاسایی و گشت ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان دەكرێت.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پڕۆژە یاسای (٦)م دەمەوێت روون كردنەوەیەك بدەم، هەموار كردنی یەكەمی یاسای دەسەڵاتی دادوەری كە لە پڕۆژە یاسای سێیەمیش هەمان ناونیشان بوو، ئەم پڕۆژەیە من خۆم ئاگام لە پێشكەش كردن و ئامادە كردنەكەی هەیە، ئەم پڕۆژەیەمان كێشایەوە بە مەبەستی ئەوەی چەند ماددەیەك بۆ ئەوەی تر زیاد بكەین، واتە ئەوەی كە خوێنرایەوە ئیحتیوای ئەمەی كردووە و چەند ماددەیەكی بۆ زیاد كرا، بۆیە پێشنیار دەكەم ئەمەیان خوێندنەوەی یەكەمی بۆ نەكرێت، سەحب كراوەتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز دكتۆرە (بەهار) جەنابت یەكێكی لەوانەی كە واژووت كردووە لەسەر ئەو پڕۆژە یاسایە، پێشتر بە یاداشت سەحبتان نەكردووە و، ڕاتان نەگرتووە و، داوای كشانەوەتان نەكردووە، (١٦) ئەندامی پەرلەمان واژوویان لەسەر كردووە، بۆیە خوێندنەوەی بۆ دەكرێت، ئێستا خوێندنەوەی یەكەمی بۆ دەكرێت ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار دەكرێت و، لیژنەی پەیوەندیدار دەتوانێت یەك راپۆرتی هاوبەش لەسەر هەردوو پڕۆژە یاساكە ئامادە بكات.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ، پڕۆژە یاسای (٦)م بریتییە لە پڕۆژە یاسای هەموار كردنی یەكەمی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٠٧)، ئەم پڕۆژە یاسایە لە (٦) مادده پێكدێت لە گەڵ هۆكارەكانی دەرچوون لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە، كە ئەمە ناوەكانیانە (( عبدالرحمن علی، محمود حاجی عمر، برزۆ مجید، حسن صالح، قارەمان قادر، ایوب عبدالله، عادل عزیز، ئۆمێد حەمە علی، فائق مصطفی، بێستون فائق))، داواكارین لە بەڕێزتان ئەم پڕۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەكانی بكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئەم پڕۆژە یاسایە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان و لیژنەی كارو باری یاسایی دەكرێت.

**بەڕێز د.بەهار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پڕۆژە یاسای (٧)م بریتییە لە پڕۆژە یاسای دەستەی گشتی سەلامەتی و باشی بەرهەمی خۆماڵی و هاوردەكان لە هەرێمی كوردستان – عێراق، ئەم پڕۆژە یاسایە لە (٢١) مادده لەگەڵ هۆیەكانی دەرچوون پێكدێت و لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە، كە ئەمە ناوەكانیانە ((ئێڤار ابراهیم، بێستون فائق، انور قادر، ئۆمێد حەمە علی، ایوب عبدالله، عبدالرحمن علی رضا، زولفا محمود، شكریە اسماعیل، ڤەمان فیصل، د.عبدالله جاسم، د.سراج شێخ احمد، عمر عینایەت، د.شێركۆ حەمە امین، قارەمان قادر، حسن صالح، محمود حاجی عمر، منیرە عثمان))، داواكارین لە بەڕێزتان ئەم پڕۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەكانی بكەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئەم پڕۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی پاراستنی مافی بەكاربەر، لیژنەی تەندروستی و ژینگە، لیژنەی كارو باری یاسایی و گشت ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان دەكرێت، هەر دەمەوێت تێبینیەك بخەمە ڕوو، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت بەو پڕۆژە یاسایانەی كە خوێندنەوەیان بۆ كرا لەسەر هەموار كردنی یەكەمی یاسای دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی كوردستان ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٠٧)، دەمەوێت ئەوە

به جەنابتان بڵێم و لەڕێگەی بەڕێزیشتانەوە بە خەڵکی کوردستان بڵێم، کە ئەوە ڕای ئەنجومەنی دادوەری لەسەر وەرگیراوەو خۆشیان لە کاتی هەموار کردن جارێکی تر ڕایان وەردەگیرێتەوە و هەوڵیش دەدەین کۆنفرانسێکی هاوبەش بکەین بۆ چۆنییەتی هەموار کردنی ئەو یاسایەی کە ئاماژەمان پێدا، بەڕێز کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پڕۆژە بڕیاری پلەی وەزیفی بۆ دەرچووانی زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کە لە (٥) بڕگەو هۆیەکانی پێویست پێکهاتووە، لە لایەن ئەم بەڕێزانەوە پێشکەش کراوە ((سالار محمود، تەلار لطیف، ابراهیم احمد، عزت صابر، ئێڤار ابراهیم، باپیر کامەلا، ابو کاروان، عبداللە حاجی محمود، سۆران عمر، منیرە عثمان، زولفا محمود، مریم صمد، صالح فەقێ، د.شرین حسنی، تحسین اسماعیل، نجات محمد، سەرکەوت سەرحەد، قادر ڕەزگەیی، عباس فتاح، زانا عبدالرحمن، ئاواز جەنگی، د.پەری صالح، کەژاڵ هادی فەقێ، دڵشاد شعبان، خلف احمد، ڤەمان فیصل)).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئەم پڕۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کارو باری یاسایی پەرلەمان دەکرێت لەگەڵ سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پڕۆژە یاسای پاراستنی یەکیەتی گەل و خاکی کوردستان – عێراق، لە (١١) مادده و هۆیەکانی پێویست پێکهاتووە، کە لە لایەن ئەم بەڕێزانەوە واژوو کراوە ((ئۆمێد عبدالرحمن، حیات مجد، فیرۆز طە، مدینە ایوب، فرحان جوهر، ئاواز حمید، مەردان خدر، تحسین اسماعیل، انس محمد، بشار مشیر، صالح بشار، ناظم کبیر، امنە زکری، پەروا علی، محمد صادق، ابو بکر عمر عبداللە، کەژاڵ هادی فەقێ، سهراب میکائیل، نجیبە لطیف، د.ڤالا فرید، ڤەمان فیصل، شیلان جعفر، د.سراج شێخ احمد، زیاد حسین عبدالکریم، شوان شێخ احمد)).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پڕۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کارو باری یاسایی و گشت ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پڕۆژە یاسای دانانی نۆرینگەی پزیشکی ددان لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان کە لە (٦) مادده و هۆیەکانی پێویست پێکهاتووە، ئەم بەڕێزانە واژوویان کردووە ((شکریە اسماعیل، نجیبە لطیف، مەروان گەلاڵی،

هەورامان گەچێنەیی، سۆران عمر، فخرالدین قادر، منیرە عثمان، عبدالرحمن علی رضا، د.جوان اسماعیل، زانا عبدالرحمن، غریب پێنجوێنی، بێستون فائق، سهام عمر قادر، کەژاڵ هادی، د.پەری صالح)).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پڕۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی تەندروستی و ژینگە، لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و، لیژنەی کارو باری یاسایی پەرلەمان دەکرێت.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پـڕۆژە یاسـای هێڵـە گشـتییەکانی دەسـتەبەری کۆمەڵایـەتی لـە هـەرێمی کوردسـتان کـە لـە (٥٩) مـاددە و هۆیەکانی پێویست پێکهاتووە، لە لایەن ئەم بەڕێزانەوە واژوو کراوە ((امنە زکری، صالح بشار، نجات محمـد، شوان شێخ احمد، ڤەمان فیصل، محمد صادق، بشار مشیر، شـیلان جعفـر، فـیرۆز طـە، مـەردان خـدر، عبـاس غزالی، ئۆمێد عبدالرحمن، ڤیان عباس، وحیدە یاقو، کمال یلدا، انس محمد، جودت جرجیس، زیـاد حسـین، محمد سعدالدین، ادریس علی، د.شرین، هیڤا حاجی)).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پڕۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی کارو باری یاسایی، لیژنەی دارایی و کارو بـاری ئـابووری و وەبـەرهێنان و، لیژنەی کارو باری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان دەکرێت.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پڕۆژە یاسای هەموار کردنی یاسای پارێزەرایەتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق، ژمارە (١٧)ی ساڵی (١٩٩٦)، کە ئەم بەڕێزانە واژوو یان کردووە ((گۆران ئازاد، تەلار لطیف، عباس فتاح، شـوان شـێخ احمـد، فـیرۆز طـە، بێگەرد دڵشاد، صالح فەقێ، سەرکەوت سەرحەد، د.عزت، دلێر مطفی، ابـو بکـر هەڵـەدنی، حسـین اسماعیـل، عمر عینایەت، فرست صۆفی، شـکریە اسماعیـل، نجیبـە لطیـف، د.شـێرکۆ حەمـە امـین، ئۆمێـد حەمـە علـی، ڤەمان فیصل، د.ابراهیم احمد، فرحان جوهر، ناظم کبیر، محمد صادق، حیات مجید، قادر ڕەزگەیی، سـعید مەصیفی، سالار محمود، گەشە دارا، خلف احمد، مریم صمد، زانا عبدالرحمن، د.بەهار محمود)).

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئەم پڕۆژە یاسایەش ئاراستەی گشت ئەندامان و لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان دەکرێت.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پڕۆژە یاسای هەموار کردنی مووچەی پلە تایبەتەکانی هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی پەرلەمان و ئەنجومـەن و سەرۆکایەتی هەرێم کە لە ﴿١٣﴾ برگە و هۆیەکانی پێویست پێکهاتووە لەم بەڕێزانەی واژوویـان کـردووە ﴿دڵشاد شعبان، انس محمد، د. فرست ، بەیار طاهر، حیات مجید، مەردان خدر، فیروز طە، شـامۆ شـێخۆ، د.

سراج، عباس غزالی، علی هالۆ، ئومێد عبدالرحمن، تحسین اسماعیل، ادریس علی، فرحان جوهر، مدینە ایوب، ئاواز حمید﴾.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمان، لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان و لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان دەکرێت، زۆر سوپاس بۆ بەڕێزان دەستەی سەرۆکایەتی لە لیژنە یاسایی، فەرموون، دەتوانن بگەڕێنەوە شوێنی خۆتان، خاتوو بەهار نوقتەی نیزامی هەبوو؟

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە نوقتە نیزامییەکەی من هەر ئەو کاتە بوو کە پەرلەمانتاران نوقتە نیزامیان گرت، بەڵام دوای ئەو فاسلە زۆرە پێم وایە هەر بەکارە، بۆیە دەیکەم، سەبارەت بە وەڵامی بەڕێزت سەبارەت بە سەرنج و پرسیاری ئەندامانی پەرلەمان کە دەیکەن، بۆ ئەو پرۆژە یاسایە پێشکەش کراوە و نەخوێندرایەوە، بۆ ئەم کارە نەکراوە؟ لە دوو خاڵدا زۆر جار خۆی دەبینێتەوە کە بەڕێزت دەڵێی سەرۆکی فراکسیۆنەکان یەکلایان نەکردووە یا خۆد دەڵێی لیژنەکان راپۆرتیان نەداوە، سەبارەت بەوەی کە فراکسیۆنەکان یەکلایان نەکردووە، لە هیچ خاڵێکی ئەم پێڕەوی ناوخۆیە من خاڵێك نابینم کە سەرۆکی فراکسیۆنەکان شت یەکلایی بکەنەوە تاکو بکرێتە موبەرەرێکی قانونی، سەبارەت بەوەی کە خوێندنەوەی لەلایەن لیژنەکان راپۆرتی لەسەر نەدراوە، من دەپرسم ئیجرائاتی بەڕێزتان وەکو سەرۆکایەتی چییە؟ لە کاتێکدا لە خاڵێکی پەیڕەوی ناوخۆدا لە ماددەی ﴿٧١﴾ باس لەوە کراوە دەبێت دوای ﴿١٠﴾ رۆژ راپۆرت بدرێت ئەگەر سیفەتی ئیستیعجالی پێ درا دوای ﴿٥﴾ رۆژ ئیجرائاتی بەڕێزتان چی بووە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، نازانم من ئەمڕۆ بیرم نایەت باسی ئەوەم کردبێت لە ئامادەکردنی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاساکان، باسی ئەوەم کردبێت کە سەرۆکی فراکسیۆنەکان رێك نەکەوتوون، باسی لیژنە هەمیشەییەکان و سەرۆکایەتی سێ لیژنەکەمان کرد کە تەوافوق لە نێوان فراکسیۆنەکان ئەنجام نەدراوە، چونکە ئەمە پێویستی بە تەوافوقە، ئێوە دەزانن سەرۆکایەتی ئەم لیژنانە هەڵنابژێردرێت هەتاکو تەوافوقی فراکسیۆنەکان نەکرێت، سەبارەت بە ئامادەکردنی راپۆرتی لیژنەکانەوە هەندێکی لە برگەی سێیەم و کۆتاییدا ئاماژەی پێ دەدەین، هەندێکی پەیوەندیدارە بەوەی ئەو پرۆژە یاسایانەی ئاراستەی لیژنەکان کراوە شئونی مالی هەیە، تێچوونی دارایی هەیە، کە پێویستی بەوەیە رای حکومەتی لەسەر وەربگیرێت، بۆیە نەتوانراوە بەهۆی ئەو بارودۆخە سەختە ئابوورییەی کە ئێستا هەرێمی کوردستان پێدا تێپەردەبێت نەتوانرە راپۆرتیان لەسەر ئامادە بکرێت و هەندێکی تریش پەیوەندیدارە بەوەی کە ئەم پرۆژە یاسایانە سیفەتێکی نیشتمانیان هەیە، وەکو پرۆژە یاسای ئامادەکردنی دەستووری هەرێم کوردستان بۆ راپرسی، وەکو پرۆژە یاسای سندوقی داهاتە نەوتییەکان و ئەو پرۆژە یاسایانەی پەیوەندیدارن بە نەوت

و غاز، كه ئەندامانی لیژنـەكان لـه فراكسیـۆنه جیاوازەكـان واژوویـان لەسـەر راپۆرتـەكان نـەكردووە، لەبـەر ئـەوەی هێشـتا سـازان نەهاتووتـه كایـەوە، سـازانی نیـوان فراكسـیۆنەكان نەهاتووتـه كایـەوە، ئەمـە لێـرەوە پەیوەندیداره بە فراكسیۆنەكانی پەرلەمان و ڕێككەوتنیان، چونكە ئەندامانی لیژنه پەیوەندیدارەكانی بەو پرۆژە یاسایانە تا ئێستا واژوویان لەسەر راپۆرتەكە نـەكردووە، هیـوادارین لـەماوەی نێـوان ئـەم دوو وەرزی گرێدانـه كـه وەرزی گرێـدانی ئـەمرۆ كۆتـایی دێـت و وەرزی گـرێ دانەكـەی تـر لـه سـەرەتای ئـازار دەسـت پێدەكات، ئێمه له سەرۆكایەتی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆكایەتی لیژنه هەمیشەییەكانی پەرلەمان و ئەندامانی لیژنـه هەمیشـەییەكانی پەرلـەمان بـه بەرنامەیـەكی چـڕ و پـڕەوە بتـوانین چـەند پـرۆژە یاسـایەك ئامـادە بكەین بۆ وەرزی گرێ دانی داهاتوو، بۆ ئـەوەی وەرزی گـرێ دانـی داهـاتوو تـەعویزی ئـەو دواكەوتوونـەمان بكەین كه له دەركردنی ژمارەی یاساوە بە راستی هەمانە، دەبێت دان بەوە دابنـێین، لـه بڕگـەی سـێیەمیش ئاماژە بەوە دەدەین، لەم روویەوە كەم و كورتیمان هەیە، رەنگە له بوارەكانی تـر بـاش رۆیشـتبینه پـێش و پەرلەمان زۆر باش چوویته پێش، له رووی موسایەرەكردنی ئەو بارودۆخـەی هاتووتـه كایـەوە لـه هـەرێمی كوردستان، به تەنگەوە رۆیشتنی بەرەكانی جەنگ و دەركردنی بڕیاری پێویست سـەبارەت بـه قەیرانـەكانی هەرێمی كوردستان، هەنگاوی گەورەمان ناوە، له رووی چاودێری كردن به هەمان شێوە هـەنگاوی گـەورەمان ناوه له پەرلەمانی كوردستان، كه باسی دەكەین له وتاری كۆتـایی، بـەڵام لـه رووی دەركردنـی یاسـاوە رەنگـە كەم و كورتیمان هەبێت كه پێویستە دانی پێدا بنـێین و هـەوڵی چارەسـەری بـدەین، دەچـینە سـەر بڕگـەی دووەم، بەڕێز د. فرست فەرموو،

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لـه مـادەی ﴿٧١﴾ لـه پێـڕەوی نـاوخۆ لـه بڕگـەی دووەم خوێندنـەوەی یەكـەم، یەكسـەر رەوانـەی لیژنـه تایبەتمەندەكان دەكرێت، بەڵام ئەگەر سەیری بكەی له خوێندنەوەی دووەمیش كه راپۆرت ئامادە دەكرێت، بـه روون و ئاشـكرایی باسـی ئـەوە نـەكراوە كـه لەگـەڵ حكومـەت تەنسـیق بكرێـت، بـەڵام ئەوەنـدەی ئـەو ماوەیەی ئێمه له لیژنەی پەیڕەو كارمان كرد و ئیستیتلاعمان كـرد لەسـەر پێـڕەوی نـاوخۆی وڵاتـان و بـه پێی ئەو عورفەی كـه لـه پەرلـەمانی خۆمـان هـەبووە، هـەموو ئـەو پـرۆژە یاسـایانەی لـه خولـەكانی پێشـتر خوێندنـەوەی یەكەمیان بۆ دەكرا، وێنەیەكی وەكو بەرچاوروونی و ئاگاداركردنـەوە دەدرایـە حكومـەت، مـن هەسـت دەكـەم لـەم خولـه ئـەم شـێوازە نییـه و ئـەو پـرۆژە یاسـایانەی خوێندنـەوەی یەكـەمی بـۆ دەكرێـت نادرێته حكومەت، چونكه حكومەت له مەرحەلـەی دووەم كـه راپـۆرت ئامـادە دەكرێت لەوانەیـه دوو رۆژی لەبەردەسـتدا بێـت، ناتوانێـت بەرچـاوی روون بێـت، بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ پەرلـەمان هەماهـەنگ بێـت و هـیچ پرۆژەیەكیش نییه كه پەیوەندی بە حكومەتەوە نـەبێت، بۆیـە مـن تەسـور دەكـەم لـە رووی یاسادانیشـەوە ئێمه پێویستمان بەوەیه له وەرزی یاسادانان زیـاتر تەنسـیقمان لەگـەڵ حكومـەت هـەبێت، چـونكە زۆربـەی ئەو پرۆژانەی پێشكەش دەكەین ئیلتیزاماتی مالی تێدایە، بۆیە پێشنیار دەكەم ئەگەر با بڵێین نوتقی ناكەن

و نایلێین دامانە حکومەت، بەڵام هەموو پرۆژە یاسایەك نوسخەیەکی بدرێتە حکومەت، هیچ موخالەفەیەکی تێدا نییە، پەرلەمانەکانی دونیا بینیمانە و لەخولەکانی پێشتر لێرە لە پەرلەمان کراوە،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە راستیدا لەم خولەدا ئەمە دەکەین و هەموو جارێك بەرنامەی کار و سەرجەم ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بە بەرنامەی کار ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین لە رێگەی وەزیری حکومەت بۆ کاروباری پەرلەمان، مامۆستا غریب فەرموو،

**بەڕێز غریب مصطفی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت سەرەتا پشتیوانی رایەکەی ﴿د. فرست﴾ دەکەم، دوو پرۆژە یاسا خوێندنەوەیان بۆ کرا دواتر کە پەیوەندیمان کرد بە وەزارەتی پەیوەندیدارەوە ئەوان لێی ئاگادارنەبوون، لەبەر ئەوە کێشە دروست دەبێت، لەو پرۆژە یاسا و بڕیارانە کە ئەمڕۆ خوێندنەوەیان بۆ کرا، خاڵی چوارەم، پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی یاسای هۆشبەرەکان، من پێم وایە پەیوەندیدارە بە لیژنەی ئەوقاف و ئەگەر جەنابیشتان وا دەبینن، تکایە ئاراستەی لیژنەکەمانی بکەن.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کام پرۆژە یاسا؟

**بەڕێز غریب مصطفی حەمە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژەی یاسای هەموارکردنەوەی یاسای هۆشبەرەکان.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیوەندیدار نییە بە ئەوقاف و لیژنەی ئەوقاف، پەیوەندیدارە بە بابەتێکی ئەمنی لە هەرێمی کوردستان، کاك علی حەمە صالح فەرموو،

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەیەکدا دەرگا بکەیتەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکرێت، چونکە راستەوخۆ لەبەرنامەی کاردا نووسیوتانە کۆتایی هێنان بە خولی گرێدان، ئایا ئەوبڕگە هەبێت یان نا؟ ئەم وتارە نەخوێندرێتەوە و درێژە بەم خولە بدرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا دەست دەکەین بە بڕگەی دووەم لە بەرنامەی دانیشتنی ئەمڕۆمان کە بریتییە لە دەنگدان لەسەر دانانی هەندێك لە ئەندامان بۆ لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان بە پێی ماددەکانی ﴿٣٤ و ٣٩﴾ لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە ﴿١﴾ی ساڵی ﴿١٩٩٢﴾ی هەموار

کراو، سکرتێری پەرلەمان ناوی ئەو بەڕێزانە دەخوێنێتەوە کە دەست لەکار کێشانەوەیان نووسیوە لە لیژنە هەمیشەیەکان و دواتر ناوی ئەو بەڕێزانە دەخوێندرێتەوە کە دەیانەوێت بڕۆنە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندام پەرلەمانی بەڕێز ﴿شوان شێخ احمد﴾ دەست لەکار کێشانەوەی داوا کردووە و قبوولمان کردووە لە لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری ڕەوەندی کوردستانی و دەیەوێت بچێتە لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست لەکار کێشانەوی بەڕێز﴿شوان شێخ احمد﴾ لە لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری ڕەوەندی کوردستانی پەسەند کراوە، ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگەوە کە بەڕێزیان داوای کردووە بچێتە لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، کێ لەگەڵدایە کە بەڕێز ﴿شوان شێخ احمد﴾ بچێتە لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم؟﴿٥٧﴾کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ کەس نییە، کەواتە پەسەند کرا.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندام پەرلەمانی بەڕێز ﴿منی نبی قهوەچی﴾ داواکارە بچێتە لیژنەی ناوچە کوردستانیەکانی دەروەی ئیدارەی هەرێم و تا ئێستا لە یەك لیژنە ئەندام بوو،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئەم پرۆژە یاسایەش ئاراستەی گشت ئەندامان و لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان دەکرێت.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە یاسای هەموار کردنی مووچەی پلە تایبەتەکانی هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی پەرلەمان و ئەنجومەن و سەرۆکایەتی هەرێم کە لە ﴿١٣﴾ بڕگە و هۆیەکانی پێویست پێکهاتووە لەم بەڕێزانەی واژوویان کردووە ﴿دڵشاد شعبان، انس محمد، د. فرست ، بەیار طاهر، حیات مجید، مەردان خدر، فیروز طە، شامۆ شێخۆ، د. سراج، عباس غزالی، علی هالۆ، ئومێد عبدالرحمن، تحسین اسماعیل، ادریس علی، فرحان جوهر، مدینە ایوب، ئاواز حمید﴾.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی گشت ئەندامانی پەرلەمان، لیژنەی دارایی و كاروباری ئابووری و وەبەرهێنان و لیژنەی كاروباری یاسایی پەرلەمان دەكرێت، زۆر سوپاس بۆ بەڕێزان دەستەی سەرۆكایەتی لە لیژنە یاسایی، فەرموون، دەتوانن بگەڕێنەوە شوێنی خۆتان، خاتوو بەهار نوقتەی نیزامی هەبوو؟

**بەڕێز بەهار عبدالرحمن محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە نوقتە نیزامییەكەی من هەر ئەو كاتە بوو كە پەرلەمانتاران نوقتە نیزامیان گرت، بەڵام دوای ئەو فاسلە زۆرە پێم وایە هەر بەكارە، بۆیە دەیكەم، سەبارەت بە وەڵامی بەڕێزت سەبارەت بە سەرنج و پرسیاری ئەندامانی پەرلەمان كە دەیكەن، بۆ ئەو پرۆژە یاسایە پێشكەش كراوە و نەخوێندرایەوە، بۆ ئەم كارە نەكراوە؟ لە دوو حاڵدا زۆر جار خۆی دەبینێتەوە كە بەڕێزت دەڵێی سەرۆكی فراكسیۆنەكان یەكلایان نەكردووە یا خۆد دەڵێی لیژنەكان راپۆرتیان نەداوە، سەبارەت بەوەی كە فراكسیۆنەكان یەكلایان نەكردووە، لە هیچ حاڵێكی ئەم پێڕەوی ناوخۆیە من حاڵێك نابینم كە سەرۆكی فراكسیۆنەكان شت یەكلایی بكەنەوە تاكو بكرێتە موبەرەرێكی قانونی، سەبارەت بەوەی كە خوێندنەوەی لەلایەن لیژنەكان راپۆرتی لەسەر نەدراوە، من دەپرسم ئیجرائاتی بەڕێزتان وەكو سەرۆكایەتی چییە؟ لە كاتێكدا لە حاڵێكی پەیڕەوی ناوخۆدا لە ماددەی ﴿٧١﴾ باس لەوە كراوە دەبێت دوای ﴿١٠﴾ رۆژ راپۆرت بدرێت ئەگەر سیفەتی ئیستیعجالی پێ درا دوای ﴿٥﴾ رۆژ ئیجرائاتی بەڕێزتان چی بووە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، نازانم من ئەمڕۆ بیرم نایەت باسی ئەوەم كردبێت لە ئامادەكردنی راپۆرتی لیژنەكان لەسەر پرۆژە یاساكان، باسی ئەوەم كردبێت كە سەرۆكی فراكسیۆنەكان رێك نەكەوتوون، باسی لیژنە هەمیشەییەكان و سەرۆكایەتی سێ لیژنەكەمان كرد كە تەوافوق لە نێوان فراكسیۆنەكان ئەنجام نەدراوە، چونكە ئەمە پێویستی بە تەوافوقە، ئێوە دەزانن سەرۆكایەتی ئەم لیژنانە هەڵنابژێردرێت هەتاكو تەوافوقی فراكسیۆنەكان نەكرێت، سەبارەت بە ئامادەكردنی راپۆرتی لیژنەكانەوە هەندێكی لە برگەی سێیەم و كۆتایدا ئاماژەی پێ دەدەین، هەندێكی پەیوەندیدارە بەوەی ئەو پرۆژە یاسایانەی ئاراستەی لیژنەكان كراوە شئونی مالی هەیە، تێچوونی دارایی هەیە، كە پێویستی بەوەیە رای حكومەتی لەسەر وەربگیرێت، بۆیە نەتوانراوە بەهۆی ئەو بارودۆخە سەختە ئابوورییەی كە ئێستا هەرێمی كوردستان پێدا تێپەردەبێت نەتوانرە راپۆرتیان لەسەر ئامادە بكرێت و هەندێكی تریش پەیوەندیدارە بەوەی كە ئەم پرۆژە یاسایانە سیفەتێكی نیشتمانیان هەیە، وەكو پرۆژە یاسای ئامادەكردنی دەستووری هەرێم كوردستان بۆ راپرسی، وەكو پرۆژە یاسای سندوقی داهاتە نەوتییەكان و ئەو پرۆژە یاسایانەی پەیوەندیدارن بە نەوت و غاز، كە ئەندامانی لیژنەكان لە فراكسیۆنە جیاوازەكان واژوویان لەسەر راپۆرتەكان نەكردووە، لەبەر ئەوەی هێشتا سازان نەهاتووتە كایەوە، سازانی نیوان فراكسیۆنەكان نەهاتووتە كایەوە، ئەمە لێرەوە

پەیوەندیدارە بە فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و رێککەوتنیان، چونکە ئەندامانی لیژنە پەیوەندیدارەکانی بەو پرۆژە یاسایانە تا ئێستا واژوویان لەسەر راپۆرتەکە نەکردووە، هیوادارین لەماوەی نێوان ئەم دوو وەرزی گرێدانە کە وەرزی گرێدانی ئەمڕۆ کۆتایی دێت و وەرزی گرێ دانەکەی تر لە سەرەتای ئازار دەست پێدەکات، ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆکایەتی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان و ئەندامانی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان بە بەرنامەیەکی چڕ و پڕەوە بتوانین چەند پرۆژە یاسایەك ئامادە بکەین بۆ وەرزی گرێ دانی داهاتوو، بۆ ئەوەی وەرزی گرێ دانی داهاتوو تەعویزی ئەو دواکەوتوونەمان بکەین کە لە دەرکردنی ژمارەی یاساوە بە راستی هەمانە، دەبێت دان بەوە دابنێین، لە بڕگەی سێیەمیش ئاماژە بەوە دەدەین، لەم روویەوە کەم و کورتیمان هەیە، رەنگە لە بوارەکانی تر باش رۆیشتبینە پێش و پەرلەمان زۆر باش چوویتە پێش، لە رووی موسایەرەکردنی ئەو بارودۆخەی هاتووتە کایەوە لە هەرێمی کوردستان، بە تەنگەوە رۆیشتنی بەرەکانی جەنگ و دەرکردنی بڕیاری پێویست سەبارەت بە قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان، هەنگاوی گەورەمان ناوە، لە رووی چاودێری کردن بە هەمان شێوە هەنگاوی گەورەمان ناوە لە پەرلەمانی کوردستان، کە باسی دەکەین لە وتاری کۆتایی، بەڵام لە رووی دەرکردنی یاساوە رەنگە کەم و کورتیمان هەبێت کە پێویستە دانی پێدا بنێین و هەوڵی چارەسەری بدەین، دەچینە سەر بڕگەی دووەم، بەڕێز د. فرست فەرموو،

**بەڕێز د. فرست صۆفی علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە مادەی ﴿٧١﴾ لە پێڕەوی ناوخۆ لە بڕگەی دووەم خوێندنەوەی یەکەم، یەکسەر رەوانەی لیژنە تایبەتمەندەکان دەکرێت، بەڵام ئەگەر سەیری بکەی لە خوێندنەوەی دووەمیش کە راپۆرت ئامادە دەکرێت، بە روون و ئاشکرایی باسی ئەوە نەکراوە کە لەگەڵ حکومەت تەنسیق بکرێت، بەڵام ئەوەندەی ئەو ماوەیەی ئێمە لە لیژنەی پەیڕەو کارمان کرد و ئیستیتلاعمان کرد لەسەر پێڕەوی ناوخۆی وڵاتان و بە پێی ئەو عورفەی کە لە پەرلەمانی خۆمان هەبووە، هەموو ئەو پرۆژە یاسایانەی لە خولەکانی پێشتر خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ دەکرا، وێنەیەکی وەکو بەرچاوروونی و ئاگادارکردنەوە دەدرایە حکومەت، من هەست دەکەم لەم خولە ئەم شێوازە نییە و ئەو پرۆژە یاسایانەی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێت نادرێتە حکومەت، چونکە حکومەت لە مەرحەلەی دووەم کە راپۆرت ئامادە دەکرێت لەوانەیە دوو رۆژی لەبەردەستدا بێت، ناتوانێت بەرچاوی روون بێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ پەرلەمان هەماهەنگ بێت و هیچ پرۆژەیەکیش نییە کە پەیوەندی بە حکومەتەوە نەبێت، بۆیە من تەسور دەکەم لە رووی یاسادانیشەوە ئێمە پێویستمان بەوەیە لە وەرزی یاسادانان زیاتر تەنسیقمان لەگەڵ حکومەت هەبێت، چونکە زۆربەی ئەو پرۆژانەی پێشکەش دەکەین ئیلتیزاماتی مالی تێدایە، بۆیە پێشنیار دەکەم ئەگەر با بڵێین نوتقی ناکەن و نایڵێن دامانە حکومەت، بەڵام هەموو پرۆژە یاسایەك نوسخەیەکی بدرێتە حکومەت، هیچ موخالەفەیەکی تێدا نییە، پەرلەمانەکانی دونیا بینیمانە و لەخولەکانی پێشتر لێرە لە پەرلەمان کراوە،

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە راستیدا لەم خولەدا ئەمە دەکەین و هەموو جارێك بەرنامەی کار و سەرجەم ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بە بەرنامەی کار ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین لە رێگەی وەزیری حکومەت بۆ کاروباری پەرلەمان، مامۆستا غریب فەرموو،

**بەرێز غریب مصطفى حەمە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت سەرەتا پشتیوانی رایەکەی ﴿د. فرست﴾ دەکەم، دوو پرۆژە یاسا خوێندنەوەیان بۆ کرا دواتر کە پەیوەندیمان کرد بە وەزارەتی پەیوەندیدارەوە ئەوان لێی ئاگادارنەبوون، لەبەر ئەوە کێشە دروست دەبێت، لەو پرۆژە یاسا و بڕیارانە کە ئەمڕۆ خوێندنەوەیان بۆ کرا، خاڵی چوارەم، پرۆژە یاسای هەمووارکردنەوەی یاسای هۆشبەرەکان، من پێم وایە پەیوەندیدارە بە لیژنەی ئەوقاف و ئەگەر جەنابیشتان وا دەبینن، تکایە ئاراستەی لیژنەکەمانی بکەن.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کام پرۆژە یاسا؟

**بەرێز غریب مصطفى حەمە:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژەی یاسای هەموارکردنەوەی یاسای هۆشبەرەکان.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیوەندیدار نییە بە ئەوقاف و لیژنەی ئەوقاف، پەیوەندیدارە بە بابەتێکی ئەمنی لە هەرێمی کوردستان، کاك علی حەمە صالح فەرموو،

**بەرێز علی حەمە صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەیەکدا دەرگا بکەیتەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکرێت، چونکە راستەوخۆ لەبەرنامەی کاردا نووسیوتانە کۆتایی هێنان بە خولی گرێدان، ئایا ئەوبڕگە هەبێت یان نا؟ ئەم وتارە نەخوێندرێتەوە و درێژە بەم خولە بدرێت.

**بەرێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێستا دەست دەکەین بە بڕگەی دووەم لە بەرنامەی دانیشتنی ئەمڕۆمان کە بریتییە لە دەنگدان لەسەر دانانی هەندێك لە ئەندامان بۆ لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان بە پێی ماددەکانی ﴿٣٤ و ٣٩﴾ لە پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ژمارە ﴿١﴾ی ساڵی ﴿١٩٩٢﴾ی هەموار کراو، سکرتێری پەرلەمان ناوی ئەو بەرێزانە دەخوێنێتەوە کە دەست لەکار کێشانەوەیان نووسیوە لە لیژنە

هەمیشەیەکان و دواتر ناوی ئەو بەڕێزانە دەخوێندرێتەوە کە دەیانەوێت بڕۆنە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێت.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندام پەرلەمانی بەڕێز ﴿شوان شێخ احمد﴾ دەست لەکار کێشانەوەی داوا کردووە و قبوولمان کردووە لە لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری ڕەوەندی کوردستانی و دەیەوێت بچێتە لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست لەکار کێشانەوی بەڕێز﴿شوان شێخ احمد﴾ لە لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری ڕەوەندی کوردستانی پەسەند کراوە، ئێستا ئەوە دەخەینە دەنگەوە کە بەڕێزیان داوای کردووە بچێتە لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، کێ لەگەڵدایە کە بەڕێز ﴿شوان شێخ احمد﴾ بچێتە لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم؟﴿٥٧﴾کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدا نییە؟ کەس نییە، کەواتە پەسەند کرا.

**بەڕێز فخرالدین قادر عارف/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندام پەرلەمانی بەڕێز ﴿منی نبی قهوەچی﴾ داواکارە بچێتە لیژنەی ناوچە کوردستانیەکانی دەروەی ئیدارەی هەرێم و تا ئێستا لە یەك لیژنە ئەندام بوو،

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(٤٩) ئەندام لەگەڵیەتی ، کێ دژیەتی؟ (١) ئەندام دژیەتی ، کەواتە پەسەندکرا ، ئەچینە سەر تەوەری سێیەم لە بەرنامەی کاری ئەمرۆمان کە بریتییە لە ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی خولی گرێدانیساڵی دووەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ، لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە بە پێی برگەی دوو لە ماددەی (١٧) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە یەکی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسیوە ، بەڕێز کاك باپیر کاملا ، بەڕێز ئەنوەر قادر ، بەڕێز سالار محمود ، خاتوو ڕێواز فائق ، بەڕێز بێستون فائق ، بەڕێز سۆران عمر ، بەڕێز دکتۆرە بەهار ، بەڕێز ابوبکر هەڵەدنی ، بەڕێز دکتۆرە پەری صالح ، بەڕێز کاك باپیر کامەلا فەرمووو.

**بەڕێز باپیر کامەلا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی وەرزی یاسادانان ، من پێموانییە پێویست بکا بیخەینە گفتوگۆوە ، ئەگەر لە حاڵەتێکدا هەر کارێکی پێویستمان بەتایبەتی بودجە یان هەر شتێکی تر کە زەروریەتی هەبوو

دەتــوانین کۆبوونەوەیــەکی نائاســایی بکــەین ئــەوە پێویســت نییــە بخرێتــە گفتوگــۆوە ، ئــەوە لــە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی دایە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس کـاك بـاپیر کامـەلا دوو لەسـەر سـێی ئەنـدامانی پەرلـەمان بـە پێـی پـەیڕەوی نـاوخۆ کـە موخالیفـە لەگـەڵ یاسـای هەڵبـژاردنی پەرلـەمانی کوردسـتان کـە لـە یاسـای هەڵبـژاردنی پەرلـەمانی کوردسـتان بـە تێگەیشـتنی ئێمـە زۆرینـەی ئاسـاییە ئەنـدامانی پەرلـەمان دەتـوانن دەنـگ لەسـەر ئـەوە بـدەن کـە وەرزی گرێـدان درێـژ بکەنـەوە ، بـەڵام ئێسـتا ئێمـە موقەیـەدین بـە پـەیڕەوی نـاوخۆ ، بۆیـە دوو لەسـەر سـێ ئەنـدامانی پەرلـەمان ئـەتوانن دەنـگ لەسـەر ئـەوە بـدەن کـە وەرزی گرێـدان درێـژ بکرێتــەوە ، بۆیــە ئەیخەینــە گفتوگــۆوە ئەگــەر درێژکرایــەوە ئــەوە درێــژ ئەکرێتــەوە ، ئەگــەر درێژیش نەکرایەوە ئەوا کۆتایی بە وەرزی گرێدان دەینین ، بەڕێز کاك ئەنوەر قادر فەرموو.

**بەڕێز انور قادر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (٧) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمان دەڵێـت( پەرلـەمان بـۆی هەیـە بـە زۆرینـەی دوو لەسـەر سـێی ئەنـدامانی مـاوەی گرێـدانی هەریـەك لـە دوو خولەکـەی درێژبکاتـەوە بـۆ ماوەیـەك کـە لـە یـەك مـانگ زیـاتر نـەبێت ، بۆیـە مـن پێشـنیار دەکـەم کـە مـانگی یـەك ، مـانگی داهـاتوو ، پەرلـەمان لەسـەر کارەکـانی بــەردەوام بێــت کــە ئێمــە لەســەر دەرکردنــی یاســا و بڕیارەکــان زۆر پــڕۆژە یاســای گــرنگ هەیـە ئێسـتا لـە پەرلـەمان بـۆ ئـەوەی بتـوانین ئـەو یاسـایانە دەربکـرێن بـە تایبـەتی پـڕۆژە یاسـای سندوقی نەوت و گاز ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس ، بەڕێز کاك سالار محمود فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لـە ڕاسـتیدا لەسـەر ئـەم بابەتـە بـە شـێوەیەکی تایبـەتی و لەسـەر کـۆی پەرلـەمانی بـە شـێوەیەکی گشـتی هەسـتدەکەم لەلایـەن هەنـدێك کـەناڵی ڕاگەیاندنـەوە ئیجحـافێکی گـەورە بـە شـکۆی پەرلـەمان و پەرلـەمانتاران و سـەرۆکایەتی پەرلـەمان دەکـرێ ، ئەمـەش کـە پەیوەنـدی بـە کۆتایهـاتنی فەسـڵی گرێدانــەوە هەیــە لــە مــاددەی (٧،٦،٥) بــاش ڕوونکراوەتــەوە ، پێویســتە کەناڵــەکانی ڕاگەیانــدن دیقــەت لــەم بابەتــە بکــەن ، تەشــهیر بــەم موئەسەســە شــەرعییە نەکــەن ، چــونکە ڕاســتە ئێمــە دوو خــولی گرێـدانمان هەیـە ، بـەڵام لـەم ماوەیـەدا کۆتـایی دێ بـە پڕۆسـەی تەشـریعی یاسـا دەرکـردن و بڕیـاردان ، ئەگـەر نـا کڵـۆمکردنی دەرگـای پەرلـەمان نییـە وەکـو خۆتـان ئاماژەتـان پێکـرد ئێمـە سـەردان و بەدواداچـوونمان هەیـە ، دیـدار و پێشـوازیمان هەیـە ، پڕۆسـەی ئامـادەکردنی ڕاپۆرتمـان هەیـە لەسـەر

ئـەو پـڕۆژە یاسـا و بڕیارانـەی پێشـکەش کـراون ، هـەر دۆخێکـی تایبـەتیش بێتـە پێشـەوە بـە پێـی مـاددەی (٦) پـەیڕەوی نـاوخۆ سـەرۆکی پەرلـەمان یـان یـەك لەسـەر چـواری پەرلـەمانتاران دەتـوانن داوای دانیشـتنی نـا ئاسـایی بکـەن نـەك سـەبارەت بـە دەسـتوور یـان سـندوقی داهاتـە نەوتییـەکان هـەر بابـەتێکی تـر کـە پێویسـت بکـا ، سـەبارەت بـە درێژکردنـەوە و درێژنەکردنـەوەی مـاوەی خولەکـە کـە نـابێ لـە یـەك مـانگ زیـاتر بـێ بـە پێـی مـاددەی (٧) ئـەبێت دوو لەسـەر ئەنـدامانی پەرلـەمان دەنگـی بـۆ بـدەن لەبـەر ئـەوەی ئێسـتا لـە پەرلـەمانی کوردسـتان لـەم جەلسـەیە (٧٦) کـەس ئامادەنییـە ئـەم پڕۆسـەیە نـاکرێ بخرێتـە دەنگدانـەوە لـە ڕووی قانونییـەوە ، بـۆ نموونـە هەنـدێك جـار قسـە لەسـەر هـاتنی پـڕۆژە یاسـای بودجـە ئـەکرێ بـە پێـی مـاددە (٧٩)ی پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمانی کوردسـتان کـە پـڕۆژەی بودجـە یـان ژمێـرەی کۆتـایی هاتـە پەرلـەمانی کوردسـتان خـۆ سـەرۆکایەتی پەرلـەمان ئاڕاسـتەی لیژنـەی دارایـی ئـەکا ، بـە پێـی مـاددەی (٨٠) لیژنـەی دارایـی مـاوەی مـانگێکی لەبـەر دەسـت دایـە بـۆ ئامـادەکردن و کۆتـایی هێنـان بـە ڕاپـۆرت ، بۆیـە پێموایـە مەسـەلەیەکی ئـەو تـۆ نییـە ، هـەر دۆخێکـی تایبـەت هاتـە پێشـەوە سـەبارەت بـە گرێـدانی کۆبوونـەوەکان ئـەوە لەبەردەسـتی خـودی سـەرۆکی پەرلـەمان یـان یـەك لەسـەر چـواری ئەنـدامانی پەرلـەمان هەیـە دانیشـتن گرێبـدەن ، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سـوپاس ، سـەرنجت بـۆ مەسـەلەیەکی ئەساسـی ڕاکێشـا کـە پێمـوابێ دروسـتە ، ڕای لیژنـەی یاسایشـی لەسـەر وەرئـەگرین ئەنـدامانی لیژنـەی یاسـایی کـە ئـەویش بریتییـە لـەوەی ئـەو کاتـە دەتـوانین دەنـگ لەسـەر درێژکردنـەوەی وەرزی گرێـدان بـدەین ، لەبـەر ئـەوەی بـە پێـی پـەیڕەوی نـاوخۆ پێویسـتی بـە دوو لەسـەر سـێی دەنـگ هەیـە ، بۆیـە پێویسـتە لایـەنی کـەم دوو لەسـەر سـێی ئەنـدامانی پەرلـەمان ئامـادەبن ، ئەگـەرنا نیسـابی یاسـایی بـۆ ئـەو دەنگدانـە نـابێ ، دوایـی ڕای لیژنـەی یاسـایی وەردەگـرین بەتایبـەتی ئەگـەر ناویـان نەنووسـرابوو ، بـەڕێز کـاك بێسـتون فـائق فەرموو.

**بەڕێز بێستون فائق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منـیش هـەمان ڕەئـی کـاك ئـەنوەرم هەیـە کـە خـودی گرێدانەکـە درێژبکرێتـەوە ، بـەڵام پێموایـە مـاددەی (٧) بـە ڕوونـی ئـەوەی وتـووە پەرلـەمان بـۆی هەیـە بـە زۆرینـەی (دوو لەسـەر سـێی) ئەندامـەکانی ، ئەندامـەکانی لێـرە ڕەنگـە مەبەسـتی کـۆی ئەندامـەکان بێـت نـەی وتـووە ئەنـدامانی ئامادەبوو ، بۆیە ڕەنگە لەوەیا پشتگیری لە قسەکانی کاك سالار بکەم ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێز کاك ماجد عثمان فەرموو.

**بەڕێز ماجد عثمان توفيق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لـەو خولـەی ئێسـتادا كـە ئـەمڕۆ دوا ڕۆژیـەتی هەنـدێ تێبینیـنم هەیـە حەزدەكـەم ئامـاژەی پێبكـەم ، هەنــدێكیان بــرادەران باســیان كــرد ، یەكــەم ئەوەیــە ژمارەیــەكی زۆر پــڕۆژە كۆبوونەتــەوە لــە خولــەكانی ڕابــردوو كــە پەرلــەمانتارانی خولــەكانی ڕابــردوو بــەڕێزەوە زۆر هــەوڵیان بــۆ داوە ماندیبوونــەو ئیشــیان لەســەر كــردووە ، بۆیــە پێموایــە دەبێــت ئالییــەتێك دابنرێــت بــۆ ئــەوەی پەلــە بكرێـت لـە دەركردنـی ئـەو یاسـایانە ، دووەم خـاڵ كـە كـاك سـالار ئامـاژەی پێكـرد بەڕاسـتی منـیش پشـتگیری دەكـەم كـە ئیجحـاف كردنـە بـە حـەقی پەرلـەمانتاران لـە دەزگایـەكانی ڕاگەیانـدن ، لـەو خولـە بەداخـەوە پەرلـەمانتار خـۆی شـكۆی پەرلـەمانتارانی شـكاند هەنـدێكمان نـاڵێم هـەموومان ، بەداخــەوە دەڵــێم كــە هەنــدێكمان تــەنها بەرژەونــدی خۆمــان و بەرژەوەنــدی حیزبــەكانی خۆمــان ویسـتووە لـە جیـاتی ئـەوەی پێویسـت دەكـات هـەمووومان بـە یـەك تـیم و بەیـەك عائیلـە كاربكـەین ، انشـاءالله ئەگـەر پێمـان بكـرێ جـەنابت وەكـو براگەورەیـەك لـەو دوو مانگـەی كـە هێشـتا مـەجالمان هەیـە دانشـتنێك بكـەین چ دوو دانیشـتن ، چ سـێ دانیشـتن بـێ دانیشـین ئـەو پرسـانە بـاس بكـەین بـۆ ئەوەی ئەو شتانە لە پەرلەمان نەمینێت ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. يوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز كاك سۆران عمر فەرمووو.

**بەڕێز سۆران عمر سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مــن دوو خــاڵم هەیــە ، یەكــەمیان ئەگــەر خــولی گرێــدان تــەواوبێ یــان تــەواو نــەبێ ئــەوڕۆ كۆبوونــەوەی لیژنــەكانی پەرلــەمان بەردەوامــە وە دەبــێ هــەبێ ، بــەڵام جــەدوەلی دانیشــتنەكان ئــەوەی كـە هـەبوو كۆتـایی هـاتووە ئومێـد دەكـەم ڕێكبخرێتـەوەو بـۆ ئـەوەی كـە ئـەو نەزرەیـەی بەداخـەوە بــەناوی پشــوو ڕۆیشــتووە تــەنها فەســڵی تەشــریعی دەوەســتێت ، ئەگــەرنا لیژنــەكان كــاری خۆیــان ئەكـەن ، كۆبوونــەوەكانیان بەردەوامــە چــاوەڕێ ئەكــەین جەدوەلەكــە بــە زوویــی دوای ئــەم پشــووەی ســەری ســاڵ لــە ســاڵی نــوێ دابنرێتــەوە ، خــاڵی دووەمیــان دیســان مــن لەگــەڵ ئــەوەم كــە ئێمــە لەســــەرەتاوە ماوەیــەكمان ڕۆیشــت بــە هەڵنەبــژاردنی دەســتەی ســەرۆكایەتی بــۆ قەرەبووكردنــەوەی ئــەوە ، بەشــێك لــە قەرەبووكردنــەوەی ئــەو مــاوە ڕۆیشــتووە ئومێــد دەكــەم ئــەم خولــە مانگێــك درێژبكرێتــەوە ، پرســی بودجــەو دەســتوورو چــەند یاســایەكمان لەبەردەمدایــە ڕاســتە كۆبوونــەوەی نــا ئاسـایی دەكـرێ لـە كـاتی هـاتنی بودجـەدا یـا هـەر پرسـێكی نائاسـایدا ، بـەڵام مـادام كـە دەتـوانین كۆبوونــەوەی نائاســایی بكــرێ خولەكــە درێژبكرێتــەوە بــوارە یاســاییەكەی بــۆ دوو لەســـەر ســێ جێدەهێڵم بۆ لیژنەی یاسایی ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز دکتۆرە ڕێواز فائق فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاک سالار و کاک سۆران قسەکانی منیان کرد ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز دکتۆرە بەهار فەرموو ، تکایە بەڕێز دکتۆرە بەهار ڕوونکردنەوەی یاساییمان بدێ لەسەر ئەو بابەتە.

**بەڕێز د. بەهار محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێك لە قسەکانی من کرا لەلایەن بەشێکی زۆر لە بەڕێزانەوە ، سەبارەت بە ماددەی (٧) باس لە درێژکردنەوەی خولی پەرلەمان دەکات ئەڵێ ( زۆرینەی ٢/٣ ئەندامەکانی ) واتا وازیحە ئەڵێ (ئەندامەکانی) واتا ٢/٣ ژمارەی ئەندامان پێویستە (٧٦) کەس لێرەبێ ، ئینجا ئێمە ئەتوانین ئەو خولە درێژ بکەینەوە ، ئێستا ئەگەر (٧٦) لێرە نەبێ ناتوانین ئەمە سەبارەت بەوە ، سەبارەت بە ، من بۆ خۆم وەکو خۆم لەگەڵ ئەوەم کە خولەکە درێژبکرێتەوە ، چونکە چەند پڕۆژەیاسایەکمان هەیە کە گرنگە کە ئێستا ناتوانین ئەوە بکەین هیوادارم کە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەسەڵاتی خۆی بەکاربهێنێت کە لەناو پەیڕەودا پێیدراوە کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجام بدات بۆ هەندێ لەو یاسایانەی کە گرنگن وەك دەستوور و سندوقی داهاتە نەوتییەکان ، هەروەها پڕۆژە یاسایی ئیستیسناکردنی پارێزگای هەڵەبجە ئەگەر لە حکومەتەوە پڕۆژەکەی گەیشتە لای ئێمە ، سوپاس.

**بەڕێز د. یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ، بەڕێز کاك ابوبکر هەڵەدنی فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله (ابوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکانی کاك سالار ئەکەم کە ئەم بابەتەش با وەکو کڕینی ئۆتۆمبیلەکانی لێنەیەت کە پەیوەندی بە هەیبەت و شکۆی پەرلەمانەوە هەیە ، لە هیچ شوێنێکی ئەو پەیڕەوە باسی پشوو نەهاتووە ، باس لە گرێدان و کۆتایهێنانی وەرزی گرێدان هاتووە ، ماوەی گرێدانە کە ئەمە بابەتێکی یاساییە، سرف بابەتێکی یاسایی یە و ئێمە لەماوەی پێشوودا چوار ڕۆژ لەم پەرلەمانەوە دەوامماان کردووە، کۆبوونەوەی لیژنەکان و کۆبوونەوەی پەرلەمان، پەرلەمانتاران کەمتر بە دوای بە دوا داچوون و سەردانە مەیدانییەکان کەوتوون کە ئەویش بەشێکی پێویستە

هەم بە دوا داچوونی كاروباری هاووڵاتیانە، هەم خزمەت بە دەوڵەمەند كردنی پرۆژە بڕیارەكان ئەكات چ بە دەرچوواندن بێت یا خود بە هەموار كردنەوە بێت، و بە وازحیش لە ماددەكانی شەش (٦) و حەوتی (٧) پەیڕەوە زۆر باسی لەوە كردووە كە سەرۆكی پەرلەمان و سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و هەر كارێك پێویست بوو كارێك بە ئێمەیان بۆمان هەیە بۆ كۆبوونەوەكانی نائاسایی ئەنجام بدرێت، لە بەر ئەوە ئەم بابەتە كە بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی خوشەویست وێنەیەكی ناتەندروست وەرنەگرن وابزانم كە پەرلەمانتاران ئەم دوو مانگە ئەڕۆن بۆ ماڵەكانی خۆیان و خەریكی سەفەر و سیاحەت و گەڕانن، ئیشەكانی خۆیان ئەكەن لە ناو لیژنەكانی پەرلەماندا و پێویستە بە راستی جەنابیشتان لە دەستەی سەرۆكایەتی ئەو دەیان پرۆژە یاسا و بڕیارەی كە خوێندنەوەی یەكەمیان بۆ كراوە بە تایبەتی ئەوانەی كە ئەولەوییەتیان هەیە پەلە بكرێت لە سەر ئەوەی لەم ماوەیەدا راپۆرتەكانیان بۆ ئامادە بكرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بو پشتگیری رای بەرێزتان و بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمان، ئەمەوێ ئاماژە بەوە بكەم كە هەر كاتێك ئەو پرۆژە یاسا گرنگانە و ئامادە كران بە دڵنیاییەوە ئێمە لە سەرۆكایەتی مومارسەتی صەلاحیەتی خۆمان ئەكەین و ئەیخەینە بەرنامەی كاری پەرلەمانەوە و هیچ كێشە و گرفتێكمان نییە و لە نێزیكترین كات دوای تەواو بوونی پشووی سەری ساڵ جەدوەلێكی تازە، خشتەیەكی تازە بۆ كۆبوونەوەی لیژنە هەمیشیەكانی پەرلەمان دائەنین بۆ ئەوەی لیژنەكان دەست بە كارەكانی خۆیان بكەنەوە و لە پەرلەمانی كوردستان ئەو راپۆرتانەی كە گرنگن لە پرۆژە یاساكان كاریان لە سەر بكرێ بۆ ئەوەی بە دەست پڕەوە وەرزی یاسا دانانی داهاتوو بكەینەوە، بەرێز دكتۆرە پەری صالح فەرمووو.

**بەڕێز د. پەری صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانم لە لایەن كاك سالار و كاك ئەنوەرەوە كرا، پشتیوانی لە قسەكانی كاك سالارەوە دەكەم بە تایبەتی هیوادارم لە داهاتووش دا تەنیا خوشەویستی و تەبایی و یەك رێزی و براگەورەیی هەموومان بێت كە تاكەش دوژمنانمان دەتوقێنن، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز كاك گۆران ئازاد، تكایە بەرێزیش روونكردنەمان بدرێتێ لە رووی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای پشتیوانی لە زۆربەی قسەی هاوڕێیانم كە كردیان، من ئاوا بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ پەرلەمانی كوردستان ئەركەكانی دەست نیشان كرایە، ئەركێكی چاودێری كردنی حكومەتە، ئەركێكی بودجەیە،

ئەركێكی دەركردنی یاسایە، من پێم وایە یەكێك لە واجبە زەرورەكان چاودێری كردنی حكومەتە كە فورسەتێكی زۆر باشە لەو كاتەی ئێستا كە دانیشتنەكان ئەنجام نادرێ هەستین بە چاودێری كردنی حكومەت، لە سەر دەركردنی پرۆژە یاسا كە ئەركێكی دیكەی پەرلەمانی كوردستانە یەكێك لە گرفتەكان تەواو نەكردن و نووسینی راپۆرتە كە ئەگەر ئەمە بێ، ئەمە بۆ خۆی یەعنی خودی ئەمە كە لە هەموو پەرلەماناتی دونیا دانراوە یەك حیكمەتی هەیە، حیكمەت بریتی یە لە ئامادە كردنی ستراتیجێكی تەشریعی بۆ ئایندە، بریتی یە لە بیركردنەوەی دانانی نووسینی راپۆرت، بریتی یە لە پلانی تەشریعی، بریتی یە لە چوونە ناو خەڵك دۆزینەوەی نرخی تەشریعی، ئەمە ئەركەكەیە كەواتە خۆدی ئەم ئەركە كە بریتی یە لە یاسادانان، لە نووسینەوەی راپۆرت، لە ئامادە كردنی پرۆژە یاسای ئەندامەكان بەردەوام دەبن، ئەركی سێیەمی پەرلەمانی كوردستان بریتی یە لە بودجە بە پێی پەیرەوەی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان هەر كاتێك پرۆژەی بودجە حكومەت ناردی كە من پشتیوانی قسەكانی دكتۆر فرست دەكەم كە لە بەر ئەوە تەخمین و تەقدیری یە، زەرورە حكومەت ئێستا كار بكات بۆ بە دواداچوون و مەعلوماتی منیش ئێستا حكومەت رۆژانە سەرقاڵی ئامادە كردنی میزانیە و هەر دەقەیەك میزانییە هاتە پەرلەمانی كوردستان بە پێی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، پەرلەمانی كوردستان دەست بە دانیشتنەكانی دەكاتەوە، بۆیە ئەركی هەموومانە، كە هەموومان لە رابردوو كەم و زۆر مەسئول بووین لەوەی كەوا بەشدار بووین لە ناشرین كردنی با بڵێین پەرلەمان و لە داهێنانی ئەم وشەیە كە وشەی پشوویە كە بە مەبەستی شكانی هەیبەتی پەرلەمان و بە مەبەستی سیاسی دیاری كراو بە كار هاتووە ئێستاش واجبی هەر هەموومانە چۆن ئەم وشەیە داهێنان بۆ ناشرین كردن بە هەمان شێوە ئەم وشەیەش راست بكەینەوە، سێیەم شت ئێمە لە پەیرەوەی ناوخۆ دەسەڵاتی بەستنی جەلەسەی ئیستیسنائیمان هەیە، كام پرسی گرنگ، هەم دەسەڵاتی بەرێزتان هەم دەسەڵاتی ئەندامانە، ئێمە بەلامانەوە گرنگە لە لیژنەكان راپۆرتی تەواو دەبێت ئەتوانین بە بیست و نۆ (٢٩) ئەندام داوای جەلەسەیەكی ئیستیسنائی بكەین و پەسەندی بكەین، و ئەو پرسانە كە ئێستا باسی دەكەن كە من زۆر زۆر تەئیدی دەكەم كە دوو پرس ئێستا قسەی لە سەر دەكرێ، پرسی صندوق و پرسی دەستوور، هەر دوو ئەم پرسە زۆر گرنگە، چونكە هەموومان لە گەڵ بە دامەزراو كردنی پرسی نەوتین و هەمووشمان زەرورەتێكی قانونی و حكومێكی قانونیمان لە پێشە كە بریتی یە لەوە ئێمە ببین بە خاوەن پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان بۆ ئەوەی لە ئاییندە دا بە پێی یاسای درێژكردنەوەكە فەراغی دەستووری لەم هەرێمە دا دروست نەبێ، بەڵام من دەپرسم ئەم پرسە بە هۆی كۆنەبوونەوەی لیژنە و پەرلەمانەوە دواكەوتووە یان بە هۆی گرفتی سیاسی؟ من لێرەوە هەم پرسی صندوق هەم پرسی دەستوور گرفتی قانونی و كۆبوونەوەی لیژنە مەعنای نییە حەتا تەنانەت صندوقیش خیلافی بۆچوونی سیاسی لە سەریان هەیە، بۆ ئەوەی هەر كاتێك فراكیسۆنەكان، ئەندامانی لیژنەكان، دەستەی سەرۆكایەتی، كە هەموو لایەك بە بەردەوام ئێوە هاوكاری دەكەن بۆ لێكیان نیزیك كەینەوە بتوانین ئەم خیلافە سیاسیە تەواو كەین، بەیانی راپۆرت بنووسین دوو بەیانی ئێمە ئامادەین لە هۆڵی

پەرلەمان گفتۆگو لە سەر ئەم پـڕۆژە یاسـایانە بکـەین، ئـاخیر نوقتەشـم ئەوەیـە ئێمـە هەنـدێك جار پەلـە دەکەین لـە دەرکردنـی هەنـدێك یاسـا و ئەمـە بـە نەتیجـە، تەنانـەت لـە پێشـکەش کردنـی هەنـدێك پـڕۆژە یاساش بە نەتیجە خراپ دەوەستا لە سەر شکوی پەرلەمان بە نموونە ئێمە ئێستا کە قـەیرانی مووچـەمان هەیە، قەیرانی داراییمان هەیە لـە هـەرێمی کوردسـتان کـە دێـی پـڕۆژە یاسـایەك بـۆ نـازانم چـی پێشـکەش ئەکەی لە نەتیجە کە جێبەجێ نابێت لە نەتیجە کە ئیلتیزاماتی مالی تێدایە ئـەم پـڕۆژە یاسـانە حکومـەت ئەبێ رەزامەند بێ جواب ناداتەوە بۆ هەیبەتی پەرلەمان خراپە، باشترین نموونە چاك کردن و زیـادکردنی مووچەی هێزەکانی پێشمەرگەیە کە ئێستا، یەعنی ئێمە یاساکەمان بڕیارەکەمان دەرکـرد، بـەڵام بـە گرفـت بوو بە ئێمە جۆرێك لە جۆرەکان شکانەتەوە لە بەر ئەوە پێشمەرگە و با بڵێین ئەو هێزانەی کەوا بڕیاریان لێدرا لە پەرلەمانی کوردسـتان تـا ئێسـتا چاوەڕێنە، بـەڵام بـە هـۆی قەیرانـەوە نـەمان توانیـوە، بـۆ ئـەوەی ئەمەش بەشێکە لە پاراستنی هەیبەت و دەسەڵاتی پەرلەمانی کوردستان ئاخیر رەئیشم مـن پشـتیوانی کـاك سالار و دکتۆرە بەهار دەکەم، چونکە بە فیعلی دەبێت و بە دوو لە سەر سێ ئەندامانی ئامادە بێ کە تـۆ لـە نەتیجە بـە عـەدەد دەژمێـری، کـە مـن لـە سـەرتای دانیشـتنەکە ئەگـەر سـکرتێری پەرلـەمان غەڵـەت نـەبم عەدەدەکەم ژمارد شەست و سێ (٦٣) پەرلەمانتاران لە ژورەوە بوون، (٦٨)؟ باشـە دیـارە ئـەو کاتـە هەنـدێك چوونە دەرەوە هەر ئەو کاتە وازیحـە کـە تـو بیخەیتـە دەنگـەوە تەحصـیل حاصلەکە ئـەو نەتیجـە نـاهێنێ ئەبێ سەرووی حەفتا و شەش (٧٦) بێ، ئەوجا حەتا حەفتا و حەفت (٧٧) حەت حـەفتا و هەشـت (٧٨) بـێ، ئەبێ لە سەرووی حەفتا و شەش (٧٦) کەسەوە لە ژورەوە بێت، ئەگەر نا تەحصیل حاصلەکە نەتیجەکە بـە پێی دیاری کراوەکە بەدی نایێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو شکریە اسماعیل فەرمووو.

**بەڕێز شکریە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا و دووبارەی ناکەمەو و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا عبدالرحمن علی فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش قسەکانم کرا، پشتگیری و پشتیوانی وتە و بۆچوونەکانی دکتۆرە بـەهار و کـاك سـالار و کـاك ابـوبکر هەڵەدنی دەکەم، و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێز دکتۆر شێرکۆ جودت فەرموو.

**بەڕێز د. شێرکۆ جودت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من لە سێ خاڵدا کە زۆر بەلامەوە گرنگە و بە خەلەلێکی گەورەی ئەزانم لە کاری پەرلەماندا، یەکەمیان، مەسەلەی درێژکردنەوەکە من لە گەڵیاندام کە درێژ بکرێتەوە و یەکێك لەو هۆکارانەی کە بڕوام وایە کە جەخت لە سەر درێژکردنەوەی ئەم وزەم بکەم کە ئەو شەش مانگەی کە ئێمە قەرزاری هاونیشتمانیانین کە ئەرکی زیاتر بگرینە ئەستۆ مانگی داهاتوو، بۆیە مانگێك داوا ئەکەم کە درێژ بکرێتەوە دەسەڵاتەکانیش بۆ جەنابتانە، بەڵام خاڵی دووەم کە تۆزێك لە سەری ئەوەستم مەسەلەی ئامادە بوون و ئامادە نەبوون و موڵەتی پەرلەمانتاران، یەعنی ئەم مەزوعەش بە پێی ئەو ژمارەی کە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان خویندنەوەیە، ڕێژەی ئامادە نەبوون زۆر، زۆر بەرزە و ڕێژەی موڵەتیش هەر زۆر، زۆر بەرزە، ئایا ئەکرێ پەرلەمانتار بۆ ماوەی مانگێك زیاتر موڵەت وەربگرێ؟ هۆکاری موڵەتەکەش مەعلوم نەبێ، بە تەواوەتی چییە؟ ئایا ئەکرێ پەرلەمانتارێك بە تەنیا تەعتیلی کاری لیژنەیەك بکات بە تەنیا لە بەر ئەوەی نیساب بەو تەحقیق ئەبێ؟ تەعتیلی کاری لیژنەیەك بکات و دواتر راپۆرتی لیژنە دروست نەبێ و دواتر پرۆژەیەکی وەکو پرۆژەی صندوقی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان کە هەموومان چاوەڕانین و چەند ساڵێکە نەیێتە دی؟ ئەمە ئیشکالێکە پێم وایە لە لائیحەیە چارە کراوە، بەڵام لە جێبەجێ کردنی پەیڕەوی ناوخۆیە، لەم مەوزوعە دا بە راستی ئەبێ جەخت کردنەوە هەبێ، ئەگەر وابێ پەرلەمانتار غایب بێ و ئامادە نەبێ و هەروا تێپەڕێ بە راستی ئەوە دەرگایێکی خراپ ئەکرێتەوە ئامادە نەبوونی پەرلەمانتار لە هۆڵی پەرلەمان لە کۆبوونەوە پەرلەمان لە کۆبوونەوەی لیژنەکاندا بە بێ لێپرسینەوە، بە بێ موحاسەبە کارێکی زۆر زۆر خرابە، من هیوادارام سەرۆکایەتی ئەوە عیلاج بکات، و مەسەلەی مۆڵەتیش بە هەمان شێوە، یەعنی مۆڵەتی پەرلەمانتار کاتێك داوا ئەکات ئەگەر کراوەیە موڵەت بابزانین هەموومان، ئەگەر زەوابتیشی هەیە با ئەو زەوابتە جێبەجێ بکرێ، من لێرەدا لە مەسەلەی صندوقی نەوت و گاز کە مەعنین ئێمە وەك لیژنەی سامانە سروشتییەکان، ئەگەر تەوافوق، ئێمە ئەو پرۆژەیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆمان هاتووە و حکومەتی هەرێمی کوردستان پەرلەمانی لێ ئەکات، سەرۆکایەتی لیژنەی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان پەلەمان لێ دەکات لە پەرلەمان، پەرلەمان سیفەتی ئیستعجالی پێداوە، ئێستا ناکرێت سەرۆکایەتی لێپرسینەوەیەك بکات بزانێت بۆچی ئەم نیسابە لە لیژنەی سامانە سروشتییەکان دروست نابێ، یەعنی ئەگەر ئاوا بڕوات پەرلەمانتارێك دەتوانێت تەعتیلی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان بکات، دەتوانێت تەعتیلی پرۆژە یاسای پەرلەمانی کوردستان بکات بە تەنها، ئایا ئەوە حاڵەتێکی تەندروستە؟، بۆیە من هیوادارم جەنابتان ئەوە چارەسەر بکەن، ئەگەر تەوافوقیش بریتییە لەوەی یان دەبێ بە قسەی یەکێك بکەی یان ئەو پرۆژەیە تەحتیل دەکرێت و راپۆرتی لەسەر دەکرێت، لەبەرئەوەی نیسابی بۆ دروست ناکرێت لە لیژنەکە، ئەوە تەوافوقێکی تەعتیلی و زۆر سلبییە، بیدایەتێکی زۆر خراپە بۆ مانای تەوافوق و پێکەوە کارکردن، ئێمە دوو حاڵەتمان هەبوو یان ئەوەبوو

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ لە لیژنەی سامانە سروشتییەكان دەنگدان بكەین لەسەر ڕەئییە جیاوازەكان، بۆئەوەی كە یەك ڕەئی لیژنە بێتە پەرلەمانەوە، یان ئەوەیە كە ڕەئییە جیاوازەكان یەك بخەین، دەبێ سەرۆكایەتی ئەوە حەل بكات، چونكە مەسەلەی غیاب و مۆڵەت گەورەترین كێشەیە، ئاوابێ ئیشمان بۆ ناكرێت.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

من ئێستا وەڵامت دەدەمەوە، د. شێركۆ ئاگادار دەكەمەوە لەوەی كە بەپێی ماددەی (٢٥) لە پەیڕەوی ناوخۆ، خاڵی (٣) ئەندامی پەرلەمان تەنها (١٥) رۆژ بۆی هەیە لە هەر وەرزێكی گرێداندا، دەتوانێ داوای مۆڵەت بكات سەرۆك مۆڵەتی بدات، جگە لەوە حاڵەتی تری نایاسایی وەكو حاڵەتی تەندروستی و ئەوشتانە، ئەگەرنا لە (١٥) رۆژ زیاتر مۆڵەت نییە بۆ ئەندامی پەرلەمان، لە هەر وەرزێكی گرێداندا، بۆیە لەوە زیاتر مۆڵەتمان نەداوە، ئێمە لەسەرۆكایەتی پەرلەمان لە (١٥) رۆژ زیاتر مۆڵەتمان بە ئەندام نەداوە، جەنابت وەكو سەرۆكی لیژنەی پیشەسازی و وزە و سامانە سروشتییەكان باش دەزانی كە ئێمە بەردەوام پێداگربووین لەسەر ئامادەكردنی ئەو راپۆرتانەی كە باستان كرد، بەتایبەتی راپۆرتی یاسای سندووقی داهاتە نەوتییەكان بەردەوام لە تەماس بوون لەگەڵ ئێوە، بەڵام من پێم وانییە بابەتەكە پەیوەندی بە نیسابەوە هەبێ، بابەتەكە پەیوەندی بە رێكنەكەوتنی ئەندامانی پەرلەمانەوە هەیە لەسەر ئەو بابەتە، ئەگەرنا كێشەیەك نییە كە چارەسەر نەبێ، ئەوە ئەگەر بەوشێوەیە بێتە ناو هۆڵی پەرلەمان، لەناو هۆڵی پەرلەمانیش پێم وانییە دەنگ بێنێت، مادام تەحسیل حاسڵە دەنگ ناهێنێت، پێویست دەكات هەوڵی ئەوە بدەن ئێوە لە لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمان شێوەیەك لە كۆدەنگی لەسەر دروست بكەن، وابكەن كە لایەنی كەم لەناو هۆڵی پەرلەمان بتواندرێت ئەو پرۆژە یاسایانە زۆرینە بهێنێت، سەبارەت بە مەسەلەی غیاب و ئامادەنەبوون و مۆڵەت و ئەوانە، مەسەلەی مۆڵەت بە تەواوەتی مامەڵەمان لەگەڵ كردووە، لە ئامادەنەبوونیش ئێوە دەزانن سەرەڕای ئەوەی ئیعتیرازیش هەبووە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان، بەڵام ناوی ئەمادەنەبووانی كۆبوونەوەكانی پەرلەمان، ناوی ئەمادەنەبووانی لیژنەكانی پەرلەمان خوێندراوەتەوە، ئەو ئیجرائاتانەی تری كە لە پەیڕەودا دیاریكراون لەسەر ئەو پرسە نەمانگرتووەتە بەر، پەیوەندیدار بووە بە هەندێك دۆخی ئەندامانی پەرلەمان و وەزعی ئەندامانی پەرلەمان لەماوەی ڕابردوودا، كە خۆمان هەموومان باش دەزانین، بەڵام لە وەرزی گرێدانی داهاتووەوە بە دڵنیاییەوە بە سیاسەتێكی تر مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتە دەكەین، هەوڵی ئەوەدەدەین كە فشار زیاتر بكەین بۆ زیاتر ئامادەبوونی ئەندامانی پەرلەمان لە هۆڵی پەرلەمان و، لە دانیشتنەكانی پەرلەمانیش، كاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەو بابەتە تەنیا من بە بابەتێكی قووڵتری دەبینم لەوەی بە دانیشتنێك قسەی لەسەر بكەین، من وای دەبینم ئەگەر ساڵی (٢٠١٤) ساڵێكی قورس بێت بۆ ئابووری كوردستان، ئەگەر بە حەكیمانە لە ئێستاوە

دەستی بۆ نەبەین ساڵی (٢١٠٥) لەڕووی سیاسییەوە ساڵێك دەبێت، پڕ دەبێت لە گرژی سیاسی لە کوردستاندا، بۆیە ئەوە زۆر لەوە گەورەترە کە ئێمە ئێستا بەوشێوەیە قسەی لەسەر دەکەین، من سەرنجتان بۆئەوە ڕادەکێشم، ناچمە لەسەر بابەتە قانونییەکەی کە (٧٦) ئەندام دەبێ تیایدا بێ، ئەگەر بەوشێوەیە ئێمە لە تەوافوق بڕوانین چیم بەدڵ بو نەیکەم، چیم بەدڵ بوو بیکەم یاخود ئەو تەوافوقە ببێت بەهۆی ڕاگرتنی هەموو بابەتەکانمان، ڕەنگە لە ئایندە تووشی هەڵەی گەورەی سیاسیمان بکات، یاخود تووشی هەڵەی گەورەی یاساییمان بکات، کە زۆرێکمان بەهیچ شێوەیەك ئامادەنینە هەڵە بکەین، بە ڕەقەم با تەعامول لەگەڵ ئەو بابەتە بکەین، بیرکەرەوە ئەگەر بەمشێوەیە مامەڵە لەگەڵ پرۆژەی دەستووردا بکرێت و بکەوێتە (٣/١)، (٣/١) بکەوێتە (٤/١) دواتر ئەوە (٣) مانگ دابندرێت بۆ لیژنەیەك کە دروست دەکرێت و بکەوێتە (٧/١)، لیژنەکە ئامادەکاری بکات پاشان کۆمسیۆن رابسپێرێت کەی ئامادەکاری بکات و دەستور بخرێتە راپرسی و ئەوانە، پرسی سەرۆکایەتی هەرێم چی بەسەردێت لە کوردستاندا، یەعنی دەبێ بیربکرێتەوە لەوە، چونکە ئەوە بابەتێکی گرینگی سیاسییە ئەوە لەلایەك، دوو: ڕاستە کە بودجە هات پشوو تێك دەچێت، بەڵام بودجە چەند کاری پێویستە؟ ، یەك مانگ مۆڵەتی لیژنەی دارایی سەرباری ئەو موناقەشە زۆرەی کە لە پەرلەمان دەکرێت، سەرباری  هەموو ئەوانە ئەگەر بتەوێ لەو ماوە، دەست بۆ دەستوورەکە ببەم ئەگەر کۆبوونەوەی نایاسایی ببێ، یاخود دەست بۆ بودجەکە دەبەم، بۆیە دەبێ مەسولانە تر بیری لێبکرێتەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەردووکی دەکرێت کاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەزانم هەردووکیان دەکرێت، بەڵام ئەولەویات دەدەی بە کامیان؟، خۆت دەزانی، هەمووومان دەزانین، جاری وا هەبووە بودجە لە پەرلەمان زیاتر لە (٢٠) ڕۆژ موناقەشەی لەسەر کراوە، دوو: ئەو تەوافوقەی بەڕێز دکتۆر شێرکۆ زۆر باش قسەی لەسەر کرد، دەتواندرێت بە تەوافوقیش دۆخێك دروست بکرێت، کە تەوافوق لەسەر بودجەکە نەکرێت، دوو حاڵەتمان لەبەردەم دایە، ئایا بە مەسولانەتر هەموومان لەو تەوافوقە دەڕوانین یاخود تەوافوق دەبێت بەهۆی ئەوەی کە هیچ شتێك نەڕوات، هیچ مەنتقێك لەوە دانییە بۆ زانیاریتان، با خەڵکی کوردستانیش زۆرباش ئاگادار بن، هەم پرسی پرۆژەی دەستوورەکە، هەم پرسی سندووقی داهاتە نەوتییەکان لەسەر دووشتی زۆر ڕواڵەتی پەکی کەوتووە ، من دڵنیام هیچ کام لەم کێشانە نەتیجە وەرگرین، کێشەی جەوهەری نین، واتە تۆ لەبەر شتێکی ڕواڵەتی زەرەرێکی گەورە لە موستقەبەلی وڵاتەکەت دەدەی، لە ئایندەی وڵاتەکەت دەدەی، ناکۆکی سیاسی دروست دەکەی، گرژی سیاسی دروست دەکەی، ئەوە جگە لەوەی کە من زۆر بە ڕاشکاوانە لێرە ئیعتراف دەکەم، هیچ کام لەو ئەرکانەی لەسەرمان بووە بە تەواوەتی جێبەجێمان نەکردووە، هەریەکە لە ئێمە دەیان دۆسییەی گەندەڵی

لەبەردەمدایە، بەلاَم لەبەر تەوافوقی سیاسی  و ئەم لەبەر ئەو   نەمان ویستووە یاخود بۆئەوەی کە ئەگەر وەزیرێك بانگهێشتی بکەی بۆ لێپێچنەوە و لێپرسینەوە، ڕەنگە لایەنی بەرامبەرت نیگەران بکەی پێت دەڵێت تەنگژەی سیاسی دروست دەکەی، ئەمە دەبێ لە خولەکانی تردا بەرپرسانەتر مامەڵەی لەگەڵ بکەین، هەموو لایەنەکانیش ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بابەتەی کە جەنابت باسی دەکەی، هیچ ڕێگرییەکی لەبەردەم دروست نەکراوە، لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانەوە یەك پرسیاری ئەندامانی پەرلەمان لە هەر وەزیرێك یان سەرۆك وەزیران یان لە جێگری سەرۆك وەزیران نەکراوەتەوەو نەنێردراوە بۆ حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان،

**بەڕێز علی حەمە صالح :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مەبەستم جەنابتان نییە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی با تەواوی بکەم، هیچ بانگهێشتێکی وەزیر یان داواکردنێکی وەزیر یان سەرۆکی حکومەت نەهاتووەتە بەردەستمان ئاراستەی حکومەتمان نەکردبێت و پێم وابێ هەمووشی جێبەجێ کراوە، ئەوەی کە بەپێی ماددەی (٥٤) لە پەیڕەوی ناوخۆ هەبووە جێبەجێ کراوە، هیچ بابەتێکیش پەیوەندی بە پرساندنەوە نییە و نەبووە بێتە لای ئێمە، بۆئەوەی مامەڵەی لەگەڵ بکەین، ئەوەی کە جەنابت باسی دەکەی دۆخێکە پەیوەندیدارە بە فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، لیژنەکانی پەرلەمان، ئەندامانی پەرلەمان، کە ئەوە بابەتێکە دەتواندرێت لەکاتێکی تر گفتوگۆی لەسەر بکرێت، خۆتان لە دەرەوەی دانیشتنی پەرلەمان، چونکە ئێستا پەیوەندی بە بابەتی کاری ئەمڕۆمانەوە نییە، زیاتر قسەی لەسەر دەکەین.

**بەڕێز علی حەمە صالح :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مەبەستم لاینە نێگەتیڤییەکانی ئەو تەوافوقە بوو، کە قسەی لەسەر دەکات، هیوادارم تەوافق نەبێ بەهۆی پەککخستنی کاری پەرلەمان، چونکە ئێمە نە بودجەمان پەسەند کردووە، نە حیساباتی خیتامیمان پەسەند کردووە، پێم وایە چاودێرییەکی گرینگمان نەکردووە، هیچ ئەو یاسا گرینگانەش کە پێویست بوو بەشێکیمان دەرکردووە، کە پێویست بوو چەند بەشی دیکە دەربکرێت، ئەوە بەهۆی تەوافوقەوە واتە پێویستە پێداچوونەوە بۆ ئەم تەوافوقە بکرێت، تەوافوق دەبێت لەپێناوی مەسلەحەتی عامی خەڵك دابێت، نەك حزبی یاخود بەشێکی دیاریکراو لەبیرێکی حزبی سیاسی، سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی من دەمەوێ بەڕێزت لەوە ئاگادار بکەمەوە، کە ژمارەی ئەو پرسیارانەی لەم خولەی ئێستای پەرلەماندا لەلایەن ئێوەی ئەندامانی پەرلەمانەوە ئاراستەی حکومەت کراون، پرۆسەی چاودێری بازرگانی

**کراوه، ئاراستەی حکومـەت کـراون، زیـاتر لـە کـۆی ئـەو پرسـیارانەی کـە لـە (٤) سـاڵی رابـردوودا ئاراسـتەی حکومەت کراوە، پرۆسەی چاودێری کردن ئێوە ئەنـدامانی پەرلـەمان لـە فراکسیۆنە جیاوازەکـان درێغیتـان نەکردووە، کاری خۆتانتان ئەنجام داوە لەم خولەدا ژمارەیەکی زۆر لە وەزیرەکان هاتوونەتـە پەرلـەمان (١٧) وەزیر هاتووەتە بەردەم لیژنـەکانی پەرلـەمان، ئێوە لـە لیژنـەکانی پەرلـەمان گفتوگۆتـان لەسـەر کـردوون، لەسەر سەرجەم ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیـدران بـە کێشـەو گرفتـەکانییانی هاووڵاتیـان هـەر لـەم وەرزەی گرێداندا ئەو وەزیرانە ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان بوون، یان لەسەر داوای خۆیان بەپێی ماددەی (٥٣) یـان لەسـەر داوای لیژنـە هەمیشـەییەکانی پەرلـەمان و ئەنـدامانی پەرلـەمان، ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمان بەپێی ماددەی (٥٤) کە بریتین لە بەڕێزان وەزیری پەروەردە، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئـاو، وەزیـری سـامانە سروشـتییەکان، ئەنجومـەنی هـەرێمی نـەوت و غـاز، سـەرۆکی حکومـەت و جێگـری سـەرۆکی حکومـەت و وەزیـرە پەیوەندیـدارەکان، وەزیـری کارەبـا وەکـو باسـم کـرد (١٧) وەزیـری تـریش هاتوونەتـە بـەردەم لیژنـە هەمیشـەییەکانی پەرلـەمان، بۆئـەوەی ژمـارەی پرسـیارەکان لەلایـەن ئەنـدامانی پەرلەمانەوە لەم ماوەیەی رابردووی کارکردنمان لەم وەرزی گرێدانە ئاراستەی حکومەت کراوە، بریتییە لـە (٣٨٢) پرسیار، کە (٢٢٠)ی پرسیاریان وەڵام دراونەتەوە، خاتوو بێگەر فەرموو.**

**بەڕێز بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەمووشمان دەزانین ئەوەی کە لە بەردەممانە کۆتایی ئەم وەرزی تەشریعییە، وە دەچینە ناو پشووی پەرلەمان نییە، بەڵکو تەواوکردنی کارەکانی پەرلەمانە، وە لێرەش گوێمان لە قسەی زۆر بوو لەسەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئەو بارودۆخەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەیە بۆیە من پێشنیار دەکەم وێڕای چاودێری کردنمان وێڕای بەجێ گەیاندنی لێژنەکانمان بە (١١١) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بەبێ جیاوازی ژن وپیاو ئەم دوو مانگە لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەبەرەکانی جەنگ تەوزیع بین، وە هاوکارو هەماهەنگیان بین، بۆ ئەوەی ئەگەر ئەمانەوێ پشتیوانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بین باهەمووومان بە فیعلی بچینە بەرەکانی جەنگ و نەیێینەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆمان ، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان هێزی پێشمەرگە ئەرکی خۆی بە شێوەیەکی قارەمانانە زۆر باش جێبەجێ دەکا، ئەرکی ئێمە لە ناو پەرلەمان ئەرکی یاسا دانان و پشتیوانی کردنی ئەوانە، ئێمە لەناو پەرلەمان ئەتوانین بە باشتر ئەرکەکانی خۆمان جێبەجێ بکەین لە راستیدا ئێمە ئەگەر بچینە بەرەکانی جەنگ لەوە ئەچێ ببینە بار گرانی لەسەر ئەوان من ئەوە بەبیری ئێوە ئەهێنمەوە بەڕێزان رۆژی (٨/٧) بەشێك لە ئێوە لەناو هۆڵی پەرلەمان بوون بەشێك لە ئێوە لە پەرلەمان بوون ئەگەر بە بیرتان بێتەوە (٨/٧) ئەندامانی پەرلەمان کە لێرە بوون بەبیریانە دوو جار ویستمان برۆین سەردانی بەرەکانی جەنگ بکەین لە میحوەری مەخمور، وە لە میحوەری گوێر لە کەڵەك، لە میحوەری کەڵەك لە میحوەری خازر، بەڵام کە بیرمان لەوە ئەکردەوە ئێمە**

ژمارەیەك ئەندامی پەرلەمان بچینە ئەو شوێنانە، وە دوایی لە بەرەكانی جەنگ بكشێنەوە بە دڵنیایەوە قورسیەكی گەورە لەسەر هێزی پێشمەرگە دروست دەكەین وا دەرئەكەوێ وەكو پاشەكشە، لەوە دەرئەچێ زیان بگەیەنین بە بەرەكانی جەنگ، بۆیە ئەركی ئێمە لەناو پەرلەمان هاوشێوەی ئەركی براو خوشكەكانمانە لە هێزی پێشمەرگەو براو خوشكە شەرڤانەكانە كە ئێستا بە شێوەیەكی قارەمانانە بەرگری لە خاكی كوردستان ئەكەن، ئێمە ئەتوانین لێرەوە پشتیوانی مەعنەویان بكەین ئێوە ئەندامانی پەرلەمان ئەوە بزانن ئەو داواكاریەی كە هەندێك ئەندامی پەرلەمان كردوویانە بۆ درێژ كردنەوەی خولی گرێدان داواكاریەكی رەوایە بە پێی پەیرەوەی ناوخۆ ، بەپێی پەیرەوی ناوخۆ مامەڵەی لەگەڵ ئەكەین كە هاتینە سەر دەنگدان لەم بوارە مامەڵەی لەگەڵ ئەكەین بە شێوەیەكی یاسایی بە پێی پەیرەوی ناوخۆ مامەڵەی لەگەڵا ئەكەین، بەڵام ئەگەر ئەو داواكاریەش سەری نەگرت ئەوە بە دڵنیاییەوە ئەوە بزانن دوای كۆتایی هاتنی پشووەكانی سەری ساڵ ئەندامانی پەرلەمان پێویست ئەكا لە هۆڵی پەرلەمان نا، بەڵكو لە پەرلەمان بن، خشتەیەكی كار كردنی لیژنەكان دائەڕێژینەوە ئێمە سەرۆكایەتی پەرلەمان لەگەڵ لیژنە هەمیشەیەكانی پەرلەمان دائەنیشین، وە بەرنامەیەكی چڕوپڕ دائەڕێژین لە پەرلەمان بۆ ئامادەكردنی راپۆرتی ئەو پرۆژە یاسایانەی كە ئاراستەی لیژنە هەمیشەییەكانی پەرلەمان كراوە، ژمارەیەك لە ئەندامی پەرلەمان دەستیان بەرز كردۆتەوە بۆ نوقتەی نیزامی، بەڵام تكایە با نیزامی بێ .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سۆران فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا نیزامی عەسكەریە، كاك دكتۆر هیوادارم كەس لێرە كە كۆتا رۆژە ختوكەی عاتیفەی هیچ تین وتوێژێك نەدا پێشمەرگە پێویستی بەوەیە بڕیارەكانی پەرلەمانی بۆ جێبەجێ بكرێ بۆ باش كردنی گوزەرانی بۆ مووچەی بۆ یەكخستنەوەی وە پشتیوانی بڕیارەكانی پەرلەمان و بڕیاری سەرۆكی فەرماندەی هێزە چەكدارەكان دەكەین، بۆیە هێزی حیزبی چەكدار تەسلیم بكرێ نەك پەرلەمانتار ببرێ بۆ جەبهە نازانم چی بكەین لە جەبهە؟ ببینە بارگرانی لەسەر پێشمەرگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك هەورامان فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف ((هەورامان گەچێنەیی)):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی ئێمە سەبارەت بە پێشمەرگە پێم وایە پێشمەرگە پێویستی بەوەیە كە مناڵەكانیان كە برسین و ژنەكانیان وە ماڵەكانیان داماو.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکات لێدەکەم مامۆستا هەورامان با نەچینە ناو هەموو تەفاسیلەوە شتێکی خراپ ئەکەین کە ئەم بابەتە گرێ ئەدەینەوە بەم بابەتە.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف ((هەورامان گەچێنەیی)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با قسەی خۆم بکەم، وە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان ئەوە بوو بریاری ژمارە (١٩)مان دەرکرد (٦٢) خاڵ بوو، ئێمە ئەبێ هەوڵبدەین ئێمە ئەوە بکەین ئەو (٢٢) خاڵە جێبەجێ بکرێ فشار دروست بکەین بۆ جێبەجێ کردنی ئەو (٢٢) خاڵە کە خزمەت بە هێزی پێشمەرگە دەکا، بە تایبەت ئێمە وەکو لیژنەکەمان لیژنەی پێشمەرگەو شەهیدان دانیشتنمان لەگەڵ بەرێزان وەزیری پێشمەرگەو ستافەکەی کرد داوامان لێکرد.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو دەستت خۆشبێ رای خۆت گەیاند.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف (( هەورامان گەچێنەیی)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی خۆم تەواو نەکردووە، بە کورتی ئەو (٢٢) خاڵەی کە پەرلەمانی کوردستان دەریکردووە، ئەم (٢٢) بریارە هیچی جێبەجێ نەبووە، بە نامەی وەزارەتی پێشمەرگە یەك خاڵی نەبێ ئەویش مووچەی پێشمەرگەیە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی پێشمەرگە ئەتوانێ بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە بکا.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شریف ((هەورامان گەچێنەیی)):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە دواداچوونمان بۆ کردووە، جێبەجێ نەبووە .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی بەرنامەی کار ئەمە یەکێك بوو لە تەوەرەکان رێگەت بە هەمووماندا بە سوپاسەوە هەموو قسەی خۆمان کرد قسەی هەموو لایەك ئەوەی دیفاعی لەوەی دەکرد هەر قانونی بوو پشتی بە پەیڕەو بەست ئەوەی کە رەئیەکی جیاوازی هەبوو پشتی بە پەیرەو کردبا، بۆیە من پێم وایە ئەم گرفتە کۆتایی هاتییە، بەرێزتان لە دەستەی سەرۆکایەتی قەرار بدەن با هیچی دیکە ئێمە نەبینە دوو بەرە، هەموو ئەندامانی

پەرلەمانی کوردستان دڵسۆزی خەڵکن دڵسۆزی پێشمەرگەن پشتیوانی خەڵکن، هیچ بەرەیەکی جیاواز لە ناو فراکسیۆن و ئەندامان نییە، بۆیە ئەم مەوزوعە حەسم بکەن دەنگدانی لەسەر دەکەن یاخود لەسەری ناکەن؟ بەڕێزیشت وەرە سەر برگەی وتارەکەت و با کۆتایی بە جەلسەکە بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێم وابێت ئەم پێشنیارە زۆر پەسەندە تکایە ئیتر ئەم بابەتە نەوروژێنن بە شێوەیەکی یاسایی مامەڵە لەگەڵ درێژ کردنەوەی خولەکەدا دەکەین، بۆ ئەوەی بابەتی تر نەیەتە کایەوە کە ببێتە هۆی تێکدانی جەوی پەرلەمان، ئەگەر نوقتەی نیزامییە کاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە، ئەگەر نیزامی نەبوو، بەڵام زۆر باسی بابەتی سندووقی داهاتی نەوت و دەستووری هەرێمی کوردستان کرا، ئێمە هەموو لایەك پەرۆشی ئەوەین تەواوی فراکسیۆنەکان،

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە نوقتەی نیزامی نییە کاك ئومێد خۆشناو.

**بەڕێز ئومێد خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تا ئێستا لیژنە پەیوەندیدارەکان بە شێوازەك باسی لێوە ئەکرێ کەئەنەما لایەنێك و چەند لایەنێك ڕێگرن و خەڵکی دیکەش دەیەوێ، هەمووومان پەرۆشین لە لێژنە پەیوەندیدارەکان کە کاری تەواو نەبووە، باسی تەوافوق کرا پێم وایە دەبێ ئەم بابەتە زۆر بەهەند وەربگیرێ لە دەستەی سەرۆکایەتی کە فیعلەن، ئەگەر تەوافوق بۆتە ڕێگر دەبێ هەڵوەستەی لەسەر بکرێ، ئەگەر نا تەوافوق بریتی نییە لەسازدانی لایەك و سازشی لایەك و سوومەند بوونی چەند لایەك تەوافوق بریتیە لە تەوازن و تێگەیشتن وئەنجامی هاوبەش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس نوقتەی نیزامی نییە؟ ئێستا داوا لە سکرتێری پەرلەمان ئەکەم تکایە نینسابی کۆبوونەوەکە بزانین چەندە؟ چەند ئەندام ئامادەن؟ (٥٨) کەس ئامادەن (٥٨) ئەندامی پەرلەمان ئێستا لە هۆڵی پەرلەمانن تەنها نیسابی یاسایی پەرلەمانمان هەیە نیسابی دوو لەسەر سێ نییە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەپێی تێگەیشتنی ئێمە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، وە بەپێی عورف لە بواری دەنگدان بەرێز باشە باقسەکانم تەواو بکەم بەرێز د. شوان جەنابت قسەی خۆتت کرد تکایە با قسەکانی خۆم تەواو بکەم جەنابیشت دەرفەتت پێ ئەدەم قسە بکەی، تکایە بوەستە ئەگەر بابەتێك پەیوەندی بە دەنگدانی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان هەبێ ئەبێ لایەنی کەم دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان ئامادەبن، ئینجا ئەو بابەتە بخرێتە دەنگدانەوە سەرنجتان بۆ ئەوە ڕائەکێشم

جارێك دەنگدان لەسەر سەرۆكایەتی سەرۆك كۆماری عێراق پەكی كەوت لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەبەر ئەوەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئامادە نەبوون، بۆیە ئەم بابەتە بەم شێوەیە ئێستا لەبەر ئەوەی نیسابی یاسایی دوو لەسەر سێمان نییە ناتوانین ئەم پرسە بخەینە دەنگەوە، بەڵام لەوە ئاگادارتان ئەكەمەوە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لە دوای پشووەوە وەكو باسم كرد لە دوای پشووی سەری ساڵ، هیچ شتێكمان نییە بە ناوی پشووی خولی گرێدان دوای پشووی سەری ساڵ ڕاستەوخۆ ئێمە لە دەستەی سەرۆكایەتی لەگەڵ سەرۆكایەتی لیژنەكان كۆ ئەبینەوە بەرنامەیەكی چڕوپڕ بۆ كاری لیژنەكان دائەنێین خشتەیەكی تازە بۆ كاری لیژنەكان دائەنێین هەوڵی ئەوە ئەدەین كە ماوەی نێوان هەردوو وەرزی گرێدان ئەو پرۆژە یاسایانەی كە گرنگن ئامادەیان بكەین بۆ وەرزی داهاتوو هەر پرۆژە یاسایەكیش بە تایبەتی ئەو پرۆژە یاسایانەی كە گرنگن و ڕەهەندی نیشتیمانیان هەیە ئامادەبوون، ئێمە دەسەڵاتی خۆمان بەكار ئەهێنین وەكو دەستەی سەرۆكایەتی ئێوە لە ئەندامانی پەرلەمان ژمارەی یاسایتان دەتوانن داوای دانیشتنی نا ئاسایی بكەن، دانیشتنی نائاسایی ئەنجام ئەدەین، هەر بابەتێك كە پێویست بوو تاوتوێی ئەكەین وە بڕیاری لەسەر ئەدەین.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شوان فەرموو.

**بەڕێزعمر مصطفى ((د. شوان قەلادزەیی)):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەندام پەرلەمان بۆی نییە قسە لەسەر وەڵامی یان لەسەر قسەی ئەندام پەرلەمانێكی تر بكا، بەڵام ئەگەر دوو پەرلەمانتار قسە بكات ڕێگەت پێدان تا قسەكانیان تەواو كرد .

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ڕای خۆیانیان وت بەڕێز شوان قەڵادزەیی.

**بەڕێزعمر مصطفى ((د. شوان قەلادزەیی)):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی حەوتیش بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ناڵێ دوو لەسەر سێی كۆی ئەندامەكانی پەرلەمانی كوردستان، ئەڵێت دوو لەسەر سێی ئەندامەكانی، یەعنی ئەوەی كە ئێستا لە هۆڵ ئامادەن ئەتوانرێ تەفسیری بۆ بكرێ و بخرێتە دەنگەوە.

**بەڕێز د.یوسف محمد صادق/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمە مەگەر بە حیلە شەرعی، ئەگینا بە یاساو بەو شتانە ئەمە ناكرێ تكایە بەڕێز د. شوان قەڵادزەیی تەواو بوو، كۆتایی پێهات ئەم بابەتە، بەڕێزان ئێستا ئەم خولی گرێدانە كۆتایی پێئەهێنین، بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، ئەمڕۆ پەرلەمانی كوردستان كۆتایی دێنێت بە خولی گرێدانی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی خۆی، بەم بۆنەوە بە پێویستی دەزانم دەست خۆشی لە سەرجەم پەرلەمانتاران بكەم،

**که له ماوەی رابردوودا ماندوو نەناسانە لەم هەلومەرجە ئالۆزەی کوردستاندا بەرپرسانە و خەمخۆرانە ئەرکەکانی سەرشانیان بە سەرکەوتوویی راپەڕاندووە.**

**پەرلەمانتارانی بەڕێز.**

**لای هـەموو لایـەك ئاشـكرایە ئـەم خولـەی پەرلـەمان هـەر لەسـەرەتای دەسـت بەکاربوونییـەوە بـەهۆی بارودۆخی سەختی ئابووری و ئەو جەنگە نا رەوایەی کە رێکخـراوی تیرۆریسـتی داعـش دژ بـە گەلەکـەمان هەڵیگیرساندووە، کۆمەڵێ کێشـەو گـرفتی هاتـەرێ، کـە لەمپـەریان لەبـەردەم راپەڕانـدنی کارەکـانی دروسـت دەکرد، بەلاّم بەهۆی ماندوو نەبوون و لێ بڕاوەیی هەموو لایەکەوە ئەو هەلومەرجە نا لەبارە نەبووە هۆی ئەوەی پەرلەمان لە ئەرکەکانی خۆیدا کەمتەرخەم بێـت، بـەڵكو ئێـوە بـە گیـانی بەرپرسـانەو نیشـتمانیانە ئەرکەکانتان راپەڕاند.**

**لەم خولەدا، واتا لەم خولی گرێدانەدا پەرلەمان (٢١) دانیشتنی ئاسایی ساز کـردووە، چـەند جـار بـەڕێزان سەر وەزیر، جێگری سەر وەزیر و وەزیرانی حکومەت و بەرپرسانی تـری هـەرێمی کوردسـتان لەسـەر داوای خۆیان و لیژنەو ئەندامانی پەرلەمان هاتنە بەردەم پەرلەمان و لیژنەکان، ئەمـە جگـە لـەوەی لـەم خولـەدا پەرلەمانتاران (٢٥٩) پرسیاریان ئاراستەی حکومەت کردووە، تاکو ئێستا (١٤٦) پرسیاریان وەلاّم دراونەتەوە.**

**دەتـوانین هەنـدێك رۆژو چـرکە سـاتی ئـەم خولـەی گرێدانـە بـە چـرکە سـاتی مێـژوویی بـۆ خۆمـان و بـۆ گەلەکەمان بزانین، بۆ نموونە ساتی دەرکردنی بڕیاری ناردنی هێـزی پێشـمەرگەی قارەمـانی کوردسـتان بـۆ بـەرگری کـردن لـە شـاری خـۆڕاگری کۆبـانێ، بـۆ هەمیشـە بوویـە شـانازییەك بـۆ پەرلـەمان و سـەرۆکایەتی هەرێم و حکومەت و گەلەکەمان بە گشتی، ئـەو کاتـەی هـەمووومان پێکـەوە هەڵسـتاینەوەو بـە حەماسـەوە سروودی نیشتمانی (ئەی رەقیبیمان) وتەوەو بۆمان دەرکەوت کە هەر کاتێك ئیتیفاقمان هەبێت و یەك دڵ و یەك دەست بین، دەتوانین کاری لەکردن نەهاتوو بکەین، رۆیشتنی پێشمەرگەی کوردستان بۆ کۆبـانێ وای کرد هاوکێشەی سەربازی لەوێ لە بەرژەوەندی شەڕڤانان بگۆڕێ، هـەر بۆیـە جێـی خۆیـەتی بـەم بۆنەیـەوە سلاّو و رێزی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئازایەتی و قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و شەڕڤانان لە هەرێمی کوردستان و لە باشووری کوردستان و لە رۆژئاوای کوردستان بنێرین.**

**سەبارەت بە چاودێری کردن و پرسیار کردن و بانگهێشت کردنی وەزیرەکانی دەسەلاّتی جـێ بـەجێ کـردن، پەرلەمانی کوردستان بە ئەرکەکانی خۆی هەستاوەو لەو خولەدا وەزیرەکانی پەروەردەو کشتوکاڵ و نـاوخۆ و پێشـمەرگەو رۆشـنبیری و لاوان و دارایـی و سـامانە سروشـتییەکان و کارەبـاو سـەر وەزیـرو جێگـری سەروەزیرو وەزیرانی پەیوەندیدار بە ئەنجومەنی نەوت و غازەوە هاتنە پەرلەمان و لەلایەن پەرلەمانتاران و لیژنە تایبەتەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە پرسیاری پێویستیان لێکراو، ئەوانیش لە پەرلەمانـدا کێشـەو گرفتەکانی خۆیانیان خستەڕوو.**

**یەکێکی دیکە لە کارە گرنگـەکانی ئـەم خولـەی پەرلـەمانی کوردسـتان بـریتی بـوو لـە هـەنگاونان بـۆ سـازان لەسـەر پـرۆژەی دەسـتووری هـەرێمی کوردسـتان، کـە لـە ئێسـتادا پـرۆژە یاسـای دەسـتکردن بـە هـەنگاوە**

کردەییەکانی ئەم پرۆسەیە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوەو لەلای لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستانە، بۆ ئەوەی لە ماوەی داهاتوودا راپۆرتەکەی ئامادە بکرێت و لە دانیشتنێکی نائاساییدا دەنگی لەسەر بدرێت، سەرەڕای هەموو ئەمانە دەبێت دان بەوەش دابنێین کە لە رووی یاسادانانەوە لەم وەرزەدا نەمانتوانیووە وەك پێویست ئەرکەکانی خۆمان راپەڕێنین، ئەمەش بەشێکی پەیوەندی بە بارودۆخی دارایی هەرێمەوە هەیە، کە بە هۆیەوە لیژنەکان ناتوانن راپۆرتی کۆتایی لەسەر ئەو پرۆژە یاسایانە ئامادە بکەن، کە تێچوونی داراییان هەیە، هەڵبەت رێك نەکەوتنی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان لەسەر هەندێ پرۆژە یاسای دیکەش هۆکارێکی دیکەی ئەم کێشەیە، وەك دەستەی سەرۆکایەتی هەوڵ دەدەین تا دەستپێکردنەوەی وەرزی یاسادانانی داهاتوو بە بەرنامەیەکی چڕو پڕ لەگەڵ لیژنە هەمیشەییەکان و فراکسیۆنەکانی پەرلەمان راپۆرتی کۆتایی چەند پرۆژە یاسایەکی گرنگ ئامادە بکەین، بۆ ئەوەی لە وەرزی داهاتوو قەرەبووی دواکەوتنمان لەم رووەوە بکەینەوە.

لەم خولەدا چوار یاسامان دەرکردووە، کە یاسای زمانە فەرمییەکان، یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستپاکی، یاسای هەمواری دەیەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیران، یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستین، ئەمە جگە لە دەرکردنی (١١) بڕیارو (٧٢) پرۆژە یاسای فراکسیۆنە جیاوازەکانیش خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوەو رەوانەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان کراون.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.

سەرەڕای کاری بەردەوامی هەمووان، بەڵام هێشتا ئەرکی گرنگی گەورەی تر لە ئەستۆمانە، کە پێویستە بە هەماهەنگیەکی زیاترو بەگیانێکی بەرپرسانەترو نیشتمانییانەتر ئەرکەکانی سەرشانمان راپەڕێنین، بوونی جیاوازی لەنێوان فراکسیۆن و ئەندامانی پەرلەمان دیاردەیەکی ئێجگار تەندروستە، بەڵام نابێت ببێتە هۆی پەکخستنی کاری پێکەوەیی و هاوبەش و، پێویستە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان زاڵ بکەین بەسەر بەرژەوەندییە حزبی و گروپییەکان.

من لێرەوە بەناوی دەستەی سەرۆکایەتییەوە پیرۆزبایی سەرساڵ لە هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان و خانەوادەکانتان دەکەین و، هیوادارین سەرکەوتوو بن، لێرەوە پیرۆزبایی سەری ساڵ لە گشت هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانیش دەکەین. خوای گەورە پشتیوانی هەموو لایەکمان بێت. زۆر سوپاس.

بەڕێزان، بەم شێوەیە خولی گرێدان کۆتایی پێ هات، دانیشتنی ئەمڕۆشمان کۆتایی پێ هات، زۆر سوپاس بۆ هەموو لایەك.

| | | |
|---|---|---|
| **فخرالدین قادر** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **د. یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |